وانەی ١: خودا قسەی کرد!

سڵاوی خودات لێ بێت. خودای پەروەردگاری ئاشتی، ئەوەی دەیەوێ هەموو کەس تێ بگات و ملکەچی ڕێگای ڕاستودروستی بێت کە دایمەزراندووە، و ببنە خاونی ئاشتی ڕاستەقینە تاهەتا.

ناوی وەرزی خوێندنمان ناوە *ڕێگای ڕاستودروستی* لەبەر ئەوەی دەمانەوێ لە ڕێگەی ئەم کۆرسەکە لە نووسینەکانی پێغەمبەران ووردبینەوە کە بۆمان ڕوون دەکاتەوە چۆن خەڵکانی ناڕاستودروست دەتوانن ببن بە ڕاستودروست بەرامبەر بە خودا. تۆ بەدوای کام ڕێگا کەوتووی؟ ڕێگای ڕاستودروستی یاخود ناڕاستودروستی؟ دەتەوێ ڕێگای ڕاستودروستی بزانی کەلە لایان خوداوە هاتووە؟ ووشەی خودا دەفەرموێ: (خۆزگە دەخوازرێ بە برسی و تینووەکان بۆ ڕاستودروستی، چونکە تێر دەکرێن.) (مەتا ٥: ٦)

ڕەنگە کەسانێك هەبن بڵێن: (ئێمە ڕێگای ڕاستودروستی دەزانین، و پێویستیمان بە نووسراوەکانی پێغەمبەرانی سەرەتا نییە. ئەوەی دەیزانین بەسە بۆمان!) ئەگەر ئەمە هەڵوێستی تۆیە، گوێ بگرە پێغەمبەری خودا سلێمان، چی نووسیوە، کە دەڵێ: (ڕێگا هەیە لەبەرچاوی مرۆڤ ڕاست دیارە، بەڵام کۆتاییەکەی بەرەو مردنە.) (پەندەکان ١٤: ١٢)

لە پەرتوکی خودا، ئەو پەرتوکەی ناوی نراوە زەبوورەکان، پێغەمبەری خودا داود، باوکی سلێمان، زۆر باسی لە پێویستیمان بەناسینی ڕێگای ڕاستودروستی کردووە کە خودا دایمەزراندوە. نووسیویەتی: کەس بێتاوان نییە، تەنانەت یەکێکیش. هەموو ڕوویان وەرگێڕا و پێکڕا بێ سوود بوون. کەس نییە چاکە بکات، تەنانەت یەکێکیش نییە. (زەبوورەکان ١٤: ١، ٣ و ڕۆما ٣: ١٠، ١٢)

لەبەر ئەوە داود ئەم نوێژەی نووسیوە لە زەبوورەکان، کە دەڵێ: ئەی یازدان ڕێگاکانی خۆتم پێ بناسێنە، ڕێڕەوەکانی خۆتم فێر بکە. لە ڕاستی خۆت ڕێنماییم بکە و فێرم بکە، چونکە تۆ خودای ڕزگارکەری منیت، شەو و ڕۆژ ئومێدم هەر بە تۆیە. (زەبوورەکان ٢٥: ٤، ٥)

ئەگەر پەروەردگار خودا دەستمان نەگرێت لە ڕێگای ڕاستی، هەرگیز نەماندەتوانی ڕێگای ڕاستودروستی بزانین. وەك مندالێکی وون بوومان لێ دێت لە شارێکی قەرەباڵغ، یان وەك بەرخێك لەناو چیادا وون بێت. بەڵام ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە: خوداوەند... نایە وێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبەکردن بێن... ئەوەی دەیەوێت هەموو خەڵکی ڕزگاریان بێت و بۆ ڕاستی ناسین بێن. (٢ پەترۆس ٣: ٩، و ١ تیمۆساوس ٢: ٤) هیچ شتێك گرنگتر نییە لە دڵنیابوون کە لەسەر ڕێگای ڕاستیت کە بەرەو خودات دەبات.

لە وانەکانی *ڕێگای ڕاستودروستی*دا پێکەوە فێرکاری لە نووسراوە پیرۆزەکان دەکەین بەگوێرەی کاتی ڕوودانیان، بەدوادا چوونی یەك لەدوای یەکی چیرۆکی پێغەمبەرانی خودا دەکەین، لە سەرەتاوە تا کۆتایی. ووشەی خودا سەرەتا و کۆتایی هەیە بۆیە نیازمان وایە کە ووردبینەوە لە چیرۆکەکانی ناو نووسراوە پیرۆزەکان، لەسەرتاوە کە خودا خۆی دەس پێ دەکات، واتا لە سەرەتاوە بە تەواوی.

زۆر شتی گرنگ دەربارەی خودا و پێغەمبەران فێردەبین. دەبینین کە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی پێغەمبەران نووسراوە پیرۆزەکانیان نووسیوەتەوە، بەڵام تەنها یەك نووسەر هانی پێغەمبەرانی داوە: ئەوەش خودایە. نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران چیرۆکی زۆری تێدایە، بەڵام تەنها یەك پەیامی سەرەکی: ئەوەش مزگێنی ئەوەیە کە چۆن خەڵکان دەتوانن ڕاستودروست بن بەرامبەر بە خودا.

بۆیە داواتان لێ دەکەین کە زۆر بەوردی و بەچاکی خوێندنەوە، وانەکانی *ڕێگای ڕاستودروستی*. پەندی پێشینان دەڵێ: (پیاو نەمرێت بە هەموو ئاواتێك دەگات) یان (ئاو بەنەرمی خۆی شاخ کون دەکات) بە شێوەیێکی نزیك لەوە خودا لە ووشەیدا دەفەرموێ کە: پاداشتی ئەوانەش دەداتەوە کە داوای دەکەن. (عیبرانییەکان ١١: ٦) وا ئەوانەی بەڕاستی لە خودا دەگەڕێن، ئەم بەڵێنەیان پێ دەدا: (بەدوامدا دەگەڕێن و دەمدۆزنەوە، کاتێک بە هەموو دڵتانەوە بەدوامدا دەگەڕێن) (یرمیا ٢٩: ١٣)

لێرەدا، بەهۆی وەرزی خوێندنمان *ڕێگای ڕاستودروستی*، زانیارییەکانمان دەربارەی خودا و ووشەی خودا گەشە پێ دەدەین. دەزانی شێوەی خودا چۆنە؟ یاخود شەیتان لە کوێوە هاتووە؟ دەزانی خودا بۆچی مرۆڤی دروست کردووە؟ یان چۆن گوناە هاتە ناو ئەو

جیهانە جوانەی کە خودا دروستی کردووە؟ ئایا هەرگیز چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەکەی پێغەمبەری خودا نوح و لافاوەکەت خوێندۆتەوە؟ ئایا بەڕاستی دەزانی پێغەمبەرانی خودا چییان نووسیوە؟ دەزانی بۆچی ئیبراهیم ناوی لێ نرا، *دۆستی خودا*؟ ئایا دەتوانی بەڕوونی پەیامی پێغەمبەران بۆ منداڵەکانت یان برادەرانیشت بکەیتەوە؟

هەزاران ساڵ لەمەوپێش، پێغەمبەر ئەیوب پرسیارەی کرد: (چۆن مرۆڤ لەلای خودا ڕاستودروست دەبێت؟) (ئەیوب ٩: ٢) دەزانی وەڵامی خودا چی بوو بۆ پرسیارەکەی ئەیوب؟ دەزانی چۆن ڕاستودروست دەبێت بەرامبەر خودا؟ ئەگەر دەتەوێ وەڵامی خودا بۆ ئەم پرسیار و چەندەها پرسیاری تر بزانی، بانگەوازی وەرزی خوێندن *ڕێگای ڕاستودروستی* خوێندنەوە. بەڕاستی ووشەی خودا قوڵ و سەرسوڕهێنەر و ژیاوە و زۆر بەهێزە. وا شتێکی تریش: ووشەی خودا هیچ ناشارێتەوە. وا ڕاستی مرۆڤمان بۆ دەردەخات. بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ، بەدیهێنراو نییە لەبەرچاوی خودا شاردراوە بێت، بەڵکو هەموو شتێک ڕووت و ئاشکرایە بۆ چاوی ئەوەی هەژماردی دەدەینێ. (عیبرانییەکان ٤: ١٣)

ڕاستییەکی گرنگ هەیە دەبێت بیزانین، ئەوەش ئەوەیە کە خودا قسەی کرد! خودای بااڵدەست قسەی کرد. خودا قسەی کرد بۆ مرۆڤایەتی، و دەیەوێ قسە لەگەڵ تۆ بکات! ئایا ئەگەر نامەییکت لە پاشایێکی بەهێز لە خاکێکی دوورەوە بۆ بێت دەیخوێنیتەوە؟ ئایا ناوەڕۆکی نامەکە بەهەند وەردەگری؟ بەووردی سەرنجی ووشەکانی پاشا دەدیت؟ ئایا دەبێت ئێمە چەندی تر سەرنجی خودای بااڵدەست بدەین کاتێ قسەمان لەگەڵ دەکات!

خودا چۆن لەگەڵ مرۆڤ قسەی کرد؟ نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێن: لەمێژە خودا زۆر جار و بە ڕێگای جۆراوجۆر بەهۆی پێغەمبەران لەگەڵ باوباپیراندا دووابوو. (عیبرانییەکان ١: ١) بەڵێ، یەک لەو شێوە سەرەکییانەی کە خودا لەگەڵ مرۆڤ قسەی کردبێ لە ڕێگای پیغەمبەرانەوە بووە، لە ڕابردوودا خودا کەسانێکی تایبەتی هەڵبژاردووە بۆ بانگەواز کردن و نووسینی ووشەکەی، ووشەی خودا دەفەرموێت: لە سەرووی هەمووان ئەمە بزانن، کە هیچ پێشبینییەک لە نووسراوەکەدا بە لێکدانەوەی تایبەت نابێت، چونکە هەرگیز پێشبینی بە خواستی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو مرۆڤن لە خوداوە دوواون کە بە ڕۆحی پیرۆز هەڵگیراون. (٢ پەترۆس ١: ٢٠، ٢١)

خودا دەیتوانی خۆی یان وا بکات فریشتەکانی نووسراوە پیرۆزەکان بنووسن، بەڵام خودا وای نەکرد. خودا کەسانی ئاسایی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بینووسن بۆی. ئێمە بە (پێغەمبەرەکان) ناویان دەبەین. پێغەمبەرانی خودا بە شێوەیێك لە شێوەکان بە سکرتێر دەچوون. خودا ئەو بیرانەی لەناو مێشکیان دانا کە پێویستە بینووسن، و ئەوانیش بۆ خودایان نووسی. بەهەرحاڵ، خودا ڕێگای دا بە پێغەمبەران هەر کەس بە شێوازی خۆی نووسراوە پیرۆزەکان بنووسن. خودا کارتێکردنی لە هەموو ووشەیێك کرد بەڵام کاراکتەری هەر یەک لەو پیغەمبەرانەی پشت گوێ نەخست. پەرتوکی خودا نەک تەنها ووشەکانی ڕاستەوخۆی خودای تێدایە، بەڵکو بیر و پاڕانەوە و کێشەی خەڵکانی تێدایە. ولە ڕێگەی چیرۆکەکانی مامەڵەکردنی خودا لەگەڵ خەڵك کە دەیخوێنینەوە لە پەرتوکی خودا، خودا دەیەوێ شێوەی خۆیمان پێ نیشان دات و چۆن لێی نزیك ببینەوە.

باشە، بۆچی خودا هانی پێغەمبەرانی دا کە نووسراوە پیرۆزەکان بنووسن؟ خودا هانی پێغەمبەرانی دا بۆ ئەوەی هەموو نەوەیێکی مرۆڤ بتوانن ئەو شتانە بزانن کە خۆی دەیەوێ بیزانن. خودا لەگەڵ پێغەمبەران قسەی کردووە لەبەر ئەوەی دەیەوێ قسە لەگەڵ تۆدا بکات لە ڕێگای ئەو ووشانەی کە پێغەمبەران نووسیویانە! هەموو ئەو شتانەی کە خودا لە ڕێگای پێغەمبەران ووتویەتی سوود بەخشە بۆ ئێمە کە لە ژیاندایین. خودا چاوەڕوانی هەر یەک لە ئێمە دەکات پەیامی پێغەمبەران بزانین.

ڕەنگە کەسانێك بڵێن: (چ پێویستییێکم هەیە بەوەی کە پێغەمبەرانی سەردەتا نووسیویانە. ووشەکانیان گرنگ نییە لای من. هەریەک لەو پێغەمبەرانە ئەرکێکی خۆی هەبوو کە بەجێی بهێنێ، یەک هاتوو ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند و ڕۆیشت. یەکی تر هاتوو بەهەمان شێوە... هتد، ئێمەی زیندوو پێویستمان بەوە نییە کە بزانین یەکەم پێغەمبەر چی ووتووە). ئایا تۆش بەم شێوەیە بیر دەکەیتەوە؟ بیرکردنەوەی خودا بەم شێوەیە نییە! بخوێنەوە پەروەردگار خودا چی دەفەرموێ: (ڕاستیتان پێ دەڵێم: تا زەوی و ئاسمان لەئارادا بێت، پیتێک یان خاڵێک لە تەورات لەناو ناچێت، تاکو هەمووی دێتە دی. بۆیە ئەوەی بچووکترینی ئەم ڕاسپاردانە بشکێنێت و

خەڵکیش ئاوا فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە بچووکترین ناوەبردرێت. بەڵام ئەوەی پەیڕەوی بکات و خەڵکی فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە پایە بەرز ناوەبردرێت.) (مەتا ٥: ١٨، ١٩) هەموو نووسراوەکان لە سروشی خودایە، سوودبەخشە بۆ فێرکردن و سەرزەنشت و ڕاستەڕێکردن و لێڕاهێنان لە ڕاستودروستی. (٢ تیمۆساوس ٣: ١٦)

بەڕاستی، هەرچی پێغەمبەران نووسیویانە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەوان نووسیویانە بۆ ئەوەی کە هەموو خەڵک لە هەموو کاتێک ڕێگای ڕزگاربوون بناسن کە خودا دروستی کردووە. دەزانی پێغەمبەرانی خودا چییان نووسیوە؟ خودا دەیەوێ ووشەکەی بزانین، بڕوای پێ بکەین و بەگوێی بکەین! نووسراوە پیرۆزەکە دەفەرموێ: هەروەها وشەی پێغەمبەرانمان هەیە و چەسپاوترە، چاک دەکەن ئەگەر ئاگاداری بن، وەک بۆ چرایەکی گەشاوە لە شوێنێکی تاریک، تاکو ڕۆژ هەڵدێت و ئەستێرەی بەیان لە دڵتاندا هەڵدێت. (٢ پەترۆس ١: ١٩)

بەڵێ، هەندێ جار گوێمان لەو کەسانە دەبێ کە دژی پەرتوکی خودا ڕادەوەستن و دەڵێن: (کەس ناتوانی متمانەی پێ بکات! پڕە لە هەڵە.. دەستکاری کراوە!) بەهەرحاڵ، ئەوەی دژ بە ووشەی ڕاستی ڕاوەستێ، ئەوا دژ بە خودا ڕاوەستاوە. (بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیریت) ووشەی خودا وەک ڕۆژ وایە، و مرۆڤیش وەک بێژنگ وایە. مرۆڤ هەرگیز ناتوانی ووشەی ڕاستەقینەی خودا بگۆڕێ، بەڵام ووشەی ڕاستەقینەی خودا دەتوانێ مرۆڤ بگۆڕێ! خودا مەزنە. خاوەنی توانایە ووشەی ئەزەلی خۆی بپارێزێ. ئەمە دەقی ووشەی خوودی پەروەردگارە کە لەو پەرتوکە فەرمویەتی کە بە ئینجیل ناسراوە: (ئاسمان و زەوی بەسەردەچن، بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەرناچن.) (مەتا ٢٤: ٣٥)

زۆر کەس هەوڵ دەدن دژ بەووشەی خودا ڕادەوەستن لەبەر ئەوەی باری ڕاستەقینەی ناو دڵیان ئاشکرا دەکات. بخوێنەوە خودا دەربارەی ووشەی خۆی چی دەڵێ: چونکە وشەی خودا زیندووە، کاریگەرە، لە هەموو شمشێرێکی دووەدم تیژترە، نێوانی دەروون و ڕۆح و جومگە و مۆخی ئێسک دەبڕێت، نیاز و بیری دڵ جیا دەکاتەوە. (عیبرانییەکان ٤: ١٢)

بەڵێ، ووشەی خودا زیندوو و کاریگەرە، ڕوو لە دڵ دەکات. نووسراوە پیرۆزەکان کۆنترین کۆمەڵە نووسراوێکن لە جیهان، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتان بۆ هەموو کەس دەگونجێن. هیچ شتێک گرنگ تر نییە لە ووشەی خودا. ووشەی خودا وەک ژەمێکی خۆشە، هەموومان یەک ڕاین کە تامی خۆشە و بۆ لەش بەسوودە، بەڵام ئەگەر نەیخۆین ئەوا چ سوودێکی هەیە؟ دەبێت بیخوێن. هەر بە هەمان شێوە، دەبێت ووشەی خودا وەربگرین کە چارەسەرە و تێکەڵ لەش و دڵمانی بکەین ئەگەر بمانەوێ سوودی لێ وەربگرین، بۆیە خودا دەفەرموێت: (مرۆڤ تەنها بە نان ناژیێت، بەڵکو بە هەر وشەیەک کە لە دەمی خوداوە دەردەچێت.) (مەتا ٤: ٤) تەنها ئەوانەن کە بە برسی و تینووەکان بۆ ڕاستودروستی. (مەتا ٥: ٦) ئایا تۆ برسی ووشەی خودای؟ چونکە ئەو ووشانە خواردنن بۆت... خواردنێکی بەتام، بەڵام بۆ لەشت نا... بەڵکو بۆ دڵ و دەرونت.

ئەی ئەو کەسەی لە خودا دەترسی و ڕێزی ووشەی دەگری، هەوڵ بدە بە بەردەوامی خوێندنەوە هەر وانەی *ڕێگای ڕاستودروستی* بیت. بەم شێوەیە زانیاریەکانت زیاد دەکەی سەبارەت بە ووشەی خودا کە زۆر لە مێژا لەسەر زاری پێغەمبەرکانی ووتویەتی، و فێر دەبی کە چۆن ببیت بە ڕاستودروست بەرامبەر خودای پارسا. خودا قسەی کرد و خودا دەیەوێ لەگەڵ تۆدا قسە بکات.

دەبێت شتێکی تر ڕوون بکەینەوە: لە وانەکانماندا پشت بە هیچ کەسێک یان سەرچاوەییەک نابەستین جگە لەوەی کە لە ناو نووسراوەکانی پێغەمبەرانی خودا دۆزراوەتەوە. ئێمەی ئامادەکاری ئەم وانەکانە هیچ شتێک نازانین دەربارەی ڕاستی خودا جگە لەوەی کە خودا خۆی لە نووسراوە پیرۆزەکان ئاماژەی پێ کردووە. بۆیە ئەوەی کە پێغەمبەر یەحیا کۆپی زەکەریا لە ئینجیل ڕایگەیاندووە ڕاستەقینەیە، کە دەڵێ: (کەس ناتوانێت شتێک وەربگرێت ئەگەر لە ئاسمانەوە پێی نەدرابێت!) (یۆحەنا ٣: ٢٧) جورئەت ناکەین پشت بە زانیاری خۆمان ببەستین، تەنها پشت بە ووشەی خودا دەبەستین. هەر دەکەین ئەو شتانەی خودا ڕایگەیاندووە لە ووشەی خۆیدا لە ڕێی پێغەمبەرانەوە پێتانی بناسێنین.

دەزانی خودا چی فەرمووە لە نووسراوەکانی پێغەمبەران؟ ئایا تۆش برسی و تینووی بۆ ووشەی خودا و بۆ ڕاستودروستی

راستەقینەی خودا؟ خودا خۆی ئاشکرا کردووە لە ووشە پارساکانی، هەروەها ڕێگای ڕاستودروستی بۆ ڕزگاربوون ئاشکرا کردووە. ئێمە لێرە بانگت دەکەین پێکەوە بگەڕێین بەدوای *ڕێگای ڕاستودروستی* لەناو نووسراوە پیرۆزەکان، بۆ ئەوەی بەڕاستی لە قسەکانی خودا تێ بگەی. ووشەی خودا پێمان دەڵێت: هەرچی لەپێشا نووسراوە، بۆ فێربوونمان نووسراوە، تاکو بە دانبەخۆداگرتن و هاندانی نووسراوەکان هیوامان هەبێت. (ڕۆما ١٥: ٤)

ڕەنگە هەموومان ڕاستییەکی ڕاستەقینە بزانین: خودا قسەی کرد و دەیەوێ هەموو کەس گوێ بگرێ و بژیێت! گەورە و بچووک ، ژن و پیاو، دەوڵەمەند و هەژار. خودا بە هەریەک لە ئێوە دەڵێت: (گوێ بگرن! گوێتان شلکەن و وەرنە لام گوێ بگرن تا گیانتان بژیێت) (ئیشایا ٥٥: ٣)

گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. تۆ بەدوای کام ڕێگا کەوتووی، ڕێگای ڕاستودروستی یاخود ناڕاستودروستی؟

٢. دەتەوێ ڕێگای ڕاستودروستی بزانی کەلە لایان خوداوە هاتووە؟

٣. دەزانی خودا چی فەرمووە لە نووسراوەکانی پێغەمبەران؟

٤. ئایا بەڕاستی دەزانی پێغەمبەرانی خودا چییان نووسیوە؟

٥. ئایا دەتوانی بەڕوونی پەیامی پێغەمبەران بۆ منداڵەکانت یان برادەرانیشت بکەیتەوە؟

٦. بۆچی خودا هانی پێغەمبەرانی دا کە نووسراوە پیرۆزەکان بنووسن؟

٧. دەزانی چۆن ڕاستودروست دەبێت بەرامبەر خودا؟

٨. خودا چۆن لەگەڵ مرۆڤ قسەی کرد؟

٩. ئایا تۆش بە برسی و تینووەی بۆ ڕاستودروستی خودای؟

وانەی ٢: سرووشتی خودا چییە؟

(پەیدابوون ١: ١)

لەم وانەکاندا باسی چیرۆکی پێغەمبەرانی خودا دەکەین، یەك دوای یەك. پلانیشمانە ووردبینەوە لە نووسراوە پیرۆزەکان کەوا پێغەمبەران نووسیویانە، ئەمانە *ڕێگای ڕاستودروستی* ڕادەگەێنن کە خودا فەرمانی پێ داوە بۆ ئەوەی خەڵك لە بەرامبەر خودا وەك ڕاستودروست بژمێردرێن.

لە یەکەمی وانەکەمان، باسی نووسینەکانی پێغەمبەرانمان کرد. زانیمان کە ژمارەیەکی زۆری پێغەمبەران نووسراوی پیرۆزیان نووسیوە، بەڵام تەنها یەك دانەر هەیە. ئەویش خودایە. لە وانەی ڕابردوومان دا، لە لای بیرۆکەییکی گرنگ ئێوەمان بەجێ هێشت. ئەویش ئەوە بوو کە خودا قسەی کرد! خودا بۆ ئادەمیزاد قسەی کرد لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە و دەیەوێ هەر یەك لە ئێمە گوێ بیستی بین. خودا دەیەوێ لە ڕێگەی نوسینەکانی پێغەمبەرانەوە قسەمان لەگەڵ بکات. خودا هەرگیز ناگۆڕێ، ووشەکانیشی ناگۆڕێن. خودا لە هەموو نەوەیەکدا ووشەکانی خۆی پاراستووە. وشەی خودا...ناتواندرێت نووسراوەکە بشکێندرێت. (یۆحەنا ١٠: ٣٥) جیهان و هەوەسەکانی بەسەردەچن....بەڵام وشەی خوداوەند تاهەتایە دەمێنێ. (١ یۆحەنا ٢: ١٧ و ١ پەترۆس ١: ٢٥) نووسراوە پیرۆزەکان ئاوا دەفەرموێت.

ئەمڕۆ، دەچینە ناو بەشی یەکەمی نووسراوە پیرۆزەکان، کە پێی دەوترێ تەورات. خودا ئەم پەرتوکەی لە بیری پیاوێك چەسپاند کە ناوی موسا بوو. خودا فەرمانی بە موسا کرد کە چی بنووسێ موساش نووسی. نزیکەی سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ تێپەڕیوە لە کاتی موساوە. تەورات پێك هاتووە لە پێنج پەرتوك، یاخود پێنج بەش. یەکەم پەرتوك بە (پەیدابوون) ناسراوە، و پێك هاتووە لە (٥٠) پەنجا بەش. ناوی نراوە پەیدابوون (واتا سەرەتا) لەبەر ئەوەی پێمان دەڵێت چی روویدا لە سەرەتای هەموو شتێك.

زۆر گرنگە بە باشی پەرتوکی یەکەمی تەورات بناسین، چونکە ئەو بنەمایەیە کە خودا داینناوە، بۆ ئەوەی تێ بگەین لەوەی خودا دەیڵێ لە پەرتوکەکانی تری پێغەمبەرانی پاشتر. کاتێ کە ئەم پەرتوکە دەخوێنین، زانیاریەکانمان قوڵتر دەکەین دەربارەی زۆر ڕاستی گرنگ. دەربارەی خودا و سروشتی خودا فێردەبین. دەربارەی فریشتەکان و شەیتان دەخوێنین و ئاسمانەکان و زەوی، ئاژەڵ و ئادەمیزاد. دەبینین کە چۆن گوناە هاتە دونیاوە و پەژارە و وێرانکارییکی زۆری لەگەڵ خۆی هێنا. هەروەها بەووردی تەماشای ڕێگای ڕزگاری دەکەین کە پەروەردگار خودا دابینی کردووە بۆ ئەوەی گوناەکاران بتوانن بگەڕێنەوە لای خۆی و پەیوەندییکی سەرسوڕهێنەری لەگەڵ ببەستن. لە چیرۆکەکانی یەکەمدا، خەڵکانی یەکەم ، گوناهی یەکەم و بکوژی یەکەم دەبینین. دەربارەی یەکەم ئاینی سەختە دەخوێنینەوە، پێغەمبەرانی یەکەم و گەلانی یەکەم. سەرنجی چیرۆکی ئادەم و حەوا دەدەین، هابیل و قابیل، نوح و لافاوەکە، پێغەمبەری خودا ئیبراهیم و بۆچی ناوی لێنرا دۆستی خودا. ئیسماعیل و ئیسحاق دەبینین، یاقوب و یوسف و برا خراپەکانی. پەرتوکی یەکەمی تەورات هەموو ئەمانە و زۆری تری تێدایە.

لە یەکەم پەرتوکی تەورات، بەشی یەکەم، ئایەتی یەکەم، ئەمە دەخوێنینەوە: لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا. (پەیدابوون ١: ١) ئالێرەدا دەبێت دەس بە وانەکەمان بکەین لە نووسراوە پیرۆزەکان، لەبەر ئەوەی خودا خۆی ئالێرەدا دەستی بە پەرتوکەکەی کردووە: لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا.

لەم ئایەتدا شتێك هەیە دەبێت بیری لێ بکەینەوە. ئایا ئەو شتەی کە پێش خودا هەبووە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە؟ ئایا چی هەبووە لە پێش دروست بوونی جیهان؟ نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە هیچ شتێك نەبووە جگە لە خودا. بۆیە دەڵێت: لە سەرەتادا....خودا. هەرشتێك کە ئێمە بتوانین ببینین و دەستی لێ بدەین سەرەتای هەیە. بۆیە، کاتی خۆی، زۆر لەمەوپێش، کاتێك هەبووە کە نە ئاسمانەکان و نە زەوی هەبووە، نە زەریا و نە دارودرەخت. لە سەرەتادا پێش ئەوەی خودا ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات، نە خۆر هەبوو نە مانگ و ئەستێرەکان. لە سەرەتادا نە ئادەمیزاد هەبوو نە فریشتەکان. کاتێك هەبووە کە هیچ شتێکی ناسراوی ئێستای لای ئێمە نەبوو– تەنها خودا نەبێت.

بۆیە لە یەکەم ئایەتی پەرتوکی یەکەمی نووسراوە پیرۆزەکان دەخوێنینەوە: له سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا. نووسراوە پیرۆزەکان نافەرموێت: (لە سەرەتادا خودا و فریشتەکان) یاخود (لە سەرەتادا خودا و مرۆڤ). نەخێر! نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێت: له سەرەتادا خودا. لە سەرەتادا، کاتێ هیچ شتێکی تر نەبوو، پێش ئەوەی فریشتەکان یاخود مرۆڤ بوونیان هەبێ... تەنها یەك هەبوو کە دەژیا. ئەویش خودایە!

لەم جیهانەماندا خەڵکانێك دەڵێن (خودا نابینم، بۆیە خودا بوونی نییە.) بۆ ئەو کەسانەی کە نکۆڵی لە بوونی خودا دەکەن هەندێ پرسیارمان هەیە. ئایا ئەو هەوایەی کە هەڵی دەمژی؟ قەت بات بینیوە؟ ناتوانی با ببینی، بەڵام بڕوات بە بوونی با هەیە چونکە دەبینی چی دەکات. دەبینی دارەکان چۆن دەجولێن بەهۆی باوە بەڵام بایەکە نابینرێ. ناشتوانی باکە بگری بەدەستت بەڵام هەست بە شەماڵە فێنکەکەی دەکەی. خوداش ئاوایە، ناتوانین خودا ببینین، چونکە خودا بەچاوی مرۆڤ نابینرێت. بەهەرحاڵ، ئێمە دەزانین کە خودا بوونی هەیە چونکە دروستکراوەکانی خودا دەبینین. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: چونکە شتە نەبینراوەکان، توانا تاهەتایی و خودایەتییەکەی، لە بەدیهێنانی جیهانەوە بەهۆی دروستکراوان درکی پێ کراوە و بە ڕوونی بینراوە، بۆیە بێ بیانوون. (ڕۆما ١: ٢٠)

شتێکی تر کە دەتوانین لە یەکەم ئایەتی تەورات فێر بین ئەمەیە: خودا سەرەتای نییە. خودا لە سەرەتا دروست نەبووە. خودا پەروەردگاری هەمیشەیی یە. هەموو شتێك کە لەم جیهانەدا دەیزانین و دەیبینین سەرەتای هەیە. بەڵام خودا سەرەتای نییە. خودا بنەڕەتی نییە. هاوتای نییە. تەنها ئەو بوونی هەبوو لە سەرەتادا. خودا لە دایك نەبووە. نە کەس دروستی کردووە و نەخۆشی خۆی دروست کردووە. بۆیە ئەمە لە نووسراوی پیرۆز دەخوێنینەوە، له سەرەتادا خودا تەنها ئەو سەرەتای نییە. خودا تاکە کەسە کە هەمیشە بوونی هەبووە و تاهەتا دەمینێ. پەروەردگار خودای تاهەتایی ناوەیەتی. شێوەی ئەمرۆی چۆنە، دوێنێش وابوو. دوێنێ چۆن بوو، هەرواش دەمینێتەوە تاهەتا. خودا هەرگیز ناگۆڕێ.

شتێکی تر هەیە کە دەکرێ فێری بین لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: له سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا. ئەوش ئەویە کە خودا مەزنە! ئەو خودایەی کە هەموو شتێکی بەدی هێناوە زۆر مەزن ترە لە هەموو شتێك و هەموو کەسێك. پەروەردگاری بەدی هێنانە. بەڕاستی، پڕ بەدڵمانەوە ڕادەگەیێنین: (خودا مەزنە، هیچ هاوتات نییە!) خودا لە زەریاکانی جیهان ولە با ولە ڕۆژ ولە ئەستێرەکان مەزنترە! خودا داناتر و زۆر بەهێزترە لە هەموو ڕۆحەکان ولە هەموو کەسان. شایەنی شکۆداری یە تاهەتا! هەر وەك ئەو کەسەی کە خانوییێك دروست دەکات گرنگ ترە لە خانووەکە، بۆیە خودا بەرز و بڵندترە لە هەموو شتێك، لەبەر ئەوەی هەموو شتێکی دروست کردووە. خودا مەزنە! بەهێزی خۆی دەژێت. پشت بەهیچ کەسێك یان شتێك نابەستێ. خودا لە هەموو شتێك مەزنترە. پێویستی بە هیچ کەسێك یاخود شتێك نییە چونکە خۆی مەزنترین کەسە!

ئێمەی مرۆڤ پێویستیمان بە زۆر شت هەیە. هەموو ڕۆژ دەبێت هەناسە بدەین و بنووین، دەبێت ئاو و نان بخوێن. پێویستیمان بە خۆر و باران و نان و ئاو و جل و بەرگ و خانوو و دایك و باوك و برادەران و پارە و زۆر شتی تر هەیە. پێویستیەکانمان چەندن! بەڵام ئەو پەروەردگاری کە هەموو شتێکی بەدی هێناوە پێویستی بە هیچ نییە! برسی نابێ، تویێنی نابێ، هەگیز ماندوو نابێ، جەستەی نییە وەك مرۆڤ، هەروەها سنوور و کۆتایی نییە. خودای تاهەتاتییە، خاوەن هەموو هێزێکە.

ئالیرەدا پرسیارێکی زۆر گرنگە. ئەگەر خودا وەك مرۆڤ نەبێت و جەستەی نەبێت وەك ئێمە، باشە خودا چۆنە؟ نووسراوی پیرۆز وەڵامێکی ڕوونی بۆ ئەم پرسیارە هەیە کە دەفەرموێت: خودا ڕۆحە و پێویستە ئەوانەی دەیپەرستن بە ڕۆح و ڕاستی بیپەرستن. (یۆحەنا ٤: ٢٤) خودا چۆنە؟ خودا ڕۆحە. مرۆڤ جەستە و ڕۆحە بەڵام خودا تەنها ڕۆحە. ڕۆحی خوداش سنووری نییە. لە هەموو جێگایێکە. خودا لە سەرووی هەموو شتێك و کەسێکە. هەموو شتێکیش پر دەکاتەوە، هەموو شتێکیش دەبینێ. شەو و ڕۆژ وەك یەکە لای خودا. ئەگەر لە ژوورەکەت خۆت بشاریەوە، ئەوا خودا لەوێیە و دەتبینێ. خودا هەموو شتێك دەزانێ. بیر و نیازەکانی دڵت دەزانێ. خودا مەزنە!

خودا چۆنە؟ ڕەنگە بتوانین ئەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: خودا بە هیچ کەسێك ناچێ. خودا خودایە و هاوتای نییە. لە وانەکانی داهاتووی وەرزی خوێندنمان *ڕێگای ڕاستودروستی* تێ گەیشتنمان زیاتر گەشە پێ دەدین دەربارەی کەسایەتی خودا. لە نووسراوە پیرۆزەکان خودا سەدان و سەدان ناوی هەیە. ئەو پەروەردگارە، بڵندترینە، بەتواناترینە، دروستکارە، نووسەری ژیانە، ڕووناکییە، ڕاستودروستە، پیرۆزە، میهرەبانە، خودای خۆشەویستیە، خودای زیندوو و ڕاستەقینەیە!.

لە ڕاستیدا، ئەو خودایەی کە ئاسمانەکان و زەوی لە سەرەتادا بەدی هێنا، خودایێکی مەزنە. نووسراوی پیرۆز دەربارەی خودا دەفەرموێ: ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا.... چونکە هەموو شتەکان لە ئەوە و بە هۆی ئەوە و بۆ ئەوە. (ڕۆما ١١: ٣٣، ٣٦)

ئەوەی خودا لە کاتی دیاریکراو دەریدەخات - خودا، بەرەکەتدار و تاقە سەرۆک، پاشای پاشایان، گەورەی گەورەکان، تەنها ئەو نەمرە، لە ڕووناکی نیشتەجێیە و کەس لێی نزیک نابێتەوە، ئەوەی کەس نەیبینیوە و ناتوانێ ببینێت، بۆ ئەوە ڕێز و توانای تاهەتایی! ئامین. (١ تیمۆساوس ٦: ١٥، ١٦)

لە بەشێکی تردا، پێغەمبەری خودا موسا ستایشی خودا دەکات لە ستایشکردنێکی زۆر جوان و دەڵێت، (ئەی خوداوەند، خودای هەرە بە توانا کارەکانت گەورە و سەیرە! ئەی پاشای نەتەوەکان، ڕێگایەکانت ڕاست و دادپەوەرە. ئەی خوداوەند، کێ لە تۆ ناترسێت و ناوت شکۆدار ناکات؟ چونکە تۆ تاقە پیرۆزیت.) (ئاشکراکردن ١٥: ٣، ٤) خودا مەزنە بەبێ سنوور! وا ئەمە ئەوەیە کە ووشەی خودا لە یەکەم ئایەت فێرمان دەکات کاتێ کە دەڵێت، لە سەرەتادا خودا!


دەکرێ ئەو ڕاستییەی کە ئەمڕۆ خوێندنەبووین لە بیری خۆمانی بپارێزین: لە سەرەتادا خودا! تەنها خودا بوونی هەبوو لە سەرەتادا، بۆیە تەنها خودا دەتوانێ ڕاستی ئەوە ئاشکرا بکات کە لە سەرەتا ڕووی دا. تەنها خوداش دەتوانێ ڕاستی پاش مردنمان بۆ ئاشکرا بکات. تەنها خوداش دەتوانێ ڕاستی خۆی مان بۆ ئاشکرا بکات.

بەڵێ، دەزانین کە هەندێ خەڵك دەڵێن: (کەس خودا ناناسێ یاخود چی ڕوودەدات لە پاش مردن!) لەگەڵ ئەوەشدا، نووسراوەکانی پێغەمبەران دەڵێت کە دەتوانین خودا بناسین و دەتوانین بزانین لە کوێ تاهەتا دەمینێینەوە. لەبەر ئەوەی ووشەی خودا دەفەرموێ: ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کە باوەڕتان بە ناوی کوڕی خودا هەیە، تاکو بزانن ژیانی تاهەتاییتان هەیە....خودای ڕاستەقینە و ژیانی تاهەتاییە. (١ یۆحەنا ٥: ١٣، ٢٠) ئەوەی هیچ چاوێک نەیبینیوە، هیچ گوێەک نەیبیستووە و بە بیری مرۆڤدا نەهاتووە، ئەوەی خودا ئامادە ی کردووە بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێت. بەڵام خودا بەهۆی ڕۆحی خۆی بۆی ئاشکرا کردین. چونکە ڕۆح هەموو شتێک دەپشکنێت، تەنانەت قووڵی ناخی خوداش. (١ کۆرنسۆس ٢: ٩، ١٠)

ئایا خودا لە نزیکەوە دەناسی؟ یاخود بەساکاری، خودا لای تۆ ئەو دروستکارەیە کە زۆر دوورە و ناناسرێ؟ خودا دەیەوێت بیناسی و لەگەڵی بیت هەتاهەتا! نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران فێرمان دەکەن چۆن لەگەڵ خودا دا پەیوەندییێکی نزیك و سەرسوڕهێنەر ببەستین. بەڵام دەبێت گوێمان و بیرمان و دڵمان بکەینەوە بۆ ئەو شتانەی خودا پێمان دەڵێت. خودا دەفەرموێ لە ووشە پیرۆزکەی: ڕوو لە من بکەن و ڕزگارتان بێت ئەی هەموو لاکانی زەوی چونکە من خودام و کەسی دیکە نییە. (ئیشایا ٤٥: ٢٢)

لە وانەی داهاتوومانداا باسی بابەتێکی دڵفڕێن دەکەین، ئەوەش باسی فریشتەکان و شەیتانە. ئایا چیرۆکی ڕاستەقینەی شوێنی هاتنی ئەوان دەزانی؟

خوداش بەرەکەتی خۆی بخاتە سەرتانەوە کاتێ کە دەڕوانن ئەم ئایەتە مەزنەیەوە لە نووسراوە پیرۆزەکان کە دەفەرموێ: خودا ڕۆحە و پێویستە ئەوانەی دەیپەرستن بە ڕۆح و ڕاستی بیپەرستن. (یۆحەنا ٤: ٢٤)



پێویستە ئەوانەی دەیپەرستن بە ڕۆح و ڕاستی بیپەرستن

گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا ئەو شتەی کە پێش خودا هەبووە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە؟

٢. ئایا چی هەبووە لە پێش دروست بوونی جیهان؟

٣. ئایا ئەو هەوایەی کە هەڵی دەمژی؟ قەت بات بینیوە؟

٤. ئەگەر خودا وەک مرۆڤ نەبێت و جەستەی نەبێت وەک ئێمە، باشە خودا چۆنە؟

٥. ئایا خودا لە نزیکەوە دەناسی؟ یاخود بەساکاری، خودا لای تۆ ئەو دروستکارەیە کە زۆر دوورە و ناناسرێ؟

٦. ئایا خودا شایەنی شکۆداری نییە کە هەموو شتیکی بەدی هێناوە؟

٧. سیفەتەکانی خودا شکۆدار چیی؟

وانەی ٣: شەیتان و فریشتەکان

(ئیشایا ١٤ ، حزقیال ٢٨)

لە وانەی ڕابردوودا، یەکەم ئایەتی نووسراوە پیرۆزەکانمان خوێندەوە کە دەفەرموێ: لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا. (پەیدابوون ١: ١) زانیمان کە هەموو شتێك سەرەتای هەیە تەنها خودا نەبێت. لە سەرەتادا، کاتێ کە هیچ شتێك لە ژیاندا نەبوو، تەنها یەکێك دەژیا. ئەو یەکەش خودا بوو. تەنها ئەو بوونی هەبوو لە سەرەتادا. خودا پەروەردگاری تاهەتاییە. خودا گەورەیە و بێ هاوتایە! خودا سەرەتا و کۆتایی نییە. پێویستی بە هیچ نییە. سنووردارییش نییە. خودا ڕۆحە و دەتوانێ لە یەك کات لە هەموو شوێنێك بێت. خودا بەرز و بڵندترە لە هەموو کەسێك و شتێك. هەموو شتێك پڕ دەکاتەوە. هەموو کەس و شتێك دەبینێ. هەموو شتێك دەزانێ. تاکە خودایە، خودا گەورە! بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێت: تەنها ئەو نەمرە، لە ڕووناکی نیشتەجێیە و کەس لێی نزیک نابێتەوە، ئەوەی کەس نەیبینیوە و ناتوانێ ببینێت، بۆ ئەوە ڕێز و توانای تاهەتایی! ئامین. (١ تیمۆساوس ٦: ١٦)

ئەمڕۆش دەس بە وانەی سێیەممان دەکەین لە نووسراوەکانی پێغەمبەران. نیازمان وایە بڕوانین و بزانین ووشەی خودا چیمان فێر دەکات دەربارەی فریشتەکان و شەیتان. ئایا دەزانی فریشتەکان لە کوێ وە هاتوون؟ یان شەیتان و جنۆکەکان لە کوێ وە هاتوون؟ ئەم شتانەمان نەدەزانی ئەگەر خودا پێمانی نەوتایە. بەڵام خودا لە ووشەکانی خۆیدا دەربارەی ئەوان پێمان دەفەرموێت. لەبەر ئەوەش با بە وردی سەرنجی نووسراوە پیرۆزەکان بدەین، بۆ ئەوەی ڕاستی دەربارەی فریشتەکان و شەیتان بزانین.

ئەم شتەتان بەبیر دێنینەوە، لە وەرزی خوێندنمان *ڕێگای ڕاست و ندروستی* دیراسەتێك بەپێ کاتی ڕوودان بۆ نووسینەکانی پێغەمبەران دەکەین، لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی. بۆیە لە وانەی ڕابردوودا، دیراسەتمان دەربارەی خودی خودا کرد، لەبەر ئەوەی خودا تاکە کەس بوو کە بوونی هەبوو لە سەرەتادا. واڵە وانەی داهاتوودا دەخێندنی ئەوە دەکەین کە چۆن خودا جیهان و ئەو شتانەی ناوی دروست کرد. بەهەرحاڵ، خودا پێش ئەوەی مرۆڤ و ئەو دونیایەی کە تیایدا دەژین دروست بکات، شتێکی تر هەبوو کە لە سەرەتادا دروستی کرد، ئەوەش فریشتەکان بوو.

ووشەی خودا شتی زۆرمان پێ دەڵێت دەربارەی فریشتەکان. ئەمڕۆ هەوڵ دەدەین گرنگترین ڕاستییەکان کورتکەینەوە دەربارەی ئەم دروستکراوانە. ووشەی خودا پێمان دەڵێن کە کاتی خۆی زۆر لەمەوپێش خودا کە ڕۆحە، زۆر ڕۆحی تری دروست کرد کە پێیان دەوترێ فریشتەکان. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێت، ئایا هەموویان ڕۆحی خزمەتکارانە نین نێردراون بۆ خزمەت؟ (عیبرانییەکان ١: ١٤) خودا، لە بارەی فریشتەش دەفەرموێ: (فریشتەکانی کردۆتە با و خزمەتکارانی بڵێسەی ئاگر.) (عیبرانییەکان ١: ٧) بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان فێرمان دەکات کە فریشتەکان وەك خودا ڕۆحن. شێوازیان وەك با و ئاگر بەراورد کراوە. ناتوانین با ببینین. کەس ناتوانێ دەس لە ئاگر بدات. فریشتەکانی خودا ئابەم شێوەیەن. خودا جەستەی وەکو ئێمەی بۆ دروست نەکردوون. ئێمەی مرۆڤ لە جەستە و ڕۆح دروست کراوین. لە کاتێك دا فریشتەکان تەنها ڕۆحن. بۆیە ناتوانین بیان بینین.

ئایا خودا چەن فریشتەی دروست کردووە؟ نووسراوە پیرۆزەکان چی دەفەرموێ دەربارەی ئەوە؟ دەفەرموێت خودا ژمارەیێکی زۆر ڕۆحی دروست کردووە، زۆر لەوەی کە کەسێك بتوانێ بیژمێرێ. لە بەرزاییدا، لە حزوری خودا، فریشتەیەکی زۆر بوو....ژمارەیان هەزار هەزار و دە هەزار دە هەزار دەبوو. (ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ٥: ١١)

خودای پەروەردگارمان گەورەیە! خودا، کە بێ سنوورە، هەزارەها و هەزارەها فریشتەی جوان و باش و دانای بۆ خۆی دروست کردووە. نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەفەرموێت کە فریشتەکانی خودا هێزێکی گەورەیان هەیە. زۆر لە ئێمە بە هێزترن. بەڵام ئەوانیش وەك هەموو دروست کراوەکان سنووری خۆیان هەیە. ئەوان خاوەنی هێزی بێ پایان نین. ناتوانن بە یەك جار لە هەموو جێگایێك بن و هەموو شتێك نازانن. ئەوان تەنها دروستکراون. تەنها یەك بێ سنوورە، ئەوەش خودایە.

شتێکی تر هەیە کە دەبێت بیزانین دەربارەی فریشتەکان. کاتێ خودا فریشتەکانی دروست کرد هەموان دروستکراوی پیرۆز بوون. لە سەرەتادا، فریشتەی خراپەکار نەبوو. لە سەرەتادا، شەیتان (واتا ئیبلیس) هێشتان بوونی نەبوو. ڕۆحی خراپەکاریش نەبوو، خودا هیچ فریشتەیێکی خراپەکاری دروست نەکردووە. دەبێت ئەم ڕاستییە لەبیری خۆمان بچەسپێنین: خودا دەتوانێ هەموو شتێك بكات، تەنها یەك شت نەبێت، خودا ناتوانێ شتی خراپ بكات. با ئەمەمان لەیاد نەچێت. خودا ناتوانێ شتی خراپ دروست بكات لەبەر ئەوەی خۆی باشە. خودا ناتوانێ هەڵە بكات لەبەر ئەوەی خودا تەواوە. گوناە لەلایەنی خوداوە نایات لەبەر ئەوەی خودا پاك و پارسایە. هەرشتێك كە خودا بیری لێ بكاتەوە یان بیلێ یان بیكات، ئەوا باش و بێگەردە. هەر بۆیە نووسراوە پیرۆزەكان دەفەرموێت: خودا به خراپه تاقی ناكرێته‌وه، ئه‌ویش كه‌س تاقی ناكاته‌وه. (یاقوب ١: ١٣) باشە، ئەگەر وایە... خراپەكاری لەكوێ وە هاتووە؟ هەر زوو وەڵامی خودا دەبیستین، بەڵام یەكەم جار شتێكی تر هەیە دەبێت بیزانین دەربارەی فریشتەكان.

بۆچی خودا فریشتەكانی دروست كرد؟ نووسراوە پیرۆزەكان فێرمان دەكات كە خودا فریشتەكانی دروست كرد بۆ ئەوەی لەگەڵ خودا بن و خۆشیان بووێ و بیپەرستن و خزمەتی بكەن لەناو خۆشی ئاسماندا تاهەتا. خودا خاوەنی هەموو فریشتەكانە چونكە ئەو دروستی كردوون. ئەوانیش هەموو لە ماڵی خودا دەژین لە سەروومان، لە ئاسمان، زۆر لەپشتی مانگ و خۆر و ئەستێرەكان. ئایا دەزانی كە جێگایێكی تایبەتی هەیە خودا لێی دەژیت؟ ئەوە ڕاستە، لە وانەی ڕابردووماندا زانیمان كە خودا لە هەموو شوێنێكە. هەروەها نووسراوە پیرۆزەكان فێرمان دەكات كە شوێنێكی پیرۆزی سەرسوڕهێنەر هەیە لە گەردوون، پڕە لە ڕووناكی و جوانی، كە خودا لێی دەژیت و شكۆمەندی تەواوی خۆی پشان دەدات لێی. ئەوە ئەو جێگایەیە كە پێغەمبەرانی خودا پێی دەڵێن جێگای حزوری خودا، یان ئاسمان، یان بەهەشت. ئەمە ئەو جیگایەیە كە خودا لێی دەژیت لەگەڵ فریشتە پیرۆزەكانی.

شتێكی تر هەیە دەبێت بیزانین دەربارەی فریشتەكان، ئەوەش ئەمەیە: فریشتەكان هەموو یەك نین. هەندێك لە فریشتەكان جوانتر و ژیرترن لە وانەی تر. هەندێك لە فریشتەكان چواردەورەی تەختی خودایان گرتووە لە ئاسمان. هەنێكی تریان یارمەتی خەڵك دەدەن و دەیان پارێزن. هەندێ فریشتەی تر وەك جبرائیل و میكائیل، لەبەردەم خودا ڕادەوستن و خودا بۆ جێ بەجێ كردنی ئەركی تایبەتی لە جیهان دەیانێرێ. هەندێكی تری فریشتەكان سەركردایەتی فریشتەی تر دەكەن. ئایا هەرگیز گوێت لە ناوی (لوسیفیر) بووە؟ ووشەی خودا پێمان دەفەرموێت كە كاتێك هەبووە كە لوسیفیر سەركردەی هەموو فریشتەكان بووە. ئەگەر چیرۆكی لوسیفیر بزانی، ئەوا دەزانی خودی شەیتان لەكوێ وە هاتووە.

نووسراوە پیرۆزەكان پێمان دەفەرموێت كە كاتێ خودا یەكەم جار فریشتەكانی دروست كرد، لوسیفیر جوانترین و بەهێزترین و ژیرترین فریشتە بوو لەناویان. ووشەی لوسیفیریش بەمانای ڕوون یان بەشەوق یان ڕووناكی دێت. لوسیفیر لەچاو فریشتەكانی تردا زۆر زاناتر و ژیرتر و بەهێزتر و خاوەن دەسەڵاتی زیاتر بوو. خودا جوانی و زیرەكییێكی بێ سنووری پێ بەخشی بوو. دەبوایە لوسیفیر خودای بپەرستایە، و خوشی ویستایە و بەگوێ بكردایە تاهەتا، لەبەر ئەوەی خودا دروستی كردووە و بەرەكەتێكی زۆری پێ بەخشی بوو. هەرچۆنێك بێت، لە نووسینەكانی پێغەمبەراندا دەخوێنینەوە كە ڕۆژێك لوسیفیر ناماقوڵی كرد بەرامبەر خودا و دڵی پڕبوو لە شانازی. لوسیفیر لە دڵی خۆیدا ووتی، (سەردەكەوم بۆ ئاسمانەكان لە سەرووی ئەستێرەكانی خوداوە تەختی خۆم بەرز دەكەمەوە لەسەر كێوی ژوان دادەنیشم....سەردەكەومە سەر بەرزاییەكانی هەور وەك هەرەبەرزم لێ دێت.) (ئیشایا ١٤: ١٣، ١٤)

زۆر سەیرە! لوسیفیر، ئەوەی كە هیچی تری نەبوو جگە لەوەی كە خودا دابوی پێی، ویستی شكۆمەندی خودای بالادەست بدزێ! و نەك تەنها لوسیفیر دژ بە خودا ڕاوەستا، بەڵكو یەك لەسەر سێی فریشتەكانی بەهەشت پشتیان لە خودای پەروەردگار كرد و شوێنی لوسیفیر كەوتن لە گوناە. (تەماشای ئاشكراكردنی عیسای مەسیح ١٢: ٤ بكە)

هەرچۆنێك بێت، خودا خودایە، و هەموو شتێكی دەزانی كە لوسیفیر و فریشتەكانی بەنیازبوون بیكەن. هەروەك فێربووین لە وانەی ڕابردوودا، كەس ناتوانێ بەنهێنی هیچ شتێك بكات بەرامبەر خودا، چونكە خودا هەموو شتێك دەزانێ پیش ئەوەی تەنانەت ڕووبدات! خودا ئەو گوناهەی بینی كە لە ناو دڵی لوسیفیر و فریشتەكانی تردا هەبوو كە بە دوای كەوتن.

باشە، چی ڕوویدا؟ خودا چی کرد؟ ئایا خودا ڕێگای بە لوسیفیر دا کەوا دژی وەستا جێگای بگرێ؟ ئایا خودا لە گوناە خۆش دەبێت؟ ئایا خودا دەتوانێ لەگەڵ گوناهی شانازی و یاخیگیریدا بژێت؟ هەرگیز! نووسراوەکانی پێغەمبەران فێرمان دەکەن کە خودا، خودای ئێمە، پارسایە و ناتوانێ تەماشای خراپەکاری بکات. خودا ناتوانێ لە گوناە خۆش بێت. شکۆمەندی خۆی بەکەس نادات. خودا بێ هاوتایە، کەسی ناتوانێ جێگای بگرێتەوە! بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێت کە خودا لوسیفیر و فریشتە خراپەکارەکانی دەر کرد لە ئامادەبوونی پارسای خۆی. لوسیفیر و ئەوانەی بەدوای کەوتن چی دی ناتوانن لە بەهەشت بژین، لەماڵی خودا، لەبەر ئەوەی گوناهیان کرد کاتێ ویستیان جێگای خودا بگرن. بۆیە خودا لۆسیفێر و فریشتە خراپەکارەکانی دەرکرد. خودا، کە پارسایە، دەبێت دادوەری و سزای ئەوانە بداتەوە کە یاخی دەبن بەرامبەری.

لەپاش ئەوەی لۆسیفیر گوناهی کرد، ناوەکەی گۆڕا. چی دی پێی نەوترا لوسیفیر، ئەوەی ڕووناکە، بەڵکو ناوی بوو بە شەیتان. شەیتان بەمانای کەسێکی دژ دێت. لوسیفیر بوو بە دوژمنی خودا وەک ئێوەش دەزانن شەیتان و فریشتەکانی هێشتا خودا و هەر شتێکی باش ڕەت دەکەنەوە. ووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە و نکۆڵی لێ دەکەن. شەیتان دژ بە خودا شەڕ دەکات و هەوڵ دەدات کۆسپ بێنێتە سەر ڕێگا و پلانەکانی خودا. هەرچۆنێك بێت، خودا کە دادوەرێکی گەورەیە و کەسیش ناتوانی لە بەرامبەر ئەودا بیباتەوە! هەر وەك پێشینان دەڵێن (بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ)

نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەفەرموێت کاتێ کە خودا شەیتان و فریشتەکانی دەرکرد، ئاگری دۆزەخی بۆیان دروست کرد کە هەرگیز ناکوژێتەوە. ڕۆژێك لە ڕۆژان خودا شەیتان و فریشتەکانی و هەموو ئەوانەی شوێنیان دەکەون دەخاتە ناو ئەو ئاگرەوە. بۆیە نووسراوە کە، شەو و ڕۆژ تاهەتایە ئازار دەدرێن. (ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ٢٠: ١٠)

بەڵام نووسراوە پیرۆزەکان فێرمان دەکات کە شەیتان هێشتا لەناو ئاگری دۆزەخ نییە. ووشەی خودا دەفەرموێت کە شەیتان لە دونیادایە و شەڕ دەکات دژی خودا. بووە بە تێکدەر. دەیەوێ ئیشی خودا تێك بدات. دەیەوێت مرۆڤ کەوا دروست کراوی خودایە لەگەڵ خۆی بباتە دۆزەخەوە. ووشەی خودا دەفەرموێت کە زۆربەی خەڵك لەژێر کۆنترۆڵی شەیتاندان، بەڵام پێی نازانن چونکە شەیتان هەڵخەڵەتێنەرە. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێت، شەیتان خۆی بۆ شێوەی فریشتەی ڕووناکی دەگۆڕێت. (٢ کۆرنسۆس ١١: ١٤) هەر وەك پێشینان دەڵێن (گورگە لە پێستی مەڕدا) شەیتان هەوڵ دەدات کە مرۆڤ هەڵخەڵەتێنێ بۆ ئەوەی گوێ نەدەنە ووشەی خودا. بۆیە یەك لە پێغەمبەرانی خودا نووسیویەتی، چاوکراوە بن و ئێشک بگرن، شەیتانی دوژمنتان وەک شێرێکی بە نەڕەنەڕ دەسووڕێتەوە، دەگەڕێ بەدوای یەکێک تا بیخوات. (١ پەترۆس ٥: ٨) ووریا بن! شەیتان دەیەوێت وێرانتان بکات هەتاهەتا!

بەڵام سوپاس و ستایش بۆ خودا! کە ووشەی خۆی پێمان بەخشیوە تا بتوانین لە هێزی شەیتان بە دوور بین. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێت، ڕاستی دەناسن، ڕاستیش ئازادتان دەکات. (یۆحەنا ٨: ٣٢) ئایا ئەو ڕاستییە دەزانی کە دەتوانێ ئازادت بکات لە ئامرازە سامناکەکانی شەیتان؟ با لە یادمان نەچێت: شەیتان زۆر لە ئێمە زیرترە. بەڵام خودا لە شەیتان زیرتر و داناترە. شەیتان لە ئێمە بە هێزترە، بەڵام خودا لەو بە هێز و بالادەست تره. ئایا ووشەی ڕاستەقینە دەزانی کە دەتوانێ ڕزگارت کات لە هێزی شەیتان؟ خەڵکێکی زۆر حەز ناکەن گوێیان لە ڕاستی خودا بێت. باشە بۆچی خەڵك نایانەوێ گوێیان لە ڕاستی بێت؟ لەبەر ئەوەی شەیتان گومڕایانی کردووە. شەیتان هانیان دەدات کە بڕوا بە شتی ناحەق بکەن. بۆ دڵنیابوونیش، ڕاستی هەموو کاتێك خۆش نییە گوێت لێ بێت. چونکە (قسەی هەق ڕەقە). هەر چۆنێك بێت، ئەگەر ڕاستی ووشەی خودا بزانی و باوەڕی پێ بکەی ئەوا تۆ بەدوور دەبیت لە هێزی شەیتان. ڕاستی خودا دەتوانێ خەڵك لە درۆکانی شەیتان ئازاد بکات. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە بزانی و باوەڕی پێ بکەی!

بخوێنەوە ووشەی خودا چی دەفەرموێت: خۆشەویستان، بڕوا بە هەموو ڕۆحێک مەکەن، بەڵکو ڕۆحەکان تاقی بکەنەوە، بزانن ئایا لە خوداوەیە، چونکە زۆر پێغەمبەری درۆزن هاتوونەتە جیهان. (١ یۆحەنا ٤: ١) پێشبینییەکان بە سووک مەزانن، هەموو شتێک تاقی بکەنەوە، چی باشە دەستی پێوە بگرن، لە هەموو شێوەیەکی خراپە دوور بکەونەوە.) (١ سالۆنیکی ٥: ٢٠–٢٢) ئایا بەڕاستی دەزانی پێغەمبەرانی خودا چییان نووسیوە؟ لە ووشەی ڕاستی تێ دەگەی؟ ئایا پڕ بە دڵ باوەڕی پێ دەکەی؟

لە وانەی داهاتوو بۆ ئەوەی دیراسەتی چۆنیەتی دروستکردنی خودا بۆ دونیا بکەین.

خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتانا ببارێنێ کاتێ دەڕوانن ئەم بەڵێنە سەرسوڕهێنەرەی ووشەکەیدا کە دەفەرموێت: ڕاستی دەناسن، ڕاستیش ئازادتان دەکات. (یۆحەنا ٨: ٣٢)

گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا دەزانی فریشتەکان لە کوێ وە هاتوون؟

٢. ئایا دەزانی شەیتان و جنۆکەکان لە کوێ وە هاتوون؟

٣. ئایا خودا چەن فریشتەی دروست کردووە؟

٤. بۆچی خودا فریشتەکانی دروست کرد؟

٥. ئایا دەزانی کە جێگاییێکی تایبەتی هەیە خودا لێی دەژیت؟

٦. ئایا هەرگیز گوێت لە ناوی (لوسیفیر) بووە؟

٧. ئایا خودا ڕێگای بە لوسیفیر دا کەوا دژی وەستا جێگای بگرێ؟ ئایا خودا لە گوناە خۆش دەبێت؟

٨. ئایا ئەو ڕاستییە دەزانی کە دەتوانێ ئازادت بکات لە ئامرازە سامناکەکانی شەیتان؟

٩. ئایا ووشەی ڕاستەقینە دەزانی کە دەتوانێ رزگارت کات لە هێزی شەیتان؟

١٠. بۆچی خەڵك نایانەوێ گوێیان لە ڕاستی بێت؟

١١. لە ووشەی ڕاستی تێ دەگەی؟ ئایا پڕ بە دڵ باوەڕی پێ دەکەی؟

وانەی ٤: خودا چۆن دونیای بەدی هێنا

(پەیدابوون ١)

لە وانەیماندا خوێندمانەوە پێغەمبەرانی خودا چییان نووسیوە دەربارەی شەیتان و فریشتەکان. زانیمان کە خودا لە سەرەتادا ملیۆنەها ڕۆحی دروست کرد و ناوی لێیان نابوو (فریشتەکان). لەناو ئەو فریشتانەدا، یەکیان لە هەموویان زیرەک تر و جوانتر بوو، ئەوەش ناوی لۆسیفیر بوو. بەڵام ڕۆژێك لۆسیفیر شکۆمەندی خۆی کرد لەناو دڵی خۆی و ناماقوڵی کرد بەرامبەر بە خودا و دەیویست جێگای خودا بگرێت. هەروەها چەندەها فریشتەی تریش بە دوای لوسیفیر کەوتن لە گوناهەکەی. بۆیە خودا، کە هەرگیز لەوانە نابووریّ کە دژی ڕادەوەستن و یاخی دەبن، لوسیفیر و فریشتە خراپەکارەکانی لە حزوری پیرۆزی خۆی دەرکرد. ناوی لوسیفیریش گۆڕا بۆ شەیتان (بە مانای دژ وەست). لەپاش ئەوەی خودا شەیتان و فریشتەکانی دەرکرد، ئاگری دۆزەخی بۆیان دروست کرد کە هەرگیز ناکوژێتەوە. ڕۆژێك لە ڕۆژان خودا شەیتان و هەموو ئەوانەی شوێنی دەکەون فڕێ دەداتە ناو ئەو ئاگرەوە. بەڵام شەیتان هێشتا نەخراوەتە ناو دۆزەخەوە، هێشتا لە جیهان دایە و دەگەڕێ بۆ ئەوەی خەڵك هەڵخەڵەتێنێ، بۆ ئەوەی ئەوانیش لەناو بەرێ.

ئەمە وانەی چوارەمە لە نووسینەکانی پێغەمبەران. لە یەکەم پەرتووکی تەورات، بەناوی پەیدابوون و لەبەشی یەکەم، وا لەو دوو ئایەتی یەکەمدا، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا. زەویش بێ شێوە و هیچی تێدا نەبوو، تاریکیش لەسەر ڕووی قوڵاییەکان بوو. ڕۆحی خوداش لەسەر ڕووی ئاوەکان دەجووڵایەوە. (پەیدابوون ١: ١، ٢)

لە سەرەتادا، کاتێ خودا یەکەم جار ئاسمان و زەوی دروست کرد، هیچ شتێك نەدەڕیا لەسەر زەوی. هەموو شتێك بێ شێوە و تاریك بوو. تەنیا شەیتان و فریشتەکانی لێرە بوون. بەڵام خودا پلانی وابوو کە مرۆڤ دروست بکات، کە توانای ناسینی خودای هەبێ و خۆشی بوێت و بە گوێی بکات تاهەتا. بەڵام پێش ئەوەی خودا مرۆڤ دروست بکات پلانی وابوو کە جیهانێکی جوانی بۆ دروست بکات کە بتوانێ لە خۆشییّکی ڕاستەقینە تیایدا بژێت. ئەمڕۆش، دەزانین چۆن خودا جیهانی دروست کرد و ئامادەی کرد بۆ ئەو مرۆڤایەتییەی کە پلانی دانابوو دروستی بکات.

نووسراوە پیرۆزەکان چی دەفەرموێت دەربارەی چۆنیەتی دروستکردنی خودا بۆ جیهان؟ دەفەرموێت: خوداوەند لە شەش ڕۆژدا ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تیایەتی دروست کرد. (دەرچوون ٢٠: ١١) ئیستا با تەماشای بەشی یەکەمی تەورات بکەین بۆ ئەوەی بزانین خودا چی دروست کرد لەو شەش ڕۆژەدا.

بەنسبەت یەکەم ڕۆژ، تەورات دەفەرموێ: خودا فەرمووی: (با ڕووناکی ببێت.) جا ڕووناکی بوو. خوداش بینی کە ڕووناکییەکە باش بوو. جا خودا ڕووناکییەکەی لە تاریکی جیا کردەوە. خودا ڕووناکییەکەی ناو نا (ڕۆژ) و تاریکییەکەی ناو نا (شەو.) جا ئێوارە بوو، بوو بە بەیانی، ئەمە ڕۆژی یەکەم بوو. (پەیدابوون ١: ٢–٥)

بۆیە، لەیەکەم ڕۆژ خودا فەرمانی دا، (با ڕووناکی ببێت.) خودا فەرمانی بە زەوی دا کە وەك تۆپێکی مەزن وایە لە ئاسماندا، یەك جار لە ماوەی (٢٤) بیست و چوار کاتژمێردا بەدەوری خۆی بسوڕێتەوە. بۆیە نزیکەی (١٢) دوازدە کاتژمێر ڕووناکی ڕۆژمان هەیە و دوازدە کاتژمێر شەومان هەیە. خودا چ شتێکی مەزنی کرد لە یەکەم ڕۆژ، جیاکردنەوەی ڕووناکی لە تاریکی!

دەربارەی دووەم ڕۆژ، تەورات دەفەرموێ: خودا فەرمووی: (با بۆشاییەک لە نێوان ئاوەکاندا ببێت، بۆ جیابوونەوەی ئاو لە ئاو.) خودا بۆشاییەکەی دروست کرد و ئاوەکەی ژێر بۆشاییەکەی لە ئاوەکەی سەر بۆشاییە کراوەکە جیا کردەوە. جا وا بوو. خودا بۆشاییەکەی ناو نا (ئاسمان.) جا ئێوارە بوو، بوو بە بەیانی، ئەمە ڕۆژی دووەم بوو. (پەیدابوون ١: ٦–٨)

لە ڕۆژی دووەمدا خودا ئاسمانی چواردەورەی زەوی دروست کرد کە ئێمە پێی دەڵێین بەرگە هەوا. بەرگە هەوا ئەو ئاسمانەیە کە چواردەورەی دونیای گرتووە و هەوای هەناسەمان لەخۆ دەگرێ. هەر ئەو بەرگە هەوایەیە کە دەمان پارێزێ لە گەرمی تیشکی ڕۆژ و زۆر شتی خراپی تر. بەبێ ئەم ئاسمانە تایبەتە کە خودا دروستی کردووە لە دووەم ڕۆژدا، مرۆڤ نەیدەتوانی لەسەر زەوی بژیت.

لە ڕۆژی سێیەم، خودا زەریا و وشکانی و سەوزایی دروست کرد: خودا فەرمووی: (با ئاوەکانی ژێر ئاسمان لە یەک شوێن کۆ ببنەوە و وشکایی دەربکەوێت). جا وا بوو. خودا وشکاییەکەی ناو نا (زەوی.) ئاوە کۆبووەوەکەشی ناو نا (دەریا.) خوداش بینی کە ئەمە باش بوو. ئینجا خودا فەرمووی: (با زەوی سەوزایی بدات: ڕووەکی تۆودار و لەسەر زەوی داری بەردار، ئەوەی تۆوکەی لەناو خۆیەتی، لە جۆری خۆی.) جا وا بوو ... جا ئێوارە بوو، بوو بە بەیانی، ئەمە ڕۆژی سێیەم بوو.) (پەیدابوون ١: ٩–١١، ١٣)

بۆیە، لە سێیەم ڕۆژدا، خودا کە مەزنترین نەخشەکێشە، زەریاکان و ڕووبارەکان، لەگەڵ هەزارەها جۆر لە دار و دەرختی دروست کرد، هەریەك لەوانە بە جۆری میوە و تۆی خۆی. چ جۆرە خواردنی بەتامن کە خودا دروستی کردوون وەك: شووتی، مۆز، تریێ، کاڵەك، تەماتە، ئاروو، گێزەر، برنج، پاقلە و هەزارەها جۆری خواردەمەنی تر! خودا فەرمووی، دەربارەی هەموو ئەو شتانەی کە دروستی کردوون (باشن!) هەموو شتێك کە خودا دروستی بکات یان بیکات باشە، سەرسوڕهێنەر و تەواوە! تا ئێستا دەبینین کە یەك شت هەیە خودا ناتوانێ بیکات. خودا ناتوانێ شتی خراپ بکات، لەبەر ئەوەی خودا باشە!

ڕەنگە تۆ بپرسیت، (ئەگەر خودا باشە، بۆچی جیهان پڕە لە خراپە و نەهامەتی؟ بۆچی کێڵگەکەم ئەمساڵ بەروبووم باش نەبوو؟ بۆچی منداڵەکەم نەخۆشە؟ ئەگەر خودا باشە، بۆچی خراپەکاری لە مرۆڤەوە دێت؟) لە ڕاستیدا، ئەمانە پرسیاری گرنگن، و نووسراوە پیرۆزەکان وەڵامی چاکیان پێیە کە لە وانەکانی داهاتوودا دەیخوێنین. بەڵام بۆ ئێستا، با ئەم ڕاستییە لە بیرمان بپارێزین: خودا باشە، دەرئەنجامی ئەوەش، هەموو شتێك کە خودا دروستی کردووە باشە.

با بۆ چەن خولەکێك وورد بینەوە لە چاکی خودا. هەر ئەوەندەمان خوێندمانەوە خودا چۆن دار و درەختی دروست کرد لە سێیەم ڕۆژدا. ئایا دەزانی بۆچی خودا دار و دەرختی دروست کردووە بە میوەکانیەوە؟ ئایا خودا پێویستی پێیان هەیە؟ ئایا ئەو دارە پڕ لە میوە خۆشانەی بۆ برسییەتی خۆی دروست کردووە؟ نەخێر! خودای دروستکار هەرگیز برسی نابێ و پێویستی بە هیچ نییە! باشە، بۆچی خودا دار و درەختی دروست کردووە؟ نووسراوە پیرۆزەکان پێمان نیشان دەدات کە خودا، بە چاکی خۆی هەموو شتێکی بۆ مرۆڤ دروست کردووە، کە لە پلانی دابوو لە ڕۆژی شەشەم دروستی بکات.

ئایا چاکەی خودا دەناسییەوە؟ دەتوانی تامی خۆشی شووتییەك بکەی، یان بۆنی گوڵێکی خۆش بکەی و چاکی خودا نەناسی؟ دەتوانی دارێك ببینی و سوپاسی خودا نەکەی کە بۆ تۆ دروستی کردووە؟ بەبێ دار و درەخت ژیان زۆر سامناك دەبوو! هیچ سووتەمەنی نەدەبوو بۆ ئەوەی خواردن دروست بکەین، یان تەختە بۆ ئەوەی بەلەم و خانووی پێ دروست بکەین. سێبەریش نابوو بۆ حەسانەومان لە گەرمی هەتاوی خۆردا، یان گەڵاکانی بۆ دەرمان و چا دروست کردن. بەبێ دار و درەخت، ژیان مەحاڵ دەبوو. داریش کە خودا دروستی کردووە یەکێکە لە هەزارەها شتی باش کە خودا دروستی کردووە بۆ خۆشی ئێمە. خودا دەیەوێ چاکی ئەو بناسین. ئەوە ئەوەیە کە پێغەمبەر داود نووسیویەتی لە زەبوورەکان: تامی بکەن و ببینن خوداوەند چاکە! (زەبوورەکان ٨: ٢٤)

لە ڕۆژی چوارەم، خودا فەرمووی: (با لە بۆشایی ئاسماندا ڕووناکییەکان هەبن بۆ جیا کردنەوەی ڕۆژ لە شەو، هەروەها بۆ نیشانەکان و بۆ وەرزەکان و بۆ ڕۆژەکان و ساڵەکان.) (پەیدابوون ١: ١٤) خودا تەنها فەرمانی دا، خۆر و مانگ و ئەستێرەکان پەیدابوون لە ئاسماندا. خودا ووشەیێکی تری فەرموو و زەوی دەستی بە سوڕان کرد بە دەوری خۆردا. جارێکی تریش فەرمووی و مانگ دەستی بە سوڕان کرد بە چواردەورەی زەویدا.

باشە، خودا چی بەکار هێنا بۆ ئەوەی ئەو هەموو شتە دروست بکات لە جیهان؟ نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ؟ دەفەرموێت: بە باوەڕ تێدەگەین کە گەردوون بە وشەی خودا بەدیهێنراوە، تەنانەت ئەوەی دەیبینین لە بینراو نەهاتۆتەکایەوە. (عیبرانییەکان ١١: ٣) لە سەرەتادا، وشەکە بوو، وشەکە لەلای خودا بوو، وشەکەش خودا بوو. ئەو لە سەرەتاوە لەلای خودا بوو. هەموو شتێک بەو بە دیهاتووە، بێ ئەو هیچ شتێک بەدی نەهاتووە لەوانەی کە بەدیهاتوون. (یۆحەنا ١: ١–٣)

تائێستا خوێندمانەوە کە خودا لە ڕۆژی یەکەم بە ئاسانی قسەی کرد و فەرمووی، (با ڕووناکی ببێت) جا ڕووناکی بوو. لە ڕۆژی دووەمدا خودا فەرمووی، (با بۆشایی ببێت) جا بۆشایی بوو. لە ڕۆژی سێیەم دا دووبارە خودا قسەی کرد و هەرچی فەرموو دروست

بوو، و ئابەو جۆرە. بۆیە، خودا چی بەکار هێنا بۆ دروستکردنی ئەو هەموو شتەی لە جیهاندا هەیە؟ خودا لە ووشەی خۆی زیاتر هیچی تری بەکار نەهێنا! تەنها قسەی کرد، و هەرچی فەرموو هاتە بوونەوە. خودا هەموو شتێکی بە ووشەی خۆی دروست کرد. نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کە خودا نەك تەنها هەموو شتێکی بە ووشەی خۆی دروست کرد، بەڵکو هەموو شتێکیش بە ووشە بە هێزەکەی خۆی ڕاگرتووە. هەر بە ووشە بە هێزەکەی خودایە کە مانگ و ئەستێرەکان لە ئاسماندا لە جێگای دیاریکراوی خۆیاندا دەمینێنەوە. هەر بە فەرمانی خودایە هەموو ڕۆژ خۆر هەڵدێ و ئاوا دەبێت لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا. تەنها بیر لەوە بکەوە ژیانمان چەن ناخۆش دەبوو ئەگەر نەمانزانییایە سبەی خۆر هەڵدێت یان نا! نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خودا دڵسۆزە. (١ کۆرنسۆس ١: ٩) دەتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ. هەرگیز لە بەڵێنی خۆی پەشیمان نابێتەوە. خودا هەرگیز ناگۆڕێ، وشەی خوداوەند تاهەتایە دەمێنێت. (١ پەترۆس ١: ٢٥)

لە ڕۆژی پێنجەم دا، خودا هەزارەها و هەزارەها جۆر لە ماسی و باڵندەی دروست کرد. نووسراوە پیرۆزەکان دفەرموێ: ئینجا خودا فەرمووی: (با ئاوەکان پڕ ببن لە ئاپۆرەی بوونەوەری زیندوو، با باڵندەش لە بۆشایی ئاسماندا بەسەر زەویدا بفڕێت.) ئیتر خودا بوونەوەرە مەزنەکانی دەریای بەدی هێنا، لەگەڵ هەموو باڵندەیەکی باڵداریش بەپێی جۆرەکەی. خوداش بینی ئەمە باش بوو. خودا بەرەکەتداری کردن و فەرمووی: (بەردار بن و زۆر بن و ئاوی دەریاکان پڕ بکەن، با باڵندەکانیش لەسەر زەوی زۆر ببن.) جا ئێوارە بوو، بوو بە بەیانی، ئەمە ڕۆژی پێنجەم بوو. (پەیدابوون ١: ٢٠–٢٣)

بەنسبەت ڕۆژی شەشەم، تەورات پێمان دەڵێت کە خودا ئاژەڵی و مرۆڤ دروست کرد. لە وانەی داهاتوودا، بەوردی دەڕوانینە نووسراوە پیرۆزەکان بۆ ئەوەی بزانین چی دەفەرموێت دەربارەی خودا چۆن یەکەم مرۆڤی دروست کرد و بۆچی دروستی کرد.

لەناو ئەم وانەکە، لە چاکەکاری خودا وردبوینەوە. خوێندمانەوە، پێغەمبەری خودا داود نووسیویەتی و دەڵێ: تامی بکەن و ببینن خوداوەند چاکە! ئایا بەڕاستی تامی چاکەکاری خودات کردووە؟ هەموو ڕۆژ دەبێت چەندەها جۆری جیاوازی خواردن کە خودا بۆمانی دابین کردووە تام بکەین و بیخۆین، بەڵام ئایا بەڕاستی چاکەکاری خودامان دەناسین و تاممان کردووە؟ ئەگەر بەڕاستی دەتەوێ تامی چاکەکاری خودا بکەی دەبێت بخوێندنەوە و باوەڕ بە ووشەی خودا بێنی. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: مرۆڤ تەنها بە نان ناژیێت، بەڵکو بە هەر وشەیەک کە لە دەمی خوداوە دەردەچێت. (مەتا ٤: ٤) لە وانەی داهاتوومانداء دەبینین کە مرۆڤ تەنها لەش نییە، بەڵکو خاوەنی گیانیشە. گیانیشمان دەبێت لە ووشەکانی خودا خۆراك وەربگرێ. ووشەی خودا باش و بێ بەراوردکردن سەرسوڕهێنەرە، بەڵام دەبێت برسی بین بۆی. ئایا گیانی تۆ برسی ناسینی خودا ووشە تاهەتاتییەکانیەتی بەقەد برسی بوونی گەدەت بۆ خواردن؟ ئەگەر بەم شێوەیە برسی ووشەی خودای، ئەو ڕاستییە دەناسێ کە دەتوانێ ئاشتییەکی بێ پایانت پێ ببەخشی لەگەڵ خودا ئالێرەدا لەسەر زەوی، و میراتێکی هەمیشەیی لە بەهەشت! دەزانین کە ئەمە ڕاستە، لەبەر ئەوەی خودا خۆی ئەو پەیمانە دەدات، کاتێ دەفەرموێ: (خۆزگە دەخوازرێ بە برسی و تینووەکان بۆ ڕاستودروستی، چونکە تێر دەکرێن.) ئامین. (مەتا ٥: ٦)

وانەی داهاتوو کە باسی ئەوە دەکەین چۆن خودا یەکەم مرۆڤی دروست کرد. لەوەش گرنگتر، بۆچی دروستی کرد!

خودا بەرەکەتی خۆی بە سەرتۆدا ببارێنێ و هەرگیز بانگەوازە سەرسوڕهێنەرەکەیت لەیاد نەچێت کە دەفەرموێ: تامی بکەن و ببینن خوداوەند چاکە! (زەبوورەکان ٣٤: ٨)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. نووسراوە پیرۆزەکان چی دەفەرموێت دەربارەی چۆنیەتی دروستکردنی خودا بۆ جیهان؟

٢. ئایا دەزانی بۆچی خودا دار و درختی دروست کردووە بە مێوەکانیەوە؟ ئایا خودا پێویستی پێیان هەیە؟ ئایا ئەو دارە پڕ لە مێوە خۆشانەی بۆ برسییەتی خۆی دروست کردووە؟

٣. بۆچی خودا دار و درەختی دروست کردووە؟

٤. ئایا چاکەی خودا دەناسییەوە؟ دەتوانی تامی خۆشی شووتییەك بکەی، یان بۆنی گوڵێکی خۆش بکەی و چاکی خودا نەناسی؟ دەتوانی داڕێك ببینی و سوپاسی خودا نەکەی کە بۆ تۆ دروستی کردووە؟

٥. خودا چی بەکار هێنا بۆ ئەوەی ئەو هەموو شتە دروست بکات لە جیهان؟ نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ؟

٦. هەموو ڕۆژ دەبێت چەندەها جۆری جیاوازی خواردن کە خودا بۆمانی دابین کردووە تام بکەین و بیخۆین، بەڵام ئایا بەڕاستی چاکەکاری خودامان دەناسین و تاممان کردووە؟

٧. ئایا گیانی تۆ برسی ناسینی خودا ووشە تاهەتاتییەکانیەتی بەقەد برسی بوونی گەدەت بۆ خوردن؟

وانەی ٥: بۆچی خودا مرۆڤی دروست کرد

(پەیدابوون ١، ٢)

لە وانەی ڕابردوومانداا، زانیمان خودا چۆن ئاسمان و زەوی و زەریاکان و هەموو ئەو شتانەی ناوی بەدی هێنا. خودای پەروەردگار تەنها بە بەکارهێنانی ووشەی خۆی هەموو شتێکی لە شەش ڕۆژ بەدی هێنا. هەروەها زانیمان بۆچی خودا جیهانی بەدی هێنا. بۆ ئەو خەڵکەی کە پلانی وابوو بەدی بێنێ لەپێناو شکۆمەندی خۆی. خودا چەن بە بەزەییە شوێنێکی وا جوان و سەرسوڕهێنەری بۆ مرۆڤ بەدی هێنا کە بتوانێ لە خێر و خۆشیێکی ڕاستەقینەدا بژێت!

با وورد بینەوە لە نووسراوە پیرۆزەکان بۆ ئەوەی بزانین خودا چۆن یەکەم مرۆڤی دروست کرد. بە یارمەتی خوداش، هەوڵ دەدەین بزانین بۆچی خودا مرۆڤی دروست کرد. لە تەورات، لە سیپارەی پەیدابوون ولە بەشی یەکەمدا، ئایەتی بیست و شەش، ووشەی خودا دەفەرموێ: ئینجا خودا فەرمووی: (با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروست بکەین، لە شێوەی خۆمان. با دەسەڵاتدار بین بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمانو ئاژەڵی ماڵی و بەسەر هەموو زەویدا، هەروەها بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی بەسەر زەویدا دەخشێن.) خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدی هێنا، لەسەر وێنەی خودا بەدیی هێنا، بە نێر و مێ بەدی هێنان. (پەیدابوون ١: ٢٦، ٢٧)

ئالێرەدا، ڕاستیێکی پڕ مانا و بەشکۆمان لەپێش دایە کە دەبێت هەموومان لێی تێ بگەین: خودا یەکەم پیاو و ژنی لە وێنەی خۆی دروست کرد! بیری لێ بکەوە! خودا مرۆڤی وا دروست کرد کە بە وێنەی خۆی بچێ! بەڕاستی، مرۆڤ گرنگترین بوونەوەرە لە ناو هەموو ئەو بوونەوەرانەی خودا دروستی کردوون. تەنها مرۆڤ لە وێنەی خودا دروست کراوە.

باشە، ئەو ووشەیەی خودا مانای چییە کاتێ دەفەرموێ: مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروست بکەین؟ لە بەشی دووەم، ئایەتی حەفتەم، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: جا خوداوەند خودا پیاوی لە خۆڵی زەوی پێک هێنا و شنەی ژیانی بە کونە لووتیدا کرد. بەمەش پیاوەکە بووە گیانێکی زیندوو. (پەیدابوون ٢: ٧) دەبینین لەم ئایەتەدا کاتێ خودا یەکەم مرۆڤی دروست کرد، بە دوو توخم دروستی کرد: جەستە و گیان. مرۆڤ تەنها جەستە نییە، بەڵکو جەستە و گیانە. خودا مرۆڤی بە دوو هەنگاو دروست کرد. دووبارە با بخوێنین نووسراوە پیرۆزەکان چی دەفەرموێ: یەکەم: جا خوداوەند خودا پیاوی لە خۆڵی زەوی پێک هێنا دووەم: خودا شنەی ژیانی بە کونە لووتیدا کرد. بەمەش پیاوەکە بووە گیانێکی زیندوو.

لەم نووسراوە پیرۆزە دەبینین کە کاتێ خودا مرۆڤی دروست کرد، سەرەتا جەستەی بۆ دروست کرد. باشە بۆچی خودا یەکەم جار جەستەی بۆ دروست کرد؟ لەبەر ئەوەی جەستەکە دەبێتە ئەو ماڵەی کە گیانی مرۆڤی تیادا دادەنێ. ئایا دەزانی کە جەستەت ماڵی خۆتە، ئەو ڕەشماڵە کاتییەی کە تۆی ڕاستەقینە (واتا گیانت) تیایدا دەژێت؟ نووسراوە پیرۆزەکان ئاوامان فێردەکات و دەفەرموێ: چونکە دەزانین، ئەگەر ماڵە چادرە زەمینییەکەمان ڕووخا. (٢ کۆرنسۆس ٥: ١) بۆیە، خودا جەستەی مرۆڤی وەکو چادرە دروست کرد بۆ ئەوەی گیانی تیایدا بژێت.

خودا بە چی جەستەی یەکەم مرۆڤی دروست کرد؟ نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە پەروەردگار جەستەی لە خۆڵی زەوی دروست کرد. لە چەرخی مۆدێرنی ئیستاماندا، دەزانین کە خۆڵی زەوی لە نزیکەی (٢٠) بیست ماددەی کیمیاوی پێکهاتووە. زاناکان دەڵێن هەر یەک لەو بیست ماددەیە لەناو جەستەی مرۆڤدا هەیە. بۆیە پێغەمبەری خودا داود لە زەبوورەکان نووسیویەتی، چونکە دەزانێت ئێمە چۆن پێکهێنراوین، لەبیریەتی کە ئێمە خۆڵین. (زەبوورەکان ١٠٣: ١٤)

بەڵێ، جەستەکە لە خۆڵ دروست کراوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بێ سوودە! لە جەستەی مرۆڤدا، زیاتر لە حەفتا هەزار هەزار هەزار (واتا ٧٠ ترلیۆن) بەش هەیە کە پێی دەوترێ خانە. ئەو هەموو خانانەش بەیەکەوە هۆنراون وا دروست کراون کە بە وێنەییکی هاوکاتی تەواو کار بکەن. جەستەی مرۆڤ موعجیزەیە! لە جەستەماندا، خودا میشک و دڵ و سییەکان و گەدە و جەرگ و

ڕیخەڵۆك و ئێسك و ماسولکە و پێست و چاو و گوێ و لووت و دەم و زۆر بەشی سەرسوڕهێنەری تری داناوە. هەر یەك لەو بەشانە ڕۆڵی خۆی دەزانێ. تەنها خودا دەتوانێ دروستی بکات! بۆیە هەروەها پێغەمبەری خودا داود نووسیویەتی: پەروەردگار، ستایشت دەکەم، چونکە بە سامناکی دروستکراوم، سەرسوڕهێنەرم، کارەکانت سەرسوڕهێنەرن، لە ناخمەوە باش ئەمە دەزانم. (زەبوورەکان ١٣٩: ١٤)

بەڵێ، جەستەی مرۆڤ موعجیزەیێکی سەرسوڕهێنەرە! بەڵام ئایا ئەوە ئەو جەستەیەکە کە خودا لەسەر وێنەی خۆی دروستی کرد؟ نەخێر! ناکرێ، لەبەر ئەوەی خودا گیانە. خودا شێوەی فیزیایی مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی دروست نەکردووە. ئەی باشە، ئەوە مانای چییە کە نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت: خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدی هێنا؟ مانای ئەوەیە کە خودا گیانی مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدی هێنا.

ئێستا دەزانین کە کاتێ خودا یەکەم جار جەستەی مرۆڤی دروست کرد لە خۆڵی زەوی، ئەو جەستەیە بێ ژیان بوو. تەنها لاشەیێکی مردوو بوو. باشە خودا بۆچی یەکەم جار لاشەی بۆ مرۆڤ دروست کرد پێش ئەوەی گیانی تیادا دابنێت؟ بۆچی خودا، کە خاوەن هەموو تواناییێکە، بەیەك هەنگاوی ئاسان، هەر وەك هەموو دروستکراوەکانی تر مرۆڤی دروست نەکرد؟ ڕەنگە خودا بەو وێنەیە دروستی کرد بۆ ئەوەی فێرمان بکات کە مرۆڤ، لە ناخی خۆیدا، هیچ دەسەڵاتێکی لەسەر ژیان نییە. مرۆڤ ناتوانێ ژیان بەخۆی ببەخشێ و ناتوانێ هیچ دروست بکات کە ژیانی تیادا بێت. خودا پەروەردگاری ژیانە، و تەنها لەودا ژیان پەیدا دەبێت. ژیان لە مرۆڤەوە پەیدا نابێ، ژیان دیاریێکە لە خوداوە! نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: جا پەروەردگار خودا....شنەی ژیانی بە کونە لووتی کرد. بەمەش یەکەم مرۆڤ بووە گیانێکی زیندوو. ژیان کەوتە ناو ئەو جەستەیەی کە خودا دروستی کردبوو. بۆچی ژیانی تێکەوت؟ لەبەر ئەوەی خودا، پەروەردگاری ژیان گیانەکەی پێ بەخشی! خودا شنەی ژیانی خۆی بە جەستەکەیا کرد. ئەو ژیانەی کە لە خودا دا هەبوو، ئیستا لە مرۆڤ هەیە. بۆیەش، مرۆڤ ئێستا لە ژیان دایە.

باشە ئەوە چی بوو کە خودا لە وێنەی خۆی دروستی کردبوو؟ گیانەکە. خودا گیانی مرۆڤی لە وێنەی خۆی دروست کرد. ئایا دەزانی کە هەندێك ڕەوشت کەلە گیانی خودا هەیە لە گیانی مرۆڤیشدا دۆزراوەتەوە؟ پێش ئەوەی کۆتایی بە وانەی ئەمڕۆمان بێنین، با چاو بە سێ ڕەوشتدا بخشێنین کەلە خودا و هەروەها لە مرۆڤیش هەیە. کاتێ بیر دەکەینەوە لەو سێ ڕەوشتەی لەگەڵ خودا دا هاوبەشین، دەتوانین باشتر لە نووسراوە پیرۆزەکان تێ بگەین کاتێك کە دەفەرموێ: خودا مرۆڤی لە وێنەی خۆی دروست کرد. ئەو سێ ڕەوشتەی کە خودا لە گیانی مرۆڤدا جێگیری کرد ئەمانەن:

یەکەم: خودا بیری بەخشی بە مرۆڤ، بۆ ئەوەی بتوانێ خودای پێ بناسێ.

دووەم: خودا دڵ (واتا هەست)ی بەخشی بە مرۆڤ، بۆ ئەوەی بتوانێ خودای خۆش بوێ.

سێیەم: خودا ئیرادە (واتا توانای هەڵبژاردن)ی بەخشی بە مرۆڤ، بۆ ئەوەی بتوانێ بە گوێی خودا بکات.

هەر وەك چۆن خودا خاوەن بیر و دڵ و ئیرادەیە، خودا لە گیانی مرۆڤیشدا بیر و دڵ و ئیرادەی چەسپان. با وورد بینەوە لەمە بزانین مانای چییە.

خودا بیری بە مرۆڤ بەخشی کە توانای ناسینی خودا و توانای بیرکردنەوەی هەبێ وەك خودا. خودا مرۆڤی خاوەن بیرێکی بەهێزی دروست کرد، لەبەر ئەوەی پلانی بۆ مرۆڤ وابوو کە دۆستایەتیەکی نزیکی لەگەڵدا هەبێ، کاتێ دەربارەی ژیانی پێغەمبەری خودا ئیبراهیم دەخوێنینەوە، دەبینین کە پێی دەوترا، ***دۆستی خودا***. ئیبراهیم خودای لە نزیکەوە دەناسی و پەیوەندییێکی نزیکی لەگەڵدا هەبوو. بەڵام، ئیبراهیم تاکە کەس نییە کە ئیمتیازی بوونی بە دۆستی خودا پێشکەش کرابێ. ئێمەش دەتوانین ببین بە دۆستی خودا. خودا دەیەوێ دۆستایەتیەکی نزیکمان لەگەڵیدا هەبێت. هەر بۆیە بیری لە گیانی مرۆڤدا چەسپاند واتا لە دەروونی کە دەتوانێ هاوکات بێت لەگەڵ بیری خودا.

ڕەنگە بتوانین ئەوەی دەیڵێین بە پرسیارێك ڕوون بکەینەوە. چی مرۆڤـ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە؟ بیر. بیری مرۆڤـ زۆر جیاوازە لە بیری ئاژەڵ. باشە، بۆچی ئاژەلەکان ناتوانن لەم وانەیە تێ بگەن؟ لەبەر ئەوەی هەمان جۆر بیریان نییە لەگەڵ ئێمە. بۆچی تۆ دەتوانی لە ووشەکانی وانەکانمان تێ بگەی؟ لەبەر ئەوەی هەمان جۆر بیری مرۆڤانەمان هەیە. بەچەن ووشەیێکی تر، ڕۆحی مرۆڤـ وادروست کراوە کە بتوانێ هاوکات بیێت لەگەڵ ڕۆحی خودا.

بێ گومان، کاتێ ئەم قسەیە دەکەین، مانای ئەوە نییە کە بیرمان و بیری خودا هاوتای یەکن لە دانایی و زانایی. هەرگیز! دانایی خودا زۆر قووڵە، زانایی و دانایی خودا زۆر سەردەکەوێتە سەر زانایی مرۆڤـ. ئەوەی دەبێت لێی تێبگەین ئەمەیە: خودا گیانێکی بەخشیوە بە مرۆڤـ کە توانای بەستنی پەیوەندییێکی بەمانای هەبێ لەگەڵ خودای زیندوو. خودا نایەوێت وەك ئاژەڵێکت لێ بێت کە ناتوانێ خودا بناسێ! ئاژەڵ میێشکی هەیە، بەڵام ناتوانێ بیر لە خودا بکاتەوە. ئاژەڵ دەمی هەیە، بەڵام ناتوانێ سوپاسی خودای پێ بکات کەوا هەموو ڕۆژ خواردنی بۆ دابین کردووە. چاوی هەیە، بەڵام ناتوانێ نووسراوە پیرۆزەکان دیراسەت بکات. گوێ هەیە، بەڵام ناتوانێ گوێ لە ووشەی خودا بگرێ. بەڵام مرۆڤـ، کە خودا لە وێنەی خۆی دروستی کردووە، دەتوانێ خودای پەروەردگار بناسێ. دەتوانن پەیوەندیەکی سەرسوڕهێنەر ببەستن لەگەڵ دروستکارتاندا، ئەگەر باوەڕ بە ڕێگای ڕاستودروستی ڕزگاربوون بێنن و وەریگرن کە خودا دایمەزراندووە. لە وانەکانی داهاتوودا ڕێگای ڕزگاری خودا ڕوون دەکەینەوە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەبێت لێی تێبگەین ئەویە کە خودا بیرێکی بەخشیوە بە مرۆڤـ کە توانای ناسینی خودای هەیە.

خودا شتێکی تری لە گیانی مرۆڤدا چەسپاندووە کاتی لە وێنەی خۆی دروستی کرد. ئەویش دڵە. خودا دڵی بە مرۆڤـ بەخشی بۆ ئەوەی بتوانێ خودای خۆش بوێ. ئێمە باسی ئەو دڵە ناکەین کە خوێن پاڵدەنێ، بەڵکو باسی هەست و نەستی ناخی گیانت دەکەین. باسی بیر و نیازی ناو دڵت دەکەین. خودا توانای هەستکردنی سۆزی بەخشی بە یەکەم مرۆڤـ هەر وەك خۆی هەستی پێ دەکات. خودا دەتوانێ خۆشەویستی و ڕق و شادومانی و پەژارە و بەزەیی بکات. بۆیە، خودا لە گیانی مرۆڤدا دڵێکی چەسپاند کە توانای هەستکردنی سۆزی هەبێت وەك خۆشەویستی و ڕق. خودا دەیەوێ مرۆڤـ ئەوەی خۆش بوێ کە خودا پێی خۆشە و ڕقی لەوەبێ کە خودا ڕقی لێ دەبێتەوە. خودا دەیەوێ پڕ بە دڵمان ئەومان خۆش بوێت. لەبەر ئەوە خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی دروست کردووە و دڵی پێ بەخشی.

شتێکی تر هەیە خودا بەخشیویەتی بە مرۆڤـ، کە لە سەر وێنەی خۆی دروستی کردووە. ئیرادەی لە گیانی مرۆڤدا چەسپاند. خودا ڕێگای بە هەموو کەس داوە کە ڕێگای خۆی هەڵبژێری. خودا خۆی خاوەن دەسەڵاتە کە ئایا شتێك بکات یان نا. بۆیە خودا مرۆڤی وا دروست کردووە کە ماف و بەرپرسیاریەتی هەبێ و هەڵبژاردنی گرنگ بۆ خۆی بکات. خودا دەیتوانی مرۆڤـ وادروست بکات کە بە وێنەیەکی (ئۆتۆماتیکی) ئیرادەی خودا بەجێ بێنێ و هیچ چارەێکی نەبوایە لەو مەسەلەیە. بەڵام خودا ئیرادەیەکی ئازاد و بەرپرسیاریەتی بەخشی بە مرۆڤـ بۆ ئەوەی خۆی هەڵبژێری ئایا بەگوێی خودا بکات یان نا. خودا نەیویست مەکینەیەك واتا ڕۆبۆتێك دروست بکات. خودا مرۆڤی لە وێنەی خۆر دروست نەکرد کە هەموو ڕۆژ هەڵ دێت، و هیچ چارەێکی نییە. ڕۆژ بە شێوەێکی ئۆتۆماتیکی هەموو ڕۆژ ئیرادەی خودا بەجێ دێنێ. بەڵام بەم وێنەیە نییە لەگەڵ مرۆڤـ. مرۆڤـ دروستکراوێکی تایبەتە. خودا ئێمەی بۆ خۆی دروست کرد. خودا دەیەوێ بۆ خۆمان هەڵبژێرین خۆشمان بوێ و بیپەرستین. خودا بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی داوتە مرۆڤـ! مرۆڤـ دەبێت خۆی هەڵبژێری: ئایا بە دوای خودا بکەوێ یان شەیتان. ووشەی خودای پێ خۆش بێ یاخود ڕقی لێ بێتەوە؟ خودا زۆر لە کەس ناکات باوەڕ بە ووشەی بێنێت. هەرگیز زۆرمان لێ ناکات خۆشمان بوێ و بەگوێی بکەین. خۆشەویستی، ئەگەر بە زۆر بێت خۆشەویستی نییە. خودا ڕێگای پێمان داوە بە دوای کام ڕێگا بکەوین. بەڵام لە کۆتاییدا، خودا دادوەری هەممو کەس دەکات کە شانشینەکەی ڕەت بکاتەوە، لەبەر ئەوەی خودا مرۆڤی بۆخۆی دروست کردەوە. نووسراوە پیرۆزەکان ئاوا دەڵێت.

ئێمە لێرە لەسەر زەوین بۆ خودا. لێرە نین بۆ خۆمان یان بۆ پارە، بۆ هیچ شتێك یان بۆ هیچ کەسێکی تر لێرە نین. خودا ئێمەی بۆ خۆی دروست کردووە، بۆ خۆشی و شکۆمەندی خۆی دروستمانی کردووە. خودا وامانی دروست کردووە کە توانای ناسین و خۆشەویستی و بە گوێ کردنی ئەومان هەبێ تاهەتا! بەڵێ... تاهەتا! خودای تاهەتایی گیانێکی تاهەتایی پێمان بەخشیوە. هەر

بەبۆنەی خودایە کە ئەمڕۆ پەیوەندیەکی قوولْ و سەرسوڕهێنەرمان لەگەڵی هەیە، ئەمڕۆ و سبەی و تاهەتا. هەر لەبەر ئەوەشە خودا لەسەر وێنەی خۆی دروستمانی کردووە.

لە وانەی داهاتوودا باسی یەکەم مرۆڤ دەکەین، ئادەم و حەوا.

خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ و یارمەتی دەرت بێت بۆ ئەوەی مانا و گرنگی گەورەترین فەرمانی تێ بگەیت، کە دەفەرموێ: (گوێ بگرە ... خودای پەروەردگارمان یەک خوداوەندە، جا خودای پەروەردگاری خۆت بەهەموو دڵ و هەموو گیان و هەموو بیر و هەموو تواناتەوە خۆش بووێ.) (مەرقۆس ١٢: ٢٩، ٣٠)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی خودا مرۆڤی دروست کرد؟

٢. ئەوە مانای چییە کە نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت، (خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدی هێنا)؟

٣. خودا بۆچی یەکەم جار لاشەی بۆ مرۆڤ دروست کرد پێش ئەوەی گیانی تیادا دابنێت؟ بۆچی خودا، کە خاوەن هەموو تواناییەکە، بەیەك هەنگاوی ئاسان، هەر وەك هەموو دروستکراوەکانی تر مرۆڤی دروست نەکرد؟

٤. ئەوە چی بوو کە خودا لە وێنەی خۆی دروستی کردبوو؟

٥. ئایا دەزانی کە هەندێك ڕەوشت کەلە گیانی خودا هەیە لە گیانی مرۆڤیشدا دۆزراوەتەوە؟

٦. چی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە؟ بۆچی ئاژەڵەکان ناتوانن لەم وانەیە تێ بگەن؟

٧. بۆچی تۆ دەتوانی لە ووشەکانی وانەکانمان تێ بگەی؟

٨. ئایا بە دوای خودا بکەوێ یان شەیتان. ووشەی خودای پێ خۆش بێ یاخود ڕقی لێ بێتەوە؟

وانەی ٦: ئادەم و حەوا لە باخچەی بەهەشت

(پەیدابوون ٢)

بەردەوام دەبین لە دیراسەتمان بۆ ئەوەی بزانین لە سەرەتادا چی ڕوویدا. لە وانەی ئەمڕۆشماندا باسی ئادەم و حەوا دەکەین، بزانین یەکەم ڕۆژیان لەسەر زەوی چۆن بوو. پێشتر لە تەورات ئەم ئایەتەمان خوێندەوە: خوداوەند لە شەش ڕۆژدا ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تیایەتی دروست کرد. (دەرچوون ٢٠: ١١) هەروەها زانیمان چۆن خودا لە ڕۆژی شەشەمدا یەکەم مرۆڤی دروست کرد. خودا جەستە و گیانی بۆ مرۆڤ دروست کرد. خودا جەستەی مرۆڤی لە خۆڵی زەوی دروست کرد و پاشان گیانێکی تاهەتایی لەناو دانا. خودا گیانی مرۆڤی لە وێنەی خۆی دروست کرد. ئەوە مانای ئەوەیە کە خودا بیرێکی تایبەتی لە گیانی مرۆڤ چەسپاند، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ خودای پێ بناسێ. خودا هەروەها دڵ (واتا هەست)ی بە مرۆڤ بەخشی، بۆ ئەوەی بتوانێ خودای پێ خۆش بوێ. هەروەها ئیرادە (واتا توانای هەڵبژاردن)ی بەخشی بە مرۆڤ، بۆ ئەوەی بتوانێ هەڵبژێرێ بە گوێی خودا بکات یان نا. پاش ئەوەی خودا لە دروستکردنی یەکەم مرۆڤ تەواو بوو، شتی تری هەبوو کە بیکات پێش ئەوەی پشوو بدات لە کاری بەدی هێنان. ئەوەش ئەوەیە کە دەمانەوێ ئەمڕۆ فێری بین . با بەردەوام بین لە تەورات، لە بەشی دووەمی سیپارەی پەیدابوون. لە ئایەتی حەفتەمەوە دەس پێ دەکەین. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: جا خوداوەند خودا پیاوی لە خۆڵی زەوی پێک هێنا و شنەی ژیانی بە کونە لووتیدا کرد. بەمەش پیاوەکە بووە گیانێکی زیندوو.[٨] ئینجا خوداوەند خودا باخچەیەکی لە (عەدەن)، لە ڕۆژهەڵاتدا چاند. لەوێشدا پیاوەکەی دانا کە پێکی هێنابوو. (پەیدابوون ٢:٧، ٨)

نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت چۆن خودا باخچەیێکی جوانی ئامادەکرد بوو بۆ ئەو مرۆڤەی کە دروستی کردبوو. باخچەکە بە عەدەن ناو دەبرا. هەندێ کەس پێیان وایە کەئەم باخچەیەی کە خودا یەکەم مرۆڤی لێ دا نا لە ئاسمان بوو، بەڵام نووسراوە پیرۆزەکان بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە لێرە لەسەر زەوی بوو، لە ڕۆژهەڵات، لە عەدەن، ڕەنگە لە وڵاتی عێراقی ئێستا بێت. چونکە پەرتوکەکانی پێغەمبەران هەرگیز باخچەی عەدەن کە لەسەر زەوی بوو، تێکەڵ ناکەن لەگەڵ بەهەشتی ئاسمان، ئەوەی لە حزوری خودایە.

لە ئایەتی پاشتر، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: خوداوەند خودا هەموو ئەو جۆرە درەختانەی کە لەبەرچاو جوان بوون و بۆ خواردن خۆش بوون لە زەویدا گەشە پێکرد. درەختی ژیانیش لە ناوەڕاستی باخچەکەدا بوو، هەروەها درەختی زانینی چاکە و خراپە. ڕووبارێک لە عەدەنەوە هەڵدە قوواڵ و لەبەری دەڕۆیشت بۆ ئاودانی باخچەکە، لەوێوە جیا بوەوە و بوو بە چوار لقەوە. خوداوەند خودا پیاوەکەی هێنا و لە باخچەی عەدەن داینا، بۆ کشتیاری و بایەخ پێدانی. (پەیدابوون ٢: ٩، ١٠، ١٥)

بەم شێوەیە دەبینین خودا شوێنێکی خۆشی دروست کرد بۆ یەکەم مرۆڤ، ئادەم، بۆ ئەوەی بتوانێ لە خێر و خۆشییێکی ڕاستەقینە بژیێت. خودا ئادەمی لە باخچەیێکی دڵگیر دانا پڕ لە دار کە میوەی جوانی بەرهەم دەهێنا بۆ تەماشا کردن و زۆر بەتام بۆ خواردن. لەم شوێنە ئەفسوناویە، هەموو شتێك سەرسوڕهێنەر و تەواو بوو. هەستەکانی ئادەم زیندوو بوون، هەروەها چاوەکانی جوانی شوێنەکەیان دەبینی، گوێیەکانی گوێیان لە ئاوازی خوێندنی باڵندەکان بوو لەسەر دار دەیانخوێند. هەستەکانیشی بۆنی خۆشی گوڵ و گوڵزارەکانی ناو باخچەکە هەڵدەمژی. خودا بۆ خۆشی ئادەم هەموو شتێکی پێ بەخشی بوو. هەروەها خوێندمانەوە کە خودا بە چاکەی خۆی ئەرکێکی بە ئادەم سپارد کە بەدڵی بوو: ئەویش ئەوە بوو کە ئاگای لە باخچەکە بێت و ئیشی لێ بکات، بۆ ئەوەی سەرقاڵی ئیشێکی دڵخوش کار بێت.

سەرسوڕهێنترین شت کە لە عەدەن ڕویدا ئەوە بوو کە خودا خۆی لە فێنکی ئێوارەدا دەهاتە باخچەکە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا بکات کە لەسەر شێوەی خۆی دروستی کردبوو. (تەماشای پەیدابوون ٣: ٨ بکە) باشە بۆچی خودا سەردانی ئادەمی دەکرد؟ لەبەر ئەوەی، هەر وەك پێشتر زانیمان، خودا مرۆڤی دروست کرد بۆ هاوڕێیەتی خۆی. نیازی خودا وابوو کە لەگەڵ مرۆڤدا هاوڕێیەتی بکات، پێکەوە قسە بکەن، پێکەوە شادومان بن، و تاهەتا پێکەوە بە یەك بیر و دڵ بژیێن. بەڵێ، خودا دەیویست لەگەڵ مرۆڤدا پەیوەندییێکی قوڵ و سەرسوڕهێنەر ببەستێ تاهەتا.

شتێکی تر هەیە پێویستمان بەزانینی هەیە دەربارەی ئەو باخچەیەی خودا یەکەم مرۆڤی لێ دانا. لە ناوەندی ئەو باخچەدا، خودا دوو داری زۆر گرنگی چاندبوو. یەکێکیان ناوی داری ژیان بوو، و ئەوەی تریش ناوی داری زانین چاکە و خراپە بوو. خودا ***داری ژیانی*** لە ناوەندی باخچەکە چاندبوو بۆ ئەوەی بە بیری ئادەم بێنێتەوە کە نیازی هەیە لەگەڵ مرۆڤدا ژیانی تاهەتایی بەشداری پێ بکات. دەربارەی ***داری زانینی چاکە و خراپە***، خودا ئەو دارەی لە ناوەندی باخچەکە چاندبوو بۆ ئەوەی ئادەمی پێ تاقی بکاتەوە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خوداوەند خودا فەرمانی بە پیاوەکە دا و فەرمووی: (تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت.) (پەیدابوون ٢ : ١٦، ١٧)

بۆچی خودا خواردنی ئادەمی لە داری زانینی چاکە و خراپە حەرام کرد؟ ئایا خودا ڕژدە؟ نەخێر، ڕژد نییە! لەڕاستیدا، یەک لەناوە پارساکانی خودا **بەخشندەیە** (یاقوب ١: ٥)، خودا بە ئادەمی فەرموو، (بۆت هەیە لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت... تەنها یەکیان نەبێت.) ئایا ئەوە ڕاسپاردەیێکی قورس بوو؟ نەخێر. خودا بە نیعمەتی خۆی هەموو شتێکی بە ئادەم بەخشی کە پێویستی پێی هەبوو بۆ ئەوەی دڵ خۆش بێت. هیچ شتێکی باشی لێ قەدەغە نەکردبوو. بەڵام خودا، لەپلانە تەواوەکەی خۆیدا تاقیکردنەوەیەکی ئاسانی بۆ ئادەم دانابوو، بۆ ئەوەی ئادەم دەرفەتی هەبێ پشانی خودا بدات کە بای ئەوەندە خۆشی دەوێت کە گوێ ڕایەڵی ڕاسپاردەکەی بێت. وەک پەروەردگار خودا دەفەرموێ لە ووشەکەیدا: (ئەوەی منی خۆشبوویت وشەکەم دەپارێزێت.... ئەوەی منیشی خۆشناوێت وشەکانم ناپارێزێت.) (یۆحەنا ١٤: ٢٣، ٢٤)

خودا ویستی خۆشەویستی و وەفاداری ئادەم تاقی بکاتەوە. هەر بۆیە ئەم ڕاسپاردە ساکارەی پێ دا. خودا مرۆڤێکی ڕۆبۆتی دروست نەکردبوو. خودا مرۆڤێکی خاوەن بیر و دڵ و ئیرادەیێکی ئازاد دروست کردبوو بۆ ئەوەی بۆ خۆی بڕیار بدات خودای خۆشی بوێ و بەگوێ بکات.

باشە خودا چی بە ئادەم فەرموو ڕوودەدات ئەگەر بێت و لەو دارە قەدەغە کراوە بخوات؟ با دووبارە نووسراوە پیرۆزەکان بخوێنینەوە. خودا فەرمووی، (بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت) بۆیە، خودا بە ئادەمی ڕاگەیاندبوو کە شکاندنی ڕاسپاردەکەی مردن بەرهەم دێنێ. خودا ئەو مرۆڤەی خۆش دەویست کە دروستی کردبوو، بۆیە بەچەن ووشەیێکی بێ هەڵە ئادەمی ئاگادار کردبووەوە، فەرمووی: ئادەم، ئەگەر بەگوێم نەکەی، ئەوا دەمری لەبەر ئەوەی یاسا پارساکەی من مردن دەخوازێ بۆ، (ئەو گیانەی گوناە دەکات، ئەو دەمرێت) (حزقیال ١٨: ٢٠)

ڕەنگە خەڵکانێك بپرسن: گوناە چییە؟ نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: گوناە سەرپێچییە. (١ یۆحەنا ٣: ٤) هەموو نارەواییێک گوناهە. (١ یۆحەنا ٥: ١٧) بۆیە ئەوەی بزانێت چاکە بکات و نەیکات، گوناە دەکات. (یاقوب ٤: ١٧) گوناە ئەوەیە کە ملی ڕێگای خۆمان گرت. (ئیشایا ٥٣: ٦) گوناە هەموو ئەو شتانەیە کە لەگەڵ خودادا ناگونجێ.ش باشە، ئەوانەی گوناە دەکەن بەرامبەر بە خودا چییان بەسەر دێت؟ ووشەی خودا دەفەرموێ: ئەو گیانەی گوناە دەکات، ئەو دەمرێت. (حزقیال ١٨: ٢٠) لە ئایەتەکی تردا دەفەرموێ: کرێی گوناە مردنە. (ڕۆما ٦: ٢٣) باشە مردن چییە؟ هەندێك پێیان وایە مردن ئەوەیە چی دی لە بوون نەمینێی، هەموو شتێك تەواو بوو و تۆ هیچی تر نازانی. بەڵام ئەگەر پشت بە نووسینەکانی پێغەمبەران ببەستین، دەزانین کە مردن مانای ئەوە نییە. لە نووسراوە پیرۆزەکان، کە بەزمانی عیبری نووسراوە، مردن مانای جیابوونەوەیە. مردن جیابوونەوەیە لە ژیان.

کاتێ خودا بەئادەمی فەرموو: (بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت.) مەبەستی خودا ئەوە بوو کە ئادەم، ئەگەر بێت و لەو دارە بخۆی کە لێتم قەدەغەکردووە، لە هەمان ڕۆژ دەمری، واتا: لە من جیا دەبییەوە. ئەگەر بەگوێم نەکەی ئەوا چی دی پەیوەندییێکی نزیکت نابێ لەگەڵمدا. من پارسام و خۆم لەو کەسانەی ڕێگای من ڕەت دەکەنەوە جیادەکەمەوە. لوسیفێر و فریشتەکانیم دەرکرد کاتێ گوناهیان ئەنجام دا. تۆش دەردەکەم ئەگەر بێت و گوناە ئەنجام بدەی. هەروەها، ئەگەر بێت و لە مێوەی ئەو دارەی کە لێت قەدەغە کراوە بخۆی ئەوا جەستەت دەس بە پیربوون دەکات و لە کۆتاییشدا دەمرێت، بەمانای: گیانت جەستەت بەجێ دێڵێ. هەر ئەوەندەش نییە. ئەگەر بەگوێم نەکەی، نەك تەنها جەستەت دەمرێ بەڵکو گیانیشت دەڕواتە ئەو جێگایەی بۆ شەیتان و فریشتەکانی دروستکراوە. لەوێشدا لە من جیا دەبییەوە تاهەتا!

بۆیە، دەبینین کە گوناە سێ جیابوونەوەی سامناك بەرهەم دێنێ. یەکەم، گیانت جیا دەبێتەوە لە خودا لێرە لەسەر زەوی. واتا چی دی پەیوەندیت لەگەڵ خودای پارسا نامینێت لەبەر ئەو گوناهەی ناو دڵت. دووەم، گیانت لە جەستەت جیا دەبێتەوە لە ڕۆژی مردنت. واتا، جەستەت دەمرێ و گیانت دەچێتە بەردەم خودا بۆ دادگایی. سێیەم، جەستە و گیانت لە خودا جیا دەبنەوە تاهەتا لە ئاگری دۆزەخ.

لەسەر بنەمای ووشەی خودا، مردن چییە؟ بەکورتی، مردن جیابوونەوەیە لە خودای ژیان. گوناە مرۆڤ جیا دەکاتەوە لە خودا، سەرچاوەی ژیانی ڕاستەقینە. خودا پارسایە و ناتوانێ لەگەڵ گوناە بژیێت. ئەو گیانەی گوناە ئەنجام دەدات وەك لقە دارێکە ببڕدرێتەوە ولە دارەکە دوور بخرێتەوە. ئەو لقە دارە چی بەسەر دێت کە دەبڕدرێتەوە و چی دی بەشێك نییە لە دارەکە؟ ئایا دەژیت؟ نەخێر، دەمرێ! هەرچەندە گەلاکانی یەکسەر ووشك نابنەوە بەلام دەس بە مردن دەکەن. هەر بەو شێوەیە، ئەگەر تۆ ڕێگای لێ خۆش بوون لە گوناە کە خودا دابینی کردووە وەرنەگرتبێ، ڕەنگە پێت وابێت کە دەژی، بەلام نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران دەڵێت تۆ لە بەردەم خودا: ئێوەش بەهۆی خراپە و گوناهەکانتان مردوو بوون ... تاوانەکانتان بوون بە ناوبەند لە نێوان ئێوە و خوداتان و گوناهەکانت وای کرد ڕووی خۆی لێتان بشارێتەوە و گوێتان لێ نەگرێت. وا تۆش، وەک لق فڕێ دەدرێتە دەرەوە، وشک دەبێت و کۆدەکرێتەوە، فڕێ دەدرێتە ناو ئاگر و دەسووتێت. (ئەفەسۆس ٢: ١) (ئیشایا ٥٩: ٢) (یۆحەنا ١٥: ٦)

ئەو لقەی کە بە دارەوە نەماوە ناتوانی چی دی مێوە بەرهەم بێنێ. گوناەباریش هەر بەو شێوەیەیە لە بەردەم خودا. چی دی ناتوانێ مێوە کە خودا دڵ خۆش بکات بەرهەم بێنێ، لەبەر ئەوەی هیچ پەیوەندی لەگەڵ خودا نەماوە، کە (داری ڕاستەقینەیە) سەرچاوەی ژیانی ڕاستەقینە. گوناەباران تەنها دەتوانن چاوەڕێی دادوەرییە ڕاستودروستەکەی خودا بن. هەرچەندە لە نووسینەکانی پێغەمبەران، خودا ڕایگەیاندووە چۆن دەتوانین ببین بە ڕاست و دروست بەرامبەری و بە دڵنیاییەوە بزانین کە گوناهەکانمان سڕاونەتەوە. ئەوە دەبێتە باسی زنجیرەکانی داهاتوومان.

پێش ئەوەی کۆتایی پێ بێنین، با ئەوەی ماوە لەم بەشە بخوێنینەوە. نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت خودا چۆن یەکەم ئافرەتی دروست کرد: خوداوەند خودا فەرمووی: (باش نییە بۆ پیاو بە تەنیا بێت. یاریدەرێکی هاوشانی بۆ دروست دەکەم.) لە ئەنجامدا خوداوەند خودا پیاوەکەی خستە خەوێکی قوڵەوە. کاتێک خەوتبوو، یەکێک لە پەراسووەکانی دەرهێنا و شوێنەکەی بە گۆشت بۆ پڕ کردەوە. ئینجا خوداوەند خودا ئافرەتێکی لەو پەراسووە بنیات نا کە لە پیاوی وەرگرتبوو، جا بۆ پیاوەکەی هێنا. پیاوەکە وتی: (ئێستا ئەمە ئێسکێکە لە ئێسقانەکانم و گۆشتە لە گۆشتم. ئەمە ناو دەبرێت بە (ئافرەت) چونکە لە پیاوەوە وەرگیراوە.) بۆیە پیاو دایک و باوکی خۆی بەجێ دەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر دەبنە یەک جەستە. پیاوەکە و ژنەکەی هەردووکیان ڕووت بوون، شەرمیشیان نەدەکرد. (پەیدابوون ٢: ١٨، ٢١–٢٥)

بەم شێوەیە، دەبینین کە ژن و مێردایەتی لەلایەن خوداوە دانراوە. خودا یەك پیاو و یەك ژنی دروست کرد بۆ ئەوەی یەکترییان خۆش بوێ و هاوبەش بن لە ژیانیان، و خێزانێکی بەختەوەریان هەبێ کە شکۆمەندی خودا بکات. خودا، کە ئادەمی خۆش دەویست و دەیویست بەتەواوی شاد بێت، دیارییێکی زۆر سەرسوڕهێنەری پێ بەخشی: ئەوەش ژنێك بوو! خودا ویستی ئادەم ژنەکەی خۆش بوێت وەك ئەوەی خۆی خۆش دەوێت، و بەخێوی بکات و ئاگاداری بێت. لەوەش گرنگتر، خودا ویستی پیاو و ژن پەیوەندییێکی قوڵیان هەبێ لەگەڵی، بیناسن و خۆشیان بوێ و بەگوێ بکەن تاهەتا. (تەماشای ئەفەسۆس ٥: ٢١–٣٣، ٦: ١–٤ بکە)


بەم شێوەیە خودا کاری دروستکردنی تەواو کرد. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خودا بینی ئەوەتا هەموو ئەوەی کە دروستی کردبوو زۆر باش بوو. جا ئێوارە بوو، بوو بە بەیانی، ئەمە ڕۆژی شەشەم بوو. بەم شێوەیە ئاسمان و زەوی و هەرچی تێیاندا ڕێکخرابوو تەواو کران. ئیتر خودا لە سەرەتایی ڕۆژی حەوتەمدا لەو کارەی کە کردبووی تەواو ببوو، ئینجا لە ڕۆژی حەوتەمدا لە هەموو کارەکانیدا پشووی دا. خودا ڕۆژی حەوتەمی بەرەکەتدار و پیرۆز کرد، چونکە تێیدا لە هەموو کارەکانی پشووی دا، هەموو ئەوەی خودا بەدی هێنا و دروستی کرد. (پەیدابوون ١: ٣١– ٢: ٣)

باشە، بۆچی خودا پشوویدا لە ڕۆژی حەفتەم؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە ماندوو بووە؟ نەخێر، خودا هەرگیز ماندوو نابێت! نووسراوە

پیرۆزەکان دەڵێت خودا پشووی دا لەبەر ئەوەی (لە کارەکە تەواو بوو!) هەموو شتێك تەواو بوو. لەبەر ئەوە خودا پشووی دا ولە کارەکە ڕاوەستا لە ڕۆژی حەفتەم. هـەر لەبەر ئەوشە حەفت ڕۆژ هەیە لە هەفتەیەکدا.

لە وانەی داهاتوودا فێر دەبین چۆن گوناە هاتە جیهانەوە.

خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتاندا ببارێنێ کاتێ دەڕواننە ئەم ئایەتەوە لە ووشەی خودا کە دەفەرموێ: کرێی گوناە مردنە، بەڵام دیاری خودا ژیانی تاهەتاییە! (ڕۆما ٦: ٢٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی خودا سەردانی ئادەمی دەکرد؟
٢. بۆچی خودا خواردنی ئادەمی لە داری زانینی چاکە و خراپە حەرام کرد؟
٣. ئایا ئەوە ڕاسپاردەییکی قورس بوو؟
٤. خودا چی بە ئادەم فەرموو ڕووەدات ئەگەر بێتوو لەو دارە قەدەغە کراوە بخوات؟
٥. گوناە چییە؟
٦. باشە ئەوانەی گوناە دەکەن بەرامبەر بە خودا چییان بەسەر دێت؟
٧. لەسەر بنەمای ووشەی خودا، مردن چییە؟
٨. ئەو لقە دارە چی بەسەر دێت کە دەبڕدرێتەوە و چی دی بەشێك نییە لە دارەکە؟ ئایا دەژیت؟
٩. بۆچی خودا پشوویدا لە ڕۆژی حەفتەم؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە ماندوو بووە؟

وانەی ٧: چۆن گوناە هاتە ناو جیهانەوە

پەیدابوون ٣

لە دوو وانەی ڕابردوودا، زانیمان خودا چۆن یەکەمین دوو مرۆڤی دروست کرد. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدی هێنا، لەسەر وێنەی خودا بەدیی هێنا، بە نێر و مێ بەدی هێنان. (پەیدابوون ١: ٢٧) لەناو گیانی ئادەم و حەوا، خودا بیرێکی چەسپاند کە توانای ناسینی خودای هەبێ، هەروەها دڵێك کە توانای خۆشەویستی خودای هەبێ. هەروەها خودا کردیانی بە خاوەن ئیرادەیەکی ئازاد بۆ ئەوەی بۆ خۆیان هەڵبژێرن ئایا بە گوێ خودا بکەن یان نا. هەروەها زانیمان کە خودا لە باخچەکانی بەهەشت ئەوانی دانا، کە باخچەێکی دڵگیر بوو خودا ئامادەی کردبوو لەسەر زەوی لە جێگایێك کە پێی دەوترێ عەدەن. خودا هەموو شتێکی دابوو بە ئادەم و حەوا بۆ ئەوەی لە ئاشتی و خۆشییکی ڕاستەقینە بژیین. خودا ویستی خەڵك بیناسن و خۆشیان بوێ و بەگوێ بکەن تاهەتا.

بەم شێوەیە، دەبینین کە خودا بەگوێرەی پلانە تەواوەکەی خۆی، تاقیکردنەوەیەکی ئاسانی لە ئەو مرۆڤە دانابوو کە بەدی هێنابوو. لە ناوەندی باخچەکە، داری زانینی چاکە و خراپەی چاندبوو، ئادەمی ڕاسپارد و فەرمووی، (تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچە کە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت.) (پەیدابوون ٢: ١٦، ١٧)

بۆچی خودا ئادەمی بەم شێوەیە تاقیکردەوە؟ خودا ویستی باری دڵی ئادەم نیشان بدات. خودا نەیویست وا لە ئادەم بکات تووشی گوناە بێت بەڵکو بە هێز و بە بەرەکەتی بکات. ئەو مرۆڤەی خودا دروستی کردبوو بێ هەڵەبوو، و گوناەکاریش نەبوو بەڵام ئەوە مانای ئەوە نەبوو کە خاوەن خۆشەویستییکی تەواو یان خەسلەتێکی کارامە بێت. خودا ئادەمی تاقیکردەوە بۆ ئەوەی خۆشەویستی تاقی بکاتەوە. ئەگەر ئادەم لە تاقیکردنەوەکە دەرچووبایە و بەگوێی خودای بکردایە، ئەوا دەیسەلماند کەلە ناخی دڵیەوە خودای خۆش دەویست. هەروەها، ئەگەر ئادەم لە تاقیکردنەوەکە دەرچووبایە و گوناهی نەکردبوایە، ئەوا تاقیکردنەوەکە بە هێزی دەکرد، لەبەر ئەوەی نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە: دانبەخۆداگرتنیش ئەزموون، ئەزموونیش هیوا. (ڕۆما ٥: ٤)

گەیشتینە بەشی سێیەمی پەرتوکی پەیدابوون. ئەمەش ئەو بەشەیە کە پێمان دەڵێت چۆن گوناە هاتە ناو دونیاوە. ئەگەر ئاشنای ئەم بەشە بین، ئەوا دەزانین بۆ چی دڵی مرۆڤ ئاوا بەد و خراپە، و بۆچی جیهان پڕە لە چەڵەمە و ئازار.

تا ئێستا دەزانین کە لە سەرەتادا ئادەم و حەوا لە باخچەی عەدەن بوون، کە بەتەواوی قایل بوون و هەموو شتێکیان هەبوو. باشترین شتیش لەوەدا ئەوە بوو کە پەروەردگار خودا هەموو ڕۆژ سەردانی دەکرد لە باخچەکەدا، لە فێنکی ئێوارەدا، بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ئادەم و حەوا بکات. خودا سەردانی دەکردن بۆ ئەوەی پەیوەندییکی بە مانا و سەرسوڕهێنەریان لەگەڵ ببەستێ.

نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە کەسێکی تریش لەو باخچەیەدا بوو. دەزانی کێ بوو؟ شەیتان بوو، دوژمنی خودا، شەیتانی خراپەکار. کاتێ خودا جیهان و هەموو ئەو شتانەی ناوی دروست کرد، شەیتان تەماشای دەکرد. کاتێ خودا ئادەمی ڕاسپارد کە لە داری زانینی چاکە و خراپە نەخوات، شەیتان گوێی ڕاگرتبوو. بەوش بە ئاسانی ڕانەوەستا، بەڵکو پلانی دادەنا بۆ ئەوەی ئیشە جوانەکەی خودا تێك بدات. شەیتان پلانی دانا کە ئەو مرۆڤەی خودا بەدی هێنابوو فریو بدات بۆ ئەوەی بە گوێی خودا نەکات و تووشی گوناە بێت ولە خودا جیابێتەوە و بفەوتێ! سەبارەت بە خوداش، ئەو بە هەموو پلانەکانی شەیتانی دەزانی بەڵام ئادەم و حەوا هیچیان نەدەزانی.

ڕۆژێك لە ڕۆژان، کاتێ ئادەم و حەوا لە نزیك دارە قەدەغەکراوەکە ڕاوەستابوون، شەیتان خۆی وەك مار نیشان دا و لێیان نزیك بووەوە و دەستی بەقسەکردن کرد لەگەڵیان. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: مار لە هەموو ئاژەڵی کێوی سەر زەوی، ئەوانەی خوداوەند خودا دروستی کردبوون زۆرزانتر و تەڵەکەبازتر بوو. بە ئافرەتەکەی وت: (ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچە کە بخۆن؟) (پەیدابوون ٣: ١)

با لێرە بۆ ساتێك بوەستین. بۆچی شەیتان وەك مار خۆی نیشان دا؟ شەیتان فریودەرە، بۆیە خۆی بە یەکێکی دانا پشان دا. شەیتان نەهاتە لای ئادەم و حەوا بەشێوەی ئەژدیهایەکی سووری گەورە و بڵێ، (سلاوتان لێ بێت ئادەم و حەوا. منم شەیتان، دوژمنی خودا! ئەمڕۆ هاتووم بۆ ئەوەی فریوتان بدەم و واتان لێ بکەم پشت لە خودا بکەن، پەروەردگاری ژیان، بۆ ئەوەی تاهەتا لەناو بچن!) شەیتان ئاوای نەکرد! باشە ئەی چۆن بۆیان بەدەرکەوت؟ وەك بوونەوەرێکی دانا و قەشەنگ بۆیان بەدەرکەوت. شەیتان وەکو مارێك قسەی لەگەڵیان کرد لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا، پێش ئەوەی گوناه بچێتە ناو جیهانەوه، مار زۆرزانترین بوو لەناو ئاژەڵەکاندا.

شەیتان ئێستاش هەر ئاوایە. زۆرزانە. هەموو کاتێ زۆر بەئاسایی هەر چی هەبێ بەباش پشانی دەدات. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: شەیتان خۆی بۆ شێوەی فریشتەی ڕووناکی دەگۆڕێت. (٢ کۆرنسۆس ١١: ١٤) وله دەرئەنجامدا، خودا لە ووشەکانیدا ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێ: ئاگاداری پێغەمبەرانی درۆزن بن کە لە پێستی مەڕدا بۆ لاتان دێن، بەڵام لەناوەوە گورگی دڕندە ن. (مەتا ٧: ١٥) شەیتان فریودەرە، بۆیە خۆی وەك مارێکی دانا بە ئادەم و حەوا نیشان دا. هەروەها لەبەر ئەوەش پێی باشتر بوو لەگەڵ حەوا قسە بکات لەباتی ئادەم، چونکە بە ئومید بوو کە فریودانی حەوا ئاسانتر بێت لە فریودانی ئادەم. شەیتان دەیزانی کە خودا ئادەمی ڕاسپاردبوو دەربارەی دارەکە، پێش ئەوەی حەوا دروست بکات. بەڵام حەواش دەربارەی ڕاسپاردەکەی خودای دەزانی. شەیتان زۆر زیرەکە و دەیزانی چی دەویست بەدەستی بێنێ. بیری کردەوە ئەگەر وا لە ژنەکە بکات لە داری زانینی چاکە و خراپە بخوات، ڕەنگە ئادەمیش وەك ئەو بکات و قسەی خودا بشکێنێ.

بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: مار بە ئافرەتەکەی وت: (ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: (بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچە کە بخۆن؟) (پەیدابوون ٣: ١) دەزانی شەیتان چی بە حەوا ووت؟ ووتی، ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: (بۆتان نییە لە هیچ درە ختێکی باخچەکە بخۆن؟) دەبینی شەیتان هەوڵی چی دەدا؟ هەوڵی دەدا گومان بخاتە ناو دڵی حەواوە دەربارەی ووشەی بێ گومانی خودا. بۆیە ووتی، ئایا خودا فەرموویەتی؟.... ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی؟ شەیتان هێشتا ئەم شێوازە بەکار دێنێت. دژ بە ووشەی ڕاستی ڕادەوەستێ، لەبەر ئەوەی دەزانێ ووشەی خودا هێزی ئەوەی هەیە درۆکانی ئەو پووچەڵ و بێ دەسەڵات بکات. دەزانێ ڕاستی درۆ دەردەکات هەر وەك ڕووناکی تاریکی دەردەکات.

ئێستاش با بەردەوام بین لە گفتوگۆی بەینی شەیتان و حەوا، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئافرەتەکەش بە مارەکەی وت: (بۆمان هە یە لە بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین، بەڵام خودا فەرمووی، (پێویستە لە بەری ئەو دارە نەخۆن، کە لە ناوەڕاستی باخچەکەیە، هەروەها بۆتان نییە دەستی لێ بدەن، ئەگینا دەمرن.)) مارەکە بە ئافرەتەکەی وت: (نا بە ڕاستی نامرن، چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئێتر وەک خوداتان لێ دێت، ئەو کاتە چاکە و خراپەش دەزانن.) (پەیدابوون ٣: ٢–٥)

سەرسوڕهێنەرە! خودا چی بەئادەم و حەوا وتبوو ڕووەدات ئەگەر لە دارە قەدەغەکراوە بخۆن؟ فەرمووی، (دەمرن). ئەی شەیتان چی ووت؟ ووتی، (نا بە ڕاستی نامرن). بۆیە، شەیتان هەر بەوەندە ڕانەوستا گومان بخاتە ناو ووشەی خودا، بەڵکو هاتە پێش و نکۆڵی لێ کرد! تۆ چی دەڵێی بیسەری ئازیز؟ کێ قسەی ڕاستی دەکرد، خودا یان شەیتان؟ نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ خودا خودای ڕاستەقینەیە و ناتوانێ درۆ بکات. بەڵام شەیتان ووشەی ڕاستی لەخۆ ناگرێ، چونکە ڕاستی لەودا نییە. کاتێکیش درۆ دەکات، باسی شتی خۆی دەکات، چونکە درۆزنە و باوکی درۆیە! (یۆحەنا ٨: ٤٤)

هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە شەیتان نەك تەنها درۆزنە، بەڵکو فریودەریشە. زۆرزانە، شتی درۆ تێکەڵی شتی ڕاست دەکات. دەتوانین ئەوە ببینین لەوەی شەیتان بە ئادەم و حەوای ووت، (ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئێتر وەک خوداتان لێ دێت، ئەو کاتە چاکە و خراپەش دەزانن). کاتێ شەیتان ووتی، (وەک خوداتان لێ دێت)، ئەوە درۆ بوو، چونکە ئەوەی گوناه بکات وەك خودا نییە، بەڵکو وەك شەیتانە. بەڵام کاتێ شەیتان ووتی، (ئەو کاتە چاکە و خراپەش دەزانن)، قسەی ڕاستی دەکرد، چونکە پاش ئەوەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد مانای خراپەیان زانی. بەڵام شەیتان بە ئادەم و حەوای نەوت کە زانینی وا تاڵی دێنێتە ناو ژیانیانەوە. خودا فەرمووی، (ئەگەر لە مێوەی دارەکە بخۆن.... ئەگینا دەمرن.) بەڵام شەیتان ووتی (ئەگەر لە

مێوەی دارەکە بخۆن (نا بە ڕاستی نامرن). شەیتان درۆزنە. بۆیە کاتێ خودا فەرمووی، (دەمرن)، شەیتان نکۆڵی لێ کرد، ووتی، (نامرن).

ئێستا کاتی ئەویە کە ئادەم و حەوا هەڵبژێرن لەنێوان ووشەی خودا و ووشەی شەیتان. هەڵبژاردنەکە لە پێشیان بەم شێوەیە بوو: ئایا باوەڕ بە ووشەکانی خودا بێنن یان ووشەکانی شەیتان؟ ئایا ڕاستی یان درۆ لەخۆ بگرن؟ بەدوای پەروەردگاری ڕووناکی بکەون یان پەروەردگاری تاریکی؟

با بەردەوام بین لە خوێندنەوە بۆ ئەوەی بزانین چ بڕیارێکیان دا. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: کاتێک ئافرەتەکە بینی بەری دارە کە بۆ خواردن باش بوو و چاو ئارەزووی دەکرد و وات لێ دەکات دانا ببیت، جا لە بەرەکەی کردەوە و خواردی و بە مێردەکەشی دا کە لەگەڵیدا بوو، ئەویش خواردی. (پەیدابوون ٣: ٦)

سەرسوڕهێنەرە! خودا مرۆڤی لە وێنەی خۆی دروست کرد بۆ ئەوەی خودا بناسێ و خۆشی بوێ و بەگوێی بکات تاهەتا. بەڵام مرۆڤ چی کرد؟ ئایا بای ئەوەندە خودای خۆش دەویست کە بەگوێی ڕاسپاردەکەی بکات؟ نەخێر! بەگوێ نەکردنی خودای خۆشەویستی هەڵبژارد، و بەدوای شەیتان کەوت کە دوژمنی خودا و مرۆڤە!


چ ڕۆژێکی خەمناک بوو! گەورە باپیرانمان ئادەم و حەوا، پشتیان لە پەروەردگار خودا کرد بە خواردنی مێوەی ئەو دارەی کە خودا قەدەغەی کردبوو. هەر وەک پەندی پێشینان دەڵێ، (دەرد و بەڵا هەموو کەس دەگرێتەوە.) بە هەمان شێوە، ووشەی خودا دەفەرموێ: لەبەر ئەمە، چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناە هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە ، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد. (ڕۆما ٥: ١٢) ئەگەر بە دڵمان بێت یان نا، ئەوا بەو شێوەیە یە!

هەر وەک پەندی پێشینان دەڵێ: (کوڕی باوکی خۆیەتی)، من و تۆش و هەموو خەڵک نەوەی ئادەمین. بە گوناهباری لەدایک بووین و دەبێت بمرین، چونکە لە ئادەمەوە هاتووین. یەکەم مرۆڤ کە ڕاسپاردەی خودای بەجێ نەگەیاند باپیرمانە و ئێمەش هەر وەک ئەوین. کێ لەناو ئێمە هەیە کە بڵێت هەرگیز ڕاسپاردەی خودام نەشکاندووە؟ تەنانەت یەک کەس لە ئێمە نییە! باشە، ئەی ئەم خەسلەتەی بەگوێ نەکردنی ڕاسپاردەکانی خودا لە کوێوە بۆمان ماوەتەوە؟ لە ئادەمەوە. وەک نەخۆشیێکی درمی سامناک، ئەو گوناهەی لە ئادەمدا هەبوو بۆ ئێمەش بلاۆ بووەوە. بەڕاستی (دەرد و بەڵا بۆ هەموو کەس دەگرێتەوە.)

بەڵام، هەموو هیواییێکمان لەدەس نەداوە، چونکە ووشەی خودا هەروەها ڕایدەگەێنێ: کەواتە وەک چۆن بە یەک گوناە تاوانبارکردن بۆ هەموو مرۆڤ هاتە کایەوە، بە هەمان شێوە بە کارێکی ڕاستودروست بێتاوانکردن هاتە کایەوە کە ژیان بۆ هەموو مرۆڤ دەهێنێت. (ڕۆما ٥: ١٨) ئەمڕۆ کاتمان نەماوە چاو بەوەدا بخشێنین، بەڵام لە وانەکانی داهاتوودا دیراسەتی ***ڕێگای ڕاست و دروستی*** بۆ ڕزگاربوون دەکەین کە خودا دایمەزراندووە لەپێناو ئەوەی گوناهباران بگەڕێنەوە لای خودا.

بۆ وانەی داهاتووش پلانمان وایە بەردەوام بین لەم بەشە گرنگە بۆ ئەوەی بزانین چی ڕوویدا لەپاش ئەوەی ئادەم و حەوا ڕێگای ڕاستودروستیان بەجێ هێشت، وا بەدوای ڕێگای ناڕاستودروستی کەوتن.

خودا بەرەکەتی خۆی بە سەرتدا ببارێنی کاتێ بیر لەم ڕاستییە بنچینەییەی ئایەتەکەی دەکەنەوە: لەبەر ئەمە، چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناە هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد. (ڕۆما ٥: ١٢)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

(تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت.) (پەیدابوون ٢: ١٦، ١٧)

١. بۆچی خودا ئادەمی بەم شێوەیە تاقیکردەوە؟

٢. بۆچی شەیتان وەک مار خۆی نیشان دا؟

٣. شەیتان چی بە حەوا ووت؟ دەبینی شەیتان هەوڵی چی دەدا؟

٤. خودا چی بەئادەم و حەوا وتبوو ڕوودەدات ئەگەر لەدارە قەدەغەکراوە بخۆن؟ ئەی شەیتان چی ووت؟

٥. کێ قسەی ڕاستی دەکرد، خودا یان شەیتان؟

٦. ئایا باوەڕ بە ووشەکانی خودا بێنن یان ووشەکانی شەیتان؟ ئایا ڕاستی یان درۆ لەخۆ بگرن؟ بەدوای پەروەردگاری ڕووناکی بکەون یان پەروەردگاری تاریکی؟

٧. بەڵام مرۆڤ چی کرد؟ ئایا بای ئەوەندە خودای خۆش دەویست کە بەگوێی ڕاسپاردەکەی بکات؟

٨. کێ لەناو ئێمە هەیە کە بڵێت هەرگیز ڕاسپاردەی خودام نەشکاندووە؟

٩. ئەی ئەم خەسڵەتەی بەگوێ نەکردنی ڕاسپاردەکانی خودا لە کوێوە بۆمان ماوەتەوە؟

وانەی ٨: گوناهی ئادەم چی بەرهەم هێنا

پەیدابوون ٣

لە دیراسەتمان لە تەورات، فێری ئەوە بووین کە پەروەردگار خودا ئادەم و حەوای لەسەر وێنەی خۆی دروست کرد. هەروەها فێربووین بۆچی دروستیانی کرد. خودا ویستی ئەوان ئەویان خۆش بوێ بە هەموو بیروبۆچونیان، پڕ بە دڵیان و بە هەموو ئیرادەیان، هەروەها، لە دەرئەنجامدا، ببنە خاوەن پەیوەندیەکی قوڵ و سەرسوڕهێنەر لەگەڵ خودا تاهەتا.

بۆیە، زانیمان چۆن خودا تاقیکردنەوەیەکی ساکاری لە بەردەم ئادەم دانا، بۆ ئەوەی بزانێ ئادەم بای ئەوەندە خودای خۆش دەوێت کە بەگوێی بکات. پێش ئەوەی حەوا دروست بکرێت، خودا ئادەمی ڕاسپاردبوو: (تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت.) (پەیدابوون ٢: ١٦، ١٧) بەو شێوەیە خودا ئادەمی تاقیکردەوە و ئاگاداری کردەوە کەوا سزای بەگوێ نەکردن مردنە و جیابوونەوەیە لە خودا. خودا ئادەمی خۆش دەویست و دەویست برادەرێتی لەگەڵدا بکات تاهەتا. هەرچۆنێك بێت، لە وانەی ڕابردوومانداو، فێربووین کە ئادەم و حەوا گوێیان لە شەیتان گرت و بەگوێی خودایان نەکرد کاتێ لەو دارەیان خوارد کە خودا قەدەغەی کردبوو.

لەناو ئەم وانەش، پلانمان وایە بەردەوام بین لە دیراسەتەکەمان لە تەورات، لە بەشی سێیەمی سیپارەی پەیدابوون، بۆ ئەوەی بزانین چی ڕووید لەپاش ئەوەی حەوا و ئادەم گوناهیان کرد بەرامبەر خودا. لە ئایەتی حەفتەم، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئیتر هەردووکیان چاویان کرایەوە و زانییان کە ڕووتن، جا گەڵای هەنجیریان لێک دوری و پۆشاکیان بۆ خۆیان دروست کرد. (پەیدابوون ٣: ٧) یەکەم شت چی بوو ئادەم و حەوا کردیان پاش ئەوەی قسەی خودایان شکاند؟ هەوڵیان دا شەرمەزاری و تاوانباری خۆیان بشارنەوە! ئێمە دەزانین پێش ئەوەی ئادەم و حەوا لە داری زانینی چاکە و خراپە بخۆن، ئەوان پیاوەکە و ژنەکەی هەردووکیان ڕووت بوون، شەرمیشیان نەدەکرد. (پەیدابوون ٢: ٢٥) بەڵام ئێستا بیروبۆچوونیان سەبارەت بە جەستەیان گۆڕا. ئێستا هەستیان بەتاوانباری و شەرمەزاری کرد بەرامبەر بە خودای پارسا کە دەبێت دادوەرییان بکات. بۆیە، لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی شەرمەزاری خۆیان بشارنەوە، پێکەوە گەڵای داری هەنجیریان چنی و جەستە ڕووتەکەی خۆیان داپۆشی. بەڵام، داپۆشینی جەستەیان بەو گەڵایانە هیچی نەکرد سەبارەت بە سڕینەوەی تاوانباری ناو دڵیان.

پاش ئەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئینجا پیاوەکە و ژنەکەی گوێیان لە دەنگی خوداوەند خودا بوو کە لە باخچەکەدا هاتوچۆی دەکرد، لە کاتی هەڵکردنی شنەبای ڕۆژدا، ئەوانیش لە ڕووی خوداوەند خودا خۆیان لەنێو درەختەکانی باخچەکەدا شاردەوە. (پەیدابوون ٣: ٨) شتەکان چەن جیاوازبوون لای ئادەم و حەوا لەپاش ئەوەی گوناهیان کرد! پێش ئەوەی قسەی خودا بشکێنن، دڵشاد دەبوون هەرکاتێ کە پەروەردگار خودا بهاتایە ناو باخچەکە بۆ ئەوەی لەگەڵیان بدوێ. بەڵام ئێستا کە گوێیان لێ بوو خودا نزیك دەبووەوە، لە شەرمەزاری و ترسدا دەلەرزانەوە و هەوڵیاندا لەناو دارەکانی باخچەکەدا خۆیان لە خودا بشارنەوە! بۆچی ئادەم دەترسا و خۆی دەشاردەوە؟ زانینی ئەوە زۆر زەحمەت نییە. ئەگەر کەسێك دزی بکات لە کێڵگەی کەسێکی تر، چی دەکات ئەگەر گوێی لە دەنگی خاوەن کێڵگەکە بێت؟ هەوڵ دەدات خۆی بشارێتەوە. هەر بە هەمان شێوە، ئادەم کە دەستی برد بۆ ئەو شتەی خودا قەدەغەی کردبوو، هەوڵی دەدا خۆی بشارێتەوە. ئادەم زۆر چاك دەزانی کە گوناهی کردووە بەرامبەر خودا.

دەبوایە ئادەم بترسێ لەپاش ئەوەی ڕاسپاردەی خودای شکاند؟ بێ گومان! لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی خودا بەرووی پێی ووتبو، (ئەو ڕۆژەی لە ***داری زانینی چاکە و خراپە*** بخۆیت، بەڕاستی دەمریت!) ئایا خودا قسەی خۆی بەجێ دێنی؟ ئایا ئادەم بەڕاستی دەمرێ؟ ئایا خودا بەڕاستی سزای ئەو خەڵکانە دەدات کە خۆی دروستی کردوون؟ هەندێ کەس دەڵێن، نابێ وەڵامی پرسیارێك بە پرسیارێکی تر بدەینەوە، بەڵام دەتوانین بەباشترین شێوە وەڵامی ئەم پرسیارە بە پرسیارێکی تر بدەینەوە. پەروەردگار چی بە لوسیفیر کرد (واتا شەیتان) لەپاش ئەوەی یاسای خودای ڕەت کردەوە؟ ئایا خودا شەیتان و فریشتەکان کەوا گوناهیان کرد بێ تاوان کرد؟ نەخێر، بێ تاوانیانی نەکرد! خودا لە ئامادەبوونە پارساکەی خۆی دەریانی کرد. نەك تەنها ئەوەندەش، بەڵکو ئاگرێکی

هەمیشەیی بۆیان دروست کرد! هەروەك شەیتان، ئادەمیش یاسای خودای ڕەت کردەوە. ئایا دەکرا خودا تەنها بفەرموێ، (شتێکی گرنگ نییە!) و واز لە ئادەم بێنێ بێ ئەوەی دادوەری بکات؟ هەرگیز! خودا پارسایە و دەبێت دادوەری گوناە بکات! خودا هەرگیز ڕازی نابێت لە خراپە. دەبێت سزای بدات. پێغەمبەری خودا خەبەقوق نووسیویەتی: ئەی خوداوەند، خودای من و پیرۆزەکەم.... چاوەکانت لەوە پاکترن تەماشای خراپە بکەن و ناتوانیت ڕووو لە زوڵم و زۆر بکەیت! (حەبەقوق ١: ١٢، ١٣) بەڵێ، خوداوەند حوکم بەسەر گەلی خۆی دەدات. کەوتنە ناو دەستی خودای زیندوو ترسناکە. (عیبرانییەکان ١٠: ٣٠، ٣١) سروشتە پارساکەی خودا پێویستی بەوەیە کە دادوەری و سزای هەموو گوناهێك بدات. لەبەر ئەوەش، پێویست بوو خودا دادوەری ئادەم و حەوا بکات لەبەر گوناهەکەنیان. لەبەر ئەوە لە ئایەتی پاشتر دەخوێنینەوە: خوداوەند خوداش پیاوەکەی بانگ کرد و فەرمووی: (لە کوێیت؟) (پەیدابوون ٣: ٩)

خودا چی کرد پاش ئەوەی ئادەم گوناهی کرد؟ خودا دەستی بە گەڕان کرد بە دوای ئادەم، و بانگی کرد، (لە کوێیت؟) ئەی ئادەم بەدوای خودا گەڕا؟ نەخێر! هەوڵی دەدا کە خۆی لە خودا بشارێتەوە! باشە بۆچی خودا بانگی ئادەمی کرد؟ ئایا نەیدەزانی ئادەم لە کوێیە؟ خودا، کە هەموو شتێك دەبینێ و دەزانێ، دەیزانی بەتەواوی ئادەم لە کوێ خۆی شاردۆتەوە! خودا بانگی ئادەمی کرد، لەبەر ئەوەی ویستی ئادەم گوناهەکەی خۆی بزانێ و دانی پێیا بنێ لەپێش خودا. خودا هێشتا ئادەمی خۆش دەوێت سەرەڕای ئەوەی کە بەگوێی نەکرد.

وەڵامی ئادەم چی بوو کاتی خودا پرسی، (لە کوێیت؟) نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئەویش وەڵامی دایەوە: (لە باخچەکەدا گوێم لە دەنگت بوو، منیش ترسام، چونکە ڕووت بووم، ئیتر خۆم شاردەوە.) ئەویش فەرمووی: (کێ بە تۆی وت کەوا ڕووتیت؟ لەو دەرختەت نەخواردبێت کە فەرمانم پێ کردبوویت لێی نەخۆیت؟) پیاوەکەش وتی: (ئەو ئافرەتەی پێت دام لەگەڵم بێت، لە بەری ئەو دارەی پێدام، منیش خواردم.) ئینجا خوداوەند خودا بە ئافرەتەکەی فەرموو: (ئەمە چییە تۆ کردووتە؟) ئافرەتەکەش وتی: (مارەکە فریوی دام و منیش خواردم.) (پەیدابوون ٣: ١٠-١٣)

خۆێندنیت لێیە ئادەم و حەوا چۆن وەڵامی خودایان دایەوە؟ هەر یەك لەوان هەوڵی دا لۆمەی ئەوی تر بکات. ئادەم تۆمەتی خستە پاڵ خودا و حەوا، ووتی: خەتای من نییە! ئەو ژنەی داوتە پێم – خەتای ئەوە! سەبارەت بە حەواش، ئەویش لۆمەی مارەکەی کرد ووتی، لۆمەی من مەکە – مارەکە فریومی دا! بەڵام، خودا کە ناو دڵی مرۆڤ دەزانێ، دەیزانی کە هەردووکیان تاوانبارن. خودا وای لێیان نەکرد لە میوەی دارەکە بخۆن. شەیتانیش هەروەها وای لێیان نەکرد بیخۆن. شەیتان دەتوانێ خەڵك هەڵخەڵەتێنی و فریویان بدات، بەڵام ناتوانێ زۆری لە کەس بکات گوناە بکات. شەیتان حەوای فریو دا، بەڵام ئەوەی حەوا ئەنجامی دا هەر بە گوناە دادەنرێ بەرامبەر خودا. سەبارەت بە ئادەمیش، نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کە ئەو فریو نەدرا. (١ تیمۆساوس ٢: ١٤) ئەو بە هۆشمەندی خۆی هەڵیبژارد بەو ڕێگایەی خۆی بڕوات. ئادەم بەتەواوی دەیزانی خودا چی ڕاسپاردبوو، بەڵام ئەو لادانی لەسەر ڕێگای ڕاستودروستی هەڵبژارد، بەدوای ڕێگای ناڕاستودروستی کەوت. بە بەگوێ نەکردنی خودا ڕانەوەستا، بەڵکو گوناهی خستە سەر گوناهی خۆی کاتێ هەوڵی دا لۆمەی کەسی تر بکات.

تا ئەمڕۆش، خەڵك هەوڵی ئەوە دەدەن کە لۆمەی کەسی تر بکەن بۆ گوناهەکانی خۆیان، بەڵام خودا ڕاستی دەزانێ. لە ڕێگەی نووسراوە پیرۆزەکانەوە، خودا لەگەڵ خەڵك دەدوێ، دەفەرموێ: لەکوێن؟ وەڵامم دەنەوە! چیتان کردووە؟ بۆچی باوەڕ بە ووشەم ناکەن و ڕەتی دەکەنەوە؟ بۆچی ڕقتان لە چاکەم دەبێتەوە؟ بۆچی هەوڵ دەدەن لۆمەی خەڵکی تر بکەن بۆ گوناهەکانی خۆتان؟ چونکە نووسراوە: خوداوەند دەفەرموێ: (بە گیانی خۆم، هەموو ئەژنۆیەك بۆ من چۆك دادەدات، هەموو زمانێك دان بە خودا دەنێت.) کەواتە، هەریەك لە ئێمە سەبارەت بە خۆی هەژماردێك دەداتە خودا. (ڕۆما ١٤: ١١، ١٢)

با بەردەوام بین لە بەشەکە بۆ ئەوەی بزانین خودا چۆن داوەری مارەکە (شەیتان) و حەوا و ئادەمی کرد. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ : خوداوەند خودا بە مارەکەی فەرموو: (چونکە ئەمەت کرد، تۆ نەفرەت لێکراویت زیاتر لە هەموو ئاژەڵی ماڵی و هەموو ئاژەڵی کێوی. هەموو ڕۆژانی ژیانیشت لەسەر سکت دەخشێیت و خۆڵ دەخۆیت. دوژمنایەتیش دەخەمە نێوان تۆ و ئافرەتەکەوە،

نێوان نەوەی تۆ و نەوەی ئەوەوە. نەوەی ئەو سەرت پان دەکاتەوە و تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت.) بە ئافرەتەکەشی فەرموو: (ئازاری سکپڕیت زۆر زیاتر دەکەم، بەژانەوە منداڵت دەبێت. ئارەزووت بۆ پیاوەکەت دەبێت و ئەویش بەسەرتدا زاڵ دەبێت.) ئینجا بە پیاوەکەشی فەرموو: (چونکە تۆش گوێت لە ژنەکەت گرت و لەو درەختەت خوارد کە فەرمانم پێ کردبووێت (نابێت لێی بخۆیت،) (ئەوا زەویش بە هۆی تۆوە نەفرەت لێکراوە. بە ڕەنجکێشانیش هەموو ڕۆژانی ژیانت لێی دەخۆیت. دڕک و داڵت بۆ بەرهەم دێنێت و ڕووەکی کێڵگە دەخۆیت. بە ئارەقەی ناوچەوانت نان دەخۆیت، تا دەگەڕێیتەوە بۆ زەوی، چونکە لەوەوە وەرگیراویت، لەبەر ئەوەی تۆ خۆڵیت و بۆ خۆڵیش دەگەڕێیتەوە.) (پەیدابوون ٣: ١٤–١٩)

دەبینی گوناهەکەیان چی بەرهەم هێنا؟ ئازار و پەژارەی بەرهەم هێنا، درک و داڵ، ڕەنج و ئارەقە، نەخۆشی و مردن. بەڵێ، (کرێی گوناه مردنە!) (ڕۆما ٦: ٢٣) باشە خودا چی بە ئادەم و حەوا فەرموو ڕوودەدات گەر بێتوو لە دارە قەدەغەکراوەکە بخۆن؟ فەرمووی، (چونکە ئەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بەڕاستی دەمریت.) ئایا ئادەم و حەوا لە هەمان ڕۆژدا نێژران کە لە دارەکەیان خوراد؟ نەخێر. ئەی باشە ئەوان هەر لەو ڕۆژەدا مردن؟ بێ گومان! ئا لەو ڕۆژەدا، ئادەم و حەوا لە گیانی خۆیاندا مردن، چونکە چی دی پەیوەندییان لەگەڵ خودا نەما.

هەر وەک فێربووین تا ئیستا، مردن مانای جیابوونەوەیە لە خودا. کاتێ ئادەم و حەوا بەگوێی خودایان نەکرد، ئەوا خۆیان لە خودا جیاکردەوە، کە سەرچاوەی ژیانە. کاتێ هەڵیان بژارد بڕوا بە شەیتان بکەن و بەدوای بکەون، دەستیان لە برادەری خودا هەڵگرت و بەشی خۆیان لە ژیانی خودا دۆڕاند. بوون بە دوژمنی خودا چونکە لەگەڵ شەیتان بوونە هاوپەیمان، کە دژ بە خودایە. پەیوەندیان لەگەڵ خودا مرد. و بۆ ڕوون کردنەوە، ئەگەر تۆ دوژمنێکت هەبێت و برادەرێکت ببێتە هاوپەیمان لەگەڵی، ئەی ئەوە ڕاست نییە برادەرەکەت بوو بە دوژمنت؟ پەیوەندیت لەگەڵ ئەو برادەرە مرد. هەر وەک پەندی پێشینان دەڵێت (دوژمنی برادەرەکەت دوژمنی تۆیە) هەر بە هەمان شێوە، هەر کەسێک بەگوێی شەیتان بکات ئەوا دوژمنی خودایە. گوناه مرۆڤ جیادەکاتەوە لە خودا.

پێش ئەوەی ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێنین، شتێک هەیە دەبێت لێی تێ بگەین و لەیادمان بێت. ئەوەش ئەمەیە: ئێمە هەموومان لەدایک بووین بۆ ئەم جیهانە وەک ئەوانەی کە ئێوەش بەهۆی خراپە و گوناهەکانتان مردوو بوون. (ئەفەسۆس ٢: ١) هەروەها، لە ژیانی خودا دابڕاون. (ئەفەسۆس ٤: ١٨) ڕەنگە ئە مەمان بەدڵ نەبێت، بەڵام ووشەی خودا ئاوا دەفەرموێ. ئەو ڕۆژی ئادەم قسەی خودای شکاند، بوو بە گوناەکار. ئادەم، کە گوناهی ئەنجامدا، باوکی ڕەگەزی مرۆڤە. بۆیە، ئەنجامی گوناهی ئادەم ئەوەیە کە هەموو نەوەکەی گوناهبارن. هەر وەک پەندی پێشینان دەڵێت: (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێ.) هەروەها، گوناهی ئادەم وای لێ کرد لە خودا جیابێتەوە. ئادەم، کە یاسای خودای ڕەت کردەوە، باوکی هەموو مرۆڤایەتییە. وا لەدەر ئەنجامدا هەموو نەوەی ئادەم بە جیابوونەوە لە خودا لەدایک دەبن. وەک پەندی پێشینان دەڵێت: (دەرد و بەڵا هەموو کەس دەگرێتەوە.) ئەمە بەتەواوی ئەوەیە کە ووشەی خودا ڕایدەگەێنێت، کاتێ دەفەرموێ: لەبەر ئەمە، چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناه هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد. (ڕۆما ٥: ١٢)


باپیرەگەورەمان ئادەم، کەوا خۆی لە خودا جیاکردەوە، وەک لقە دارێکی بڕاو وایە. چی بەسەر لقە دارێک دێت گەر بێتوو چی دی یەک پارچە نەبێت لەگەڵ دارەکە؟ ووشک دەبێتەوە و دەمرێ. ئەی چی بەسەر گڵاکانی دێن کە پارچەیەکن لە لقە بڕاوەکە؟ ئایا ئەوانیش زیندوون؟ نەخێر، ئەوانیش مردوون، لەبەر ئەوەی پارچەیەکن لە لقە ووشکەکە. بە هەمان شێوە، هەموو منداڵەکانی ئادەم وەک گڵاکانی لقە بڕاوەکەن. لەبەر گوناهەکەی، ئادەم وەک لقە ووشکەکەیە، ئێمەش یەکین لەگەڵ ئەودا. گوناهی باپیرە گەورەمان ئادەم کاری لە هەموومان کردووە. هەموومان لەدایک دەبین و کاراکتەری گوناهبار و تاوانباری ئەومان هەیە.

پێغەمبەر داود لە زەبوورەکان نووسیویەتی: ئەوەتا من بە زگماکی تاوانبارم، گوناهبارم لەو کاتەوە کە دایکم سکی بە من پڕ بووە. (زەبوورەکان ٥١: ٥) گوناه زۆر بە نەخۆشی ئایدز دەچێ... ئەو نەخۆشییە ترسناکەی کە لە هەموو جیهان بڵاوبۆتەوە. هەر کاتێ ئایدز بچێتە ناو لەشی کەسێک، هەرگیز بەجێی ناهێڵێ. ئەو کەسەی ئایدزی هەیە بڵاوی دەکاتەوە لەناو منداڵەکانی. ئایدز نەخۆشییکی کوشندەیە و تا ئێستا مرۆڤ هیچ چارەسەری بۆ نەدۆزیوەتەوە. کوناەیش بەو شێوەیەیە. گوناه کارەساتێکی سامناکە

کە بە هەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە. گوناه کوشندەیە، وا لە مرۆڤ دەکات تاهەتا بفەوتێ، و خوودی مرۆڤیش، هیچ چارەسەرێکی بۆی نییە.

بەهەرحاڵ، ستایشی خودا دەکەین بەدڵێکی خۆشەوە، لەبەر ئەوەی خودا خۆی چارەسەرییکی دابین کردووە بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکات لە سزای گوناه و لە هێزی گوناه. بەڵام دەبێت باوەڕ بە چارەسەری خودا بێنین و وەرگرین. لە وانەی داهاتوودا، دەبینین چۆن خودا بەڵێنێکی سەرسوڕهێنەری دا بە ئادەم و حەوا، و هەموو نەوەکانی سەبارەت بە ڕزگاری دەرێکی بەهێز کە دێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بکات لە گوناه، ولە شەیتان و ئاگری دۆزەخ.

خوداش بەرەکەتی خۆی بە سەرتدا ببارێنێ کاتێ بیر لەم ووشانە دەکەیتەوە کە پێغەمبەر داود نووسیویەتی: ئەوەتا من بە زگماکی تاوانبارم، گوناهبارم لەو کاتەوە کە دایکم سکی بە من پڕ بووە. (زەبوورەکان ٥١: ٥)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. یەکەم شت چی بوو ئادەم و حەوا کردیان پاش ئەوەی قسەی خودایان شکاند؟
٢. بۆچی ئادەم دەترسا و خۆی دەشاردەوە؟ لەبەر چی؟
٣. ئایا خودا قسەی خۆی بەجێ دێنی؟ ئایا ئادەم بەڕاستی دەمرێ؟
٤. ئایا خودا بەڕاستی سزای ئەو خەڵکانە دەدات کە خۆی دروستی کردوون؟
٥. پەروەردگار چی بە لوسیفیر کرد (واتا شەیتان) لەپاش ئەوەی یاسای خودای ڕەت کردەوە؟ ئایا خودا شەیتان و فریشتەکان کەوا گوناهیان کرد بێ تاوان کرد؟
٦. ئایا دەکرا خودا تەنها بفەرموێ، (شتێکی گرنگ نییە!) و واز لە ئادەم بێنێ بێ ئەوەی دادوەری بکات؟
٧. خودا چی کرد پاش ئەوەی ئادەم گوناهی کرد؟
٨. ئەی ئادەم بەدوای خودا گەڕا؟
٩. بۆچی خودا بانگی ئادەمی کرد؟ ئایا نەیدەزانی ئادەم لە کوێیە؟
١٠. ئەی دەزانیت ئادەم و حەوا چۆن وەڵامی خودایان دایەوە؟
١١. بۆچی هەوڵ دەدەن لۆمەی خەڵکی تر بکەن بۆ گوناهەکانی خۆتان؟
١٢. دەبینی گوناهەکەیان چی بەرهەم هێنا؟ باشە خودا چی بە ئادەم و حەوا فەرموو ڕوودەدات گەر بێتوو لە دارە قەدەغەکراوەکە بخۆن؟ ئایا ئادەم و حەوا لە هەمان ڕۆژدا نێژران کە لە دارەکەیان خوراد؟ ئەوان هەر لەو ڕۆژەدا مردن؟

وانەی ٩: بەڵێنە سەرسوڕهێنەرەکە

پەیدابوون ٣

لە وانەی ڕابردوماندا، زانیمان چۆن ئادەم و حەوا لە ڕێگای خودا لایان دا بە خواردنی مێوەی ئەو دارەی خودا لێیانی قەدەغە کردبوو. بەو شێوەیە، ئادەم، کە خودا لەسەر وێنەی خۆی دروستی کردبوو، هەڵیبژارد بەدوای شەیتان بەکەوێ، کە دوژمنی خودایە. پێش ئەوەی ئادەم و حەوا گوناە ئەنجام بدەن، خۆش حاڵ دەبوون هەر کاتێك خودا بهاتایە باخچەکە بۆ ئەوەی لەگەڵیان بدوێ. بەڵام ئێستا، کاتێ گوێیان لە دەنگی خودا بوو، ترسان و شەرمەزار بوون و هەوڵیان دا خۆیان لە خودا بشارنەوە لەنێوان دارەکانی باخچەکەدا! بەڵام خودا لە دوای ئادەم و حەوا ڕۆیشت و لەگەڵیان قسەی کرد، و پێیانی ڕاگەیاند گوناهەکەیان چی دێنێتە جیهانەوە: کێشە و دەردەسەری، درك و داڵ، نەخۆشی و مردن.

لە ئەنجامدا، لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ، سێبەری مردن لەسەر نەوەکانی ئادەمدا هەڵواسراوە. هەموو منداڵەکانی ئادەم بە گوناە بەیدا دەبن و بە خەسڵەتێکی خراپەکار لەدایك دەبن. ئەگەر بەدڵمان بێت یان نا، هەمووان هاوبەشین لە خەسڵەتی باپیرەگەورەمان ئادەم. هەر وەك پەندی پێشینان دەڵێت، (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێت.) لەبەر گوناهی ئادەمە هەموومان بە گوناهباری لەدایك بووین. بەڕاستی، (دەرد و بەڵا بۆ هەموو کەس بڵاودەبێتەوە.) و هەر وەك چۆن گوناهەکەی ئادەم لە خودای جیاکردەوە، گوناهەکانی ئێمەش لە خودا جیاماندەکاتەوە. نووسراوە پیرۆزەکان ئاوا دەفەرموێ: *لەبەر ئەمە، چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناە هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد.* (ڕۆما ٥: ١٢) *لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لەشکۆی خودا کەوتن.* (ڕۆما ٣: ٢٣) *تاوانەکانتان بوون بە تاوبەند لە نێوان ئێوە و خوداتان و گوناهەکانت وای کرد ڕووی خۆی لێتان بشارێتەوە و گوێتان لێ نەگرێت.* (ئیشایا ٥٩: ٢) ئەم پەیامە خۆش نییە گوێی لێ ڕابگیرێ، بەڵام ئاوایە. پێشینان دەڵێن (قسەی حەق ڕقە.)

بەو شێوەیە، لە وانەی ڕابردوماندا دەبینین چۆن بە یەك گوناهی ئادەم هەموو نەتەوەی مرۆڤی لە خودا جیاکردەوە. لەو ڕۆژەی ئادەم قسەی خودای شکاند، ئادەم و هەموو نەتەوەی مرۆڤ کە لە پاشان دێنە جیهانەوە شانشینی ڕووناکییان بەجێ هێشت و چوونە ناو شانشینی تاریکی. چی دی بەشیان نەما لە شانشینی خودا. لەبەر گوناهەکەیان، بەشیان لەگەڵ شەیتان بوو، کە وەك بەندەی خۆی گرتبوونی. ئێستا، هیچ هیوایێکیان بۆ هیچ شتێك نەما لەم ژیانەدا، جگە لە بەندایەتی بۆ گوناە و ترس لە مردن — ولە ڕۆژی دواییدا، سزایەکی بێ کۆتایی لە ئاگری تاهەتایی!

ئەگەر نووسراوە پیرۆزەکان لێرە کۆتایی بهاتبایە، تەنها دەمانتوانی پەرتوکەکە داخەین و دەس بە ڕۆ ڕۆ بکەین وەك یەکێك لە دەریادا وون بووبێت بەبێ هیچ هیوایەکی ڕزگاربوون. ئەگەر خودا ڕێگایەکی ڕزگاری بوونی نەکردبایەوە بۆ ئەوەی منداڵەکانی ئادەم ڕزگار بکات، ئەوا محکوم دەکراین تاهەتا! بەڵام شکۆمەندی بۆ پەروەردگار خودامان، نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران لە چیرۆکی گوناهی ئادەم تەواو نابن. خودا، کە لە بەزەیی مەزنە، دەرگایەکی ڕزگاری بوونی بۆ نەوەی ئادەم کردۆتەوە! لەبەر ئەوە، ووشەی خودا دەفەرموێ: *بەڵام لەکوێ گوناە زۆر بوو، نیعمەت زۆر زیاتر بوو.* (ڕۆما ٥: ٢٠) *مەترسن، ئەوا مۆژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە.* (لۆقا ٢: ١٠) *نیعمەتی خودا دەرکەوت کە ڕزگاری پێشکەشی هەموو خەڵک دەکات!* (تیتۆس ٢: ١١)

هەروەك تائێستا فێربووین، خودا پارسایە و لەبەر ئەوەش دەبێت دادوەری گوناهباران بکات. خودا ڕاستودروستە و ناتوانێ گوناە لەیاد بکات. دەبێت سزای هەموو گوناهێك بدات. سزای گوناە کردن مردنە و جیابوونەوەی تاهەتایی لە خودا. خودا هەرکیز ناگۆڕێ و هەروەها سزای گوناهیش ناگۆڕێ. بەڵام ئەمڕۆ، دەس بە خوێندنەوە دەکەین لە نووسراوە پیرۆزەکان و دەبینین چۆن خودا، خودای پارسا، پلانێکی داناوە بۆ ئەوەی گوناهباران لە سزای گوناە ڕزگار بکات. لەبەر ئەوەش فێری ئەوە دەبین کە خودا نەك تەنها خودای پارسایە، بەڵکو بە بەزەیی ترین خوداشە! خودای دادوەرمان، دەیەوێ ببێتە ڕزگاری دەرمان!

ئەمڕۆ دەبینین چۆن لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان ئەنجام دا، خودا دەستی کرد بە ناساندنی پلانە سەرسوڕهێنەرەکەی خۆی بۆ

ڕزگارکردنی گوناهباران. با ئێستا بەردەوام بین لە خوێندنەوەی تەورات، لە سیپارەی پەیدابوون، بۆ ئەوەی دەربارەی ئەم مزگێنییە فێر بین. لە بەشی سێیەم دەخوێنین، ئایەتی پازدە: خودا بە شەیتانی وت کە لە شێوەی مار بوو: *(دوژمنایەتیش دەخەمە نێوان تۆ و ئافرەتەکەوە، نێوان نەوەی تۆ و نەوەی ئەوەوە. نەوەی ئەو سەرت پان دەکاتەوە و تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت.)* (پەیدەبوون ٣: ١٥)

ئەم ئایەتە زەحمەتە زۆر ڕاستی گرنگ و پڕ مانا لەخۆ دەگرێ کەوا پێغەمبەرانی خودا پاشان بە وردی ڕوونی دەکەنەوە. دەکرێ ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: خودا دەستی بە ڕاگەیاندنی پلانەکەی دەکرد بۆ هێنانی ڕزگاری دەرێك بۆ ناو جیهان کە نەوەی ئادەم ڕزگار دەکات لە دەسەلاتی شەیتان. ئەمە یەکەم ئایەتە کە باسی هاتنی ڕزگاری دەرە پیرۆزەکە دەکات. لەم ئایەتە، با وورد بینەوە لە چوار ڕاستی دەربارەی ئەو ڕزگاری دەرە کە خودا بەڵێنی دا بینێرێ.

یەکەم ڕاستی ئەمەیە: خودا ڕایدەگەیاند چۆن ئەم ڕزگاری دەرە لەدایك دەبێت تەنها لە ئافرەتێك، کە پاکیزەیە. هەموومان باوکێك و دایکێکمان هەیە. بەڵام، ڕزگاری دەرەکە کە بەڵێنی هاتنی درابوو، بە ڕۆحی پیرۆز و هێزی خودا تەنها لە ئافرەتێك دەهات، وا نابێتە خاوەنی باوکێکی زەمینی. ناکرێ ڕزگاری دەری جیهان لە ئادەمەوە بێت، لەبەر ئەوەی هەموو نەوەی ئادەم لەکەی گوناهیان پێوەیە. ڕزگاری دەری گوناهباران دەبێت بەبێ گوناە بێت. دەبوایە لە لایان خوداوە بهاتبوایە، لە ئاسمانەوە. لەبەر ئەوەش، یەکەم شت کە دەکرێ لەم ئایەتە فێری بین ئەمەیە: خودا بەڵێنی هاتنی ڕزگاری دەرێکی پیرۆز دا کە کوڕی ئافرەتێك دەبێت، نەك کوڕی پیاوێك.

دووەم ڕاستی ئەمەیە: خودا ڕایگەیاند لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان ئەنجام دا. سەبارەت بە ڕزگاری دەرە بەڵێن پێدراوەکە، خودا بە شەیتانی وت: *(تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت).* لەبەر ئەوە، خودا دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە چۆن شەیتان ئازاری ڕزگاری دەرەکە کە خودا لە ئاسمانەوە دەینێرێ. لە وانەکانی داهاتوودا، دەبینین پێغەمبەران پێشبینی ئەوەیان کرد کە چۆن شەیتان هانی خەڵکان دەدات ڕزگاری دەرەکە بچەوسێننەوە و ئازاری دەن و بیکوژن. ڕزگاری دەرێك کە لێ درا بێ و ئازار درا بێ دەبێتە بەشێك لە پلانی خودا. بۆ ئەوەی بمان گەڕێنێتەوە لای خودا، ڕزگاری دەری جیهان دەبێت وەکو قوربانییەك بۆ گوناە بمرێ، ئەو ڕاستودروستە بۆ ئێمەی ناڕاستودروست دەمرێ. بە ئیرادەی خۆی ژیانی خۆی دانا بۆ ئەوەی سزای گوناە بداتەوە: کە مردنە.

سێیەم ڕاستی سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە ئەوە بوو کە خودا بە شەیتانی فەرموو، کە لە شێوەی مار بوو کە، *ڕزگاری دەرەکە سەری شەیتان پان دەکاتەوە.* ئەوە هەواڵی ناخۆش بوو بۆ شەیتان، بەڵام مزگێنیەکی خۆشە بۆ هەر کەسێك کە دەیەوێ لە هێزی شەیتان، گوناە و ئاگری دۆزەخ ڕزگاری بێت! لەبەرئەوە، خودا دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ڕزگاری دەرەکە، لە کۆتاییدا، لە شەیتان دەباتەوە و نەوەی ئادەم ئازاد دەکات، ئەوانەی کە بووبوون بە بەندەی گوناە.

دواهەمین ڕاستی: خودا دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە دوو کۆمەڵ خەڵك لە جیهاندا دەبێت: گەلی شەیتان و گەلی خودا. گەلی شەیتان ئەوانەن کە ڕەتی دەکەنەوە باوەڕ بە ووشەی خودا بهێنن. گەلی خوداش ئەوانن کە باوەڕ بە ووشەی خودا دەکەن و متمانەی خۆیان بە ڕزگاری دەرە بەڵێن پێ دراوەکە دەکەن. (تەماشای یۆحەنا ١: ٩–١٣ بکە)

لەبەر ئەوە، لەو ڕۆژەی کە ئادەم و حەوا گوناهیان ئەنجام دا، خودا دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی پلانە سەرسوڕهێنەرەکەی بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران. لە وانەی داهاتوودا، وورد ووردە، دەبینین چۆن هەموو پێغەمبەرانی خودا هاتنی ڕزگاری دەرێکی پیرۆزیان ڕاگەیاندەوە کەوا گوناهباران لە دەستی شەیتان ئازاد دەکات. ئەگەر ئەوەی تا ئێستا باسمان کردەوە ڕوون نییە لاتان، نیگەران مەبن، چونکە هەتا بەردەوام بین لە دیراسەتە بە پێی کاتی ڕوودانەکەمان، شتەکان ڕوونتر دەبنەوە. پەندەکەت لەبیرە ئەوەی دەڵێ: (ئاو بەنەرمی خۆی شاخ کون دەکات.) خودا دەفەرموێ: *(بەدوامدا دەگەڕێن و دەمدۆزنەوە، کاتێک بە هەموو دڵتانەوە بەدوامدا دەگەڕێن.)* (یرمیا ٢٩: ١٣) ئێستاش، بەبەردەوام بین لە خوێندنەوەی بەشی سێیەم لە سیپارەی یەکەمی تەورات. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: *خوداوەند خودا بۆ ئادەم و ژنەکەی جلی لە پێست دروست کرد و لەبەری کردن. ئینجا خوداوەند خودا*

فەرمووی: (ئەوەتا مرۆڤ بووە بە یەکێکی وەک خۆمان، چاکە و خراپە دەزانێت، ئێستاش ڕێگەی پێ نادرێت دەستی درێژ بکات و لە داری ژیانیش بکاتەوە و بیخوات و بۆ تاهەتایە بژیێت.) ئیتر خوداوەند خودا لە باخچەی عەدەن دەری کرد، بۆ ئەوەی ئیش لەو زەوییە بکات کە لەوێوە وەرگیراوە. دوای ئەوەی مرۆڤی دەرکرد، بۆ پاسەوانیی ڕێگای درەختی ژیان لە دیوی ڕۆژهەڵاتی باخچەی عەدەندا کەڕوبەکانی دانا، لەگەڵ شمشێری گڕدار کە بە هەموو لایەک دەسووڕایەوە. (پەیدابوون ٣: ٢١–٢٣)

ئالێرەدا بەشی سێیەم کۆتایی پێ دێت. پێش ئەوەی کۆتایی پێ بێنین ئەم وانە، با سەرنجی هەندێك ڕاستی گرنگ بدەین کە لەم ئایەتەدا هەیە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: *خوداوەند خودا بۆ ئادەم و ژنەکەی جلی لە پێست دروست کرد و لەبەری کردن.* لەبیرتە ئادەم و حەوا چییان کرد پاش ئەوەی لە داری زانینی چاکە و خراپەیان خوارد؟ گەڵا داری هەنجیریان چنی و خۆیان لە ناوقەدەوە پێ داپۆشی لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی شەرمەزاری خۆیان بەرامبەر خودا بشارنەوە. ئایا خودا ئەو جلکەی قەبوڵ کرد کە بۆ خۆیان دروستیان کردبوو، ئەوەی کەوا بە گەڵا دار دروستیان کردبوو؟ نەخێر، قەبوڵی نەکرد! باشە بۆچی خودا ئەو جلکەی قەبوڵ نەکرد؟ لەبەر ئەوەی خودا ویستی هەریەك لە ئادەم و حەوا فێر بکات کە ئەو تەواوە و ناتوانێ ئیشی ناتەواوی مرۆڤ قەبوڵ بکات. سەبارەت بەوە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: *هەموو وەک شتی گاڵاومان لێ هات هەموو ڕاستودروستیمان وەک بەرگی پیسی ئافرەت بوو.* (ئیشایا ٦٤: ٦) هیچی شتێك نییە کە مرۆڤ بیکات بۆ ئەوەی گوناهی خۆی بەرامبەر خودا بشارێتەوە.

بەهەرحاڵ، خودا شتێکی بۆ مرۆڤ کرد. خودا هەندێك ئاژەڵی کووشتەوە، و کەوڵیانی کرد و جل و بەرگی لە پێستە بۆ ئادەم و حەوا دروست کرد. بەڵێ، خودا یەکەم قوربانی ئاژەڵی کرد. چ دیمەنێکی هەست ڕاتەکێن بوو بۆ ئادەم و حەوا کاتێ تەماشای لێشاوی خوێنی ئەو ئاژەڵەیان دەکرد کە خودا کووشتیەوە! لە ڕێگای ڕشتنی خوێنی ئاژەڵەوە، خودا ویستی ئادەم و حەوا فێر بکات کە، *کرێی گوناە مردنە.* (ڕۆما ٦: ٢٣) هەروەها، *لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت.* (عیبرانییەکان ٩: ٢٢) ئەمڕۆ ناتوانین بە ووردی ئەمە ڕوون بکەینەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە یاسا بنەڕەتیەکەی خودا بۆ لێبووردن دەفەرموێ: *لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت.* سزای گوناە دەبێت بدرێتەوە. سزای گوناە مردنە. خودا تەنها دەتوانێ لەو گوناهانە خۆش بێت کە سزایان دراوە. قوربانیەکی پاك و بێ گوناە دەبێت بمرێ لە جێگای گوناهبارە تاوانبارەکان. ئەمە تاکە ڕێگایە کە خودا بتوانێ لە گوناهی خەڵکان خۆش بێت بەبێ ئەوەی لە ڕاستودروستی خۆی دەرچێت.


بەم شێوەیە خودا قوربانی کردنی ئاژەڵی دامەزراند بۆ ئەوەی گوناهباران بەبیر بێنێتەوە کە سزای گوناە مردنە. قوربانی ئاژەڵەکە هەر وەك هێمای ڕزگاری دەرە پاك و بێ تاوانەکەیە کەوا دێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی خوێنی خۆی بڕژێنێ وەك پاداشتی گوناە. پاشان دەربارەی ئەمە زیاتر فێردەبین. بۆ ئێستا، با لە یادمان بێت کە خودا خوێنی ئاژەڵی ڕشت بۆ ئەوەی شەرمەزاری ئادەم و حەوای پێ داپۆشێ.

لەپاش ئەمە، خودا ئادەم و حەوای دەرکرد لە باخچەکەی عەدەن. خودا فریشتەیەکی دانا کە شمشێریکی گرداری هەڵگرتبوو بۆ ئەوەی پاسەوانی ئەو ڕێگایە بکات کە بەرەو داری ژیان دەڕوات. ئادەم و حەوا ڕێگای مردنیان هەڵبژارد کاتێ لە میوەکەیان خوارد کە خودا لێیانی قەدەغەکربوو. لە دەرئەنجامدا، چی دی نەیانتوانی لە خۆشی و بەرەکەتی باخچە سەرسوڕهێنەرەکەی عەدەن خۆشی ببینن. تا ئێستا زانیمان چۆن خودا لوسیفیر، واتا شەیتان، لە ئامادەیی خۆی دەرکرد لەبەر گوناهەکەی. ئێستاش دەبینین کە خودا ئادەم و حەوای دەرکرد لەبەر گوناهەکەیان. خودا، خودای پارسا. دەبێت سزای هەموو ئەوانە بداتەوە کە پارسا نین.

بەم شێوەیە، با دوو بیرۆکە لەبیرمان بپارێزین: یەکەم، خودا ڕاستودروسترینە. خودا ڕقی لە گوناهە. لەبەر ئەوە دادوەری ئادەم و حەوای کرد ولە باخچەکە دەرکرد. دووەم، خودا خودای بەخشندەیە. ئادەم و حەواش شایەنی بەزەیی خودا نەبوون. ئەوان تەنها شایەنی دادوەری خودا بوون. بەڵام خودا نایەوێ خەڵك بفەوتێن. لەبەر ئەوەش بەڵێنی بە هاتنی ڕزگاری دەرێك دا کەوا گوناهباران ڕزگار دەکات لەو تاریکیەی شانشینی شەیتان، و بۆ ناو ڕووناکی و شکۆمەندی شانشینی خودا بیانگواسێتەوە.

ئاگادار بە، فریو نەدرێی: بەزەیی خودا هەرگیز بەرپەرچی ڕاستودروستی خودا نابێتەوە. ئەم دوو خەسلەتەی خودا دەبێت پێکەوە کار بکەن. لە وانەکانی داهاتوودا، بە ڕوونتر دەبینین بەزەیی پشان دەدات بەرامبەر گوناهباران، بەبێ ئەوەی بەرپەرچی ڕاستودروستی خۆی بداتەوە.

لەناو ئەم وانەدا قسەمان کرد دەربارەی ئەو بەڵێنە سەرسوڕهێنەرەی خودا داویەتی لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا لەسەر ڕێی خودا لایان دا. وانەی داهاتوو بۆ ئەوەی هەندێ وانەی گرنگ لە یەکەم دوو کوڕکەی ئادەم و حەوا فێر بین: هابیل و قابیل. خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتاندا ببارێنێ کاتێ بەوردی سەرنجی نووسراوی پیرۆز دەدەن، کە دەفەرموێ: *بەڵام لەکوێ گوناه زۆر بوو، نیعمەتی* ﴿خودا﴾ *زۆر زیاتر بوو.* (ڕۆما ٥: ٢٠)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە؟

١. لەبیرتە ئادەم و حەوا چییان کرد پاش ئەوەی لە داری زانینی چاکە و خراپەیان خوارد؟

٢. ئایا خودا ئەو جلکەی قەبوڵ کرد کە بۆ خۆیان دروستیان کردبوو، ئەوەی کەوا بە گەڵا دار دروستیان کردبوو؟

٣. بۆچی خودا ئەو جلکەی قەبوڵ نەکرد؟

٤. بەڵێنی سەرسوڕهێنەرەکەی خودا چی بوو؟

وانەی ١٠: هابیل و قابیل- شێوەی قوربانی کردنەکە

پەیدابوون ٤

لە دیراسەتمان لە تەورات، لەپاش ئەوەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، بینیمان کە خودا دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی پلانەکەی بۆ هێنانی کەسێك کە نەوەی ئادەم ڕزگار دەکات لە هێزی شەیتان و گوناە و دۆزەخ. هەروەها زانیمان چۆن خودا ئەو جل و بەرگەی ڕەت کردەوە کە ئادەم و حەوا بۆ خۆیان دروستیان کردبوو لە گەڵای هەنجیر. خودا دەیویست فێریان بکات کە گوناهباران بە هیچ شێوەیەك ناتوانن شەرمەزاری خۆیان داپۆشن بەرامبەر بە خودای پارسا کە دەبێت دادوەرییان بکات. تەنها خودا دەتوانێ گوناهباران ڕزگار بکات لە تاوانباریەکەیان. لەبەر ئەوە، زانیمان چۆن خودا خۆی هەندێك ئاژەڵی کردە قوربانی و جل و بەرگی لە پێستەکەی دروست کرد، و ئادەم و حەوای پێ داپۆشی. خودا یەکەم قوربانی خوێنی ئەنجام دا. هەروەها خوێندمانەوە کە چۆن خودا ڕایگەیاند کە دوو تووخم مرۆڤ دەبێت لەسەر زەوی: ئەوانەی کە ووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە، و ئەوانەی بڕوای پێ دەکەن.

لەناو ئەم وانەکە، دەربارەی یەکەم دوو کوڕی ئادەم و حەوا دەخوێنینەوە: قابیل، کە باوەڕ هێنانی بە خودا ڕەت کردەوە، و هابیل، کە باوەڕی بە خودا هێنا. هەر وەك بینیمان، ئادەم و حەوا ئێستا لە دەرەوەی باخچەی عەدەن دەژیین. خودا دەریانی کرد لەبەر لە سنوور دەرچونیان. بەهۆی گوناهەکەیان، چی دی نەیانتوانی لەژێر سایەی بەرەکەتەکانی باخچەی عەدەن بژیین. گوناهەکەیان بووە مایەی تێکدانی پەیوەندییان لەگەڵ خودا. بەڵام، خودا هێشتا ئەوانی خۆش دەویست و ئاگاداریان بوو.

ئێستاش با پێکەوە لە تەورات بخوێنینەوە. لە بەشی چوارەمی سیپارەی پەیدابوون، نووسراوە: *ئادەم لەگەڵ حەوای ژنی جووت بوو و ئەویش سکی پڕ بوو، قابیلـی بوو و وتی: (لەلای خوداوەندەوە پیاوێك بووە بەرهەمم.) لە پاش (هابیل)ـی برای بوو. ئینجا هابیل بووە شوانی مێگەل و قابیلیش کاری لەگەڵ زەوی دەکرد.* (پەیدابوون ٤: ١، ٢)

ئادەم و حەوا دوو کوڕیان بوو. وەك باوك و دایکیان گوناهبار بوون. گوناهەکەی ئادەم وەك نەخۆشییەکی درم بۆ منداڵەکانی بلاوبووەوە. قابیل و هابیل بە گوناهباری بەیدابوون و هاتنە جیهانەوە. لەبەر ئەوە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: *ئادەم کوڕێکی بوو لە وێنەی خۆی.* (پەیدابوون ٥: ٣) هەر وەك پەندی پێشینان دەڵێت (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێت.) قابیل و هابیل بە سرووشتێکی گوناهباری لە دایك بوون. هەردوو کوڕەکە لە جەستەدا گەشەیان کرد و زانیاریان زیاتر بوو. قابیل بوو بە جووتیار. کریکارێکی کۆششکەر بوو ولە ئیشی قورس نەدەترسا. هابیلش شوان بوو. هەردووکیان دەربارەی خودایان دەزانی. دەیانزانی کە خودا هەیە و خودا پارسایە و ڕقی لە گوناهە. دەبوایە هەردووکیان بیانزانیایە کە بۆ ئەوەی لە خودا نزیك ببنەوە، پێویست بوو لە ڕێگای قوربانی خوێنەوە بێن کە خودا بۆیانی بڕاندبووەوە.

ڕۆژێکیش هات لە ژیانی قابیل و هابیل کە بڕیاریان دا خودا بپەرستن و قوربانیەك ببەخشن لە پێناوی دا. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: *ئینجا ئەوە بوو دوای ماوەیەک قابیل لە بەروبوومی زەوی پێشکەشی خوداوەند کرد. بەڵام هابیل لە نۆبەرەی مێگەلەکەی و لە چەورایەکەیانی پێشکەش کرد. جا هابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند بوو. بەڵام قابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند نەبوو. جا قابیل زۆر تووڕە بوو و ڕووی خۆی گرژ کرد.* (پەیدابوون ٤: ٣–٥)

با وورد بینەوە لەوەی کە ڕوویدا. دوو کەس ویستیان خودا بپەرستن. هەردووکیان قوربانییان بەخشی بۆ خودا. بەڵام نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: *جا هابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند بوو. بەڵام قابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند نەبوو.* بۆچی خودا قوربانی هابیلی پەسەند کرد و قوربانی قابیلی ڕەت کردەوە؟ چ جیاوازیەك هەبوو لە نێوان هەردوو قوربانیەکە؟

بەڕاستی، قوربانی قابیل و قوربانی هابیل زۆر جیاوازبوون. قابیل سەوزەی جوان و مێوەی خۆشی بۆ خودا هێنابوو. سەبارەت بە هابیلیش، خوێنی بەرخێکی بێ عەیبی بۆ خودا هێنا. خودا لە گوناهی هابیل خۆش بوو، بەڵام لە گوناهی قابیل خۆش نەبوو.

بۆچی خودا لە گوناهی هابیل خۆش بوو کە خۆێنی بەرخی هێنابوو و لە گوناهی قابیل خۆش نەبوو کە سەوزە و مێوەی هێنابوو؟ ئایا لەبەر ئەوەبوو کە خودا حەزی لە سەوزە و مێوە نییە؟ نەخێر، لەبەر ئەوە نەبوو! باشە، ئەی بۆچی خودا دادوەری هابیلی کرد وەک ڕاستودروست، و قابیلی لەناو گوناهەکەی بەجێ هێشت؟ ئەمەیە هۆیەکەی: هابیل ئەو قوربانییەی هێنا کە خودا دەیویست، بەڵام قابیل شتێکی تری هێنابوو. ئەوە چی بوو کە خودا داوای دەکرد بۆ ئەوەی لە گوناهەکانیان خۆش بێت بێ ئەوەی ڕاستودروستی خۆی لادا؟ پێویستی بە خوێن بوو – ژیانی – ئاژەڵێکی بێ عەیب. هابیل باوەڕی بە خودا هێنا و قوربانی خوێنی هێنا، هەر وەک خودا داوای کردبوو. لەبەر ئەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: *بە باوەڕ هابیل قوربانییەکی باشتری لەوەی قابیل پێشکەشی خودا کرد. بە باوەڕ شایەتی بۆ درا کە ڕاستودروستە کاتێ خودا شایەتی بۆ قوربانییەکەی دا.* (عیبرانیەکان ١١: ٤) هابیل باوەڕی بە خودا هێنا، بەڵام قابیل باوەڕی بە خودا نەهێنا.

باوەڕ هێنان بە خودا مانای چییە؟ باوەڕ هێنان بە خودا مانای ئەوەیە کە متمانەت بە خودا هەبێ تا ئەو خاڵەی کە بە گوێی ووشەی بکەی. باوەڕ هێنان بە خودا ئەوەیە کە هەرچی خودا بفەرموێ وەک ڕاستی وەریگری. ئەگەر تو بڵێی، (باوەڕم بە خودا هەیە) بەڵام باوەڕت نەبێ بەوەی خودا دیفەرموێ لە نووسراوە پیرۆزەکان، کەواتە تۆ بەڕاستی باوەڕت بە خودا نییە. خودا و ووشەی خودا یەکن. ئەگەر باوەڕت بە خودا هەیە، ئەوا باوەڕ بە ووشەی دێنی و بە گوێی دەکەی. ئەگەر باوەڕ نەهێنی بەوەی کە خودا دەیفەرموێ، مانای ئەوەیە کە تۆ خودی خودا ڕەت دەکەیەوە.

خودا هابیلی قەبوڵ کرد چونکە باوەڕی بە ووشەی هێنا و خوێنی بەرخێکی هێنا، هەروەک خودا ڕایسپاردبوو. خودا قابیلی قەبوڵ نەکرد چونکە ئەو بەڕاستگۆییەوە باوەڕی بە ووشەی خودا نەهێنا. قابیل وای نیشان دەدا کە باوەڕی بە خودا هەیە، بەڵام هەڵسوکەوتی ئەو شتەیان ڕەت دەکردەوە، لەبەر ئەوەی قوربانی خوێنی نەهێنا، هەر وەک خودا ڕایسپاردبوو.

ڕەنگە کەسێک بپرسێ، (بۆچی خودا قوربانی ئاژەڵی ڕاسپاردووە؟ بۆچی خودا فەرمویەتی، *لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت.*)؟ (عیبرانیەکان ٩: ٢٢) لەبەر ئەمە: یاسا پارساکەی خودا ڕادەگەێنێ کە سزای گوناە مردنە! لەبەر ئەویە کە دەبێت خوێن بڕێژرێ. خودا نەیفەرموە، (دەکرێ سزای گوناە بە مێوە و سەوزە بدرێتەوە) هەروەها نەیفەرموە، (سزای گوناە نوێژ و ڕۆژووی گرتن و ئیشی چاکە کردنە.) نەخێر! ئەوەی کە خودا لە بێگەردی خۆی فەرمویەتی ئەمەیە: ئەو سزایەی پێویستە بدرێت بۆ گوناە مردنە!

خودا، لە نووسینەکانی پێغەمبەرەکان، پێمان نیشان دەدات کە هەموو کەس، هەموو مندااێکی ئادەم گوناهی ئەنجام داوە و هەموو گوناهبارێک قەردێکی گەورەی هەیە بەرامبەر بە خودای پارسا. گوناهباران دەبێت بمرن و قەردی گوناهەکانیان بدەنەوە لە دۆزەخ تاهەتا. قەردی گوناە گەڵ گەورێ و ناتوانی بەئەنجامدانی ئیشی چاکە ئەو قەردە لای خودا ڕەش بکەیتەوە. سزای گوناە مردنە و چوونە ناو دۆزەخە، کە لەبەر ئەوەش کردەوەی چاکە هەرگیز ناتوانێ لای بات!

با هەوڵ بدەین ئەمە ڕوون بکەینەوە. با وابزانین کە من پارەیەکی زۆر قەرداری یەکەکم و من دەچمە لای و پێی دەڵێم، (دەزانم کە پەنجا ملیۆن دینارت قەردارم، بەڵام من هیچ پارەم نییە و ناتوانم قەردەکەم بە پارە بدەمەوە، بەڵام پلانێکی ترم هەیە بۆ ئەوەی قەردەکەت بدەمەوە. ئەوەش ئەمەیە: هەموو ڕۆژ ، من بەردەرگای ماڵەکەت پاک دەکەمەوە. بەو شێوەیە ئیشت بۆ دەکەم تاوەکو قەردەکەت هەمووی دەدەمەوە.) خاوەن قەردەکە دەبێت چۆن وەڵامم بداتەوە؟ ڕەنگە تووڕە بێت، یان پێم پێ بکەنێ، بەڵام ئەوەی گومانی تێدانەبێت ئەوەیە کە ئەم بیرۆکەیە ڕەت دەکاتەوە! باشە بۆچی خاوەن قەردەکە ئەم پلانەی من ڕەت دەکاتەوە؟ لەبەر ئەوەی مەحاڵە من قەردە زۆر گەورەکەم بدەمەوە بەو کردەوە چاکە لاوازانەم.

بە هەمان شێوە، کەس ناتوانێ قەردی گوناهی بداتەوە بە کردەوەی چاکە. تەنها یەک شت هەیە کە سزای گوناە دەداتەوە – پارە و کردەوەی چاکە نییە – بەڵام مردنە. سزای گوناە مردن و دادگاییە. لە دەرئەنجامدا، خودا نەیدتوانی قەردی گوناهی هابیل و قابیل

ڕەش بکاتەوە لەسەر بنەمای ئیشەکانی دەستیان. پلانی خودا بۆ ئەوەی قەردی گوناهیان بسڕێتەوە لە ڕێگای خوێنی قوربانیەك بوو. بێ تاوان دەبێت لە جێگای تاوانبار بمرێت.

لە گوناە خۆش بوون بەگوێرەی پلانی مرۆڤ نییە، بەڵکو بەگوێرەی پلانی خودایە. لەسەر بنەمانی قوربانی جێگر، خودا دەرگایەکی لێ خۆش بوون و ڕزگار بوون بۆ نەوەی ئادەم کردەوە. لە نەوەکانی پێشوودا، خودا ڕایەگەیاندبوو کە هەموو گوناهبارێك دەبێت ئاژەڵێکی بێ عەیب بکات بە قوربانی. ئەو ئاژەڵە بێ گوناهە دەمرێ وەك جێگر بۆ گوناهباران. لەبەر خوێنی قوربانیەکی ئاوا، خودا دەتوانێ ئارام لەسەر نەوەی ئادەم بگرێ و گوناهیان داپۆشێ بۆ ماوەیەك. بەڵام خوێنی ئاژەلان ناکرێ قەردی گوناهی مرۆڤ بسڕێتەوە، لەبەر ئەوەی قیمەتی خوێنی ئاژەڵ هاوتای خوێنی مرۆڤ نییە. لەبەر ئەوە نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە قوربانی ئاژەڵ، *تەنها سێیەری شتە باشەکانی داهاتووە، نەک وێنەی تەواوی ڕاستییەکان.... چونکە مەحاڵە خوێنی گا و بزن گوناە لابەرێت.* (عیبرانیەکان ١٠: ١، ٤)

بەم شێوەیە، گرنگترین شت کە لە یادمان بێت دەربارەی قوربانی ئاژەڵ ئەویە کە تەنها وەك نموونەیەك یان هێمایەکە بۆ ئەو ڕزگاری دەرە کە دەهاتە جیهانەوە بۆ ئەوەی قەردی گوناهی نەوەی ئادەم بدات. ئەم ڕزگاری دەرە، کە خودا پەیمانی بە هاتنی دابوو، دەمرێت *جارێک، لەبەر گوناە ئازار درا، بێتاوان لە پێناوی تاوانباران، تاکو لە خودامان نزیک بکاتەوە.* (١ پەترۆس ٣: ١٨) هەر وەك لە ئینجیل نووسراوە: *هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ دەدەن کە هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، بەخشینی گوناهەکانی بە ناوی ئەو دەست دەکەوێت.* (کردار ١٠: ٤٣)

بەهەرحاڵ، لە نەوەکانی ڕابردوودا، پلانی خودا بۆ ڕزگاری پێویستی بە قوربانی ئاژەڵ بوو. بەڵام قابیل پلانی خودای پشت گوێ خست. قابیل بە ڕێبازێکی نوێ هاتە پێش، ئاینێك کە خۆی دایهێنا. قابیل یەکەم ئاینی سەختەی دروست کرد. کرداری دەستی خۆی بە خودا پێشکەش کرد. بەروبوومی زراعەتی خۆی کرد بە قوربانی بۆ خودا، ئەو زەوییەی کە نەعلەتی لێ کراوە کە خوێن لە خۆ ناگرێ. ئایا خودا قوربانی بێ خوێنی ئاوای قەبوڵ کرد؟ نەخێر، خودا قوربانی وای قەبوڵ نەکرد.

سەبارەت بە هابیل، ئەو بەرخێکی بێ عەیبی وەك قوربانی پێشکەش بە خودا کرد و سەری بڕی تاوەکو خوێن بڕژی. لەپاش ئەوە سووتاندی. لەبەر ئەو قوربانییە، ویژدانی هابیل ڕوون بوو بەرامبەر خودا. ئەو لە ناخی خۆی دەیزانی کە شایەنی مردنە، بەڵام بەرخە بێ گوناهەکە لە جێگای ئەو مرد. بەم شێوەیە، هابیل بە باوەڕ شایەتی بەو ڕزگاری دەرەی کە دێتە جیهانەوە بۆ ئەوە لە جێگای گوناهباران بمرێ، و سزای گوناهباران لەخۆ بگرێت.


با چیرۆکی ئەمڕۆمان کورت بکەینەوە بە چەن پرسیارێك. بۆچی خودا قوربانی قابیلی قبوڵ نەکرد؟ لەبەر ئەوە بوو کە قابیل گوناهبارێکی گەورەتر بوو لە هابیل؟ لەبەر ئەوە نەبوو. ئەوان هەردووکیان گوناهبار بوون و هەردووکیان قوربانییان پێشکەش کرد بۆ خودا. قابیل کەسێکی ئاینی بوو لە ڕووخسار، ڕەنگە بتوانین بڵێین کە قوربانی قابیل زیاتر جێگای ڕێز بوو لە قوربانی هابیل. سەوزە و مێوە زۆر جوانن، بەڵام بەرخێکی سەربڕاو و خوێنەکەی زۆر شتێکی جوان نییە! بەڵام، گوناە لای خودا زۆر گەورەیە و ڕێگای لێ خۆش بوون کە خودا دایمەزراندووە ڕادەگەێنێ کە: *لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕێستن نابێت.* بۆیە، خودا قابیل و قوربانییەکەی ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوەی قابیل ڕێزی ڕێگای ڕاستودروستی خودا بۆ ڕزگاربوون نەگرت.

کەس ناتوانێ بەڕەو خودا بێت، مەگەر بە ڕێگای ڕاستودروستی نەبێت کە خودا دایڕێژتووە! ڕێگای خودا تەواو و دیاریکراوە! هەروەك ماتماتیکە. ئەگەر مامۆستایەك لە قوتابخانە لە قوتابیێك بپرسێ، (دوو کۆ دوو دەکا چەن؟) ئەوا تەنها یەك وەڵامی ڕاست هەیە. دوو کۆ دوو دەکاتە چوار. ئەو قوتابییەی بڵێت سێ هەڵەیە، ئەوشی بڵێ پێنج هەر هەڵەیە. ئەوەی بڵێت چوار و نیو هەر هەڵەیە. دوو کۆ دوو دەکاتە چوار، تەواو! ڕێگای ڕاستودروست بۆ ڕزگاربوون کە خودا دایمەزراندووە ئاوایە. تەنها یەك خودا هەیە و تەنها یەك ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی گوناهباران بگەڕێنەوە لای خودا، خودای پارسا! ئەویش ڕێگای قوربانی تەواوە.

دەزانی ووشەی خودا چی دەفەرموێ سەبارەت بەو قوربانییە پیرۆزە کە خودا دابینی کردووە بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانت بە یەکجاری بسڕێتەوە؟ دەزانی کە خودا خۆی ڕزگاری دەرێکی مەزنی ناردۆتە خوارەوە بۆ زەوی لە پێناوی ئەوەی لە گوناهەکانت خۆش بێت و ببیە خاوەن دڵێکی پاک بەرامبەر بە خودا؟ لە وانەکانی داهاتوودا، شتی زیاتر فێردەبین سەبارەت بەم ڕزگاری دەرە سەرسوڕهێنەرە. سەبارەت بەو، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: *بێجگە لەو ڕزگاربوون نییە، چونکە ناوێکی دیکە لە ژێر ئاسمانـدا نییە لەناو خەڵکـدا درابێت، بەوەوە پێویست بکات ڕزگار بین.* (کردار ٤: ١٢)

ئەم جارە بێتەوە دیراسەتەکەمان تەواو دەکەین دەربارەی هابیل و قابیل.

خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ کاتێ دەڕوانە یاسا بنچینەییەکەی کە دەفەرموێ: *لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕێشتن نابێت.* (عیبرانیەکان ٩: ٢٢)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی خودا لە گوناهی هابیل خۆش بوو کە خوێنی بەرخی هێنابوو و لە گوناهی قابیل خۆش نەبوو کە سەوزە و مێوەی هێنابوو؟ ئایا لەبەر ئەوەبوو کە خودا حەزی لە سەوزە و مێوە نییە؟ بۆچی خودا، دادوەری هابیلی کرد وەک ڕاستودروست، و قابیلی لەناو گوناهەکەی بەجێ هێشت؟ ئەوە چی بوو کە خودا داوای دەکرد بۆ ئەوەی لە گوناهەکانیان خۆش بێت بێ ئەوەی ڕاستودروستی خۆی لادا؟

٢. باوەڕ هێنان بە خودا مانای چییە؟

٣. بۆچی خودا قوربانی ئاژەڵی ڕاسپاردووە؟ بۆچی خودا فەرمویەتی: *(لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕێشتن نابێت)*؟

٤. ئایا خودا قوربانی بێ خوێنی ئاوای قەبوڵ کرد؟

٥. بۆچی خودا قوربانی قابیلی قبوڵ نەکرد؟ لەبەر ئەوە بوو کە قابیل گوناهباڕێکی گەورەتر بوو لە هابیل؟

٦. دەزانی ووشەی خودا چی دەفەرموێ سەبارەت بەو قوربانییە پیرۆزە کە خودا دابینی کردووە بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانت بە یەکجاری بسڕێتەوە؟

٧. دەزانی کە خودا خۆی ڕزگاری دەرێکی مەزنی ناردۆتە خوارەوە بۆ زەوی لە پێناوی ئەوەی لەگوناهەکانت خۆش بێت و ببیە خاوەن دڵێکی پاک بەرامبەر بە خودا؟

وانەی ١١: قابیلی تۆبەنەکار

پەیدابوون ٤

لە دوایین وانەماندا دەربارەی یەکەم دوو کوڕی ئادەم و حەوا فێربووین، هابیل و قابیل. زانیمان چۆن هەریەک لەوان ویستیان خودا بپەرستن و قوربانیەکی پێشکەش بکەن. قابیل هەندێک لە بەروبوومی زەوی کە کێڵابووی پێشکەش بە خودا کرد. بەڵام هابیل بەرخێکی بێ عەیبی وەک قوربانی بۆ خودا سەربڕی کە گوناە داپۆشێ. نووسراوی پیرۆز ڕادەگەیەنێ: *جا هابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند بوو. بەڵام قابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند نەبوو.* ئەگەر باوەرت بە خودا هەیە، ئەوە باوەرت بە ووشەی دێنی و بە گوێی دەکەی. ئەگەر باوەر نەهێنی بەوەی کە خودا دەیفەرموێ، مانای ئەوەیە کە تۆ خودی خودا ڕەت دەکەیەوە.

باشە، بۆچی خودا هابیلی قبوڵ کرد بەڵام قابیلی قبوڵ نەکرد؟ لەبەر ئەوەی ڕێگای ڕاستودروستی خودا داوای قوربانی خوێنی دەکرد. خودا هابیلی وەک ڕاستودروست دانا لەبەر ئەوەی ئەو باوەڕی بە ووشەی خودا هێنا و ئەو قوربانییەی هێنا کە خودا داوای کرد. سەبارەت بە قابیل، ئەو هەوڵی دا کە لە ڕێگای هەوڵی خۆیەوە لە خودا نزیک بێتەوە، لەبەر ئەوەش خودا ئەوی قبوڵ نەکرد.

بۆ ئەم وانەکە، نیازمان وایە دیراسەتمان سەبارەت بە هابیل و قابیل تەواو بکەین. ئایا دەزانی چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی خودا قوربانیەکەی قابیلی ڕەت کردەوە؟ لە سیپارەی پەیدابوون، بەشی چوارەم، ئایەتی پێنجەم، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: *جا قابیل زۆر تووڕە بوو و ڕووی خۆی گرژ کرد.* (پەیدابوون ٤: ٥) بۆچی قابیل تووڕە بوو؟ تێ گەیشتنی ئەوە زەحمەت نییە. هەر بۆ ڕوون کردنەوە، ئەگەر من شتێکی خراپ بکەم و یەکێک پێم بڵێت، (تۆ شتێکی هەڵەت کرد! ڕەفتارت بگۆڕە و شتی باش بکە!) دەبێ ڕەفتارم چۆن بێت بەرامبەر ئەو کەسەی کە سەرزەنشتمی کرد؟ یان دەبێت بەبێ لووت بەرزی ووشەکانی وەرگرم و ڕەفتارەکانم بگۆڕم یان تووڕە دەبم لەگەڵی و بەردەوام دەبم لە هەڵەکەم.

خودا قابیلی سەرزەنشت کرد بۆ ئەوەی بزانێت کە ئەو ئیشانەی ئەنجامی دا، کە وەک قوربانی پێشکەشی کرد، هیچ بەهای نەبوو لە بەرامبەر خودا. خودا ویستی قابیل تۆبە بکات و بەرخێکی بێ عەیب بکات بە قوربانی، هەر وەک هابیل. خودا ویستی ڕێگای ڕاست بە قابیل نیشان بدات، ڕێگای لێ خۆش بوون. بەڵام قابیل، بەسەربەرزی خۆی، دانی بە گوناهباری خۆی نەنا بەرامبەر خودا. لەباتی ئەوە، تووڕە و دڵتەنگ بوو.

لەبەر ئەوە، *خوداوەند بە قابیلی فەرموو: ابۆ تووڕە بوویت و ڕووی خۆت گرژ کردووە؟ ئایا ئەگەر ئەوەی چاکە ئەنجامی بدەیت، پەسەند ناکرێیت؟ خۆ ئەگەر ئەوەی چاکە ئەنجامی نەدەیت ئەوا گوناە لەبەر دەرگا خۆی مات کردووە و ئارەزووت دەکات، بەڵام تۆ دەبێت بەسەریدا زاڵ ببیت.* (پەیدابوون ٤: ٦، ٧) بۆچی خودا بەم شێوەیە پرسیاری لە قابیل کرد؟ پرسیاری لێ کرد لەبەر ئەوەی نەدەویست قابیل بفەوتێ. خودا ویستی قابیل تۆبە بکات لە گوناهەکانی و بە دوای ڕێگای ڕاست بکەوێ. خودا قابیلی ئاگادار دەکردەوە سەبارەت بە دوژمنێکی سامناک، کە هەڕەشەی بە فەوتانی ئەو و نەتەوەکەی دەکرد. ئەو دوژمنەش پێی دەوترێ گوناە!

باشە، گوناە چییە؟ گوناە کێشەی جیهانە. خراپترین دوژمنمانە. گوناە وەک مارە، پڕە لە زەهری کوشندە. وەک پشکۆیەکی ئاگری بچووکە کە دەتوانێ دارستانێکی گەورە بسوتێنێ. گوناە مەشخەڵێکە کە شەیتان جیهانی پێ دەسوتێنێ! ووشەی خودا دەفەرموێ، *بۆیە ئەوەی بزانێت چاکە بکات و نەیکات، گوناە دەکات.* (یاقوب ٤: ١٧) *چونکە گوناە سەرپێچییە.... ئەوەی گوناە بکات لە ئیبلیسەوە، چونکە ئیبلیس لە سەرەتاوە گوناهی کردووە.* (١ یۆحەنا ٣: ٤، ٨) گوناە ئەو هێزەیە کە لەناو ئەندامەکانی لەشمان دەجولێتەوە و شەڕ دەکات دژ بەوەی ڕاست و چاکە. هەرچی لەگەڵ ئیرادەی خودا نەگونجێ گوناهە. گوناە ڕەتی دەکاتەوە کە باوەڕ و پابەند بێت بە ووشەی خودا. گوناە مانای ئەوەیە بەکەیفی خۆم بکەم. (تەماشای ئیشایا ٥٣: ٦ بکە)

کۆتایی ئەوانە چییە کە بەکەیفی خۆیان دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە باوەڕ بە خودا بێنن و بەگوێی نەکەن؟ نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: *ئەوانە بە لەناوچوونی تاهەتایی سزا دەدرێن، دوور لە ئامادەگی خوداوەند و شکۆی توانایەکەی.* (٢ تەسالۆنیکی ١: ٩)

ئەوانەی بە دوای ڕێگای ڕزگاربوون دەکەون کە خودا فەرمانی پێ داوە ژیانی تاهەتاییان پێشکەش دەکرێت. بەڵام ئەوانەی دڵی خۆیان ڕەق دەکەن بەرامبەر بە ڕاستی ڕووبەڕووی توڕەبوون و دادوەری خودا دەبنەوە. بەڵام، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: کە خودا *نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبەکردن بێن.* (٢ پەترۆس ٣: ٩) خودا نەیویست قابیل لەناو گوناهەکەی بفەوتێ. ئەوەی بۆ قابیلی ویست تۆبەکردن بوو و واز بێنێ لە ڕێگای ناڕاستودروستی کە هەڵیبژاردبوو، و ڕێگای ڕاستودروستی هەڵبژێری.

هەر وەک لە وانەی ڕابردوودا زانیمان، پەروەردگار خودا پلانێکی بۆ گوناهباران ئاشکرا کردبوو کە بتوانن بکرێن بە ڕاستودروست بەرامبەر خودا. هابیل باوەڕی بە پلانەکەی خودا هێنا و بەرخێکی بێ عەیب سەربڕی وەک قوربانی کە گوناە داپۆشی لەپێناو خودا. هابیل باوەڕی بە قسەی خودا هێنا: *کرێی گوناە مردنە و لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕژتن نابێت!* (ڕۆما ٦: ٢٣ و عیبرانیەکان ٩: ٢٢) لەبەر خوێنە ڕژاوەکەی بەرخەکە، هابیل بوو بە خاوەن ویژدانێکی پاک بەرامبەر خودا. هابیل دەیزانی کە گوناهبارێکی تاوانبارە و شایەنی سزای خودایە، بەڵام ئەوەشی دەزانی کە بەرخێکی بێ تاوانی پێشکەش کرد هەر وەک خودا داوای کردوە. ئەو بەرخەی کە هابیل کردیە قوربانی هێمایێک بوو بۆ ئەو ڕزگاری دەرەی کە دەهاتە جیهانەوە بۆ ئەوەی ژیانی خۆی ببەخشێ وەک قوربانییێک کە قەردی گوناهی مرۆڤ تاهەتا ڕەش بکاتەوە. سەبارەت بە قابیلیش، ئەو وای نیشان دەدا کە باوەڕی بە خودا هێناوە، بەڵام کردارەکانی ئەو شتەیان ڕەت دەکردەوە. قابیل تەنها بە دەم ڕێزی (واتا تەکریمی) خودای دەکرد، بەڵام دڵی زۆر دوور بوو لێی. خوێنی بەرخێک داواکاری خودا بوو، بەڵام قابیل کرداری دەستی خۆی پێشەکەش بە خودا کرد. پەرستنی قابیل بەتەواوی مایە پووچ بوو بەرامبەر بە خودا، لەبەر ئەوەی ڕێگای خودای قبوڵ نەکرد.

با ئێستا ئایەتی پاش ئەوە بخوێنینەوە بۆ ئەوەی بزانین قابیل چی کرد لەپاش ئەوەی خودا سەرزەنشتی کرد لەبەر قوربانییە بێ نرخەکەی. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ، *جا قابیل بە هابیلی برای وت: (با بۆ کێڵگەکە بڕۆین.) واش ڕوویدا کاتێک هەردووکیان لە کێڵگە بوون، قابیل پەلاماری هابیلی برای دا و کوشتی.)* (پەیدابوون ٤: ٨) قابیل چی کرد؟ تۆبەی کرد؟ ئایا باوەڕی بە خودا هێنا و خوێنی بەرخێکی کردە قوربانی بۆ گوناە؟ نەخێر! قابیل گوناهی کردە سەر گوناە بەهێرش بردنە سەر و کوشتنی هابیلی برای.

زۆر سەیرە! قابیل، ئەوەی کە ڕەتی کردەوە خوێنی بەرخێک بڕژێنی تاوەکو خودا لە گوناهەکانی خۆش بێت، ئێستا خوێنی برا ڕاستودروستەکەی ڕژاند! کێ بیرۆکەی کوشتنی براکەی لە مێشکی قابیل چەسپاند؟ قابیل گوێی لە کێ دەگرد؟ قابیل گوێی لە شەیتان دەگرد. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە قابیل براکەی کوشت لەبەر ئەوەی قابیل *سەر بە خراپەکار بوو.* (١ یۆحەنا ٣: ١٢) تائێستا زانیمان خودا چۆن ڕایگەیاندووە کە دوو جۆر یاخود گرووپ خەڵک دبێت لە جیهاندا، خەڵکی خودا و خەڵکی شەیتان. هابیل هی خودا بوو لەبەر ئەوەی بای ئەوەندە باوەڕی بە ووشەی خودا هەبوو کە بەگوێی بکات. قابیلیش هی شەیتان بوو لەبەر ئەوەی باوەڕی بە ووشەی خودا نەهێنا.

با ئێستاش گوێ بگرین لەوەی خودا بە قابیلی وت لەپاش ئەوەی برا بچووکەکەی کوشت. *خوداوەند بە قابیلی فەرمووی: (کوا هابیلی برات؟) ئەویش وتی: (نازانم، خۆ من پاسەوانی براکەم نیم؟) جا خوداوەند فەرمووی: (چیت کردووە؟ گوێ بگرە! دەنگی خوێنی براکەت لە زەوییەوە هاوارم بۆ دەکات. ئێستاش تۆ نەفرەت لێکراویت لەو زەوییەی کە دەمی کردەوە بۆ وەرگرتنی خوێنی براکەت لە دەستی تۆ. کاتێک ئیش لە زەوییەکە بکەیت، چیتر بەروبوومی خۆیت ناداتێ. لەسەر زەوی دەربەدەر و بێ ئۆقرە دەبیت.)* (پەیدابوون ٤: ٩–١٢)

بەو شێوەیە، خودا قابیلی سزادا، فەرمووی: *(کاتێک ئیش لە زەوییەکە بکەیت، چیتر بەروبوومی خۆیت ناداتێ)* هەر بەو شێوەیە، خودا لەپێناوی ئیدانەکردن قابیلی سزا نەدا، بەڵکو ڕێگای تۆبەکردنی لە گوناهی پێ نیشان بدات و باوەڕ بەڕاستی بێنێت و ڕزگاری بێت. ئەی قابیل چی کرد؟ تۆبەی کرد؟ نەخێر، تۆبەی نەکرد. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: *ئیتر قابیل لەبەر حزووری خوداوەند دەرچوو و لە زەوی (نۆد) لە ڕۆژهەڵاتی عەدەن نیشتەجێ بوو.* (پەیدابوون ٤: ١٦) قابیل بوو ئەوەی ووشەی خودا پشت

گوێ خست، پشتی لە خودا کرد ولە ژیانی خۆی دەری کرد. خودا نەبوو قابیل دوورکردەوە لە خۆی، بەڵکو قابیل بوو خۆی لە خودا دوورکردەوە.

ئەمڕۆش، زۆربەی نەوەی ئادەم بە قابیل دەچن، بەردەوام بە شێوازی خۆیان دەکەن و دەرگای دڵی خۆیان بەرامبەر دەنگی خودا دادەخەن. بە زمان دەڵێن (خودا مەزنە!) بەڵام لەناخی دڵەوە پێیان وایە کە (خودا زۆر دوورە! کەس ناتوانێ بیناسێ!) بەڵام، ووشەی خودا پێمان نیشان دەدات کە خودا لە کەسمان دوور نییە، لەبەر ئەوەی ئەو ئەو کەسەیە کە ژیان و هەناسە و هەموو شتێکی تر دەبەخشێ بە هەموو کەسێک. لە ترپەی دڵمان نزیکترە لێمان. خودا زۆر لە نزیکەوە دەتناسێ و دەیەوێ تۆش لە نزیکەوە بیناسی! (کرداری نێردراوان ١٧: ٢٤–٣١ و ڕۆما ١٠: ١–١٣ تەماشای بکە)

باشە، ئەی بۆچی زۆربەی خەڵک هەز ناکەن خودا لە نزیکەوە بناسن؟ ووشەی خودا وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە. خودا دەفەرموێ، *ئەمەش حوکمەکەیە: ڕووناکییەکە هاتە جیهان و خەڵک لە جیاتی ڕووناکییەکە تاریکییەکەیان خۆشویست، چونکە کردەوەیان خراپ بوو.* [٢٠] *لەبەر ئەوەی هەر کەسێک خراپە بکات ڕقی لە ڕووناکییەکەیە و نایەتە لای ڕووناکییەکە، نەوەک کردەوەکانی ئاشکرا بێت.* (یۆحەنا ٣: ١٩–٢٠)

خەڵک خودا ناناسن لەبەر ئەوەی وەک قابیل پشتیان لە ووشەی خودا کردووە. پێغەمبەری خودا داود نووسیویەتی: *وشەکانت چرایە بۆ پێیەکانم، ڕووناکییە بۆ ڕێگام.* (زەبورەکان ١١٩: ١٠٥) ئەگەر پشتت لە ڕووناکی ووشەی خودا بکەی، ئەوا هەر لە تاریکی گوناە دەمینێیتەوە و هەرگیز خودا ناناسی. خودا لات دوور دیار دەبێت. بەڵام، خودا دەیەوێ ئەوە بزانی کە ئەو دوور نییە. خودا لە پشتتە، لە تەنیشتتە و ڕێک لە بەرامبەرتە. خودا تۆی خۆش دەوێ و دیەوێ پەیوەندیەکی نزیکت لەگەڵ ببەستێ. بەڵام نابێت وەک قابیل بیت، کەوا دڵی خۆی ڕەق کرد و ڕێگای ڕاستودروستی خودای ڕەت کردەوە. خودا ویستی قابیل تۆبە بکات. تا ئەمڕۆش، خودا هەموو کەسێک ڕادەسپێرێ کە تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە لای ئەو و باوەڕ بە ووشەی بهێنن.

مانای تۆبەکردن دەزانی؟ تۆبەکردن مانای ئەوەیە کە بیروبۆچوونت و کردارەکانت بگۆڕی. مانای ئەوەیە کە دان بنەیت بەرامبەر خودا و بڵێیت، (من هەڵە بووم لە بیروبۆچوونم سەبارەت بە ڕێگای ڕزگاری کە داتمەزراندووە!) تۆبەکردن مانای ئەوەیە کە یەک دەنگ بیت لەگەڵ خودا کە تۆ هیچ ڕێگایەکت نییە بۆ ڕزگارکردنی خۆت لە دادوەریە ڕاستودروستەکەی خودا و پاشان ڕوو لەو بکەی و مل کەچی ڕێگای ڕزگاربوونی ئەو بیت.

ئەو کەسەی بەڕاستی تۆبە دەکات وەک گەشتیارێک وایە کە بییەوێت سواری سەیارە بێت لە هەولێرەوە بۆ بەغدا. پاش ئەوەی ئەچێ بۆ گەراج و سواری پاس دەبێت، لە نیوەی ڕێ دەبینێ سواری پاسی دهۆک بووە! دەبێت ئەو کەسە چی بکات باشە بۆ ئەوەی بگاتە بەغدا؟ دەبێت (تۆبە) بکات – واتا دەبێت دان بنات کە بە ڕێگای هەڵەدا چووە و بە زووترین کات لەو پاسە دابەزێ و سواری پاسی بەغدا بێت. لەبەر ئەوە دەبینین کە تۆبە کردنی تەواو دوو ڕێگا لەخۆ دەگرێ: ڕەتکردنەوەی هەڵە و وەرگرتنی ڕاست. تۆبەی ڕاستەقینە دوو کردار لەخۆ دەگرێت. یەکەم، دەبێت واز لەنەفست ولە گوناە و لەو شتانەی کە دەیپەرستی بهێنی و کرداری خۆت بۆ بە دەست هێنانی بەرەکەتی خودا. پاشان ڕوو لە خودا بکەیت و ووشەی بکەی کە پێت دەڵێت چۆن ڕزگارت دەبێت. ئەوە تۆبەی ڕاستەقینەیە.

سەبارەت بە قابیل، ئەو هەرگیز تۆبەی نەکرد. بە ویستی خۆی بەردەوام بوو لەسەر ڕێگای خۆی بڕوات. ئەو ڕەتی کردەوە مل کەچی ڕێگای ڕزگاری بێت کە خودا دایمەزراندووە. بۆیەش نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: *قوڕ بەسەریان! چونکە ڕێگای قابیلیان گرتووە.... ئەستێرەی گەڕۆکن کە تاهەتایە ڕەشایی تاریکییان بۆ هەڵگیراوە.* (یەهوزا ١١، ١٣)

با وەک قابیل نەبین! با سەرنج بدەینە ئاگاداری خودا کە دەفەرموێ، *بەڵام ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان ئاوا تیادەچن.* (لۆقا ١٣: ٣) دادوەری خودا ڕاستەقینەیە و بەسەر ئەوانە جێ بە جێ دەکرێ کە هەرگیز خۆیان پاک نەکردۆتەوە لە گوناهەکانیان.


با هیچ هەڵەیەک نەبێت سەبارەت بەمە: تۆ هەرگیز ڕاستودروست نابیت بەرامبەر خودا لەسەر بنەمای کردەوە چاکەکانت. هەروەک

قابیل، زۆربەی خەڵك پییان وایە لە دادوەری خودا ڕزگاریان دەبێت بەشوێن کەوتنی یاسا و فەرمانەکانی ئاینی خۆیان. بەڵام بوونی کەسێك بەدیندار مانای ئەوە نییە کە ڕاستودروستە. ووشەی خودا دەفەرموێ: *چونکە بە کرداری شەریعەت کەس لەلای بێتاوان نابێت.... هەموو وەک شتی گڵاومان لێ هات هەموو ڕاستودروستیمان وەک بەرگی پیسی.... چونکە بە نیعمەت ڕزگارتان بوو بەهۆی باوەڕ، ئەمەش لە خۆتانەوە نییە، بەڵکو دیاری خودایە، لە کردار نییە، تاکو کەس شانازی نەکات.*

(ڕۆما ٣: ٢٠ و ئیشایا ٦٤:٦ و ئەفەسۆس ٢: ٨،٩)

لە وانەی داهاتوودا دیراسەتی هەندێك لە نەوەی ئادەم دەکەین، یەك لەوانە، پێغەمبەری خودای ئەخنوخ.

خوداش بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ کاتێ تۆ بە ووردی سەرنجی چیت بخوێندیتەوە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: *خوداوەند...لەگەڵمان پشوو درێژە، نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبە کردن بێن....بەڵام ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان ئاوا تیادەچن!* (٢ پەترۆس ٣: ٩ و لوك ١٣: ٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی خودا هابیلی قبوڵ کرد بەڵام قابیلی قبوڵ نەکرد؟

٢. ئایا دەزانی چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی خودا قوربانیەکەی قابیلی ڕەت کردەوە؟

٣. بۆچی قابیل تووڕە بوو؟

٤. دەبێ ڕەفتارم چۆن بێت بەرامبەر ئەو کەسەی کە سەرزەنشتمی کرد؟

٥. بۆچی خودا بەم شێوەیە پرسیاری لە قابیل کرد؟

٦. گوناە چییە؟

٧. کۆتایی ئەوانە چییە کە بەکەیفی خۆیان دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە باوەڕ بە خودا بێنن و بەگوێی نەکەن؟

٨. قابیل چی کرد؟ تۆبەی کرد؟ ئایا باوەڕی بە خودا هێنا و خوێنی بەرخێکی کردە قوربانی بۆ گوناە؟

٩. ڕات چییە بەمە؟ کێ بیرۆکەی کوشتنی براکەی لە مێشکی قابیل چەسپاند؟ قابیل گوێی لە کێ دەگرد؟

١٠. ئەی بۆچی زۆربەی خەڵك حەز ناکەن خودا لە نزیکەوە بناسن؟

١١. مانای تۆبەکردن دەزانی؟

وانەی ١٢: ئەخنوخی پێغەمبەر

پەیدابوون ٤، ٥

لە دوو وانەی ڕابردوومانداا دەربارەی هەردوو یەکەم کوڕی ئادەم و حەوا فێربووین: هابیل و قابیل. زانیمان چۆن هەردووکیان قوربانیان پێشکەش بە خودا کرد لەپێناوی پەرستنی. هابیل باوەڕی بە خودا هێنا و خوێنی بەرخێکی پێشکەش کرد، بەڵام قابیل هەوڵی دا بە کردەوەی خۆی لە خودا نزیك بێتەوە. خوداش قوربانی هابیلی قبوڵ کرد، بەڵام قوربانی قابیلی ڕەت کردەوە. خودا داوای لە قابیل کرد تۆبە بکات بەڵام قابیل توڕە بوو و هەستا بە کوشتنی هابیلی برای.

ئێستا پلانمان وایە بەردەوام بین لە تەورات و دیراسەتی بەشی چوارەم و پێنجەم لە سیپارەی پەیدابوون بکەین. ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە ئادەم و حەوا کوڕ و کچی دیکەشیان بوو. (پەیدابوون ٥: ٤) هەرچۆنێك بێت، لەنێوان نەوەکانی ئادەمدا، خودا تەنها چیرۆکی دوو بەرەی بۆمان ئاشکرا کردووە: بەرەی قابیل و بەرەی شیت، کە یەکێك بوو لە برا بچووکەکانی قابیل.

با یەکەم جار تەماشای بەرەی قابیل بکەین. قابیل ژنێکی لە نێوان خزمەکانی خۆی هەڵبژارد و بوونە خاوەن منداڵ. بەڵام، هەر وەك دەڵێن (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێت) هیچ لە نەوەکانی قابیل لە شێوازی بیرکردنەوە و قسەکردن و کردار لایان نەدابوو لە قابیل. هەروەك باوکیان، ڕێزی ووشەی خودایان نەگرت. ئەوان زۆر زیرەك و خاوەن زانیاری بوون، بەڵام خودایان نەدەناسی. تەنها بایەخیان بە شتی دونیایی دەدا. ئەوان شاریان بنیاتنا، کەرەستەیان دروست کرد، شمشاڵ و قیسارە و شتی لەو بابەتە. یەك لەو نەوانەی لە قابیل بوونەوە ناوی توبال – قابیل بوو. زۆر کارامە بوو و بڕونز و ئاسنی دارشت. بەڵام، کاری جوانی دەست دڵی جوان دروست ناکات!

یەك لە نەوەکانی قابیل، ناوی لامش بوو، کە پشتی حەفتەم بوو لەپاش ئادەم. لامش لەسەر شوێن پێی باپیری قابیل دەڕۆیشت – بەڵکو خراپتر. لامش یەکەم کەس بوو دوو ژن بێنێت و هەروەك قابیل، بوو بە بکوژ. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە لامش دوو کەسی کوشت و شانازی بەوە دەکرد کەلە قابیل خراپترە! هەروەك قابیل و هەموو نەوەکانی، لامش هیچ گرنگی نادا بە ویستی خودا. لامش خۆبەرست و پارەپەرست بوو. زۆر لووت بەرز و بەدەعیە بوو. خولیای ڕابواردن بوو نەوەك خولیای خۆشەویستی خودا. شەیتان مامۆستای بوو، بەڵام بەو شتەی نەدەزانی. لامش ئاوا بوو لەبەر ئەوەی خۆی هەڵیبژارد لەسەر ڕێگای قابیل بڕوا. با ناوی لامش لەبیرمان بهێڵینەوە، لەبەر ئەوەی دەگەڕێینەوە بۆ باسی ئەو پێش ئەوەی کۆتایی بە وانەکەمان بهێنین.

ستایش بۆ خودا، نووسراوە پیرۆزەکان لای چیرۆکی قابیل و نەوە ناڕاستودروستەکەی ڕاناوەستێ. ووشەی خودا هەروەها باسی بەرەی شیتمان بۆ دەکات و دڵێت کە خودا کوڕێکی تری دا بە ئادەم له جیاتی هابیل، ئەوەی قابیل کوشتی. (پەیدابوون ٤: ٢٥) ناوی شیت بوو، بەمانای هەڵبژاردراو دێت. خودا شیتی بەجێگری هابیل هەڵبژارد. باشە بۆچی شیت دبوایە جێگای هابیل بگرێ؟ وەڵامەکەش ئەمەیە، لە باخچەی عەدەن، خودا بەڵێنی دابوو بە یەکێك کە دێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی لە شەیتان بباتەوە و نەوەکانی ئادەم لە هێزی شەیتان ڕزگار بکات. ئەو ڕزگاری دەرە دەبوایە لە بەرەی هابیل بهاتبایە کە باوەڕی بە خودا هەبوو. بەڵام، شەیتان وای کرد قابیل هابیل بکوژێ. شەیتان ویستی کۆسپ وتەگەرە بخاتە بەردەم پلانی خودا لە ناردنی ئەو ڕزگاری دەرە بۆ جیهان. بەڵام، دانایی خودا مەزنترە لە هی شەیتان. خودا پلانێکی قەشەنگی هەبوو بۆ ئەوەی منداڵەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە گوناهەکانیان و کەس ناتوانێ کۆسپ وتەگەرە بخاتە پێشیەوە، تەنانەت شەیتانیش! لەبەر ئەوە، خودا لەگەڵ پاراستنی پلانەکەی خۆی، شیتی دا بە ئادەم و حەوا بۆ ئەوەی جیگای هابیل بگرێتەوە کە قابیل کوشتی. لەبەر ئەوە، پلانی خودا سەبارەت بە ناردنی ڕزگاری دەرەکە بەردەوام لە گەشەکردن بوو.

شیت باوەڕدارێکی ڕاستەقینە بوو. وەك هابیلی برا گەورەی، ڕێگای ڕزگاربوونی هەڵبژارد کە خودا دایمەزراندووە. شیت هەروەك هەموو نەوەکانی ئادەم، بە گوناهباری لەدایك بوو. بەڵام باوەڕی بە بەڵێنی خودا هەبوو سەبارەت بەو ڕزگاری دەرەی کە دێت و گوزارشتی لە باوەڕی خۆی کرد بە پێشکەش کردنی خوێنی بەرخێك بۆ خودا، وەك قوربانییەك بۆ داپۆشینی گوناە. شتێکی تر

دەربارەی شیت کە مایەی تێبینی کردنە ئەوە بوو کە شیت منداڵەکانی بە ناسینی ڕاستی خودا گەورەکرد. لەبەر ئەوە نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: هەروەها شیت کوڕێکی بوو... لەو کاتە بوو خەڵکی دەستیان کرد بە نوێژکردن بە ناوی خوداوەندەوە. (پەیدابوون ٤: ٢٦)

بەم شێوەیە، دەبینین کە دوو خێزان لە ئادەم بوونەوە: خێزانی قابیل و خێزانی شیت. دەزانی ئەو دوو خێزانە گوزارشت لە چی دەکەن؟ گوزارشت لەو دوو جۆرە خەڵکە دەکەن کەلە جیهانن لە کاتی ئادەمەوە تا ئەمڕۆ. لە ڕوانگەی خوداوە تەنها دوو جۆر خەڵک لەسەر زەوین. هیچ جیاوازی ناکات لەبەینی ڕەش پێست و سپی پێست، لەبەینی سۆرانی و بادینی، ژن و پیاو، دەوڵەمەند و هەژار. خودا لادەر نییە، لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکی جیهان بۆ دوو گروپ جیا دەکاتەوە. ئەو دوو گروپە چین؟ گروپێك کە باوەڕی بە ووشەی خودا هەیە، گروپێك کە باوەڕیان پێ نییە، ئەوانەی خودا دەناسن و ئەوانەی خودا ناناسن. ئەوانەی لەناو ڕووناکی دەژۆن و ئەوانەی لەناو تاریکی دەژۆن. ئەوانەی خودا لە گوناهیان خۆش بووە و ئەوانەی لە گوناهیان خۆش نەبووە. هەموو کەسێك باوەڕی بە خودا بێت و ڕێگای ڕاستودروستی هەڵبژێرێ کە دایمەزراندووە، ڕزگاری دەبێت و دەچێتە بەهەشت، هەر وەك چۆن شیت و خێزانەکەی ڕزگارکران. هەر کەسێك ڕێگای ڕاستودروستی خودا نەگرێ ئەوا دەفەوتێ و بەرەو دۆزەخ دەڕوات، هەروەك قابیل و خێزانەکەی.

نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە ئادەم ژیا تاوەکو تەمەنی (٩٣٠) ساڵ و پاشان مرد. لە کاتی خۆی، مرۆڤ دەژیا تاوەکو زۆر پیر دەبوو – بەڵام پاشان دەمردن وەك هەموو مرۆڤێك. ئادەم و حەوا مردن، هەر وەك خودا پێیانی فەرموو بوو. کاتێ خودا یەکەم دوو مرۆڤی دروست کرد، حەزی نەدەکرد ئەوان بمرن، بەڵکو حەزی دەکرد بژین. ئەی باشە بۆچی ئادەم و حەوا مردن؟ لەبەر ئەوەی گوناهیان کرد، دژ بە خودا و گوناهیش مردن بەرهەم دێنێ.

باشە، با سەرنجی چیرۆکی پیاوێکی خودا بدەین، کە لە خێزانی شیت بوو و باوەڕی بە خودا هەبوو. ئەم پیاوەش پێغەمبەری خودا ئەخنوخ بوو، کە بە ئیدریس دەیناسین. لەبەشی پێنجەمی سیپارەی پەیدابوون، باپیرانی ئەخنوخ دەبینین. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئادەم بوو بە باوکی شیت، و شیت بوو بە باوکی ئەنۆش، ئەنۆش بوو بە باوکی قێینان، و قێینان بوو بە باوکی مەهەلەلئێل، مەهەلەلئێل بوو بە باوکی یارەد، و یارەد بوو بە باوکی ئەخنوخ. بەم جۆرە، ئەخنوخ حەفتەمین پشت بوو لەپاش ئادەم ولە بەرەی شیت.

وەك هەموو مرۆڤێك، ئەخنوخ بە گوناهباری لەدایك بوو بوو. بەڵام، کاتێ تەمەنی بوو بە (٦٥) ساڵ، ئەخنوخ تۆبەی کرد لە گوناهەکانی و ڕووی لە خودا کرد و باوەڕی بە بەڵێنەکەی خودا هێنا سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە کە دەهاتە جیهانەوە و دەمرێت وەك قوربانییەکی تەواو و گوناە دەسڕێتەوە. ئەخنوخ باوەڕی خۆی نیشان دا بە پێشکەش کردنی خوێنی ئاژەڵێك وەك قوربانی کە گوناە دادەپۆشێ. لەدەرئەنجامدا، خوداش وەك ڕاستودروست ژماردی لەبەر باوەڕەکەی، ولە گوناهەکانی خۆش بوو و دڵی پاککردەوە. بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئەخنوخ سێ سەد ساڵ لەگەڵ خودا هاتوچۆی کرد. (پەیدابوون ٥: ٢٢)

بەڵام، ڕۆیشتن لەگەڵ خودا لە زەمانی ئەخنوخ ئاسان نەبوو، لەبەر ئەوەی زەمانێکی گەندەڵ و خراپ بوو هەر بە زەمانی ئێستا دەچوو. زۆربەی ئەوانەی لەو کاتە دەژیان تەنها بە دوای ڕابواردن و ژیانێکی ناپاك دەژیان. سەبارەت بە ئەخنوخ، ئەو دەیزانی خودا مرۆڤی دروست نەکردووە بۆ ئەوەی لە ناپاکی بژێت، بەڵکو بۆ پاکی و بێ گەردی. لەبەر ئەوە، ئەخنوخ نەیهێشت تەماح کۆنترۆڵی بکات وەك چۆن کۆنترۆڵی دراوسێیە خودا نەناسەکانی کردبوو. وەك خودی خودا، ئەخنوخ حەزی لە ڕاستودروستی بوو و ڕقی لە گوناە بوو. خەڵك سوکایەتییان پێ دەکرد و دەیان چەوساندەوە لەبەر شێوەی ژیانە ڕاستودروستەکەی، بەڵام ئەخنوخ وای نەکرد ئەوە نیگەرانی بکات لەبەر ئەوەی دەیزانی هیچ لەوە گرنگتر نییە کە ئاشتیت لەگەل خودا هەبێت.

خودا ئەخنوخی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێت بە خزمەتکار و پێغەمبەری لەو کاتە خراپەدا. وەك هەموو پێغەمبەران، ئەخنوخیش گەواهی دا سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە کە دەهاتە جیهانەوە. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە ڕزگاری دەرەکە ڕۆژێك دێتەوە بۆ سزادانی هەموو ئەوانەی تۆبەیان ڕەتکردەوە و باوەڕیان پێ نەهێنا. بخوێنەوە لە فێرکاری ئەخنوخ: ئەوەتا خوداوەند لەنێو هەزارانی پیرۆزکراودا

دێت، تاکو هەمووان حوکم بکات و هەموو خوانەناسان سەرزەنشت بکات، لەبەر هەموو کردارە خوانەناسیەکانیان کەوا لە ڕێبازی خوانەناسی کردوویانە و ئەو قسە ڕەقانەی ئەو گوناهبارە خوانەناسانە لە دژی وتوویانە. (یەهوزا ١: ١٤–١٥)

شتێکی تری سەرسوڕهێنەر سەبارەت بە پێغەمبەر ئەخنوخ کە پێویستە بیزانین ئەویە کە ئەو نەمرد. بەڵێ، ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە ئەخنوخ نەمرد! دەڵێت: ئەخنوخ سێ سەد ساڵ لەگەڵ خودا هاتوچۆی کرد.... ئەخنوخ لەگەڵ خودا هاتوچۆی کرد و خودا بردیەوە لای خۆی، بۆیە ئیتر کەس نەیبینیەوە. (پەیدابوون ٥: ٢٤) خودا، بە هێزی خۆی ولە پلانەکەیدا، ڕاستەوخۆ ئەخنوخی گواستەوە بۆ ئاسمان، بەبێ ئەوەی وای لێ بکات بە دەرگای مردنەوە بڕوات.

باشە، بۆچی خودا ئەخنوخی بەو شێوەیە گواستەوە؟ لە ڕێگای ژیانی ئەخنوخدا، خودا دەیەوێ فێرمان بکات چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوانە دەکات کە بەڕاستی باوەڕی پێ دەکەن و بە دوای ڕەزامەندی ئەودا دەگەڕێن لە هەموو شتێك. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: بە باوەڕ ئەخنوخ بردرا تاکو مردن نەبینێ، ئیتر نەدۆزرایەوە، چونکە خودا بردییەوە. پێش بردنیشی شایەتی وەرگرت کە خودای ڕازی کردووە. بێباوەڕیش مەحاڵە خودا ڕازی بکرێت، چونکە ئەوەی لەو نزیک بێتەوە، دەبێ باوەڕی بە بوونی ئەو هەبێت و پاداشتی ئەوانەش دەداتەوە کە داوای دەکەن. (عیبرانییەکان ١١: ٥، ٦)

بۆ ماوەی (٣٠٠) سێ سەد ساڵ، ئەخنوخ خودای ڕازی کرد، لەبەر ئەوەی باوەڕی پێی هەبوو، خۆشی دەویست و بەگوێی دەکرد لە کاتێکدا کە زۆربەی خەڵك هیچ باکیان بە ویستی خودا نەبوو. لەبەر ئەوە ڕۆژێك خودا بانگی کرد و یەکسەر خۆی لە بەهەشت بینیەوە، لە شکۆمەندی ماڵی خودا تاهەتا! لێرەدا، شتێکی گەلێ گرنگ هەیە کە خودا دەیەوێ نیشانمان بدات. ئەویش ئەمەیە: ئەگەر باوەڕێکی وەك ئەخنوخت نییە، ئەوا هەرگیز خودا شاد ناکەی! بەڵام ئەگەر باوەڕت وەك باوەڕی ئەخنوخ بێت، ئەوا خودا وەك ڕاستودروست دەتزمێرێ و چی دی پێویست ناکات لە مردن بترسی. دەتوانی بزانی کە خودا مردنی بەزاند بۆ تۆ، لەبەر ئەوەی ئەگەر گوێ لە ووشەی خودا بگری و باوەڕی پێ بکەی، و کاتێ ژیانت لەسەر زەوی کۆتایی پێ دێ، ئەوا دەچیت بەرەو ژیان لە ئامادەبوونی پەروەردگار تاهەتا، هەروەك ئەخنوخ! بەڵام، دەبێت لە قسەکانی خودا تێ بگەی و باوەڕی پێ بکەی سەبارەت بە ڕێگای ڕاستودروست بۆ ڕزگاربوون کە دابینی کردووە بۆ گوناهباران.

لە پێناو کورتکردنەوەی دیراسەتەکەمان، با هەندێ بەراورد بکەین لەنێوان هەردوو نەوەکەی ئادەم کە ئەمڕۆ خوێندمانەوە: لامش و ئەخنوخ.

لامش و ئەخنوخ، هەردووکیان لە نەوەی حەفتەم بوون لەپاش ئادەم. لامش لە بەرەی قابیل بوو، و ئەخنوخ لە بەرەی شیت بوو. هەردوو لامش و ئەخنوخ لە هەمان چەرخدا دەژیان، بەڵام خولیای هەمان شت نەبوون. شێوەی ژیانیان زۆر جیاواز بوو، وەك شەو و ڕۆژ.

لامش باوەڕی بە خودا ووشەی خودا نەبوو، بەڵام ئەخنوخ باوەڕی بە خودا هەبوو ووشەی خوداشی خۆش دەویست.

لامش لەگەڵ شەیتان دەڕوێشت لە ناپاکیدا، لە کاتێکدا ئەخنوخ لەگەڵ خودا لە پیرۆزی دەڕۆیشت.

لامش ڕێگای ڕزگاری کە لەلایان خوداوە ڕاگەیاندراوە پشت گوێ خست، لە کاتێکدا ئەخنوخ خۆش حاڵی دەربڕی و خوێنی بەرخێکی بۆ خودا هێنا بۆ ئەوەی گوناهەکەی داپۆشێ.

لامش تامەزرۆی پارە و ژن و خواردن و جل و بەرگ و ڕابواردن بوو، لە کاتێکدا ئەخنوخ حەزی لە هاوەڵێکی نزیك بوو لەگەڵ ئەوەی کە ژیانی پێ بەخشی بوو.


لامش مرد لەناو گوناهەکانی و چووە ناو دۆزەخ، بەڵام خودا ئەخنوخی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بۆ ئەوەی لەگەڵی دا بێت لە ئاسمان.

لە کۆتاییشدا، فەرموون لەگەڵ پرسیارێکی گرنگ: ئایا تۆ زۆر بە لامش دەچی یان بە ئەخنوخ؟ ئایا تۆ سەر بە نەوەی قابیل و لامشی یان سەر بە نەوەی شیت و ئەخنوخی؟ ئایا ژیانت باوەشی لە باوەڕی ئەخنوخ داوە، یان بە شێوازی خۆت دەڕۆی وەك لامش؟

ووشەی خودا دەفەرموێ: خۆتان ئەزموون بکەن ئاخۆ لە باوەڕدان. لە خۆتان بکۆڵنەوە، لەبەر ئەوەی بێباوەڕیش مەحاڵە خودا ڕازی بکرێت. (٢ کۆرنسۆس ١٣: ٥ و عیبرانییەکان ١١: ٦)

بۆ وانەی داهاتووش، دەس بە دیراسەتی پێغەمبەرێکی تری خودا دەکەین — ئەویش پێغەمبەر نوح.

خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ کاتێ دەڕوانینە ئەم ئایەتەوە لە ووشە پیرۆزەکەیدا: بێباوەڕیش مەحاڵە خودا ڕازی بکرێت، چونکە ئەوەی لەو نزیک بێتەوە، دەبێ باوەڕی بە بوونی ئەو هەبێت و پاداشتی ئەوانەش دەداتەوە کە داوای دەکەن. (عیبرانییەکان ١١: ٦)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی شیت دبوایە جێگای هابیل بگرێ؟

٢. دەزانی ئەو دوو خێزانە گوزارشت لە چی دەکەن؟

٣. ئەو دوو گروپە چین؟

٤. بۆچی ئادەم و حەوا مردن؟

٥. بۆچی خودا ئەخنوخی بەو شێوەیە گواستەوە؟

٦. ئایا تۆ سەر بە نەوەی قابیل و لامشی یان سەر بە نەوەی شیت و ئەخنوخی؟

٧. ئایا ژیانت باوەشی لە باوەڕی ئەخنوخ داوە، یان بە شێوازی خۆت دەڕۆی وەک لامش؟

وانەی ١٣: پێغەمبەر نوح- ئارامی و تورەیی خودا

پەیدابوون ٦

لە وردبوونەوەمان لە نووسراوە پیرۆزەکاندا، بینیمان کە لە سەرەتادا، کاتێ خودا جیهانی دروست کرد، هەموو شتێك باش بوو. بەڵام، کاتێ باپیرەگەورەمان ئادەم قسەی خودای شکاند، خراپەکاری لە ڕێگای ئەوەوە هاتە ناو جیهان و بۆ هەموو مرۆڤ بڵاو بوەوە. بەڕاستی، پەندی پێشینان ڕاستی ووت کە: (دەرد و بەڵا بۆ هەموو کەس بڵاودەبێتەوە). لە وانەی ڕابردوومانداا، دەربارەی هەردوو خێزان یاخود بەرە کە لە ئادەم بووەوە فێربووین، نەوەی قابیل و نەوەی شیت. نەوەی قابیل باوەڕیان بە خودا نەبوو. بەڵام، لەنێوان نەوەی شیت دا باوەڕدار بە ووشەی خودا هەبوو، ولە ئەنجامدا، خودا لە گوناهەکانیان خۆش بوو. یەکێك لەو نەوەی شیت ناوی ئەخنۆخ بوو. سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی ئەو خەڵکی لە کاتی ئەخنۆخ دەژیان بەدوای شەیتان کەوتبوون لە ژیانی ناپاکی، بەڵام ئەخنۆخ بە پیرۆزی لەگەڵ خودا دەڕۆیشت.

ئێستا دەربارەی پیاوێکی تر فێردەبین کە لە چەرخێکی بەدڕەوشت و چەوتدا لەگەڵ خودا ڕۆیشت. ئەم کەسەش پێغەمبەر نوحە، نەوەی گەورەی ئەخنۆخ. تا ئێستا زانیمان کە پێشتر خەڵك زۆرتر دەژیان لەوەی ئێستا. دەزانی کێ زۆرترین تەمەنی هەبووە لە هەموو جیهان؟ ئەوەش متوشالح بوو، کوڕی ئەخنۆخ. تا تەمەنی (٩٦٩) سالّی ژیا. متوشالح باوکی لامش بوو کە ئەویش باوکی نوح بوو. ئەم لامشە، کە باوکی نوحە، جیاوازە لەو لامشەی نەوەی قابیل، کە لە وانەی ڕابردوودا باسمان کرد. نوح دەیەم نەوە بوو لە پاش ئادەم. کاتێ تەمەنی نوح بووە (٥٠٠) پێنج سەد سالّ، بوو بە باوکی سام و حام و یافەت.

ئەوەی ئەمڕۆ پلانمان وایە بیخوێنین سەبارەت بە نوح زۆر گرنگە بۆمان، لەبەر ئەوەی ڕۆژگاری نوح بەم ڕۆژگارەی ئێستامان دەچوو. لە کاتی نوح، جیهان پڕ بوو لە گوناە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیر و بۆچوونەکانی دڵیشی بە دریژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە. (پەیدابوون ٦: ٥) دڵی نەوەکانی ئادەم پڕ بوو لە بیر و بۆچوونی خراپ، تەماح، سووکایەتی، چاو لە دوابوون، بوختان، لە خۆبایەتی، ناکۆکی، شەڕ، داوێن پیسی، دزی، کوشتن و نەزانی (لەسەر بنەمانی مەرقۆس ٧: ٢١، ٢٢). مرۆڤ جیهانیان تێك دەدا کە خودا بۆیانی دروست کردبوو. زۆر خەڵك ئاینیان هەبوو بەڵام ئاینی سەختە بوو. خودای ئەوان خۆشی جەستەیان بوو و گوناهیان بەردەوام لە زیادبوون بوو!

با بزانین نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ لە تەورات، لە سیپارەی پەیدابوون، بەشی شەشەم: (پەیدابوون ٦) [٣] ئینجا پەروەردگار فە ڕمووی: (ڕۆحی من تاسەر لەناو مرۆڤدا لە ململانێ نابێت، هەر بۆیە ڕۆژانی ژیانی ئەو لەشە دەبێتە سەد و بیست ساڵ.) [٥] خوداوەند بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیر و بۆچوونەکانی دڵیشی بە دریژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە. [٦] خوداوەند خەفەتبار بوو کە مرۆڤی لەسەر زەوی دروست کردبوو، هەروەها دڵگرانیش بوو. [٧] ئینجا خوداوەند فەرمووی: (مرۆڤەکان دە سرمەوە، ئەوەی لەسەر ڕووی زەوی دروستم کرد، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەری خشۆك و باڵندەی ئاسمان، چونکە خەفەت دەخۆم لە وەی کە دروستم کردوون.)

بەو شێوەیە دەبینین چۆن خودا مەبەستی سرینەوەی نەوەکانی ئادەم بوو لە زەوی لەبەر خراپەکارییان. بەڵام، هەروەها دەبینین چۆن خودا، بە بەزەیی خۆی، نیازی وابوو ئارام بگرێ بۆ (١٢٠) سەد و بیست ساڵی تر لەگەڵ گوناهباران بۆ ئەوەی کاتیان بداتێ تۆبە بکەن و نەفەوتێن. هەرچۆنێك بێت، کاتێ ئەو ماوەیە تەواو بوو، ئەوا خودا دادوەری هەموو ئەوانە دەکات کە تۆبەیان نەکرد و ڕێگای ڕاستودروستی ئەویان ڕەت کردەوە.

شتێك هەیە سەبارەت بە کارەکتەری خودا کە دەکرێ فێری بین، لەو سنوورە (١٢٠) ساڵییە. کە ئەمەیە: خودا زۆر ئارامگرە، بەڵام ئارامییەکەی سنووری هەیە! کۆشش و قسە لەگەڵ مرۆڤ دەکات تاکو تۆبە بکات، بەڵام تاهەتا نا. لەبەر ئەوە لە کاتی نوح، خودا فەرمووێ، (ڕۆحی من تاسەر لەناو مرۆڤدا لە ململانێ نابێت، هەر بۆیە ڕۆژانی ژیانی ئەو لەشە دەبێتە سەد و بیست ساڵ.) لەبەر ئەوە دەبینین چۆن خودا پلانی دانابوو ئارام گر بێت لەگەڵ گوناهباران بۆ ماوەیەك و پاشان دادوەرییان بکات ئەگەر بێت و تۆبە نەکەن.

ئالێرەدا، دەکرێ دوو کاراکتەری خودا لەمەیا ببینین: ئارام گرتنی و تورەیی. خودا باشە و دەتوانێ زۆر ئارامگر بێت، بەڵام هەروەها ڕاستودروستە و دەتوانێ زۆر تورە بێت!

هەندێك پێیان وایە خودا بە داڕێکی گەورەوە لەسەر سەریان ڕاوەستاوە، وەك بڵێی کە خودا زوو تورە دەبێ و لەزەت لە لێدان و ئەزیتدانی خەڵك بکات. بەڵام خودا ئاوا نییە. هەندێکی تر پێیان وایە خودا هەرگیز تورە نابێ و گوناهی خەڵك بە جددی وەرناگرێ. هەموو ئەوەی بیزانن ئەوەیە کە (خودا باشە! خودا باشە!). بەڵام خودا بەو شێوەیەش نییە.

نووسراوە پیرۆزەکان ڕاستیمان پێ دەڵێت سەبارەت بە کاراکتەری خودا. خودا باش و ڕاستودروستە! دەتوانێ ئارامگر بێت و تورەش بێت. چاکی و بەزەیی خودایە کە ئارام لەگەڵ گوناهباران دەگرێت، بەڵام ڕاستودروستی و پیرۆزی ئەو هۆی ئەوەیە کە تورە دەبێت لەگەڵ گوناهەکانیان. خودا ڕزگاری دەر و دادوەرە. پێغەمبەران زۆر شتیان دەربارەی ئارامی و تورەیی خودا نووسیوە. با گوێ بگرین لە هەندێ لە ووشەکانیان. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: [٨] بەڵام خۆشەویستان تەنها ئەم شتەتان لەیاد نەچێت، ڕۆژێک لای خوداوەند وەک هەزار ساڵە و هەزار ساڵیش وەک ڕۆژێکە. [٩] خوداوەند سەبارەت بە بەڵێنەکەی خاو نییە، وەک هەندێک بە خاوی دەزانن، بەڵام لەگەڵمان پشوو درێژە، نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبەکردن بێن. [١٠] بەڵام ڕۆژی خوداوەند وەک دز دێت، تیایدا بە دەنگێکی بەرز ئاسمان نامێنێت، بە سووتان توخمەکان لەناودەچن، زەوی و ئەو کارانەی تیای دایە نامێنێت. (٢ پەترۆس ٣: ٨–١٠) خوداوەند حوکم بەسەر گەلی خۆی دەدات. کەوتنە ناو دەستی خودای زیندوو ترسناکە.... ئاگادارین قسەکەرە کە ڕەت مەکەنەوە.... چونکە خودامان ئاگرێکی سووتێنەرە. (عیبرانیەکان ١٠: ٣٠، ٣١ و ١٢: ٢٥، ٢٩)

لە زەبوورەکان دەخوێنینەوە: خودا دادوەرێکی ڕاستودروستە، هەموو ڕۆژێکیش تووڕە دەبێت. ئەگەر کابرایەک نەگەڕێتەوە. (زەبوورەکان ٧: ١١، ١٢)

هەروەها لە ئنجیل نووسراوە: چونکە تووڕەیی خودا لە ئاسمانەوە ئاشکرا دەکرێت، دژی هەموو خوانەناسی و ناڕەوایی خەڵک، ئەوانەی بە ناڕەوایی ڕاستی دادەپۆشن.... بەڵام دەزانین حوکمی خودا ڕاستە بەسەر ئەوانەی ئەم شتانە دەکەن. کەواتە ئەی ئەو مرۆڤەی ئە وانە حوکم دەدەیت کە ئەم شتانە دەکەن و خۆشت هەمان شت دەکەیت، وا دەزانیت لە حوکمی خودا دەرباز دەبیت؟ یان گاڵتەت بە دەوڵەمەندی نیانی و ئۆقرەگرتن و پشوودرێژییەکەی دێت؟ نازانیت نیانی خودا بەرەو تۆبەکردنت دەبات؟ تۆش لەبەر تونديی و دڵی تۆبەنە کردووت، لە ڕۆژی تووڕەیی و ئاشکراکردنی حوکمی دادپەروەرانەی خودا، تووڕەیی بۆ خۆت دادەکەیت، ئەوەی پاداشتی هەر یە کێک بەگوێرەی کردارەکانی دەداتەوە. (ڕۆما ١: ١٨ ، ٢: ٣–٦)

تورەیی خودا وەك تورەیی مرۆڤ نییە. مرۆڤ دەتوانێ زۆر تورە بێت، بەڵام تورەییەکەی هێواش هێواش کەم دەبێتەوە تا وای لێ دێت تەنانەت هۆی تورەبوونەکەی لەبیر بچێتەوە. تورەبوونی خودا ئاوا نییە! بەسەرچوونی کات واناکات تورەبوونی خودا کەم بێتەوە. خودا دادوەرێکی ڕاستودروستە و هیچ شتێکی لەبیر ناچێتەوە! تورەبوونەکەی کەم نابێتەوە بەرامبەر ئەوانەی تۆبە کردن ڕەت دەکەنەوە، بەڵکو زیاد دەکات! ئەمەش ئەویە کە تازە خوێندمانەوە لە نووسراوە پیرۆزەکان: تۆش لەبەر تونديی و دڵی تۆبە نە کردووت، لە ڕۆژی تووڕەیی و ئاشکراکردنی حوکمی دادپەروەرانەی خودا، تووڕەیی بۆ خۆت دادەکەیت، ئەوەی پاداشتی هەر یەکێک بەگوێرەی کردارەکانی دەداتەوە.

ئەو خەڵکەی لە کاتی نوح دەژیان تورە بوونی خودایان بۆ خویان (کۆ دەکردەوە)! بەڵام، یەك پیاو لەو کاتەدا هەبوو کە خودای پڕ بەدڵ خۆش دەویست و باوەڕی بە ووشەی دەکرد. ئەو پیاوەش نوح بوو. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: بەڵام نوح لەبەر ڕچاوی خوداوەند ڕەزامەندی بەدەست هێنابوو. نوح پیاوێکی سەر ڕاست و بێ گلەیی نێو خەڵکانی سەردەمی خۆی بوو. نوح لەگەڵ خودا هاتوچۆی دەکرد. (پەیدابوون ٦: ٨، ٩)

بۆچی خودا نیعمەتی خۆی بە نوح نیشاندا؟ ئایا نوح شایەنی ئەو نیعمەتە بوو؟ نەخێر! نیعمەتێك ئەگەر بە شایەن وەربگیری نیعمەت نییە. نیعمەت مانای (کردارێکی بێ بەرامبەر) باشە بۆچی خودا نیعمەتی خۆی بە نوح بەخشی نەك ئەوانەی تر؟ نووسراوە پیرۆزەکان چی دەڵێن دەربارەی ئەوە؟ پێمان دەڵێت کە نوح باوەڕی بە خودا هەبوو، لە کاتێکدا ئەوانەی تر باوەڕیان نەبوو. نوح

باوەڕی بە ووشەی خودا هەبوو. ئەو باوەڕی بە بەڵێنەکەی خودا هەبوو سەبارەت بەو ڕزگاری دەرەی کە دەهاتە جیهانەوە بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران. هەروەک هەموو نەوەکانی ئادەم، نوحیش گوناهی هەبوو، بەڵام خودا نوحی وەک کەسێکی ڕاستودروست ژمارد لەبەر ئەوەی باوەڕی بە خودا هەبوو و خۆینی قوربانییێکی پێشکەش کرد بۆ گوناهەکەی، هەرەوەک خودا ڕایسپاردووە. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: نوح پیاوێکی سەر ڕاست و بێ گلەیی نێو خەڵکانی سەردەمی خۆی بوو. نوح لەگەڵ خودا هاتوچۆی دەکرد.

ڕۆژێك خودا بە نوحی فەرموو: (پەیدابوون ٦) [١٣] ئینجا خودا بە نوحی فەرموو: (من کۆتایی بە بوونی هەموو ئادەمیزاد دەهێنم، چونکە بە هۆی ئەوانەوە زەوی پڕ بووە لە تووندوتیژی. ئەوەتا لەگەڵ زەویدا لەناویان دەبەم. [١٤] کەشتیەک بۆ خۆت لە داری زەل دروست بکە ، کەشتییەکە بکە لانە و بە قیر دیوی ناوەوە و دەرەوەی سواخ بدە. [١٥] ئاواش دروستی دەکەیت: سێ سەد قۆڵ درێژیی کەشتییەکە بێت و پەنجا قۆڵ پانی بێت و سی قۆڵیش بەرزی بێت. [١٦] پەنجەرەیەکیش بۆ کەشتییەکە دەکەیت و تا ئەندازەی قۆڵێک لەسەرەوە تەواوی دەکەیت. دەرگای کەشتییەکەش لە تەنیشتەوە دادەنێیت. کەشتییەکە دەکەیتە سێ نهۆم، خوارەوە و ناوەڕاست و سەرەوە. [١٧] ئەوەتا من ئاوی لافاو بەسەر زەویدا دەهێنم، بۆ لەناوبردنی هەموو ژیانێک لە ژێر ئاسماندا، هەروەها هەموو زیندەوەرێک کە هەناسە ی ژیانی تێدایە. هەرچییەک لەسەر زەوییە لەناو دەچێت. [١٨] بەڵام من پەیمانی خۆم لەگەڵ تۆ دەچەسپێنم. تۆ دەچیتە ناو کەشتییەکە وە، خۆت و کوڕەکانت و ژنەکەت و بووکەکانیشت لەگەڵت. [١٩] لە هەموو بوونەوەرێکی زیندوو، نێر و مێ، جووتێک لەگەڵ خۆت دە هێنیتە ناو کەشتییەکەوە، بۆ هێشتنەوەیان بە زیندوویی. [٢١] تۆش بۆ خۆت هەر خۆراکێک کە دەبێت بخوریت ببیە و لەلای خۆت کۆی بکەوە تاکو بۆ خۆت و بۆ ئەوان ببێتە خواردەمەنی.)

بەو شێوەیە خودا بە نوحی فەرموو چۆن پلانی وایە ئاوی لافاو بێنێتە سەر زەوی بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە لەناو بەرێ کە تۆبەکردن و باوەڕ بەڕاستی هێنانیان ڕەت کردەوە. خودا بە نوحی فەرموو کە کەشتییێکی گەورە بنیات بکات بۆ ئەوەی لە لافاوەکە ڕزگاری بێت. درێژی کەشتییەکە دەبوایە (١٥٠) مەتر درێژ بێت، هەند و نیوێکی یاریگاییێکی تۆپی پێ. ئەو کەشتیە دەبووە پەناگەێك بۆ نوح و خێزانەکەی و زۆر لە ئاژەڵان و هەرکەسێکی تر کە باوەڕ بە ووشەی خودا هەبێ. خودا فەرمانی بە نوح دا کە کۆمەڵە ژووریێك دروست بکات لەناو کەشتییەکە، بەڵام تەنها یەك دەرگا لە دەرەوەی کەشتییەکە. بۆیە، پەیامی خودا بۆ خەڵکی ئەو کاتەی نوح ئەمە بوو: هەر کەسێك کە ئاواتی وابێ لە دادوەری لافاوەکە هەڵ بێت دەبێت لە تەنها دەرگای کەشتییەکە بچێتە ژووروە. هەموو کەسێك کەلە دەرگای کەشتییەکە ئاودیو بێت ئەوا ڕزگاری دەبێت، و ئەوانەی لەو دەرگایە ئاودیو نەبن ئەوا دەفەوتێن!

ئیتر نوح دەستی کرد بە دروستکردنی کەشتییەکە، کردارێکی مەزن بوو. نوح و هەر سێ کوڕەکەی دەبوایە سەدان و سەدان داری گەورە ببڕنەوە، و بیکەن بە تەختە، ڕێکی خەن و بزمار ڕێژی کەن و بە زفت لە دیوی ژووروە و دەرەوە داپۆشن. هەروەها خێزانی نوح و خێزانی کوڕەکانی لەو ئیشە قورسەدا یارمەتییان دەدا. بۆ ماوەی (١٠٠) ساڵ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، نوح و خێزانەکەی ئیشیان لە دروستکرنی کەشتییەکە دەکرد. بەڵام نوح کاری خۆی بەتەنها نەبەستیبووەوە بە دروستکردنی کەشتییەکە. ئەو هەروەها ئامۆژگاری خەڵکی ئەو کاتەی دەکرد. ڕەنگە شتێکی ئاوای ووتبێ: (گوێ بگرن! پەروەردگار پێمی فەرمووە ئاگادارتان بکەمەوە لە تووڕەیی خودا! تووڕەیی خودا دەکوڵێ لەبەر گوناهباری ئێوە! خودا بڕیاری داوە لافاوێك هەڵگا بەسەر زەویدا بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی تۆبە ڕەت دەکەنەوە لەناو بەرێ. بەڵام مزگێنی خۆشتان بدەمێ! خودا، بە بەزەیی خۆی، فەرمانی پێ داوم کەشتییەك دروست بکەم کە ببێتە پەناگەێك بۆ هەر کەسێك کە تۆبە بکات لە گوناهەکانی و باوەڕ بە ووشەی خودا بهێنێ!) بەم جۆرە نوح بە ووشەی زۆر خەڵکی ئاگادار کردەوە، و داوای لێ کردن پشت لە خراپەی نەوە گەندڵەکەیان بکەن.

ئەی تۆ چی دەڵێی؟ ئایا خەڵکی چەرخی نوح باوەڕیان بە ووشەی خودا هێنا کە لە ڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە ڕایگەیاند؟ بۆ وانەی داهاتوو، بەردەوام دەبین لە چیرۆکی پێغەمبەر نوح و دەبینین چۆن خودا هەموو ئەوانەی پاراست کە باوەڕیان بە ووشەی هەبوو، و چۆن دادوەری ئەوانەی کە باوەڕیان پێ نەبوو کرد، و وای کرد کە لە ئاوی لافاوە گەورەکە بخنکێن.

خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ کاتێ بیر لەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە لە نووسراوە پیرۆزەکان دەکەیت: خوداوەند سەبارەت بە

بەڵێنەکەی خاو نییە، وەک هەندێک بە خاوی دەزانن، بەڵام لەگەڵمان پشوو درێژە، نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبە کردن بێن. بەڵام ڕۆژی خوداوەند وەک دز دێت. (٢ پەترۆس ٣: ٩–١٠)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. دەزانی کێ زۆرترین تەمەنی هەبووە لە هەموو جیهان؟

٢. بۆچی خودا نیعمەتی خۆی بە نوح نیشاندا؟

٣. ئایا نوح شایەنی ئەو نیعمەتە بوو؟

٤. نیعمەت مانای (کردارێکی بێ بەرامبەر)؟ بۆچی خودا نیعمەتی خۆی بە نوح بەخشی نەك ئەوانەی تر؟ نووسراوە پیرۆزەکان چی دەڵێن دەربارەی ئەوە؟

٥. ئەی تۆ چی دەڵێی؟

٦. ئایا خەڵکی چەرخی نوح باوەڕیان بە ووشەی خودا هێنا کە لە ڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە ڕایگەیاند؟

وانەی ١٤: نوح و لافاوە گەورەکە

پەیدابوون ٧

لە وانەی ڕابردوومانداە دەستمان کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەکی پێغەمبەری خودا نوح کە دەیەم نەوە بوو لەپاش ئادەم. لە چەرخێکی گەندەڵ و بەدڕەوشتدا، نوح لەگەڵ خودادا ڕۆیشت. زانیمان چۆن خودا دڵگران بوو لەبەر گوناهی نەوەکانی ئادەم. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە: خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیر و بۆچوونەکانی دڵیشی بە درێژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە. (پەیدابوون ٦: ٥) لەبەر ئەوە خودا، لە تورەییە پیرۆزەکەیدا، پلانی دانابوو کە گوناهباران تۆبەنەکارەکان لەسەر ڕووی زەوی بسڕێتەوە.

بەڵام، نیعمەتی خودا لەگەڵ نوح بوو، لەبەر ئەوەی نوح خودای خۆش دەویست و باوەڕی بە ووشەی هەبوو. بۆیە، ڕۆژێك خودا بە نوحی فەرموو: نیازی مردنی هەموو مرۆڤم هەیە لەبەر ئەوەی زەوی پڕ بووە لە خراپەکاری. لافاوەێکی گەورە هەڵدەکەم لەسەر زەوی، بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی لەژێر ئاسمانەکاندا دەژین بفەوتێنم. سەبارەت بە تۆش، تۆ دەبێ کەشتیێکی گەورە دروست بکەی بۆ ئەوەی ببێتە پەناگەیێك بۆ خۆت و خێزانەکەت.

بۆ ماوەی (١٠٠) سەد ساڵ، نوح و خێزانەکەی ئیشیان کرد بۆ بە دروست کردنی ئەو کەشتییە گەورەیە. بەڵام نوح کاری خۆی تەنها بە دروست کردنی کەشتییەکە نەبەستابووەوە. بەڵکو ئامۆژگاری خەڵکی دەوەراوپشتی خۆشی دەکرد و دەیووت: (لە گوناهەکانتان تۆبە بکەن و پاشان بگەڕێنەوە لای خودا! خودا، خودای ڕاستودروست، دادوەری جیهان دەکات!)

ئایا خەڵکی چەرخی نوح تۆبەیان کرد لە گوناهەکانیان و باوەڕیان بە ووشەی خودا هێنا کەلە ڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە ئاشکرای کردبوو؟ پێت وایە تۆبەیان کردبێ؟ لەنێوان هەزاران و هەزارانی نەوەی ئادەم کە لەسەر زەوی بوون، چەن کەس لەوانە تۆبەیان کرد وبای ئەوەندە باوەڕیان هەبوو کە بچنە ناو کەشتییەکەوە؟ نووسراوە پیرۆزەکان وەڵاممان دەداتەوە: کەوا کەم کەسێکی تێدابوو، واتا هەشت کەس، بە ئاو ڕزگار بوون. (١ پەترۆس ٣: ٢٠)

چەن کەس باوەڕیان بە خودا هێنا؟ تەنها هەشت: نوح و ژنەکەی، هەر سێ کوڕەکەی و ژنەکانیان. هەموو ئەوانەی تر باوەڕیان بە ووشەی خودا نەهێنا. هەندێکیان بە ساکاری ئامۆژگارییەکانی نوحیان پشت گوێ دەخست، و هەندێکی تریش گاڵتەیان پێ دەکرد. پێیان وابوو نوح شێت بووە لەبەر ئەو کەشتییەی کە دروستی دەکرد لە شوێنێکی بێ ئاو. ڕەنگە خەڵکەکە بەم شێوەیە گاڵتەیان پێ کردبێ: (خەڵکینە! وەرن سەیری ئەم برادەرە بکەن کە کەشتیێکی گەورە لەم چۆڵەوانییەدا دروست دەکات! نوح دیارە شێت بووە! ئاوی لافاو لێرە لەم بیابانە؟ مەحاڵە! جگە لەوەش، خودا باشە، واناکات ئەو خەڵکە بفەوتێنێ کە خۆی دروستی کردوون! نوح، تۆ شێتی!) نوحیش سووکایەتییەکانی ئەوانی پشت گوێ دەخست لەبەر ئەوەی باوەڕی هەبوو بەوەی خودا فەرموویەتی. بەردەوام بوو لە دروستکردنی کەشتییەکە و ئامۆژگاری کردن و دەیوت، (تۆبە بکەن! خودا دادوەری جیهان دەکات بە ڕاستودروستی! بۆ باوەڕ هێنان بە ووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە؟ بۆ دەتانەوێ بفەوتێن؟)

لە کۆتاییشدا ئەو ڕۆژە هات کاتێ نوح و خێزانەکەی لە دروستکردنی کەشتییەکە تەواو بوون. لە دوایین ئایەتی بەشی شەشەمی سیپارەی پەیدابوون ئەمە دەخوێنینەوە: جا نوح هەموو ئەوەی خودا فەرمانی پێکردبوو، ئەنجامی دا. (پەیدابوون ٦: ٢٢) کەشتییەکە ئامادەبوو. هەموو شتێك تەواو بوو. تەنها یەك شت مابوو: دەبوایە نوح و خێزانەکەی بچنە ناو کەشتییەکەوە. بۆ جارێکی تر، دەبینین نوح هەوڵ دەدات قەناعەت بە خەڵك بکات: (گوێ لە خودا بگرن! تۆبە بکەن و باوەڕ بە ووشەی بێنن! لافاوەکە بەم زووانە دێت! وەرنە ناو کەشتییەکەوە هەتا کات ماوە! دەرگاکە کراوەتەوە! هەر کەسێك ئاودیو بێت لێی ڕزگاری دەبێت. بەڵام ئەگەر نەیەنە ژورەوە، چۆن دەتوانن لە دادوەری خودا هەڵبێن؟) بەم شێوەیە، نوح بەجۆشەوە خەڵکی ئاگادار کردەوە. بەڵام گوێیان نەگرت.

لە دەرئەنجامدا، لە بەشی حەفتەم، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ٧) [1] ئینجا خوداوەند بە نوحی فەرموو: (خۆت و

هەموو خێزانەکەت، بڕۆنە ناو کەشتییەکەوە، چونکە لەم نەوەیەدا تۆم بە ڕاستودروست بینیوە لە بەردەمم. [٢] لە هەموو جۆرێک لە ئاژەڵە پاکەکان، نێر و مێ، حەوت جووت لەگەڵ خۆت دەبەیت، لەو ئاژەڵانەی پاک نین، نێر و مێیەکەی، جووتێک دەبەیت. [٣] لە باڵندەکانی ئاسمانیش حەوت جووت، لە نێر و مێیان، بۆ هێشتنەوەی وەچەکانیان لەسەرتاسەری ڕووی زەوی. [٤] چونکە دوای حەوت ڕۆژی تر، چل ڕۆژ و چل شەو باران بەسەر زەویدا دەبارێنم. هەموو ئەو بوونەوەرە زیندووانە لەسەر ڕووی زەوی دەسڕمەوە کە دروستم کردوون.) [٥] نوح هەموو شتێکی ئەنجام دا، بەپێی ئەوەی خوداوەند فەرمانی پێدا.

بۆچی نوح و خێزانەکەی چوونە ناو کەشتییەکەوە؟ ئایا لەبەر ئەوەی ئاسمانێکی هەوراوییان بینی؟ یان بۆنی بارانی هاتوویان کرد؟ نەخێر! ئاسمانێکی ساف بوو کاتێ چوونە ناو کەشتییەکەوە. ئەی باشە، بۆچی چوونە ناو کەشتییەکە؟ تەنها یەک هۆ هەیە. ئەوان چوونە ناویەوە لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە قسەی خودا کرد. ڕەنگە هەندێک خەڵک لە دەرەوەیی کەشتییەکە بیریان کردبێتەوە: (منیش باوەڕم بە خودا هەیە، بەڵام من ناچمە ناو ئەو کەشتییە! باوەڕم بە خودا هەیە، بەڵام ناتوانم ئامۆژگاری نوح قبوڵ بکەم!) چی بڵێین دەربارەی ئەو کەسانە؟ دەتوانین بڵێین کە بەتەواوی باوەڕیان بە خودا نەبوو، لەبەر ئەوەی باوەڕیان نەبوو بەوەی خودا ڕایگەیاندبوو لە ڕێگەی پێغەمبەرەکەیەوە. تۆبەیان لە گوناهەکانیان ڕەت کردەوە و ڕێگای ڕزگاربوونیان ڕەت کردەوە کە خودا بۆیانی دابین کردبوو لە ڕێگای نوح. ڕەنگە خودایان بەرز ڕاگرتبێ بە قسە، بەڵام دڵیان زۆر زۆر دوور بوو لێی.

بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: نوح خۆی و کوڕەکانی و ژنەکەی و بووکەکانی چوونە ناو کەشتییەکەوە پێش ئاوی لافاوەکە. لە ئاژەڵە پاکەکان و ئاژەڵە ناپاکەکان، لە باڵندەکان و هەموو ئەو بوونەوەرانەی بە زەویدا دەخشێن، جووت جووت لە نێر و مێ، هاتنە ناو کە شتییەکەوە بۆ لای نوح، هەروەک چۆن خودا فەرمانی بە نوح دابوو... ئینجا خوداوەند لە دوایەوە دەرگای کەشتییەکەی داخست. (پەیدابوون ٧: ٧–٩، ١٦)

ئایا دەزانیت خودا چی کرد لەپاش ئەوەی نوح و خێزانەکەی چوونە ناو کەشتییەکەوە؟ نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئینجا خوداوەند لە دوایەوە دەرگای کەشتییەکەی داخست. ڕۆژی تورەبوونی گەورەی خودا هاتە دی. خودا ئارامی زۆر گرتبوو لەسەر خەڵکی ئەو نەوەیە، بەڵام ئێستا ئارامی نەما! تەنها تورەیی ماوە. خودا دەرگای داخست! کاتێ خودا دەرگا دابخات، کەس ناتوانێ بیکاتەوە.

بەم شێوەیە، خودا ئاوی لافاوی هەڵکرد بەسەر زەوییدا هەروەک بەڵێنی دابوو. ئاسمان دەستی کرد بە ڕەش بوون، و باش هەڵیکرد. هەور و هەورەتریشقە و بروسک و بوومەلەرزە دەستی پێ کرد. ئێستا نەوەی ئادەم دەستیان بە لەرزین کرد لە ترسا. زۆر ئاسان بوو بۆ ئەوەان کاتێ هەموو شتێک ئارام بوو تەحەددای خودا بکەن بە ووشە و کرداری سووکایەتی. بەڵام ئێستا کە دادوەری خودا سەپاند بەسەریاندا، دەمیان قەبات بوو! کاتی ڕوو بە ڕووبونەوەیان لەگەڵ دادوەری ڕاستودروستی خودا دەستی پێ کرد و هیچ شوێنێک نییە خۆیانی لێ حەشاردەن!

بارانێکی زۆر قورس باری، کانییە قوواڵەکانی زەوی ئاوی لێ هەڵدەقوڵاێ، زەریاکان و ڕووبارەکان هەستان و بوونە هۆی لافاوێکی گەورە. لێشاوی ئاو گەیشتە هەموو شارێک و هەموو گوندێک. ئەوانەی یەکسەر ئاو نەیانی برد بەترسەوە هەڵاتن و بەدوای شوێنی بەرز دەگەڕان. ئەوانەی گاڵتەیان بە نوح دەکرد ووشەی خودایان ڕەت دەکردەوە، ئێستا زانیان کە ئەوەی خودا فەرمووی لە ڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە ڕاستی بوو. بەڵام، ئەم شتە هیچ سوودی بۆیان نەبوو لەبەر ئەوەی هەڵی تۆبەکردن چی دی نەما، ماوەی ڕزگاربوون بەسەرچوو. ڕەنگە هەندێک هاواریان بۆ نوح کردبێ، (نوح! نوح! دەرگاکە بکەوە! نوح، یارمەتیمان بدە! ڕزگارمان بکە! باوەڕت پێ دەکەین نوح! تۆ ڕاستت دەوت! باوەڕمان هێنا! باوەڕمان هێنا!) بەڵام زۆر درەنگ بوو. خودا دەرگای داخستبوو. ڕۆژی ڕزگاربوون بەسەرچوو. ڕۆژی دادوەری هات. نوێژکردن و نووزانەوە و لە خۆدان، تەنانەت ناسینی ڕاستیش — هیچ شتێک ناتوانێ بیری خودا بگۆڕێ. کاتێ خودا دەرگای ڕزگاربوون دابخات، کەس ناتوانێ بیکاتەوە.

بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت بۆ ماوەی (٤٠) چل ڕۆژ بارانێکی بەردەوام باری و لافاوێکی بەردەوام هەڵسا تا ئاو تەنانەت چیاکانیشی داپۆشی. بەڵام کەشتییەکە لەسەر ئاو مایەوە. ئیتر هەموو شتێکی زیندوو کە لەسەر زەوی دەجووڵا لەناو چوو، هەموو

شتێکی زیندوو لەسەر ڕووی زەوی سڕایەوە، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەرە خشۆکەکان و هەموو باڵندەکانی ئاسمانیش، لە زەوی سڕانەوە . تەنها نوح و ئەوانە مانەوە کە لە کەشتییەکەدا لەگەڵیدا بوون. (پەیدابوون ٧: ٢١، ٢٣)

خودا بەڵێنەکەی هێنایە دی؟ بێ گومان! ئایا دادوەری ئەو گوناهبارانەی کرد کە تۆبەکردنیان ڕەت کردەوە؟ بەڵێ بێ گومان! دادوەری هەموو ئەوانەی کرد کە لە ناو کەشتییەکە نەبوون، هەروەک بەڵێنی دا.

لە وانەی داهاتوودا چیرۆکەکە تەواو دەکەین بۆ ئەوەی بزانین نوح و خێزانەکەی چیان لێ هات لەناو کەشتییەکە. پەندێکی زۆر گرنگ هەیە خودا دەیەوێت فێرمان بکات لە چیرۆکی دادوەری لافاوە گەورەکە. ئەویش ئەمەیە: خودا پلانی ڕۆژێکی تری داناوە بۆ ئەوەی دادوەری خەڵکی جیهان بکات. ئەو ڕۆژی دادوەرییە زۆر ساماناکتر دەبێت لەو ڕۆژەی بەسەر نەوەی نوح هات!

خوێندنت بکە لەوەی کە یەکێك لە پێغەمبەرانی خوا ڕایدەگەیێنن دەربارەی دواپین ڕۆژی دادوەری. نووسیویەتی: پاشان تەختێکی گەورەی سپیم بینی و ئەوەی لەسەری دانیشتبوو. ئاسمان و زەوی لەبەر ڕووی هەڵاتبوون، هیچ شوێنیان نەدۆزرایەوە. مردووەکانم بینی بە گەورە و بچووکەوە لەبەردەم تەختەکە ڕاوەستابوون و پەرتووکەکان کرانەوە. پەرتووکێکی دیکەش کە پەرتووکی ژیانە کرابۆوە. مردووەکان بەگوێرەی کردەوەکانیان بەوەی لە پەرتووکەکان نووسراوە حوکم دران. هەر کەسێک ناوی لە پەرتووکی ژیاندا نەدۆزرێتەوە نووسرابێت، فڕێدرایە دەریاچەی ئاگرەکە. (ئاشکراکردن ٢٠: ١١–١٢، ١٥)

ئایا لە خۆت دڵنیای کاتێ بە ووردی بیر لە ڕۆژی دوایی ترسناك دەکەیەوە؟ ئایا ناوت نووسراوە لە پەرتووکی ژیانی تاهەتایی؟ ئایا لە دەرگای ڕزگاربوون ئاودیو بویتە کە خودا کردویەتیەوە؟ ووشەی خودا دەفەرموێ: ئەوەتا ئێستایە کاتی پەسەندی خودا و ئێستایە ڕۆژی ڕزگاری. (٢ کۆرنسۆس ٦: ٢) زانیمان چۆن خودا زۆر بە ئارامیەوە داوای لە خەڵکی کاتی نوح کرد تۆبە بکەن و باوەڕ بێنین و ڕزگاریان بێت، بەڵام لە کۆتاییدا دەرگای ڕزگاربوونی داخست. هەموو ئەوانەی ڕەتیان کردەوە لە دەرگای کەشتییەکە بچنە ژوورەوە ڕوو بەڕووی دادوەری ساماناکی خودا بوونەوە.


سەبارەت بە ڕۆژی دادوەری کە دێت، کاتێ کە خودا دادوەری جیهان دەکات لە ڕاستودروستیدا، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ڕۆژی خوداوەند وەک دزە لە شەودا، ئاوا دێت. کاتێ خەڵکی دەڵێن: (ئاشتی و ئاساییشە)، ئەوسا یەکسەر فەوتان دێتە سەریان، وەک ژانی سکپڕێک، دەربازیش نابن. (١ سالۆنیکی ٥: ٢، ٣)

هیچ کەسێك هەڵ نایەێت لەو ڕۆژەدا، تەنها ئەوانەی لە دەرگای ڕزگاربوون چوونەتە ژوورەوە کە خودا بۆ نەوەکانی ئادەم کردویەتیەوە.

ئایا دەربارەی ئەو دەرگایە دەزانی کە خودا بۆ گوناهبارانی کردۆتەوە؟ ڕێگای قوتاربوون دەناسی کە خودا بۆتی دابین کردووە؟ کێ توانی لە دادوەری خودا ڕزگاری بێت لە کاتی نوح؟ تەنها ئەوانەی لە دەرگای کەشتییەکە چوونە ژوورەوە! هەروەک ئەوە، سەبارەت بە ڕۆژی دادوەری، نووسراوە پیرۆزەکان بە ڕوونی پێمان نیشان دەدات کە خودا تەنها یەك دەرگای بۆ ڕزگاربوون دابین کردووە بۆ نەوە گوناهبارەکانی ئادەم. دەربارەی ئەو دەرگای ڕزگاربوون دەزانی؟ باشە، بزانە ئەم ووشە بێ گومانانەی لەلایەن ڕزگاری دەری پیرۆز ووتراوە کە خودا ناردی بۆ جیهان. فەرموویەتی: (منم دەرگایەکە. ئەوەی لە منوەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت!) (یۆحەنا ١٠: ٩) (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی تاهەتایی دەبێت و نایەتە حوکمدان، بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە.) (یۆحەنا ٥: ٢٤)

لە وانەکانی داهاتوودا، زۆر شتی تر فێردەبین دەربارەی ئەم ڕزگاری دەرە کە خودا ناردی بۆ جیهان، ئەوەی کە فەرمووی، (منم دەرگایەکە. ئەوەی لە منوەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت!)

خوداش بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ و فێرتان بکات کاتێ بیر لەم پرسیارە گرنگە دەکەنەوە کە لە ووشەیدا دۆزراوەتەوە: (جا ئێمە چۆن هەڵبێین ئەگەر ڕزگارییەکی مەزنی وەک ئەمە پشتگوێ بخەین؟) (عیبرانیەکان ٢: ٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا خەڵکی چەرخی نوح تۆبەیان کرد لە گوناهەکانیان و باوەڕیان بە ووشەی خودا هێنا کە لە ڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە ئاشکرای کردبوو؟ پێت وایە تۆبەیان کردبێ؟

٢. لەنێوان هەزاران و هەزارانی نەوەی ئادەم کە لەسەر زەوی بوون، چەن کەس لەوانە تۆبەیان کرد وبای ئەوەندە باوەڕیان هەبوو کە بچنە ناو کەشتییەکەوە؟

٣. ئاوی لافاو لێرە لەم بیابانە، چۆن دروست بوو؟

٤. بۆ باوەڕ هێنان بە ووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە؟ بۆ دەتانەوێ بفەوتێن؟

٥. بەڵام ئەگەر نەیەنە ژورەوە، چۆن دەتوانن لە دادوەری خودا هەڵبێن؟

٦. بۆچی نوح و خێزانەکەی چوونە ناو کەشتییەکەوە؟ ئایا لەبەر ئەوەی ئاسمانێکی هەوراوییان بینی؟ یان بۆنی بارانی هاتوویان کرد؟

٧. چی بڵێین دەربارەی ئەو کەسانە کە ووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە؟

٨. خودا چی کرد لەپاش ئەوەی نوح و خێزانەکەی چوونە ناو کەشتییەکەوە؟

٩. خودا بەڵێنەکەی هێنایە دی؟ ئایا دادوەری ئەو گوناهبارانەی کرد کە تۆبەکردنیان ڕەت کردەوە؟

١٠. ئایا لە خۆت دڵنیای کاتێ بە ووردی بیر لە ڕۆژی دوایی ترسناك دەکەیەوە؟ ئایا ناوت نووسراوە لە پەرتووکی ژیانی تاهەتایی؟ ئایا لە دەرگای ڕزگاربوون ئاودیو بویتە کە خودا کردویەتیەوە؟

١١. ئایا دەربارەی ئەو دەرگایە دەزانی کە خودا بۆ گوناهبارانی کردۆتەوە؟ ڕێگای قوتاربوون دەناسی کە خودا بۆتی دابین کردووە؟ کێ توانی لە دادوەری خودا ڕزگاری بێت لە کاتی نوح؟

١٢. دەربارەی ئەو دەرگای ڕزگاربوون دەزانی؟

وانەی ١٥ : نوح و دڵسۆزی خودا

پەیدابوون ٨، ٩

لە وانەی ئەمڕۆمان دا چیرۆکی پێغەمبەری خودا نوح تەواو دەکەین. با یەکەم جار چاو خشانەوەیەک بەوەی فێربووین لە دوو وانەی ڕابردوودا سەبارەت بە نوح و لافاوە گەورەکە. لەبەشی شەشەمی سیپارەی پەیدابوون، بینیمان کە خراپەکاری مرۆڤ زۆر گەورە بوو لە کاتی نوح، هەموو بیروبۆچوونی ناو دڵی مرۆڤ خراپ بوو. لەبەر ئەوە خودا لافاوێکی بەسەر زەویدا هەڵکرد بۆ ئەوەی هەموو گوناهبارێک لەسەر ڕووی زەوی بسڕێتەوە کە تۆبەکردن لە گوناهەکەی و گەڕانەوە بۆ لای خودای زیندوو و ڕاستەقینە ڕەتکردەوە.

لەو نەوە چەوت و بەد ڕەفتارەدا، تەنها یەک پیاو دڵی خودای خۆش کرد. ئەو پیاوەش نوح بوو. نوح متمانەی بە خودا هەبوو و خۆشی دەویست. لەبەر ئەوە، ڕۆژێک خودا لەگەڵ نوح قسەی کرد و فەرمانی پێ دا کەشتییکی گەورە دروست بکات، و ئەو کەشتییە دەبێتە پەناگەیەک بۆ خۆی و خێزانەکەی و زۆربەی ئاژەڵەکان تاکو لە لافاوەکە ڕزگاریان بێت. بۆ ماوەی سەد ساڵ، نوح و خێزانەکەی خەریکی دروست کردنی کەشتییەکە بوون و هانی خەڵکیان دەدا کە تۆبە بکەن و باوەڕ بە ووشەی خودا بێنن. بەڵام کەس گوێ نەدا بە ئامۆژگارییەکانی نوح. کەس باوەڕی بە قسەکانی نوح نەکرد سەبارەت بە لافاوە هاتووەکە!

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژێک هات و کەشتییەکە ئامادەبوو. کاتێ ئەوە هات خودا دادوەری ئەم جیهانە خراپەکارە بکات. خودا لەگەڵ گاڵتە پێ کەران ئارامگر بوو بۆ ماوەیکی زۆر، بەڵام ئێستا ئارامی نەما. لەبەر ئەوە، پەروەردگار بە نوحی فەرموو بچێتە ناو کەشتییەکەوە لەگەڵ خێزانەکەی و حەفت نێر و حەفت مێ لە هەموو جۆرە ئاژەڵێکی پاک، و جووتێک لە هەر ئاژەڵێکی ناپاک، نێرێک و مێیەک. نوح و خێزانەکەی و ئاژەڵەکان چوونە ناو کەشتییەکەوە هەروەک خودا فەرمانی دا. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (ئینجا پەروەردگار لە دوایەوە دایخست.) خودا، ئەوەی دەرگای ڕزگاربوونی بۆ نەوەکانی ئادەم کردبووەوە، هەر ئەویش بوو کە دایخست. ڕۆژی بەزەیی خودا ڕۆیشت و ڕۆژی توڕەبوونە ترسناکەکەی هات!

ئیتر بروسک و هەورە تریشقە و بوومەلەرزەی بەهێز دەستی پێ کرد. بارانێکی قورس باری وە بووە هۆی لافاوێکی گەورە. هەموو کەس هەڵات و بەدوای جێگایێک دەگەڕان لەسەر چیاکان، بەڵام کەس ناتوانێ لە توڕەبوونی پیرۆزی خودا هەڵبێت! ئەوانەی گاڵتەیان بە نوح دەکرد ووشەی خودایان ڕەت دەکردەوە، ئێستا ڕاستییان زانی. بەڵام ئێستا زۆر درەنگ بوو! کاتی ڕزگاربوون ڕۆیشت. خودا دەرگاکەی داخستبوو.

بۆ ماوەی چل شەو و ڕۆژ باران باری و کانییەکانی زەوی ئاویان لێ هەڵدەقوڵا تاکو تەنانەت چیاکانیش کەوتنە ژێر ئاوەوە. بەڵام کەشتییەکە بەسەر ئاو کەوت. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئیتر هەموو شتێکی زیندوو کە لەسەر زەوی دەجووڵا لەناو چوو. هەموو شتێکی زیندوو لەسەر ڕووی زەوی سڕایەوە، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەرە خشۆکەکان و هەموو باڵندەکانی ئاسمانیش، لە زەوی سڕانەوە . تەنها نوح و ئەوانە مانەوە کە لە کەشتییەکەدا لەگەڵیدا بوون. (پەیدابوون ٧: ٢١، ٢٣)

بەم شێوەیە، نووسراوی پیرۆز تۆماری ئەوە دەکات کە خودا ئەو سزایەی بەجێ گەیاند هەروەک بەڵێنی پێ دابوو. هەموو ئەوانەی دەرەوەی کەشتییەکە لەناوچوون. خودا دڵسۆزە بەرامبەر بە ووشەی خۆی.

باشە، ئەی چی بەسەر ئەوانەی ناو کەشتییەکە هات؟ ئایا خودا نوح و خێزانەکەی لەیاد کرد؟ خودا، ئەو خودایەی کە باڵندەی ئاسمان نان دەدات، و یەک لەو باڵندانە ناکەونە زەوی تەنها ئەگەر ئەوەی ویستی لێی هەبێ، نوح و خێزانەکەی لەیاد نەکرد. با دەست بە خوێندنەوەی سیپارەی پەیدابوون بکەین لە بەشی هەشتەم. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئینجا خودا نوحی هاتەوە یاد، لەگەڵ هەموو ئاژەڵە کێویییەکان و هەموو ئاژەڵە ماڵییەکان کە لە کەشتییەکەدا لەگەڵیدا بوون. ئیتر خودا بایەکی بەسەر زەویدا هەڵکرد و ئاو کەم بوەوە. لە حەڤدەی مانگی حەوتدا کەشتییەکە لەسەر چیایەکانی ئەرارات گیرسایەوە. (پەیدابوون ٨: ١، ٤)

بۆیە دەبینین کە خودا نوح و ئەوانەی ناو کەشتییەکەی لەیاد بوو. خودا بایێکی هەڵکرد بەسەر زەویدا بۆ ئەوەی ئاوەکە کەم بێتەوە. خودا کەشتییەکەی بەرەو چیایێکی بڵند برد کە ناوی چیای ئەراراتە. لەپاش ئەوەی نوح و خێزانەکەی لەناو کەشتییەکە بوون بۆ ماوەی یەک ساڵ و هەفتەیەك، زۆربەی ئەو ئاوەی کە چیاکانی داپۆشی بوو ووشك بووەوە. بۆیە خودا بە نوحی فەرموو، (لەکەشتییەکە وەرە دەرەوە، خۆت و خێزانەکەت، کوڕەکانت و بووکەکانت.) بۆیە نوح و خێزانەکەی لە کەشتییەکە دەرچوون، هەروەها هەموو ئاژەڵەکان. و کاتێ لە کەشتییەکە دەرچوو، قوربانیگایێکی دروست کرد، و هەندێ لە ئاژەڵە پاکەکان و باڵندەکانی لەسەر قوربانیگاکە پێشکەش بە پەروەردگار کرد وەکو قوربانییێکی سوتاو.

ئایا خوێندنتەوە یەکەم شت چی بوو نوح ئەنجامی دا؟ هەندێ ئاژەڵی بێ تاوانی کرد بەقوربانی، سووتاندیانی لەسەر قوربانیگایەکە کەدروستی کردبوو. خودا دوایی بە یاسایەکەی خۆی نەهێنابوو کە دەفەرموێ: لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. (عیبرانیەکان ٩: ٢٢) لە کاتێکدا کە لافاوە گەورەکە زۆربەی گوناهبارانی لەسەر ڕووی زەوی لەناو برد، بەڵام ڕەگی گوناە کە لەناو دڵی نەوەکانی ئادەم مابووەوە لەناو نەبرد. لەبەر ئەوە نوح و نەوەکەی دەبوایە بەردەوام بن لە قوربانی پێشکەش کردن لەباتی گوناە بۆ خودا. هەروەك بینیمان، قوربانی کردنی ئاوەای ئاژەڵ بنەمای ڕێگای ڕزگاربوون بووە کە خودا ڕایگەیاندووە. ئەو ئاژەڵانەی کە باپیرانمان سەریان بڕیوە (کوشتویانەتەوە) کاتی خۆی، هێمایێك یاخود نیشاندەرێك بوونە بۆ ئەو ڕزگاری دەرەی کە دەبوایە بێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی خوێنی خۆی بڕێژی لە پێناو دانەوەی قەردی گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم. لەبەر ئەوش، کاتێ نوح کەشتییەکەی بەجێ هێشت، یەکەم شت کردی ڕشتنی خوێنی ئاژەڵ بوو، و بەو شتە نیشانی منداڵەکانی و نەوەکانی دا کە یاساکانی خودا نەگۆڕاون – کە کرێی گوناە مردنە (ڕۆما ٦: ٢٣) و لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. (عیبرانیەکان ٩: ٢٢)

لەبەر ئەوە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: جا خوداوەند بە بۆنەکە ڕەزامەند بوو... خودا نوح و کوڕەکانی بەرەکەتدار کرد و پێی فەرموون: بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن... من پەیمانی خۆم لەگەڵ ئێوە دەچەسپێنم، هەرگیز جارێکی دیکە، هەرچی لەش هەیە بە ئاوی لافاو لەناو ناچێت. هەرگیز جارێکی دیکە لافاو نابێت زەوی وێران بکات.) ئەمەیە نیشانەی ئەو پەیمانەی لە نێوان خۆم و ئێوە و گشت ئەو گیاندارانەی لەگەڵتاندان دەیبەستم، پەیمانێکە بۆ گشت نەوەکانی داهاتوو. [١٣] وا پەلکەزێڕینەی خۆم لە هەورەکاندا داناوە، ئەوەش دەبێتە نیشانەی پەیمانەکەی نێوان من و زەوی. [١٤] جا هەر کاتێک هەورم بەسەر زەویدا هێنا و پەلکەزێڕینە لە هەورەکاندا دەرکەوت، [١٥] پەیمانەکەم لە نێوان خۆم و ئێوە و هەموو گیانێکی زیندوو لە هەموو جۆرێک دێتەوە یاد. هەرگیز جارێکی دیکە ئاو لافاوێکی وا دروست ناکات کە هەموو ژیانێک لەناو ببات. (پەیدابوون ٨: ٢١، ٩: ١، ٩، ١١–١٥)

لەم ئایەتانەی ئێستا خوێندمانەوە، ووشەێك هەیە کە خودا پێنج جار دووبارەی کردەوە بۆ نوح. ووشەکە ئەمەیە (پەیمان) لە ووشەی خودا، پەیمان بەڵێنێکی تایبەتییە لەلایەن خوداوە بە مرۆڤی دەدا. خودا پارێزەری پەیمانەکانە. خودا دڵسۆزە، و دەیەوێ دڵسۆزی خۆی بەنەوەکانی ئادەم پشان بدات! لەبەر ئەوە خودا بە چاکی خۆی، پەیمانێکی بەستا لەگەڵ نوح و نەوەکانی و فەرمووی: (هەرگیز جارێکی دیکە، هەرچی لەش هەیە بە ئاوی لافاو لەناو ناچێت. هەرگیز جارێکی دیکە لافاو نابێت زەوی وێران بکات.) ئەمە بەڵێنی خودا بوو. و نەك تەنها بەڵێنەکەی ببەستێتەوە بە ووشە، بەڵکو بێ گومانی کرد بە دانانی پەلکەزێڕینەکەی لە ئاسمان.

دەزانی ئەو پەلکەزێڕینەیە لە ئاسمان دەیبینین هەندێ جار لەپاش باران نیشانەێیکە کە دڵسۆزی خودا ڕادەگەێنێ؟ هەموو جارێك کە پەلکەزێڕینە دەبینین لەنێوان هەورەکان، خودا دەیەوێ دڵسۆزی خۆیمان بەبیر بێنێتەوە کە لەنەوەێکەوە بۆ نەوەێکی تر دەمینێ. خودا پەلکەزێڕینەی لەنێوان هەورەکاندا داناوە بۆ ئەوەی پەیمانەکەی جێگیر بکات کە بەڵێنی دا جارێکی تر ئاوەکان نەبنە لافاو و ژیان لەناو بەرن. بەڕاستی، خودا پارێزەری پەیمانەکانە! خودا دڵسۆزە!

سەبارەت بە ژیانی پاشتری نوح، شتی تر هەیە کە باس بکرێت. دەتوانن بیخوێننەوە لە تەورات، لە سیپارەی پەیدابوون، بەشی نۆیەم. دەبینن کە لەپاش لافاوەکە، نوح ٣٥٠ ساڵی تر ژیا، و کاتێ زۆر پیربوو بەرو لای پەروەردگار چوو لە ئاسمان. بەکورتی، ڕەنگە بتوانین بە پرسیارێك یان دوو ووشەکانمان کۆتایی پێ بێنین سەبارەت بە پێغەمبەری خودا نوح. جیاوازی چی بوو لەنێوان نوح و خەڵکی ئەو کاتە؟ نوح چی ئەنجام دا بۆ ئەوەی دڵی خودا خۆش بکات؟ تەنها یەك شتی ئەنجام دا. نوح باوەڕی بە ووشەی خودا

هێنا. لەبەر ئەوەش بوو نوح لەناو نەچوو لەگەڵ ئەو خەڵکەی ئەو کاتەی دا. با بزانین خودا خۆی گەواهی چی داوە سەبارەت بە نوح: به باوەڕ نوح، سەبارەت بەوەی هێشتا نابینرێت ئاگادار کرایەوە، ترسا، کەشتییەکی بنیاد نا بۆ ڕزگاری ماڵەکەی. به باوەڕ جیهانی حوکم دا و میراتگری ڕاستودروستییەکە کە بەگوێرەی باوەڕ بووە. بەڵام بێ باوەڕیش مەحاڵە خودا ڕازی بکرێت. (عیبرانیەکان ١١: ٧، ٦)

دوو شت هەیە کە دەبێت لەبیرمان بێپارێزین. تائێستا سەرنجی یەکێکیانمان داوە. چی وای لە نوح کرد خودا دڵ خۆش بکات؟ باوەڕەکەی. نوح باوەڕی بەخودا کرد، و باوەڕی بە قسەی خودا کرد. نوح متمانەی بە پەروەردگار هەبوو و بەگوێی ووشەی کرد تەنانەت کاتێ هەموو ئەوانەی دەورپشتی ڕەتیان کردەوە. هەر لەبەر باوەڕی نوح بوو کە خودا ڕزگاری کرد لەو نەوە خراپەکارەی کە تێیادا دەژیا. ئایا بەڕاستی باوەڕت بە قسەی خودا هەیە؟ ویستی خودا بۆ هەریەك لە ئێمە ئەوەیە کە باوەڕ بە ووشەی بێنین وەك نوح.

دووەم شت کە دەبێت لەیادی نەکەین لە چیرۆکی نوح تەنانەت زۆر گرنگترە لە باوەڕی نوح. دەزانی ئەوە چییە؟ ئەوە دڵسۆزی خودایە. بۆچی دڵسۆزی خودا گرنگترە لە باوەڕی نوح؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر خودا دڵسۆز نەبێت و بەڵێن و پەیمانەکانی نەپارێزێ، ئەوا باوەڕەکەی نوح هەیبوو بێ سوود دەبوو. هەموومان دەزانین چی ڕوودەدات کاتێ متمانەی خۆمان بەکەسێك دەدەین کە بەڵێنی خۆی بەجێ ناگەێنێ. با بڵێین برادەرێکت بەڵێنت پێدەدات و دەڵێت: (سبەی یەك فەردە برنجت بۆ دێنم.) بڕوای پێ دەکەی، چوونکە باوەڕی پێ دەکەی. ئەی باشە چی ڕوودەدات ئەگەر نەیهێنا؟ ئەوا نائومێد دەبێت ڕەنگە تووڕەش بیت! ئەو باوەڕەی بە برادەرەکەت هەبوو بێ سوود بوو. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی برادەرەکەت بەڵێنەکەی بەجێ نەگەیاند. تۆ متمانەت بە کەسێکی نادڵسۆز کرد.

ئاوا نییە لەگەڵ خودا. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئەگەر دڵسۆز نەبین، ئەو هەر بە دڵسۆزی دەمێنێتەوە، چونکە ناتوانێت نکۆڵی لە خۆی بکات. (٢ تیمۆساوس ٢: ١٣) هەموو مرۆڤێک وەک گژوگیا وایە و هەموو شکۆیەکەی وەک گوڵی دەشت وایە. گژوگیا وشک دەبێت و گوڵ هەڵدەوەرێ، بەڵام وشەی خوداوەند تاهەتایە دەمێنێت....ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێ شەرمەزار نابێ! (١ پەترۆس ١: ٢٤–٢٥ و ٢: ٦) بەڵێ، خودا دڵسۆزە. (١ کۆرنسۆس ١: ٩) بەڵێنی خۆی دێنێتە دی!


لە چیرۆکی نوح بەڕوونی دەبینین کە خودا هەموو بەڵێنەکانی هێنایە دی. خوێندمانەوە چۆن خودا هەموو ئەوانەی ناو کەشتییەکەی ڕزگار کرد و دادوەری هەموو کەسێکی کرد کە لە دەرەوە بوو، هەروەك بەڵێنی دابوو. هەروەها زانیمان چۆن خودا لە گوناهەکانی نوح خۆش بوو لەبەر ئەوەی خوێنی ئاژەڵێکی پێشکەش کرد بە خودا وەك قوربانی، هەروەك خودا فەرمانی پێ دابوو. هەروەها فێربووین چۆن خودا پەلکەزێڕینەی لەنێو هەورەکاندا دانا بۆ ئەوە نوح و هەموو خەڵك لەیادیان نەچێت کە خودا دڵسۆزە.

ئەگەر هەموو شتێکتان لەیاد کرد لەوەی ئەم وانە، یەك شت لەیاد نەکەن: خودا دڵسۆزە! ناتوانێ لە ووشەی خۆی پەشیمان بێتەوە. خودا بەڵێنەکانی دێنێتە دی، هەرچەندە گەر وا پێدەچوو هێواشە لەو شتە. خودا دڵسۆزە....ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێ شەرمەزار نابێ. دەبا باوەڕی پێ بێنین و ووشەی وەربگرین بەسەرشۆڕیەوە. دەبا سوود لە چیرۆکی پێغەمبەر نوح و لافاوە گەورەکە وەربگرین – لاسایی نوح بکەین کە باوەڕی بەووشەی خودا هێنا لە کاتێکدا هەموو ئەوانەی دەورووپشتی باوەڕیان نەهێنا و لەناوچوون.

بۆ وانەی داهاتوومانداا دەبینین چی بەسەر نەوەی نوح هات و فێری ئەوە دەبین ئەو هەموو زمانانەی جیهان لە کوێوە هاتوون.

خودا بەڕەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ کاتێ ئەم ڕاستییەی ووشەی بەبیرت دێتەوە:

(خودا دڵسۆزە....ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێ شەرمەزار نابێ.) (١ کۆرنسۆس ١: ٩ و ١ پەترۆس ٢: ٦)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئەی چی بەسەر ئەوانەی ناو کەشتییەکە هات؟ ئایا خودا نوح و خێزانەکەی لەیاد کرد؟

٢. ئایا خوێندنتەوە یەکەم شت چی بوو نوح ئەنجامی دا؟

٣. دەزانی ئەو پەلکەزێڕینەیە لە ئاسمان دەیبینین هەندێ جار لەپاش باران نیشانەیکە کە دڵسۆزی خودا ڕادەگەیێنێ؟

٤. جیاوازی چی بوو لەنێوان نوح و خەڵکی ئەو کاتە؟ نوح چی ئەنجام دا بۆ ئەوەی دڵی خودا خۆش بکات؟

٥. چی وای لە نوح کرد خودا دڵ خۆش بکات؟

٦. ئایا بەڕاستی باوەڕت بە قسەی خودا هەیە؟

٧. بۆچی دڵسۆزی خودا گرنگترە لە باوەڕی نوح؟

٨. چی ڕوودەدات ئەگەر نەیهێنا؟ بۆچی؟

وانەی ١٦: تاوەری بابل

پەیدابوون ١٠ و ١١

لە وانەی ڕابردوومانداو چیرۆکی پێغەمبەری خودا نوح مان تەواوکرد. بینیمان چۆن خودا بە لافاوێك نەوەکانی ئادەمی سڕیەوە لەسەر ڕووی زەوی لەبەر خراپەکارییان. بۆ سەد ساڵ خودا کاتی دا بە گوناهباران بۆ ئەوەی تۆبە بکەن کاتێ نوح خەریکی بنیاتنانی کەشتییەکە بوو کە دەبووە پەناگەێك بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە ووشەی خودا هەبوو. بەڵام، جگە لە نوح و خێزانەکەی کەس پشتی لە گوناهی خۆی نەکرد و باوەڕیان بە پەیامەکەی پەروەردگار خودا نەهێنا. بۆیە، لە کۆتاییدا خودا، کە ڕاستودروست و دڵسۆزە، بەڵێنەکەی خۆی هێنایە دی. خودا هەموو ئەوانەی لە دەرگای کەشتییەکە نەچوونە ژوورەوە سڕیەوە لەسەر ڕووی زەوی و ئەو چەن کەسەی چوونە ژوورەوە ڕزگار کرد.

ئێستاش بەردەوام دەبین لە سیپارەی پەیدابوون بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی بزانین چی ڕووی دا لەو ماوەیەی پاش نوح. لە وانەکەمان دەربارەی نوح، زانیمان کە سێ کوڕی هەبوو، سام و حام و یافەت. نووسراوە پیرۆزەکان فێرمان دەکات کە هەموو خەڵکی جیهان لەو سێ کەسەوە هاتوون.

گەر دەتەوێ زانیارییەکانت زیاتر بکەیت سەبارەت بە ڕەچەڵەکی نەتەوەکان، دەتوانی بەشی دەیەم و یازدەهەمی یەکەم سیپارەی تەورات بخوێنیتەوە. بەڵام، لە وانەی ئەمڕۆماندا تەنها کاتی ئەوەمان هەیە باسی یەك شت بکەین سەبارەت بە مێژووی هەر سێ کوڕەکەی نوح، سام و حام و یافەت. ئەویش ئەمەیە: سام ئەو کەسە بوو کە خودا هەڵیبژارد بۆ ئەوەی ببێتە باپیرانی ڕزگاری دەرەکە کەوا دێتە ناو جیهانەوە. لەبەر ئەوەشە نووسراوە پیرۆزەکان بەووردی بە دوای چیرۆکی نەوەکانی سام دەکات. هەر لە بەرەی ئەوە کە هەر یەك لە پێغەمبەرانی خودا و ڕزگاری دەرەکە هاتوون.

بۆیە، هەموو خەڵکی جیهان لەهەر سێ کوڕەکانی نوح هاتوون. من و تۆ، هەموو خەڵکی عێراق، خەڵکی تورکیا و ئێران هەموو ئاسیا، لەگەڵ هەموو خەڵکی جیهان — هەموو ئەوانەی دەژیین نەوەی نوحین. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە ئێمە لە ژیاندا لەبەر ئەوەی نوح باوەڕی بە خودا هەبوو و کەشتییکی دروست کرد بۆ ئەوەی خێزانەکەی ڕزگار بکات، لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی خێزانەکەی خۆی ڕزگار کرد لە لافاوەکە، من و تۆشی لە فەوتان ڕزگار کرد لەگەڵ خۆی.

خودا نوح و کوڕەکانی پیرۆز کرد و پێی فەرموون: (بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن.) (پەیدابوون ٩: ١) لەبەر ئەوە سەدان ساڵ پاش لافاوەکە، بۆ جارێکی تر، چەندەها مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی دەژین. دووبارە جیهان دەستی کرد بە گەندەڵی لەبەر گوناه. تا ئێستا گوێمان لێ بووە کە نوح و کوڕەکانی بەگوناه باری لەدایك بووبون لەبەر ئەوەی نەوەی ئادەم بوون. کاتێ چوونە ناو کەشتییەکەوە سرووشتی گوناهباریان کە لە ئادەمەوە بۆیان مابووەوە لەگەڵیان چووە ژوورەوە. کاتێ هاتنە دەرەوە لە کەشتییەکە، ڕەگی گوناه هێشتان لەناو دڵیان مابوو. لافاوەکە باری گوناهباری مرۆڤی نەگۆڕی. هەروەك پەندی پێشینان دەڵێت: (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێ) لەبەر ئەوە هەموو خەڵکی جیهان بەردەوام بە گوناهباری لەدایك دەبوون، لەبەر ئەوەی هەموویان لەبەرەی نوحن، و نوحیش لەبەرەی ئادەمە.

شتێکی ناخۆشە بەڵام ڕاستییە، ئەو چەن سەد ساڵەی پاش لافاوە گەورەکە، زۆربەی نەوەکانی نوح چی دی پەرۆشی خودا و ئیرادەی خودا نەبوون. باوەڕیان بە ووشەی خودا نەبوو وەك باپیرانیان شیت و خەنۆك و نوح. خودایان لەیاد کرد و سوپاسیان نەکرد لەبەر ئەوەی ژیان و هەناسە و ڕۆزقەڵاتن و باران و خواردنی پێیان بەخشیوە. سەبارەت بە پەلکەزێڕینەکەش کە خودا لە ئاسمان داینابوو بۆ ئەوەی دڵسۆزی خۆی بەبیریان بێنێتەوە، زۆربەیان تەنانەت نەیاندەزانی مانای چییە. بخوێنەوە ووشەی خودا چی ڕادەگەیێنی سەبارەت بەوان: چونکە کە خودایان ناسی، وەك خودا شکۆداریان نەکرد و سوپاسیان نەکرد، بەڵکو لە بیرکردنەوەیان پووچەڵ بوون و دڵە گێلەکانیان تاریک بوو. هەرچەندە بە وتەی خۆیان دانان، بوونە گێل، ئەوانەی ڕاستی خودایان بە درۆ گۆڕییەوە و بە دیهێنراویان پەرست و خزمەتیان کرد، لە جیتانی بەدیهێنەر، ئەوەی تاهەتایە ستایش بۆ ئەوە. ئامین. (ڕۆما ١: ٢١، ٢٢، ٢٥)

وەك قابیل و نەوەكانی، زۆربەی نەوەكانی نوح ڕاستی ناشتنیان هەڵبژارد و بە دوای ناڕاستودروستی كەوتن. ئاینیان هەبوو، بەڵام ئاینێكی سەختە بوو لەبەر ئەوەی ناگونجا لەگەڵ ڕێگای ڕاستودروستی كە لەلایەن خوداوە دامەزرابوو. گوێیان لە ووشەی ڕاستی خودا نەگرت، بەڵكو گوێیان لە شەیتان دەگرت.

پیاوێك هەبوو ناوی نەمرود بوو لە نەوەی حام، كوڕی دووەمی نوح. نەمرود ڕاوچییەكی لێزان بوو كە نزیكەی پێنج سەد ساڵ لەپاش لافاوەكە دەژیا. ناوی نەمرود مانای یاخی بووە. نەمرود زۆر زیرەك بوو، بەڵام خودای نەدەناسی. ووشەی خودای پشت گوێ خست و بەدوای ڕێگای شەیتان كەوت، ڕێگای قابیل و هەموو ئەو كەسانەی نەوەی نوح. نەمرود چەن شارێكی گەورەی بنیادنا، و پلانی هەبوو شارێكی گەورە بنیاد بنا كە هەموو خەڵكی جیهان پێكەوە وەك یەك بژین.

با ئێستا لە بەشی یازدەهەم لە سیپارەی پەیدابوون بخوێنینەوە بۆ ئەوەی بزانین نووسراوە پیرۆزەكان چی دەفەرموێ سەبارەت بەو شارە گەورەیەی كە نەمرود و ئەوانەی لەگەڵی بوون پلانیان دانا بنیاتی بنەن. نووسراوی پیرۆز دەفەرموی: [١] جا هەموو جیهان یەك زمان و یەك جۆر قسەكردنیان بوو. [٢] ئینجا كاتێك بۆ ڕۆژهەڵات كۆچیان كرد، دەشتاییەكیان لە خاكی شینعاردا دۆزیەوە و لەوێدا نیشتەجێ بوون. [٣] ئینجا بە یەكتریان وت: (وەرن، با خشت دروست بكەین و تەواو سووری بكەینەوە.) ئیتر لە جیاتی بەرد خشتیان بەكار هێنا، قیریش لە جیاتی قوڕ. [٤] هەروەها وتیان: (وەرن، با شارێك بۆ خۆمان دروست بكەین لەگەڵ تاوەرێك كە سەری لە ئاسمان بدات. ناوێكیش بۆ خۆمان دروست دەكەین، تاكو بەسەر هەموو ڕووی زەویدا پەرت نەبین.) (پەیدابوون ١١)

بەم شێوەیە، دەبینین چۆن نەوەكانی ئادەم پلانی بنیادنانی شارێكی گەورە و تاوەرێكی بڵندیان هەبوو كە بگاتە ئاسمانەكان هەبوو. بۆچی ویستیان تاوەرێكی ئاوا بڵند بنیاد بنێن؟ نەمرود و ئەوانەی لەگەڵی بوون بەدوای شكۆداری كردنی خۆیان بوون لە جیهان. پلانیان وابوو خەڵكی جیهان خڕبكەنەوە لە یەك جێ، بۆ ئەوەی بەهێز بن و پەرت نەبن لەسەر زەوی. بەڵام، ئەوەی ئەوان پلانی دروستكردنیان هەبوو خودای دڵخۆش نەكرد. خودا بە نەوەكانی نوحی فەرموو بوو لەسەر ڕووی زەوی بڵاوببنەوە. خودا، ئەوەی مرۆڤی بەدیهێنا، دەیزانی چی باشە بۆ خەڵكی جیهان. بەڵام، زۆربەی نەوەكانی نوح هیچ بایەخیان بە بیرەكانی خودا نادا. پێیان وابوو ئەوان لە خودا زیرەكترن. وەك خودی شەیتان، دڵیان پڕ بوو لە شانازی و یاخی بوون دژ بە خودا. بەڵام نووسراوە پیرۆزەكان دەفەرموێ: (ئەوەی خۆی بەرز بكات نزم دەكرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بكات بەرز دەكرێتەوە. پێی فەرموون: لەلای خەڵكی خۆتان بێ تاوان دەكەن، بەڵام خودا دڵتان دەناسێت. ئەوەی خەڵك بە پایەداری دادەنێت، لەبەردەم خودا قێزەوەنە.) (مەتا ٢٣: ١٢ و لۆقا ١٦: ١٥)

خۆ شكۆدار كردن یان خۆ پایەدارکردن گوناهەیە بەرامبەر خودا، لەبەر ئەوەی تەنها یەك ناو هەیە شایەنی شكۆمەندی و ستایش بێت. ئەوەش ناوی پەروەردگار خودایە كە ئاسمان و زەوی بەدی هێناوە! وەك نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (ئەوەی شانازی دەكات، با شانازی بە خوداوەند بكات.) چونكە ئەوەی خۆی دەسەلمێنێت پەسەند نییە، بەڵكو ئەوەی خوداوەند دەیسەلمێنێت. (٢ كۆرنسۆس ١٠: ١٧–١٨)

هەرچۆنێك بێت، لە كاتی نەمرود، زۆربەی نەوەكانی ئادەم هیچ ڕێزێكیان بۆ پەروەردگار نەبوو. پێیان وابوو پێویستییان بە خودا و ووشەی خودا نییە، و پێویستییان بە كەس نەبوو هیچ شتێكیان پێ بڵێ. خەسڵەتی ڕووحی سەربەخۆیی و یاخی بوونیان تیادا بوو. تا ئەمڕۆش، هەمان هەڵوێست لە ناو دڵی نەوەكانی ئادەمدا هەیە. تەنانەت ئەو شتە لە منداڵان دەبینین كاتێ ڕك دەگرن و دەڵێن، (نا، وادەكەم!) ئەی ئەو شتە چەن لە پێگەیشتووان هەیە! هۆی ئەو هەموو ناكۆكییە چییە لەناو خێزان و نەتەوەكانی جیهان؟ ئایا بە هۆی ئەم ڕووحی سەربەخۆییە نییە كە پێی وایە: (دەتوانم ئاگام لەخۆم بێت. دابونەریتەكانی من باشترینە. ئاینەكەم باشە بۆم. ڕێبازەكەی من تەواوە. نەتەوەكەی من بەرزترە. خێڵەكەی من زیرەكترن. ناوی من گرنگترین ناوە. شتەكانی من! ویستی من! ئیشی من! پارەی من! من! من!) مرۆڤ چەن خۆ پەرستە! هەموو كەسێك بۆ خەسڵەحەتی خۆی ڕایدەكێشی. ئەو خەسڵەتەی خۆپەرستی سەربەخۆیی هۆی ئەوەیە كە جیهان پڕە لە دەمەقاڵێ و شەڕ و جەنگ. بەڵام، خودا ڕقی لە خەسڵەتی وایە، لەبەر ئەوەی تەنها ناوی ئەو شایەنی شكۆمەندییە. لەبەر ئەوە لە ووشەیدا دەفەرموێ: (من خوداوەندم، ئەمەیە ناوم و شكۆمەندی

خۆم نادەمە کەسی دیکە.) (ئیشایا ٤٢: ٨)

بەهەرحاڵ، ئەوانەی دەستیان کرد بە دروستکردنی تاوەرەکە بۆ ئەوەی بگەن بە ئاسمانەکان هیچ بایەخێکیان بە شکۆمەندی خودا نەدا. تەنها بەدوای شکۆمەندی خۆیاندا دەگەڕان. هیچ ئیشیان بە ناوی بەدیهێنەرەکەیان نەبوو. بێ گومان، زۆر خەڵك لەو کاتە دیندار بوون، بەڵام ووشەی خودایان پشت گوێ خست. پێیان وابوو دەتوانن بگەن بە ئاسمان بە شێوازی خۆیان. بیری لێ بکەوە! تەنها پێنج سەد ساڵ لەپاش لافاوەکە، خەڵکی بۆ جارێکی تر بەکەیفی خۆیان دەکەن و پەروەردگار پشت گوێ دەخەن کە ژیان و هەناسەی پێیان بەخشیوە. وەك پیاوێك سەیارەکەی بشوات و پاشان بچێت لەناو قوڕ لێی بخوڕێ! (تەماشای ٢ پەترۆس ٢: ٢٢ بکە) مرۆڤ چەن دەبەنگ و خراپەکارە لەبەر ئەوەی دەیەوێ جودا لە خودا و ووشەی خودا بژێت!


باشە ئەی خودا چی کرد؟ ئایا پلانی خەڵکی پشت گوێ خست کە دەیانویست جودا لەو بژین؟ ئایا لەیاخی بووەکانی قبوڵ کرد؟ نەخێر، قبوڵی نەکرد! گوێ بگرە خودا چی کرد. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (پەیدابوون ١١) [٥] ئینجا خوداوەند هاتە خوارەوە بۆ بینینی شارەکە و تاوەرەکە، کە ئادەمیزاد دروستی دەکرد. [٦] خوداوەند فەرمووی: (ئەوەتا یەک گەل هەیە و یەک زمان هەیە بۆ هەموویان، ئەمەش سەرەتای دەستبەکارکردنیانە. ئێستاش هیچ شتێک لەلایان مەحاڵ نابێت، لەوەی مەبەستیانە بیکەن. [٧] وەرن با بچینە خوارەوە و لەوێ زمانیان بشێوێنین، تاکو کەسیان لە زمانی ئەوی دیکەیان نەگات.) [٨] ئینجا خوداوەند لەوێوە پەرتی کردن بەسەر هەموو زەویدا. ئیتر وازیان لە بنیادنانی شارەکە هێنا. [٩] لەبەر ئەمە ناونرا (بابل)، چونکە لەوێدا خوداوەند زمانی هەموو زەوی شێواند. هەر لەوێشەوە خوداوەند بەسەر هەموو ڕووی زەویدا پەرتی کردن.

بەم شێوەیە، دەبینین چۆن خودا پلانەکانی نەمرود و ئەوانەی تری تێك دا کە دەیان ویست شارێکی گەورە بۆ شکۆمەندی خۆیان دروست بکەن. تا ئەو کاتە، هەموو خەڵکی جیهان یەك زمان قسەیان دەکرد. بەڵام لەم ڕۆژەدا، خودا زمانیانی شێواند بۆ ئەوەی چی دی لە یەك نەگەن. لەبیرتانە خودا فەرمانی بە نەوەکانی نوح دا فەرمووی (زەوی پڕکەنەوە)، بە جیهاندا بڵاوببنەوە. بەڵام نەمرود و شوێنکەوتووانی ویستیان بە کەیفی خۆیان بکەن و خەڵکی هەموو جیهان لەیەك شوێن کۆ بکەنەوە. خودا نیازەکانیانی بەزاند بەوەی زمانی نوێیانی پێ بەخشی. بەم شێوەیە بوو خودا پەرتیانی کردەوە بەسەر ڕووی زەوی. لەبەر ئەمەشە ئێستا سەدان گەل و هەزاران زمان هەیە لە جیهان.

بێ گومان خودا ئیشێکی جوانی کرد بەتێکەڵ کردنی زمانەکانی جیهان. بیر بکەوە چەن زمان هەیە لە عێراق بەتەنها. ئای چەن مەزنە خودامان! کەس ناتوانێ دژ بە خودای بالادەست بڕوات و سەرکەوێ. وەك پەندی پێشینان دەڵێت، (بەری ڕۆژ بەبێژنگ ناگیرێ!) مرۆڤ هەوڵی ئەو شتە دەدا بەڵام خودا بەسەر دەکەوێ. ناوی ئەو شارە دەزانی کە مرۆڤ هەوڵی دروستکردنی دا بەیاخیگیری بەرامبەر خودا؟ بەڵێ، ناوی ئەو شارە بابلە. بابل مانای سەر لێشێوانە. دوور لە خودا و ووشەی خودا ژیان تەنها سەر لێشێوانە! ئەمە چیرۆکی شاری بابل و ئەو کەسانەن کە هەوڵیان دا ناوی خۆیان بەرز ڕابگرن. ئایا ئێمەش بە خەڵکی بابل دەچین؟ ئایا ئێمەش ناوی خۆمان بەرز ڕادەگرین؟ خودا پێمان دەڵێت ئەوە گوناهە. خوێنەری ئازیز، تۆ بەدوای بەرز ڕاگرتنی ناوی کێی؟ ناوی خۆت یان ناوی پیاوێکی تر؟ یاخود ناوی بەرپرسێکی سیاسیت؟ یان تۆ بەدوای بەرز ڕاگرتنی ناوی خودای پەروەردگار و تەنها ئەو؟ بەدوای ستایشی کێ دەگەڕێی؟ ستایشی مرۆڤ یاخود ستایشی خودا؟ یەك شت کە هیچ گومانی تیادا نییە. ئەو ستایشەی لەلایەن مرۆڤەوە بێت کۆتایی پێ دێت، بەڵام ئەو ستایشەی لەلایەن خوداوە بێت تاهەتا دەمێنێتەوە. ووشەی خودا دەفەرموێ: (هەموو مرۆڤێک وەک گژوگیا وایە و هەموو شکۆیەکەی وەک گوڵی دەشت وایە. گژوگیا وشک دەبێت و گوڵ هەڵدەوەرێ، بەڵام وشەی خوداوەند تاهەتایە دەمێنێ.) (١ پەترۆس ١: ٢٤)

ووشەکانی خودای پەروەردگارەوە دەزانی: (با دانا بە دانایی خۆی شانازی نەکات و پاڵەوان بە پاڵەوانێتی خۆی شانازی نەکات و دەوڵەمەند بە دەوڵەمەندی خۆی شانازی نەکات. بەڵکو شانازکار بەمە شانازی بکات، کە تێدەگات و من دەناسێت چونکە من خوداوەندم میهرەبانی و دادوەری و ڕاستودروستی لەسەر زەویدا دەکەم، چونکە خۆشی لەمانە دەبینم) (یرمیا ٩: ٢٣–٢٤)

لە وانەی داهاتوو، چاو خشانەوەیەك بەوی تا ئێستا خوێندومانە دەکەین. خوداش بەرەکەتی خۆیتان بەسەردا ببارێنێ کاتێ ئەمەتان بەبیر دێتەوە: (ئەوەی خۆی دەسەلمێنێت پەسەند نییە، بەڵکو ئەوەی خوداوەند دەیسەلمێنێت.) (٢ کۆرنسۆس ١٠: ١٨)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی نمرود و ئەوانەی لەگەڵی بوون ویستیان تاوەرێکی ئاوا بڵند بنیاد بنێن؟

٢. هۆی ئەو هەموو ناکۆکییە چییە لەناو خێزان و نەتەوەکانی جیهان؟

٣. ئەی خودا چی کرد؟ ئایا پلانی خەڵکی پشت گوێ خست کە دەیانویست جودا لەو بژین؟ ئایا لەیاخی بووەکانی قبوڵ کرد؟

٤. ناوی ئەو شارە دەزانی کە مرۆڤ هەوڵی دروستکردنی دا بەیاخیگیری بەرامبەر خودا؟

٥. ئایا ئێمەش بە خەڵکی بابل دەچین؟ ئایا ئێمەش ناوی خۆمان بەرز ڕادەگرین؟

٦. تۆ بەدوای بەرز ڕاگرتنی ناوی کێی؟ ناوی خۆت یان ناوی پیاوێکی تر؟ یاخود ناوی بەرپرسێکی سیاسیت؟ یان تۆ بەدوای بەرز ڕاگرتنی ناوی خودای پەروەردگار و تەنها ئەو؟

٧. بەدوای ستایشی کێ دەگەڕێی؟ ستایشی مرۆڤ یاخود ستایشی خودا؟

وانەی ١٧: چاوپێداخشانەوەی سەرەتا

پەیدابوون ١–١١

بۆ ئەم وانەی، بە پشتیوانی خودا پلانمان وایە چاوپێداخشانەوەیەك و کورت کردنەوەیەك بکەین بەوەی تا ئێستا خوێندومانەتەوە لە تەوراتی پێغەمبەر موسا. تەورات یەکەم بەشی نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەرانە. ئەم بەشەش زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی ئەو بنەمایەیە کە خودا خۆی داینـاوە، کە دەتوانین هەموو ئەو شتانەی گوێ بیستی دەبین پێ تاقی بکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین لە خوداوە هاتووە یان نا. تەورات پێنج سیپارەی یاخود بەشی هەیە، یەکەم سیپارە پێی دەوترێ پەیدابوون. پەیدابوون پێك هاتووە لە پەنجا بەش. لە وانەکانمان کە بەپێی کاتی ڕوودانە، گەیشتوینەتە بەشی یازدە.

لەبیرتە یەکەم ئایەت چی نووسراوە لە ووشەی خودا؟ با بیخوێنینەوە. دەفەرموێ: لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا. خودا پەروەردگاری تاهەتاییە. لەسەرتادا، کاتێ جیهان بوونی نەبوو، تەنها خودا بوونی هەبوو. خودا ئەو ڕۆحە تاهەتاییەیە کە سەرەتای نییە. لەبەر ئەوە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: لە سەرەتادا خودا!

لەپاشان، زانیمان چۆن خودا، هەزاران و هەزاران ڕۆحی تری دروست کرد پێش ئەوەی جیهان دروست بکات، و ناوی لێیان نا فریشتەکان. لەنێوان فریشتەکاندا یەك هەبوو کە لە هەمووان زیرەك تر و جوان تر بوو. ئەویش لوسیفیر بوو، کە خودا وەك سەرکردەی فریشتەکان داینابوو. بەڵام، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە ڕۆژێك هات و لوسیفیر شکۆمەندی خۆی کرد و بەسووکی تەماشای خودای کرد لەناو دڵی خۆی، و دەیویست شوێنی خودا بگرێتەوە. هەروەها زۆر لە فریشتەی تر بەدوای لوسیفیر کەوتن لە گوناهەکەی. لەبەر ئەوەش خودا، کە ناتوانێ لە گوناە ببورێ، لوسیفیر و فریشتە خراپەکارەکانی تری دەرکرد و ناوی لوسیفیر گۆڕی بۆ شەیتان، کە بە مانای درۆ وەست دێت. لەپاش ئەوەی خودا شەیتان و فریشتەکانی دەرکرد، ئاگری دۆزەخی بۆیان دروست کرد کە هەرگیز ناکوژێتەوە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ لە ڕۆژی دوایی دادوەری، خودای ڕاستودروست شەیتان و هەموو ئەوانەی شوێنی دەکەون فڕێ دەداتە ناو ئەو ئاگرەوە.

پاشان، خوێندمانەوە چۆن پەروەردگار ئاسمان و زەوی و هەموو ئەو شتانەی تێدایە بەدی هێنا بە شەش ڕۆژ بەبێ ئەوەی هیچ شتێك جگە لە ووشەی خۆی بەکار بێنی! خودا هەموو شتێکی بۆ مرۆڤ بەدی هێنا کە پلانی دروستکردنی هەبوو بۆ خۆشی و شکۆمەندی خۆی. مرۆڤ گرنگترین بوونەوەرە کە خودا دروستی کردووە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەسەر وێنەی خودا دروست کراوە. خودا دەیوست پەیوەندییکی قوڵ و بە مانای لەگەڵ مرۆڤ هەبێ. لەبەر ئەوە خودا لە گیانی مرۆڤ بیرێکی زیرەکی دانا بۆ ئەوەی توانای خودا ناسینی هەبێ، هەروەها خودا دڵێکی بە مرۆڤ بەخشی بۆ ئەوەی بتوانێ خودای خۆش بوێ، و کردی بە خاوەن ئیرادەیکی ئازاد بۆ ئەوەی بۆ خۆی هەڵبژێرێ ئایا بەگوێ خودا بکات یان نا.

لە بەشی دووەمی تەورات، خوێندمانەوە کە خودا باخچەکانی بەهەشتی (عەدەن) لەسەر زەوی چاند. ئەو مرۆڤەی لێ دانا کە بەدی هێنابوو، ئەویش ئادەم بوو. خودا بە چاکی خۆی هەموو شتێکی بە ئادەم بەخشی بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئاشتی و خێروخۆشی بژێ.

هەروەها لەو ڕۆژەی خودا ئادەمی بەدی هێنا، خودا پێی فەرموو، (تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت.) (پەیدابوون ٢: ١٦، ١٧) بۆیە، زانیمان چۆن خودا تاقیکردنەوەیکی ساکاری لە بەردەم ئادەم دانا. خودا دەویست پەیوەندییکی بەمانا لەگەڵ ئەو مرۆڤە ببەستێ کە دروستی کردبوو. بۆیە خودا تاقیکردەوە و دەسەڵاتی ئەوەی پێ دا کە هەڵبژێرێ ئایا بای ئەوەندە خودای خۆش دەوێ کە بەگوێ بکات، یان بەگوێ نەکات.

هەروەها ئەوەمان خوێندەوە کە لەو ڕۆژەی خودا ئادەمی بەدی هێنا، خودا دیارییکی سەرسوڕهێنەری پێ بەخشی، ئەویش ژنێك بوو! خودا ئەو ژنەی لە پەراسوویەکی ئادەم دروست کرد و پاشان پێشکەشی ئادەمی کرد. ناوی لێ نا حەوا. بۆیە، لە ماوەی شەش ڕۆژدا

خودا کارەکەی تەواوکرد. بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خودا بینی ئەوەتا هەموو ئەوەی کە دروستی کردبوو زۆر باش بوو. (پەیدابوون ١: ٣١) لە ڕۆژی حەفتەمدا خودا پشووی دا واتا لە کاری بەدی هێنان ڕاوەستا، خۆشحاڵی نوان لەنێو هەموو ئەو شتانەی بەدی هێنابوون.

لە بەشی سێیەم، خوێندمانەوە چۆن گوناە هاتەناو جیهانمانەوە. نووسراوە پیرۆزەکان پێمان نیشان دەدات چۆن ڕۆژێکیان، کاتێ ئادەم و حەوا لە نزیکی ئەو دارەبوون کە خودا لێیانی قەدەغەکردبوو، شەیتان وەک مارێکی زۆرزان هات و پێیانی ووت، (ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: (بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟) ئافرەتەکەش بە مارەکەی وت: (بۆمان هەیە لە بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین، بەاڵم خودا فەرمووی، (پێویستە لە بەری ئەو دارە نەخۆن، کە لە ناوەڕاستی باخچەکەیە، هەروەها بۆتان نییە دەستی لێ بدەن، ئەگینا دەمرن.)) مارەکە بە ئافرەتەکەی وت: (نا بە ڕاستی نامرن، چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەک خوداتان لێ دێت، ئەو کاتە چاکە و خراپەش دەزانن.) (پەیدابوون ٣: ١–٥)

بەم شێوەیە، بینیمان چۆن شەیتان دژی ووشەی خودای کرد! خودا چی بە ئادەم و حەوا فەرموو بوو گەر بێت و لەو دارە بخۆن ئەوەی قەدەغەی کردبوو؟ فەرمووی: (دەمرن!) و شەیتان چی ووت؟ ووتی: (نامرن!) ئادەم و حەوا ووشەی کێیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی باوەڕی پێ بکەن و بە شوێنی بکەون: ووشەی خودا یاخود ووشەی شەیتان؟ ئایا، نووسراوە پیرۆزەکان تۆمار دەکات کە ئادەم و حەوا باوەڕیان بە ووشەی شەیتان هەڵبژارد وە لە مێوەی ئەو دارەیان خوارد کە خودا لێیانی قەدەغە کردبوو؟ شەیتان حەوای فریو دا بۆ ئەوەی گوناە ئەنجام بدات. ئادەم بەویستی خۆی بەگوێ نەکردنی ڕاسپاردەی خودای هەڵبژارد و بەدوای شەیتان کەوت. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: لەبەر ئەمە، چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناە هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد. (ڕۆما ٥: ١٢)

لە دەرئەنجام ئەوە، خودا ئادەم و حەوای دەرکرد لە باخچەی بەهەشت، هەروەک پێشتر فەرمووی. بەاڵم پێش ئەوەی دەریان بکات، خودا بەڵێنی دا ڕزگاری دەرێک بنێرێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە هێزی شەیتان و گوناە و مردن! بۆ جێگیرکردنی ئەو بەڵێنەش، خودا چەن ئاژەڵێکی کوشتەوە و جل و بەرگی لە پێستەکەی دروست کرد و ئادەم و حەوای پێ داپۆشی. بەمانای ئەو قوربانی ئاژەاڵنە، خودا ئادەم و حەوای فێر دەکرد کە کرێی گوناە مردنە هەروەها کە لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. (ڕۆما ٦: ٢٣ و عیبرانیەکان ٩: ٢٢)

لە بەشی چوارەم، چیرۆکی هەردوو یەکەم کوڕی ئادەممان خوێندەوە، قابیل و هابیل. باسمان کرد چۆن هابیل بەرخێکی بێ تاوانی پێشکەش بە خودا کرد، کوشتیەوە وەک قوربانییەک بۆ گوناە، هەروەک چۆن خۆدا بۆ باوک و دایکی کرد. بەاڵم قابیل هەوڵی دا بە شێوەی خۆی لە خودا نزیک بێتەوە، بە هێنانی بەروبوومی ئەو خاکەی کە خودا نەفرەتی لێ کردبوو. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: جا هابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند بوو. بەاڵم قابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند نەبوو. (پەیدابوون ٤: ٤، ٥) خودا بانگی قابیلی کرد بۆ ئەوەی دان بنا و تۆبە بکات و ڕێگای ڕاستودروستی خودا قبوڵ بکات، بەاڵم قابیل تورە بوو و هابیلی برا بچووکی کوشت.

لەپاشان، خودا منداڵێکی تری دا بە ئادەم و حەوا، کە ناوی شیت بوو. شیت، وەک هابیل، باوەڕی بە خودا هەبوو و لێی نزیک بووەوە بە خوێنی قوربانییەک، بۆیە، زانیمان کە دوو توخم بوونە نەوەی ئادەم، کە ئەویش بەرەی قابیل و بەرەی شیت. بەرەی قابیل باوەڕیان بە خودا نەبوو. بەاڵم لەنێوان بەرەی شیت باوەڕدار بە خودا هەبوو. یەک لەو باوەڕدارانە، کە لە بەرەی شیت بوو، ناوی خەنۆک بوو. خەنۆک لەگەڵ خودا ڕۆیشت لە چەرخێکی گەندەڵدا. خەنۆکیش نەوەی نەوەیێکی هەبوو ناوی نوح بوو. لە ڕۆژگارەکانی نوح، خودا مەبەستی سڕینەوی نەوەکانی ئادەمی بە لافاوێک لەسەر ڕووی زەوی هەبوو لەبەر بەد ڕەوشتییان. لەو چەرخە بەد ڕەوشتەدا، تەنها نوح باوەڕی بە خودا هەبوو. لەبەر ئەوەش بوو خودا پێی فەرموو کەشتیێکی گەورە دروست بکات کە دەبێتە پەناگەێک بۆ خۆی و خێزانەکەی و زۆر لە ئاژەاڵن، بۆ هەر کەسێک واز لە گوناهەکەی بێنێت و باوەڕ بە ووشەی خودا بێنێت. بۆ ماوەی سەد ساڵ، خودا زۆر بەئارامیەوە لەسەر گوناهباران ڕاوەستا لەکاتێکدا نوح خەریکی دروستکردنی کەشتیەکە بوو. بەاڵم کەس تۆبەی

لە گوناهەکەی نەکرد تا ئەو خاڵەی باوەڕ بە پەیامی خودا بێنن، جگە لە نوح و خێزانەکەی نەبێت. بۆیە لە کۆتاییدا، خودا هەموو شتێکی کرد کە بەڵێنی پێ دابوو. دادوەری هەموو ئەوانەی کرد کە باوەڕیان بە ڕاستی نەهێنا. هەموویان لە لافاوەکە لەناوچوون تەنها نوح و خێزانەکەی نەبێت.

نوح سێ کوڕی هەبوو: حام و سام و یافەت. هەموو مرۆڤی جیهان لە نەوەی ئەم سێ پیاوەن. بەڵام بینیمان چۆن نەوەکانیان زۆر زوو خودا و ووشەی خودایان لەیاد چوو. لە وانەی ڕابردوومانداو، فێربووین چۆن نەمرود و ئەوانەی لەگەڵی بوون پلانیان هەبوو کە هەموو خەڵکی جیهان لەیەك شوێن خڕکەنەوە و شارێکی گەورە و تاوەرێك بنیاد بنەن لەیاخی بوونیان دژ بە خودا. بەڵام خودا زمانەکانیانی شێواند و پەرتیانی کردەوە لەسەر زەوی. شارەکەش بەناوی بابل ناسرا، بە واتای سەرلێشێواوی دێت. ئەمە بەکورتی دیراسەتەکەمان بوو لە سیپارەی پەیدابوون تا ئێستا، لە بەشی یەکەوە تا یازدە.

چۆن دەتوانین پەندەکانی ئەم چیرۆکانە کورت بکەینەوە؟ خودا دەیەوێ چیمان فێربکات لەوەی ڕویدا لەسەرەتاوە؟ پەندی زۆری تێدایە بۆ فێربوون، بەڵام بۆ ئەم وانە تەنها کاتی ئەوەمان هەیە دوویان ڕوون بکەینەوە. یەکەمیان ئەوەیە کە مرۆڤ ناڕاستودروستە. وا ئەوە ڕاستییەی تریش ئەوەیە خودا ڕاستودروستە!

لە دیراسەتەکانماندا، دووبارە و دووبارە ناراستودروستی مرۆڤان بینی. یەکەم جار بینیمان لە باخچەکانی بەهەشت (عەدەن)، کاتێ ئادەم مێوەی ئەو دارەی خوارد کە خودا قەدەغەی کردبوو. دووبارە لە قابیل بینیمان، یەکەم کوڕی ئادەم، ئەوەی کە ڕەتی کردەوە بەدوای ڕێگای قوربانی بکەوێ کە خودا دایمەزراندووە. هەمان ناڕاستودروستیمان لە نەوەکانی قابیل بینی، لە خەڵکی نەوەی نوح، ئەوانەی هەوڵیان دا تاوەری بابل دروست بکەن. بەکورتی، چیرۆکی نەوەکانی ئادەم ئەمەیە: مرۆڤ ناڕاستودروستە! هەروەك نووسراوە لە نووسراوە پیرۆزەکان: هەموو لایەن لە ژێر گوناهن...کەس ڕاستودروست نییە، تەنانەت یەکێکیش... هەموو ڕوویان وەرگێڕا و پێکڕا بێ سوود بوون. کەس نییە چاکە بکات، تەنانەت یەکێکیش نییە. (ڕۆما ٣: ٩، ١٠، ١٢)


هەروەك ناراستودروستی مرۆڤمان بینی، هەروەها ڕاستودروستی خودامان بینی. نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کە، خودا ڕووناکییە، هیچ تاریکی تێدا نییە. (١یۆحەنا ١: ٥) ڕاستودروستی خودامان بینی کاتێ لوسیفیری دەرکرد لەبەر شانازی و یاخی بوونی. دووبارە بینیمانەوە کاتێ ئادەم و حەوای دەرکرد لەبەر بەگوێ نەکردنی خودا. پاشان، خودا ڕاستودروستی خۆی بەدەرخست بە بەڵێن دانی ناردنی ڕزگاری دەرێکی پیرۆز کە قەردی گوناهی نەوەکانی ئادەم بداتەوە. هەروەها، خەسڵەتی ڕاستودروستی خودامان بینی لە یاساکەی کە دەفەرموێ: لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. (عیبرانیەکان ٩: ٢٢) خودا ڕاستودروستی خۆی نواند کاتێ هابیلی قەبوڵ کرد لەبەر خوێنی بەرخەکە، و قابیلی قەبوڵ نەکرد، ئەوەی گاڵتەی بە ڕێگای خودا بۆ لێ بوردن کرد. خەسڵەتی ڕاستودروستی خودامان لە کاتی نوح بینی، کاتێ لەپاش ئەوەی سەد ساڵ ماوەی دا بە مرۆڤ بۆ ئەوەی تۆبە بکەن، لافاوێکی نارد بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی ڕێگای ئەو ڕەت دەکەنەوە لەناو بەرێ. وە لە دواییین دیراسەتماندا، بینیمان چۆن خودا ڕاستودروستی خۆی ئاشکرا کرد بە شێواندنی زمانی شاری بابل کە یاخی بووبوون دژ بە خودا.

بەڵێ، خودا ڕاستودروستە و دەبێ دادوەری خەڵك بکات بە گوێرەی پێوەری ڕاستودروستی خۆی! گوناهباری ناڕاستودروست ناتوانن لێی نزیك ببنەوە لەسەر بنەمای (کردەوە چاکەکانی) خۆیان. خودا دەبێت دادوەری و ئیدانەی هەموو شتێك بکات کە لەگەی گوناهی پێوەیە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خودامان ئاگرێکی سووتێنەرە...خوداوەند حوکم بەسەر گەلی خۆی دەدات. کەوتنە ناو دەستی خودای زیندوو ترسناکانە. (عیبرانییەکان ١٢: ٢٩ و ١٠: ٣٠، ٣١)

لەبەر ئەوە، لە یازدە بەشی یەکەمدا لە تەورات، خودا ڕاستتیە گرنگەکەی سەبارەت بە ڕاستودروستی بێ پایانی خۆی ئاشکرا کردووە. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە مرۆڤی ناڕاستودروست هیچ هیوایێکی نییە کە لەلایەن خوداوە قبوڵ بکرێت؟ نەخێر، ستایش بۆ خودا، هیوا هەیە بۆ گوناهباران! خودا بە نیعمەتی خۆی، ڕێگایێکی ئاشکرا کردووە کە نەوە ناڕاستودروستەکانی ئادەم بتوانن بێن بە ڕاستودروست بەرامبەری! ڕێگای ڕزگاربوون دەناسی کە خودا بۆ گوناهباران دایمەزراندووە؟ ئەگەر تا ئێستا لە ڕێگای ڕاستودروستی خودا تێ

ناگەی، داواتت دەکەین لەگەڵمان بیت بۆ وانەکانی داهاتوو کە دیراسەتی پێغەمبەر ئیبراهیم دەکەین کە پێی دەوترا دۆستی خودا. لە چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەکەی ئیبراهیم دەبینین چۆن کەسانی ناڕاستودروست دەتوانن ببن بە ڕاستودروست بەرامبەر خودا.

با خودا بەرەکەتی خۆی بە سەرتاندا ببارێنێ کاتێ بیر لەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە دەکەن. لە یادتان بێت ووشەی خودا دەفەرموێ:
چونکە هەرچی لەپێشا نووسراوە، بۆ فێربوونمان نووسراوە، تاکو بە دانبەخۆداگرتن و هاندانی نووسراوەکان هیوامان هەبێت.
(ڕۆما ١٥: ٤)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. چۆن دەتوانین پەندەکانی ئەم چیرۆکانە کورت بکەینەوە؟ خودا دەیەوێ چیمان فێربکات لەوەی ڕووپدا لە سەرەتاوە؟

٢. خودا چی بە ئادەم و حەوا فەرموو بوو گەر بێت و لەو دارە بخۆن ئەوەی قەدەغەی کردبوو؟ فەرمووی: (دەمرن!) و شەیتان چی ووت؟

٣. ئەی تۆش باوەر چیت دەهێنایت، ووشەی خودا یاخود ووشەی شەیتان؟

٤. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە مرۆڤی ناڕاستودروست هیچ هیوایکی نییە کە لەلایەن خوداوە قبوڵ بکرێت؟

٥. ڕێگای ڕزگاربوون دەناسی کە خودا بۆ گوناهباران دایمەزراندووە؟

وانەی ١٨: بۆچی خودا بانگی ئیبراهیمی کرد

پەیدابوون ١١ و ١٢

لە وانەکانی ڕابردوومانداو، دەربارەی خودا و ڕێگای ڕاستودروستی خودا فێردەبووین. دەربارەی ئادەم و حەوامان زانی، قابیل و هابیل، شیت و خەنۆك، نوح و خەڵکی ئەو کاتەی خۆی، و نەمرود و تاوەری بابل. تەنها چەن کەسێك لە گەورە باپیرانمان بەدوای خودا و ڕێگای ڕاستودروستی خودا کەوتن، زۆربەیان بەدوای شەیتان و ڕێگا ناڕاستودروستەکەی کەوتن.

بۆ ئەم وانە گەیشتینە چیرۆکی پیاوێك کە ناوی زۆر ناسراوە لە ووشەی خودا، ئەو پیاوەی کە جێگایکی زۆر گرنگی هەبوو لە پلانی خودا بۆ ڕزگارکردنی نەوەکانی ئادەم. نووسراوی پیرۆز ئاماژە بەم پیاوە وەك (دۆستی خودا) دەکات و (باوکی باوەڕداران). دەزانی ئەوە کێیە؟ پێغەمبەری خودا ئیبراهیم. نووسراوە پیرۆزەکان زۆر باسی ئیبراهیم دەکات. ناوی زیاتر لە سێ سەد جار لە نووسینەکانی پێغەمبەران هاتووە. لەبەر ئەوە بۆ ئەمڕۆ و وانەکانی داهاتوومان، بەناو نووسراوە پیرۆزەکاندا دەگەڕێین بۆ ئەوەی بزانین چیمان فێردەکات سەبارەت بەم پیاوە کە ناونرابوو (دۆستی خودا). ئەمڕۆ نیازمان وایە سەرنجی سەرەتای چیرۆکی ئیبراهیم بدەین، بۆ ئەوەی بزانین چۆن خودا بانگی کرد بۆ ئەوەی شوێنی بکەوەی، و بۆچی بانگی کرد.

پێش ئەوەی دەس پێ بکەین، پێویستە بزانن کە ئیبراهیم ناوی ئیبراهیم نەبوو یەکەم جار، بەڵکو ناوی ئەبرام بوو. دوو وانەی تر دەبینین بۆچی خودا ناوی ئەبرامی گۆڕی بۆ ئیبراهیم. بەڵام بۆ ئەمڕۆ، با ئەوەمان لەیاد بێت کە ئیبراهیم یەکەم جار پێی دەوترا ئەبرام. لە بەشی یازدەی سیپارەی پەیدابوون، دەزانین کە ئەبرام لە نەوەی سام بوو. سام و حام و یافەت لەبیرە؟ هەر سێ کوڕەکەی نوح. لە نێوان سام و ئەبرام، دە پشت هەبوو، هەروەك چۆن دە پشت هەبوو لەنێوان ئادەم و نوح. باوکی ئەبرام ناوی تارەح بوو. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: تارەح ئەبرام و ناحۆر و هارانی بوو. هارانیش لۆتی بوو. (پەیدابوون ١١: ٢٧) لۆت کوڕی براگەورەی ئەبرام بوو. باوکی لۆت مردبوو. ناوی ژنەکەی ئەبرامیش سارەی بوو. سارەی نەزۆك بوو و منداڵی نەبوو. (پەیدابوون ١١: ٣٠) ئەبرام و سارەی هەمان باوکیان هەبوو بەڵام دایکیان جیاوازبوو.

ئەبرام لە شارێك دەژیا ناوی ئوورای کلدانییەکان بوو، کە ئێستا بە عێراق دەناسرێ. ئەم شارە زۆر دوور نەبوو لەو شوێنەی نەمرود هەوڵی دا شاری بابل و تاوەرە بڵندەکەی بنیاد بنێ. خەڵکی ئەو خاکە بت پەرست بوون. وەك هەموو نەوەکانی ئادەم، ئەبرامیش لە تاریکی گوناهدا لەدایك بووبوو. ئەبرام و باوکی خودای ڕاستەقینەیان نەدەناسی.

نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە ڕۆژێك پەروەردگار خودا خۆی دەرخست بۆ ئەبرام و لەگەڵی دوا. پێویستە ئەوە بزانین کە کاتی خۆی، خودا جاروبار لەگەڵ خەڵك بەڕاستەوخۆیی دەدوا، لەبەر ئەوەی هێشتان نووسینەکانی پێغەمبەرانیان نەبوو. ئەمڕۆ خودا لە ڕێگای نووسراوە پیرۆزەکانەوە لەگەڵ خەڵك دەدوێ. لەبەر ئەوە چی دی پێویستمان بەو ووشانە نییە کە لە ئاسمانەوە دەبیسترێ، یاخود بینین، یان فریشتەکان بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاستودروستی خودا بناسین. کاتێ بەووردی بیر لە نووسراوە پیرۆزەکان دەکەینەوە، ئەوا گوێ لە دەنگی خودا دەگرین.

با ئێستا بزانین خودا چی بە ئەبرام فەرموو. لە بەشی دوازدە، ئایەتی یەکەم دەخوێنینەوە: خوداوەند بە ئەبرامی فەرموو: (لە خاکە کەت و لە کەسوکارەکەت و لە ماڵی باوکتەوە بەجێبهێڵە و بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت دەدەم. (پەیدابوون ١٢: ١) ئایا دەزانی خودا چی بە ئەبرام ڕاسپارد؟ بە ئەبرامی فەرموو ماڵی باوکی خۆی بەجێ بێڵێ، و ماڵ ئاوایی لە خزمەکانی بکات و وڵاتی خۆی بەجێ بێڵێ و بەرەو وڵاتێك بڕوات کە خودا پێی پشانی دەدات. بە گوێرەی بیرکردنەوەی مرۆڤ، ئەوەی خودا لە ئەبرامی داوا کرد زۆر زەحمەت بوو، بەڵام خودا پلانی هەبوو ئەبرام زۆر پیرۆز بکات.

با دووبارە ئەم ئایەتە و هەردوو ئایەتی پاش ئەوە بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی بزانین بۆچی خودا داوای لە ئەبرام کرد ماڵی خۆی بەجێ بێڵێ و بەرەو وڵاتێکی تر بڕوات.

خوداوەند بە ئەبرامی فەرموو: (لە خاکەکەت و لە کەسوکارەکەت و لە ماڵی باوکتەوە بەجێبهێڵە بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت دەدەم. [٢] (جا دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن و بەرەکەتدارت دەکەم و ناوت مەزن دەکەم و دەبیتە بەرەکەت. [٣] ئەوانەی داوای بەرەکەتت بۆ دەکەن بەرەکەتداریان دەکەم و نەفرەتیش لە نەفرەتکارانت دەکەم. هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بە هۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.) (پەیدابوون ١٢: ١–٣)

بۆچی خودا ئەبرامی ڕاسپارد بۆ وڵاتێکی تر بڕوات؟ لەبەر ئەمە: خودا پلانی وابوو لە ئەبرام نەتەوەیکی نوێ بێنێتە دی کەوا پێغەمبەرانی خودا و ڕزگاری دەری جیهانی لێوە هەڵسێ. لەبەر ئەوە خودا بەڵێنی بە ئەبرام دا و فەرمووی، (جا دەتکەم بە نەتەوەیە کی مەزن.... دەبیتە بەرەکەت.... هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بە هۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.)

ئالێرەدا ڕاستیێکی گرنگ هەیە. لێی تێ دەگەی؟ خودا ئەبرامی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێت بە باپیرە گەورە کەوا ئەو ڕزگاری دەرە بەڵێن پێ دراوەکە لێی دێتە جیهانەوە. چارەنووسی ئەم ڕزگاری دەرە وابوو ببێتە ڕزگاری دەری هەموو خەڵکی جیهان، بۆ ئەوەی هەر کەسێك باوەڕی پێ بێنی، ڕزگاری بێت لە دەسەلاتی گوناە و شەیتان، و لە ئاگری تاهەتایی. بۆیە، دەبینین کاتێ خودا بانگی ئەبرامی کرد، ئەوا بەردەوام بوو لە پلانەکەی بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە بۆ جیهان. خودی ئەبرام ڕزگاری دەرەکە نەبوو، بەڵام دەبوایە ببێت بە باوکی نەتەوەیەك کەوا ئەو ڕزگاری دەرە بەڵێن پێ دراوەکە لێی دێت.

ئەوە ئەو بەڵێنە بوو کە خودا لەگەڵ ئەبرامی بەستا – بەو مەرجەی وڵاتی خۆی بەجێ بێڵێ و بەرەو ئەو شوێنە بڕوات کە خودا پێی پشان دەدات. ئایا ئەبرام بەگوێی خودای کرد؟ تۆ چی دەڵێی؟ ووشەی خودا دەفەرموێ: ئیتر ئەبرام ڕۆیشت هەروەک خوداوەند پێی فەرموو، ڵوتیش لەگەڵیدا ڕۆیشت. ئەبرام لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا بوو کە لە حاران دەرچوو. ئەبرام سارەیی ژنی و ڵوتی برازای و هەموو ئەو دەستکەوتانەی دەستیان کەوتبوو، لەگەڵ ئەو کەسانەی لە حاران بەدەستیان هێنابوو، لەگەڵ خۆیدا بردنی، جا دە ڕچوون و بۆ زەوی کەنعان ڕۆیشتن. ئیتر هاتنە زەوی کەنعان. (پەیدابوون ١٢: ٤–٥)

بۆچی ئەبرام بەگوێی خودای کرد، و پشتی لە ماڵی باوکی و ئاینەکەی کرد؟ تەنها یەك هۆ هەیە. ئەبرام متمانەی بە خودا هەبوو. ئەبرام نەیدەزانی بەرەو کوێ دەڕوات بەڵام باوەڕی بە ووشەی پەروەردگار هەبوو کە فەرمووی، (دەرچۆ! ئەگەر بڕۆی، ئەوا زۆر پیرۆزت دەکەم!) ئەبرام متمانەی بە خودا هەبوو و وڵاتی خۆی بەجێ هێشت هەروەك پەروەردگار خودا پێی فەرموو. خوداش بە دڵسۆزی خۆی، بەرەو خاکی کەنعانی برد، کە ئێستا پێی دەوترێ فەلەستین یان ئیسرائیل.

پاشان، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئەبرام بە زەوییەکەدا تێپەڕی.... ئەو کاتە کەنعانییەکان لە زەوییەکەدا بوون. جا خوداوەند بۆ ئەبرام دەرکەوت و فەرمووی: (ئەم زەوییە دەدەمە نەوەی تۆ. (پەیدابوون ١٢: ٦–٧) بەم شێوەیە دەڕوانین کە خودا، ئەوەی کە بەڵێنی بە ئەبرام دابوو بیکات بە باوکی گەلێکی نوێ، هەروەها بەڵێنی خاکێکی نوێی پێ دا. ئەوەش مەبەستی خودا بوو کاتێ بۆ ئەبرام بەدەرکەوت و بەڵێنی پێ دا و فەرمووی: (ئەم زەوییە دەدەمە نەوەی تۆ.)

دووبارە شتێك دەبینین کە لە دانایی مرۆڤ تێدەپەڕێ. خاکی کەنعان خەڵکی تێدا دەژیا. چۆن ئەبرام و نەوەی دەبنە خاوەنی؟ تەمەنی ئەبرام حەفتا و پێنج ساڵ بوو. تەمەنی ژنەکەشی شەست و پێنج ساڵ بوو. ئایا دوو کەسی پیر دەتوانن ببن بە خاوەنی منداڵ و نەوەیان ئەو خاکە پڕ بکاتەوە؟ چۆن ئەمە دەبێت؟

با هەوڵ بدەین بەڵێنی خودا بۆ ئەبرام بێنینە بەرچاو. وەك ئەوە وایە کابرایێکی پیر هیچ منداڵی نەبێت و لە خاکێکی دوورە و بێتە کوردستان. لەگەڵ ژنە پیرەکەی بێت، کە هەرگیز منداڵی نابێ. کاتێ دەگەن، یەکێك پێیان دەڵێت، (ڕۆژێك لە ڕۆژان، خۆت و نەوەکەت دەبنە خاوەن هەموو کوردستان!) پیاوە پیرەکە پێدەکەنێ و دەڵێت، (تۆ زۆر عەنتیکەی! نەوەی من دەبنە خاوەن ئەم خاکە؟ من هیچ نەوەم نییە! پیاوێکی پیرم، منداڵم نییە، و ژنەکەشم نەزۆکە – و تۆش هاتووی و دەڵێی کە نەوەی من زیاد دەکەن و دەبنە خاوەن کوردستان؟ کابرا تۆ تێك چووی؟)

ڕەنگە ئەم ڕوون کردنەوەیە تۆزێ بێ مانا بێت، بەڵام ئەم جۆرە بەڵێنە بوو خودا بە ئەبرامی دا — کە پیاوێکی پیر و جاغ کوێر بوو، و ژنەکەشی نەزۆك بوو. بجێنەوە لە بەشی سێزدە خودا چ بەڵێنێکی بە ئەبرام دا. فەرمووی، (چونکە هەموو ئەو زەوییەی دەیبینیت دە یدەمە تۆ و نەوەی تۆ تاهەتایە. نەوەشت وەک خۆڵی زەوی لێ دەکەم، تاکو ئەگەر یەکێک توانی خۆڵی زەوی بژمێرێت، ئەوا نەوەی تۆش دەژمێردرێت. برۆ، بە درێژی و پانی زەوییەکەدا هاتوچۆ بکە، چونکە دەیدەمە تۆ.) (پەیدابوون ١٣: ١٥–١٧)

ئایا خودا بەڵێنەکەی خۆی هێنایە دی؟ ئایا ئەبرامی کرد بە نەوەیەکی گەورە؟ ئایا خاکی فەلەستینی دا بە نەوەی ئەبرام؟ بەڵێ بێ گومان! لە وانەکانی داهاتوودا دەزانین کە ئەبرام بوو بە باوکی نەوەی جولەکە کە خودا ئەو خاکەی داپێیان کە ئەمڕۆ ناوی ئیسرائیلە.


پاشان نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئەویش لەوێدا قوربانگایەکی بۆ خوداوەند دروست کرد کە بۆی دەرکەوتبوو. لەوێشەوە گواستیەوە بۆ چیاکەی ڕۆژهەڵاتی (بێت ئێل) و چادرەکەی خۆی هەڵدا.... لەوێدا قوربانگایەکی بۆ خوداوەند دروست کرد و بە ناوی خوداوەندەوە نوێژی کرد. (پەیدابوون ١٢: ٧، ٨) یەکەم شت چی بوو ئەبرام کردی، کاتێ گەیشتە خاکی ولاتی نوێ کە خودا بەڵێنی پێ دابوو؟ ئاژەڵێکی کوشتەوە و سووتاندی لەسەر ئەو قوربانیگایەی کە دروستی کردبوو. هەروەك هابیل و شیت و خەنۆك و نوح، ئەبرام بە هەمان شێوە قوربانی ئاژەڵی پێشکەش بە خودا کرد. بۆچی ئەبرام وای کرد؟ لەبەر ئەوەی هێشتا خودا یاساکەی پشت گوێ نەخستووە و نەگۆڕیوە کە دەفەرموێ: (لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت!) (عیبرانیەکان ٩: ٢٢) ئەبرامیش، وەك هەموو نەوەکانی ئادەم گوناهبار بوو. تاکە هۆی ئەوەی خودا لە گوناهەکانی ئەبرام چاوپۆشی بوو لەبەر ئەوە بوو ئەبرام باوەڕی بە خودا هێنا و خوێنی قوربانیێکی پێشکەش کرد، کەوا هێمایێك بوو بۆ ڕزگاری دەرە پیرۆزەکە کەوا دەهاتە جیهانەوە بۆ ئەوەی لەباتی گوناهباران بمرێت.

ئەوەی ئەمڕۆ دیراسەتمان کرد زۆر گرنگە و پێویستە لەبیری نەکەین. ئێستا تێ دەگەی بۆچی خودا داوای لە ئەبرام کرد پشت لە مالّی باوکی بکات و بەرەو ولاتێکی تر بڕوات؟ بەڵێ، خودا نیازی وابوو لە ئەبرام نەوەیەکی نوێ دروست بکات، کەوا دەبێتە (دەرگای بەرەکەت) بۆ هەموو خەڵکی جیهان. ئەو پلانەی خودا دانیابوو بۆ ئەبرام بەشێك بوو لەو پلانە جوانەی خۆی کە لە باخچەکانی بەهەشت ئاشکرای کردبوو لەو ڕۆژەی باپیرە گەورانمان ئادەم و حەوا گوناهیان ئەنجام دا. لەبیرتە چۆن خودا بەڵێنی دا کە یەکێك دێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی نەوەی ئادەم لە هێزی شەیتان ڕزگار بکات؟ لەپاش دوو هەزار ساڵ، و لەکاتی ئەبرام، خودا بەڵێنەکەی خۆی لەیاد نەکردووە.

فێربووین چۆن خودا، بە دڵسۆزی خۆی بانگی ئەبرامی کرد بۆ ئەوەی ببێت بە باوکی نەتەوەیێك کە ڕزگاری دەرە بەڵێن پێ دراوەکە لێوەی دێتە جیهان. لەبەر ئەوە بوو خودا بەڵێنی بە ئەبرام دا و فەرمووی، (دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن و بەرەکەتدارت دەکەم و ناوت مەزن دەکەم و دەبیتە بەرەکەت. ئەوانەی داوای بەرەکەتت بۆ دەکەن بەرەکەتداریان دەکەم و نەفرەتیش لە نەفرەتکارانت دەکە م. هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بە هۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.) (پەیدابوون ١٢: ٢، ٣)

لە وانەی ئەمڕومان تێ گەیشتی؟ با بە دوو پرسیار ئەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە کورت بکەینەوە. یەکەم: بۆچی خودا داوای لە ئەبرام کرد مالّی خۆی بەجێ بێڵێ و بڕواتە ولاتێکی تر؟ لەبەر ئەوەی خودا پلانی هەبوو نەوەیەکی نوێ لە ئەبرام دروست بکات. دووەم: بۆچی خودا ویستی نەوەیێکی نوێ لە ئەبرام دروست بکات؟ لەبەر ئەوەی لە ڕێگای نەتەوەی ئەو بوو خودا پلانی وابوو پێغەمبەرانمان و نووسراوە پیرۆزەکان و خودی ڕزگاری دەرە پیرۆزەکەمان پێ ببەخشێ. بۆیە بەکورتی، دەبینین کاتێ خودا بانگی ئەبرامی کرد، خودا لە پلانەکەی بەردەوام بوو بۆ ئەوەی ڕزگاری دەرەی گوناهباران بێنێتە جیهانەوە.

بۆ وانەی داهاتوومان، فێردەبین بۆچی ئەبرام ناوی نرا (دۆستی خودا). خوداش بەرەکەتی خۆی بەسەرتاندا ببارێنێ کاتێ بیر لە بەڵێنەکەی بۆ ئەبرام دەکەن: (دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن و بەرەکەتدارت دەکەم.... هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بە هۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.) (پەیدابوون ١٢: ٢، ٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. خودا چی بە ئەبرام ڕاسپارد؟

٢. بۆچی خودا ئەبرامی ڕاسپارد بۆ ولاتێکی تر بڕوات؟

٣. ئالیرەدا ڕاستییەکی گرنگ هەیە. لێی تێ دەگەی؟

٤. ئایا ئەبرام بەگوێی خودای کرد؟ تۆ چی دەلێی؟

٥. بۆچی ئەبرام بەگوێی خودای کرد، و پشتی لە ماڵی باوکی و ئاینەکەی کرد؟

٦. خاکی کەنعان خەکلی تێدا دەژیا چۆن ئەبرام و نەوەی دەبنە خاوەنی؟

٧. ئایا دوو کەسی پیر دەتوانن ببن بە خاوەنی منداڵ و نەوەیان ئەو خاکە پڕ بکاتەوە؟ چۆن ئەمە دەبێت؟

٨. ئایا خودا بەڵێنەکەی خۆی هێنایە دی؟ ئایا ئەبرامی کرد بە نەوەیەکی گەورە؟ ئایا خاکی فەلەستینی دا بە نەوەی ئەبرام؟

٩. یەکەم شت چی بوو ئەبرام کردی، کاتێ گەیشتە خاکی ولاتی نوێ کە خودا بەڵێنی پێ دابوو؟

١٠. بۆچی ئەبرام وای کرد؟

١١. ئێستا تێ دەگەی بۆچی خودا داوای لە ئەبرام کرد پشت لە ماڵی باوکی بکات و بەرەو ولاتێکی تر بڕوات؟

١٢. لەبیرتە چۆن خودا بەڵێنی دا کە یەکێك دێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی نەوەی ئادەم لە هێزی شەیتان ڕزگار بکات؟

١٣. بۆچی خودا ویستی نەوەیکی نوێ لە ئەبرام دروست بکات؟

وانەی ١٩: ئیبراهیم-دۆستی خودا

(پەیدابوون ١٣ – ١٥)

لە وانەی ڕابردوودا، چاومان خشان بەو ووشانەی خودا فەرمووی دەربارەی پێغەمبەر ئیبراهیم. زانیمان کە ناوی ئیبراهیم نەبوو بەڵکو ئەبرام. زانیمان کە ئەبرام لە ئوری کلدانیەکان لەدایك بوو، کە ئێستا پێی دەوترێ عێراق. خەڵکی ئەو وڵاتە بت پەرست بوون. ووشەی خودا دەفەرموێ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان خودا بەدەرکەوت بۆ ئەبرام و پێی فەرموو کە مااڵی باوکی بەجێ بهێڵی و بەرەو ئەو خاکە باربکات کە خۆی پێی نیشانی دەدا.

لەبیرتە بۆچی خودا بە ئەبرامی ووت کە بار بکات بۆ وڵاتێکی تر؟ لەبەر ئەوەی خودا پلانی وابوو کە نەتەوەیێکی نوێ لە ئەبرام دروست بکات کە نەتەوەی پێغەمبەرانی خودا لێوە هەڵسێت، لەکۆتاییشدا، خودی ڕزگاری دەری دونیای لێوە هەڵسێ. بۆیە زانیمان کە کاتێ خودا بانگی ئەبرامی کرد، لە پلانی خۆی بەردەوام بوو بۆ هێنانی ڕزگاری دەری دونیا. بۆیە خودا بە ئەبرامی فەرموو (جا دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن و بەرەکەتدارت دەکەم...و هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بە هۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.) (پەیدابوون ١٢: ٢–٣)

خوێندمانەوە کە چۆن ئەبرام بەگوێی خودای کرد و خاکی خۆی بەجێ هێشت و نەیدەزانی کە خودا بەرەو کوێی دەبا. کاتێ ئەبرام مااڵی باوکی بەجێ هێشت تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵ بوو. سارای خێزانی لەگەڵ خۆی برد، هەروەها لۆتی کوڕی برا گەورەکەی، هەروەها ماڵ و موڵك و خزمەتکارەکانی، و بەرەو کەنعان بەڕێ کەوت. کەنعان ئێستا ئەو خاکەیە کە بە فەلەستین یاخود ئیسرائیل دەناسرێ.

کاتێ ئەبرام گەیشتە خاکی کەنعان، جارێکی تر خودا بەدەر کەوت و پێی فەرموو، (ئەم زەوییە دەدەمە نەوەی تۆ.) (پەیدابوون ١٢: ٧) بەم شێوەیە دەبینین چۆن خودا کە بەڵێنی دابوو بە ئەبرام کە بیکاتە باوکی نەتەوەیەکی نوێ، هەروەها بەڵێنی دابوو کە خاکێکی نوێی بداتێ بۆ خۆی و نەوەکەی کە تیایدا بژین. زۆر سەیرە! ئەبرام و خێزانەکەی زۆر پیربوون و هیچ منداڵیان نەبوو، باشە چۆن دەتوانن نەوەیان هەبێ کە زەوی پرکاتەوە؟ زوو وەاڵمی خودا دەزانین بۆ ئەو پرسیارە.

ئێستا، با بەردەوام بین لە چیرۆکی ئەبرام، ئێمە لە تەورات دەخوێنین، لە سیپارەی پەیدابوون بەشی سێزدەهەم. لەم بەشەدا دەبینین کە چی ڕوویدا لە بەینی ئەبرام و لۆتی کوڕی برای. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ١٣) [٢] ئەبرام لە ئاژەڵی مااڵی و لە زیو و لە زێڕ زۆر دەوڵەمەند بوو. [٣] قۆناغ بە قۆناغ کۆچی کرد، لە نەگەڤەوە تاکو بێت ئێل، تاکو ئەو شوێنەی یەکەمجار چادرەکەی ئەوی لێبوو، لە نێوان بێت ئێل و عای. [٤] بۆ شوێنی قوربانگاکەی کە یەکەمجار دروستی کرد، لەوێدا ئەبرام بە ناوی خوداوەند نوێژی کرد. [٥] هەروەها لۆتیش کە لەگەڵ ئەبرامدا دەڕۆیی، مەڕ و مانگا و چادری هەبوو. [٦] جا زەوییەکە هەردووکیانی هەڵنەگرت تا پێکەوە نیشتە جێ بن، لەبەر ئەوەی دەستکەوتیان ئەوەندە زۆر بوو کە ئیتر نەیانتوانی پێکەوە نیشتەجێ بن. [٧] ناکۆکی لە نێوان شوانەکانی مە ڕوماڵاتی ئەبرام و شوانەکانی مەڕوماڵاتی لۆتدا ڕوویدا. لەو کاتەشدا کەنعانییەکان و پریزییەکان نیشتەجێی زەوییەکە بوون. [٨] ئینجا ئە برام بە لۆتی وت: (با هیچ ناکۆکییەک لە نێوان من و تۆدا و لە نێوان شوانەکانم و شوانەکانتدا نەبێت، چونکە ئێمە مام و برازاین. [٩] ئەوە نییە هەموو زەوی لە بەردەمتدایە؟ کەواتە لە من جیا ببەوە. ئەگەر بەلای چەپدا بڕۆیت، من بەلای ڕاستدا دەڕۆم و ئەگەر بە لای ڕاستدا بڕۆیت، من بەلای چەپدا دەڕۆم.) [١٠] لۆت چاوی هەڵبڕی و بینی هەموو دەوروبەری ڕووباری (ئوردون) ئاوداره. وەک بە هەشتی خوداوەندە، وەک زەوی میسر کە بەرەو (چۆعەر) دەڕۆیت - پێش ئەوەی خوداوەند سەدوم و عەمۆرا وێران بکات. [١١] لۆت هە موو دەوروبەری ئوردونی بۆ خۆی هەڵبژارد و بەرەو ڕۆژهەاڵت کۆچی کرد. ئیتر هەردووکیان لە یەکتری جیا بوونەوە. [١٢] ئەبرام لە زە وی کەنعاندا نیشتەجێ بوو، لۆتیش لە شارەکانی دەوروبەردا نیشتەجێ بوو، ڕووەو سەدوم چادرەکانی هەڵدەدا. [١٣] خەڵکی سەدوم لە ڕادەبەدەر بەدکار و گوناهبار بوون، دژ بە خوداوەند.)

بەم شێوەیەی دەبینین کە چۆن لۆت سەوزترین خاکی بۆ خۆی هەڵبژارد و ووشکترین خاکی بۆ مامی بەجێ هێشت. بەاڵم، ئەو کەرتەی کە لۆت هەڵیبژاردبوو لە سەدوم بوو، ئەو شارەی کە پڕبوو لە خراپەکاری گەورە. لۆت بە ویستی خۆی ئەو جێگایەی هەڵبژاردبوو بەاڵم

ئەبرام بە ویستی خودا. پاش دوو وانەی تر، دەبینین چی بەسەر لۆت هات کە بەدوای حەزەکانی خۆی کەوت. لە کۆتاییشدا هەموو شتێکی لە دەست دا: سەروەت و سامانی، ژنەکەی، خێزانەکەی، دڵ خۆشی خۆی و شایەتی خۆی! بەڵام ئەبرام، ئەوەی کە هەموو شتێکی دایە دەست خوداوە، بەرەکەتێکی گەورەی خودا بە سەریدا باری.

چۆن دەتوانین سوود لە چیرۆکی ئەبرام و لۆت وەربگرین؟ ڕەنگە بە پرسیارێکی زۆر ئاسان کەلە خۆمانی بکەین: ئایا من بە کامیان دەچم؟ بە ئەبرام یان بە لۆت ؟ ئایا من بەدوای مالّی دونیا کەوتووم وەک لۆت؟ یاخود بەدوای شتی هەمیشەیی وەک ئەبرام؟ هەر وەک ئەوان، ئێمە دەبێت لە نێوان ئیرادەی خۆمان و خودا هەڵبژێرین، ئەو کەسەی کە زانا بێت ئیرادەی خودا هەڵ دەبژێرێت. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: چونکە چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت؟ (مەرقۆس ٨: ٣٦) نە جیهانتان خۆشبوێت، نە ئەو شتانەی لە جیهان دایە...چونکە جیهان و هەوەسەکانی بەسەردەچن، بەڵام ئەوەی بە خواستی خودا دەکات تاهەتایە دەچەسپێت. (١ یۆحەنا ٢: ١٥، ١٧) ئەو شتە چییە کە لە هەموو شتێك زیاتر دەتەوێ؟ مالّی دونیا کە بێگومان دەمرێ یاخوود شتی خودایی کە هەمیشە زیندووە؟

ئێستاش با بەردەوام بین لەگەڵ چیرۆکی ئەبرام، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ١٣) [١٤] دوای جیابوونەوەی لۆت لە ئەبرام، خوداوەند بە ئەبرامی فەرموو: (چاوت هەڵبڕە و لەو شوێنەی کە لێیت، سەیری باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکە. [١٥] چونکە هەموو ئەو زەوییەی دەیبینیت دەیدەمە تۆ و نەوەی تۆ تاهەتایە، [١٦] نەوەشت وەک خۆڵی زەوی لێ دەکەم، تاکو ئەگەر یەکێک توانی خۆڵی زەوی بژمێرێت، ئەوا نەوەی تۆش دەژمێردرێت. [١٧] برۆ، بە درێژایی و پانی زەوییەکەدا هاتوچۆ بکە، چونکە دەیدەمە تۆ.) [١٨] ئیتر ئەبرام چادرەکانی گواستەوە و هات و لەلای داربەڕووەکانی (مەمرێ) لە (حەبرۆن) نیشتەجێ بوو، لەوێدا قوربانگایەکی بۆ خوداوەند دروستکرد.

(پەیدابوون ١٥) [١] دوای ئەم شتانە، لە بینیندا وشەی خوداوەند بۆ ئەبرام هات، فەرمووی: (مەترسە ئەی ئەبرام، من قەلغانم بۆت، پاداشتت زۆر گەورەیە.) [٢] ئەبرامیش وتی: (ئەی خوداوەندی باڵادەست، چیم دەدەیتێ کە من هەروا وەچاغ کوێر بم و میراتگری ماڵم (ئەلیعەزەر)ـی دیمەشقییە؟) [٣] هەروەها ئەبرام وتی: (ئەوەتا هیچ وەچەیەکت نەداومەتێ، ئەوەتا ئەوەی لە ماڵەکەم لەدایک بووە دەبێتە میراتگرم.)

[٤] لەو کاتەدا وشەی خوداوەندی بۆ هات، فەرمووی: (ئەمە میراتگرت نابێت، بەڵکو ئەوەی لە هەناوتەوە دێتە دەرەوە ئەو دەبێتە میراتگرت.) [٥] ئینجا بردیە دەرەوە و فەرمووی: (سەیری ئاسمان بکە و ئەستێرەکان بژمێرە، گەر دەتوانیت بیانژمێریت.) هەروەها پێی فەرموو: (نەوەکەت ئاوا دەبێت.) [٦] جا ئەبرام باوەڕی بە خوداوەند هێنا، ئەویش ئەمەی بە ڕاستودروستی بۆ دانا.

سەرسوڕهێنەرە! ئەبرام و ژنەکەی تەمەنیان گەورەبوو و هیچ منداڵیان نەبوو، لەگەڵ ئەوشدا خودا بەردەوام بەڵێنی پێ دەدا کە نەتەوەیەکی مەزنی پێ ببەخشێ. ئەمە چۆن دەبێت؟ چۆن ئەبرام دەبێتە باوکی نەتەوەیەکی مەزن؟ تەنها یەك وەڵام هەیە: ئەویش ئەوەیە کە پەروەردگار خودا تاکە خودایە کە توانای هەموو شتێکی هەیە! خودا گەورەیە! هیچ شتێك مەحاڵ نیە لە بەرامبەری! ئەو بەڵێنەی بیدا جێ بەجێی دەکات.

ئەی دەربارەی ئەبرام؟ ئایا باوەڕی بە پەروەردگار هێنا، ئەوەی کە بەڵێنی شتێکی مەحاڵی دابوو؟ بخوێنەوە نووسراوی پیرۆز چی دەڵێت: جا ئەبرام باوەڕی بە خوداوەند هێنا، ئەویش ئەمەی بە ڕاستودروستی بۆ دانا! چ شتێکی سەرسوڕهێنەرە! خودا بەڵێنێکی داوە بە ئەبرام کەلە ڕوانگەی ئادەمیزادەوە مەحاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبرام باوەڕی هێنا بە بەڵێنی خودا! ئەی خودا چی کرد؟ خوداش ئەمەی بە ڕاستودروستی بۆی دانا، لەبەر باوەڕهێنانەکەی!

ئەم ڕاستییە، دەبێت دڵی ئەو کەسانە داگیر بکات کە دەیانەوێ لەلای خودا بەڕاستودروست بژمێردرێن. بۆچی خودا ئەبرامی وەک ڕاستودروست لە قەڵەم دا؟ ئایا ئەبرام ڕاستودروست بوو؟ نەخێر! لە زنجیرەی داهاتوودا دەبینین کە چۆن ئەبرامیش وەک هەموو

بنیادەمێك سرووشتی گوناهباری هەبوو. باشە، بۆچی خودا ئەبرامی وەك ڕاستودروست ژمارد؟ خودا ئەبرامی بەڕاستودروست ژمارد لەبەر ئەوەی باوەڕی بە ووشەکانی هێنا.

ئایا باوەڕهێنان بە خودا مانای چیە؟ ڕەنگە بزانن کە پەرتووکەکانی پێغەمبەران بەزمانی عیبری نووسراوە. لە عیبریشدا ووشەی (باوەڕ) پێی دەوترێ (ئامان) کە ووشەی (ئامین)ی لێ وەرگیراوە. کاتێ کە دەڵێی (ئامین) ئەوا تۆ زۆر بەساکاری دەڵێی (بەڵێ! ڕاستە) یان (بەڵێ، ڕازیم) و ئەوشە مانای باوەڕهێنانە. کاتێ کە خودا بەڵێنی بە ئەبرام دا، وەڵامی ناو دڵی ئەبرام ئەمە بوو (ئامین! بەڵێ! ئەوە ڕاستە! باوەڕم بەقسەکانت هەیە) و لەسەر بنەمای ئەو ووشە ساکارە (ئامین) کە وەڵامی ئەبرام بوو بەرامبەر خودا، خودا ئەبرامی بە ڕاستودروست ژمارد.

ئەی دەربارەی تۆ؟ دەتەوێ خودا تۆش وەك ئەبرام بە ڕاستودروست بژمێرێ؟ ئەگەر دەتەوێ ئەوا دەبێت وەك ئەبرام باوەڕ بە خودا بێنی، دەبێت باوەڕ بە قسەکانی خودا بێنی تەنانەت گەر سەختیش بێت. دەبێت ووشە ڕاستەقینەکانی خودا قەبوڵ بکەی تەنانەت گەر هاتوو خزم و کەست یان برادەرەکانت باوەڕیان پێ نەبوو. خودا دەیەوێ داتپۆشی بە ڕاستودروستی خۆی و مافی ئەوت بداتێ کە هەتاهەتا لەژێر سایە پیرۆزەکەی خۆی بژیت، بەڵام دەبێت باوەڕ بە ووشەکانی بێنیت. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: بێ باوەڕیش مەحاڵە خودا ڕازی بکرێت (عیبرانییەکان ١١: ٦) هەروەها دەڵێت: چونکە بە نیعمەت ڕزگارتان بوو بەهۆی باوەڕ، ئەمەش لە خۆتانەوە نییە، بەڵکو دیاری خودایە، لە کردار نییە، تاکو کەس شانازی نەکات. (ئەفەسۆس ٢: ٨، ٩) ئیتر چی بڵێین، ئیبراهیمی باوکمان بەگوێرەی جەستە چی پەیداکرد؟ چونکە ئەگەر ئیبراهیم بە کردار بێتاوان بووایە شانازی دەکرد، بەڵام نەک لەلای خودا. چونکە نووسراوەکە چی دەفەرموێ؟ {ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا.} (ڕۆما ٤: ١–٣)

ئەبرام باوەڕی بە ووشەکانی خودا هێنا، لەبەر ئەوەش خودا ڕاستودروستی تەواوی خۆی پێ بەخشی. سەرسوڕهێنترین شت لەناو ئەو ووشانەی کە دەڵێ، (ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا.) ئەوەیە کە ئەمە تەنها بۆ ئەبرام نییە، ئەو ووشانە بۆ ئێمەشە، چونکە خودا تەواوی ڕاستودروستی خۆیمان پێ دەبەخشێ گەر باوەڕمان بە مزگێنیەکەی هێنا دەربارەی ئەو ڕزگاری دەرەی کە پاشان لە نەوەی ئەبرام هاتە جیهانەوە.

ئەی دەربارەی تۆ خوێنەری خۆشەویست؟ ئایا بەڕاستی باوەڕت بە خودا هەیە؟ پرسیارەکە لێرە ئەوە نیە کە ئایا باوەڕت بە بوونی خودا هەیە، یاخود بڵێی کە خودا یەکە، نووسراوە پیرۆزەکان دەربارەی ئەم جۆرە باوەڕە دەڵێت، تۆ باوەڕت هەیە کە یەک خودا هەیە، چاک دەکەیت. تەنانەت ڕۆحەپیسەکانیش باوەڕ دەکەن و دەلەرزن. (یاقوب ٢: ١٩) شەیتانیش باوەڕی بەوەیە کەیەك خودا هەیە. باوەڕهێنان بەوەی کە خودا یەکە واناکات کەخودا لەگوناهەکانت خۆش بێت وبە ڕاستودروست بتژمێرێ! ئەوەی کەخودا لێتی دەوێ ئەوەیە کە باوەڕ بە ووشەکانی بێنی و وەریگری. خودا دەیەوێ لە ڕێگەی نووسینەکانی پێغەمبەران قسەت لەگەڵ بکات. دەیەوێ بزانی وباوەڕ بێنی بە هەواڵی ڕزگاربوون کە پێت نیشان دەدات چۆن ببیتە ڕاستودروست هەتاهەتا بەرامبەر بە خودای پارسا!

ئایا خودا بە پۆشاکی ڕاستودروستی خۆی داپۆشیوی؟ یاخود تەنها پۆشاکی ئاینت داپۆشیوە؟ ئایا گوێگری ووشەی ڕاستەقینەی خودای؟ یاخود ووشە مردووەکانی خەڵك؟ ئایا دەزانی نووسراوە پیرۆزەکان چی ڕادەگەیێنن دەربارەی ڕێگای ڕاستودروست بۆ ڕزگاربوون کە خودا دایمەزراندووە؟ ئایا باوەڕت پێ هێناوە؟

دەربارەی ئەبرامیش، ئەو باوەڕی بە ووشەکانی خودا هێنا، هەرچەندە ئەوە مانای ئەوە بوو کە دەبێت واز لە خزمەکانی و لە ئاینی باوکی بێنی. لەبەر ئەوەش پێی وترا دۆستی خودا. ئەی دەربارەی تۆ؟ تۆش دۆستی خودای؟

خوداش بەرەکەتی خۆی بخاتە سەرتەوە کاتێ کە دەروانێ ئەم ئایتە گەورەیەوە: ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا، هەروەها ناوی لێنرا دۆستی خودا. (یاقوب ٢: ٢٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. لەبیرتە بۆچی خودا بە ئەبرامی ووت کە بار بکات بۆ ولاتێکی تر؟

٢. ئەبرام و خێزانەکەی زۆر پیربوون و هیچ منداڵیان نەبوو، باشە چۆن دەتوانن نەوەیان هەبێ کە زەوی پرکاتەوە؟

٣. چۆن دەتوانین سوود لە چیرۆکی ئەبرام و لوت وەربگرین؟ ڕەنگە بە پرسیارێکی زۆر ئاسان کەلە خۆمانی بکەین: ئایا من بە کامیان دەچم؟ بە ئەبرام یان بە لوت؟ ئایا من بە دوای ماڵی دونیا کەوتووم وەک لوت؟ یاخود بەدوای شتی هەمیشەیی وەک ئەبرام؟

٤. ئەو شتە چییە کە لە هەموو شتێك زیاتر دەتەوێ؟ ماڵی دونیا کە بێگومان دەمرێ یاخوود شتی خودایی کە هەمیشە زیندووە؟

٥. ئەمە چۆن دەبێت؟ چۆن ئەبرام دەبێتە باوکی نەتەوەیەکی مەزن؟

٦. ئەی دەربارەی ئەبرام؟ ئایا باوەڕی بە پەروەردگار هێنا، ئەوەی کە بەڵێنی شتێکی مەحاڵی دابوو؟

٧. بۆچی خودا ئەبرامی وەك ڕاستودروست لە قەڵەم دا؟ ئایا ئەبرام ڕاستودروست بوو؟

٨. ئایا باوەڕهێنان بە خودا مانای چیە؟

٩. ئەی دەربارەی تۆ؟ دەتەوێ خودا تۆش وەك ئەبرام بە ڕاستودروست بژمێرێ؟ ئایا بەڕاستی باوەڕت بە خودا هەیە؟

١٠. ئایا خودا بە پۆشاکی ڕاستودروستی خۆی داپۆشیوی؟ یاخود تەنها پۆشاکی ئاینت داپۆشیوە؟ ئایا گوێگری ووشەی ڕاستەقینەی خودای؟ یاخود ووشە مردووەکانی خەڵك؟ ئایا دەزانی نووسراوە پیرۆزەکان چی ڕادەگەیێنن دەربارەی ڕێگای ڕاستودروست بۆ ڕزگاربوون کە خودا دایمەزراندووە؟ ئایا باوەڕت پێ هێناوە؟

١١. ئەی دەربارەی تۆ؟ تۆش دۆستی خودای؟

وانەی ٢٠: ئیبراهیم و ئیسماعیل

پەیدابوون ١٦,١٧

لە دوو وانەی ڕابردوودا و لە دیراسەتمان لە نووسراوە پیرۆزەکان، دەستمان کرد بە دیراسەتی چیرۆکی پێغەمبەر ئیبراهیم. یەکەم جار، ئیبراهیم ناوی ئیبراهیم نەبوو، بەڵکو ئەبرام بوو. بەڵام لە وانەی ئەمڕۆماندا دەزانین بۆچی خودا ناوی ئیبراهیمی گۆڕی بۆ ئەبرام.

یەکەم بەشی چیرۆکی ئەمڕۆمان چیرۆکێکی خەمناکە کە شتێك ئاشکرا دەکات کەوا ئەبرام ئەنجامی دا و مایەی دڵ خۆشی خودا نەبوو. هەندێ کەس پێیان وایە پێغەمبەرانی خودا هەرگیز گوناهیان نەکردووە. بەڵام ووشەی خودا ئەمە ڕادەگەیێنێ و دەفەرموێ: بۆ هەموان بەبێ جیاوازییە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن. (ڕۆما ٣: ٢٢، ٢٣) هەروەها، ئەگەر بڵێین گوناهمان نەکردووە، ئەوا (خودا) بە درۆزن دادەنێین و وشەکەی لە ئێمەدا نییە. (١ یۆحەنا ١: ١٠) تا ئێستا زانیمان چۆن گوناهی ئادەم بۆ هەموو کەس بڵاوبووەوە — پیر و گەنج، پیاو و ژن، کافر و پێغەمبەر. تەنها یەك کەس بە گوناهی ئادەم لەکەدار نەبوو. ئەو کەسەش ڕزگاری دەرەی پیرۆزە ئەوەی خودا ناردی بۆ جیهان بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران. لەکەدار نەبوو بە گوناه لەبەر ئەوەی لە ئاسمانەوە هات — لە حزووری خودای پارسا.

لە دوو وانەی ڕابردوودا، زانیمان چۆن خودا بەڵێنی بە ئەبرام دا بیکاتە باوکی نەتەوەیێکی مەزن، کەوا ڕزگاری دەرەکەی لێوە هەڵسێ. ئەبرام و ژنەکەی پیربوون و منداڵیان نەبوو، بەڵام ئەوە وای نەکرد ئەبرام گومان لە ووشەی خودا بکات. بەهەرحاڵ، ئەمڕۆ دەبینین چۆن پاش دە ساڵ لەوەی خودا بەڵێنی بە ئەبرام دا وەجاغی بداتێ، ئەبرام هەوڵی دا یارمەتی خودا بدات بۆ ئەوەی بەڵێنەکەی بێنێتە دی. بەڵام ئەوەی ئەبرام ئەنجامی دا لەبێ ئارامییەکەیدا، زۆر کێشەی بەرهەم هێنا.

کەواتە با بەردەوام بین لە تەورات بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئەبرام و سارەی خۆیان ئامادە کرد لە هەوڵێکدا بۆ بە دەس هێنانی ئەو کوڕەی خودا بەڵێنی پێ دابوو. لە بەشی شازدەهەمی سیپارەی پەیدابوون، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ١٦) [١] سارەیی ژنی ئەبرام هیچ منداڵی بۆ ئەبرام نەبوو، بەڵام کەنیزەیەکی میسری هەبوو ناوی (هاجەر) بوو. [٢] ئینجا سارەی بە ئەبرامی وت: (ئەوەتا خوداوەند ڕێی منداڵبوونی لێگرتووم. لەگەڵ کەنیزەکەمدا جووت بە، بەڵکو لەوەوە منداڵم بۆ ببێت.) ئەبرامیش بەقسەی سارەی کرد. [٣] ئینجا سارەی ژنی ئەبرام هاجەری میسری هێنا، ئەمەش پاش دە ساڵ بوو لە نیشتەجێبوونی ئەبرام لە خاکی کەنعاندا، دای بە ئەبرامی مێردی تا ببێت بە ژنی. [٤] ئیتر لەگەڵ هاجەردا جووت بوو، ئەویش سکی پڕ بوو. کاتێک کە زانی وا سکی هەیە، خانمەکەی خۆی لەبەرچاو سووک بوو. [٥] ئینجا سارەی بە ئەبرامی وت: (ئازارم لەسەر تۆ بێت. من کەنیزەکەی خۆمم خستە باوەشی تۆوە، ئێستاش کە زانی سکی هەیە، لەبەرچاویدا سووک بووم. با خوداوەند دادوەری نێوان من و تۆ بکات.) [٦] ئەبرامیش بە سارەی وت: (ئەوەتا کەنیزەکەت لەبەر دەستی خۆتدایە، چیت پێباشە وای لێبکە.) ئیتر سارەی هاجەری زەلیل کرد، ئەویش لە دەستی ڕایکرد.

بەو شێوەیە دەبینین چۆن گوناهی ئەبرام تاڵی و ناکۆکی لە خێزانەکەی بەرهەم هێنا. سارە دڵی پیس بوو لەبەر ئەوەی هاجەر سکی پڕ بوو، هاجەریش تووڕە بوو لەگەڵ سارە کە بە خراپی مامەڵەی لەگەڵی دەکرد. بۆیە، هاجەر لەدەست سارە هەڵات.

پاشان نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ١٦) [٧] ئینجا فریشتەی خوداوەند هاجەری لەسەر کانییەک دۆزییەوە لە دەشتودەر. لەسەر ئەو کانییەی لە ڕێگای (شوور)ـە. [٨] فەرمووی: (ئەی هاجەری کەنیزەی سارەی، لەکوێوە هاتوویت و بۆ کوێ دەچیت؟) ئەویش وتی: (لە دەست سارەی خانمی خۆم ڕامکردووە.) [٩] فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: (بگەڕێوە لای خانمەکەت و ژێردەستەی بە.) [١٠] هەروەها فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: (وەچەکانت بێئەندازە زۆر دەکەم کە لەبەر زۆرییان لە ژماردن نەیەن.) [١١] دیسان فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: (ئەوەتا سکت پڕە و کوڕێکت دەبێت و ناوی دەنێیت (ئیسماعیل)، چونکە خوداوەند گوێی لە زەلیلی تۆ بوو. [١٢] ئەو مرۆڤێکی کێوی لێ دەردەچێت. دەستی لە دژی هەموو کەسێک دەبێت و دەستی هەموو کەسێکیش دژی ئەو. بەرامبەر هەموو براکانیشی نەیار دەبێت.

بۆیە هاجەر گەڕایەوە بۆلای سارە خانمەکەی، وەک فریشتەکەی خودا پێی فەرموو: ئیتر هاجەر کوڕێکی بۆ ئەبرام بوو، ئەبرامیش ئەو کوڕەی خۆی کە لە هاجەر بوو ناو نا ئیسماعیل. [١٦] ئەبرام تەمەنی هەشتا و شەش ساڵ بوو کاتێک هاجەر ئیسماعیلی بۆ ئەبرام بوو. (پەیدابوون ١٦: ١٥، ١٦) بۆیە ئیسماعیل، باوکی هەموو عەربەکان لەدایک بوو. هەروەک دواتر دەزانین، خودا بایەخی بە ئیسماعیل دەدا و پلانی هەبوو بۆی، بەڵام ئیسماعیل ئەو کوڕە نەبوو کە خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو. پلانە جوانەکەی خودا بۆ دروستکردنی نەتەوەیێکی نوێ لە ئیبراهیم نەگۆڕابوو. خودا وەک ئیبراهیم بەپەلە نەبوو. خودا هەمیشە بەڵێنەکانی دێنێتە دی، تەنانەت گەر بێت و پێمان وابێ لەسەر خۆیە. بۆیە، نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کە بۆ ماوەی سێزدە ساڵ لەپاش لەدایک بوونی ئیسماعیل، خودا بێ دەنگ بوو، و هیچ قسەی لەگەڵ ئەبرام نەکرد. بەڵام ڕۆژێك خودا جارێکی تر لەگەڵ ئەبرام دووا.

با لە بەشی حەڤدە بخوێنینەوە و بزانین خودا چی بە ئەبرام فەرموو لەپاش سێزدە ساڵی دوور و درێژ لەبێ دەنگی. ئەوەی ئێستا دەیخوێنینەوە زۆر سەرسوڕهێنەرە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ:

(پەیدابوون ١٧) [١] کاتێک ئەبرام تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵ بوو، خوداوەند دەرکەوت بۆ ئەبرام و پێی فەرموو: (من خودای هەرە بەتوانام، لەبەرچاومدا هاتوچۆ بکە و بێ گلەیی بە. [٢] پەیمانی خۆم لە نێوان خۆم و تۆدا دەبەستم و زۆر زۆرت دەکەم.) [٣] ئەبرامیش بەسەر ڕوویدا کەوت، خوداش پێی فەرموو: [٤] (لەلایەنی منەوە، ئەمەش پەیمانەکەمە لەگەڵ تۆدا، تۆ دەبیتە باوکی چەندین نەتەوە. [٥] نەتەوە لەمەودواش ئیتر ناوت بە (ئەبرام) نابرێت، بەڵکو ناوت دەبێتە (ئیبراهیم)، چونکە من تۆم کردە باوکی چەندین. [٦] زۆر زۆریش بە ردارت دەکەم، پێم داویت ببیت بە چەندین نەتەوە و چەندین پاشات لێبکەوێتەوە. [٧] پەیمانی خۆم دەچەسپێنم لە نێوان خۆم و تۆ و وە چەی دوای خۆت لە نەوەکانیان، پەیمانێکی تاهەتایی، کە ببمە خودای خۆت و وەچەی دوای خۆت. [٨] ئەو خاکەی کۆچی تیادا دەکە یت، بە خۆت و بە وەچەی دوای خۆت دەدەم، هەموو خاکی کەنعان، مووڵکێکی تاهەتایی و منیش دەبم بە خودایان.)

[٩] ئینجا خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: (تۆش پەیمانەکەم دەپارێزیت، خۆت و وەچەی دوای خۆت، لە نەوەکانیان. [١٠] ئەمش پەیمانەکەمە کە دەیپارێزن لە نێوان من و ئێوە و وەچەی دوای خۆت، هەموو نێرینەیەکتان خەتەنە دەکەن. [١١] لەشتان خەتەنە دەکەن و ئەمەش دەبێتە نیشانەی پەیمانەکەی نێوان من و ئێوە. [١٢] هەموو نێرینەیەکی هەشت ڕۆژەش لە ئێوە دەبێت خەتەنە بکرێت...

[١٥] هەروەها خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: (سارەی ژنیشت، ئیتر بە سارەی ناوی مەبە، بەڵکو ناوی دەبێت بە (سارا). [١٦] بەرەکەتداری دە کەم و کوڕێکیشت لەوەوە پێ دەبەخشم. بەرەکەتداری دەکەم و چەندین نەتەوە و چەندین پاشای نەتەوەکان لەوەوە دەبن.) [١٧] ئیبراهیم بەسەر ڕوویدا کەوت و پێکەنی و لە دڵی خۆیدا وتی: (ئایا پیاوێکی سەد ساڵە منداڵی دەبێت؟ ئایا سارا لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا منداڵی دەبێت؟) [١٨] ئیبراهیم بە خودای وت: (خۆزگە ئیسماعیل لە بەردەم بەرەکەتی تۆدا ژیان بەسەر ببات.) [١٩] ئینجا خوداش فەرمووی: (بەڵێ، بەڵام لە سارای ژنت کوڕێکت دەبێت، ناوی دەنێیت (ئیسحاق). پەیمانی خۆمی لەگەڵدا دەچەسپێنم، پەیمانێکی تاهەتایی بۆ وەچەکەی دوای خۆی. [٢٠] بۆ ئیسماعیلیش، گوێم لێت بوو، ئەوەتا بەرەکەتداری دەکەم و بەرداری دەکەم و زۆر زۆری دەکەم. دەبێتە باوکی دوازدە سەرۆک و دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن. [٢١] بەڵام پەیمانەکەم لەگەڵ ئیسحاقدا دەچەسپێنم، کە ساڵێکی دیکە ئەم کاتە سارا بۆ تۆی دەبێت.

تا ئێرە و دەبێ ڕاوەستین لە خوێندنەوەی نووسراوە پیرۆزەکان. زانیمان چۆن ئەبرام بەگوێ قسەی ژنەکەی کرد و چوو لەگەڵ هاجەری خزمەتکاری نووست. ئەوەی ئەبرام کردی هەڵەبوو. ئیسماعیل، کە کوڕی ئەبرام و هاجەر بوو، بەشێك نەبوو لەپلانی خودا بۆ دروستکردنی نەتەوەیێکی نوێ کەوا خودا بەرەکەتی هەموو نەتەوەکانی تری جیهانی پێ دەکات. بەڵام، نادڵسۆزی مرۆڤ ناتوانێ ڕێ لە دڵسۆزی خودا بگرێت. بۆیە، هەروەک ئێستا خوێندمانەوە، کاتێ ئەبرام تەمەنی نەوەت و نۆ ساڵ بوو، خودا جارێکی تر بۆی دەرکەوت بۆ چەسپاندی ئەو بەڵێنەی زۆر لەوە پێش پێی دابوو. فەرمووی، (من خودای هەرە بەتوانام... دەبیە باوکی نەتەوەیەکی زۆر. لەمە ودواش ئیتر ناوت بە (ئەبرام) نابرێت، بەڵکو ناوت دەبێتە (ئیبراهیم). بە هێشتنەوەی پلانە تەواوەکەی خۆی، خودا ناوی ئەبرامی گۆڕی بۆ ئیبراهیم، کە بەمانای (باوکی زۆران) دێت. خودا هەروەها ناوی سارەی کرد بە سارا، بەمانای (خاتوون) دێت.

ئالێرەدا شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەر. دوو کەسی پیرمان لە بەردەم دایە کەوا هەرگیز منداڵێکیان نەبووە، ئەبرام و سارە. ئێستا خودا ناوی نوێی پێیان بەخشیۆ لەپێناو ڕاگەیاندنی ئەوەی کە بەرەو ڕوودانە. ناوی ئەبرام کرا بەئیبراهیم، باوکی زۆران و ناوی سارەش بوو بە سارا، بەمانای خاتوون. خودا بەرەو ئەوە بوو کە کوڕێك بەئیبراهیم و سارا ببەخشێ، و لەو کوڕەوە نەتەوەیەوە زۆر لە پاشا و پێغەمبەران هەڵدەستێ، و لە کۆتاییشدا، ڕزگاری دەری جیهان! بەڕاستی، پەروەردگار مەزنە و شایەنی ستایشە تاهەتا! بەڵێنی خۆی لەیاد نەکردبوو کە زۆر لەوە پێش بە ئیبراهیمی دابوو.

ئەی ئیبراهیم چی کرد لەپاش ئەوەی خودا بەڵێنەکەی خۆی چەسپاند کەوا منداڵێکی پێ ببەخشێ لەو تەمەنە گەورەیەیدا؟ نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئیبراهیم بەسەر ڕوویدا کەوت و پێکەنی و لە دڵی خۆیدا وتی: (ئایا پیاوێکی سەد ساڵە منداڵی دەبێت؟ ئایا سارا لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا منداڵی دەبێت؟) ئیبراهیم پێ کەنێ! بەڵام لەبەر ئەوە پێ نەکەنی کە باوەڕ نەکاتن، بەڵکو لەخۆشیدا پێ کەنی.


بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: [١٨] هەرچەندە هیواش بڕابوو، بە هیواوە باوەڕی هێنا کەوا دەبێتە باوکی چەندین نەتەوە، بە گوێرەی ئەوەی وترابوو: {نەوەکەت ئاوا دەبێت.} [١٩] باوەڕیشی لاواز نەبوو کە بینی لەشی وا مردووە، نزیکەی سەد ساڵبوو، هەروەها مردوویەتی منداڵدانی سارا. [٢٠] بە بێباوەڕی گومانی لە بەڵێنی خودا نەکرد، بەڵکو لە باوەڕ بەهێز بوو و خودای شکۆدار کرد، [٢١] دڵنیابوو کە خودا توانای هەیە بەڵێنی خۆی بباتەسەر.) (ڕۆما ٤: ١٨–٢١)

لەگەڵ ئەوەشدا، ئیبراهیم ویستی بزانێت چی بەسەر ئیسماعیل دێت، کوڕی هاجەر کەنیزەکەی. خودا وەڵامی دایەوە، (بۆ ئیسماعیلیش، گوێم لێت بوو، ئەوەتا بەرەکەتداری دەکەم... دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن. بەڵام پەیمانەکەم لەگەڵ ئیسحاقدا دەچە سپێنم، کە ساڵێکی دیکە ئەم کاتە سارا بۆ تۆی دەبێت... پەیمانی خۆمی لەگەڵدا دەچەسپێنم، پەیمانێکی تاهەتایی بۆ وەچەکەی دوای خۆی.) (پەیدابوون ١٧: ٢٠، ٢١، ١٩)

بۆیە، خودا نیازی خۆی جێگیر کرد بۆ هێنانی پێغەمبەران و لە کۆتاییدا، خودی ڕزگاری دەرەکە لە نەوەی ئیسحاق. لە وانەی داهاتوومانداء دەزانین چۆن پەروەردگار ئەو کوڕەی دا بە ئیبراهیم و سارا کە بەڵێنی پێ دابوو – کە ئیسحاق بوو.

بەڕاستی خودا دڵسۆزە. خودا بەڵێنەکانی دێنێتە دی. هیچ شتێك زەحمەت نییە لای ئەو! ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا! چەندە مەحاڵە پشکنینی حوکمەکانی، ڕێگاکانی لە شوون هەڵگرتن! {چونکە کێ بیری خوداوەندی زانی؟ یان کێ بووە ڕاوێژکاری؟} {یان کێ شتێکی پێ بەخشیوە تاکو پێی بدرێتەوە؟} چونکە هەموو شتەکان لە ئەوە و بە هۆی ئەوە و بۆ ئەوە. تاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە! ئامین. (ڕۆما ١١: ٣٣–٣٦)

دەبا خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ کاتێ سەرنجی مانای ئەم ئایەتە دەدەیت کە لەناو نووسراوە پیرۆزەکان دۆزراوەتەوە: ئەگەر دڵسۆز نەبین، ئەو هەر بە دڵسۆزی دەمێنێتەوە، چونکە ناتوانێت نکۆڵی لە خۆی بکات. (٢ تیمۆساوس ٢: ١٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئەی ئیبراهیم چی کرد لەپاش ئەوەی خودا بەڵێنەکەی خۆی چەسپاند کەوا منداڵێکی پێ ببەخشێ لەو تەمەنە گەورەیەیدا؟

٢. بە هێشتنەوەی پلانە تەواوەکەی خۆی، بۆچی خودا ناوی ئەبرامی گۆڕی بۆ ئیبراهیم؟

وانەی ٢١ : ئیبراهیم- ڕووخانی سەدوم و لەدایك بوونی ئیسحاق

پەیدابوون ٢١–١٨

لە دیراسەتمان لە تەورات، بینیمان چۆن خودا بەڵێنی دا ئیبراهیم بکاتە باوکی نەتەوەیکی نوێ کەوا پێغەمبەرانی خودا و ڕزگاری دەری جیهانی لێوە بێت. بەڵام، تا ئەم خاڵەی چیرۆکەکە، سارا، ژنی ئیبراهیم هێشتان منداڵی نەبووە و خۆی و ئیبراهیم زۆر زۆر بەتەمەن بوون.

لە ئەم وانە چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەری ترمان هەیە. لەسەرەتای چیرۆکەکە دەبینین کە سێ پیاو هاتن بۆ سەردانی ئیبراهیم. بەڵام، ئەم سێ پیاوە مرۆڤ نەبوون. دووان لە وانە فریشتەبوون و ئەوی تریش خودی پەروەردگار خودا بوو! ڕەنگە خەڵکانێك بڵێن خودا ناکرێ لە شێوەی مرۆڤ خۆی بە ئیبراهیم نیشان دابێ، بەڵام ئەوانە ئەوەیان لەبیرچووە کە خودا مەزنە و هیچ شتێك ئەستەم نییە بۆ ئەو. خودا دەتوانێ هەموو شتێك بکات، جگە لەوەی ناڕاستودروستە.

ئێستا لەچوار بەشی تەورات دەخوێنینەوە. لەسێپارەی پەیدابوون، بەشی هەژدە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (پەیدابوون ١٨)

[١] ئینجا خوداوەند لەلای داربەڕوەکانی مەمرێ بۆ ئیبراهیم دەرکەوت، لەو کاتەدا کە لە گەرمای ڕۆژدا لە دەرکی چادرەکەیدا دانیشتبوو. [٢] جا سەری هەڵبڕی و بینی ئەوەتا سێ پیاو لە نزیکی وەستاون. کاتێک بینینی، لە دەرگای چادرەکەیەوە بەرەو ڕوویان ڕایکرد و سە ری دانەواندە سەر زەوی. [٣] ئینجا وتی: (گەورەم، ئەگەر جێی ڕەزامەندیتم، بەسەر خزمەتکارەکەت تێمەپەڕە. [٤] با تۆزێک ئاو بهێنرێت و پێتان بشۆن و لە ژێر دارەکە پاڵ بدەنەوە. [٥] پارووە نانێکیشتان بۆ دێنم تا بەری دڵتانی پێ بگرن و پاشان تێپەڕ بن، چونکە ئێوە بۆ لای خزمەتکارەکەتان هاتوون.) ئەوانیش فەرموویان: (ئەوەی وتت بیکە.)

[٦] ئیتر ئیبراهیم بە پەلە ڕۆیشت و... [٨] ئینجا قەیماغ و شیر و ئەو گوێرەکەیەی ئامادەکرابوو، هێنای و لە بەردەمیاندا دانا. خۆشی لە ژێر دارەکە بەسەریانەوە وەستا، کاتێک ئەوان نانەکەیان دەخوارد.

[٩] پاشان پێیان فەرموو: (کوا سارای ژنت؟) ئەویش وتی: (ئەوەتا لەناو چادرەکەدایە.) [١٠] ئینجا خوداوەند فەرمووی: (بێ گومان ساڵێکی دیکە ئەم کاتانە دێمەوە لات و سارای ژنیشت کوڕێکی بووە.) ساراش لە دەرگای چادرەکەی خۆیەوە کە لە پشتی ئەمەوە بوو، گوێی گرتبوو. [١١] ئیبراهیم و سارا دوو پیری بەسالا چووبوون. ساراش تەمەنی منداڵبوونی بەسەر چووبوو. [١٢] سارا لە دڵی خۆیدا پێکەنی و وتی: (ئایا دوای ئەوەی لە کەڵک کەوتووم و مێردەکەم پیر بووە، خۆشیم بۆ دەبێت؟) [١٣] جا خوداوەند بە ئیبراهیمی فەرموو: (بۆ چی سارا پێکەنی و وتی: "وا من پیر بووم، ئایا بە ڕاستی منداڵم دەبێت"؟ [١٤] هیچ شتێک هەیە بۆ خوداوەند ئەستەم بێت؟ ساڵێکی دیکە ئە م کاتانە دێمەوە بۆ لات و ساراش کوڕێکی بووە.) [١٥] سارا درۆی کرد و وتی: (پێنەکەنیم)، چونکە ترسا، بەڵام ئەو فەرموو: (بەڵێ، پێکەنیت.) [٢٠] ئینجا خوداوەند فەرموو: (هاواری سەدوم و عەمۆرا زۆر بووە و گوناهیان زۆر گەورە بووە. [٢١] ئەوا دێمە خوارەوە تا ببینم ئاخۆ وەک هاوارەکەی کە هاتووەتە لای من، بە تەواوی وایان کردووە. ئەگەر نا، ئەوا دەزانم.) [٢٢] ئینجا پیاوەکان (واتا دوو فریشتەکە) ڕوویان کردە سەدوم و ڕۆیشتن، بەڵام ئیبراهیم هێشتا لە بەردەم خوداوەند وەستابوو.

[٢٣] ئیبراهیم چووە پێشەوە و وتی: (ئایا لەگەڵ بەدکاردا ڕاستودروستیش لەناو دەبەیت؟ [٢٤] ئەی ئەگەر شارەکە پەنجا ڕاستودروستی تێدا بێت، ئایا هەر لەناوی دەبەیت و نایبەخشیت، لە پێناوی ئەو پەنجا ڕاستودروستەی تێیدایە؟ [٢٥] دوور بێت لە تۆ شتی وا بکەیت! ڕاستودروستیش لەگەڵ بەدکاردا بکوژیت. جا ڕاستودروست و بەدکار وەک یەکیان لێبێت. دوور بێت لە تۆ! ئایا دادوەری هەموو زەوی دادپەروەری ناکات؟)

[٣٦] خوداوەندیش فەرموویی: (ئەگەر لە سەدوم پەنجا ڕاستودروست لە شارەکەدا ببینمەوە، ئەوا لە پێناوی ئەوان لە هەموو ئەو شوێنە دە بوورم.) [٢٧] ئیبراهیم وەڵامی دایەوە و وتی: (ئەوەتا ئێستا دەستم کرد بە قسەکردن لەگەڵ خوداوەندم، منێک کە خۆڵ و خۆڵەمێشم. [٢٨] ئەی ئەگەر لەو پەنجا ڕاستودروستە پێنجی کەم بوو؟ ئایا بۆ پێنج کەس هەموو شارەکە وێران دەکەیت؟) فەرموویی: (وێرانی ناکەم ئەگەر چل و پێنج لەوێ ببینمەوە.)

[٢٩] دیسان کەوتەوە قسە لەگەڵی و وتی: (ئەی ئەگەر لەوێ چلی لێ بوو؟) فەرمووی: (لەبەر خاتری ئەو چلە، نایکەم.) [٣٠] ئینجا وتی: (با خوداوەندم تووڕە نەبێت و قسە بکەم، ئەی ئەگەر هەر سی لێبوو؟)

فەرمووی: (نایکەم، ئەگەر لەوێ سی ببینمەوە.) [٣١] ئیبراهیم وتی: (ئیتر وا وێڕام قسە لەگەڵ خوداوەندا بکەم، ئەی ئەگەر بیستی لێ بوو؟) فەرمووی: (لەبەر ئەو بیستە وێرانی ناکەم.) [٣٢] ئینجا وتی: (با خوداوەندم تووڕە نەبێت و هەر ئەم جارە قسە بکەم. ئەی ئەگەر دەی لێبوو؟) فەرمووی: (لەبەر ئەو دەیە وێرانی ناکەم.) [٣٣] ئینجا دوای ئەوەی خوداوەند لەگەڵ ئیبراهیم لە قسەکردن بوەوە ڕۆیی، ئیبراهیمیش گەڕایەوە شوێنی خۆی.

(پەیدابوون ١٩) [١] هەردوو فریشتەکە کاتی ئێوارە گەیشتنە سەدوم، لۆتیش لە دەروازەکەی سەدوم دانیشتبوو. کاتێک لۆت بینینی، هە ستا بۆ پێشوازیان و سەری ڕووە و زەوی دانەواند و کرنۆشی برد. [٢] ئینجا وتی: (گەورەکانم ئەوەتا ئێستا لا بدەنە ماڵی خزمەتکاری خۆتان. شەو بەسەر بەرن و پێتان بشۆن، سەر لە بەیانیش بە ڕێی خۆتان بڕۆن.) فەرموویان: (نا، بەڵکو لە گۆڕەپانەکە شەو دەبەینە سەر.)

[٣] بەڵام ئەم زۆری لێکردن. ئیتر لایان دایە لای و چوونە ماڵەکەیەوە. ئەویش خوان و نانی فەتیرەی بۆ ئامادە کردن و خواردیان. [٤] پێش ئەوەی ڕاکشێن، پیاوانی شارەکە، پیاوانی سەدوم، دەورەی ماڵەکەیان دا. لە گەنجیانەوە تا پیریان، هەموو خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە. [٥] ئینجا لۆتیان بانگ کرد و پێیان وت: (کوان ئەو دوو پیاوەی ئەم شەو هاتنە لات؟ بیانهێنە دەرەوە بۆمان تا جووت بین لەگەلیان.)

زۆربەی پیاوانی سەدوم حەزیان لە نێربازی بوو و لەناو گوناهێکدا ڕایاندەبوارد کە خودا پێی دەڵێت بەدڕەوشتی. (تەماشای ڕۆما ١: ٢٦، ٢٧ بکە)

(پەیدابوون ١٩) [٦] لۆت هاتە دەرەوە بۆ لایان و دەرگاکەی لە پشت خۆیەوە داخست. [٧] وتی: (نا، براکانم. خراپەی وا مەکەن... [٨] بە ڵام هیچ لەم دوو پیاوە مەکەن، چونکە ئەوان هاتوونەتە ژێر سێبەری بانەکەی من.) [٩] ئەوانیش وتیان: (وەرە ئەم لاوە!) ئینجا وتیان: (ئەمە هاتووە تا پەناهەندە بێت لە نێوانماندا و دەیەوێت ببێتە دادوەر بەسەرمان. ئێستاش لەوان خراپترت بەسەر دەهێنین.) ئیتر زۆریان لە لۆت کرد و هاتنە پێشەوە تا دەرگاکە بشکێنن. [١٠] دوو پیاوەکەش (واتا دوو فریشتەکە) دەستیان دریژ کرد و لۆتیان ڕاکێشایە لای خۆیان بۆ ناو ماڵەکە و دەرگاکەشیان داخست. [١١] ئەو پیاوانەش کە لەبەر دەرگای ماڵەکەدا بوون، تووشی کوێریان کردن لە بچووکیانەوە تا گەورەیان، ئیتر پەکی ئەوەیان کەوت کە دەرگاکە بدۆزنەوە.

[١٢] ئینجا دوو پیاوەکە بە لۆتیان فەرموو: (کێی دیکەت لێرە هەیە، زاواکانت و کوڕەکانت و کچەکانت و هەر کەسانێکی دیکەش کە لە شارەکەدا هەتن؟ هەموویان لێرە ببە دەرەوە. [١٣] چونکە ئێمە ئەم شوێنە وێران دەکەین. لەبەر ئەوەی لە بەردەم خوداوەند هاواریان مەزن بووە، جا خوداوەند ئێمەی ناردووە تا وێرانی بکەین.) [١٤] ئیتر لۆت چووە دەرەوە و قسەی لەگەڵ زاوایەکانی کرد کە کچەکانی ئەمیان خواستبوو. وتی: (هەستن لەم شوێنە دەرچن، چونکە خوداوەند شارەکە وێران دەکات.) بەڵام وەک گاڵتەچی هاتە بەرچاوی زاوایەکانی. [١٥] لە بەرەبەیاندا، هەردوو فریشتەکە پەلەیان لە لۆت کرد و پێیان فەرموو: (خێرا کە! ژنەکەت و هەردوو کچەکەت کەوا لێرەن بیان بە، نەوەک تۆش بە گوناهی شارەکە لەناو بچیت.) [١٦] بەڵام ئەو خاوەخاوی کرد، جا هەردوو پیاوەکە لەبەر بەزەیی خوداوە ند لەسەریان، دەستی خۆی و دەستی ژنەکەی و هەردوو کچەکەییان گرت و لە دەرەوەی شارەکە دایانناون. [١٧] جا کە هێنایانننە دەرەوە، یەکێکیان فەرموو: (بۆ گیانی خۆت ڕابکە! ئاوڕ لە دوواوەت مەدەوە و لەم دەوروبەرە نەوەستیت. ڕابکە بۆ چیایەکە تا لەناو نەچیت!)

[٢٤] ئینجا خوداوەند گۆگرد و ئاگری بەسەر سەدوم و عەمۆرادا بارانند، لەلای خوداوەندەوە لە ئاسمانەوە. [٢٥] ئەو شارانەی سەرەوژێر کرد لە گەڵ هەموو دەوروبەرەکەی بە هەموو دانیشتووانی شارەکان و ڕووەکی زەوییەکەش. [٢٦] بەڵام ژنی لۆت سەیری دواوەی کرد، جا بوو بە ستوونێکی خوێ.

[٢٧] بۆ سبەی ئیبراهیم بەیانی زوو لە خەو هەستا و چووەوە ئەو شوێنەی تێیدا لە بەردەم خوداوەندا وەستابوو. [٢٨] ڕووانییە سەدوم و عە مۆرا و هەموو زەوی دەوروبەرەکە، سەیری کرد وا دووکەڵی زەوییەکە وەک دووکەڵی کوورە بەرز دەبێتەوە. [٢٩] ئینجا کە خودا شارە

کانی دەوروبەرەکەی وێران کرد، خودا ئیبراهیمی هاتەوە یاد و لُوتی لەناو ئەو سەرەوژێرکردنە هێنایە دەرەوە، کاتێک ئەو شارانەی سە رەوژێر کرد کە لُوت تێیدا دانیشتبوو.

ئەمە ئەو چیرۆکە سەنگینەیە کە چۆن خودا دادوەری شاری سەدوم و عەمۆرای کرد بە باراندنی گۆگرد و ئاگر لە ئاسمانەوە. ئەمڕۆ پاشماوەکانی سەدوم لە ژێر دەریای مردووە لە فەلەستین (ئیسرائیل). شوێن کەوتنی گوناە هیچ کاتێك شتێکی باش نەبووە. خوداش زۆر جددییە سەبارەت بە دادوەری کردنی گوناە!

ئێستاش، با بەردەوام بین لە تەورات بۆ ئەوەی بزانین چۆن خودا کوڕێکی بەخشی بە ئیبراهیم و سارا، بەو شێوەیەش بەڵێنەکەی هێنایە دی کە زۆر لەوە پێش پێیانی دابوو. لەبەشی بیست و یەك، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ٢١) [١] خوداوەند بەو شێوەیەی فەرمووی سارای بەسەر کردەوە، خوداوەند چۆنی فەرموو ئاوای بۆ سارا کرد. [٢] ئینجا سارا سکی پڕ بوو و لە پیرەمێردێتی ئیبراهیمدا منداڵێکی بۆی بوو، لەو کاتەی کە خودا پێی فەرموو. [٣] ئیبراهیم کوڕە لەدایکبووەکەی خۆی کە سارا بۆی ببوو ناوی لێنا (ئیسحاق). [٤] کاتێک ئیسحاقی کوڕی بووە هەشت ڕۆژ، ئیبراهیم خەتەنەی کرد، هەروەک چۆن خودا ڕایسپاردبوو. [٥] تەمەنی ئیبراهیم سەد ساڵ بوو کاتێک ئیسحاقی کوڕی بۆ لەدایک بوو. [٦] سارا وتی: (خودا منی خستۆتە پێکەنین، هەر کەسێکیش ئەمە ببیستێت لەگە ڵ منداً پێ دەکەنێت. [٧] هەروەها وتی: کێ بە ئیبراهیمی دەووت سارا شیر دەداتە منداڵان؟ چونکە لە پیرەمێردی ئەودا کوڕێکم بوو.)

ئایا خودا بەڵێنەکەی هێنایە دی کە بە ئیبراهیم و سارای دابوو زۆر لەوە پێش؟ سارا، ئەو کەسەی بە نەزۆك ناسرابوو، هەروەك خودا فەرمووی کوڕێکی بوو. ناویان لێ نا ئیسحاق، کە بەمانای پێدەکەنێ دێت. بەڵام هەموو کەس دڵ خۆش نەبوو بە لەدایك بوونی ئەو. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ:

(پەیدابوون ٢١) [٨] کوڕە گەورە بوو و لەشیر بڕایەوە. ئەو ڕۆژەش ئیسحاق لەشیر بڕایەوە، ئیبراهیم خوانێکی گەورەی ساز کرد. [٩] سارا کوڕەکەی هاجەری میسری بینی کە لە ئیبراهیم بوو، گاڵتەی دەکرد. [١٠] جا بە ئیبراهیمی وت: (ئەم ژنە کۆیلەیە و کوڕەکەی دەربکە. چونکە کوڕی ئەم کۆیلەیە لەگەڵ کوڕەکەم، لەگەڵ ئیسحاقدا میراتگر نابێت.) [١١] لەبەر کوڕەکەی ئەم شتە لەلای ئیبراهیم زۆر ناڕەحە ت بوو. [١٢] جا خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: (لات ناڕەحەت نەبێت لەبەر کوڕەکە و لەبەر کەنیزەکەت. هەرچی سارا پێت دەڵێت بە قسە ی بکە، چونکە لە ئیسحاقەوە وەچەت ناو دەبرێت. [١٣] هەروەها کوڕی کۆیلەکەش دەکەمە نەتەوە، چونکە وەچەی تۆیە.) [١٤] بۆ سبەی بەیانی زوو ئیبراهیم لە خەو هەستا و نان و مەشکەیەک ئاوی هێنا و دای بە هاجەر. خستیيە سەر شانی و لەگەڵ کوڕەکەدا ڕەوانەی کرد. ئەمیش ڕۆیشت و لە چۆڵەوانی (بیری شابەع)ـدا وێڵ بوو.


جیابوونەوەی ئیسماعیل ناخۆش بوو بۆ ئیبراهیم، بەڵام دەبوایە ببوایە، لەبەر ئەوەی خودا ئاشکرای کرد کە نەتەوەی نوێ و ڕزگاری دەری جیهان لە نەوەی ئیسحاق دەبێت – نەك لە نەوەی ئیسماعیل.

باشە، چی بەسەر ئیسماعیل هات؟ ئەو ئایەتانەی پاش ئەوە پێمان دەڵێت چۆن لەگەڵ دایکی چوون و لە بیابانی نزیك میسر ژیان، و ژنێکی میسری هێنا. ئیسماعیل بووە باوکی ڕەگەزی عەرەب، کەوا بوون بە دووژمنی نەتەوەی ئیسحاق، هەروەك ئەوەی خودا پێشبینی کردبوو بۆ ئیبراهیم. (تەماشای پەیدابوون ١٦:١٢ بکە) خۆشتان باش دەزانن کە تا ئەمڕۆش بەربەرەکانێ لەنێوان عەرەب و جولەکە هەیە! خودا عەرەب و جولەکە و هەموو نەتەوەیکی خۆش دەوێت و دەیەوێت ڕوو لەو بکەن.

لە ئەم وانە دووبارە بینیت خودای ڕاستەقینە و زیندووە خوداێیکی دڵسۆزە کە ناتوانێ لە قسەی خۆی پەشیمان ببێتەوە. لەبەر ئەوەی دادوەری خەڵکی سەدوم و عەمۆرای کرد – هەروەك بەڵێنی دابوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو کوڕێکی دا بە ئیبراهیم و سارا بەو تەمەنە گەورەیەیان (واتا ئیسحاق) – هەروەك بەڵێنی دابوو پێیان.

بۆ وانەی داهاتوو تەماشای گرنگترین ڕووداو دەکەین لە ژیانی ئیبراهیم: ئەویش چیرۆکی ئیبراهیم و قوربانی کردنی کوڕەکەی.

تا جاری داهاتوو، لەگەڵ ئەم ئایەتەی ووشەی خودا بە جێیت دێڵین: ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا! چەندە مە حاڵە پشکنینی حوکمەکانین، ڕێگایەکانی لە شوون هەڵگرتن! (ڕۆما ١١: ٣٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا خودا بەڵێنەکەی هێنایە دی کە بە ئیبراهیم و سارای دابوو زۆر لەوە پێش؟

٢. چی بەسەر ئیسماعیل هات؟

٣. ئایا دەزانی ناوی ئیسحاق مانای چییە؟

٤. بۆچی ئیسماعیل جیابووە لە ئیبراهیم؟

وانەی ٢٢ : قوربانییەکەی ئیبراهیم

پەیدابوون ٢٢

لە دیراسەتەکانمان لە تەورات، زۆر چیرۆکی سەرسوڕهێنەرمان و گرنگ زانی دەربارەی پێغەمبەری خودا، ئیبراهیم. ئێستاش گەیشتینە گرنگترین وانە لە ژیانی ئیبراهیم: چیرۆکی ڕاستەقینەی جەژنی قوربان و ماناکەی... (قوربانییەکەی ئیبراهیم.)

لە وانەی ڕابردوومانداا، زانیمان چۆن خودا منداڵێکی بەخشی بە ئیبراهیم و سارا لە تەمەنی پیریاندا. ئەو بەڵێنەی هێنایە دی کە زۆر لەوە پێش دابووی. ناوی کوڕەکەیان ئیسحاق بوو. خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو کە لە نەوەی ئیسحاق نەتەوەیەکی نوێ بێنێت، کەوا هەموو نەتەوەکانی جیهان بەرەکەتی پێ بکرێن. هەروەها بینیمان چۆن ئیسماعیل و هاجەری دایکی مناڵی ئیبراهیمیان بەجێ هێشت، و چوون لە خاکی میسر بژێن. بەو شێوەیە، تەنها ئیسحاق لە مناڵ مایەوە، یەك منداڵی لەدایك بوو هەروەك بەڵێنەکەی خودا.

ڕۆژێك خودا داوای لە ئیبراهیم کرد شتێکی سەیر و زەحمەت بکات. لە تەورات، لە سیپارەی پەیدابوون بەشی بیست و دوو، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ٢٢) [1]دوای ماوەیەک خودا ئیبراهیمی تاقی کردەوە. پێی فەرموو: (ئیبراهیم!) ئەویش وتی: (ئەوە تام.) [2]ئینجا خودا فەرمووی: (کوڕەکەت، تاقانەکەت ئەوەی کە خۆشت دەوێت، ئیسحاق، ببە و بڕۆ زەوی (مۆریا). لەوێ بیکە قوربانی سووتاندن، لەسەر یەکێک لە کێوەکان کە خۆم پێت دەڵێم.)

چۆن! خودا داوای چی لە ئیبراهیم دەکرد؟ ئیبراهیمی ڕاسپارد کە کوڕە تاقانە خۆشەویستەکەی بیباتە چیایێکی دوور، و بیکات بە قوربانی سووتاندن! ئەم شتە چۆن دەبێ؟ ئیبراهیم بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵی دوور و درێژ چاوەڕێ بوو کوڕێکی ببێ کە خودا بەڵێنی پێی دابوو، و ئێستاش خودا پێی دەفەرموێ کوڕەکەی سەر ببڕێ وەك قوربانی! وەڵامی ئیبراهیم چۆن بوو؟ ئایا دەمەقاڵی لەگەڵ ووشەی خودا کرد لەبەر ئەوەی کارێکی زەحمەت بوو بۆ قبوڵ کردن؟ نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (پەیدابوون ٢٢) [3]بۆ بە یانی ئیبراهیم زوو لە خەو هەستا و گوێدرێژەکەی کورتان کرد. لەگەڵ خۆیدا دووان لە خزمەتکارەکانی و ئیسحاقی کوڕی برد و داریشی بڕی بۆ قوربانی سووتاندن. ئینجا هەستا و ڕۆیی بۆ ئەو شوێنەی خودا پێی فەرموبوو.

بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، ئیبراهیم و کوڕەکەی و هەردوو خزمەتکارەکەی ڕۆیشتن و ڕۆیشتن و ڕۆیشتن، و بەرەو ئەو چیایە ڕۆیشتن کە خودا ناوی هێنابوو. دڵی ئیبراهیم وەخت بوو ڕاوەستێ کاتێ نزیك بووەوە لەو شوێنە ترسناکەی کە دەبوایە کوڕە خۆشەویستەکەی لێ سەر ببڕێ! بێ گومان، ئێمەی خوێنەری ئەم چیرۆکە دەزانین کە خودا تەنها باوەڕی ئیبراهیمی تاقی دەکردەوە، بەڵام ئیبراهیم ئەوەی نەدەزانی! ئەوەی خودا داوای لێ کرد تاقیکردنەوەیکی سەخت و دژوار بوو! پاشان نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ٢٢) [4]لە ڕۆژی سێیەمدا ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و لە دوورەوە شوێنەکەی بەدی کرد. [5]ئیتر ئیبراهیم بە دوو خزمەتکارەکەی وت: (ئێوە بۆ خۆتان لێرە لەگەڵ گوێدرێژەکە دانیشن، من و کوڕەکەش تا ئەوێ دەچین، کڕنۆش دەبەین و دەگەڕێینەوە لاتان.) [6]ئیبراهیم داری قوربانی سووتاندنەکەی هەڵگرت و خستیە سەر پشتی ئیسحاقی کوڕی و خۆشی بە دەستی ئاگر و چەقۆیەکەی هەڵگرت و هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن. [7]ئینجا ئیسحاق بە ئیبراهیمی باوکی وت: (باوکە!) ئەویش پێی وت: (ها کوڕم؟)

ئینجا وتی: (ئەوەتا ئاگرەکە و داری سوتاندنەکە، بەڵام کوا بەرخەکە بۆ قوربانی سووتاندنەکەیە؟)

[8]ئیبراهیمیش وتی: (خودا بۆ خۆی بەرخێک بۆ قوربانی سووتاندنەکە دابین دەکات، کوڕم.) ئیتر هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن.

[9]کاتێک گەیشتنە ئەو شوێنەی خودا پێی فەرموبوو، ئیبراهیم قوربانگایەکی دروست کرد و دارەکانی لەسەر ڕێک خست و ئیسحاقی کوڕی بەستەوە و خستیە سەر قوربانگاکە لەسەر دارەکان. [10]ئیتر ئیبراهیم دەستی درێژ کرد و چەقۆیەکەی هەڵگرت تا کوڕەکەی خۆی سەر ببڕێت. [11]بەڵام فریشتەی خوداوەند لە ئاسمانەوە بانگی کرد و فەرموی: (ئیبراهیم! ئیبراهیم!) ئەویش وتی: (ئەوەتام.) [12]پێی فەرموو: (دەست بۆ کوڕەکە مەبە و هیچی لێ مەکە. چونکە ئێستا زانیم تۆ لە خودا دەترسیت، چونکە لە پێناوی من دەستت بە کوڕەکەت، بە تاقانەکەتەوە، نەگرت.) [13]ئینجا ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و بینی ئەوەتا بەرانێک لە دوایەوە لەناو دەوەنەکەدا بە هە

ردوو قۆچی گیربووە، جا ئیبراهیم چوو و بەرانەکەی گرت و سەری خست، وەک قوربانی سووتاندن لە جیاتی کوڕەکەی. [١٤] ئیتر ئیبراهیم ئەو شوێنەی ناو نا، (خوداوەند دابینی دەکات). وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەووترێت، (لە کێوی خوداوەند، دابین دەکرێت.)

ئەم چیرۆکە زۆر گرنگە و شایەنی ڕوونکردنەوەیە. چیرۆکی قوربانی کردنی ئیبراهیم سێ لایەنی هەیە: لایەنی مێژوویی، لایەنی نیشانەیی و لایەنی پێغەمبەری. بە چەن ووشەیەکی تر، بۆ ئەوەی لە قوربانییەکەی ئیبراهیم تێ بگەین، دەبێت لە سێ شت تێ بگەین، ١: چی ڕووی دا، ٢: قوربانییەکە نیشانەی چی بوو، ٣: ئیبراهیم پێش بینی چی کرد سەبارەت بەڕووداوێك كه هێشتان ڕووی نەداوە.

سەبارەت بەلایەنە مێژوویییەکی، ئەمڕۆ خوێندمانەوە چۆن خودا باوەڕی ئیبراهیمی تاقیکردەوە و کوڕەکەشی ڕزگار کرد لە مردن بە شێوەی قوربانی بەران. ئەم ڕووداوە نزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەو پێش ڕووی دا لە شوێنێك كه شاری قودسی لێیە ئێستا. ئەوە بەکورتی لایەنی مێژوویییەکەی قوربانییەکەی ئیبراهیم بوو.

سەبارەت بە لایەنی نیشانەیی چیرۆکەکە، ووشەی خودا پێمان دەڵێت ئێمە هەموومان وەك کوڕەکەی ئیبراهیمین. ئەوەمان خوێندەوە کە خودا، لە دادوەری خوێی حوکمی مردنی بەسەر ئیسحاق، کوڕەکەی ئیبراهیم هێنا. ئێمەش هەموومان گوناهبارین بە تاوانین و شایەنی دادوەری خوداین. بەڵام ئەوەشمان خوێندەوە کە خودا، بە نیعمەتی خۆی، کوڕەکەی ئیبراهیمی ڕزگار کرد لە مردن. بە هەمان شێوەیە، خودا بە نیعمەتی خۆی، دەیەوێ ڕزگارمان بکات بەدابین کردنی ئامرازی ڕزگاربوون. ڕێگای ڕزگاربوون چییە؟ چیرۆکی قوربانی ئیبراهیم فێرمان دەکات کە ڕێگای ڕزگاربوون کە لەلایەن خوداوە دامەزراوە بە ڕێگای قوربانی تەواوەکە.

لە چیرۆکی ئەمڕۆمان، بینیمان چۆن خودا بەرانێکی دابین کرد بۆ ئەوەی لە جێگای کوڕەکەی ئیبراهیم بمرێ. تەنها قۆچەکانی بەرانەکە لەدەونەکە گیر ببوو، پێستەی بەرانەکە هیچی لێ نەهاتبوو. ئەگەر بەرانەکە یەك کەم و کوڕی هەبوایە، نەدەکرا جێگای کوڕەکەی ئیبراهیم بگرێتەوە لەسەر قوربانگاکە. بەڵام ئەو قوربانییەی خودا دابینی کردبوو بەرانێکی تەواو بوو، بێ کەم و کوڕی. لە دیراسەتمان لە بەشەکانی یەکەمی تەورات، دەربارەی ڕێگای ڕزگاربوون کە خودا دایمەزراندووە فێربووین. لەبیرتە ئەو ڕێگایە چی بوو؟ لەپاش ئەوەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، خودا ڕایگەیاند کە، چونکە کرێی گوناە مردنە، ئەوا لێ بووردنی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێ. لەبەر ئەوە، دەبوایە هەموو ئەوانەی ویستیان خودا لە گوناهەکانیان خۆش بێت ئاژەڵێکی بێ کەم و کوڕی بێنن و سەری ببڕن، و بۆ خودا وەك قوربانییێکی سووتاو پێشکەشی بکەن. ئاژەڵە بێ تاوانەکە دەبوایە لەباتی کەسە تاوانبارەکە بمرێت. ئەوە تاکە ڕێگا بوو کە خودا بتوانێ لە گوناهی نەتەوەی ئادەم خۆش بێت، بێ ئەوەی لە ڕاستودروستی و دادوەری خۆی دەرچێت.

شتێکی تر لەمەدا دەبێت فێربین: نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە قوربانی ئاژەڵ تەنها سێبەری شتە باشەکانی داهاتووە، نەک وێنەی تەواوی ڕاستییەکان... چونکە مەحاڵە خوێنی گا و بزن گوناە لابەرێت. (عیبرانییەکان ١٠: ١، ٤) خوێنی ئاژەڵ گوناە لانابات لەبەر ئەوەی ئاژەڵ و مرۆڤ بەهەمان بەها نین. لەبەر ئەوە، فێری ئەوە دەبین کە ئەو بەرخەی جێگای کوڕەکەی ئیبراهیمی گرت لەسەر قوربانگاکە نیشانەی قوربانییێکی گەورەتر و تەواوتر بوو. ووشەی خودا پێمان نیشان دەدات کەئەو بەرانەی لەجێگای کوڕەکەی ئیبراهیم مرد هێمای ڕزگاری دەرە پیرۆزەکە بوو کە دەهاتە جیهانەوە بۆ ئەوەی لەباتی هەموو گوناهباران بمرێت، بۆ ئەوەی خودا لەهەموو ئەوانە خۆش بێت کە باوەڕیان پێی هەیە. بەکورتی، ئەمە مانای قوربانی بەرانەکەی ئیبراهیمە. نیشانەی ئەو ڕزگاری دەرەیە کە خودا بەڵێنی دابوو بینێرێ بۆ جیهان تاکو گوناهباران ڕزگار بکات لەدادوەرییە ڕاستودروستەکەی!

سەبارەت بەلایەنی پیغەمبەرایەتی ئەم چیرۆکە، لەبیرتە ئیبراهیم چی بە کوڕەکەی ووت کاتێ سەردەکەونە سەر چیاکە؟ پێی ووت: (خودا بۆ خۆی بەرخێک بۆ قوربانی دابین دەکات) لەبیرتە ئیبراهیم چی ڕاگەیاند لەپاش ئەوەی بەڕاەنەکەی سەربڕی، لەباتی کوڕەکەی سووتاندی؟ ناوی لە شوێنی قوربانییەکە نا: *خوداوەند دابینی دەکات*! پێغەمبەر موسا، کە تەوراتی نووسیوە دەڵێت: (تا ئەمڕۆ دەوترێ: لە کێوی خوداوەند، دابین دەکرێت!) هۆی ئەمە چی بوو؟ بۆچی پێغەمبەر ئیبراهیم ووتی، (خوداوەند دابینی دەکات)؟ بۆچی نەیوت، (ستایش بۆ خودا! پەروەردگار قوربانییێکی دابین کردووە!) ئازیزان، ئەم پرسیارە زۆر زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی وەڵامەکەی مزگێنی خۆشی ووشەی خودای تێدایە، کە هەموومان دەبێت لێی تێ بگەین و باوەڕی پێ بکەین!

بۆچی ئیبراهیم ناوی لەو شوێنە نا، خوداوەند دابینی دەکات؟ لەبەر ئەمە بوو: ئیبراهیم ڕووداوێکی ڕادەگەیاند کە لەسەر هەمان چیادا ڕووەدات لەو شوێنەی بەرخەکە جێگای کوڕەکەی گرتەوە لەسەر قوربانگاکە. بەکورتی، ئیبراهیم ڕایدەگەیاند (ستایش بۆ خودا، چونکە بەرخێکی دابین کرد بۆ ئەوەی جێگای کوڕەکەم بگرێتەوە لەسەر قوربانیگاکە. بەڵام، پێتان دەڵێم ڕۆژێك، لەسەر هەمان چیادا، خودا قوربانییێکی تر دابین دەکات کەوا مەزنتر دەبێت لەوبەرانەی کوڕەکەی منی ئەمڕۆ ڕزگار کرد لە دەمی چەقۆ و ئاگر. بەڵێ، ئەو قوربانییەی خودا دابینی دەکات ئەو هێزەی هەیە کە نەوەی ئادەم ڕزگار بکات لە مردنی تاهەتایی لەناو ئەو ئاگرەی هەرگیز ناکوژێتەوە! خودا ڕزگاری دەرێکی پیرۆز دەنێرێ کەوا دەمرێت وەك قوربانی، بێ تاوان لەشوێنی تاوانبار، بۆ ئەوەی هەرکەسێ باوەڕی پێ بێنێ ئەوا نافەوتێ!) ئەمە مزگێنی خودایە بۆ هەموو کەس کە ئیبراهیم ڕایدەگەیاند کاتێ ووتی، (خودا بۆ خۆی بەرخێک بۆ قوربانی دابین دەکات!)

پێش ئەوەی کۆتایی بە چیرۆکی (قوربانییەکەی ئیبراهیم) بێنین، هەریەك لە ئێمە پێویستە بزانین کە، نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەپاش ئەوەی ئیبراهیم پێش بینی کرد کە خودا قوربانییێك بۆ گوناهباران دابین دەکات، خودا پێش بینی (واتا نبۆەتی) ئیبراهیم هێنایە دی. ئێسبا ناتوانین زۆر باسی ئەوە بکەین، بەڵام ئەوانەی ئینجیل دەزانن، چیرۆکی ڕزگاری دەرەکە دەزانن. دەزانن کە ئەو لە ئافرەتێکی پاکیزە لەدایك بوو کەوا دەگەڕێتەوە بەرەی ئیبراهیم و ئیسحاق، هەر وەك خودا بەڵێنی دابوو. ئەو ڕزگاری دەرەی کە دەبوایە لەباتی گوناهباران بمرێت باوکی زەمینی نەبوو. ئەو لە ئاسمانەوە هاتبوو، و لەبەر ئەوە، خەسڵەتی گوناهباری ئادەمی نەبوو. بێ گوناە بوو، بێ کەم و کوڕی بوو. لەبەر ئەوە شایەنی ئەوە بوو وەك قوربانییێکی تەواو بمرێت، وەکو جێگری نەوە گوناهبارەکەی ئادەم. کاتێ دەگەینە ئینجیل، دەزانین کە ناوی ئەم ڕزگاری دەرە عیسایە. ناوی عیسا مانای خودا ڕزگار دەکات.

کاتێ دێینە لای ئینجیل، دەخوێنینەوە کە چۆن پێغەمبەرێك هەبوو ناوی یەحیا بوو کەوا خودا ناردی بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش کات بۆ عیسای ڕزگاری دەر. ڕۆژێکیان، یەحیا عیسای بینی وا بەرەو ڕووی دێت و پێی ووت، (ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات!) (یۆحەنا ١: ٢٩) بۆچی پێغەمبەر یەحیا بە عیسای ووت، (بەرخی خودا)؟ لەبەر ئەوەی عیسا لەدایك بوو تاکو خوێنی خۆی بڕێژی وەك قوربانی کە گوناە هەڵدەگرێت. وەك بەرخەکەی لەشوێنی کوڕەکەی ئیبراهیم مرد، ڕزگاری دەرەکە هات بۆ ئەوەی بمرێ لەشوێنی هەموو نەوەکانی ئادەم. عیسا دوایەمین و تەواوترین قوربانییە کەوا ئیبراهیم پێش بینی کرد کاتێ وتی: (خودا بۆ خۆی بە رخێک بۆ قوربانی دابین دەکات!)

لە ئینجیل دەخوێنینەوە کە چۆن عیسا بە ئیرادەی خۆی، خۆی دایە دەستی دوژمنەکانیەوە، و ئەوانیش لە خاچیان دا. عیسای ڕزگاری دەر، کە خودا دابینی کرد، مانای هەردوو لایەنی پێغەمبەری و نیشانەیی بەرخی قوربانی ئیبراهیمی هێنایە دی. لەبەر ئەوە، پێش ئەوەی عیسا بمرێت، هاواری کرد ووتی، (تەواو بوو!) (یۆحەنا ١٩: ٣٠) پاش سێ ڕۆژ، خودا تەواوی و بەهێزی قوربانی ڕزگاری دەرەکەی جێگیر کرد بە هەڵساندنەوەی لە مردن! عیسا ئەو یەکە کە بە تەواوی مانای قوربانییەکەی ئیبراهیمی هێنایە دی. دەزانی ئەو جێگایەی کە عیسا لێی مرد لەباتی گوناهباران لە هەمان چیا بوو کە ئیبراهیم بەرانەکەی لەباتی کوڕەکەی سەر بڕی؟ شوێنی ئەو دوو قوربانییە دەزانێ؟ بەڵێ، لە قودس بوو.

برادەری ئازیز، هەر کەسێکی و لە هەر جێگایێکی، خودا ڕاتدەسپێرێ واز لەبیر و باوەڕی خراپ بێنێت و لە کردەوەی بێ نرخ، بەتەواوی هیوات بخەیتە ناو دوایەمین و تەواوترین قوربانی کە دابینی کردووە. نووسراوە پیرۆزەکان سەبارەت بە **ڕزگاری دەر** دەفەرموێ: ئەوەی خودی خۆی لە لەشیدا لەسەر دار گوناهەکانمانی هەڵگرت، تاکو سەبارەت بە گوناە بمرین و بۆ ڕاستودروستی بژین. بە برینە کانی ئەو چاکبوونەوە. (١ پەترۆس ٢: ٢٤) ئەمڕۆ زانیمان کە کوڕەکەی ئیبراهیم ئەو قوربانییەی قەبوڵ کرد کە خودا بۆی دابینی کردبوو. ئەی دەربارەی تۆ، خوێنەری ئازیز؟ تۆش قوربانییەکەت قەبوڵ کردووە کە خودا بۆتی دابین کردووە؟

خوداش بەرەکەتی خۆی بە سەرتدا ببارێنی کاتێ بەووردی سەرنجی مانای ووشەکانی ئیبراهیم لەسەر چیا دەدەیت کە ووتی، (خودا بۆ خۆی بەرخێک بۆ قوربانی دابین دەکات....لە کێوی خوداوەند، دابین دەکرێت!) (پەیدابوون ٢٢: ٨، ١٤)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. خودا داوای چی لە ئیبراهیم دەکرد؟ ئەم شتە چۆن دەبێ؟

٢. وەڵامی ئیبراهیم چۆن بوو؟ ئایا دەمەقاڵێ لەگەڵ ووشەی خودا کرد لەبەر ئەوەی کارێکی زەحمەت بوو بۆ قبووڵ کردن؟

٣. ڕێگای ڕزگاربوون چییە؟ لەبیرتە ئەو ڕێگایە چی بوو؟

٤. سەبارەت بەلایەنی پیغەمبەرایەتی ئەم چیرۆکە، لەبیرتە ئیبراهیم چی بە کوڕەکەی ووت کاتێ سەردەکەونە سەر چیاکە؟

٥. لەبیرتە ئیبراهیم چی ڕاگەیاند لەپاش ئەوەی بەراەنەکەی سەربڕی، لەشوێنی کوڕەکەی سووتاندی؟

٦. هۆی ئەمە چی بوو؟ بۆچی پێغەمبەر ئیبراهیم ووتی، (خوداوەند دابینی دەکات)؟ بۆچی نەیوت، (ستایش بۆ خودا! پەروەردگار قوربانییێکی دابین کردووە!)؟

٧. بۆچی ئیبراهیم ناوی لەو شوێنە نا (خوداوەند دابینی دەکات)؟

٨. بۆچی پێغەمبەر یەحیا بە عیسای ووت (بەرخی خودا)؟

٩. دەزانی ئەو جێگایەی کە عیسا لێی مرد لەباتی گوناهباران لە هەمان چیا بوو کە ئیبراهیم بەرانەکەی لەشوێنی کوڕەکەی سەر بڕی؟ شوێنی ئەو دوو قوربانییە دەزانێ؟

١٠. تۆش قوربانییەکەت قەبووڵ کردووە کە خودا بۆتی دابین کردووە؟

وانەی ٢٣: عیسۆ و یاقوب- کاتییەکە و تاهەتاییەکە

پەیدابوون ٢٥

لە وانەی ڕابردوومانداو، سەرنجی چیرۆکی قوربانییەکەی ئیبراهیمان دا. ئینجیل بە شێوەیێکی سەرنج ڕاکیش ئەم چیرۆکە گرنگەمان بۆ کورت دەکاتەوە کاتێ دەفەرموێ: بە باوەڕ ئیبراهیم، کاتێ خودا خستییە ئەزموونەوە، ئیسحاقی تاقانەکەی وەک قوربانی پێشکەش کرد. ئەوەی بە بەڵێنەکان وەریگرت، سەبارەت بەو، خودا فەرمووی: {لە ئیسحاقەوە وەچەت ناودەبرێت.} ئیبراهیم دانیابوو کە خودا دەتوانێت مردوو هەڵستێنێتەوە، لەوەشەوە بە مەجازییانە ئیسحاقی وەرگرتەوە. (عیبرانیەکان ١١: ١٧–١٩)

دوایەمین پێنج چیرۆکی وانەکەمان دەربارەی چیرۆکی ژیانی پێغەمبەر ئیبراهیم بوو. زۆر چیرۆکی تر هەیە لە تەورات دەربارەی ئیبراهیم کەوا سەرنجمان نەداوە. بەداخەوە، ئەو کاتەمان نییە هەمووی بخوێنینەوە. بەڵام، شتێك هەیە کە خودا بە ئیبراهیمی فەرموو کە دەبێت بیزانین پێش ئەوەی ئیبراهیم بەجێ بێڵێن و دەس بە چیرۆکی نەوەکەی بکەین. ڕۆژێك، خودا بە ئیبراهیمی فەرموو چی بەسەر نەوەکەی دێت. فەرمووی، (بە دڵنیاییەوە بزانە کە وەچەکانت لە خاکێک نامۆ دەبن هی خۆیان نییە، دەبنە کۆیلەیان و چوار سەد ساڵ دەیانچەوسێنەوە. بەڵام ئەو نەتەوەیەش حوکم دەدەم، کە ئەوان خزمەتیان دەکەن. دوای ئەوە بە دەستکەوتێکی زۆرەوە دێنە دەرەوە.) (پەیدابوون ١٥: ١٣، ١٤)

بەم ووشانە، خودا ئەوەی ڕادەگەیاند کە نەوەی ئیبراهیم دەبن بەکۆیلە لەوڵاتی میسر. هەروەها خودا بەڵێنی دا کە پاش چوارسەد ساڵ ڕزگاریان دەکات لەدەسەڵاتی خەڵکی میسر. لەپاش چوار وانەی تر، دەس دەکەین بەزانینی ئەوەی کە ئەم پێش بینیە ووردانە هاتنە جێ بەجێ کردن، هەروەك خودا بە ئیبراهیمی فەرموو بوو.

پاشان، لەبەشی بیست و پێنج، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئیبراهیم هەرچییەکی هەبوو دای بە ئیسحاق. ئەمەش سااڵنی ژیانی ئیبراهیمە، کە سەد و حەفتا و پێنج ساڵ ژیا. ئینجا ئیبراهیم لە تەمەنێکی باشی پیریدا، دواهەناسەی دا و مرد، پیرەمێردێکی تێر لە ژیان خواردوو، ئیتر چووەوە پاڵ گەلەکەی خۆی. هەردوو کوڕەکەشی، ئیسحاق و ئیسماعیل، هێنایان لە ئەشکەوتەکەی مەخپێلە کە لە بەردەم مەمرێیە بە خاکیان سپارد، لە کێڵگەکەی عەفرۆنی کوڕی چۆحەری حیسی. ئەو کێڵگەیەی ئیبراهیم لە حیسییەکان کڕی. لەوێ ئیبراهیم لەگەڵ سارای ژنی بە خاک سپێردرا. (پەیدابوون ٢٥: ٥، ٧–١٠) بۆیە، دۆستی خودا، ئیبراهیم، چووە حزوری پەروەردگار، ئەوەی کە دەیناسی و خۆشی دەویست.

چۆن دەتوانین چیرۆکی پێغەمبەری خودا ئیبراهیم کورت بکەینەوە و کۆتایی پێ بێنین؟ ڕەنگە بە دوو پرسیار و وەڵامەکانیەوە. یەکەم پرسیار ئەمەیە: بۆچی خودا داوای لە ئیبراهیم کرد کۆچ بکات بۆ وڵاتێکی تر؟ وەڵام: لەبەر ئەوەی خودا پلانی هەبوو لە ئیبراهیمەوە نەوەی نوێ دروست بکات کەوا ڕزگاری دەری جیهانی لێوە بێت. دووەم پرسیارێش ئەمەیە: بۆچی خودا ئیبراهیمی وەك ڕاستودروست دانا و لە حزووری پارسای خۆی قەبوولی کرد تاهەتا؟ وەڵام: لەبەر ئەوەی ئیبراهیم باوەڕی هێنا بەوەی خودا فەرمووی هەرچەندە ئاسان نەبوو. ئیبراهیم بە باوەڕ هێنان بە بەڵێنی خودا ڕزگاری بوو نەك بە کردەوەی خۆی. ئەوەش ئەویە کە نووسراوە پیرۆزەکان ڕایدەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: (ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا)، هەروەها ناوی لێنرا دۆستی خودا. (یاقوب ٢: ٢٣)

لە بەشی بیست و پێنجی سیپارەی پەیدابوون، نووسراوە پیرۆزەکان بەردەوامە لەگەڵ مێژووی نەوەکانی ئیبراهیم. ئێستاش با بەردەوام بین لە تەورات و دەربارەی چیرۆکی ئیسحاق و هەردوو کوڕە جمکەکەی فێربین. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:
(پەیدابوون ٢٥) [١٩] ئەمانەش نەوەکانی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمە. ئیبراهیم ئیسحاقی بوو. [٢٠] ئیسحاق تەمەنی چل ساڵ بوو کاتێک ڕِقەی کچی بتوئێلی ئارامی کە خوشکی لابانی ئارامی بوو لە (پەدان ئارام)ـەوە هێنای تا ببێت بە ژنی. [٢١] ئیسحاق لە پێناو ژنەکەی لە خوداوەند پاڕایەوە، چونکە نەزۆک بوو. خوداوەندیش وەڵامی دایەوە و ڕِقەی ژنی سکی پڕ بوو. [٢٢] هەردوو کوڕەکە لە سکیدا ململانێی یەکتریان دەکرد، ئەویش وتی: (بۆ چی ئەمە لە من ڕووەدات؟) ئیتر ڕۆیشت تا پرسیار لە خوداوەند بکات. [٢٣] خوداوەندیش

پێی وت: (دوو نەتەوە لە منداڵدانتن، دوو گەل لە هەناوتەوە لە یەک جیا دەبنەوە، گەلێکیان لە گەلەکەی دیکە بەهێزتر دەبێت، گەورەکەیان خزمەتی بچووکەکەیان دەکات.)

[٢٤] کە ڕۆژانی خۆی تەواو کرد و هاتە سەر منداڵ بوون، ئەوەتا دووانەیەک لە منداڵدانیدایە. [٢٥] ئەوەیان کە یەکەمجار لەدایک بوو سوور بوو، هەموو لەشی وەک کەوڵێکی تووکن وابوو، ناویان نا (عیسۆ). [٢٦] دوای ئەمە براکەی لەدایک بوو، بە دەستیشی پاژنە پێی عیسۆی گرتبوو، ناویان نا (یاقوب). ئیسحاق لە تەمەنی شەست ساڵیدا بوو کاتێک ڕِققە ئەمانی بوو. [٢٧] هەردوو کوڕەکە گەورە بوون، عیسۆ بووە پیاوێکی شارەزا لە ڕاو، پیاوی دەشتودەر، بەڵام یاقوب پیاوێکی لەسەرخۆ و چادرنشین بوو.

بەم شێوەیە، دەبینین کە ئیسحاق و ڕِققە دووانەیان بوو، کە ناویان نان عیسۆ و یاقوب. ئەوان دووانە بوون بەڵام ئەوە مانای ئەوە نادات کە بەیەک دەچن! کە عیسۆ گەورە بوو، گرنگی تەنها بەشتی زەمینی دەدا کەوا شتی کاتین، بەڵام یاقوب شتی خودایی بەهەند وەردەگرت کەوا تاهەتا دەمێنێنەوە. عیسۆ هیچ بایەخی بەو بەڵێنانەی خودا نەدا کەوا بە ئیبراهیمی باپیرەی دابوو، و بە ئیسحاقی باوکیشی سەبارەت بە نەتەوە نوییەکە کە لە وانەوە دێت. بەڵام، یاقوب بایەخی بە بەڵێنەکانی خودا دەدا.

عیسۆ یەکەم جار لەدایک بوو. لەبەر ئەوەش، بەگوێرەی نەریتی ئەوان، دەبوایە ئەو میراتی یەکەم کوڕی وەربگرتایە و ببوایە باوکی نەتەوە گەورەکە کە خودا بەڵێنی بە ئیبراهیمی باپیرەی دابوو، و بە ئیسحاقی باوکی. بەڵام، تەنانەت پێش ئەوەی دووانەکە لەدایک بن، خودا بە ڕِققەی دایکیانی فەرموو بوو، (گەورەکەیان خزمەتی بچووکەکەیان دەکات.) (پەیدابوون ٢٥: ٢٣) خودا، بە پێش زانینی خۆی، ڕایدەگەیاند کە میراتی یەکەم کوڕ و نەوەکانی نەتەوە نوێیەکە لە یاقوبەوە دەبێت نەک لە عیسۆ. سەبارەت بە یاقوبیش، دەبوایە چاوەڕێی خودای بکرادیە، و هەموو شتێکی بدایە دەستی ئەو خودایەی کە توانای بەخشینی میراتەکەی هەیە لە کاتی تەواوی خۆی. بەڵام، یاقوب چاوەڕێی خودای نەکرد. با بەردەوام بین لە خوێندنەوە بۆ ئەوەی ببینین یاقوب چی کرد بۆ ئەوەی میراتی عیسۆی برا گەورەی ببات. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: [٢٩] ڕۆژێک یاقوب چێشتی لێ دەنا، عیسۆ لە دەشتودەر هاتەوە و پەکی کەوتبوو. [٣٠] عیسۆ بە یاقوبی وت: (تۆزێکم لەو چێشتە سوورە بدەرێ! چونکە پەکم کەوتووە...) [٣١] یاقوبیش وتی: (تۆش ئەمڕۆ نۆبەرایەتییەکەی خۆتم پێ بفرۆشە.) [٣٢] عیسۆ وتی: (ئەوەتا من خەریکە دەمرم، ئیتر نۆبەرەییم بۆ چییە؟) [٣٣] یاقوبیش وتی: (ئادەی ئەمڕۆ سوێندم بۆ بخۆ.) ئەویش سوێندی بۆ خوارد و نۆبەرایەتییەکەی خۆی بە یاقوب فرۆشت. [٣٤] ئینجا یاقوب نان و نسکێنەی دا بە عیسۆ. ئیتر عیسۆ خواردی و خواردییەوە و هەستا و ڕۆیشت. بۆیە عیسۆ سووکایەتی بە نۆبەرایەتی کرد.

تێ دەگەی عیسۆ چی کرد؟ میراتی خۆی وەک نۆبەرە گۆڕییەوە بە کەمێک خواردن! پیاوێکی دەوڵەمەند بێنە پێش چاوت کە دوو کوڕی هەبێت. ئەم پیاوە مالّ و موڵک و پارەی زۆر بێت. وا بەگوێرەی دابونەریت، نۆبەرەکەی ئەو کەسە بێت کەوا زۆربەی میراتەکەی ببات. بەڵام، ڕۆژێک برا گەورەکە لە دەرەوە بێتەوە و ببینێ برا بچووکەکەی خواردنێکی خۆش لێ دەنێ. نۆبەرەکە بە براکەی دەڵێت (وەختە بمرم لە برسا، هەندێکم لەو خواردنە بدەرێ!) بەڵام براکەی وەڵامی دەداتەوە، (ئاوا نادەمێ، پێت دەفرۆشم.) ئەوەی دیش دەڵێ، (بەچەن دەیفرۆشی؟) دەڵێت، (مافی نۆبەرەییت لە میراتەکە.) برا گەورەکەش دەڵێت (باشە، ڕازیم. وەختە بمرم لە برسا، چی لە مافی نۆبەریایەتی بکەم؟) ئیدی برا گەورەکە سوێند دەخوات بۆ برا بچووکەکە هەموو میراتەکەی بۆ ئەو بێت! ئیدی برا گەورەکە دادەنیشی و نان و ئاوی بخوات و پاشان بەڕێی خۆی بڕوات.

چی بە نۆبەرەی وا بڵێین کەوا مالّ و موڵکێکی زۆر و دەسەڵات بە قاپێک خواردن دەگۆڕێتەوە؟ دەتوانین تەنها یەک شت بڵێین: (چەن دەبەنگە!) هەر وەک چۆن ئەم نۆبەرەیە بەسووکی تەماشای چاکەکانی باوکی و سامانی جیهانی کرد، بە هەمان شێوە عیسۆ بەسووکی تەماشای بە ڕەکەتەکانی خودای کرد و سامانی تاهەتایی. ئەو شتانەی عیسۆ بەسووکی تەماشای کردن زۆر بە بەهاتر بوون لە سامانەکانی هەموو جیهان، لەبەر ئەوەی ئەوەی عیسۆ بە هیچی نەزانی مافی بوون بە بەشێک لە نەتەوە نوێیەکە کەوا ڕزگاری دەری جیهانی لێوە دێت.

خودا دیەوێ چیمان فێر بکات لە چیرۆکی عیسۆ و یاقوب؟ خودا دەیەوێ ئاگادارمان بکاتەوە بە شوێن پێی عیسۆ نەڕۆین بەگۆڕینی سامانی تاهەتایی بەرامبەر سامان و خۆشییەکانی جیهان کەوا بزر دەبێت. بخوێنەوە ووشەی پەروەردگار چی ڕادەگەیەنێت سەبارەت

بەوە. دەفەرموێ: چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت؟ یان مرۆڤ بۆ کرێنەوەی خۆی چی دەدات؟ (مەتا ١٦: ٢٦) ئاگاداری ئەوە بن، کەس خۆی لە نیعمەتی خودا بێبەش نەکات... یان وەک عیسۆ بەڕەڵا بێت، ئەوەی مافی نۆبەرایەتی خۆی بە ژەمێک خواردن فرۆشت. (عیبرانیەکان ١٢: ١٥–١٦)

عیسۆ لە نیعمەتی خودا بێ بەش بوو، لەبەر ئەوەی شتی خودایی بەهەند وەرنەگرت. بۆیە، خودا ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێ: لەسەر ڕێگای عیسۆ مەڕۆن! ئەو نیعمەتەی دەمەوەێ بتاندەمی بەسووک تەماشای مەکەن!


ئەی دەربارەی تۆ؟ بەرەکەتەکانی خودات دەوێ؟ خودا تۆی خۆش دەوێ و دەیەوێ بەتەواوی بە بەرەکەتت بکات، بەڵام دەبێت خودا بخەیتە پێش هەموو شتێك لە ژیانت. دەبێت ووشەی خودا بەهەند وەربگری زیاتر لە خواردن و پارە. ئەوکاتە دەست دەکەی بە تێگەیشتن لە نووسراوە پیرۆزەکان کە دەفەرموێ: ئەوەی هیچ چاوێک نەیبینیوە، هیچ گوێیەک نەیبیستووە و بە بیری مرۆڤدا نەهاتووە، ئەوەی خودا ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێت. (١ کۆرنسۆس ٢: ٩) خودا دەیەوێ بە مەزنی بەرەکەتدارمان بکات. دەیەوێت لە هەموو گوناهەکانمان خۆش بێت، و دڵە خراپەکانمان بگۆڕێت و پاکمان بکاتەوە، و پڕمان بکات بە خۆشەویستی و خۆشحاڵی و ئاشتی و دڵنیایی خۆی. ئەم بەرەکەتانەش تەنها بەشێکن لەو میراتەی کە خودا دەیەوێ بە هەر یەك لە ئێمەی نەوەکانی ئادەم بدات! بەڵام، دەبێت بەدوای شتی تاهەتایی بکەوین پڕ بەدڵمان. ئەو کەسەی بە پەرۆشەوە بەرەکەتە تاهەتاییەکانی خودای نەوێت ئەوا هەرگیز وەری ناگرێ.

دەتەوێ بەرەکەتەکان خودا وەربگری؟ کەواتە دەبێت بەدوای تێگەیشتنی ئەوەی کە خودا بەڵێنی پێ دا لە ووشەی بیت. بەڵێنە سەرسوڕهێنەرەکانی خودا دەناسیت، کەوا زۆر مەزنن و لە ئاستی تێ گەیشتنی مرۆڤ دەردەچن؟ ئایا خۆش حاڵی خۆت بۆیان دەردەبڕی؟ یاخود تۆ تەنها بەدوای شتی زەمینی کەوتوی؟ ووشەی خودا پێمان نیشان دەدات کە تەنها دوو جۆر مرۆڤ هەن لەم جیهانەدا: ئەوانەی بەها بە جیهان دەدەن و بەدوای شتی زەمینی دەکەون. ئەوانەی بەها بە شتی تاهەتایی دەدەن و بەدوای شتی ئاسمانی دەکەون. تۆ لەکامە جۆری لەوانە؟

با بخوێنین چی نووسراوە لە زەبوورەکان، لەبەشی یەکەم: [١]خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی بەپێی ڕاوێژی بەدکاران ناڕوات و لە ڕێگای گوناهکاران ڕانەوەستێت و لە نیشتگەی گاڵتەجاڕان دانانیشێت. [٢]بەڵکو ئارەزووی ئەو لە فێرکردنی خودا‌وەندە، شەو و ڕۆژ لە فێرکردنی ورد دەبێتەوە. [٣]وەک دارێک وایە کە لەدەم جۆگای ئاو ڕوابێت و لە وەرزی خۆیدا بەرهەم بدات و گەڵاکانی هەرگیز وشک نەبن، لە هەر شتێک کە دەیکات سەرکەوتوو دەبێت. [٤]بێ گومان بەدکاران وانین، بەڵکو وەک کایەن کە با پەرش وبڵاوی دەکاتەوە. [٥]بۆیە بەدکاران لە دادوەری ناوەستن، گوناهکارانیش لە کۆڕی ڕاستودروستان. [٦]چونکە خودا‌وەند ڕێگای ڕاستودروستان چاودێری دەکات، بەڵام ڕێگای بەدکاران لەناو دەچێت. (زەبوورە ١: ١–٦)

ئەی دەربارەی تۆ؟ بەکام ڕێگادا دەڕۆی؟ ئایا بە ڕێگای ئەوانە دەڕۆی کە بەها بۆ بەڵێنەکانی خودا دادەنێن؟ یاخود وەك عیسۆ وای کە بەڵێنەکانی خودای لەگەڵ شتی زەمینی گۆڕیەوە کەوا بزر دەبێت؟ ووشەی خودا ئاگادارمان دەکاتەوە، کە دەفەرموێ: چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت؟ یان مرۆڤ بۆ کرێنەوەی خۆی چی دەدات؟ (مەتا ١٦: ٢٦) بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لە ناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێک کە بۆ ژیانی تاهەتایی دەمێنێتەوە، ئەوەی کوڕی مرۆڤ دەتانداتێ، چونکە ئەمە خودای باوک مۆری لێداوە. (یۆحەنا ٦: ٢٧)

خودا بەرەکەتی خۆی بە سەرتدا ببارێنێ کە بەوردی سەرنجی ئاگادارییەکەی دەکەن لە ووشەی: **ئاگاداری ئەوە بن، کەس خۆی لە نیعمەتی خودا بێبەش نەکات... یان وەک عیسۆ بەڕەڵا بێت، ئەوەی مافی نۆبەرایەتی خۆی بە ژەمێک خواردن فرۆشت.** (عیبرانیەکان ١٢: ١٥، ١٦)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. چۆن دەتوانین چیرۆکی پێغەمبەری خودا ئیبراهیم کورت بکەینەوە و کۆتایی پێ بێنین؟ بۆچی خودا داوای لە ئیبراهیم کرد کۆچ بکات بۆ ولاتێکی تر؟

٢. بۆچی خودا ئیبراهیمی وەک ڕاستودروست دانا و لە حزووری پارسای خۆی قەبوولی کرد تاهەتا؟

٣. تێ دەگەی عیسۆ چی کرد؟

٤. چی بە نۆبەرەی وا بڵێین کەوا مالّ و مولّکێکی زۆر و دەسەلّات بە قاپێك خواردن دەگۆڕێتەوە؟

٥. ئەمڕۆ خودا دەیەوێ چیمان فێر بکات لە چیرۆکی عیسۆ و یاقوب؟

٦. ئەی دەربارەی تۆ؟ بەرەکەتەکانی خودات دەوێ؟

٧. دەتەوێ بەرەکەتەکان خودا وەربگری؟ بەڵێنە سەرسوڕهێنەرەکانی خودا دەناسیت، کەوا زۆر مەزنن و لە ئاستی تێ گەیشتنی مرۆڤ دەردەچن؟ ئایا خۆش حاڵی خۆت بۆیان دەردەبڕی؟ یاخود تۆ تەنها بەدوای شتی زەمینی کەوتوی؟

٨. ئەی دەربارەی تۆ؟ بەکام ڕێگادا دەڕۆی؟ ئایا بە ڕێگای ئەوانە دەڕۆی کە بەها بۆ بەڵێنەکانی خودا دادەنێن؟ یاخود وەک عیسۆ وای کە بەڵێنەکانی خودای لەگەڵ شتی زەمینی گۆڕیەوە کەوا بزر دەبێت؟

وانەی ٢٤ : یاقوب دەبێتە ئیسرائیل

پەیدابوون ٢٨–٣٢

لە وانەی ڕابردوومانداء دەربارەی ئەو دووانەیەمان خوێندەوە کە ئیسحاق بوو بە خاوەنی، عیسۆ و یاقوب. عیسۆ بەسووکی تەماشای ئەو بەڵێنانەی دەکرد کە خودا بە ئیبراهیمی باپیری دابوو، و مافی نۆبەرایەتی خۆی بە قاپێك خواردن گۆڕیەوە! سەبارەت بە یاقوبیش، ئەو بەهای بۆ بەڵێنەکانی خودا دادەنا. بەڵام، ئەوە مانای ئەوە نییە کە یاقوب بێ هەڵەیە! ناوی یاقوب بەمانای هەڵخەڵەتێنەر دێت. بۆ ئەمڕۆش، پلانمان وایە لە تەورات بەردەوام بین بۆ ئەوەی ببینین چۆن خودا یاقوبی هەڵخەڵەتێنەر دەگۆڕی و دەیکات بە پیاوی خودا.

یاقوب هەڵخەڵەتێنەرێکی ڕاستەقینە بوو. نووسراوە پیرۆزەکان، کەم و کوڕی پێغەمبەرانیش ناشارێتەوە، پێمان دەڵێت چۆن یاقوب دوو جار برا گەورەکەی هەڵخەڵەتاند بۆ ئەوەی مافی نۆبەرایەتی لێ بستێنێ. لەبەر ئەمەش بوو عیسۆ لە تورەییدا، ویستی برا بچووکەکەی بکوژێ. لەپاشان، ڕۆقەی دایکیان بەنهێنی بانگی یاقوبی کرد و ئامۆژگای کرد بڕواتە لای لابانی خاڵی، کەوا لە حاران دەژیا و لەوێ بمینێتەوە هەتاکو تۆڕەیی براکەی دادەمرکێ.

ئێستا، با لە بەشی بیست و هەشتی سیپارەی پەیدابوون بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی بزانین چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی یاقوب مااڵی ئیسحاقی باوکی بەجێ هێشت و بەرەو مااڵی خاڵی لابان چوو. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ٢٨) [١٠] ئینجا یاقوب لە بیری شابەع دەرچوو و بەرەو حاران چوو. [١١] ئیتر ڕێی کەوتە شۆینێك و لەوێ مایەوە، چونکە خۆڕئاوا ببوو. بەردێکیشی لە بەردەکانی ئەو شوێنە هێنا و خستییە ژێر سەری و لەو شوێنەدا ڕاکشا. [١٢] خەوێکی بینی، ئەوەتا پێپلیکانەیەک لەسەر زەوی ڕاگیراوە و سەریشی لە ئاسمان دەدات و ئەوەتا فریشتەکانی خوداش پێی دا سەر دەکەون و دێنە خوارێ، [١٣] ئەوەتا خوداوەند وەستاوە و فەرمووی: (من خوداوەندم، خودای ئیبراهیمی باوکت و خودای ئیسحاق. ئەو زەوییەی لەسەری ڕاکشاویت دەیدەمە خۆت و نەوەکەت. [١٤] نەوەکەت وەک خۆڵی زەوی دەبێت و بەرەو خۆڕئاوا و خۆڕهەڵات و باکوور و باشوور باڵاو دەبێتەوە. هەموو هۆزەکانی زەویش لە تۆ و نەوەی تۆوە بەرەکەتدار دەکرێن. [١٥] ئەوەتا لەگەڵتدام و بۆ هەر لایەک بچیت دەتپارێزم، دەشتگەڕێنمەوە بۆ ئەم زەوییە، چونکە وازت لێناهێنم تاکو ئەوە ئەنجام نەدەم کە پێم فەرمووی.) [١٦] یاقوب لە خەوەکەی خەبەری بوەوە و وتی: (بێ گومان خوداوەند لەم شوێنەدایە، منیش نەمزانی!) [١٧] ترسیش دای گرت و وتی: (ئەم شوێنە چەند ترسناکە! ئەمە هیچی دیکە نییە ماڵی خودا نەبێت، ئەمەش دەروازەی ئاسمانە.) [١٨] یاقوب لە بەیانیدا زوو لەخەو هەستا و هێنای ئەو بەردەی لە ژێر سەری خۆی داینابوو بە ئەستوونی ڕاگیری کرد و زەیتی بەسەردا کرد. [١٩] ئەو شوێنەشی ناو نا بێت ئێل. بەڵام پێشتر شارەکە ناوی (لوز) بوو.

بەو شێوەیە، خودا بۆ یاقوب بەدەرکەوت لە خەوێکدا و بەڵێنی هەمان شتی پێ دا کەوا بە ئیبراهیمی باپیرەی و ئیسحاقی باوکی دابوو — ئەوەش ئەوەبوو، کە بیکات بە نەتەوەیەکی مەزن. لەبەر ئەوە، دەزانین کە میراتی نۆبەرایەتی کە یاقوب لە برا گەورەکەی دزی پێی بەخشرا لەلایەن خوداوە لە کۆتاییدا. یاقوب شایەنی ئەوە نەبوو کە ببێتە باوکی نەتەوەیەکی مەزن کەوا ڕزگاری دەرەکەی لێوە دێتە جیهان. بەڵام، خودا خودای بەزەیی و نیعمەتە، کەوا شتی باش دەبەخشێ بە کەسانێك کە شایەنی نەبن.

یاقوب لە خەوەکەیدا چی بینی؟ نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە ئەو: پێپلیکانەیەک لەسەر زەوی ڕاگیراوە و سەریشی لە ئاسمان دەدات و ئەوەتا فریشتەکانی خوداش پێی دا سەر دەکەون و دێنە خوارێ. لە خەوەکەیدا، یاقوب پێپلیکانەیەکی بینی. ئەو پێپلیکانەیەی یاقوب بینی پێپلیکانەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو زۆر درێژ بوو، کە لە زەوییەوە دەگەیشتە ئاسمان و دەچووە لای حزووری خودا!

لە ڕێگای ئەو خەونەی پێپلیکانەیە، خودا بە یاقوبی نیشان دەدا کەوا دەیەوێت پەیوەندییکی سەرسوڕهێنەر و نزیکی لەگەڵدا ببەستێت. هەروەها خودا ویستی پێی نیشان بدات کەوا ئەو ڕزگاری دەرەی دێتە جیهانەوە وەك ئەو پێپلیکانەیە دەبێت کە لەنێوان زەوی و ئاسماندا دەڕوات — واتا شەفیعی بەینی خودا و مرۆڤ.

تا ئەمڕۆ، زۆر کەس پێیان وایە دەتوانن بە کردەوەی چاکی خۆیان سەرکەونە سەروە و بچنە بەهەشت. بەڵام، ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە تەنها یەك (پێپلیکانەیە) هەیە لەنێوان خودا و مرۆڤدا، ئەو (پێپلیکانەیە) لەلایەن مرۆڤەوە نایەت بەڵکو لەلایەن خوداوە دێت. ئێمەی نەوەی ئادەم، بەهێزی خۆمان هیچ توانای سەرکەوتن و چوونە لای حزووری خودامان نییە. هۆی ئەمەش گوناهەکانمانە و بێ هێزی تەواومانە لە شادکردنی تاکە خودای پارسا. بەڵام خودا کە پڕە لە بەزەیی، لەبەر خۆشەویستییە مەزنەکەی بۆ خەڵك، ڕێگایێکی ڕزگاربوونی بۆ نەوەکانی ئادەم کردۆتەوە.

لەبەر ئەوە، ئەو پێپلیکانەیەی یاقوب بینی لە خەوەکەی هێما و نیشانەی ئەو شەفیعە بوو کە خودا بەڵێنی دابوو بینێرێتە جیهان بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگاربکات. شەفیعەکە وەك پێپلیکانەیە کەوا یاقوب بینی لەنێوان زەوی و ئاسماندا. ئەمەش ئەوەیە کە نووسراوە پیرۆزەکان فێرمان دەکات کاتێ دەفەرموێ: چونکە خودا یەکە و یەک نێوانگر لەنێوان خودا و مرۆڤ دایە.... ئەوەی وەک قوربانی خۆی بۆ هەمووان بەختکرد... تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت. (١ تیمۆساوس ٢: ٥، ٦ و یۆحەنا ٣: ١٦) ووشەی خودا لەسەر ئەم بابەتە ئاشکرایە: کەس نایاتە لای خودا تەنها لە ڕێگای ئەو ڕزگارکەرە پیرۆزەوە نەبێت کە خودا لە ئاسمانەوە ناردوویەتی.

ئێستاش، با بزانین چی ڕووی دا پاش ئەوەی یاقوب گەیشتە مالّی خاڵی. ووشەی خودا دەفەرموێ: مرۆڤ چی بچێنێت، ئەوە دەدرویتەوە. (گەلاتیا ٦: ٧) پێشتر هوێندمان چۆن یاقوب برا گەورەکەی هەڵخەڵەتاند. ئێستاش دەبینین چۆن خاڵی ئەو هەڵدەخەڵەتێنێ. ناوی خاڵی لابان بوو کە پیاوێکی فێڵباز بوو.

لە بەشی بیست و نۆ دەخوێنینەوە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ٢٩) [١٤] لابانیش پێی وت: (تۆ گۆشت و ئێسکی خۆمیت.) ئیتر مانگێک لای مایەوە. [١٥] ئینجا لابان بە یاقوبی وت: (هەر لەبەر ئەوەی کەسی خۆمیت، ئایا ئیتر بە خۆڕایی کارم بۆ دەکەیت؟ پێم بڵێ ئاخۆ کرێیەکەت چی بێت؟) [١٦] لابان دوو کچی هەبوو، گەورەکەیان ناوی (لیئە) بوو، بچووکەکەشیان ناوی ڕاحیل بوو. [١٧] چاوەکانی لیئە کز بوون، بەڵام ڕاحیل ناسک و جوان بوو. [١٨] یاقوب ڕاحیلی خۆش دەویست و وتی: (حەوت ساڵ کارت بۆ دەکەم بەرامبەر ڕاحیلی کچە بچکۆلەت.)

[١٩] لابانیش وتی: (بیدەمە تۆ باشترە وەک لەوەی بیدەمە پیاوێکی دیکە. لێرە لەلای خۆم بمێنەوە.) [٢٠] ئیتر یاقوب لەبەر ڕاحیل حەوت ساڵ کاری کرد کە لای ئەو وەک چەند ڕۆژێکی کەم وابوو، لەبەر خۆشەویستییەکەی بەرامبەر بە ڕاحیل. [٢١] ئینجا یاقوب بە لابانی وت: (ژنەکەم بدەرێ چونکە ڕۆژانی خۆم تەواو بوو، دەشمەوێت بیگوێزمەوە.) [٢٢] لابانیش خەڵکی شوێنەکەی کۆکردەوە و ئاهەنگێکی ساز کرد. [٢٣] کە ئێوارە داهات، پەلی لیئەی کچی گرت و هێنای بۆ یاقوب. ئەویش لەگەڵی نووست. [٢٤] هەروەها لابان (زیلپە)ـی کەنیزەی خۆی کردە کەنیزەی لیئەی کچی. [٢٥] کە ڕۆژ بوەوە، لیئە لەوێ بوو! یاقوبیش بە لابانی وت: (ئەمە چییە بە منت کرد؟ مەگەر بۆ ڕاحیل نەبوو کە کارم بۆ کردیت؟ ئەی بۆ چی فێڵت لێکردم؟) [٢٦] لابانیش وتی: (ئەوە دابونەریتی ئێمە نییە لێرە کچە بچکۆلەکە پێش گەورەکە بە شوو بدەین. [٢٧] هەفتەی بووکێنی ئەم تەواو بکە، ئەوی دیکەشیانت دەدەینێ بەرامبەر بە حەوت ساڵی دیکەی کار، کە بۆ منی دەکەیت.) [٢٨] یاقوبیش وای کرد. حەفتەکەی لەگەل لیئە تەواو کرد، لابانیش ڕاحیلی کچی دایێ کە ببێت بە ژنی... [٣٠] یاقوب لەگەڵ ڕاحیلیشدا نووست، ئەو ڕاحیلی لە لیئە زیاتر خۆش دەویست. حەوت ساڵی دیکەش کاری بۆ لابان کرد.

بەم شێوەیە دەبینین چۆن لابان یاقوبی خوارزای هەڵخەڵەتاند. ئەوەی ڕووی دا شتێکی باش نەبوو، بەڵام دەتوانی دڵنیا بیت کە خودا دەستی هەبوو لەو شتانەی لە ژیانی یاقوب ڕووی دا و وابکات بە بەرژەوەندی یاقوب کۆتایی پێ بێت. لە کۆتاییدا، یاقوب بووە باوکی دوازدە کوڕ. یاقوب بۆ ماوەی بیست ساڵ لە مالّی خاڵی ژیا. لەو بیست ساڵەدا، خودا بە خۆشەویستی خۆی، وای کرد کە یاقوب هەندێ تاقیکردنەوە بە ئازار ببڕێ، بۆ ئەوەی ڕاستەڕێی بکات و باوەڕی پاك بکاتەوە، وەك چۆن ئاگر زێڕ پاك دەکاتەوە. هەرچۆنێك بێت، ڕۆژێك هات و خودا بۆ یاقوب بەدەر کەوت و پێی فەرموو: بگەڕێوە بۆ زەوی باوکانت و بۆ لای کەسوکارەکەت، منیش لەگەڵت دەبم. (پەیدابوون ٣١: ٣) بۆیە یاقوب هەستا، و خۆی خڕ کردەوە و کۆچی کرد، خۆی و خێزانەکەی. بەرەو خاکی کەنعان بەڕێ کەوتن — ئەو خاکەی خودا بەڵێنی دابوو بیدات بە ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و نەوەکانیان.

کاتێ یاقوب و خێزانەکەی لە ڕێگادابوون بەرەو کەنعان، خودا بۆ یاقوب بە دەرکەوت بەشێوەیەکی زۆر تایبەتی و ناوی یاقوبی گۆڕی. بخوێنەوە نووسراوە پیرۆزەکان چی دەفەرموێ لەبەشی سی و دوو.

(پەیدابوون ٣٢) [٢٤] ئیتر یاقوب هەر خۆی مایەوە، پیاوێکیش دەرکەوت و تاکو بەرەبەیان زۆرانبازی لەگەڵدا کرد. [٢٥] کە بینی دەرەقەتی نایەت، لەلای سەرەوەی ئیسکی ڕانی دا و ڕانی یاقوب لە زۆرانبازیەکەدا لەجێ چوو. [٢٦] ئینجا فەرمووی: (بەرم بدە وا بەرەبەیان دەرکەوت.) یاقوبیش وتی: (بەرت نادەم ئەگەر بەرەکەتدارم نەکەیت.) [٢٧] پێی فەرموو: (ناوت چییە؟) ئەویش وتی: (یاقوب.) [٢٨] ئینجا پێی فەرموو: (لەمەودوا ئیتر ناوت بە یاقوب نابرێت، بەڵکو بە (ئیسرائیل) ، چونکە لەگەڵ خودا و پیاوان تێکۆشایت و سەرکەوتوویت.) [٢٩] یاقوبیش لێی پرسی: (ناوی خۆتم پێ بڵێ.) ئەویش فەرمووی: (بۆ چی پرسیار لە ناوم دەکەیت؟) ئیتر لەوێدا بەرەکەتداری کرد. [٣٠] ئیتر یاقوب ئەو شوێنەی ناو نا (پنیئێل) ، وتیشی: (چونکە ڕوو بە ڕوو خودام بینی و گیانیشم دەرباز بوو.)


ئەمە چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەرە کە پڕە لە وانەی گرنگ. دەبینین خودا بۆ یاقوب بەدەردەکەوێ وەک پیاوێك و زۆرانبازی لەگەڵ دەکات. بۆچی زۆرانبازی لەگەڵ یاقوب کرد؟ لەبەر ئەوەی خودا ویستی یاقوب بێ توانایی خۆی بزانێ بەرامبەر ئەو. خودا ویستی یاقوب بزانێت کە هەموو هێزێکی ڕاستەقینە و دانایی تەنها لەلایەن خوداوە دێت! خودا پلانی سەرسوڕهێنەری هەبوو بۆ یاقوب، بەڵام باشترین بەرەکەتەکانی خودا تەنها بۆ ئەو کەسانە دەبێت کە دەزانن ئەوان ناتوانن بە هێزی خۆیان خودا شاد بکەن. یاقوب دەستی بەزانینی بێ هێزی خۆی دەکرد بەرامبەر خودا. لەو شەوەدا، خودا ناوێکی دیکەی بە یاقوب بەخشی، کەوا ئیسرائیل بوو. ناوی یاقوب بەمانای ئەو کەسەی کە (هەڵدەخەڵەتێنێ) دێت. بەڵام ئیسرائیل بەمانای ئەو کەسەی لەگەڵ خودا (کۆڵنادات) دێت. ئیسرائیل دەبێتە ناوی ئەو نەوە نوێیەی کە خودا بەڵێنی بەهێنانی دابوو لە نەوەی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. وەک دەزانن، لە هەر دوازدە کوڕەکەی یاقوبەوە بوو نەوەی ئیسرائیل هەڵساوە. وە لەنێو گەلی ئیسرائیلەوە بوو کە ڕزگاری دەرەکە هاتە جیهانەوە.

ڕەنگە کەسێك بپرسێ: بۆچی خودا کەسێکی هەڵخەڵەتێنەری وەک یاقوبی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بیکات بە باوکی گەلێکی نوێ کە ڕزگاری دەری جیهانی لێوە دێنێتە جیهانەوە؟ بخوێنەوە لە وەڵامی نووسراوە پیرۆزەکان: خوداش گێلەکانی جیهانی هەڵبژارد تاکو داناکان شەرمەزار بکات، خودا لاوازی جیهانی هەڵبژارد تاکو بەهێزەکان شەرمەزار بکات. خودا پایەنزمەکانی جیهان و ڕق لێبۆوەو و شتە نەبووەکانی هەڵبژارد، بۆ پووچەڵکردنەوەی شتە هەبووەکان، تاکو هیچ مرۆڤێک لەبەردەم خودا شانازی نەکات. (١ کورنسۆس ١: ٢٧–٢٩)

یاقوب هەڵخەڵەتێنەر بوو. هیچ ڕێگایەك نەبوو بە هێزی خۆی خودا شاد بکات. هیچ شتێکی باش لەودا نەبوو، تەنها یەك شت نەبێت: یاقوب باوەڕی بە خودا هەبوو. یاقوب بایەخی بۆ بەڵێنی خودا دانا. وەرگرتنی بەرەکەتی خودا گرنگتر بوو لای یاقوب لە هەموو شتێکی ئەم جیهانە. بۆیە خودا خۆی بۆ ئاشکرا کرد و پیرۆزی کرد. خودا، لە مەبەستە تاهەتاییەکانی، دڵی یاقوبی گۆڕی، کە هەڵخەڵەتێنەر بوو، و کردی بە ئیسرائیل، پیاوی خودا.

ئەی تۆ گوێگری بەڕێز؟ وەک یاقوب، بێ توانایی خۆت لە ڕازی کردنی خودا دەناسی؟ با بزانین ووشەی خودا چی دەفەرموێ سەبارەت بەمە. دەفەرموێ: خۆزگە دەخوازرێ بە ڕۆح هەژاران، چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە. (مەتا ٥: ٣) خودا بەرهەڵستی لووتبەرزەکان دەکات، بەڵام نیعمەت دەداتە ڕۆحسووکەکان. بۆیە لە ژێر دەستی بە توانای خودا ڕۆحسووک بن، تاکو لە کاتی خۆیدا بەرزتان بکاتەوە. (١ پەترۆس ٥: ٥، ٦)

خودا بە بەرەکەتت بکات. لەگەڵ ئەم ئایەتەی ووشەی خودا مالّ ئاواییمان لێ دەکەین:
بۆیە خوداوەند چاوەڕێ دەکات، تا میهرەبان بێت لەگەڵتان بۆیە هەڵدەستێت، تا بەزەیی پێتاندا بێتەوە. چونکە خودای دادپەروەرییە خوداوەند خۆزگە بەوانەی چاوەڕێی دەکەن! (ئیشایا ٣٠: ١٨)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. یاقوب لە خەوەکەیدا چی بینی؟

٢. بۆچی خودا وەک پیاوێک زۆرانبازی لەگەڵ یاقوب کرد؟

٣. بۆچی خودا کەسێکی هەڵخەڵەتێنەری وەک یاقوبی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بیکات بە باوکی گەلێکی نوێ کە ڕزگاری دەری جیهانی لێوە دێنێتە جیهانەوە؟

٤. ئەی تۆ وەک یاقوب، بێ توانایی خۆت لە ڕازی کردنی خودا دەناسی؟

٥. بۆچی خوداوەند ناوی یاقوبی پێغەمبەری نا بە ئیسرایێل؟

٦. بۆچی یاقوب لە کاتی زۆرانبازیازی کرد لە گەل خوداوەند بەری نەدا؟ داواکاریکەی چی بوو؟

وانەی ٢٥: ڕیسوابوونی یوسف

پەیدابوون ٣٧–٣٩

لە وانەی ڕابردوومانداا، دەربارەی پێغەمبەری خودا یاقوب فێربووین، کە نەوەی ئیبراهیم بوو. خوێندمانەوە چۆن خودا ناوێکی نوێی پێ بەخشی: ئیسرائیل. یاقوب بەمانای هەڵخەڵەتێنەر دێت، بەڵام ئیسرائیل بەمانای کۆڵنەدان لەگەڵ خودا. ئەوا یاقوب دوو ناوی هەبوو: یاقوب و ئیسرائیل. ئیسرائیل هەروەها ناوی ئەو گەلە نوێیەیە، کەوا خودا بەڵێنی دروست کردنی دابوو لە نەوەی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. یاقوب دوازدە کوڕی هەبوو. لەم دوازدە کوڕەوە گەلی ئیسرائیل هەڵساوە – ئەو گەلەی کە ڕزگاری دەرەکەی لێوە دێت.

ناوی هەر دوازدە کوڕەکەی یاقوب دەزانی؟ ناویان: **ڕەئوبێن، نۆبەرەکەی یاقوب، شیمۆن، لێڤی، یەهودا، یەسساکار، زەبولون، یوسف، بنیامین، دان، نەفتالی، گاد و ئەشیر.**

ئێستاش دەس بە چیرۆکی دڵ ڕفێنی کوڕەکانی یاقوب دەکەین – بەتایبەتی ئەوەی ناوی یوسف بوو، کەوا یازدەمین کوڕ بوو. ئێستاش با بچینە ناو چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەکەی یوسف!

لە تەورات، لە سیپارەی پەیدابوون دەخوێنین، بەشی سی و حەفت. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ:

(پەیدابوون ٣٧) [٢] ئەمانەش نەوەکانی یاقوبن. یوسف کە تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو، شوانی مەڕەکانی دەکرد لەگەڵ براکانیدا... یوسف بوختانە خراپەکانی ئەمانی بە باوکی ڕاگەیاند. [٣] ئیسرائیلیش یوسفی لە هەموو کوڕەکانی دیکەی خۆشتر ویست، چونکە ئەو منداڵەی لە پیریدا ببوو، کەوایەکی درێژی ڕەنگینیشی بۆ دروست کرد. [٤] کە براکانی بینیان باوکیان ئەوی لە هەموو براکانی خۆشتر دەوێت، ڕقیان لێ بوەوە و سڵاویان لێ نەکرد.

[٥] یوسف خەونێکی بینی و بۆ براکانی گێڕایەوە، ئیتر زیاتر ڕقیان لێی بوەوە. [٦] پێی وتن: (گوێ لەم خەونە بگرن کە دیوومە، [٧] ئەوا خە ریکی چەپک بەستن بووین لە کێڵگەدا، لەناکاو چەپکەکەی من ڕاست بوەوە و وەستا، چەپکەکانی ئێوەش دەوریان دا و کڕنوشیان بۆ برد.) [٨] براکانی پێیان وت: (دیارە دەبیت بە پاشا و پاشایەتیمان بەسەردا دەکەیت، یان فەرمانڕەوا و فەرمانمان پێ دەکەیت؟) ئیتر زیاتر ڕقیان لێ بوەوە، لەبەر خەونەکانی و لەبەر قسەکانی. [٩] ئینجا خەونێکی دیکەی دی و بۆ براکانی گێڕایەوە و وتی: (ئەوەتا خە ونێکی دیکەم بینیوە، ئەوەتا خۆر و مانگ و یانزە ئەستێرە کڕنوشیان بۆم بردووە.) [١٠] کە ئەمەی بۆ باوکی و براکانی گێڕایەوە، باوکی سەرزەنشتی کرد و پێی وت: (ئەمە چ خەونێکە کە تۆ بینیووتە؟ ئایا من و دایکت و براکانت بێین و کڕنوشت بۆ ببەین بۆ سەر زە وی؟) [١١] براکانیشی حەسوودیان پێبرد، بەڵام باوکی ئەم شتەی لە دڵی خۆیدا هێشتەوە.

[١٢] براکانی ڕۆیشتن بۆ لەوەڕاندنی مەڕەکانی باوکیان لە دەوروبەری شەکەم. [١٣] ئیسرائیلیش بە یوسفی وت: (ئەوە نییە براکانت لە دە وروبەری شەکەم خەریکی لەوەڕاندنن؟ وەرە با بتنێرم بۆ لایان.) ئەویش وتی: (باشە.) [١٤] ئینجا پێی وت: (بڕۆ سەیر بکە بزانە براکانت سەلامەتن و مەڕەکانیش سەلامەتن، وەرەوە و هەواڵم لێبگێڕەوە.) ئیتر یوسفی لە (دۆڵی حەبرۆن)ەوە نارد. کە یوسف هات بۆ شەکەم، [١٧] پیاوەکەش وتی: (لێرە ڕۆیشتن، چونکە گوێم لێیان بوو وتیان،)با بڕۆین بۆ (دوسان).)) یوسفیش بەدوای براکانیدا ڕۆیشت و لە دوسان دۆزینیەوە. [١٨] جا لە دوورەوە بینیان و پێش ئەوەی لێیان نزیک بێتەوە، پیلانیان بۆی دانا تا بیکوژن. [١٩] ئیتر بە یەکتریان وت: (ئەوەتا خاوەن خەونەکان وا دێت. [٢٠] دەی با ئێستا بیکوژین و فرێی دەینە یەکێک لەم بیرانەوە و دەڵێین گیاندارێکی درندە یوسفی خواردە. ئینجا با ببینین خەونەکانی چیان لێ دێت.) [٢١] کە ڕەئوبێن گوێی لەمە بوو، لە دەستیان فریای کەوت و وتی: (با گیانێک نەکوژین!) [٢٢] ئینجا ڕەئوبێن پێی وتن، (خوێن مەڕێژن. فرێی بدەنە ئەم بیرەوە کە لە چۆڵەوانیدایە و دەستی بۆ درێژ مەکە ن.) ڕەئوبێن ئەمەی وت تا لە دەستیان فریای بکەوێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ لای باوکی.

[٢٣] ئیتر کە یوسف بۆ لای براکانی هات، کەواکەیان لەبەری دادڕاند، کەوا درێژە ڕەنگینەکەی لەبەری بوو، [٢٤] ئینجا بردیان و فرێیان دایە بیرەکەوە، بیرەکەش بەتاڵ و ئاوی تیادا نەبوو. [٢٥] دوای ئەوە دانیشتن بۆ نان خواردن، کە چاویان هەڵبڕی بینیان وا کاروانی ئیسماعیلییەکان لە گلعادەوە دێت، وشترەکانیان بار کراون بە بەهارات و هەتووان و مۆڕ، دەڕۆن تا دابەزن بۆ میسر. [٢٦] ئینجا یەهودا

بە براکانی وت: (چ سوودێکی هەیە براکەی خۆمان بکوژین و خوێنەکەی بشارینەوە؟ [٢٧] وەرن با بە ئیسماعیلییەکانی بفرۆشین و دە ستی خۆمانی بۆ دریژ نەکەین، چونکە برامانە و گۆشتمانە.) براکانیشی بە قسەیان کرد. [٢٨] کاتێک کە هەندێک پیاوی میدیانی بازرگان تێپەڕین، براکانی یوسفیان ڕاکێشا و لە بیرەکە هێنایانە دەرەوە و فرۆشتیان بە ئیسماعیلییەکان بە بیست زیو، ئەوانیش یوسفیان هێنا بۆ میسر.

[٢٩] ئینجا ڕەئوبێن گەڕایەوە بۆ لای بیرەکە و سەیری کرد یوسف لە بیرەکەدا نەبوو، ئیتر جلەکانی بەری خۆی دادڕی. [٣٠] گەڕایەوە بۆ لای براکانی و وتی: (کوڕەکە لەوێ نەماوە! من بۆ کوێ بڕۆم؟)

[٣١] ئەوانیش کەواکەی یوسفیان هێنا، سابرێنێکیان سەر بڕی و کەواکەیان لە خوێن هەڵکێشا. [٣٢] ئینجا کەوا ڕەنگینەکەیان نارد و هێنایان بۆ باوکیان و وتیان: (ئەمەمان دۆزیوەتەوە، لێی وردبەوە و بزانە کەوای کوڕەکەتە یان نا؟) [٣٣] ئەویش لێی وردبووەوە و وتی: (کەوای کوڕەکەمە! گیاندارێکی درندە خواردوویەتی، یوسفی پارچە پارچە کردووە.) [٣٤] ئیتر یاقوب جلەکانی بەری خۆی دادڕی و بە رگی ماتەمی بە ناوقەدییەوە پۆشی و ڕۆژانێکی زۆر شیوەنی گێڕا بۆ کوڕەکەی. [٣٥] ئینجا هەموو کوڕەکانی و هەموو کچەکانی هەستان چوون بۆ لای بۆ دڵدانەوەی، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە دڵی بدرێتەوە و وتی: (بە لاواندنەوە دادەبەزمە لای کوڕەکەم بۆ ناو (جیهانی مردووان).) ئیتر باوکی دایە پڕمەی گریان بۆی.

(پەیدابوون ٣٩) [١] یوسف بەرەوخوار بردرا بۆ میسر. لەوێ پیاوێکی میسری بە ناوی پۆتیفەر کە کاربەدەستی فیرعەون و سەرداری پاسەوانەکانی بوو، لە ئیسماعیلییەکانی کڕی کە بەرەو میسر هێنا بوویان.

[٢] خوداوەند لەگەڵ یوسف بوو، ئیتر پیاوێکی سەرکەوتوو بوو، لە ماڵی گەورە میسرییەکەیدا بوو. [٣] گەورەکەی بینی کە خوداوەندی لەگە ڵدایە و دەست بداتە هەر کارێکیش خوداوەند سەرکەتووی دەکات. [٤] جا یوسف پەسەند بوو لەبەرچاوی و خزمەتی کرد. پۆتیفەریش کردی بە گەورە لێپرسراوی ماڵەکەی و هەرچییەکی هەبوو دایە دەست ئەم. [٥] ئیتر لەو کاتەوە کە ئەمی کرد بە گەورە لێپرسراوی ماڵەکەی و هەرچی کە هەیبوو، خوداوەند ماڵی ئەو میسرییەی لەبەر یوسف بەرەکەتدار کرد. بەرەکەتەکەی خوداەندیش بۆ هەموو ئە و شتانە بوو کە هی پۆتیفەر بوو، چ لەناو ماڵەکەیدا و چ لە دەشتودەردا. [٦] ئیتر هەرچییەکی هەبوو بۆ یوسفی بەجێ هێشت، ئاگاداری هیچی خۆشی نەبوو تەنها ئەو نانە نەبێت کە دەیخوارد. یوسفیش ڕوخسار جوان و بەژن ڕێک بوو. [٧] دوای ماوەیەک ژنی گەورەکەی چاوی بڕییە یوسف و پێی وت: (وەرە لەگەڵمدا بنوو.) [٨] ئەویش ڕەتی کردەوە و بە ژنی گەورەکەی وت: (ئەوەتا گەورەم سەرقاڵی هیچ شتێک نییە کەوا لە ماڵەکەیدا هەیە، هەرچییەکیشی هەیە بە منی سپاردووە. [٩] کەسیش لە ماڵەکەدا لە من گەورەتر نییە. هیچیشی لێقەدەغە نەکردووم تەنها تۆ نەبێت، چونکە تۆ ژنی ئەویت. ئیتر چۆن دەبێت بەدکارییەکی ئاوا گەورە بکەم و گوناە بەرامبە ر بە خودا بکەم؟) [١٠] جا ڕۆژ بە ڕۆژ بە یوسفی دەووتەوە و ئەویش بەقسەی نەکرد، تا لەلایەوە بنووێت و لەگەڵی بێت.

[١١] ئەوە بوو ڕۆژێکیان هاتە ناو ماڵەکەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکەی، هیچ کەسێکی ماڵەکەش لە ماڵەوە نەبوو. [١٢] جا لە جبەکەیەوەی گرتی و وتی: (لەگەڵمدا بنوو!) ئەویش جبەکەی بە دەستی ئەوەوە بەجێ هێشت و ڕایکرد و ڕۆیشتە دەرەوە. [١٣] کە بینی وا جبەکەی بەدەستی ئەمەوە بەجێ هێشت و ڕایکردە دەرەوە، [١٤] بانگی کەسانی ماڵەکەی کرد و پێی وتن: (سەیر بکەن، پیاوێکی عیبرانی بۆ هێناوین دەستبازیمان لەگەڵ بکات. بۆم هاتۆتە ژوورەوە تا لەگەڵمدا بنووێت، منیش بە دەنگی بەرز قیژاندم. [١٥] ئیتر کە گوێی لێ بوو دەنگم هەڵبڕی و قیژاندم، جبەکەی لامەوە بەجێ هێشت و ڕایکرد و ڕۆیشتە دەرەوە.)

[١٦] ئینجا جبەکەی ئەوی لای خۆی دانا تاکو گەورەکەی گەڕایەوە ماڵەوە. [١٧] ئیتر هەمان قسەی بۆ ئەو گێڕایەوە و پێی وت: (خزمە تکارە عیبرانییەکەی تۆ بۆت هێناوین، بۆم هاتە ژوورەوە تا دەستبازیم لەگەڵ بکات. [١٨] بەڵام کە دەنگم هەڵبڕی و قیژاندم، جبەکەی لامەوە بەجێ هێشت و ڕایکردە دەرەوە.)

[١٩] کە گەورەکەی ئەو قسەیەی ژنەکەی خۆی بیست کە بۆی کرد و پێی وت، (خزمەتکارەکەت ئاوای پێکردم،) تووڕەیی جۆشا. [٢٠] ئینجا گەورەکەی یوسفی هێنا و خستییە زیندانەوە، ئەو شوێنەی زیندانییەکانی پاشای لێبەندکرابوون. ئیتر لەوێ لە زیندان مایەوە. [٢١] بەڵام خوداوەند لەگەڵ یوسفدا بوو، خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی خۆی بەسەردا کێشا و پەسەندی کرد لەبەرچاو کارگێڕی زیندانەکە. [٢٢] ئیتر کارگێڕی زیندانەکە هەموو ئەو زیندانییانەی خستە ژێر دەستی یوسفەوە کە لە زیندانەکەدا بوون، کردیشی بە لێپرسراوی هەر کارێک کە لەوێدا بکرایە. [٢٣] کارگێڕی زیندانەکەش سەیری هیچ شتێکی نەدەکرد کە بە دەست یوسف بووایە، چونکە خوداوەند لەگەڵ

یوسفدا بوو، هەر کارێکیشی دەکرد خوداوەند سەری دەخست.

بەم شێوەیە چیرۆکی یوسف، کوڕی یاقوب دەستی پێ کرد. دەتوانین بەم لێدوانە ئەوەی خوێندمانەوە کورت بکەینەوە: یوسف حەزی لە ڕاستودروستی بوو و ڕقی لە خراپەکاری بوو. پێی باشتر بوو لە زیندان بنالێنێ نەک خۆشی گوناهی مردوو ئەنجام بدات. لەبەر ئەوە بوو، کاتێ ژنی گەورەکەی داوای لێ کرد ئیشی خراپی لەگەڵ بکات، یوسف ڕەتی کردەوە و پێی ووت، (ئیتر چۆن دەبێت بە دکاریبەکی ئاوا گەورە بکەم و گوناە بەرامبەر بە خودا بکەم؟)

یوسف دەیزانی خزمەتی خودا و خزمەتی گوناە پێکەوە ناگونجێن! یوسف دڵی خۆی بە خودا بەخشی بوو. لەبەر ئەوە حەزی لە ڕاستودروستی بوو و ڕقی لە خراپەکاری بوو. وەک ئیبراهیمی باپیرە گەورەکەی، یوسفیش هەروەها باوەڕی بە بەڵێنەکەی خودا هەبوو سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە کەوا دەهاتە جیهان بۆ ئەوەی بمرێ لەباتی گوناهەکانی نەوەی ئادەم. خودا دادوەری یوسفی کرد وەک ڕاستودروست لەبەر ئەوەی یوسف باوەڕی بە ووشەی خودا هەبوو. لەبەر باوەڕەکەی، خودا لە گوناهەکانی یوسف خۆش بوو و دڵی پڕ کرد بەحەز و هێز بۆ ئەوەی بەسەر گوناهدا زاڵ بێت و بە ڕاستودروستی بژێت لە جیهانێکی خراپدا.


خودا لەگەڵ یوسف دا (ڕۆیشت) لەبەر ئەوەی یۆسف لەگەڵ خودا (ڕۆیشت). یوسف نەیدەتوانی خۆشی لە گوناە ببینێ، لەبەر ئەوەی دڵی هی خودا بوو. ئەو کەسەی پڕ بەدڵ باوەڕ بە خودا دەکات و دەیپەرستێ ئەوا ئەو شتەی خۆش دەوێ کە خودا خۆشی دەوێ و ڕقی لەو شتە دەبێتەوە کە خودا ڕقی لێیە. ئەوە ئەوەیە کە نووسراوی پیرۆز ڕایدەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: کەس ناتوانێت کۆیلایەتی دوو گەورە بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆش‌دەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. (مەتا ٦: ٢٤) چ هەماهەنگییەک لەنێوان ڕاستودروستی و خراپەدا هەیە؟ یاخود چ هاوبەشییەک لەنێوان تاریکی و ڕووناکی‌دا؟ (٢ کۆرنسۆس ٦: ١٤) خودا ڕووناکییە، هیچ تاریکی تێدا نییە. ئەگەر بڵێین هاوبەشیمان لەگەڵی‌دا هەیە و بە تاریکی‌دا بڕۆین، ئەوا درۆ دەکەین و ڕاست ناکەین (١ یۆحەنا ١: ٥، ٦)

ئەوانەی بەڕاستی هی خودان باوەڕیان بە ووشەی خودا هەیە و بەگوێی دەکەن. بەڵام ئەوانەی هی خودا نین لەلایەن گوناهەوە کۆنترۆڵ کراون. ڕەنگە ڕووخساری دەرەکی ئاینیان هەبێت، بەڵام گوناە هێشتان بەسەر بیر و نیازی دڵیان ووشە و کردەوەکانیاندا زاڵە. ڕەنگە هەوڵ بدەن بەسەر گوناهدا زاڵ بن، بەڵام ناتوانن، لەبەر ئەوەی گوناە لەوان بەهێزترە. ئەوان لەناو دڵیاندا ئەو هێزە پیرۆزەی ڕۆحی خودایان نییە، ئەوەی کە خودا دەیبەخشێ بەوانەی باوەڕ بە ووشەی دێنن و ڕێگای ڕزگاربوون وەردەگرن کە ئەو دایمەزراندووە.

خوێنەری ئازیز، ئایا خودا دڵتی نوێ کردۆتەوە بەهێزی خۆی؟ مزگێنییە خۆشەکەت پێ گەیشتووە دەربارەی ئەو ڕزگاری دەرەی کە هێزی پاک کردنەوە دڵی تۆی هەیە لە گوناە؟ یان تۆ هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی گوناە دەژێی؟ نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: لە خودا نزیک بنەوە، لێتان نزیک دەبێتەوە. دەستتان خاوێن بکەنەوە ئەی گوناهباران، دڵتان پاک‌بکەنەوە ئەی ڕاڕایەکان... لەبەردەم خوداوەند ڕۆحسووک بن، بەرزتان دەکاتەوە. (یاقوب ٤: ٨–١٠)

لە دیراسەتی داهاتوومانداا، بەردەوام دەبین لە چیرۆکی یوسف و دەزانین چۆن لە زیندان دەرچوو و گەورە بوو و بووە فەرمان ڕەوای هەموو خاکی میسر.

خودا بە بەرەکەتت بکات وەک سەرنجی ئەم ئایەتەی نووسراوە پیرۆزەکان دەدەیت: خودا ڕووناکییە، هیچ تاریکی تێدا نییە. ئەگەر بڵێین هاوبەشیمان لەگەڵی‌دا هەیە و بە تاریکی‌دا بڕۆین، ئەوا درۆ دەکەین و ڕاست ناکەین. (١ یۆحەنا ١: ٥، ٦)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ناوی هەر دوازدە کوڕەکەی یاقوب دەزانی؟

٢. ئایا خودا دڵتی نوێ کردۆتەوە بە هێزی خۆی؟

٣. مزگێنییە خۆشەکەت پێ گەیشتووە دەربارەی ئەو ڕزگاری دەرەی کە هێزی پاك کردنەوە دڵی تۆی هەیە لە گوناە؟ یان تۆ هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی گوناە دەژێی؟

٤. بۆچی خودا لەگەڵ یوسف دا ڕۆیشت؟

وانەی ٢٦: پایەبەرزبوونەوەی یوسف

پەیدابوون ٣٠–٣٢

لە وانەی ڕابردوومانداا، دەربارەی یوسف فێربووین، کەوا یازدەمین کوڕ بوو لە کوڕەکانی یاقوب. خوێندمانەوە چۆن یوسف خەونی بینی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان براکانی کڕنۆشی بۆ دەبەن. براکانی یوسف باوەڕیان پێ نەکرد. بەڵام، ئەمڕۆ دەزانین چۆن خودا خەونەکانی یوسفی هێنایە دی بەوا لێ کردنی براکانی بێن و کڕنۆشی بۆ بەرن.

وەك فێربووین، براگەورەکانی یوسف ڕقیان لێ دەبووەوە و دەیانچەوساندەوە لەبەر خەونەکانی. لە تووڕەیی و حەسودی خویاندا، زۆر لایان دا و وەك کوێلەیەك فرۆشتیان بە هەندێ بازرگان کە لە نەوەی ئیسماعیل بوون. ئیسماعیلییەکان یوسفیان برد بۆ میسر و فرۆشتیان بە بەرپرسێکی لای فیرعەون، پاشای میسر. سەبارەت بە یوسف، ئەو خزمەتکارێکی دڵسۆز بوو لە کارەکەیدا، لەبەر ئەوەی لەگەڵ خودا دا ڕۆیشت. یوسف هەروەها زۆر قەشەنگ بوو، کە وای لە ژنی گەورەکەی کرد تەماحی لێ بکات، وێستی لەگەڵی بنوێ. بەڵام یوسف ئەو شتەی ڕەت کردەوە وە بەم شێوەیە وەڵامی ژنەکەی دایەوە: (ئیتر چۆن دەبێت بەدکارییەکی ئاوا گەورە بکەم و گوناه بەرامبەر بە خودا بکەم؟) کە یوسف کاری خراپەی ڕەت کردەوە لەگەڵ ئەو ژنە، ژنەکە بەخراپە باسی یوسفی کرد وای کرد بیخەنە زیندانەوە. بەڵام، یوسف پێی باشتر بوو بچێتە زیندانەوە لەوەی خۆشی لە گوناهی کاتی ببینێ. یوسف خودای لە یەکەم دانا لە ژیانی. بۆ ماوەی دوو ساڵ یوسف لە زیندانداا مایەوە، بەڵام خودا ئەوی لەبیر نەکردبوو.

ئێستاش با بەردەوام بین لە تەورات و بزانین چۆن خودا بارودۆخی یوسفی گۆڕی. لە سێپارەی پەیدابوون دەخوێنین، بەشی چل و یەك. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ٤١) [١] ئەوە بوو دوای دوو ساڵ، فیرعەون خەوی دی، کە لەلای ڕووباری (نیل) وەستاوە و [٢] لە ڕووبارەکەوە حەوت مانگای ڕوخسار جوان و گۆشتن هاتنە دەرەوە و لە مێرگەکەدا کەوتنە لەوەڕان. [٣] هەروەها ئەوەتا حەوت مانگای تر لەدوای ئەمانەوە هاتنە دەرەوە لە ڕووبارەکە، ڕوخسار ناشرین و لەڕ و لەلای مانگاکانەوە ڕاوەستان لەسەر کەناری ڕووبارەکە. [٤] ئینجا مانگا ڕوخسار ناشرین و لەڕەکان، حەوت مانگا ڕوخسار جوان و گۆشتنەکەیان خوارد. ئیتر فیرعەون بە ئاگا هات. [٥] دوای ئەوە نووستەوە و دیسان خەوی بینیەوە، کە حەوت گوڵە گەنم لە لاسکێکەوە دەرچووە، قەڵەو و جوانن. [٦] هەروەها ئەوەتا حەوت گوڵە گەنمی باریک و سووتاو بە بای ڕۆژهەڵات لە دوای ئەمانەوە ڕووان. [٧] ئینجا گوڵەگەنمە باریکەکان حەوت گوڵەگەنمە قەڵەو و پڕەکەیان قووت دا. ئیتر فیرعەون خەبەری بوەوە، ئەوەتا خەوە. [٨] ئەوە بوو سەر لە بەیانی دڵگران بوو، ئیتر ناردی بە دوای هەموو جادووگەرانی میسر و هەموو داناکانیدا و فیرعەون خەوەکەی خۆی بۆ گێڕانەوە، بەڵام کەسێک نەبوو لەناویان بۆ فیرعەونی لێک بداتەوە.

[٩] ئینجا سەرۆکی ساقییەکان قسەی لەگەڵ فیرعەوندا کرد و وتی: (من ئەمڕۆ هەڵەکانی خۆم دێتەوە یاد. [١٠] جارێک فیرعەون لە دوو خزمەتکارەکەی خۆی تووڕە بوو، جا من و سەرۆکی نانەواکانی خستە زیندانی ماڵی سەرۆکی پاسەوانەکان. [١١] ئینجا من و ئەو لە یەک شەودا خەومان بینی، خەوی هەریەکەمان لێکدانەوەیەکی جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەوی ترمان. [١٢] لەوێش کوڕێکی عیبرانیمان لەگەڵ بوو کە خزمەتکاری سەرداری پاسەوانان بوو. بۆ ئەومان گێڕایەوە، ئەویش هەردوو خەوەکەی بۆ لێک داینەوە، بۆ هەریەکەمان بەپێی خەوەکەی لێکی دایەوە. [١٣] ئیتر ئەو چۆنی بۆ لێک داینەوە ئاوا ڕوویدا. ئەوە بوو من گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم و ئەویش هەڵواسرا.) [١٤] فیرعەونیش بە دوای یوسفی نارد، ئیتر خێرا لە زیندانەوە هێنایان. دوای ئەوەی تەراشی کرد و جلەکانی گۆڕی، هاتە بەردەم فیرعەون. [١٥] فیرعەون بە یوسفی وت: (خەوێکم بینیوە و کەس نییە لێکی بداتەوە، دەربارەی تۆش بیستوومە کە خەو دەبیستیت تا لێکی بدەیتەوە.) [١٦] یوسف وەڵامی فیرعەونی دایەوە و وتی: (هی من نییە، بەڵکو خودایە وەڵامی ئاشتی بەخش بە فیرعەون دەدات.)

پاشان فیرعەون باسی خەونەکەی بۆ یوسف کرد. لەپاش ئەوە بە یوسفی ووت، [٢٤] ئەمەم بە جادووگەرەکان وت، بەڵام کەس نەبوو بۆم ڕوون بکاتەوە. [٢٥] یوسفیش بە فیرعەونی وت: (خەونەکانی فیرعەون یەکە و لە یەک دەچن. ئەوەی خودا دەیکات بە فیرعەونی ڕاگەیاند. [٢٦] حەوت مانگا جوانەکە حەوت ساڵن. حەوت گوڵەگەنمە جوانەکەش هەر حەوت ساڵن. یەک خەوە. [٢٧] حەوت مانگا لەڕ و ناشرینەکان بە دوایاندا هاتنە دەرەوە ئەوە حەوت ساڵن. حەوت گوڵەگەنمە باریک و سووتاوەکە بە بای ڕۆژهەڵات، دەبنە حەوت ساڵی

برسێتی. ٢٨ (ئەمەش ئەوەیە کە بە فیرعەونم وت، ئەوەی خودا دەیکات بە فیرعەونی نیشان دا. ٢٩ ئەوەتا حەوت ساڵ دێت تێروتەسە
لییەکی مەزن لە هەموو خاکی میسردا دەبێت. ٣٠ ئینجا بە دوای ئەودا حەوت ساڵی برسێتی دێت کە هەموو ئەو تێروتەسەلییە لە بیر
دەباتەوە کە لە خاکی میسردا بووە. برسێتی خاکەکە دەفەوتێنێت. ٣١ ئیتر بەو تێروتەسەلییەی لە خاکەکەدا بووە نازانرێت، لەبەر ئەو
برسێتییەی بە دوایدا دێت، چونکە زۆر گران دەبێت. ٣٢ سەبارەت بەوەش کە خەوەکە دوو جار بۆ فیرعەون دووبارە کراوەتەوە لەبەر ئە
وەیە کە ئەو کارە لەلای خوداوە بڕیار دراوە، خوداش خێرایە لە ئەنجامدانی. ٣٣ (ئێستاش با فیرعەون پیاوێکی وردبین و دانا ببینێت و
لەسەر خاکی میسر دایبنێت. ٣٤ با فیرعەون سەرپەرشتیارانیش لەسەر زەوی دانێت بۆ وەرگرتنی پێنج یەکی دانەوێڵەی خاکی میسر لە
حەوت ساڵی تێروتەسەلییەکەدا. ٣٥ ئیتر هەموو خواردنی ئەم ساڵە باشانەی کە دێت کۆ دەکەنەوە و گەنم لە ژێر دەستی فیرعەون لە
عەمبار بکەن، بۆ خواردن لە شارەکاندا و چاودێری بکەن. ٣٦ ئەم خۆراکە دەبێتە ئازووقەی خاکەکە بۆ ئەو حەوت ساڵە برسێتییەی کە
لە خاکی میسردا دەبێت، ئیتر خاکەکە بە برسێتی لەناو ناچێت.)

٣٧ ئەم قسانە لەبەرچاوی فیرعەون باش بوو، هەروەها لەبەرچاوی هەموو دەستوپێوەندەکەی. ٣٨ فیرعەون بە دەستوپێوەندەکەی وت:
(ئایا کەسێکی وەک ئەم پیاوەمان دەست دەکەوێت کە ڕۆحی خودای تێدا بێت؟) ٣٩ ئینجا فیرعەون بە یوسفی وت: (دوای ئەوەی
خودا هەموو ئەمانەی بۆت ئاشکرا کرد، ئیتر کوا لە تۆ وردبینتر و داناتر. ٤٠ تۆ لەسەر ماڵەکەی من دەبیت، لە دەمی تۆشەوە هەموو گە
لەکەم ڕاسپاردە وەردەگرن، تەنها لە تەختی پاشایەتیدا لە تۆ گەورەتر دەبم.) ٤١ ئینجا فیرعەون بە یوسفی وت: (بڕوانە ئەوا تۆم دانا لە
سەر هەموو خاکی میسر.) ٤٢ ئیتر فیرعەون ئەنگوستیلەکەی دەستی خۆی داکەند و کردیە دەستی یوسف، هەروەها جلوبەرگی کەتانی
ناسکی لەبەر کرد و تەوقێکی زێڕینی کردە ملی. ٤٣ پاشان سواری دووەم گالیسکەی خۆی کرد و لەپێشیەوە بانگەوازیان کرد: (بە
چۆکدا بێن!) ئیتر داینا لەسەر هەموو خاکی میسر. ٤٤ ئینجا فیرعەون بە یوسفی وت: (من فیرعەونم، بەڵام بەبێ قسەی تۆ کەس لە
هەموو خاکی میسردا، نە دەستی و نە پێی بەرزناکاتەوە.) ٤٥ فیرعەون یوسفی ناو نا (سافنەت پەعنێح)، هەروەها (ئاسنەت)ـی کچی
(پۆتی فەرەع)ـی کاهینی (ئۆن)ـی داپێی ببێت بە ژنی. ئیتر یوسف چووە دەرەوە بۆ سەر خاکی میسر. ٤٦ تەمەنی یوسف سی ساڵ
بوو کاتێک لە بەردەم فیرعەونی پاشای میسر وەستا. یوسف لای فیرعەون چووەدەرەوە و بە هەموو خاکی میسردا تێپەڕی. ٤٧ لە حە
وت ساڵی تێروتەسەلییەکەدا زەوی بە پڕی بەروبوومی دا. ٤٨ جا یوسف هەموو خۆراکی ئەو حەوت ساڵەی کۆکردەوە کە لە خاکی
میسردا بوون، لە هەموو شارێکدا خۆراکی دانا، خۆراکی ئەو کێڵگانەی لە دەوروبەری شارەکە بوون لەناوی دانا. ٤٩ یوسف گەنمی
کۆکردەوە وەک لمی دەریا، ئەوەندە زۆر ئیتر وازی لە ژماردنیان هێنا، چونکە لە ژماردن نەدەهاتن...

٥٣ ئەو حەوت ساڵە تێروتەسەلییەی لە خاکی میسردا بوو کۆتایی هات. ٥٤ ئینجا حەوت ساڵی برسێتییەکە دەستی پێکرد، وەک یوسف
وتبووی. برسێتی لە هەموو زەویدا بوو، بەڵام لە هەموو خاکی میسردا نان هەبوو. ٥٥ ئینجا هەموو زەوی میسر برسیی بوو و خەڵکەکە
هاواریان بۆ فیرعەون برد بۆ نان. فیرعەونیش بە هەموو میسرییەکانی وت: (بڕۆن بۆ لای یوسف، ئەوەی ئەو پێتان دەڵێت بیکەن.)
٥٦ برسێتییەکە هەموو ڕووی خاکەکەی گرتەوە، ئینجا یوسف هەموو عەمبارەکانی کردەوە و بە میسرییەکانی فرۆشت. برسێتییەکە لە
خاکی میسردا تووندتر بوو. ٥٧ هەموو زەویش هاتن بۆ میسر تا لە یوسف گەنم بکڕن، چونکە برسێتییەکە لە هەموو زەویدا توند بوو.

(پەیدابوون ٤٢) ١ کاتێک یاقوب زانی کە لە میسر گەنم هەبوو، ئیتر یاقوب بە کوڕەکانی خۆی وت: (بۆ سەیری یەکتری دەکەن؟)
٢ ئینجا وتی: (ئەوەتا بیستوومە لە میسر گەنم هەیە. بەرەو خوار بنەوە بۆ ئەوێ و لەوێ بۆمان بکڕن، تا بژین و نەمرین.) ٣ ئیتر دە
برای یوسف بەرەوخوار بوونەوە بۆ کڕینی گەنم لە میسر. ٤ بەڵام یاقوب بنیامینی برای یوسفی لەگەڵ براکانیدا نەنارد، چونکە وتی نە
وەک تووشی بەڵایەک بێت. ٥ ئیتر کوڕانی ئیسرائیل هاتن بۆ کڕینی گەنم لەگەڵ ئەوانەی هاتبوون، چونکە برسێتی لە خاکی کەنعاندا
بوو.

٦ یوسف خۆی دەسەڵاتدار بوو بەسەر زەوی، خۆی فرۆشیار بوو بۆ هەموو خەڵکی زەوی. ئینجا براکانی یوسف هاتن و ڕووەو زەوی
کڕنوشیان بۆ برد. ٧ کە یوسف سەیری براکانی خۆی کرد، ناسینیەوە. ئینجا خۆی لێگۆڕین و بە ڕەقی قسەی لەگەڵ کردن و پێی
وتن: (لە کوێوە هاتوون؟) ئەوانیش وتیان: (لە خاکی کەنعانەوە بۆ خۆراک کڕین.)
٨ جا یوسف براکانی خۆی ناسییەوە، بەڵام ئەوان ئەمیان نەناسییەوە. ٩ ئینجا یوسف ئەو خەوانەی هاتەوە یاد کە بە ئەوانیەوەی دی
بووی و پێی وتن: (ئێوە سیخوڕن! بۆ ئەوە هاتوون تا ڕووتی خاکەکە ببینن.)

تێ دەگەی چی ڕوویدا؟ دەبینین برا گەورەکانی یوسف کڕنۆشیان بۆ برا بچووکەکەی خۆیان یوسف برد، هەروەك زۆر لەوە پێش خەونی بینی بوو! کڕنۆشیان برد بۆ ئەم یوسفەی کە ڕقیان لێ دەبووەوە و حاشایان لێ کرد و ویستیان لە کۆتاییدا بیکوژن! یوسف یەکسەر براکانی خۆی ناسیەوە، بەڵام ئەوان ئەویان نەناسیەوە، لەبەر ئەوەی زیاتر لە بیست ساڵ بوو ئەویان نەبینیبوو! لە وانەی داهاتوومانداو، چیرۆکی یوسف تەواو دەکەین و بزانین چۆن خۆی ئاشکرا دەکات بۆ براکانی.

بەڵام ئەی دەربارەی پەندی ئەمڕۆمان؟ خودا دەیەوێ چیمان فێر بکات لەچیرۆکی یوسف و براکانی؟ خودا دەیەوێ بزانین کە ئەوەی لەنێوان یوسف و براکانی ڕووی دا هێمایەکە بۆ ئەوەی کە ڕووەدات لەنێوان ڕزگاری دەرەی جیهان و نەوەی ئادەم. ئەگەر یەك شتمان لەبیر بێت لە وانەی ئەمڕۆمان، دەبا ئەمە بێت: یوسف سێبەرێك (وێنەێك) بوو لە ڕزگاری دەرەکە کە خودا بەڵێنی ناردنی دابوو بۆ جیهان. بەڵای کەم سەد توخم (واتا ڕووداو، جیاوازی کردن) لەنێوان چیرۆکی یوسف کەوا هێمایەکە (یاخود نیشانەیەك)ـە بۆ چیرۆکی ڕزگاری دەرەکە کەوا هاتە جیهانەوە لەپاشی نزیکەی هەزار و هەشت سەد ساڵ. وا دیاریشە ئەو کاتەمان نییە لەم بەرنامەیەدا باسی هەموو ئەو سەد خاڵە بکەین – بەڵام سێ لەوانە باس دەکەین.


یەکەم، زانیمان چۆن برا گەورەکانی یوسف، یوسف و خەونەکانیان ڕەت کردەوە. ڕقیان لێ بووەوە، سووکایەتییان پێ کرد و تەنانەت فرۆشتیان. هەمان شت لەگەڵ ڕزگاری دەرەکەی خودا ناردی بۆ جیهان ڕووی دا. خەڵکی جیهان ڕزگاری دەرەکە و پەیامەکەیان ڕەت کردەوە – سووکایەتییان پێ کرد، چەوساندیانەوە، فرۆشتیان و تەنانەت لە خاچیشیان دا.

دووەم وێنە ئەمەیە: خەڵکی قێزیان لە یوسف بووەوە، پشتیان لێ کرد، بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ کرد و خستیانە زیندانەوە. پاشان لە کاتی دیاری کراو لەلایەن خودا پاشای میسر یوسفی کرد بە بەرزترین دەسەڵاتداری هەموو خاکەکە، و بە هەموو ئەوانەی ڕاگەیاند کە دیانەوێ لە برسێیەتی و مردن ڕزگاریان بێت: (**بڕۆن بۆ لای یوسف**، پارێزگاری ژیان!) بە هەمان شێوە، سەبارەت بە ڕزگاری دەری جیهان کە خودا ناردییە خوارەوە، پەروەردگار خودا دەفەرموێ: **بڕۆن بۆ لای** ڕزگاری دەرەکە کە من دەست نیشانم کردووە! ئەو پارێزەری ژیانە، ئەو سەرچاوەی ژیانە! ئەگەر ملکەچی ئەو بن، ئەوا هەرگیز جارێکی تر تووشی برسییەتی نابن لە دڵتان و گیانتان دەژی تاهەتا.

سێیەم جیاوازی کردن لەنێوان یوسف و ڕزگاری دەرەکە شتێکی پیرۆزە. لە کۆتاییدا، براکانی یوسف ملکەچی دەسەڵاتی ئەو بوون. هیچ چارەیان نەبوو تەنها خۆیان فرێدەنە بەردەستی ئەو کەسەی کە نکۆڵییان لێ کرد و شانازی نەبوونیان پێی دەربڕی! بە هەمان شێوە، ووشەی خودا ڕایدەگەیێنێ کە ڕزگاری دەرەکە، کە تا ئەمڕۆ زۆر خەڵك نکۆڵی و شانازی نەبوونی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەری، ڕۆژێك لە ڕۆژان دەگەڕێتەوە جیهان بۆ ئەوەی دادوەری جیهان بکات لە ڕاستودروستیدا. لەو ڕۆژەدا هەموو خەڵکی جیهان کڕنۆش دەبەن بۆ ئەو، هەموو کەسێك دەزانێت کە ئەو ئەو یەکەیە کە خودا هەڵیبژاردووە وەك ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان!

ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا ملکەچی ڕزگاری دەرەکە بویت کەوا خودا دەست نیشانی کردووە بۆ پاراستنی تۆ لە دادوەری تاهەتایی؟ یاخود جارێ چاوەڕێ دەکەی تا ئەو کاتەی زۆر درەنگ دەبێت، تا ڕۆژی دادگایی – کەوا بەهێز وات لێ دەکرێت کڕنۆشی بۆ بەری؟

خودا بەرەکەتت بکات و توانای تێ گەیشتنت بداتێ. ووشەی خودا دەفەرموێ: (وشەی پێغەمبەرانمان هەیە و چەسپاوترە، چاك دەکەن ئەگەر ئاگاداری بن، وەک بۆ چرایەکی گەشاوە لە شوێنێکی تاریک) (٢ پەترۆس ١: ١٩)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. تێ دەگەی چی ڕوویدا دەربارەی بوسف و براکانی؟

٢. بەڵام ئەی دەربارەی پەندی ئەمڕۆمان؟ خودا دەیەوێ چیمان فێر بکات لە چیرۆکی یوسف و براکانی؟

٣. ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا ملکەچی ڕزگاری دەرەکە بویت کەوا خودا دەست نیشانی کردووە بۆ پاراستنی تۆ لە دادوەری تاهەتایی؟ یاخود جارێ چاوەڕێ دەکەی تا ئەو کاتەی زۆر درەنگ دەبێت، تا ڕۆژی دادگایی – کەوا بەهێز وات لێ دەکرێت کڕنۆشی بۆ بەری؟

٤. ئایا بینیت چۆن فیرعەون یوسف دانا لەسەر هەموو خاکی مسر بالا بەرزی کرد؟

وانەی ٢٧ : یوسف- پاشماوەی چیرۆکەکە

پەیدابوون ٤٢–٥٠

لە دوو وانەی ڕابردوودا دەربارەی یوسف کوڕی یاقوبمان خوێندەوە. لەم وانە، پلانمان وایە بۆ خوێندنەوەی پاشماوەی چیرۆکەکەی یوسف و بەو شێوەیە، بێینە تەواوکردنی یەکەم پەرتووکی تەورات، سیپارەی پەیدابوون. تا ئێستا خوێندمانەوە کە یاقوب، نەوەی ئیبراهیم، دوازدە کوڕی هەبوو، یوسف یازدەمین کوڕی بوو. هەموشیان لە خاکی کەنعان دەژیان، ئەو خاکەی وەک خۆتان دەزانن، خودا بەڵێنی دابوو بیدات بە نەوەکانی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. کاتێ یوسف گەنج بوو، خەونێکی بینی کەوا ڕۆژێك لە ڕۆژان، برا گەورەکانی کڕنۆشی بۆ دەبەن. بەڵام برا گەورەکانی قێزیان لە خۆی و خەونەکانی بووەوە، و وەک کوێلەیەك فرۆشتیان بۆ خاکی میسر. بەڵام، خودا یوسفی لە هەموو مەینەتییەکانی ڕزگار کرد، و توانای ڕوونکردنەوەی خەونەکەی فیرعەونی پاشای میسری پێ دا. بە یارمەتی خودا، یوسف پێشبینی حەوت ساڵە برسییەتییەکەی کرد کەوا لە خاکەکەی دەدا. بۆیە، فیرعەون یوسفی وەک گەورەترین دەسەڵاتدار دانا لەسەر هەموو خاکی میسر.

لەپاش ئەوەی حەفت ساڵە خۆشییەکەی تەواوبوو، بینیمان کە ئەو برسییەتییەی کە یوسف پێشبینی کردبوو بەسەر میسر و خاکی کەنعاندا دەستی پێکرد. بەڵام، لە خاکی میسر گەنمێکی زۆر عەمبار کرابوو لەبەر ئەو نیعمەت و داناییەی خودا بە یوسفی دابوو.

کە یاقوب زانی لە میسر گەنم هەیە، هەر دە براگەورەکەی یوسفی نارد بۆ ئەوەی هەندێك بکڕن. بەڵام بنیامینی برا بچووکی یوسفی نەنارد لەگەڵیان لە ترسی ئەوەی شتێکی بەسەر دێت. پاشان، بینیمان کە هەر دە براگەورەکان گەیشتنە میسر و کڕنۆشیان برد بۆ یوسفی برایان، بەو شێوەیە خەونە کۆنەکەی یوسفیان هێنایە دی. یوسف براگەورەکانی خۆی ناسیەوە، بەڵام ئەوان ئەویان نەناسیەوە، لەبەر ئەوەی ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ بوو نەیان بینیبوو، و بە بیری خۆیان یوسف مردبوو.

ئێستا کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنین بۆ ئەوەی بزانین چۆن یوسف خۆی بۆ براکانی ئاشکرا دەکات. یوسف دەس بەجێ خۆی بۆ براکانی ئاشکرا نەکرد، لەبەر ئەوەی ویستی سەرەتا تاقییان بکاتەوە بۆ ئەوەی بزانی ئایا دڵە خراپ و بۆگەنەکەیان گۆڕاوە یان نا. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: که یوسف سەیری براکانی خۆی کرد، ناسینیەوە. ئینجا خۆی لێگۆڕین و بە ڕەقی قسەی لەگەڵ کردن و پێی وتن: (له کوێوه هاتوون؟) ئەوانیش وتیان: (له خاکی کەنعانەوه بۆ خۆراک کڕین.) (پەیدابوون ٤٢: ٧) یوسف زۆر پرسیاری لێیان کرد، تۆمەتی سیخوڕی خستە پاڵیان و خستیانیە زیندانەوە. یوسف ویستی بیر لە ژیانی خۆیان بکەنەوە و باری دڵی خۆیان بەرامبەر خودا بناسن. لەپاش سێ ڕۆژ، یوسف ڕێگای پێیان دا بڕۆن، بەڵام یەکێکیانی لە زیندان هێشتەوە و بە وانەی تری ووت بگەڕێنەوە میسر لەگەڵ بنیامینی برا بچووکیان، دوایەمین کوڕی باوکیان.

لەپاش چەن مانگێکی زۆر، براگەورەکان گەڕانەوە میسر بۆ ئەوەی هەندێ گەنمی تر بکڕن، و بنیامینی برا بچووکیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. کاتێ گەیشتن، دووبارە یوسفیان بینی، دەسەڵاتداری خاکەکە – بەڵام هێشتا نەیاناسیەوە. یوسف ئەوانی بۆ ماڵی خۆی برد، کە وای کرد زۆر بترسێن. پاشان خوانێکی گەورەی بۆیان دانا، وای کرد لە چوار دەورەی مێزەکە بەگوێرەی تەمەنیان دانیشن، لە گەورەوە بۆ بچووك و خواردنی لە مێزی خۆیەوە دەدا پێیان. بنیامین خوراندنی پێنج جار زیاتر وەرگرت لە وانەی تر. ڕەنگە یوسف براکانی تاقی دەکردەوە بۆ ئەوەی بزانێ حەسودی بە بنیامین دەبن یان نا، وەك ئەوەی پێشان حەسودیان بەو دەبرد. بەڵام، هیچ کام لەوان حەسودی نەبرد بە بنیامینی برا بچووکیان.

لەپاش خوانەکە، یوسف فەرمانی بە خزمەتکارێك دا کەوا گوشەکانیان پڕ بکرێ لە گەنم و بەرداغە زیوە تایبەتییەکەی خۆی لەناو گوشەکەی بنیامین بشاردرێتەوە. دوای ئەوەی براکانی یوسف ڕۆیشتن، یوسف سەرۆکی خزمەتکارەکانی نارد بە دوایاندا و تۆمەتی دزی خستە پاڵیان. کاتێ سەرۆکی خزمەتکارەکان گەیشت پێیان، ووتی (بۆچی پاداشی چاکە بە خراپە دەدەنەوە؟ ئەو بەرداغەی گەورەکەم لێی دەخواتەوە نەتاندزیوە؟) و ئەوانیش وەڵامیان دایەوە ووتیان، (ئێمە نەمان بردووە. با ئەو کەسە بمرێ کە بەرداغەکەی

لا دەبینرێتەوە و ئێمەش دەبینە کوێلەتان!) سەرۆکی خزمەتکارەکانیش وەڵامی دایەوە ووتی، (ئەو کەسەی بەرداغەکەی لا ببینرێتەوە دەبێتە کوێلەی من، بەڵام ئەوانی تر بەڕێی خۆتان دەڕۆن.)

سەرۆکی خزمەتکارەکان لە هەموو گوشەکان گەڕا، لە برا گەورەکەوە دەستی پێ کرد و لە برا بچووکەکە کۆتایی پێ هێنا — و بەرداغەکەی لەناو گوشەکەی بنیامیندا دۆزیەوە! لەوکاتەدا، برا گەورەکانی یوسف دەستیان کرد بە دڕاندی کراسەکانی بەریان، و گەڕانەوە بۆ شارەکە و خۆیان لەبەردەم یوسف فڕێ دایە سەرزەوی. پاشان یوسف پێیانی ووت، (چیتان کردووە؟ پێتان وابوو دەتوانن هەڵمخەڵەتێنن؟) یەهودا، چوارەم کوڕی یاقوب پێی ووت، (چی بڵێین؟ چۆن دەتوانین پاکانەی خۆمان بکەن؟ خودا بەدکاری و ناڕاستودروستیمانی بەدەر خست! ئێمە کوێلەی تۆین، ئێمە و ئەوەی بەرداغەکەتان لەلای دۆزیەوە!)

یوسفیش وەڵامی دایەوە ووتی، (تەنها ئەو کەسەی بەرداغەکەی لا دۆزرایەوە دەبێتە کوێلەم. ئێوە دەتوانن بگەڕێنەوە بەساغی و سەلامەتی بۆ لای باوکتان.) پاشان یەهودا لە یوسف نزیك بووەوە و دووبارە باسی ئەو ئەشکەنجەیەی باوکی هەیەتی بۆ بنیامین و هاتنی لەگەڵیان بۆ میسر کرد. پاشان، جودا داوای بەزەیی لە یوسف کرد و پاڕایەوە بۆ ئەوەی ڕێگا بدات بنیامین لەگەڵیان بگەڕێتەوە بۆ لای باوکیان. هەروەها جودا داوی کرد ئەو ببێتە کوێلەی یوسف لەباتی بنیامین. کاتێ یوسف ئەشکەنجەی براکانی بینی لەبەر گوناهە کۆنەکانیان، ئەو بەزەییەی بۆ باوکیان و برا بچووکەکەیان هەبوو، یوسف زانی کە براگەورەکانی بەڕاستی تۆبەیان کردووە. زانی کە کاتی خۆ ئاشکراکردنی بۆ براکانی هاتووە!

بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ٤٥) [1] ئیتر یوسف نەیتوانی خۆی ڕابگرێت لە بەردەم هەموو ئەوانەی لەلای وە ستابوون، هاواری کرد: (هەمووان لەلام بڕۆنە دەرەوە!) ئیتر کەسی لێنەمابوو کاتێک خۆی بە براکانی ناساند. [2] بە دەنگێکی وا بەرز گریا کە میسرییەکان گوێیان لێبوو، ماڵی فیرعەونیش ئەمەی بیست. [3] یوسف بە براکانی وت: (من یوسفم. ئایا باوکم هێشتا ماوە؟) بەڵام براکانی نەیانتوانی وەڵامی بدەنەوە چونکە لە بەردەم یوسف تۆقین.

[4] ئینجا یوسف بە براکانی وت: (وەرنە پێشەوە لێم.) ئەوانیش هاتنە پێشەوە، ئەمیش وتی: (من یوسفی براتانم کە بە میسرتان فرۆشت. [5] ئێستاش نە داخ بخۆن و نە لەسەر دڵیشتان گران بێت کە منتان بە ئێرە فرۆشتووە، چونکە بۆ مانەوەی ژیان بوو کە خودا منی پێش ئێوە نارد. [6] چونکە ئەمە دوو ساڵە برسێتییەکە لەناو خاکەکەدایە، بۆ پێنج ساڵی دیکەش نە کێڵان دەبێت و نە دروێنە. [7] خوداش منی پێش ئێوە نارد بۆ دابینکردنی پاشەڕۆژتان لە زەوی، بۆ ژیان بۆتان، بۆ دەربازبوونێکی مەزن.

[8] (ئێستاش ئێوە نین کە منتان نارد بۆ ئێرە، بەڵکو خودایە منی کردووە بە باوک بۆ فیرعەون و بە گەورەی هەموو ماڵەکەی و فە رمانڕەوا بەسەر هەموو خاکی میسردا. [9] پەلە بکەن و بەرەوژوور ببنەوە بۆ لای باوکم و پێی بڵێن، (یوسفی کوڕت وای وت، خودا منی کردووە بە گەورەی هەموو میسر. بەرەوخوار بەرەوە بۆ لام و ڕامەوەستە. [10] لە زەوی (گۆشەن) نیشتەجێ دەبیت و لە من نزیک دە بیت، خۆت و کوڕەکانت و کوڕی کوڕەکانت و ڕانە مەڕەکەت و گاگەلەکەت و هەرچییەکت هەیە. [11] لەوێ خۆم بەخێوت دەکەم، چونکە برسێتییەکە هێشتا پێنج ساڵی ماوە. ئەگینا خۆت و ماڵەکەت و هەرچیشت هەیە هەژار دەبن.)

[12] (ئەوەتا چاوەکانتان دەبینێت، هەروەها چاوەکانی بنیامینی براشم، کە دەمی منە قسەتان لەگەڵدا دەکات. [13] هەموو مەزنی من لە میسردا بە باوکم ڕادەگەێنن، لەگەڵ هەموو ئەوەی بینیوتانە و بە پەلەش باوکم بەرەوخوار دەکەنەوە بۆ ئێرە.)

[14] ئینجا کەوت بەسەر ملی بنیامینی برای و گریا، بنیامینیش بەسەر ملیدا گریا. [15] ئینجا هەموو براکانی ماچ کرد و گریا بەسەریان. دوای ئەوە براکانی قسەیان لەگەڵدا کرد. پاش ئەمە، براکانی یوسف خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ماڵی باوکیان. یوسف عارەبانەی داپێیان وەک فیرعەون فەرمانی دا، هەروەها زادی دا پێیان بۆ گەشتەکەیان. [16] ئەوانیش لە میسرەوە بەرەوژوور بوونەوە و هاتن بۆ خاکی کەنعان بۆ لای یاقوبی باوکیان. [17] پێیان ڕاگەیاند و وتیان: (یوسف هێشتا زیندووە و خۆی فەرمانڕەوای هەموو خاکی میسرە!) یاقوبیش بووڕایەوە، چونکە بڕوای پێنەکردن. [18] ئیتر هەموو ئەو قسانەی یوسفیان پێووت کە پێی وتبوون. چاویشی بە عەرە بانەکان کەوت کە یوسف ناردبوونی بۆ هێنانی ئەم، بەوەش ڕۆحی یاقوبی باوکیان ژیایەوە. [19] ئیسرائیل وتی: (بەسە! یوسفی کوڕم هێشتا ماوە، دەڕۆم و دەیبینم پێش ئەوەی بمرم.)

لەپاش ئەمە، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت چۆن یاقوب و خێزانەکەی خاکی کەنعانیان بەجێ هێشت و بەرەو میسر ڕۆیشتن. یاقوب قوربانییەکی پێشکەش کرد لە ڕێگادا و لەوێشدا خودا قسەی لەگەڵی کرد و فەرمووی، (من خودام، خودای باوکتم. مەترسە لە بە ڕەوخوار ڕۆیشتنت بۆ میسر، چونکە لەوێ دەتکەمە نەتەوەیەکی مەزن. ٤ من لەگەڵ تۆدا دێمە خوارێ بۆ میسر، خۆشم سەرت دەخە مەوە. یوسفیش دەستی خۆی دەنێتە سەر چاوەکانت.) (پەیدابوون ٤٦: ٣، ٤)

لەپاش گەشتێکی دوور و درێژ، یاقوب و خێزانەکەی گەیشتنە خاکی میسر. یاقوب چەن خۆش حاڵ بوو بە بینینی یوسفی کوڕە خۆشەویستەکەی لەپاش ئەو هەموو ساڵە زۆرە! لەبەر ئەوە یاقوب، کەوا بە ئیسرائیلیش ناو دەبردرێ، خۆی و خێزانەکەی لە میسر نیشتەجێ بوون، لە دەڤەری گۆشەن. لەوێشدا زۆر زیادیان کرد و بوون بە خێڵێکی گەورە. یاقوب لە میسر بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ ژیا. کۆی گشتی تەمەنی گەیشتە ١٤٧ ساڵ. بۆیە یاقوب، باوکی خێڵەکانی ئیسرائیل مرد و چووە لای خودا لە ئاسمان. یوسف و براکانی و هەموو خەڵکی میسر بۆ ماوەی حەفتا ڕۆژ بۆی گریان. کوڕەکانی یاقوب باوکیان لە خاکی کەنعان بەخاك سپارد، لە گۆڕستانی ئیبراهیمی باپیرەی.


لە دوایەمین بەشی سیپارەی پەیدابوون، بەشی پەنجا، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ:

(پەیدابوون ٥٠) ١٥ کە براکانی یوسف بینیان باوکیان مرد، وتیان: (نەکات یوسف کینەمان لێهەڵبگرێت و هەموو ئەو خراپەیەی بە ڕامبەری کردوومانە بەسەرمانی بهێنێتەوە...١٩ یوسفیش پێی وتن: (مەترسن، بۆ چی من لە جێی خودام؟ ٢٠ مەبەستی ئێوە خراپە بوو بۆم، خودا بە مەبەستی چاکە گێڕای تا وەک ئەمڕۆ بکات، بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی گەلێکی زۆر. ٢١ ئێستاش مەترسن. من خۆتان و منداڵەکانتان بەخێو دەکەم.) ئیتر دڵنەوایی کردن و قسەی دڵخۆشکەرەی بۆ کردن. ٢٢ یوسف خۆی و ماڵی باوکی لە میسر نیشتەجێ بوون، یوسف سەد و دە ساڵ ژیا... ٢٤ ئینجا یوسف بە براکانی وت: (من دەمرم، بەڵام خودا خۆی بەسەرتان دەکاتەوە و لەم خاکەوە بەرەوژوورتان دەکاتەوە بۆ ئەو خاکەی کە سوێندی لەسەر خواردووە بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب.) ٢٥ ئیتر یوسف نەوەی ئیسرائیلی سوێند دا و وتی: (بێ گومان خودا بەسەرتان دەکاتەوە، دەبێت ئێوەش لێرەوە ئێسقانەکانم بەرەوژوور بکەنەوە.) ٢٦ دوای ئەوە یوسف مرد، تەمەنی سەد و دە ساڵ بوو، ئیتر مۆمیایان کرد و لە میسر خرایە تابووتەوە.

سیپارەی پەیدابوون بەم شێوەیە تەواو دەبێت: (دوای ئەوە یوسف مرد... و لە میسر خرایە تابووتەوە) ئەم سیپارەیە، کەوا بە چیرۆکی چۆنیەتی دروست کردنی خودا بۆ ژیان دەست پێ دەکات، بە چیرۆکی مردن کۆتایی پێ دێت. لەبەر گوناهەکەی ئادەم، مردن بۆ هەموو مرۆڤ هات. بەدڵت بێت یان نا، (کرێی گوناه مردنه!) (ڕۆما ٦: ٢٣) تەنانەت پیاوێکی باش وەك یوسفیش، کەوا نازناوی پارێزەری ژیانی پێ درا، دەبوایە بمرێت، لەبەر ئەوەی ئەویش یەکێکە لە نەوەی ئادەم و ڕەگی گوناه لەناو دڵیەتی. یوسف بە یارمەتی خودا، توانی خەڵکی میسر بپارێزی و خێزانەکەی لە برسییەتی تا مردن ڕزگار بکات، بەڵام نەیتوانی لە مردن ڕزگاریان بکات. بەڵام بەدڵێکی خۆشەوە ستایشی خودا دەکەین، لەبەر ئەوەی لە سیپارەی پەیدابوون هەروەها دەخوێنینەوە دەربارەی بەڵێنە سەرسوڕهێنەرەکەی خودا کەوا ڕزگاری دەرێکی خاوەن هەموو توانایەکمان بۆ بنێرێ کەوا خودی مردن دەبەزێنێ. مردن ئەنجامی گوناهە. ئەو ڕزگاری دەرەی خودا بەڵێنی دابوو بینێرێ نەوەکانی ئادەم ڕزگار دەکات لە ڕەگی گوناه و سزای گوناه ئەنجام دان. ڕەگی گوناه شەیتانە و دڵی خراپەکاری مرۆڤە. سزای گوناهیش مردنە و چوونە ناو ئاگرە. ئەو ڕزگاری دەرەی خودا بەڵێنی دابوو بینێرێ هەموو ئەوانەی بەزاند و دەتوانێ ژیانی ئەوانە بگۆڕی کە باوەڕی پێ دێنن.

ئەم ڕزگاری دەرە خاوەن هەموو توانایەك دەناسی کەوا شەیتان گوناهی بەزاند، و مردن و ئاگری دۆزەخ، و ئەوەی ژیانی تاهەتایی پێشکەش بەو کەسە دەکات کە باوەڕی بە ناوی هەبێ؟ ئینجیلی پیرۆز سەبارەت بەم ڕزگاری دەرە دەفەرموێ: ستایش بۆ خوداوەند، خودای ئیسرائیل، چونکە گەلەکەی بەسەرکردەوە و کرییەوە. شاخی ڕزگاریمانی هەڵستاندەوە... وەک لە کۆنەوە بە زمانی پێغەمبەرە پیرۆزەکانی دووا‌وە. (لۆقا ١: ٦٨–٧٠) ئامین!

خوداش بەبەرەکەتت بکات وەك سەرنجی ئەم ئایەتەی نووسراوی پیرۆز دەدەیت کە سیپارەی پەیدابوون کورت دەکاتەوە: لەکوێ گوناه زۆر بوو، نیعمەتی (خودا) زۆر زیاتر بوو. (ڕۆما ٥: ٢٠)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. کاتێ سەرۆکی خزمەتکارەکان گەیشت پێیان، ووتی (بۆچی پاداشی چاکە بە خراپە دەدەنەوە؟ ئەو بەردانەی گەورەکەم لێی دەخواتەوە نەتاندزیوە؟) بۆچی ئەم شتە روویدا؟

٢. پاشان یوسف پێیانی ووت، (چیتان کردووە؟ پێتان وابوو دەتوانن هەڵمخەڵەتێنن؟)

٣. ئەم ڕزگاری دەرە خاوەن هەموو توانایەك دەناسی کەوا شەیتان گوناهی بەزاند، و مردن و ئاگری دۆزەخ، و ئەوەی ژیانی تاهەتایی پێشکەش بەو کەسە دەکات کە باوەڕی بە ناوی هەبێ؟

٤. بۆچی یاقوب و خێزانەکەی خاکی کەنعانیان بەجێ هێشت و بەرەو میسر ڕۆیشتن؟

٥. مانای ئەوە چی بوو کە لە سیپارەی پەیدابوون بەم شێوەیە تەواو دەبێت: (دوای ئەوە یوسف هەرد...واە میسر خرایە تابووتەوە)؟

وانەی ٢٨ : چاوپێداخشانەوەی یەکەم سیپارەی تەورات

پەیدابوون ١ – دەرچوون ١

بەردەوامین لە دیراسەتی تەورات. وەك دەزانی، تەورات یەکەم پەرتوکە لە نووسراوەکانی پێغەمبەران و دابەشەی پێنج سیپارە یاخود بەش کراوە. یەکەم سیپارە پێی دەوتری پەیدابوون واتا سەرەتاکە. لە وانەی ڕابردوومانداا، دیراسەتمان لە پەیدابوون تەواو کرد. بۆ ئێستاش، دەست بە دووەم بەشی تەورات دەکەین، کە پێی دەوترێ دەرچوون. سیپارەی دەرچوون ئەو باسە سەیر و سەرسوڕهێنەرە لەخۆ دەگرێ کە چۆن خودا گەلی ئیسرائیلی رزگار کرد لە بەند و کۆچییان لە خاکی میسر.

پێش ئەوەی بچینە ناو سیپارەی دەرچوون، با چاوپێداخشانەوەی بکەین لەوەی تا ئێستا لە یەکەم سیپارەی نووسراوە پیرۆزەکان خوێندوومانە. زۆر گرنگە کە زانیارێکی قوڵمان هەبێت لە سیپارەی پەیدابوون، چونکە بنەمای تێگەیشتنی سیپارەکانی تر کە خودا بۆمانی دابین کردووە بۆ ئەوەی تێ بگەین و باوەڕ بێنین بە هەموو ئەوەی نووسراوە لە پەرتوکەکانی تری پێغەمبەرانی پاشتر.

یەکەم ئایەتی سیپارەی پەیدابوونت لەبیرە؟ دەڵێت: لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا. ئەمە گرنگە، لە سەرەتادا خودا... کاتێ هێشتا هیچ شتێك بوونی نەبوو – تەنها یەك بوونی هەبوو. ئەو یەکەش خودا بوو! پاشان، فێربووین کە چۆن خودا ملیۆنەها فریشتەی پیرۆزی دروست کرد، بە هێزی ووشە تاهەتاییەکەی و ڕۆحی پیرۆزی. خودا فریشتەکانی دروست کرد بۆ ئەوەی خزمەت و ستایشی بکەن تاهەتا. لەنێوان فریشتەکاندا یەك هەبوو کە زۆر دانا و جوان بوو. ئەویش لوسیفێر بوو، سەرکردەی فریشتەکان. بەڵام، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە ڕۆژێك لوسیفێر دڵی پڕ شانازی بوو و قێزی بووەوە لە خودا لە دڵی خۆی. لوسیفێر و زۆرێك لە فریشتەکان دەستیان کرد بە دانانی پلانێك بۆ لابردنی خودا. بەڵام کەس ناتوانێ خودا لاببات. خودا ناتوانێت لەو کەسانە خۆش بێت کە یاخی دەبن دژی. لە دەرئەنجامی ئەوە، خودا لوسیفێر و فریشتە خراپەکارەکانی دەرکرد و ناوی لوسیفێری گۆڕی بۆ شەیتان، کە بە مانای دژ وەست دێت. لە پاش ئەوەی خودا شەیتان و فریشتەکانی دەرکرد، ئاگری دۆزەخی بۆیان دروست کرد. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە ڕۆژی دوایی، خودای ڕاستودروست، شەیتان و هەموو ئەوانەی شوێنی دەکەون فڕێ دەداتە ناو ئەو ئاگرەوە.

پاشان خوێندمانەوە کە چۆن پەروەردگار خودا جیهانی بەدی هێنا بۆ ئەو خەڵکەی کە پلانی هەبوو بەدی بێنێ. مرۆڤ گرنگترین بوونەوەرە لەنێوان ئەوانەی کە خودا بەدی هێناون، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەسەر وێنەی خودا بەدی هێنراوە! خودا دەیویست کە پەیوەندیێکی قوڵ و سەرسوڕهێنەری هەبێت لەگەڵ مرۆڤ. لەبەر ئەوە بیرێکی چەسپاند لەناو گیانی مرۆڤ کە توانای ناسینی خودای هەبێ، و دلێك پێ بەخشی کە توانای خۆشەویستی خودای هەبێ، هەروەها ئیرادەیەك کە توانای بە گوێ کردنی خودای هەبێ.

پاشان، زانیمان چۆن خودا تاقیکردنەوەیەکی خستە پێش یەکەم پیاو و یەکەم ژن کە بەدی هێنابوون. خودا ئادەمی ئاگادارکردبووەوە و فەرمووی، (تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێ گومان دەمریت!) کە بەمانای: لە من جیا دەبیەوە تاهەتا!

بەهەرحاڵ، بینیمان چۆن باپیرە گەورانمان ئادەم و حەوا، هەڵیان بژارد بەگوێ شەیتان بکەن و لە دارەکە بخۆن کە خودا لێیانی قەدەغەکردبوو. لە دەرئەنجامدا، ووشەی خودا دەفەرموێ: بەهۆی مرۆڤێک گوناه هاته جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوە یە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە. (ڕۆما ٥: ١٢) ئای کە ڕاستە پەندی پێشینان کە دەڵێت (دەرد و بەڵا هەموو کەس دەگرێتەوە!) لەبەر گوناهی ئادەم، هەموومان گوناهبارین. لەبەر گوناهی ئادەم، هەموومان شایستەی مردنین و ڕووبەڕووی دادوەری خودا ببینەوە.

پاشان، فێربووین چۆن خودا ئادەم و حەوای لە باخچەی بەهەشت دەرکرد لەبەر گوناهەکەیان، بەڵام پێش ئەوەی دەریان بکات، خودا ڕایگەیاند کە چۆن پلانی هەیە ڕزگاری دەرێك بنێرێتە جیهان بۆ ڕزگارکردنی نەوەی ئادەم لە هێزی شەیتان و سزای گوناه. خودا، لە دیزاینە دڵ فڕێنەکەی خۆی، پلانێکی هەبوو بۆ ڕزگار کردنی گوناهباران. پلانەکەی وابوو کە پیاوێکی تەواو بنێرێتە جیهان کەوا تووشی

گوناهی ئادەم نەبوو بێ. ئەم پیاوە ڕاستودروستە بە ئیرادەی خۆی خوێنی خۆی دەڕێژێ بۆ دانەوەی قەردی گوناهی نەوەکانی ئادەم. بەم شێوەیە، خودا دەتوانێ لە گوناهەکانی خەڵک خۆش بێت، بێ ئەوەی لە دادوەری خۆی دەرچێ. بەڕاستی، بەڵێنی خودا سەبارەت بە ڕزگاری دەری هاتوو بەڵێنێکی سەرسوڕهێنەر بوو!

پاشان بینیمان چۆن خودا ئەو بەڵێنە سەرسوڕهێنەرەی جێگیر کرد بە قوربانی کردنی هەندێك ئاژەڵ، و جل و بەرگی بۆ ئادەم و حەوا لە پێستی ئاژەڵەکان دروست کرد بۆ ئەوەی شەرمەزاریان داپۆشێ. خودا ئادەم و حەوای فێردەکرد کە سزای گوناە مردنە و هەروەها کە لێ خۆش بوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێ.

لە پاش ئەوە، دەربارەی یەکەم دوو کوڕی ئادەم فێر بووین، قابیل و هابیل. زانیمان چۆن هابیل بەرخێکی بێ عەیبی پێشکەش بە خودا کرد و سەری بڕی، بەو شێوەیە گوزارشتی لە ڕزگاری دەرەکە کرد کە دەهاتە جیهانەوە و لەباتی گوناهباران دەمرێ. دەربارەی قابیل، ئەو هەوڵی دا بە کردەوەی خۆی لە خودا نزیك بێتەوە و بەڕووبوومی دەستی خۆی پێشکەش خودا کرد. لەدەرئەنجامدا، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: جا هابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند بوو. بەڵام قابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند نەبوو. بۆچی خودا قوربانی قابیلی قەبوڵ نەکرد؟ لەبەر ئەوەی یاسای خودا نافەرموێ: (سزای گوناهی ئیشی چاکەیە!) بەڵکو دەفەرموێ: (سزای گوناە مردنە!) و (لێ خۆش بوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێ.) خودا داوای لە قابیل کرد کە تۆبە بکات و ڕێگای ڕاستودروستی قەبوڵ بکات کە خودا داینابوو، بەڵام قابیل زۆر تووڕە بوو و هابیلی برا بچووکی کوشت.

زۆربەی نەوەکانی ئادەم بەدوای شوێن پێی قابیل کەوتن، بۆیە تا کاتی نوح، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە خودا خوداوەند بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیر و بۆچوونەکانی دڵیشی بە دریژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە. لەبەر دڵی خراپی مرۆڤ، خودا مەبەستی ناردنی لافاوێکی هەبوو بۆ ئەوەی گوناهباران یاخی بووەکان لەناو ببات. لەو چەرخە خراپەدا، تەنها نوح باوەڕی بە خودا هەبوو، لەبەر ئەوەش بوو خودا فەرمانی پێ دا کە کەشتییەکی گەورە دروست بکات، کە دەبێتە پەناگەێك بۆ هەموو ئەوانەی دەچنە ناوی. خودا زۆر ئارامی لەسەر گوناهباران گرت کاتێ نوح خەریکی دروست کردنی کەشتییەکە بوو. بەڵام، کەس تۆبەی نەکرد و نەچووە ناو کەشتییەکەوە جگە لە نوح و خێزانەکەی.

نوح سێ کوڕی هەبوو، سام و حام و یافەت. پێغەمبەر ئیبراهیم لە نەوەی سامە. خوێندمانەوە چۆن خودا فەرمانی بە ئیبراهیم دا کە ماڵی باوکی بەجێ بێڵێ و بەرەو خاکی کەنعان بەڕێ بکەوێ. خودا پلانی وابوو کە گەڵێکی نوێ لە ئیبراهیم دروست بکات کەوا پێغەمبەرانی خودا و ڕزگاری دەری جیهانی لێوە بێت. بۆیە خودا بە ئیبراهیمی فەرموو، جا دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن و بەرەکە تدارت دەکەم... هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بە هۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن. (پەیدابوون ١٢: ٢، ٣)

بۆیە، ئیبراهیم لە تەمەنێکی گەورەدا بووە باوکی ئیسحاق، هەروەك چۆن خودا بەڵێنی پێ دابوو. ئیسحاقیش پاشان بووە باوکی یاقوب، یاقوبیش، کە خودا ناوی کرد بە ئیسرائیل، بووە باوکی دوازدە کوڕ. وە لەو دوازدە کوڕەی یاقوب ئەو گەلە نوێیە خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو هاتە بوونەوە، گەلی ئیسرائیل.

لە سێ وانەی ڕابردوومانداو، سەرنجی چیرۆکی سەرنج ڕاکێشی کوڕەکانی یاقوبمان دا، بەتایبەی ئەوەی ناوی یوسف بوو، کە یازدەهەمین کوڕ بوو. برا گەورەکانی یوسف ڕقیان لێ دەبووەوە، بەڵام خودا بەرەکەتداری کرد و کردی بە فەرمان ڕەوای هەموو خاکی میسر. پاشان، قات و قڕی کەوتە میسر و هەموو خاکی کەنعان، بووە هۆی تەند و چەڵەمەیەکی مەزن. لەدەرئەنجامی ئەوە، یاقوب و کوڕەکانی هیچیان نەبوو بخۆن. کاتێ یاقوب بیستی کە دانەوێڵە لە میسر هەیە، کوڕەکانی نارد بۆ ئەوێ. پاشان بینیمان چۆن یوسف خۆی بۆ براکانی ئاشکرا کرد و لێیان بورا و ناردی بە دوای باوکی و هەموو خێزانەکەی بۆ ئەوەی کۆچ بکەن و لە میسر جێگیر بن. بۆیە، لە کۆتایی سیپارەی پەیدابوون، دەبینین کە گەلی ئیسرائیل چی دی لە خاکی کەنعان نەبوون کە خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو، بەڵکو لە میسر بوون. بەڵام، ئەم هەموو شتانە ڕووی دا تاکو ئەو قسانەی خودا زۆر لەوە پێش بە ئیبراهیمی فەرموو بوو بێتە دی کاتێ فەرمووی: بە دڵنیاییەوە بزانە کە وەچەکانت لە خاکێک نامۆ دەبن هی خۆیان نییە، دەبنە کۆیلەیان و چوار سەد ساڵ دەیانچەوسێنە

وە. بەڵام ئەو نەتەوەیەش حوکم دەدەم، کە ئەوان خزمەتیان دەکەن. دوای ئەوە بە دەستکەوتێکی زۆرەوە دێنە دەرەوە.

خودا خۆی دەستی هەبوو لە هەموو ئەوەی بەسەر گەلی ئیسرائیل هات. بۆچی خودا وای کرد کە گەلی ئیسرائیل، نەوەی گەورەی ئیبراهیم، نیشتە جێی میسر بن، لە کاتێکدا بەڵێنی خاکی کەنعانی پێیان دابوو؟ لەبەر ئەوەی خودا نیازی وابوو شکۆمەندی و دەسەڵاتی خۆی نیشان بدات لەوەی بەسەر گەلی ئیسرائیل دێت لە خاکی میسر. خودا پلانی وابوو کە گەلی ئیسرائیل رزگار بکات بە هێزی بێ پایانی خۆی، تاکو هەموو کەس بزانی کە ئەو پاشای پاشایانە، پەروەردگاری پەروەردگارانە، بەهێزترینە!

ئێستاش، با دەست بە خوێندنەوە بکەین لە یەکەم بەشی سیپارەی دەرچوون. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(دەرچوون ١) یوسف و هەموو براکانی و هەموو ئەو نەوەیە مردن، [٧] بەڵام نەوەی ئیسرائیل بەردار بوون و زۆر زیاد بوون و زۆر بە تواناتر بوون، خاکەکە پڕ بوو لەوان. [٨] ئینجا لە میسر پاشایەکی نوێ هاتە سەر تەخت و یوسفی نەدەناسی. [٩] بە گەلەکەی وت: (ئەوە تا نەوەی ئیسرائیل گەلێکن لە ئێمە زۆرتر و بەتواناترن. [١٠] وەرن با دانا بین، نەوەک زۆرتریش ببن و کاتێک بکەوینە جەنگەوە، ئەوان بچنە پاڵ دوژمنەکانمان و دژمان بجەنگێن و لە خاکەکە دەربچن.)

[١١] ئیتر سەرکاری بێگاریان لەسەر دانان، بۆ ئەوەی بە بارگرانییەکەیان زەلیلیان بکەن، جا شاری عەمباریان بۆ فیرعەون بنیاد نا، (پیتۆم) و ڕەعمسێس. [١٢] بەڵام هەرچەندە زەلیلیان دەکردن ئەوەندە گەشەیان دەکرد و بەربڵاو دەبوون، جا لەبەر ئەوە نەوەی ئیسرائیل ترسیان لێنیشت. [١٣] ئیتر میسرییەکان بە زەبرەوە کۆیلایەتییان بە نەوەی ئیسرائیل دەکرد. [١٤] ژیانیان تاڵ کردن بە خزمە تکارییەکی سەخت، بە قوڕکاری و خشت دروستکردن و هەموو کارێکی کێڵگە، هەموو کارێک کە پێیان دەکردن بە زەبرەوە بوو.

[١٥] ئینجا پاشای میسر بە دوو مامانی ژنە عیبرانییەکانی وت، کە ناوی یەکێکیان (شیفرە) و ئەوی تریان (پوعە) بوو، [١٦] وتی: (کاتێک مامانی ژنە عیبرانییەکان دەکەن و لەسەر بەردەکان تەماشایان دەکەن، ئەگەر کوڕ بێت بیکوژن، ئەگەر کچیش بێت با بژیێت.) [١٧] بەڵام مامانەکان لە خودا ترسان و ئەوەیان نەکرد کە پاشای میسر پێی وتبوون، هێشتیان کوڕەکان بژین. [١٨] دواتر پاشای میسر مامانەکانی بانگ کرد و پێی وتن: (بۆ چی ئەمەتان کردووە؟ بۆ هێشتتان کوڕەکان بژین؟) [١٩] مامانەکانیش بە فیرعەونیان وت: (چونکە ژنە عیبرانییەکان وەک ژنە میسرییەکان نین، ئەوان گورجوگۆڵن و پێش گەیشتنی مامان منداڵیان دەبێت.)

[٢٠] خوداش لەگەڵ مامانەکان باش بوو. گەل زۆر و بەتوانا بوون. [٢١] ئەوە بوو کە مامانەکان لە خودا ترسان، ئەویش کردنی بە خێزان. [٢٢] ئینجا فیرعەون فەرمانی دا بە هەموو گەلەکەی و وتی: (هەموو کوڕێک کە بۆ عیبرانییەکان لە دایک بێت فڕێی بدەنە ناو نیلەوە، هەموو کچێکیش با بژیێت.)

ئالێرە یەکەم بەشی سیپارەی دەرچوون تەواو دەبێت. بە پشتیوانی خودا بۆ وانەی داهاتوو، دەچینە ناو ئەم چیرۆکە نا ئاساییە و دەبینین چۆن خودا بانگی پیاوێکی کرد و ئامادەی کرد بۆ ئەوەی گەلی ئیسرائیل ڕزگار بکات لە دەستی فیرعەون، پاشا خراپەکەی میسر. ناوی ئەم پیاوە دەزانی؟ بەڵێ، موسایە — پێغەمبەری خودا موسا.

(هەرچی لەپێشا نووسراوە، بۆ فێربوونمان نووسراوە، تاکو بە دانبەخۆداگرتن و هاندانی نووسراوەکان هیوامان هەبێت.) (ڕۆما ١٥: ٤)



گرنگترینی پرسیارەکانیی ئەم وانەیە:

١. یەکەم ئایەتی سیپارەی پەیدابوونت لەبیرە؟

٢. بۆچی خودا قوربانی قابیلی قەبوڵ نەکرد؟

٣. بۆچی خودا وای کرد کە گەلی ئیسرائیل، نەوەی گەورەی ئیبراهیم، نیشتە جێی میسر بن، لە کاتێکدا بەڵێنی خاکی کەنعانی پێیان دابوو؟

٤. وانەی داهاتوو دەبینین چۆن خودا بانگی پیاوێکی کرد و ئامادەی کرد بۆ ئەوەی گەلی ئیسرائیل ڕزگار بکات لە دەستی فیرعەون، پاشا خراپەکەی میسر .ناوی ئەم پیاوە دەزانی؟

وانەی ٢٩: پێغەمبەر موسا

دەرچوون ١,٢

هەروەك دەزانین كە پێنج سیپارە هەیە لە تەورات، كە پێغەمبەری خودا موسا نووسیویەتی. لە وانەی ڕابردوودا سیپارەی یەیدابوونمان تەواو كرد، وە چووینە ناو سیپارەی دووەم كە پێی دەوترێ دەرچوون. نزامان وایە كە خودا بیر و دڵمان ڕووناك بكاتەوە بە هەموو ئەوەی دەیخوێنینەوە لەم پەرتوكە بنەماییە كە پڕە لە ڕێنمایی گرنگ.

تا ئێستا بینیمان چۆن سیپارەی دووەمی تەورات دەست پێ دەكات لەو شوێنەی سیپارەی یەكەم كۆتایی پێ دێت. بۆیە، بینیمان چۆن نەوەی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب، كە گەلی ئیسرائیلن، لە میسر نیشتەجێ بوون، دوور لە خاكی كەنعان كە خودا بەڵێنی دابوو بیان داتێ.

لە یەكەم بەشی سیپارەی دەرچوون دەخوێنینەوە: (دەرچوون ١) [١] ئەمانە ناوی كوڕەكانی ئیسرائیلن كە لەگەڵ یاقوب بۆ میسر چوون، هەریەك لەگەڵ خێزانەكەی: [٢] ڕەئوبێن، شیمۆن، لێڤی و یەهودا، [٣] یەسساكار، زەبولون و بنیامین، [٤] دان و نەفتالی، گاد و ئە شیر. [٥] هەموو وەچەكانی یاقوب حەفتا بوون، بێجگە لە یوسف كە لە میسر بوو. [٦] یوسف و هەموو براكانی و هەموو ئەو نەوەیە مردن، [٧] بەڵام نەوەی ئیسرائیل بەردار بوون و زۆر زیاد بوون و زۆر و بەتواناتر بوون، خاكەكە پڕ بوو لەوان.
[٨] ئینجا لە میسر پاشایەكی نوێ هاتە سەر تەخت و یوسفی نەدەناسی. [٩] بە گەلەكەی وت: (ئەوەتا نەوەی ئیسرائیل گەلێكن لە ئێمە زۆرتر و بەتواناترن. [١٠] وەرن با دانا بین، نەوەك زۆرتریش ببن و كاتێك بكەوینە جەنگەوە، ئەوان بچنە پاڵ دوژمنەكانمان و دژمان بجەنگێن و لە خاكەكە دەربچن.) [١١] ئیتر سەركاری بێگاریان لەسەر دانان، بۆ ئەوەی بە بارگرانییەكەیان زەلیلیان بكەن، جا شاری عەمباریان بۆ فیرعەون بنیاد نا، (پیتۆم) و ڕەعمسێس. [١٢] بەڵام هەرچەندە زەلیلیان دەكردن ئەوەندە گەشەیان دەكرد و بەربڵاو دەبوون، جا لەبەر ئەوە نەوەی ئیسرائیل ترسیان لێنیشت. [١٣] ئیتر میسرییەكان بە زەبرەوە كۆیلایەتییان بە نەوەی ئیسرائیل دەكرد. [١٤] ژیانیان تاڵ كردن بە خزمەتكارییەكی سەخت، بە قوڕكاری و خشت دروستكردن و هەموو كارێكی كێڵگە، هەموو كارێك كە پێیان دەكردن بە زەبرەوە بوو.

با هەندێك ڕاوەستین لێرە. زیاتر لە سێ سەد ساڵ تێپەڕی لە كاتی مردنی یوسفەوە. فیرعەونێكی تر خاكی میسری حوكم دەكرد، پاشایەك كە هەموو ئیشەكانی یوسفی لەبیر كردبوو كە بۆ خەڵكی میسری كردبوو. ئەم فیرعەونە ئیسرائیلی زۆر بە خراپی دەچەوساندەوە، بە كۆیلە كردنیان. چەن ئیشی قورسی پێیان دەكرد! ڕەنگە

گەلی ئیسرائیل وایان زانی بێ كە خودا بەڵێنی خۆی لەیاد كردبێ كە بۆ باپیرە گەورەیان ئیبراهیم دابوی كە بیانكاتە نەوتەوەیەكی بەهێز. بەڵام، خودا هیچی لە یاد نەكردبوو! لەڕاستیدا، خەریكی جێ بەجێ كردنی بەڵێنەكەی بوو كە زۆر لەوە پێش دابوی.

بەڕاستی، خودا دڵسۆزە! پەیمانەكانی خۆی دەپارێزێ! ئەو بەڵێنەی خودا بیدا، دەیكات، تەنانەت گەر بێت و مرۆڤ پێی وابێ خاوە! خودا ئەو كەسە بوو كە پلانی دروست كردنی نەوەیەكی نوێی هەبوو كەوا پێغەمبەران و ڕزگاری دەرەكەی لێوە دێت — و هیچ شتێكیش پلانی خودا تێك نادات!

لەبیرتە كاتێ خودا یەكەم جار پلانی خۆی ئاشكرا كرد بۆ دروست كردنی ئەو نەوە نوێە، بە دوو كەسی بەسالاچوو دەستی پێ كرد، ئیبراهیم و سارە. كاتێ ئیبراهیم تەمەنی سەد ساڵ بوو، ئیسحاقی بوو، ئیسحاقیش یاقوبی بوو، یاقوبیش دوانزە كوڕی بوو كەوا خێڵەكانی ئیسرائیلیان پێك هێنا. كاتێ بۆ خاكی میسر كۆچیان كرد، ژمارەیان حەفتا كەس بوو. بەڵام ئێستا، لەپاش نزیكەی سێ سەد ساڵ، زۆر زۆر زیادیان كرد، زیاتر لە ملیۆنێك! ئایا خودا بەڵێنەكانی خۆی دێنێتە دی؟ ئایا خودا نەوەیەكی نوێ و گەورەی لە ئیبراهیم نەهێنایە دی؟ بەڵێ، خودا دڵسۆزە، و ناتوانێ لە بەڵێنی خۆی پەشیمان بێتەوە. شایەنی شكۆمەندیە تاهەتا!

لە خوێندنمانەوەدا، دەبینین چۆن فیرعەون خێڵەكانی ئیسرائیلی دەچەوساندەوە، بەكردنیان بە كۆیلەی. بەڵام، هەروەها دەبینین كە

هەموو جارێك كە فیرعەون هەوڵی دەدا دەسەلآت و هێزی خۆی بەكار بێنی لەسەر خێڵەكانی ئیسرائیل، خودا وای دەكرد كە گەشە بكەن و زیاد بكەن. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەكان ئەوە تۆمار دەكەن كە فیرعەون زۆر توڕە بوو و ئەم فەرمانەی دایە گەلی ئیسرائیل: هەموو كوڕێک كە بۆ عیبرانییەكان لە دایک بێت فڕێی بدەنە ناو نیلەوە. (دەرچوون ١: ٢٢) ڕات چیە بەم شتە؟ كێ پێشەوایی فیرعەونی دەكرد لەم پلانە بەدكارەی؟ شەیتان، هەر ئەو بوو! بۆچی شەیتان دەیەوێ گەلی ئیسرائیل بچەوسێنێتەوە و وێرانیان بكات؟ لەبەر ئەوەی شەیتان دەیزانی كە خودا بەڵێنی ناردنی ڕزگاری دەرێکی داوە بۆ جیهان كەوا نەوەی ئادەم ڕزگار دەكات لە هێزی گوناە و ئاگری دۆزەخ. هەروەها شەیتان دەیزانی كە ئەم ڕزگاری دەرە هاتووە لە نەوەی گەلی ئیسرائیل دێتن! لەبەر ئەوە بوو شەیتان هانی فیرعەونی دەدا كە گەلی ئیسرائیل بچەوسێنێتەوە و تەنانەت هەوڵی ئەوە بدات كە بیانفەوتێنێ بە فڕێ دانی هەموو كوڕە تازە لەدایك بووەكانیان بۆ ناو ڕووبارى نیلەوە.

بەڵآم خودا، كە بە هێزترە لە شەیتان، پلانی دانا كە پیاوێك بەكار بێنێ لە خێڵەكانی ئیسرائیل بۆ ڕزگاركردنی خەڵكانێكی هەڵبژێردراو لە لایەنی خۆی لە دەستی فیرعەون. ناوی ئەم پیاوانە دەزانی؟ بەڵێ، پێغەمبەری ناوداری خودا موسا. بەڵآم دایك و باوكی موسا، ئەمرام و یوكابەد هەروەها بآڵوان بوون، لەبەر ئەوەی لە فەرمانی پاشا نەترسان. (عیبرانیەكان ١١: ٢٣ و دەرچوون ٦: ٢٠). لە بەشی دووەمی سیپارەی دەرچوون، سەبارەت بە سآڵەكانی سەرەتای ژیان موسا دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ٢)
[١] پیاوێک لە بنەماڵەی لێڤی كچێكی لێڤی هێنا. [٢] ژنەكە سكی پڕ بوو و كوڕێكی بوو، كە بینی منداڵەكە جوانە، سێ مانگ شاردییەوە.
[٣] بەڵآم نەیتوانی لەوە زیاتر بیشارێتەوە، ئەو كاتە سەبەتەیەكی لە زەل دروستكراوی هێنا و بە قیر و زفت سواخی دا و كوڕەكەی لە ناو دانا، ئینجا لە كەناری نیل لەناو قامیشەڵاندا دایناو. [٤] خوشكی منداڵەكەش لە دوورەوە وەستا تا بزانێت چی لێدێت.
[٥] كچی فیرعەونیش بۆ خۆشتن هاتە خوارەوە بۆ سەر نیل و كەنیزەكانیشی لەسەر كەناری نیل هاتوچۆیان دەكرد، جا سەبەتەكەی لە ناو قامیشەڵانەكە بینی و كچە خزمەتكارەكەی نارد تا بیهێنێت. [٦] ئەویش كردیەوە و تەماشای منداڵەكەی كرد و بینی كوڕێكە و دە گری، جا بەزەیی پێدا هاتەوە و وتی: (ئەمە یەكێكە لە منداڵی عیبرانییەكان.)
[٧] خوشكی منداڵەكەش بە كچی فیرعەونی وت: (بڕۆم ژنێكی شیردەرت بۆ بانگ بكەم لە عیبرانییەكان تا شیری منداڵەكەت بۆ بدات؟) [٨] كچی فیرعەونیش پێی وت: (بڕۆ.) كچە عازەبەكەش ڕۆیشت و دایكی منداڵەكەی بانگ كرد. [٩] كچی فیرعەونیش پێی وت: (ئەم منداڵە ببە و شیری بدە بۆم، منیش كرێیەكەت دەدەمێ.) ژنەكەش منداڵەكەی برد و شیری پێدا. [١٠] كاتێک منداڵەكە گەورە بوو، بۆ كچی فیرعەونی هێنایەوە، ئیتر بوو بە كوڕی ئەو و ناوی نا (موسا)، وتی: (چونكە لە ئاو هەڵم گرتۆتەوە.)

ئەمە چیرۆكی لەدایك بوونی موسایە. بیری لێ بكەوە! لە كاتێكدا منداڵە كوڕەكانی تر دەكوژران، موسای كوڕیە لەلایەن دایكیەوە شیری دەدرا پێی و لە لایەن فیرعەون، پاشای خراپەوە دەپارێزرا! خودا دەستی هەبوو لە هەموو ئەو شتانە كە لە ژیانی موسا ڕووی دا. خودا پلانی وابوو كە موسا بەكار بێنێ بۆ ڕزگار كردنی نەوەی ئیسرائیل لە كۆیلایەتی. ئای كە قوواڵە دانایی خودا، زۆر زۆر بەسەر دانایی شەیتان و مرۆڤ دەكەوێ. دەزانی موسا لە كوێ گەورە بوو لەپاش ئەوەی لەشیر كرایەوە؟ لە ماڵی فیرعەون گەورە بوو كە خۆتان دەزانن گەلی ئیسرائیلی دەچەوساندەوە! لەگەڵ ئەوەشدا خودا نیازی وابوو موسا بەكار بێنی بۆ ڕزگاركردنی گەلی ئیسرائیل لە دەستی فیرعەون. خودا لە پلانەكەیدا، كچی فیرعەونی هەڵبژارد بۆ پاراستنی موسا لە دەستی پاشای خراپەكار. خودا دەیزانی كە ماڵی پاشا باشترین و سەلامەترین شوێنە بۆ موسا. خودا هەروەها دەیزانی كە موسا پێویستی بە فێربوون و تێگەیشتنی زۆر شت هەیە تاكو بە باشی ئامادە بێت پێشەوایی گەلی ئیسرائیل بكات. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەكان دەفەرموێ: موساش لەناو هەموو دانایی میسرییەكان پەروەردە كرا، بە توانا لە قسە و كردارداو. (كردار ٧: ٢٢) بەڵآم موسا هێشتا زۆر شتی مابوو فێر بێت.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ٢) [١١] ئەوە بوو لەو ڕۆژانەدا، كاتێک موسا گەورە بوو، چووە دەرەوە بۆ لای براكانی و سە یری بارگرانییەكانی كرد و بینی پیاوێكی میسری لە پیاوێكی عیبرانی دەدات، كە لە براكانییەتی. [١٢] ئەویش تەماشای ئەم لا و ئەو لای كرد و بینی كەسی لێ نییە، جا میسرییەكەی كوشت و لەناو لمدا شاردییەوە. [١٣] بۆ ڕۆژی دووەم چووە دەرەوە و بینی دوو پیاوی عیبرانی شەڕ دەكەن. جا بە خەتاباركەی وت: (بۆ چی لە هاوڕێكەت دەدەیت؟) [١٤] ئەویش وتی: (كێ تۆی كردووە بە میر و دادوەر بەسەرمانەوە؟ ئایا بەتەمای كوشتنی منیشیت هەروەک میسرییەكەت كوشت؟)جا موسا ترسا و وتی: (بێ گومان ئەم كارە زانراوە!)

[١٥] کاتێک فیرعەون گوێی لەمە بوو، هەوڵی دا موسا بکوژێت. موساش لە دەست فیرعەون ڕایکرد و لە خاکی میدیان جێگیر بوو و لای بیرێک دانیشت.

بۆیە، دەبینین چۆن موسا یەکەم جار هەوڵی دا گەلی ئیسرائیل بە هێزی خۆی ڕزگار بکات. بەڵام، خودا بەم شێوەیە نەیویست شتەکە بکرێ. خودا ویستی موسا وەک ئامێرێک بەکار بێنێت بۆ ڕزگار کردنی گەلی ئیسرائیل. ڕزگارکردنی گەلی ئیسرائیل دەبوایە لەلایەن خوداوە بێت نەک موسا. موسا خودی خۆی، تەنها پیاوێک بوو و هیچ دەسەڵاتی ڕزگارکردنی گەلی ئیسرائیلی نەبوو لە دەستی فیرعەون ئەگەر خودا ئەو هێزەی نەدابوایە.

بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە بۆ ماوەی چل ساڵ موسا لە بیابان ژیا، لە خاکی مەدیەن. خودا زۆر وانەی گرنگی هەبوو لەو دەشت و کێوە گەرم و ووشکەدا فێری بکات. ئایەتێک هەیە لە ووشەی خودا دەفەرموێ: ئەوەی لە کەم دەستپاکە لە زۆریش دە ستپاکە، ئەوەی لە کەم ناپاکە لە زۆریش ناپاکە. (لۆقا ١٦: ١٠) پێش ئەوەی خودا ئەرکی قورسی شوانی کردنی هەموو خەڵکی ئیسرائیل بداتە موسا، موسا یەکەم شت پێویستی بە پشان دانی دڵسۆزی بوو لە ئەرکی ئاسان دا. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە لە خاکێکدا، دوور لە میسر، موسا بوو بە شوان و ژنی هێنا و دوو منداڵی بوو. بۆ ماوەی چل ساڵ، موسا شوانێکی دڵسۆز بوو. لە بیاباندا – کاتێ موسا شوانی بۆ غەزوری دەکرد – خودا موسای ئامادە دەکرد بۆ ئەو ڕۆژەی کە شوانی گەلی ئیسرائیل بکات. خودا پلانی مەزنی هەبوو بۆ موسا و گەلەکەی، گەلی ئیسرائیل!

پاشان، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (دەرچوون ٢) [٢٣] ئەوە بوو لەو ماوە درێژەدا، پاشای میسر مرد. نەوەی ئیسرائیلیش ئاهیان هەڵکێشا لە دەست کۆیلایەتی و هاواریان کرد بۆ یارمەتی، گریانەکەیان بە هۆی کۆیلایەتییەوە بۆ خودا بەرز بوەوە. [٢٤] خوداش گوێی لە نالەیان بوو، خودا پەیمانی خۆی بەبیر هاتەوە لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. [٢٥] جا خودا ڕووانییە نەوەی ئیسرائیل و بایەخی پێدان.


گەلی ئیسرائیل بۆ ماوەیەکی زۆر بە کۆیلەیی مانەوە. ئای چەند مەزن بوو چەوسانەوەیان! بەڵام خودا ئەوانی لەیاد نەکردبوو. خودا پلانی وابوو کە ڕزگاریان بکات لە کۆیلەیی. ڕەنگە بپرسین: بۆچی خودا پلانی وابوو گەلی ئیسرائیل لە دەستی فیرعەون ڕزگار بکات؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە ئەوان باشترن لە خەڵکی تر؟ نەخێر! گەلی ئیسرائیل گوناهبار بوون، وەک خەڵکی میسر، وەک هەموو خەڵک. باشە، ئەی بۆ خودا پلانێکی تایبەتی وای هەبوو بۆ گەلی ئیسرائیل؟ تەنها لەبەر دڵسۆزی و بەزەیی خۆی. با دووبارە دوایەم ئایەت بخوێنینەوە. خوێندمانەوە: خوداش گوێی لە نالەیان بوو، خودا پەیمانی خۆی بەبیر هاتەوە لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. جا خودا ڕووانییە نەوەی ئیسرائیل و بایەخی پێدان. (دەرچوون ٢: ٢٤، ٢٥)

بەڵێ، خودا لە دڵسۆزی و بەزەیی خۆیدا، پەیمانی خۆی بەبیر هاتەوە کەوا لەگەڵ ئیبراهیم بەستا بووی کاتێ پێی فەرموو، جا دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن. دەبیتە بەرەکەت... هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بە هۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن. (پەیدابوون ١٢: ٢، ٣) (وەچەکانت لە خاکێک نامۆ دەبن هی خۆیان نییە، دەبنە کۆیلەیان و چوار سەد ساڵ دەیانچەوسێنەوە. بەڵام ئەو نەتەوەیەش حوکم دەدەم، کە ئەوان خزمەتیان دەکەن. دوای ئەوە بە دەستکەوتێکی زۆرەوە دێنە دەرەوە.) (پەیدابوون ١٥: ١٣، ١٤)

لە وانەی داهاتوودا، پشت بە پەروەردگار، دەبەستین چۆن خودا بەشێوەیەکی نائاسایی بۆ موسا بەدەر دەکەوێ و بانگی دەکات بۆ ئەوەی بچێت بۆ میسر و گەلی ئیسرائیل لە کۆیلەییان ڕزگاریان بکات، هەروەک زۆر لەوە پێش بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو.

خوداش بەرەکەتی خۆی بە سەرتدا ببارێنێ، لەگەڵ ئەم ووشانەی زەبوورەکان مالّ ئاواییت لێ دەکەیت:

ستایشی خوداوەند بکەن و بە ناوی ئەوەوە نوێژ بکەن، کردەوەکانی بە گەلان بناسێنن... بۆ تاهەتایە خودا یادی پەیمانەکەی خۆی دەکات، ئەو وشەیەی فەرمانی پێدا بۆ هەزار پشتە ئەوەی لەگەڵ ئیبراهیم بەستی، ئەو سوێندەی بۆ ئیسحاقی خوارد. (زەبوورەکان ١٠٥: ١، ٨، ٩)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا خودا بەڵێنەکانی خۆی دێنێتە دی؟

٢. ئایا خودا نەوەیەکی نوێ و گەورەی لە ئیبراهیم نەهێنایە دی؟

٣. ڕات چیە بەم شتە؟ کێ پێشەوایی فیرعەونی دەکرد لەم پلانە بەدکارەی؟

٤. بۆچی شەیتان دەیەوێ گەلی ئیسرائیل بچەوسێنێتەوە و وێرانیان بکات؟

٥. ناوی ئەم پاڵەوانە دەزانی کە خودا بلانیکی دانا بوو بۆ رزگاری کردنی خێڵەکانی ئیسرایل لە دەستی فێرعەون؟

٦. دەزانی موسا لە کوێ گەورە بوو لەپاش ئەوەی لەشیر کرایەوە؟

٧. بۆچی خودا پلانی وابوو گەلی ئیسرائیل لە دەستی فیرعەون ڕزگار بکات؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە ئەوان باشترن لە خەڵکی تر؟

وانەی ٣٠: موسا دەگاتە خودا!

دەرچوون ٣، ٤

لە وانەی ڕابردوومانداا، بینیمان چۆن پاشای میسر، فیرعەون گەلی ئیسرائیلی دەچەوساندەوە ، کە نەتەوەی ئیبراهیمن ، بەکردنیان بە کۆیلەی خۆی و بێ بەزییانە ئیشی پێیان دەکرد. بەڵام، هەروەها خوێندمانەوە کە، هەرچەندە زەلیلیان دەکردن ئەوەندە گەشەیان دە کرد و بەربڵاو دەبوون، جا لەبەر ئەوە نەوەی ئیسرائیل ترسیان لێنیشت. (دەرچوون ١: ١٢) لە کۆتاییدا، فیرعەون فەرمانێکی دەرکرد کە دەبێت هەموو کوڕێکی شیرەخۆری گەلی ئیسرائیل فڕێ بدرێتە ناو ڕووبارەوە بۆ ئەوەی بمرێ.

بەڵام خودا، ئەوەی زۆر بەهێزترە لە شەیتان، پلانی هەبوو کە خراپەکاری فیرعەون سەربەرەوژوور بکات. بۆیە، خوێندمانەوە چۆن کچی فیرعەون دالدەی کۆرپەیەکی گەلی ئیسرائیل دا کە لە سەبەتەیەکدا ناو ڕووبار دۆزیەوە. کچی فیرعەون زگی پێ سووتا و وەک منداڵی خۆی لە ئامێزی گرت، ناوی لێ نا موسا. بۆیە موسا لە ماڵی فیرعەون گەورە بوو — ئەوەی کە لەدوای لەناوبردنی گەلی ئیسرائیل بوو! خودا، بە دانایی خۆی، پلانی وابوو موسا بەکار بێنێ بۆ ئەوەی گەلی ئیسرائیل لە دەستی پاشا خراپەکارەکە ڕزگار بکات. کاتێ موسا بوو بە چل ساڵ، هەڵات لە دەستی فیرعەون کە ویستی بیکوژێ. بۆ ماوەی چل ساڵ موسا لە دەشت ژیا و ژنی هێنا و شوانی بۆ خەزوری کرد.

ئێستاش با بەردەوام بین لەگەڵ ئەم چیرۆکە تاکو بزانین چۆن خودا بۆ موسا بە دەرکەوت بۆ ئەوەی بۆ لای فیرعەون بنێرێ و پێشەوایی گەلی ئیسرائیل بکات بۆ دەرەوەی میسر. لە تەورات دەخوێنینەوە، لە بەشی سێیەمی سیپارەی دەرچوون. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ٣) [١] موسا بوو بە شوانی مەڕەکانی (یەترۆ)ـی خەزووری، کە کاهینی میدیان بوو. جا مەڕەکانی بردە پشت دەشتودەرەکە تا گەیشتە کێوی خودا، (حۆرێف). [٢] جا فریشتەی خوداوەندی بۆ دەرکەوت لە گڕی ئاگرێک لەناو دەوەنێکدا. کە موسا تەماشای کرد بینی وا دەوەنەکە گڕی گرتووە، کەچی دەوەنەکە ناسووتێت. [٣] موسا وتی: (لا دەدەم و تەماشای ئەو دیمەنە مە زنە دەکەم. بۆ چی دەوەنەکە ناسووتێت؟)

[٤] کاتێک خوداوەند بینی کە موسا لای دا تا تەماشا بکات، خودا لەناو دەوەنکەوە بانگی کرد و فەرمووی: (موسا. موسا.) ئەویش وتی: (ئەوەتام.) [٥] فەرمووی: (نزیکی ئێرە مەکەوە. سۆلەکانت لە پێت دابکەنە،

چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری وەستاویت، خاکێکی پیرۆزە.) [٦] ئینجا فەرمووی: (من خودای باوکتم، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوبم.) موساش ڕووی خۆی داپۆشی، چونکە دەترسا تەماشای خودا بکات. [٧] خوداوەند فەرمووی: (بە ڕاستی من زەلیلی گەلی خۆمم بینی کە لە میسرە، هەروەها گوێم لە هاواریان بوو لەبەر سەرکارەکانیان، چونکە بە ئازارەکانیانم زانی. [٨] ئەوا دابە زیم تا فریایان بکەوم لە دەست میسرییەکان و لەو خاکە بەسەریان بخەم بۆ خاکێکی باش و فراوان، بۆ خاکێک شیر و هەنگوینی لێ دەڕۆێت، بۆ شوێنی کەنعانییەکان و حیسییەکان و ئەموورییەکان و پریزییەکان و حیڤییەکان و یەبوسییەکان. [٩] ئێستاش ئەوەتا هاواری نەوەی ئیسرائیل گەیشتە لام و هەروەها ئەو چاوسانەوەیەم بینی کە میسرییەکان تەنگیان پێهەڵچنیون. [١٠] ئێستاش بڕۆ و دەتنێرم بۆ لای فیرعەون و گەلەکەم نەوەی ئیسرائیل لە میسر بهێنە دەرەوە.)

[١١] موساش بە خودای وت: (من کێم تا بچمە لای فیرعەون و تا نەوەی ئیسرائیل لە میسر بهێنمە دەرەوە؟) [١٢] ئەویش فەرمووی: (من لەگەڵت دەبم و ئەمەش دەبێتە نیشانە بۆت کە من تۆم ناردووە، کاتێک گەل لە میسرەوە دەردەکەیت، ئێوە لەسەر ئەم کێوە خودا دەپەرستن.) [١٣] موساش بە خودای وت: (ئەوەتا من دێمە لای نەوەی ئیسرائیل و پێیان دەڵێم خودای باوکانتان منی بۆ ئێوە ناردووە. ئەگەر پێم بڵێن، ناوی چییە، بڵێم چی؟) [١٤] خوداش بە موسای فەرموو: (هەم ئەوەی کە هەم.) هەروەها فەرمووی: (ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێیت، (هەم) منی بۆ ئێوە ناردووە.) [١٥] هەروەها خودا بە موسای فەرموو: (ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێیت، خوداوەند، خودای باوکانتان، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوب منی بۆ ئێوە ناردووە. ئەمە ناومە تاهەتایە

دەتوانین بەلای کەم چوار شت فێربین دەربارەی خەسلەتی خودا لەوەی کە خودا بە موسای وت لەناو دەوەنە سووتاوەکەوە لە چیای سینا.

یەکەم، فێری ئەوە دەبین کە خودا پیرۆزە! کاتێ موسا گڕی دەوەنە سووتاوەکەی بینی، سەری سوڕما و نزیك بووەوە تاکو بزانی چیە و گوێی لە دەنگی خودا بوو بانگی دەکات. موسا لە ترسا دەلەرزی، و نەیوێرا تەماشا بکات. باشە، بۆچی موسا دەترسا؟ لەبەر ئەوەی لە حزووری خودا ڕاوەستابوو، خودای پیرۆز! خودا پیرۆزی خۆی ئاشکرا کرد کاتێ بە موسای فەرموو: نزیکی ئێرە مەکەوە. سۆلەکانت لە پێت دابکەنە، چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری وەستاویت، خاکێکی پیرۆزە!

بەڕاستی، ئەو خودایەی کە بۆ موسا بەدەرکەوت لەناو دەوەنە سووتاوەکەوە، خودایەکی پیرۆزە. خودا دەیەوێ هەموو کەس پیرۆزی ئەو بزانێ. سەبارەت بەو فریشتانەی لە حزووری خودا ڕاوەستاون، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: شەو و ڕۆژ بێ وەستان دەڵێن: (پیرۆزە، پیرۆزە، پیرۆزە، خودای پەروەردگاری هەرە بە توانا، ئەوەی هەیە و هەبووە و دێت!) (ئاشکراکردن ٤: ٨) فریشتەکان پیرۆزی خودا دەناسن. ئەی تۆش پیرۆزی خودا دەناسی؟

با بۆ ساتێك بیر بکەینەوە بزانین ئەمە مانای چیە. هەروەك تا ئێستا بینیمان لە وانەکانی پێشوودا، پیرۆزی خودا وای لێ کرد ئادەم و حەوا لە باخچەی بەهەشت دەربکات لەپاش ئەوەی گوناهیان کرد. پیرۆزی خودا وای لێ کرد قوربانی قابیل ڕەت بکاتەوە. هەروەها پیرۆزی خودا بوو کە وای لێ کرد خەڵکی کاتی نوح بسڕێتەوە بە لافاوێك. لە ماوەی پاش ئەوە، خودا زمانی جیهانی شێواند و خەڵکی بابلی پەرت و بڵاو کردەوە ئەوانەی هەوڵیان دەدا یاخی بن دژ بە خودا. لە کاتی ئیبراهیم، پیرۆزی خودا وای لێ کرد ئاگر ببارێنێتە سەر خەڵکی سەدوم، کە تامیان وەردەگرت لە خراپەکاری.

بەداخەوە، تاکو ئەمڕۆش خەڵکی ڕێز لە پیرۆزی خودا ناگرن. نازانن خودا کێیە. بێ گەردی تەواوی خودا نازانن. ئەم شتە دیارە لە شێوەی ئەنجام دانی گوناە لەلایەن خەڵکەوە و چۆن تام و تیژی لێ وەردەگرن. هەروەها دەبینین خەڵکی چۆن بێ گرنگی دەخەنە پاڵ پیرۆزی خوداوە. خەڵکی ئاین وەك سەعاتێکی دەست لەدەست دەکەن، بەڵام سەرنجی نووسراوە پیرۆزەکان نادەن بۆ ئەوەی لە ڕاستی خودا تێ بگەن. زۆر کەس ناوی خودا بەکار دێنن لە قسەی زارەکی. ناوی خودا بەکار دێنن کاتێ دەڵێن بسم الله یاخود إنشاءالله لە کاتێکدا کە ویستی خودا دوورترین شتە لە بیریان. تەماشای هەرەس هێنانی خەڵك دەکەین لە تێ گەیشتنی پیرۆزی خودا لە شێوەی هەوڵدانیان بۆ دروست کردنی ڕاستودروستی خۆیان بەرامبەر خودا و ڕەتی دەکەنەوە ئەو ڕێگای ڕاستودروستییە قەبوڵ بکەن کە خودا دایمەزراندووە. هەندێ کەس پێیان وایە کە دەتوانن خۆیان پاك بکەنەوە بەرامبەر خودا بە بەڕۆژی بوونی زۆر و نوێژی دووبارە، یاخود دەست نوێژ زۆر گرتن. بەڵام، وەك ئاشکرایە دەبینین لە نووسراوەکانی پێغەمبەران، ئەم کردارە دەرەکەییانە خودای پیرۆز ڕازی ناکات، ئەو خودایەی کەداوا دەکات هەموو کەس پاك بێتەوە لە ناوەوە. برادەرانی ئازیز، خودا پیرۆزە! بۆیە بە موسای فەرموو، سۆلەکانت لە پێت دابکەنە، چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری وەستاویت، خاکێکی پیرۆزە!

دووەمین، لەسەر بنەمای ئەوەی خودا بە موسای فەرموو لە ناو درەختە سووتاوەکەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە خودا نەك تەنها خودای پیرۆزە، بەڵکو دڵسۆزیشە! خودا یەکەم جار چی بە موسا فەرموو؟ فەرمووی، (من خودای باپیرانتم، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوبم.) (دەرچوون ٣: ٦) ئەم ووشانە دەبێت خۆشی ببانە ناو دڵی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لە خودا نزیك ببنەوە و پەیوەندییان لەگەڵی هەبێ. خودای پیرۆز، ئەوەی کە پەیمانی لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب بەستا. خودا خودای دڵسۆزە، هەرگیز برادەرەکانی بە جێ ناهێڵێ یان خیانەتیان لێ ناکات! تەنانەت لەپاش سەدان ساڵدا، بەڵێنەکەی بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و نەوەکانیان لەیاد نەکردبوو.

ئەی دەربارەی تۆ، ئایا تۆش قەدری دڵسۆزی خودا دەگرێ؟ ئایا پەیوەندیت لەگەڵ ئەو خودایە نزیکە کە لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب دوا؟ ئەمە پرسیارێکی گرنگە بۆ هەر کەسێ بیەوێ لەم ژیانەدا و لە ژیانی پاشتردا ئاشتی ڕاستەقینەی هەبێت. پرسیارەکەمان ئەمە نیە: ئاینت هەیە؟ لەبەر ئەوەی شوێن کەوتنی ڕێنماییەکانی ئاین هەرگیز کەس ناکات بە ڕاستودروست بەرامبەر خودا. پرسیارەکەمان ئەمەیە: ئایا پەیوەندییکی باشت هەیە لەگەڵ خودا؟ ئایا باوەڕت بە پەیامی ڕێگای ڕزگاری هێناوە کە خودا دایمەزراندووە؟ ئایا دەزانی کە شوێن کەوتنی ئاینێك و پەیوەندی هەبوون لەگەڵ خودی خودا دوو شتی جیاوازە؟

ئەمڕۆ هەزاران و هەزاران ئاین هەیە لە جیهان. بۆ نموونە، شارەزایان دەڵێن کە تەنها لە وڵاتی بەرازیل، زیاتر لە چوار هەزار ئاین و ڕێبازهەیە! چوار هەزار ئاین! سەرسوڕهێنەرە! ئایا چوار هەزار خودا هەیە؟ یاخود چوار هەزار ڕێگا هەیە بۆ خودا؟ نەخێر! نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خودا یەکە و یەک نێوانگر لە نێوان خودا و مرۆڤ دایە. (١ تیمۆساوس ٢: ٥) باشە بۆچی ئەمڕۆ هەزاران ئاین و هەزاران ڕێبازی جیاواز لە جیهاندا هەیە؟ لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی نەوەکانی ئادەم بنەمای ڕاستییان پشت گوێ خست کە خودا لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب دایمەزراند. دەربارەی ئەو بەڵێنانە نازانن کە خودا بۆ ئیبراهیم و نەوەکانی دای سەبارەت بەو ڕزگارکەرە، ئەوەی دەبوایە بهاتبوایە جیهانەوە بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە سزا و هێزی گوناە. ووشەی نەگۆڕی خودای نازانن. خودای دڵسۆز ناناسن!

سێیەم، خودا خەسلەتێکی تری خۆی خستەڕوو کاتێ بۆ موسا بەدەرکەوت لەناو ئاگرەکەی گڕی گرتبوو لە دەوەنەکە. ئەم خەسلەتەش بەزەییە. خودا تەنها پیرۆزترین و دڵسۆزترین خودا نیە، بەڵکو بەبەزەیی ترینیشە. لەبەر ئەوە خودا سەبارەت بە گەلی ئیسرائیل بە موسای فەرموو، (بە ڕاستی من زەلیلی گەلی خۆمم بینی کە لە میسرە، هەروەها گوێم لە هاواریان بوو لەبەر سەرکارەکانیان، چونکە بە ئازارەکانیانم زانی. ئەوا دابەزیم تا فریایان بکەوم لە دەست میسرییەکان و لەو خاکە کە بەسەریان بخەم بۆ خاکێکی باش و فراوان...) (دەرچوون ٤: ٧، ٨)

بۆچی خودا پلانی وابوو کە گەلی ئیسرائیل ئازاد بکات و بەرەوە خاکێکی باشیان ببات؟ ئایا گەلی ئیسرائیل شایەنی بەزەیی خودا بوون؟ ئایا لە گەلی باشتر تر بوون؟ نەخێر، باشتر نەبوون! باشە ئەی بۆچی خودا ویستی ڕزگاریان بکات و بەرەکەتداریان بکات؟ تەنها لەبەر دڵسۆزی و بەزەیی خۆی بوو. وەك نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خوداش گوێی لە ناڵەیان بوو، خودا پەیمانی خۆی بە بیر هاتەوە لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. جا خودا ڕووانییە نەوەی ئیسرائیل و بایەخی پێدان. (دەرچوون ٢: ٢٤، ٢٥) بەڵێ، خودا دەڵسۆزترینە!


لە کۆتاییدا، لایەنێکی تری خودا هەیە کە دەتوانین ببینین لە چیرۆکی دەوەنە ئاگر گرتووەکە. گوێمان لێ بوو موسا لە خودای پرسی ناوی چیە. ئایا دەکرێ سرووشتی خودای تاهەتایی بە تاکە ووشەیەك وەسف بکرێت؟ ئەم خودایەی کە مەزن و پیرۆزە، دڵسۆز و بەبەزەییە، ئەم خودایەی کە مرۆڤ ناتوانێ بە چاوی ببینێ، ئەم خودایەی کە هەموو شتێکی بەدی هێناوە، هەموو شتێك دەبینێ، هەموو شتێك دەزانێ، هەموو شتێکی پێ دەکرێ — ناوی چییە؟ هەندێ کەس پێیان وایە ناوی خودا تەنها (خودا)یە. بەڕاستی خودا خودایە. بەهەرحاڵ، خودا تەنها ناو نیە. خودا خودی خۆیەتی. بۆ نموونە من مرۆڤم، بەڵام ناوم مرۆڤ نیە. هەریەك لە ئێمە ناوێکی هەیە کە پێی دەناسرێین. ناوێ خودا چیە؟ وەڵامی خودا چی بوو بۆ موسا؟ با دووبارە بیخوێنینەوە. [١٤] خوداش بە موسای فەرموو: (هەم ئەوەی کە هەم.) هەروەها فەرمووی: (ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێیت، (هەم) منی بۆ ئێوە ناردووە.) [١٥] هەروەها خودا بە موسای فەرموو: (ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێیت، خوداوەند، خودای باوکانتان، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوب منی بۆ ئێوە ناردووە. ئەمە ناومە تاهەتایە و ئەمەش دێتەوە یادتان نەوە دوای نەوە. (دەرچوون ٣: ١٤، ١٥)

ناوی خودا چیە کە وەسفی سرووشتی تاهەتایی ئەو دەکات؟ گوێت لە ناوەکە بوو؟ خوداوەند! (تاهەتایی) لە نووسراوە پیرۆزەکان، پێغەمبەران سەدان و سەدان ناو و ناونیشان دەدەنە پاڵ خوداوە، بەڵام ئەم ناوە، خوداوەند، لە هەمووان زیاتر بەکار دێت — زیاتر لە شەش هەزار و پێنج سەد جار. خودا خوداوەندە ، تاهەتاییە (منم) ئەوەی کە هەبووم و هەم و هەمیشە دەمێنمەوە! ئەو خودای تاهەتاییە! سەرەتای نیە. کۆتایی نیە. سنووری نیە. تاکی نیە. ئەو بوونی هەیە بە هێزی خۆی! دوێنی و ئەمڕۆ چۆنە، هەروا دەمینێتەوە تاهەتا. هەرگیز ناگۆڕێ. خوداوەندی تاهەتایی ناویەتی!

خوداوەند دەناسی؟ پیرۆزیەکەی دەناسی؟ ئایا خۆش حاڵی بە دڵسۆزی خودا (لە پەیوەندیەکان، لە پاراستنی پەیمانەکانی)؟ ئایا بەزەیی ئەوت پێ گەیشتووە؟ باوەڕت بە ووشەی هەیە؟ ئایا چوویە ناو پەیوەندییێکی نزیکەوە لەگەڵ خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوبەوە؟ ئەو پەروەردگارە دەناسی کە لەناو دەوەنە سووتاوەکەوە لەگەڵ موسا دوا؟

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ بەردەوامن لە سەرنج دانی ئەم ووشانەی خودا بە موسای فەرموو:

هەم ئەوەی کە هەم... من خوداوەندم!... ئەمە ناومە تاهەتایە! (دەرچوون ٣: ١٤، ١٥ و ٦: ٢)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی موسا دەترسا؟

٢. ئەی تۆ پیرۆزی خودا دەناسن؟

٣. خودا یەکەم جار چی بە موسا فەرموو؟

٤. ئایا پەیوەندییێکی باشت هەیە لەگەڵ خودا؟

٥. ئایا باوەڕت بە پەیامی ڕێگای ڕزگاری هێناوە کە خودا دایمەزراندووە؟

٦. ئایا دەزانی کە شوێن کەوتنی ئاینێك و پەیوەندی هەبوون لەگەڵ خودی خودا دوو شتی جیاوازە؟

٧. بۆچی ئەمڕۆ هەزاران ئاین و هەزاران ڕێبازی جیاواز لە جیهاندا هەیە؟

٨. بۆچی خودا پلانی وابوو کە گەلی ئیسرائیل ئازاد بکات و بەرەوە خاکێکی باشیان ببات؟

٩. ئایا گەلی ئیسرائیل شایەنی بەزەیی خودا بوون؟

١٠. ئەی بۆچی خودا ویستی ڕزگاریان بکات و بەرەکەتداریان بکات؟

١١. ناوی خودا چیە کە وەسفی سروشتی تاهەتایی ئەو دەکات؟ گوێت لە ناوەکە بوو؟

وانەی ٣١: فیرعەون، کێ پەروەردگارە؟

دەرچوون ٤ — ٧

بۆ ئێستا بەردەوام دەبین لە سیپارەی دووەمی تەورات کە باس لە چیرۆکی پێغەمبەری خودا موسا و گەلی ئیسرائیل لە میسر دەکات. لە وانەکانی ڕابردوو، بینیمان چۆن فیرعەون، پاشای میسر، گەلی ئیسرائیلی چەوساندەوە، بە کردنیان بە کۆیلە. بەڵام خودا پلانێکی هەبوو کە ئەو خراپەکارییەی فیرعەون دەیکرد وەرگێڕێ. خودا پلانی وابوو موسا بەکار بێنێ، کە پیاوێکی نێوان گەلی ئیسرائیل بوو، بۆ ئەوەی گەلی ئیسرائیل ڕزگار بکات لە دەستی فیرعەون.

فێربووین کە موسا ڕۆشەنبیر بوو بە هەموو زانیارییەکانی میسر. کاتێ موسا بوو بە چل ساڵی، ویستی گەلەکەی خۆی بە شێوازی خۆی ڕزگار بکات. بەڵام شێوازی موسا، تەنها کێشەی بەرهەم هێنا و وای کرد کە لەدەست فیرعەون هەڵ بێت و خۆی لە دەشت و کێو بشارێتەوە. موسا دەبوایە ئەو شتە فێربێت، کە ئەو تەنها مرۆڤێکە و هیچ هێزێکی نیە گەلی ئیسرائیل ڕزگار بکات تەنها ئەگەر خودا ئەو هێزەی نەداتێ. بۆیە، موسا لە دەشت و کێودا ژیا بۆ ماوەی چل ساڵ، خەرێکی شوانی بوو بۆ غەزووری.

ڕۆژێك، کاتێ کە موسا تەمەنی هەشتا ساڵ بوو، خودا بۆی بە دەرکەوت لە سەر چیایێك بە ناوی سینا، لەناو گڕی دەونێك کە دەسوتا. دەوەنەکە گری گرتبوو بەڵام نەدەسووتا. کاتێ موسا ئەمەی بینی، سەری سوڕما. کاتێ نزیك بووەوە، گوێی لە دەنگی خودا بوو فەرمووی، (من خودای باپیرانتم، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوبم.) موسا لە ترسان دەلەرزی و نەیوێرا تەماشا بکات. پاشان خودا فەرمووی، (سۆلەکانت لە پێت دابکەنە، چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری وەستاویت، خاکێکی پیرۆزە. بە ڕاستی من زەلیلی گەلی خۆمم بینی کە لە میسرە، هەروەها گوێم لە هاواریان بوو لەبەر سەرکارەکانیان، چونکە بە ئازارەکانیانم زانی. ئەوا دابەزیم تا فریایان بکەوم. ئێستاش بڕۆ و دەتنێرم بۆ لای فیرعەون و گەلەکەم نەوەی ئیسرائیل لە میسر بهێنە دەرەوە.)

ئێستاش با بەردەوام بین لە تەورات بۆ ئەوەی ببینین چۆن خودا کۆتایی بە قسەکانی هێنا لەگەڵ موسا و ناردی بۆ لای پاشای میسر. لە بەشی سێیەم، خوێندمان چۆن خودا بەڵێنی بە موسا دا کە لەگەڵی بێت، و دانایی و دەسەڵاتی هەبێت لە بەرامبەر فیرعەون و خەڵکی میسر. بەڵام لە بەشی چواری سیپارەی دەرچوون دەبینین کە موسا دەترسا بڕوات. نووسراوی پیرۆزی دەفەرموێ:

(دەرچوون ٤) [1]موسا وەڵامی دایەوە و وتی: (گریمان بڕوایان پێ نەکردم و گوێیان لە قسەکانم نەگرت، بەڵکو بڵێن خوداوەندت بۆ دەرنەکەوتووە.) [2]خوداوەندیش پێی فەرموو: (ئەوە چییە بە دەستەوە؟) ئەویش وتی: (گۆچان.) [3] فەرمووی: (فڕێی بدە سەر زەوی.)

ئەویش فڕێی دایە سەر زەوی و بوو بە مار. جا موسا لەبەری هەڵات. [4] ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (دەست درێژ بکە و کلکی بگرە.) جا دەستی درێژ کرد و گرتی و بوەوە بە گۆچان لە دەستی. [5] (بۆ ئەوەی بڕوا بکەن کە خوداوەندت بۆ دەرکەوتووە، خودای باوکانیان، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوب.)

[10] موسا بە خوداوەندی وت: (ئای خوداوەندم، من پیاوی قسە نیم، نە لە دوێنێ و پێرێوە و نە لەو کاتەوەی لەگەڵ خزمەتکارەکەت دوایت. بەڵکو من دەم گران و زمان گرانم.) [11] خوداوەندیش پێی فەرموو: (کێ دەمی بۆ مرۆڤ دروست کردووە، یان کێ لاڵ یان کەڕ، بینا یان نابینای دروست کردووە، ئایا منی خوداوەند نیم؟) [12] ئێستاش بڕۆ و منیش لەگەڵ دەمت دەبم و ئەوەت فێر دەکەم کە پێی دەدوێیت.) [13] ئەویش وتی: (ببورە خوداوەندم، کەسێکی دیکە بنێرە.)

[14] تووڕەیی خوداوەند بەسەر موسادا جۆشا و فەرمووی: (ئایا (هارون)ـی لێڤی برات نییە، دەزانم ئەو قسەزانە، هەروەها ئەوەتا بۆ پێشوازیت دەرچووە، کاتێک دەتبینێت دڵخۆش دەبێت. [15] لەگەڵی دەدوێیت و وشەکان دەخەیتە دەمیەوە، منیش لەگەڵ دەمی تۆ و دەمی ئەو دەبم و فێرتان دەکەم چی بکەن... [17] ئەم گۆچانەش کە نیشانەکانی پێ دەکەیت، بە دەستتەوە دەیگریت.)

[18] جا موسا ڕۆیشت و گەڕایەوە لای یەترۆئی خەزووری و پێی وت: (من دەڕۆم و دەگەڕێمەوە لای براکانم کە لە میسرن، تا ببینم

ئایا هێشتا زیندوون.) یەترۆئیش بە موسای وت: (بڕۆ بە سەلامەتی.) ١٩ خوداوەند لە میدیان بە موسای فەرمووبوو: (بڕۆ بگەڕێوە بۆ میسر، چونکە هەموو ئەوانەی بە دوای کوشتنتدا دەگەڕان مردن.) ٢٠ ئیتر موسا ژنەکەی و منداڵەکانی هەڵگرت و سواری گوێدرێژی کردن و بردنی و گەڕایەوە بۆ خاکی میسر. موسا گۆچانەکەی خوداشی بەدەستەوە گرت.

٢١ خوداوەند بە موسای فەرموو: (کاتێک دەگەڕێیتەوە بۆ میسر، سەرنج بدە هەموو کارە سەرسوڕهێنەرەکان کە لە دەستی تۆم داناوە و لە بەردەم فیرعەون ئەنجامیان بدە... ٢٢ بە فیرعەون دەڵێیت، خوداوەند ئاوا دەفەرموێت، ئیسرائیل کوڕە نۆبەرەمە، ٢٣ پێم فەرمووی، بهێڵە کوڕەکەم بڕوات تا بمپەرستێت، تۆ ڕازی نەبوویت بهێڵیت بڕوات، ئەوەتا من کوڕەکەت، نۆبەرەکەت دەکوژم.)

٢٧ خوداوەند بە هارونی فەرموو: (بڕۆ بۆ چۆڵەوانی بۆ پێشوازی موسا.) ئەویش ڕۆیشت و لە کێوی خودا تووشی بوو و ماچی کرد.
٢٨ ئیتر موسا هەموو وتەکانی خوداوەندی بە هارون ڕاگەیاند کە موسای ناردبوو بۆی، هەروەها هەموو ئەو نیشانانەی فەرمانی پێدابوو.
٢٩ ئینجا موسا و هارون ڕۆیشتن و هەموو پیرانی نەوەی ئیسرائیلیان کۆکردەوە. ٣٠ هارون هەموو وتەکانی خوداوەند کە بە موسای فەرموو بوو پێی وتن و لەبەرچاوی گەل نیشانەکانی کرد. ٣١ ئیتر گەل باوەڕی هێنا و کاتێک گوێیان لێبوو خوداوەند نەوەی ئیسرائیلی بەسەر کردۆتەوە و تەماشای زەلیلیەکەیانی کردووە، دانەواندنەوە و کڕنوشیان برد.

(دەرچوون ٥) ١ دواتر موسا و هارون هاتن و بە فیرعەونیان وت: (خوداوەند خودای ئیسرائیل وا دەڵێت، بهێڵە گەلەکەم بڕۆن، تا لە چۆڵەوانی جەژنم بۆ بگێڕن.) ٢ فیرعەونیش وتی: (خوداوەند کێیە تا گوێ لە قسەی بگرم و بهێڵم ئیسرائیل بڕوات؟ خوداوەند ناناسم و هەروەها ناهێڵم ئیسرائیل بڕوات.)

با بۆ ساتێك ڕاوەستین. دەبینین چۆن خودا لەگەڵ فیرعەون قسەی کرد لە ڕێگای دەمی موسا و وهارونەوە. ئایا فیرعەون باوەڕی بە ووشەی خودا کرد؟ نەخێر، باوەڕی نەکرد! ئایا دەزانی چۆن وەڵامی موسا و هارونی دایەوە؟ ووتی، (خوداوەند کێیە تا گوێ لە قسەی بگرم و بهێڵم ئیسرائیل بڕوات؟ خوداوەند ناناسم و هەروەها ناهێڵم ئیسرائیل بڕوات.)

فیرعەون پەروەدگاری نەدەناسی. فیرعەون و خەڵکی میسر ئاینیان هەبوو، بەڵام خودایان نەدەناسی. ئەوان تەنها بایەخیان بەوە دەدا کە شوێنی ئاینی باوباپیرانیانی خۆیان بکەون. بایەخیان بە ناسینی خودای زیندو و ڕاستەقینە نادا، خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. فیرعەون و میسرییەکان متمانەیان بە دابونەریت و نووشتەکان و سەرکردە ئایینەکانی خۆیان کرد، بەڵام متمانەی خۆیان بە پەروەدگار و ووشە تاهەتاییەکەی نەکرد.

بۆیە، لە بەشی شەشەم دەخوێنینەوە: (دەرچوون ٦) ١ خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (ئێستا دەبینیت چی بە فیرعەون دەکەم، بە دەستێکی بەهێز بەڕەڵایان دەکات و بە دەستێکی بەهێز لە خاکی خۆی دەریان دەکات.) ٢ ئینجا خودا لەگەڵ موسادا دووا و پێی فەرموو: (من خوداوەندم، ٣ بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب وەک خودای توانادار دەرکەوتم، بەڵام بە ناوم، خوداوەند لەلای ئەوان خۆم نەناساند. ٤ هەروەها پەیمانی خۆم لەگەڵیان بەست، کە خاکی کەنعانیان پێ بدەم، خاکی نامۆییان کە تێیدا نامۆ بوون.
٥ هەروەها گوێم لە ناڵەی نەوەی ئیسرائیل بوو، ئەوانەی میسرییەکان کۆیلایەتییان پێ دەکەن و پەیمانی خۆم بەبیر هاتەوە.
٦ (بۆیە بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ، من خوداوەندم، لە ژێر بارگرانی میسرییەکان دەرتان دەهێنم و لە کۆیلایەتی ئەوان فریاتان دەکەوم و بە بازوویەکی درێژ و دادپەروەریەکی مەزن دەتانکڕمەوە. ٧ هەروەها دەتانکەم بە گەلی خۆم و دەبم بە خوداتان، ئیتر دەزانن منی خوداوەند خوداتانم، ئەوەی لە ژێر بارگرانی میسرییەکان دەرتان دەهێنێت. ٨ دەشتانهێنم بۆ ئەو خاکەی کە دەستم بەرز کردەوە بیدەم بە ئیبراهیم و بە ئیسحاق و بە یاقوب، وەک میرات بە ئێوەی دەدەم، من خوداوەندم.)

(دەرچوون ٨) ٤ فیرعەونیش گوێتان لێ ناگرێت، منیش دەستم دەخەمە سەر میسر و لەشکرەکانم و گەلەکەم نەوەی ئیسرائیل بە دادپەروەریەکی مەزن لە خاکی میسردا دەردەهێنم. ٥ میسرییەکانیش دەزانن کە من خوداوەندم، کاتێک دەست بۆ میسر درێژ دەکەم و نەوەی ئیسرائیل لەناویاندا دەردەهێنم.)

٦ موسا و هارونیش هەروەک خوداوەند فرمانی پێکردبوون، ئاوایان کرد. ٧موسا تەمەنی هەشتا ساڵ بوو و هارونیش هەشتا و سێ ساڵ بوو، کاتێک لەگەڵ فیرعەون قسەیان کرد.

بەم شێوەیە، دەبینین چۆن خودا پلانی دانا دادوەری فیرعەون و خەڵکی میسر بکات بە کرداری دادوەری مەزن. خودا، لە ڕاستودروستی خۆیدا، نیازی تۆڵە سەندنەوەی هەبوو لە میسرییەکان بۆ سەدەها ساڵی ناخۆشی کە بە سەر گەلی ئیسرائیلیان هێنا بوو. هەروەها، لە ڕێگای ئەو موعجیزانەی کە خودا پلانی دانا بە دەستی موسا ئەنجامی بدات، خودا ویستی شکۆمەندی و هێزی خۆی نیشان بدات. بەو شێوەیە، خودا پشانی خەڵکی میسر و هەموو جیهان دەدات کە پەروەردگار خودا، ئەوەی کە لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و موسا قسەی کرد، خودای زیندو و ڕاستەقینەیە!

هەر وەك پێشتر فێربووین، خودا بە بەزەییترین خودایە و نایەوێ کەس بفەوتێ، بەڵکو دەیەوێ کە هەموو کەس تۆبە بکەن و ڕاستی وەربگرن. بۆیە پلانی ئەنجام دانی موعجیزەی هەبوو کەوا ئەو ووشانەی لە ڕێگای موساوە فەرموو بووی جێگیر دەکات. پەروەردگار ویستی هەموو کەس بزانێت و هیچ گومانێکی نەبێت کە خودا، ئەوەی لە ڕێگای موساوە قسەی دەکرد، خودای ڕاستەقینەیە!

پێویستە لە یادمان بێت کە لە میسر سەدەها بت هەبوون کەوا میسرییەکان بەخودایان دادەنا. بەڵام، خودا ویستی ئەوان بزانن کە تەنها یەك خودای ڕاستەقینە هەیە. خودا ویستی ئەوان بزانن کە ئەو تاقە خودا ڕاستەقینەیە ئەو خودایەیە کە پەیمانی لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب بەستا — وە پەیمانی دا کە نەتەوەیەکی مەزنیان لێ دروست بکات کەوا پێغەمبەران و نووسراوە پیرۆزەکان و ڕزگاری دەری جیهانی لێوە دروست بێت.

بەڵام فیرعەون، هیچ گرنگی نەدا بە ناسینی تاقە خودای ڕاستەقینە. بۆیە، کاتێ خودا هەوڵی قسە کردنی دەدا لەگەڵ فیرعەون لە ڕێگای موسا و هارونی پێغەمبەریەوە، فیرعەون وەڵامی دایەوە و وتی، (خوداوەند کێیە تا گوێ لە قسەی بگرم و بهێڵم ئیسرائیل بڕوات؟ خوداوەند ناناسم و هەروەها ناهێڵم ئیسرائیل بڕوات.) (دەرچوون ٥: ٢)

فیرعەون ڕاستی کرد کە ووتی پەروەردگار ناناسێ! ئەو خودایەی ناناسی کە پەیمانێکی تاهەتایی لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب بەستابوو. فیرعەون ئاینی هەبوو، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ خودا نەبوو. دڵی فیرعەون داخرابوو بەرامبەر بەو ڕاستییەی کە لە لایەن تاقە خودای ڕاستەقینەوە هاتبوو. بۆیە، ئەو پەیامەی خودا لە ڕێگای موسا و هارونەوە پێی ووت پشت گوێ خست.

تا ئەمڕۆش، زۆربەی خەڵك لە جیهان بە شوێن پێی فیرعەندا دەڕۆن. باسی خودا دەکەن، بەڵام هیچ سەرنجی ووشەی خودا نادەن. لە دەرئەنجامدا، ئەوان خودا ناناسن. هەندێك شت دەزانن دەربارەی خودا، بەڵام خودی خودا ناناسن. ئاینیان هەیە کەوا لە باووباپیرانیان بۆیان ماوەتەوە، بەڵام پەیوەندێکی ڕاستەقینەیان لەگەڵ ئەو خودایەی کە خۆی بۆ موسا بەدەر خست نیە.

ئەی دەربارەی تۆ؟ پەروەردگار دەناسێ؟ ئایا بەڕاستی دەزانی چی فەرموە لە ڕێگای پێغەمبەرەکانیەوە؟ ئایا هەرگیز بە وردی و بە قوڵی سەرنجی نووسراوەکانی پێغەمبەرەکانی خودات داوە؟ ئایا بەڕاستی پەروەردگار خودا دەناسێ؟ ئایا پڕ بە دڵ خۆشت دەوێ؟ ئایا دەتەوێ بە گوێی بکەی؟ یاخود تۆش وەك فیرعەونیت، کەوتیە دوای ئاینی باووباپیرانت؟

برادەرانی ئازیز، دەبا کەسمان وەك فیرعەون نەبین، ئەوەی کە گوێ گرتن و باوەڕ هێنان بە ووشەی خودای تاهەتایی ڕەت کردەوە! سەرنج بدە لەم ئاگادار کردنەوەیە لە ووشەی خودا: خوشکان، برایان، ئاگاداری خۆتان بن، نەوەك یەکێتان دڵێکی خراپ و بێباوەڕی هەبێت کە لە خودای زیندوو هەڵبگەڕێتەوە. (عیبرانیەکان ٣: ١٢)

لە دیراسەتی داهاتوومانداء، بەردەوام دەبین لەم چیرۆکە سەرنج ڕاکێشە و دەیبینین چۆن خودا دە پەتای بەسەر فیرعەون و میسرییەکان تاکو بزانن کە ئەو پەروەردگارە!

خودا بەردەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ کاتێ ئاگادارییەکەی جددییەی ووشە پیرۆزەکەی خودا لەیاد دەپارێزن: ئەمڕۆ، ئەگەر گوێتان لە دەنگی ئەو بوو، دڵتان ڕەق مەکەن! (عیبرانیەکان ٣: ١٥)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا فیرعەون باوەڕی بە ووشەی خودا کرد؟

٢. چۆن وەڵامی موسا و هارونی دایەوە؟

٣. ئەی دەربارەی تۆ؟ پەروەردگار دەناسێ؟

٤. ئایا بەڕاستی دەزانی چی فەرمووە لە ڕێگای پێغەمبەرەکانیەوە؟

٥. ئایا هەرگیز بە ووردی و بە قوواڵی سەرنجی نووسراوەکانی پێغەمبەرەکانی خودات داوە؟

٦. ئایا دەتەوێ بە گوێی بکەی؟

٧. یاخود تۆش وەك فیرعەونیت، کەوتیە دوای ئاینی باووباپیرانت؟

وانەی ٣٢: پەتاکان

دەرچوون ٧ – ١٠

(بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ) ئەم پەندە کوردیە دیراسەتەکەمان لە نووسراوە پیرۆزەکان کورت دەکاتەوە. ئایا دەکرێ بەری ڕۆژ بە بێژگ بگری؟ نەخێر. ئەمڕۆ دەبینین چی ڕوو دەدات کاتێ کە فیرعەون، پاشای میسر، هەوڵی دا شەڕ بکات دژی پەروەردگار خودا، ئەوەی موسا لەسەری نووسیوە و دەڵێ: (چیایە، کردارەکانی تەواوە، چونکە هەموو ڕێگاکانی دادپەروەرە، خودایەکی دڵسۆز، ستەمکاری تێدا نییە، ڕاستگۆ و ڕاستە ئەو.) (وتەکان ٣٢: ٤)

لە وانەی ڕابردوومانداء، بینیمان چۆن خودا موسا و هارونی نارد بۆ لای فیرعەون بۆ ڕزگارکردنی گەلی ئیسرائیل لە کویلایەتیان لە میسر. بە فیرعەونیان وت: (خوداوەند خودای ئیسرائیل وا دەڵێت، بهێڵە گەلەکەم بڕۆن، تا لە چۆڵەوانی جەژنم بۆ بگێڕن.) بەڵام، فیرعەون ووتی: (خوداوەند کێیە تا گوێ لە قسەی بگرم و بهێڵم ئیسرائیل بڕوات؟ خوداوەند ناناسم و هەروەها ناهێڵم ئیسرائیل بڕوات.) (دەرچوون ٥: ١، ٢) بەکورتی، خودا سوور بوو لەسەر ئازاد کردنی گەلی ئیسرائیل، لەکاتێکدا فیرعەون سوور بوو لەسەر هێشتنەوەیان بە کۆیلایەتی. بەڵام، بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ!

با ئێستا بگەڕێینەوە پارچەی دووەمی تەورات، سیپارەی دەرچوون بەشی حەفت، بۆ ئەوەی بزانین چۆن فیرعەون هەوڵی دا بەری تیشکی ڕۆژی خودا بگرێت. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(دەرچوون ٧) [١] جا موسا و هارون هاتنە لای فیرعەون و چۆن خوداوەند فرمانی پێکردبوون ئاوایان کرد، هارون گۆچانەکەی فڕێدایە بەردەم فیرعەون و خزمەتکارانی و بوو بە مارێکی شاخدار. [١١] فیرعەونیش بانگی دانایان و سیحربازانی کرد، ئیتر جادووگەرانی میسریش بە ئەفسونەکانیان هەمان شتیان کرد. [١٢] هەریەکە گۆچانی خۆی فڕێ دا و گۆچانەکانیان بوون بە ماری شاخدار، بەڵام گۆچانەکەی هارون گۆچانەکانی ئەوانی هەڵلوشی.

سەرنجی سەرەتای ئەم (کێبڕکێیە) بدە لە نێوان فیرعەون و خودا. لە لایەك، فیرعەون و پیاوە دانا و سیحربازەکانی، و لەلایەکی تر، موسا و هارون. لە پاش ئەوەی گوچانەکەی هارون بەشێوەیەکی سەیر بوو بە مار، سیحربازەکانی فیرعەونیش لاساییای موعجیزەکەیان کردەوە بە هاویشتنی وێردەکانیان. هەریەکە گۆچانی خۆی فڕێ دا و گۆچانەکانیان بوون بە ماری شاخدار، بەڵام گۆچانەکەی هارون گۆچانەکانی ئەوانی هەڵلوشی.

دەتوانین چی بڵێین دەربارەی ئەم هەموو شتە؟ دەزانین کە ئەو شتە سەیرانەی موسا و هارون ئەنجامیان دا لە لایەن خوداوە بوو. بەڵام، سیحرباز و جادووگەرانی فیرعەونیش موعجیزەیان ئەنجام دا. ئەو هێزەیان لە کوێوە بۆ هات؟ لە لایەن خوداوە بوو؟ نەخێر! خودا دژ بە خۆی ناوەستێ. ئەی باشە ئەو هێزەیان لە کوێوە بۆ هات؟ سیحرباز و جادووگەرانی فیرعەون پشتیان بە هەڵخەڵەتاندن دەبەستا و ئەو هێزەی لە شەیتانەوە دێت.

نووسراوە پیرۆزەکان پێمان نیشان دەدات کە شەیتان زۆر زۆرزانە و حەز دەکات خەڵك هەڵخەڵەتێنێ، هەروەها زۆر بەهێزە و دەتوانێ موعجیزە ئەنجام بدات. بەڵام، ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە خودا زۆر بەهێزترە لە شەیتان. بۆیە، گۆچانەکانی هارون گۆچانەکانی سیحرباز و جادوکەرەکانی فیرعەونی قوت دا. هەرچەندە ئەم هەموو شتە وای نەکرد کە فیرعەون تۆبە بکات و گوێ لە ووشەی خودا بگرێت.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ٧) [١٤] دواتر خوداوەند بە موسای فەرموو: (دڵی فیرعەون ڕەقە، ڕازی نییە ڕێ بە گەلەکە بدات. [١٥] بەیانی بڕۆ لای فیرعەون، ئەوەتا بۆ لای ئاوەکە دەچێت، لە کەناری نیل بۆی بوەستە و ئەو گۆچانەش کە بوو بە ماری شاخدار بەدەستتەوە بگرە. [١٦] پێی دەڵێیت، "خوداوەند خودای عیبرانییەکان منی بۆ لای تۆ نارد و فەرمووی، ڕێ بە گەلەکەم بدە با بڕۆن و لە چۆڵەوانی بمپەرستن، بەڵام ئەوەتا تا ئێستا گوێ ناگریت. [١٧] خوداوەند ئاوا دەفەرموێت، بەمە دەزانیت من خوداوەندم، ئەوەتا

من بەو گۆچانەی بە دەستمەوەیە لە ئاوی نیل دەدەم و دەیگۆڕێت بۆ خوێن...

٢٠ موسا و هارونیش ئاوایان کرد، وەک ئەوەی خوداوەند فرمانی پێکردن. گۆچانەکەی بەرز کردەوە و لە ئاوی نیلی دا، لەبەرچاوی
فیرعەون و خزمەتکارەکانیدا. جا هەموو ئاوی نیل گۆڕا بوو بە خوێن. ٢١ ماسییەکانی ناو نیلیش مردن و نیل بۆگەن بوو، میسرییە
کانیش نەیانتوانی لە ئاوی نیل بخۆنەوە، خوێنیش هەموو خاکی میسری گرتەوە. ٢٢ جادووگەرە میسرییەکانیش هەمان شتیان کرد بە
ئەفسونەکانیان، دڵی فیرعەونیش ڕەق بوو و گوێی لە موسا و هارون نەگرت وەک خوداوەند فەرمووی. ٢٣ ئینجا فیرعەون ڕووی
وەرگێڕا و چووەوە بۆ ماڵەکەی و دڵی بەلای ئەمەشدا نەبرد. ٢٤ هەموو میسرییەکانیش دەوروبەری نیلیان هەڵدڕی بۆ ئاو تا بیخۆنەوە،
چونکە نەیانتوانی لە ئاوی نیل بخۆنەوە.

٢٥ حەوت ڕۆژ تەواو بوو دوای ئەوەی خوداوەند لە نیلی دا. ١ خوداوەند بە موسای فەرموو: (بڕۆ لای فیرعەون و پێی بڵێ، "خوداوەند
ئاوا دەڵێت، ڕێ بە گەلەکەم بدە بڕۆن تا بمپەرستن. ٢ ئەگەر ڕازی نەبیت و ڕێیان نەدەیت، لە هەموو خاکەکەت دەدەم بە بۆق.
٣ نیل بە بۆق هەڵدەچێت، سەر دەکەون و دێنە ناو ماڵەکەت و ژووری نووستنەکەت و سەر چوارپایەکەت، هەروەها دەچنە ماڵی
خزمەتکارەکانت و سەر گەلەکەت و بۆ ناو تەنوورەکانت و تەشتە هەویرەکانت. ٤ بۆق دێتە سەر خۆت و گەلەکەت و
خزمەتکارەکانت.)

بەڵام فیرعەون گوێی ڕانەگرت لە ئاگادارییەکانی موسا. (دەرچوون ٨) ٥ ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (بە هارون بڵێ، "بە
گۆچانەکەت دەست درێژ بکە بۆ سەر ڕووبارەکان و جۆگەلەکان و گۆماوەکان و بۆق سەر بخە بۆ سەر خاکی میسر.") ٦ هارونیش
دەستی درێژ کردە سەر ئاوی میسر و بۆق سەر کەوتن و خاکی میسریان داپۆشی. ٧ جادووگەرەکانیش هەمان شتیان کرد بە ئەفسونە
کانیان، بۆقیان سەر خستە سەر خاکی میسر. ٨ فیرعەون بانگی موسا و هارونی کرد و وتی: (لە خوداوەند بپارێنەوە تا بۆق لە خۆم و
گەلەکەم دوور بخاتەوە، منیش ڕێ بە گەلەکە دەدەم بڕۆن قوربانی بۆ خوداوەند سەر ببڕن.)... ١٢ ئینجا موسا و هارون لەلای
فیرعەون دەرچوون و موسا هاواری بۆ خوداوەند کرد لەبەر ئەو بۆقانەی بۆ فیرعەونی دانابوو... بۆقەکان لە ماڵەکان و حەوشەکان و
کێڵگەکاندا مردن... ١٤ جا کۆمەڵ کۆمەڵ کۆیان کردنەوە و زەوییەکە گەندەڵ بوو. ١٥ کاتێک فیرعەون بینی خامۆشی هاتە کایەوە،
دڵی ڕەق کردەوە و گوێی لە موسا و هارون نەگرت، وەک خوداوەند فەرمووی.

١٦ ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (بە هارون بڵێ، "گۆچانەکەت درێژ بکە و لە خۆڵی زەوی بدە،" جا خۆڵی زەوی دەبێتە
مێشوولە لە هەموو خاکی میسر.) ١٧ ئیتر ئاوایان کرد، هارون بە گۆچانەکەی دەستی درێژ کرد و لە خۆڵی زەوییەکەی دا، جا مێشوولە
هاتە سەر خەڵک و سەر ئاژەڵەکان، هەموو خۆڵی زەوییەکە بوو بە مێشوولە لە هەموو خاکی میسردا. ١٨ جادووگەرەکانیش بە ئەفسونە
کانیان هەمان شتیان کرد بۆ پەیدابوونی مێشوولە، بەڵام نەیانتوانی. جا مێشوولە لەسەر خەڵک و لەسەر ئاژەڵ مایەوە.
١٩ جادووگەرەکان بە فیرعەونیان وت، "ئەمە پەنجەی خودایە،" بەڵام فیرعەون دڵی ڕەق بوو و گوێی لێنەگرتن، وەک خوداوەند
فەرمووی.

بینیت چی بەسەر جادوکەرەکانی فیرعەون هات؟ پێشتر بینیمان چۆن هێزێکیان هەبوو، کە لە شەیتانیان وەرگرتبوو. بۆیە، لەڕێگای
هونەرە نهێنیەکەیانەوە، توانیان لاسایی هێزی خودا بکەنەوە و هەندێك ئاو بگۆڕن بە خوێن، و وابکەن هەندێ بۆق بەدەربکەوێ. بەڵام،
هێزی ئەوان سنووردار بوو. جادووکەرەکانی فیرعەون نەیاندەتوانی ئەو پەتایانەی خودای بالادەست بەسەر خاکی میسردا هێنا بووی
لابەن. لەپاش ئەوەی هارون گۆچانەکەی کێشا بە زەویدا و خۆڵەکە بوو بە مێشوولە، جادووکەرەکان هونەرە نهێنیەکانیان ئەنجام دا
و هەوڵیان دا خۆڵی زەوی بکەن بە مێشوولە، بەڵام نەیانتوانی. بۆیە، بە فیرعەونیان ووت، (ئەمە پەنجەی خودایە)

زۆر ڕوونە کە هێزی جادووکەرەکان سنووردارىوو. بێ گومان، شەیتان هێزی هەیە و دەتوانێ هەندێك هێز بە مرۆڤ ببەخشێ، بەڵام ئەو
هێزانە هەرگیز ناتوانێ لەو سنوورانە تێپەڕی کە خودا داینناوە. تەنها خودا بەهێزترین کەسە. تەنها ئەو دەتوانێ هەموو شتێك بکات!
هەر ئەو بەتەنها بێ سنوورە! جادووکەرەکانی فیرعەون خەریك بوو تێ دەگەیشتن مەزنی بێ سنووری خودا چەندە، بەڵام فیرعەون
هێشتا نایەوێ مل کەچی خودا ببێت. فیرعەون بەردەوام بوو لە دڵ ڕەقی و پێی وابوو کە دەتوانی دژی خودای ئیسرائیل ڕاوەستێ و

بیباتەوە! بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت چۆن خودا بەدەستی موسا و هارون حەفت پەتای تر بەسەر فیرعەون و خاکی میسردا دێنێ.

چۆارەم پەتا پێك هاتبوو لە مشکی زۆر کە خاکی پڕ کردبوو، تەنانەت ناو ماڵی خەڵکی و بۆ هۆی وێرانکارییەکی زۆر. لە پێنجەم پەتاش، نەخۆشیێکی زۆر خراپ لە مەڕ و ماڵاتی دابوو، و زۆربەیان مردن. بەڵام، یەك دانەش لە مەڕ و ماڵاتی گەلی ئیسرائیل نەمرد. لەگەڵ ئەوەشدا، فیرعەون دڵی ڕەق دەبوو و نەیدەهێشت گەلی ئیسرائیل بڕوات. پاشان، دومەڵێکی زۆر خراپ بڵاو بووەوە لەنێو مرۆڤ و ئاژەڵدا. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: جادوگەرەکانیش نەیانتوانی لە بەرامبەر موسا بوەستن لەبەر دومەڵەکان، چونکە دومەڵەکان لە جادوگەرەکان و لە هەموو میسرییەکاندا بوو. (دەرچوون ٩: ١١) لە پەتای حەفتەمدا تەزرەبارینێکی ترسناك، کە پێشتر تەزرەی وا گەورە نەباری بوو لە میسر، بەردەوام باری و هەموو کێڵگەکانی تێك دا. لەپاش ئەوەی ئەوە تەواو بوو، خاکەکە پڕ بوو لە کوللە، کەوا هەموو پاشماوەی کێڵگەی خوارد. ئەمە پەتای هەشتەم بوو.

لە پەتای نۆیەم، خودا بە موسای فەرموو: (دەستت بۆ ئاسمان درێژ بکە با تاریکی باڵ بەسەر خاکی میسردا بکێشێت، کە چاو چاو نەبینێت.) (دەرچوون ١٠: ٢١) بۆیە، بۆ سێ ڕۆژ کەس نەیتوانی هیچ ببینێ. بەڵام، لەو پارێزگایەی گەلی ئیسرائیل لێی دەژیان ڕووناکی هەبوو. تەنانەت یەك پەتاش تووشیان نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەموو شتەش وای نەکرد فیرعەون تۆبە بکات و واز لەگەلی ئیسرائیل بێنێت بڕۆن. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: فیرعەونیش بە موسای وت: (لەلام بڕۆ، ئاگاداری خۆت بە نەیەیتەوە بەرچاوم، چونکە ئەو ڕۆژەی ڕووم ببینیت دەمریت.) (دەرچوون ١٠: ٢٨) پەتایەکی تر هەیە کە خودا بەسەر فیرعەون و میسرییەکانی دا هێنا، بەڵام چاوەڕێی وانەی داهاتوو دەکەین تا بەردەوام دەبین لەم چیرۆکە سەرنج ڕاکێشە.

چۆن دەتوانین ئەم وانەیە کورت بکەینەوە؟ ڕەنگە بەم شێوەیە: فیرعەون وێستی شەڕ بکات دژ بە پەروەردگار خودا. ئایا فیرعەون و جاودوگەرەکانی توانیان زاڵ بن بەسەر خودای بااڵدەست؟ توانیان بەسەر هێزی بکەون؟ نەخێر! کەس ناتوانێ بجەنگێ لەگەڵ خودا و بیباتەوە! بەری ڕۆژ ناکرێ بە بێژنگ بگیرێ.


ئەی خودا دەیەوێ چیمان پێ بڵێ لە ڕێگای ئەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە؟ نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: جا ئەم شتانەیان وەک پەند بەسەرهات، بۆ ئاگاداری ئێمەش نووسراوە، کە کۆتایی ڕۆژگار بۆمان هاتووە. (١ کۆرنسۆس ١٠: ١١) خودا دەیەوێ ئاگادارمان بکاتەوە. خودا دەیەوێ باش تەماشای خۆمان بکەین و ئاوڕ لە ئاگادارییەکانی بدەینەوە.

ئایا سەرنجی ووشەی خودا دەدەی؟ یاخود تۆش وەك فیرعەون، شەڕ دەکەی لەگەڵ خودا؟ با دڵی خۆت وەاڵم بداتەوە. ئایا مل کەچی ووشەی خودا بوویتە؟ ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئایا مل کەچی داب و نەریتی باووباپیران و ئاین ئەوان بووی، بەڵکو مانای ئەوەیە ئایا بە ووشەی پەروەردگار خودات بە سینگێکی فراوانەوە وەرگرتووە؟ یاخود نیازت وایە شەڕ بکەی لەگەڵ خودا؟

(بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ!) مرۆڤ وەکو بێژنگ وایە و ووشەی خوداش وەك ڕۆژ. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: هەموو مەرۆڤێك وەک گژوگیا وایە و هەموو شکۆیەکەی وەک گوڵی دەست وایە. گژوگیا وشک دەبێت و گوڵ هەڵدەوەرێ، بەڵام وشەی خوداوەند تاهەتایە دەمێنێت. ئەمەش ئەو وشەیە کە پێی موژدەتان درایێ. (١ پەترۆس ١: ٢٤، ٢٥) ووشەی خودای تاهەتایی وەك بەردێکی پتەو وایە و هەر کەسێ ژیانی لەسەر بنەمای ئەو بەردە بنیات بنا ئەوا ژیانی خۆی لەسەر بنەمایەکی پتەو دادەنێ. بەڵام، ئەگەر ڕەتی بکەیەوە ژیانت لەسەر ئەو بەردە بنیات بنەی — ئەوا ڕۆژێك بەردی ووشەی خودا بەسەرتدا بەردەبێتەوە و پانت دەکاتەوە. ناکرێ بەری ڕۆژ بە بێژنگ بگیرێ، و ناکرێ مرۆڤیش ڕك بەرکێی ووشەی خودا بکات و قوتاری بێت لە سزادان.

پەنا بە خودا بۆ وانەی داهاتوو، دەبینین پەروەردگار چی کرد کە وا لە فیرعەون بکات واز لە گەلی ئیسرائیل بێنێت لە میسر دەرچن

خوداش بە بەرەکەتت بکات کاتێ بیر دەکەیتەوە لەوەی موسا لە تەورات نووسیویەتی، کە دەڵێ: چیایە، کردارەکانی تەواوە، چونکە هەموو ڕێگاکانی دادپەروەرە، خودایەکی دڵسۆز، ستەمکاری تێدا نییە، ڕاستگۆ و ڕاستە ئەو. (وتەکان ٣٢: ٤)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا دەکرێ بەری ڕۆژ بە بێژنگ بگری؟ دەتوانین چی بڵێین دەربارەی ئەم هەموو شتە؟

٢. سیحرباز و جادووکەرانی فیرعەونیش موعجیزەیان ئەنجام دا. ئەو هێزەیان لە کوێوە بۆ هات؟

٣. بینیت چی بەسەر جادوگەرەکانی فیرعەون هات؟

٤. چۆن دەتوانین وانەمان کورت بکەینەوە؟ ئایا فیرعەون و جاودوگەرەکانی توانیان زاڵ بن بەسەر خودای باڵادەست؟ توانیان بەسەر هێزی بکەون؟

٥. ئەی خودا دەیەوێ چیمان پێ بڵێ لە ڕێگای ئەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە؟

٦. ئایا سەرنجی ووشەی خودا دەدەی؟ یاخود تۆش وەك فیرعەون، شەڕ دەکەی لەگەڵ خودا؟

٧. ئایا مل کەچی ووشەی خودا بوویتە؟ ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئایا مل کەچی داب و نەریتی باووباپیران و ئاین ئەوان بووی، بەڵکو مانای ئەوەیە ئایا بە ووشەی پەروەردگار خودات بە سینگێکی فراوانەوە وەرگرتووە؟

وانەی ٣٣: بەرخی تێپەڕبوون

دەرچوون ١١، ١٢

لە وانەی ڕابردوومانداو، بینیمان چۆن فیرعەون هەوڵی دا دژ بە خودا ڕاوەستێ. پەروەردگار مەبەستی ڕزگار کردنی گەلی ئیسرائیلی هەبوو کەوا بەندەبوون لە میسر، بەڵام پاشای میسر سوور بوو لەسەر هێشتنەوەیان وەك کوێلەی خۆی. بەڵام، (بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ). بۆیە، بینیمان چۆن خودا نۆ پەتای سامناکی بەسەر میسردا هێنا بە ووشەی موسا و هارون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەموو موعجیزانە و نیشانانە وای نەکرد فیرعەون مل کەچی ووشەی خودا بێت و واز لە گەلی ئسرائیل بێنێت ولاتەکەی بەجێ بێڵن.

ئێستاش پلانمان وایە بەردەوام بین لە چیرۆکەکە و ببینین چۆن خودا دوایەمین پەتا بەسەر فیرعەوندا دێنێ، کەوا دەیەمین پەتایە، کە وابکات فیرعەون لێ بگەڕێ گەلی ئیسرائیل میسر بەجێ بێڵن. لە وانەی ڕابردوومانداو، خوێندمان لە فیرعەون بوو لەپاش پەتای نۆیەم بە موسا و هارونی ووت، (لەلام بڕۆ، ئاگاداری خۆت بە نەیەیتەوە بەرچاوم، چونکە ئەو ڕۆژەی ڕووم ببینیت دەمریت.) (دەرچوون ١٠: ٢٨) ئێستاش با لە بەشی یازدەهەم بخوێنینەوە و گوێ بگرین بزانین چۆن خودا خۆی وەڵامی فیرعەونی دایەوە، لە ڕێگای موساوە.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ١١) [٤]موسا وتی: (خوداوەند ئاوا دەڵێت، (من لە دەوروبەری نیوەشەودا دەردەچم بۆ ناو میسر. [٥] هەموو نۆبەرەیەک لە خاکی میسردا دەمرێت، لە نۆبەرەی فیرعەونەوە کە لەسەر تەختەکەی دانیشتووە تا نۆبەرەی ئەو کە نیزەیەی لە پشت دەستاڕە و نۆبەرەی هەموو ئاژەڵی ماڵێکیش. [٦] هاوارێکی مەزنیش لە هەموو خاکی میسردا دەبێت کە وەک ئەوە نە بووە و جارێکی دیکەیش نابێت. [٧] بەڵام بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل تەنانەت سەگیش لێیان ناوەڕێت، نە بە خەڵک و نە بە ئاژەڵ،) تا بزانن خوداوەند جیاوازی لە نێوان گەلی میسری و ئیسرائیلیدا دەکات. [٨] ئیتر هەموو خزمەتکارانت دێنە لام و کرنۆشم بۆ دەبەن و دە ڵێن (دەربچۆ خۆت و هەموو ئەو گەلەی لەدواتن،) ئیتر دوای ئەوە دەردەچم.) ئینجا موسا بە تووڕەییەوە لەلای فیرعەون دەرچوو.

بەم شێوەیە، دەبینین چۆن خودا پلانی دانا پەتایك بەسەر خاکی میسردا بێنێت کەوا خراپتر بێت لە هەموو پەتاکانی پێشتر بەسەر میسردا هاتبوو. خودا مردنی بەم زووانەی هەموو نۆبەرەیکی ڕاگەیاند لە میسر. چ پەتایەکی ترسناکە! ئەی چی بەسەر نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیل دێت؟ ئایا ئەوانیش وەك نۆبەرەکانی میسر دەمرن؟ بێ گومان، ئەوان شایەنی بەرنەکەوتنی دادوەری خودا نەبوون، لەبەر ئەوەی ئەوانیش گوناهبار بوون، هەر وەك هەموو خەڵکەکەی میسر. بەڵام، خودای دڵسۆز و بە بەزەیی، نەخشەیەکی داڕێژا بۆ پاراستنی گەلی ئیسرائیل لەو پەتایە.

با بەردەوام بین لەبەشی دوازدە و بزانین خودا چی بە موسا فەرموو ڕێنمایی گەلی ئیسرائیل بکات بیکەن بۆ ئەوەی نۆبەرەکانیان بەر مردن نەکەون. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ١٢) [١]خوداوەند لەگەڵ موسا و هارون لە خاکی میسردا دووا و فەرمووی... [٣] لەگەڵ هەموو کۆمەڵی ئیسرائیلدا بدوێن و بڵێن، لە دەی ئەم مانگەدا با هەریەکە کاریلەیەک بۆ خۆی ببات بە گوێرەی ماڵەباوان... [٥] دەبێت کاریلەی ساغ، نێر، یەک ساڵە دانێن بۆ خۆتان، لە بەرانەکان یان لە گیسکەکان هەڵیان دەگرن. [٦] لە ژێر پاڕێزگاریتان دەمێنێت تا ڕۆژی چواردەی ئەم مانگە، ئینجا هەموو کۆڕی کۆمەڵی ئیسرائیل لە کاتی خۆرئاوابوونداو سەری دەبڕن. [٧] لە خوێنەکەش هەڵدەگرن و لە هەردوولای دەرگاکان و سەری دەرگاکانیشی ئەو ماڵانەی دەدەن کە تیایدا دەیخۆن. [٨] گۆشتەکەش لەو شەوەدا برژاو بە ئاگر دەیخۆن لەگەڵ نانی فەتیر و لەگەڵ گیای تاڵ. [٩] نەکەن بەخاوی یان لێنراو بە ئاو بیخۆن، بەڵکو بە ئاگر برژاو بێت، سەری و پێی و هەناوی... [٤٦] لە یەک ماڵدا لە گۆشتەکە دەخورێت و لە ماڵەکە ناچێتە دەرەوە و هیچ ئێسکێکی لێ ناشکێنرێت. [١١] ئاواش دەیخۆن، ناوقەدتان بەسترا بێت و سۆلەکانتان لە پێتاندا بێت و گۆچانەکانتان بە دەستتانەوە بێت، بە پەلە دەیخۆن، (پەسخە) یـە بۆ خوداوەند.

[١٢] (من ئەم شەو بە خاکی میسردا تێپەڕ دەبم و لە هەموو نۆبەرەیەک لە خاکی میسردا دەدەم، لە مرۆڤەوە تا ئاژەڵ، حوکمیش بەسەر هەموو خودایەکانی میسرییەکاندا دەدەم، من خوداوەندم. [١٣] خوێنەکەش بۆتان دەبێت بە نیشانە لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوە تیایدان، کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم، ئیتر لێدانی لەناوچوون ئێوە ناگرێتەوە کاتێک لە خاکی میسر دەدەم.

با لێرە ڕاوەستین، ئەو پلانەی خودا دەبینی کە ڕایگەیاندبوو بۆ ڕزگار کردنی کۆڕە نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیل لە مردن و هەروەها ڕزگار کردنی هەموو گەلی ئیسرائیل لە کوێلەییان لە میسر؟ پلانێکی سەرسوڕهێنەر بوو، پلانێك بوو کە لە ڕوانگەی بیرکردنەوەی مرۆڤدا زۆر بێ مانا بوو. خودا نیازی ڕزگارکردنیانی هەبوو لە ڕێگای خوێنی بەرخێک – خوێنی بەرخێکی بێ عەیب – خوێنێك کەوا بە چوارچێوەی دەرگای خانووەکانیانی بساون. تەنها خوێنی ئەو بەرخە دەتوانێ نۆبەرەکانیان لە مردن ڕزگار بکات.

لەپاش ئەوەی خودا لە قسەکردن لەگەڵ موسا و هارون تەواو بوو، ڕیش سپیەکانیان خڕ کردەوە، و هەوالّی ووشەی خودایان پێ ڕاگەیاندن سەبارەت بە قوربانی بەرخەکە. کاتێ ڕیش سپییەکانی گەلی ئیسرائیل گوێیان لێ بوو چۆن خودا پلانی ڕزگارکردنی نۆبەرەکانیانی داوە لە مردن، کڕنۆشیان برد و خودایان پەرست. لە پاش ئەوە، ڕیش سپییەکانی ئیسرائیل و هەموو خەڵکەکە هەرچی خودا بە موسای ڕاسپاردبوو کردیان بە تەواوی. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ١٢) [٢٩]ئەوە بوو لە نیوەی شەودا خوداوەند لە هەموو نۆبەرەیەکی خاکی میسری دا، لە نۆبەرەی فیرعەونەوە کە لەسەر تەخت دانیشتووە تا نۆبەرەی ئەو دیلەی لە بەندیخانەیە و هەموو نۆبەرەکانی ئاژەڵی ماڵیش. [٣٠] جا فیرعەون شەو هەستا، خۆی و هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو میسرییەکان، هاوارێکی مەزن لە میسر پەیدا بوو، چونکە هیچ ماڵێک نەبوو مردووی نەبێت.

ئایا خودا دادوەری خاکی میسری کرد هەر وەك فەرموو بووی؟ بەڵێ دادوەری کرد! لە نیوەشەودا، فریشتەی لەناوبردن (کەوا هەندێك پێی دەڵێن عزرائیل) بەناو خاکی میسردا تێپەڕی و پەلاماری هەموو نۆبەرەیەکی دا، لە نۆبەری فیرعەونەوە تاکو نۆبەرەی ئەوەانەی لە زیندان بوون. لەو شەودا، گریانێك و هاوارێکی مەزن دەنگی دایەوە لە میسر، لەبەر ئەوەی تاکە ماڵێکی میسری نەبوو بە بێ کەسێکی مردوو!

ئەی چی ڕووی دا لە ماڵی گەلی ئیسرائیلیەکان؟ ئایا خودا نۆبەرەکانیانی ڕزگار کرد لە مردن؟ تۆ چی دەڵێی؟ خودا بەڵێنی پێیان دا و فەرمووی، (کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم). گەلی ئیسرائیل چوارچێوەی دەرگای ماڵەکانیان بە خوێنی بەرخ سوور کردبوو، هەروەك چۆن خودا ڕایانیسپاردبوو. لە دەرئەنجامدا، تەنانەت یەك مردووش نەبوو لەنێوان نۆبەرەکانیان. بەڵام لە ماڵی میسرییەکان، هەموو نۆبەرەکان مردن لەبەر ئەوەی بەشدار نەبوون لە ڕێگای خودا بۆ ڕزگار بوون، کەوا ڕێگای خوێنی بەرخێکە. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ١٢) [٣١]ئینجا بەو شەوە فیرعەون موسا و هارونی بانگ کرد و وتی: (هەستن لە نێوان گەلەکەم دەربچن، ئێوە و هەموو نەوەی ئیسرائیل، بڕۆن خوداوەند بپەرستن وەک خۆتان داواتان کرد. [٣٢] ... و هەروەها بۆ منیش داوای بەرەکەت بکەن! [٣٣] میسرییەکانیش زۆریان لە گەلەکە کرد تا پەلە بکەن لە ڕۆیشتنیان لە خاکەکە، چونکە وتیان، (ئەگینا ئێمە هەموومان دەمرین!)

لە کۆتاییدا، فیرعەون هیچ چارەی نەبوو تەنها واز هێنان و لێ بگەڕێ گەلی ئیسرائیل بڕوات. تائێستا بینیمان چۆن یەکەم جار فیرعەون بە موسا و هارونی ووت، (خوداوەند کێیە تا گوێ لە قسەی بگرم و بهێڵم ئیسرائیل بڕوات؟ خوداوەند ناناسم و هەروەها ناهێڵم ئیسرائیل بڕوات.) بەڵام لە کۆتاییدا، فیرعەون و هەموو میسرییەکان ناچار بوون کە دان بنن کە خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خودای بالادەستە، و زۆر بە هێزترە لە هەموو بتەکانیان و نوشتەکانیان و جادووگەرانیان! (بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ) کەس ناتوانێ لەگەڵ خودا شەڕ بکات و بیباتەوە!

لەو شەوەدا، گەلی ئیسرائیل لە خاکی میسر دەرچوون، وە بە سەروەت و سامانێکی زۆر کە میسرییەکان پێیان بەخشین دەرچوون. نووسراوی پیرۆز دەفەموێ: (دەرچوون ١٢) ([٣٥] هەروەها نەوەی ئیسرائیل وایان کرد وەک ئەوەی موسا وتی، داوای خشڵی زیو و خشڵی زێڕ و جلوبەرگیان لە میسرییەکان کرد. [٣٦] خوداوەندیش ڕەزامەندی بە گەل بەخشی لەبەرچاوی میسرییەکان، جا بێ سێودوو

پێیان دان و ئەوانیش میسرییەکانیان تاڵان کرد... [٤٠] ئەو نیشتەجێبوونەی نەوەی ئیسرائیلیش کە لە میسردا نیشتەجێبوون چوار سەد و سی ساڵ بوو.)

ئەم هەموو شتە ڕووی دا تاکو بەڵێنی خودا بۆ ئیبراهیم جێ بەجێ بکات کە سەدان ساڵ لەوە پێش پێی دابوو، فەرمووی، بە دڵنیاییەوە بزانە کە وەچەکانت لە خاکێک نامۆ دەبن هی خۆیان نییە، دەبنە کۆیلەیان و چوار سەد ساڵ دەیانچەوسێنەوە. [١٤] بەڵام ئەو نەتەوەیەش حوکم دەدەم، کە ئەوان خزمەتیان دەکەن. دوای ئەوە بە دەستکەوتێکی زۆرەوە دێنە دەرەوە. (پەیدابوون ١٥: ١٣، ١٤)

ئەم چیرۆکەی بینیمان، کە ناسراوە بە تێپەڕبوون، وەک زەریایەکی قوڵ و پانە کە پڕە لە گەنجینەی شاراوە. زۆر شت هەیە کە دەکرێ باسی بکەین دەربارەی ئەم چیرۆکە. بەڵام کاتمان نەماوە باسی ئەو هەموو ڕاستییانە بکەین کە لەناو ئەم چیرۆکەیە. بەڵام، ڕاستییەکی زۆر گرنگ هەیە کە دەبێت لەیادمان بهێڵێنەوە. کە ئەویش بەڵێنی خودایە بۆ گەلی ئیسرائیل: (کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم.)

بۆچی نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیل نەمردن لەگەڵ ئەوانی میسرییەکان؟ ئەوان نەمردن لەبەر ئەوەی خودا دەرگایەکی ڕزگاری بوونی بۆیان کردەوە لە ڕێگای خوێنی بەرخێک. خودا ڕایگەیاند کە نۆبەرەکان لە مردن ڕزگاریان دەبێ لەو ماڵانەی کە چوارچێوەی دەرگاکانیان بە خوێنی بەرخ سوور کراوە. بەڵام هەر ماڵێک کە چوارچێوەی دەرگاکەیان بە خوێن سوور نەکرابێت، ئەوا نۆبەرەکەیان دەمرێت!

ئەگەر گەنجێک لەنێوان نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیل پرسیاری لە باوکی بکردایە و بیوتایە، (باوکە، بۆچی دەبێت بەرخە بێ گوناهەکەمان دەبێت بمرێت؟) ئەوا باوکەکە شتێکی وای وەڵام دەدایەوە، (کوڕم، وەک خۆت دەزانی خودا ئیدانەی هەموو نۆبەرەیەکی کردووە لەم خاکەدا. لەبەر گوناهەکانمان، هەموومان شایەنی دادوەری خوداین. بەڵام، خودا بە بەزەیی خۆی، پێمان دەڵێت ئەگەر بەرخێکی بێ عەیب بکەین بە قوربانی، وە خوێنەکەی بساوینە چوارچێوەی دەرگاکانمان، ئەوا مردنەکە پەلامارمان نادات. بەرخەکە دەبێت بمرێت، لەبەر ئەوەی سزای گوناە مردنە. خودا ڕاستودروستە و ناتوانی بە ئاسانی چاو بپۆشێ لە گوناهەکانمان. بەرخەکە شوێنی تۆ ئەگرێت. لەباتی تۆ دەیکەین بە قوربانی، وەک چۆن باپیرەمان ئیبراهیم بەرانەکەی کردە قوربانی لەباتی کوڕەکەی. خودامان ڕاستودروستە و تەماشای گوناە ناکات بە سووکی! ووشەی خودا ڕوونە بۆمان. تەنها لە ماڵمان تێ دەپەڕێ ئەگەر خوێنەکە بە چوارچێوەی دەرگاکەمانەوە بێت!)

ئەوەی دەبێت بیزانین ئەمڕۆ ئەوەیە کە لە بەرامبەر خودا، هەموو نەوەی ئادەم وەک کوڕە نۆبەرەکانی خەڵکی میسر و گەلی ئیسرائیل وان. یاسای پارسای خودا ئیدانەی هەموومان دەکات کە بمرین و ڕوو بە ڕووی دادوەری ڕاستودروستی خودا ببینەوە. نووسراوی پیرۆز وا دەفەرموێ: بۆ هەمووان بەبێ جیاوازییە. لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن. (ڕۆما ٣: ٢٢، ٢٣) سزای گوناە ئیدانەی تاهەتاییە، دوور لە ئامادەگی خوداوەند و شکۆی تواناکەی (٢ سالۆنیکی ١: ٩)

ئەی باشە چی بکەین بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت؟ خودا چۆن گوناهباران ڕزگار بکات لە سزای گوناهەکانیان بێ ئەوەی لە ڕاستودروستی خۆی دەرچێت؟ ئەمڕۆ ناکرێ باسی ئەوە بکەین، بەڵام ئەوەی پێویستە بیزانین ئەمەیە: ئەو بەرخانەی گەلی ئیسرائیل کردیان بە قوربانی بۆ ئەوەی لە مردن ڕزگاریان بێت هێمای ڕزگاری دەرەکە بوو ئەوەی دەبوایە بێت و خوێنی خۆی بڕێژی بۆ دانەوەی قەردی گوناهەکانی هەموو نەوەکانی ئادەم. سەبارەت بەم ڕزگاری دەرە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: جارێک لەبەر گوناە ئازار درا، بێتاوان لە پێناوی تاوانباران، تاکو لە خودامان نزیک بکاتەوە... چونکە مەسیحی قوربانی پەسخەمان سەربڕا. (١ پەترۆس ٣: ١٨ و ١ کۆرنسۆس ٥: ٧) بۆیە، خوێنی بەرخەکە، کەوا گەلی ئیسرائیل چوارچێوەی دەرگاکانیان پێ سوور کرد بۆ ئەوەی نۆبەرەکانیان ڕزگاری بێت لە مردن، شێوەی نیشان دان بوو. وێنەی خوێنی ڕزگاری دەری جیهان دەکرد کەوا لەسەر خاچەکە دەیڕشت، بۆ ئەوەی هەر کەسێک باوەڕی پێ بکات، ڕزگاری بێت لە سزای تاهەتایی خودا.

دەزانی پێغەمبەرانی خودا چییان نووسیوە سەبارەت بە خوێنی ئەو ڕزگاری دەرە؟ ڕزگاری دەرەکە خوێنی خۆی ڕشت بۆ ئەوەی خودا لە گوناهەکانت خوش بێت بێ ئەوەی لە ڕاستودروستی خۆی دەربچێت. باوەڕت بەوە هەیە کە نووسراوە سەبارەت بەو خوێنەی کە هێزی ڕزگارکردنی تۆی هەیە لە سزای ئاگری دۆزەخ وە شوێنێکت بۆ گەرەنتی دەکات لە حزووری خودا تاهەتا؟ لەو ڕۆژەی دادوەری، دادوەری سامناکی خودا بەسەر تۆدا تێ دەپەڕێ؟ یاخود وەک میسرییەکان بە سەرتدا دێت؟

دەبا خوداش بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنی و قوولترین مانای ووشەی ئاشکرا بکات کەوا بە گەلی ئیسرائیلی فەرمووی، (کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم.) (دەرچوون ١٢: ١٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئەی چی بەسەر تۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیل هات؟ ئایا ئەوانیش وەک تۆبەرەکانی میسر دەمرن؟

٢. ئایا خودا دادوەری خاکی میسری کرد هەر وەک فەرموو بووی؟

٣. ئەی چی ڕووی دا لە مانگای گەلی ئیسرائیلیەکان؟ ئایا خودا تۆبەرەکانیانی ڕزگار کرد لە مردن؟

٤. بۆچی تۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیل نەمردن لەگەڵ ئەوانی میسرییەکان؟

٥. چی بکەین بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت؟

٦. خودا چۆن گوناهباران ڕزگار بکات لە سزای گوناهەکانیان بێ ئەوەی لە ڕاستودروستی خۆی دەرچێت؟

٧. دەزانی پێغەمبەرانی خودا چییان نووسیوە سەبارەت بە خوێنی ئەو ڕزگاری دەرە؟

٨. باوەڕت بەوە هەیە کە نووسراوە سەبارەت بەو خوێنەی کە هێزی ڕزگارکردنی تۆی هەیە لە سزای ئاگری دۆزەخ وە شوێنێکت بۆ گەرەنتی دەکات لە حزووری خودا تاهەتا؟

٩. لەو ڕۆژەی دادوەری، دادوەری سامناکی خودا بەسەر تۆدا تێ دەپەڕێ؟ یاخود وەک میسرییەکان بە سەرتدا دێت؟

وانەی ٣٤ : ڕێگایەك بەناو دەریاكە

دەرچوون ١٣ – ١٥

لە وانەی ڕابردوومانداا، بینیمان چۆن خودا گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد لە بەندایەتییان بە کوشتنی هەموو نۆبەرەکانی میسرییەکان. بەڵام، نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیلی لە مردن ڕزگار کرد لەبەر خۆینی بەرخەکان، کەوا چوارچێوەی دەرگای ماڵەکانیان پێ سوور کردبوو. لەبەر ئەوەی خودا خۆی فەرمووی، (خوێنەکەش بۆتان دەبێت بە نیشانە لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوە تیایدان، کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم) (دەرچوون ١٢: ١٣)

بۆیە لەو شەوەدا، هەموو خێزانەکانی ئیسرائیل دەرچوون لە میسر. ئەو شەوی (تێپەڕبوون) شەوێکی خۆشی وشادی بوو بۆ ئەوان. بیری لێ بکەوە! بۆ سەدان و سەدان ساڵ خەڵکی میسر بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن و دەیانچەوساندنەوە بە ئیشی قورس تا ئەو خاڵە کە هیچ خۆشییەك لە ژیانیان نەمابوو. بەڵام ئێستا... ئێستا ئازادن! لەو شەوی تێپەڕبوونەدا، پەروەردگار خودا ڕزگاریانی کرد! زنجیری کۆیلایەتییان شکا! وە ئێستاش خودا بەڵێنی پێیان داوە ڕێنماییان بکات لەناو دەشت و کێودا بۆ گەڕانەوە بۆ خاکی کەنعان، ئەو خاکەی وەك خۆتان دەزانن، خودا سوێندی خواردبوو زۆر لەوە پێش کە بیدات بە نەوەکانی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. کەنعان ئەو خاکە بوو کە یاقوب و کوڕەکانی لێی ژیان پێش ئەوەی کۆچ بکەن بۆ میسر بۆ ئەوەی لەگەڵ یوسف بژین. ئەمڕۆ ئەو خاکە ناوی فەلەستینە یاخود ئیسرائیل.

بۆ ئەمڕۆش ئەو چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەمان لەبەر دەستە کە چۆن خودا گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد لە سوپاکانی فیرعەون. زۆربەی خوێندنەوەی ئەمڕۆمان لە بەشی چواردەهەم لە سیپارەی دەرچوون دەبێت. سەرنج بدە لە چیرۆکەکە کە پێغەمبەر موسا لە تەوارت تۆماری کردووە: (دەرچوون ١٢) [٣٧] نەوەی ئیسرائیل لە ڕەعمسێسەوە کۆچیان کرد بەرەو سوکۆت، نزیکەی شەش سەد هەزار پیادە ی پیاو بێجگە لە ئافرەت و منداڵ. [٣٨] هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لەگەڵیان سەر کەوت لەگەڵ ئاژەڵی ماڵی زۆریشدا، مەڕومااڵت و گا و گۆتاڵ. (دەرچوون ١٣) [١٩]موساش ئێسکەکانی یوسفی لەگەڵ خۆی برد، چونکە یوسف نەوەی ئیسرائیلی سوێند دابوو و وتبووی، [٢١] خوداوەندیش (بێ گومان خودا بەسەرتان دەکاتەوە، دەبێت ئێوەش لێرەوە ئێسقانەکانم لەگەڵ خۆتان بەرەوژوور بکەنەوە...) لە پێشیانەوە دەڕۆیشت، بە ڕۆژ لە ستوونێکی هەوردا ڕێبەری دەکردن لە ڕێگادا و بە شەویش لە ستونێکی ئاگردا تا ڕووناکییان بۆ ببێت، تا بە ڕۆژ و بە شەو بڕۆن. [٢٢] ستوونە هەورەکە بە ڕۆژ و ستوونە ئاگرەکە بە شەو لە بەردەم گەلدا لا نەدەچوون.

(دەرچوون ١٤) [١] خوداوەند لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: [٢] (بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ، (با بگەڕێنەوە... چادر هەڵبدەن لە نێوان (مگدۆل) و دەریا... [٣] جا فیرعەون دەربارەی نەوەی ئیسرائیل دەڵێت، (سەرلێشێواون لە خاکەکە، و چۆڵەوانی داخراوە لەسەریان.) [٤] دڵی فیرعەونیش ڕەق دەکەم تا بە دوایان بکەوێت، جا شکۆمەند دەبم بۆ فیرعەون و بۆ هەموو سوپاکەی، میسرییەکانیش دەزانن کە من خوداوەندم،) ئیتر وایان کرد.

[٥] کاتێک بە پاشای میسر ڕاگەیەندرا کە گەلەکە لە دەستی هەاڵتن، دڵی فیرعەون و خزمەتکارانی سەبارەت بە گەلی ئیسرائیل گۆڕا، وتیان (ئەمە چی بوو کردمان، کە ڕێمان دا بە ئیسرائیل بڕۆن لە خزمەتکردنمان.) [٦] ئیتر گالیسکەکەی پێ ئامادە کردن و سوپاکەیشی لەگەڵ خۆی برد، [٧] شەش سەد گالیسکەی هەڵبژێردراو و هەموو گالیسکەکانی میسر و هەموو ئەفسەرە سواربووەکانیانی برد.

[٩] جا میسرییەکان دوایان کەوتن. هەموو ئەسپ و گالیسکەکانی فیرعەون و سوارەکانی و سوپایەکەی دوایان کەوتن و پێیان گەیشتن، کاتێک لەلای دەریا چادریان هەڵدابوو، لەلای پی هەحیرۆت بەرامبەر بەعل چیفۆن. [١٠] کاتێک فیرعەون نزیک بووەوە، نەوەی ئیسرائیل چاویان هەڵبڕی و بینیان میسرییەکان بەدوایانەوەن، جا زۆر ترسان و نەوەی ئیسرائیل هاواریان بۆ خوداوەند کرد. [١١] بە موسایان وت: (ئایا لەبەر ئەوەی لە میسر گۆڕ نییە بۆ مردن وا ئێمەت هێنا بۆ چۆڵەوانی؟ ئەمە چی بوو پێت کردین تا وامان لێ بکە یت لە میسر دەربچین؟ [١٢] ئەمە ئەو قسەیە نییە کە لە میسر پێمان وتی، (لێمان گەڕێ با خزمەتی میسرییەکان بکەین،) چونکە بۆ ئێمە باشترە خزمەتی میسرییەکان بکەین وەک لەوەی لە چۆڵەوانی بمرین؟)

ئەوە گەلی ئیسرائیل چی دەڵێن؟ بۆچی متمانەیان بە خودا نیە؟ ئایا ئەو خودایە کە لە بەندایەتی ڕزگاریانی کرد ناتوانێ دووبارە ڕزگاریان بکات لە سوپای فیرعەون؟ بێ گومان دەتوانێ! بەڵام گەلی ئیسرائیل بیریان لەوە نەکردەوە لەبەر ئەوەی زۆر دەترسان. دەریا لە پێشیان و چیا لە دەستە ڕاستیان و دەستە چەپیان بوو، وە لە پشتیان سەربازەکانی فیرعەون بەرەو پێش دەهاتن بۆ گرتنیان و کوشتنیان! چی بکەن؟ دەتوانن چی بکەن؟ چۆن ڕزگاریان دەبێت؟ با بزانین موسا چی ووت و ببینین خودا چی کرد.

(دەرچوون ١٤) [١٣] موساش بە گەلی وت: (مەترسن، چەسپاو بن و بڕوانن ڕزگاری خوداوەند کە ئەمڕۆ بۆ ئێوەی دەکات، چونکە وەک ئەوەی ئەمڕۆ میسرییەکانتان بینی، ئیتر نایانبینن‌ەوە تاهەتایە. [١٤] خوداوەند بۆتان دەجەنگێت و ئێوەش بێدەنگ دەبن.) [١٥] خوداوەند بە موسای فەرموو: (چیبە هاوارم بۆ دەکەیت؟ بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ با کۆچ بکەن. [١٦] تۆش گۆچانەکەت بەرز بکەوە و دەستت بۆسەر دەریاکە دڕێژ بکە و لێکی بکەوە، ئیتر نەوەی ئیسرائیل دەڕنە ناو دەریاکە لەسەر وشکایی. [١٧] ئەوەتا منیش دڵی میسرییەکان ڕەق دەکەم، ئەوانیش بە دوایاندا دێن، منیش شکۆمەند دەبم بۆ فیرعەون و بۆ هەموو سوپاکەی و گالیسکە و سوارەکانی. [١٨] میسرییەکانیش دەزانن کە من خوداوەندم... [١٩] ئینجا فریشتەکەی خودا کە لە پێش لەشکری ئیسرائیلییەکانەوە دەڕۆیشت شوێنەکەی گواستەوە و لە دوایانەوە ڕۆیشت، ستوونە هەورەکەش لە پێشیانەوە گواستیەوە و لە دواوەیان وەستا. [٢٠] هاتە نێوان لە شکری میسرییەکان و لەشکری ئیسرائیلییەکان ئیتر هەورەکە بە دڕێژایی شەو تاریکی بۆ لایەک هێنا و ڕووناکی بۆ لایەکی تر. بۆیە بە دڕێژایی شەو هیچیان نزیکی یەکتر نەبوونەوە.

[٢١] موساش دەستی بۆسەر دەریاکە دڕێژ کرد و خوداوەند بە دڕێژایی شەو بە بایەکی ڕۆژهەڵاتی توند دەریاکەی ڕامالّی، دەریاکەی کرد بە زەوی وشک و ئاوەکان لێک جیا بوونەوە. [٢٢] ئیتر نەوەی ئیسرائیل هاتنە ناو دەریاکە بۆسەر وشکایی و ئاو بوو بە دیوار بۆیان لە ڕاست و چەپیانەوە. [٢٣] میسرییەکانیش دوایان کەوتن، هەموو ئەسپەکانی فیرعەون و گالیسکە و سوارەکانی بەدوایانەوە هاتنە ناوەندی دەریاکە. [٢٤] ئەوە بوو لە چاوەڕوانی بەرەبەیانداء خوداوەند لە ستوونی ئاگر و هەورەوە بەرەوخوار تەماشای لەشکری میسرییەکانی کرد و لەشکری میسرییەکانی بێزار کرد. [٢٥] چەرخەی گالیسکەکانیانی لێک ترازاند و بە قورسیەوە لێیان خوڕی، میسرییەکان وتیان، (با لە بەردەم ئیسرائیل هەڵبێین، چونکە خوداوەند بۆیان دەجەنگێت دژ بە میسرییەکان.) [٢٦] خوداوەند بە موسای فەرموو: (دەستت بۆسەر دەریا دڕێژ بکە و ئاوەکە بۆسەر میسرییەکان و گالیسکە و سوارەکان دەگەڕێتەوە.) [٢٧] موساش دەستی بۆسەر دەریاکە دڕێژ کرد و دەمەو بەیان دەریاکە گەڕایەوە باری جاران، میسرییەکانیش لێی هەڵدەهاتن، خوداوەند میسرییەکانی داتەکاندە ناو دەریاکە. [٢٨] ئیتر ئاوەکە گەڕایەوە بەسەر گالیسکە و سوارەکانی و هەموو سوپاکەی فیرعەون و دایپۆشین. ئەوانەی بەدوایاندا هاتبوونە ناو دەریاکەوە، کەسیان لێ نەما. [٢٩] نەوەی ئیسرائیلیش بەسەر وشکاییدا ڕۆیشتن بەناو دەریاکە و ئاویش دیوار بوو بۆیان لە ڕاست و چەپیانەوە. [٣٠] خوداوەند لەو ڕۆژەدا ئیسرائیلی لە دەست میسرییەکان ڕزگار کرد، ئیسرائیلیش میسرییەکانیان بینی لە کەناری دەریاکە مردوون. [٣١] ئیسرائیل ئەو دەستە مەزنەی بینی کە خوداوەند دژ بە میسرییەکان بەکاری هێناء ئیتر گەل لە خوداوەند ترسان و باوەڕیان بە خوداوەند و بە موسای خزمەتکاری هێنا.

پاشان موسا و گەلی ئیسرائیل ئەم گۆرانییەیان بۆ پەروەردگار وت: (گۆرانی بۆ خوداوەند دەڵێم، چونکە شکۆمەندانە سەرکەوت... [٢] هێز و سروودم خوداوەندە، بووە بە ڕزگاری بۆم) (دەرچوون ١٥: ١، ٢) بۆیە، دەستیان بە گۆرانی وتن کرد، و سوپاسی خودایان کرد بۆ ڕزگار بوونە مەزنەکە کەوا بۆیانی جێ بەجێ کرد. مەریەم، خوشکی هارون و موسا، دەستی دایە دەف و هەموو ژنەکان وەک ئەویان کرد، دەستیان بە دەف لێدان کرد و گۆرانییان وتن و سەما کردن. مریم گۆرانییەکی دەست پێ کرد و وتی، (گۆرانی بۆ خوداوەند بڵێ، چونکە شکۆمەندانە سەر کەوت، ئەسپ و سوارەکانی فڕێ دایە ناو دەریا.) (دەرچوون ١٥: ٢١)

ئەوە چیرۆکە ڕاستی و سەرسوڕهێنەرەکەیە کە چۆن خودا ڕێگایەکی لە ناو دەریا کردەوە بۆ گەلی ئیسرائیل. باشە، چۆن دەتوانین وانەی ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێنین؟ ڕەنگە بە پرسیارێکی ئاسان. ئەمەش پرسیارەکەیە: کێ دەیتوانێ گەلی ئیسرائیل لە سوپای فیرعەون ڕزگار بکات؟ ئایا دەیانتوانێ خۆیان ڕزگار بکەن؟ بێنیمان چۆن دەریا لە پێشیان بوو. چیاکانیش لە دەستە چەپ و ڕاستیان بوو. وا سوپای فیرعەونیش لە پشتیان. ئایا گەلی ئیسرائیل دەیانتوانێ خۆیان ڕزگار بکەن؟ ئایا دەیانتوانێ دەریاکە ووشک بکەن؟ یاخود چیاکان تەخت بکەن؟ یاخود با بڵێین بجەنگن لەگەڵ سوپای فیرعەون؟ نەخێر، نەیاندەتوانی! ئەی باشە، کێ

ڕزگاریان دەكات؟ تەنها خودا! تەنها پەروەردگار خودا ڕزگاریان دەكات. بۆیە موسا پێیانی ووت، **(مەترسن، چەسپاو بن و بڕوانن ڕزگاری خوداوەند كە ئەمڕۆ بۆ ئێوەی دەكات.)** تەنها خودا دەیتوانی ڕزگاریان بكات! وە هەر ئەو ڕزگاریانی كرد. بۆیە، لە پاش ئەوەی گەیشتنە ئەو دیوی دەریاكە، دەستیان بە گۆرانی كرد و وتیان، **(هێز و سروودم خوداوەندە، بووە بە ڕزگاری بۆم.)**

خودا بۆخۆی بووە ڕزگاری دەریان. هیچ شتێك نەبوو كە گەلی ئیسرائیل بیكەن بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگار بكەن لەدەستی سوپای فیرعەون، تەنها بە شوێن كەوتنی ئەو ڕێگایەی كە خودا بۆیانی كردەوە لەناوەڕاستی دەریاكە نەبێ، وە پاشان سوپاس و پەرستنی بكەن بۆ ڕزگار كردنیان لە مردنێكی بێ گومان!

خودا دەیەوێ هەموو كەس بزانێت كە هەموو نەوەكانی ئادەم وەك گەلی ئیسرائیلن. وەك ئەوان، هیچ هیوایەكمان نیە لە مەرگساتەكە ڕزگارمان بێت كە بەم زووانە بەسەرماندا دێت مەگەر خودا خۆی ڕزگارمان نەكات! ڕەنگە دەریا لە پێشمان نەبێت، بەڵام مردن و ئاگری دۆزەخ چاوەڕوامانە. ڕەنگە چیاكان لەملاولەولامان نەبێت، بەڵام پیرۆزی خودا چوار دەورمانی گرتووە و ئیدانەمان دەكات. فیرعەون و سوپاكەی لە پشتمان نیە، بەڵام شەیتان و گوناهەكانمان لەسەر سەرمانە و هەڕەشەی لەناوچوونی تاهەتاییمان لێ دەكات!

كێ دەتوانێ نەوەكانی ئادەم لە دادوەری خودای ڕاستودروست ڕزگار بكات؟ كێ دەتوانێ گوناهباران لەو ئاگرە ڕزگار بكات كە هەركیز ناكوژێتەوە؟ كێ دەتوانێ مرۆڤ لە هێزی شەیتان ڕزگار بكات؟ كێ دەتوانێ ڕزگارمان بكات لەم هەموو شتە؟ كێ دەتوانێ بمان پەڕێنێتەوە ئەو دیوی دەریای گوناە و بمانباتە ئەو شوێنە پیرۆزەی كە پێی دەڵێن بەهەشت؟ تەنها خودا! تەنها خودا دەتوانێ ڕزگارمان بكات! مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێكی نیە خۆی ڕزگار بكات یاخود كەسێكی تر ڕزگار بكات. ئەمە ئەوەیە كە نووسراوە پیرۆزەكان ڕایدەگەێن: **چونكە بە نیعمەتی خودا ڕزگارتان بوو بەهۆی باوەڕ، ئەمەش لە خۆتانەوە نییە، بەڵكو دیاری خودایە، لە كردار نییە، تاكو كەس شانازی نەكات.** (ئەفەسۆس ٢: ٨، ٩)


خودا، كە مەزنە لە بەزەیی، ڕێگایەكی ڕزگاربوونی بۆ هەموو نەوەكای ئادەم كردۆتەوە، بۆ ئەوەی ڕزگارمان بكات لە هێزی شەیتان و گوناە و ئاگر. خودا دەیەوێ ڕزگارمان بێت لە دادوەری ئەو ئاگرە هاروهاجەی كە چاوەڕێی هەموو ئەو كەسانە دەكات كە لەناو گوناهەكانیاندا دەمرن، بەڵام دەبێت لە ڕێگای ڕزگاری بوون بێینە ژوورەوە كە ئەو بۆمانی كردۆتەوە! ئەو ڕێگای ڕزگاربوونە دەناسێ كە خودا بۆتۆ كردۆتەوە تاكو لە هێزی شەیتان و ئەنجامە ترسناكەكانی گوناە و سزادان لە ئاگر ڕزگارت بێت؟ ئایا تۆ لەسەر ڕێگای ڕاستودروست دەڕۆی كە خودا دایمەزراندووە بۆ ئەوەی تۆ بتوانی لە حزورە پیرۆزەكەی ئەودا بەرەكەت بكرێیت تاهەتا؟

ڕێگای ڕزگاربوون كە خودا كردوویەتیەوە بۆ نەوەكانی ئادەم لەسەر بنەمای باش نیە كە مرۆڤ دەتوانێ بیكات، ونە لەسەر بنەمای شوێن كەوتنی پێداویستییەكانی ئایینێكە. خودا دەفەرموێ، **(لەكردار نییە، تاكو كەس شانازی نەكات.)** ئەی ڕێگای ڕزگاربوون كە خودا بۆمانی دامەزراندووە چۆنە؟ ئەوە ڕێگای ڕزگاری دەرەكەیە، ئەوەی كە لە ئاسمانەوە هات بۆ ئەوەی بمرێت لەباتی گوناهەكانمان و دووبارە هەڵسێتەوە — بۆ ئازاد كردنی هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دێنن — ئەوانەی وەك كۆیلەن لە ژێمە لەبەر هێزی گوناە و ترسی مردن. نووسراوە پیرۆزەكان سەبارەت بەم ڕزگاری دەرە پیرۆزە دەفەرموێ: **بێجگە لەو ڕزگاربوون نییە، چونكە ناوێكی دیكە لە ژێر ئاسماندا نییە لەناو خەڵكدا درابێت، بەوەوە پێویست بكات ڕزگار بین.** (كردارى نێردراوان ٤: ١٢)

بەڵێ، خودا ڕێگایەكی بۆ تۆ كردۆتەوە لەناوەڕاستی (دەریای گوناە) بۆ ئەوەی بتوانی ڕزگارت بێت لە سزای گوناە و بپەڕییەوە ئەوبەر — بۆ ناو حزوری بێ ترس و پیرۆزی خودا. بەڵام دەبێت لەو ڕێگایەدا بپەڕییەوە كە خودا بۆتی كردۆتەوە. سەبارەت بەم ڕێگای ڕزگاربوونە، ڕزگاری دەرەكە دەفەرموێ، (منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. كەس نایەتە لای باوكەكە بەهۆی منەوە نەبێت... ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەكەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی تاهەتایی دەبێت و نایەتە حوكمدان، بەڵكو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە.) (یۆحەنا ١٤: ٦، ٥: ٢٤) ئایا تۆ لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە؟

خوداش بەرەكەتدارت بكات كاتێ بیر لە ووشەی موسا بۆ گەلی ئیسرائیل دەكەنەوە،

(مەترسن، چەسپاو بن و بڕوانن ڕزگاری خوداوەند كە ئەمڕۆ بۆ ئێوەی دەكات.) (دەرچوون ١٤: ١٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئەوە گەلی ئیسرائیل چی دەڵێن؟ بۆچی متمانەیان بە خودا نیە؟ ئایا ئەو خودایە کە لە بەندایەتی ڕزگاریانی کرد ناتوانێ دووبارە ڕزگاریان بکات لە سوپای فیرعەون؟

٢. کێ دەیتوانێ گەلی ئیسرائیل لە سوپای فیرعەون ڕزگار بکات؟ ئایا دەیانتوانێ خۆیان ڕزگار بکەن؟

٣. ئایا گەلی ئیسرائیل دەیانتوانێ خۆیان ڕزگار بکەن؟ ئایا دەیانتوانێ دەریاکە ووشك بکەن؟ یاخود چیاکان تەخت بکەن؟ یاخود با بڵێین بجەنگن لەگەڵ سوپای فیرعەون؟

٤. کێ ڕزگاریان دەکات؟

٥. کێ دەتوانێ نەوەکانی ئادەم لە دادوەری خودای ڕاستودروست ڕزگار بکات؟ کێ دەتوانێ گوناهباران لەو ئاگرە ڕزگار بکات کە هەرکیز ناکوژێتەوە؟ کێ دەتوانێ مرۆڤ لە هێزی شەیتان ڕزگار بکات؟ کێ دەتوانێ ڕزگارمان بکات لەم هەموو شتە؟

٦. کێ دەتوانێ بمان پەڕێنێتەوە ئەو دیوی دەریای گوناە و بمانباتە ئەو شوێنە پیرۆزەی کە پێی دەڵێن بەهەشت؟

٧. ئەو ڕێگای ڕزگاربوونە دەناسێ کە خودا بۆتی کردۆتەوە تاکو لە هێزی شەیتان و ئەنجامە ترسناکەکانی گوناە و سزادان لە ئاگر ڕزگارت بێت؟

٨. ئایا تۆ لەسەر ڕێگای ڕاستودروست دەڕۆی کە خودا دایمەزراندووە بۆ ئەوەی تۆ بتوانی لە حزورە پیرۆزەکەی ئەودا بەرەکەت بکرێیت تاهەتا؟

٩. ئەی ڕێگای ڕزگاربوون کە خودا بۆمانی دامەزراندووە چۆنە؟

وانەی ٣٥: خواردن لە بیابـاندا

دەرچوون ١٦، ١٧

لە وانەی ڕابردوودا، بینیمان چۆن خودا گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد لە دەستی فیرعەون و سوپاکەی. کاتێ گەلی ئیسرائیل گەیشتەنە لێواری دەریای سوور، هیچ شێوازێکی قوتاربوونیان نەبوو لە سوپای فیرعەون. بەڵام بینیمان چۆن خودا ئاوی دایە لاوە بۆیان بۆ ئەوەی بتوانن لەناوەڕاستی دەریاکەوە و لە ووشکانی دا بپەڕنەوە. بەڵام کاتێ سوپای میسر ویستی بپەڕێتەوە، هەموویان خنکان. بۆیە، لەو ڕۆژە پەروەردگار خودا گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد لەدەستی خەڵکی میسر. کاتێ هێزە مەزنەکەی پەروەردگاریان بینی، لێی ترسان و گۆرانیان بۆ ووت، (گۆرانی بۆ خوداوەند دەڵێم هێز و سروودم خوداوەندە، بووە بە ڕزگاری بۆم)

ئێستا لە سیپارەی دەرچوونین، کە گەلی ئیسرائیل لە چۆڵەوانیدان لەنێوان میسر و کەنعان. کەنعان ئەو وڵاتەی کە خودا بەڵێنی دابوو بیدات بە باپیرەیان ئیبراهیم و نەوەکانی، تاکو ببن بە خاوەنی. ئەمڕۆ دەبینین چۆن خودا نانی گەلی ئیسرائیلی دا لە بیابان. نووسراوە پیرۆزەکان پێمان نیشان دەدات چۆن خودا خۆی لە پێشیاندا ڕۆیشت، بەڕۆژ لە هەورێکی گەورەدا و بەشەویش لە گڵپەی ئاگیرکدا. شتێك بێ گومانە، ئەگەر خودا ئاگای لێیان نەبووایە و ڕێنمایی نەکردنیایە، ئەوا دەفەوتان لە دەشتایی.

با هەوڵ بدەین ئەو بارودۆخە بێنینە پێش چاومان کە گەلی ئیسرائیل کەوتنە ناوی. کۆمەڵێکی زۆر بوون – زۆر زۆر لە خەڵکی هەولێر زۆرتر بوون! بە نێو بیابانێکی ووشکدا دەپەڕنەوە بێ نان و ئاو. بیری لێ بکەوە! کۆمەڵێکی زۆر بە دەشتاییەکی خۆڵ و پڕ لە درکدا دەڕۆن! خێڵەکانی ئیسرائیل چۆن لە ژیان دەمێننەوە؟ کێ دەتوانێ لە هەڕەشەی مردن لە برسا و لە تووێنا ڕزگاریان بکات؟ چۆن ئەو جەماوەرە زۆرە بە خۆیان و مێگەلەکانیانەوە نان و ئاو دەدۆزنەوە بای ئەوەندەی لە ژیاندا بمێننەوە لەو دەشتەدا؟ ئایا دەتوانن خۆیان نان بدەن؟ نەخێر! ئەی کێ دەتوانێ نانیان بدات؟ تەنها یەك وەڵام هەیە. تەنها خودا دەتوانی نانیان بدات و بیانپارێزی!

ئایا گەلی ئیسرائیل متمانەیان بە خودا کرد؟ یاخود نیگەران بوون چی بخۆن و چی بخۆنەوە؟ بێ گومان دەبوایە گەلی ئیسرائیل متمانەیان بە پەروەردگار خودا بکردایە. خودا زۆر شتی مەزنی بۆیان کردبوو. ئازادیانی کرد لە کویلایەتی و بەندایەتی لە ڕێگای دە پەتاکەوە. نۆبەرەکانیانی لە مردن ڕزگار کرد بە خۆێنی بەرخەکان. ڕێگایەکی ووشکی بۆیان کردەوە لە ناوەڕاستی دەریاکە. وە ئێستاش لە پێشیان دەڕوات لە ناو هەورێکدا بۆ ئەوەی پێشەوایەتیان بکات تاکو بگەڕێنەوە خاکی کەنعان، هەر وەك بەڵێنی دابوو بە باپیرەیان ئیبراهیم زۆر لەوە پێش. تۆ چی دەلێی؟ پێت وایە گەلی ئیسرائیل متمانەیان بە خودایان هەبێت؟ ئایا باوەڕیان بەوە هەبوو کە خودا دەتوانێ بەڵێنەکەی بێنێتە دی؟ با بچینە ناو نووسراوە پیرۆزەکانی و وەڵامەکە بدۆزینەوە.

لە بەشی شازدەهەم لە سیپارەی دەرچوون دەخوێنینەوە، لە تەوراتی موسا. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(دەرچوون ١٦) [١] دوای ئەوە لە ئیلیم کۆچیان کرد و هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل هاتن بۆ (چۆڵەوانی سین) کە لە نێوان ئیلیم و (سینا)یە، لە ڕۆژی پانزەی مانگی دووەم دوای دەرچوونیان لە خاکی میسر. [٢] هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانیدا بۆڵە بۆڵیان لەسەر موسا و هارون کرد. [٣] نەوەی ئیسرائیل پێیان وتن: (خۆزگە بە دەستی خوداوەند لە خاکی میسردا بمردینایە، بۆ خۆمان لای مەنجەڵی گۆشت دانیشتبووین و بە تێری نانمان دەخوارد، ئێمەتان دەرهێنا بۆ ئەم چۆڵەوانییە تا هەموو ئەم خەڵکە بە برسێتی بکوژن.)

باشە، ئایا خێڵەکانی ئیسرائیل متمانەیان هەبوو بە خودا؟ نەخێر، نەیانبوو! بەڵکو ناڕەزاییان دژی ئەو و موسای پێغەمبەرەکەی دەردەبڕی. باشە، خودا چۆن وەڵامیانی دایەوە. (دەرچوون ١٦) [١١] خوداوەندیش لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: [١٢] (گوێم لە بۆڵە بۆڵی نەوەی ئیسرائیل بوو، لەگەڵیان بدوێ و بڵێ، (ئێواران گۆشت دەخۆن و بەیانی تێر نان دەبن و دەزانن کە من خوداوەند خوداتانم.) [١٣] ئەوە بوو لە ئێوارە سۆسکە بەرز بوونەوە و ژاردوگاکەیان داپۆشی، بەیانیش شەونم لە دەوروبەری ژاردوگا کەوتبوو. [١٤] کاتی شەونمە کەوتووەکەش بەرز بوەوە، بینیان ئەوەتا لەسەر ڕووی چۆڵەوانییەکە شتێکی وردی وەک تووکڵ، ورد وەک زوقم لە سەر زەوییەکەیە. [١٥] کاتێک نەوەی ئیسرائیل ئەمەیان بینی بە یەکتریان وت: (ئەوە چییە؟) چونکە نەیاندەزانی چییە. موساش پێی وتن: (ئەوە ئەو نانەیە کە خوداوەند بە ئێوەی داوە تا بیخۆن. [٣١] ماڵی ئیسرائیلیش ناویان لە نانەکە نا (مەن) و وەک تۆی گژنیژ

سپیە و تامیشی وەک گاڵگاڵی بە هەنگوینە.

خودا ئاوها نانی گەلی ئیسرائیلی دا لە دەشتدا، تاکو ئەو ڕۆژەی گەیشتنە خاکی کەنعان. بینیت خواردنەکە لە کوێوە هات؟ لە ئاسمانەوە هات. لەلای خوداوە هات. ئایا گەلی ئیسرائیل شایەنی ئەو خواردنە بوون کە خودا بۆیانی ناردە خوارەوە؟ نەخێر! شایەنی هیچ شتێك نەبوون تەنها سزای خودا نەبێت لەبەر ئەو هەموو بێ باوەڕی و بێ منەتییان. تەنها لەبەر بەزەیی خودا بوو کە ئەوان لە برسان نەمردن لە بیاباندا.

ئێستاش با بەردەوام بین لە خوێندنەوە با ببینین چی ڕووی دا جارێکی تر، کاتێ گەلی ئیسرائیل ئاوی خواردنەوەیان نەما. لە بەشی حەڤدەهەمین دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ١٧) [١] ئینجا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانی سینەوە کۆچیان کرد بە گوێرەی کۆچەکانیان کاتێک خوداوەند فەرمانی پێ دەکردن، جا لە (ڕەفیدیم) لایان دا و ئاویش نەبوو بۆ خواردنەوە بۆ گەل. [٢] جا گەل کردیان بە دەمەقاڵێ لەگەڵ موسا و وتیان: (ئاومان بدەنێ بیخۆینەوە.) موساش پێی وتن: (بۆ چی دە مەقاڵێم لەگەڵ دەکەن؟ بۆچی خوداوەند تاقی دەکەنەوە؟) [٣] گەل لەوێ تینووی بوو بۆ ئاو و کەوتە بۆڵەبۆڵ بەسەر موسادا و وتیان: (بۆ چی ئێمەت لە میسرەوە سەر خست، تا خۆمان و منداڵ و ئاژەڵی ماڵیمان بە تینوویەتی بکوژیت؟) [٤] ئیتر موسا هاواری بۆ خوداوەند کرد و وتی: (چی لەم گەلە بکەم؟ پاش کەمێکی تر بەردبارانم دەکەن.) [٥] خوداوەندیش بە موسای وت: (لە پێش گەلدا بڕۆ و لە پیرانی ئیسرائیل لەگەڵ خۆتدا ببە و ئەو گۆچانە کە لە نیلتدا پێی لەگەڵ دەست ببە و بڕۆ. [٦] ئەوەتا من لە پێشت لەوێ لەسەر ئەو تاشە بەردە لە حۆرێڤ وەستاوم، لە تاشە بەردەکە دەدەیت و ئاوی لێ دەردەچێت و گەل دەخۆنەوە.) موساش وای کرد لەبەرچاوی پیرانی ئیسرائیل. بۆیە، گوڵپەیەکی مەزنی ئاو هەڵقوڵا لە بەردەکەوە بەناو بیاباندا و هەموویان دەستیان بە خواردنەوە کرد، خۆیان و مەڕومااڵتیان.

با لێرە ڕاوەستین و هەندێك بیر بکەینەوە لەم چیرۆکەی دەیخوێنینیەوە ئەمڕۆ. لەپاش ئەو هەموو شتەی خودا بۆ گەلی ئیسرائیلی کرد، ئایا باوەڕیان پێی هەبوو؟ ئایا دڵیان پڕ بوو لە ستایش و سوپاس گوزاری لەبەر ئەو هەموو شتەی بۆیانی ئەنجام دابوو؟ نەخێر! متمانەیان بە خودا نەبوو. لەباتی ئەوە بۆڵەبۆڵیان دەکرد و دژ بەو خودایە قسەیان دەکرد کە لە زۆر زۆر مەترسی ڕزگاریانی کردبوو.

ئەی خودا چی کرد؟ پەروەردگار خودا، بە ئارامی و چاکی خۆی نان و ئاوی پێیان دا لە بیاباندا. ئەی باشە گەلی ئیسرائیل شایەنی چاکەی خودا بوون؟ نەخێر! تەنها شایەنی دادوەری خودابوون. ئەی باشە بۆچی خودا چاکەی خۆی پێیان نیشان دا؟ لەبەر ئەوەی خودا دڵسۆزە و بەبەزییترینە. ئەو خودایە، دڵسۆزترین خودایە، بەبەزەییترین خودایە. وە لەبەر بەزەیی خۆی، نان و ئاوی بۆ گەلی ئیسرائیل دابین کرد، هەرچەندە ئەوان گوناهباری بێ منەت بوون! ئەگەر ڕزگاربوون لە برسییەتی و تۆنیەتی پشتی بە چاکە و شایەنی خودی خەڵك بوایە، ئەوا بێ گومان خودا وازی لێیان دەهێنان لە برسا بمرن لە بیابان.

هەروەها دەبێت بزانین کە خودا ئەوانی نەپاراست تەنها لەبەر بەزەیی خۆی، بەڵکو لەبەر پاراستنی ووشەی خۆی. خودا دڵسۆزە بەرامبەر هەموو بەڵێنەکانی خۆی — وە پێشتر بەڵێنێکی گرنگی دابوو سەبارەت بە گەلی ئیسرائیل. هەروەك فێربووین، خودا بەڵێنی دابوو کە هەموو نەتەوەکانی جیهان بەرەکەتدار بکات لە ڕێگای نەتەوەی ئیسرائیل، لەبەر ئەوەی دەبوایە پێغەمبەران و نووسراوە پیرۆزەکان و ڕزگاری دەری جیهان لەنێو ئەواندا بهاتبایە. بەڵێ، خودا دڵسۆزە و پڕە لە بەزەیی! خودا خودای ڕاستی و خودای خۆشەویستییە. بێ گومان خێڵەکانی ئیسرائیل شایەنی خۆشەویستی خودا نەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێ بە گوێی خودایان نەکرد و دژی قسەیان کرد، خودا دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆی سەلماند بە خودارن پێدانیان لە ئاسمانەوە.

ڕەنگە هەندێك بپرسن، (چیرۆکی گەلی ئیسرائیل چ بەهایەکی هەیە بۆ ئێمە ئەمڕۆ؟) ووشەی خودا دەفەرموێ: (جا ئەم شتانەیان وەک پەند بەسەرهات، بۆ ئاگاداری ئێمەش نووسراوە.) (١ کۆرنسۆس ١٠: ١١) چۆن خودا نەوەکانی ئیسرائیلی لە هێزی بیابان ڕزگار کرد، بە هەمان شێوە خودا دەیەوێ هەموو نەوەکانی ئادەم لە هێزی گوناە ڕزگار بکات.

ئایا گەلی ئیسرائیل دەبوایە چی بکەن بۆ ئەوەی نەفەوتێن لە بیاباندا؟ بەئاسانی دەبوایە ئەو خواردنەی خودا لە ئاسمانەوە بۆیانی باراند خڕ بکەنەوە و بیخۆن. ئەی لە کوێوە ڕزگاربوونەکەیان بۆ هات؟ ئایا بە ماندووبوونی خۆیان بوو؟ نەخێر! ڕزگاربوونیان لە ڕێگای خوداوە بوو. ئەوان هیچ هێزێکیان نەبوو خۆیان ڕزگار بکەن لە برسییەتی و مردن. هیچیان پێ نەکرا جگە لەوەی ئەو خواردنە خڕ بکەنەوە و بیخۆن کە خودا لە ئاسمانەوە بۆیانی نارد.


نووسراوە پیرۆزەکان پێمان نیشان دەدات کە ئێمە هەموومان گوناهبارین وەک نەتەوەی ئیسرائیل و هیچ توانایەکی ڕزگارکردنی خۆمان نیە، نە لە هێزی گوناە ونە لە دادوەری ڕاستودروستی خودا. ڕەنگە ئێمە بە ناو بیابانێکی ووشکدا نەڕۆین وەک گەلی ئیسرائیل، بەڵام سێبەری مردن هێشتا لەسەر سەرمانە وەک چۆن لەسەر ئەوانیش بوو. ووشەی پەروەردگار ڕوونە: هەر کەسێک شێوازی ڕزگاربوون کە خودا دابینی کردووە ڕەت بکاتەوە، ئەوا دەمرێت لەناو گوناهەکەیدا و دەکەوێتە ناو ئاگری تاهەتایی دۆزەخ. ئەمانە بیری خۆش نین. مردن لەناو گوناە! ڕوو بەڕووی دادوەری ببەوە! بۆ ناو دۆزەخ! ئەمانە مأساتی زۆر ناخۆشن! بەڵام، مزگێنی خۆش ئەوەیە کە کەس نابێت لەناو گوناهدا بمرێت. هەروەک چۆن خودا نانی ئیسرائیلیەکانی دا بۆ ئەوەی بژین و نەمرن لە برسا لە دەشت و کێو، بە هەمان شێوە خودا (خواردنی) پێمان داوە بۆ ئەوەی بەرەکەتدار بین لەم ژیانە و تاهەتا لە ژیانی پاشتر!

ئەو (خواردنە) چیە کە ژیانی تاهەتایی دەبەخشی؟ ئایا دەتوانین لە بازار خواردنێک بکڕین کە بتوانێ ئەو هێزەمان بداتێ بژین تاهەتا لە حزووری خودا؟ نەخێر! خواردنی وا نیە لە بازار! ئەی باشە ئەم (خواردنە) چیە و لە کوێیە کە ژیانی تاهەتایی دەبەخشی؟

دەبێت بزانی کە پاش نزیکەی هەزار و پێنج سەد ساڵ لەپاش ئەوەی گەلی ئیسرائیل گەزوەیان خوارد لە بیابان، خودا ڕزگاری دەرەکەی نارد خوارەوە، ڕزگاری دەری جیهان. ئەو ئەو (خواردنەیە) کە خودا دابینی کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی جیهان ڕزگار بکات لە هێزی گوناە و مردن و دادوەری و دۆزەخ. با بخوێنین و بەوریایی بیربکەینەوە سەبارەت بەوەی ڕزگاری دەرەکە خۆی فەرموویەتی کاتێ لەسەر زەوی بوو. فەرمووی، (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕ بهێنێت ژیانی تاهەتایی هەیە. منم نانی ژیان. باوکانتان لە چۆڵەوانیدا مەنیان خوارد و مردن. ئەمە ئەو نانەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، تاکو ئەوەی لێی بخوات نەمرێت. منم ئە و نانە زیندووەی کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە... ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت.) (یۆحەنا ٦: ٤٧–٥١، ٣٥)

لە وانەی داهاتوومانداء دەست بە بینینی ئەوە دەکەین چۆن خودا دە ڕاسپاردەکەی دا بە ئیسرائیل.

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ بەوردی سەرنجی ئەوەی کە ڕزگاری دەرەکە ڕایگەیاند، فەرمووی، (منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت.) (یۆحەنا ٦: ٣٥)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. خێڵەکانی ئیسرائیل چۆن لە ژیان دەمێننەوە؟ کێ دەتوانێ لە هەڕەشەی مردن لە برسا و لە تۆڕنا ڕزگاریان بکات؟ چۆن ئەو جەماوەرە زۆرە بە خۆیان و مێگەلەکانیانەوە نان و ئاو دەدۆزنەوە بای ئەوەندەی لە ژیاندا بمێننەوە لەو دەشتەدا؟

٢. ئایا دەتوانن خۆیان نان بدەن؟ ئەی کێ دەتوانێ نانیان بدات؟

٣. ئایا گەلی ئیسرائیل متمانەیان بە خودا کرد؟ یاخود نیگەران بوون چی بخۆن و چی بخۆنەوە؟

٤. تۆ چی دەلێی؟ پێت وایە گەلی ئیسرائیل متمانەیان بە خودایان هەبێت؟ ئایا باوەڕیان بەوە هەبوو کە خودا دەتوانێ بەڵێنەکەی بێنێتە دی؟

٥. خواردنەکە لە کوێوە هات؟

٦. ئایا گەلی ئیسرائیل شایەنی ئەو خواردنە بوون کە خودا بۆیانی ناردە خوارەوە؟

٧. لەپاش ئەو هەموو شتەی خودا بۆ گەلی ئیسرائیلی کرد، ئایا باوەڕیان پێی هەبوو؟ ئایا دڵیان پڕ بوو لە ستایش و سوپاس گوزاری لەبەر ئەو هەموو شتەی بۆیانی ئەنجام دابوو؟

٨. بۆچی خودا چاکەی خۆی پێیان نیشان دا؟

٩. ڕەنگە هەندێك بپرسن، (چیرۆکی گەلی ئیسرائیل چ بەهایەکی هەیە بۆ ئێمە ئەمڕۆ؟)

١٠. ئایا گەلی ئیسرائیل دەبوایە چی بکەن بۆ ئەوەی نەفەوتێن لە بیاباندا؟

١١. ئەی لە کوێوە ڕزگاربوونەکەیان بۆ هات؟ ئایا بە ماندووبوونی خۆیان بوو؟

١٢. ئەو (خواردنە) چیە کە ژیانی تاهەتایی دەبەخشی؟ ئایا دەتوانین لە بازار خواردنێك بکڕین کە بتوانێ ئەو هێزەمان بداتێ بژین تاهەتا لە حزووری خودا؟

وانەی ٣٦ : چیای ئاگر گرتووی سینا

دەرچوون ١٩، ٢٠

لە وانەی ڕابردوودا بینیمان چۆن خودا لە ووشکە بیاباندا چاوی لە خێڵەکانی ئیسرائیل بوو، وا خوردنی لە ئاسمانەوە بەسەریاندا بارند بۆ ئەوەی لە برسا نەمرن. هەروەها بینیمان چۆن گەلی ئیسرائیل بەهۆی بێ باوەڕییان و بێ ئەمانەتییان جار لەدوای جاردا خودایان تووڕە دەکرد.

ئێستا دەبینین کە چۆن خودا خۆی بە گەلی ئیسرائیل لە بیاباندا نیشاندا و یاسا پیرۆزەکەی خۆی پێیان بەخشی. ئێستا لە تەورات دەخوێنین، لە سیپارەی دەرچوون، بەشی نۆزدەهەمین، کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات: لە مانگی سێیەم دوای دەرچوونی نەوەی ئیسرائیل لە خاکی میسرەوە، لەو ڕۆژەدا هاتنە (چۆڵەوانی سینا). (دەرچوون ١٩: ١) موسا و گەلی ئیسرائیل ئالەم کاتەکدا لە گەشتەکەیان بەناو بیاباندا لەکوێ بوون ؟ ئەوان هاتبوونە چیای سینا. ئایا لەبیرتە موسا لە کوێ بوو کاتێ کە خودا یەکەم جار بانگی کرد و قسەی لەگەڵی کرد لەلای دەوەنەگڕگرتوەکە کە نەدەسووتا؟ ئەوە لەسەر هەمان چیابوو، چیای سینا. چیڕۆکەکەت لەبیرە؟ کە چۆن خودا لەگەڵ موسا قسەی کرد و فەرمووی، (خوداوەند فەرمووی: (بە ڕاستی من زەلیلی گەلی خۆمم بینی کە لە میسرە...ئەوا دابەزیم تا فریایان بکەوم... ئێستاش بڕۆ و دەتنێرم بۆ لای فیرعەون...من لەگەڵت دەبم و ئەمەش دەبێتە نیشانە بۆت کە من تۆم ناردووە، کاتێک گەل لە میسرەوە دەردەکەیت، ئێوە لەسەر ئەم کێوە خودا دەپەرستن.) (دەرچوون ٣: ٧، ٨، ١٠، ١٢)

ئایا خودا پەیمانەکەی بۆ موسا بەجێ هێنا؟ بێ گومان! ئێستا موسا لەکوێ دەبینین لە خوێندنەومان لەناو تەورات؟ موسا و گەلی ئیسرائیل لەلێوار چیای سینا دەبینین، هەر وەک خودا پەیمانی پێ دابوو چل ساڵ لەوەپێش کاتێ قسەی لەگەڵ کرد لەلای درەختە گرگرتووەکە، فەرمووی: (کاتێک گەل لە میسرەوە دەردەکەیت، ئێوە لەسەر ئەم کێوە خودا دەپەرستن.)

ئێستا با بەردەوام بین لە خوێندنەوەکەمان، بۆ ئەوەی بزانین چۆن خودا بەدەرکەوت بۆ موسا و لەگەڵ گشت گەلی ئیسرائیل قسەی کرد، ووشەی خودا دەفەرموێ: (دەرچوون ١٩) [٣] موساش سەر کەوت بۆ لای خودا، خوداوەند لە کێوەکەوە بانگی کرد و فەرمووی: (ئاوا بە ماڵی یاقوب دەڵێیت و ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل ڕادەگەیەنیت: [٤] خۆتان
ئەوەتان بینی کە بە میسرییەکانم کرد، ئێوەشم لەسەر باڵی هەڵگرت و ئێوەم بۆ لای خۆم هێنا. [٥] ئێستاش گەر ئێوە بە تە واوی گوێ لە دەنگم بگرن و پەیمانەکەم بپارێزن، ئەوا گەنجینەیەکی تایبەت دەبن بۆ من لەنێو
هەموو گەلان. چونکە هەموو زەوی بۆ منە، [٦] بەڵام ئێوەش بۆم دەبن بە پاشایەتی کاهینان و نەتەوەیەکی پیرۆز.) ئەمانە ئەو وشانەن کە بە نەوەی ئیسرائیلی دەڵێیت. [٧] موساش هات و هەموو پیرانی گەلی بانگ کرد و هەموو ئەو وشانەی لە بەردەمیان دانا کە خوداوە ند فەرمانی پێکردبوو. [٨] هەموو گەلیش پێکەوە وەڵامیان دایەوە و وتیان:
(هەموو ئەوەی خوداوەند فەرموویەتی دەیکەین.) موساش قسەکانی گەلی بۆ خوداوەند گێڕایەوە.

چۆن نەوەی ئیسرائیل وەڵامی خودایان دایەوە؟ ووتیان (هەموو ئەوەی خوداوەند فەرموویەتی دەیکەین!) ئایا ڕاستیان کرد کەوایان ووت؟ ئایا توانیان هەموو ڕاسپاردەکانی خودا بپارێزن؟ خودا زۆر چاك دەیزانی کە ناتوانن هەموو ڕاسپاردەکانی جێ بە جێ بکەن ، ویستی خودا لە ڕاستیدا ئەوەبوو کە بێ توانایی خۆیان لە ڕازی کردنی خودا بزانن، و دان بە باری گوناهباری خۆیان دابنێن بەرامبەر بە خودا، و باوەڕ بەو مزگێنیە بێنن کە پێیان دراوە سەبارەت بەو ڕزگاری دەرەی کە دێتە دونیاوە بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران. خودا لە گوناهی باوکانیان ئیبراهیم، ئیسحاق و یاقوب خۆش بوو لەسەر بنەمای باوەڕهێنانیان بە بەڵێنەکانی خودا. خودا هەروەها لەسەر بنەمای باوەڕهێنان بەتەنیا ویستی لە گەلی ئیسرائیل خۆش بێت. ڕێگای خودا بۆ ڕزگارکردن هەمیشە لە ڕێی تەنها باوەڕهێنان بووە، باوەڕهێنان بە خودا و پلانەکەی بۆ ڕزگاربوون. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئاشکرایە لە بەرانبەر خودا کەس بە شەریعەت بێتاوان ناکرێت، چونکە: {ئەوەی ڕاستودروستە بە باوەڕ دەژیێت.} (گەلاتیا ٣: ١١)

تا ئێستاش گەلی ئیسرائیل هیواداربوون بگەنە پلەی ڕاستودروستی بەرامبەر بە خودا لە ڕێگەی کردەوەکانی خۆیانەوە. ئای چەن نەزان بوون! کەلە بیریان چوو چەن جار خودایان ڕەنجان! تا ئێستاش نازانن گوناهەکانیان چەن گەورە بوو بەرامبەر بە خودا! لە ڕووانگەی خۆیان، گوناه شتێکی گەورە نەبوو، بەڵام لای خودا کە هەرگیز دەبێ دادوەرییان بکات، گوناه زۆر گەورەیە. خودا بێگەرد و پارسایە، هەرگیز ناتوانی ڕازی بێت بە شتێك کە بێگەرد نەبێت! تا ئەم دەقەیە، گەلی ئیسرائیل ئەم شتەیان نەزانی. لەبەر ئەوەش گرییان و وتیان: (هەموو ئەوەی خوداوەند فەرموویەتی دەیکەین.) بەڵام، خودا پلانێکی هەبوو کە پێیان نیشان دات ئەوان ناتوانن **هەموو ئەوەی خوداوەند فەرموویەتی** جێ بە جێ نەکەن. ئێستا با بەردەوام بین لە خوێندنەوەی نووسراوە پیرۆزەکان، بۆ ئەوەی بزانین کە چۆن خودا دابەزیە سەر چیای سینا و پارسایی و شکۆمەندی خۆی ئاشکرا کرد، و هەر دە ڕاسپاردەکەی دا بە خێڵەکانی ئیسرائیل. ووشەی خودا دەفەرموێ:

(دەرچوون ١٩) [١٠] جا خوداوەند بە موسای فەرموو: (بڕۆ لای گەل و ئەمڕۆ و بەیانی تەرخانیان بکە. با جلەکانیان بشۆن و [١٢] بە چوار دەوری کێوەکەدا سنوور بۆ گەل دادەنێیت و دەڵێیت، (ئاگاداری خۆتان بن سەر کێوەکە مەکەون و دەست لە لێوارەکەی مەدەن، چونکە هەر کەسێک دەست لە کێوەکە بدات بە ڕاستی دەکوژرێت. [١٣] دەست پێی ناکەوێت، بەڵکو بە ڕاستی بەردباران یان تیرباران دەکرێت، ئاژەڵ بێت یان مرۆڤ، نابێت بژیێت... [١٦] ئەوە بوو سەر لە بەیانی ڕۆژی سێیەم ، بووە هەورە تریشقە و بروسک و هە وردێکی چڕ لەسەر کێوەکە و دەنگی کەڕەنا کە زۆر بەرز بوو، هەموو گەل ئەوانەی لە ئۆردوگاکە بوون کەوتنە لەرزین. [١٧] ئینجا موسا گەلی لە ئۆردوگاکەوە دەرهێنا بۆ دیداری خودا، جا لە خوارەوەی کێوەکە وەستان. [١٨] هەموو کێوی سیناش دووکەڵی دەکرد لەبەر ئەوە ی خوداوەند بە ئاگرەوە هاتە خوارەوە بۆ سەری و دووکەڵیش وەک دووکەڵی کورە بەزر بوەوە و هەموو کێوەکەش زۆر لەرزی. [١٩] دە نگی کەڕەناش جار لە جار بەرزتر دەبوو... [٢٠] خوداوەند هاتە خوارەوە بۆ سەر کێوی سینا...

(دەرچوون ٢٠) [١] ئینجا خودا بە هەموو ئەو وتانە دووا و فەرمووی: [٢] (من خوداوەند خوداتم، کە لە خاکی میسرەوە دەرم هێنایت، لە ماڵی کۆیلەیەتییەوە.

١. لە بەرامبەر من خودای دیکەت نابێت. (ئایەتی ٣) ٢. پەیکەر بۆ خۆت دروست ناکەیت، لە هیچ شێوەیەکی ئەوانەی لە ئاسمانن لەسەرەوە، نە ئەوانەی لەسەر زەوین لە خوارەوە، نە ئەوانەی لەناو ئاون لە ژێر زەوییەوە. کرنۆشیان بۆ نەبەیت و نەیانپە رستیت. (ئایەتی ٤، ٥) ٣. ناوی خوداوەند خودات بۆ شتی پوچەڵ مەهێنە، چونکە خوداوەند ئەو کەسە بێ خەتا ناکات کە بۆ شتی پوچەڵ ناوی دەهێنێت. (ئایەتی ٧) ٤. یادی ڕۆژی شەممە بکەوە تا پیرۆزی بکەیت. (ئایەتی ٨) ٥. ڕێزی دایک و باوکت بگرە. (ئایەتی ١٢) ٦. مەکوژە. (ئایەتی ١٣) ٧. داوێنپیسی مەکە. (ئایەتی ١٤) ٨. مەدزە. (ئایەتی ١٥) ٩. بە درۆ شایە تی لەسەر دراوسێکەت مەدە. (ئایەتی ١٦) ١٠. چاو مەبڕە ماڵی دراوسێکەت. چاو مەبڕە ژنی دراوسێکەت و خزمەتکارە کەی و گایەکەی و گوێدرێژەکەی و هەر شتێک کە هی دراوسێکەت بێت.) (ئایەتی ١٧)

[١٨] هەموو گەلیش هەورە تریشقە و بروسک و دەنگی کەڕەنا و کێوەکەیان بینی دووکەڵی دەکرد، گەل بینیان و لەرزین و لە دوورە وە وەستان. [١٩] بە موساشیان وت: (تۆ لەگەڵمان بدوێ و گوێ دەگرین. با خودا لەگەڵمان نەدوێ نەوەک بمرین.) [٢٠] موساش بە گە لی وت: (مەترسن، چونکە خودا بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە هاتووە و بۆ ئەوەی ترسی ئەوتان لەبەر چاو بێت و گوناه نەکەن.) [٢١] جا گەل لە دوورەوە وەستان...

ئالێرەدا لە خوێندنەوەی نووسراوە پیرۆزەکان ڕادەوەستین. بە پشتیوانی خودا لە زنجیرەی داهاتوودا تەماشای یەکە بە یەکەی دە ڕاسپاردەکەی خودا دەکەین کە بە گەلی ئیسرائیلی بەخشی لەسەر چیای سینا. بەڵام بەر لەوەی ماڵ ئاوایتان لێ بکەین، شتێك هەیە لەوەی خوێندمانەوە خودا دەیەوێ فێرمان بکات. ئەوەی کە دەبێ لێی تێ بگەین ئەمەیە: خودا پارسایە و هەرگیز ناتوانین لە ڕێگای کردەوەکانمان لێی نزیك بینەوە. نووسراوە پیرۆزەکان دەکات کە: هەموو مرۆڤێك وەك گژوگیا وایە و خودای ئێمە ئاگرێکی سووتێنەرە. (١ پەترۆس ١: ٢٤ و عیبرانییەکان ١٢: ٢٩) هەموومان دەزانین چی بەسەر گژوگیایەك دێت کە بکەوێتە سەر ڕێی ئاگر!

لەسەرەتای وانەی ئەمڕۆماندا خوێندنمان گەلی ئیسرائیل چییان بە موسا ووت، (هەموو ئەوەی خوداوەند فەرموویەتی دەیکەین.) ئەوان وایان ووت لەبەر ئەوەی لە پارسایی خودایان تێ نەدەگەیشتن. پێیان وابوو کە دەتوانن خودا ڕازی بکەن بەکردەوەکانی خۆیان. بەڵام

کاتێ خودا لەسەر چیای سینا بەدەرکەوت بیر و بۆ چوونەکانیان بە شێوەیێکی بنچینەیی گۆڕا! کاتێ کە هەورەتریشقە و بروسك و چیاکەیان دیت کە دوکەڵی دەکرد، و کاتێ کە گوێیان لە دەنگی خودا بوو هەر دە ڕاسپاردە پارساکەی پێیان ووت، لە ترسا لەرزین. ولە دوورەوە وەستان و بە موسایان ووت، (تۆ لەگەڵمان بدوێ و گوێ دەگرین. با خودا لەگەڵمان نەدوێ نەوەک بمرین.)

بەم شێوەیە، گەلی ئیسرائیل دەستیان کرد بە زانینی پارسایی تەواوی خودا و بێ توانایی تەواوی خۆیان لە نزیك بوونەوە لێی. ولە خوارەوەی چیای سینا ڕاستی نووسروای پیرۆز زانی کە دەڵێ: هەموو مرۆڤێك وەك گژوگیا وایە و خودامان ئاگرێکی سووتێنەرە. (١پەترۆس ١: ٢٤ و عیبرانییەکان ١٢: ٢٩). لە حزووری خودای پارسا، پێت وایە کە گەلی ئیسرائیل بەڕاستی بڵێن (کێشە نیە، هەرچی خودا بیلێ جێ بە جێی دەکەین)؟ بێ گومان نەخێر! ئێستا گەلی ئیسرائیل زانیان کە کێشەیێکی زۆر گەورەیان هەیە! چونکە هەستیان بەتوندی و پارسایی ڕاسپاردەکانی خودا کرد، هەستیان بە ناپاکی و بێ توانایی خۆیان کرد لە پاراستنی هەموو ڕاسپاردەکانی خودا. هەستیان کرد کە وەك گیای ووشکن بەرامبەر بە ئاگر.

ئەی تۆ، ئایا پارسایی خودا دەزانی؟ ئایا دەبینی کە خودا و یاساکەی ڕاستودروست و تەواوە؟ ئایا دەزانی کە دڵت و کردەوەکانت ڕاستودروست و تەواو نین بەرامبەر خودا؟ یاخود تۆش وەك گەلی ئیسرائیلی کە پێیان وابوو هیچ کێشەیێك نیە و دەتوانن هەرچی خودا داوای بکات جێ بە جێ بکەن! دەتوانن لە خودا نزیك ببنەوە بە کردەوە چاکەکانیان؟ بەڕاستی، ئەم بیرانە لەگەڵ بیری خودادا یەك ناگرن. ئایا ئەو کەسانەی کە بۆگەن و لە کەی گوناهیان پێوەیە نیشتەجێ دەبن لەگەڵ ئەو بێگەرد و پارسایە؟ نەخێر، ناتوانن! ئایا خودا ڕازیە بەوەی کە نیوەی چاکە و نیوەی خراپ؟ نەخێر، ناتوانێ و هەرگیز ناتوانێ! چونکە خودا پارسایە و شتی ناپارسا قەبوڵ ناکات! ئەو داوای تەواوی بوون دەکات. ئایا ئەمە دەزانێ؟ یان بە هیوای کە لە ڕۆژی دوایی بەشێوەیێك لەشێوەکان (کردەوە باشەکانت) کردەوە خراپەکانت بسڕێتەوە؟ ئەگەر وابوایە ئەوا خودا دادوەرێکی ڕاستودروست نابێت! بۆ ڕوونکردنەوە، چی بە دادوەرێك دەڵێی کە بە پیاوکووژێك بڵێ (تۆ تاوانباری بە کوشتن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕابردوودا کردەوەی چاکت هەبوو، ئەوا حوکمت نادەم، ئازادت دەکەم) ئایا چی بە دادوەرێکی وا دەڵێن؟ بێ گومان دەڵێن دادوەرێکی نا دادپەروەر و نا ڕاستودروستە.

خودا دادوەرێکی ڕاستودروستە! ناتوانێ چاو لە گوناە بپۆشێ! پەروەردگار خودای بالادەست کە دەبێ دادوەری جیهان بکات لە شتی ڕاستودروست زیاتر ناکات! ڕاستودروستی خوداش پێویستی بە پاداشت دانەوەی گوناهە. ئەو پاداشتەش مردنە و جیابوونەوەی تاهەتایی لە خودا. ئەو چاکانەی کە دەیکەین ناتوانێت قەرزی گوناهەکانمان بداتەوە، و دەربارەی کردەوە چاکەکانمان، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: هەموو وەك شتی گلاوەمان لێ هات، هەموو کردەوە ڕاستودروستەکانمان وەك پەڕۆی پیس بوو! (ئیشایا ٦٤: ٦) خودا وەك ئاگرێکی سوتێنەرە، کردەوە چاکەکانی نەوەکانی ئادەم وەك گژوگیایەکی ووشك وایە. ئێمەش بە کردەوە چاکەکانمان ناتوانین بەرگەی پشکۆی ئاگری دادوەرییە پارساکەی خودا بگرین!


ئایا گەلی ئیسرائیل وێران نزیك بنەوە لە ئاگری خودا لە سەر چیای سینا؟ ئایا هەوڵیان دا بەسەر چیاکە کەون بۆ ئەو جێیەی خودای لێ بوو؟ ئایا ئەوندە ئازابوون نزیکی چیاکە کەون کە دەلەرزی و گرمەی بروسك و هەورە تریشقەی لێ دەهات؟ ئەو چیایەی کە دووکەڵێکی وەك دووکەڵی کورەی لێ بڵند دەبوو؟ نەخێر ! نزیکی خودا نەکەوتنەوە، دوور ڕاوەستان ولە ترسا دەلەرزین! تەنانەت تاکە کەسێکیان نەیوێرا نزیکی چیاکە کەویت لەبەر ئەو ترسەی کە تووشیان بوو بەرامبەر بە خودای پارسای بالادەست و هێزە بێ سنوورەکەی. بەڵام ئەو ترسە زۆر باش بوو بۆیان، چونکە ووشەی خودا دەفەرموێ: ترسی خوداوەند سەرەتای داناییە! (پەندەکان ١: ٧ و زەبوورەکانی ١١١: ١٠)

بەم جۆرە هاتینە کۆتایی وانەی ئەمڕۆمان، بەڵام هانتان دەدەین کە ئەو شتانەی ئەمڕۆ گوێبیستی بووین لەبیر نەکەن: خودا پارسایە، دەبێ دادوەری خەڵك بکات بەگوێرەی پارسایی خۆی. خودا پارسایە، ناتوانێ چاوپۆشی بکات لە گوناە. خودا پارسایە، ناتوانین نزیك ببینەوە لێی بەگوێرەی کردەوەکانمان!

لە وانەی داهاتوودا هەڵدەستین بە دیراسەت و ڕوونکردنەوەی هەر دە ڕاسپاردەکەی خودا کە لەسەر چیای سینا بەخشی بە گەلی ئیسرائیل.

خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتا ببارێنێ و ڕێگا نیشاندەرتان بێت کاتێ بیر لەم ڕاستییە گرنگەی ووشەکەی دەکەنەوە، کە دەفەرموێ:

ترسی خوداوەند سەرەتای داناییە! (پەندەکان ١: ٧ و زەبوورەکانی ١١١: ١٠)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا لەبیرتە موسا لە کوێ بوو کاتێ کە خودا یەکەم جار بانگی کرد و قسەی لەگەڵی کرد لەلای دەوەنەگڕگرتوەکە کە نەدەسووتا؟ ئایا خودا پەیمانەکەی بۆ موسا بەجێ هێنا؟ ئێستا موسا لەکوێ دەبینین لە خوێندنەومان لەناو تەورات؟

٢. چۆن نەوەی ئیسرائیل وەڵامی خودایان دایەوە؟

٣. ئایا ڕاستیان کرد کەوایان ووت؟ ئایا توانیان هەموو ڕاسپاردەکانی خودا بپارێزن؟

٤. لە حزووری خودای پارسا، پێت وایە کە گەلی ئیسرائیل بەڕاستی بڵێن (کێشە نیە، هەرچی خودا بیڵێ جێ بە جێی دەکەین)؟

٥. ئەی تۆ، ئایا پارسایی خودا دەزانی؟ ئایا دەبینی کە خودا و یاساکەی ڕاستودروست و تەواوە؟ ئایا دەزانی کە دڵت و کردەوەکانت ڕاستودروست و تەواو نین بەرامبەر خودا؟

٦. دەتوانن لە خودا نزیك ببنەوە بە کردەوە چاکەکانیان؟

٧. ئایا ئەو کەسانەی کە بۆگەن و لە کەی گوناهیان پێوەیە نیشتەجێ دەبن لەگەڵ ئەو بێگەرد و پارسایە؟

٨. ئایا خودا ڕازیە بەوەی کە نیوەی چاکە و نیوەی خراپ؟

٩. ئایا ئەمە دەزانێ؟ یان بە هیوای کە لە ڕۆژی دوایی بەشێوەیێك لەشێوەکان (کردەوە باشەکانت) کردەوە خراپەکانت بسڕێتەوە؟ ئایا چی بە دادوەرێکی وا دەڵێن؟

١٠. ئایا گەلی ئیسرائیل وێران نزیك بنەوە لە ئاگری خودا لە سەر چیای سینا؟ ئایا هەوڵیان دا بەسەر چیاکە کەون بۆ ئەو جێیەی خودای لێ بوو؟ ئایا ئەوندە ئازابوون نزیکی چیاکە کەون کە دەلەرزی و گرمەی بروسك و هەورە تریشقەی لێ دەهات؟

وانەی ٣٧ : دە ڕاسپاردە پیرۆزەکە

دەرچوون ٢٠

لە وانەی ڕابردوومانداا، بینیمان چۆن گشت چیای سینا دووکەڵی لێ هەڵدەستا لەبەر ئەوەی پەروەردگار خودا دابەزیبووە سەری لە هەورە تریشقە و بروسك بۆ ئەوەی دە ڕاسپاردەکەی بدات بە نەوەی ئیسرائیل. خودا ئاگاداری گەلی ئیسرائیلی کردبوو کە دەست لە چیاکە نەدن کە ئەوی لێیە ئەگەر نا دەمرن. خودا دەیویست فێریان بکات کە ئەو چەن پیرۆزە!

بۆ ئەمڕۆش پلانمان وایە بەووردی تەماشای هەر یەك لەو دە ڕاسپاردەیە بکەین، و بەراوردیان بکەین لەگەڵ ژیانمان بۆ ئەوەی بزانین بەرامبەر خودا چۆنین، خودای پیرۆز. لە بەشی بیستی سیپارەی دەرچوون لەتەورات دەخوێنین،. لە پاش ئەوەی خودا دابەزییە سەر چیای سینا لەناوەندی ئاگر و دوکەڵدا، ئەم ووشانەی فەرموو: (من خوداوەند خوداتم، کە لە خاکی میسرەوە دەرم هێنایت، لە ماڵی کۆیلەیەتییەوە.) (دەرچوون ٢٠: ١، ٢)

١.) (لە بەرامبەر من خودای دیکەت نابێت.) (دەرچوون ٢٠: ٣) ئەمە یەکەم ڕاسپاردەیە. پەروەردگار خودا فەرمووی تەنها ئەو دەبێت خودامان بێت. شکۆمەندی خۆی هاوبەش ناکات لەگەڵ هی تر. خودای بەدی هێنەر، تاکە خودایە کە دەبێت بیپەرستین. بەڵام ئەوەی لەم وڵاتە و لە هەموو جیهان دەیبینین شتێکی تڕە. خەڵکی مرۆڤی تر بەرز دەکەنەوە بۆ جێگایەك کە تەنها شایەنی خودایە. تەنها ناوی خودایە کە پیرۆز و بەهێزە. تەنها ئەوە شایەنی گشت سەرنج و متمانەمانە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێ کە خەڵك تووشی کێشە دەبن یاخود ڕوو بەڕووی ڕێگرێك دەبن، یەکەم بیریان ئەوە نیە کە ڕوو لە خودا بکەن و دوعای بۆ بکەن کە هەموو شتێکی دروست کردووە و دەتوانێ هەموو شتێك بکات. لەجێگەی ئەوە، هیوای خۆیان دەدنە مرۆڤی تر کە وەك خۆیانن، وە دەیانخەنە ئەو شوێنەی کە هی خودایە. ئەوانی وا دەکەن خودایەکی تریان هەیە لەبەردەمیان. هەبوونی خودایەکی تریش گوناهە!

٢.) لە ڕاسپاردەی دووەم خودا فەرمووی: (پەیکەر بۆ خۆت دروست ناکەیت...کرنۆشیان بۆ نەبەیت و نەیانپەرستیت، چونکە من خوداوەند خوداتم خودایەکی ئیرەدارم!) (دەرچوون ٢٠: ٤، ٥)

لەم ڕاسپاردەیە، خودا پێمان دەڵێت کە خۆمان لە پت بپارێزین. پت تەنها ئاگر و ئەو شێوە تراشراوانە نیە کەوا لە هەندێ وڵات خەڵکی دەیپەرستن. پت هەر شتێکە کە دەکەوێتە بەین ئێمە و خودا. بۆ هەندێ کەس، تۆپی پێ خودایانە لەبەر ئەوەی تۆپی پێ لای ئەوان زۆر گرنگ تڕە لە خودا. بۆ هەندێکی تر، تەلەفزیۆن دەکەوێتە بەین ئەوان و خودا. گرنگی نادەن بەوەی تەماشای ناو ووشەی خودا بکەن بۆ ئەوەی تێی بگەن، کاتیان نیە بۆ هیچ شتێکی تر جگە لە تەماشای تەلەفزیۆن نەبێ. خەڵکی تریش هەیە کە وەك خۆتان دەزانن نووشتە و شتی وا لەبەر دەکەن کە گوایە خودا بەشیان ناکات. بۆ هەندێکی تر، سەروەت و سامانیان بووە بە جێگری خودا. خودا یەکەم کەس نیە لە ژیانیان، بەڵکو پارە. تەنانەت تێکەڵی شتی وا دەبن کە دڵی خودا خۆش ناکات بۆ ئەوەی پارە بەدەست بێنن. بۆ خەڵکی وا پارە خودایانە. هەر شتێك کە جێگای خودا بگرێت ئەوا بتە.

٣.) لە سێیەم ڕاسپاردە، خودا فەرمووی: (ناوی خوداوەند خودات بۆ شتی پوچەڵ مەهێنە، چونکە خوداوەند ئەو کەسە بێ خەتا ناکات کە بۆ شتی پوچەڵ ناوی دەهێنێت.) (دەرچوون ٢٠: ٧) بەڕاستی، خودا نایەوێت ناوی ئەو بۆ شتی پووچەڵ بەکار بێنین. بەڵام، هەموو ڕۆژ گوێمان لێ دەبێ خەڵکی بەڵێن دەدەن وەدەڵێن (إنشاءالله وا دەکەم و وادەبێ، یان دەچمە ئێرە و ئەوێ) لە کاتێکدا لە دڵی خۆی هیچ نیازی ئەنجامدانی ئەو شتەی نیە. ڕاسپێری (مەشیئەتی) خودا دوورترین شتە لە بیری. ناوی خودا بەکار دێنێت بۆ ئەوەی وا لە دراوسێیەکی بکات باوەڕ بە درۆیەکانی بکات. ئەم شتە گوناهە. هەندێکی تر دەڵێن، (باللە، وام نەکردووە و وام نەکردووە) لەکاتێکدا بەباشی دەزانن کەوا ئەو شتەیان ئەنجام داوە. هەندێکی تر دەڵێن (خودا دەزانی وا ناکەم یان وا دەکەم) بەڵام ئەمانە تەنها درۆ دەکەن. ئەمە بەکارهێنانی خراپی ناوی خودا. ووشەی خودا دەفەرموێ: (با قسەتان: (بەڵێ) بۆ (بەڵێ) و (نە خێر) بۆ (نەخێر) بێت، لەمە بترازێت لە خراپەکارەکەوەیە) (مەتا ٥: ٣٧)

٤.) لە ڕاسپاردەی چوارەم کە خودا بەگەلی ئیسرائیلی بەخشی، فەرمووی: (یادی ڕۆژی شەممە بکەوە تا پیرۆزی بکەیت. شەش ڕۆژ کار دەکەیت و هەموو کارەکەت دەکەیت...چونکە خوداوەند لە شەش ڕۆژدا ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانە

ی تیایەتی دروست کرد و لە ڕۆژی حەوتەمدا پشووی دا.) (دەرچوون ٢٠: ٨–١٠) لەمەدا دەبینین کە خودا ویستی نەوەی ئیسرائیل هەموو حەفتەمین ڕۆژ پشوو بدەن و ناوی خودا بەرز ڕابگرن.

٥.) لە ڕاسپاردەی پێنجەمدا کە خودا بەخشی، فەرمووی: (ڕێزی دایک و باوکت بگرە، بۆ ئەوەی ڕۆژانت درێژ بێت لەو خاکەی خوداوەند خودات پێت دەدات.) (دەرچوون ٢٠: ١٢) لێرەدا دەبینین کە دایك و باوکمان زۆر تایبەتن و شایەنی ئەون شانازییان پێ بکەین، وە دەبێت ئەو ڕێزیان بگرین کە شایەنین. بەڵام، ئەم شتە نابینین لە نەوەی ئەمڕۆدا. دەبینین منداڵان بە شێوەیەکی ناشیاو وەڵامی دایك و باوکیان دەدەنەوە کاتێ دایك و باوکیان قسەیان لەگەڵ دەکەن، و لچی خۆیان شۆڕ دەکەن و دەڕۆن. دایك و باوکی خۆیان بەرز ڕاناگرن. تەنها تووڕەیان دەکەن. بەڵام، ئەمە ئەو شێوەی ژیانە نیە کە لە ڕاسپاردەی پێنجەم فێردەبین. ئیرادەی خودا بۆ منداڵان ئەوەیە کە دایك و باوکی خۆیان خۆش بوێت، بەرزیان ڕابگرن و بەگوێیان بکەن لە هەموو شتێك کە خودا پێی خۆشە و لەگەڵ ئیرادەی ئەودا دەگونجێ.

٦.) لە ڕاسپاردەی شەشەمدا، خودا فەرمووی: (مەکوژە.) (دەرچوون ٢٠: ١٣) لێرە خودا دەفەرموێ: ئەو کەسەی مرۆڤێك بکوژێ، گوناە ئەنجام دەدات بەرامبەر خودا، لەبەر ئەوەی خودا ئەو کەسەیە کە ژیان و گیان دەبەخشێ بەو کەسە. کوشتنی مرۆڤێك مانای ئەوەیە ڕقت لە خودایە، لەبەر ئەوەی خودا مرۆڤی لە وێنەی خۆی دروست کرد. ووشەی خودا هەروەها پێمان نیشان دەدات کە کوشتن تەنها ئەوە نیە کە ژیانی یەکێك کۆتایی پێ بێنی، لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: هەر کەسێک ڕقی لە خوشکی یان برایەکەی ببێتەوە بکوژە. (١ یۆحەنا ٣: ١٥) ئەوەی زۆر کەس پشت گوێی دەخەن ئەوەیە کە خودا دادوەری کەسێك ناکات تەنها بەگوێرەی کردارەکەی، بەڵکو هەروەها بە گوێرەی ئەو شتەی بەتەمایە بیکات، واتا بە گوێرەی نیازەکەی! لەبەر ئەوەی خودا تەماشای دڵ دەکات، ڕق و کوشتن لە چاوی ئەو وەك یەك گوناهە.

٧.) لە ڕاسپاردەی حەفتەمدا، خودا فەرمووی: (داوێنپیسی مەکە.) (دەرچوون ٢٠: ١٤) هاوسەرگیری دیاریەکی بەنرخە لەلایەن پەروەردگارەوە. خودا دەزانێ چی باشترین شتە بۆمان، لەبەر ئەوەش، لەپاش ئەوەی ژنێکی بەخشی بە مرۆڤ بۆ هێنان، ویستی ئەو خۆی تەنها بۆ ژنەکەی تەرخان بکات و ڕەتی کردەوە کە تاقە حەزێکی هەبێ بۆ هەر ئافرەتێکی تر. ووشەی خودا دەفەرموێ کە: پێویستە پیاوان ژنەکانیان وەک لەشی خۆیان خۆشبوێت، ئەوەی ژنی خۆی خۆشبوێت خۆی خۆش دەوێ. (ئەفەسۆس ٥: ٢٨) هەروەها کە: ئەوەی ژنەکەی بێ هۆی داوێنپیسی تەڵاق بدات و یەکێکی دیکە بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دە کات. (مەتا ١٩: ٩) کاتێ خەڵکی لە یاسای خودا دەردەچن و ئەوەی بۆیان حەرام کراوە ئەنجام دەدەن، زۆر جار لە لەشیان ئەنجامەکانی ئەو شتەیان دەردەچێت. بۆیە زۆر نەخۆشی کوشندە تووشی ئەو کەسانە دەبێت کە پەیوەندی ڕەگەزی (سێکسی) لە دەرەوی بازنەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن کە خودا دایمەزراندووە. پێویستە شتێکی تر بزانن: داوێن پیسی هەر ئەوە نیە کە بە لەشمان دەیکەن، بەڵکو بیریشمان دەگرێتەوە. سەبارەت بەمە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئەوەی بە هەوەسبازییەوە سەیری ئافرە تێک بکات، ئەوا لە دڵی خۆیدا داوێنپیسی لەگەڵ کردووە. (مەتا ٥: ٢٨)

٨.) لە ڕاسپاردەی هەشتەمدا خودا فەرمووی: (مەدزە.) (دەرچوون ٢٠: ١٥) ئەم ڕاسپاردەیە ڕوونە. بەڵام دەبێت بزانن کە لە پێش چاوی خودا کە دەبێت دادوەریمان بکات، دزی هەر ئەوە نیە پارە یاخود شتێك بەرین کە هی خۆمان نیە. تەنانەت گەر بێت و بتەوێ شتی خەڵکی تر بەری، بەڵام نەیان بەری، ئەوا تۆ لەناو دڵتا دزی! خودا تەماشای دڵ دەکات. دزی چەن لایەنێکی هەیە. بۆ نموونە، ئەگەر خاوەن ئیشەکەت ئیشێکت بۆ دابنێ، وە پارەت دەداتێ بۆ ئەوەی ئەو ئیشە بکەی، وە باوەڕی وایە کە تۆ ئیش دەکەی لە کاتێکدا تۆ تەنها کات بەسەر دەبەی، ئەوا تۆ دزی دەکەی! بەڵێ، تۆ لە خاوەن ئیشەکەت دزی دەکەی. ئەی سزای دزین و بۆ هەموو گوناهێکی تر چیە؟ سزاکەی مردنە و چوونە ناو ئاگری دۆزەخە کە هەرگیز ناکوژێتەوە!

٩.) تۆیەم ڕاسپاردە دەڵێت: (بە درۆ شایەتی لەسەر دراوسێکەت مەدە.) (دەرچوون ٢٠: ١٦) ئەمەش هەروەها زۆر ڕوونە. پەروەردگار خودا خودای ڕاستییە وە هیچ پەیوەندی لەگەڵ درۆدا نیە! مرۆڤ پێی وایە کە درۆی بچوك ڕێگا پێ دراوە بۆ خۆ لادان لە کێشە و پاراستنی ئاشتی. بەڵام لەگەڵ خودای ڕاستی شتی وەك (درۆی بچوك) نیە! خودا دەفەرموێ: هەر کەسێك درۆ بکات ئەوا خەسلەتی شەیتان هەڵدەگرێ، چونکە شەیتان درۆزنە و باوکی درۆیە. (یۆحەننا ٨: ٤٤) شەیتان درۆی لەگەڵ باپیرانمان

ئادەم و حەوا کرد، وە بەردەوامە لە هەڵخەڵەتانی خەڵکی بەدرۆکانی! هەر کەسێك درۆ بکات وەك شەیتانە.

١٠.) لە ڕاسپاردەی دەیەم خودا دەفەرموێ: (چاو مەبڕە ماڵی دراوسێکەت. چاو مەبڕە ژنی دراوسێکەت و خزمەتکارەکەی و گایەکەی و گوێدرێژەکەی و هەر شتێک کە هی دراوسێکەت بێت.) (دەرچوون ٢٠: ١٧) ئەم ڕاسپاردەیە زۆر بەڕوونی پێمان نیشان دەدات کە خودا دەزانی دڵمان چەن خراپ و پیسە. چاو بڕینە ناو و چاو برسیەتی لەناو دڵی نەوەی ئادەمدا هەیە. دڵە خراپەکانمان وامان لێ دەکات تەماح لە ژنی مرۆڤی تر بکەین یاخود چاو ببڕینە شتێك کە کەسێکی تر هەیەتی و ئێمە نیمانە. ئەمە گوناهەیە، لەبەر ئەوەی ووشەی خودا دەفەرموێ: هیچمان نەهێناوە بۆ جیهان، ئاشکرایە ناتوانین هیچیشی لێ ببەینە دەرەوە. جا ئە گەر خواردن و پۆشاکمان هەیە با پێی ڕازیبین. (١ تیمۆساوس ٦: ٧، ٨) ئەمانە هەر دە ڕاسپاردەکەن کە خودا بەخشی بە موسا و نەوەی ئیسرائیل.

چۆن دەتوانین وانەی ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێنین؟ ڕەنگە بە پرسیارێك. فەرموو پرسیارەکە کە هەر یەك لە ئێمە دەبێت وەڵامی بداتەوە: (ئایا من بەگوێی هەر یەك لە دە ڕاسپاردەکەم کردووە؟) ڕەنگە تۆ بزانی کە کاتێ ڕزگاری دەرەکە هاتە جیهانەوە، هەر دە ڕاسپاردەکەی کورت کردەوە بۆ دوو ووتە. فەرمووی:

١.) (خودای پەروەردگارمان یەک خوداوەندە، جا خودای پەروەردگاری خۆت بەهەموو دڵ و هەموو گیان و هەموو بیر و هەموو تواناتەوە خۆش بوێ!)

٢.) (دووەمیش ئەمەیە، {نزیکەکەت وەک خۆت خۆش بوێ}، هیچ ڕاسپاردەیەک لەم دوو ڕاسپاردەیە گرنگتر نییە.) (مارقۆس ١٢: ٣٠، ٣١)

ئێستاش، گەر دەتەوێ خۆت تاقی بکەیتەوە بۆ ئەوەی بزانی ئایا تۆ دە ڕاسپاردەکەت جێ بە جێ کردووە کە خودا بەخشی بە موسا یان نا، دەتوانی دوو پرسیار لە خۆت بکەی.

یەکەم: پەیوەندیم لەگەڵ خودا چۆنە؟ خودام خۆش دەوێ پڕ بە دڵم؟

دووەم: پەیوەندیم لەگەڵ خەڵك چۆنە؟ دراوسێکەم خۆش دەوێ وەك ئەوەی خۆم خۆش دەوێ؟

پەیوەندیت لەگەڵ خودا چۆنە؟ با دڵت بە ڕاستی وەڵام بداتەوە. ئایا خودات خۆش دەوێ بە هەموو بیر و بۆچوونتەوە؟ ئایا خودات خۆش دەوێ پڕ بە دڵتەوە؟ ئایا خودا و ووشەی خودا بە یەکەم شت دادەنەی لە ژیانت؟

ئەی دەربارەی پەیوەندیت لەگەڵ خەڵك؟ ئایا دراوسێکەت وەك خۆت خۆش دەوێ؟ ئایا خەڵکی لە هەموو شتێك بە پێش خۆت دەدەی لە هەموو شتێك؟ ئایا گرنگی دەدەی بە مرۆڤەکانی تر وەك ئەوەی گرنگی بە خۆت دەدەی؟ ئایا ئەو شتانە ئەنجام دەدەی بۆ خەڵکی کە دەتەوێ خەڵکی بۆ تۆی ئەنجام بدەن؟

ئەگەر نەتوانێ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بە بەڵێ وەڵام بدەیەوە، ئەوا بزانە کە تۆ لەبەرامبەر خودا پێشێلکاریت کردووە. بە کردەوەی خۆت، ناتوانێ هیوای هیچ شتێك بخوازی جگە لە نەفرەتی دادوەری خودای ڕاستودروست! نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: بە لاڵم ترسنۆکان و بێباوەڕان و قێزەوەنان، بکوژان و داوێنپیسان و جادووگەران، بتپەرستان و هەموو درۆزنان، بەشیان لە دەریاچەی بە ئاگر و گۆگرد داگیرساوە. (ئاشکراکردن ٢١: ٨)

خودا پیرۆزە و ناتوانێ لە شتی ناپیرۆز ببورێ. خودا تەواوە و ناتوانێ هیچ ئیشێکی ناتەواو قەبوڵ بکات. لەبەر ئەوە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئەوەی هەموو شەریعەت بپارێزێت و ساتمە لە یەکێکیان بکات، ئەوا لە هەمووی تاوانبارە. (یاقوب ٢: ١٠) چونکە بە کرداری شەریعەت کەس لەلای بێتاوان نابێت، بەڵکو گوناە بەهۆی شەریعەت دەناسرێت. لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن (ڕۆما ٣: ٢٠، ٢٣) ووشەی خودا ئاشکرایە: هەموو گوناهیان کرد و هەر کەسێک لە هەموو نووسراوی سپیارەکانی تەورات نەچەسپێت بۆ پەیڕەو کردن، نەفرەت لێکراوە. (گەلاتیا ٣: ١٠)

ئەی باشە بۆچی خودا ئەو دە ڕاسپاردەیەی پێمان داوە ئەگەر کەسمان نەتوانین بیپارێزن؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە و لە وانەی داهاتوو دەخوێنین چۆنیەتی وەڵامی خودا دەبینەوە.

خودا بەرەکەتدارت بکات و ئەم ڕاستییە گرنگەت بۆ ئاشکرا بکات کە لە ووشەیدا دەڵێت: **ئەوەی هەموو شەریعەت بپارێزێت و ساتمە لە یەکێکیان بکات، ئەوا لە هەمووی تاوانبارە.** (یاقوب ٢: ١٠)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا خۆت بەگوێی هەر یەك لە دە ڕاسپاردەکەت کردووە؟

٢. پەیوەندیت لەگەڵ خودا چۆنە؟ خودات خۆش دەوێ پڕ بە دڵت؟ یا دڵت بە ڕاستی وەڵام بداتەوە؟

٣. پەیوەندیت لەگەڵ خەڵك چۆنە؟ دراوسێکەت خۆش دەوێ وەك ئەوەی خۆت خۆش دەوێ؟

٤. ئایا خودات خۆش دەوێ بە هەموو بیر و بۆچوونتەوە؟

٥. ئایا خودا و ووشەی خودا بە یەکەم شت دادەنەی لە ژیانت؟

٦. ئەی دەربارەی پەیوەندیت لەگەڵ خەڵك؟

٧. ئایا دراوسێکەت وەك خۆت خۆش دەوێ؟

٨. ئایا خەڵکی لە هەموو شتێك بە پێش خۆت دادەنی لە هەموو شتێك؟

٩. ئایا گرنگی دەدەی بە مرۆڤەکانی تر وەك ئەوەی گرنگی بە خۆت دەدەی؟

١٠. ئایا ئەو شتانە ئەنجام دەدەی بۆ خەڵکی کە دەتەوێ خەڵکی بۆ تۆی ئەنجام بدەن؟

١١. بۆچی خودا ئەو دە ڕاسپاردەیەی پێمان داوە ئەگەر کەسمان نەتواین بیپارێزن؟

وانەی ٣٨ : مەبەست لە دە ڕاسپاردەکە

دەرچوون ٢٠

لە وانەی ڕابردوومانداا، بینیمان چۆن خودا دابەزییە سەر چیای سینا لەناو ئاگر و بروسک و هەورەتریشقە بۆ ئەوەی هەر دە ڕاسپاردە پیرۆزەکەی بگەێنێتە خێڵەکانی ئیسرائیل. لە یەکەم ڕاسپاردە خودا پێیانی فەرموو:

یەکەم: (لە بەرامبەر من خودای دیکەت نابێت.)

دووەم: (پەیکەر بۆ خۆت دروست ناکەیت.)

سێیەم: (ناوی خوداوەند خودات بۆ شتی پوچەڵ مەهێنە)

چوارەم: (یادی ڕۆژی شەممە بکەوە تا پیرۆزی بکەیت.)

پێنجەم: (ڕێزی دایک و باوکت بگرە)

شەشەم: (مەکوژە.)

حەفتەم: (داوێنپیسی مەکە.)

هەشتەم: (مەدزە.)

نۆیەم: (بە درۆ شایەتی لەسەر دراوسێکەت مەدە.)

دەیەم: (چاو مەبڕە ماڵی دراوسێکەت.)

ئەمانە هەر دە ڕاسپاردەکەن کە خودا بۆ موسا و خێڵەکانی ئیسرائیل ناردیە خوارەوە. خودا باڕێکی قورسی خستە سەر شانیان کاتێ فەرمووی: هەرکەسێك بتوانێ بەتەواوی هەموو شتێك بپارێزێ کە دە ڕاسپاردەکە داوای دەکات، ئەوا شایەنی ئەوەیە لەگەڵ من بژێت تاهەتا. بەڵام ئەوەی کە هەموو یاساکان بپارێزی و تەنها یەکیان جێ بە جێ نەکات، ئەوا تاوانبارە بە شکاندنی هەموو یاساکان، وە لە من جیا دەکرێتەوە تاهەتا!

ئەوە بوو ڕێگای پیرۆزی کە خودا گەیاندی بە خێڵەکانی ئیسرائیل لەسەر چیای سینا. خودا ڕایانیسپارد کە بە گوێی بکەن لە هەموو شتێك! بەڵێ، هەموو شتێك! ئەی باشە گوناهباران دەتوانن هەموو ڕاسپاردەکانی خودا بپارێزن؟ نەخێر، ناتوانن! هەرچەندە، ئەوە بەتەواوی ئەویە کە خودای پیرۆز داوای دەکات! بۆیە، پرسیارە گرنگەکە ئەمڕۆ ئەمەیە: بۆچی خودا دە ڕاسپاردەکەی دا بە نەوەی ئیسرائیل، لە کاتێکدا دەیزانی کەس ناتوانێ بیانپارێزی بەتەواوی؟ بۆچی خودا باڕێکی وا قورسی خستە سەر شانی نەوەی ئادەم؟

پێشتر بینیمان چۆن نەوەی ئیسرائیل ووتیان، (هەموو ئەوەی پەروەردگار بێڵێت دەیکەن!) بەڵام، خودا دەیزانی کە ئەوان ناتوانن هەموو ئەوەی ئەو داوای دەکات جێ بە جێ بکات. گەلی ئیسرائیل نەیاندەزانی کە ئەوان ئەو هێزەیان نیە ئیرادەی خودا جێ بە جێ بکەن بەتەواوی. ئەوان نەیاندەزانی کە چەن دوورن لە خودا و شکۆمەندی پیرۆزی ئەو. هەر لەبەر ئەوەش بوو خودا دە ڕاسپاردەی تەواوی دا بە گەلی ئیسرائیل، و پێیانی فەرموو: هەمووی بپارێزن، گەر دەتوانن! بەڵام ئەوەی هەرەس بێنی و نەتوانێ تەنانەت یەکێکیان بپارێزی لە من جیادەکرێتەوە تاهەتا!

نیازی خودا لە ڕێگای ئەو ڕاسپاردە قورسانەوە ئەوە بوو بۆ خێڵەکانی ئیسرائیل ئاشکرا بکات کە چەن بێ توانان لە دڵ خۆش کردنی ئەو. خودا دەیزانی کە نەوەی ئیسرائیل ناتوانن شوێنی هەموو ڕاسپاردەکانی بکەون، بەڵام ئەوان هێشتا ئەوە نازانن. گەلی ئیسرائیل وەك پیاوانی ئایینی ئەمڕۆن، کەوا پێیان وایە خودا هەر ئەوەندەی دەوێ هەوڵ بدەین کاری چاکە بکەین و لە ڕۆژی دواییش ئەگەر (کردەوە چاکەکانمان) قورس تر بوو لە (کردەوە خراپەکانمان) ئەو کاتە خودا پێمان دەڵێت، (وەرن و لە ئامادەیی مندا بژین!) بەهەرحاڵ، ئەوانەی ئاوا بیردەکەنەوە بە هەڵەداچوون و نووسراوە پیرۆزەکان نازانن یاخود پیرۆزی خودا ناناسن. خودا تەواوە و ناتوانێ چاوپۆشی بکات تەنانەت لە یەك گوناهیش!

بۆ ڕوونکردنەوە، باپیرە گەورەمان ئادەم دەبوایە چەن گوناە ئەنجام بدات پێش ئەوەی خودا لە باخچەکانی بەهەشت دەری بکات؟ دە گوناە؟ یان سەد؟ ڕەنگە هەزار بێت؟ نەخێر! تەنها یەك گوناە بوو و ئادەم دەبوایە دەربچێتە دەرەوە!

یەك گوناە و ئادەم چی دی تەواو نەبوو لەبەردەم خودا! یەك گوناە و چی دی نەیتوانی نزیکی خودا ببێتەوە! یەك گوناە و دەبوایە بمرێت! یەك گوناە و بۆ خۆی جێگایەکی بەدەست هێنا لەناو ئاگری تاهەتایی! بەڵێ، خودا پیرۆزە و بەسووکی تەماشای گوناە ناکات! لەبەر ئەوە بە نەوەی ئیسرائیلی فەرموو: (ئەوەی هەموو شەریعەت بپارێزێت و ساتمە لە یەکێکیان بکات، ئەوا لە هەموویدا تاوانبارە.) (یاقوب ٢: ١٠)

بۆیە، ئەگەر پیرۆزی خودا ئاوا بێت، ئەوەی دەبێت بیزانین ئەمەیە: بۆچی خودا دە ڕاسپاردەکەی دا بە گەلی ئیسرائیل کاتێ دەیزانی کەس ناتوانێ بەتەواوی بیانپارێزێ؟ ئەمە لە وەڵامی خودایە: چونکە بە کرداری شەریعەت کەس لەلای بێتاوان نابێت، بەڵکو گوناهە بەخۆی شەریعەت دەتاسرێت! (ڕۆما ٣: ٢٠) ئەی مەبەست چیە لە دە ڕاسپاردەکە؟ بۆ لابردنی گوناهە؟ نەخێر! (مەبەست لە ڕاسپاردەکان ئاشکراکردنی گوناهە!)

تێ گەیشتی لەوە؟ بۆچی خودا دە ڕاسپاردەکەی دا بە موسا و نەوەی ئیسرائیل؟ ئایا ئەو ڕاسپاردانەی داپێیان تاکو ئەوان بە پاراستنی مافی چوونە ناو بەهەشت بە دەست بێنن؟ نەخێر! ئەوە ناکرێ لەبەر ئەوەی خودا دەفەرموێ، (**ئەوەی هەموو شەریعەت نە بپارێزیت، ئەوا ئیدانە کراوی.**) ئایا نەوەی ئادەم دەتوانن بەتەواوی بەگوێی خودا بکەن لە هەموو ڕاسپاردەکانی؟ کەس دەتوانێ ئاوی پاك و ڕوون دەربکات لە بیرێکی پیس و چەپەڵ؟ مەحاڵە!

مەبەست چیە لە دە ڕاسپاردەکە؟ نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەبەست لە ڕاسپاردەکان ئاشکراکردنی گوناهە!) خودا ڕاسپاردەکانی پێمان نەداوە تا لە دادوەری خۆی ڕزگارمان بکات. خودا پێمانی داوە تاکو پێمان نیشان بدات ئێمە گوناهباری مەحکوم کراوین و پێویستیمان بە ڕزگاری دەرێك هەیە! ئەمە ڕوونە لە بیر و بۆچونت؟

دە ڕاسپاردەکە بە شێوەیەك بە ئامێری تیشکی ئێکس دەچێت کە لە نەخۆشخانەیە. ئەگەر نەخۆش بم و نەزانم چیمە، لەوانەیە دکتۆرەکە پشکنینم بکات بە گرتنی هەندێك تیشکی ئێکس. مەبەست چیە لە وێنەی تیشکی ئێکس؟ تەنها یەك مەبەست: بۆ ئاشکراکردنی عەیبی ناو لەشم. بە شێوەیەکی نزیك، ڕاسپاردە پیرۆزەکان کە خودا دای بە موسا وەك ئامێری تیشکی ئێکسی نەخۆسخانە دەچێت. مەبەست ئاشکرا کردنی عەیبەکەیە — ئەو گوناهەی لەناو دڵ و گیانماندایە. باشە چۆن دە ڕاسپاردەکە دەتوانێ ئەو گوناهە ئاشکرا بکات کە لەناو مندایە؟ بەم شێوەیە گوناهی من ئاشکرا دەکات: ئەگەر کردەوەم لەگەڵ یاسای پارسای خودا بەراورد بکەم، دەبینم چەن دوورم لە خودا لە بیر و بۆچونم و قسەم و کردەوەم. کاتێ تەماشای یاسای خودا دەکەم و پاشان تەماشای خۆم دەکەم، دەزانم کە گوناهم کردووە بەرامبەر خودا و بەرامبەر مرۆڤ و ناتوانم بچمە ناو حزوری پاکی و بێ گەردی خودای پیرۆز!

چۆن ئامێری تیشکی ئێکسی نەخۆشخانە بەسووە بۆ دیاری کردنی عەیبەکانی لەشی مرۆڤ، ئەوا دە ڕاسپاردەکەش بە سوودن بۆ دیاری کردنی عەیبەکانی ناو دڵی مرۆڤ. وە چۆن تیشکی ئێکس ناتوانێ کەسێکی نەخۆش چاك بکاتەوە، بە هەمان شێوە دە ڕاسپاردەکە ناتوانێ دڵم چاك بکاتەوە کە پڕە لە گوناە. بۆ ئەوەی ئەو شتە ڕوو بدات، دەبێت بگەڕێمەوە لای پزیشکە مەزنەکە، کە خودایە. تەنها خودا پلانی هەیە بۆ ڕزگارکردنم لە مردن و مەحکوم کارە کە چاوەڕێم دەکات لەبەر ئەو گوناهەی لەناومدایە.

ڕەنگە کەسێك بپرسێ، (یەك دەقە برادەر! من کەسێکی باشم! من وەك کەسانی تر نیم کە درۆ دەکەن و فێڵ دەکەن و داوێن پیسی دەکەن!) ئەگەر ئەوە مەوقفی تۆیە، دیارە تۆ هێشتا لە پیرۆزی خودا تێنەگەیشتووی! ئەوەی پێویستە بیزانی ئەوەیە کە لەڕۆژی دادوەری، خودا بەراوردت ناکات لەگەڵ دراوسێیە گوناهبارەکەت. بەڵکو بەراوردت دەکات لەگەڵ یاسا پیرۆز و تەواوەکەی خۆی، کە دەفەرموێ: ئەوەی هەموو شەریعەت بپارێزێت و ساتمە لە یەکێکیان بکات، ئەوا لە هەمووی تاوانبارە. (یاقوب ٢: ١٠) ئەو خودایە کە دەفەرموێ: (داوێنپیسی مەکە.) هەروەها دەفەرموێ، (بە درۆ شایەتی لەسەر دراوسێکەت مەدە.) بۆیە، ئەگەر داوێن پیسیت

نەکردبێ، بەڵام تەنها یەك درۆیەکت کردبێ، ئەوا تۆ هەموو یاساکەت شکاندووە (تەماشای نامەی یاقوب ٢: ١١ بکە) و ناتوانێ بچیە حزوری خودا لە بەهەشت، لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: هیچ شتێکی گڵاو ناچێتە ناوی، نەک ئەوانەی قێزەوەنن و درۆزنن. (ئاشکراکردن ٢١: ٢٧) ئەوەی بێ گومانە ئەوەیە ئێمە هەرگیز ناتوانین دڵی خودا خۆش بکەین بەکردەوەی خۆمان! ئەوە ئەویە کە ووشەی خودا ڕایدەگەیێنێ کاتێ دەفەرموێ: هەموو وەک شتی گڵاومان لێ هات، هەموو ڕاستودروستیمان وەک بەرگی پیسی ئافرەت بوو. (ئیشایا ٦٤: ٦) هەموو جیهان بکەوێتە ژێر لێپرسینەوەی خودا...کەس بێتاوان نییە، تەنانەت یەکێکیش... هەموو ڕوویان وەرگێڕا. کەس نییە چاکە بکات، تەنانەت یەکێکیش نییە...بۆ هەمووان بەبێ جیاوازییە. لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن. (ڕۆما ٣: ١٩، ١٠، ١٢، ٢٢، ٢٣)

دە باشە، ئەگەر حاڵمان وابێت لەپێش ئەوەی کە دەبێت دادوەریمان بکات، چۆن دەتوانین لە سزادانی قوتار بین؟ چی بکەین بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت؟ ئایا هیچ هیوامان نیە؟ لەسەر بنەمای کردەوەی خۆمان هیچ هیوایەکمان نیە. بەڵام سوپاس بۆ خودا، کە پلانێکی داڕشتووە بۆ ڕزگارکردنی نەوەی ئادەم لە سزای گوناه!

با ئێستاش بەردەوام بین لە تەورات، بەشی بیست لە سیپارەی دەرچوون، وە ببینین ئەو ڕێگایەی خودا دابینی کردووە بۆ ڕزگارکردنی گەلی ئیسرائیل لەو نەفرەتەی کەوا یاسا پارساکەی بەسەریانیدا هێنابوو. لەپاش ئەوەی خودا دە ڕاسپاردەکەی دا بە گەلی ئیسرائیل، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ٢٠) [١٨]هەموو گەلیش هەورە تریشقە و بروسک و دەنگی کەڕەنا و کێوەکەیان بینی دووکەڵی دەکرد، گەل بینیان و لەرزین و لە دوورەوە وەستان... [٢١]موساش نزیک بووەوە لە تەمەکە، ئەوەی خودا لەوێ بوو. [٢٢] خوداوەند بە موسای فەرموو: (ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێیت، (ئێوە بینیتان کە لە ئاسمانەوە لەگەڵتاندا دووام... [٢٤] (بە خۆڵ قوربانگەم بۆ دروست دەکەیت و قوربانی سووتاندنەکان و قوربانییەکانی هاوبەشیت لە مەڕ و بزن و گاگەلەکەت لەسەری سەر دەبڕیت، لە هەموو ئەو شوێنانەی یادی ناوم دەکەمەوە دێمە لات و بەرەکەتدارت دەکەم.)

بەو شێوەیە، موسا هەموو شتێك کە خودا پێی فەرموو لە پەرتوکێك نووسی. پاشان بەیانی زوو موسا هەستا و قوربانگایەکی دروست کرد لە خوار چیای سینا هەر وەك ئەوەی خودا فەرمانی پێ دابوو. کاتێ موسا تەواو بوو لە دروستکردنی، فەرمانی بە چەن گەنجێك دا کە هەندێك گا بکەنە قوربانی و خوێنەکانیان لەناو جام خڕبکەنەوە، و گۆشتەکانیش لەسەر قوربانگاکە بسووتێنن. پاشان موسا خوێنی گایەکانی هێنا و پرژاندیە سەر قوربانگاکە و ئەو پەرتوکەی ڕاسپاردەکانی تێدا نووسی بوو، هەروەها بەسەر خەڵکەکەشدا، و وتی، (ئەوەتا خوێنی پەیمان کە خوداوەند لەگەڵتانی بەستووە لەسەر هەموو ئەم وشانە.) (تەماشای دەرچوون ٢٤: ٤–٨)

بۆیە دەبینین موسا، لەسەر فەرمانی خودا قوربانگای دروست دەکات و هەندێك ئاژەڵ دەکاتە قوربانی و خوێنەکانیان دەرژێنێتە سەر هۆزە زۆرەکانی ئیسرائیل. هۆی هەموو ئەمانە چیە؟ خودا ویستی گەلی ئیسرائیل بەبیر بێنێتەوە بەوەی کە بە باپیرانیانی ئادەم و هابیل و نوح و ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب فەرموو بوو کە لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. (عیبرانیەکان ٩: ٢٢) ئەوەی کە بیویستایە نزیکی خودا ببێتەوە دەبوایە بە قوربانی بێ عەیب لێی نزیك بێتەوە.

بۆچی خودا فەرمانی بە قوربانی ئاژەڵ دا؟ خودا فەرمانی پێ دا لەبەر ئەوەی ڕاستودروستە و یاسا پارساکەی دەفەرموێ کە سزای (بچووکترین) گوناه مردنە و ئیدانەی تاهەتاییە، دوور لە خودا و شکۆمەندی مەزنی ئەو. لەبەر ئەوەی نەوەی ئیسرائیل ناتوانن هەموو ڕاسپاردە پیرۆزەکانی بپارێزن، دەبوایە قوربانیەکی بێ عەیب بکەن بۆ خودا، بۆ ئەوەی قوربانییە بێ تاوانەکە جێگای ئەوە بگرێتەوە کە تاوانبارە. بەڵام، وەك ئەوەی تا ئێستا فێربووین، قوربانی ئاژەڵ ناتوانن گوناه لابەن، تەنها دەتوانن گوناهی مرۆڤ داپۆشن تاکو خودا ڕزگاری دەرە پیرۆزەکە دەنێرێ بۆناو جیهان. ڕزگاری دەرەکە بەڕەزامەندییەوە خۆی دەبەخشێ وەك دوایەمین قوربانی بۆ گوناه.

ئەمڕۆ چەن خۆشحاڵین بەوەی کە ئەم ڕزگاری دەرە هات و بەیەکجاری سزای گوناهەکانمانی داوە. ناوی ئەو دەزانی؟ بەڵێ، عیسایە. ناوی عیسا مانای (پەروەردگار ڕزگار دەکا) یە. عیسا باوکی زەمینی نەبوو. لە ئاسمانەوە هات. ئەو خەسڵەتی گوناهی هەموو


نەوەکانی ئادەمی بۆ نەمابووەوە. عیسا بەتەواوی بەگوێی دە ڕاسپاردەکانی کرد و هەموو پێداویستییە ڕاستودروستەکانی خودای جێ بە جێ کرد. لەبەر ئەوەی ئەو بێ گوناە بوو، ئەو توانادار بوو کە ژیانی خۆی ببەخشێ وەک قوربانی کە گوناهەکانی هەموو ئەو کەسانە دەسڕێتەوە کە باوەڕی پێ دێنن. لەسەر بنەمای قوربانی تەواوی ڕزگاری دەرەکە، خودا دەتوانێ من و تۆ وەک ڕاستوردروست دابنا، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی هیچ گوناهی نەبوو، ئازاری سزای گوناهی تۆ و منی کێشا.

لەسەر بنەمای ئەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە، با دوو بیری زۆر گرنگ لە یادمان بمێنێتەوە. یەکەم، بێ گومان بە لەوەی کەس ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات بە پاراستنی دە ڕاسپاردەکە! دووبارە با بزانین نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ سەبارەت بەمە: هەموو ئەوانەی پشت بە کرداری شەریعەت دەبەستن، لە ژێر نەفرەت دان، چونکە نووسراوە: {هەر کەسێک لە هەموو نووسراوی سیپارەکانی تەورات نەچەسپێت بۆ پەیڕەوکردن، نەفرەت لێکراوە.) (گەلاتیا ٣: ١٠) ئەوەی هەموو شەریعەت بپارێزێت و ساتمە لە یەکێکیان بکات، ئەوا لە هەمووی تاوانبارە. (یاقوب ٢: ١٠) کەس ڕزگاری نابێت بە هەوڵ دانی پاراستنی دە ڕاسپاردەکە! مەبەست لە ڕاسپاردەکان ئاشکراکردنی گوناهە.

دووەم بیر کە دەبێت بیپارێزین لە یادمان ئەوەیە کە خودا بەتەنیا پلانی هەیە بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران! نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ: چونکە خودا یەکە و یەک نێوانگر لەنێوان خودا و مرۆڤ دایە، عیسای مەسیحی مرۆڤ، ئەوەی وەک قوربانی خۆی بۆ هەمووان بەختکرد. (١ تیمۆساوس ٢: ٥، ٦) بەڕاستی، تەنها خودا پلانی هەیە گوناهباران ڕزگار بکات.

ئیتر بەم شێوەیە، لەلای ئەم دوو بیرە بە جێتان دێڵین: کەس ڕزگاری نابێت بە هەوڵ دانی پاراستنی دە ڕاسپاردەکە! تەنها خودا پلانی هەیە گوناهباران ڕزگار بکات!

با خودا بەرەکەتدارت بکات و بتوانیت تەماشای ناوەڕۆکی ئەوەی دیراسەتمان کرد، لەبەر ئەوەی ووشەی خودا دەفەرموێ: چونکە بە کرداری شەریعەت کەس لەلای (خودا) بێتاوان نابێت، بەڵکو گوتاهە بەخۆی شەریعەت دەناسرێت. (ڕۆما ٣: ٢٠)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. گوناهباران دەتوانن هەموو ڕاسپاردەکانی خودا بپارێزن؟

٢. بۆچی خودا دە ڕاسپاردەکەی دا بە نەوەی ئیسرائیل، لە کاتێکدا دەیزانی کەس ناتوانێ بیانپارێزی بەتەواوی؟

٣. بۆچی خودا باڕێکی وا قورسی خستە سەر شانی نەوەی ئادەم؟

٤. بۆ ڕوونکردنەوە، باپیرە گەورەمان ئادەم دەبوایە چەن گوناە ئەنجام بدات پێش ئەوەی خودا لە باخچەکانی

بەهەشت دەری بکات؟ دە گوناە؟ یان سەد؟ ڕەنگە هەزار بێت؟

٥ . ئەی مەبەست چیە لە دە ڕاسپاردەکە؟ بۆ لابردنی گوناهە؟

٦. بۆچی خودا دە ڕاسپاردەکەی دا بە موسا و نەوەی ئیسرائیل؟

٧. ئایا نەوەی ئادەم دەتوانن بەتەواوی بەگوێی خودا بکەن لە هەموو ڕاسپاردەکانی؟

٨. کەس دەتوانێ ئاوی پاك و ڕوون دەربکات لە بیرێکی پیس و چەپەڵ؟

٩. مەبەست چیە لە وێنەی تیشکی ئێکس؟ چۆن دە ڕاسپاردەکە دەتوانێ ئەو گوناهە ئاشکرا بکات کە لەناو مندایە؟

١٠. چۆن دەتوانین لە سزادانی قوتار بین؟ چی بکەین بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت؟ ئایا هیچ هیوامان نیە؟

١١. هۆی هەموو ئەمانە چیە؟ بۆچی خودا فەرمانی بە قوربانی ئاژەڵ دا؟

وانەی ٣٩: ڕاسپاردە شکاوەکان

دەرچوون ٣٢

لە سێ وانەی ڕابردوومانداو بینیمان چۆن خودا لەگەڵ هۆزەکانی ئیسرائیل دوا لە چیای سینا و لەناوەڕاستی ئاگر و بروسک و هەورەتریشقە، و دە ڕاسپاردە پیرۆزەکەی خۆی پێیان بەخشی. هەروەها بینیمان چۆن خودا فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل کرد کە قوربانگایەك لە لێوار چیای سینا دروست بکەن و هەندێك ئاژەڵی بێ عەیب بکەن پێشکەش بکەن وەك قوربانی.

بۆچی خودا فەرمانی بە قوربانی ئاژەڵ دا؟ خودا فەرمانی پێ دا چونکە ئەو ڕاستودروستە و یاسا پارساکەی ڕایدەگەیەنێ: ئەوەی هەموو شەریعەت بپارێزێت و ساتمە لە یەکێکیان بکات، ئەوا لە هەمووی تاوانبارە... هەر کەسێک گوناە بکات سەرپێچی دەکات، چونکە گوناە سەرپێچییە...کرێی گوناە مردنە. (یاقوب ٢: ١٠ و ١یۆحەننا ٣: ٤ و ڕۆما ٦: ٢٣) چونکە گەلی ئیسرائیل نەیانتوانی هەموو ڕاسپاردەکانی خودا بپارێزن، دەبوایە قوربانیەکی بێ عەیب پێشکەش بە خودا بکەن، تاکو ئاژەڵە بێ تاوانەکە بمرێت وەکو جێگری کەسە تاوانبارەکە. ئاژەڵەکە دەبوایە ژیانی خۆی دابنا بۆ ئەوەی کەسی گوناهبار نەمرێت. بەم شێوەیە خودا سەلماندی کە ڕاستودروستە و ناتوانێ لە گوناە ببورێ لەسەر بنەمای کردەوەی مرۆڤ. خودا دەتوانێ لە گوناە خۆش بێت تەنها لەسەر بنەمای خوێنی قوربانێکی تەواو.

وانەی ئەمڕۆمان بەناوی، ***ڕاسپاردە شکاوەکانە***. تا ئەم خاڵە لە چیرۆکی پێغەمبەر موسا و هۆزەکانی ئیسرائیل، ئەوان هێشتا لەپێش چیا سینا چادریان هەڵداوە لە بیابان. با بگەڕێنەوە بۆ تەورات بزانین چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی خودا دە ڕاسپاردەکەی پێیان بەخشی. لەبەشی بیست و چواری سیپارەی دەرچوون دەخوێنینەوە. (دەرچوون ٢٤) [١٢]خوداوەند بە موسای فەرموو: (سەر بکەوە بۆ لام بۆ کێوەکە و لەوێ بە، دوو تەختە بەردت دەدەمێ، فێرکردنەکان و فرمانەکانی تیادایە کە نووسیوومن بۆ فێرکردنیان.) [١٣] جا موسا و یەشوعی خزمەتکاری هەستان، ئینجا موسا بۆ کێوی خودا سەر کەوت. [١٤] بە پیرانیشی وت: (لێرە چاوەڕێمان بکەن تا دەگە ڕێینەوە لاتان، ئەوەتا هارون و حووریش لەگەڵتانن، گەر یەکێک داواکاری یاخود ناکۆکی هەبوو با بچێتە لایان.) [١٥] ئیتر موسا سەر کێوەکە کەوت و هەور کێوەکەی داپۆشی. [١٦] شکۆمەندی خوداوەندیش لەسەر کێوی سینا نیشتەوە و بۆ ماوەی شەش ڕۆژ هەور کێوەکەی داپۆشی، لە ڕۆژی حەوتەمدا لە نێو هەورەوە موسای بانگ کرد. [١٧] دیمەنی شکۆمەندی خوداوەندیش وەک ئاگرێکی بڵێسە داری بەتین بوو لەسەر کێو لەبەرچاوی نەوەی ئیسرائیل. [١٨] ئینجا موسا هاتە ناو هەورەکەوە و بۆ سەر کێوەکە سەر کەوت. جا موسا چل ڕۆژ و چل شەوی پێچوو لە کێوەکە.

با ڕاوەستین لێرە. لە دیراسەتی داهاتوومانداو، فێردەبین خودا چی بە موسا فەرموو لە ماوەی ئەو چل ڕۆژەدا لەسەر چیای سینا. بەڵام بۆ ئەمڕۆ، دەبینین چی ڕووی دا بەسەر گەلی ئیسرائیل لە خێوەتگاکەیان لە خوار چیای سینا کە چاوەڕێی گەڕانەوەی موسایان دەکرد. هەموومان دەزانین چاوەڕێ کردنی نەوەی ئادەم بە ئارامییەوە بۆ خودا ئاسان نیە. بۆ ئێمە ئاسان تر واز بێنین و ووشەی خودا لەبیر بکەین و بەڕێی خۆماندا بڕۆین. بۆیە، ئەوەی ئێستا دەیخوێنینەوە دەربارەی گەلی ئیسرائیل زۆر گرنگە بۆمان – زۆر زۆر گرنگە. خودا دەیەوێ ئاگادرامان بکاتەوە لەڕێگای ئەم چیرۆکە سەیرە.

لەبەشی سی و دوو دەخوێنینەوە: (دەرچوون ٣٢) [١] کاتێک گەل بینی موسا دوا کەوت لە هاتنە خوارەوە لە کێوەکە، جا لەسەر هارون کۆ بوونەوە و پێیان وت: (وەرە! چەند خودایەکمان بۆ دروست بکە لە پێشمانەوە بڕۆن، چونکە ئەم موسایە، ئەو پیاوەی لە خاکی میسرەوە سەری خستین نازانین چی لێهات.) [٢] هارونیش پێی وتن: (ئەو گوارە زێڕانەی لە گوێی ژنەکانتان و کوڕەکانتان و کچەکانتاندان لێی بکەنەوە و بۆمی بهێنن.) [٣] جا هەموو گەل ئەو گوارانەی لە گوێیان بوون لێیان کردنەوە و بۆ هارونیان هێنا. [٤] ئە ویش لە دەستیانی وەرگرت و بە سومبە وێنەی کێشا و کردی بە گوێرەکەیەکی لەقڵبدراو، جا وتیان: (ئەمە خوداکەتە ئەی ئیسرائیل، ئەوەی لە خاکی میسرەوە تۆی دەرهێنا.)

دەبینی گەلی ئیسرائیل چیان دەکرد؟ زۆر تێنەپەڕی لەپاش ئەوەی کە وتیان، (هەرچی پەروەردگار بیلێت دەیکەین!) دەبینین یەکەم

و دووەم ڕاسپاردەی خودایان شکاند کە تازە لەسەر چیای سینا پێیانی دا! خودا پێیانی فەرموو، یەکەم: (لە بەرامبەر من خودای دیکەت نابێت.) دووەم: (پەیکەر بۆ خۆت دروست ناکەیت.) ئەی گەلی ئیسرائیل چییان کرد؟ پشتیان لە خودا کرد و پەیکەریان بۆ خۆیان دروست کرد لە وێنەی گوێلکێك وەك ئەو بتەی لە میسر بینیبویان.

بۆچی گەلی ئیسرائیل وا زوو پشتیان لە خودا و ووشەی کرد؟ لەبەر ئەوەی ئەوان ویستیان خودایەك بوو کە بتوانن ببینن و دەستی لێ بدەن. وەك خەڵکی ئەم زەمانەن کە پشت لە ووشەی خودا دەکەن و بەدوای مرۆڤ و داب و نەریتیان دەکەون. شوێن کەوتنی مرۆڤێك کە چاو دەتوانێ ببینێ ئاسان تر لە شوێن کەوتنی خودا کە کەس ناتوانێ ببینێ. لەبەر ئەوەیە زۆربەی نەوەی ئادەم بیروبۆچوونی مرۆڤ، کە بنەمایەکی بەهێزی نیە لە جێگای ووشەی ڕاستی خودا دادەنەن.

با ئێستاش ببینین چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی گەلی ئیسرائیل گولکە زێڕینەکەیان بۆ خۆیان دروست کرد. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ٣٢) کاتێک هارون بینی، قوربانگەیەکی لە پێش گوێرەکەکە دروست کرد و بانگەوازی دا و وتی: (بەیانی جەژنە بۆ خوداوەند. ئینجا بەیانی زوو هەستان و قوربانی سووتاندنیان سەر خست و قوربانی هاوبەشییان پێشکەش کرد، ئینجا گەل بۆ خواردن و خواردنەوە دانیشتن، پاشان هەستان بۆ ڕابواردن.

بینیت هارون چی کرد؟ نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کە: قوربانگەیەکی لە پێش گوێرەکەکە دروست کرد و بانگەوازی دا و وتی: (بەیانی جەژنە بۆ خوداوەند.) ئەوە ڕاستییەکە بوو؟ ئایا گەلی ئیسرائیل دیانتوانی پەروەردگار بەو شێوەیە بپەرستن؟ بێ گومان نەخێر! دەزانین کە خودا هیچ بەشێك نەبوو لەو فیستیڤالی پەرستنەی ئەوان خەریکی ڕێکخستنی بوون. ئێستا ئەوان نەکە تەنها یەکەم و دووەم ڕاسپاردەیان شکاندووە، بەڵکو سێیەمیش کە دەڵێت: (ناوی خوداوەند خودات بۆ شتی پوچەڵ مەهێنە) (پەروەردگار خودا! خودا، خودا، خودا!) لەسەر زمانیان بوو، بەڵام دڵیان زۆر لێی دوور بوو. پەرستنەکەیان پووچەڵ بوو. ووشەکانیان دەربارەی خودا بێ بەها بوو. نوێژەکانیان تەنها چەن کرنۆش بردنێکی بێ مانابوو کەتەنها خودای تورە دەکرد!

ئێستاش با چیرۆکەکە تەواو بکەین: (دەرچوون ٣٢) [٧] جا خوداوەند بە موسای فەرموو: (بڕۆ خوارەوە، چونکە گەلەکەت گەندەڵ بوو، ئەوەی لە خاکی میسرەوە سەرت خست. [٨] زوو لایان دا لەو ڕێگایەی کە فەرمانم پێکردن، گوێرەکەیەکی لەقاڵبدراویان بۆ خۆیان دروست کردووە و کڕنۆشی بۆ دەبەن و قوربانی بۆ سەر دەبڕن و دەڵێن، (ئەمە خوداتە ئەی ئیسرائیل، ئەوەی لە خاکی میسرەوە سەری خستیت.) [٩] هەروەها خوداوەند بە موسای فەرموو: (تەماشای ئەم گەلەم کرد و ئەوەتا گەلێکی کەللەڕەقن. [١٠] ئێستاش لێم گە ڕێ با تووڕەییم بەسەریاند بێتە جۆش و کۆتایان پێ بهێنم، تۆش دەکەم بە گەلێکی مەزن.)

[١١] موساش لە خوداوەند خودای پارایەوە و وتی: (خوداوەند، بۆ چی تووڕەییت بەسەر گەلەکەت دێتە جۆش، کە لە خاکی میسرەوە بە توانایەکی مەزن و دەستێکی بەهێزەوە دەرت هێنا؟ [١٢] بۆ چی میسرییەکان بڵێن، (بە نیاز خراپی دەری هێنان تا لە کێوەکان بیانکوژێت و لەسەر ڕووی زەوی نەیانهێڵیت؟) لە جۆشی تووڕەیت بگەڕێوە و پەشیمان بەوە لەوەی خراپە بە گەلەکەت بکەیت. [١٣] ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیلی خزمەتکارانت بەبیر بێتەوە کە بە گیانی خۆت سوێندت بۆیان خوارد و پێیانت فەرموو، نەوەکانتان زۆر دەکەم وەک ئەستێرەکانی ئاسمان و هەموو ئەم خاکەش کە باسم کرد، دەیدەم بە نەوەکانتان و دەبێتە موڵکیان بۆ تاهەتایە.()

[١٤] جا خوداوەند پەشیمان بوەوە لەو کارەساتەی فەرمووی، کە ویستی بە گەلەکەی بکات. [١٥] جا موسا ڕووی وەرگێڕا و لە کێوەکە هاتە خوارەوە و هەردوو تەختەی شایەتییەکەش بەدەستیەوە بوو، ئەو تەختانەی لە هەردوو ڕووەکەی نووسرابوون، لەم لاو لەو لاوە نووسرابوون. [١٦] تەختەکان دەستکردی خودان و نووسینەکەش نووسینی خودایە لەسەر تەختەکان نەخش کراوە. [١٧] کاتێک یەشوع گوێی لە دەنگی گەل بوو کە هاواریان دەکرد، بە موسای وت: (دەنگی جەنگە لە ئۆردوگاکە!) [١٨] ئەویش وتی: (نە دەنگی هاواری سەرکەوتنە، نە دەنگی هاواری دۆڕانە، بەڵکو دەنگی گۆرانییە، ئەوەی گوێم لێیە.)

[١٩] ئەوە بوو کاتێک لە ئۆردوگاکە نزیک کەوتەوە، چاوی بە گوێرەکە و سەما کەوت، جا تووڕەیی موسا جۆشا و هەردوو تەختەکەی لە دەستیەوە فڕێ دا و لە خوار کێوەکە شکاندنی. [٢٠] ئینجا ئەو گوێرەکەیەی دروستیان کردبوو بردی و بە ئاگر سووتاندی و هاڕی تا بوو بە تۆز و بەسەر ئاوەکەدا بەبای کرد و ئاوەکەی بە نەوەی ئیسرائیل خواردەوە. [٢١] موسا بە هارونی وت: (ئەم گەلە چییان

لێکدوویت تا ئەو گوناهە گەورەیەیان بەسەر بهێنیت؟) ٣٢ هارونیش وتی: (با تووڕەیی گەورەم نەجۆشێت، خۆت ئەم گەلە دەناسیت
کە لە خراپە دایە. ٣٣ پێیان وتم، (چەند خودایەکمان بۆ دروست بکە لە پێشمانەوە بڕۆن، چونکە ئەم موسایە، ئەو پیاوەی لە خاکی
میسرەوە سەری خستین، نازانین چی لێهات.) ٢٤ منیش پێم وتن، (کێ زێڕی هەیە با لێی بکاتەوە و بمداتێ، جا فڕێم دایە ناو ئاگرە
وە و ئەم گوێرەکەیەی لێ دەرچوو!) ٢٥ موسا بینی گەل بەڕەڵا کراوە، چونکە هارون بەڕەڵای کردبوون تا ببن بە گاڵتەجاڕ لەنێو بە
رهەڵستکارانیاندا. ٢٦ ئینجا موسا لە دەروازەی ئۆردوگاکە وەستا و وتی: (کێ بۆ خوداوەندە با بێتە لام.) جا هەموو نەوەی لێڤی لێی کۆ
بوونەوە. ٢٧ ئەویش پێی وتن: (خوداوەند خودای ئیسرائیل ئاوای وت، (با هەریەکە شمشێرەکەی بکات بە لاڕانیەوە، دەروازە بە دە
روازە بە ئۆردوگاکەدا تێبپەڕن و بگەڕێنەوە، با هەریەکە و بکوژێت، جا برای بێت یان هاوڕێ یان هاوسێ.) ٢٨ نەوەی لێڤیش وایان
کرد، وەک موسا وتی و ئەو ڕۆژە نزیکەی سێ هەزار پیاو لەگەل کەوتن. ٢٩ ئیتر خوداوەند بە دەرد لە گەلی دا لەسەر ئەوەی لەگە
ڵ گوێرەکەکە کردیان کە هارون دروستی کرد.

لەپاش ئەمە، پەروەردگار بە موسای فەرموو کە دوو تەختەی بەردین دروست بکات بۆ ئەوەی لەشوێنی ئەوانەی شکاندی بگرێتەوە.
لەسەر ئەوانە پەروەردگار دووبارە دە ڕاسپاردەکانی نووسییەوە کەوا گەلی ئیسرائیل شکاندیان. چ گوناهێکی مەزن بوو گەلی ئیسرائیل
کردیان! یاسای پارسای خودایان شکاند. دڵی خراپەکاری مرۆڤ دووبارە خۆی بەدەر خستەوە. سەرەڕای ئەو هەموو شتەی
پەروەردگار بۆ نەوەی ئیسرائیلی کرد، دەبینین چۆن زوو ڕێگای ڕاستودروستییان بەجێ هێشت کە خودا دایمەزراندووە. ڕێگایەکی
تریان هەڵبژارد شوێنی بکەون، ئایینێکی تر بۆ خۆیان دروست بکەن. ڕێگای کردەوەی دەستی خۆیان هەڵبژارد. پشتیان لەو ڕێگایەی
کە خودا دایمەزراندووە کرد و خۆشییان دەردەبڕی بە ئایینێك کە بۆ خۆیانیان هەڵبژاردبوو. ناوی خودا لەسەر لێویان بوو، بەڵام دڵیان
زۆر لێی دوور بوو! بۆیە وا سنووریان بەزاند و گولکێکیان داڕشت بە کانزا، و خۆشییان دەردەبڕی بە کردەوەی دەستیان و پشتیان لە
خودای زیندوو و ڕاستەقینە کرد.

خودا دەیەوێ چیمان فێربکات لەم چیرۆکە سەیرە؟ خودا دەیەوێ بیر لە بۆچونمان بکەینەوە و بزانین پەیوەندیمان لەگەڵی چۆنە.
ڕەنگە هەندێ کەس هەبن کە بیربکەنەوە و بڵێن: (من وەك گەلی ئیسرائیل نیم. قەت پشتم لە خودا نەکردووە و هەرگیز بتم
نەپەرستووە.) ئەی ئەو کەسەی وا بیردەکەیەوە، ئایا بەتەواوی دڵنیای کە هەرگیز بتت نەپەرستووە؟ ڕەنگە بتێکت دانەڕشتبێ بە
کانزا بۆ خۆت. بەڵام بت هەر ئەوە نیە شێوەیەکی تراشراو بێت و بپەرستریت. بت هەموو شتێکە کە بکەوێتە نێوان ئێمە و خودا.
دەکرێ بت پارە بێت یان جل و بەرگ یان سێکس، تەلەفزیۆن، خۆت، یەکێکی تر وەك خۆت یان داب و نەریتی باب و باپیرانت. هەندێ
کەس خۆیان بە دوعا و نووشتە دەبەستنەوە. هەندێ کەسی تر ئەرکە ئایینەکانی خۆیان کردۆتە بت بۆ خۆیان، گرنگی زیاتر بە نوێژ و
بە ڕۆژووبوون دەدەن لەوەی گوێ لە ووشەی خودا بگرن! هەرچی شتێك جێگای خودا و ڕاستی خودا بگرێتەوە ئەوا بتە.

کێ خودای تۆیە؟ کێ دەپەرستی بەڕاستی، پەروەردگار خودا یاخود بت؟ ئایا ناوی خودا تەنها لەسەر زمانتە یاخود ناوی ئەو چۆتە
ناو دڵتەوە؟ شتێك هەیە ئەو کەسانە جیا دەکاتەوە کە بەڕاستی خودا دەپەرستن لەوانەی بت دەپەرستن. ئەویش ووشەی خودایە.
ڕات چیە بەرامبەر ووشەی ڕاستەقینەی خودا؟ ووشەی خودا دەناسی؟ باوەڕت پێی هەیە؟ پڕ بەدڵت خۆشت دەوێ؟ یاخود تۆش
وەك گەلی ئیسرائیلی کە خودا سەبارەت بەوان فەرمووی: ئەم گەلە بەسەر لێوان ڕێزم لێ دەگرێت، بەڵام دڵی لێم دوورە. ئەوان بە
خۆڕایی دەمپەرستن، فێرکردنێک فێردەکەن کە ڕاسپاردەی خەڵکە. (مەتا ١٥: ٨، ٩)

ئەی دەربارەی تۆ؟ کێ بەڕاستی دەپەرستی، خودای ڕاستودروست کەوا یاسا ڕاستودروستەکەی دا بە موسا؟ باوەڕت بە ووشەی ئەو
هەیە؟ یاخود هیوای خۆت لای کرداری ئایینی خۆت دادەنەی وەك ئەوەی گەلی ئیسرائیل کردیان؟ بابەتەکە هەرچی بێت، نووسراوی
پیرۆز دەفەرموێ: ئەم شتانە بەسەر گەلی ئیسرائیلدا هات وەک پەند، بۆ ئاگاداری ئێمەش نووسراوە... بۆیە خۆشەویستانم، لە بتپە
رستی ڕابکەن. وەک بۆ هۆشیاران بێت دەدوێم. (١ کۆرنسۆس ١٠: ١١، ١٤، ١٥) بەڵام ترسنۆکان و بێ باوەڕان و قێزەوەنان، بکوژان
و داوێنپیسان و جادوگەران، بتپەرستان و هەموو درۆزنان، بەشیان لە دەریاچەی بە ئاگر و گۆگرد داگیرساوە کە مردنی دووەمە.
(ئاشکراکردن ٢١: ٨) ئەگەر شایەتی خەڵک وەردەگرین، ئەوا شایەتی خودا گەورەترە، چونکە ئەمە شایەتی خودایە سەبارەت بە کوڕە

کەی داویەتی...هەروەها دەزانین کەوا کوڕی خودا هات و چاوی کردینەوە تاکو ئەو بناسین کە ڕاستییە... منداڵەکان، خۆتان لە بت بپارێزن. (١ یۆحەنا ٥: ٩، ٢٠، ٢١)

خودا بەرەکەتدارت بکات کە ئەم ئاگادارییە گرنگەت بەبیر دێتەوە لە ووشەی: منداڵەکان، خۆتان لە بت بپارێزن. (١ یۆحەنا ٥: ٢١)

گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی خودا فەرمانی بە قوربانی ئاژەڵ دا؟

٢. ئەی گەلی ئیسرائیل چییان کرد؟

٣. بۆچی گەلی ئیسرائیل وا زوو پشتیان لە خودا و ووشەی کرد؟

٤. هارون چی کرد؟

٥. ئەوە ڕاستییەکە بوو؟ ئایا گەلی ئیسرائیل دیانتوانی پەروەردگار بەو شێوەیە بپەرستن؟

٦. ئەی ئەو کەسەی وا بیردەکەیەوە، ئایا بەتەواوی دڵنیای کە هەرگیز بتت نەپەرستووە؟

٧. کێ خودای تۆیە؟ کێ دەپەرستی بەڕاستی، پەروەردگار خودا یاخود بت؟ ئایا ناوی خودا تەنها لەسەر زمانتە یاخود ناوی ئەو چۆتە ناو دڵتەوە؟

٨. ڕات چیە بەرامبەر ووشەی ڕاستەقینەی خودا؟ ووشەی خودا دەناسی؟ باوەڕت پێی هەیە؟ پڕ بەدڵت خۆشت دەوێ؟

٩. ئەی دەربارەی تۆ؟ کێ بەڕاستی دەپەرستی، خودای ڕاستودروست کەوا یاسا ڕاستودروستەکەی دا بە موسا؟ باوەڕت بە ووشەی ئەو هەیە؟ یاخود هیوای خۆت لای کرداری ئایینی خۆت دادەنەی وەک ئەوەی گەلی ئیسرائیل کردیان؟

وانەی ٤٠: چادری چاو پێکەوتن

دەرچوون ٢٤ — ٤٠ و لێڤییەکان ١٦

لە وانەی ڕابردوومانداو بینیمان چۆن گەلی ئیسرائیل پشتیان لە پەروەردگار کرد، ئەوەی کە ڕزگاریانی کرد لە بەندایەتیان لە میسر. کاتێ موسا ووشەی خودای وەردەگرت لەسەر چیای سینا، گەلی ئیسرائیل خەریکی دروستکردنی گۆلکێکی زێڕین بوون بۆ ئەوەی بیپەرستن وەک بت. بەڵام ئێستا، دەخوێنین چیرۆکێکی زۆر خۆشتر. چیرۆکیکی زۆر سەرسوڕهێنەرە لەبەر ئەوەی زۆر بنچینەییە. دەبینین چۆن خودا بە موسا و گەلی ئیسرائیلی فەرموو ڕەشمالێکی تایبەتی دروست بکەن بۆ ئەوەی فێریان بکات چۆن نزیك ببنەوە لێی و کۆببنەوە لەگەڵی و بیپەرستن.

لە تەوارت دەخوێنینەوە، سیپارەی دەرچوون، بەشی بیست و چوار، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ٢٤) [١٦] شکۆمەندی خوداوەندیش لەسەر کێوی سینا نیشتەوە و بۆ ماوەی شەش ڕۆژ هەور کێوەکەی داپۆشی، لە ڕۆژی حەوتەمدا لە نێو هەورەوە موسای بانگ کرد. [١٧] دیمەنی شکۆمەندی خوداوەندیش وەک ئاگرێکی بڵێسەداری بەتین بوو لەسەر کێو لەبەرچاوی نەوەی ئیسرائیل. [١٨] ئینجا موسا هاتە ناو هەورەکەوە و بۆ سەر کێوەکە سەر کەوت. جا موسا چل ڕۆژ و چل شەوی پێچوو لە کێوەکە.

(دەرچوون ٢٥) [١] خوداوەند لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: [٢] (بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ با پیتاکم بۆ وەربگرن، لە هەریەکێک کە دڵی هانی بدات پیتاکەکەم ببەخشێت. [٣] ئەمەش ئەو پیتاکەیە کە لێیان وەردەگرن، زێڕ و زیو و مس، [٤] ڕێسی ورد بە ڕەنگی مۆر و باینجانی و سووری ئاڵ و هەروەها کەتان و مووی بزن، [٥] پێستی بەرانی خۆشەکراو بە ڕەنگی سوور و پێستی مانگای دەریا و داری چنار، [٦] زەیتی چراو بۆن بۆ ڕۆنی چەورکردن و بۆ بخووری بۆندار، [٧] بەردی عاشقبەند و بەردی گرانبەهای تر بۆ ئێفۆد و بۆ بەرسینە. [٨] (پیرۆزگایەکیشم بۆ دروست دەکەن تا لە نێوانیان نیشتەجێبم، [٩] وەک هەموو ئەوەی پیشانت دەدەم لە نموونەی هەوارگە و نموونە ی هەموو قاپوقاچاغەکانی، ئاوا دروستی دەکەن.

باشە، خودا چی بە موسا فەرموو؟ شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەر و دڵڕفێنی پێ فەرموو! خودا پلانی هەبوو لەنێوان گەلی ئیسرائیلدا نیشتەجێ ببێت، لەنێوان ئەوانەی کە زۆر جار گوناهیان ئەنجام دا بەرامبەری! بۆچی خودا، کە مەزن و پیرۆزە، دەیەوێ لەگەڵ گوناهباری ئاوها بژێت؟ بۆچی خودا، کە ڕۆحە و پێویستی بەهیچ نیە خۆی ماندوو بکات و لەگەڵ نەوەی ئادەم قسە بکات کەوا پشتیان لەو کرد؟ وەك تا ئێستا بینیمان، خودا مرۆڤی لەوێنەی خۆی دروست کرد لەبەر ئەوەی ویستی هاوڕێیەتی لەگەڵ هەبێ. گوناهی مرۆڤ ئەو هاوڕێیەتیەی شکاند، بەڵام خودا ڕێگایەکی ڕاستودروستی دامەزراند کەوا مرۆڤ بتوانێ بێتەوە لای خودا. لەبەر مەبەستی تاهەتایی و میهرەبانی مەزنی خودا بوو بۆ گوناهباران کەوا پەروەردگار خودا پلانی دانا ئامادەیی شکۆداری خۆی لەناوەندی گەلی ئیسرائیل دابنا. بە چادرێکی زۆر تایبەت و هەندێك یاسای زۆر تایبەت، خودا پلانی دانا بە نەوەکانی ئادەم نیشان بدات چۆن دەتوانن لە خودا نزیك ببنەوە. وەك چۆن تا ئێستا فێربووین، و لەبەر ئەوەی خودا پیرۆزە، گوناهباران ناتوانن هاوڕێیەتیان لەگەڵی هەبێ بە هەموو شێوەیەك. لەبەر ئەمە، خودا فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل دا ڕەشمالێکی تایبەت دروست بکەن بۆ ئەو تاکو لەنێوانیاندا بێت — بەشێوەیەك شایەنی پیرۆزی شکۆمەندی ئەو بێت. هەروەها، لە ڕێگای ئەم ڕەشمالە تایبەتیەوە خودا پلانی دانا نەوەکانی داهاتوو فێری زۆر پەندی گرنگ بکات دەربارەی خۆی و ڕزگاری دەرەکە کە پلانی دانا بینێرێتە جیهان.

پێش ئەوەی سەرنجی ئەوەی خودا فەرمانی بە موسا دا بدەین سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێیەکە کە دەبوایە گەلی ئیسرائیل دروستی بکەن، پێویستە یەکەم جار تێ بگەین کە خودا فەرمانی پێیان نەدا ڕەشمالێك دروست بکەن بۆی لەبەر ئەوەی پێویستی بە جێگایەك بوو لێی بژێ! نەخێر! خودای بالادەست، کەوا جیهان و هەموو شتێك کە تیدایە دروست کردووە، لە خانووی دروستکردنی مرۆڤ ناژێت! لە نووسینەکانی پێغەمبەران، پەروەردگار خۆی ڕایدەگەێنێ: (خوداوەند ئاوای فەرموو، ئاسمانەکان تەختی منە و زەویش جێی پێی منە لە کوێ ماڵێکم بۆ بنیاد دەنێن و لە کوێیە شوێنی حەوانەوەم؟ هەموو ئەمانەش دەستی من دروستی کردن جا هەموو ئەمانە بوون) (ئیشایا ٦٦: ١، ٢ و کردارى نێردراوان ٧: ٤٨، ٤٩)

ئەی باشە بۆچی خودا فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل دا چادرێك دروست بکەن کەوا ڕوح و شکۆمەندی ئەو تیایدا نیشتەجێ بێت؟ وەك پێشتر باسمان کرد، خودا ویستی گەلی ئیسرائیل و هەموو نەوەی ئادەم فێربکات چەن شەیدای هاوڕێیەتیە لەگەڵیان. خودا هەروەها ویستی نیشاندانێك بخاتە بەردەستیان کەوا چۆن لە گوناهی خەڵك خۆش دەبێت و مافی ئەویان هەبێ لەگەڵ خودا بژێن لە بەهەشت تاهەتا!

بۆیە، خودا فەرمانی بە موسا و گەلی ئیسرائیل دا ڕەشمالێکی بۆ دروست بکەن بۆ ئەوەی نیشتەجێی ببێ. بەڵام ئەم چادری چاوپێکەوتنە نابێ وەك هیچ چادرێکی ئاسایی بێت. لە ڕاستیدا، نووسراوە پیرۆزەکان پەنجا بەشی تێدایە کە باسی چۆنیەتی بە سەرچوونی ئیشی چادری چاوپێکەوتن و بەڕێوە چوونی دەکات! ئەو بەشانە بەشی بنچینەیین و ئێمەش دەتوانین شتە زۆر گرنگەکان کورت بکەینەوە.

ئەوەی دەبێت بیزانیت دەربارەی ئەم چادری چاوپێکەوتنە ئەوەیە کە خودا بە موسای فەرموو دەبێت دوو ژووری تێدابێت. چادری چاوپێکەوتن یەك چادر بوو، بەڵام پەردەیەکی جوان و قورس دروست کرابوو بۆ ئەوەی لە ناوەڕاستەوە بیکات بە دوو ژوور.

یەکەم ژوور پێی دەوترا، ***شوێنە پیرۆزەکە***. کەس نەیدەتوانی بچێتە ژوورەوە جگە لە کاهینەکان نەبێ. کاهینەکان ئەوانە بوون کە خودا لە نەوەی هارون هەڵبژاردوون بۆ سەربڕینی ئاژەڵەکان وەك قوربانی کەوا گوناه دادەپۆشێ. سێ شت هەبوو لەو شوێنە پیرۆزە. مێزێکی ئاڵتون کەوا بخوریان لەسەری دەسووتاند و فانۆسێك، و مێزێك کەوا نانێکی تایبەتیان لەسەر پێشکەش دەکرد بۆ خودا وەك پەرستن.

دووەم ژووری ڕەشمالەکە پێیان دەوت (شوێنی هەرە پیرۆز). پێی دەوترا شوێنی هەرە پیرۆز لەبەر ئەوەی پاش تەواوبوونی ڕەشمالەکە خودا پلانی دانا دابەزێ و ئەو ژووڕە پڕ بکاتەوە بە شکۆمەندی بێ هاوتای خۆی. ئەم شوێنە هەرە پیرۆز نموونەی بەهەشت بوو. لە دەرئەنجامدا، ئەو ژووڕە ژووری خودا بەتەنها بوو! بۆیە خودا بە موسای فەرموو کە هەرکەسێك هەوڵ بدات بێتە ناو ئەو ژووڕەوە دەمرێ! کەس نەیدەتوانێ بێتە ناو شوێنی هەرە پیرۆز تەنها کاهینی باڵا نەبێت و تەنها ساڵی جارێك. سەرەڕای ئەوەش، دەبوایە بە خوێنی قوربانیەك بۆ گوناهەکانی خۆی و گوناهەکانی خەڵك بێتە ژووڕە، هەروەك خودا ڕایگەیاندبوو.

لە ناوەوەی شوێنی هەرە پیرۆز، خودا فەرمانی دا بە موسا سندوقێك دابنات کە لە داری ئەکاشیا دروست کرابێ، و بە زێڕی ساف داپۆشێ. ئەو سندوقە پێی دەوترا (سندوقی پەیمان). لەناو سندوقی پەیمان، دەبوایە هەردوو تەختە بەردییەکە کەوا دە ڕاسپاردەکانی لەسەر نووسراوە دابنەن. لەسەر سندوقەکە دەسکێکی زێڕینیان دانابوو کەوا کاهینی باڵا دەبوایە ساڵی جارێك خوێنی ئاژەڵێکی بەسەردا بپرژێنێ تاکو خودا لە گوناه گەلی ئیسرائیل خۆش بێت. بۆیە خودا ناوی لەم دەسکە نا (قەباغی کەفارەت).

لەپاش ئەوە، خودا بە موسای نیشان دا چۆن دەبێت پەردەیەکی بڵند دروست بکەن بۆ چواردەورە گرتنی چادری چاوپێکەوتن، دیواری گۆڕەپانەکە، دەبوایە لە پەردەیەکی سپی دروست بکرابوایە. لەناو ئەو پەردەیەی چواردەورەی چادرەکەی گرتبوو دەبوایە یەك دەرگا دروست بکەن. بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ بێتە ناو گۆڕەپانی چادری چاوپێکەوتن بێ ئەوەی لە دەرگاکەی بپەڕێتەوە. لەناو گۆڕەپانەکە و لە بەرامبەر دەرگاکەی، خودا فەرمانی بە موسا و گەلی ئیسرائیل دا قوربانگایەك لە برۆنز دروست کرابێ دابنەن. هەموو کەسێك کە بە دەرگای گۆڕەپانەکدا تێپەڕیبوایە، دەبوایە بەلای قوربانگاکەدا بڕۆیشتایە یەکەم جار. خودا ویستی گەلی ئیسرائیل و هەموو نەوەی ئادەم فێربکات ئەو ڕێگایەی کە دەبێت پێیدا بڕۆن بۆ ئەوەی لە خودا نزیك ببنەوە. گەلی ئیسرائیل چۆن لەخودا نزیك ببنەوە؟ لە ڕێگای خوێنی قوربانی.

هەموو ئەوانەی ویستیان بچنە ناو گۆڕەپانی (شوێنی نیشتەجێی خودا) دەبوایە بە قوربانی ئاژەڵەوە بچنە ژووڕەوە وەك سزایێك بۆ گوناهەکانیان. خودا گەلی ئیسرائیلی فێردەکرد کە هەرگیز کەس ناتوانێ لێی نزیك ببێتەوە تەنها بە خوێنی قوربانی نەبێ. بۆیە خودا بە موسای فەرموو، (چونکە گیانی لەش لە خوێندایە و من لەسەر قوربانگە بە ئێوەی دەدەم بۆ کەفارەتکردن بۆ گیانتان، چونکە خوێن کەفارەت بۆ گیان دەکات.) (لێڤییەکان ١٧: ١١)

لەبەر ئەوە، ئەگەر کەسێك بیویستایە خودا بپەرستێ، دەبوایە یەکەم جار ئاژەڵێك بکاتە قوربانی لەپێناوی لێ خۆش بوونی گوناهەکانی. ئەو کەسە دەبوایە گایەك یان مەڕێك یان باڵندەیکی بهێنایە گۆڕەپانی چادری چاوپێکەوتن. لەپێش قوربانگاکە، دەبوایە دەستی دابنات لەسەر سەری قوربانیەکەی هێناویەتی و دان بنات بۆ خودا کە گوناهبارە و شایەنی ئەوەیە کە بمرێت لەبەر گوناهەکەی. پاشان سەری ئاژەڵەکەی دەبڕی. پاشان کاهینێك خوێنی قوربانییەکەی دەبرد و دەیپرژاندە سەر قوربانگاکە و زەوی دەوراوپشتی. پاشان قوربانییەکەی دەسووتاند لەسەر قوربانگاکە. بەو شێوەیە خودا دەتوانێ لە گوناهی کەسی گوناهبار خۆش بێت، لەبەر ئەوەی ئاژەڵە بێ تاوانەکە مرد لە جێگای ئەو.

گەلی ئیسرائیل دەبوایە ئەم قوربانییانە هەموو ساڵێك دووبارە بکەنەوە. قوربانی ئاژەڵ ناتوانێ پیرۆزی خودا ڕازی بکات تاهەتا. ئەوانە پشاندەری کاتی ڕزگاری دەرەکەن ئەوەی دەبوایە بێت و بمرێت لە جێگای گوناهباران – تاکو خودا بە یەك جاری لە قەردی گوناە نەوەکانی ئادەم خۆش بێت بێ ئەوەی لە ڕاستودروستی خۆی دەربچێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی ڕزگاری دەرەکە دەیکات بۆ گوناهباران، خودا ڕۆژێکی لە هەموو ساڵێك دامەزراند بۆ گەلی ئیسرائیل کە کاهینی باڵا بچێتە ژووری دووەمەوە، شوێنی هەرە پیرۆزی چادری چاوپێکەوتن . ئەو ڕۆژە پێی دەوترا (ڕۆژی کەفارەت دان). لەو ڕۆژەدا، کاهینی باڵا دەسەڵاتی هەبوو بچێتە ناو ئەو شوێنی هەرە پیرۆز و خوێن بپرژێنێتە سەر قەباغی کەفارەتی سندوقی پەیمانی خوداوەند. هەرگیز نەیدەتوانێ بێ خوێنی ئاژەڵێکی بێ عەیب بچێتە ناو شوێنی هەرە پیرۆز، کەوا دەیکردە وەقف بۆ خودا لەبەر گوناهەکانی خۆی و خەڵکەکە. بەم شێوەیە، خودا شێوازی هاتنی ڕزگاری دەرەکەی نیشان دەدا، خوێنی خۆی دەڕێژی تاکو خودا لەگوناهی گوناهباران خۆش بێت و بەخێرهاتنیان بکات بۆ لای ئامادەیی خۆی تاهەتا!

وانەی ئەمڕۆمان زۆر قوول و سەرسوڕهێنەرە. بەڵام شتێکی تر هەیە کە دەبێت لێی تێ بگەن دەربارەی چادری چاوپێکەوتن. لە دوایەمین بەشی سیپارەی دەرچوون، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: نەوەی ئیسرائیل ئاوا هەموو کارەکەیان کرد. جا موسا تەماشای هەموو کارەکەی کرد و بینی ئەوەتا وەک ئەوەی خوداوەند فەرمانی دا ئاوایان کردووە، ئیتر موسا داوای بەرەکەتی بۆ کردن. ئینجا هەورێک چادری چاوپێکەوتنی داپۆشی و شکۆمەندی خوداوەند هەوارگەکەی پڕ کرد. لەبەر ئەوە موسا نەیتوانی بچێتە ژوورەوە بۆ ناو چادری چاوپێکەوتن، چونکە هەور هاتە سەری و شکۆمەندی خوداوەند هەوارگەکەی پڕ کرد. (دەرچوون ٣٩: ٤٢، ٤٣ و ٤٠: ٣٤، ٣٥)

دەبینی چی ڕووی دا؟ لەپاش ئەوەی چادری چاوپێکەوتن ئامادەبوو، شکۆمەندی پەروەردگار هاتە سەری و شوێنی هەرە پیرۆزی پڕکردەوە، و تیشکی شکۆمەندی خودا شەوقی دایەوە، تەنانەت بەسەر تیشکی ڕۆژیش کەوت! ئەوەی کە دەبێت لە یادمان بێت لەم هەموو شتە ئەوەیە کە خودا بەرەکەتە مەزنەکانی تری پشان دەدا کەوا بەرەو هاتن بوو کاتێ ڕزگاری دەرەکە لە ئاسمانەوە دادەبەزی و هات لەنێو نەوەی ئادەم نیشتەجێ بێت. ڕزگاری دەرەکە خۆی چادری چاوپێکەوتنی ڕاستەقینەیە کە خودا پێمانی بەخشی تاکو پەیوەندییکی نزیك و سەرسوڕهێنەرمان لەگەڵی هەبێت تاهەتا! وەك نووسراوە لە ئینجیلی پیرۆز: لە سەرەتادا، وشەکە بوو، وشەکە لە لای خودا بوو، وشەکەش خودا بوو... وشەکەش بووە جەستە و لە ناومانْدا نیشتەجێ بوو. شکۆی ئەومان بینی...ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات! (یۆحەنا ١: ١، ١٤، ٢٩)

بەڵێ، ڕزگاری دەرەکە ئەو کەسەیە کە هەموو ئەو شتانەی جێ بە جێ کرد کە چادری چاوپێکەوتن و قوربانی ئاژەڵ نیشانی دەدا. لەبەر ئەوەی نەك تەنها ئەو هات و لەنێو مرۆڤدا ژیا، بەڵکو هەروەها خوێنی خۆی ڕشت وە قوربانێکی تەواو بۆ گوناهباران تاکو ئێمە پەیوەندییکی نزیکمان لەگەڵ خودا هەبێت تاهەتا!

ئایا تێ گەیشتن لەوەی خوێندمان قورسە؟ باشە دەبا ئەوەمان لەبیر بێت کە هەندێ جار شت هەیە لە ووشەی خودا کە تێ گەیشتنی قورسە، بەڵام ئەوا مانای ئەوە نیە کە ڕاست نین! دەبا قەت ئەوەمان لە یاد نەچێت کە پەروەردگار خۆی دەفەرموێ: بیر کردنەوەی من بیر کردنەوەی ئێوە نییە و ڕێگاکانی ئێوەش ڕێگای من نییە، خوداوەند ڕای گەیاند، چونکە بە بەرزی ئاسمانەکان بەسەر زەوییەوە

ئاواش بەرزە ڕێگاکانم بەسەر ڕێگاکانتان و بیر کردنەوەم بەسەر بیر کردنەوەتان. (ئیشایا ٥٥: ٨، ٩)

خودا بەرەکەتدارت بکات. بەم چەن ئایەتەی نووسراوی پیرۆز مالّ ئاواییت لێ دەکەین:

ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا! چەندە مەحاڵە پشکنینی حوکمەکانی!...کێ بیری خوداوەندی زانی؟ یان کێ بووە ڕاوێژکاری؟... هەموو شتەکان لە ئەوە و بە هۆی ئەوە و بۆ ئەوە. تاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە! ئامین. (ڕۆما ١١: ٣٣–٣٦)

گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. خودا چی بە موسا فەرموو؟


٢. بۆچی خودا، کە مەزن و پیرۆزە، دەیەوێ لەگەڵ گوناهباری ئاوها بژێت؟

٣. بۆچی خودا، کە ڕۆحە و پێویستی بەهیچ نیە خۆی ماندوو دەکات و لەگەڵ نەوەی ئادەم قسە دەکات کەوا پشتیان لەو کرد؟

٤. بۆچی خودا فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل دا چادرێك دروست بکەن کەوا ڕوح و شکۆمەندی ئەو تیایدا نیشتەجێ بێت؟

٥. گەلی ئیسرائیل چۆن دەتوانن لە خودا نزیك ببنەوە؟ دەبینی چی ڕووی دا؟

٦. ئایا تێ گەیشتن لەوەی خۆیندمان قورسە؟



وانەی ٤١: بێ باوەڕی گەلی ئیسرائیل

ئامارەکان ١٣و ١٤

بەردەوامین لە گەڕان لە تەورات. وەك خۆت دەزانی، تەورات یەکەم بەشی نووسینەکانی پێغەمبەرانە و پێك هاتووە لە پێنج بەش یاخود سیپارە. لە یەکەم سیپارە، سیپارەی پەیدابوون، فێربووین چۆن گوناە هاتە ناو جیهانەوە و مەینەتی و مردن و ئیدانەی لەگەڵ خۆی هێنا. هەروەها بینیمان چۆن خودا پلانێکی داڕشت بۆ ڕزگار کردنی ئادەم و نەوەکەی لە سزای گوناە، کەوا چوونە ناو ئاگری دۆزەخ تاهەتا. فێربووین چۆن خودا بەڵێنی دا ڕزگاری دەرێك بنێرێت بۆ ئەوەی بمرێت لەشوێنی گوناهباران تاکو خودا لە گوناهیان خۆش بێت بێ ئەوەی لەڕاستودروستی خۆی دەرچێت. سیپارەی پەیدابوون هەروەها فێرمانی کرد چۆن خودا ئیبراهیمی هەڵبژارد و بەڵێنی دا بیکات بە نەتەوەیەکی مەزن، نەتەوەیەك کەوا پێغەمبەرانی لێوە بێت و لەکۆتاییشدا، ڕزگاری دەری جیهان.

لە دووەمە سیپارەی تەورات، کە سیپارەی دەرچوونە، بینیمان چۆن خودا گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد، کەوا نەوەی ئیبراهیمن، لە بەند و کۆیلایەتییان لە خاکی میسر، بەدەستی موسای پێغەمبەری خۆی. خودا پێشەوایی خێڵەکانی ئیسرائیلی کرد بۆ دەرەوەی میسر و بۆناو دەشتایی، و هێنایانی بۆ چیای سینا کە لەوێ ڕاسپاردەکانی پێ بەخشین و دەربارەی قوربانی خوێن فێریانی کرد کەوا بەو ڕێگایە دەتوانێ لەگوناهەکانیان خۆش بێت.

لە وانەی ڕابردوودا، بینیمان چۆن خودا فەرمانی دا بە موسا و گەلی ئیسرائیل کەوا چادرێکی کۆبوونەوەی جوان و سەرسوڕهێنەری بۆ دروست بکەن تاکو نیشتەجێ بێت لەناوەندیان. کە هەموو شتێك ئامادە بوو ئینجا هەورێک چادری چاوپێکەوتنی داپۆشی و شکۆمەندی پەروەردگار هەوارگەکەی پڕ کرد. (دەرچوون ٤٠: ٣٤) خودا بەگەلی ئیسرائیلی نیشان دەدا کە چۆن دەیەوێ پەیوەندییکی سەرسوڕهێنەری لەگەڵیان هەبێ، بەڵام کەس ناتوانێ لێی نزیك ببێتەوە تەنها لە ڕێگای قوربانی خوێنێ نەبێ کە لەسەر قوربانگاکەی چادری چاو پێ کەوتن پێشکەش بکرێت. چادری چاو پێ کەتن و قوربانی ئاژەڵەکەی تەنها سێبەر و پشاندەری ڕزگاری دەرەکە بوون کە دەبوایە لە ئاسمانەوە بێت و لە زەوی نیشتەجێ بێت، و خوێنی خۆی بڕێژی وەك قوربانیەك کە گوناە لابدات.

لە سێیەم بەشی تەورات، پێی دەوترێ لیڤییەکان، خودا وەحی دا بە موسا کە یاساکان بنووسێ کەوا بە ووردی ڕوونی دەکاتەوە لەکوێ گەلی ئیسرائیل قوربانی پێشکەشی خودا بکەن کەوا گوناە لادەبات. ئەم سیپارەیە زۆر بنچینەییە، دەبینی دوو ووشە هەیە کە نزیکەی دووسەد جار دووبارە دەبێتەوە. ئەو دوو ووشەیە پەیامی هەموو سیپارەکە کورت دەکاتەوە. دوو ووشەکە ئەمانەن (پیرۆز) و (خوێن). بۆچی ئەم دوو ووشەیە بەبەردەوامی دووبارە دەبنەوە لەم سیپارەیە؟ چونکە یەکێك لەگرنگترین پەیامەکان کە مرۆڤ بتوانێ تێ بگا ئەوەیە کە خودا پیرۆزە و کە لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن ناببێت. (عیبرانیەکان ٩: ٢٢) بەهای سێیەم سیپارەی تەورات ئەوە بوو گەلی ئیسرائیل فێربکات چۆن گوناهبارێکی ناپاکی لەکەدار دەتوانێ لە خودا نزیك بێتەوە کە پاك و پیرۆزە. خودا بەئاشکرایی پشانی دا کە کەس ناتوانێ لێی نزیك بێتەوە تەنها لە ڕێگای قوربانی خوێنەوە نەبێ، قوربانیەك کە نیشان دەر پێش وەختی ڕزگاری دەرە پیرۆزەکە بوو کەوا دێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی بمرێت لەشوێنی گوناهباران و قەردی گوناهەکانیان بداتەوە.

با بچینە بەشی چوارەمی تەوراتی موسا، سیپارەی ژمارەکان. لەم سیپارەیە، دەخوێنینەوە چۆن گەلی ئیسرائیل لەخوار چیای سینا ژیان بۆ نزیکەی ساڵێك. لەو ساڵەدا خودا زۆر شتی فێریان کرد، و وەحی دا بە موسا کە زۆربەی تەوراتی پیرۆز بنووسێ کە ئەمڕۆ لێی دەخوێنینەوە.

بەڵام، نیازی خودا ئەوە نەبوو گەلی ئیسرائیل لە دەشتایی بژین تاهەتا. بۆیە ڕۆژێك خودا فەرمانی پێیان دا کە کۆچ بکەن، و بەردەوام بن لە سەرکەوتن بەرەو ئەو خاکە چۆڵەی بەڵێنی پێیان دابوو، خاکی کەنعان. نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت لەو ڕۆژەی کە دەبوایە چیای سینا بەجێ بێڵن، ئەو هەورەی شکۆمەندی خودا کە چادری چاو پێ کەوتنی داپۆشی بوو، بڵند بووەوە و دەستی کرد بە

دەرچوون لە پێشیان. پەروەردگار خۆی پێشەواییانی دەکرد، لەنێو هەورێکدا بە ڕۆژ تاکو ڕێگایان نیشان بدات، و لە ناو ستونێکی ئاگر هەموو شەوێك.

بۆیە، گەلی ئیسرائیل بەدوایی هەورەکەدا دەڕۆیشتن بە ڕۆژ و ستونی ئاگرەکە بەشەو تاکو گەیشتنە سنووری کەنعان، ئەو خاکەی خودا بەڵێنی دابوو بیدات بە ئیبراهیم و نەتەوەکەی زۆر لەوە پێش. خودا بەڵێنی خۆی لەیاد نەکردبوو. لەبەر دڵسۆزی و هێزی خودا، گەلی ئیسرائیل گەیشتنە سنووری خاکی کەنعان. کە ئەمڕۆ پێی دەڵێین فەلەستین یان ئیسرائیل.

بەڵام خاکی کەنعان پڕبوو لە خەڵك. خەڵکی کەنعان زۆر و بەهێز بوون. باشە چۆن گەلی ئیسرائیل دەبنە خاوەنی؟ تەنها یەك ڕێگا هەبوو: خودا ئەو خاکەیان دەداتێ. هیچ شتێك زەحمەت نیە لای خودا! خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دا: (ئەم خاکی کەنعانە دەدەم بە خۆت و نەوەکەت!) خودا پلانی هەبوو کە خەڵکی کەنعان لەناو بەرێ و خاکەکە بداتە دەستی گەلی ئیسرائیل، نەوەی ئیبراهیم. گرنگە تێگەیشتن لەوەی کە گوناهەکانی خەڵکی کەنعان زۆر گەورەبوو. تاوانباربوون بە بەدڕەوشتی، تەنانەت منداڵەکانیان دەکرد بە قوربانی بۆ خوایە سەختەکانیان. خودا زۆر ئارامی گرتبوو لەسەر خەڵکی کەنعان، بەڵام ئەوان بەردەوام بوون لە حەزە شەرمەزارەکانیان و شێوازی گوناهەکانیان. بۆیە، خودا پلانی دانا خاکەکەیان بدات بە خێڵەکانی ئیسرائیل.

ئێستاش با لە سیپارەی چوارەمی تەورات بخوێنینەوە بۆ ئەوەی ببینین چی ڕوویدا کاتێ گەلی ئیسرائیل گەیشتنە سنووری خاکی کەنعان. لەبەشی سێزدەهەم، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (ئامارەکان ١٣) [١] ئینجا پەروەردگار لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: [٢] (چەند پیاوێک بنێرە بۆ سیخوڕیی خاکی کەنعان کە من بە نەوەی ئیسرائیلم داوە، لە هەر هۆزێک لە باوکانیان پیاوێک دەنێرن، هەر یەکێکیان سەرکردە بێت لەناویان‌دا.) [٣] موساش لە چۆڵەوانی پارانەوە بەپێی فەرمانی پەروەردگار ناردنی... [٢١] ئەوانیش سەر کەوتن و سیخوڕیی خاکەکەیان کرد...

[٢٥] ئینجا دوای چل ڕۆژ لە سیخوڕیەتی خاکەکە هاتنەوە. [٣٦] هاتنە لای موسا و هارون و هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانی پاران، لە قادێش، هەواڵیان بۆ ئەوان و بۆ هەموو کۆمەڵ هێنایەوە و بەروبوومی خاکەکەیان پیشاندان. [٣٧] هەواڵیان پێی دا و وتیان: (بۆ ئەو خاکە چووین کە تۆ ئێمەت بۆی نارد و بە ڕاستی شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت! ئەمەش بەرەکەیەتی. [٢٨] بەڵام ئەو گەلەی لە خاکەکەدا نیشتەجێیە بە هێزن و شارەکان قەڵابەند و زۆر مەزنن، هەروەها نەوەی عەناقیشمان لەوێ بینی.

[٣٠] بەڵام کالێب گەلی بۆ موسا بێدەنگ‌کرد و وتی: (با سەربکەوین و دەستی بەسەردا بگرین، چونکە توانامان بەسەری‌دا هەیە.) [٣١] بەڵام ئەو پیاوانەی لەگەڵی‌دا چووبوون وتیان: (ناتوانین سەربکەوین و دژایەتی ئەو گەلە بکەین چونکە لە ئێمە بەهێزترن.) [٣٢] جا ڕاپۆرتێکی خراپیان لەنێو نەوەی ئیسرائیل‌دا بڵاوکردەوە سەبارەت بەو خاکەی سیخوڕیان تێدا کردبوو، وتیان: (ئەو خاکەی پێیدا چووین تا سیخوڕیی بکەین، خاکێکە دانیشتووانەکەی دەخوات و هەموو ئەو گەلەی تێیدا بینیمان بااڵ بەرز بوون. [٣٣] هەروەها لەوێ ستەمکارانی زەبەلاحمان بینی، نەوەی عەناق کەوا لە ستەمکارانی زەبەلاحن، لە چاوی خۆمان‌دا وەک کوللە وابووین، بە هەمان شێوەش لەچاو ئەوان.)

(ئامارەکان ١٤) [١] جا کۆمەڵ هەموو دەنگیان بەزر کردەوە و هاواریان کرد و ئەو شەوە گەل گریا و [٢] هەموو نەوەی ئیسرائیل دەستیان کردە بۆڵەبۆڵ بەسەر موسا و هارون و هەموو کۆمەڵ پێیان وتن: (خۆزگە لە میسر نەک لەم چۆڵەوانییەدا بمردبووینایە! [٣] بۆچی پەروەردگار ئێمە دەهێنێتە ئەم خاکە تا بە شمشێر بکەوین و ژن و منداڵمان ببنە نێچیر، ئایا باشتر نییە بگەڕێینەوە میسر؟) [٤] جا بە یەکتریان وت، (سەرۆکێک بۆ خۆمان دادەنێین و دەگەڕێینەوە میسر.) [٥] ئینجا موسا و هارون بەسەر ڕوویان‌دا کەوتن لەبەردەم هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل‌دا کە لەوێ کۆببوونەوە و [٦] یەشوعی کوڕی نون و کالێبی کوڕی یەفونەش لەوانە بوون کە سیخوڕیی خاکەکەیان کردبوو، جلەکانی خۆیان دڕاند و [٧] لەگەڵ هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل‌دا دووان و وتیان: (ئەو خاکەی پێیدا چووین تا سیخوڕیی بکەین خاکێکی زۆر زۆر باشە، [٨] ئەگەر پەروەردگار پێمان دڵشاد بێت ئەوا دەمانباتە ناو ئەو خاکەی پێمان دەدات، خاکێک کەوا شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت. [٩] بەڵام لە پەروەردگار یاخی مەبن و لە گەلی ئەو خاکە مەترسن، چونکە خواردنی ئێمەن، ئەوەتا سێبەریان نەماوە و پەروەردگار لەگەڵمانە، لێیان مەترسن.)

[١٠] بەڵام هەموو کۆمەڵ وتیان، با ئەو دووانە بەردباران بکرێن، ئینجا شکۆمەندی پەروەردگار لە چادری چاوپێکەوتن‌دا بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل دەرکەوت. [١١] پەروەردگاریش بە موسای فەرموو: (تا کەی ئەم گەلە سووکایەتیم پێ دەکەن و تا کەی باوەڕم پێ ناکەن، سەرباری ئەو هەموو نیشانانەی لەنێوانیان‌دا کردم؟

با لێرە ڕاوەستین. تێ دەگەی چۆن گەلی ئیسرائیل لە سنووری خۆیان لادا و خوایان بریندار کرد؟ بێ باوەڕیان دەبینی؟ سەرنجی ئەوە دەدەی چۆن خوایان تاوانبار کرد کە لە قسەی خۆی پەشیمان بۆتەوە؟ بەڵێ، لەو ڕۆژەدا گەلی ئیسرائیل گوناهێکی مەزنیان کرد لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە بەڵێنی خودا نەهێنا کە خاکی کەنعانیان بداتێ. باوەڕیان بە بەڵێنی خودا بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و یوسف و موسا نەهێنا. وەک زۆر کەسی ئەم زەمانە کە دەڵێن، (باوەڕمان بە خودا و پێغەمبەران هەیە!) لەگەڵ ئەوەشدا و لە ڕاستیدا باوەڕیان بە خودا نیە و باوەڕیان بە پێغەمبەران نیە، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە بەڵێنی خودا نیە کە داویەتی بە پێغەمبەرانی لە نووسراوە پیرۆزەکان! بێ باوەڕی گوناهێکی سامناکە بەرامبەر خودا. با چیرۆکەکە تەواوکەین. (ئامارەکان ١٤) [٣٦] هەروەها پەروەردگار لەگەڵ موسا و هارون‌دا دووا و فەرمووی: [٣٧] (تا کەی ئەم کۆمەڵە بەدکارە بۆڵەبۆڵەکەرە دژم دەوەستن؟ من گوێم لە بۆڵەبۆڵی نەوەی ئیسرائیل بوو کە لەسەر من دەیکەن. [٢٨] پێیان بڵێ، (پەروەردگار دەفەرموێت، بە گیانی خۆم، وەک ئەوەی لە گوێی من وتتان، ئاواتان لێ دەکەم. [٢٩] لەم چۆڵەوانییە لاشەکانتان دەکەوێت، هەموو تۆمارکراوەکانتان بەگوێرەی سەرژمێریتان لە کوڕی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە ئەوانەی بۆڵەبۆڵیان دژم کرد، [٣٠] ناچنە ناو ئەو خاکەی کەوا سوێندم خوارد تێیدا نیشتەجێتان بکەم، تەنها کالێبی کوڕی یەفونە و یەشوعی کوڕی نون نەبێت، [٣١] بەڵام منداڵەکانتان کەوا وتتان دەبنە نێچیر، ئەوا من دەیانبەمە ناوی و شارەزای ئەو خاکە دەبن کەوا ئێوە ڕەتتان کردەوە. [٣٢] جا لاشەکانی ئێوە لەم چۆڵەوانییە دەکەوێت... [٣٥] من پەروەردگارم و فەرمانم کرد، دەبێت وا لە هەموو ئەم کۆمەڵە بەدکارە ڕێککەوتووەی دژ بە خۆم بکەم، لەم چۆڵەوانییە لەناودەچن و دەمرن.)

[٣٦] بەڵام ئەو پیاوانەی موسا ناردنی بۆ سیخوڕیی خاکەکە و هاتنەوە و هەموو کۆمەڵیان لێ هاندا بەوەی ڕاپۆرتی خراپیان لەسەر خاکەکە بڵاو کردەوە، [٣٧] ئەو پیاوانە لەبەردەم پەروەردگار بە دەرد مردن، لەبەر بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی خراپ لەسەر خاکەکە، [٣٨] بەڵام یەشوعی... و کالێبی... لەو پیاوانە بوون کەوا بۆ سیخوڕیی خاکە چووبوون و ژیان... لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە ووشەی خودا هەبوو.

بەم شێوەیە دەبینین چۆن گەلی ئیسرائیل ڕەتیان کردەوە باوەڕ بەپەروەردگار بێنن سەرەڕای ئەوەی ڕزگاریانی کرد لەدەستی فیرعەون و هێنایانیە سنووری خاکی کەنعان. خودا چی لەوانە کرد کە باوەڕیان بە ووشەی نەبوو؟ حوکمی مردنی لە دەشتایی بۆیان دا! بۆچی ئەم نەوەیەی گەلی ئیسرائیل نەچوونە ناو خاکی کەنعانەوە؟ لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە ووشەی خودا نەدەهێنا!

ڕەت کردنەوەی باوەڕ هێنان بە ووشەی خودا کارەساتێکی سامناکە. دەبێت خودا سزای ئەو کەسانە بدات کە باوەڕهێنان بەو ڕەت دەکەنەوە! هەر کەسێك قێزی بێت و بەجیاوازی مامەڵە لەگەڵ ئەوەی خودا دەفەرموێ لە ووشە پیرۆزەکەی، ئەوا خودا بەدرۆزن دادەنێ و نابێتە بەشێك لە شانشینە تاهەتاییەکەی! حەزی خودا ئەوە نیە کە یەکێك بفەوتێ لەناو بێ باوەڕی. خودا دەیەوێ هەموو کەس باوەڕ بە مزگێنییەکە بێنێ سەبارەت بەڕێگای ڕزگار بوون کە دایمەزراندووە. بەڵام هەموو کەس دەبێت بۆ خۆی بڕیار بدات. هەموو ئەوانەی باوەڕ هێنان بەووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە دەفەوتێن. گوێ بگرە لەم ئاگادارکردنەوەیە لە ڕۆحی پیرۆزی خودا لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە: ئەمڕۆ، ئەگەر گوێتان لە دەنگی ئەو بوو، دڵتان ڕەق مەکەن وەک لە یاخیبوونەکەدا، وەک ئەو ڕۆژەی تاقیکردنەوە لە بیابان‌دا... خوشکان، برایان، ئاگاداری خۆتان بن، نەوەک یەکێتان دڵێکی خراپ و بێباوەڕی هەبێت کە لە خودای زیندوو هەڵبگەڕێتەوە! (عیبرانیەکان ٣: ٧، ٨، ١٢ و زەبوورەکان ٩٥: ٧–١١)

بۆ وانەی داهاتوو دەبینین چۆن ئەوانەی باوەڕهێنانیان بە خودا ڕەت کردەوە فەوتان لە دەشتایی، هەروەك خودا داوای کرد. خودا بەڕەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی ئەم ئاگادارییە دەدەی لە نووسراوی پیرۆزی:

(خوشکان، برایان، ئاگاداری خۆتان بن، نەوەک یەکێتان دڵێکی خراپ و بێباوەڕی هەبێت کە لە خودای زیندوو هەڵبگەڕێتەوە!) (عیبرانیەکان ٣: ١٢)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی ئەم دوو ووشەیە بەبەردەوامی دووبارە دەبنەوە لەم سیپارەیە، (پیرۆز) و (خوێن)؟

٢. چۆن گەلی ئیسرائیل دەبنە خاوەنی خاکی کەنعان؟

٣. تێ دەگەی چۆن گەلی ئیسرائیل لە سنووری خۆیان لادا و خودایان بریندار کرد؟

٤. بێ باوەڕییان دەبینی؟

٥. سەرنجی ئەوە دەدەی چۆن خودایان تاوانبار کرد کە لە قسەی خۆی پەشیمان بۆتەوە؟

٦. خودا چی لەوانە کرد کە باوەڕیان بە ووشەی نەبوو؟

٧. بۆچی ئەم نەوەیەی گەلی ئیسرائیل نەچوونە ناو خاکی کەنعانەوە؟

وانەی ٤٢: مارە برۆنزەکە

ئامارەکان ٢٠ و ٢١

جاری ڕابردوو، لە بەشی چوارەمی تەورات، لە سیپارەی ژمارەکان بینیمان چۆن گەلی ئیسرائیل گەیشتنە سنووری کەنعان، ئەو خاکەی خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و نەوەکانیانی دابوو. خودا پلانی دانا ئەو زەبەلاحە خراپەکارانەی کە لەو خاکە دەژیان لاببا و هەموو شتێك بداتە دەستی گەلی ئیسرائیل. بەڵام زۆربەی گەلی ئیسرائیل دەترسان لەو زەبەلاحانە و باوەڕیان بە بەڵێنی خودا نەهێنا کە خاکی کەنعانیان دەداتێ.

بۆیە، دەخوێنینەوە چۆن خودا دادوەری گەلی ئیسرائیلی کرد لەبەر بێ باوەڕییان. پێیانی فەرموو، ناچنە ناو ئەو خاکەی کەوا سوێندم خوارد تێیدا نیشتەجێتان بکەم، تەنها کالێبی... و یەشوعی... نەبێت، [٣١] بەڵام منداڵەکانتان کەوا وتتان دەبنە نێچیر، ئەوا من دەیانبەمە ناوی و شارەزای ئەو خاکە دەبن کەوا ئێوە ڕەتتان کردەوە. [٣٢] جا لاشەکانی ئێوە لەم چۆڵەوانییە دەکەوێت. (ئامارە کان ١٤: ٣٠–٣٢)

ئەوەی دەبێت لێی تێ بگەین ئەوەیە کە خودا ویستی گەلی ئیسرائیل یەکجار بەرەکەتداریانی نەکرد لەبەر بێ باوەڕییان. لەبەر ئەوەی ڕەتیان کردەوە باوەڕ بێنن بەوەی پەروەردگار بەڵێنی پێیان دابوو، خودا حوکمی گەلی ئیسرائیلی دا کە لە بیاباندا بێن و بچن بۆ چل ساڵ، تاکو هەموو ئەوانەی تەمەنیان سەرووی بیست ساڵی بوو و باوەڕیان پێی نەبوو مردن.

ئێستاش، با بەردەوام بین لە سیپارەی ژمارەکان بۆ ئەوەی ببینین چی ڕوویدا لە کۆتایی ئەو چل ساڵەی گەلی ئیسرائیل بەسەریان برد لە بیاباندا لەبەر بێ باوەڕییان. لە بەشی بیست دەخوێنینەوە: (ئامارەکان ٢٠) [١] ئینجا نەوەی ئیسرائیل، هەموو کۆمەڵەکە هاتنە چۆڵەوانی چن لە مانگی یەکەمدا و گەل لە قادێش چادریان هەڵدا و لەوێدا مریەم مرد و لەوێش نێژرا. [٢] ئاو نەبوو بۆ کۆمەڵ، جا دژ بە موسا و هارون کۆبوونەوە و [٣] گەل کردیان بە دەمەقاڵێ لەگەڵ موسادا و لەگەڵیدا دووان و وتیان: (خۆزگە وەک براکانمان لەبەردەم پەروەردگار لەناو بچووبنایە، [٤] بۆچی کۆمەڵی پەروەردگارتان هێنایە ئەم چۆڵەوانییە تا تێیدا خۆمان و ئاژەڵە ماڵییەکانمان بمرین؟ [٥] هەروەها بۆچی ئێمەتان لە میسر دەرهێنا؟ تا بمانهێنن بۆ ئەم شوێنە خراپە! ئێرە شوێنی دانەوێڵە و هەنجیر و مێو و هەنار نییە و ئاوی خواردنەوەشی لێ نییە.)

لەپاش ئەو هەموو شتەی خودا بۆیان و بۆ باوکانیانی کرد لە میسر و لە بیاباندا، ئایا دڵیان پڕ بوو لە سوپاس گوزاری و متمانە؟ نەخێر! بەڵکو عەینەن وەك باوکانیان دەکرد. بۆڵەبۆڵیان دەکرد! بێ گومان، ئەوان بێزاربوون لە دەشتاییدا، بەڵام دەبوایە لەبیریان بوایە ئەوە لەبەر بێ باوەڕییان بوو کە تاکو ئێستا نەچوونەتە ناو خاکی کەنعانەوە. ڕاستە، گەلی ئیسرائیل ئاویان نەبوو. ئەی بۆچی نوێژ بۆ خودا نەکرد؟ ئەو خودایەی کە چل ساڵ ئاگای لێیان بوو لە دەشتایی ووشکدا – ناتوانێ ئاوی خواردنەوەیان بداتێ؟ بێ گومان دەتوانێ! خودا دەیویست هەموو پێداویستییەکانیان دابین بکات! بەڵام گەلی ئیسرائیل هێشتا بەتەواوی متمانەیان بە پەروەردگار خودایان نەبوو.

بابەردەوام بین لە بەشەکە بزانین چی ڕویدا. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (ئامارەکان ٢٠) [٦] جا موسا و هارون لەبەردەم کۆمەڵەوە هاتنە لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن و بەسەر ڕوویاندا کەوتن و شکۆمەندی پەروەردگاریان بۆ دەرکەوت. [٧] پەروەردگاریش لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: [٨] (گۆچانەکە ببە و کۆمەڵ کۆبکەوە، تۆ و هارونی برات لەبەرچاویاندا بە تاشەبەردەکە بڵێن تا ئاوەکەی بدات، جا لە تاشەبەردەکەوە ئاویان بۆ دەردەچێت و کۆمەڵ و ئاژەڵە ماڵییەکانیان ئاو دەدەیت.)
[٩] موساش گۆچانەکەی لەبەردەم پەروەردگارەوە برد وەک فەرمانی پێ کرد. [١٠] موسا و هارون جەماوەریان لەپێش تاشەبەردەکە کۆکردەوە و پێی وتن: (گوێ بگرن ئەی هەڵگەڕاوەکان، ئایا لەم بەردەوە ئاوتان بۆ دەربهێنین؟) [١١] موسا دەستی بڵندکرد و بە گۆچانەکەی دوو جار لە تاشەبەردەکەی دا، جا ئاوێکی زۆر دەرچوو و کۆمەڵ و ئاژەڵە ماڵییەکانیشیان لێیان خواردەوە.
[١٢] بەڵام پەروەردگار بە موسا و هارونی فەرموو: (لەبەر ئەوەی باوەڕتان بە من نەکرد تا پیرۆزیم نیشان بدەن لەبەرچاوی نەوەی

ئیسرائیل، بۆیە ئەم کۆمەڵە نابەنە ناو ئەو خاکەی پێم داون.)

تێگەیشتی چی ڕوویدا؟ خودا فەرمانی چی بە موسا دا ئەنجامی بدات تاکو کۆمەڵی ئیسرائیل ئاوی خواردنەوەیان هەبێت؟ فەرمووی، (بە تاشەبەردەکە بڵێن!) ئایا موسا بەگوێی خودای کرد و قسەی لەگەڵ بەردەکە کرد؟ نەخێر! موسا لە تورەییدا دووجار کێشای بەسەر بەردەکەدا. ئەمە وای نەکرد کە خودا، لە چاکی خۆی، کە بەردەکە ئاوی لێ هەڵنەقوڵێ، بەڵام ئەوەی موسا کردی دڵی خودای خۆش نەکرد. بۆیە خودا سزای دا، فەرموی: (لەبەر ئەوەی باوەڕتان بە من نەکرد تا پیرۆزیم نیشان بدەن لەبەرچاوی نەوەی ئیسرائیل، بۆیە ئەم کۆمەڵە نابەنە ناو ئەو خاکەی پێم داون.)

ڕەنگە لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەو سزایەی کە خودا بەسەر موسای داهێنابێ زۆر قورس بێت. بەڵام دەبێت لە بیرمان بێت ئەوەی دڵی خودا خۆش دەکات باوەڕ هێنان بە ووشەی و بەگوێ کردنی ووشەی. خودا ناتوانێ هیچ شتێك کە دژی ووشەیەتی قەبوڵ بکات — تەنانەت ئەگەر لەلایەن پێغەمبەر موساوە بێت!

خودا کەس بەسەر کەسدا هەڵنابژێرێ. موسا پێغەمبەرێکی مەزن بوو، بەڵام وەك هەمووان ئادەمیزاد بوو. بۆیە، گوناهبار بوو وەك هەموو نەوەکانی ئادەم. تەنانەت پێغەمبەری خودا موسا، نەدەتوانی خۆی ڕزگار بکات بەکردەوەی چاکی خۆی. وەك هەموو نەوەکانی ئادەم عەیبی هەبوو و هەموو ڕاستودروستی جێ بەجێ نەکرد. پێغەمبەر موسا، وەك هەموو گەلی ئیسرائیل، دەبوایە بەڕێگای ڕاستودروستیدا بێت کە خودا دایمەزراندووە، لە ڕێگای قوربانی خوێن. لە ڕێگای گوناهی موساوە، خودا دەیەوێ بەبیرمان بێنێتەوە کە هەموومان گوناهبارین و لە شکۆمەندی خودا کەوتین. هەمووان تاوانبارین بەرامبەر خودا. هەموومان گوناهبارین. کەس ڕاستودروست نیە! کەس نیە لای نەدابێت لە ڕێگای خودا — تەنها ڕزگاری دەری ڕاستودروستی تەواو کەوا لە ئاسمانەوە هات بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران!

بەردەوام بین لە چیرۆکەکەی گەلی ئیسرائیل، لە کۆتایی بەشی بیست دەخوێنینەوە چۆن هارون، براگەورەی موسا مرد، لە چیای هۆر، و کۆمەڵی ئیسرائیل لەوێدا بۆی نووزانەوە بۆ ماوەی سی ڕۆژ.

لەپاش ئەوە، لە بەشی بیست و یەك، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (ئامارەکان ٢١) [٤] ئینجا لە کێوی هۆرەوە بە ڕێگای دەریای سوف کۆچیان کرد تا بە خاکی ئەدۆمدا بسوڕێنەوە، جا گەل لە ڕێگادا سەبریان بڕا. [٥] گەل دژ بە خودا و بە موسا قسەیان کرد و وتیان: (بۆچی لە میسر دەرتانهێنایین تا لە چۆڵەوانی بمرین؟ چونکە نە نان هەیە و نە ئاو! و ئەم خواردنە بێ تامەمان لەبەرچاو کەوتووە.) [٦] پەروەردگاریش ماری ژەهراوی بۆ سەر گەل نارد و بە گەلێکیان زۆر لە ئیسرائیل مردن. [٧] ئینجا گەل هاتنە لای موسا و وتیان: (گوناهمان کرد کە دژ بە پەروەردگار و بە تۆ قسەمان کرد، جا بۆ پەروەردگار نوێژ بکە تا ئەو مارانەمان لەسەر هەڵبگرێت.) موساش لە پێناوی گەل نوێژی کرد.

[٨] پەروەردگاریش بە موسای فەرموو: (مارێکی ژەهراوی دروست بکە و لەسەر دارێک دای بنێ، جا هەر یەکێک پێیەوەدرا و تەماشای کرد دەژیێت.) [٩] موساش مارێکی لە مس دروستکرد و لەسەر داری دانا، ئەوە بوو هەر کاتێک یەکێک مار پێوەی دا و تەماشای مارە مسەکەی دەکرد دەژیا.

با بیربکەینەوە لەم چیرۆکە سەرسوڕهێنەرە. بۆچی خودا ماری ژەهراوی نارد ناو گەلی ئیسرائیل؟ خودا مارەکانی نارد ناویان لەبەر گوناهەکانیان. گوێمان لێ بوو چۆن دژی خودا و موسا قسەیان کرد، و قێزیان لەو خواردنە بووەوە کە خودا بۆیان دادەبەزاند. لەبەر ئەوە خودا ماری ژەهراوی بۆیان نارد تاکو پێوەیان بدات و زۆر لێیانی کوشت.

گەلی ئیسرائیل دەیانتوانێ چی بکەن بۆ ئەوەی لە مردن ڕزگاریان بێت؟ دەیانتوانێ خۆیان ڕزگار بکەن لە مارەکان؟ دەیانتوانێ چارەسەری خۆیان بکەن لەو ژەهرە کوشندەیە؟ مەحاڵە! ئەی چی بکەن؟ دەیانتوانێ هاوار بۆ خودا بەرن! ئەوەش ئەوە بوو کە کردیان. بینیمان چۆن گەلی ئیسرائیل تۆبەیان کرد و چوونە لای موسا و پێیان ووت، (گوناهمان کرد کە دژ بە پەروەردگار و بە تۆ قسەمان کرد، جا بۆ پەروەردگار نوێژ بکە تا ئەو مارانەمان لەسەر هەڵبگرێت!)

ئایا خودا ئەو مارانەی لەسەریان هەڵگرت؟ شتێکی باشتری لەوە کرد! خودا بە موسای فەرموو کە مارێك لە برۆنز دروست بکات و لەسەر ستوونێك هەڵواسێ تاکو، جا هەر یەکێک پێیەوەدرا و تەماشای کرد دەژیێت. ئەمە چارەسەری خودا بوو. ئەگەر مارێك بەکەسێکی بدایە، هەر ئەوەندەی دەکرد کە تەماشای مارە برۆنزەکەی هەڵواسرابوو لەسەر ستوونەکەی بکردایە و چاك دەبووەوە! ئەمە ڕێگای رزگاربوون بوو کە خودا ڕێکی خست: تەماشا بکە و بژی!

خودا بەڵێنی دا هەموو ئەوانەی تەماشای مارە برۆنزەکە دەکەن کە موسا هەڵیواسیبو چاك بکاتەوە. ئەی چی بەسەر ئەوانە هات کە ڕەتیان کردەوە تەماشا بکەن؟ بەئازارێکی زۆرەوە مردن. بەڵام هەرکەسێك باوەڕی بە خودا بهێنایە و تەماشای مارە برۆنزەکەی بکردایە لە مردن ڕزگاری دەبوو، لەبەر ئەوەی خودا بەڵێنی پێیان دابوو، کاتێ فەرمووی، (جا هەر یەکێک پێیەوەدرا و تەماشای کرد دەژیێت.)


بەڕاستی ئەمە چیرۆکێکی دڵ فڕێنە، بەڵکو لە دڵ فڕێن زیاترە. ئەم چیرۆکە نووسراوە بۆ ئەوەی ڕێنماییمان بکات. خودا دەیەوێ پێمان نیشان بدات کە هەموومان وەك گەلی ئیسرایلین. ئێمەش گوناهبارین، هەر لەبەر ئەوەیە بەردەوام منگە منگمان دێت بەرامبەر خودا و مرۆڤ، و لە بیر و ئیش و کرداری خۆمان خودا ئیهانە دەکەین. شەیتان وەك ئەو مارە ژەهراوییانەیە کەبە گەلی ئیسرائیلیەوە دەدا. و گوناهیش وەك ژەهرەکەیە کە دیانی کوشت. شەیتان بە هەموو نەوەکانی ئادەمەوە داوە و ژەهری گوناە دەمانفەوتێنێ تاهەتا، مەگەر خودا بۆ خۆی چارەسەرێکمان بۆ دابین بکات! سزای گوناە فەوتانە لەناو ئاگری تاهەتایی، و لەناو خۆماندا هیچ مەجالی رزگاربوونمان نییە! بەڵام ستایشی خودا دەکەین، لەبەر ئەوەی وەك چۆن پلانی داڕشت بۆ ڕزگارکردنی گەلی ئیسرائیل لەژەهری مارەکان، هەروەها پلانێکی داڕشتووە بۆ ڕزگارکردنی نەوەکانی ئادەم لە ژەهری گوناە!

دەزانی خودا چی کرد بۆ ئەوەی ڕزگاریت بکات لەو نەعلەتەی گوناە بەسەرتی هێناوە؟ بخوێنیتەوە لەوەی ڕزگاری دەری پیرۆز فەرمویەتی نزیکەی هەزار و بێنج سەد ساڵ لەپاش ئەوەی موسا مارە برۆنزەکەی هەڵواسی لە دەشتاییدا. فەرمووی، وەک موسا لە چۆڵەوانی مارەکەی بەرزکردەوە، ئاواش دەبێ کوڕی مرۆڤ بەرز بکرێتەوە... تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت! (یۆحەنا ٣: ١٤، ١٦)

لەم ئایەتەی ئینجیلی پیرۆز، فێردەبین کە ئەو مارە برۆنزەی موسا هەڵی واسی لە بیاباندا، هێمایێکی ڕزگاری دەرەکە بوو کە دەبوایە بێت و بمرێت لەسەر خاچ تاکو شەیتان، هەڵگری هێزی مردن ببەزێنێ. (عیبرانیەکان ٢:١٤) ئای کە چەن سەرسوڕهێنەرە ئەم پەیامە! وەك بۆمان دەردەکەوێ لە وانەکانی داهاتوو، لە ڕێگای مردن و هەڵسانەوەی ڕزگاری دەرەکە خودا دەرگایەکی ڕزگارکردن و ئاشتی و خۆشی تاهەتا کردەوە بۆ نەوەکانی ئادەم! تاکە شت ئەوە خودا لێتی دەوێ ئەوەیە دان بنەی کە خۆت پێ ڕزگار ناکرێت لە هێزی گوناە، و باوەڕ بێنی لە ناخی دڵتەوە بەوەی خودا شایەتی بۆ داوە سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکەی مرد لەسەر خاچ بۆ دانەوەی قەردی گوناهی تۆ. خودا دەفەرموێ: تەماشای ڕزگاری دەرەکە بکە و دەژیت! باوەڕی پێ بێنە و خودا چاکت دەکاتەوە و ڕزگارت دەکات لە ژەهری گوناە و جێگایکت بۆ دەگریت لە حزوری هەتاهەتای پیرۆزی خۆی لە بەهەشت!

گەنجان و پیران، ژنان و پیاوان، فەقیر و دەوڵەمەندان، خودا بە هەموو کەس دەفەرموێ: تەماشا بکە و بژی! تەماشای ڕزگاری دەری بالا دەست بکە کەوا خودا ناردوویەتی و ڕزگارت دەبێت! بەڵام خودا هەروەها دەفەرموێ: ئەگەر تەماشا نەکەیت، ئەگەر باوەڕ نەهێنیت بەو ڕزگاری دەرە کە خودا لە ڕێگای ئەوەوە تاکە چارەسەری دابین کردووە بۆ گوناە، ئەوا لەناو گوناهەکانتان دەمرن. (یۆحەنا ٨: ٢٤) یاسای ڕاستودروستی خودا ڕایدەگەێنێ کە هەرکەسێك باوەڕ نەهێنێ بەو چارەسەرییەی دابینی کردووە دەفەوتێ. خودا هیچ چارەسەرێکی تری نییە تاکو نەوەکانی ئادەم پێی چاك ببنەوە لە ژەهری گوناە. تەماشای ڕزگاری دەرەکەت کردووە کە هەموو پێغەمبەران لەسەریان نووسیوە؟ ئەو پاکت دەکاتەوە و ژیانی تاهەتاییت دەداتێ ئەگەر متمانەی خۆت بەتەنها بەو بکەی. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: وەک موسا لە چۆڵەوانی مارەکەی بەرزکردەوە، ئاواش دەبێ کوڕی مرۆڤ (ڕزگاری دەری جیهان) بەرز بکرێتەوە... تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت! (یۆحەنا ٣: ١٤، ١٦)

بۆ وانەی داهاتوو سەرنجی دوایین ووشەکانی پێغەمبەر موسا دەدەین و بەو شێوەیە دیراسەتمان لە تەورات تەواو دەکەین. خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ بەووردی بیر لەم بەڵێنەی دەکەیتەوە: (ڕووە لە من بکەن و رزگارتان بێت) (ئیشایا ٤٥: ٢٢)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. لەپاش ئەو هەموو شتەی خودا بۆیان و بۆ باوکانیانی کرد لە میسر و لە بیاباندا، ئایا دڵیان پڕ بوو لە سوپاس گوزاری و متمانە؟

٢. ئەی بۆچی گەلی ئیسرائیل نوێژیان بۆ خودا نەکرد؟ ئەو خودایەی کە چل ساڵ ئاگای لێیان بوو لە دەشتایی ووشکدا — ناتوانێ ئاوی خواردنەوەیان بداتێ؟

٣. خودا فەرمانی چی بە موسا دا ئەنجامی بدات تاکو کۆمەڵی ئیسرائیل ئاوی خواردنەوەیان هەبێت؟

٤. ئایا موسا بەگوێی خودای کرد و قسەی لەگەڵ بەردەکە کرد؟

٥. بۆچی خودا ماری ژەهراوی ناردە ناو گەلی ئیسرائیل؟

٦. گەلی ئیسرائیل دەیانتوانێ چی بکەین بۆ ئەوەی لە مردن ڕزگاریان بێت؟

٧. دەیانتوانێ خۆیان ڕزگار بکەن لە مارەکان؟ دەیانتوانێ چارەسەری خۆیان بکەن لەو ژەهرە کوشندەیە؟

٨. ئەی چی بکەن؟

٩. ئایا خودا ئەو مارانەی لەسەریان هەڵگرت؟

١٠. ئەی چی بەسەر ئەوانە هات کە ڕەتیان کردەوە تەماشا بکەن؟

١١. دەزانی خودا چی کرد بۆ ئەوەی ڕزگاریت بکات لەو نەعلەتەی گوناە بەسەرتی هێناوە؟

١٢. تەماشای ڕزگاری دەرەکەت کردووە کە هەموو پێغەمبەران لەسەریان نووسیوە؟

وانەی ٤٣: دوایەمین پەیامی موسا

وتەکان

لەهەر چل و دوو وانەی ڕابردوومانداو، سەرنجی یەکەم پەرتوکی نووسراوە پیرۆزەکانمان داوە، ئەوەی پێی دەوترێ تەورات. وەك دەزانی، خودا بوو کە ووشەی خۆی چاند لە بیری پێغەمبەر موسا، و ئیلهامی داپێی کە بینووسێ لە پەرتوکێکدا. نزیکەی سێ هەزار و بێنج سەد ساڵ تێپەڕیوە لەو کاتەی موسا تەوراتی نووسیوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە هایەکی بێ پایانی هەیە ئەمڕۆ بۆمان. تەورات ئەو بنەمایەیە کە خودا داناوە تاکو هەموو شتێکی پێ تاقی بکەینەوە کە گوێمان لێ دەبێت ئاخۆ لەلایەن خوداوە هاتووە یان نا. ئەو فێرکردنەی لە تەورات هەیە ڕاستێکی پاکە لەلایەن خوداوە. هەر فێرکردنێك کە دژی ئەوە بێت سەختەیە. هەموو ڕاستییەکانی خودا لە گونجانێکی هارمۆنی تەواوە لەگەڵ ئەوەی نووسراوە لە تەورات. یەك شت هەیە کەخودای بالادەست ناتوانێ بیکات. دەزانی ئەو شتە چیە؟ وایە، خودا ناتوانێ دژ خۆی بێتەوە! لە تەورات، موسا ئەم ووشانەی نووسیوە: (خودا مرۆڤ نییە تا درۆ بکات، کوڕی مرۆڤیش نییە تا پەشیمان بێتەوە، ئایا دەڵێت و کردار ناکات؟ یان دەفەرموێت نایباتە سەر؟) (ئامارەکان ٢٣: ١٩)

لە دیراسەتمان لە تەوراتی موسا، خودا زۆر ئاڵۆزی بنچینەیی بۆمان ئاشکرا کردووە. ئەمڕۆ پلانمان وایە گەشتەکەمان لەناو تەوراتی پیرۆز کۆتایی پێ بێنین. بەڵام پێش ئەوەی تەماشای بەشەکانی کۆتایی بکەین، باچاوپێداخشانەوەیەك بکەین بەوەی لە سەرتاوە بینومانە تاکو ئێستا.

لەیەکەم بەشی تەورات، بینیمان چۆن خودا یەکەم مرۆڤی بەدی هێنا لەسەر وێنەی خۆی. خودا ویستی پەیوەندێکی دڵ ڕفێن و بەمانای لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا هەبێت کە بەدی هێنابوو. لەبەر ئەوە بوو بیرێکی لەناو گیانی مرۆڤدا دانا تاکو خودا بناسێ، و دڵێکی پێ بەخشی تاکو بتوانێ خودای خۆش بوێ و ئیرادەیەکیشی پێ بەخشی تاکو بتوانێ بۆ خۆی هەڵبژێرێ بە قسەی خودا بکات یان نا.

لەبەشی سێیەم، بینیمان چۆن ئادەم، یەکەم مرۆڤ، هەڵی بژارد بە گوێی شەیتان بکات و لەبەری ئەو دارەی خوارد کە خودا لێی قەدەغە کردبوو. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: بەهۆی مرۆڤێک گوناە هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد. (ڕۆما ٥: ١٢) سزای گوناە مردنە و جیابوونەوە تاهەتایی لە خودا.

بۆیە، بینیمان چۆن خودا ئادەم و حەوا دەرکرد لە باخچەکانی بەهەشت لەبەر گوناهەکەیان. بەڵام پێش ئەوەی دەریان بکات، خودا ڕایگەیاند چۆن پلانی هەیە ڕۆژێك ڕزگاری دەرێك بنێرێتە ناو جیهانەوە، بۆ ئەوەی دەرگایەکی ڕزگاربوون بکاتەوە بۆ نەوەکانی ئادەم و ئازادیان بکات لە دەسەڵاتی شەیتان و سزای گوناە.

پاشان، فێربووین چۆن خودا بانگی ئیبراهیمی کرد و بەڵێنی پێی دا بیکات بە نەتەویەکی تایبەت کەوا پێغەمبەران و ڕزگاری دەرەکەی لێوە هەڵسێت. بەو شێوەیە، ئیبراهیم ئیسحاقی بوو، ئیسحاقیش یاقوبی بوو، یاقوبیش دوازدە کوڕی بوو. پاشان، خودا ناوی یاقوبی گۆڕی بۆ ئیسرائیل. هەر دوازدە کوڕەکەی ئیسرائیل ئەو نەتەوە نوێیەی خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو پێك هێنا. دە برا گەورەکە یوسفی برا بچووکی خۆیان فرۆشت وەك کۆیلەیەك کە بردرا بۆ میسر. بەڵام مرۆڤ چی بچێنێت، ئەوە دەدرووێتەوە. (گەلاتیا ٦: ٧) لە دەرئەنجامدا، بینیمان چۆن هەموو نەوەی ئیسرائیل بوون بە کویلە لە میسر. سەرەڕای ئەوەش، خودا بەڵێنی خۆی کە دای بە ئیبراهیم و نەوەی لە یاد نەکردبوو. لە سیپارەی دەرچوون فێربووین چۆن خودا بەڵێنەکەی دای بە ئیبراهیم هێنایە دی بە بانگ کردنی موسا بۆ ئازاد کردنی گەلی ئیسرائیل لە بەند و کۆیلایەتیان.

لە دیراسەتی چیرۆکی موسا، ئەو وەسفە سەرسوڕهێنەر و جوانە چۆنیەتی ڕزگارکردنی خودا بۆ جەماوەری ئیسرائیل لە چەوسانەوەی فیرعەون و خەڵکی میسر خۆیدمانەوە. هەروەها خوێندمانەوە چۆن خودا پاراستیانی لە بیابان و هێنایانیە سنووری کەنعان، ئەو خاکەی بەڵێنی بە باپیرەگەورەیان ئیبراهیمی دابوو لەوە پێش. بەڵام زۆربەی گەلی ئیسرائیل لە زەبەلاحەکانی کەنعان دەترسان و متمانەیان بە خودا نەکرد کە بەڵێنەکەی بۆیان جێ بەجێ بکات. لەبەر ئەوە نەچوونە ناو خاکی زۆروزەبەنەی کەنعان لەو کاتە.

لەبەر بێ باوەڕییان، گەلی ئیسرائیل چل ساڵ لە دەشتاییدا مانەوە، تاکو هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بەوە نەبوو کە خودا بەڵێنی پێ داوە سەبارەت بە کەنعان مردن. ئەوە ئەو سزایە بوو کە خودا بەسەریانی هێنا لەبەر بێ باوەڕیان. بەڕاستی، پەروەردگار... خودایەکی دڵسۆزە، ستەمکاری تێدا نییە، ئەو ڕاستگۆ و ڕاستە! (وتەکان ٣٢: ٤)

ئێستاش با گەشتەکەمان تەواوکەین لە تەورات. لە بیرت بێت، گەلی ئیسرائیل هێشتا لە بیابانن لەبەر ئەوەی خودا ئەڵیانی دەکرد لەبەر بێ باوەڕییان. هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی بیست ساڵی بوو و ڕەتیان کردەوە باوەڕ بە بەڵێنی خودا بێنن سەبارەت بە خاکی کەنعان مردن. تەنانەت یەکیان لە ژیان نەما. ئێستا منداڵەکانیان لەسەر سنووری کەنعانن. لەپاش چل ساڵی دوور و درێژ لە دەشتایی، نەوەکانی ئیسرائیل ئێستا تامەزرۆی ئەوە بوون نیشتەجێی ئەو خاکە بوون کە باوکانیان نەیانتوانێ بچنە ناوی!

دیراسەتی ئەمڕۆمان لە بەشی پێنجەمی تەوراتە، سیپارەی وتەکان (واتای تەواو: یاسای دووەم). لەم بەشە کۆتاییە، موسا چاوپێداخشانەوەی یاسای پارسای خودا دەکات و فێری خێڵەکانی ئیسرائیل دەکات. ئەم سیپارە بنچینەییە دوایین پەیام لەخۆ دەگرێت کە موسا ئامۆژگاری خەڵکی کرد بۆئەوەی ئامادەیان بکات بچنە ناو ئەو خاکەی خودا بەڵێنی پێیان دابوو. ئێمەش دەتوانین ووشەکانی موسا کورت بکەینەوە لە چەن ووشەیەکدا: لە بیرتان نەچێت!

بەکورتی، موسا شتێکی وای بە گەلی ئیسرائیل ووت: ئاگاداربن لە بیرتان نەچێت ئێوە کۆیلەبوون لە میسر! هەموو ئەو شتانەی خودا لە ڕێگا بۆتانی کرد لە بیرنەکەن، لەنێوان میسر و ئەو خاکە خەریکە بچنە ناویەوە! ئەو گوناهانەی ئەنجامتان داوە بەرامبەر پەروەردگار خوداتان لە بیر مەکەن! لە بیرتان نەچێت خودا چۆن دادوەری باوکانتانی کرد لەبەر بێ باوەڕییان، هەر بۆیە لاشەکانیان لە بیاباندا ماوتەوە. لە بیرتان نەچێت کە خودا باش بوو بو باوك و دایکتان، بەڵام ئەوان کەللە ڕەق بوون و باوەڕیان پێ نەکرد. لە بیرتان نەچێت!

ئەمڕۆ، کاتێ گوێتان لە دەنگی خودا دەبێت، دڵتان ڕەق مەکە وەك باوکان و دایکانتان دڵیان ڕەق کرد لە دەشتایی. ئایا ئێوەش وەك باوباپیرانتان باوەڕهێنان بە ووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە یاخود باوەڕ بە پەروەردگار خوداتان دێنن؟ ئەگەر باوەڕهێنان بە ووشەی خودا ڕەت بکەنەوە وەك باوباپیرانتان، خودا سزاتان دەدات وەك چۆن سزای ئەوانی دا. لە بیرتان نەچێت!

پەروەردگار خودا دەتانباتە ناو خاکەکەوە، کە شیر و هەنگوینی لێ هەڵدەقوڵێ، و کە سوێندی بۆ باوباپیرانتان خواردووە. خودای خۆتان لە بیر نەچێت کە خاکەکەی پێتان دا، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەسەر نان بەتەنیا ناژیێت، بەڵکو لەسەر هەموو ووشەیەك کە لە دەمی پەروەردگارەوە دێت! لە بیرتان نەچێت!

لەپاش ئەوەی موسا ئامۆژگارییەکانی تەواو کرد، پەروەردگار بە موسای فەرموو: (وتەکان ٣٢) [٤٩] (سەربکەوە بۆ ناو زنجیرە چیای عەڤاریم، بۆ (چیای نەبۆ)وە کە لە خاکی مۆئابە و بەرامبەر بە ئەریحایە و لەوێوە تەماشای خاکی کەنعان بکە کە من وەک مووڵک بە نەوەی ئیسرائیلی دەدەم. [٥٠] لەو کێوەدا کەوا بۆی سەردەکەویت بمرە... [٥١] لەبەر ئەوەی ئێوە ناپاک بوون لەگەڵم لەنێو نەوەی ئیسرائیل‌دا... [٥٢] جا تۆ لە بەرامبەریەوە خاکەکە دەبینیت، بەڵام ناچیتە ناو ئەوێ بۆ ئەو خاکەی بە نەوەی ئیسرائیلی دەدەم.)

(وتەکان ٣٤) [١] ئینجا موسا لە دەشتەکانی مۆئابەوە بۆ چیای نەبۆ سەرکەوت... جا پەروەردگار هەموو خاکەکەی پیشان دا... هەموو خاکی یەهودا تا دەریای ڕۆژئاو... [٤] پەروەردگار پێی فەرموو: (ئەوە ئەو خاکەیە کە سوێندم بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد و فەرمووم، (دەیدەمە نەوەکەت.) ئەوەتا بە چاوەکانی خۆت پێم پیشان دایت، بەڵام تۆ بۆ ئەوێ ناپەڕیتەوە.) [٥] جا موسای خزمەتکاری پەروەردگار لەوێ مرد، لە خاکی مۆئاب بەپێی بەڵێنی پەروەردگار، [٦] ئینجا لە خاکی مۆئاب لە دۆڵەکە بەرامبەر بێت‌پەعۆر ناشترا... ئەمڕۆش کەس گۆڕەکەی پێ نازانێت. [٧] موسا تەمەنی سەد و بیست ساڵان بوو کاتێک مرد، هێشتا چاوەکانی کز نەببوون و هێزی لەبەر نەبڕابوو. [٨] جا نەوەی ئیسرائیل لە دەشتەکانی مۆئاب سی ڕۆژ بۆی گریان و ڕۆژانی گریان و شیوەنی موسا تەواو بوو. [٩] یەشوعی کوڕی نونیش پڕ ببوو لە ڕۆحی دانایی، چونکە موسا دەستی لەسەر دانابوو و نەوەی ئیسرائیل گوێیان لێ گرت و ئاوایان کرد وەک پەروەردگار فەرمانی بە موسا کرد.

[١٠] جا لە ئیسرائیل‌دا هیچ پێغەمبەرێک پەیدا نەبوو وەک موسا کەوا پەروەردگار ڕوو بە ڕوو ناسی، [١١] لە هەموو ئەو نیشانە و کارە سەرسوڕهێنەرانەی پەروەردگار ناردی تا لە خاکی میسر بە فیرعەون و هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو خاکەکەی بکات، [١٢] هەروەها لە هەموو ئەو دەستە بەهێزە و هەموو ئەو کارە تۆقێنەرانەی موسا لەبەرچاوی هەموو ئیسرائیل کردی. ئامین!

لێرە تەورات تەواو دەبێت. هەموو شتێك لە تەورات تۆمارکراوە تاکو زانیاری بەدەست بێنین، زانیاری کە کە بەرەو باوەڕهێنان بە ڕێگای ڕزگاربوونی خودامان ببات. بەڕاستی موسا پێغەمبەرێکی مەزن بوو. پەروەردگار خودای ڕوو بەڕوو ناسی. موعجیزەی سەیری ئەنجام دا لەلایەن خودا. بەدەستی موسا، خودا گەلی ئیسرائیلی لە چەوسانەوەی فیرعەون ڕزگارکرد. هەروەها بەدەستی ئەو، خودا تەوراتی پێمان بەخشی، یەکەم پەرتوکی نووسراوە پیرۆزەکان. هەموو کەس دەبێت بزانێ پێغەمبەر موسا چی نووسی. هەرکەسێك تەوراتی موسا نەناسی لە زۆر شت بە هەڵەدا دەچێت و لە مەترسیێکی زۆردایە بفەوتێ لە ڕێگای ناڕاستودروستی. لە بیرت بێت، تەورات ئەو بنەمایەیە کە خودا خۆی داینواوە، ئەو بنەمایەی خودا لەسەری و لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە پاشماوەی پەرتوکی پیرۆزی خۆی بنیات دەنا.

بەڕاستی، پێغەمبەر موسا ووشەی سەرنج ڕاکێش و بنچینەیی و سەرسوڕهێنەری نووسی. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ شتێك لەوە گرنگتر نیە کە ڕایگەیاندووە لە سیپارەی پێنجەمی تەورات، لە بەشی هەژدەهەم. لەم بەشەدا موسا بەگەلی ئیسرائیلی ووت کە خودا پلانی وایە پێغەمبەرێکی تری مەزنتر هەڵسێنێتەوە کەوا بە ڕاستەوخۆیی قسە بۆ خودا دەکات. با بزانین موسا چی بە خەڵکی ئیسرائیل ووت: (وتەکان ١٨) [١٥] پەروەردگار خوداتان لەنێوتان لە براکانتان پێغەمبەرێکی وەک منتان بۆ قیت دەکاتەوە، گوێی لێ دەگرن. [١٦] بەگوێرەی هەموو ئەو شتانەی لە پەروەردگار خوداتان داوا کرد لە حۆرێڤ لە ڕۆژی کۆبوونەوە و وتتان، (با ئیتر گوێمان لە دەنگی پەروەردگار خودامان نەبێت و ئەم ئاگرە مەزنەش نەبینینەوە، نەوەک بمرین.) [١٧] پەروەردگاریش پێی فەرمووم، (چاکیان کرد لەوەی وتیان، [١٨] لەنێو براکانیان پێغەمبەرێکی وەک تۆیان بۆ دادەنێم و وشەکانم دەخەمە دەمی و ئەوەی فەرمانی پێ دەدەم ئەو بۆیان پێی دەدوێت. [١٩] جا وا دەبێت ئەو مرۆڤەی گوێ لە وشەکانم نەگرێت کەوا ئەو (پێغەمبەر) بە ناوی منەوە پێی دەدوێت، من لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەم.

بەم ڕاگەیاندنەی دەمی موسا، خودا هاتنی پێغەمبەرێکی تری ڕادەگەیاند کەوا لە نەتەوەی عیبریەوە دێت (ئایەتی ١٥، ١٨)، پیاوێك کە بە پڕی و بە پاکی ووشەی خودا دەدوێ (ئایەتی ١٨، ١٩)، پێغەمبەرێك کە دەبێتە شەفیعێك لەنێوان خودا و مرۆڤ. (ئایەتی ١٦، ١٧) دەزانی ئەو پێغەمبەرە کێ بوو؟ دەزانی کام پێغەمبەر بوو کە بە دەسەلاتێکی زیاتر لە موسا لەگەڵ خودا قسەی کرد؟ دەزانی کام پێغەمبەر بوو کە موعجیزەی وای پشان دا کەلە موعجیزەکانی موسا مەزنتر بوو؟ بەڵێ، ئەو پێغەمبەرەی موسا ناوی هێنا ڕزگاری دەرە ڕاستودروستەکەیە، کەلە کچێکی جوو لەدایك بوو. سەبارەت بەو، موسا ئاگادارێکی پێش وەختی دا بە گەلی ئیسرائیل: (گوێی لێ دەگرن!... جا وا دەبێت ئەو مرۆڤەی گوێ لە وشەکانم نەگرێت کەوا ئەو (پێغەمبەر) بە ناوی منەوە پێی دەدوێت، من لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەم.)

ئالێرە دیراسەتمان لە تەورات دەبێت تەواو بێت. چۆن دەتوانین گەشتەکەمان کۆتایی پێ بێنین لەم پەرتوکە گەورە و سەرسوڕهێنەرە؟ با کۆتایی پێ بێنین بەوەی موسا خۆی ئاماژەی پێ کرد بۆ گەلی ئیسرائیل لەو ڕۆژەی مرد. لە بەشی سی و دوو موسا دەفەرموێ: گوێ شل‌کە ئەی ئاسمان، وا قسە دەکەم، با زەویش گوێ بگرێت لە وشەی دەمم... ناوی پەروەردگار ڕادەگەیێنم، مەزنی بە خودامان ببەخشن. تاشەبەردە، کردارەکانی تەواوە، چونکە هەموو ڕێگاکانی دادپەروەرییە، خودایەکی دڵسۆزە، ستەمکاری تێدا نییە، ئەو ڕاستگۆ و ڕاستە. (وتەکان ٣٢: ١، ٣، ٤)

بۆ وانەی داهاتوو دەست بەو پەرتوکە پیرۆزە دەکەین کە لەپاش تەوراتی موسا دێت بەڵام هەر پەیوەندی لەگەڵدا هەیە و دەبینین چۆن خودا گەلی ئیسرائیلی هێنایە ناو ئەو خاکەی شیر و هەنگوینی لێ هەڵدەقوڵا هەر وەك بەڵێنی پێیان دابوو زۆر لەوە پێش.

دەبا خوداش، کە تەنها خۆی شایەنی شکۆمەندی و جەلالەتە، بەرەکەتدارت بکات! پێغەمبەر موسا بە تەواوی ئەم شتەی فەرمووە: (پەروەردگار... خودایەکی دڵسۆزە، ستەمکاری تێدا نییە، ئەو ڕاستگۆ و ڕاستە!) (وتەکان ٣٢: ٤) ئامین!



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. یەك شت هەیە كە خودای بالادەست ناتوانێ بیكات. دەزانی ئەو شتە چیە؟

٢. ئایا ئێوەش وەك باوباپیرانتان باوەڕهێنان بە ووشەی خودا ڕەت دەكەنەوە یاخود باوەڕ بە پەروەردگار خوداتان دێنن؟

٣. دەزانی كام پێغەمبەر بوو كە بە دەسەلاتێكی زیاتر لە موسا لەگەڵ خودا قسەی كرد؟

٤. دەزانی كام پێغەمبەر بوو كە موعجیزەی وای پشان دا كەلە موعجیزەكانی موسا مەزنتر بوو؟

وانەی ٤٤: یەشوع و خاکی کەنعان

یەشوع

لە وانەی ڕابردوومانداو دیراسەتمان تەواو کرد لە تەوراتی موسا، یەکەم پەرتوکی نووسراوەکانی پێغەمبەران. لە تەوراتی پیرۆز، فێربووین چۆن گوناە هاتە ناو جیهان و لەعنەتێکی لەگەڵ خۆی هێنا. بەڵام هەروەها بینیمان چۆن پەروەردگار خودا، لە پلانە سەرسوڕهێنەرەکەی، بەڵێنی دا کە ڕزگاری دەرێك بنێرێتە جیهانەوە کەوا نەوەی ئادەم ڕزگار دەکات لەو لەعنەتەی کە گوناە هێنای. بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەگەڵ پلانەکەی بە ناردنی ڕزگاری دەری جیهان، خودا داوای لە ئیبراهیم کرد مااڵی باوکی و وڵات بەجێ بێڵێ بەرەو خاکی کەنعانی زۆر دوور. خودا پلانی وابوو نەتەوەیەکی نوێ لە ئیبراهیم دروست بکات کەوا ڕزگاری دەرەکەی لێوە دێتە دونیاوە. کاتێ ئیبراهیم گەیشتە خاکی کەنعان، خودا دووبارە بۆی بە دەرکەوت و بەڵێنی پێ دا، فەرمووی، (ئەو خاکەی کۆچی تیادا دەکەیت، بە خۆت و بە وەچەی دوای خۆت دەدەم، هەموو خاکی کەنعان، مۆڵکێکی تاهەتایی.) ئێستا دەبینین چۆن خودا بەڵێنەکەی کە زۆر لەوە پێش دابوی بە ئیبراهیم هێنایە دی، و خاکی کەنعان دایە نەوەکانی ئیبراهیم، گەلی ئیسرائیل. کەنعان ئەو خاکەیە کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن ئیسرائیل.

وانەی ڕابردوو، لە دوایەمین بەشی تەورات، زانیمان چۆن موسا لەسەر ئەو چیایەی بەسەر خاکی کەنعانەوە بوو مرد. لەپاش مردن موسا، یەشوعی یاریدەدەری بوو بە سەرکردەی نوێ. یەشوع لەلایەن خوداوە دانرا بۆ ئەوەی جێگای موسا بگرێت. تائێستا چەن جارێك دەربارەی یەشوعمان خوێند. خەسلەتی جیاکەرەوەی یەشوع ئەوە بوو کە باوەڕی بە هەموو بەڵێنەکانی خودا هەبوو، تەنانەت کاتێ زۆربەی گەلی ئیسرائیل باوەڕیان نەبوو. یەشوع یەك بوو لەو دوو سیخوڕەی کا باوەڕیان بە خودا هەبوو کاتێ گەلی ئیسرائیل یەکەم جار گەیشتنە سنووری خاکی کەنعان. گەلی ئیسرائیل ئامادەبوون بەردبارانی بکەن و بیکوژن، تەنها لەبەر ئەوەی هانیانی دەدا باوەڕ بە پەروەردگار بهێنن و بچن بە خاوەنی خاکی کەنعان. ئەمڕۆ دەبینین کە هەمان یەشوع، کە گەلی ئیسرائیل ڕەتیان کردەوە چل ساڵ لەوە پێش، دەبێتە ئەو کەسەی خودا هەڵیبژارد بۆ ئەوەی ببێت بە سەرکردە کەوا پێشەوایەتیان دەکات بۆناو خاکی کەنعان!

سیپارەی یەشوع، کە لێی دەخوێنینەوە، لە نووسراوە پیرۆزەکاندا دۆزراوەتەوە، لەنێوان تەورات و زەبورەکان. سیپارەی یەشوع دووبارە باسی ئەوە دەکات کە چۆن خودا ئەو بەڵێنە جێ بە جێ دەکات کە زۆر لەوە پێش دابووی بە ئیبراهیم کاتێ فەرمووی، (ئەو خاکەی کۆچی تیادا دەکەیت، بە خۆت و بە وەچەی دوای خۆت دەدەم، هەموو خاکی کەنعان، مۆڵکێکی تاهەتایی و منیش دەبم بە خودایان!) (پەیدابوون ١٧: ٨)

لەم خاڵەی دیراسەتمان کە بە پێی کاتی ڕووداوە، هێشتا گەلی ئیسرائیل ولاتێکی خۆیان نیە. هێشتا لە بیاباندا دێن و دەچن. لەوەش زیاتر ئەوە بوو کەخاکی کەنعان پڕبوو لە زەلامی زەبەلاح کە شەڕکەری چاك بوون. بەڵام، خودای بالادەست پلانی وابوو کە دانیشتوانی کەنعان لەناو بەرێت لەبەر گوناهی زۆری بەردەوامیان، و ئەو خاکە پڕ خۆشیە بدات بە گەلی ئیسرائیل.

ئێستاش با ببینین چۆن یەشوع و گەلی ئیسرائیل چوونە ناو خاکەکەوە، و بەسەریان زاڵ بوون و بوون بە خاوەنی. لە یەکەم بەش، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یەشوع ١) [١] ئەوە بوو پاش مردنی موسای خزمەتکاری پەروەردگار، پەروەردگار لەگەڵ یەشوعی کوڕی نونی خزمەتکاری موسادا دووا و فەرموویی: [٢] (موسای خزمەتکارم مرد، جا ئێستا هەستە، خۆت و هەموو ئەم گەلە لە ڕووباری ئوردونەوە بپەڕنەوە بۆ ئەو خاکەی پێیان دەدەم، واتا بە نەوەی ئیسرائیل. [٣] هەر شوێنێک پێی لێ بنێن، بە ئێوەی دەدەم، هەروەک بە موسام فەرموو، [٤] لە چۆڵەوانییەوە... تا دەریای سپی ناوەڕاست بەرەو ڕۆژئاوا دەبێت بە سنوورتان. [٥] لە هەموو ڕۆژانی ژیانت کەس بەرەو ڕووت ناوەستێت. هەروەک لەگەڵ موسادا بووم، لەگەڵ تۆش دەبم و فەرامۆشت ناکەم و بەجێت ناهێڵم. [٦] (بەهێزبە و ئازابە، چونکە ئەو زەوییە بۆ ئەم گەلە دەکەیت بە میرات کە سوێندم بۆ باووباپیرانیان خواردووە کە پێیانی بدەم. [٩] ئایا من فەرمانم بە تۆ نەکرد؟ جا بەهێزبە و ئازابە، مەتۆقە و ورە بەر مەدە، چونکە پەروەردگار خودات لەگەڵ تۆ دایە بۆ هەر کوێ بچیت.)

[١٠] جا یەشوع فەرمانی بە کۆێخاکانی گەل کرد و پێی وتن: [١١] (بەناو ئۆردوگاکەدا تێپەڕ بن و فەرمان بە گەل بکەن و بڵێن: ئازووقە بۆ خۆتان ئامادە بکەن، چونکە پاش سێ ڕۆژی دیکە لە ڕووباری ئوردونەوە دەپەڕنەوە تا بچنە ناوەوە و دەست بەسەر ئەو زەوییەدا بگرن کە پەروەردگار خوداتان دەتانداتێ وەک خاوەنی.))

لەپاش ئەمە، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت چۆن یەشوع دوو سیخوڕی نارد وپێیانیووت، (بڕۆن تەماشای خاکەکە بکەن، بە تایبەتی ئەریحا.) دوو سیخوڕەکە چوون و شاری ئەریحا دیوارە توند و بەرزەکانیان سەح کردەوە کە دەوری شاری گرتبوو. شەویش دوو سیخوڕەکە لەناو ئەریحا خۆیان شاردەوە، و خۆیان لە مااڵی ئافرەتێکی سووک شاردەوە کەناوی ڕاحاب بوو. بەاڵم، هەندێ کەسی ئەریحا بینیان سیخوڕە ئیسرائیلیەکان چوونە ناو مااڵی ڕاحابەوە. یەکسەر بە پاشایان ڕاگەیاند و پێیان ووت، (هەندێك لەگەڵ ئیسرائیل لە شارن بۆ سیخوڕی.) پاشاش سەربازی نارد بۆ مااڵی ڕاحاب بۆ ئەوەی بیانگرێ، بەاڵم ڕاحاب لەسەربان شاردیانیەوە.

لەپاش ئەوەی سەربازەکان ڕۆیشتن، ڕاحاب بانگی سیخوڕەکانی کرد و پێیانی ووت، (دەزانم کە پەروەردگار خوداتان، خودای ڕاستەقینەیە. دەشزانم کە خودا شارەکەم و هەموو خاکی کەنعان دەدات بەدەستان. هەموو خەڵکی خاکەکە لێتان تۆقیون، لەبەر ئەوەی گوێیان لێ بووە چۆن خودا دەریای سوف بۆتان شەق کرد و چۆن هەموو دوژمنانتانی لەناو بەردووە. باوەڕم وایە کە پەروەردگار خوداتان خودای ڕاستەقینەیە! بۆیە، داواتان لێ دەکەم سوێند بخۆن کاتێ دێن و بەسەر شارەکە زاڵ دەبن، خۆم و خێزانەکەم بپارێزن و لە مردن ڕزگارمان بکەن!) دوو سیخوڕەکەش وەاڵمیان دایەوە، (کاتێ خودا شارەکەتمان دەداتە دەست، خۆت و هەموو ئەوانەی لە مااڵی تۆن دەپارێزین.)

لەبەشی سێیەم، نووسراوە پیرۆزەکان دووبارە باسی ئەوە دەکات چۆن نەوەی ئیسرائیل پێویستیان بەوە بوو کە ڕووباری ئوردن ببڕن بۆ ئەوەی بچنە ناو خاکی کەنعان، بەاڵم ڕووبارەکە قوڵ و پان بوو. چۆن کۆمەڵە خەڵکێك لە دوو یان سێ ملیۆن کەس پێك هاتبێ دەتوانن ئەو ڕووبارە پانە ببڕن؟ ئایا، ئەوە ئاسانە، لەبەر ئەوەی پەروەردگار خودای باڵادەست، ئەوەی کە ڕێگایەکی لەنێو دەریای سوف بۆیان کردەوە نەگۆڕابوو! خودا دیسان ڕێگایەکی بۆ گەلی ئیسرائیل کردەوە، ئەم جارەیان لە ڕووباری ئوردن. بۆیە، لە ناوەڕاستی ئاوەکە و لەسەر ووشکانی پەڕانەوە. هەموو گەلی ئیسرائیل ڕووبارەکەیان بڕی، و گەیشتنە بەرامبەر شاری گەورەی ئەریحا. خەڵکی ئەریحا دەروازەکانی شارەکەیان داخستبوو. کەس نەیدەتوانی بچێتە ناو شارەکە و کەس نەدەتوانی شارەکە بەجێ بێڵێ.

لەبەشی پێنج، نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کەکاتێ یەشوع نزیکی ئەریحا بوو، سەری بڵند کردەوە و پیاوێکی بینی شمشێری هەڵگێشابوو و لە بەرامبەر ڕاوەستابوو. یەشوع لێی پرسی، (دۆستمانی یان دوژمنمانی؟) ئەویش وەاڵمی دایەوە، (من فەرماندەی سوپای پەروەردگار خودام!) یەشوعیش کەوتە سەر زەوی. پاشان ئەوەی کە پێی دەوترا فەرماندەی سوپای پەروەردگار خودا بە یەشوعی وت، (پیاڵوەکانت داکەنە، چونکە ئەو شوێنەی لێی ڕاوەستاوی پیرۆزە.) یەشوعیش وای کرد.

دەزانی کێ بوو لەگەڵ یەشوع قسەی دەکرد؟ پەروەردگار خۆی بوو کەوا بە کورتی بە دەرکەوت! پێشتر بینیمان چۆن خودا بۆ ئیبراهیم بە دەرکەوت وەك پیاوێك و قسەی لەگەڵ کرد، هەروەها چۆن بۆ موسا بە دەرکەوت لەنێو گڕی ئاگرێکدا لە گژوگیا. و ئێستاش دەبینین خودا بە یەشوع بۆ دەرکەوت وەك فەرماندەیەکی باڵادەست و شمشێرێکی بە دەستەوە! بەم شێوەیە، پەروەردگار خودا بە یەشوعی فەرموو: (بڕوانە من ئەریحا و پاشاکەی و پاڵەوانە شەڕکەرەکانیم داوەتە دەست تۆ. ئێوەش هەموو جەنگاوەرەکان بۆ ماوەی شەش ڕۆژ، ڕۆژی جارێک بە چواردەوری شارەکەدا دەسوڕێنەوە. حەوت کاهین حەوت کەڕەنای قۆچە بەران لەبەردەم سندوقەکەدا هەڵدەگرن و لە ڕۆژی حەوتەمدا حەوت جار بە چواردەوری شارەکەدا دەسووڕێنەوە و کاهینەکان کەڕەناکان لێ دەدەن. کاتێک گوێتان لە دەنگی کەڕەناکان دەبێت، لەگەڵ درێژبوونەوەی فووکردن بە قۆچە بەرانەکان‌دا، هەموو گەل بەیەک دەنگ هاوارێکی بەرز دەکەن و شوورەی شارەکە دەڕمێت و هەموو گەل هەریەکە و لەلای خۆیەوە بەسەری‌دا دەدەن.) (یەشوع ٦: ٢–٥) پاشان پەروەردگار قسەی تەواو کرد لەگەڵ یەشوع و ڕۆیشت.

یەشوع یەکسەر چۆ بۆلای گەلی ئیسرائیل و هەموو ڕاسپاردەکانی پەروەردگاری پێیان ڕاگەیاند. و پاشان یەشوع فەرمانی پێیان دا کە سندوقەکەی پەیمانەکە و بە دەوراو پشتی شارەکە ڕێ بکەن. بەڵام پێیانی وت، (هیچ قسەیەك نەکەن تا ئەو ڕۆژەی فەرمانتان پێ دەدەم هاواربکەن. پاشان دەتوانن هاوار بکەن.) لەپاش ئەوەی یەك جار بەدەوراوپشتی شارەکە ڕێیان کرد، گەڕانەوە ئۆردوگاکەیان و شەویان لەوێ بردە سەر. لە دووەم ڕۆژ، جارێك بەدەوراوپشتی شارەکە ڕێیان کرد و گەڕانەوە ئۆردوگاکە. ئەمە ئیشیان بوو لە شەش ڕۆژی یەکەم.

بەڵام لە بەیانی ڕۆژی حەفتەمدا، هەستان و حەفت جار بەدەوراوپشتی شارەکە ڕێیان کرد. لەپاش ئەوەی حەفتەم جار بەدەوراوپشت شارەکە ڕۆیشتن، کاهینەکان زۆڕناکانیان لێدا. پاشان یەشوع فەرمانی بە کۆمەڵ دا، (هاوارکەن، چونکە پەروەردگار شارەکەی بەدە ستانەوە داوە) (یەشوع ٦: ١٦)

کاتێ گەلی ئیسرائیل گوێیان لە زوڕناکە بوو، هاوارێکی مەزنیان کرد و شورەکانی چواردەورەی شارەکە ڕووخان! پاشان پیاوانی ئیسرائیل چوونە ناو شارەکە، هەموو پیاوێك یەکسەر چووە ژوورەوە. بەم شێوەیە دەبینین چۆن یەشوع دەستی بەسەر یەکەم شاری خاکی کەنعاندا گرت. لەو ڕۆژەدا هەموو خەڵکی ئەریحا گوژران، بێجگە لە ڕاحاب و خێزانەکەی، هەروەك دوو سیخوڕەکە بەڵێنیان پێ دابوو. مااڵی ڕاحاب نەڕووخا، لەبەر ئەوەی وازی لە بت پەرستی هێنابوو و متمانەی خۆی بە خودای ئیسرائیل دابوو.

بۆچی یەشوع و گەلی ئیسرائیل توانیان دەس بەسەر ئەو شارە زۆر قایمکراوە بگرن و بچنە ناو ئەو خاکەی خودا بەڵێنی پێیان دابوو؟ دەستیان بەسەردا گرت چونکە باوەڕیان بە ووشەی خودا بوو. خودا لەگەڵ ئەوکەسانەیە کەباوەڕیان بە ووشەی هەیە. ئەی بۆچی ڕاحاب لەگەڵ خەڵکی ئەریحا نەکوژرا کاتێ شارەکە ڕووخا؟ ئەو ڕزگاری بوو لەبەر ئەوەی ئەو تەنها بەوە ڕانەوەستا کە هێزی خودا سەرنجی ڕابکێشێ، بەڵکو باوەڕی پێی هێنا تائەو ڕادەیەی لایەنگری پیاوانی خودا بکات. ئەوە ئەوەیە کە نووسراوە پیرۆزەکان ڕایدەگەیێنێ کاتی دەفەرموێ: به باوەڕ شوورەکانی ئەریحا ڕووخان، دوای ئەوەی حەوت ڕۆژ بە دەوریدا سووڕانەوە. به باوەڕ ڕاحابی داوێنپیس لەگەڵ یاخیبووان لەناونەچوو، چونکە پێشوازییەکی ئاشتییانەی لە سیخوڕەکان کرد... بێباوەڕیش مەحاڵە خودا ڕازی بکرێت، چونکە ئەوەی لەو نزیک بێتەوە، دەبێ باوەڕی بە بوونی ئەو هەبێت و پاداشتی ئەوانەش دەداتەوە کە داوای دەکەن. (عیبرانیەکان ١١: ٣٠، ٣١، ٦)


بە کورتی، سیپارەی یەشوع بە ووردی باسی ئەوە دەکات کەچۆن خودا لەگەڵ یەشوع و گەلی ئیسرائیل بوو، و چۆن خاکی کەنعانی دایە دەستیان، شار لە دوای شار، هەروەك بەڵێنی دابوو. بۆیە، لە بەشی بیست و یەك، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (جا پەروەردگار هەموو ئەو زەوییەی بە نەوەی ئیسرائیل دا!... هەروەها پەروەردگار لە دەوروبەرەکەیان ئاسوودەی کردن... پەروەردگار هەموو دوژمنەکانیانی دا بەدەستیان) (یەشوع ٢١: ٤٣، ٤٤)

ئایا خودا بەڵێنەکەی کەدای بە ئیبراهیم و نەوەکانی زۆر لەوە پێش جێ بەجێ کرد؟ ئایا خودا خاکی کەنعانی دایە دەستی گەلی ئیسرائیل وەك فەرمووی؟ بەڵێ! خودا دڵسۆزە! هەرچی بەڵێنێك بدات جێ بەجێی دەکات تەنانەت ئەگەر مرۆڤ پێی وابێ هێواشە لەو شتە. پەروەردگار خودا خولیای ئەوە بوو نیعمەتی بدات بەگەلی ئیسرائیل و خاکی پڕ بەروبوومی کەنعانیان بداتێ، بەڵام چاوەڕوانی ئەوان بوو کە متمانەی پێ بکەن. وەك بینیمان، گەلی ئیسرائیل چەن ساڵێکی زۆریان بە فیڕۆ دا پێش ئەوەی دەست بکەن بە باوەڕ هێنان بەوەی خودا بەڵێنی پێیان دابوو. باوکانیان نەبوونە میراتگری بەرەکەتەکانی خاکی کەنعان، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە بەڵێنەکانی خودا نەبوو.

ئەی دەربارەی تۆ خۆێنەری بەڕێز؟ باوەڕت بە خودا هەیە؟ پرسیارەکەمان ئەوە نیە باوەڕت بە بوونی یاخود یەکتایی خودا هەیە یان نا. شەیتانیش دەزانێ خودا بوونی هەیە و تاکە خودایە! ئەو پرسیارەی دەبێت ئەمڕۆ وەڵامی بدەیتەوە ئەویە: باوەڕت بە خودا خۆی هەیە؟ خۆشت دەوێ؟ پڕ بەدڵ متمانەت بە ووشەی خودا هەیە؟ دەزانی خودا چی هەڵگرتووە بۆ ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە؟ ئایا تۆ خاوەنی ژیانی تاهەتاییت و ڕۆحی پیرۆزیت کە دەیبەخشێ بە هەموو ئەو کەسانەی باوەڕ بە مزگێنیەکەی دێنن؟ زۆربەی

نەوەکانی ئادەم باوەڕیان هەیە بە بوونی خودا. لەگەڵ ئەوەشدا و بە داخەوە ئەوانەی دەزانن و باوەڕیان بە بەڵێنە مەزن و بە بەهایەکی خودا هەیە کەمن. خودا خۆشتانی دەوێ و دەیەوێ بەرەکەتدارتان بکات زۆر لەو ڕادەیە بەدەر کە بیری لێ بکەنەوە، بەڵام دەبێت ووشەی بناسی و باوەری پێ بکەیی و وەریبگری!

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی ئەم ئامۆژگارییە دەدەن ووشەی خودا: ئەوەی هیچ چاوێک نەیبینیوە، هیچ گوێیەک نەیبیستووە و بە بیری مرۆڤدا نەهاتووە، ئەوەی خودا ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێت. (١ کۆرنسۆس ٢: ٩) تاکو تەمبەڵ نەبن، بەڵکو لاسایی ئەوانە بکەنەوە کە بە باوەڕ و ئارامگرتن میراتگری بەڵێنەکانن. (عیبرانیەکان ٦: ١٢)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. چۆن کۆمەڵە خەڵکێك لە دوو یان سێ ملیۆن کەس پێك هاتبێ دەتوانن ئەو ڕووبارە پانە ببڕن؟

٢. یەشوع لێی پرسی، (دۆستمانی یان دوژمنمانی؟) دەزانی کێ بوو لەگەڵ یەشوع قسەی دەکرد؟

٣. بۆچی یەشوع و گەلی ئیسرائیل توانیان دەس بەسەر ئەو شارە زۆر قایمکراوە بگرن و بچنە ناو ئەو خاکەی خودا بەڵێنی پێیان دابوو؟

٤. ئەی بۆچی راحاب لەگەڵ خەڵکی ئەریحا نەکوژرا کاتێ شارەکە ڕووخا؟

٥. ئایا خودا بەڵێنەکەی کەدای بە ئیبراهیم و نەوەکانی زۆر لەوە پێش جێ بەجێ کرد؟

٦. ئایا خودا خاکی کەنعانی دایە دەستی گەلی ئیسرائیل وەك فەرمووی؟

٧. ئەی دەربارەی تۆ؟ باوەڕت بە خودا خۆی هەیە؟ خۆشت دەوێ؟

٨. پڕ بەدڵ متمانەت بە ووشەی خودا هەیە؟

٩. دەزانی خودا چی هەڵگرتووە بۆ ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە؟

١٠. ئایا تۆ خاوەنی ژیانی تاهەتاییت و ڕۆحی پیرۆزیت کە دەیبەخشێ بە هەموو ئەو کەسانەی باوەڕ بە مزگێنیەکەی دێنن؟

وانەی ٤٥: دادوەران و ڕاعوس

دادوەران و ڕاعوس

ئەمڕۆ لەنیوەی کۆتایی وانەکەمان، پلانمان وایە تەماشای **چیرۆکی خۆشەویستی** کارلێکەری تۆمارکراو لەناو نووسراوە پیرۆزەکان – بۆیە لەگەڵمان بمێننەوە! لە وانەی ڕابردوومانداو بینیمان چۆن یەشوعی خزمەتکاری موسا پێشەوایی گەلی ئیسرائیلی کرد بۆ ناو کەنعان. خوێندمانەوە چۆن خودا لە پێش یەشوع و گەلی ئیسرائیل ڕۆیشت بۆ ئەوەی دوژمنانیان دەربکات بیانهێنێتە ناو خاکی زۆرزۆرەبەنە کەنعان، هەروەک بەڵێنی بە باپیرەگەورەیان ئیبراهیم دابوو زۆر لەوە پێش. ئەمڕۆ پلانمان وایە تەماشای ئەو دوو سیپارە پیرۆزە بکەین کە لەپاش سیپارەی یەشوع دێتن. سیپارەی دادوەران و ڕاعوس. ئەم دوو سیپارەیە پێمان نیشان دەدات چی ڕووی دا لەبەین کاتی پێغەمبەر یەشوع و کات پێغەمبەر داود.

پێش ئەوەی بچینە ناو سیپارەی دادوەران، پێویستە ئەو پەیامەی یەشوع دای بەدەستی گەلی ئیسرائیل پێش مردنی بخوێنینەوە. لە دوایەمین بەشی سیپارەی یەشوع، یەشوع لەگەڵ هەموو سەرکردەکانی گەلی ئیسرائیل کۆبوونەوە بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە و هانیان بدات پەروەردگار خودایان خۆش بوێت و بەگوێی بکەن، ئەو خودایەی ئازادیانی کرد لە میسر و ئەو خاکە جوانەی پێیان بەخشی کە تیایدا دەژین. لە دوایەمین ووتاری بۆ ئەوان، یەشوع پێیان ووت، (ئەگەر بەلاتانەوە خراپە خزمەتی پەروەردگار بکەن، ئەوا ئەمڕۆ بۆ خۆتان هەڵبژێرن خزمەتی کێ دەکەن، ئەگەر ئەو خودایانە بن کە باووباپیرانتان لەوبەری ڕووبار خزمەتیان دەکردن یان خوداکانی ئەمورییەکان ئەوانەی ئێوە لەناو خاکەکەیاندا نیشتەجێن. بەڵام من و ماڵەکەم خزمەتی پەروەردگار دەکەین. هەروەها پەروەردگار هەموو ئەو گەلانە و ئەمورییەکانی نیشتەجێی خاکەکەی لەبەردەممان‌دا دەرکرد، بۆیە ئێمەش خزمەتی پەروەردگار دەکەین، چونکە ئەو خودامانە.) (یەشوع ٢٤: ١٥، ١٨)

ئێستاش با تەماشا بکەین بزانین چی ڕووی دا. لە سیپارەی دادوەران، بەشی دوو، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دادوەران ٢)
[٧] گەلیش هەموو ڕۆژانی یەشوع خزمەتی پەروەردگاریان دەکرد، هەروەها هەموو ڕۆژانی پیران کە ڕۆژانیان درێژەی کێشا دوای یەشوع، ئەوانەی کە هەموو ئەو کارانەیان بینی کە پەروەردگاری مەزن کردی بۆ ئیسرائیل. [٨] یەشوعی... خزمەتکاری پەروەردگاریش لە تەمەنی سەد و دە ساڵی‌دا مرد. [٩] جا لە سنووری میراتییەکەی لە (تیمنەت حەرەس) لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم لە باکووری کێوی گاعەش ناشتیان.

[١٠] هەموو ئەو نەوەیەش چوونە پاڵ باوکانیان و نەوەیەکی دیکە دوای ئەوان هاتن نە پەروەردگاریان دەناسی و نە ئەو کارانەیان دەناسی کە بۆ ئیسرائیلی کردبوو. [١١] ئیتر نەوەی ئیسرائیل لەبەرچاوی پەروەردگاردا بەدکارییان ئەنجام دا و بەعلەکانیان پەرست. [١٢] وازیان لە پەروەردگار خودای باووباپیرانیان هێنا، ئەوەی کە لە خاکی میسر دەری‌هێنان و دوای خودای دیکە کەوتن لە خوداکانی گەلانی دەوروبەریان و کڕنۆشیان بۆ بردن و پەروەردگاریان پەستکرد. [١٣] وازیان لە پەروەردگار هێنا و (بەعل) و (عەشتۆرەت)ـەکانیان پەرست.

بەم شێوەیە، گەلی ئیسرائیل پەروەردگار خودایان لە بیر کرد، پشتیان لێ کرد و دەستیان کرد بە شوێن کەوتنی ئاینی دەورو پشتیان. هەرچەندە ئەو گەلانە خودای ڕاستەقینەیان نەدەناسی و ووشەی خودایان لانەبوو. پەرستن (بەعل)یان دەکرد. بەعل بتێك بوو کە خەڵکی کەنعان پێیان وابوو خودایە. شێوەیان بۆخۆیان دروست کردبوو کەوا نموونکاری بەعل بوون و دەیانپەرستن. ئەو گەلەی ستایشی بەعلیان دەکرد پێیان وابو خودا دەپەرستن. بەڵام لە ڕاستیدا، حەز و ئارەزووەکانی خۆیان و شەیتانیان دەپەرست، بەڵام بەوشتەیان نەدەزانی چونکە شەیتان هەڵیانی خەڵەتاندبوو. شەیتان زۆری لەگەلی ئیسرائیلیش هەڵخەڵەتاندبوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە پشتیان لە پەروەردگار خودا کرد و دەستیان کرد بە پەرستنی بەعل وەک ئەو گەلەی دەوراوپشتیان.

بۆیە دەبینین زۆربەی گەلی ئیسرائیل پشتیان لەو ڕێگایە کرد کە خودا دایمەزراندووە، کەوا ڕێگای یاسای موسا و قوربانی ئاژەڵە لەسەر قوربانگا بۆ داپۆشین گوناە. لەجێگای ئەوەی شوێنی ڕێگای ڕاستودروستی خودا بکەون، شوێنی ڕێگایکی سەختە کەوتن، کەوا ڕێگای ئایینی بەعل بوو. یەکەم ڕاسپاردە لە دە ڕاسپاردەکان کەوا خودا بە موسای فەرموو لەسەر چیای سینا دەفەرموی: (لە بەرامبەر من خودای دیکەت نابێت... چونکە من پەروەردگار خوداتم خودایەکی ئیرەدارم، سزای منداڵان دەدەم، لە بری گوناهی باوکان تا نەوەی سێیەم و چوارەم لە ناحەزەکانم، بەڵام خۆشەویستی نەگۆڕ بەدەردەخەم بۆ هەزاران لە خۆشەویستانم و ئەوانەی ڕاسپاردەکانم دەپارێزن.) (دەرچوون ٢٠: ٣، ٥، ٦) بەڵام زۆربەی گەلی ئیسرائیل پەروەردگار خودایان بەرز ڕانەگرت، لەبەر ئەوەش خودا سزایان دا.

بەردەوام دەبین لە بەشی دووەم لە سیپارەی دادوەران، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دادوەران ٢) [11] ئیتر نەوەی ئیسرائیل لەبەرچاوی پەروەردگاردا بەدکارییان ئەنجام دا و بەعلەکانیان پەرست... [14] پەروەردگار لە نەوەی ئیسرائیل زۆر تووڕە بوو، بۆیە ئەوانی دایە دەست تاڵانکەران تاڵانیان بکەن و فرۆشتنی بە دوژمنەکانی دەوروبەریان و ئیتر نەیانتوانی بەرامبەر دوژمنەکانیان بوەستن. [15] بۆ هەر کوێ دەربچوونایە دەستی پەروەردگار بە خراپی بەسەریانەوە دەبوو، هەروەک پەروەردگار وتی و وەک پەروەردگار سوێندی بۆ خواردن. ئیتر ئەمە زۆر تەنگی پێ هەڵچنین.

بەم شێوەیە، سیپارەی دادوەران باسی ئەوە دەکات چۆن گەلی ئیسرائیل دڵیان ڕەق کرد و پشتیان لە پەروەردگار کرد دووبارە و دووبارە. بۆیە خودا دایانیە دەستی دوژمنانیانەوە جار لە دوای جار بۆ ئەوەی سزایان بدات، بۆ ئەوەی دان بە گوناهەکانیان بنەن و تۆبە بکەن و ڕزگاریان بێت لە فەوتان. هەموو جارێك کە گەلی ئیسرائیل بەڕاستی تۆبەیان بکردایە، خودا سەرکردەیەك (دادوەرێك)ی بۆیان ڕاست دەکردەوە بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات لە دوژمنانیان. حەز دەکەین باسی پاڵەوانی واتان بۆ بکەین وەك جیدعون کە سوپایەکی بەهێزی گەورەی شکاند تەنها بە سێ سەد پیاو، یان دەربارەی شەمشون کە بەتەنیا هەزار سەربازی کوشت، و دەتوانن بۆخۆتان چیرۆکە سەرنج ڕاکێشەکانیان بخوێننەوە لە سیپارەی دادوەران.

بەکورتی، سیپارەی دادوەران پێمان نیشان دەدات کە هەر جارێك گەلی ئیسرائیل لە ڕێگای خودا و وشەی خودا لایان بدایە، پەروەردگار سزایانی دەدا تاکو لە گوناهەکانیان پاشەگەز ببنەوە و بگەڕێنەوە لای. کاتێ تۆبەیان دەکرد، خودا سەرکردەیەکی لەناویان پەیا دەکرد بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات لە دوژمنایان. ئەمە بەکورتی چیرۆکی سیپارەی دادوەرانە.

بەڵێ، گەلی ئیسرائیل جار لە دوای جار سنووریان دەشکاند بەرامبەر خودا. بەڵام ئایا نادڵسۆزی ئەوان دەتوانێ ڕێگا لە دڵسۆزی خودا بگرێت؟ هەرگیز! بەڕاستی، خودا سزای هەر تاکە کەسێکیانی دا کە گوناهی ئەنجام دەدا، بەڵام گەلی ئیسرائیلی پاراست وەك نەتەوە، لەبەر ئەوەی خودا ئەو بەڵێنەی کە زۆر لەوە پێش دابووی بەئیبراهیم لە بیر نەدەچوو کاتێ پێی فەرموو، (لە نەوەی تۆوە هەموو نەتەوەکانی زەوی بەرەکەتدار دەکرێن.) خودا پلانی وابوو کە لە نەوەکانی ئیبراهیم گەلێك دروست بکات کەوا ڕزگاری دەری جیهانی لێوە بێنێتە زەوی. هیچ شتێك ناتوانێ نەخشەی سەیری خودا بوەستێنێ: نە گوناهی گەلی ئیسرائیل و نە فیرعەون و نە خەڵکی میسر و نە خەڵکی کەنعان و نە ئایینی سەختەی وەك بەعل و نە تەنانەت شەیتان. هیچ شتێك ناتوانێ پلانی خودا تێك بدات بە ناردنە خوارەوەی ڕزگاری دەری جیهان لە ڕێگای نەتەوەی ئیسرائیل!

ئێستاش دەبێت تەماشای ئەو سیپارە کورتەی لەپاش سیپارەی دادوەران دێت بکەین: سیپارەی ڕاعوس. چیرۆکی ئەم سیپارەیە زۆر چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشە. وەك گوڵێکی جوان وایە کە لەنێو زبڵدانێکی بۆگەندا شین بێت، لەبەر ئەوەی باسی چیرۆکی ئافرەتێك دەکات کە خودای خۆش ویست لەنێو نەوەیەکی بەدکار و گەندەڵدا.

ناتوانین هەموو سیپارەی ڕاعوستان بۆ بخوێنینەوە ئێستا، بەڵام دەتوانین کورتی بکەینەوە بۆتان. ئەوەی دەبێت یەکەم شت بیزانن ئەوەیە کە ڕاعوس بێوەژنێك بوو کە سەر بە نەتەوەی ئیسرائیل نەبوو. بەڵکو سەر بەنەتەوەی مۆئاب بوو و لە خاکی مۆئاب دەژیا، کەوا لە باشووری خاکی ئیسرائیل بوو. هەروەها دەبێ بزانین کە خەڵکی مۆئاب بت بەرست بوون و ڕقیان لە خودا و گەلی ئیسرائیل دەبووەوە.

ڕاعوس سەر بە نەتەوەی مۆئاب بوو، بەڵام ئەمە وای نەکرد کە ڕقی لە خودای ئیسرائیل بێت. نەخێر، لە ڕاستی دا ڕاعوس پڕ بە دڵ باوەڕی بەخودای ئیسرائیل بوو. ڕاعوس گوێی لێ بووبوو چۆن خودا موعجیزەی سەرنج ڕاکێشی ئەنجام دابوو لە ڕزگارکردنی کۆمەڵەی ئیسرائیل لە دەستی میسرییەکان. هەروەها ڕاعوس گوێی لەو ووشە متمانە پێ کراوانە بووبوو کە موسا لە تەورات نووسیبوی سەبارەت بەڕێگای ڕزگاربوون کە خودا دایمەزراندووە. ڕاعوس پڕ بەدڵ باوەڕی بە پەروەردگار هەبوو، و ئەو پەیامەی بۆ گەلی ئیسرائیلی ناردبوو قەبوڵ کرد.

باشە، ئەوەی دەبێت سەرنجی بدەین سەبارەت بە ڕاعوس ئەمەیە: لە مۆئاب و لەنێو بت پەرستاندا دەژیا. باوك و دایکی ڕاعوسیش بت پەرست بوون. و ڕاعوس لەناو ئەو ئایینە لەدایك بوو. بەڵام ئێستا ڕاعوس چی دی باوەڕی بەئایینی باوکی نیە. خودای ئیسرائیل ئەو خودایە بوو کە ڕاعوس باوەڕی پێی هەیە. بۆیە دەبینین ڕاعوس لە بەردەم هەڵبژاردنێکی قورس بوو! ئایا لە مالّی باوکی بمێنێتەوە و بەردەوام بێت لە ئایینی باوکی و شوو بەپیاوێك بکات کەخودای ئیسرائیل نەدەناسی؟ یانیش پشت لە مالّ باوکی و ئایینەکەی بکات و بار بکات بۆ ئیسرائیل؟ ئەوە هەڵبژاردنێکی سەخت بوو کە ڕاعوس دەبوایە بیکات!

پێش ئەوەی بزانین ڕاعوس چ ڕێگایەکی هەڵبژارد، دەبێت بزانن کە ڕاعوس براژنێکی هەبوو بەناوی **عورفە**. وەك ڕاعوس، **عورفەش** سەبارەت بەخودای ئیسرائیلی دەزانی. بۆیە، براژنەکەی ڕاعوس دەبوایە هەڵبژێری لەنێوان بەردەوام بوون لە ئایینی باوکی یاخود شوێنی کەوتنی پەروەردگار خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب.

ڕاعوس و عورفە چ ڕێگایەکان هەڵبژارد؟ **عورفە** ڕێگا ئاسانترەکەی هەڵبژارد، کەوا مانەوە لە مالّی باوکی بوو و شوو بەپیاوێك کە هەمان ئایینی باوکی هەبوو. بەڵام ڕاعوس ڕێگا قورسەکەی هەڵبژارد، ئەوە بوو کە مالّی باوکی بەجێ بێڵێ و بار بکات بۆ ناو خاکی ئیسرائیل. ڕاعوس دەیزانی کەس ناتوانێ دوو خودا بپەرستێ. کەس ناتوانێ پەرستنی خودای ئیسرائیل و پەرستنی بتەکانی مۆئاب تێکەڵ بکات. لەبەر ئەوە بوو ڕاعوس پشتی لە ئاینی باوکی کرد. ڕاعوس بڕیاری دا کە باشترە بەگوێی خودا بکات نەك مرۆڤ. ڕاعوس پێی خۆش بوو کە خێزانەکەی و برادەرەکانی بەهەڵە لێی تێگەیشتن لە شوێن کەوتنی خودای ڕاستەقینە و زیندوو. بۆیە ڕاعوس مالّی باوکی بەجێ هێشت و کۆچی کرد بۆ خاکی ئیسرائیل، بۆ شارێکی بچووك بەناوی **بێت لەحم**.

پیاوێك لە **بێت لەحم** دەژیا کەناوی **بوعەز** بوو. **بوعەز** کوڕی ڕاحاب بوو، ئەو ژنەی لە کارەساتەکە ڕزگاری بوو کەوا بەسەر شاری ئەریحا هات (وەك بینیمان لە وانەی ڕابردوودا). **بوعەز** پیاوێکی ڕاستودروست بوو، و زۆر بەهای بە ووشەی خودا دەدا. **بوعەز** هەروەها خاوەن سەروەت و سامان و دەغڵێکی زۆر بوو، بەڵام هێشتا ژنی نەهێنا بوو.

نووسراوە پیرۆزەکان باسی ئەوە دەکات کە چۆن ڕاعوس، کەوا ئێستا لە شاری **بێت لەحم** دەژی، فێری ئەوە بووبوو کە زوو دەرچێ بۆ ئەوەی بچێ بۆ سەر دەغڵ و جۆ خڕ بکاتەوە کەوا جۆ دووەکانی بەجێیان دەهێشت. ڕاعوس جوتیارێکی هەژار بوو و بەگوێرەی ئەو یاسایەی خودا دابووی بەموسا بۆ گەلی ئیسرائیل، هەژاران بۆیان هەبوو پاشماوە دەغڵ خڕ بکەنەوە بەو شێوەیە، بۆئەوەی تووشی برسێتی نەبن. بەم شێوەیە نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت چۆن خودا ڕاعوسی بەرەو کێڵگەی **بوعەزی** کوڕی ڕاحاب دەنارد تاکو جۆ خڕ بکاتەوە.

بوعەز دیتی جۆ خڕ دەکاتەوە لە کێڵگەکەی و قسەی لەگەڵ کرد. **بوعەز** یەکسەر جوانی ڕاعوسی بینی. **بوعەز** پیاوێکی ڕاستودروست بوو و دیتی کە ڕاعوسیش ژنێکی پاك و ڕاستە. دەتوانێ مەزەندە بکەی چی ڕوویدا؟ زۆر قورس نیە زانینی ئەو شتە! بەڵێ، **بوعەز** و ڕاعوس یەکتریان خۆش ویست و بوون بەهاوسەر لە کۆتاییدا. ڕاعوس خودا و ووشەی خودای لە پێش هەموو شتێك دانا لە ژیانی و خوداش بەرەکەتداری کرد لەبەر ئەوە. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: **بوعەز** و ڕاعوس کوڕێکیان بوو ناوی **عوبێد** بوو. **عوبێدیش** بوو بەباوکی **یەسا**، **یەسایش** بوو بە باوکی داود، کەوا بوو بە پاشای مەزنی گەلی ئیسرائیل، وە هەروەها ئەو پێغەمبەرەی کە زۆربەی زەبوورەکانی نووسی. ڕزگای دەریش لە نەوەی داود هەڵساوە، ڕزگای دەری هەموو جیهان، ئەوەی کەوا هەموو پێغەمبەران پێش بینیان کردبوو.

بەو شێوەیە دەبینین چۆن خودا دەستی لە ژیانی ڕاعوس گێڕا، ئەو ژنەی کەلە نەتەوەی ئیسرائیل نەبوو. کاتێ کە گەلی ئیسرائیل پشتیان لە پەروەردگار خودایان کرد و کەتنە شوێنی ئایینی نەتەوەکانی دەور و پشتیان، ڕاعوس پشتی لە ئایینی باوکی کرد و شوێنی خودای ئیسرائیل کەوت! بۆیە، خودا وای کرد کە ڕاعوس لە **بێتلەحم** بژی و شوو بە **بوعەز** بکات، و ببێت بە داپیرەگەورەی داود، پاشای ئیسرائیل. لە هەموو ئەم شتانە، دەبینین چۆن خودا بەردەوامە لە پلانەکەی بۆ هێنانی ڕزگاری دەری جیهان، لەبەر ئەوەی لە نەوەی داود و لە شاری **بێتلەحم** بوو قەدەری ڕزگاری دەری جیهان بوو لەدایك ببێت.

تائێرە و دەبێت ڕاوەستین، بۆ وانەی داهاتوو دەچینە ناو ئەو سیپارەیەی باسی ژیانی پێغەمبەر داود دەکات، ئەوەی لە **بێتلەحم** لەدایك بوو و لە نەوەی ڕاعوس و **بوعەز** بوو. بۆ ئێستاش مالّ ئاواییت لێ دەکەین بەپرسیارێك: تۆ زیاتر بەکامیان دەکەی؟ ئایا تۆ زیاتر وەك **عورفە**، کە برا ژنی ڕاعوس بوو و ڕێگا ئاسانەکەیان هەڵبژارد؟ یان تۆ وەك ڕاعوسی ئازای، کەوا پشتی لە ئایینی باوکی کرد و شوێنی خودای ڕاستەقینە کەوت؟

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ ئەوەی یەشوع بەگەلی ئیسرائیلی ووت پێش ئەوەی بمرێ بە بیرت دێتەوە: (ئەوا ئەمڕۆ بۆ خۆتان هەڵبژێرن خزمەتی کێ دەکەن...بەڵام من و ماڵەکەم خزمەتی پەروەردگار دەکەین) (یەشوع ٢٤: ١٥)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا نادڵسۆزی ئەوان دەتوانێ ڕێگا لە دڵسۆزی خودا بگرێت؟

٢. ئایا راعوس لە مالّی باوکی بمێنێتەوە و بەردەوام بێت لە ئایینی باوکی و شوو بەپیاوێك بکات کە خودای ئیسرائیل نەدەناسی؟

٣. یانیش پشت لە مالّ باوکی و ئایینەکەی بکات و کۆچ بکات بۆ ئیسرائیل؟

٤. ڕاعوس و عورفە چ ڕێگایەکان هەڵبژارد؟

٥. تۆ زیاتر بەکامیان دەکەی؟ ئایا تۆ زیاتر وەك عورفە، کە برا ژنی ڕاعوس بوو و ڕێگا ئاسانەکەیان هەڵبژارد؟

٦. یان تۆ وەك ڕاعوسی ئازای، کەوا پشتی لە ئایینی باوکی کرد و شوێنی خودای ڕاستەقینە کەوت؟

وانەی ٤٦: ساموێیلی و شائول و داود

١ ساموێیل ١–١٦ و زەبوورەکان ٨، ٢٣

لە وانەی ڕابردوومانداء، بینیمان کە ئەو کاتەی پاش پێغەمبەر یەشوع کاتێکی تاریك و گەندەڵ بوو لە میژووی نەتەوەی ئیسرائیل. بەڵام تەنانەت لەو کاتە تاریکەشدا چاومان کەوت بە ڕووناکی دڵسۆزی خودا. پەروەردگار بەڵێنی خۆی کە دابووی بە ئیبراهیم و نەوەکەی سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە لە بیر نەکردبوو ئەوەی دەبوایە لە نەتەوەی ئیسرائیل بێتە دونیاوە.

بۆیە بینیمان چۆن خودا دەستی لە ژیانی ژنێك بوو بە ناوی ڕاعوس. ڕاعوس لەگەڵ ئیسرائیل نەبوو، بەڵام پڕ بە دڵ باوەڕی بە خودای ئیسرائیل هەبوو. ولەو کاتەی زۆربەی گەلی ئیسرائیل پشتیان لە پەروەردگار خودایان کرد و شوێنی ئاییەنەکانی دەوەڕاوپشتیان کەوتن، ڕاعوس هەڵبژارد پشت لە ئاییەنی باوکی بکات و شوێنی خودای ئیسرائیل بکەوێ. ڕاعوس کۆچی کرد بۆناو خاکی ئیسرائیل و لە شاری بێت لەحم نیشتەجێ بوو کەوا لەویش شووی بە پیاوێکی ئیسرائیلی کرد بە ناوی **بوعەز**. **بوعەز** و ڕاعوس کوڕێکیان بوو بە ناوی **عوبێد**، و **عوبێدیش یەسا** بوو، باوکی پێغەمبەر داود. بەوشێوەیە، پلانی خودا بۆ ڕزگارکردنی نەوەکانی ئادەم لە گوناهەکانیان بەردەوام بوو، لەبەر ئەوەی لە نەوەی داود ڕزگاری دەری جیهان دەهاتە جیهان. لە شاری بێت لەحم بوو، لە شاری داود، کە دەبوایە ڕزگاری دەری جیهان لە دایك بێت. لە وانەکانی داهاتوو، دەزانین چۆن پێغەمبەران پێش بینی ئەو هەموو شتەیان کرد و پاشان چۆن ڕزگاری دەرەکە ئەو شتانەی هێنایە دی سەدان ساڵ لەوە پاش. تەنها خودا دەتوانێ شتی وابکات!

پێغەمبەر داود زۆر ناوداره لە نووسراوە پیرۆزەکان. زیاتر لە هەزار جار ناوی دووبارە دەبێتەوە. چی دەزانی دەربارەی پێغەمبەر داود؟ ڕەنگە ئەوە بزانی کەئەو گەنجەیە کە لە جالوتی بردەوە، جالوتی زەبەلاح، تەنها بە بەردەقانیەك و بەردێك. ڕەنگە ئەوەش بزانی کە داود پاشایەکی مەزن بوو لە ئیسرائل و ئەو پێغەمبەرە بوو کەزۆربەی زەبوورەکانی نووسیوە. ئەگەر ئەم شتانە بزانی زۆر باشە، بەڵام زانیارییەکانت دەربارەی داود نابێ لەوەندە ڕاوەستێ. ئەگەر بزانین داود پاشایەکی مەزن بوو، بەڵام نەزانین چی وای لێ کرد مەزن بێت – ئەوا ئەو زانیاریانە چی سوودی هەیە؟ یاخود ئەگەر بزانین داود ووشەی خودای نووسیوە لە زەبوورەکان، بەڵام نەزانین چی نووسیوە – ئەو چی سوودێکی هەیە بۆمان؟

ئەگەر دەتەوێ زانیاریت دەربارەی پێغەمبەر داود زیاد بکەیت و دەخوێنینەوە لەو ووشە جوان و بە هێزانە بێت کە لە زەبوورەکان نووسیویەتی، ئەوا داوات دەکەین لەگەڵمان بن بۆ دیراسەتی ئەمڕۆمان و پێنج وانەی داهاتوو.

ناوی ئەو پێغەمبەرە دەزانی کەلە پێش داود هات؟ پێغەمبەر ساموێیل بوو. خودا ساموێیلی هەڵبژارد بۆئەوەی نەتەوەی ئیسرائیل بگەڕێنێتەوە بۆلای پەروەردگار خودایان، لەبەر ئەوەی دڵیان زۆر لە خودا دوور بوو. ئەمڕۆ لە سیپارەی ساموێیل دەخوێنینەوە. ئەم سیپارە پیرۆزە گرنگە لەنێوان نووسینەکانی پێغەمبەران، لەبەر ئەوەی چیرۆکی بە بەهای لەخۆ گرتووە لە ژیانی ساموێیل و یەکەم سێ پاشای ئیسرائیل: شائول و داود و سلێمان.

وەك بینیمان، خودا سەرکردەی وەك موسا و یەشوع و ساموێیلی دا بەگەلی ئیسرائیل بۆ ئەوەی ڕێنمایی و دادوەرییان بکەن. بەڵام پەروەردگار خودا، ئەوەی لە بەند و کۆیلایەتی لە میسر ڕزگاریانی کرد، پاشای دادپەروەریان بوو. خودا، ئەوەی فەرمانی پێیان دا چادرێکی تایبەت دروست بکەن تاکو شکۆمەندی خۆی لەناوەڕاستیان دابنات، ویستی ببێت بە فەرمان ڕەوایان. دەبوایە بەگوێی بکەن و شوێنی ئەو بکەون بەتەنها. بەڵام، زۆربەی گەلی ئیسرائیل ڕازی نەبوون بەوەی تەنها پەروەردگار پاشایان بێت. ویستیان وەك هەموو نەتەوەکانی جیهان بن و ئادەمیزادێك دەسەڵاتی وەك پاشا بە سەریاندا هەبێت!

لەبەشی هەشتەمی یەکەم سیپارەی ساموێیل، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ ساموێیل ٨) جا هەموو پیرانی ئیسرائیل کۆبوونەوە و هاتنە ڕامە بۆ لای ساموێیل. ° پێیان وت: (ئەوەتا تۆ پیر بوویت و کوڕەکانت بە ڕێگای تۆدا ناڕۆن. ئێستاش وەک هەموو نەتەوەکان

پاشایەکمان بۆ دابنێ تا دادوەریمان بۆ بکات.) [٦] بەڵام ئەم شتە لەبەر چاوی ساموێل خراپ بوو کاتێک وتیان، (پاشایەکمان بدەرێ دادوەریمان بۆ بکات،) جا ساموێل نوێژی بۆ پەروەردگار کرد. [٧] پەروەردگاریش بە ساموێلی فەرموو: (گوێ لە دەنگی ئەم گەلە بگرە لە هەموو ئەوەی کە پێت دەڵێن، چونکە ئەوان تۆیان ڕەت نەکردۆتەوە بەڵکو منیان ڕەت کردۆتەوە، وەک پاشا بەسەریانەوە. [٨] بەپێی هەموو کارەکانیان کە کردیان لەو ڕۆژەوەی لە میسرەوە سەرم خستن و تا ئەمڕۆ وازیان لە من هێنا و خودای دیکەیان پەرست، ئەوان ئاوان هەمان شت لەگەڵ تۆدا دەکەن. [٩] ئێستاش گوێ لە دەنگیان بگرە، بەڵام ئاگاداریان بکەرەوە و حوکمەکانی ئەو پاشایەشیان پێ ڕابگەێنە کە دەبێت بە پاشا بەسەریانەوە.)

بەم شێوەیە، خودا بە ساموێلی فەرموو کە خەڵکی چی داوا دەکەن بیانداتێ و پاشایەکیان بۆ دەست نیشان بکات. خودا نەیویست گەلی ئیسرائیل پاشایەکی تریان هەبێت جگە لەو، بەڵام چونکە بڕیاری خودایان ڕەت کردەوە، خودا بە زۆر فەرمان ڕەوایەتیان ناکات. لە بەشی پاشتر، دەبینین چۆن ساموێل پاشایەکی بۆ گەلی ئیسرائیل دەست نیشان کرد بە ناوی شائول. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئینجا ساموێل گۆزە ڕۆنەکەی هەڵگرت و بەسەر سەری شاولدا ڕشتی. (١ ساموێل ١٠: ١) گەلی ئیسرائیل ئاوایان دەکرد هەرکاتێ یەکێکیان دەست نیشان بکردایە. ڕۆنیان بەسەر سەری پێغەمبەر و پیاوی ئایینی و پاشا دەکرد بۆ ئەوەی جیای بکەنەوە. لەپاش ئەوەی ساموێل ڕۆنی بەسەر سەری شائول کرد، بە هەموو خەڵکی ووت، (ئەوتان بینی کە پەروەردگار هەڵیبژاردووە، لەناو هەموو گەلدا کەس لە وێنەی ئەو نییە.) ئینجا هەموو گەل هاواریان کرد و وتیان: (بژی پاشا!) (١ ساموێل ١٠: ٢٤)

یەکەم جار، گەلی ئیسرائیل زۆر شائۆڵی پاشایان بە دڵ بوو. ئەو بە هێز و ئازا بوو، گەنج و جوان بوو، و لە هەموو نەوەکانی ئیسرائیل دڕێژتر بوو. بە ڕەنگ و ڕووخسار، شائول پاشایەکی زۆر چاك بوو. بەڵام خودا وەك مرۆڤ شتەکان تەقییم ناکات. مرۆڤ تەماشای ڕووی دەرەوەی شتەکان دەکات، بەڵام خودا تەماشای ناوەڕۆکی دەکات. شائۆڵی پاشا بە چاکی دەستی بە کارکرد، بەڵام لەگەڵ کاتدا دەستی بە غیرە و خۆ پەرستی کرد. شائول بەدەم خودای بەرز ڕادەگرت، بەڵام دڵی زۆر لە خودا دوور بوو. شائول بە گوێی ووشەی خودا نەکرد و ڕێزی خودای نەگرت. بە دڵی خۆی دەکرد نەك ئەوەی خودا دەیویست بیکات.

بۆیە، نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کە لەپاش چەن ساڵێك لە بوونی بە پاشا، (١ ساموێل ١٥) [١٠] ... وشەی پەروەردگار هات بۆ ساموێل و فەرمووی: [١١] (پەشیمانم کە شاولم کرد بە پاشا، چونکە لێم هەڵگەڕاوەتەوە و وشەکەی منی بەجێ نەگەیاند.) جا ساموێل بە دڕێژایی ئەو شەوە دڵتەنگ بوو و هاواری بۆ پەروەردگار کرد. [١٢] بەیانی زوو ساموێل بۆ بینینی شاول هەڵستا... [١٣] جا ساموێل هات بۆ لای شاول و شاول پێی وت: (با پەروەردگار بەرەکەتت بکات، من وشەی پەروەردگارم بەجێ گەیاند...

[٢٢] بەڵام ساموێل وتی: (ئایا شادییە بۆ پەروەردگار قوربانی سووتا و سەربڕاو وەک گوێڕایەڵی دەنگی پەروەردگار؟ ئەوەتا گوێڕایەڵی لە سەربڕین باشترە و سەرنجدانیش لە چەوری بەرانەکان. [٢٣] چونکە وەک گوناهی فاڵگرتنەوە یاخیبوون تاوان و بتپەرستییە کەلله ڕەقی، لەبەر ئەوەی وشەی پەروەردگارت ڕەتکردەوە ئەویش لە پاشایەتی ڕەتت دەکاتەوە.

بەو شێوەیە ساموێل بە شائۆڵی ووت کە شانەشینەکەی لێ وەردەگیرێتەوە و دەدرێت بە یەکێکی تر. لە بەشی پاشتر، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ، (١ ساموێل ١٦) [١] جا پەروەردگار بە ساموێلی فەرموو: (تا کەی بۆ شاول غەمگین دەبیت؟ من ڕەتم کردۆتەوە لە پاشایەتیکردن بەسەر ئیسرائیلەوە، قۆچەکەت پڕ بکە لە ڕۆن و بڕۆ دەتنێرم بۆ لای یەسای بێتلەحمی، چونکە لەناو کوڕەکانیدا پاشایەکم بۆ خۆم بینیوەتەوە.) [٢] ساموێلیش وتی: (چۆن بڕۆم؟ ئەگەر شاول ئەمە ببیستێتەوە دەمکوژێت.) پەروەردگاریش فەرمووی: (نوێنگەیەك لەگەڵ دەستتدا دەبەیت و دەڵێیت، (بۆ قوربانی سەربڕین بۆ پەروەردگار هاتووم.) [٣] جا یەسا بۆ قوربانییە سەربڕاوەکە بانگ دەکەیت و من فێرت دەکەم چی بکەیت و ئەو کەسەم بۆ دەستنیشان دەکەیت کە پێت دەفەرموم.) [٤] ئینجا ساموێل ئەوەی کرد کە پەروەردگار پێی فەرموو و هات بۆ بێتلەحم و پیرانی شارەکە لەرزین و وتیان: (بە ئاشتی هاتوویت؟) [٥] ساموێلیش وەڵامی دایەوە: (بە ئاشتییە، هاتنم بۆ سەربڕینی قوربانییە بۆ پەروەردگار، خۆتان پیرۆز بکەن و لەگەڵمدا وەرن بۆ قوربانییە سەربڕاوەکە.) ئینجا یەسا و کوڕەکانی تەرخان کرد و بۆ قوربانییە سەربڕاوەکە بانگی کردن. [٦] جا ئەوە بوو کە هاتن، ساموێل تەماشای ئەلیابی کرد و

وتی: (لەبەردەم پەروەردگارە دەستنیشانکراوەکەی.)
[٧] بەڵام پەروەردگار بە ساموێلی فەرموو: (تەماشای سەروسیما و بەرزی بااڵی مەکە، چونکە ڕەتم کردۆتەوە، چونکە پەروەردگار وەک مرۆڤ تەماشا ناکات، چونکە مرۆڤ تەماشای چاوەکان دەکات بەڵام پەروەردگار تەماشای دڵ دەکات.) [٨] ئینجا یەسا ئەبینادابی بانگکرد و بە بەردەم ساموێلدا تێپەڕی کرد، ئەویش وتی: (هەروەها پەروەردگار ئەمەشی هەڵنەبژاردووە.) [٩] ئینجا یەسا شەممای تێپەڕاند و ئەویش وتی: (هەروەها پەروەردگار ئەمەشی هەڵنەبژاردووە.) [١٠] ئینجا یەسا هەر حەوت کوڕەکەی لەبەردەم ساموێلدا تێپەڕاند و ساموێلیش بە یەسای وت: (پەروەردگار لەمانەی هەڵنەبژاردووە.) [١١] ساموێل بە یەسای وت: (کوڕەکان تەواو بوون؟) ئەویش وتی: (هێشتا بچکۆلەکەیان ماوە و ئەوەتا مەڕ دەلەوەڕێنێت.) ساموێلیش بە یەسای وت: (بنێرە بە دوایدا و بیهێنە، چونکە دانانیشین تا بۆ ئێرە دێت.) [١٢] ئەویش ناردی بە دوایدا و هێنای، جا سوورەیەکی چاوجوانی قۆز بوو. ئینجا پەروەردگار فەرمووی: (هەستە و دەستنیشانی بکە، چونکە ئەمە خۆیەتی.) [١٣] ئینجا ساموێل قۆچە ڕۆنەکەی برد و لەنێو براکانیدا دەستنیشانی کرد و لەو ڕۆژە بە دواوە ڕۆحی پەروەردگار هاتە سەر داود. پاشان ساموێل هەڵستا و بۆ ڕامە چوو.

بەم شێوەیە دەبینین چۆن خودا داودی دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی ببێتە پاشای ئیسرائیل لەپاش شائول. بەڵام دەبێت لەوە تێ بگەین کە داود یەکسەر ئەو ڕۆژە نەبووە پاشای ئیسرائیل. داود هێشتا گەنج بوو و ئەو کاتەی خودا بۆی دانابوو کە پاشایەتی بەسەر گەلی ئیسرائیل بکات هێشتا نەهاتبوو. لە ڕاستیدا، داود دەبوایە دە ساڵ تر ڕابوەستێ پێش ئەوەی لەسەر عەرشی ئیسرائیل دانیشێ.

ئیتر داود گەڕایەوە دەشت و دەری دەوراوپشتی بێتلەحم بۆ شوانی مێگەلەکانی باوکی. داود شوانێکی باش و دڵسوز بوو. لە هیچ ناترسا چونکە متمانەی بە پەروەردگار هەبوو. بۆ نموونە، ڕۆژێك كاتێك داود خەریکی لەوەڕاندی مەڕەکانی باوکی بوو، شێرێك پەلاماریانی دا. داود کەوتە دوای شێرەکە و پەلاماری دا و مەڕەکەی ڕزگار کرد لەدەم شێرەکە. کاتی شێرەکە بۆی سوڕایەوە، داود پرچی گرت و کێشای پێیا و کوشتی. (١ ساموێل ١٧: ٣٥)


داود نەك تەنها شوانێکی باش بوو، بەڵکو عوودەکەی لێدەدا و گۆرانی دەوت. ڕۆحی خودا ئیلهامی داودی دەدا کە ئاوازی خۆش دابنێ و لە پەرتوکی زەبوورەکان بنوسێ. ئای داود چەن پەروەردگار خودا و ووشەی خۆش دەویست!

حەز دەکەین وانەکەمان کۆتایی پێ بێنین بە چەن پارچەیەك لە زەبوورەکانی داود. هەوڵ بدە داود بێنیتە پێش چاوت لە کێڵگە پڕ سەوزاییەکاندا و لەنێوان مەڕدا، عوودەکە لێ دەدات و ستایشی خودا دەکات بە گۆرانی و سوپاس گوزاری کە لە بەرهەمی ڕۆحی خودا بوون.

(ئەی پەروەردگاری گەورەمان، ناوت لە سەراپای زەویدا چەند شکۆدارە... کاتێ تەماشای ئاسمانت دەکەم، کە پەنجەکانی تۆ دروستی کردووە، مانگ و ئەستێرەکان، کە تۆ لەوێ داتناون، [٤] مرۆڤ چییە تاکو لە بیرت بێت؟ یان کوڕی مرۆڤ تاکو بایەخی پێ بدەیت؟ [٥] کەمێک لە فریشتەکان کەمتری دابنێیت، تاجی شکۆ و ڕێزت خستە سەری... ئەی پەروەردگاری گەورەمان، ناوت لەسەراپای زەویدا چەند شکۆدارە!) (زەبوورەکان ٨: ١، ٣–٥، ٩)
وشەکانت چرایە بۆ پێیەکانم، ڕووناکییە بۆ ڕێگام. وشەکانتم لەناو دڵمدا شاردۆتەوە، تاکو گوناە بەرامبەر بە تۆ نەکەم. (زەبوورەکان ١١٩: ١٠٥، ١١) فێرکردنی پەروەردگار تەواوە، دەروون دەژێنێتەوە. شایەتییەکانی پەروەردگار جێی متمانەن، گێل دەکەن بە دانا. ڕێنماییەکانی پەروەردگار دروستن، دڵ خۆش دەکەن. ڕاسپاردەکانی پەروەردگار پاکن، چاو ڕۆشن دەکەنەوە. [١٠] ئەوان لە زێڕ دڵگیرترن، لە زێڕی سافی زۆر، لە هەنگوین شیرینترن، لە دڵۆپی شانەی هەنگوین. [١١] بەوانە خزمەتکاری خۆت ئاگادارکراوتەوە پەیڕەوکردنیان پاداشتی زۆرە.) (زەبوورەکان ١٩: ٧، ٨، ١٠، ١١)
[١] پەروەردگار شوانی منە، پێویستم بە هیچ نابێت. [٢] لە لەوەڕگای سەوزدا دەملەوەڕێنێت و دەمباتە سەر ئاوی هێمن و سازگار، [٣] گیانم دەبووژێنێتەوە. ڕێنمای ڕێگای ڕاستودروستیم دەکات لە پێناوی ناوی خۆی. [٤] ئەگەر تەنانەت بەناو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆم، لە هیچ خراپەیەک ناترسم، لەبەر ئەوەی تۆ لەگەڵمدای، گۆچان و داردەستەکەت دڵنەوایم دەکەن. [٥] سفرەم بۆ ئامادە دەکەیت لە پێش

دوژمنانم، سەرم بە ڕۆن چەور دەکەیت، جامەکەم تا لێو پڕ دەکەیت. ٦ بێگومان چاکە و خۆشەویستی نەگۆڕ لەگەڵمدا دەبێت بە درێژایی ژیانم، لە ماڵی پەروەردگار دەژیم تاهەتایە.) (زەبوورەکان ٢٣) ئامین!

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر لەوەی خودا بە سامۆئیلی ووت دەکەیتەوە: (پەروەردگار وەک مرۆڤ تەماشا ناکات، چونکە مرۆڤ تەماشای چاوەکان دەکات بەڵام پەروەردگار تەماشای دڵ دەکات.) (١ سامۆئیل ١٦: ٧)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. چی دەزانی دەربارەی پێغەمبەر داود؟

٢. ئەگەر بزانین داود پاشایەکی مەزن بوو، بەڵام نەزانین چی وای لێ کرد مەزن بێت — ئەوا ئەو زانیاریانە چی سوودی هەیە؟

٣. یاخود ئەگەر بزانین داود ووشەی خودای نووسیوە لە زەبوورەکان، بەڵام نەزانین چی نووسیوە — ئەو چی سوودێکی هەیە بۆمان؟

٤. ناوی ئەو پێغەمبەرە دەزانی کەلە پێش داود هات؟

وانەی ٤٧: داود و جالوت

زەبوورەکان ٢٧ و ١ ساموئێل ١٧

لە وانەی ڕابردوومانداە دەستمان کرد بە سەرنجی پێغەمبەر داود. با بزانین بۆ ئەوەی خودا گەواهی دا سەبارەت بەو: داودی کوڕی یە سام دۆزییەوە، پیاوێکە بە دڵی من، ئەوەی هەموو خواستی من جێبەجێ دەکات. (کردارى نێردراوان ١٣: ٢٢) بینیمان چۆن خودا داود دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی ببێتە دووەم پاشای ئیسرائیل، لەبەر ئەوەی شائولی یەکەم پاشا بە گوێی ووشەی خودای نەکرد. هەرچەندە داود یەکسەر نەبوو بە پاشای ئیسرائیل لەو ڕۆژەی خودا دەست نیشانی کرد. هێشتا گەنج بوو و ئەو کاتەی خودا داینابوو بۆ ئەو بۆ ئەوەی شانەشینەکە وەربگرێ هێشتا نەهاتبوو. لەپاش ئەوەی دەست نیشان کرا وەک پاشا، داود گەڕایەوە کێڵگەکانی دەرەوەی شاری بێت لەحم بۆ لەوەڕاندنی مێگەلەکانی باوکی.

ئێستا چیرۆکێکی دڵ ڕفێن دەخوێنینەوە کە پشان دەدات چۆن خودا لەگەڵ داود بوو، لەبەر ئەوەی داود لەگەڵ خودادا ڕۆیشت. وانەکەمان بە ناوی (داود و جالوت)ـەـ. با ئێستاش بەردەوام بین لە یەکەم سیپارەی ساموئێل، بەشی حەڤدەمین. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ ساموئێل ١٧) [١] ئینجا فەلەستییەکان هێزەکانیان بۆ جەنگ کۆکردەوە... [٢] شاول و پیاوانی ئیسرائیلیش کۆبوونەوە و لە (دۆڵی ئێلە)دا بۆ جەنگ دامەزران و بەرەیان بەست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فەلەستییەکان. [٣] جا فەلەستییەکان لەسەر کێوێک لەمبەر و ئیسرائیلیش لەسەر کێوێک لەوبەر ڕاوەستابوون و دۆڵێکیشیان لەنێواندا بوو.

[٤] پاڵەوانێک لەناو سوپای فەلەستییەکان هاتە دەرەوە ناوی (گۆلیات) بوو، خەڵکی گەت بوو و درێژییەکەی شەش باڵ و بستێک بوو. [٥] کڵاوێکی مسی لەسەر سەری دابوو و سپەرێکی پۆلەکیشی لەبەردا بوو و کێشی سپەرەکە پێنج هەزار شاقل مس بوو. [٦] هەروەها پوزەوانەی مس بە قاچەکانییەوە بوو و ڕمێکی مسیش لەنێو شانەکانیدا بوو، [٧] دەسکی ڕمەکەی وەک نۆردی جۆڵاکان وابوو و نووکەکەشی شەش سەد شاقل ئاسن بوو، هەڵگری قەڵغانەکەی لەبەردەمیەوە دەڕۆیشت.

[٨] جا گۆلیات وەستا و بانگی ڕیزەکانی ئیسرائیلی کرد و پێی وتن: (بۆ هاتوونەتە دەرەوە تا بۆ جەنگ ڕیزببەستن؟ ئایا من فەلەستی و ئێوەش خزمەتکارانی شاول نین؟ جا پیاوێک بۆ خۆتان هەڵبژێرن با بۆم بێتە خوارەوە. [٩] ئەگەر توانی لەگەڵمدا بجەنگێت و بمکوژێت ئەوا دەبینە خزمەتکارتان، بەڵام ئەگەر من بەسەریدا زاڵ بووم و کوشتم، ئەوا ئێوە دەبنە خزمەتکارمان و خزمەتمان دەکەن.) [١٠] ئینجا فەلەستییەکە وتی: (من ئەمڕۆ سووکایەتیم بە ڕیزەکانی ئیسرائیل کردووە، پیاوێکم بدەنێ تا پێکەوە لەگەڵ یەکتری بجەنگین.) [١١] کاتێک شاول و هەموو ئیسرائیل گوێیان لە قسەکانی فەلەستییەکە بوو، سڵەمینەوە و زۆر ترسان.

کاتی جالوت گاڵتەجاڕی بە ئیسرائیل دەکرد، داود بێ ئاگا خەریکی لەوەڕاندنی مێگەلەکانی باوکی بوو و لە جەنگ دوور بوو و سەرنجی ووشەی خودای دەدا، و عوودەکە لێ دەدا و گۆرانی بۆ پەروەردگار دەوت. بەڵام داود سێ برا گەورەی هەبوو کە سەرباز بوون لە سوپای ئیسرائیل. ڕۆژێك باوکی هات و پێی ووت، (برۆ سەر لە براکانت بدە لە سەنگەری جەنگدا و هەواڵی بۆ بێنەوە بارودۆخەکە چۆنە.) بەو شێوەیە داود مەڕەکانی لای شوانێکی تر بەجێ هێشت، بەیانی زوو لە خەو هەڵسا و بەرەو گۆڕەپانی جەنگ ڕۆیشت.

کاتێ داود سڵاوی لە برا گەورەکانی دەکرد و قسەی لەگەڵیان دەکرد، جالوت، پاڵەوانی فەلەستینیەکان دەرچووە دەرەوە لە هێڵەکانی خۆیان کە بەرامبەر سەربازەکانی ئیسرائیل بوون و دەستی بە هەڕەشە کردن کرد وەک ئەو چل ڕۆژەی لەوەپێش. کاتێ سەربازەکانی ئیسرائیل ئەویان بینی، ڕایان کرد لە ترسان. پاشان کەسێك بە داودی ووت، (ئەو پیاوە دەبینی؟ بەردەوام تەحەددامان دەکات. هەرکەسێك بیکوژێ ئەوا شائولی پاشا زۆر خەڵاتی دەکات و کچی خۆی دەداتێ و ماڵی باوکی چی دی پێویست ناکات باج بدەن.)

پاشان داود ووتی، (ئەو فەلەستینیە سونەت نەکراوە، خۆی بە کێ دەزانێ تەحەددای سوپاکانی خودای زیندو دەکات؟) کاتێ وای ووت، براگەورەکەی داود لێی تووڕە بوو و پێی ووت، (بۆچی هاتی بۆ ئێرە؟ و ئەو چەن مەڕەت لە بیابان لای کێ بەجێ هێشت؟ دەزانم بۆچی هاتی بۆ ئێرە. تەنها دەتەوێ تەماشای شەڕەکە بکەی!) بەڵام، یەك لە سەربازەکانی سوپای ئیسرائیل گوێی لەو ووشە

ئازایانەی داود بوو کەباسی زەبەلاحەکەی دەکرد و ڕۆیشت باسی کرد لای شائولی پاشا. پاشان شائول ناردی بەدوای داود و لێی پرسی.

بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ ساموئێل ١٧) [٣٢] داود بە شاولی وت: (کەس بەهۆی ئەوەوە دڵی نەکەوێت. خزمەتکارەکەت دەچێت و لەگەڵ ئەو فەلەستییە دەجەنگێت.) [٣٣] شاولیش بە داودی وت: (ناتوانیت بچیت بۆ ئەو فەلەستییە و لەگەڵیدا بجەنگیت، چونکە تۆ منداڵیت و ئەویش لە منداڵییەوە جەنگاوەرە.) [٣٤] داودیش بە شاولی وت: (خزمەتکارەکەت شوانی مەڕەکانی باوکی بوو، شێرێک و وڕچێک هاتن و مەڕێکیان لە مێگەلەکە برد و [٣٥] منیش بە دوایدا دەرچووم و کوشتم و لە دەمی دەربازم کرد، کە بۆم هەڵستایەوە ڕیشیم گرت و لێم دا و کوشتم. [٣٦] خزمەتکارەکەت شێرەکە و وڕچەکەی کوشت و ئەو فەلەستییە خەتەنەنەکراوەش وەک یەکێک لەوان دەبێت، چونکە سووکایەتی بە ڕیزەکانی خودای زیندوو کردووە.) [٣٧] هەروەها داود وتی: (پەروەردگار کە منی لە چنگی شێرەکە و وڕچەکە دەربازکرد، هەر ئەو لە چنگ ئەم فەلەستییە دەربازم دەکات.)

شاولیش بە داودی وت: (بڕۆ، با پەروەردگار لەگەڵتدا بێت.) [٣٨] ئینجا شاول کراسەکەی خۆی لەبەر داود کرد و کڵاوێکی مسی لەسەر سەری دانا و سپەرێکی لەبەرکرد. [٣٩] داودیش شمشێرەکەی لەسەر کراسەکەی بەست و ویستی پێیانەوە بڕوات، چونکە تاقی نەکردبۆوە. ئینجا داود بە شاولی وت: (ناتوانم پێیانەوە بڕۆم، چونکە تاقیم نەکردوونەتەوە.) جا داود لە خۆیی کردنەوە و [٤٠] گۆچانەکەی بەدەستەوە گرت و پێنج بەردی لووسی لە دۆڵەکەدا هەڵبژارد و لەناو تورەکەی شوانییەکەدا لەناو کۆڵەگەکەیدا داینان و قۆچەقانییەکەی بەدەستەوە گرت و لە فەلەستییەکە چووە پێش.

[٤١] ئینجا فەلەستییەکە ڕۆیشت و لە داود نزیک بۆوە هەڵگری قەڵغانەکەشی لەگەڵیدا بوو. [٤٢] کاتێک فەلەستییەکە تەماشای کرد و داودی بینی، گاڵتەی پێکرد، چونکە منداڵ بوو و سوورە و قۆز بوو. [٤٣] فەلەستییەکە بە داودی وت: (من سەگم تا تۆ بە گۆچانەوە بۆم بێت؟) ئینجا فەلەستییەکە بە خوداکانی خۆی نەفرەتی لە داود کرد و [٤٤] بە داودی وت: (بۆم وەرە تا گۆشتت بە باڵندەکانی ئاسمان و درندەکانی دەشتودەر بدەم!)

[٤٥] داودیش بە فەلەستییەکەی وت: (تۆ بە شمشێر و ڕم و قەڵغانەوە بۆم دێیت و منیش بە ناوی پەروەردگاری سوپاسالارەوە بۆت دێم، خودای ڕیزەکانی ئیسرائیل ئەوەی سووکایەتیت پێی کرد. [٤٦] ئەمڕۆ پەروەردگار لە دەستمدا بەندت دەکات و دەتکوژم و سەرت لێ دەکەمەوە، ئەمڕۆ لاشەکانی سوپای فەلەستییەکان بە باڵندەکانی ئاسمان و ئاژەڵەکانی زەوی دەدەم، جا هەموو زەوی دەزانێت خودایەک هەیە بۆ ئیسرائیل. [٤٧] هەموو ئەم کۆمەڵەش دەزانن کە ڕزگاری پەروەردگار بە شمشێر و ڕم نییە، چونکە ئەم جەنگە هی پەروەردگارە و ئێوەمان دەداتە دەست.)

[٤٨] جا کاتێک فەلەستییەکە هەڵستا و ڕۆیشت بۆ نزیکبوونەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داود، داود بە پەلە ڕووەو ڕیزەکە ڕایکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فەلەستییەکە. [٤٩] ئینجا داود دەستی بۆ تورەکەکەی دڕێژ کرد و بەردێکی لێی دەرهێنا و بە قۆچەقانییەکەی تێی گرت و لە ناوچەوانی فەلەستییەکەی دا، بەردەکە لەناوچەوانیدا چەقی و بەدەما بەسەر زەویدا کەوت. [٥٠] جا داود بە قۆچەقانی و بە بەرد بەسەر فەلەستییەکەدا سەرکەوت و لە فەستییەکەی دا و کوشتی و داود هیچ شمشێری بەدەستەوە نەبوو. [٥١] ئینجا داود ڕایکرد و لەسەر فەلەستییەکە وەستا و شمشێرەکەی هەڵگرت و لە کێلانەکەیەوە ڕایکیشا و کوشتی و بە شمشێرەکەی سەری بڕی. جا کاتێک فەلەستییەکان بینییان وا پاڵەوانەکەیان مردووە هەڵاتن. [٥٢] ئینجا پیاوانی ئیسرائیل و یەهودا هەڵستان و هاواریان کرد و تا دەگەیتە جێگەی چوونەژوورەوەی گەت و تا دەروازەکانی عەقرۆن دوایان کەوتن و کوژراوەکانی فەلەستییەکان لە ڕێگای شەعەرایمدا تا گەت و عەقرۆن کەوتن.

بەو شێوەیە، دەبینین چۆن داودی گەنج نەتەوەکەی خۆی ڕزگار کرد لە دەستی دوژمنایان بە قۆچەقانێك و بەردێك و باوەڕێکی پتەو بە خودای زیندوو. بە ڕاستی، چیرۆکی داود و جالوت چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشە و پڕە لە پەندی گرنگ.

بینیمان چۆن شائول و سەربازەکانی ئیسرائیل چەن زۆر لە جالوت دەترسان. کەسیان نەیدەوێرای لەگەڵی شەڕ بکات، بەڵام داود لەو زەبەلاحە نەترسا، بەڵکو دای بەعەردا و کوشتی! شائول و سەربازەکانی بۆچی دەترسان، بەڵام داود نەدەترسا؟ چ جیاوازییەك هەبوو لەنێوان داود و سەربازەکانی ئیسرائیل؟ دەتوانین جیاوازییەکانی نێوانیان بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: داود لە زەبەلاحەکە نەدەترسا لەبەر ئەوەی باوەڕی بە پەروەردگار خودا هەبوو. شائول و سەربازەکانی متمانەیان بە خودا نەبوو. بۆیە لە زەبەلاحەکە دەترسان.

شائول و سەربازەکانی تەنها زەبەلاحێکی بە هێزیان دەبینی. داود خودای بالادەستی بینی! شائول و سەربازەکانی شێوازێکی ئایینیان هەبوو، بەڵام ئەوە وای نەکرد کە پەیوەندییەکی ڕاستەقینەیان لەگەڵ خودا هەبێ. سەر بە ئایینێك بوون واناکات کە سەر بە خودا بیت. شائول و سەربازەکانی زۆر چاك دەیانزانی خودا بوونی هەیە، کە خودا یەکە، و کە خودا مەزن و بە هێزە. بەڵام ئەو زانیارییە وای نەکرد ڕێگاریان بکات لە جالوت. بەڵام داود پەیوەندییەکی تاکی لەگەڵ خودا بالادەستی زیندوو هەبوو! داود خودای دەناسی و لەگەڵی ڕۆیشت. داود باوەڕی بە بەڵێنەکانی خودا هەبوو. بۆیە لە زەبەلاحەکە نەدەترسا.

تۆ زیاتر بە کامیان دەچی؟ داود یان شائول و سەربازەکانی؟ ئایا خودا بە کەسیانە دەناسی؟ یان هەندێك شتت گوێ لێ بووە دەربارەی ئەو؟ ئایا ووشەی خودا بە چاکی دەناسی کەوا دڵتی پڕ کردووە لە خۆشی؟ یاخود تۆ تەنها دەتەوێ واجباتی ئایینی خۆت جێ بەجێ بکەی؟ ئایا پەیوەندییکی تۆند و خۆشحاڵت لەگەڵ خودای زیندوو هەیە؟ یاخود تەنها ئایینێکی ووشکت هەیە؟

با بخوێنین لەوەی داود لە زەبوورەکان نووسیویەتی سەبارەت بەو پەیوەندییەی لەگەڵ خودا هەیبوو، دەفەرموێ: (پەروەردگار شوانی منە، پێویستم بە هیچ نابێت... ئەگەر تەنانەت بەناو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆم، لە هیچ خراپەیەک ناترسم، لەبەر ئەوەی تۆ لەگەڵمدای... بێگومان چاکە و خۆشەویستی نەگۆڕ لەگەڵمدا دەبێت بە درێژایی ژیانم، لە ماڵی پەروەردگار دەژیم تاهەتایە.) (زەبوورەکان ٢٣: ١، ٤، ٦)


ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا تۆش پەیوەندییکی نزیکت لەگەڵ پەروەردگار خودا هەیە؟ ئایا وەك شوانی خۆت دەناسی؟ ئایا دڵنیای کە لە ماڵی ئەودا لە بەهەشت نیشتەجێ دەبی تاهەتا؟ داود ئەو متمانەیەی هەبوو، لەبەر ئەوەی بەڵێنە سەرنج ڕاکێش و بە بەهایەکانی پەروەردگار خودای دەزانی. و نەك تەنها بە بیر ئەو شتانەی زانی، بەڵکو لە دڵیشدا باوەڕی پێی هەبوو.

داود باوەڕێکی تاکی هەبوو. باوەڕی ئەو لەسەر بنەمای ووشە بێ پشت بەستراوەکانی مرۆڤ نەبوو. باوەڕی ئەو لەسەر بنەمای ووشە مایەی متمانەکانی پەروەردگار خودا بوو کە هەرگیز خەڵکی خۆی پشت گوێ ناخا! با ئاشنا بین داود چی نووسیوە لە زەبوورەکان: (پەروەردگار ڕووناکی و ڕزگاری منە، لە کێ بترسم؟ پەروەردگار قەڵای ژیانی منە، لە کێ بتۆقم؟... ئەگەر لەشکرێکیش دەورم بدات، دڵم نالەرزێت. ئەگەر جەنگ بەرپا بکەن دژم، ئەو کاتەش هەر ئاسوودە دەبم. یەک شتم لە پەروەردگار دەوێت، ئەوەی لێ داوا دەکەم: کە هەموو ڕۆژانی ژیانم لە ماڵی پەروەردگار نیشتەجێبم، تا تەماشای جوانی پەروەردگار بکەم و لە پەرستگاکەی ورد ببمەوە... گوێت لە دەنگم بێ ئەی پەروەردگار کاتێ بانگت دەکەم، بەزەییت پێمدا بێتەوە و وەڵام بدەوە. دڵم پێت دەڵێت، خۆت وتووتە: (بەدوای مندا بگەڕێن!) داوای ڕووی تۆ دەکەم ئەی پەروەردگار.) (زەبوورەکان ٢٧: ١، ٣، ٤، ٧، ٨)

(خۆشەویستی پەروەردگار، ئەی هێزی من. پەروەردگار تاشەبەردی منە، قەڵامە و ڕزگارکەرمە، خودام تاشەبەردی منە کە پەنای بۆ دەبەم، قەڵغانمە، قۆچی ڕزگاریمە، پەناگامە... بە یارمەتی تۆ دەتوانم لەشکرێک تێکبشکێنم، لەگەڵ خودای خۆم دەتوانم بەسەر شووڕەکاندا سەربکەوم. ڕێگای خودا تەواوە، وتەی پەروەردگار بێگەردە. ئەو قەڵغانە بۆ هەموو ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن.) (زەبوورەکان ١٨: ١، ٢، ٢٩، ٣٠)

لە وانەی داهاتوومانداا بەردەوام دەبین لە چیرۆکی پێغەمبەر داود و دەبینین چۆن دەستی کرد بە حوکمڕانی وەك پاشای ئیسرائیل.

خودا بەرەکەتدارت بکات. مالّ ئاوابیت لێ دەکەین لەگەڵ ئەم ووشانەی داود لە پەرتوکی زەبوورەکان: تامی بکەن و ببینن کە پەروەردگار چاکە! خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی پەنای بۆ دەبات! (زەبوورەکان ٣٤: ٨)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. شائول و سەربازەکانی بۆچی دەترسان، بەڵام داود نەدەترسا؟
٢. چ جیاوازییەك هەبوو لەنێوان داود و سەربازەکانی ئیسرائیل؟
٣. تۆ زیاتر بە کامیان دەچی؟ داود یان شائول و سەربازەکانی؟
٤. ئایا ووشەی خودا بە چاکی دەناسی کەوا دڵتی پڕ کردووە لە خۆشی؟ یاخود تۆ تەنها دەتەوێ واجباتی ئایینی خۆت جێ بەجێ بکەی؟
٥. ئایا پەیوەندییکی توند و خۆشحاڵت لەگەڵ خودای زیندوو هەیە؟ یاخود تەنها ئایینێکی ووشکت هەیە؟
٦. ئایا تۆش پەیوەندییکی نزیکت لەگەڵ پەروەردگار خودا هەیە؟
٧. ئایا وەك شوانی خۆت دەیناسی؟
٨. ئایا دڵنیای کە لە مااڵی ئەودا لە بەهەشت نیشتەجێ دەبی تاهەتا؟

وانەی ٤٨: داودی پاشا و بەڵێنی خودا

١ ساموئێل ١٨ و ٢ ساموئێل ٧

ئەمڕۆ بەردەوامین لە چیرۆکی پێغەمبەر داود. پێش دوو وانە، بینیمان چۆن خودا داودی گەنجی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە دووەم پاشای ئیسرائیل، هەرچەندە فەرمان ڕەوایی نەکرد لەو ڕۆژەی خودا هەڵیبژارد. خودا شائولی پاشای یەکەمی ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوەی هیچ گرنگی بە ویستی خودا نەدا. بەڵام خودا گەواهی دا سەبارەت بە داود و فەرمووی، (داودی کوڕی یەسام دۆزییەوە، پیاوێکە بە دڵی من، ئەوەی هەموو خواستی من جێبەجێ دەکات.) (کردارى نێردراوان ١٣: ٢٢) لەوانەی ڕابردوومانداو، داودمان بینی جالوتی زەبەلاحی کوشت، بە بەردەقانیەك و بەردێك و باوەڕێکی پتەو بە خودای زیندوو لێی بردەوە. با ئێستاش بەردەوام بین لە چیرۆکی داود و ببینین چۆن داود جێگای شائولی گرتەوە وەك پاشای ئیسرائیل.

بەردەوامین لە یەکەم سیپارەی ساموئێل، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: [٦] ئەوە بوو کە هاتن پاش ئەوەی داود لە کوشتنی فەلەستییەکە گەڕایەوە، ئافرەتان لە هەموو شارەکانی ئیسرائیلەوە بە گۆرانی و سەماوە بۆ پێشوازی شاول پاشا هاتنە دەرەوە، بە دەف و شادی و سێگۆشەکانەوە. [٧] ژنە سەماکەرەکان بەدەم گۆرانییەوە دەیانووت: (شاول لە هەزارەکانی دا و داودیش لە دە هەزارەکانی.) [٨] شاول زۆر تووڕە بوو و ئەم قسەیەی پێ خراپ بوو و وتی: (دە هەزارەکانیان بە داود دا و بە منیش هەزارەکان، هەرئەوە ماوە پاشایەتییەکە بۆ ئەو بێت.) [٩] ئیتر لەو ڕۆژەوە شاول چاوی لەسەر داود بوو. (١ ساموئێل ١٨)

بەم شێوەیە، نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت چۆن گەلی ئیسرائیل داودیان خۆش ویست. بەڵام ئەوان چەن داودیان زیاتر خۆش دەویست، شائولی پاشا زیاتر ڕقی لێی دەبووەوە. حەسوودی دڵی شائولی پڕ کردبوو و کۆنترۆڵی کردبوو تا ئەو ڕادەیەی تەنها بیری لەوە دەکردەوە چۆن لە کۆڵی داود ببێتەوە. لە دەرئەنجامدا، داود هەڵات و خۆی لە بیابان شاردەوە، لەگەڵ ئەو چوار سەد پیاوەی ئیسرائیل کە لەگەڵی بوون. شائولی و سەربازەکانی بەدوای داود و پیاوەکانی دەگەڕان لە بیابان. شائول هەرچی لە دەستی بوو کردی بۆ ئەوەی داود بگرێ و بیکوژێ. بەڵام ئەم شتەی پێ نەکرا چونکە پەروەردگار لەگەڵ داود بوو. بەڵام شائول داودی تووشی خەفەتێکی زۆر کرد. بۆ ماوەی هەشت ساڵی دوور و درێژ، داود و پیاوەکانی دەبوایە لە دەستی پاشا شائولی تووڕە هەڵبێن.

بەهەر حاڵ، ئەو حەسوودی و تووڕەییەی شائول وای نەکرد داود ڕقی لێی ببێتەوە. بۆچی داود ڕقی لە شائول نەبووەوە، ئەو شائولەی هەوڵی کووشتنی دەدا؟ داود نەیدەتوانێ ڕقی لە شائول ببێتەوە، لەبەر ئەوەی داود لەگەڵ ئەو خودایە ڕۆیشت کە وا دەکات خۆری بەسەر ڕاستودروست و ناڕاستودروستدا هەڵبێت. وەك نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: هەر کەسێک خۆشەویستی هەبێت لە خوداوە لەدایک بووە و خودا دەناسێت. ئەوەی خۆشەویستی نەبێت خودای نەناسیوە، چونکە خودا خۆشەویستییە. خۆشمان‌دەوێت، چونکە یەکەم جار ئەو خۆشی‌ویستووین. ئەگەر یەکێک وتی: (خودام خۆش‌دەوێت) و ڕقی لە خوشکی یان براکەی بێتەوە، ئەوە درۆزنە. چونکە ئەوەی خوشک و برای خۆی خۆش نەوێت کە بینیوویەتی، ناتوانێت خودای خۆش‌بووێ کە نەیبینیوە. (١ یۆحەنا ٤: ٧، ٨، ١٩، ٢٠)

چیرۆکێك هەیە حەز دەکەین تەماشای بکەین بۆ ئەوەی سەرنجی زەلیلی و خۆشەویستی داود بدەین. لە یەکەم سیپارەی ساموئێل دەخوێنینەوە، بەشی بیست و چوار، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ ساموئێل ٢٤) [١] پاش ئەوەی شاول لە ڕاونانی فەلەستییەکان گەڕایەوە پێیان ڕاگەیاند و وترا: (ئەوەتا داود لە چۆڵەوانی کانی گەدی دایە.) [٢] جا شاول لە هەموو ئیسرائیل‌دا سێ هەزار پیاوی هەڵبژاردەی برد و چوو بۆ گەڕانبەدوای داود و پیاوەکانی، لەسەر (تاشەبەردەکانی بزنە کێوییەکان). [٣] ئینجا هاتە لای پەرژینە مەڕەکان لەسەر ڕێگاکە، لەوێدا ئەشکەوتێکی لێبوو، شاول چووە ژوورەوە تا دەست بەئاو بگەیەنێت و داود و پیاوەکانیشی لە قوڵایی ئەشکەوتەکەدا دانیشتبوون.

٤ ئینجا پیاوەکانی داود پێیان وت: (ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە پەروەردگار پێی وتیت، (من دوژمنەکانت دەدەم بەدەستتەوە تۆش ئەوی پێت باشە پێیانی دەکەیت.)) داودیش هەڵستا و بەدزییەوە لایەکی کەواکەی شاولی بڕی. ٥ ئەوە بوو پاش ئەمە، دڵی داود ئازاری دا لەسەر دڕینی کەواکەی شاول. ٦ جا بە پیاوەکانی وت: (لە من بەدوور بێت لە پەروەردگارەوە، ئەگەر ئەم کارە بە گەورەکەم بە چەورکراوی پەروەردگار بکەم و دەستی بۆ دریژ بکەم، چونکە ئەو چەورکراوی پەروەردگارە.) ٧ داود بەم قسانە پیاوەکانی سەرزەنشت کرد و ڕێگای پێ نەدان بۆ سەر شاول هەستن، شاولیش لە ئەشکەوتەکە هەڵستا و ڕێگای خۆی گرتەبەر.

٨ پاش ئەمە داود هەڵستا و لە ئەشکەوتەکە دەرچوو، بەدوای شاولدا هاواری کرد و وتی: (گەورەم پاشا!) کاتێک شاول بەرەو دواوە ئاوڕی دایەوە، داود سەری بەرەو زەوییەکە داگرت و کرنۆشی برد. ٩ ئینجا داود بە شاولی وت: (بۆچی گوێ لە قسەی خەڵک دەگریت، ئەوانەی دەڵێن، (ئەوەتا داود خراپەی تۆی دەوێت)؟ ١٠ ئەوەتا ئەمڕۆ بە چاوەکانی خۆت بینیت کە چۆن پەروەردگار ئەمڕۆ تۆی لەو ئەشکەوتەدا دا بەدەستم و پێم وترا، کە بتکوژم، بەڵام من بەزەیم پێتدا هاتەوە و وتم، (دەستم بۆ گەورەم دریژ ناکەم، چونکە ئەو چەورکراوی پەروەردگارە.) ١١ تەماشا بکە باوکە، تەماشا دامێنی کەواکەت بەدەستمەوە، من دامێنی کەواکەتم دڕی بەڵام نەمکوشتیت، بزانە و ببینە کە من هیچ خراپە و یاخیبوونم نییە و گوناهم دەرهەق نەکردوویت، کەچی تۆ ڕاوی گیانی من دەکەیت تا بیبەیت. ١٢ با پەروەردگار دادوەریمان لەنێواندا بکات و پەروەردگار تۆڵەی منت لێ دەکاتەوە، من دەستت لێ بەرز ناکەمەوە، ١٣ هەروەک پەندی پێشینان دەڵێت، (لە خراپەکارانەوە خراپە دەردەچێت،) بەڵام من دەستت لێ بەرز ناکەمەوە.

١٦ ئەوە بوو کە داود لەم قسانە بۆوە لەگەڵ شاول، شاول وتی: (داود کوڕم، ئەمە دەنگی تۆیە؟) ئینجا شاول دەنگی بەرزکردەوە و گریا، ١٧ بە داودی وت: (تۆ لە من ڕاستودروستتریت، چونکە تۆ بە چاکە پاداشتت دامەوە، منیش بە خراپە. ١٨ هەروەها ئەمڕۆ تۆ دەرتخست کە چاکەت لەگەڵدا کردووم، چونکە پەروەردگار منی دا بەدەستتەوە، بەڵام تۆ نەتکوشتم. ١٩ چونکە ئەگەر پیاو دوژمنەکەی دەست بکەوێت، ئایا بەرەو ڕێگای باش بەڕەڵای دەکات؟ با پەروەردگار پاداشتی چاکەت بداتەوە لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ لەگەڵ منیدا کردت. ٢٠ ئێستاش ئەوەتا من زانیم تۆ دەبیت بە پاشا و بە دەستی تۆ پاشایەتی دادەمەزرێت.

لەپاش ئەوە، شائول گەڕایەوە ماڵ، بەڵام زۆری نەبرد کە حەسوودی دیسان دڵی داگیر کرد و هانی دا بگەڕێتەوە بیابان و ڕاوی گیانی داود دەست پێ بکاتەوە. شائول لەم شتە هەشت ساڵ بەردەوام بوو، تەنها لەبەر حەسوودی! لەگەڵ ئەوەشدا، خودا داودی ڕزگار دەکرد لە دەستی شائول. لە کۆتاییدا، شائول پاداشتی خراپەکانی وەرگرتەوە. با بزانین چی نووسراوە لە بەشی سی و یەک.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ ساموئێل ٣١) ١ فەلەستییەکانیش دژی ئیسرائیل جەنگان و پیاوەکانی ئیسرائیل لەبەردەم فەلەستییەکاندا هەڵاتن و لە (کێوی گلبۆع) دا بە کوژراوی کەوتن. ٢ ئینجا فەلەستییەکان بەدوای شاول و کوڕەکانییەوە نووسان، فەلەستییەکان لە کوڕەکانی شاولیان کوشت، یەهۆناتان و ئەبیناداب و مەلکی- شوەع، ٣ جەنگەکە لەسەر شاول توند بوو و کەوان بەدەستە تیر هاوێژەکان بە سەختی بریندارییان کرد. ٤ جا شاول بە هەڵگری چەکەکەی وت: (شمشێرەکەت دەربێنە و بمکوژە، نەوەک ئەو خەتەنەنەکراوانە بێن و بمکوژن و گاڵتەم پێ بکەن.) بەڵام هەڵگری چەکەکەی ڕازی نەبوو، چونکە زۆر ترسا. لەبەر ئەوە شاول شمشێرەکەی برد و خۆی کەوت بەسەریدا.

لەو ڕۆژەدا، شائول و هەر سێ کوڕەکەی مردن. بۆیە، نەوەکانی شائول بەتەواوی فەوتان، هەروەک خودا فەرمووی وایان لێ هات. لەو بەشانەی پاش ئەوە، نووسراوە پیرۆزەکان باسی ئەوە دەکەن چۆن خودا شانەشینی ئیسرائیلی دا بە دەستی داود. داود پاشایەکی یەکسان بوو کە حەزی بە ڕاستودروستی دەکرد و ڕقی لە زوڵم بوو. داود پەروەردگار خودای پڕ بە دڵ خۆش دەویست. ووشەی خودا و شکۆمەندی خودا بە پلەی یەکەم دەهاتن لە بیر و بۆچوونی داود. بۆیە، کاتێ داود دەستی بە فەرمان ڕەوایی کرد بەسەر ئیسرائیل، یەکەم شت کە ویستی بیکات ئەوە بوو کە چادری چاو پێ کەوتن و سندوقی پەروەردگاریان بێنێتە قودس. قودس بووبوو بە پایتەختی ئیسرائیل، لەبەر ئەوەش بوو داود ویستی چادری پەرستن و قوربانگای قوربانی لەوێ دابمەزرێنێ.

لەپاش ئەوەی داود چادری پەرستنی گواستەوە بۆ قودس، نووسراوە پیرۆزەکان باسی ئەوە دەکەن چۆن ویستی پەرستگایەکی جوان

دروست بکات بۆ ئەوەی ناوی پەروەردگار بەرز ڕابگرێ. داود ویستی پەرستگایەك بنیات بنێ کەوا **سندوقی پەیمانی پەروەردگار** دابنرێ بۆ ئەوەی گوناهباران بتوانن قوربانی بۆ پۆشینی گوناه پێشکەش بە خودا بکەن. بەڵام، پەروەردگار بە داودی ڕاگەیاند کە ئەو ئەو کەسە نیە خانوو بۆ خودا دروست بکات، بەڵکو خودا خانوو بۆ ئەو دروست دەکات، بە مانای نەوەیەك کە تاهەتا بمێنێتەوە ! با بزانت لەو پەیمانەی خودا لەگەڵ داود بەستای. پێی فەرموو: (٢ ساموئێل ٧) [١٢] کاتێک ڕۆژانت تەواو دەبن و دەچیتە پاڵ باووباپیرانت، من وەچەکەت ئەوەی لە هەناوتەوە دەردەچێت، لە دوای خۆت دایدەمەزرێنم و پاشایەتییەکەی جێگیر دەکەم. [١٣] ئەو ماڵێک بۆ ناوی من بنیاد دەنێت و منیش بۆ تاهەتایە تەختی پاشایەتییەکەی جێگیر دەکەم. [١٤] من دەبم بە باوکی و ئەویش دەبێت بە کوڕم. ئەگەر ستەم بکات، ئەوا بە گۆچانی خەڵک و لێدانی نەوەی ئادەم تەمبێی دەکەم. [١٦] ماڵەکەت و پاشایەتییەکەشت بۆ تاهەتایە لەبەردەمتدا ئاسوودە دەبن و تەختت بۆ تاهەتایە جێگیر دەبێت.)

لەو پەیمانە تێگەیشتی کە خودا لەگەڵ داودی پاشا بەستای لەو ڕۆژە؟ بەڵێنێکی سەیر بوو کەوا لە ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ دا نەبوو! خودا بەڵێنی بە داود دا، (ماڵەکەت و پاشایەتییەکەشت بۆ تاهەتایە لەبەردەمتدا ئاسوودە دەبن و تەختت بۆ تاهەتایە جێگیر دەبێت!)

چۆن؟! چۆن پاشایەتییەکەی داود تاهەتایە دەمێنێتەوە؟ ئەم شتە چۆن دەبێ؟ داود، کە تەنها مرۆڤە، چۆن دەتوانێ شانەشینێکی هەبێ کەتاهەتا بمێنێتەوە؟ ئەمە وەڵامەکەیە: خودا بەڵێنی بە داود دا کە یەکێك لە نەوەکانی شانەشینێك دادەمەزرێنێ کەتاهەتا دەمینێتەوە. پیاوێك لە خێڵی خێزانی شاهانەی داود لەدایك دەبێت کەوا دەسەڵاتی پاشایەتی کردن لە ئاسمان و زەوی وەردەگرێ تاهەتا. ناوی دەبێت بە پاشای پاشایان، پەروەردگاری پەروەردگاران، میری ئاشتی. سەدان ساڵ لەپاش چەرخی داود، و نزیکەی حەفت سەد ساڵ لەپێش لەدایك بوونی ئەم پاشای پاشایانە، پێغەمبەر ئیشایا ئەم ووشانەی نووسیوە: (چونکە کوڕێکمان دەبێت کوڕێکمان پێ دەدرێت سەرکردایەتی دەکەوێتە سەرشانی. ناوی لێ دەنرێت سەرسوڕهێنەر و ڕاوێژکار خودای بە توانا، باوکی تاهەتایی میری ئاشتی. [٧] گەشەسەندنی سەرۆکایەتی و ئاشتییەکەی بێ کۆتایی دەبێت، لەسەر تەختی داود و لەسەر پاشایەتییەکەی بۆ چەسپاندنی و بەهێزکردنی بە دادپەروەری و بە ڕاستودروستی لە ئێستاوە و تاهەتایە. دڵگەرمی پەروەردگاری سوپاسالار ئەمە دەکات.) (ئیشایا ٩: ٦، ٧)

دەزانی کێ لەنێوان نەوەکانی داود ئەو دەسەڵاتەی پێ دراوە کە شانەشینێکی تاهەتایی دابمەزرێنێ؟ دەزانی کێ دادوەری نەوەکانی ئادەم دەکات لە ڕۆژی دوایی و فەرمان ڕەوایی دەکات تاهەتا؟ بەڵێ، ڕزگاری دەرەکەیە، ئەو پاشایەی لە ئاسمانەوە هات، کە لە پاکیزەیەك لەدایك بوو، کچێك کە لە نەوەی داود بوو، سەبارەت بەم پاشایە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (بۆیە خودا زۆر بەرزی کردەوە و ناوێکی دایێ لە سەرووی هەموو ناوێک) (فیلیپی ٢: ٩)

کاتێ داود لە پلانی خودا تێگەیشت بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە لە خێڵی ئەو، کرێنۆشی برد و پەروەردگاری پەرست و وتی، (٢ ساموئێل ٧) [١٨] (ئەی پەروەردگاری باڵادەست، من کێم و ماڵەکەم کێیە کە تۆ بەم پایەت گەیاندووم؟ [١٩] هەروەها ئەمەش لەلات کەم بوو، ئەی پەروەردگاری باڵادەست، تا سەبارەت بە ئایندەی دووری ماڵی خزمەتکارەکەت بدووێیت؟ با ئەمە فێرکردن بێت بۆ مرۆڤ، ئەی پەروەردگاری باڵادەست. [٢٢] (لەبەر ئەمە، ئەی پەروەردگاری باڵادەست، مەزن بوویت و کوا هاوتای تۆ و کوا خودا بێجگە لە تۆ لە هەموو ئەوەی بە گوێی خۆمان گوێمان لێبووە؟ [٢٨] ئێستا پەروەردگاری باڵادەست تۆ خودایت و وشەکەت ڕاستە و ئەم چاکەیەت سەبارەت بە خزمەتکارەکەت فەرموە. [٢٩] ئێستاش با مایەی دڵخۆشیت بێت و ماڵی خزمەتکارەکەت بەردەکەتدار بکە، تا بۆ تاهەتایە لەبەردەمتدا بێت، چونکە پەروەردگاری باڵادەست فەرموت، جا با لە بەردەکەتی تۆوە ماڵی خزمەتکارەکەت بۆ تاهەتایە بەردەکەتدار ببێت.)

داود بەو شێوەیە سوپاسی پەروەردگاری کرد بۆ بەڵێنەکەی سەبارەت بەو پاشایەی کە لە نەوەی ئەوەوە دێت. ئەو کەسەی نووسراوە پیرۆزەکان دەناسێ دەزانێ کە خودا بەشێکی لە بەڵێنەکەی هێناوەتە دی. لەبەر ئەوەی لە ئینجیل دەخوێنینەوە کە هەزار ساڵ لەپاش چەرخی داود، خودا فریشتەیەکی نارد بۆ لای چەن شوانێك کەوا مێگەلەکانیان دەلەوەڕاند لەسەر هەمان گردی بێتلەحم، کەوا داود

مێگەلەکانی باوکی دەلەوەڕاند. فریشتەی پەروەردگار بە شوانەکانی ووت، (موژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە. ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگارکەرێکتان بۆ لەدایک بوو، ئەویش مەسیحە، خوداوەندەوە.) (لۆقا ٢: ١٠، ١١)

بەڵێ، ئەو پاشایەی خودا بەڵێنی دا بیهێنێت لە نەوەی داود لەدایك بوو. لەم کاتەدا، ئەو گەڕاوەتەوە ئاسمان، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە سامناك و شکۆدارە دەکات کە ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕاستودروستی دادوەری جیهان بکات. لەو ڕۆژەدا، هەموو کەس دەزانێت کە ئەو بەڵێنەی خودا بەداودی دا سەبارەت بە شانشینە تاهەتاییەکەی ڕاستە. لەو ڕۆژەدا دەوترێ، شانشینی جیهان بووە شانشینی خوداوەندەوەمان و مەسیحەکەی، ئەویش تاهەتایە فەرمانڕەوایی دەکات. (ئاشکراکردن ١١: ١٥)

خودا بەرەکەتدارت بکات. لەگەڵ ئەم ئایەتەی نووسراوە پیرۆزەکان بەجێیت دێڵێن: ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا... چونکە هەموو شتەکان لە ئەوە و بە هۆی ئەوە و بۆ ئەوە. تاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە! ئامین. (ڕۆما ١١: ٣٣، ٣٦)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی داود ڕقی لە شائول نەبووەوە، ئەو شائولەی هەوڵی کوشتنی دەدا؟

٢. لەو پەیمانە تێگەیشتی کە خودا لەگەڵ داودی پاشا بەستای لەو ڕۆژە ؟

٣. چۆن پاشایەتییەکەی داود تاهەتایە دەمینێتەوە؟ ئەم شتە چۆن دەبێ؟ داود، کە تەنها مرۆڤە، چۆن دەتوانێ شانەشینێکی هەبێ کە تاهەتا بمێنێتەوە؟

٤. دەزانی کێ لەنێوان نەوەکانی داود ئەو دەسەلاتەی پێ دراوە کە شانەشینێکی تاهەتایی دابمەزرێنێ؟

٥. دەزانی کێ دادوەری نەوەکانی ئادەم دەکات لە ڕۆژی دوایی و فەرمان ڕەوایی دەکات تاهەتا؟

وانەی ٤٩: داود و بەتشەبەع

٢ ساموئێل ١١ و ١٢ – زەبوورەکان ٥١ و ٣٢

لە وانەی ڕابردوومانداء بینیمان چۆن داود بوو بە پاشای ئیسرائیل. داود پاشایەکی دادپەروەر و بەبەزەیی بوو کەوا بەڕاستی ووشەی خودای بەرز ڕادەگرت. بۆ ئێستاش، دەخوێنین لە شتێك دەربارەی داود کە خۆش نییە ببیستین. داود شتێکی کرد کەوا لەبەر چاوی خودا ناشرین نەبوو، تەماحی لە ژنی دراوسێکەی کرد، و داوێن پیسی لەگەڵ کرد، و پاشان گوناهی کردە سەر گوناهەکەی بەهەوڵ دان بۆ داپۆشینی. ڕەنگەی کەسانێك بپرسن، (بۆچی چیرۆکی وا ناخۆش لەناو نووسراوە پیرۆزەکاندا هەیە؟) نووسراوی پیرۆز خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کاتێ دەفەرموێ: هەرچی لەپێشا نووسراوە، بۆ فێربوونمان نووسراوە. (ڕۆما ١٥: ٤) ئەم شتانەیان... بۆ ئاگاداری ئێمەش نووسراوە... کەواتە ئەوەی وادەزانێت ڕاوەستاوە، با وریابێت نەکەوێت. (١ کۆرنسۆس ١٠: ١١، ١٢) لە نووسراوە پیرۆزەکان، خودا گوناهی پێغەمبەران ناشارێتەوە لەبەر ئەوەی خودا دەیەوێ وانەی گرنگمان فێر بکات.

ئێستاش، با بگەڕێینەوە سیپارەی دووەمی ساموئێل و ببینین چۆن داود تووشی گوناە بوو. لە بەشی یازدە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (٢ ساموئێل ١١) [١] ئەوە بوو لە بەهاری ساڵدا لە کاتی دەرچوونی پاشاکان بۆ جەنگ، داود یۆئابی لەگەڵ هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو سوپای ئیسرائیلدا نارد و نەوەی عەمۆنیان تێک شکان و ڕەبەیان گەمارۆ دا، بەڵام داود لە ئۆرشەلیمدا مایەوە. [٢] ئەوە بوو دەمەو ئێوارە داود لەسەر چوارپایەکەی هەڵستا و لە سەربانی کۆشکی پاشا هاتوچۆی کرد و لە سەربانەوە ژنێکی بینی خۆی دەشوات و ژنەکە زۆر جوان بوو. [٣] داودیش خەڵکی نارد بۆ سۆراغی ژنەکە، جا یەکێک وتی: (ئەمە (بەتشەبەع)ی... ژنی (ئوریا)ی حیسییە.) [٤] ئینجا داود چەند نێردراوێکی نارد و بردی و هاتە ژوورەوە بۆ لای و داود لەگەڵی‌دا نووست... ئینجا ژنەکە گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی. [٥] جا ژنەکە سکی پڕ بوو و ناردی و بە داودی ڕاگەیاند و وتی: (سکم پڕە.)

پاشان، نووسراوە پیرۆزەکان بۆمان باس دەکات چۆن داود هەوڵی دا گوناهەکەی داپۆشێ. کاتێ داود گوێی لێ بوو بەتشەبەع سکی پڕە، ناردی بەدوای یۆئاب، سەرکردەی سوپاکەی، و فەرمانی پێ دا ئوریای مێردی بەتشەبەعی بۆ بنێرێ. ئوریاش پیاوێکی مەزن بوو لە سوپای ئیسرائیل. ئیتر یۆئاب ئوریای بۆلای داود نارد. (١ ساموئێل ١١) [٧] ئینجا ئوریا هات بۆ لای و داودیش لە سەلامەتی یۆئاب و لە سەلامەتی سوپا و چۆنییەتی سەرکەوتنی جەنگی پرسی. [٨] پاشان داود بە ئوریای وت: (دابەزە بۆ ماڵەکەت و قاچەکانت بشۆ.) جا ئوریا لە کۆشکی پاشاوە دەرچوو، دوابەدوای ئەویش دیارییەک لە لەلایەن پاشاوە دەرچوو. [٩] بەڵام ئوریا لە دەروازەی کۆشکی پاشادا لەگەڵ هەموو خزمەتکارەکانی گەورەکەی‌دا خەوت و دانەبەزی بۆ ماڵەکەی. [١٠] ئینجا بە داود ڕاگەیەنرا کە ئوریا دانەبەزیوە بۆ ماڵەکەی. داودیش بە ئوریای وت: (تۆ لەڕێوە نەهاتوویت؟ ئەی بۆچی دانەبەزیت بۆ ماڵەکەت؟) [١١] ئوریاش بە داودی وت: (سندوقەکە و ئیسرائیل و یەهودا لەناو چادردا نیشتەجێن و یۆئابی گەورەم و خزمەتکارانی گەورەم لە دەشتودەر چادریان هەڵداوە، منیش بچم بۆ ماڵەکەم بخۆم و بخۆمەوە لەگەڵ ژنەکەمدا پاڵ بکەوم؟ بەسەری تۆ و بەگیانی تۆ من کاری واناکەم!)
[١٢] ئینجا داود بە ئوریای وت: (ئەمڕۆش لێرە بمێنەوە و سبەینێ دەتنێرمەوە.) ئیتر ئوریا بۆ ئەو ڕۆژە و سبەینێ لە ئۆرشەلیمدا مایەوە... [١٤] بۆ بەیانی داود نوسراوێکی بۆ یۆئاب نووسی و بە دەستی ئوریادا ناردی. [١٥] لەنووسراوەکەشدا نووسیبووی و دەیووت: (ئوریا بخەنە ناو گەرمەی شەڕەکەوە و لەپشتی بکشێنەوە تا لێی دەدرێت و دەمرێت.) [١٦] جا کاتێک یۆئاب گەمارۆی شارەکەی دابوو، ئوریای لەوشوێنەدا دانا کە دەیزانی پیاوە بەهێزەکان لەوێن. [١٧] ئینجا پیاوانی شارەکە هاتنە دەرەوە و دژی یۆئاب جەنگان و ژمارەیەک لە خزمەتکارەکانی داود کەوتن و ئوریای حیسیش مرد. [١٨] یۆئابیش نێردراوێکی نارد و هەموو کاروبارەکانی جەنگی بە داود ڕاگەیاند... [١٩] فەرمانیشی بە نێردراوەکە کرد و وتی: (پاش ئەوەی هەموو کاروباری جەنگەکە بۆ پاشا باس دەکەیت، ئوریای حیسی خزمە تکاریشت مردووە.)

[٣٦] کاتێک ژنەکەی ئوریا بیستی کە ئوریای مێردی مردووە، شیوەنی بۆ پیاوەکەی گێڕا و [٣٧] پاش تێپەڕبوونی پرسەکە، داود ناردی بە دوایدا و خستییە پاڵ ماڵەکەی خۆیەوە و بوو بە ژنی و کوڕێکی لێی بوو. بەڵام ئەم کارەی داود کردی، لەبەرچاوی پەروەردگار ناپەسەند بوو.

(٢ ساموئێل ١٢) [١] بۆیە، ڕۆژەك پەروەردگار پێغەمبەری خودا ناوی ناتانی نارد بۆ لای داود و ئەویش هات بۆ لای و پێی وت: (دوو پیاو لە شارێکدا هەبوون یەکێکیان دەوڵەمەند و ئەوی دیکەیان هەژار. [٢] پیاوە دەوڵەمەندەکە مەڕ و مانگایەکی زۆری هەبوو. [٣] بەڵام هەژارەکە هەموو ئەمەی نەبوو، تەنها بەرخێکی کاوڕەمێی بچووک کە کڕیبووی و بەخێوی کردبوو، لەگەڵ خۆی و هەموو منداڵەکانیدا گەورەببوو. بەرخەکە لە پارووەکەی ئەو دەیخوارد و لە جامەکەی ئەو دەیخواردەوە و لە باوەشیدا دەنووست و وەک کچی لێهاتبوو بۆی. [٤] (ڕێبوارێک بوو بە میوانی پیاوە دەوڵەمەندەکە، بەڵام ڕازی نەبوو یەکێک لە مەڕ و مانگاکانی خۆی ببات تا ژەمێک بۆ میوانەکە کە ڕووی تێکردبوو ئامادە بکات. لە جیاتی ئەوە بەرخی هەژارەکەی برد و ئامادەی کرد بۆ ئەو پیاوەی کە ڕووی تێکردبوو.)

[٥] جا داود زۆر تووڕە بوو لەو پیاوە و بە ناتانی وت: (بە گیانی پەروەردگار ئەو پیاوەی ئەمەی کردووە دەکوژرێت و [٦] لە جیاتی بەرخەکەش چوار قات دەداتەوە، دەرئەنجامی ئەوەی ئەمەی کردووە و لەبەر ئەوەی بەزەیی نەبووە. [٧] ناتانیش بە داودی وت: (ئەو پیاوە تۆیت! پەروەردگار خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو: (من دەستنیشانم کردیت بە پاشا بەسەر ئیسرائیلەوە و من لە دەستی شاول دەربازم کردیت. [٨] ... ماڵی ئیسرائیل و یەهودام پێدایت و ئەگەر ئەوەش کەم بووایە ئاوا و ئاوا بۆم زیاد دەکردیت. [٩] ئیتر بۆچی وشەی پەروەردگارت بە سووک زانی تا ئەم خراپەیە لەبەرچاوی بکەیت؟ ئوریای حیسیت بە شمشێر کوشت و ژنەکەی ئەوت کرد بە ژنی خۆت و ئەوت بە شمشێری نەوەی عەمۆن کوشت. [١٠] ئێستاش شمشێر لەناو ماڵەکەت بۆ تاهەتایە نابڕێت، چونکە سووکایەتیت بە من کرد و ژنەکەی ئوریای حیسیت برد و کردت بە ژنی خۆت.) [١١] (پەروەردگار ئاوای فەرموو، (ئەوەتا من لەناو ماڵەکەی خۆتدا خراپەت بەسەردا ڕاست دەکەمەوە، بە بەرچاوتەوە ژنەکانت دەبەم و دەیاندەم بەو کەسەی کە لێت نزیکە و لە ڕووناکی ئەم خۆرەدا لەگەڵ ژنەکانت دەخەوێت. [١٢] چونکە تۆ بە نهێنی ئەو کارەت کرد، منیش ئەم کارە لەبەردەم هەموو ئیسرائیل و لە ژێر ڕووناکی خۆردا دەکەم.)) [١٣] داودیش بە ناتانی وت: (گوناهم دەرهەق بە پەروەردگار کرد.) ناتانیش بە داودی وت: (هەروەها پەروەردگاریش لە گوناهەکەت خۆشبووە، نامریت. [١٤] بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ بەم کارە وات کرد دوژمنانی پەروەردگار توانج بگرن، بۆیە ئەو منداڵەی بۆت لەدایک دەبێت دەمرێت.) [١٥] ئینجا ناتان ڕۆیشت بۆ ماڵەکەی خۆی.

لەو بەشانەی داهاتوو، نووسراوە پێرۆزەکان پێمان نیشان دەدات چۆن گوناهی داود کێشەی مەزن و کارەساتی ناخۆشی لەناو ماڵی بەرهەم هێنا. بەڵام ووشەی خودا هەروەها دەفەرموێ: (لەکوێ گوناه زۆر بوو، نیعمەت زۆر زیاتر بوو.) (ڕۆما ٥: ٢٠) بۆیە، ئێستا دەبینین چۆن خودا نیعمەتی خۆی بە داود نیشان دا، و لە هەموو گوناهەکانی خۆش بوو.

بۆچی خودا لە گوناهەکانی داود خۆش بوو؟ گوێت لە وەڵامی داود بوو کاتی ناتان پێی ووت، (ئەو پیاوە تۆیت!)؟ پێغەمبەری خودا ناتان زۆر ئازا بوو کە شتێکی وای بە پاشای مەزنی ئیسرائیل وت. ئەی داود چون وەڵامی ناتانی دایەوە؟ ئایا ناتانی فڕێ دایە زیندانەوە یاخود لە سێدارەی بدات، وەك زۆربەی پاشایەکانی تر؟ نەخێر، شتی وای نەکرد. ئایا داود هەوڵی دا گوناهی خۆی ڕوون بکاتەوە و بڵێ، (إنشاءالله خودا ویستی!) یان بڵێ (خودا گەورەیە، لەوانەیە کردەوە خراپەکانم بسڕێتەوە لەبەر کردەوە چاکەکانم!)؟ ئایا داود بەو شێوەیە وەڵامی ناتانی دایەوە؟ نەخێر، ئاوها وەڵامی نەدایەوە! ئەی چۆن داود وەڵامی دایەوە؟ ووتی، (گوناهم کرد! گوناهم دەرهەق بە پەروەردگار کرد!)

بۆ ئەوەی باشتر لە چۆنیەتی دان پیانانی داود بۆ گوناهەکەی بگەین، پێویستمان بەوەیە ئەوەی داود لە زەبوورەکان نووسیویەتی بخوێنینەوە لەپاش ئەوەی پێغەمبەر ناتان سەرزەنشتی کرد لەبەر ئەو گوناهەی لەگەڵ بەتشەبع ئەنجامی دا. لە زەبووری پەنجا و یەك، داود دەڵێ: (زەبوورەکان ٥١) [١] ئەی خودا، میهرەبان بە لەگەڵم بەپێی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت، بەپێی زۆری بەزەیی خۆت یاخییبوونم بسڕەوە. [٢] بە تەواوی لە تاوانم بمشۆرەوە و لە گوناهم پاکم بکەوە. [٣] چونکە من یاخییوونم دەزانم، هەمیشە گوناهم لە

بەردەممە. ٤ دژ بە تۆ، تەنها تۆ، گوناهم کرد، لەبەرچاوی تۆ خراپەم کرد، تاکو لە قسەکانتدا ڕاست بیت، دادپەروەر بیت لە حوکمەکانت. ٥ ئەوەتا من بە زگماکی تاوانبارم، گوناهبارم لەو کاتەوە کە دایکم سکی بە من پڕ بووە. ٦ ئەوەتا دڵشاد لە ڕاستی لە ناوەڕۆکدا دەبێت، لە وێژدان فێری داناییم دەکەیت. ٧ بە زوفا پاکم بکەوە و پاک دەبم، بمشۆرەوە و لە بەفر سپیتر دەبم. ١٠ ئەی خودا، دڵێکی پاکم تێدا دروست بکە و ڕۆحێکی چەسپاو لە ناخمدا نوێ بکەوە. ١٧ قوربانییەکان بۆ خودا ڕۆحی شکاوە، ئەی خودا، تۆ بە سووکییەوە تەماشای دڵی شکاو و وردوخاشکراو ناکەیت.

داود ئاوا تۆبەی کرد. داود زۆر نوزایەوە لەبەر گوناهەکەی. دڵێکی شکاوی بەرامبەر خودا هەبوو. داود وەک ئەوانە نیە کە ئایینیان هەیە بەڵام بەردەوام گوناە ئەنجام دەدەن. بەڕاستی، داود کەوتە ناو داوی گوناە، بەڵام نەیدەتوانێ لەناوی بژێ، لەبەر ئەوەی داود خودای خۆش دەویست، و دەیزانی کە، خودا ڕووناکییە، هیچ تاریکی تێدا نییە. (١ یۆحەنا ١: ٥)

باشە، لەپاش تۆبە کردنی داود، خودا چی پێی ووت لەسەر زاری پێغەمبەر ناتان؟ ئایا خودا پێی ووت، (بڕۆ چەن ئیشێکی باش بکە و لە گوناهت خۆش دەبم!)؟ نەخێر، خودا وا نالێ! ناتان هەرئەوەندەی پێی ووت، (پەروەردگار لە گوناهەکەت خۆشبووە، نامریت!)

لەپاش ئەمە، داود لە زەبوورەکان نووسیویەتی و باسی بەرەکەتەکانی پیاوێك کە خودا لێی خۆش بوو، جیا لە کردەوەی خۆی. ووتی: خۆزگە دەخوازرێ بەوانەی یاخیبوونەکانیان بەخشراوە، کە گوناهەکانیان داپۆشراوە. خۆزگە دەخوازرێ بەو مرۆڤەی کە خوداوەند گوناهی لەسەر ناژمێرێت! (زەبوورەکان ٣٢: ١، ٢ و ڕۆما ٤: ٧، ٨) بەڵی، خودا لە گوناهی داود خۆش بوو و بەڕاستودروست داینا! ئەوە مانای ئەوە نیە کە خودا ئەو کارەساتەنەی لادا کە گوناهی داود بەرهەمی هێنابوون. مانای ئەوەیە کە لە ڕۆژی دوایی، خودا گوناهی داودی لە یاد نامینێ.


خودا چۆن شتی وادەکات؟ خودا چۆن لە هەموو گوناهەکان داود خۆش دەبێت و دادوەرێکی ڕاستودروست دەمینێتەوە؟ ئایا خودا شتی لە یاد دەچێت، هەر ئاوا بەئاسانی خراپەکەی داود لە یاد دەچێت؟ نەخێر! خودا دادوەرێکی ڕاستودروستە، و ناتوانی ئاوا بەئاسانی چاوپۆشی بکات لە گوناهەکانی نەوەی ئادەم. خودا چۆن لە داود خۆش دەبێ، و بەردەوام بێت لە ڕاستودروستی خۆی؟

نوێژی داودت بۆ خودا لە بیرە لەپاش ئەوەی گوناهی خۆی زانی؟ نوێژی کرد و وتی، (بە تەواوی لە تاوانم بمشۆرەوە و لە گوناهم پاکم بکەوە... بە زوفا پاکم بکەرەوە، بێگەرد دەبم، بمشۆرەوە، لە بەفر سپیتر دەبم!) (زەبوورەکان ٥١: ٢، ٧) خودا فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل دا کە لقەکانی ڕوەکی زوفا بەکار بێنن بۆ بڕژاندی خوێنی قوربانیەکان. لەو پڕژاندنی خوێنە نیشاندەرێك بوون بۆ ئەو قوربانییە مەزنەی ڕزگاری دەری هاتوو بوو، ئەوەی بە ئیرادەی خۆی دەمرێ و خوێنی خۆی دڕێژێ وەك سزادانێك بۆ گوناە.

خودا توانی لە گوناهەکانی داود خۆش بێت چونکە داود تۆبەی کرد و باوەڕی بە هێزی خودا هەبوو کە پاکی بکاتەوە بەئیشەکەی ڕزگاری دەری هاتوو. ڕەنگە داود نوێژێکی وای بۆ خودا کردبێ: (ئای خودایە، من غەمبارم لەبەر گوناهەکەم و داوات لێ دەکەم لێم خۆش بیت! من دەزانم تۆ دەتوانی لە گوناهەکانم خۆش بیت، لەبەر ئەوەی ڕۆژێك ڕزگاری دەرەکە دەنێری، کەوا هیچ گوناهی نیە و ئەو خۆی لەباتی من سزای گوناە دەکێشێ یەك جار و تاهەتا. بۆیە ئەی پەروەردگار، بەزەییت بە منی گوناهبار هەبێ! لە نێو خوێنی ڕزگاری دەری پیرۆز بمشۆ، و بەتەواوەتی پاك و بێگەرد دەبم من!)

ئایا خودا، بەنیعمەتی خۆی لە هەموو گوناهەکانی داود خۆش بوو؟ ئایا خودا دڵی داودی پاك کردەوە و وەك ڕاستودروست دادوەری کرد؟ بەڵێ، وای کرد! لەسەر چ بنەمایەك خودا وای کرد؟ خودا لە داود خۆش بوو چونکە داود دانی بەباری گوناهباری خۆی دانا لەبەرامبەر خودا، و باوەڕی بە بەڵێنی خودا هێنا سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە، ئەوەی کەوا دێت و سزای گوناە هەڵدەگرێت. ئەو باوەڕەی ئەو هەیبوو بە بەڵێنەکانی خودا ئەو هۆیە بوو کە داود خۆش حاڵ بێت.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر لەم ئایەتە دەکەنەوە کە داود لە زەبوورەکان نووسیویەتی سەبارەت بە یەکێك لە بەرەکەتە مەزنەکانی خودا: (خۆزگە دەخوازرێ بەوەی لە یاخیبوونەکانی بەخشراوە، کە گوناهەکانی داپۆشراوە! خۆزگە دەخوازرێ بەو مرۆڤە کە پەروەردگار گوناهی لەسەر ناژمێرێت و ڕۆحی بێ فێڵە!) (زەبوورەکان ٣٢: ١، ٢)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە؟

١. بۆچی چیرۆکی وا ناخۆش لەناو نووسراوە پیرۆزەکاندا هەیە؟

٢. بۆچی خودا لە گوناهەکانی داود خۆش بوو؟

٣. کاتی ناتان پێی ووت، (ئەو پیاوە تۆیت!)، داود چون وەڵامی ناتانی دایەوە؟

٤. ئایا ناتانی فرێ دایە زیندانەوە یاخود لە سێدارەی بدات، وەك زۆربەی پاشایەکانی تر؟

٥. ئایا داود هەوڵی دا گوناهی خۆی ڕوون بکاتەوە و بڵێ، (إنشاءالله خودا ویستی!) یان بڵێ (خودا گەورەیە، لەوانەیە کردەوە خراپەکانم بسڕێتەوە لەبەر کردەوە چاکەکانم!)؟ ئایا داود بەو شێوەیە وەڵامی ناتانی دایەوە؟ ئەی چۆن داود وەڵامی دایەوە؟

٦. لەپاش تۆبە کردنی داود، خودا چی پێی ووت لەسەر زاری پێغەمبەر ناتان؟ ئایا خودا پێی ووت، (برۆ چەن ئیشێکی باش بکە و لە گوناهت خۆش دەبم!)؟

٧. ئایا خودا شتی لە یاد دەچێت، هەر ئاوا بەئاسانی خراپەکەی داود لە یاد دەچێت؟

٨. خودا چۆن لە داود خۆش دەبێ، و بەردەوام بێت لە ڕاستودروستی خۆی؟

٩. نوێژی داودت بۆ خودا لە بیرە لەپاش ئەوەی گوناهی خۆی زانی؟

١٠. ئایا خودا، بە نیعمەتی خۆی لە هەموو گوناهەکانی داود خۆش بوو؟

١١. ئایا خودا دڵی داودی پاك کردەوە و وەك ڕاستودروست دادوەری کرد؟

١٢. لەسەر چ بنەمایەك خودا وای کرد؟

وانەی ٥٠: پێغەمبەر داود و مەسیح

زەبوورەکان ١ و ٢

لە چوار وانەی ڕابردوومانداسەرنجی چیرۆکی پێغەمبەر داودمان داوە. بینیمان چۆن داود شوان بوو، شمشاڵ لێدەر و گۆرانی ڕۆحی نووسەر و قوتابی ووشەی خودا، پاڵەوان لە جەنگ و پاشای ئیسرائیل، و پێغەمبەری خودا. لە وانەی ڕابردوومانداا، بینیمان کە داود هەروەها گوناهبار بوو، کەوا شتێکی کرد کە زۆر خودای تووڕە کرد. بەاڵم هەروەها بینیمان چۆن خودا لە گوناهەکانی داود خۆش بوو، لەبەر ئەوەی داود بە ڕاستی و پڕ بە دڵ لە گوناهەکانی پەشیمان بووەوە و باوەڕی بە بەڵێنەکەی خودا هێنا سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکەی کە دەهاتە جیهان و سزای گوناهەکانی خەڵکی هەموو جیهان دەکێشێ.

ئێستا پلانمان وایە بە وردی سەرنجی ئەو سیپارە قەشەنگە بدەین کە لەناوەندی نووسراوە پیرۆزەکاندا دۆزراوەتەوە. ناوی ئەم سیپارەیە دەزانی؟ بەڵێ، زەبوورەکانە. سیپارەی زەبوورەکان پێك هاتووە لە سەد و پەنجا بەش یاخود گۆرانی ڕۆحی. لە ماوەی سەدان ساڵدا، خودا چەن پێغەمبەرێکی بەکار هێنا بۆ نووسینی زەبوورەکان، لەوانە موسا و سلێمان و ئاساف و کوڕەکانی قورەح. بەاڵم داود زۆرترین بەشی نووسیوە لە زەبوورەکان لە هەموو پێغەمبەران. ئێستا دەمانەوێ خۆمان نوقمی یەکەم دوو گۆرانی ڕۆحی بکەین لە زەبوورەکان.

یەکەم گۆرانی ڕۆحی ئەو دوو جۆر خەڵکەمان پێ نیشان دەدات کە لە جیهانن: ئەوانەی لە ڕێگای ڕاستودروستی دەڕۆن، و ئەوانەی لە ڕێگای ناڕاستودروستی دەڕۆن. لە یەکەم زەبوورەکان نووسراوە: (زەبوورەکان ١) [١] خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی بەپێی ڕاوێژی بەدکاران ناڕوات و لە ڕێگای گوناهکاران ڕانەوەستێت و لە نیشتگەی گاڵتەجاڕان دانانیشێت. [٢] بەڵکو ئارەزووی ئەو لە فێرکردنی پەروەردگارە، شەو و ڕۆژ لە فێرکردنی ورد دەبێتەوە. [٣] وەک دارێک وایە کە لەدەم جۆگەی ئاو ڕوابێت و لە وەرزی خۆیدا بەرهەم بدات و گەاڵکانی هەرگیز وشک نەبن، لە هەر شتێک کە دەیکات سەرکەوتوو دەبێت. [٤] بێگومان بەدکاران وانین، بەڵکو وەک کایەن کە با پەرش وبااڵوی دەکاتەوە. [٥] بۆیە بەدکاران لە دادوەری ناوەستن، گوناهکارانیش لە کۆڕی ڕاستودروستان. [٦] چونکە پەروەردگار ڕێگای ڕاستودروستان چاودێری دەکات، بەاڵم ڕێگای بەدکاران لەناودەچێت.

لێرەدا ڕێگای ئەو کەسانە دەبینین کە بەرەکەت کراون و ڕێگای ئەو کەسانەی کە لەناو دەچن. هەموو کەس دەیەوێ بەرەکەتدار بکرێت. کەس نایەوێت لەناو بچێ. خودا دەیەوێ هەموو کەس بەرکەتدار بکرێت. بەاڵم دەبێت لەو ڕێگای بەرەکەت کردنە بێیت کە خودا داینناوە. ئەو ڕێگای بەرەکەت کردنە چییە؟ ئەو یەکەم گۆرانییەی زەبوورەکان بە دوو بیرۆکە کورتی دەکاتەوە. یەکەم: بە دوای ئەو کەسانە مەکەوە کە گاڵتە بە ووشەی خودا دەکەون. دووەم: بە وردی سەرنجی ووشەی خودا بدە بە مەبەستی تێگەیشتن لێی و باوەڕ هێنان پێی و وەرگرتنی ڕێگای ڕزگار بوون کە خودا دایمەزراندووە.

ئەگەر باوەڕ بێنی و شوێنی ڕێگای ڕاستودروستی خودا بکەوی، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ کە تو (وەک دارێک وایە کە لەدەم جۆگەی ئاو ڕوابێت) ژیانت لە خودی خودا دادەمەزرێ، و (لە وەرزی خۆیدا بەرهەم بدات) وەك خۆشەویستی و دڵ خۆشی و ئاشتی. بەاڵم ئەگەر شوێنی ڕێگای ڕاستودروستی خودا نەکەوی، ئەوا لەناو دەچی وەك (وەک کایەن کە با پەرش وبااڵوی دەکاتەوە.)

ئێستاش با بچینە گۆرانی ڕۆحی دووەم لە زەبوورەکان. لەم بەشەدا، خودا ئیلهامی دا بە داود کە دەربارەی ڕزگاری دەرەکە بنوسێ، ئەوەی دەهاتە جیهانەوە. با بە وردی بخوێنین لەو پەیامەی خودا فەرموویەتی لە ڕێگای داودی پێغەمبەرەیەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (زەبوورەکان ٢) [١] بۆچی نەتەوەکان وروژاون و گەلان پیالن دەگێڕێن لە شتی پووچ؟ [٢] پاشایانی زەوی خۆیان ڕێکخستووە، سەرۆکەکانیان پێکەوە کۆبوونەوە دژی پەروەردگار و مەسیحەکەی و دەڵێن: [٣] (با کۆتەکانیان بشکێنین و زنجیرەکانیان لە خۆمان فرێ بدەین.) [٤] ئەوەی لە ئاسمان دانیشتووە پێدەکەنێت، پەروەردگار گاڵتەیان پێدەکات. [٥] ئینجا بە تووڕەیی خۆی بۆیان قسە دەکات، بە قینی خۆی دەیانتۆقێنێت: [٦] (من پاشای خۆم لەسەر سییۆن داناوە، لەسەر کێوی پیرۆزی خۆم.) [٧] من فەرمانی

پەروەردگارتان پێ ڕادەگەیێنم: پێی وتم: (تۆ کوڕی منی، من ئەمڕۆ بوومە باوکت. [٨]داوام لێ بکە، نەتەوەکان دەکەم بە میراتت، ئەوپەڕی زەوی دەکەم بە مواڵکی تۆ. [٩]بە گۆپاڵێکی ئاسنین دەیانشکێنیت و وەک گۆزەیەکی گڵین وردوخاشیان دەکەیت.) [١٠]بۆیە، ئەی پاشایان، ژیر بن، سەرۆکەکانی زەوی، ئاگادارین. [١١]بە ترسەوە پەروەردگار بپەرستن، بە لەرزەوە دڵخۆشبن. [١٢]کوڕەکە ماچ بکەن، نەوەک تووڕە ببێت و لە ڕێگای خۆتان بفەوتێن، چونکە تووڕەیی ئەو زوو دێتە جۆش خۆزگە دەخوازرێ بە هەموو ئەوانەی پەنا دەبەنە بەر ئەو.

تێدەگەی لەوەی پەروەردگار خودا ڕایگەیاند لە بەشی دووەمی زەبوورەکان؟ زۆر زۆر گرنگە! لەم گۆرانی ڕۆحییە، خودا سێ ناوی سەرنج ڕاکێشی ڕزگاری دەرەکەی پێمان ناسان، ئەو ڕزگاری دەرەی دەهاتە جیهان بۆ ئەوەی نەوەی ئادەم ڕزگار بکات. گوێت لەو سێ ناوە بوو؟ ناوەکان ئەمانەن: مەسیح، پاشا، کوڕ. با کەمێك بیر بکەینەوە لەم سێ ناوە کە خودا ئاماژەیان بۆ ڕزگای دەری جیهان پێ دەکات.

یەکەم، دەبینین کە خودا بەم ڕزگاری دەرە دەڵێت (مەسیح). مەسیح ووشەیەکی عیبریە بە مانای (ئەو کەسەی کە خودا هەڵیبژارد) دێت. لەگەڵ ناوی مەسیح، خودا ئەوەی ڕادەگەیاند بۆ نەوەی ئادەم کە هەموو کەس دەبێت باوەڕی پێ بێنێت و ڕزگاری دەرەکە قەبوڵ بکەن ئەوەی کەوا دەهاتە جیهان، لەبەر ئەوەی ئەو ئەو کەسەیە کە خودا هەڵیبژارد وەك ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان. بەڵام لە یەکەم سێ ئایەت ئەم گۆرانییە، خودا پێش بینی کرد کە زۆربەی نەوەکانی ئادەم مەسیح ڕەت دەکەنەوە کەوا خودا دەیناردە جیهان. با دووبارە ئەو ئایەتانە بخوێنینەوە: [١]بۆچی نەتەوەکان وروژاون و گەلان پیلان دەگێڕن لە شتی پووچ؟ [٢]پاشایانی زەوی خۆیان ڕێکخستووە، سەرۆکەکانیان پێکەوە کۆبوونەوە دژی پەروەردگار و مەسیحەکەی و دەڵێن: [٣](با کۆتەکانیان بشکێنین و زنجیرەکانیان لە خۆمان فرێ بدەین.) (زەبوورەکان ٢: ١–٣)

بۆچی خەڵکی جیهان مەسیح ڕەتی دەکەنەوە مەسیح قەبوڵ بکەن ئەوەی خودا ناردی؟ ئەوان مەسیح ڕەت دەکەنەوە لەبەر ئەوەی ئەو کەسێکی پیرۆز و لە کەی گوناهی پێوە نیە و نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کە (هەر کەسێک خراپە بکات ڕقی لە ڕووناکییەکەیە و نایەتە لای ڕووناکییەکە، نەوەک کردەوەکانی ئاشکرا بێت.) (یۆحەنا ٣: ٢٠) بۆیە، خودا پێش بینی دەکرد لەم ئایەتانەدا کە جولەکەکان و نەتەوەکانی جیهان پێکەوە ئیش دەکەن و هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەو پیاوە پیرۆزە لەناو بەرن کە خودا هەڵیبژارد وەك ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان. بەڵام خودا هەموو شتێك دەزانی کە پیاوانی خراپ هەوڵی کردنی دەدەن. خودا پلانی دانا کە پلانە خراپەکانی مرۆڤ بەکار بێنێت بۆ جێ بەجێ کردنی پلانە ڕاستودروستەکەی خۆی بۆ ڕزگار کردنی گوناهباران. بۆیە دەخوێنیەوە: (ئەوەی لە ئاسمان دانیشتووە پێدەکەنێت، پەروەردگار گاڵتەیان پێدەکات.) (زەبوورەکان ٢: ٤) بۆیە، یەکەم ناو کە خودا لەم بەشەدا دای بە ڕزگاری دەرەکە مەسیح بوو. ڕەنگە سەرنجت ڕابکێشێ کە بزانی کە ووشەی عیبری مەسیح هەمان ووشەیە لەگەڵ ووشەی یۆنانی کرایست. هەردوو ووشە مانای (ئەو کەسەی خودا هەڵیبژارد).

دووەم ناو (پاشا)یە. مەسیح هەروەها پاشایە. لە ڕێگای ئەو ناوەوە، خودا دەیەوێ هەموو کەس بزانێت کە مەسیح، لە کۆتاییدا، دەبێتە دادوەر و فەرمان ڕەوای جیهان سەرەڕای ئەوەی زۆربەی خەڵك ڕەتی دەکەنەوە. لە ڕۆژی مەزنی دادوەری، هەموو کەس کڕنۆشی بۆ دەبەن لەبەر ئەوەی ئەو ئەو کەسەیە کە خودا هەڵیبژارد بۆ ئەوەی ببێتە پاشای پاشایان، و پەروەردگاری پەروەردگاران. لە دەرئەنجامدا، مەسیح یان دەبێتە ڕزگاری دەرت یانیش دەبێتە دادوەرت – لەبەر ئەوەی، بە دڵت بێت یان نا، ئەو ئەو پاشایەیە کە خودا هەڵیبژارد بۆ ئەوەی فەرمان ڕەوایی بکات تاهەتا!

سێیەم، لەم بەشەدا خوێندمان لەناوێکی تر کە خودا دای بە مەسیح. ئەوە ناوێکە دەبێت زۆر بەوریایی سەرنجی بدەین. ئەو ناوەش (کوڕ) یە. پێش ئەوەی ڕوونی بکەینەوە ئەمە مانای چیە، ڕەنگە پێویست بێت ئەوەمان لە یاد بێت کە هەرچی داود نووسی لە زەبوورەکان، بەو داناییە نووسی کە خودا پێی بەخشی. هەروەها، دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە لە نووسینەکانی پێغەمبەران هەندێ جار شتی وا هەیە کە تێگەیشتنیان زەحمەتە، بەڵام ئەوە واناکات ئەو شتانە ڕاست نەبن! خودا ئاگادارمان دەکاتەوە لە ووشەی و

دەفەرموێ: نووسراوە پیرۆزەکان ئەوەی هەندێک شتی تێدایە گرانە بۆ تێگەیشتن، نەزان و نەچەسپاوەکان وەک نووسراوەکانی دیکە دەشێوێنن، بۆ لەناوچوونی خۆیان. (٢ پەترۆس ٣: ١٦) نەزانی شتێکی زۆر خراپە، بە تایبەتی کاتی سەبارەت بە مەسیحە، ئەوەی خودا هەڵیبژارد بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە فەوتانی تاهەتایی! با ئەو بیرەمان لە یاد بێت کاتێ بیر لە سێیەم ناو دەکەینەوە کەوا خودا خۆی ئەو ناوەی بەخشی بە مەسیح.

ئێستاش دەگەڕێینەوە بۆ زەبووری دووەم. لە ئایەتی حەفتەم دەخوێنینەوە کە مەسیح دەفەرموێ، (من فەرمانی پەروەردگارتان پێ ڕادەگەیێنم: پێی وتم: (تۆ کوڕی منی، من ئەمڕۆ بوومە باوکت.) (زەبوورەکان ٢: ٨) خوێندت پەروەردگار چی بە مەسیح فەرموو؟ فەرمووی، (تۆ کوڕی منیت، من ئەمڕۆ بوومە باوکت.) دەزانی بۆچی خودا ناوی لە مەسیح نا کوڕی خۆی؟ دەزانی ئەم ناوە مانای چیە؟ هیوادارین هەموتان بزانن کە ئەو ناوە بە مانای چی نایە. بەو مانایە نایات کە خودا ژنێکی بۆ خۆی گرت بۆئەوەی منداڵی لێی هەبێ! هەرگیز! بیری وا کفر بەرامبەر خودا! خودا ڕۆحە و بەو شێوەیەی مرۆڤ کوڕی نابێت.

ئەی باشە بۆچی خودا بە مەسیحی فەرموو، (تۆ کوڕی منیت!) ؟ دەکرێ سوپاسی خودا بکەین لەبەر ئەوەی پەروەردگار خودا خۆی پێمان دەفەرموێ بۆچی. پێمان خۆشە سێ هۆتان بدەینێ لە نووسراوەکانی پێغەمبەران بۆچی خودا ناوی لە مەسیح نا کوڕی خۆی.

یەکەم، دەبێت بزانی کە خودا ناوی لە مەسیح نا کوڕی خۆی لەبەر ئەوەی مەسیح لە ئاسمانەوە هات. هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە نووسراوەکانی پێغەمبەران هەیە دەزانن کە مەسیح لە مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو لە ئامادەیی خودا. وەک دەزانن، مەسیح باوکی زەمینی نەبوو. سەبارەت بە بوونی لەسەر زەویش، لە نەوەی داود هات، لەبەر ئەوەی مەسیح لە ئافرەتێکی پاکیزیە لەدایک بوو کەوا خزمی داودی پاشا بوو. بەڵام لەلایەن باوکەوە، مەسیح بە تاکی لەلایەن ڕۆحی خوداوە هاتووە. لەبەر ئەوە خودا دەفەرموێ، (تۆ کوڕی منیت، من ئەمڕۆ بوومە باوکت!)

دووەم، خودا ناوی لە مەسیح نا کوڕی خۆی لەبەر ئەوەی نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە خودا و مەسیح هەمان خەسڵەتی پیرۆزیان هەیە. کوڕی باوکی خۆیەتی. ئەو ڕزگاری دەرە بەڵێن پێ دراوەکە دەبوایە پاک و بێ گەرد بێت هەروەک خودا پاک و بێ گەرد. ناتوانین زۆر باسی ئەمە بکەین ئێستا، بەڵام کاتێ دێینە لای ئینجیل، دەبینین کە مەسیح وەک نەوەکانی ئادەم نەبوو کەوا لەکەی گوناهیان پێوە بوو! هەر وەک بینیمان، تەنانەت مەزنترین پێغەمبەرانیش گوناهیان ئەنجام داوە. بەڵام مەسیح هەرگیز گوناهی ئەنجام نەداوە. هەمیشە ئیرادەی خودای جێ بەجێ کردووە. دەبوایە مەسیح گوناهبار نەبوایە چونکە ئەو هاتە جیهان بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بکات لە گوناهەکانیان! ئایا ئەو کەسانەی خۆیان زۆر قەردارن دەتوانن قەردی خەڵکی تر بدەنەوە؟ نەخێر ناتوانن! مەسیح هیچ قەردی گوناهی نەبوو. نووسراوی پیرۆز پێی دەڵێت: پیرۆز و بێ گلەیی و بێ گلاوی، لە گوناهباران جیاکرایەوە و لە ئاسمان بەرزتر کرا. (عیبرانیەکان ٧: ٢٦) بەڵێ، ڕزگاری دەرەکە پیرۆزبوو، هەروەک ئەو خودایەی ناردی پیرۆز بوو! بۆیە خودا بە شانازیەوە ناوی لێ نای کوڕی خۆی.

سێیەم، پێویستە بزانیت کە خودا ناوی لە مەسیح نا کوڕی خۆی بۆ ئەوەی جیای بکاتەوە لە هەموو پێغەمبەرەکانی تر. تائێستا بینیمان کە ئیبراهیم ناوی لێ نرا (دۆستی خودا). و پێغەمبەر موسا ناوی لێ نرا (ییاوی خودا). دەربارەی داودیش، خودا فەرمووی، (داودی کوڕی یەسام دۆزیەوە، پیاوێکە بەدڵی من) بەڵام خودا سەبارەت بەکام پێغەمبەر فەرموویەتی، (تۆ کوڕی منیت، من ئەمڕۆ بوومە باوکت)؟ ئەوە دەکرێ تەنها بەمەسیح بوترێ، لەبەر ئەوەی مەسیح تاکە کەس بوو کە لە ئاسمانەوە هات، و لە کچیک لەدایک بوو و لکەی گوناهی پێوە نەبوو.

مەسیح دەناسی، ئەو پاشایەی خودا پێی دەڵی کوڕی خۆم؟ خودا دەیەوێ هەموو کەس بیناسێ و گوێی لێ بگرن و باوەڕی پێ بهێنن و قەبوڵی بکەن. لەبەر ئەوە بوو پێغەمبەر داود ئەم بەشەی کۆتایی پێ هێنا.

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ بەجددی بیر لەوە دەکەنەوە کە پێغەمبەر داود نووسی لە زەبوورەکان کە دەڵێت: (ژیر بن،

ئاگاداربن... بە ترسەوە پەروەردگار بپەرستن، بە لەرزەوە دڵخۆشبن. کوڕەکە ماچ بکەن، نەوەک تووڕە ببێت و لە ڕێگای خۆتان بفەوتێن، چونکە تووڕەیی ئەو زوو دێتە جۆش خۆزگە دەخوازرێ بە هەموو ئەوانەی پەنا دەبەنە بەر ئەو. (زەبوورەکان ٢: ١٠–١٢)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ناوی ئەم سیپارەیە دەزانی؟

٢. ئەو ڕێگای بەرەکەت کردنە چییە؟

٣. تێدەگەی لەوەی پەروەردگار خودا ڕایگەیاند لە بەشی دووەمی زەبوورەکان؟ لەو سێ ناوە چییە؟

٤. بۆچی خەڵکی جیهان مەسیح ڕەتی دەکەنەوە مەسیح قەبوڵ بکەن ئەوەی خودا ناردی؟

٥. بۆچی خودا بە مەسیحی فەرموو، (تۆ کوڕی منیت!) ؟

٦. دەزانی ئەم ناوە مانای چیە؟

٧. ئایا ئەو کەسانەی خۆیان زۆر قەردارن دەتوانن قەردی خەڵکی تر بدەنەوە؟

٨. بەڵام خودا سەبارەت بە کام پێغەمبەر فەرموویەتی، (تۆ کوڕی منیت، من ئەمڕۆ بوومە باوکت)؟

وانەی ٥١: بەشی زیاتر لە زەبوورەکان

زەبوورەکان ٢٢

وانەی ڕابردوو چاومان خشاند بە یەکەم دوو بەشی سێپارەی زەبوورەکان. زۆر حەزمان دەکرد هەموو بەشێکی زەبوورەکانمان بخوێندایە و باسمان بکردایە – بەڵام لەبەر ئەوەی زەبوورەکان پێك هاتووە لە سەد و پەنجا بەش، ئەو شتە مەحاڵە.

بەڵام، پێش ئەوەی سێپارەی زەبوورەکان دابخەین، پێمان خۆشە دیراسەتی گۆرانیەکی ڕۆحی ترتان لەگەڵ بکەین لەو گۆرانییانەی خودا لە بیری داودی دانا: بەشی بیست و دوو. ئەم بەشە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی پێش بینی ئەوەی کرد چۆن مەسیح دەمرێ لە ئێش و ئازارێکی زۆر بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانی هەموو نەوەی ئادەم بداتەوە. لەم بەشە، داود کەوا پێش هاتنی مەسیح بە هەزار ساڵ، پێش بینی نزیکەی سی ڕووداوی کرد کە ڕوو دەدا لەو ڕۆژەی مەسیح دەمرێ. کاتێ ئینجیل دەخوێنینەوە، کەوا چیرۆکی مەسیح لە خۆ دەگرێ، دەبینین کە هەموو شتەکان وەك ئەوەی پێغەمبەری خودا داود پێش بینی کرد ڕوویان دا. بۆیە، دەکرێ دڵنیا بین کە ئەم گۆرانیە لە بیری مرۆڤەوە نەهاتووە، بەڵکو لە بیری خوداوە. تەنها خودا دەتوانێ پێش بینی ئایندە بکات بەم دیقەتە وورد.

ئێستاش با بخوێنین لەوەی پێغەمبەر داود نووسیویەتی لە زەبووری بیست و دوو. لەم بەشە، داود ئەو بیرانەی نووسی کەوا لە بیری مەسیح دەبێت لەو ڕۆژەی خوێنی خۆی دەڕێژی وەك سزا دانەوەی گوناە. ووتی: (زەبوورەکان ٢٢) [١] (خودای من، خودای من، بۆ وازت لێهێنام؟ بۆ وا دووری لە ڕزگارکردنم، لە قسەکانی ئاهم؟ [٣] تۆش خودای پیرۆزیت، لەسەر ستایشی ئیسرائیل دانیشتووییت. [٦] بەڵام من کرمێکم نەک مرۆڤ، مایەی ڕسوای ئادەمیزادان و سووکایەتی خەڵک. [١٤] وەک ئاو ڕژام، هەموو ئێسقانەکانم لێک یابوونەتەوە. دڵم بووە بە مۆم، لە ناوەڕۆکمدا تووانەتەوە. [١٥] هێزم وەک پارچە فەخفووری وشک بووە، زمانم بە مەڵاشوومەوە نووساوە، شۆڕت کردمەوە ناو خاکی مەرگ. [١٦] سەگ دەوریان داوم، کۆمەڵی بەدکارێک ئابڵوقەیان داوم، دەست و پێی خۆمیان کون‌کردوو.)

تێگەیشتی لەوەی پێغەمبەر داود نووسیویەتی سەبارەت بە مەسیح؟ پێش هەزار ساڵ لە هاتنی مەسیح بۆناو جیهان، داود نووسی: کۆمەڵی بەدکارێک ئابڵوقەیان داوم، دەست و پێی خۆمیان کون‌کردوو! بەم ووشانە داود پێش بینی کرد چۆن نەوەی ئادەم دەست و پێی مەسیح کون دەکەن بە لە خاچ دانی. بۆچی پێغەمبەر داود لە زەبوورەکان نووسی کە بەدکاران دەست و پێی مەسیح کون دەکەن؟ بۆچی مەسیح بەو شێوە بە ئازارە بمرێت؟ بۆچی خودا ڕێگای دا مرۆڤ دەست بۆ ئەو ڕزگاری دەرەی پیرۆز درێژ بکەن کە خۆی ناردوویەتی؟

ووشەی خودا وەڵامان دەداتێ. پێویست بوو ڕزگاری دەرەکە ئازارێکی زۆر بکێشی و بەو شێوە سامناکە بمرێت، تاکو بتوانێ جێگای ئێمە بگرێ و لەشوێنی ئێمە سزای خودا بکێشێ. چونکە سزای گوناە مردنە و ئیدانە تاهەتایی لە دۆزەخ، پێویست بوو کە مەسیح تامی ئازاری دۆزەخ بکات کەوا شایەنی ئێمەیە لەبەر گوناهەکانمان. خودا بە نیعمەتی خۆی، پلانی دانا کە ڕزگاری دەرەکە بنێرێ کەوا لەکەی گوناهی پێوە نەبوو، تاکو ئەو بە ئیرادەی ئازادی خۆی، لە جیاتی هەر یەکێک مردن بچێژێ. (عیبرانیەکان ٢: ٩) خودا ئاوها دەیتوانی دەرگایەکی لێ خۆش بوون لە گوناە بکاتەوە بۆ نەوەکانی ئادەم و دەرگایەك بۆ ژیانی تاهەتایی، بێ ئەوەی لە دادپەروەری خۆی دەربچێت! مەسیح سزای گوناهەکانمان دەداتەوە. مردنی مەسیحی ڕاستودروست ئەو هۆیەیە کە خودا، خودای ڕاستودروست، بتوانێ وەك ڕاستودروست دادوەری هەموو ئەوانە بکات کە باوەڕیان پێی هەیە.

بەڕاستی ئەوەی پێغەمبەر داود نووسی دەربارەی مردنی مەسیح سەرنج ڕاکێشە. بیری لێ بکەوە! هەزار ساڵ لەپێش لەدایك بوونی مەسیح، داود نووسی بە وورەکاریەوە چۆن مەسیح ئازار دەکێشێ لەسەر ئەو خاچەی لێی هەڵدەواسرێ. ڕەنگە ئەوەی پێویستمان پێ بێ لێی تێبگەین و لە یادمان بێت ئەمەیە: ڕۆمەکان ئەوانە بوون کە لە خاچ دانیان داهێنا – ئەو مردنە بە ئازارە پێی دەوترێ لە خاچ دان. لەگەڵ ئەوەشدا کاتی داود دەربارەی ئەو شتەی نووسی لە زەبوورەکان، هێشتا نەتەوەی ڕۆم هێشتا بوونی نەبوو و کەس دەربارەی مردنی کەسێکی تری بەو شێوەیە، واتا لە خاچ دان نەدەزانی، هەڵواسینی ئەو کەسە بە بزمار لەسەر خاچ. بەڵام خودا

مردنی مەسیحی لەسەر خاچ لە مێشکی داود دانا و هانی دا لەزەبوورەکان بینوسێ، تاکو ئێمە بێ شك بزانین کەمردنی مەسیح لەسەر خاچ پلانی خودا بوو بۆ ڕزگار کردنمان لە سزای گوناهەکانمان.

ئەو ڕاستیەی ئەم بەشە لە خۆی دەگرێ زۆر باش ئاشکرایە، و دەبێت سەرنجی بدەین. بەڵام هەموو کەس ئەم پەیامەی خودا قەبوڵ ناکات. تا ئەمڕۆش، هەندێ کەس دژایەتی دەکەن لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەری خودا داود نووسیویەتی لە زەبوورەکان سەبارەت بە مردنی مەسیح لەسەر خاچ. ئەوان دەڵێن، (خودا ڕێگا نادات مەسیح بەو شێوە شەرمەزاری و بە ئازارە بمرێت!) بەڵام ئەوانەی وا دەڵێن هیچ لە نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران و پلانی خودا بۆ ڕزگار کردنی گوناهباران نازانن. ئاگادار بە ڕێگای خودا بۆ ڕزگاربوون پشت گوێ نەخەی! ووشەی خودا دەفەرموێ، وشەی خاچ بۆ لەناوچووان گێلایەتییە، بەڵام بۆ ئێمەی ڕزگاربووان هێزی خودایە. (١ کۆرنسۆس ١: ١٨)

ئێستاش با زیاتر تەماشا بکەین داود چی نووسیوە سەبارەت بە بارودۆخی مردنی مەسیح لەسەر خاچ و دەخوێنین مەسیح چۆن دەفەرموێ: (زەبوورەکان ٢٢) [١] (خودای من، خودای من، بۆ وازت لێهێنام؟ [٧] هەموو ئەوانەی دەمبینن گاڵتەم پێدەکەن، توانجم لێدەگرن و سەر بادەدەن و دەڵێن: [٨] (پشتی بە پەروەردگار بەست، با پەروەردگار ڕزگاری بکات. با ئازادی بکات، ئەگەر پەروەردگار دڵخۆشە پێی؟) [١٤] وەک ئاو ڕژام، هەموو ئێسقانەکانم لێک جیابوونەتەوە. دڵم بووە بە مۆم، لە ناوەڕۆکمدا تواوەتەوە. [١٥] هێزم وەک پارچە فەخفووری وشک بووە، زمانم بە مەڵاشوومەوە نووساوە، شۆڕت کردمەوە ناو خاکی مەرگ. [١٦] سەگ دەوریان داوم، کۆمەڵی بەدکارێک ئابڵوقەیان داوم، دەست و پێی خۆمیان کون‌کردوو. [١٧] هەموو ئێسقانەکانم دەژمێرم، ئەمانە تەماشام دەکەن تێمدەڕوانن. [١٨] جل‌وبەرگەکەم لەناو خۆیان بەش دەکەن، تیروپشک لەسەر کراسەکەم دەکەن.

بەم ووشانە داود پێش بینی ئەوەی کرد کە لەپاش لە خاچ دانی مەسیح، گاڵتەی پێ دەکەن و جل و بەرگەکەی لەناو خۆیان بەش دەکەن و تیروپشك لەسەر کراسەکەی دەکەن. ئەم شتە بە ووردی هاتە دی لەپاش هەزار ساڵ لە نووسینی داود. لەوەی لە ئینجیل نووسراوە سەبارەت بە مردنی مەسیح. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: کە لە خاچیان دا، بە تیروپشک کراسەکەیان دابەش کرد. ئینجا لەوێ دانیشتن و ئێشکیان بۆ گرت... ڕێبواران جنێویان پێدەدا و سەریان دەلەقاند و دەیانووت: (ئەی ڕووخێنەری پەرستگا و بنیادنە ڕەوەی لە سێ ڕۆژدا، خۆت ڕزگار بکە! ئەگەر تۆ کوڕی خودای، لە خاچەکە دابەزە!) (مەتا ٢٧: ٣٥، ٣٦، ٣٩، ٤٠)

ئینجیل تۆمار دەکات چۆن ووشەکانی پێغەمبەری خودای داود جێ بەجێ کرا.

هەروەها ئەمڕۆ دەخوێنینەوە کە داود پێش بینی کرد کەمەسیح تووێنی دەبێ و زۆر ئازار جەستەیی وئازاری ناو قوڵایی ڕۆح و گیان دەکێشێ. لەبەر ئەوە مەسیح لە یەکەم ئایەت هاوار دەکات دەڵێت، (خودای من، خودای من، بۆ وازت لێهێنام؟" کاتێ دیراسەتی ئینجیل دەکەین، دەبینین کەهەموو شتێك وەك ئەوەی داود لە زەبوورەکان پێش بینی کردبوو ڕووی دا. بۆچی مەسیح لەسەر خاچ هاواری کرد و فەرمووی، (خودای من، خودای من، بۆ وازت لێهێنام؟) لەبەر ئەوەی خودا، خودایەکی پیرۆزە و ناتوانێ چاوپۆشی بکات لە گوناە. خودا خۆی دەبوایە پشت لە مەسیح بکات کە لەسەر خاچ هەڵیان واسی، و خۆی لێی جیا بکاتەوە، لەبەر ئەوەی خودا هەموو سزای گوناهەکانی ئێمە خستە سەر ئەو. بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناە، تاکو لە ئەودا ببینە ڕاستودروستی خودا. (٢ کۆرنسۆس ٥: ٢١)

ستایش بۆ خودا، شتێکی تر هەیە لە زەبوورەکان کە پێغەمبەر داود پێش بینی کرد – مزگێنییەکی زۆر خۆش! لەبەشی شازدەهەم، داود سەبارەت بە مەسیح دەنووسێ و دەڵێت، (چونکە تۆ گیانم لە جیهانی مردووواندا بەجێ ناهێڵیت، هەروەها ڕێ نادەیت پیرۆزی خۆت گۆڕ ببینێت. ڕێگای ژیانت پێ‌ناساندم) (زەبوورەکان ١٦: ١٠، ١١)

بەم شێوەیە داود پێش بینی کرد چۆن خودا پلانی هەبوو مەسیح لە گۆڕەوە هەڵسێنێتەوە، تاکو هەر کەسێك باوەڕی پێ بێنێت بتوانێت لەگەڵی بژێت لە ئامادەیی پارسای پیرۆزی خودا تاهەتا! بۆیە، ئینجیل ڕایدەگەیەنێ: مەسیح لە پێناوی گوناهەکانمان مرد

بەگوێرەی نووسراوەکان، ئەو نێژرا و لە ڕۆژی سێیەم هەڵستایەوە بەگوێرەی نووسراوەکان. (١ کۆرنسۆس ١٥: ٣، ٤)

داود هەروەها پێش بینی ئەوەی کرد کە لەپاش هەڵسانەوەی مەسیح لە مردن، خودا دەیبات بۆ ئاسمان و پێی دەفەرموێ لەلای ڕاستی ئەو دانیشێ، تا ئەو ڕۆژەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دادوەری خەڵکی زەوی بکات. داود ئاوای نووسی لە زەبوورەکان، بەشی سەد و دە، کاتێ دەفەرموێ: پەروەردگار بە خوداوەندمی فەرموو: (لە دەستەڕاستم دانیشە، تاکو دوژمنانت بخەمە تەختەپێ بۆ پێیەکانت. (زەبوورەکان ١١٠: ١)

لەکۆتایی بەشی بیست و دوو، داود نووسیویەتی: (زەبوورەکان ٢٢) [٢٧] سەرانسەری زەوی پەروەردگاریان بەبیر دێتەوەو دەگەڕێنەوە لای ئەو، هەروەها هەموو هۆزی نەتەوەکان کڕنۆش لەبەردەمی دەبەن...[٣٠] نەوەکان دەپەرستن، باسی پەروەردگار بۆ نەوەکانی داهاتوو دەکرێت. [٣١] ڕاستودروستییەکەی بەو خەڵکانە ڕادەگەێنن کە هێشتا لەدایک نەبوون، چونکە ئەم کارەی کردووە!

ئەم زەبوورە بەم ووشانە کۆتایی پێ دێت: ئەم کارەی کردووە! مەسیح چی دەکات؟ لەشوێنی هەموو گوناهباران دەمرێت! هەموو بەڵێنەکانی خودا بۆ ئادەم و حەوا سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە جێ بە جێ دەکات کەوا خۆیان و نەوەکانیان ڕزگار دەکات لە سزای گوناهەکانیان. مەسیح وەک دوایەمین قوربانی دەمرێت. لە ڕێگای مردنی لەسەر خاچ، مەسیح قوربانی ئاژەڵی هێمایی پوچەڵ دەکاتەوە و جێ بە جێی دەکات کەوا خودا پێشتر داوای دەکرد لە گوناهباران. وەک ئەو بەران لەشوێنی کوڕەکەی ئیبراهیم مرد، ڕزگاری دەرەکە لەجێگەی گوناهباران دەمرێت وەک دوایەمین و تەواوترین قوربانی — بۆ هەمووان — تاهەتا! ئەمە مزگێنی خودا بۆ هەموو جیهان: مەسیح لە شوێنی ئێمە مرد! باوەڕی پێ بێنن و ڕزگارتان دەبێت لەدادوەری خودا! ڕێگای ڕزگاربوون بە تەواوی کراوەتەوەیە بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دەکەن. لەبەر ئەوە پێش ئەوەی مەسیح بمرێ هاواری کرد، (تەواو بوو.) (یۆحەنا ١٩: ٣٠) (ئەم کارەی کردووە!) (زەبوورەکان ٢٢: ٣١) خوداش قوربانی تەواوی مەسیحی جێگیر کرد بە هەڵساندەوەی لە مردن لە سێیەم ڕۆژدا! ئەم هەموو شتانە بە وورەکارییەوە دەبینین کاتێ دیراسەتی پەرتوکی ئینجیل دەکەین.

لەو کاتەشدا، دەبا ئەم شتەمان لە یاد بێت: پێش هەزار ساڵ لە لەدایک بوونی عیسای مەسیح، پێغەمبەر داود پێش بینی کرد کەوا گوناهباران دەست و پێی مەسیح کون دەکەن! هەروەها با هۆی مردنی بە ئازاری مەسیحمان لە یاد نەچێت. ئەو بۆ تۆ و بۆ من مرد، و بۆ هەموو گوناهباران، تاکو هەرکەسێک باوەڕی پێ بێنێ لەناونەچێ، بەڵکو ببێتە خاوەن ژیانی تاهەتایی! مەسیح ڕێگای بە پیاوانی بەدکار دا دەست و پێی کون بکەن لەبەر ئارەزووی خۆی بە جێ بە جێ کردنی ئیرادەی خودا — و لەبەر خۆشەویستییە مەزنەکەی بۆ من و بۆ تۆ! با ئاشنا بێن لەوەی عیسای مەسیح دەفەرموێ لە ئینجیل: ژیانی خۆم دادەنێم تاکو وەری بگرمەوە. کەس لە منی ناستێنێت، بەڵکو خۆم دایدەنێم. دەسەڵاتم هەیە دایبنێم و دەسەڵاتم هەیە بیبەمەوە. ئەم ڕاسپاردەیەم لە باوکمەوە وەرگرتووە. (یۆحەنا ١٠: ١٧، ١٨)

ئایا تۆ سوپاس و ستایشی خودا دەکەی لەبەر ناردنی مەسیح بۆ ئەوەی ڕزگارت بکات لە گوناهەکانت؟ نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: مەسیحیش لە پێناوتان ئازاری چێژت و نموونەی بۆ بەجێهێشتن، تاکو بە هەنگاوەکانیدا بڕۆن... ئەوەی خودی خۆی لە لەشی‌دا لەسەر دار گوناهەکانمانی هەڵگرت، تاکو سەبارەت بە گوناە بمرین و بۆ ڕاستودروستی بژین. بە بریندەکانی ئەو چاکبوونەوە...ئەوەی لە پێناوی گوناهەکانمان بە گرتن درا و لە پێناوی بێتاوانکردنمان هەڵستێندرایەوە...تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نە چێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت. (١ پەترۆس ٢: ٢١، ٢٤ و ڕۆما ٤: ٢٥ و یۆحەنا ٣: ١٦)

دەبا خودا هەموو ئەو شتانەیت بۆ ڕوون بکات کە ئەمڕۆ خوێندمانەوە. لە وانەی داهاتوو، بەردەوام دەبین لە نووسینەکانی پێغەمبەران و دەچینە لای چیرۆکی سلێمان کوڕی داود.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر لەوە دەکەیتەوە بۆچی خودا داودی هان دا بنووسێ: (دەست و پێی خۆمیان کون‌کردوو.) (زەبوورەکان ٢٢: ١٦)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. تێگەیشتی لەوەی پێغەمبەر داود نووسیویەتی سەبارەت بە مەسیح؟ کە بەدکاران دەست و پێی مەسیح کون دەکەن؟

٢. بۆچی مەسیح بەو شێوە بە ئازارە بمرێت؟

٣. بۆچی خودا ڕێگای دا مرۆڤ دەست بۆ ئەو ڕزگاری دەرەی پیرۆز درێژ بکەن کە خۆی ناردویەتی؟

٤. بۆچی مەسیح لەسەر خاچ هاواری کرد و فەرمووی، (خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام؟)

٥. ئایا تۆ سوپاس و ستایشی خودا دەکەی لەبەر ناردنی مەسیح بۆ ئەوەی ڕزگارت بکات لە گوناهەکانت؟

وانەی ٥٢: پێغەمبەر سلێمان

پاشایان ٢ — ١٠ و زەبوورەکان ٧٢

ئەگەر خودا بۆت دەرکەوێ و پێت بڵێ، (هەرچیت دەوێت داوا بکە، و من پێت دەدەم.) ئەو کاتە چی هەڵدەبژێری؟ ژیانێکی درێژ؟ یاخود سەروەت و سامانێکی زۆر؟ یان ناوبانگ؟ یان شتێکی تر؟ ڕۆژێك خودا بۆ سلێمانی کوڕی داود لە خەودا بەدەرکەوت و پێی فەرموو، (داوا بکە هەرچیت دەوێ من دەدەمێ.) دەزانی سلێمان چی هەڵبژارد؟ ئەمڕۆ دەخوێنین چۆن وەڵامی خودای دایەوە.

لەو شەش وانەی ڕابردوو، سەرنجی چیرۆکی پێغەمبەری خودا داودمان دەدا. لە هەندێك لەو گۆرانییانەی کەوا لە سیپارەی زەبوورەکان نووسیبوی. لە وانەی ڕابردوومانداا بینیمان چۆن داود پێشبینی کرد چۆن نەوەکانی ئادەم مەسیح دەکوژن بەکون کردنی دەست و پێی. داود هەروەها پێشبینی کرد کە خودا مەسیح هەڵدەستێنێتەوە لە مردن. ئەمڕۆ پلانمان وایە چیرۆکی داود بەجێ بێڵێن و بچینە لای چیرۆکی سلێمانی کوڕی.

لەیەکەم سیپارەی پاشایان، بەشی دوو نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ پاشایان ٢) [١] ئینجا ڕۆژانی داود نزیک بۆوە لە مردن و داود سلێمانی کوڕی ڕاسپارد و وتی: [٢] (من بەو ڕێگایەدا دەڕۆم کە هەموو زەوی پێیدا دەڕوات، جا بەهێزبە و ببە بە پیاو. [٣] ئەوەی پێویستە بۆ پەروەردکار خودات بپارێزرێت، بیپارێزە، بەوەی بە ڕێگاکانی ئەودا بڕۆیت،... وەک چۆن لە تەوراتی موسادا نووسراوە، بۆ ئەوەی لە هەموو ئەو شتانەی کە دەیکەیت و ڕووت لە هەر کوێیەک کرد سەرکەوتوو بیت. [١٠] ئینجا داود لەگەڵ باووباپیرانیدا سەری نایەوە و لە شاری داوددا نێژرا. [١١] ئەو ڕۆژانەش داود پاشایەتی بەسەر ئیسرائیلەوە کرد چل ساڵ بوو، لە حەبرۆن حەوت ساڵ پاشایەتی کرد و لە ئۆرشەلیمیش سی و سێ ساڵ پاشایەتی کرد. [١٢] ئینجا سلێمان لەسەر تەختەکەی داودی باوکی دانیشت و پاشایەتییەکەی بە تووندی ڕەگی داکوتا.

(١ پاشایان ٣) [٣] سلێمانیش پەروەردکاری خۆشویست بەوەی بەپێی فەرزەکانی داودی باوکی ڕۆیشت... پەروەردکار لە خەوی شەودا بۆ سلێمان دەرکەوت و خودا پێی فەرموو: (داوا بکە چیت پێ بدەم؟)

[٦] سلێمانیش وتی: (ئەی پەروەردکار خوداکەم، تۆ خزمەتکارەکەت کردووە بە پاشا لە جێی داودی باوکم، منیش مێردمندااڵێکی بچووکم و هاتنەدەرەوە و چوونەژوورەوە نازانم. [٨] خزمەتکارەکەشت لەنێو گەلەکەت دایە ئەوەی هەڵتبژاردووە و ئەو گەلەش گەلێکی زۆرن و لە زۆریدا لە ژماردن نایەن. [٩] جا دڵێکی تێگەیشتووم پێ بدە تا حوکمی گەلەکەت بکەم، بۆ ئەوەی جیاوازی بکەم لەنێوان چاکە و خراپە، چونکە کێ دەتوانێت حوکمی ئەم گەلە گەورەیەت بکات؟)

[١٠] ئەم قسەیە باش بوو لای پەروەردکار، کە سلێمان داوای ئەم شتەی کرد. [١١] ئینجا خودا پێی فەرموو: (لەبەر ئەوەی داوای ئەم شتەت کرد و داوای ژۆژگاری زۆر و داوای دەوڵەمەندیت نەکرد بۆ خۆت و داوای گیانی دوژمنەکانت نەکرد، بەڵکو داوای لێکجیاکردنەوەت کرد بۆ تێگەیشتنی دادوەری، [١٢] ئەوەتا من بەپێی قسەکەی تۆ دەکەم. ئەوەتا دڵێکی وا دانات پێ دەدەم شت لێکجیا بکاتەوە کە کەس لەمەوبەر وەک تۆ نەبووبێت و لە داهاتووشدا کەسێکی وەک تۆ هەڵناکەوێت. [١٣] هەروەها ئەوەی داواشت نەکردبوو دام پێت، دەوڵەمەندی و ڕێز کە هیچ پیاوێک نەیبێت لەناو پاشایان وەک تۆ بە درێژایی ژۆژانت. [١٤] جا ئەگەر بە ڕێگای منداا بڕۆیت بەوەی فەرزەکانم و فەرمانەکانم بپارێزیت وەک داودی باوکت، درێژە بە ژۆژگارت دەدەم.) [١٥] کە سلێمان هەڵستا، زانی خەوە، جا هات بۆ ئۆرشەلیم و لەبەردەم سندوقی پەیمانی پەروەردکاردا ڕاوەستا و قوربانیسووتاندنی سەرخست و قوربانیهاوبەشیی پێشکەش کرد و خوانێکی بۆ هەموو خزمەتکارەکانی ساز کرد.

[١٦] لەو کاتەدا دوو ژنی داوێن پیس هاتن بۆ لای پاشا و لەبەردەمیدا ڕاوەستان. [١٧] یەکێک لە ژنەکان وتی: (گوێ بگرە گەورەم، من و ئەم ژنە لە یەک ماڵدا دەژین و لەگەڵ ئەودا منداڵم بوو لە ماڵەکە. [١٨] ئەوە بوو لە ڕۆژی سێیەمی لەدایکبوونی منداڵەکەمدا ئەم ژنەش منداڵێکی بوو، هەردووکمان بە تەنها بووین و هیچ کەسێکی دیکەمان لەگەڵ نەبوو لە ماڵەکە، تەنها هەردووکمان لە ماڵەکەدا

بووین.

[١٩] لە شەودا کوڕەکەی ئەم ژنە مرد لەبەر ئەوەی پاڵکەوت بەسەریدا. [٢٠] ئینجا لە نیوەی شەودا هەڵستا و کوڕەکەمی لە تەنیشتمەوە برد و کەنیزەکەشت نووستبوو. ئینجا کوڕەکەمی کردە باوەشی و کوڕە مردووەکەشی لە باوەش من دانا. [٢١] بۆ بەیانی کە لەخەو هەڵستام تا شیر بە کوڕەکەم بدەم تەماشام کرد مردووە! بەڵام کاتێک لێی وردبوومەوە تەماشام کرد ئەوە ئەو کوڕە نییە کە من بوومە.)

[٢٢] ژنەکەی دیکەیان وتی: (نەخێر! زیندووەکە کوڕی منە و مردووەکەش هی تۆیە!)

ئەمەشیان دەیووت: (نەخێر! مردووەکە هی تۆیە و زیندووکە هی منە!) بەم شێوەیە لەبەردەم پاشادا قسەیان کرد.

[٢٣] پاشاش {سلێمان} وتی: (ئەمیان دەڵێت "ئەمە کوڕەکەی منە زیندووە و کوڕەکەی تۆ مردووە،" ئەویشیان دەڵێت "نەخێر! چونکە کوڕەکەی تۆ مردووە و کوڕەکەی من زیندووە!)

[٢٤] ئینجا پاشا وتی: (شمشێرێکم بۆ بهێنن.) ئەوانیش شمشێرێکیان بۆ پاشا هێنا. [٢٥] پاشا وتی: (منداڵە زیندووەکە بکەن بە دوو کەرتەوە و نیوەی بدەن بە یەکێکیان و نیوەشی بدەن بەوی دیکەیان.)

[٢٦] جا ئەو ژنەیان کە کوڕەکەی زیندوو بوو بە پاشای وت، چونکە هەناوی بۆ کوڕەکەی سووتا، وتی: (گوێ بگرە گەورەم، منداڵە زیندووەکەی بدەنێ و مەیکوژن!)

بەڵام ئەوی دیکەیان وتی: (نە بۆ من دەبێت و نە بۆ تۆ، بیکەن بە دوو کەرتەوە!)

[٢٧] ئینجا پاشا وەڵامی دایەوە و وتی: (کوڕە زیندووەکەی بدەنێ ژنی یەکەم و مەیکوژن، ئەوە دایکییەتی.)

[٢٨] جا کە هەموو ئیسرائیل ئەو حوکمەیان بیستەوە کە پاشا حوکمی پێ دا، لە پاشا ترسان، چونکە بینییان دانایی خودا لەناوی بوو بۆ پەیڕەوکردنی دادپەروەری.

(١ پاشایان ٤) [٢٩] خودا دانایی و تێگەیشتنێکی زۆر زۆری دا بە سلێمان، هەروەها مێشکێکی فراوان وەک ئەو لمەی لەسەر کەناری دەریایە. [٣٠] جا دانایی سلێمان زیاتر بوو لە دانایی هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵات و هەموو دانایی میسر. [٣١] لە هەموو خەڵک داناتر بوو... ناویشی دایەوە لەنێو هەموو گەلانی دەوروبەری. [٣٢] سێ هەزار پەندی وت و سروودەکانی بوون بە هەزار و پێنج. [٣٤] لە هەموو گەلانیشەوە دەهاتن بۆ گوێگرتن لە دانایی سلێمان، لەلای هەموو پاشایانی زەوییەوە ئەوانەی کە دەربارەی دانایییەکی بیستبوویان.

پاشان، نووسراوە پیرۆزەکان تۆمار دەکات کەئەو کات شارێنێك هەبوو، شارێنی شەبا، کەوا گوێی لە دانایی بنچینەیی و مەزنی تەختی سلێمان بووبوو. ئەو شارێنە پلانی دانا بچێت بۆ قودس بۆ سەردانی سلێمان، تاکو بزانی ئەو شتانەی بیستوویەتی دەربارەی سلێمان ڕاستن یان نا. ئەم شارێنە لە خاکێك دەژیا کەزۆر لە قودس دوور بوو، لە خاکی شەبا کە دەکەوێتە باشووری سعودیە. وڵاتی شەبا ئەمڕۆ بە یەمەن دەناسرێ. لەنێوان ئەو وڵاتە و قودس ماوەی نزیکەی دوو هەزار کیلۆمەتر ئەبێت. بەڵام ئەو ماوە مەزنە وای نەکرد شارێنی شەبا پەشیمان بێتەوە لە سەفەرکردنی بۆ سەردانی سلێمان. لە بەشی دەیەم، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ پاشایان ١٠) [١] کاتێک شارێنی شەبا دەربارەی ناوبانگی سلێمانی بیست بەهۆی ناوی پەروەردکارەوە، هات تا بە چەند مەتەڵێک تاقی بکاتەوە. [٢] بە کەژاوەیەکی زۆر گەورەوە، حوشتری بارکراو لە بۆنوبەرام و زێڕی زۆر و بەردی گرانبەها، گەیشتە ئۆرشەلیم. جا هات بۆ لای سلێمان و لەبارەی هەموو ئەو شتانەی لە دڵیدا بوو قسەی لەگەڵ کرد. [٣] سلێمانیش وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە و هیچ شتێکیش لە پاشا شاراوە نەبوو وەڵامی نەداتەوە. [٤] کاتێک شارێنی شەبا هەموو دانایی سلێمان و ئەو کۆشکەی بینی کەوا بنیادی نابوو، [٥] هەروەها خواردنی سەر خوانەکەیی و هەمەجۆری دەستوبێوەندەکانی و ڕێکوپێکی خزمەتکارەکانی و جلوبەرگاکانیان و ساقییەکانی و ڕێگای چوونەژوورەوەی کە پێیدا سەردەکەوت بۆ پەرستگای پەروەردکار بینی، واقیورما. [٦] بە پاشای وت: (ڕاستە ئەو هەواڵەی کە لە خاکەکەمدا بیستم لەبارەی کاروبار و دانایییەکەت. [٧] بڕوام بەو هەواڵانە نەکرد تا نەهاتم و بە چاوی خۆم نەمبینی و ئەوەتا نیوەیشیم

پڕانەگەیەنراوە، لە دانایی و چاکیدا زیاتر بوویت لەو هەواڵەی کە بیستبووم. [٨] خۆزگە دەخوازرێت بە پیاوەکانت، خۆزگە دەخوازرێت بە خزمەتکارەکانت، ئەمانە کە هەمیشە لەبەردەمت ڕاوەستاون و داناییەکەت دەبیستن. [٩] ستایش بۆ پەروەردکار خوداکەت ئەوەی پێت دڵشادە و لەسەر تەختی ئیسرائیل دایناوویت، چونکە پەروەردکار تاهەتایە ئیسرائیلی خۆشویستووە و تۆی کردووە بە پاشا تا دادوەری و ڕاستودروستی پیادە بکەیت.)

تا ئێرە و دەبێ ڕاوەستین لە خوێندنەوەمان ئەمڕۆ. بەڵام ئەوەی ووشەی خودا دەیڵێ سەبارەت بە شازنی شەبا لێرە تەواو نابێت. نزیکەی هەزار ساڵ لەپاش ئەو کاتە، مەسیح شتێکی فەرموو سەبارەت بە شازنی شەبا و سلێمانی پاشا. فەرمووی، (لە لێپرسینەوەدا شازنی باشوور لەگەڵ ئەم نەوەیە ڕادەوەستێت و تاوانباری دەکات، چونکە لەوپەڕی زەوییەوە هات بۆ گوێگرتن لە دانایی سلێمان. ئەوەتا لە سلێمان گرنگتر لێرەیە.) (مەتا ١٢: ٤٢)

مەسیح چی فەرموو؟ شازنی شەبا هەرچی لە دەسەڵاتدا هەبوو کردی بۆ ئەوەی شکۆمەندی سلێمان بدۆزێتەوە و گوێ لە دانایی ڕابگرێ. تەنانەت چوار هەزار کیلۆمەتر سەفەری کرد چوون و هاتن تاکو بزانێ ئەو شتانەی گوێی لێ بووە ڕاستییە! پەندێکی گرنگە هەیە لێرەدا. مەسیح، ئەوەی لە ئاسمانەوە هات، شکۆمەندی و دانایی و زانایی و دەسەڵات زۆر لە سلێمان زیاتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی نەوەکانی ئادەم شکۆمەندییەکەی ناناسن، و ناشیانەوەی وورد بنەوە لە مەسەلەکە تاکو ڕاستی بزانن! لەبەر ئەوە بوو مەسیح فەرمووی: (لە لێپرسینەوەدا شازنی باشوور لەگەڵ ئەم نەوەیە ڕادەوەستێت و تاوانباری دەکات، چونکە لەوپەڕی زەوییەوە هات بۆ گوێگرتن لە دانایی سلێمان. ئەوەتا لە سلێمان گرنگتر لێرەیە.) (مەتا ١٢: ٤٢)

شکۆمەندی مەسیح کەوا خودا ناردی دەناسی؟ یاخود ئەو لە هەمان ئاست دادەنەین لەگەڵ پێغەمبەرەکانی تر؟ لە بیرتە ناونیشانی مەسیح مانای چییە؟ بەڵێ، مانای (ئەوەی خودا هەڵیبژارد). مەسیح ئەو کەسەیە کە خودا هەڵیبژارد وەک ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان. لەگەڵ ئەوەشدا و تاکو ئەمڕۆ، زۆربەی خەڵک مەسیح پشت گوێ دەخەن. نازانن ئەو کێیە، لەبەر ئەوەی ئەوان هەرگیز بۆی نەگەڕاون لە نووسراوەکانی پێغەمبەران.

پێویستە بزانیت کە سلێمانی پاشا سێ سیپارەی سەرنج ڕاکێش و بنچینەیی نووسیوە کەوا بەشێکن لە نووسراوە پیرۆزەکان. ئەو سیپارانەش ئەمانەن: ***پەندەکانی حەزرەتی سلێمان*** و ***کۆمکار*** و ***گۆرانی گۆرانییەکان***. وەک داودی باوکی، سلێمانیش هەندێك گۆرانی ڕۆحی نووسی کەوا بەشێکن لە زەبوورەکان. بۆ کۆتایی هێنان بە وانەی ئەمڕۆمان، حەز دەکەین بەشی حەفتا و دوو بخوێنینەوە کەوا پێغەمبەر سلێمان لە زەبوورەکان نووسی. لەم گۆرانی ڕۆحییە، سلێمان پێشبینی کرد کە مەسیح ڕۆژێك دێتەوە سەر زەوی تاکو مرۆڤ دادوەری بکات لە ڕاستودروستی. با بخوێنین سلێمانی پاشا نووسیویەتی سەبارەت بە تەواوترین پاشا کەوا لە دانایی و شکۆمەندی بە پێش ئەو کەوت.

سەبارەت بە مەسیح، سلێمان نووسی: (زەبوورەکان ٧٢) [٢] بە ڕاستودروستی حوکمی گەلەکەت دەکات، بە دادپەروەریش هەژارەکانت. [٨] لە دەریاوە تا... تا ئەو پەڕی زەوی حوکمی دەڕوات. [٩] بیابانییەکان کڕنۆشی بۆ دەبەن و ناحەزانی تۆز دەلێسنەوە. [١٠] ... پاشاکانی شەبا و سەبا دیاری بۆ دێنن. [١١] هەموو پاشاکان کڕنۆشی بۆ دەبەن و هەموو نەتەوەکان دەیپەرستن. [١٥] دەژیێت... [١٧] ناوی دەبێت تاهەتایە، ناوی بەردەوام دەبێت تا خۆر مابێت. با خەڵک لەوەوە بەرەکەتدار دەبن، هەموو نەتەوەکان خۆزگەی پێدەخوازن. [١٨] ستایش بۆ پەروەردکار خودا، خودای ئیسرائیل، بە تەنیا ئەوە شتی سەرسوڕهێنەر دەکات، [١٩] ستایش بۆ ناوی شکۆداری تاهەتایە، با شکۆمەندیەکەی هەموو جیهان پڕ بکات. ئامین و ئامین.

سلێمانی پاشا پێشبینی کرد کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەموو خەڵکی جیهان مل کەچی مەسیح دەبن، پاشای پاشایان و دادوەری هەموو جیهان! بێ گومان، ئەوەی خودا لە هەموومانی دەوێ ئەوەیە ئەمڕۆ مل کەچی بین! ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا تۆ بەڕاستی مل کەچی خودای؟ شکۆمەندی و دەسەلاتی مەسیح دەناسی کەوا خودا ناردی و دووبارەش دەینێرێتەوە؟ یاخود تۆ لە هەمان ئاستی دادەنەی لەگەڵ پێغەمبەران؟ ئەگەر ماوە وەرگری و سەرنجی نووسینەکانی پێغەمبەرەکان بدەی، ئەوا بۆت دەردەکەوێ کە مەسیح ڕزگاری دەر

و دادوەری جیهانە، ئەوەی کە هەموو پێغەمبەران گەواهی بۆ دەدەن. ئەمە ئەوەیە کە نووسراوە پیرۆزەکان ڕایدەگەێنن کاتێ دەفەرموێ: (هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ {مەسیح} دەدەن کە هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، بەخشینی گوناهەکانی بە ناوی ئەو دەست دەکەوێت... باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟) (کرادری نێردراوان ١٠: ٤٣ و ٢٦: ٢٨)

بۆ وانەی داهاتوو دیراسەتمان دەربارەی پێغەمبەری خودا ئەلیاس دەبێت کەوا لە ئاسمانەوە ئاگری هێنایە خوارەوە.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بە ووردی سەرنجی ئەوەی مەسیح ڕایگەیاند کاتێ فەرمووی، (لە لێپرسینەوەدا شاژنی باشوور لەگەڵ ئەم نەوەیە ڕادەوەستێت و تاوانباری دەکات، چونکە لەوپەڕی زەوییەوە هات بۆ گوێگرتن لە دانایی سلێمان. ئەوەتا لە سلێمان گرنگتر لێرەیە.) (مەتا ١٢: ٤٢)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئەگەر خودا بۆت دەرکەوێ و پێت بڵێ، (هەرچیت دەوێت داوا بکە، و من پێت دەدەم.) ئەو کاتە چی هەڵدەبژێری؟ ژیانێکی درێژ؟ یاخود سەروەت و سامانێکی زۆر؟ یان ناوبانگ؟ یان شتێکی تر؟

٢. دەزانی سلێمان چی هەڵبژارد؟

٣. مەسیح چی فەرموو؟ شکۆمەندی مەسیح کەوا خودا ناردی دەناسی؟

٤. یاخود ئەو لە هەمان ئاست دادەنەین لەگەڵ پێغەمبەرەکانی تر؟

٥. لە بیرتە ناونیشانی مەسیح مانای چییە؟

٦. ئایا تۆ بەڕاستی مل کەچی خودای؟

وانەی ٥٣ : پێغەمبەر ئەلیاس

١ پاشایان ٦ – ١٨

لە وانەی ڕابردوو، دیراسەتی چیرۆکی سلێمان کۆڕی داودمان کرد. بینیمان چۆن خودا دانایی و لێهاتوویەکی جیاوازی بەخشی بە سلێمان. لە کاتێ سلێمان پاشا، قودس جوانترین شار بوو لە هەموو جیهان. بەڵام لەنێو ئەو هەموو شتانەی سلێمان بنیاتی نا، هیچ شتێك جوانتر نەبوو لە پەرستگای پەروەردگار خودا. سلێمانی پاشا ئەو پەرستگایەی بنیات نا تاکو جێگای چادری چاو پێ کەوتن بگرێتەوە، ئەو چادرە تایبەتییە بە پەرستن کە موسا و گەلی ئیسرائیل دروستیان کردبوو لە بیابان. سلێمان دوو سەد هەزار کەس بەکرێ گرت بۆ ماوەی حەوت ساڵ بۆ ئەوەی ئەم شوێنە جوانەی پەرستنە دروست بکات. ئەمڕۆش هێشتا دەتوانرێ لە قودس بەردە مەزنەکانی تەمبەڵی ئەو پەرستاگەیە ببینرێ کە سلێمان بنیاتی نا.

ئەو کاتەی پەرستگاکە تەواو بوو، کاهینەکان هەزاران بەرخ و جوانەگایان کردە قوربانی وەك هێمای ڕزگاری دەرەکە کەوا دێت و خوێنی خۆی دەڕێژی بۆ گوناهباران. بەو شێوەیە ئەو پەرستگایەی کە بۆ خودا بنیاتیان نابوو تەرخان کرد. لەپاش ئەوەی ئەو ئاژەڵانەیان پێشکەش کرد و لەسەر قوربانگا برۆنزەکەی پەرستگاکە سووتاندیانن، کاهینەکان **سندوقی پەیمانی پەروەردگار** هەڵگرت، کەوا لەناو چادری چاو پێ کەوتن بوو، و لە **شوێنی هەرەپیرۆز** پیرۆزترین جێگای دایانا لە پەرستگا نوێیەکە. کاتێ کاهینەکانی ئەو **شوێنی هەرەپیرۆز** جێگایەیان بەجێ هێشت، شکۆمەندی خودا یەکسەر ژوورەکەی پڕکرد. هەروەك چۆن شکۆمەندی خودا **شوێنی هەرەپیرۆز** پیرۆزترین شوێنی لە چادری پەرستن پڕ کرد کەوا موسا و گەلی ئیسرائیل دروستیان کرد لە بیابان، بە هەمان شێوەیە شکۆمەندی خودا **شوێنی هەرەپیرۆز** پیرۆزترین شوێنی پڕ کرد لەو پەرستگایەی سلێمان بنیاتی نا لە قودس.

سەبارەت بە بەشەکانی تری ژیانی سلێمان، نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە بەشی دواتری فەرمان ڕەوایی وەك بەشی یەکەمی نەبوو. لە یەکەم سیپارەی پاشایان نووسراوە، بەشی یازدە. دووبارە دەبینین کە ووشەی پیرۆزی خودا گوناهەکانی پێغەمبەران ناشارێتەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: سلێمان پاشا زۆر ژنی بێگانەی خۆشویست... ئەوە بوو لە کاتی پیری سلێمان‌دا، ژنەکانی دڵیان بەلای خوداکانی دیکەدا ڕاکێشا و دڵی وەک دڵی داودی باوکی لەگەڵ پەروەردگار خودای خۆی‌دا تەواو نەبوو. (١ پاشایان ١١: ١، ٤)

پاشان سلێمان لەسەر گردەکانی ڕۆژهەڵاتی قودس **بەرزاییەکان قوربانییان سەردەبڕی** دروست کرد بۆ هەموو ژنە بیانیەکانی، تاکو بخور تیا بسووتێنێ و قوربانی پێشکەش بکات بۆ خوداکانیان. کاتی ئەم شتەی کرد، خودا توڕە بوو لە سلێمان لەبەر ئەوەی پشتی لە ووشەی ڕاست و لە خودای زیندوو کرد. پاشان خودا بە سلێمانی فەرموو، پەروەردگار بە سلێمانی وت: (لەبەر ئەوەی ئەمەت لایە و پەیمان و فەرزەکەمت نەپاراست کە فەرمانم پێکردیت، پاشایەتییەکەت لێ پارچەپارچە دەکەم و دەیدەم بە خزمەتکارەکەت، [١٢] بەڵام لە ڕۆژانی خۆت‌دا نایکەم لەبەر داودی باوکت، لە دەستی کوڕەکەت‌دا پارچەپارچەی دەکەم. [١٣] لەگەڵ ئەمەش هەموو پاشایەتییەکە پارچە ناکەم، بەڵکو تیرەیەک دەدەم بە کوڕەکەت لەبەر داودی خزمەتکارم و لەبەر ئۆرشەلیم کە هەڵمبژاردووە.) (١ پاشایان ١١: ١١–١٣)

بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە پاش مردنی سلێمان، شەڕ و ئازار دەستی پێ کرد لەنێو نەتەوەی ئیسرائیل. دوازدە خێڵەکەی ئیسرائیل کەوا لە کوڕەکانی یاقوب هاتە کایەوە بوون بە دوو بەش، هەروەك خودا بە سلێمانی فەرموو. چی دی یەك نەتەوە نەمانەوە، بەڵکو بوون بە دوو نەتەوە، ئیسرائیل و یەهودا. دە خێڵەکانی ئیسرائیل لە باکووری خاکەکە شانشینی ئیسرائیلیان پێك هێنا. خێڵی یەهودا و خێڵی بچووکی بنیامینیش شانشینی باشووریان پێك هێنا. یەهودا لە خێڵی داودی پاشا بوو و ئەو خەتە بوو کە خودا بەڵێنی دابوو مەسیحی لێوە بێنێتە جیهانەوە.

نووسراوی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە چۆن ئەو دوو نەتەوەیە پاشای زۆریان هەبوو. زۆربەی پاشایانی ئیسرائیل و یەهودا

سەرکردەی خراپ بوون، پشتیان لە پەروەردگار کرد و شوێنی ئایینەکانی نەتەوەکانی دەوراوپشتی خۆیان کەوتن. لەنێوان هەموو ئەو پاشایانەی ئیسرائیل، یەك هەبوو زۆر خراپتر بوو لە وانەی تر. دەزانیت کێیە ئەوە؟ پاشا ئەحاب بوو. ئەحاب هەشتەم پاشا بوو لەپاش سلێمان.

سەبارەت بە ئەحاب، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئەحابی کوڕی عومریش لە هەموو ئەوانەی پێش خۆی زیاتر خراپەی لەبەرچاوی پەروەردگاردا کرد. (١ پاشایان ١٦: ٣٠) هەروەها ئیزابێلی هێنا، ژنێکی خراپەکار کە ووشەی پەروەردگاری ڕەتکردەوە. لەوەش زیاتر، ئەحاب لە ئیسرائیل پەرستگایەکی دروست کرد بە ناوی بەعل، کەوا نەتەوەکانی دەوراوپشت بە خودایان دادەنا. بۆیە ئەحاب زۆر پەروەردگاری توڕەکرد بە پێشەوایی کردنی گەلی ئیسرائیل بۆ شوێن کەوتنی ئایینێکی بە تاڵ و سەختە و پێغەمبەرە درۆزن و سەختەکانی.

لەگەڵ ئەوەشدا، پیاوێك هەبوو لە ئیسرائیل لەو کاتە کەوا لەگەڵ خودا ڕۆیشت. ناوی ئەلیاس بوو. ڕۆژێك خودا ئەلیاس نارد بۆ لای ئەحاب. ئەلیاسی بە ئەحابی وت: (زیندووە پەروەردگار خودای ئیسرائیل ئەوەی لەبەردەمی ڕاوەستام، لەم چەند ساڵەی داهاتوودا نە شەونم دەبێت و نە باران تا لە دەمی منەوە نەووترێت!) (١ پاشایان ١٧: ١)

بۆیە، بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو هیچ باران بەسەر خاکی ئیسرائیل نەباری. برسییەتی زۆر توند بوو لەسەر خاکەکە. لە بەشی هەژدە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ پاشایان ١٨) [١] ئەوە بوو پاش ڕۆژانێکی زۆر، وشەی پەروەردگار بۆ ئەلیاس هات لە ساڵی سێیەمدا، فە ڕمووی: (بڕۆ و خۆت پیشانی ئەحاب بدە، منیش باران بۆ سەر زەوییەکە دەبارێنم.) [٢] جا ئەلیاس چوو خۆی پیشانی ئەحاب بدات.... [١٧] ئەلیاسیش وتی: (من ئیسرائیلم تێک نەداوە، بەڵکو تۆ و ماڵی باوکت بە وازهێنانتان لە فەرمانەکانی پەروەردگار و ڕۆیشتنتان بە دوای بەعلەکانەوە. [١٩] ئێستاش بنێرە و هەموو ئیسرائیلم لێ کۆبکەوە لە (کێوی کارمەل)دا، لەگەڵ پێغەمبەرەکانی بەعل کە چوار سەد و پەنجان و پێغەمبەرەکانی ئەشێراش کە چوار سەدن و لەسەر خوانەکەی ئیزابێل نان دەخۆن.)

[٢٠] جا ئەحاب ناردی بەناو هەموو نەوەی ئیسرائیلدا و پێغەمبەرەکانی بۆ کێوی کارمەل کۆکردەوە. [٢١] ئەلیاسیش لە هەموو گەل چووە پێشەوە و وتی: (تا کەی لەسەر هەردوو پەتەکە یاری دەکەن؟ ئەگەر پەروەردگار خودایە دوای بکەون، ئەگەر بەعلیش خودایە دوای ئەو بکەون.) بەڵام گەلەکە بە یەک وشەش وەڵامیان نەدایەوە.

[٢٢] پاشان ئەلیاس بە گەلەکەی وت: (من بە پێغەمبەری پەروەردگار ماومەتەوە بە تەنها، پێغەمبەرەکانی بەعلیش چوار سەد و پەنجا پیاون. [٢٣] دوو گامان بدەنێ، با ئەوان گایەک بۆ خۆیان هەڵبژێرن و لەتی بکەن و لەسەر تەختەدارەکانی دابنێن، بەڵام با ئاگری تێبەر نەدەن. منیش گایەکەی دیکە وا لێ دەکەم و لەسەر تەختەدارەکان دایدەنێم و ئاگری تێبەر نادەم. [٢٤] ئینجا بە ناوی خوداکەتانەوە بپاڕێنەوە و منیش بە ناوی پەروەردگارەوە دەپاڕێمەوە، ئەو خودایەی کە بە ئاگر وەڵام دەداتەوە ئەوە خودایە.)

هەموو گەل وەڵامیان دایەوە و وتیان: (قسەیەکی جوانە.) [٢٥] ئینجا ئەلیاس بە پێغەمبەرەکانی بەعلی وت: (گایەک بۆ خۆتان هە ڵبژێرن و یەکەم جار ئێوە بیکەن لەبەر ئەوەی ئێوە زۆرترن، بە ناوی خوداکەتانەوەش بپاڕێنەوە، بەڵام ئاگری تێبەر مەدەن.) [٢٦] جا گایەکەیان برد ئەوەی پێیان درا و ئامادەیان کرد.

بە ناوی بەعلیشەوە لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ پاڕانەوە و وتیان: (ئەی بەعل وەڵاممان بدەرەوە!) بەڵام کوا دەنگ و کوا وەڵام. هەروەها هەڵدەبەزینەوە بە دەوری قوربانگاکەدا کە دروست کرا. [٢٧] ئەوە بوو لە نیوەڕۆدا ئەلیاس گاڵتەی پێکردن و وتی: (بە دەنگی بەرز هاوار بکەن، چونکە ئەو خودایە، لەوانەیە دااڵغەی لێدا بێت، یان لە خەڵوەتدا بێت، یان لە گەشت بێت یان لەوانەیە خەوتوو بێت و بەئاگا بێتەوە.) [٢٨] ئەوانیش بە دەنگی بەرز هاواریان کرد و وەک پیشەی خۆیان بە شمشێر و ڕم لە خۆیان دا تا خوێنیان لی چۆڕا. [٢٩] ئەوە بوو کە نیوەڕۆ بەسەر چوو و تا کاتی سەرخستنی قوربانییەکە پێشبینییان کرد، بەڵام کوا دەنگ و کوا وەڵام و کوا گوێگر؟

[٣٠] ئەلیاس بە هەموو گەلی وت: (وەرنە پێشەوە بۆ لام.) ئەوانیش چوونە پێشەوە بۆ لای. ئینجا قوربانگا وێرانکراوەکەی پەروەردگاری چاککردەوە. [٣١] پاشان ئەلیاس دوازدە بەردی برد، هێندەی ژمارەی هۆزەکانی نەوەی یاقوب ئەوەی وشەی پەروەردگاری بۆ هاتبوو، پێی وت (ناوت ئیسرائیل دەبێت.) [٣٢] لەو بەردانە قوربانگایەکی بە ناوی پەروەردگار بنیاد نا و بەدەوری قوربانگاکەدا جۆگەلەیەکی

دروستکرد کە جێگای دوو پێوانە تۆوی تێدا دەبۆوە. [٣٣] ئینجا تەختەدارەکانی ڕێک خست و گایەکەی لەتوپەت کرد و لەسەر تەختەدارەکان دانا. ئینجا وتی: (چوار گۆزە ئاو پڕ بکەن و بیکەن بەسەر قوربانییەکە و بەسەر دارەکان.)
[٣٤] وتی: (دووبارەی بکەنەوە.) دووبارەیان کردەوە. وتی: (سێ بارەی بکەنەوە.) سێ بارەیان کردەوە. [٣٥] جا ئاو بەدەوری قوربانگاکەدا ڕۆیشت و جۆگەلەکەش پڕ بوو لە ئاو.
[٣٦] ئەوە بوو لە کاتی سەرخستنی پێشکەشکراوەکە ئەلیاسی پێغەمبەر هاتە پێشەوە و وتی: (پەروەردگار، خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیل ئەمڕۆ با بزانرێت کە تۆ خودایت لە ئیسرائیلدا، منیش خزمەتکاری تۆم و بە وشەی تۆ هەموو ئەم کارانەم کردووە. [٣٧] وە لامم بدەرەوە پەروەردگار، وەلامم بدەرەوە، با ئەم گەلە بزانن کە تۆ پەروەردگاری خودایت و تۆ دڵیانت بەرەو دواوە گێڕاوەتەوە.)
[٣٨] ئینجا ئاگری پەروەردگار کەوتە خوارەوە و قوربانییەکە و تەختەدارەکان و بەردەکان و خۆڵەکەی خوارد و ئاوی ناو جۆگەلەکەشی لێسایەوە. [٣٩] هەموو گەل ئەوەیان بینی و بە ڕوودا کەوتن و وتیان: (پەروەردگار خودایە، پەروەردگار خودایە!)
[٤٠] ئینجا ئەلیاس پێی وتن: (پێغەمبەرەکانی بەعل بگرن و مەهێڵن پیاوێکیان لێ دەرباز بێت.) ئەوانیش گرتیانن و ئەلیاس بردنییە خوارەوە بۆ (دۆڵی قیشۆن) و لەوێ سەری بڕین. [٤١] پاشان ئەلیاس بە ئەحابی وت: (سەربکەوە بخۆ و بخۆرەوە، چونکە دەنگی گرمەی بارانە.) [٤٢] جا ئەحاب سەرکەوت بخوات و بخواتەوە، بەڵام ئەلیاس سەرکەوت بۆ سەر سەری کارمەل و داچەمییەوە سەر زەوی و دەموچاوی خستە نێو ئەژنۆکانییەوە. [٤٥] ئەوە بوو ئاسمان لەم لاوە بۆ ئەو لا بە هەور و با ڕەشداگەڕا و بارانێکی زۆر باری و ئەحاب سواری گالیسکەکەی بوو و چوو بۆ یەزرەعیل. [٤٦] دەستی پەروەردگاریش بەسەر ئەلیاسدا بوو، جا ناوقەدی بەست و لەبەردەم ئەحابەوە ڕایکرد تا یەزرەعیل.

ئەم چیرۆکە سەرسوڕهێنەرە پڕە لە شکۆمەندی و هێزی خودا، و پێویستی بە باس کردن نیە. بەڵام، پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە پێغەمبەر **ئەلیاس** بەگەلی ئیسرائیلی ووت. پێش ئەوەی تەحەدای هەر چوار سەد و پەنجا پێغەمبەرەکەی بەعل بکات، **ئەلیاس** بە خەڵکی ووت، (تا کەی لەسەر هەردوو پەتەکە یاری دەکەن؟ ئەگەر پەروەردگار خودایە دوای بکەون، ئەگەر بەعلیش خودایە دوای ئە و بکەون!)

یەکەم جار گەلی ئیسرائیل هیچ وەلامیان نەبوو. بەڵام کاتێ بینییان چۆن پەروەردگار خودا وەلامی نوێژەکانی **ئەلیاسی** دایەوە بەباراندنی ئاگر لە ئاسمانەوە بۆ سەر قوربانگاکە، هەموو خەڵکەکە کڕنۆشیان برد و هاواریان کرد، (پەروەردگار خودایە، پەروەردگار خودایە!) بۆیە، پێغەمبەری خودا **ئەلیاس** لە یەك ڕۆژدا پێغەمبەرە سەختەکانی بەعلی ئاشکرا و بێ بە هایانی کرد لەپێش چاوی هەموو کەس و دڵی گەلی ئیسرائیلی گەڕاندەوە لای پەروەردگار خودایان!

بۆچی خودا وەلامی نوێژەکانی **ئەلیاسی** دایەوە؟ لەبەر ئەوەی **ئەلیاس** پەروەردگار خودای خۆش دەویست و باوەڕی بە ووشەی کرد. ئەی بۆچی خودا نوێژەکانی پێغەمبەرەکانی بەعلی پشت گوێ خست؟ لەبەر ئەوەی ئەوان نوێژیان بۆ ئەو خودایە ڕاستەقینەیە نەکرد کە خۆی بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و نەتەوەی ئیسرائیل ئاشکرا کرد. پێغەمبەرەکانی بەعل ووشەی خودایان پشت گوێ خستبوو و شوێنی داب و نەریتی ئایینی خۆیان کەوتبوون. ئەوان لە گرمەی تەماشاکردنی کردارە ئایینەکانی خۆان بوون، و خزمەتی خودای زیندویان نەکرد – بۆیە، هەموو گەرم و گوڕییان بێ مانا بوو. پێغەمبەرەکانی بەعل ئایینیان زۆر بوو، دەنگە دەنگێکی زۆریان دروست کرد بە نوێژەکانیان و قوربانییەکانیان، بەڵام هەموو بێ سوود بوو – لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمانی ووشەی خودای زیندوو بنیاد نەنرابوو. کردەوەیەکی زۆر بەڵام بێ ئەنجام!

بۆیە لەو ڕۆژەدا، پێغەمبەر ئیلییا فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل دا بۆ ئەوەی هەڵبژێرن: پەروەردگار خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب یان ئایینی بەتاڵی بەعل...ڕاستی یاخود درۆیەك...ڕێگای ڕاستودروستی یاخود ڕێگای ناڕاستودروستی...ووشەی خودای پشت پێ بەستراو یاخود ووشە ناپشت پێ بەستراوەکانی ئایینی مرۆڤ...

وەلامی تۆ چی دەبێت بۆ پرسیارەکەی ئیلییا: (تا کەی لەسەر هەردوو پەتەکە یاری دەکەن؟)
تاکەی لەنێوان ووشەی خودا و داب و نەریتی بێ بەهای مرۆڤ یاری دەکەی؟ نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: کەس ناتوانێت کۆیلایەتی

دوو گەورە بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی ڤشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگریت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن. (مەتا ٦: ٢٤) تۆ ناتوانیت خزمەتی خودای ڕاستەقینە و خزمەت کردنی ئاینێکی بربالّ تێکەل بکەی. تا کەی لەسەر هەردوو پەتەکە یاری دەکەن؟

بۆ جاری داهاتوو پلانمان وایە تەماشای چیرۆکی پێغەمبەرێك بکەین کەوا سێ ڕۆژی بەسەر برد لەناو سکی حوتێك. ناوی ئەو پێغەمبەرە دەزانی؟ لەگەڵمان بن جاری داهاتوو بۆ ئەم چیرۆکە سەرنج ڕاکێشە.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بە ووردی سەرنجی ئەوەی ئیلییا بە گەلی ئیسرائیلی ووت، کاتێ فەرمووی: تا کەی لەسەر هەردوو پەتە کە یاری دەکەن؟ ئەگەر پەروەردگار خودایە دوای بکەون! (١ پاشایان ١٨: ٢١)

گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی خودا وەڵامی نوێژەکانی ئەلیاسی دایەوە؟

٢. ئەی بۆچی خودا نوێژەکانی پێغەمبەرەکانی بەعلی پشت گوێ خست؟

٣. وەڵامی تۆ چی دەبێت بۆ پرسیارەکەی ئیلییا: (تا کەی لەسەر هەردوو پەتەکە یاری دەکەن؟)

٤. تاکەی لەنێوان ووشەی خودا و داب و نەریتی بێ بەهای مرۆڤ یاری دەکەی؟

وانەی ٥٤: پێغەمبەر یونس

یونس

لە وانەی ڕابردوومانداا، تەماشای چیرۆکی پێغەمبەری خودا ئەلیاسمان کرد. ئەلیاس پێغەمبەرێکی مەزن بوو لەبەر ئەوەی هێزی ڕۆحی خودا لەسەری بوو. دوعای کرد بۆ خودا کە باران نەبارێ و باران نەباری لە ئیسرائیل بۆ سێ ساڵ و نیو. هەروەها ئەلیاس تەحەددای پێغەمبەرە سەختەکانی بەعل کرد، و ئایینە سەختەکەیانی ئاشکرا کرد لەبەر چاوی هەموو گەلی ئیسرائیل. بۆیە خودا پێغەمبەر ئەلیاسی بەکار هێنا بۆ ئەوەی دڵی گەلی ئیسرائیل بگەڕێنێتەوە بۆ لای پەروەردگار خودایان.

بۆ ئێستا، حەز دەکەین سەرنجی چیرۆکێکی پێغەمبەرێکی تر بدەین کەوا لەپاش ئەلیاس هات. دەبینین چۆن خودا ئیسرائیلییەکی هەڵبژارد بە ناوی یونس و فەرمانی پێ دا بڕوات بانگەوازی بیانییەکان بکات کەوا دوژمنی گەلی ئیسرائیل بوون.

لەیەکەم بەشی سیپاری یونس دەخوێنینەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یونس ١) [١] وشەی پەروەردکار بۆ یونسی کوڕی ئەمیتای هات و وتی: [٢] (هەستە بڕۆ بۆ شاری مەزنی نەینەوا و تێیدا بانگەواز بکە، چونکە خراپەکانیان بەرز بۆتەوە بەردەمم.)

بینیت پەروەردگار فەرمانی چی بە یونس دا؟ خودا پێی فەرموو کە بڕوات و خەڵکی شاری نەینەوا ئاگادار بکاتەوە و لە گوناهەکانیان تۆبە بکەن – هەرچەندە نەینەوا پایتەختی نەتەوەی ئاشوری بوو، و خەڵکی وڵاتی ئاشوری خەڵکێکی خراپەکار بوون کەوا دەیانویست گەلی ئیسرائیل وێران بکەن!

بۆچی پەروەردگار خودا دەیەوێ یونس بنێرێ بۆ ئەو بیانیانە کەوا قێز و ڕقیان لەگەلی ئیسرائیل دەبووەوە؟ ئایا خودا چاوی لە دوژمنەکانی گەلی ئیسرائیلیش بوو؟ بەڵێ، چاوی لێیان بوو! خودا خەریکە ئەوە بوو دادوەری خەڵکی نەینەوا بکات لەبەر ئەوەی گوناهەکانیان گەیشتبووە ئاسمان. بەڵام خودا هیچ خۆشییەك لە وێران کردنی گوناهباران نابینێ. خودا دەیەوێ هەموو کەس تۆبە بکات لە گوناهەکانی و باوەڕ بە ووشەی خودا بێنن و ڕزگاریان بێت. لەبەر ئەوە بوو خودا فەرمانی بە پێغەمبەر یونس دا بچێت بۆ لای خەڵکی شاری نەینەوا و ئاگاداریان بکاتەوە بەشکەم تۆبە بکەن لە گوناهەکانیان و ڕوو لە خودا بکەن و ڕزگاریان بێت.

بەڵام یونس نەیویست بچێت بۆ ئاگادار کردنەوەی دوژمنەکانیان! یونس نەیویست ببێت بە پێغەمبەری شاری نەینەوا! خودا ویستی خەڵکی شاری نەینەوا تۆبە بکەن تاکو بتوانێ بەزەیی پێیان بێت، بەڵام یونس ویستی خودا سزایان بدات! بۆیە یونس ئەرکەکەی ڕەت کردەوە و هەوڵی دا هەڵبێت لە پەروەردگار خودا. بەڵام بۆکوێ دەتوانێ هەڵبێت لە حزووری خودا؟

بابەردەوام بین لە چیرۆکەکە تا بزانین یونس چی کرد. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یونس ١) [٣] یونسیش بۆ ئەوەی لە ڕووی پەروەردکار هەڵبێت هەڵستا بەرەو تەرشیش، جا دابەزی بۆ یافا و کەشتییەکی دۆزیەوە کە دەڕۆیشت بۆ تەرشیش، کرێکەی دا و چووە ناوی، بۆ ئەوەی لەگەڵیان بچێت بۆ تەرشیش و لە ڕووی پەروەردکار ڕا بکات. [٤] پەروەردکاریش بایەکی مەزنی بۆ سەر دەریاکە نارد و ڕەشەبایەکی مەزن لە دەریاکەدا هەڵی کرد، خەریک بوو کەشتییەکە پارچەپارچە بێت. [٥] کەشتیوانەکان ترسان و هەریەکەیان هاواری بۆ خودای خۆی کرد و ئەو شتانەی کە لەناو کەشتییەکەدا بوون فڕێیان دایە ناو دەریاکەوە، بۆ ئەوەی باری خۆیان سووک بکەن. کەچی یونس چوو بووە ژوورەوەی کەشتییەکە و پاڵکەوتبوو و لە خەوێکی قووڵدا بوو. [٦] سەرۆکی سەوڵ لێدەرەکان لێی نزیکبووەوە و پێی وت: (ئەوە بۆچی نوستوویت! هەستە هاوار بکە بۆ خوداکەت، بەڵکو خودا ئاوڕمان لێبداتەوە و لەناو نەچین.) [٧] ئینجا هەریەکە بەوی دیکەی وت: (وەرن با تیروپشک بکەین، تا بزانین ئەم بەڵایە بەهۆی کێیە.) ئیتر تیروپشکیان کرد و کەوتە سەر یونس.

[٨] پێیان وت: (پێمان بڵێ بەهۆی کێیە ئەم بەڵایەمان بەسەرەوەیە، ئیشت چییە و لەکوێوە هاتوویت، سەر بە چ خاکێکیت و لە چ نەتەوەیەکیت؟) [٩] ئەویش پێی وتن: (من عیبرانیم و لە پەروەردکار خودای ئاسمان دەترسم، ئەوەی دەریاو وشکانی دروستکردووە.)

[١٠] پیاوەکان ترسێکی زۆریان لێنیشت و پێیان وت: (بۆچی ئەمەت کرد؟) پیاوەکان زانیان لە ڕووی پەروەردکار هەڵاتووە، چونکە خۆی پێی وتن. [١١] پێیان وت: (چیت لێبکەین بۆ ئەوەی دەریاکەمان لێ هێمن بێتەوە؟) چونکە دەریاکە زیاتر هەڵدەچوو. [١٢] ئەویش پێی وتن: (بمبەن و فڕێم بدەنە ناو دەریاکەوە، ئیتر دەریاکەتان لێهێمن دەبێتەوە، چونکە من دەزانم بەهۆی منەوەیە ئەم ڕەشەبا مەزنەتان

لەسەرە.) [١٣] بەڵام پیاوەکان زیاتر و زیاتر سەوڵیان لێ دەدا بۆ ئەوەی کەشتییەکە بگەڕێننەوە بۆ وشکانی، کەچی نەیانتوانی، چونکە دەریاکە زیاتر لێیان هەڵدەچوو.
[١٤] ئیتر هاواریان بۆ پەروەردکار کرد و و وتیان: (ئای ئەی پەروەردکار، لەناو نەچین لەبەر گیانی ئەم پیاوە و خوێنی بێتاوانێک مەخەرە ئەستۆمان، چونکە ئەی پەروەردکار ئەوەت کردووە کە پێی ڕازیت.) [١٥] ئینجا یونسیان گرت و فڕێیان دایە ناو دەریاکەوە، ئیتر دەریاکە هێمن بووەوە. [١٦] پیاوەکان زۆر لە پەروەردکار ترسان و قوربانییان بۆ پەروەردکار سەربڕی و نەزریان کرد. [١٧] پەروەردکاریش ماسیەکی مەزنی ئامادە کرد بۆ ئەوەی یونس قووت بدات، ئیتر یونس سێ شەو و سێ ڕۆژ لەناو سکی ماسیەکەدا بوو.

تا ئەم خاڵە، دەبینین چۆن خودا دەکەوێتە دوای یونس، پێغەمبەری هەڵهاتووی! یونس دەکرا ڕابکات بەڵام نەیدەتوانی لە دەستی خودا ڕزگاری بێت. بۆچی خودا کەوتە دوای یونس؟ خودا کەوتە دوای یونس لەبەر ئەوەی یونسی خۆش دەویست و ویستی ئەو ئیرادەی جێ بە جێ بکات. لەبەر ئەوە خودا ماسییەکی گەورەی نارد تاکو قووتی بدات بەڵام نەیکوژێ.

یونسی فەقیر! ئێستا وا لەناو سکی ماسیەکی گەورەیە! باشە یونس چی بکات بۆئەوەی خۆی ڕزگار بکات؟ هیچ! هیچی پێ ناکرێت تەنها هاوار بۆ پەروەردگار خودا کردن نەبێت. تەنها خودا دەتوانێ ڕزگاری بکات. لە بەشی دوو، نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت چۆن یونس نوێژی کرد بۆ پەروەردگار لەناو سکی ماسییەکە و دانی بە گوناهەکەی دانا لە بە قسە نەکردنی خودا. بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، خودا یونسی پاراست لەناو سکی ئەو ئاژەڵە دەریاییە. ئای چەن پەندێکی گەورە بوو بۆ یونس! لە سێیەم ڕۆژدا، یونس هاواری کرد، (ڕزگاری بۆ پەروەردکارە.) (یونس ٢: ٩) کاتێ یونس ووتی، (ڕزگاری بۆ پەروەردکارە.) نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ، (ئینجا پەروەردکار فەرمانی بە ماسیەکە دا، ئەویش ڕشایەوە و یونسی فڕێ دایە سەر وشکایی.) (یونس ٢: ١٠)

لە بەشی سێ، نووسراوە پیرۆزەکان بەردەوامە: (یونس ٣) [١] ئینجا وشەی پەروەردکار جارێکی دیکە بۆ یونس هاتەوە و وتی: [٢] (هەستە بڕۆ بۆ نەینەوا ئەو شارە مەزنە، ئەو بانگەوازەی پێم ووتووی پێی ڕابگەیەنە.) [٣] یونسیش هەڵستا و ڕۆی بۆ نەینەوا بەو شێوەیەی پەروەردکار پێی وت، نەینەواش شارێکی زۆر مەزن بوو، سێ ڕۆژە ڕێ دڕێژ بوو. [٤] یونس دەستی کرد بە چوونەژوورەوەی شارەکە. لە یەکەم ڕۆژەوە بانگەوازی دا و وتی: (چل ڕۆژی دیکە نەینەوا سەرەوژێر دەبێت.) [٥] ئیتر خەڵکی نەینەوا باوەڕیان بە خودا هێنا و بانگەوازی ڕۆژووگرتنیان کرد و بەرگی ماتەمیان پۆشی، لە گەورەکانیانەوە تا بچووکیان. [٦] کارەکە گەیشتەوە بە پاشای نەینەوا و ئەویش لەسەر تەختەکەی هەڵستا و کەواکەی لەبەر خۆی داکەند، بەرگی ماتەمی پۆشی و لەسەر خۆڵەمێش دانیشت. [٧] ئیتر لە نەینەوا بانگ درا و وترا: (بە فەرمانی پاشا و پیاوە گەورەکانی، نابێت نە خەڵک و نە ئاژەڵ و نە مانگا و نە مەڕ هیچ بچێژن. نان نەخۆن و ئاو نەخۆنەوە. [٨] با خەڵک و ئاژەڵەکان بەرگی ماتەم بپۆشن و بە تووندی هاوار بۆ خودا بکەن، با هەریەکە لە ڕێگای خراپکانیان بگەڕێنەوە و لەو زۆرداریەی کە بەدەستیانەوەیە. [٩] بەڵکو خودا بگەڕێتەوە و پاشگەز ببێتەوە، لە کڵپەی تووڕەبوونی بگەڕێتەوە و لەناو نەچین.) [١٠] کاتێک خودا کارەکانیانی بینی، بینی وا لە ڕێگای خراپەکاری گەڕاونەتەوە، خودا پاشگەز بۆوە لەو خراپەیەی کە وتبووی بەسەریاندا دەهێنێت و ئیتر نەیکرد.

بۆیە دەبینین کە خودا بەزەیی بەسەر خەڵکی نەینەوا هات، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بەو ووشەیە هات کە بۆیانی نارد. نەینەواییەکان تۆبەیان کرد لە گوناهەکانیان بە دڵێکی شکاوەوە و ڕوویان لە پەروەردگار کرد. بەڵام یونس خۆش حاڵ نەبوو بەوەی خودا بەزەیی هات بەسەر خەڵکی نەینەوا. لە بەشی چوارەم و کۆتایی نووسراوە لە سیپارەی یونس، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یونس ٤) [١] ئەمە یونسی زۆر پەستکرد و ڕقی هەڵستا. [٢] نوێژی کرد بۆ پەروەردکار و وتی: (ئای ئەی پەروەردکار، ئایا ئەمە قسەی من نەبوو کە هێشتا لە خاکی خۆمدا بووم؟ لەبەر ئەوە هەوڵی ڕاکردنم دا بۆ تەرشیش، چونکە زانیم تۆ خودایەکی میهرەبانی و بە بەزەیی و درەنگ تووڕە دەبیت و خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت گەورەیە، لە خراپەهێنان بەسەر خەڵکی پاشگەز دەبیتەوە. [٣] ئێستاش ئەی پەروەردکار، گیانم لێبسێنە، چونکە مردنم باشترە لە ژیانم.) [٤] پەروەردکاریش وتی: (ئایا ڕاستە تووڕە بیت؟) [٥] ئینجا یونس لە شارەکە چووە دەرێ و لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە دانیشت و لەوێ کەپرێکی بۆ خۆی دروستکرد و لە ژێر سێبەرەکەی‌دا دانیشت، بۆ ئەوەی ببینێت چی لە شارەکەدا ڕوودەدات. [٦] پەروەردکار خوداش ڕووەکێکی ئامادە کرد و بەسەر یونس‌دا بەرزی کردەوە، تا ببێت بە سێبەر

بەسەر سەریەوە و بۆ ئەوەی لە خەمەکەی دەربازی بکات. یونسیش دڵی بە ڕووەکەکە زۆر خۆش بوو.
[٧] ئینجا خودا لە بەرەبەیان‌دا کرمێکی ئامادە کرد و کرمەکە لە ڕووەکەکەی‌دا و وشکی کرد. [٨] ئینجا لە کاتی خۆر هەڵهاتن‌دا خودا بایەکی ڕۆژهەڵاتیی گەرمی ئامادە کرد و هەتاوەکە دای لەسەری یونس و گێژی کرد، ئەویش داوای مردنی بۆ خۆی کرد و وتی: (مردنم باشترە لە ژیانم.) [٩] خوداش بە یونسی وت: (ئایا ڕاستە لەبەر ڕووەکەکە تووڕە بیت؟) ئەویش وتی: (بەڵێ تا بڵێی ڕاستە.)
[١٠] پەروەردکاریش وتی: (تۆ دڵت بە ڕووەکەکە سووتا کە پێوەی ماندوو نەبوویت و بە خێوت نەکرد، بە یەک شەو بوو و بە یەک شەو لەناوچوو. [١١] ئەی باشە من دڵم بە نەینەوا، ئەو شارە مەزنە نەسووتێت کە زیاد لە سەد و بیست هەزار کەسی تێدایە، ڕاستیان لە چەپیان جیا ناکەنەوە، هەروەها ئاژەڵێکی زۆریشی تێدایە؟) سیپارەی یونس بەو شێوەیە کۆتایی پێ دێت.

زۆر شت هەیە لە چیرۆکی پێغەمبەر یونس کە دەکرێ فێربین لە سرووشتی مرۆڤ و سروشتی خودا. یەك شت کە دەیبینین ئەوەیە کە خودا کەس لەسەر کەس هەڵنابژێرێ. یونس وای کرد، بەڵام خودا کەسی لەسەر کەس هەڵنابژێرێ. دڵی خودا زۆر جیاوازتر بوو لە دڵی یونس.

دڵی یونس پڕ بوو لە خۆویستن، بەڵام دڵی خودا پڕە لە میهرەبانی بۆ هەموو خەڵك. یونس میللەتی خۆی خۆش ویست و ڕقی لە دوژمنەکانی بووەوە، بەڵام خودا خەڵکی ئیسرائیل و خەڵکی نەینەوای خۆش ویست. یونس ویستی خەڵکی نەینەوا لەناوبچن لەبەر ئەوەی دوژمنی ئیسرائیل بوون، بەڵام خودا ویستی ئەوان تۆبە بکەن لە گوناهەکانیان و ووشەی قەبوڵ بکەن و ڕزگاریان بێت. خودا کەس بەسەر کەسا هەڵنابژێرێ. هەرکێ بیت و بە هەرکێ بچیت، ئەوا خودا خۆشی دەوێیت. خودا حەزی بە گوناهەکەت و یاخی بوونەکەت نیە، بەڵام تۆی خۆش دەوێ. خودا هەموو تاکە کەسێکی خۆش دەوێت لە هەموو نەتەوەیەك و دەیەوێ دان بە گوناهەکانیان بنەن بەرامبەری و گوێگری ڕاستی بن و لێی تێ بگەن و باوەڕی پێ بێنن و ڕزگاریان بێت.

هەندێ خەڵك پێیان وایە خودا ئاگاداری هەر تاکە کەسێك نیە لەسەر زەوی، کەوا بە هەندێ خەڵکی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی لەناو ئاگری دۆزەخ بسوتێن و هەندێکی تریش لەناو بەهەشت. هەرچەندە ئەوە ڕاستە کە زۆربەی خەڵك لەناو گوناهەکانیاندا دەمرن و ڕوو بە ڕووی تووڕەیی ڕاستودروستی خودا دەبنەوە، بەڵام ئەوە هەڵەیە ئەگەر بڵێین کە خودا ئاگاداری ئەو کەسانە نیە کەلەناو نەزانیدا لەناو دەچن. نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە خودا، دەیەوێت هەموو خەڵکی ڕزگاریان بێت و بۆ ڕاستی ناسین بێن! (١ تیمۆساوس ٢: ٤) خوداوەند سەبارەت بە بەڵێنەکەی خاو نییە، وەک هەندێک بە خاوی دەزانن، بەڵام لەگەڵمان پشوو درێژە، نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبەکردن بێن. (٢ پەترۆس ٣: ٩) بەڵام، ئەوانەی تۆبە نەکەن – ئەوا خودا دادوەرییان دەکات، لەبەر ئەوەی، خۆشەویستی ڕاستییان ڕەتکردەوە، ئەوەی ڕزگاریان دەکات... هەموو ئەوانەی باوەڕ بە ڕاستی ناکەن و حەزیان لە ناڕەواییە، تاوانبار بکرێن.) خۆشەویستی ڕاستییان ڕەتکردەوە، ئەوەی ڕزگاریان دەکات. (٢ سالونیکی ٢: ١٠، ١٢) ووشەی پەروەردگار خودا ئەوە ڕادەگەێنێ. خودا باشە و بە بەزەییە و ڕێگایەکی بۆ ڕزگاربوون بۆ هەموو کەس دابین کردووە. بەڵام خودا هەروەها پیرۆز و ڕاستودروستە و هەموو کەس دادوەری دەکات کە ڕێگای ڕاستودروستی ڕزگاربوونی ئەو قەبوڵ نەکات.

با کەس هەڵێت نەخەڵەتێنێ. خودا هیچ کاتێك کەس بەسەر کەسا هەڵنابژێرێ و نا خۆشی دەبینێ لە لەناوبردنی گوناهباران. خودا دەیەوێ هەموو کەس لەسەر زەوی ڕاستی بزانێ و باوەڕی پێ بکات و ڕزگاری بێت! لەبەر ئەوە خودا کاتی خۆی، وحی دەنارد بۆ پێغەمبەرەکانی تاکو ووشەی ئەو بنووسن، تاکو ئێمە ڕێگای ڕزگاربوون بناسین کە خودا دابینی کردووە و قەبوڵی بکەین و ڕزگارمان بێت! هەرکەسێك ڕێگای خودا بۆ ڕزگاربوون قەبوڵ بکات دەڕواتە بەهەشت. وا هەر کەسێکیش ڕەتی بکاتەوە یان پشت گوێی بخات ئەوا لەناو دەچێ! خودا تاکگیر نیە. وەك نووسراوە: خودا دەیەوێت هەموو خەڵکی ڕزگاریان بێت!... ئەگەر تۆبە نەکەن... هەموتان ئاوا تیادەچن. (١ تیمۆساوس ٢: ٤ و لۆقا ١٣: ٣)


لە وانەی داهاتوومانداا دەربارەی پێغەمبەرێکی مەزن فێردەبین کەوا زۆر زۆر پێش بینی کرد سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە کەوا دەهات جیهان بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بکات. ئەو پێغەمبەرە مەزنە ئیشایایە، پێغەمبەرێکی خودا کەوا حەفت سەد ساڵ لەپێش هاتنی

مەسیح بۆ جیهان ژیا.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ ئەم دوو پەندەتان بە بیر دێتەوە کە ویستی فێری پێغەمبەری بێ وەفای یونس بکاتەوە:

﴿یەکەم﴾ (رزگاری بۆ پەروەردکارە.) (یونس ٢: ١٠)

﴿دووەم﴾ (خودا لایەنگری کەس ناکات) (کرادری نێردراوان ١٠: ٣٤)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. پەروەردگار فەرمانی چی بە یونس دا؟

٢. بۆچی پەروەردگار خودا دەیەوێ یونس بنێرێ بۆ ئەو بیانیانە کەوا قێز و ڕقیان لەگەلی ئیسرائیل دەبووەوە؟

٣. ئایا خودا چاوی لە دوژمنەکانی گەلی ئیسرائیلیش بوو؟

٤. بەڵام بۆکوێ دەتوانێ هەڵبێت لە حزووری خودا؟

٥. بۆچی خودا کەوتە دوای یونس؟

٦. یونس چی بکات بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات؟

وانەی ٥٥: پێغەمبەر ئیشایا

ئیشایا

لە وانەی ڕابردوومانداا، دیراسەتی چیرۆکی پێغەمبەر یونسمان کرد کەوا هەوڵی دا لە پەروەردگار ڕابکات. بەڵام، هەوڵ دانی ڕاکردن لە حزووری خودا وەك ئەوەیە لە سێبەری خۆت ڕابکەی. خودا لەگەڵ یونس بوو، تەنانەت لەناو سکی ماسییە گەورەکە!

بۆ ئێستاش پلانمان وایە دەربارەی پێغەمبەرێك بخوێنینەوە کەوا لەپاش کاتی یونس هات و ناوی زۆر بەباشی ناسراوە لە نووسراوە پیرۆزەکان. ئەویش پێغەمبەر ئیشایایە کەوا حەفت سەد ساڵ پێش لەدایك بوونی مەسیح ژیا. ئیشایا کاهین بوو کەوا ئیشی بۆ خودا کرد لەو پەرستگایەی سلێمان بنیاتی نا لە قودس. هەموو ڕۆژ، ئیشایا و کاهینەکانی تر دەبوایە قوربانی ئاژەڵ پێشکەش بە خودا بکەن لەسەر قوربانگاکە. ئەم قوربانییانە نیشاندەری ئەو مەسیحە بوون کە خوێنی خۆی ڕشت لەپێناو گوناهەکانی جیهان.

بخوێنەوە چی بەسەر ئیشایا هات ڕۆژێك لە ڕۆژان کاتێ خەریکی پێشکەش کردنی قوربانی بوو لە پەرستگاکەی پەروەردگار. لە سیپارەی ئیشایا، بەشی شەش ئیشایا نووسیویەتی: (ئیشایا ٦) [١] لە ساڵی مردنی عوزیا پاشادا، پەروەردگاری خۆمم بینی لەسەر تەختێکی بەرز و بڵند دانیشتبوو و دامێنی ئەو پەرستگاکەی پڕ کردبوو. [٢] سەرافەکان لەسەر سەری وەستابوون، هەریەکە شەش باڵیان هەبوو، بە دووان ڕووی خۆی داپۆشی بوو، بە دووان پێیەکانی داپۆشی بوو، بە دووانیش دەفڕی. [٣] ئەمیان بانگی ئەویانی کرد و وتی: (پیرۆزە، پیرۆزە، پیرۆزە! پەروەردگاری سوپاسالار! شکۆمەندییەکەی هەموو زەوی پڕ کردووە.) [٤] بناغەکانی دەروازەکان لە دەنگی بانگدەر لەرینەوە و ماڵەکە پڕبوو لە دووکەڵ. [٥] وتم: (قوڕ بەسەرم، فەوتام! چونکە من کابرایەکی لێو گاڵاوم و لەنێو گەلێکی لێو گاڵاودا نیشتەجێم، و لەگەڵ ئەوەشدا چاوەکانم پاشا پەروەردگاری سوپاسالاریان بینی.) [٦] ئینجا یەک لە سەرافەکان بۆ لام فڕێ و پشکۆیەکی بە دەستەوە بوو بە ماشە لەسەر قوربانگاکەوە هەڵی گرت و [٧] بە دەممدا ساوی و وتی:(ئەوەتا ئەمە بە لێوت ساورا، تاوانت داماڵڕا و گوناهەت کەفارەتی بۆ کرا.) [٨] ئینجا گوێم لە دەنگی پەروەردگارم بوو، دەیفەرموو: (کێ بنێرم و کێ بۆمان دەڕوات؟) منیش وتم: (ئەوەتام، من بنێرە.)

بۆیە پەروەردگار خودا شکۆمەندی و پیرۆزی خۆی ئاشکرا کرد بۆ ئیشایا و بانگی کرد بۆ ئەوەی ووشەی ڕابگەێنێ بەگەلی ئیسرائیل، کە دەکا جولەکە، و بینوسێ لە سیپاریەکدا لەپێناو سوودی نەوەکانی داهاتوو. سیپارەی ئیشایا زۆر درێژە و بنچینەییە تەماشای هەموو پێك هاتەکانی بکەین. گەر دەتوانین پەیامی پێغەمبەر ئیشایا کورت بکەینەوە بە دوو پەیامی گرنگ.

یەکەم، ئیشایا هەواڵی ناخۆش بە جولەکەکانی ووت سەبارەت بە گوناهەکانیان و ئەو سزایەی کە شایەنی بوون.
دووەم، ئیشایا مزگێنی خۆشی پێیان دا سەبارەت بە مەسیح ئەوەی دەهات جیهان تاکو سزای گوناهەکانیان بکێشێ.
بۆیە، بە کورتی، پەیامی پێغەمبەر ئیشایا ئەمەیە:

١.) هەواڵی ناخۆش دەربارەی گوناە و سزاکەی،

٢.) مزگێنی خۆش دەربارەی ڕزگاری دەرێك کەوا سزای گوناە دەداتەوە لەشوێنی گوناهباران.

با یەکەم جار چەن ئایەتێك تەماشا بکەین کە هەواڵە ناخۆشەکان نیشان دەدات کە خودا بە ئیشایای ڕاگەیاند، تاکو ئەویش بە جولەکەکان و هەموو ئەوانەی سەر زەوی ڕابگەێنێ. لەبەشی یەکەم، پێغەمبەر ئیشایا نووسیویەتی: (ئیشایا ١) [٢] ئەی ئاسمان گوێ بگرە و ئەی زەوی گوێ شل بکە، چونکە خوداوەند قسە دەکات، کوڕانم گەورەکرد و پێگەیاند بەڵام ئەوان لێم یاخی بوون. [٣] گا خاوەنەکەی خۆی دەناسێت و کەریش ئاخورِی خاوەنی خۆی، بەڵام ئیسرائیل ناناسێت، گەلی من تێناگات. [٤] قوڕبەسەر نەتەوەی گوناهبار بەسەر ئەو گەلەی تاوانی قورسە توخمی بەدکاران کوڕانی گەندەلێن! وازیان لە پەروەردگار هێنا بە سووکییەوە تەماشای پیرۆزەکەی ئیسرائیلیان کرد، پشتیان لێی کرد. [١٣] چیتر پێشکەشکراوی دانەوێڵەی بێ کەڵك مەهێنن بخوور قێزەوەنە بۆ من سەرە مانگ و شەممە و بانگەوازی کۆبوونەوە تاوان و ئاهەنگ گێڕان پێکەوە، بەرگەی ئەمە ناگرم. [١٤] سەرەمانگەکانتان و جەژنە دیاریکراوە

کانتان گیانم ڕقی لێیانە بوون بە بارگرانی بۆم بێزاربوو لە هەڵگرتنی. [١٥] کاتێک دەستتان پان دەکەنەوە چاوم لا دەدەم لەسەرتان تە نانەت ئەگەر زۆر نوێژیش بکەن من گوێ ناگرم!

بەو شێوەیە پێغەمبەر ئیشایا گلەیی لە جولەکە کرد لەبەر دوو ڕووییان. گوناهەکانیان بەم ووشانە کورت کردەوە: خودا فەرموویەتی: ئە م گەلە بەسەر لێوان ڕێزم لێ دەگرێت، بەڵام دڵی لێم دوورە...لەبەر ئەوەی ئەم گەلە بە دەم نزیک بوەوە و بەسەر لێوان ڕێزی لێ گرتم. ترسی لێم ڕاسپاردەی خەڵکە و فێرکراون. (مەتا ١٥: ٨ و ئیشایا ٢٩: ١٣)

لەپاش ئەوەی ئیشایا گلەیی لە جولەکەکان کرد لەبەر کەلە ڕەقییان و گوناهباریان، ئینجا مزگێنێ پێیان دا، کەوا هێزی ئەوەی هەیە کە دڵی هەموو ئەو کەسانە پاک بکاتەوە کە باوەڕی پێ دێنێ. لە هەندێ لەو ووشە جوانانەی ئیشایا نووسیویەت سەبارەت بە مەسیح کەوا دەهاتە جیهان بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بکات. نووسیویەتی: (ئێستا وەرن بکەوینە دەمەقاڵێ.) پەروەردگار دەڵێت، (ئەگەر گوناهەکانتان وەک سووری ئاڵ بێت وەک بەفر سپی دەبێتەوە، ئەگەر وەک قرمز سوور بێت وەک خووری لێ دێت.) (ئیشایا ١: ١٨)

(ئیشایا ٤٠) [١] دڵنەوای بکەن، دڵنەوای گەلەکەم بکەن خوداتان دەفەرموێت، [٣] دەنگی بانگدەرێک: (ڕێگای پەروەردگار لە چۆڵەوانی ئامادە بکەن، لە بیابان ڕێرەوێک بۆ خودامان ڕێک بخەن. [٤] هەموو نشێوێک بەرزدەبێتەوە و هەموو چیا و گردێک نزم دەبێتەوە. خوار ڕاست دەبێتەوە، هەورازیش دەبێت بە دەشت، [٥] شکۆمەندی پەروەردگار دەردەکەوێت و هەموو مرۆڤ پێکەوە دەیبینن چونکە دەمی پەروەردگار فەرمووی.) [٩] بڕۆ سەر کێوێکی بەرز ئەی پەیامبەر بۆ سییۆن، بە هێزەوە دەنگت بەرزبکەوە ئەی پەیامبەر بۆ ئۆرشەلیم، بەرزی بکەوە، مەترسە، بە شارەکانی یەهودا بڵێ ئەوەتا خوداتان! [١٠] ئەوەتا پەروەردگاری باڵادەست بە هێزەوە دێت.

(پەروەردگار خۆی نیشانەیەکتان دەداتێ، ئەوەتا پاکیزەیەک سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی لێ دەنێت ئیمانوێل — واتا: خودا لەگەڵمانە!). (ئیشایا ٧: ١٤ و مەتا ١: ٢٣)

خودا لە ڕێگای پێغەمبەر ئیشایاوە مزگێنی ئاشکرا دەکرد! خودا پلانی وابوو ڕۆحی خۆی بنێرێتە ناو ڕەحمی پاکیزەیەك — ئافرەتێك کە هەرگیز لەگەڵ پیاوا نەنووستبێ! مەسیح بەو شێوەیە لەدایك دەبێ و دێتە جیهانەوە. وەك دەزانن، مەسیح باوکی زەمینی نەبوو. ئەو لە ئاسمان بوو پێش ئەوەی لەدایك بێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئەو ووشەیە بوو کە لە سەرەتا لەلای خودا بوو. بە گوێرەی پێش بینی ئیشایا، مەسیح خودایە لە جەستەی مرۆڤدا. چ ڕاستییەکی جوانە، خودا، کەوا ڕۆحە، پلانی دانا ڕۆحی خۆی و ووشەی خۆی لەناو ڕەحمی پاکیزەیەك دانا و پاشان لەدایك بێت و بێتە جیهانەوە وەك منداڵێك! ئەمە ئەوەی ئیشایا پێشبینی کرد کاتێ ووتی: (پاکیزەیە ک سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی دەنێت ئیمانوێل — واتا: خودا لەگەڵمانە!)

لەو بەشی پاش ئەوە، ئیشایا زیاتری نووسیوە سەبارەت بە مەسیح هاتوو. لە شوێنێك دەڵێت: (ئەو گەلەی بە تاریکیدا دەڕۆیشت، ڕووناکییەکی گەورەی بینی، دانیشتووان لە خاکی سێبەری مەرگ ڕووناکی بەسەریاندا هەڵهات. چونکە کوڕێکمان دەبێت کوڕێکمان پێ دەدرێت... ناوی لێ دەنرێت سەرسوڕهێنەر و ڕاوێژکار خودای بەتوانا، باوکی هەتاهەتایی میری ئاشتی!) (ئیشایا ٩: ٢، ٦) (ئە وسا چاوی کوێرەکان دەکرێتەوە و گوێی کەڕەکان دەکرێتەوە. ئەوسا شەل وەک ئاسک باز دەدات و زمانی لاڵ هاواری خۆشی دە کات!) (ئیشایا ٣٥: ٥: ٦)

لەم ئایەتانە، ئیشایا پێشبینی کرد کەمەسیح پیرۆزی و بەزەیی خودا دێنێتە سەر زەوی. هەروەها پێش بینی کرد چۆن مەسیح ئیشی مەزن دەکات کەهەرگیز کەس نەیکردبوو، تاکو هەموو کەس بزانێت کە ئەو مەسیحی پیرۆزە کەوا لەلایەن حزووری خوداوە هاتووە! لەبەر ئەوە پێغەمبەر ئیشایا نووسی کەناوی مەسیح دەبێ بە: سەرسوڕهێنەر و ڕاوێژکار خودای بەتوانا، باوکی هەتاهەتایی میری ئاشتی! وادیارە، ئیشایا وەك ئەم خەڵکەی ئەمڕۆ نیە کەهەوڵ دەدەن مەسیح لە هەمان ئاستی پێغەمبەرانی تر دابنێن. پێغەمبەر ئیشایا شکۆمەندی ڕزگاری دەری زانی، ئەو ڕزگاری دەرەی کە لە حزووری خوداوە دێت.

با بەشێکی تر بخوێنینەوە: بەشی پەنجا و سێ. ئەم بەشە جوانترین بەشە لەنێو هەموو ئەو بەشانەی پێغەمبەر ئیشایا نووسیویەتی، لەبەر ئەوەی لەناو ئەم بەشدا نووسیویەتی چۆن مەسیح خوێنی خۆی دەڕێژێ وەك بەرخی قوربانی بۆ ئەوەی سزای گوناهی هەموو

جیهان بکێشێ. بەوریایی گوێ بگرە لە مزگێنیە خۆشەی خودا دای بە پێغەمبەر ئیشایا، حەفت سەد ساڵ پێش کاتێ مەسیح.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (ئیشایا ٥٣) [١] کێ باوەڕی بە پەیامەکەمان کرد و بازووی پەروەردگار بۆ کێ دەرکەوت؟ [٢] وەک نەمام لەبەردەمیدا بااڵی کرد وەک ڕەگ لە خاکێکی تینوودا نە وێنەی هەیە و نە جوانی تا تەماشای بکەین و نە دیمەن تا ئارەزووی بکەین. [٣] ڕیسوا و سووک لەالیەن خەڵکەوە پیاوی پەژاە و شارەزای ناخۆشی وەک یەکێک ڕووی خۆی شارد لێتەوە لێمان ڕیسوا و حیسابمان بۆی نەکرد. [٤] بەاڵم دەردەکانی ئێمەی هەڵگرت، ئازارەکانمانی برد، ئێمەش وامان زانی گورزی بەرکەوتووە لەالیەن خوداوە لێی دراوە و زەلیلە. [٥] بەاڵم ئەو لەبەر اخیبوونەکانمان بریندار بوو لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا بوو تەمبێکردنی ئاشتیمان لەسەر ئەو بوو بە برینەکانی ئەو چاک بووینەوە. [٦] هەموو وەک مەڕ وێل بووین هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرت پەروەردگاریش هەموو تاوانەکانی ئێمەی خستە سەر ئەو.

[٧] زوڵمی لێکرا، کەچی خۆی زەلیل کرد و دەمی نەکردەوە وەک بەرخ بۆ سەربڕین ببردرێت وەک مەڕ لەبەردەم ئەوانەی دەیبڕنەوە بێ دەنگ وو دەمی نەکردەوە. [٨] بە زوڵم و حوکم بەسەرادان بردرا کێ باسی نەوەکانی دەکات؟ چونکە لە خاکی زیندووان‌دا بڕایەوە لەبەر یاخیبوونی گەلەکەم ئەو لێی درا. [٩] گۆڕی لەگەڵ بەدکاران دانرا لەگەڵ دەوڵەمەند کاتی مردنی هەرچەندە ستەمکاری نەکرد و ساختەی لەسەر زاری نەبوو. [١٠] بەاڵم پەروەردگار مەبەستی بوو بە خەم وردوخاشی بکات و ئازار بکێشێت لەگەڵ ئەوەش‌دا پەروەردگار ژیانی کرد بە وربانی‌تاوان، نەوە و ڕۆژگاری درێژ دەبینێت، بە دەستی ئەو مەبەستی پەروەردگار سەردەکەوێت. [١١] بەری ڕەنجی خۆی دەبینێت تێردەبێت بە زانینی خزمەتکارە ڕاستودروستەکەم دادەری بۆ زۆر کەس دەکات ئەو تاوانەکانیان هەڵدەگرێت. [١٢] بۆیە لەگەڵ گەورەکان بەشی دەدەم لەگەڵ مەزنەکان دەستکەوت هش دەکات لەبەر ئەوەی بۆ مردن گیان لەسەر دەست بوو لەگەڵ یاخی بووان ژمێردرا کەچی گوناهی زۆر کەسی هەڵگرت و بۆ یاخی بووان ناوبژی کرد.

ئەوە ئەوەی کە پێغەمبەر ئیشایا نووسی سەبارەت بەو ئازارکێشانەی کە مەسیح دەیکێشێ تاکو سزای گوناهەکانمان بداتەوە. بەڵێ، ڕزگاری دەرەکە دەبوایە خوێنی خۆی بڕێژی بۆ هەموو گوناهباران تاکو خودا لە گوناهەکانمان خۆش بێت بێ ئەوەی لە ڕاستودروستی خۆی دەربچێت. لەبەر ئەوە بوو ئیشایا نووسی: [٥] بەاڵم ئەو لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا بوو... [٦] هەموو وەک مەڕ وێل بووین هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرت پەروەردگاریش هەموو تاوانەکانی ئێمەی خستە سەر ئەو. (ئیشایا ٥٣: ٥، ٦)

ئەم ئایەتە جوانە پەیامەی سیپارەی ئیشایا کورت دەکاتەوە: هەواڵی ناخۆش و مزگێنی خۆش.


یەکەم، هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە کە هەموومان گوناهبارین و هیچ ڕێگایەکمان نیە خۆمان ڕزگار بکەین! لەبەر ئەوە ئیشایا نووسی: (هەموو وەک مەڕ وێل بووین هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرت.)

دووەم، مزگێنی خۆش ئەوەیە کە خودا پلانێکی داناوە بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران، و ئەو پلانەش لە ڕێگای مردن و هەڵسانەوەی مەسیحە. لەبەر ئەوە ئیشایا نووسی: (بەاڵم ئەو لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا... خوداوەندیش هەموو تاوانەکانی ئێمەی خستە سەر ئەو.)

دەزانی گوناهتان چەن گەورەیە بەرامبەر خودا، پیرۆزترین خودا؟ باوەڕت بەوە هەیە کە مەسیح، ئەوەی لە پاکیزەیەك لەدایك بوو، (خودا لەگەڵماندایە) بوو؟ دەزانی بۆچی مەسیح دەبوایە خوێنی خۆی بڕێژێ وەك بەرخی قوربانی؟

بەوردی سەرنجی ئەو ووشە ژیان بەخشانەی پێغەمبەر ئیشایا بدە. خودا دەیەوێ یارمەتیت بدات تێ بگەی لە هەموو ئەو شتانەی ئیشایا نووسی لە بەشی پەنجا و سێ.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بە قوڵی بیر دەکەنەوە لەم پەیامەی پەروەردگار لە ڕێگای پێغەمبەر ئیشایا ناردوویەتی دەکەنەوە: ئێستا وەرن بکەوینە دەمەقاڵێ. پەروەردگار دەڵێت، (ئەگەر گوناهەکانتان وەک سووری ئاڵ بێت وەک بەفر سپی دەبێتەوە، ئەگەر وەک قرمز سوور بێت وەک خووری لێ دێت!) (ئیشایا ١: ١٨)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. دەزانی گوناهتان چەن گەورەیە بەرامبەر خودا، پیرۆزترین خودا؟

٢. باوەڕت بەوە هەیە کە مەسیح، ئەوەی لە پاکیزەیەک لەدایك بوو، (خودا لەگەڵماندایە) بوو؟

٣. دەزانی بۆچی مەسیح دەبوایە خوێنی خۆی بڕێژێ وەك بەرخی قوربانی؟

٤. پەیامی پێغەمبەر ئیشایا بەکورتی دوو خال بوو، چییە؟

وانەی ٥٦: پێغەمبەر ئیرمیا

ئیرمیا

لە وانەی ڕابردوو، خوێندینەوە کە پێغەمبەر ئیشایا زۆری نووسی دەربارەی مەسیح کە دەبوایە بێت. حەفت سەد ساڵ پێش لەدایك بوونی مسەیح، خودا لە بیری ئیشایا دانا چۆن ئەم ڕزگاری دەرە گوناهباران دێت لەلایەن ئامادەیی خوداوە و لە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت و ژیانێکی پیرۆز دەژی و موعجیزە وا دەکات کە کەس پێی نەکرێ. بەڵام هەروەها ئیشایا پێشبینی کرد کە مەسیح خوێنی خۆی دەڕێژێ وەك بەرخی قوربانی تاکو سزای گوناهی جیهان بداتەوە. کاتێ قوربانییەکەی تەواو بوو، ئەوا مردن دەبەزێنێ و لە قەبر هەڵدەستێتەوە و ژیانێکی تاهەتایی بۆ ئەو کەسانە دابین دەکات کە باوەڕی پێ دێنن. بۆ ئێستا پلانمان وایە دیراسەتی پێغەمبەرێکی تری مەزنی خودا بکەین – پێغەمبەر ئیرمیا.

ئیرمیا نزیکەی سەد ساڵ لەپاش پێغەمبەر ئیشایا ژیا. وەك تائێستا بینیمان، نەتەوەی ئیسرائیل کە چی دی نەتەوەیەکی یەکگر نین. بوون بە دوو نەتەوە: ئیسرائیل و یەهودا. لە چەرخی ئیرمیا، شانشینی ئیسرائیل کە لە باکوور بوو تێك شکابوو. خودا خەڵکی ئیسرائیلی دابووە دەستی دوژمنانیەوە چونکە ئەوان باوەڕیان بە پەیامی پێغەمبەران نەبوو و تۆبەیان نەکرد لە گوناهەکانیان. بۆیە، لە نەتەوەی جولەکە، تەنها یەهودا مابوو. یەهوداش نەتەوەی باشوور بوو، پایتەختەکەی قودس (واتا **ئۆرشەلیم**) بوو لەو شوێنەی پەرستگاکەی سلێمان بنیات نرابوو. وەك ئەوەی فێربووین تائێستا، یەهودا ئەو خێڵە بوو کەخودا بەڵێنی دابوو کەمەسیحی لێوە بێنێتە جیهان.

ئیرمیا جولەکە بوو. لە شارۆچکەیەکی بچووك لەدایك بوو پێنج کیلۆمەتر لە قودس دوور بوو. باوکی ئیرمیا کاهین بوو لە پەرستگاکەی لە قودس. لەو کاتە، زۆربەی جولەکەکان لە قودس هێشتا زۆر ئایینی بوون، شوێن کەوتووی داب و نەریتی باب و باپیرانیان بوون، بەڵام گوێیان لە ووشەی پەروەردگار خودا نەگرت. بەڵام ئیرمیا، پیاوێك بوو کەخۆش حاڵ بوو بە ووشەی خودا و بە گوێی دەکرد، بە پەرۆش بوو بۆ ئەو ڕۆژەی خودا مەسیح دەنێرێتە جیهان.

ئێستاش با بخوێنین چۆن خودا بانگی ئیرمیای کرد بۆئەوەی ببێت بە پێغەمبەر. لە بەشی یەکەمی سیپارەی ئیرمیا، نووسیویەتی: (ئیرمیا ١) [٤] جا وشەی پەروەردگارم بۆ هات و فەرمووی: [٥] (پێش ئەوەی لەناو سک شێوەت بکێشم، تۆم ناسی پێش ئەوەی لە منداڵدان بێیتە دەرەوە، تەرخانم کردیت، تۆم کرد بە پێغەمبەری نەتەوەکان.) [٦] بەڵام من وتم: (ئای ئەی پەروەردگاری باڵادەست، ئەوەتا من قسە نازانم، چونکە من مێردمنداڵم.) [٧] ئینجا پەروەردگار پێی فەرمووم: (مەڵێ، (من مێرمنداڵم.) چونکە بۆ لای هەرکێ بتنێرم دەڕۆیت و هەرچی فەرمانت پێ بکەم دەیڵێیت، [٨] لە ڕووی ئەوان مەترسە چونکە من لەگەڵتدام تا فریات بکەوم،) پەروەردگار ڕایگەیاند. [٩] ئینجا پەروەردگار دەستی درێژکرد و دەستی لە دەمم دا و پەروەردگار پێی فەرمووم: (ئەوەتا وشەی خۆمم خستە دەمی تۆوە. [١٠] ببینە ئەمڕۆ تۆم کرد بە سەرپەرشتیار بەسەر نەتەوەکان و شانشینەکانەوە بۆ ڕیشەکێش کردن و بە زەوی‌دادان بۆ لەناوبردن و ڕووخاندن بۆ بنیادنان و چاندن.)

بەو شێوەیە خودا بانگی ئیرمیای کرد بۆ ئەوەی ببێت بە پێغەمبەری. خودا ئەوی دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی بچێتە لای جولەکەی قەومی خۆی و پێیان ڕابگەێنێ کەخودا دادوەرییان دەکات ئەگەر تۆبە نەکەن لە گوناهەکانیان و ڕوو لە پەروەردگار و ووشە پیرۆزەکەی. ئەرکەکەی ئیرمیا قورس و دژوار بوو، لەبەر ئەوەی جولەکەکان نەیاندەویست کەس پێیان بڵێت کەکردارە ئایینەکانیان دڵی خودای خۆش نەکرد. بەڵام پێغەمبەر ئیرمیا کەسێکی دنیایی نەبوو. بۆیە، بۆ ماوەی بیست و چوار ساڵ ئیرمیا ووتاری کرد لە قودس و لە خاکی یەهودا و دەیووت: (خودا دەیەوێ ئاگادارتان بکاتەوە ئەگەر لە گوناهەکانتان تۆبە نەکەن و بە گوێی ووشەی پەروەردگار نەکەن، ئەوا خودا وادەکات سوپای نەتەوەی بابل بێن و قودس داگیر بکەن و شارەکە و پەرستگاکە وێران دەکەن و دەیسوتێنن! و وەك دەست کەوت دەتانبەن خاکێکی زۆر دوور!) ئەمە ئەو پەیامەیە کە ئیرمیا بانگی بۆ کرد لەنێوان ئەو جولەکانەی

لە یەهودا دەژیان.

با چەن پارچەیەك لە نووسینەكانی ئیرمیاتان بۆ بخوێنینەوە كەئاگاداری جولەكەكانی كردەوە. لە سیپارەی ئیرمیا ولە بەشی حەفت دەخوێنینەوە: (ئیرمیا ٧) [١] ئەو وشەیەی لەلای پەروەردگارەوە بۆ ئیرمیا هات و فەرمووی: [٢] (لەناو دەروازەی ماڵی پەروەردگاردا بوەستە و لەوێ بانگەوازی ئەم وشەیە بدە و بڵێ، (گوێ لە وشەی پەروەردگار بگرن، ئەی هەموو یەهودا، ئەی ئەوانەی لەم دەرگایە دێنە ژوورەوە بۆ كرنۆش بردن بۆ پەروەردگار. [٣] پەروەردگاری سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو: (ڕێگا و كردەوەكانتان چاك بكەنەوە و منیش لەم شوێنەدا نیشتەجێتان دەكەم. [٤] پشت بەم قسە درۆیانە مەبەستن، بڵێن، (پەرستگای پەروەردگار، پەرستگای پەروەردگار، پەرستگای پەروەردگارە ئەمانە!) [٥] چونكە ئەگەر بە تەواوی ڕێگا و كردەوەكانی خۆتان چاككردەوە و ئەگەر بە تەواوی دادپەروەری پەیڕەو بكەن لەنێوان مرۆڤ و هاوڕێكەی. [٦] ستەم لە نامۆ و هەتیو و بێوەژن مەكەن، خوێنی بێتاوان مەڕێژن لەم شوێنەدا، دوای خوداكانی دیكە مەكەون، بۆ خراپەی خۆتان. [٧] جا من لەم شوێنەدا نیشتەجێتان دەكەم، لەو زەوییەی بە باووباپیرانتانم داوە، لە هەتاهەتاوە و

تا تاهەتایە. [٨] ئەوەتا ئێوە پشتتان بە قسەی درۆ بەستووە كە بێ سوودە. [٩] ((وا دەزانن دەتوانن بدزن و بكوژن و داوێنپیسی بكەن... دوای خوداكانی دیكە بكەون كە نایان ناسن، [١٠] ئینجا بێن و لەبەردەمم لەم ماڵەدا بوەستن كە بە ناوی منەوە ناونراوە و بڵێن، (فریامان بكەوە!) بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە ئەنجامدانی هەموو ئەم قێزەوەنە؟

بەو شێوەیە ئیرمیا گلەیی لە جولەكە كرد كەوا وایان نیشان دەدا كە خودا دەناسن بەڵام بە كردەوە خودایان ڕەت دەكردەوە. لە بەشی حەفدەیەمین، ئیرمیا دەڵێت: (ئیرمیا ١٧) [٥] پەروەردگار ئاوای فەرموو: (نەفرەت لێ كراوە ئەو كەسەی پشت بە ئادەمیزاد دەبەستێ و مرۆڤ دەكات بە بازووی خۆی و دڵی لەسەر پەروەردگار ادەبات... [٩] دڵ لە هەموو شتێك فریودەرتر دەرمانی نییە، كێ دەیناسێت؟ [١٠] من پەروەردگارم، پشكێنەری دڵ تاقیكەرەوەی دەروون، تا بە هەریەكە بەگوێرەی ڕێگاكانی پێی بدەم بەگوێرەی بەروبوومی كردەوەكانی.

بۆیە، ئیرمیا خەڵكی یەهودای ئاگادار كردەوە و پێانی ڕاگەیاند: (ئەگەر تۆبە نەكەن لە گوناهەكانتان و ڕوو لە خودا نەكەنەوە، ئەوا سوپای بابل شاری قودس و پەرستگاكەی وێران دەكات، و ئێوەش دەبن بە كۆیلەیان!)

ڕات چیە بەم شتە؟ بەڕای تۆ خەڵكی یەهودا ڕێزی ووشەی پەروەردگار و ئاوەریان لێ دایەوە كە لە زاری ئیرمیاوە قسەی لەگەڵیان كرد؟ زۆربەیان ئاوڕیان لە ئاگادارییەكە نەدایەوە! تەنانەت كاهینەكانیش باوەڕیان بە قسەكانی ئیرمیا نەكرد. لە ڕاستی دا، كاتی كاهینەكان گوێیان لە قسەكانی بوو، دەستگیریان كرد و بە قامچی لێیان دا و پێ بەستیان كرد ئەو ڕۆژە. كاهینەكان نەیانتوانی باوەڕ بكەن كە خودا وا دەكات بابلییەكانی دوژمنیان بێنەناو قودس و شارەكە و پەرستگاكەی كە سلێمان بنیاتی نابوو وێران بكەن. لەبیری ئەوان، ئەم شتە مەحاڵ بوو! لەئیرمیا تورە بوون چونكە پێشبینی وێران بوونی قودسی كرد و ووشەی خودای لە سیپارەیەك نووسی.

نەك تەنها خەڵكەكە و كاهینەكان ووشەی پێغەمبەری خودا ئیرمیا قەبوڵیان نەكرد، هەروەها پاشای یەهوداش ڕەتی كردنەوە. لە ڕاستیدا، كاتێ پاشا ئەو سیپارەیەی ئیرمیا نووسیبوی خوێندیەوە، پەرتوكەكەی دڕاند بە چەقۆ و فڕێی دایە ناو ئاگردانەوە تاكو هەموو پەرتووكەكە سووتا! پاشای یەهودا ئاوای كرد. لە گوناهی خۆی تۆبە نەكرد و ووشەی پەروەردگاری قەبوڵ نەكرد. بەڵێ، پاشا پەرتوكی ئیرمیای سووتاندی، بەڵام نەیتوانی ڕاگەیاندنەكەی خودا بگۆڕێ. خودا زۆر بە ئاسانی وای كرد ئیرمیا جارێكی تر ووشەی بنووسێتەوە لە سیپارەیەكی تر.

ئەگەر دیراسەتی سیپارەی ئیرمیا بكەی، دەبینی چۆن پاشا و كاهینەكان و خەڵكی یەهودا زۆر بەمەزنی ئیرمیایان چەوساندەوە، و زۆر جار لە زیندانیان دەكرد. تەنانەت جارێك لە چاڵی قوڕاوی قوڵیان دانا. بەڵام خودا هاتە ڕزگاركردنی، بە ناردنی پیاوێكی ئەفریقی كەوا لە چاڵەكە دەری كرد.

شتێکی گرنگ هەیە سەرنجی بدەین ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی جولەکە ڕەتیان کردەوە گوێ لە پێغەمبەر ئیرمیا بگرن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کەگوێیان لە کەس ڕاناگرن! ئەوان گوێیان لە مرۆڤ ڕادەگرت کەوا بە خۆیان دەوت پێغەمبەر – بەڵام ئەوان پێغەمبەری سەختەبوون! نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کەزۆر پیاو هەبوون خۆیان دەکرد بە پێغەمبەری خودا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان دوو ڕوو بوون فریودەر بوون، لەبەر ئەوەی پەیامەکانیان لەلایەن خوداوە نەبوو. لە دەرئەنجامدا، و لەو کاتەی ئیرمیا هاواری دادوەری خودای دەکرد کەبەسەر قودسدا دێت، پێغەمبەرە ساختەکانی یەهودا دەیان ووت، (نا، نا! ئەو کارەساتەی ئیرمیا پێشبینی دەکات ڕووندادات! بابل ناتوانێ قودس وێران بکات! کەس ناتوانێ پەرستگای خودا وێران بکات! ئێوە کارەسات نابینن! تەنها ئاشتی دەبینن، تەنها ئاشتی!)

بەڵام ئیرمیا بۆ هەموو جولەکەکان دوا و ووتی، (ئیرمیا ٢٣) [١٦] پەروەردگاری سوپاسالار ئاوای فەرموو: (گوێ مەگرن لە قسەی ئەو پێغەمبەرانە کە پێشبینیتان بۆ دەکەن ئەوان تەفرەتان دەدەن، لە بینینی دڵی خۆیانەوە دەدوێن نەک لەسەر زمانی پەروەردگارەوە. [٢١] من ئەو پێغەمبەرانەم نەنارد، خۆیان غاریان دا من قسەم لەگەڵیان نەکرد، خۆیان پێشبینیان کرد. [٢٢] ئەگەر لە ئەنجومەنی منـدا وەستابان وشەکانی منیان بە گەلەکەم دەوت و لە ڕێگا خراپەکانیان و لە خراپەی کردەوەکانیان دەیانگێڕانەوە.


بۆیە ئیرمیا جولەکەکانی ئاگادار کردەوە لەو ووشانەی درۆیان بە خەڵك دەوت. بەڵام بەداخەوە، زۆربەی خەڵکی یەهودا ووریای ئاگادارییەکەی ئیرمیای پێغەمبەری خودا نەبوون. لەشوێنی ئەوە، باوەڕیان بە ووشەکانی پێغەمبەر ساختەکان کرد. بەڵام لە کۆتاییدا و لەپاش ئەوەی زۆر درەنگ بوو، پاشا و کاهینەکان و خەڵکەکە و پێغەمبەرە ساختەکان زانیان کێ ووشەی ڕاستی خودای ڕاگەیاند! ئەو ڕاستییەیان زانی لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شتانە ئیرمیا ڕایگەیاند سەبارەت بە وێران بوونی قودس هاتە دی. ووشەی خودا هەمیشە دێتە دی.

با بزانین نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ: (ئیرمیا ٥٢) [٤] ئەوە بوو لە ساڵی نۆیەمی پاشایەتییەکەی سدقیادا... نەبوخەدنەسەری پاشای بابل بەخۆی و هەموو سوپاکەیەوە هاتە سەر ئۆرشەلیم و ئوردوگای کرد و بە چواردەوری‌دا قوللەی بنیاد نا. [٥] جا شارەکە کەوتە ژێر گەمارۆوە... [٦] لە مانگی چواردا، لە نۆی مانگـدا برسییەتی لە شارەکەدا هێندە سەخت بوو کە گەلی خاکەکە نان نەبوو بیخۆن. [٧] جا کەڵێن لە شارەکە کرایەوە... [٩] جا پاشایان گرت سەریان خست بۆ لای پاشای بابل... و لەوێدا دادگایی کرد و [١٠] پاشای بابل کوڕەکانی سدقیا و هەموو میرەکانی یەهودای لەپێش چاوی‌دا لە ڕیڤلە کوشت و [١١] هەردوو چاوی سدقیاشی هەڵکۆڵی و بە دوو زنجیری مس کۆتی کرد و پاشای بابل... [١٣] پەرستگای پەروەردگار و کۆشکی پاشا و هەموو ماڵەکانی ئۆرشەلیم و هەموو ماڵی ناوداڕەکانی بە ئاگر سووتاند و [١٤] سووڕەکانی ئۆرشەلیمیش بە چواردەوری‌دا، لەلایەن سوپای کلدانییەکانەوە ئەوانەی لەگەڵ فەرماندەی پاسەوانانی پاشادا بوون، ڕووخێنران. [١٥] جا لە ڕەشوڕووتی گەل و پاشماوەی گەلیش ئەوانەی لە شارەکەدا مابوونەوە و ئەوانەی بۆ لای پاشای بابل هەڵاتبوون لەگەڵ پاشماوەی بیناسازەکان، نەبوزەردانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا ڕاپێچی کردن. [١٦] بەڵام نەبوزەردانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا لە ڕەشوڕووتی زەوییەکەی هێشتەوە بۆ ڕەزەمێوەکان و بۆ کێڵگەکان. [٢٧] ... ئینجا یەهودا لە خاکەکەی خۆی ڕاپێچ کرا.

بەو شێوەیە دەبینین چۆن خودا هەموو ئەو شتانەی جێ بەجێ کرد لە لەسەر زاری پێغەمبەری ئیرمیا پێشبینی کرد. ئێستا هەموو جولەکەکان زانیان کە ووشەکانی ئیرمیا ووشەی ڕاستی بوون. بەڵام ئەم زانیارییە هیچ سوودی نەبوو بۆیان، لەبەر ئەوەی ئەوان کەوتنە دەستی سەربازەکانی بابلی! چۆن دەتوانین وانەی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ بێنین؟ ڕەنگە بەم بیرۆکەیە بێت: لە ڕۆژی دوایی، هەموو نەوەی ئادەم لە کۆتاییدا دەزانن چی ڕاستە و چی درۆیە. بەڵام، خودا دەیەوێ ئێستا ڕاست و ساختە لێك جیابکەیەوە – لەبەر ئەوەی لە ڕۆژی دادوەری هیچ سوودی نابێ ئەگەر ڕاستی بزانی، ئەو ڕاستییەی تۆ ڕازی نەبووی لە کاتی ژیانت لەسەر زەوی! لە ڕۆژی دادوەری تۆبە کردنی زۆر درەنگ دەبێت، لەبەر ئەوەی لەناو گوناهەکانت فەوتای! لەبەر ئەوە ووشەی خودا دەفەرموێ: ئەوەتا ئێستایە کاتی پەسەندی خودا و ئێستایە ڕۆژی ڕزگاری. (٢ کۆرنسۆس ٦: ٢) خۆشەویستان، بڕوا بە هەموو ڕۆحێک مەکەن، بەڵکو

ڕۆحەکان تاقی بکەنەوە، بزانن ئایا لە خوداوەیە، چونکە زۆر پێغەمبەری درۆزن هاتوونەتە جیهان. (١ یۆحەنا ٤: ١)

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی ئەم بەڵێنە دەدەیت لە پەروەردگارەوە، کە لەلایەن پێغەمبەر ئیرمیاوە نووسراە. پەروەردگار خودا دەفەرموێ، (بەدوامدا دەگەڕێن و دەمدۆزنەوە، کاتەک بە هەموو دڵتانەوە بەدوامدا دەگەڕێن.) (ئیرمیا ٢٩: ١٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ڕات چیە بەم شتە؟ بەڕای تۆ خەڵکی یەهودا ڕێزی ووشەی پەروەردگار و ئاوەریان لێ دایەوە کە لە زاری ئیرمیاوە قسەی لەگەڵیان کرد؟

٢. چۆن دەتوانین وانەی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ بێنین؟

٣. ئیستا هەموو جولەکەکان زانییان کە ووشەکانی ئیرمیا ووشەی ڕاستی بوون، بەڵام بۆچی ئەم زانیارییە هیچ سودی نەبوو بۆیان؟

وانەی ٥٧: پێغەمبەر دانیال

دانیال ١ و ٦

لە وانەی ڕابردوو، تەماشای سیپارەی ئێرمیامان کرد. پێغەمبەر ئێرمیا نزیکەی شەش سەد ساڵ پێش هاتنی مەسیح ژیا. بینیمان چۆن ئێرمیا جولەکەی قەومی خۆی ئاگادار کردەوە و پێیانی ووت ئەگەر لە گوناهەکانیان تۆبە نەکەن و ڕوو لە خودا نەکەن، ئەوا سوپای نەتەوەی بابلی شارەکەی قودس وێران دەکەن و بە کۆیلە دەیانبەن. بەداخەوە، زۆربەی جولەکەکان گوێیان لە پێغەمبەرە ساختەکان گرت و ڕەتیان کردەوە وریای پەیامەکەی ئێرمیا بڕن. بۆیە خوێندمانەوە چۆن سوپای بابلی هاتن و شاری قودسیان وێران کرد و جولەکەکانیان ڕاکێشا بەرەو بابل. هەموو شتێك وەك ئەوەی خودا لەسەر زاری ئێرمیای پێغەمبەری پێشبینی کرد ڕووی دا.

بەڵام وێران بوونی قودس مانای ئەوە نەبوو کە خودا پشتی لە جولەکە کرد، ئەو قەومەی زۆر لەوە پێش هەڵبژاردبوون. خودا ناتوانێ ئەو پەیمانەی لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب بەستای لە بیر بکات کاتێ فەرمووی، (هەموو نەتەوەکانی جیهان لە تۆوە بەرەکەت دەکرێن.) خودا پلانی خۆی لە بیر نەکردبوو بە ناردنی ڕزگاری دەرەکە بۆ جیهان لەنێو نەتەوەی جولەکە کە لە نەوەی ئیبراهیمن. بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان بۆمان دەگێڕێتەوە چۆن خودا ئاگای لە جولەکەکان بوو لە بابل بۆ ماوەی حەفتا ساڵ تا ئەو ڕۆژەی هێنایانیەوە قودس، هەر وەك بەڵێنی دابوو.

ئێستا پلانمان وایە دەربارەی پیاوە گەنجێکی جولەکە بخوێنینەوە، کەوا یەکێك بوو لە گیراوەکانی بابل. ئەو گەنجە پێغەمبەری خودا دانیالە. ناوی دانیال مانای (خودا دادوەرمە) یە. ئەو گەواهی دانیال بوو بە کورتی. دانیال لە کەس نەدەترسا تەنها لە خودای بالادەست نەبێت، ئەو خودایەی ڕۆژێ لە ڕۆژان هەموو کەس دەبێت حیسابی لەگەڵدا بکات. دانیال هیچ گرنگی نەدا بەڕای مرۆڤ دەربارەی ئەو. تەنها بیری خودا گرنگ بوو لای ئەو. خودا دادوەری دانیال بوو. دانیال باوەڕی بەوە هەبوو کە پێغەمبەر سلێمان زۆر لەوە پێش نووسیبوی، کە دەڵێ: (ترسی مرۆڤ تەڵە دەنێتەوە، بەڵام ئەوەی پشت بە پەروەردگار ببەستێت پەناگیر دەبێت.) (پەندەکان ٢٩: ٢٥)

خودا هانی دانیالی دا سیپارەیەکی بنچینەیی بنوسێ. سیپارەی دانیال بینینی (یاخود پێشبینی) زۆر لە خۆ دەگرێ کە مێشکی مرۆڤ ناتوانێ دایبێنێ. تەنها خودا دەزانێ لە ئایندە چی ڕوو دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر دانیال زۆر شتی دەربارەی مێژووی نەتەوەکانی جیهان نووسی — و مێژووی ئەو نەتەوانەی نووسی پێش ئەوەی تەنانەت ئەو نەتەوانە دروست بن! بۆ نموونە، دانیال نووسی چۆن شانشینی فارسی و یۆنانی و ڕۆما دێنە ئاراوە و پاشایەکانیان چی دەکەن. و ئەو شتانەی نووسی سەدان ساڵ پێش ئەوەی ئەو نەتەوانە بوونیان هەبێ! هەروەها، وك زۆربەی پێغەمبەرانی خودا، دانیال سەبارەت بە هاتنی یەکەم و هاتنی دووەمی مەسیحی نووسی. دانیال پێشبینی کرد کە یەکەم هاتنی مەسیح (دەبڕدرێتەوە) بە مانای دەکرێ کوژراوەك بە قوربانی گوناه (دانیال ٩: ٢٦)، بەڵام کە مەسیح دەگەڕێتەوە سەر زەوی ئەوا هەموو جیهان دادوەری دەکات لە ڕاستودروستی. بخوێنن لەو بینینەی پێغەمبەر دانیال هەیبوو سەبارەت بە هاتنی دووەمی مەسیح: تەماشام دەکرد و تەختەکان دانران و دێرینی ڕۆژان دانیشت، جلەکانی وەک بەفر سپی بوون و مووی سەریشی وەک خوری بێگەرد وابوو و تەختەکەشی بڵێسەی ئاگر بوو و چەرخەکانیشی ئاگری داگیرساو بوو. ڕووبارێکی ئاگر هەڵقوواڵێ و لە بەردەمیەوە دەرچوو، هەزاران هەزار خزمەتیان دەکرد و دەیان هەزار دەیان هەزار لە بەردەمیدا ڕاوەستاون. جا دادگا دانیشت و کتێبەکان کرانەوە.

لە بینینی شەودا دەمبینی، ئەوەتا لەگەڵ هەوری ئاسماندا یەکێک وەک کوڕی مرۆڤ بوو هات، بۆ لای دێرینی ڕۆژان هات و بردیانە بەردەمی. جا دەسەڵات و شکۆ و پاشایەتی پێدرا تا هەموو گەلان و نەتەوەکان و زمانەکان خزمەتی بکەن. دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتێکی تاهەتاییە و لەناو ناچێت، پاشایەتییەکەی بنبڕ نابێت. (دانیال ٧: ٩، ١٠، ١٣، ١٤)

ئێستاش، تەماشای چیرۆکی پێغەمبەر دانیال خۆی دەکەین. لەیەکەم بەشی سیپارەی دانیال، دەبینین چۆن نەبوخەدنەسەری پاشای

بابل، هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی چەن گەنجێکی جولەکە تاکو مەشقیان پێ بکات خزمەت بکەن لە پاشایەتییەکەی. ئەو کەسانەی هەڵدەبژارد کە زۆر ڕێك وپێك و زیرەك بوون – ئەوانەی حەزیان لە هەموو شێوازەکانی فێربوون هەبوو و توانای فێربوونی ئەلف و بای قورسی زمانی بابلیان هەبوو. دانیالیش یەکێك بوو لەوانە پاشا هەڵیبژاردن.

بۆیە دانیال دەستی کرد بە خوێندن لە قوتابخانەکانی بابل. بەڵام، دانیال لە یەکەم ڕۆژە تووشی کێشەیەك بوو. پاشای گەورەی بابل بڕیاری دابوو کە ئەو گەنجانەی هەڵیبژاردبوون و بەشێك بوون لە قوتابخانەکەی دەبوایە باشترین شەراب بخۆنەوە و باشترین خواردن بخۆن. بەڵام، ئەم شەراب و خواردنە پێش کەش کرابوو بە بتەکان. ئایا دانیال دەتوانێ بەشداری بکات لە پەرستنی بت؟ بێ گومان نەخێر! باشە بۆچی؟ لەبەر ئەوەی دانیال لە خودا دەترسا. دانیال پێی باشتر بوو بمرێ نەوەك شتێك بکات پەروەردگار خودای تورە بکات. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: بەڵام دانیال خستیە دڵییەوە کە بە خواردنە خۆشەکانی پاشا و بە شەرابی خواردنەوە کەی گلاو نەبێت، جا داوای لە سەرۆک خەساوەکان کرد کە گلاو نەبێت. (دانیال ١: ٨)

نووسراوە پیرۆزەکان بۆمان دەگێڕێتەوە چۆن خودا دانیالی لەو کێشەیە ڕزگار کرد و بەرەکەتداری کرد و زانیاری و داناییێکی قوڵی پێ بەخشی، بۆیە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: بۆیە دانیال لە هەموو کاروبارێکی دانایی تێگەیشتن کە پاشا لەبارەیانەوە لێیانی پرسی، بینی دانیال دە هێندە لە سەرووی هەموو جادووگەر و ساحیرانی پاشایەتییەکەین. (دانیال ١: ٢٠) بۆیە، بۆ ماوەی حەفتا ساڵ، دانیال بۆ چوار پاشای جیاواز کاری کرد و خودا لەگەڵی دا بوو.

ئێستا حەز دەکەین تەماشای چیرۆکێکی ژیانی دانیال بکەین – چیرۆکێك کە پێمان نیشان دەدات دانیال لە کەس نەدەترسا تەنها لە خودا نەبێت. دەبینین چۆن دانیال جیاوازتر بوو لە لەو کارمەندانەی بۆ پاشا کاریان دەکرد. ئەوان لە جۆرە پیاوانە بوون کە زۆر بە ئاسایی ڕاستییان وەردەگێڕا و بەرتیلیان وەردەگرت – لەبەر ئەوەی ترسی خودا لە دڵیان نەبوو. بەڵام دانیال هەموو ناڕاستودروستێك و ساختەکارییێکی ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوەی ترسی خودا دڵی پڕ کردبوو. پێی باشتر بوو فڕێی بدەنە ناو چاڵی شێرەوە نەك دڵی خودا بشکێنێ.

ئەو شوێنەی چیرۆکەکەمان دەست پێ دەکات، دانیال ئێستا پیرەمێردکە و بە دڵسۆزییەوە خزمەتی چوارەم پاشای خۆی دەکات. شانشینی بابل چی دی پێی ناوترێ بابل، بەڵکو فارس، لەبەر ئەوەی دوو نەتەوە، نەتەوەیی ماد و فارس، بابلیان بەزاند و دابەشی دوو پارچەیان کرد، هەروەك پێغەمبەر دانیال پێشبینی کردبوو. لە بەشی شەش، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دانیال ٦) [١] داریوش پێی باش بوو سەد و بیست میرزا بەسەر پاشایەتییەکەوە دابنێت و بەسەر هەموو پاشایەتییەکەوە بن. [٢] لەسەر ئەمانیشەوە سێ وەزیر یەکێکیان دانیال بوو، تا میرزاکان حیسابەکان بخەنە بەردەمیان بۆ ئەوەی پاشا زیانی پێ نەگات. [٣] جا ئەم دانیالە لە هەموو وەزیر و میرزاکانی تێپەڕاند، چونکە ڕۆحێکی تەواوی تێدابوو و پاشاش بیری کردەوە کە بەسەر هەموو پاشایەتییەکەی دابنێت.

[٤] وەزیر و میرزاکان بەدوای هەڵەیەک دەگەڕان لە دانیالدا ببینننەوە سەبارەت بە پاشایەتییەکە، بەڵام نەیانتوانی نە هەڵە و نە سووچ بدۆزنەوە، چونکە دەست پاک بوو و خەتا و سووچی تێدا نەبوو. [٥] ئینجا ئەو پیاوانە وتیان: (هیچ هەڵەیەک لەم دانیالە نابینینەوە، تەنها ئەگەر لەبارەی شەریعەتی خوداکەیەوە نەبێت.)

[٦] جا ئەو وەزیر و میرزایانە لەلای پاشا کۆبوونەوە و ئاوایان پێ وت: (ئەی داریوش پاشا تاهەتایە هەر بژی! [٧] هەموو وەزیرەکانی پاشایەتییەکە و مەرزەوانەکان و میرزاکان و ڕاوێژکارەکان و فەرمانڕەواکان ڕاوێژیان کرد کە فەرزێکی پاشایانە دابنێن و بە تووندی جارپەدەن کە هەر کەسێک بۆ ماوەی سی ڕۆژ داوایەک لە خودایەک یان مرۆڤێک بکات، تەنها لە تۆ نەبێت ئەی پاشا با فڕێ بدرێتە ناو چاڵی شێرەکانەوە. [٨] ئێستاش ئەی پاشا جارپدانەکە جێگیر بکە و نووسینەکە ئیمزا بکە بۆ ئەوەی وەک شەریعەتی ماد و فارس نە گۆڕبێت کە پووچەڵ نابێتەوە. [٩] لەبەر ئەوە داریوش پاشا نووسین و جارپدانەکەی ئیمزا کرد.

[١٠] کە دانیال بە ئیمزاکردنی نووسینەکەی زانی، چووە ماڵەوە و پەنجەرەی ژوورەکەی سەرەوەی کە ڕووەو ئۆرشەلیم کراوە بوو، جا سێ جار لە ڕۆژێکدا چووە سەر چۆک و لەبەردەم خوداکەی نوێژی کرد و سوپاسی کرد وەک پێش ئەوە دەیکرد. [١١] جا ئەو پیاوانە کۆبوونەوە و بینیان دانیال لەبەردەم خوداکەیدا داوا دەکات و دەپارێتەوە. [١٢] بۆیە چوونە پێشەوە و لەبەردەم پاشا لەبارەی

جارِدانەکەی پاشا قسەیان کرد: (ئەی پاشا، ئایا تۆ جارِدانێکت ئیمزا نەکرد کە هەر کەسێک تا سی ڕۆژ لە هەر خودایەک یان مرۆڤێک داوایەک بکات تەنها لە تۆ نەبێت ئەی پاشا، فڕێ دەدرێتە ناو چاڵی شێرەکانەوە؟)

پاشا وتی: (فەرمانەکە ڕاستە و وەک شەریعەتی ماد و فارس وایە کە پووچەڵ ناکرێتەوە.)

[١٣] ئینجا وەڵامیان دایەوە و لەبەردەم پاشا وتیان: (ئەو دانیالەی لە نەوە ڕاپێچکراوەکانی یەهودایە هیچ گوێی نە بە تۆ ئەی پاشا و نە بەو جارِدانەی کە ئیمزات کرد نەداوە، بەڵکو ڕۆژی سێ جار داواکاری خۆی داوا دەکات.) [١٤] کە پاشا گوێی لەم قسەیە بوو زۆر ڕقی لە خۆی هەڵستا و دڵی لەسەر دانیال دانا تا فریای بکەوێت و تا خۆر ئاوابوون تێکۆشا تا دەربازی بکات. [١٥] ئینجا ئەو پیاوانە لای پاشا کۆبوونەوە و بە پاشایان وت: (ئەی پاشا بزانە کە شەریعەتی ماد و فارس ئەوەیە کە هەر جارِدانێک و فەرمانێک پاشا دای بنێت، ناگۆڕدرێت.) [١٦] ئەوسا پاشا فەرمانی دا و دانیالیان هێنا و فڕێیان دایە ناو چاڵی شێرەکانەوە، پاشاش بە دانیالی وت: (خودات ئەوەی تۆ بەردەوام خزمەتی دەکەیت، ئەو ڕزگارت کات.) [١٧] ئینجا بەردێک هێنرا و لەسەر دەمی چاڵەکە دانرا و پاشاش بە مۆری خۆی و مۆری گەورەپیاوانی مۆری کرد، نەوەک لەبەر دانیال شتێک بگۆڕدریت. [١٨] پاشاش گەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی و بە ڕۆژووگری مایەوە و کەنیزەکانی نەهێنرانە بەردەمی و خەوی لێزڕا.

[١٩] ئینجا پاشا بەیانی زوو هەڵستا و بە پەلە چووە لای چاڵی شێرەکان. [٢٠] کاتێک لە چاڵەکە نزیک بووەوە، بە دەنگێکی پەشیمانییەوە دانیالی بانگکرد و بە دانیالی وت: (ئەی دانیالی خزمەتکاری خودای زیندوو! ئایا ئەو خودایەی بەردەوام خزمەتی دەکەیت توانی لە شێرەکان ڕزگارت بکات؟) [٢١] دانیالیش لەگەڵ پاشا قسەی کرد و وتی: (ئەی پاشا تاهەتایە هەر بژی! [٢٢] خوداکەم فریشتەکەی خۆی نارد و دەمی شێرەکانی داخست و هیچ زیانیان پێ نەگەیاندم، چونکە بێتاوان بووم لەبەردەم ئەو و لەبەردەم تۆشدا ئەی پاشا، هیچ تاوانێکم نەکردووە.) [٢٣] ئینجا پاشا دڵی پێی خۆش بوو و فەرمانی دا دانیال لە چاڵەکەوە سەربخەن، جا دانیال لە چاڵەکەوە سەر خرا و هیچ زیانێکی پێ نەگەیشت بوو، چونکە باوەڕی بە خودای خۆی هەبوو. [٢٤] جا پاشا فەرمانی دا و ئەو پیاوانەیان هێنا کە سکاڵایان لە دانیال کرد و فڕێیان دانە ناو چاڵی شێرەکانەوە، خۆیان و ژن و منداڵەکانیان. هێشتا نەگەیشت بوونە بن چاڵەکە، شێرەکان پەلاماریاندان و هەموو ئێسکەکانیان تێکشکاندن.

[٢٥] پاشان داریوش پاشا بۆ هەموو گەلان و نەتەوەکان و زمانەکان کە لە هەموو زەوی‌دا نیشتەجێن نووسی: با ئاشتیتان زۆر بێت! [٢٦] لە منەوە فەرمان دەرچووە بەوەی کە لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتمدا، لەبەردەم خودای دانیال دەتۆقن و دەترسن، چونکە ئەو خودای زیندووە کە بۆ تاهەتایە دەمێنێت، پاشایەتییەکەی لەناو ناچێت و دەسەڵاتی تا کۆتاییە. [٢٧] ئەو ڕزگاردەکات و فریادەکەوێت و نیشانە و کاری سەرسوڕهێنەر دەکات لە ئاسمانەکان و لەسەر زەوی. ئەو دانیالی لە دەست شێرەکان ڕزگار کرد. ئامین

خوێندیت پاشای بت پەرست چی ووت، لەپاش ئەوەی بینی چۆن خودا دانیالی لە شێرەکانی ڕزگار کرد؟ ووتی، (لە منەوە فەرمان دەرچووە بەوەی کە لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتمدا، لە بەردەم خودای دانیال دەتۆقن و دەترسن، چونکە ئەو خودای زیندووە کە بۆ تاهەتایە دەمێنێت.)

ئەی خۆت، لە خودای دانیال دەترسی؟ ڕەنگە بپرسی، (خودای دانیال کێیە؟) خودای دانیال خودای ئیبراهیم و ئیسحاقە و یاقوب. خودای دانیال خودای پێغەمبەر موسا و داوودە. خودا دانیال ئەو خودایەیە کە نووسراوە پیرۆزەکانی پێمان داوە. ئەو خودایەیە کە بەڵێنی ناردنی ڕزگاری دەرێکی داوە کەوا گوناهباران ڕزگار دەکات لە هێزێك کە زۆر بە هێزترە لە هێزی شێرەکان، ئەویش هێزی شەیتان و گوناه و دۆزەخە! خودا دانیال تاکە خودای ڕاستەقینەیە!

لە خودای دانیال دەترسی؟ پرسیارەکەمان ئەوە نیە ئایا لەبرادەرەکانت و بیرەکانیان دەترسی، یان لە باب و باپیرانت و داب و نەریتەکانیان دەترسی، یان جادووکەران و داواکارییەکانیان! پرسیارەکەمان ئەوەیە: لە خودا دەترسی؟ دەتەوێ دڵی پەروەردگار خودا خۆش بکەی و گوێڕایەڵی ووشەی بی؟ دانیال لە خودا ترسا، لەبەر ئەوەش بوو لە مرۆڤ نەدەترسا. دانیال پێی باشتر بوو شەوێك لە چاڵی شێرەکان ببات سەر نەوەك دڵی پەروەردگار خوداکەی بشکێنێ! ئەی تۆ؟ لە خودا دەترسی؟ وەك دانیال لێی دەترسی؟ وەك دانیال ڕقت لە ناڕاستودروستیە؟ وەك دانیال خۆش حاڵی بە ووشەی خودا؟ یان تۆش وەك زۆربەی نەوەکانی ئادەمی

کە ڕاستی وەردەگێڕن و حەزیان لەپارەیە و نووسراوە پیرۆزەکان پشت گوێ دەخەن؟ لە خودا دەترسی؟

لە وانەی داهاتوو، پلانمان وایە تەماشای هەندێك پێشبینی سەرنج ڕاکێش کە لەلایەن زەکەریاوە نووسراوە، ئەو پێغەمبەرەی لەپاش دانیال هات.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بە ووردی سەرنجی ئەم ڕاستییە گرنگە دەدەیت: ترسی مرۆڤ تەڵە دەنێتەوە، بەڵام ئەوەی پشت بە پەروەردگار ببەستێت پەناگیر دەبێت. (پەندەکان ٢٩:٢٥)

گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا دانیال دەتوانێ بەشداری بکات لە پەرستنی بت؟ باشە، بۆچی؟

٢. پاشای بت پەرست چی ووت، لەپاش ئەوەی بینی چۆن خودا دانیالی لە شێرەکانی ڕزگار کرد؟

٣. خودای دانیال کێیە؟ ئەی خۆت، وەك دانیال لێی دەترسی، تۆ لە خودا دەترسی؟

٤. دەتەوێ دڵی پەروەردگار خودا خۆش بکەی و گوێڕایەڵی ووشەی بی؟

٥. ئەی تۆ، وەك دانیال ڕقت لە ناڕاستودروستیە؟

٦. ئەی تۆ، وەك دانیال خۆش حاڵی بە ووشەی خودا؟

٧. یان تۆش وەك زۆربەی نەوەکانی ئادەمی کە ڕاستی وەردەگێڕن و حەزیان لەپارەیە و نووسراوە پیرۆزەکان پشت گوێ دەخەن؟



وانەی ٥٨: پێغەمبەر زەکەریا

زەکەریا

دوو وانەی لەومەو پێش، فێربووین چۆن پێغەمبەری خودا ئیرمیا بە قەومی خۆی جولەکەی ووت ئەگەر وریای ووشەی خودا نەبن و تۆبە نەکەن لە گوناهەکانیان، ئەوا خودا ڕێگا دەدات بە سەربازەکانی بابل بێن و وڵاتەکەیان وێران بکەن و ڕایان مااڵن بەرەو دوور. زۆربەی جولەکەکان گرنگیان نەدا بە ئاگادراییەکانی ئیرمیا. لە دەرئەنجامدا، سوپای بابل لە ڕۆژهەاڵتەوە هاتن و قودسیان وێران کرد و پەرستگاکەیان تێك شکاند و جولەکەکانیان بە کۆیلە برد، و بەرەو بابل ڕاپێچ کران هەروەك پێغەمبەر ئیرمیا پێشبینی کردبوو. بەو شێوەیە جولەکەکان بلاو بوون، لەبەر ئەوەی ڕەتیان کردەوە بە گوێی ووشەی پێغەمبەری خودا بکەن.

بەاڵم ئایا نادڵسۆزی جولەکەکان دەتوانێ دڵسۆزی خودا تێك بدات؟ هەرگیز! بخوێنە پێغەمبەر ئیرمیا چی بە جولەکەکان ووت، کەوا ئێستا دەستگیر کراون لە بابل لەبەر گوناهەکانیان. پێیانی ووت: (ئیرمیا ٢٩) [٤]پەروەردگاری سوپاسالار خودای ئیسرائیل ئاوای فە رموو بە هەموو ئەو ڕاپێچەی لە ئۆرشەلیمەوە ڕاپێچم کردن بۆ بابل[١٠]... لە دەمی تەواوبوونی حەفتا ساڵ لە بابل، بەسەرتان دەکەمە وە و وشە باشەکەم سەبارەت بە ئێوە دەهێنمە دی، بە گەڕاندنەوەتان بۆ ئەم شوێنە. [١١]چونکە خۆم ئەو پلانە دەزانم کە بۆ ئێوەم دارشتووە... پلانی ئاشتی نەک خراپە، تا دواڕۆژ و هیواتان بدەمێ.

بەم ڕاگەیاندنە، پێغەمبەر ئیرمیا بە جولەکەکانی دەوت کە تەنانەت ئەگەر ئەوان خودایان لە بیر کردبێ، بەاڵم خودا ئەوانی لە بیر نەکردووە! لەپاش حەفتا ساڵ، خودا پلانی دانا بیانگەڕێنێتەوە بۆ خاکی باب و باپیرانیان. ئەوە ئەوەبوو کە ئیرمیا بە جولەکەکانی ووت کەوا دەست بەسەر داگیراو بوون لە بابل. بەڕاستی، خودا دڵسۆزە. خودا لە یادی نەچوو بوو کە بەڵێنی دابوو هەموو نەتەوەکانی جیهان لە ڕێگای نەوەکانی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب بەرەکەتدار بکات. خودا لە یادی نەچوو بوو کە نیازی بەخشینی متمانەی ووشەی خۆی بە گەلی ئیسرائیل بدات تاکو ئەوانیش بتوانن لەنێو نەوەکانی ئادەم بااڵوی بکەنەوە. لە دیراسەتەکەمان بینیمان چۆن خودا پێغەمبەرانی خۆی هەاڵدەبژارد لەنێوان جولەکەکاندا و وەحی بۆ دەناردن تاکو بانگەواز بۆ ووشە پیرۆزەکەی بکەن و بینووسن بۆ خەاڵکی نەوەی ئایندە. دەزانین چۆن خودا پەرتوکی تەوراتی لە بیری موسا چەسپاند و گۆزانییەکانی زەبوورەکان لە دڵی داوود. بە هەمان شێوەیە بینیمان چۆن خودا وەحی بۆ جولەکەکانی تر دەنارد وەك یەشوع و ساموئێل و سلێمان و ئیشایا و ئیرمیا و دانیال تاکو ووشەی خودا بنووسنەوە. سەرنجمان دا چۆن هەموو نووسینەکانی پێغەمبەرانی خودا ئەو پلانە سەرنج ڕاکێشە ڕادەگەیێنن کە خودا داینناوە بۆ ئەوەی ڕزگاری دەرێکی جیهان بنێرێ لە نەتەوەی ئیسرائیلەوە.

ئەمڕۆ دەبینین چۆن خودا جولەکەکانی ناردەوە بۆ خاکی یەهودا کەوا مەسیحی لێ لەدایك دەبێت، و بەو شێوەیە بەردەوام دەبێ لە پلانەکەی لە هێنانی مەسیح بۆ دونیا. فێردەبین چۆن جولەکەکان گەڕانەوە قودس لەپاش حەفتا ساڵی دەست بەسەر گیراوی، هەروەك پێغەمبەر ئیرمیا پێشبینی کردبوو.

کە دەست بە خوێندنەوە دەکەین، با لە یادمان بێت کە خاکی بابل ئێستا پێی دەوترێ فارس، لەبەر ئەوەی فارس بابلیان بەزاندبوو. لە بەشی یەکەمی سیپارەی عەزرا دەخوێنینەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(عەزرا ١) [١]لە ساڵی یەکەمی کۆرەشی پاشای فارسدا بۆ هاتنەدی وشەی پەروەردگار کە لەسەر زاری ئیرمیاوە فەرموو بووی، ڕۆحی پەروەردگار کۆرەشی پاشای فارسی ئاگادار کردەوە و ئەویش لە هەموو پاشایەتییەکەی دا جاڕی دا و هەروەها بە نووسینیش، وتی: [٢](کۆرەشی پاشای فارس ئاوا دەڵێت: پەروەردگار خودای ئاسمان هەموو شانشینەکانی زەوی داوە بە دەستم و ئەو ڕایسپاردووم لە ئۆرشەلیم ئەوەی لە یەهودا دایە پەرستگایەکی بۆ بنیاد بنێم. [٣]کێ لە ئێوە لە هەموو گەلەکەیەتی، با خودای خۆی لەگەڵ بێت و بە ڕەو ئۆرشەلیم ئەوەی لە یەهودا دایە سەرکەوێت و ماڵەکەی پەروەردگار خودای ئیسرائیل... [٥]جا سەرگەورەکانی ماڵە باوکانی یەهودا و بنیامین لەگەڵ کاهینەکان و لێڤییەکان و هەموو ئەوانەی خودا ڕۆحی ئاگادار کردنەوە هەستان بۆ ئەوەی بڕۆن تا ماڵەکەی پەروەردگار ئەوەی لە ئۆرشەلیمە بنیاد بنێن. [٦]هەموو ئەوانەش کە لە دەوروبەریان بوون بە قاپوقاجاخی زیو و زێڕ و بە کەلوپەل و

ئاژەڵی ماڵی و بە شتی نایاب یارمەتییان دان، جگە لە هەموو ئەو شتانەی بەخشینە ئازادەکان. [٧] کۆرەش پاشاش قاپوقاچاغەکانی ماڵی پەروەردگاری دەرهێنا، ئەوانەی نەبوخوزنەسەر لە ئۆرشەلیمەوە دەریهێنا بوون و لە ماڵی خوداکەی خۆی دانا.

ئایا خودا ئەو شتەی بەڵێنی دابوو لە زاری پێغەمبەر ئیرمیا زۆر لەوە پێش جێ بە جێ کرد؟ بێ گومان! تائێستا بینیمان چۆن خودا ڕێگای دا بەپاشای بابل قودس وێران بکات و پەرستگای خودا تێك بشکێنێ — وەك چۆن ئیرمیا پێشبینی کرد. و ئێستاش دەبینین کۆرەشی پاشای فارس، فەرمانی بە جولەکەکان دا ئەوەی حەزی لێیە بگەڕێتەوە بۆ خاکەکەیان و دووبارە پەرستگا و شاری قودس بنیات بنەنەوە — دووبارە وەك چۆن پێغەمبەر ئیرمیا پێشبینی کرد. بەڕاستی، پەروەردگار پاشای پاشایانە. ئەو ئەو کەسەیە کە کۆنترۆڵی کات و وەرزەکان دەکات. هەموو ئەو شتانەی ڕاییگەیێنێ دێتە دی! پێغەمبەر سلێمان نووسیویەتی: (دڵی پاشا لەناو دەستی پەروەردگار جۆگەی ئاوە، بۆ کوێ بیەوێت ئاراستەی دەکات.) (پەندەکان ٢١: ١)

پاشان نووسراوە پیرۆزەکان وسفی ئەوە دەکات چۆن گروپێکی جولەکە خاکی فارس بەجێ دێڵن و بەرەو خاکی یەهودا و شاری قودس گەشت دەکەن. جولەکەیەك بە ناوی **زروبابل** پێشەوایان بوو. کاتێ گەیشتنە قودس، تووشی کێشەیەکی زۆر بوون چونکە شارەکە وێران بوو، و ئەو پەرستگایەی سلێمان بنیاتی نابوو کەلاوە بوو. هیچ بەجێ نەمابوو لەوێ جگە لە پارچە بەردی شکاو و خۆڵەمێش.

بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان دەگێڕێتەوە چۆن جولەکەکان یەکەم جار کۆبوونەوەیەکیان بەستا لەو شوێنەی پەرستگای پەروەردگاری لێ بوو. لەوێ دووبارەی قوربانگاکەیان بنیات نایەوە و چەن ئاژەڵێکیان کردە قوربانی. پێکەوە سوپاس و ستایشی پەروەردگاریان کرد بۆ پاراستنیان لە بابل و فارس بۆ ماوەی حەفتا ساڵ و لەبەر هێنانەوەیان بۆ ولاتی خۆیان. خودا لەگەڵ ئەو جولەکانەدا بوو، بۆ یارمەتیدانیان و بەهێز کردنیان — تاکو لەپاش هەوڵدانێکی زۆر و چەن ساڵێکی زۆر لە ماندووبون — توانیان دووبارە پەرستگاکە بنیات بنەنەوە و شاری قودس و دیوارەکانی دەوری دروست بکەنەوە.

لەوانەیە تۆ بپرسیت، (چیرۆکی گەڕانەوەی جولەکەکان بۆ قودس چ پەیوەندییێکی بە ئێمەوە هەیە؟) گەڕانەوەی جولەکەکان بۆ خاکەکیان زۆر گرنگە چونکە لە خاکی یەهودا بوو، لە بەشی باشووری فەلەستین، کە مەسیح لە دایك دەبوو. پێویست بوو کە جولەکەکان بگەڕێنەوە خاکی یەهودا تاکو ڕزگاری دەری جیهان — ڕزگاری دەری تۆ — لەوێ لەدایك بێت!

لەو کاتەی جولەکەکان گەڕانەوە بۆ قودس، خودا پێغەمبەرێکی بۆیان دابین کرد بە ناوی زەکەریا. ئەم زەکەریایە جیاواز لەو زەکەریایەی باوکی پێغەمبەر یەحیا. خودا زەکەریای نارد بۆ بە هێزکردنی باوەڕی جولەکەکان بە خودا و بەڵێنەکانی. زەکەریا پەیامێکی گرنگە هەبوو بۆ گەیاندن. ئەو کاتەی خودا داینا بوو بۆ ناردنی مەسیح نزیك دەبووەوە! تەنها پێنج سەد ساڵ مابوو پێش ئەوەی ڕزگاری دەرەکە بێتە جیهان.

با تەماشای چەن ووشەیەك بکەین لە وانەی خودا لە بیری زەکەریای دانا. لە بەشی یەکەمی سیپارەی زەکەریا دەخوێنینەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (زەکەریان ١) [١] وشەی پەروەردگار بۆ زەکەریا پیغەمبەر کوڕی بەرەخیای کوڕی عیددۆ هات و فەرمووی: [٢] (پەروەردگار زۆر لە باووباپیرانتان تووڕە بوو...[٤] وەك باووباپیرانتان مەبن ئەوانەی پیغەمبەرەکانی پێشوو بانگیان کردن و وتیان: پەروەردگاری سوپاسالار ئاوا دەفەرموێت، (ئێستا بگەڕێنەوە لە ڕێگا خراپەکانتان و لە کردەوە خراپەکانتان،) بەڵام گوێیان نەگرت و سەرنجیان نەدامێ، پەروەردگار فەرمووی. [٥] کوا باووباپیرانتان لەکوێن؟ ئەی ئایا پیغەمبەران تاهەتایە دەژین؟ [٦] بەڵام وشەکان و فەرزە کانم کە فەرمانم پێکردن بە پێغەمبەرە خزمەتکارەکانم، ئایا بە باووباپیرانتان نەگەیشتن؟

خوێندیت لەو ئاگادارییە بوو کە پێغەمبەر زەکەریا بە جولەکەکانی دا؟ پێیانی ووت، (پەروەردگار زۆر لە باووباپیرانتان تووڕە بوو! وەك باووباپیرانتان مەبن!) بۆچی خودا لە باوباپیرانی جولەکە تووڕە بوو؟ خودا لێیان تووڕە بوو چونکە وریای ووشەی پێغەمبەران نەبوون کەوا خودا بۆیانی ناردبوو. لەبەر ئەوە بوو ئەنجامەکەیان دەست بەسەر داگرتن بوو لە بابل. باوباپیرانیان ئایینی بوون، بەڵام خودا دڵی پێیان خۆش نەبوو چونکە قسەی پێغەمبەرانیان پشت گوێ دەخست. جولەکەی ئەو کاتە وەك خەڵکی ئێستا وابوون کە دەڵێن، (بێ گومان باوەڕمان بە هەموو پێغەمبەران هەیە!) بەڵام ئاشکرایە کە ئەوان بە ڕاستی باوەڕیان بە پێغەمبەرانی خودا نیە، لەبەر

ئەوەی وریای ئەو شتانە نین کە پێغەمبەران نووسیویانە لە نووسراوە پیرۆزەکان. ئایینیان هەیە، بەڵام پەیوەندییکی کەسییان نیە لەگەڵ خودی خودا. زۆربەی باووباپیرانی جولەکە ئاوها بوون. تەقدیری ووشەی پێغەمبەرانیان نەگرت. بە زمان خودا بەرز ڕادەگرت بەڵام بە دڵ ووشەی خودایان وەرناگرت. بۆیە، خودا خزمەتکاری خۆی زەکەریای نارد بۆ جولەکەکان بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە شوێنی باووباپیرانی خۆیان نەکەون کەو بەردەوام دەیانوت (خودا، خودا، خودا) بە زمان، بەڵام ووشەی خودایان پشت گوێ دەخست کە لەسەر زاری پێغەمبەرانیەوە بۆیانی دەنارد.

لەپاش ئەوەی زەکەریا جولەکەکانی ئاگادار کردەوە، دەست کرد بە باسکردنی ڕزگاری دەری کە دێت. لە سیپارەی زەکەریا، بەشی نۆ، پێغەمبەر زەکەریا پێشبینی کرد کە مەسیح دێتە ناو شاری قودسەوە بە سواری گوێدرێژێك. ووتی، (ئەی کچی سیۆن زۆر دڵخۆش بە، ئەی کچی ئۆرشەلیم هاواری خۆشی بکە، ئەوەتا پاشایەکەت دێتە لات، دادپەروەرە و ڕزگارکارە، ڕۆحسووکە و سواری گوێدرێژ و جاش ماکەرێک بووە.) (زەکەریا ٩: ٩)

لە بەشی یازدە، زەکەریا پێش بینییکی سەیر نووسی یەك لەو ڕووداوانەی زەکەریا پێشبینی کرد ئەوە بوو کە مەسیح دەفرۆشرێ بە سی پارچە زیو. پێغەمبەر زەکەریا نووسیویەتی: (ئینجا پێم وتن: (گەر پێتان باشە، کرێیەکەم بدەنێ، ئەگەر نا لێی گەڕێن.) ئینجا کرێیەکەمیان بە سی پارچە زیو خەملاند... منیش سی پارچە زیوەکەم وەرگرت و بۆ گۆزەچییەکەی ناو ماڵی پەروەردگارم فڕێدا.) (زەکەریا ١١: ١٢، ١٣)

لەبەشی دوازدە، پێغەمبەر زەکەریا نەکە تەنها پێشبینی ئەوەی کرد کە جولەکەکان مەسیح دەفرۆشن، بەڵکو دەشیکوژن! ووتی: پەروەردگار دەفەرموێ، ڕۆحی میهرەبانی و پاڕانەوە بەسەر ماڵی داود و بەسەر دانیشتووانی ئۆرشەلیمدا دەبارێنم، جا تەماشای من دە کەن، ئەوەی زامداریان کرد و شیوەنی بۆ دەگێرن وەک شیوەن بۆ تاقانەیەک و لە تاڵیدا دەبن وەک لە تاڵیدا بوون بۆ نۆبەرەیەک... کە پێی دەڵێن: (ئەم برینانە چین لەدەستتدا؟) ئەویش دەڵێت: (ئەوەیە کە لە ماڵی دۆستانم پێی بریندار بووم.) (زەکەریا ١٢: ١٠ و ١٣: ٦)


بەم ووشانە زەکەریا پێشبینی کرد کە مەسیح برینی دەبێت لە دەستی. ئەم برینانە لە چییەوە دروست دەبێت؟ جولەکەی قەومی خۆی ڕۆمەکان رازی دەکەن کە لە خاچی بدەن. ڕۆمەکان ئەو کاتەی دەست و پێی بزمار ڕێژ دەکەن بە خاچەوە و پاشان بە ڕمێك لایەکی کون دەکەن. هەموو شتێك وەك ئەوەی زەکەریا پێشبینی کرد هاتە دی. ئەوەی پێغەمبەر زەکەریا نووسی لە ڕێککەوتنی هارمۆنیە لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەر داوود پێشبینی کرد سەدان ساڵ لەوە پێش لە زەبوورەکان. کاتێ کە دەربارەی مەسیح نووسی: (دەست و پێی خۆمیان کون‌کردوو) (زەبوورەکان ٢٢: ١٦)

برادەران، خودا دەیەوێ بزانین کە مردنی مەسیح لەسەر خاچەکە گرنگترین بەشی پلانەکەیەتی کەوا زۆر لەو پێش دایڕێژتووە بۆ ڕزگارکردنی نەوەکانی ئادەم لە سزای گوناهەکانیان. مەسیحی ڕاستودروست دەبوایە ئازار بکێشی تامردن بۆ ناڕاستودروستەکان! ئەوە پەیامی هەموو پێغەمبەرانی خودایە. ئەم هەموو شتە ڕوونە لات؟ تێ دەگەی لەوەی زەکەریا پێشبینی کرد دەربارەی مەسیح نزیکەی پێنج سەد ساڵ لە پێش لەدایك بوونی مەسیح؟ ئایا بەڕاستی باوەڕت بە پەیامی پێغەمبەران هەیە – کەوا مەسیح ئازار دەکێشی و دەمرێ وە یەکەم کەس لە مردن هەڵدەستێتەوە و بانگەوازی لێ خۆش بوون دەکات لە گوناە و هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان پێی هەیە دەکاتە بەهەشتەوە؟ باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟ (تەماشای کردری نێردراوان ٢٦: ١٨–٢٧ بکە) یاخود تۆش وەك جولەکەکانی، کەوا پێغەمبەرانی خودایان بە قسە بەرز ڕاگرت، بەڵام باوەڕیان بە پەیامەکانیان نەکرد؟

سەبارەت بە پەیامی پێغەمبەران، نووسراوە پیرۆزەکان ڕادەگەێنێ: (پێشبینییەکان بە سووک مەزانن.) (١ سالۆنیکی ٥: ٢٠) (هەروەها وشەی پێغەمبەرانمان هەیە و چەسپاوترە، چاك دەکەن ئەگەر ئاگاداری بن، وەک بۆ چرایەکی گەشاوە لە شوێنێکی تاریک، تاکو ڕۆژ هەڵدێت و ئەستێرەی بەیان لە دڵتاندا هەڵدێت.) (٢ پەترۆس ١: ١٩) (باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟) (کردری نێردراوان ٢٦: ٢٧)

لە وانەی داهاتوو بخوێنین ووشەی پێغەمبەرێك دەبین کە دوایەمین بەشی نووسراوی پیرۆز نووسیوە پێش هاتنی مەسیح.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بەدوایی وەلامێکی ڕاست دەگەڕێیت بۆ ئەم پرسیارە گرنگە لە ووشەی خودا: (باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟) (کرداری نێردراوان ٢٦: ٢٧)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا نادڵسۆزی جولەکەکان دەتوانێ دڵسۆزی خودا تێك بدات؟

٢. ئایا خودا ئەو شتەی بەڵێنی دابوو لە زاری پێغەمبەر ئیرمیا زۆر لەوە پێش جێ بە جێ کرد؟

٣. چیرۆکی گەڕانەوەی جولەکەکان بۆ قودس چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە؟

٤. لەو ئاگادارییە چی بوو کە پێغەمبەر زەکەریا بە جولەکەکانی دا؟

٥. بۆچی خودا لە باوباپیرانی جولەکە تورە بوو؟

٦. تێ دەگەی لەوەی زەکەریا پێشبینی کرد دەربارەی مەسیح نزیکەی پێنج سەد ساڵ لە پێش لەدایك بوونی مەسیح؟

٧. ئایا بەڕاستی باوەڕت بە پەیامی پێغەمبەران هەیە — کەوا مەسیح ئازار دەکێشی و دەمرێ وە یەکەم کەس لە مردن هەڵدەستێتەوە و بانگەوازی لێ خۆش بوون دەکات لە گوناە و هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان پێی هەیە دەکاتە بەهەشتەوە؟

وانەی ٥٩: پەیامی پێغەمبەران بەکورتی

مەلاخی

ئەوە ماوەیەکی درێژە یەکەم بەشی نووسراوە پیرۆزەکانمان دێراسەتمان کردوە. ئەم بەشە پێی دەڵێن پەیمانی یەکەم. هەروەها بە پەیمانی کۆن دەناسرێ. ئەم یەکەم بەشە تەورات و زەبوورەکان و نووسینەکانی تری پێغەمبەران لەخۆ دگرێ. هەروەك بینیمان، خودا زیاتر لە سی پێغەمبەری لە ماوەی هەزار و پێنج سەد ساڵدا بەکارهێنا بۆ نووسینی پەرتوکی پەیمانی یەکەم.

لە ئەم وانە، گەشتەکەمان لە یەکەم بەشی نووسراوە پیرۆزەکان کۆتایی پێ دێنین. بەڵام پێش ئەوەی تەماشای دوایەمین بەشەکانی پەرتوکی پەیمانی یەکەم بکەین، حەز دەکەین کەمێك باسی ئەوەی تائێستا وەرمان گرتووە لەم پەرتوکە پیرۆزە بکەین لە یەکەم وانەوە تائێستا. دەتوانین پەیامی هەموو پێغەمبەران بە سێ بیرۆکەی مەزن کورت بکەینەوە:

یەکەم: خودا پیرۆزە و دەبێت دادوەری هەموو گوناهێك بکات.

دووەم: هەموو نەوەکانی ئادەم لەناو گوناە لەدایك بوون و دەبێت ڕوو بە ڕووی دادوەری خودا ببنەوە.

سێیەم: خودا پلانی دانا ڕزگاری دەرێك بنێرێ کەوا سزای گوناە دەکێشێ لەشوێنی نەوەکانی ئادەم.

ئەوانە ئەو سێ ڕاستییەن کەوا هەموو پێغەمبەرانی خودا بانگەوازیان بۆی کرد. با ئەم سێ خاڵە دووبارە بکەینەوە.

یەکەم: خودا پیرۆزە و ناتوانێ چاو بپۆشی لە گوناە.

دووەم: مرۆڤ ناپیرۆزە، پڕە لە گوناە، و هیچ ڕێگایەکی نیە خۆی لە سزای گوناە ڕزگار بکات.

سێیەم: خودا پلانێکی هەیە بۆ پاککردنەوەی گوناهباران و ڕزگاریان بکات لە دادوەری.

ئەم سێ ڕاستییەت وەرگرت؟ دەزانی خودا چەن پیرۆزە؟ دەزانی گوناهەکانت چەن مەزنن لە چاوی ئەو کەسەی کە دەبێت دادوەریت بکات؟ دەزانی کە خودا پلانێکی هەیە بۆ ئەوەی پاکت بکاتەوە لە گوناهەکانت؟

بێ گومان، خودا پیرۆزە و مرۆڤ ناپیرۆزە. ئەم دوو ڕاستییەمان زۆر جار بینی لە نووسراوە پیرۆزەکان. پیرۆزی خودا ئەو هۆیە بوو کەخودا ئاگرێکی بۆ شەیتان و هەموو ئەوانەی شوێنی دەکەون دروست کرد کەتێر ناخوات. پیرۆزی خودا هۆیەك بوو کە خودا ئادەم و حەوای لە باخچەکەی بەهەشت دەرکرد لەو ڕۆژەی لە دارە قەدەغەکراوەکەیان خوارد. پیرۆزی خودا ئەو هۆیە بوو کەفەرمانی بە نەوەکانی ئادەم دا کەقوربانی ئاژەڵ بکەن وەك پێشکەش کراوێکی سووتاو بۆ داپۆشینی گوناە. پیرۆزی ئەو هەروەها هۆی ئەوە بوو کە پێشکەش کراوەکەی قابیل وەرنەگرێ. لەبەر ئەوەی خودا پیرۆزە، خەڵکی چەرخی نوحی فەوتان بە لافاوێك و ئاگری باراند لە چەرخی ئیبراهیم بەسەر خەڵکی سەدوم و عەمۆرا. پیرۆزی خودا ئەو هۆیەیە کە خودا ڕۆژێکی ئامادە کردووە کاتێ دادوەری هەموو جیهان دەکات لە ڕاستودروستی.

پێغەمبەرانی خودا نووسیویانە دەربارەی پیرۆزی خودا و ناپیرۆزی مرۆڤ، دەڵێن: ئەی تۆ لە سەرەتاوە نیت ئەی پەروەردگار؟... چاوە کانت لەوە پاکترن تەماشای خراپە بکەن و ناتوانیت ڕوو لە زوڵموزۆر بکەیت! (حەبەقوق ١: ١٢، ١٣) هەموو وەک شتی گلاومان لێ هات هەموو ڕاستودروستیمان وەک بەرگی پیسی ئافرەت بوو! (ئیشایا ٦٤: ٦) ئەگەر خودا زۆر پیرۆزە و مرۆڤ زۆر ناپیرۆزە، ئەو کاتە کێ ڕزگاری دەبێت؟ چۆن دەتوانین ڕزگارمان بێت لە ئاگری تاهەتایی دۆزەخ؟ نەوەکانی ئادەم چۆن دەتوانن ماوەی ئەزەلی لە حزوری خودا بەسەر بەرن، ئەو خودایەی پاك و بێگەردە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە سێیەم خاڵە لە پەیامی پێغەمبەران. لەپاش ئەوەی پێغەمبەران ئامۆژگاری خەڵکیان کرد و وتیان خودا پیرۆزە و نەوەکانی ئادەم ناپیرۆزن، ئەویان ڕاگەیاند کە خودا خۆی پلانێکی هەبوو بۆ پاککردنەوەی نەوەکانی ئادەم لە گوناهەکانیان.

گرنگترین پەیامی پەرتوکی پەیمانی کۆن ئەوەیە کە خودا بەڵێنی دا ڕزگاری دەرێکی ڕاستودروست بنێرێتە جیهان کەوا لەشوێنی نەوە

ناڕاستودروستەکانی ئادەم دەمرێت بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانەی باوەڕی پێ دێنن ڕزگاریان بێت. ئەمە پلانی خودا بوو و پلانی خودایە بۆ ڕزگار کردنی گوناهباران. تەنها لە ڕێگای خوێنە ڕژاوەکەی ڕزگاری دەرەکە خودا دەتوانێ لە گوناە خۆش بێت و گوناهباران بگەڕێنێتەوە لای خۆی، بێ ئەوەی لە ڕاستودروستی خۆی دەربچێ.

بۆ ئەوەی بەرەو پێش بڕوات لە پلانەکەی بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە بۆ جیهان، خودا بانگی ئیبراهیمی کرد تاکو بیکات بە نەتەوەیەکی نوێ، کەوا پێغەمبەرانی خودا و مەسیحی لێوە بێت. خودا لەگەڵ ئیبراهیم دوا و فەرمووی: جا دەتکەم بەبەرەکەت، هەموو نەتەوەکانی جیهان لەتۆوە بەرەکەت دەکرین. هەروەها ئیبراهیمیش ئیسحاقی بوو لەپیریدا، و ئیسحاقیش یاقوبی بوو، و یاقوبیش دوازدە کوڕی بوو کەوا خێڵەکانی ئیسرائیلیان بەرهەم هێنا. بۆیە، فێربووین کەکاتێ خودا بانگی ئیبراهیمی کرد، بەردەوام بوو لە پلانەکەی بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە بۆ جیهان، لەبەر ئەوەی لە خێڵی ئیبراهیم بوو و لە ڕێگەی نەتەوەی ئیسرائیل بوو کە مەسیح دەبوایە لەدایک بێت.

پاشان بینیمان چۆن نەوەکانی ئیسرائیل کۆچیان کرد لە خاکی کەنعان و لە میسر نیشتەجێ بوون، کەوا لەوێ بوون بەکۆیلەی میسرییەکان. بەڵام خودا گەلی ئیسرائیل، واتا نەوەکانی ئیبراهیمی لەیاد نەکردبوو. خودا بانگی موسای کرد تاکو گەلی ئیسرائیل ئازاد بکات و پێشەوایەتیان بکات بۆ ئەو خاکەی خودا بەڵێنی بە باووباپیرانی دابوو زۆر لەوە پێش. خودا هەروەها پێغەمبەر موسای بەکارهێنا تاکو پەرتوکێکمان پێشکەش بکات بەناوی تەورات، کە بنەمای هەموو شتێکە کە خودا بۆمانی ئاشکرا کردووە لەو کاتەوە.

لەپاش کاتی موسا، بینیمان چۆن خودا زۆر پێغەمبەری نارد بۆ گەلی ئیسرائیل، بەڵام زۆربەیان وریای ووشەی پێغەمبەران نەبوون. هەرچەندە نادڵسۆزی گەلی ئیسرائیل ڕێگای لە دڵسۆزی خودا و پلانەکەی کەوا دایڕشتبوو نەگرت بۆ ناردنی مەسیح بۆ جیهان! بۆیە بینیمان چۆن خودا داوودی هەڵبژارد وەک پاشای ئیسرائیل و ئەو پێغەمبەرەی کەوا خۆشترین بنچینەییترین گۆرانی لە سیپارەی زەبوورەکان نووسی. پێغەمبەر داوود زۆری دەربارەی مەسیح نووسی و چۆن نەوەکانی ئادەم دەیچەوسێننەوە و تەنانەت دەست و پێی کون دەکەن. بەڵام داوود هەروەها پێشبینی کرد کەلەپاش ئەوەی مەسیح خوێنی خۆی ڕشت وەک قوربانی کە گوناە دەسڕێتەوە، ئەوا مردن دەبەزێنێ و لە قەبر هەڵدەستێتەوە!

لەگەشتەکەمان لەنێو نووسراوە پیرۆزەکان، بۆمان دەرکەوت کەنەک تەنها موسا و داوود دەربارەی مەسیحیان نووسیوە. هەموو پێغەمبەرەکانی خودا هاتنی مەسیحیان ڕاگەیاند. بۆ نموونە، پێغەمبەر ئیشایا ڕایگەیاند کەمەسیح بە شێوەیەک لەدایک دەبێت، کە وەک خۆتان دەزانن، کەس بەو شێوەیە لەدایک نەبووە. ووتی: (ئەوەتا پاکیزەیەک سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی لێ دەنێن ئیمانوێل. واتا: خودا لەگەڵمانە.) (ئیشایا ٧: ١٤ و مەتا ١: ٢٣) پێغەمبەر ئیشایا ئەمەی نووسی حەفت سەد ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح.

پێغەمبەرێکی تر هەبوو کەوا لە هەمان کاتی ئیشایا ژیا. ناوی میخا بوو. خودا ناوی ئەو شارەی بۆ میخای ئاشکرا کرد کە مەسیح لێی لەدایک دەبێت. با بزانین پێغەمبەر میخا چی نووسیوە. لە سیپارەی میخا، بەشی پێنج دەخوێنینەوە: بەڵام تۆ ئەی بێتلەحمی ئەفراتە هەرچەندە لەنێوان هەزارانی یەهودادا بچووکیت، لە تۆوە بۆ من دەردەچێت ئەوەی دەبێتە فەرمانڕەوای ئیسرائیل ڕەچەڵەکی لە دێرزەمانەوەیە لە ڕۆژانی سەرەتاوە. (میخا ٥: ٢) بۆیە میخا ڕایگەیاند کەمەسیح لە شاری بێت لەحم لەدایک دەبێت، شاری داوودی پاشا! سێ وانەی تر دەبینین چۆن خودا ئەو پێشبینییەی هێنایە دی، لەبەر ئەوەی لە شاری بێت لەحم بوو کە مەسیح لەدایک بوو، هەروەک پێغەمبەری خودا میخا ڕایگەیاند سەدان ساڵ لەوە پێش.

بێ گومان خودا بە وریایەوە گەیشتنی ڕزگاری دەری جیهانی ئامادە کرد! پەرتوکی پیرۆزی خودا سەدان سەرچاوەی پێغەمبەران لەخۆ دەگرێ دەربارەی هاتنی مەسیح. ڕەنگە بپرسن: بۆچی خودا ئەم هەموو بیرانەی لە مێشکی پێغەمبەران چەسپاند دەربارەی مەسیح پێش ئەوەی بێتە جیهان؟ یەک هۆی گەلێ گرنگە هەیە. خودا وەحی نارد بۆ پێغەمبەران بۆ ئەوەی دەربارەی مەسیح زۆر بنوسن بۆ ئەوەی کەکاتی هاتنی هات و هەموو ئەو شتانەی جێ بەجێ کرد کە پێغەمبەران دەربارەی ئەویان نووسیوە، ئەو کاتە

بەبێ هیچ گومانێك دەزانین کەئەو بەتەنیا ڕزگاری دەرە کەخودا ناردی. خودا نایەوێ هەموو کەس فریوت بدات! خودا دەیەوێ بزانی مەسیح، ڕزگاری دەری گوناهباران کێیە، تاکو باوەڕی پێ بێنی و شوێنی بکەوی و ڕزگارت بێت لە گوناهەکانت. ئەوە یەکێکە لە هۆیەکان کە خودا ئەم پەرتوکە جوان و پشت پێ بەستراوەی پێمان داوە بەناوی پەیمانی یەکەم – تاکو بتوانین ڕاستی لە هەڵە جیابکەینەوە.

ئێستاش بۆ ئەوەی گەشتەکەمان کۆتا پێ بێنین لە پەیمانی یەکەم، حەز دەکەین بخوێنین لە سیپارەی مەلاخی، دوایەمین سیپارە لە پەیمانی یەکەم. ووشەکانی پێغەمبەر مەلاخی گرنگن بۆمان، لەبەر ئەوەی دوایەمین ووشەن کە خودا ناردی بۆ نەوەکانی ئادەم پێش مەسیح بێتە جیهان. تەنها چوار سەد ساڵ ماوە پێش ئەوەی مەسیح لەدایك بێت.

پێغەمبەر مەلاخی نووسیوە لە دوایەم بەشی پەیمانی یەکەم. دەڵێ، (ئەوەتا پەیامبەری خۆم دەنێرم و ڕێگاکە لەپێشم ئامادە دەکات و لەناکاو دێتە ناو پەرستگاکەی ئەو پەروەردگارەی ئێوە داوای دەکەن. نێردراوەکەی پەیمانیش کە دڵتان پێی خۆشە، ئەوەتا ئەویش دێت، پەروەردگاری سوپاسالار دەفەرموێت...(من پەروەردگارم ناگۆڕێم... بەڵام بۆ ئێوە، ئەی ئەوانەی لە ناوەکەم دەترسن، خۆری ڕاستودروستیتان لێهەڵدێت و چاکبوونەوە لە باڵەکانی دایە!) (مەلاخی ٣: ١، ٦ و ٤: ٢)

بۆیە پێغەمبەر مەلاخی پێشبینی کرد کە خودا پلانی دانا پێغەمبەرێك لە پێش مەسیح بنێرێت بۆ ئەوەی ڕێگاکەی لە پێش ئامادە بکات. دەزانی ئەو پێغەمبەرە کێ بوو؟ لە وانەی داهاتوومانداا، دەبینین کە ئەو کەسەی کە ڕێگا لە پێش مەسیح ئامادە دەکات پێغەمبەر یەحیا بوو.

بەڵام، مەلاخی هەروەها نووسی: پەروەردگاری باڵادەست دەفەرموێ: (نێردراوەکەی پەیمانیش کە دڵتان پێی خۆشە، ئەوەتا ئەویش دێت... من پەروەردگارم ناگۆڕێم!) (مەلاخی ٣: ١)

نزیکەی دوو سەد ساڵ زووتر، پێغەمبەر ئیرمیا پێشبینی کرد: ئەوەتا ڕۆژانێک دێت، پەروەردگار دەفەرموێت، (پەیمانێکی نوێ لەگەڵ ماڵی ئیسرائیل و ماڵی یەهودادا دەبەستم، نەک وەک ئەو پەیمانەی لەگەڵ باووباپیرانیاندا بەستم ئەو ڕۆژەی دەستیانم گرت بۆ ئەوەی لە خاکی میسر دەریان بکەم، کاتێک پەیمانەکەی منیان شکاند، منیش ڕەتیانم کردەوە،) پەروەردگار ڕایگەیاند، (وەک ئەم پەیمانە لەگەڵ ماڵی ئیسرائیلدا دەبەستم دوای ئەو ڕۆژانە،) پەروەردگار ڕایگەیاند، (فێرکردنەکانم دەخەمە ناویانەوە و لەسەر دڵیان دەینووسم...لە تاوانەکەیان خۆش دەبم و چیتر باسی گوناهەکەیان ناکەم.) (ئیرمیا : ٣١: ٣١–٣٤)

بەم ووشانە خودا ڕایدەگەیاند کە مەسیح پەیمانێکی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێ کەوا بەڵێنەکان و مەرجەکانی پەیمانی یەکەم جێ بەجێ دەکات. پەیمانە نوێیەکە پشت بە مرۆڤ نابەستێ کەوا نەیتوانی ڕێز لە پەیمانی خودا بگرێت، بەڵکو پشت بە خودا دەبەستێ کەوا بە دڵسۆزی و بەزەیی خۆی، مەسیح دەنێرێ، پەیامبەری پەیمانەکە.

بۆ هەزاران ساڵ خودا داوای قوربانی ئاژەڵی کرد تاکو بتوانێ لە گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم خۆش ببێت. قوربانی ئاژەڵ بەشێکی گرنگ بوون لە پەیمانی یەکەم کەوا خودا بە مرۆڤێ بەخشی لە ڕێگای پێغەمبەرانیەوە. بەڵام مەسیح پەیمانی نوێ دێنێتە جیهانەوە، لەبەر ئەوەی هەموو هێماکانی قوربانی ئاژەڵ دێنێتە دی، و بەو شێوەیە پەیمانی یەکەم دەناتە لاوە.

مەسیح نایەت تاکو ووشەکانی پێغەمبەران پووچەڵ بکاتەوە، بەڵکو جێ بە جێیان بکات. لەبەر ئەوە پێغەمبەر مەلاخی بە مەسیح دەڵێت، (خۆری ڕاستودروستی.) مەسیح چۆن دەبێت وەکو خۆر؟ پێغەمبەران وەك مانگ یاخود وەك مۆم بوو کەوا تۆزێك ڕووناکی دەخەنە ناو جیهانێکی تاریك. بەڵام مەسیح خۆری هەڵاتووە، لەبەر ئەوەی ئەو هات بۆ ئەوەی تاریکی گوناهەکانمان دەربکات و بمانخاتە سەر ڕێگای ڕاستودروستی تاهەتا! کێ پێویستی بە ڕووناکی مانگ یان مۆم هەیە کاتێ کەخۆر هەڵدێت؟ مەسیح خۆری ڕاستودروستییە! لە وانەی داهاتوومانداا دەخوێنین کە زەکەریا، باوکی پێغەمبەر یەحیا، دەربارەی مەسیح قسەی کرد بە شێوەیەکی نزیك لەوە و فەرمووی: (بەهۆی بەزەییە بەسۆزەکەی خودامانەوە، کە بەهۆیەوە ڕووناکی لە بەرزاییەوە بەسەرماندا دەڕەخشێت، تاکو

بەسەر ئەوانەی لە تاریکی و لە سێبەری مەرگدا دانیشتوون بدرەوشێتەوە، بۆ ئەوەی پێیەکانمان بە ڕێگای ئاشتیدا ببات.)
(لۆقا ١: ٧٨، ٧٩) ئامین!

ئیتر بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی گەشتەکەمان لە پەرتوکی پەیمانی یەکەم (واتە پەیمانی کۆن). بۆ جاری داهاتووش دەست بە بەشی جوانی پاش ئەوە دەکەین، کەو پەیمانی نوێیە (واتە کیتابی ئینجیلی پیرۆز). لەناو ئینجیل بۆمان دەردەکەوێ چۆن مەسیح ووشەکانی پێغەمبەرانی هێنایە دی.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ وریای ئەم ئاگادارییە دەبنیت: هەروەها وشەی پێغەمبەرانمان هەیە و چەسپاوترە، چاک دەکەن ئەگەر ئاگاداری بن، وەک بۆ چرایەکی گەشاوە لە شوێنێکی تاریک، تاکو ڕۆژ هەڵدێت و ئەستێرەی بەیان لە دڵتاندا هەڵدێت.
(٢ پەترۆس ١: ١٩)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئەم سێ ڕاستییەت وەرگرت، چییە؟
٢. دەزانی خودا چەن پیرۆزە؟
٣. دەزانی گوناهەکانت چەن مەزنن لە چاوی ئەو کەسەی کە دەبێت دادوەریت بکات؟
٤. دەزانی کە خودا پلانێکی هەیە بۆ ئەوەی پاکت بکاتەوە لە گوناهەکانت؟
٥. ئەگەر خودا زۆر پیرۆزە و مرۆڤ زۆر ناپیرۆزە، ئەو کاتە کێ ڕزگاری دەبێت؟
٦. چۆن دەتوانین ڕزگارمان بێت لە ئاگری تاهەتایی دۆزەخ؟
٧. بۆچی خودا ئەم هەموو بیرانەی لە مێشکی پێغەمبەران چەسپاند دەربارەی مەسیح پێش ئەوەی بێتە جیهان؟
٨. مەسیح چۆن دەبێت وەکو خۆر؟
٩. کێ پێویستی بە ڕووناکی مانگ یان مۆم هەیە کاتێ کە خۆر هەڵدێت؟

وانەی ٦٠ : پێغەمبەر یەحیا

لۆقا ١

جاری ڕابردوو، گەشتەکەمان تەواو کرد لەنێو بەشی یەکەمی نووسراوە پیرۆزەکان، ئەو بەشەی تەورات و زەبوورەکان و نووسینەکانی پێغەمبەران لەخۆ دەگرێ. ئەو بەشەی یەکەم پێی دەوترێ پەیمانی یەکەم، هەروەها ناسراوە بە پەیمانی کۆن. ئەمڕۆ دیراسەتەکەمان لە بەشی دووەم لە ووشەی خودا دەست پێ دەکەین، کە پێی دەوترێ پەیمانی نوێ.

بۆچی خودا پەرتوکی پیرۆزی خۆی کردووە بە دوو بەش، پەیمانی یەکەم و پەیمانی دووەم؟ خودا هۆی زۆری هەبوو بۆ ئەم شتە. ڕەنگە یەکەم شت کە پێویستە بیزانین ئەوەیە کە هەموو ئەو ووشانەی لە پەیمانی یەکەمدا هەیە لەپێش لەدایك بوونی مەسیح نووسرابوون، و ئەو ووشانەی پەیمانی نوێ لەپاش لەدایك بوونی مەسیح نووسران. بۆیە، پەیامی پێغەمبەرانی خودا لە پەیمانی یەکەم ئەمە بوو: (خودا مەسیح دەنێرێ!) بەڵام پەیامی پەیمانی نوێ ئەمەیە: (خودا مەسیحی نارد، هەروەك بەڵێنی دابوو لە زاری پێغەمبەرانی لە پەیمانی یەکەم!)

ئەم جیاوازییە گرنگە لەنێوان پەیمانی یەکەم و پەیمانی نوێ ڕوونە لاتان؟ هەندێ خەڵك ڕەخنە لە نووسراوە پیرۆزەکان دەگرن لەبەر ئەوەی پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێی هەیە. هەندێ کەس پێیان وایە کە پەیمانی نوێ مانای ئەوەیە کە کەسێك هەوڵی دا نووسینە ڕەسەنەکانی پێغەمبەران باتڵ بکات و جێگۆڕیان بکات لەگەڵ پەرتوکێکی تر! بەڵام بەو شێوەیە نیە. پەیمانی نۆی ئەو نووسینانەی پێغەمبەران لە پەیمانی یەکەم باتڵ ناکاتەوە – بەڵکو نووسینەکانیان جێگیر دەکات! پەیمانی نوێ پێمان نیشان دەدات خودا چۆن ئەو بەڵێن و پێشبینی و نیشانەکانی پەیمانی یەکەم جێ بە جێ دەکات. لە پەیمانی یەکەم، هەموو پێغەمبەران ڕایاندەگەیاند و دەیان ووت: (مەسیح دێت! دێت! دێت!) بەڵام پەیامی پەرتوکی پەیمانی نوێ ئەمەیە: (مەسیح هات! مەسیح، ئەوەی هەموو پێغەمبەران باسیان کرد و لەسەریان نووسی هات! ئەو هات!)

بەڵێ، دەبێت سوپاسی خودا بە دڵێکی پڕ خۆشییەوە بکەین کەوا نووسراوە پیرۆزەکان پەیمانی یەکەم و پەیمانی دووەم لە خۆی دەگرێ. لەبەر ئەوەی لەو دوو بەشەدا، دەتوانین ببینین ئەوەی خودا بەڵێنی دابوو زۆر لەوە پێش – هێنایە دی! خودا ڕزگاری دەرێکی بۆمان نارد، هەروەك بەڵێنی بە باووباپیرانمان دابوو لە تەورات و زەبوورەکان و پەرتوکەکانی تری پێغەمبەران. زەبوورەکان و پەرتووکەکانی تری پێغەمبەران وەك تۆی گەنم کەوا گەورە دەبێت و دەبێت گەنم، بە هەمان شێوە پەیمانی کۆن لە پەیمانی نوێدا گەورە دەبێت.

وەکو ئەوەی بیزانیت، دووەمین بەشی نووسراوە پرۆزەکان، واتا پەیمانی نوێ، ناوێکی دیکەی هەیە، کە ئینجیلە. ئەمە وشەیەکی عەرەبیە ئەوە واتای (موژدە). لە ڕاستیدە، پەیامی پەرتووکی ئینجیل هەوالّی زۆر باشە چونکە باسی لەوە دەکات چۆن مەسیح پێشبینیەکانی پێغەمبەرەکانی جێ بەجێ کرد. بەم جۆرە، دەرگای ئاشت کردەوە بۆ نەوەکانی ئادەم ببنەوە لەگەڵ خودا هەتاهەتا.

سەبارەت بە پەرتوکی ئینجیل، دەبێت بزانن کە مەسیح خۆی نەینووسیوە. هەروەك چۆن خودا چەن پیاوێکی بەکار هێنا بۆ نووسینی پەرتوکی پەیمانی یەکەم، بە هەمان شێوە زۆر پیاوی تری بەکار هێنا بۆ نووسینی پەرتوکی پەیمانی نوێ. خودا چوار پیاوی بەکار هێنا بۆ نووسینی چیرۆکی مەسیح کەوا هاتە سەر زەوی. ناوی ئەو چوار پیاوە مەتا و مارقۆس و لۆقا و یۆحەنا بوو. باشە بۆچی خودا چوار پیاوی هان دا بۆ ئەوەی چیرۆکی مەسیح بنووسنەوە؟ بۆچی تەنها یەك پیاوی بەکار نەهێنا بۆ نووسینەوەی پەرتوکی ئینجیل؟ هۆیەکەی ئەمەیە: خودا ویستی پەیامێکمان بۆ بنێرێ کەوا لە دەرەوەی بازنەی گومان بێت و شایەنی متمانەی تەواو بێت. چوار نووسەری بەکار هێنا تاکو ووشەی جێگیر بکەن. هەروەك مێزێك کە چوار پێی هەبێ باشتر ڕادەوەستێ لە مێزێك کە یەك پێی هەبێ، بۆیە پشت بە چوار شایەت زیاتر دەبەستێ لە تاکە شایەتێك. خودا چوار شایەتی گرت، تاکو بزانین کە هەموو ئەوەی لە پەرتوکی ئینجیل نووسراوە سەبارەت بە مەسیح بێ گومان تەواوە! هەروەك خودا ووشەی خۆی چەسپاند لەبیری پێغەمبەرەکانی، بەو

شێوەیە چوار پیاوی ڕێنمایی کرد کە لە هەمان چەرخی مەسیح دەژیان تاکو ئەوەی گوێیان لێ بوو و بینیان دەربارەی ڕزگاری دەری بنووسنەوە. (تێبینی: لە ڕاستیدا، خودا هەشت پیاوی هاندا دەربارەی مەسیح بنووسن. نامەکانی حەواریيەکان وەک پۆڵۆس و پەترۆس و یاقوب و یەهوزا هەروەها بەشێکن لە ئینجیل – نووسینەکانی ئینجیل – و هەموو ئەوەی نووسیویانە لە ڕێککەوتنێکی تەواو و شکۆدارە!)

دەزانی بە چ زمانێك مەتا و مارقۆس و لۆقا و یۆحەنا پەرتوکی ئینجیلی پیرۆزیان نووسی؟ بە زمانی یۆنانی نووسییان. بەڵام، ئێمە بە کوردی دەیخوێنینەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەمان یونانی نازانین! سوپاسی خودا دەکەین کە وای کرد شارەزایان ئینجیل وەرگێڕن لە یۆنانییەوە بۆ کوردی و نزیکەی دوو هەزار زمانی تر بە چوار دەورەی جیهانەوە.

بەڵێ، هەندێ جار گوێمان لەو کەسانە دەبێت کە دژی پەرتوکی ئینجیل ڕادەوستن و دەڵێن، (کەس ناتوانێ متمانەی پێ بکات. تەحریف کراوە! هەڵە و شتی دژ بە یەکی تێدایە!) برادەران، ئەوەی دژ بە ئینجیلی پیرۆز شەڕ بکات ئەوا لەگەڵ خودی خودا شەڕ دەکات. بەری ڕۆژیش بە بێژنگ ناگیرێ. نووسراوە پیرۆزەکان شایەنی متمانە و بە گوێ کردنی تەواومانن. هەروەك چۆن ووشەی خودا تەواوە لە تەورات و زەبوورەکان، بە هەمان شێوە لە ئینجیلیش تەواوە. نووسراوە پیرۆزەکان هەرگیز ناتوانرێ بشکێنرێ. خودا مەزنە و دەتوانێ ووشەی تاهەتایی خۆی بپارێزێ! ڕاستی خۆی پاراستووە بۆ هەموو ئەوانەی پڕ بە دڵ بەدوایدا دەگەڕێن. کەس ناتوانێ ووشەی خودای بەردەوام و زیندو لەناو بەرێ! ئەمە ئەوەیە کە پەروەردگار خۆی ڕایدەگەێنێ لە ئینجیل کاتێ دەفەرموێ: (ئاسمان و زەوی بەسەردەچن، بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەرناچن.) (مەتا ٢٤: ٣٥)

ئێستاش کاتی ئەوە هات دەست بە گەشتەکەمان بکەین لەنێو پەرتوکی ئینجیل، پەیمانی نوێ گەیشت. لە وانەی ڕابردوومانداء دەربارەی پێغەمبەر مەلاخیمان خوێند کەوا چوار سەد سالێ پێش مەسیح ژیا. لە ماوەی ئەو چوار سەد سالەی پاش مەلاخی، خودا هیچ پێغەمبەری تری بۆ جولەکەکان نەنارد تاکو ووشەی خودا بنوسن. باشە بۆچی خودا هیچ پێغەمبەری تری نەنارد؟ هیچ پێغەمبەری تری نەنارد چونکە پەرتوکی پەیمانی یەکەم تەواو بوو. خودا هەموو ئەو شتانەی کەدەیویست بێڵێ لەسەر زاری پێغەمبەرانەوە ووتی. ئێستاش خودا چاوەڕوانی کاتی دیاری کراوە کەوا مەسیح دێنێتە دونیاوە تاکو بتوانێ پەیمانی نوێ دابمەزرێنێ.

تائێستا خوێندمانەوە پێغەمبەر ئیشایا و مەلاخی چییان پێشبینی کرد سەبارەت بە پلانی خودا بۆ ناردنی پێغەمبەرێك پێش مەسیح تاکو ڕێگا خۆش بکات لەپێشی. دەزانی ئەو پێغەمبەرە کێ بوو؟ بەڵێ، پێغەمبەر یەحیا بوو. زەکەریا باوکی یەحیا بوو. زەکەریا کاهینێك بوو کەوا خزمەتی خودا و خەڵکی دەکرد بە پێشکەش کردنی قوربانی ئاژەڵ لەسەر قوربانگاکەی پەرستگاکە لە قودس.

ئیستاش با ئینجیلی پیرۆز بکەینەوە و بخوێنین لۆقا چی نووسی سەبارەت بە لەدایك بوونی پێغەمبەر یەحیا. لە بەشی یەکەم دەخوێنینەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لۆقا ١) [٥] لە سەردەمی هێرۆدسی شای یەهودیا، کاهینێک لە کۆمەڵەی ئەبیا هەبوو ناوی زەکەریا بوو، ئەلیساباتی ژنیشی لە نەوەی هارون بوو. [٦] هەردووکیان لەبەردەم خودا ڕاستودروست بوون، بێ گلەیی بوون لە پەیڕەوکردنی هەموو ڕاسپاردە و حوکمەکانی خوداوەند. [٧] بەڵام منداڵیان نەدەبوو، چونکە ئەلیسابات نەزۆک بوو، هەردووکیشیان بە ساڵدا چووبوون.

[٨] کاتێ لە نۆرەی کۆمەڵەکەی خۆیدا لەبەردەم خودا کاهینیەتی دەکرد... [١٠] هەموو کۆمەڵی خەڵکەکەش لە کاتی سووتانی بخوورەکە لە دەرەوە نوێژیان دەکرد. [١١] لەوێ فریشتەیەکی خوداوەندی بۆ دەرکەوت، لەلای ڕاستی قوربانگای بخوور ڕاوەستابوو. [١٢] کاتێ زەکەریا فریشتەکەی بینی، پەشۆکا و ترسی لێ نیشت. [١٣] بەڵام فریشتەکە پێی‌ووت: (زەکەریا مەترسە، چونکە پاڕانەوەت بیسترا، ئەلیساباتی ژنیشت کوڕێکی بۆت دەبێت و ناوی لێ دەنێیت یەحیا. [١٤] بۆ تۆ دەبێتە خۆشی و شادی، زۆر کەس بە لەدایکبوونی دڵخۆش دەبن، [١٥] چونکە لەبەردەم خوداوەند گەورە دەبێت. هەرگیز شەراب و مەی ناخواتەوە. لە سکی دایکییەوە پڕدەبێت لە ڕۆحی پیرۆز و [١٦] زۆر لە ڕۆڵەکانی ئیسرائیل بۆ لای خوداوەندی خودای خۆیان دەگەڕێنێتەوە. [١٧] بە ڕۆح و توانای ئەلیاسەوە بە پێش خوداوەند دەکەوێت، تاکو دڵی باوکان بۆ منداڵەکان و یاخیبووانیش بۆ دانایی ڕاستودروستان بگەڕێنێتەوە، تاکو گەلێکی ئامادە بۆ خوداوەند ڕێک بخات.)

[١٨] زەکەریاش بە فریشتەکەی وت: (بە چی ئەمە بزانم، چونکە خۆم پیرم و ژنەکەشم بە ساڵدا چووە؟) [١٩] فریشتەکە وەڵامی دایەوە: (من جبرائیلم لەبەردەم خودا ڕادەوەستم، نێردراوم تاکو لەگەڵت بدوێم و ئەم موژدەیەت بدەمێ. [٢٠] ئەوەتا لە ئێستاوە تۆ لاڵ دەبیت و توانای قسەکردنت نامێنێت تاکو ئەو ڕۆژەی ئەم شتانە دەبێت، چونکە باوەڕت بە قسەکەم نەکرد، ئەوەی لە کاتی خۆیدا دێتە دی.)

[٢١] خەڵکەکە چاوەڕوانی زەکەریایان دەکرد و سەرسام ببوون لە دواکەوتنی لەناو پەرستگادا. [٢٢] کاتێ هاتە دەرەوە نەیتوانی لەگەڵیان بدوێت، جا زانییان کە لە پەرستگادا بینینێکی دیتووە، چونکە ئیشارەتی بۆ دەکردن و بە لاڵی مایەوە. [٢٣] کاتێ ڕۆژانی خزمەتکردنەکەی تەواوبوو، گەڕایەوە ماڵ. [٢٤] دوای ئەو ڕۆژانە، ئەلیساباتی ژنی سکی کرد،... [٢٥] (خوداوەند ئاوای لەگەڵ کردم لەم ڕۆژانەدا ئاوڕی لێم دایەوە، تاکو لەناو خەڵکی شوورەییم لابەرێت.)

دەبینین چۆن خودا جبرائیلی فریشتە نارد بۆ لای زەکەریا بۆ ئەوەی پێی ڕابگەێنێ چۆن ئەلیساباتی خێزانی کوڕێکی دەبێ. ئەم کوڕە دەبێتە پێغەمبەرێکی گەورە کەوا ڕێ خۆش دەکات لە پێش مەسیح. بۆیە، لە کۆتایی بەشەکە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لۆقا ١) [٥٧] ئەلیسابات کاتی منداڵبوونی هات و کوڕێکی بوو. [٥٨] جا دراوسێ و خزمانی بیستیان خوداوەند بەزەیی فراوانی خۆی بۆ دەرخستووە، لە گەڵی شادومان بوون. [٥٩] لە ڕۆژی هەشتەمدا بۆ خەتەنەکردنی منداڵەکە هاتن، لەسەر ناوی باوکی ناویان لێنا زەکەریا. [٦٠] بەڵام دایکی وتی: (نەخێر، ناوی دەنرێت یەحیا.)

[٦١] پێیان وت: (کەس لە خزمانت بەم ناوە نەنراوە.) [٦٢] ئینجا ئیشارەتیان بۆ باوکی کرد، دەیەوێت چ ناوێکی لێ بنێت. [٦٣] تەختەیەکی داواکرد و لەسەری نووسی: (ناوی یەحیایە.) هەموو سەرسام بوون. [٦٤] دەم و زمانی زەکەریا کرایەوە، قسەی کرد و ستایشی خودای دەکرد. [٦٥] هەموو دراوسێیەکانیان ترسیان لێ نیشت و لە سەراپای زوورگەکانی یەهودیا باسی هەموو ئەم شتانە دەکرا. [٦٦] هەموو ئەوانە ی بیستیان لە دڵی خۆیاندا هەڵیانگرت، وتیان: (ئایا ئەم منداڵە دەبێتە چی؟) چونکە دەستی خوداوەندی لەگەڵبوو.


[٦٧] زەکەریای باوکیشی پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز و پێشبینی کرد، وتی: [٦٨] (ستایش بۆ خوداوەند، خودای ئیسرائیل، چونکە گەلەکەی بەسە رکردەوە و کرییەوە. [٦٩] شاخی ڕزگاریمانی هەڵستاندەوە، لە ماڵی داودی خزمەتکاری، [٧٠] وەک لە کۆنەوە بە زمانی پێغەمبەرە پیرۆزەکانی دووواوە، [٧١] ڕزگاربوون لە دوژمنانمان و لە دەست هەموو ناحەزانمان، [٧٢] بۆ دەرخستنی بەزەیی بۆ باوکانمان و بۆ یادکردنەوەی پەیمانە پیرۆزەکەی. [٧٣] ئەو سوێندەی بۆ ئیبراهیمی باوکمانی خواردە: [٧٤] لە دەست دوژمنانمان دەربازمان بێت، کە بمانداتێ بێ ترس بیپەرستین، [٧٥] هەموو ڕۆژانمان بە پیرۆزی و ڕاستودروستی لەبەردەمی.

لەپاش ئەوەی زەکەریا ئەمەی وت، ڕووی لە یەحیا کرد، ئەوەی کۆرپە بوو و وتی، [٧٦] تۆش ئەی منداڵ، بە پێغەمبەری خودای هەرەبە رز ناودەبردرێیت، چونکە پێش خوداوەند دەکەویت، تاکو ڕێگای بۆ ئامادە بکەیت، [٧٧] تاکو زانیاری ڕزگاری بە لێخۆشبوونی گوناهەکانیان بدەیتە گەلەکەی، [٧٨] بەهۆی بەزەییە بەسۆزەکەی خودامانەوە، کە بەهۆیەوە ڕووناکی لە بەرزاییەوە بەسەرماندا دەڕەخشێت، [٧٩] تاکو بە سەر ئەوانەی لە تاریکی و لە سێبەری مەرگدا دانیشتوون بدرەوشێتەوە، بۆ ئەوەی پێیەکانمان بە ڕێگای ئاشتیدا ببات.)

بۆیە، زەکەریا ستایشی خودای کرد لەپاش لەدایك بوونی یەحیا لەبەر ئەوەی زانی کە کاتی لەدایك بوونی مەسیح هاتووە! یەحیا، کوڕی زەکەریا، مەسیح نەبوو، بەڵکو ئەو کەسەی لەپێش مەسیح دێت تاکو هاتنی مەسیح ڕابگەێنێ و ئامادەباشی بکات لەپێشی.

حەز دەکەین بۆ جاری داهاتووش لەگەڵمان بن کاتێ ئەو چیرۆکە دەخوێنینەوە دەربارەی چۆن خودا جبرائیلی فریشتەی خۆی نارد بۆ لای پاکیزەیەك بەناوی مەریم تاکو پەیامێکی زۆر گرنگی پێ ڕابگەێنێت. وانەی داهاتوومان پڕ دەبێت لە ڕاستی بە بەها.

خودا بەرەکەتدارت بکات کە بە ووردی سەرنجی ئەم ووشانەی زەکەریا دەدەیت:
(ستایش بۆ پەروەردگار!... چونکە گەلەکەی بەسەرکردەوە و کرییەوە. شاخی ڕزگاریمانی هەڵستاندەوە، لە ماڵی داودی خزمەتکاری، وەک لە کۆنەوە بە زمانی پێغەمبەرە پیرۆزەکانی دووواوە،) (لۆقا ١: ٦٧–٧٠)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی خودا پەرتوکی پیرۆزی خۆی کردووە بە دوو بەش، پەیمانی یەکەم و پەیمانی دووەم؟

٢. ئەم جیاوازییە گرنگە لەنێوان پەیمانی یەکەم و پەیمانی نوێ ڕوونە لای تۆ؟

٣. بۆچی خودا چوار پیاوی هان دا بۆ ئەوەی چیرۆکی مەسیح بنووسنەوە؟ بۆچی تەنها یەك پیاوی بەکار نەهێنا بۆ نووسینەوەی پەرتوکی ئینجیل؟

٤. دەزانی بە چ زمانێك مەتا و مارقۆس و لۆقا و یۆحەنا پەرتوکی ئینجیلی پیرۆزیان نووسی؟

وانەی ٦١ : ڕاگەیاندنەکە

لۆقا ١ و مەتا ١

لەماوەی شەست وانەی ڕابردوو، دیراسەتی نووسراوە پیرۆزەکانی پەیمانی یەکەم دەکەین، کەوا تەوراتی موسا و زەبوورەکانی داود و نووسینەکانی پێغەمبەرەکانی تر. لە وانەی ڕابردوو دەستمان کرد بە دیراسەتی نووسراوە پیرۆزەکانی پەیمانی نوێ، کەوا ئینجیلە، ئینجیل ووشەیەکی عەرەبیە بە مانای (مزگێنی خۆش) دێت. بە ڕاستی، پەیامی ئینجیل مزگێنی خۆشە بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دێنن، لەبەر ئەوەی پێمان دەڵێت کە خودا ڕزگاری دەرێکی گەورەی نارد زەوی، هەروەك بەڵێنی بە پێغەمبەرانی زۆر لەوە پێش دابوو.

پێش ئەوەی دەست بکەین بە دیراسەتمان لە ئینجیل، باشترە با بە یادمان بێتەوە بۆچی خودا پلانی دانا ڕزگاری دەرێك بۆ نەوەکانی ئادەم بنێرێ. دێتەوە بیرت چی ڕووی دا لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا بە قسەی خودایان نەکرد؟ لە تەورات بینیمان چۆن بە گوێ نەکردنەکەی ئادەم هەموو ڕەگەزی مرۆڤی لە شانشینی خودا دوور کردەوە و بۆ ناو شانشینی شەیتانی برد. گوناهەکەی ئادەم هۆی ئەوەیە کە هەریەك لە ئێمە لە خراپەکاری لەدایك بووین. چی بچێنی ئەوە دەدوریەوە، بە هەمان شێوە ئادەم و نەوەکانی تەنها منداڵی گوناهباریان بە دەست دەکەوێ گوناهبار گوناهبار بەرهەم دێنێ. گوناهەکانمان ئیدانەمان دەکات تا ئەو ڕادەیەی هیچ ڕێگایەکمان نیە خۆمان ڕاست بکەینەوە بەرامبەر ئەو خودایەی کە دەبێت حوکمان بکات!

بەڵام، ستایش بۆ خودا کە نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران لەلای چیرۆکی سنووربەزاندنی ئادەم تەواو نابێ! وەك تائێستا بینیمان، لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، خودا دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی پلانە سەرسوڕهێنەرەکەی بە ناردنی ڕزگاری دەرێك بۆ جیهان کەوا نەوەکانی ئادەم ڕزگار دەکات لە دەسەڵاتی شەیتان و گوناه. لەو ڕۆژە تاریکەی گوناه هاتە ناو جیهان، خودا ڕایگەیاند کە ئەم ڕزگاری دەرە بە تاق و تەنیا لە (ئافرەتێك) لەدایك دەبێت. (پەیدابوون ٣: ١٥ و گەلاتیا ٤: ٤) مەسیح، کەوا دەبوایە خوێنی خۆی بڕێژی وەك قوربانیەکی تەواو بۆ گوناهباران، نەدەکرا لەنەوەی باوکێکی زەمینی بێت کە لەکەی گوناهی پێوەبێ. دەبوایە کاملّ و پیرۆز بێت وەك چون خودا کامل و پیرۆزە. لەبەر ئەوە بوو پێغەمبەر ئیشایا (کەوا حەفت سەد سالّ پێش هاتنی مەسیح ژیا) نووسی: پاکیزەیەک سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی دەنێن ئیمانوێل، واتا: خودا لەگەڵمانە. (ئیشایا ٧: ١٤ و مەتا ١: ٢٣)

با ئێستا بگەڕێنەوە بۆ ئینجیل تاکو بتوانین ببینین چۆن خودا بەڵێنەکەی هێنایە دی سەبارەت بەم ڕزگاری دەرە تەواو و پیرۆزە کەوا دەبوایە لە پاکیزەیەك لەدایك بێت – ئافرەتێکی گەنجی کەوا هەرگیز لەگەلّ پیاوان نەنووستبێت. لە وانەی ڕابردوومانداا، بینیمان چۆن جبرائیلی فریشتەی خودا بەدیار کەوت بۆ جولەکەیەك بە ناوی (زەکەریا). جبرائیل لە زەکەریای وت کەوا خۆی و خێزانەکەی کوڕێکیان دەبێت بە ناوی یەحیا، کەوا دەبوایە ڕێگا خۆش کات لەپێش هاتنی ڕزگاری دەرەکە. با بەردەوام بین لە ئینجیلی لۆقا، بەشی یەکەم، بۆ ئەوەی ببینین چۆن خودا فریشتەی خۆی نارد بۆ پاکیزەیەك بە ناوی مەریم.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لوقا ١) (کاتێ ئەلیساباتی، دایکی یەحیا) لە شەشەم مانگی بوو، جبرائیلی فریشتە لەلایەن خوداوە بۆ شارێک نێردرا لە جەلیل، ناوی ناسیرە بوو، [٢٧] بۆ لای پاکیزەیەکی مارەبڕاو لە پیاوێک ناوی یوسف بوو لە بنەماڵەی داود، ناوی پاکیزەکەش مریەم بوو. [٢٨] جبرائیل هاتە لای مریەم و وتی: (سڵاو، ئەی ئەوەی ڕەزامەندیتهەیە! خوداوەندت لەگەڵە.) [٢٩] بەڵام ئەو بە پەیامەکە زۆر شێوا و بیری کردەوە، دەبێت ئەمە چ جۆرە سڵاوێک بێت. [٣٠] فریشتەکە پێیووت: (مەترسە مریەم، چونکە لەلای خودا ڕەزامەندیت بەدەستهێنا. [٣١] ئەوەتا سکت دەبێت و کوڕێکت دەبێت ناوی لێ دەنێیت عیسا. [٣٢] پایە بەرز دەبێت و بە کوڕی خودای هەرەبەرز ناودەبردرێت، خودای پەروەردگاریش تەختی داودی باوکی پێ دەداتەوە. [٣٣] تاهەتایە حوکمڕانی ماڵی یاقوب دەکات، شانشینەکەشی کۆتایی نایەت.) [٣٤] بەڵام مریەم بە فریشتەکەی وت: (ئەمە چۆن دەبێت، کە پیاوم نەناسیوە؟) [٣٥] فریشتەکە وەڵامی دایەوە: (ڕۆحی پیرۆز دێتە سەرت و هێزی خودای هەرەبەرز سایەی سەرت دەبێت. بۆیە ئەو پیرۆزەی لێت دەبێت بە کوڕی خودا

ناودەبردرێت. [٣٦] ئەوەتا ئەلیساباتی خزمیشت بەو پیریەی سکی بە کوڕێک هەیە. ئەوەی بە نەزۆک ناودەبرا لە شەشەم مانگیەتی. [٣٧] چونکە هیچ شتێک لەلای خودا مەحاڵ نییە.) [٣٨] مریەم وتی: (ئەوەتا من کارەکەری خوداوەندم. با بەگوێرەی قسەکانت بۆم ببێت.) فریشتەکەش بەجێی‌هێشت.

با لێرە ڕاوەستین و کەمێك باسی ئەوە بکەین چی ڕوویدا کاتێ جبرائیلی فریشتەی خودا بۆ مەریەم بە دەرکەوت. مەریەم ئافرەتێکی گەنج بوو کەوا ڕێزی لە ووشەی خودا دەگرت. مارەی بڕا بوو لە پیاوێك بە ناوی یوسف، بەڵام هێشتا لەلای نەبوو. هەردوکیان لە نەوەی پاشا داود بوون. بەبیرمان دێتەوە کە پێغەمبەرانی خودا نەك تەنها پێشبینی ئەوەیان کرد کە مەسیح لە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت، بەڵکو هەروەها لە خێڵی پاشا داود دەبێت.

بۆ ئەوەی کەس بە هەڵە تێ نەگات، شتێکی تر هەیە کە دەبێت بیزانین دەربارەی مەریەم: مەریەم نەوەی ئادەم بوو. وەك هەموومان، بە خەسڵەتێکی گوناهباری لەدایك بوو بوو. پێویستە ئەمە بڵێین، چونکە زۆران مەریەم دەبەنە مەقامی خودا و دەیپەرستن و نوێژی بۆ دەکەن. بێ گومان ئەوە بت پەرستییە! مەریەم شایەنی ناو بەرزییە چونکە ئەو ئافرەتە بوو کە خودا هەڵیبژارد لە ڕێگای ئەوەوە مەسیح بێنێتە جیهان. بەڵام ئەم نیعمەتەی خودا بەسەری هێنا واناکات شایەنی پەرستن بێت، لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: کڕنۆش بۆ خودای پەروەردگارت دەبەیت و تەنها ئەو دەپەرستیت! (مەتا ٤: ١٠)

باشە، لەو ئایەتەی تازە خوێندمانەوە، دەبینین چۆن جبرائیل سەردانی مەریەمی کرد بۆ ئەوە پێی ڕابگەێنێ کە ئەو ئەو پاکیزەیەیە کە خودا نیازی هەیە لە ڕێگای ڕزگاری دەری جیهان بێنێتە جیهانەوە. جبرائیل هەروەها ناوی منداڵەکەی بە مەریەم ووت کەسکی پێی پڕ دەبێت. پێی ووت، (ناوی دەنەی عیسا.) ناوی عیسا مانای (پەروەردگار ڕزگار دەکات). بەڵام، ناوێکی تر هەبوو کە جبرائیل مەبەستی عیسا مەسیح بوو. پێی ووت (کوڕی خودای هەرەبەرز ناودەبردرێت). بە دڵمان بێت یان نا، جبرائیل ئاوای ووت. پێشتر خوێندمانەوە لە زەبوورەکانی داود کە خودا بە مسیحی فەرموو کوڕی خۆی. ئێستاش گوێمان لێ بوو فریشتەی خودا جبرائیلیش بە مەسیح دەڵێت (کوڕی خودا.)

دەزانین کە زۆر خەڵك کاتێ گوێیان لە (کوڕی خودا) دەبێت دەڵێن، (ئەوە مەحاڵە!) بەڵام پێش ئەوەی قێزت لە ناوی (کوڕی خودا.) ببێتەوە، پێویستە توزێك بگەڕێی بۆ ئەوەی بزانی کوڕی خودا مانای چیە! لە نووسراوە پیرۆزەکان، مەسیح زیاتر لە سەد و بیست جار پێی وتراوە کوڕی خودا. بۆیە، ئێمەی کە باوەڕمان بە نووسینەکانی پێغەمبەران هەیە جورئەت ناکەین ئەوە ڕەت بکەینەوە کە خودا بە مەسیح دەڵێت کوڕی خۆی. ئەوەی دەمانەوێ بزانین بۆچی بە مەسیح دەڵێت کوڕی خۆی.

یەکەم شت، پێویستمان بەوەیە بزانین (کوڕی خودا) مانای چی نادات. مانای ئەوە نیە کە خودا ژنێکی هێنا و منداڵی لێی بوو! هەر کەسێك بیری وا بکات ئەوە ناماقوڵی دەکات بەرامبەر خودا! خودا بالادەسترین کەسە و منداڵی بەو شێوەیە نابێت. هەرگیز! دەبێت ئەو شتە زۆر ڕوون بێت لەبیرمان. ئەوەی دەبێت لە یادت بێت ئەوەیە کە ئەو ناوە مانای ئەوە نیە کە خودا ژنێکی هێنا و منداڵی لێی بوو! تێ گەیشتنی ئەم شتە زۆر زەحمەت نیە، لەبەر ئەوەی لێرە لە هەولێر ئەگەر یەکێك زۆر لەم شارە ژیا بێ پێی دەڵێن (کوڕی هەولێر) ڕوونیشە کە هەولێر ناتوانێ ژن بێنی و منداڵی لێی بێ. هەروەها ئەگەر ئەو کەسە سەفەر بکەت بۆ دەرەوەی وڵات، خەڵکی ڕەنگە پێی بڵێن (کوڕی هەولێر) بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە هەولێر باوکیەتی! بەڵکو مانای ئەوەیە کە تۆ لە هەولێرەوە هاتووی، وڵاتی بنەڕەتیت.

بەو شێوەیەیە لەگەڵ عیسای مەسیح. خودا بە کوڕی خۆی ناوی دەبا لەبەر ئەوەی لەلایەن خوداوە هات. مەسیح لە ئاسمانەوە هات. لەگەڵ خودا بوو پێش ئەوەی لەدایك بێت، لە خودادا بوو. ئەو ڕۆحی خودایە. مەسیح هەروەها ووشەی خودایە، ئەو ووشەیەی کە لەلای خودا بوو لە سەرەتادا. ئەمە ئەوەیە کە نووسراوە پیرۆزەکان ڕایدەگەێنێ کاتی دەفەرموێ: لە سەرەتادا، وشەکە بوو، وشەکە لەلای خودا بوو، وشەکەش خودا بوو. ئەو لە سەرەتاوە لەلای خودا بوو... هەموو شتێک بەو بەدیهاتووە، بێ ئەو هیچ شتێک بەدی نەهاتووە لەوانەی کە بەدیهاتوون...وشەکەش بووە جەستە و لە ناومان‌دا نیشتەجێ بوو. (یوحەنا ١: ١، ٣، ١٤)

بەڵێ، مەسیح ووشەی خودایە کەوا لە ئاسمانەوە هات، و وەك پێاوێك لەدایك بوو. هەموومان دەزانین کە مەسیح باوکی زەمینی نەبوو، ئەگەریش باوکی نەبێ ئەی لە کوێوە هات؟ کوڕی کێیە؟ دووبارەی با بزانین جبرائیل چی بە مەریەم ووت. پێی ووت، (ڕۆحی پیرۆز دێتە سەرت و هێزی خودای هەرەبەرز سایەی سەرت دەبێت. بۆیە ئەو پیرۆزەی لێت دەبێت بە کوڕی خودا ناودەبردرێت.) (لۆقا ١: ٣٥)

ڕەنگە گوێت لە کەسانێك بووبێ کە دەڵێن، (ڕاستە، دەزانین کە عیسا باوکی زەمینی نەبوو، بەڵام لەدایك بوونی عیسا لە پاکیزەیەك زۆر ئەوەندە گرنگ نیە. خودا تەنها ویستی هێزی خۆی دەربخات. خودا ئادەمی بەبێ دایك و باوك دروست کرد. پاشان حەوای دروست کرد بە تەنها باوکێك، کەوا لە پەراسویەك دروستی کرد کە لە ئادەمی وەرگرت. پاشان بۆ زیاتر نیشان دانی هێزی خودا پیاوێکی دروست کرد بە بەکار هێنانی تەنها ئافرەتێك. ئەوە تاقە هۆیە کە عیسا بێ باوکی زەمینی لەدایك بوو.)

برادەرانی ئازیز، ڕاستە خودا بالادەسترین خودایە و هیچ شتێك مەحاڵ نیە بۆ ئەو! بەڵام سەبارەت بە لەدایك بوونی عیسا، پێویستە بزانن کە هۆی ئەو شتە گرنگ ترە لە تەنها نیشان دانی هێزی خودا! مەبەڵن کەس فریوتان بدات! هۆیەکی زۆر زۆر گرنگ هەیە کە عیسا لە پاکیزەیەك لەدایك بوو هەزاران ساڵ لەپاش ئەوەی خودا ئادەم و حەوای دروست کرد! ئەو هۆیە دەزانی؟ نووسراوی پیرۆز هۆیەکەمان پێ دەڵێت کاتێ دەفەرموێ: عیسای مەسیح بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران هاتە جیهان (١ تیمۆساوس ١: ١٥) عیسا لەدایك بوو و هاتە جیهان بۆ ئەوەی نەوە بزربووەکان و پیسەکان و ئیدانەکراوەکانی ئادەم ڕزگار بکات – بۆیە ناکرێ لە پیاوێك کە لەکەی گوناهی پێوەبێ پەیا بێت! وەك تائێستا بینیمان و بە گوێرەی پلانی خودا، عیسا دەبوایە خوێنی خۆی بڕێژی وەك قوربانی بۆ ئەوەی سزای گوناە بداتەوە. بۆ ئەوەی ببێت بە قوربانیەکی تەواو، ڕزگاری دەرەکە دەبوایە بێ تاقە گوناهێك یان هەڵەیەك بێت، وەك ئەو بەرخە ساغە بێ تاوانەی قوربانی دەکرێ سااڵنە لە جەژنی قوربان.

بیری لێ بکەوە! کەسێك زۆر قەردار بێت دەتوانێ قەردی خەڵکی تر بداتەوە؟ نەخێر! تەنها ئەو کەسەی هیچ قەردار نیە دەتوانێ قەردی خەڵکی تر بداتەوە. بە هەمان شێوە، مەسیح دەبوایە پیاوێك بێت بێ هیچ قەردی گوناە، تاکو بتوانێ قەردی گوناە بداتەوە لەباتی نەوەکانی ئادەم. خودا دەیەوێ بزانین کە مەسیح و نەوەکانی ئادەم زۆر جیاوازن. ئێمە کوڕی ئادەمین، بەڵام مەسیح کوڕی خودایە! ئێمەی کوڕی ئادەم، وەك ئەو زەوییە پیسەین لەبەر گوناهەکانمان. بەڵام عیسا وەك ئەو بارانەیە کە لە ئاسمانەوە دێت. پاك و بێگەردە، هەروەك چۆن خودا پاك و بێگەردە. لەبەر ئەوە خودا پێی دەڵێت کوڕی خۆی! بەو شێوەیە برادەران، هیوادارین کە کاتێ ئێرە بەجێ دێڵن، بیرتان ڕوونتر بێت و باشتر تێدەگەن بۆچی عیسای مەسیح دەبوایە لە پاکیزەیەك لەدایك بێت و ناوی (کوڕی خودا) مانای چیە و مانای چی نیە.

چەن مانگێك لەپاش ئەوەی مەریەم سکی پڕ بوو لەلایەن هێزی ڕۆحی خودا، خودا فریشتەی خۆی بۆلای یوسف نارد، ئەوەی دەبووە مێردی مەریەم. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١) [١٨] بەڵام لەدایکبوونی عیسای مەسیح بەم شێوەیە بوو: کاتێ مریەمی دایکی لە یوسف مارەبڕاو بوو، پێش ئەوەی لەگەڵی جووتبێت بینرا کە سکی هەیە بە ڕۆحی پیرۆز. [١٩] یوسفی مێردی کە پیاوچاک بوو، نەیویست ئابڕووی ببات، بڕیاری دا بە نهێنی دەستی لێ هەڵبگرێت. [٢٠] کاتێ بیری لەم شتانە دەکردەوە، فریشتەیەکی خوداوەند هاتە خەونی و پێیووت: (یوسفی کوڕی داود، مەترسە مریەم بهێنیت، چونکە ئەوەی ئەو سکی پێی هەیە لە ڕۆحی پیرۆزەوەیە. [٢١] کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێیت عیسا، چونکە گەلەکەی لە گوناهەکانیان ڕزگار دەکات.) [٢٢] ئەمانە هەمووی ڕووی دا، تا ئەوەی خوداوەند بەهۆی پێغەمبەرەکە فەرموویەتی بێتە دی: [٢٣] {ئەوەتا پاکیزەیەک سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی لێ دەنێن ئیمانوێل.} واتا: خودا لەگەڵمانە. [٢٤] کاتێ یوسف لە خەو هەڵستا، ئەوەی فریشتەکەی خوداوەند فەرمانی پێدابوو ئەنجامی دا و ژنەکەی گواستەوە. [٢٥] بەڵام تا کوڕەکەی نەبوو لەگەڵی جووت نەبوو، ئینجا ناوی لێنا عیسا.

جاری داهاتوو بەردەوام دەبین لە ئینجیل تاکو چیرۆکی سەرسوڕهێنەری لەدایك بوونی عیسای مەسیح بخوێنینەوە. خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ ئەوەی فریشتەکە بە یوسفی ووت دەربارەی مەسیح بەبیرت دێتەوە: ناوی دەنێیت عیسا، چونکە گەلەکەی لە گوناهەکانیان ڕزگار دەکات! (مەتا ١: ٢١)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. دێتەوە بیرت چی ڕووی دا لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا بە قسەی خودایان نەکرد؟

٢. هەموومان دەزانین کە مەسیح باوکی زەمینی نەبوو، ئەگەریش باوکی نەبێ ئەی لە کوێوە هات؟ کوڕی کێیە؟

٣. ئەو هۆیە دەزانی؟

٤. کەسێك زۆر قەردار بێت دەتوانێ قەردی خەڵکی تر بداتەوە؟

وانەی ٦٢ : مەسیح لەدایك بوو

لۆقا ٢ و مەتا ٢

لە وانەی ڕابردوومانداو لە دیراسەتمان لە ئینجیلی پیرۆز، بینیمان چۆن خودا جبرائیلی فریشتەی خۆی نارد بۆ خاکی فەلەستین و بۆ شاری ناسیرا بۆ لای پاکیزەیەك بە ناوی مریەم. فریشتەکە بۆ ئەو پاکیزەیە بە دەرکەوت بۆ ئەوەی پێی ڕابگەێنێ کە سکی پڕ دەبێت بە هێز و ڕوحی خودا، و کوڕێکی دەبێت و ناوی لێ دەنێ عیسا. ناوی عیسا مانای (خودا ڕزگاردەکات). ڕزگاری دەرەکە، کەوا خودا بەڵێنی هاتنی دابوو لەو ڕوژەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، لە منداڵدانی پاکیزەیەك بوو و نزیك بوو بێتە جیهان!

وانەی ئەمڕۆمان بە ناوی (مەسیح لەدایك بوو!) پێش ئەوەی بگەڕێنەوە ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چۆن مەسیح لەدایك بوو، با وەسفی ئەو کاتە بکەین ئەو لێی لەدایك بوو. پاشای ڕۆم، قەیسەر ئۆگۆستس، فەرمان ڕەوایی دەکرد بەسەر زۆر وڵاتدا بە خاکی جولەکەشەوە. بەڵام، شانشینی ڕۆم ناتوانێ پلانی خودا بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە بۆ جیهان ڕابگرێ. لە ڕاستیدا، خودا پلانی دانا کە ڕۆمەکان بەکار بێنێت بۆ جێ بە جێ کردنی ووشەکانی پێغەمبەران.

ووشەکانی پێغەمبەر میخات لەبیرە کە حەفت سەد ساڵ پێش مەسیح هات؟ میخا ڕایگەیاند کە مەسیح لە **بێتلەحم** لەدایك دەبێت، شاری پاشا داود. بەڵام، مەریەم کە عیسای دەبێ، لە **بێتلەحم** نەدەژیا، بەڵکو لە ناسیرا، شارێکە نزیکە سەد و پەنجا کیلۆ مەتر لە **بێتلەحم** دوورە. ئەی چۆن مەسیح لە **بێتلەحم** لەدایك دەبێت؟

ئای برادەران، وەك دەزانن کە هیچ شتێك ئەستەم نیە بەرامبەر پەروەردگار خودا! ئەو خودایە و خاوەن دوایەمین ووشەیە سەبارەت بە هەموو شتێك کە ڕوو دەدات لەسەر زەوی. هەموو شتێك دەزانی کە بەرەو ڕوودانە. ئەمڕۆ ئەوە دەخوێنینەوە کە کاتی منداڵ بوونی مەریەم نزیك بووەوە، پاشای گەورەی ڕۆم فەرمانێکی دەر کرد کە دەڵێت: (با هەموو پیاو و ژنێك بچن بۆ شاری باووباپیرانی بۆ ناو تۆمار کردن لەوێ و دانی باج!) ئەمە مانای ئەوە بوو کە مەریەم و یوسف دەبوایە بچنە **بێتلەحم**، شاری پاشا داود **چونکە لە بنەماڵە و تیرەی داود بوو**. ئێستاش با بگەڕێنەوە ئینجیلی لۆقا بەشی دووەم، و بخوێنین چۆن عیسای مەسیح لەدایك بوو لە **لەبێتلەحم**، هەروەك چۆن خودا بەڵێنی دابوو زۆر لەوە پێش.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لۆقا ٢) [١] لەو ڕۆژانەدا لە ئۆگستۆس قەیسەرەوە فەرمانێک دەرچوو، کە هەموو جیهان ناونووس بکرێت... [٣] ئیتر هەریەکە بۆ ناونووسین دەچووە شاری خۆی. [٤] یوسفیش لە جەلیل لە شاری ناسیرەوە بەرەو یەهودیا سەرکەوت، بۆ شارەکەی داود کە پێی دەووترێ بێتلەحم، چونکە لە بنەماڵە و تیرەی داود بوو، [٥] تاکو لەگەڵ مریەم ناونووس بکرێن کە مارەبڕی بوو و سکی هەبوو. [٦] کاتێک لەوێ بوون، کاتی منداڵبوونی هات. [٧] جا کوڕە نۆبەرەکەی بوو، قۆنداغی کرد و لە ئاخورێکدا داینا، چونکە لە خانەکەدا شوێنیان نەبوو.

لێرە دەبێت ڕاوەستین. ئاگات لێیە لە چ بارودۆخێك مەسیح لەدایك بوو؟ مەسیح وەك لادێی لەدایك بوو، لە بارودۆخێکی خراپدا. لە ئاخورێکی ئاژەڵ لەدایك بوو، لەبەر ئەوەی **لەبێتلەحم** لەخانەکەدا شوێنیان نەبوو. ئەو کەسەی کە دەبووە ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان لە ئاخورێکی بۆندار لەدایك بوو! ڕەنگە کەسانێك پێیان وابێ: (ئەمە سەیرە! ئەگەر عیسا ڕزگاری دەری جیهان بێت و پەروەردگاری شکۆ بێت کەوا دادوەری هەموو نەوەکانی ئادەم دەکات، بۆچی لە کۆشکێك لەدایك نەبوو بە شکۆمەندیەکی مەزنەوە، تاکو هەموو کەس بزانێت کە ئەو پاشای پاشایانە و پەروەردگاری پەروەردگارانە؟)

برادەران، دەبێت ئەم شتەمان لەبیر بێت: بیروبۆچونی خودا جیاوازە لە بیروبۆچونی مرۆڤ، و شکۆمەندی خودا جیاوازە لە شکۆمەندی جیهان. بێ گومان، لەدایك بوونی عیسا شکۆمەندی مەزنی لەگەڵ بوو، بەڵام زۆربەی نەوەکانی ئادەم نایزانن، لەبەر ئەوەی شکۆمەندی خودا و شکۆمەندی جیهان زۆر جیاوازن.

بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە، لەوانەیە خەڵکی دەوڵەمەندتان دیتبێت کە لە خانووی گەورە و جوان دەژین، و جل وبەرگی گران بەها لەبەر دەکەن و ژیان بە خۆشی ڕادەبوێرن و خزمەتکاریان هەیە کە هەموو حەزەکانیان دێننە دی. ئەمە شکۆمەندی جیهانە. بەڵام شکۆمەندی خودا جیاوازە لە شکۆمەندی جیهان. بۆیە مەسیح کە لە ئامادەیی خوداوە هات، لە شوێنێکی خۆش و دڵگیردا لەدایك نەبوو. وەك زۆربەی دەوڵەمەندان نەبوو کە لە ئازار و مەینەتییەکانی هەژاران تێ ناگەن. نەخێر. ئەو کەسەی خودا ناردی بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە هێزی شەیتان و گوناە لە بارودۆخێکی نزم لەدایك بوو، تەنانەت لە ئاخور! بۆیە، کەس ناتوانێ بڵێ کە مەسیح هات تەنها بۆ ئەوەی دەوڵەمەند ڕزگار بکات، یاخود بڵێن کە لە هەستی هەژاران تێ ناگات. خودا دەیەوێ هەموو کەس بزانێ کە ئەو ڕزگاری دەرەی ناردی بۆ جیهان بۆ ڕزگار کردنی هەموو کەسێك کە باوەڕی پێی هەیە — پیر و گەنج، پیاو و ژن، دەوڵەمەند و هەژار، ئازاد و بەندە. بۆیە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: چونکە نیعمەتی عیسای مەسیحی خوداوەندمان دەزانن، هەرچەندە دەوڵەمەندە، لە پێناوی ئێوەدا بووە هەژار، تا ئێوە بە هەژاری ئەو دەوڵەمەند بن! (٢ کۆرنسۆس ٨: ٩) مەسیح تاکە کەسە کەوا هەڵیبژارد لەدایك بێت. و هەڵیبژارد وەك پیاوێکی هەژار لەدایك بێت!

ئێستاش با بەردەوام بین لە چیرۆکی لەدایك بوونی مەسیح و خۆشترین بەش بخوێنینەوە. لەو شەوەی کە عیسا لە ئاخورەکە لەدایك بوو، خودا فریشتەکانی خۆی نارد بۆ هەندێ شوان کەوا شوانی مێگەلەکانی خۆیان دەکرد لە کێڵگەکانی دەوروپشتی بێتلەحم. بخوێنەوە خودا چۆن مزگێنی پێیان دا سەبارەت بە لەدایك بوونی مەسیح.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لۆقا ٢) ٨ لەو ناوچەیە شوان هەبوون لە دەشت دەمانەوە و شەوان ئێشکیان لە مێگەلەکەیان دەگرت. ٩ فریشتەیەکی خوداوەند بۆیان دەرکەوت و شکۆی خوداوەند لە دەوریان درەوشایەوە، جا ترسێکی زۆر ترسان. ١٠ فریشتەکە پێیووتن: (مەترسن، ئەوا موژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە. ١١ ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگارکەرێکتان بۆ لەدایک بوو، ئە ویش مەسیحە، خوداوەندە. ١٢ ئەمەش نیشانەیە بۆتان، مەلۆتکەیەک دەبینن لەناو ئاخورێک دانراوە.) ١٣ لە پڕێکدا لەگەڵ فریشتەکە لەشکرێکی گەورەی ئاسمانی دەرکەوت و ستایشی خودایان دەکرد و دەیانووت: ١٤ (شکۆ بۆ خودا لە بەرزایی، لەسەر زەویش ئاشتی بۆ ئەوانەی جێی ڕەزامەندی ئەون.)

١٥ کاتێ فریشتەکان بەرەو ئاسمان بەجێیان هێشتن، شوانەکان بە یەکتریان وت: (دەی با بڕۆینە بێتلەحم و ئەم شتەی ڕووی‌داوە ببینین کە خوداوەند پێی ڕاگەیاندین.) ١٦ خێرا هاتن و مریەم و یوسف و ئەو مەلۆتکەیەی لە ئاخورەکەدا دانرابوو دۆزییانەوە. ١٧ کاتێ بینییان، ئەو قسەیەیان بڵاو کردەوە کە دەربارەی ئەم منداڵە پێیان وترابوو... ٢٠ شوانەکان گەڕانەوە و خوایان شکۆدار دەکرد و ستایشیان دەکرد لە پێناوی هەموو ئەوەی بیستیان و بینییان، وەک پێیان وترابوو. ئامین.

خودا یەکەم جار مزگێنی خۆشی بە کێ دا دەربارەی لەدایك بوونی مەسیح؟ ئایا مزگێنیە خۆشەکەی دا بە پاشای ڕۆم، یان بە دەوڵەمەکان، یان بە سەرکردە ئایینیەکان؟ نەخێر، خودا یەکەم جار هەواڵی لەدایك بوونی مەسیح دا بە لادێیەکان، بۆ شوانە بێ فیزەکان کەوا چاوەڕوانی هاتنی ئەو بوون! چەن دڵ خۆش بوون شوانەکان بە تەماشا کردنی عیسای کۆرپە! چ ئیمتیازێك بوو! ئەو کەسەیان بینی کە هەموو پێغەمبەران دەربارەیان نووسی بوو: مەسیح، ڕزگاری دەری جیهان، ووشەی تاهەتایی خودا لەناو جەستەیەکی بچووکی منداڵێك!

بەردەوامین لە ئینجیل، با تەماشا بەکەین چی ڕووی دا پاش ساڵێك لە لەدایك بوونی عیسا. ئێستا گوێمان لێ بوو چۆن خودا هەواڵی لەدایك بوونی عیسای ڕاگەیاند بەچەن شوانێك بە بەکار هێنانی فریشتەکانی کەوا لە ئاسمان بە دەرکەوتن. ئێستاش دەخوێنین خودا چۆن لەدایك بوونی مەسیحی بەچەن زانایەك ڕاگەیاند بە ئەستێرەیەکی گەورە و جوان کەوا لە ئاسمان بە دەر کەوت. بزانە لە ئینجیلی مەتا چی نووسراوە، بەشی دوو.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ٢) ١ دوای لەدایکبوونی عیسا لە بێتلەحمی یەهودیا، لە سەردەمی شا هێرۆدس، هەندێک مۆغ لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە ئۆرشەلیم، ٢ پرسییان: (کوا ئەوەی لەدایک بووە کە پاشای جولەکەیە؟ لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەستێرەی ئەومان بینی،

هاتووین کڕنۆشی بۆ ببەین.) [٣]کاتێ شا هێرۆدس ئەمەی بیست، پەشۆکا و هەموو خەڵکی ئۆرشەلیم لەگەڵی پەشۆکان. [٤]هەموو کاهینانی باڵا و مالمەکانی گەلی کۆکردەوە، لێی پرسین: (مەسیح لەکوێ لە دایک دەبێت؟) [٥]وەڵامیان دایەوە: (لە بێتلەحمی یە هودیا، چونکە پێغەمبەرەکە ئاوای نووسیوە: [٦]{بەڵام تۆ ئەی بێتلەحمی خاکی یەهودا کەمتر نیت لە فەرمانڕەواکانی یەهودا، چونکە لە تۆوە فەرمانڕەوایەک دەردەچێت، شوانایەتی گەلی ئیسرائیلم دەکات.}) [٧]هێرۆدسیش بە نهێنی مۆغەکانی بانگکرد و لەبارەی کاتی دە رکەوتنی ئەستێرەکە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن. [٨]ئینجا بۆ بێتلەحمی ناردن و پێیووتن: (بڕۆن و بە وردی بەدوای منداڵەکەدا بگە ڕێن. کاتێ دۆزیتانەوە هەواڵم بدەنێ، تاکو منیش بێم و کڕنۆشی بۆ ببەم.)

[٩]دوای ئەوەی گوێبیستی پاشا بوون، ڕۆیشتن، ئەستێرەکەی لە ڕۆژهەڵات بینیبوویان، پێشیان کەوت تاکو لەسەر ئەو شوێنەی منداڵە کەی لێبوو ڕاوەستا. [١٠]بە بینینی ئەستێرەکە زۆر شادومان بوون، [١١]چوونە ماڵەکە، منداڵەکەیان لەگەڵ مریەمی دایکی بینی، دانەوین و کڕنۆشیان بۆ برد و گەنجینەکانیان کردەوە، زێڕ و بخوور و موڕیان بە دیاری پێشکەش کرد. [١٢]ئینجا لە خەوندا ئاگادار کرانەوە کە نەگەڕێنەوە لای هێرۆدس، ئەوانیش بە ڕێگایەکی دیکە گەڕانەوە وڵاتی خۆیان.

ئەوە بە کورتی چیرۆکی لەدایك بوونی مەسیحە. دەتوانین چی بڵێین دەربارەی هەموو ئەوەی خوێندمان بوو؟ تەنها یەك شت هەیە کە بتوانین بەبێ گومان بیڵێین ئەوەیە کە لەدایك بوونی عیسای مەسیح تاکی نیە لە مێژووی جیهان! لەنێوان هەموو پێغەمبەران و پاشایان و خەڵکی جیهاندا، کەس بەو شێوەیەی عیسا لەدایك نەبووە!

ئەمڕۆ بینیمان کە مەسیح لە پاکیزەیەك لەدایك بوو، بە هێزی خودا و هەروەك ئەوەی پێغەمبەران پێشبینیان کرد. خوێندمان کە عیسا لە شاری **بێتلەحمی** لەدایك بوو، هەروەك چۆن پێغەمبەر میخا پێش حەفت سەد ساڵ ڕایگەیاند. هەروەها بینیمان چۆن خودا فریشتەی خۆی و شکۆیەکی درەوشاوی بەهشتی بۆ چەن شوانیك نارد تاکو مزگێنیە خۆشەکەیان پێ ڕابگەێنێ و فەرمووی: (مۆژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە. ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگارکەرێکتان بۆ لەدایک بوو، ئەویش مەسیحە، خوداوەندە .) پاشان بینیمان کۆمەڵە فریشتەیەك بەدەر کەوتن لەگەڵ فریشتەکەی یەکەم و ستایشی خودایان دەکرد و دەیان ووت، (شکۆ بۆ خودا لە بەرزایی، لەسەر زەویش ئاشتی بۆ ئەوانەی جێی ڕەزامەندی ئەون.) هەروەها بینیمان خودا ئەستێرەیەکی مەزنی ڕاگرت لە ئاسمان بۆ چەن پیاوکی دانا کەوا لە خاکێکی دوور دەژیان، کەوا مەسیح، پاشای پاشایان، ڕزگاری دەری گوناهباران لەدایك بوو!

برادەران، ئێمە دەتوانین چی بڵێین دەربارەی ئەم هەموو شتە؟ دەتوانین بڵێین: هیچ پیاوێك وەك ئەم پیاوە لەدایك نەبووە. لەدایك بوونی عیسا تاکە. سەبارەت بە لەدایك بوونی عیسا بەراورد ناکرێ! ناتوانین بەراوردی بکەین لەگەڵ کەسانی تر. عیسا زۆر لە پێغەمبەر زیاتر بوو. ئەو ئەو کەسەیە کە هەموو پێغەمبەران باسیان لێوە کرد. ئەو مەسیحە لە ئاسمانەوە هاتووە!

ئەگەر عیسا تەنها پێغەمبەرێك بوایە لەنێوان پێغەمبەران، بۆچی هەموو پێغەمبەران هەواڵی هاتنیان ڕاگەیاند پێش لەدایك بوونی؟ بۆچی فریشتەکان لە ئاسمانەوە دابەزین تاکو ئاهەنگ بگێڕن لەبەر لەدایك بوونی؟ ئەگەر عیسا تەنها پێغەمبەرێك بوایە لەنێوان پێغەمبەران، ئەی بۆچی خودا ئەستێرەیەکی مەزنی لە ئاسمان ڕاگرت تاکو بانگەوازی لەدایك بوونی بکات؟ لەبەر چ هۆیەك بوو ئەو لە پاکیزەیەك لەدایك بوو؟ دەبا تۆش بەوریایی بیر لەم پرسیارە گرنگانە بکەیتەوە.

بۆ وانەی داهاتوو دەبینین چۆن عیسای مەسیح دەستی بە خزمەت کرد لەسەر زەوی.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی پەیامی فریشتەکان بۆ شوانەکان دەدەن:

(مەترسن، ئەوا مۆژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە. ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگارکەرێکتان بۆ لەدایک بوو، ئە ویش مەسیحە، خوداوەندە.) (لۆقا ٢: ١٠، ١١)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ووشەکانی پێغەمبەر میخات لەبیرە کە حەفت سەد ساڵ پێش مەسیح هات؟

٢. ئەی چۆن مەسیح لە **بێتلەحم** لەدایك دەبێت؟

٣. ئاگات لێیە لە چ بارودۆخێك مەسیح لەدایك بوو؟

٤. ئەگەر عیسا ڕزگاری دەری جیهان بێت و پەروەردگاری شکۆ بێت کەوا دادوەری هەموو نەوەکانی ئادەم دەکات، بۆچی لە کۆشکێك لەدایك نەبوو بە شکۆمەندیەکی مەزنەوە، تاکو هەموو کەس بزانێت کە ئەو پاشای پاشایانە و پەروەردگاری پەروەردگارانە؟

٥. خودا یەکەم جار مزگێنی خۆشی بە کێ دا دەربارەی لەدایك بوونی مەسیح؟ ئایا مزگێنیە خۆشەکەی دا بە پاشای ڕۆم، یان بە دەوڵەمەکان، یان بە سەرکردە ئایینیەکان؟

٦. ئەگەر عیسا تەنها پێغەمبەرێك بوایە لەنێوان پێغەمبەران، بۆچی هەموو پێغەمبەران هەواڵی هاتنیان ڕاگەیاند پێش لەدایك بوونی؟

٧. بۆچی فریشتەکان لە ئاسمانەوە دابەزین تاکو ئاهەنگ بگێڕن لەبەر لەدایك بوونی؟

٨. ئەگەر عیسا تەنها پێغەمبەرێك بوایە لەنێوان پێغەمبەران، ئەی بۆچی خودا ئەستێرەیەکی مەزنی لە ئاسمان ڕاگرت تاکو بانگەوازی لەدایك بوونی بکات؟

٩. لەبەر چ هۆیەك بوو ئەو لە پاکیزەیەك لەدایك بوو؟

وانەی ٦٣ : کۆڕی پیرۆز

لۆقا ٢ و مەتا ٣، ٤

لە دیراسەتی ڕابردوومان لە پەرتوکی پیرۆزی ئینجیل، گوێمان لە چیرۆکی دڵ ڕفێنی لەدایك بوونی مەسیح بوو. هەرگیز کەس وەك عیسا لەدایك نەبووە. لە پاکیزەیەك لەدایك بوو، بە هێزی خودا و لە شاری بێتلەحم وەك پێشبینی کرد. لەو شەوەی عیسا لەدایك بوو خودا کۆمەڵی فریشتەی دەرەوشاوەی نارد بۆ چەن شوانێك کەوا شەو مابوونەوە لە کێڵگەکانی دەوراوپشتی بێتلەحم. یەك لە فریشتەکان بە شوانەکانی ووت، (موژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە. [11] ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگارکەرێکتان بۆ لەدایک بوو، ئەویش مەسیحە، خوداوەندە.) (لۆقا ٢: ١٠، ١١)

ئەمڕۆ پلانمان وایە دیراسەتی منداڵی عیسا و گەورە بوونی بکەین. پەرتوکی ئینجیل پێمان نیشان دەدات کە لەپاش لەدایك بوونی عیسا، یوسف و مەریەم چوار کوڕ و چەن کچێکیان بوو. وەك دەزانن، یوسف باوکی عیسا نەبوو، بەڵام لەلای خەڵك عیسا کوڕی یوسف بوو. و لەبەر ئەوەی یوسف دارتاش بوو، عیساش هەروەها ئیشی دارتاشی دەکرد کاتێ لە ماڵەوە بوو. لە دەرئەنجامدا، عیسا فێری ئیشی قورس بووبوو. بۆیە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: عیساش لە دانایی و باڵا، ڕەزامەندی لەلای خودا و خەڵکی، گەشەی دەکرد. (لۆقا ٢: ٥٢)

وەك هەموو منداڵان، عیسا نانی دەخوارد و دەنووست، یاری دەکرد و دەیخوێند. بەڵام شتێك هەبوو کە جیای دەکردەوە لە منداڵەکانی تر. دەزانن ئەو شتە چیە؟ عیسا هەرگیز گوناهی نەکرد! هەرگیز هیچ ووشەیەکی خراپ لە دەمی نەهاتە دەرەوە. (١ پەترۆس ٢: ٢٢) هەرگیز بە کەسی نەفەرمووە، (لە هەڵەکانم ببورە) لەبەر ئەوەی هیچ کاتێك هەڵەی بەرامبەر کەس نەکرد. نەیدەتوانی گوناە ئەنجام بدات، چونکە ڕەگی گوناە لەودا نەبوو! سرووشتێکی پیرۆزی هەبوو. خراپ بەشێك نەبوو لەو. تەنها ئەو شتانەی دەکرد کە دڵی خودای خۆش دەکرد. جەستەی هەبوو وەك ئێمە، بەڵام سروشتی خراپەکاری نەبوو وەك ئێمە! ئەمە ئەوەیە کە نووسراوە پیرۆزەکان ڕایدەگەێنن، کاتێ دەفەرموێ: سەرۆک کاهینێکمان نییە کە نەتوانێ سکی بە لاوازییەکانمان بسووتێ، لەبەر ئەوەی وەکو ئێمە لە هەموو شتێک تاقی کراوەتەوە، بەڵام بێ گوناە. (عیبرانیەکان ٤: ١٤، ١٥)

کاتێ عیسا سی ساڵان بوو، کاتی دەست پێ کردنی ئیشی هات وەك ڕزگاری دەری جیهان. ڕۆژێك لە ڕۆژان مانۆ ئاوایی لە خێزانەکەی کرد و شاری ناسیرە بەجێ هێشت و بەرەو ڕووباری ئوردن ڕۆیشت، ئەو شوێنەی پێغەمبەر یەحیا ئامۆژگاری دەکرد و خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا.

یەحیاتان لەبیرە؟ ئەو شەش مانگ پێش عیسا لەدایك بوو. یەحیا ئەو پێغەمبەرە بوو کە خودا ناردی تاکو دڵەکانی خەڵك ئامادە بکات، بەڵکو تۆبە بکەن لە گوناهەکانیان و پێشوازی مەسیح بکەن کە خودا ناردی. تەماشا بدە چی نووسراوە لە ئینجیل سەبارەت بە پێغەمبەر یەحیا و چۆن ڕێگای خۆش کرد بۆ مەسیح.

لە ئینجیلی مەتا بەشی سێ، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ٣) [1] هەر لەو ڕۆژانەدا، یەحیای لەئاوهەڵکێش لە دەشتی یەهودیا بۆ جارِدان بەدەرکەوت، [2] دەیووت: (تۆبە بکەن، چونکە پاشایەتی ئاسمان نزیکبۆتەوە.) [3] ئەمەش ئەوەیە کە بەهۆی پێغەمبەر ئیشایا دەربارەی وتراوە: {دەنگی بانگدەرێک لە چۆڵەوانی هاوار دەکات: (ڕێگای خوداوەند ئامادە بکەن، ڕێڕەوی ڕێک بخەن.)} [4] بەرگی یەحیا لە مووی وشتر بوو، ناوقەدی بە پشتێنێکی پێستە دەبەست، خواردنیشی کوللە و هەنگوینی کێوی بوو. [5] ئیتر ئۆرشەلیم و تەواوی یەهودیا و سەرتاسەری چەمی ئوردون هاتنە لای و [6] لەسەر دەستی ئەو لە ڕووباری ئوردون لەئاوهەڵدەکێشران و دانیان بە گوناهەکانیان دەنا.

باهەندێك لێرە ڕاوەستین بۆ ئەوەی بیر بکەینەوە لەوەی وا دەیخوێنینەوە. سەرنجت لە پەیامی یەحیا بوو؟ بە کورتی، یەحیا ئامۆژگاری خەڵکی کرد و ووتی: (تۆبە بکەن لە گوناهەکانتان! لە کردارە خراپەکانتان پەشیمان ببنەوە، و خۆتان ئامادە بکەن بۆ

بینینی مەسیحی پیرۆز کە هاتووە لە ئاسمانەوە!) ئەوانەی دانیان بە گوناهەکانیان دەنا بەرامبەر خودا لەلایەن یەحیاوە لە ئاو هەڵدەکێشران لە ڕووبارەکە. بۆیە، پێغەمبەر یەحیا ناسرا بە یەحیای لە ئاو هەڵکێشەر. لە ئاو هەڵکێشان ناتوانێ گوناهەکانی خەڵکی پێغەمبەران بسڕێتەوە. ئەوە تەنها نیشانەیەک بوو (یاخود هێمایەک) کەوا نیشانی دەدا لە گوناهەکانیان تۆبەیان کردووە و ئامادە بوون مەسیح وەک ڕزگاری دەر قەبوڵ بکەن.

هەندێک لەوانەی وەڵامی یەحیایان دایەوە تاکو لە ئاویان هەڵکێشێ سەر بەو دوو خێڵە بەناوبانگەی جولەکە بوون بەناوی سەدوق و فەریسی. سەدوقییەکان دەوڵەمەندترین بوون لەناو جولەکە و کاریگەرییان هەبوو لە حکومەتی ڕۆمانی. بەڵام لە دڵەوە هیچ بایەخیان نادا بە نووسینی پێغەمبەران. فەریسیەکان شارەزای ئایینی بوون کە زۆر پەرۆشی نوێژ و ڕۆژی گرتن و زەکات دان و باجی دەیەک دا. بەڵام خواپەرستنی ئەوان بێ بەها بوو، لەبەر ئەوەی هەوڵیان دەدا ڕاستودروست بن بەرامبەر خودا بە کردەوەی خۆیان. هەروەها فەریسیەکان داپ و نەریتی خۆیان تێکەڵی ووشەی ڕاستی خودایان دەکرد. لە دەرئەنجامدا، پەرستنیان بۆ خودا وەک نمایشێکی تێکەڵ بە گاڵتەجاڕی لێ هاتبوو بۆ ئەوانەی سەر بە گرووپی ئەوان نەبوو. بە کورتی، فەریسیەکان و سەدوقەکان تەنها بەسەر زمان ناوی خودایان بەرز ڕادەگرت، بەڵام دڵیان زۆر دوور بوو لەو.

ئێستاش بابەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیل و گوێمان لێ بێت چۆن یەحیا سەرزەنشتی ئەو شارەزایە ئایینیانەی کرد لەبەر دوو ڕوویان. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ٣) [٧] کە بینی زۆر لە فەریسی و سەدوقی بۆ لەئاوهەڵکێشانەکەی دێن، پێیووتن: (ئەی بێچوی کۆرەماران، کێ ئاگاداری کردوونەتەوە لەدەست تووڕەیی داهاتوو هەڵبێن؟ [٨] بەرهەمێک بدەن لە تۆبەکردن بوەشێتەوە. [٩] بیرمەکەنەوە بەخۆتان بڵێن: (ئیبراهیم باوکمانە.) پێتان دەڵێم، خودا دەتوانێت لەم بەردانە نەوە بۆ ئیبراهیم قیتبکاتەوە. [١٠] ئەوەتا تەور خراوەتە سەر ڕەگی دار، هەر دارێک بەرهەمی باش نەدات، دەبڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو ئاگر. [١١] من بۆ تۆبەکردن لەئاوتان هەڵدەکێشم، بەڵام ئەوەی دوای من دێت، لە من بەتواناترە، شایانی ئەوە نیم سۆلەکانیشی بۆ هەڵگرم. ئەو بە ڕۆحی پیرۆز و بە ئاگر باپتیزتان دەکات. [١٢] شەنی بەدەستەوەیە بۆ پاککردنەوەی جۆخینەکەی، دانەوێڵەکە لە ئەمباردا کۆدەکاتەوە و قەسەرەکەش بە ئاگرێکی نەکوژاوە دەسووتێنێ.)

[١٣] ئینجا عیسا لە جەلیلەوە هاتە ئوردون، تاکو لەسەر دەستی یەحیا لەئاوهەڵبکێشرێت. [١٤] بەڵام یەحیا دەیویست ڕایگرێت و دەیووت: (من پێویستیم بەوەیە لەسەر دەستی تۆ لەئاوهەڵبکێشرێم، کەچی تۆ دێیت بۆ لای من؟) [١٥] عیساش وەڵامی دایەوە: (ئێستا ڕێگا بدە، چونکە ئاوا لە ئێمە دەوەشێتەوە تا هەموو ڕاستودروستییەک تەواو بکەین.) ئینجا ڕێی دا.

بەو شێوەیە یەحیا پەروەردگار عیسای لە ئاو هەڵکێشا لە ڕووباری ئوردون. ڕەنگە کەسانێک بپرسن، (بۆچی عیسا، کە بێ گوناهە، پرسیاری لە یەحیا کرد لە ئاوی هەڵکێشێ؟) ڕاستە، پەروەردگار عیسا پێویستی بەوە نەبوو تۆبە لە هیچ شتێک بکات، لەبەر ئەوەی هەرگیز گوناهی ئەنجام نەدابوو. ئەی باشە بۆچی عیسا هاتە لای یەحیا تاکو لە ئاوی هەڵبکێشی وەک ئەوەی گوناهباران لە ئاو هەڵدەکێشێ؟ عیسا چی فەرموو دەربارەی ئەمە؟ عیسا بە یەحیای فەرموو، (ئێستا ڕێگا بدە، چونکە ئاوا لە ئێمە دەوەشێتەوە تا هەموو ڕاستودروستییەک تەواو بکەین.) بە لە ئاو هەڵکێشانی، عیسا نەک تەنها نموونەیەکی خستە ڕوو بۆ شوێن کەوتن، بەڵکو پێمان نیشان دەدات کە ئەو هات تاکو وەک یەکێک لە ئێمە بژیت و لەپێناومان بمرێت.

لەکۆتایی بەشەکە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ٣) [١٦] کاتێ عیسا لەئاوهەڵکێشرا، یەکسەر لە ئاوەکە هەڵستایەوە. ئەوەبوو ئاسمانی بۆ کرایەوە و بینی ڕۆحی خودا وەک کۆترێک نیشتەوە و هاتە سەری. [١٧] دەنگێکیش لە ئاسمانەوە فەرمووی: (ئەمە کۆڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم.)

برادەران، دەنگی کێ لە ئاسمانەوە سەدای هات؟ دەنگی پەروەردگار خودا بوو! خودا چی فەرموو؟ خودا سەبارەت بە عیسا فەرمووی، (ئەمە کۆڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم!) پێشتر خوێندمانەوە لە نووسراوە پیرۆزەکان چۆن پێغەمبەر داود و جبرائیلی فریشتە بە مەسیحیان ووت (کۆڕی خودا). ئێستاش گوێمان لێیە خودا خۆی بە عیسا دەفەرموێ، (کۆڕی خۆشەویستم،

ئەوەی پێی دڵشادم!) بۆچی خودا بە عیسا دەڵێ کوڕی خۆی؟ وەك تا ئێستا بینیمان، بە عیسا دەوترێ کوڕی خودا چونکە یەکسەر لە ئاسمانەوە هات. عیسا باوکی زەمینی نەبوو. خودا ووشەی تاهەتایی خۆی لە منداڵ دانی پاکیزەیەکدا دانا. لێرەدا هۆیەکی تر دەبینین بۆچی عیسا پێی دەوترێ کوڕی خودا. خودا بە عیسای ووت کوڕی خۆی تاکو جیا بکاتەوە لە هەموو کەسێکی تر.

عیسا چۆن جیاوازە لە نەوەکانی ئادەم؟ هەموو ئەوانەی نەوەی ئادەمن خەسلەتێکیان هەیە کە لەکەی گوناهی پێوەیە، بەڵام خەسەلەتی عیسا لەکەی گوناهی پێوە نەبوو. تاکە گوناهێکی نەبوو، لەبەر ئەوەی لە ڕۆحی پیرۆزی خوداوە هات. مەسیح شێوەیەکی جەستەیی وەك ئێمەی وەرگرت، بەڵام سرووشتی گوناهباری ئێمەی وەرنەگرت. سرووشتێکی پیرۆز و تەواوی هەبوو! لەبەر ئەوە خودا، خودای پیرۆز، دڵی بە عیسا شاد دەبوو، وەك چۆن باوکێك دڵی بەو کوڕە خۆشە کە بەگوێی دەکات و دڵسۆزە. وتراوە کە کوڕ سێبەری باوکییەتی. هەرکەسێك کوڕێك ببینێ دەزانی باوکی ئەو کوڕە چۆنە. بە هەمان شێوە، هەر کەسێك عیسا بناسێ دەزانێ خودا چۆنە، لەبەر ئەوەی عیسا وەك ئەو کەسەیە لەلایەن خوداوە هاتبێ تاکو سرووشتی خودا نیشان بدات. کەس هەرگیز خودای نەبینیوە، بەڵام مەسیح وای کرد بناسرێ! (یۆحەنا ١: ١٨) عیسا تاکە مرۆڤە کە سرووشتێکی پیرۆزی هەبێ، لەبەر ئەوەی ئەو تاکە کەسە کەوا لەلایەن ڕۆحی پیرۆزی خوداوە هاتبێ! لەبەر ئەوە خودا وای دەنگی لە ئاسمانەوە سەدای هەبێ و فەرموی، (ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم!)

ئیستاش دەست دەکەین بە خوێندنەوە بەشی چوارەم تاکو بزانین چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی یەحیا عیسای لە ئاو هەڵکێشا. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ٤) [١] پاشان عیسا بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە بردرایە سەروو بۆ چۆڵەوانی، تاکو لەلایەن ئیبلیسەوە تاقی بکرێتەوە. [٢] دوای چل ڕۆژ و چل شەو بەڕۆژووبوون، برسی بوو. [٣] تاقیکەرەوە لێی هاتە پێش، پێیووت: (ئەگەر تۆ کوڕی خودایت، بەم بەردانە بفەرموو ببنە نان.) [٤] بەڵام عیسا وەڵامی دایەوە: (نووسراوە: {مرۆڤ تەنها بە نان ناژیێت، بەڵکو بە هەر وشەیەک کە لە دەمی خوداوە دەردەچێت.}) [٥] ئینجا ئیبلیس بردییە شاری پیرۆز و لەسەر سواندەی پەرستگا ڕایگرت و [٦] پێیووت: (ئەگەر تۆ کوڕی خودایت خۆت هەڵدە خوارەوە. چونکە نووسراوە: {سەبارەت بە تۆ فەرمان بە فریشتەکانی دەدات، لەسەر دەستیان هەڵتبگرن، تاکو پێت بەر بەردێک نەکەوێت.}) [٧] عیساش پێی فەرموو: (هەروەها نووسراوە: {خوداوەند، خودات تاقی مەکەوە.})

[٨] دیسان ئیبلیس بۆ سەر شاخێکی زۆر بڵندی برد و هەموو شانشینەکانی جیهان و شکۆی ئەوانی پیشان دا و [٩] پێیووت: (هەموو ئەمانەت دەدەمێ ئەگەر کڕنۆش ببەیت و بمپەرستی.) [١٠] ئینجا عیساش پێی فەرموو: (شەیتان لێم دووربکەوە! چونکە نووسراوە: {کڕنۆش بۆ خودای پەروەردگارت دەبەیت و تەنها ئەو دەپەرستیت.}) [١١] ئینجا ئیبلیس وازی لێ هێنا و فریشتەش هاتن و خزمەتیان کرد.

شەیتان سێ جار هەوڵی دا وا لە عیسا بکات بەگوێی بکات و گوناە ئەنجام بدات. هەر سێ جار عیسا وەڵامی شەیتانی دایەوە بە وەرگرتنی ووشەی خودا. وەك چۆن شەیتان ئادەم و حەوای هەڵخەڵەتاند گوناە ئەنجام بدەن لە باخچەی بەهەشت عەدەن، بە هەمان شێوە شەیتان هەوڵی دا عیسای پەروەردگار هەڵخەڵەتێنێ گوناە ئەنجام بدات لەو دەشت و دەرە. بەڵام عیسا گوناهی ئەنجام نەدا.

بۆچی شەیتان هەوڵی دا عیسا هەڵخەڵەتێنێ؟ لەبەر ئەوەی زانی عیسا ڕزگاری دەرە پیرۆزەکەیە کەوا لە ئاسمانەوە هاتووە زەوی تاکو نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە دەسەڵاتی ئەو. شەیتان هەروەها دەیزانی ئەگەر عیسا تاکە گوناهێك ئەنجام بدات، ئەوا ناتوانێ نەوەکانی ئادەم لە هێزی گوناە ڕزگار بکات. بۆیە شەیتان عیسای بێزار کرد و هەوڵی دەدا هەڵخەڵەتێنێ. بەڵام عیسا نەکەوتە داوی شەیتان.

بەڵێ، شەیتان زاڵ بوو بەسەر باووباپیرانمان ئادەم و حەوا و تێکیانی دا، بەڵام نەیتوانی بەسەر کوڕی پیرۆزی خودا زاڵ بێت. عیسای پەروەردگار نەیتوانی گوناە ئەنجام بدات لەبەر ئەوەی خودا ناتوانێ گوناە ئەنجام بدات. کوڕی باوکی خۆیەتی. عیسا ووشەی زیندوو و بە هێزی خودا بوو لە جەستەی مرۆڤێکدا. خودا ناردەیە جیهان تاکو نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە هێزی شەیتان و سزای گوناە. تەنها پەروەردگار عیسا دەتوانێ ڕزگارمان بکات لە شەیتان و گوناە، لەبەر ئەوەی تەنها ئەو زاڵ بوو بەسەر شەیتان و گوناە.

لەبەر ئەوە نووسراوی پیرۆز سەبارەت بە مەسیح دەفەرموێ: چونکە سەرۆک کاهینێکی ئاوا لە ئێمە دەوەشێتەوە، پیرۆز و بێ گلەیی و بێ گلاوی، لە گوناهباران جیاکرایەوە و لە ئاسمان بەرزتر کرا. [٢٧] ئەو پێویستی بەوە نییە وەک سەرۆک کاهینانی دیکە ڕۆژانە قوربانی بکات، یەکەم بۆ گوناهەکانی خۆی و دوایی بۆ گوناهەکانی گەلەکەی، چونکە ئەمەی بە جارێک کرد کە خۆی پێشکەش کرد. (عیبرانیەکان ٧: ٢٦، ٢٧)

با خوداش توانای بینینی ناوەڕۆکی ئەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە بتانداتێ. لەگەڵ ئەم ئایەتەی نووسراوی پیرۆز بەجێتان دێڵین: دەزانن ئەو (عیسای مەسیح) دەرکەوتووە تاکو گوناە لابباتە، خۆی گوناهی تێدا نییە. (١ یۆحەنا ٣: ٥)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. وەک هەموو منداڵەکانی تر، عیسا نانی دەخوارد و دەنوست و یاری دەکات بەڵام شتێک هەبوو کە جیای دەکردەوە لە منداڵەکانی تر. دەزانن ئەو شتە چییە؟

٢. یەحیاتان لەبیرە؟ لە پەیامی یەحیا چییە؟

٣. بۆچی عیسا، کەوا بێ گوناهە، پرسیاری لە یەحیا کرد لە ئاوی هەڵکێشێ؟

٤. بۆچی عیسا هاتە لای یەحیا تاکو لە ئاوی هەڵبکێشی وەک ئەوەی گوناهباران لە ئاو هەڵدەکێشێ؟ عیسا چی فەرموو دەربارەی ئەمە؟

٥. دەنگی کێ لە ئاسمانەوە سەدای هات؟ خودا چی فەرموو؟ بۆچی خودا بە عیسا دەڵێ کۆڕی خۆی؟

٦. عیسا چۆن جیاوازە لە نەوەکانی ئادەم؟

٧. بۆچی شەیتان هەوڵی دا عیسا هەڵخەڵەتێنێ؟

وانەی ٦٤ : بەرخی خودا

یۆحەنا ١ و ٣

لە دوو وانەی ڕابردوومانداو، بینیمان کە عیسای مەسیح لە لەدایك بوون و سرووشتدا تاك بوو. سەبارەت بە لەدایك بوونی، بۆمان دەرکەوت کە هەرگیز کەس وەك عیسا لەدایك نەبوو بوو، لەبەر ئەوەی باوکی زەمینی نەبوو. لە پاکیزەیەك لەدایك بوو بە هێزی ڕۆحی پیرۆزی خودا. سەبارەت بە سرووشتی، عیسا تاك بوو. کەس هەرگیز لەدایك نەبوو بوو بە سرووشتێکی پیرۆز وەك سرووشتی ئەو. جەستەی وەك ئێمە هەبوو، بەڵام سرووشتی خراپەکاری نەبوو وەك ئێمە. عیسا لەکەی گوناهی پێوە نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو ڕزگاری دەرە بوو کە خودا ناردیە جیهان تاکو سزای گوناهەکانمان بکێشێ.

بۆ ئەمڕۆش پلانمان وایە بەردەوام بین لە ئینجیل بۆ ئەوەی بخوێنینەوە پێغەمبەر یەحیا گەواهی چی دا سەبارەت بە عیسا. یەحیا ئەو پێغەمبەرە بوو کە خودا ناردی بۆ ئەوەی ڕێگای خۆش بکات لەپێش مەسیح.

لە بەشی یەکەمی ئینجیلی یۆحەنا دەخوێنینەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یۆحەنا ١) [١٩] ئەمەش شایەتییەکەی یەحیایە، کاتێ جولەکەی ئۆرشەلیم [شاری قودس] کاهین و لێڤییان نارد لای پرسیاری لێ بکەن: (تۆ کێیت؟) [٢٠] ئەو دانی پیانا و نکۆڵی نەکرد، بەڵکو وتی: (من مەسیحەکە نیم.)... [٢١] ئینجا پێیان وت: (باشە تۆ کێیت؟ تاکو وەڵامێک بدەینەوە ئەوانەی کە ئێمەیان ناردووە، دەربارەی خۆت چی دەڵێی؟) [٢٢] وتی: (من {دەنگی بانگدەرێکم کە لە چۆڵەوانی هاواردەکات: (ڕێگای خوداوەند تەخت بکەن)}، وەک ئیشایای پێغەمبەر وتوویەتی.)... [٢٣] یەحیاش وەڵامی دانەوە: (من لە ئاو هەڵدەکێشم، بەڵام یەکێک لەنێوانتان ڕاوەستاوە کە ناینасن، [٢٤] ئەو دوای من دێت، من شایستە نیم ئاوەزێنەی سۆڵەکانی بکەمەوە.) [٢٥] ئەمانە لە بێتعەنیا ڕووی‌دا، لەوبەری ئوردونەوە، لەو شوێنەی یەحیا خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا. [٢٦] بۆ بەیانی یەحیا بینی عیسا دێتە لای، وتی: (ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات! [٢٧] ئەمە ئەوەیە کە باسم کرد، پیاوێک دوای من دێت پێشم کەوت، چونکە پێش من بووە.

با لێرە ڕاوەستین و بیر بکەینەوە لە گەواهییەکەی پێغەمبەر یەحیا و زانێمان چۆن ئیشارەتی بۆ مەسیح کرد؟ با دووبارە بخوێنین لە نووسراوی پیرۆز چیی فەرمووی: یەحیا عیسای بینی دێتە لای، وتی: (ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات!) پێشتر خوێندمانەوە چۆن پێغەمبەرانی خودا جۆرەها ناویان لە مەسیح نا وەك ڕزگاری دەر، پاشا، پەروەردگار و ووشەی خودا و کوڕی خودا. ئێستاش ئاشنابووین چۆن پێی دەوترێ (بەرخی خودا.) ئەمە ناوێکی زۆر گرنگە کە شایەنی ڕوونکردنەوەیە.

بۆچی یەحیا بە عیسای وت بەرخی خودا؟ عیسا بەرخ بوو؟ نەخێر، عیسا بەرخ نەبوو بەو مانایە، وەك چۆن هەندێ جار کەسێك بە کەسێکی تر دەڵێ (شێر)، بەڵام لە ڕاستیدا شێر نیە. هەمووان دەزانین ئەو تەنها قسەیە، هەرچەندە حەز دەکەین هێز و ئازایی شێرمان هەبێ. بەڵام بۆچی یەحیا بە عیسای وت بەرخی خودا؟ بۆچی کەسێك حەز دەکات پێی بوترێ بەرخ؟ بۆچی یەحیا ئیشارەتی بۆ عیسا کرد و بە شوێن کەوتوانی وت ، (ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات!) ؟

بۆ ئەوەی تێ بگەین ناونیشانی (بەرخی خودا) مانای چیە، پێویستە ئەوەمان بە بیر بێتەوە کە خودا ڕایگەیاند لەپاش ئەوەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد. خودا ڕایگەیاند کە سزای گوناە مردن و ئاگری دۆزەخە و ئەگەر خوێنی قوربانییەکی بێ عەیب نەڕێژرێ، ئەوا لێ خۆش بوونی گوناە نابێت. بۆیە، خوێندمانەوە چۆن هابیل، کوڕی دووەمی ئادەم و حەوا، باوەڕی بە خودا هێنا و بەرخێکی سەر بڕی و پێشکەشی خودای کرد لەسەر قوربانگایەك وەك قوربانی کە گوناە داپۆشێ. کاتێ خودا خوێنی بەرخەکەی بینی، سزای گوناهی هابیلی پووچەڵ کرد و وەك ڕاستودروست دادوەری کرد، لەبەر ئەوەی بەرخێکی بێ گوناە لەشوێنی ئەو مرد. لەگەڵ ئەوەشدا، خودا هەروەها فەرمووی کە خوێنی بەرخ وەرناگیرێ وەك سزایەکی بەشکردوو بۆ گوناە تاهەتا، لەبەر ئەوەی بەهای ئاژەڵ و بەهای مرۆڤ وەك یەك نین. بەرخەکە تەنها سێبەر و نیشان دەرێك بوو بۆ ڕزگاری دەرە پیرۆزەکە کەوا دەهاتە جیهان و خوێنی خۆی دەڕێژی تاکو گوناهباران لە دادوەری ڕاستودروستی خودا ڕزگار بکات.

حەفت سەد ساڵ پێش لەدایك بوونی عیسا، پێغەمبەر ئیشایا نووسی چۆن مەسیح، وەک بەرخ بۆ سەربڕین ببردرێت. وەك قوربانی بۆ ئەوەی گوناهەکانمان بسڕێتەوە (ئیشایا ٥٣: ٨) بۆیە، لەنێوان کاتی هابیل و کاتی مەسیح، هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە خودا هەبوو، ڕێزی قوربانی بەرخیان کرد و بەشداریان کرد. نوح و ئیبراهیم و موسا و داود و سلێمان و هەموو پێغەمبەران و هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ووشەی خودا بوو فێری ئەوە بوون کە قوربانی بەرخی بێ عەیب پێشکەش بە خودا دەکەن. بەم شێوەیە هەموویان چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بوون کە خودا دوایەمین قوربانی بنێرێ، ئەوەش ڕزگاری دەری پیرۆزە کەوا خوێنی خۆی دەڕێژێ وەك قوربانی کە گوناە لادەبات تاهەتا.

لەبەر ئەوە برادەرانی ئازیز، کاتێ پێغەمبەر یەحیا بینی عیسا وا بۆلای دێت، ئیشارەتی بۆی کرد و بە قوتابیەکانی ووت، (ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات!) بۆیە یەحیا بەو شێوەیە بە قوتابیەکانی ناساند کە ئەم عیسایە لە بەرامبەریان ڕاوەستاوە مەسیحە، (ئەو بەرخەی) کە خودا ناردویەتیە خوارەوە لە ئاسمان، ئەو قوربانییە تەواوەی کە هەموو پێغەمبەران پێش بینیان کرد. عیسا ئەو قوربانییە پیرۆزەیە کە هاتە جیهان بۆ ئەوەی بمرێ لەباتی نەوەکانی ئادەم تاکو خودا بتوانێ لە گوناهەکانمان خۆش بێت تاهەتا!

لەپاش ئەمە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یۆحەنا ١) [٣٥] بۆ بەیانی دیسان یەحیا لەگەڵ دوو قوتابی خۆی ڕاوەستا بوو، [٣٦] عیسای بینی دەڕۆیشت، وتی: (ئەوەتا بەرخی خودا!) [٣٧] دوو قوتابییەکە گوێیان لێبوو قسەی دەکرد، دوای عیسا کەوتن. [٣٨] عیسا ئاوڕی دایەوە و بینی بە دوای‌دا دێن، فەرمووی: (چیتان دەوێت؟) پێیان وت: (ڕابی - واتا مامۆستا - لەکوێ دەمێنیتەوە؟) [٣٩] پێی فەرموون: (وەرن، تەماشا بکەن.) بۆیە ئەوانیش ڕۆیشتن و بینییان لەکوێ دەمایەوە، ئەو ڕۆژەش لەگەڵی مانەوە، نزیکەی کاتژمێر چواربوو. [٤٠] ئەندراوسی برای شیمۆن پەترۆس، یەکێک بوو لەو دووانەی کە گوێیان لە یەحیا بوو و دوای عیسا کەوتن. [٤١] یەکەم جار شیمۆنی برای دۆزییەوە، پێی‌ووت: (مەسیامان دۆزییەوە) - واتا مەسیح. [٤٢] هێنایە لای عیسا. عیساش تەماشای کرد و فەرمووی: (تۆ شیمۆنی کوڕی یۆنای، بەڵام بانگ دەکرێیت کێفاس.) - واتا پەترۆس. [٤٣] بۆ بەیانی عیسا ویستی بچێتە جەلیل، فیلیپۆسی دۆزییەوە، پێی فەرموو: (دوام بکەوە.) [٤٤] فیلیپۆس خەڵکی بێتسەیدا بوو، شارەکەی ئەندراوس و پەترۆس. [٤٥] فیلیپۆسیش نەسەنئیلی دۆزییەوە، پێی‌ووت: (ئەوەی کە موسا لە تەورات و پێغەمبەرانیش لە سیپارەکانیان لەسەریان نووسیوە دۆزیمانەوە، عیسای کوڕی یوسفی خەڵکی ناسیرەیە.) [٤٦] نەسەنئیل پێی‌ووت: (ئایا لە ناسیرە شتی چاک هەڵدەکەوێ؟) فیلیپۆس پێی‌ووت: (وەرە و ببینە.)

بەو شێوەیە، دەبینین چۆن قوتابییەکانی یەحیا شوێنی عیسا کەوتن. بۆچی قوتابییەکانی پێغەمبەر یەحیا وازیان لەو هێنا و شوێنی پەروەردگار عیسا کەوتن؟ دەستیان کرد بە شوێن کەوتنی عیسا چونکە باوەڕیان هێنا بەوەی یەحیا پێانی ووت کاتێ ووتی عیسا مەسیح و بەرخی خودایە، ئەوەی هەموو پێغەمبەران پێشبینیان کرد! بۆیە، کاتێ ئەندراوس، کە یەکێك بوو لە قوتابییەکانی یەحیا، زانی کە عیسا مەسیح، ڕۆیشت بۆ ئەوەی شیمۆن پەترۆسی برا بدۆزێتەوە و پێی بڵێ: (مەسیحمان دۆزیەوە!!!) و کاتێ قوتابییەکی تر بە ناوی فلیپۆس زانی عیسا کێیە، زۆر خۆش حاڵ بوو و بە نەسەنئیلی برادەری ووت، (ئەوەی کە موسا لە تەورات و پێغەمبەرانیش لە سیپارەکانیان لەسەریان نووسیوە دۆزیمانەوە، عیسای کوڕی یوسفی خەڵکی ناسیرەیە!)

بەڵێ، ئەندراوس و پەترۆس، فلیپۆس و نەسەنئیل زۆر خۆش حاڵ بوون کاتێ عیسایان بینی، لەبەر ئەوەی دەیانزانی کە بۆ هەزاران ساڵ پێغەمبەران پێش بینی هاتنی مەسیحیان دەکرد. ئێستاش عیسا بە چاوی خۆیان دەبینن! ستایش بۆ خودا! ڕزگاری دەری بالادەست، ئەوەی هەموو پێغەمبەرانی خودا پێشبینییان دەکرد لەنێوانیان ڕاوەستابوو! ستایش بۆ خودا، مەسیح هات لە کۆتاییدا! بۆیە، ئەم چوار قوتابییەی یەحیا دەستیان کرد بە شوێن کەوتنی عیسا و بوون بە یەکەم قوتابییانی ئەو.

لەپاش ئەوە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ٤) [٢١] کە لەوێ ڕۆیشت، دوو برای دیکەی بینی، یاقوبی کوڕی زەبدی و یۆحەنای برای، لە بەلەمێک‌دا لەگەڵ زەبدی باوکیان تۆڕەکانیان چاک‌دەکردەوە، ئەوانیشی [عیسا] بانگ‌کرد. [١٩] پێی فەرموون: (وەرن دوام بکەون، دەتانکەمە ڕاوچی مرۆڤ.) [٢٢] یەکسەر بەلەمەکە و باوکیان بەجێهێشت و دوای کەوتن. [٢٣] ئینجا عیسا بە هەموو جەلیل‌دا

دەگەڕا، لە کەنیشتەکانیان فێری دەکردن و موژدەی پاشایەتییەکەی جارِدەدا، هەرچی نەخۆشی و هەرچی نەساغی نێو خەڵک هەبوو، چاکی دەکردنەوە. [٢٤] بۆیە دەنگوباسی تەواوی سوریای گرتەوە، ئەوانیش هەموو نەخۆشێکیان هێنا لای، بە جۆرەها دەرد و ئازارەوە، ئەوەی ڕۆحی‌پیسی تێدایە و خووداڕ و ئیفلیج، ئەویش چاکی‌کردنەوە. [٢٥] جا خەڵکێکی زۆر لە جەلیل و دە شارەکە و ئۆرشەلیم و یەهودیا و ئەوبەری ئوردون دوای کەوتن.

لەپاش ئەوەی یەحیا بانگەوازی کرد کە عیسا مەسیحە، قوتابییەکانی یەحیا یەك بە یەك دەستیان کرد بەجێ هێشتنی بۆ ئەوەی بتوانن شوێنی پەروەردگار عیسا بکەون. ئایا ئەو شتە دڵی یەحیای خۆش کرد؟ ئایا پێغەمبەر یەحیا دڵی خۆش بوو کە قوتابییەکانی ئەویان بەجێ هێشت بۆئەوەی شوێنی عیسا بکەون؟ تۆ چی دەڵێی؟

بزانە چی نووسراوە لە ئینجیلی یۆحەنا، بەشی سێ. بۆیە هەندێ کەس، [٢٦] هاتنە لای یەحیا و پێیان وت: (ڕابی، ئەوەی لەوبەری ئوردون لەگەڵ تۆ بوو، ئەوەی شایەتیت بۆی دا، ئەوەتا خەڵک لە ئاو هەڵدەکێشێ و هەموو خەڵک دێنە لای.) [٢٧] یەحیا وەڵامی دایەوە: (کەس ناتوانێت شتێک وەربگرێت ئەگەر لە ئاسمانەوە پێی نەدرابێت. [٢٨] ئێوە خۆتان شایەتیم بۆ دەدەن کە وتم: (من مەسیح نیم، بەڵام پێش ئەو نێردراوم.) [٢٩] بووک بۆ زاوایە، بەڵام هاوڕێی زاوا کە ڕاوەستاوە و گوێی لێ دەگرێت لەبەر دەنگی زاوا زۆر دڵخۆش دەبێت. بۆیە ئەم خۆشییەم هاتە دی. [٣٠] پێویستە ئەو زیاد بکات و منیش کەم. (یۆحەنا ٣)


چی دەڵێی سەبارەت بەمە؟ یەحیا خۆش حاڵییەکی مەزنی دەربڕی کاتێ قوتابییەکانی بەجێیان هێشت بۆ ئەوەی شوێنی مەسیح بکەون! خۆش خاڵی یەحیا تەواو بوو، لەبەر ئەوەی ئەرکەکەی جێ بە جێ کرد، ڕێگای خۆش کرد لەپێش مەسیح. وەك پێغەمبەرێکی ڕاستەقینەی خودا، تاکە ویستی یەحیا ئەوە بوو خەڵك ڕوەو مەسیح بنێرێ. ئای کە پێغەمبەر یەحیا جیاوزە لە پیاوانی ئایینی ئەم ڕۆژگارەمان! سەرکردەیەکی ڕاستەقینەی ڕۆحی هەمیشە ڕەوانی لای پەروەردگار عیسات دەکات، لەبەر ئەوەی عیسا تاکە کەسە کە بتوانێ بتباتە حزوری پیرۆزی خودا لە بەهەشت. یەحیا دەیزانی کە زۆر پێغەمبەری خودا هەن، بەڵام یەك ڕزگاری دەر! لەبەر ئەوە یەحیا ووتی: (ئەوەی باوەڕ بەکوڕ (عیسای مەسیح) بهێنێت ژیانی تاهەتایی هەیە. بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی کوڕەکە نییە ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت.) (یۆحەنا ٣: ٣٦)

سەبارەت بە کۆتایی ژیانی یەحیا، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: بە زۆر شتی دیکەش ئامۆژگاری گەلی دەکرد و موژدەی دەدانێ. [١٩] بەڵام...یەحیا هێرۆدسی تیترارکی سەرزەنشت کردبوو لەسەر هێرۆدیای براژنی و لەبەر هەموو ئەو خراپانەی کردبووی. (لۆقا ٣: ١٨، ١٩)

لەبەر ئەوە هێرۆدس فەرمانی دەرکرد یەحیا بگیرێ و بخرێتە زیندانەوە. لە کۆتاییشدا، هێرۆدس فەرمانی دا یەحیا لەسێدارە بدرێت تاکو ژنەکەی خۆش حاڵ بکات. (تەماشای مەرقۆس ٦: ١٧ و ٢٧ بکە). بۆیە، یەحیا چووە ناو شکۆمەندی حزووری خودا لە بەهەشت.

نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کە یەحیا پێغەمبەرێکی مەزن بوو، تەنانەت لە وانەی لە پێشیشی هاتبوون مەزن تر بوو. باشە چی وای کرد یەحیا لە پێغەمبەرەکانی تر مەزنتر بێت؟ وەڵامەکە ئەمەیە. هەموو پێغەمبەرەکانی تر بانگەوازیان کرد و ووتیان: (مەسیح دێت! بەرو هاتنە! دێت!) بەڵام، بانگەوازەکەی یەحیا ئاوا بوو: (مەسیح لێرەیە! ناوی عیسایە! تەماشا بکەن! بەرخی خودا، ئەوەی دەکوژرێ تاکو گوناهی جیهان لابەبات وا هات! شوێنی ئەو بکەون!) بۆیە یەحیا ئەرکەکەی جێ بە جێ کرد وەك پێغەمبەری نیشاندەر کەوا ڕێگای لەپێش مەسیح خۆش کرد.

با خودا توانای بینینی ناوەڕۆکی ئەوەی خوێندمانەوە بداتێ. هیچ شتێك گرنگ تر نییە لەوەی پێغەمبەر یەحیا بانگەوازی بۆی کرد سەبارەت بە عیسای مەسیح، کاتێ فەرمووی، (ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات!) (یۆحەنا ١: ٢٩)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. چۆن یەحیا ئیشارەتی بۆ مەسیح کرد؟

٢. بۆچی یەحیا بە عیسای ووت بەرخی خودا؟ عیسا بەرخ بوو؟

٣. بۆچی یەحیا ئیشارەتی بۆ عیسا کرد و بە شوێن کەوتوانی ووت ، (ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات!) ؟

٤. بۆچی قوتابییەکانی پێغەمبەر یەحیا وازیان لەو هێنا و شوێنی پەروەردگار عیسا کەوتن؟

٥. ئایا پێغەمبەر یەحیا دڵی خۆش بوو کە قوتابییەکانی ئەویان بەجێ هێشت بۆ ئەوەی شوێنی عیسا بکەون؟ ئەی تۆش چی دەڵێی سەبارەت بەمە؟

٦. چی وای کرد یەحیا لە پێغەمبەرەکانی تر مەزنتر بێت؟

وانەی ٦٥ : پزیشکی مەزن

مەرقۆس ١ و ٢

وەك تۆ دەزانی، لە گەشتەکەمان لە نووسراوە پیرۆزەکان، ئێستا لە ئینجیل دیراسەت دەکەین. ئەمە ئەو پەرتوکە پیرۆزەیە کەوا باسی مزگێنی خۆشی دەکات دەربارەی مەسیح هاتە جیهان بۆ ئەوەی منداڵەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە دەسەڵاتی شەیتان و گوناە. لە وانەی ڕابردوومانداو، خوێندمانەوە کە عیسای مەسیح دەستی کرد بە سەردانی شارەکان، خەڵکانی فێر دەکرد و هەموو نەخۆشییەك و پەتایەکی ناو خەڵکی چاك دەکردەوە. ناوی بلاوبووەوە لە خاکەکەدا.

ئەمڕۆ بەردەوام دەبین لە گێڕانەوەی چیرۆکی عیسای مەسیح بۆ ئەوەی ببینین چۆن فێرکردنەکان و ئیشەکانی جیاواز بوون لە هەموو ئەوانەی پێش ئەو. عیسا ژنی نەهێنا بوو، مااڵی نەبوو، سامانی دنیایی نەبوو. ئەو تاك بوو لەنێوان پیاواندا. تەنها یەك شت گرنگ بوو لای ئەو: ئیرادەی ئەو کەسە جێ بە جێ بکات کەوا ئەوی نارد، و ئەو ئێشە تەواو بکات کە خودا پێی سپاردبوو.

لەئینجیل مەرقۆس بەشی یەکەم، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەرقۆس ١) [٢١] ئینجا (عیسا و قوتابییەکانی) چوونە (شاری) کەفەرناحوم. لە کاتێکدا شەممە بوو چووە کەنیشت و دەستی‌کرد بە فێرکردن. [٢٢] لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون، چونکە وەک دەسەڵاتدارێک فێری دەکردن، نەک وەک مالمەکان. [٢٣] لەپڕ لە کەنیشتەکەیان یەکێکی لێبوو ڕۆحی‌پیسی تێدابوو، هاواری کرد، [٢٤] وتی: (عیسای ناسیرەیی، چیت لێمان دەوێت؟ هاتووی لە ناومان ببەیت؟ دەتناسم تۆ کێیت، پیرۆزەکەی خودایت!) [٢٥] عیسا لێی ڕاخوڕی و فەرمووی: (بێدەنگ بە! لێی وەرە دەرەوە!) [٢٦] ڕۆحە پیسەکەش خووگرتی کرد و هاوارێکی بەرزی لێ هەڵستا و لێی هاتە دەرەوە. [٢٧] هەموو سەرسام بوون و کەوتنە پرسیار لە یەکتری: (ئەمە چییە؟ فێرکردنێکی نوێیە بە دەسەڵاتەوە! فەرمان بە ڕۆحی‌پیسیش دەکات و گوێڕایەڵی دەبن.) [٢٨] یەکسەر ناوبانگی بە هەموو ناوچەی دەوروبەری جەلیل بڵاوبۆوە.

فێرکردنەکانی عیسا زۆر جیاواز بوون لە فێرکردنەکانی مامۆستاکانی یاسا و یاخود مامۆستا ئایینیەکان. هەموو ئەوانەی گوێیان ڕاگرتبوو لە عیسا لە کەنیشت (کە شوێنێکی تایبەت بوو بۆ پەرستن و ڕێنمایی لە نووسراوە پیرۆزەکان) سەرسوڕماو بوون لە ووشەکانی لەبەر ئەوەی ئەو بە دەسەڵاتەوە فێری دەکردن، کە مامۆستای یاساکانی ئەوان نەیانبوو.

دەربارەی مامۆستایانی یاسا دەزانن. ئەوان دەبوایە تەورات و زەبوورەکان و پەرتوکەکانی پێغەمبەرانی تر ڕوون بکەنەوە. بەڵام زۆربەیان نەیاندەتوانی بەشێوەیەکی باش نووسراوەکانی پێغەمبەران شی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی لێی تێنەگەیشتن! هەموو ئەرکە ئایینیەکان و داب و نەریتی باووباپیرانی خۆیان دەزانی، بەڵام ووشەی پەروەردگاریان نەدەناسی. شارەزا ئایینیەکان ناوی خودایان بە دەم بەرز ڕادەگرت، بەڵام ووشەی ئەویان خۆش ناویست. بۆیە، کاتێ عیسا، دارتاشی هەژارەکە، چووە ناو کەنیشتەکە و دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی نووسراوە پیرۆزەکان بە دەسەڵات و ڕوونی، ئەم مامۆستایانە زۆر شەرمەزار بوون. بۆ زیاتر سەر شۆڕییان، خەڵکەکەی لەناو کەنیشتەکە زۆر سەرسوڕماو بوون بە ووشەکانی عیسا و ئیشەکانی و لە یەکتریان دەپرسی، (ئەمە کێیە؟ ئەم فێرکردنە نوێیەی لە کوێوە هێناوە؟ چۆن دەتوانێ بەم جۆرە دەسەڵاتەوە فێربکات؟ تەنانەت فەرمان بە ڕۆحی خراپ دەدا، و ئەوانیش بەگوێی دەکەن! هەرگیز شتی وامان نەبینیوە! کەس تائێستا وەك ئەم پیاوە فێرکردنی نەکردووە! کەس تائێستا شتی وای نەکردووە وەك ئەمەی ئەم!)

بەڕاستی، لەو ڕۆژەی ئادەم گوناهی کرد تا ئەو ڕۆژەی عیسا دەستی کرد بە پشان دانی موعجیزەکان، خەڵکی کەسی وا بە هێزیان هەرگیز نەبینی بوو. بەڵام ئێستا یەکێك دەبینن کەوا دەتوانێ بە تاقە ووشەیەك وا لە شەیتان و جنۆکەکانی هەڵبێن لە دەستی! تەنها ئەو مەسیحەی لە ئاسمان هات بوو دەیتوانی شتی وا بکات! بینیت جنۆکەکەی ناو پیاوەکە چی بە عیسا ووت؟ هاواری کرد و ووتی، (عیسای ناسیرەیی، چیت لێمان دەوێت؟ هاتووی لە ناومان ببەیت؟ دەتناسم تۆ کێیت، پیرۆزەکەی خودایت!) جنۆکەکان دەیانزانی عیسا لە کوێوە هات بوو و کێ بوو. بەڵام، زۆربەی خەڵك نەیاندەزانی عیسا کێیە. شەیتان و فریشتە خراپەکارەکانی زۆر زۆر ترسان

لە پەروەردگار عیسا، لەبەر ئەوەی بێ گومان بوون لەوەی ئەو ووشەیەیە کە خودا ئاسمان و زەوی پێی دروست کردووە لە سەرەتادا. دەیانزانی کە عیسا ئەو کەسە پیرۆزەیە کەوا دەسەلاتی هەیە فڕیان بداتە ناو ئاگری تاهەتایی! لەبەر ئەوە بوو لە ترسان دەلەرزین لەگەڵ بیستنی ناوی عیسا.

ئێستاش، با بەردەوام بین لە ئیجیلی مەرقۆس لە بەشی یەکەم. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەرقۆس ١)
[٢٩] ئەو کاتەی (**پاشان عیسا و قوتابییەکانی**) کەنیشتەکەیان بەجێهێشت، لەگەڵ یاقوب و یۆحەنا چوونە ماڵی شیمۆن و ئەندراوس.
[٣٠] خەسووی شیمۆن لەناو جێگا کەوتبوو، تای هەبوو، خێرا باسی ئەویان بۆ عیسا کرد. [٣١] ئەویش هات، دەستی گرت و هەڵیستاندەوە.
تایەکە بەری‌دا و دەستی‌کرد بە خزمەتکردنیان. [٣٢] ئێوارە داهات و ڕۆژ ئاوابوو، هەموو نەخۆش و کەسێکیان بۆ هێنا ڕۆحی‌پیسی
تێدابێت. [٣٣] هەموو شارەکە لە بەردەرگا کۆبوونەوە. [٣٤] زۆر نەخۆشی بە جۆرەها دەردەوە چاککردەوە، زۆر ڕۆحی‌پیسیشی دەرکرد و
نەیهێشت ڕۆحەپیسەکان بدوێن، چونکە ناسییان. [٣٥] بۆ بەیانی هێشتا تاریک بوو، هەڵستا و چووە شوێنێکی چۆڵەوانی و لەوێ
دەستی‌کرد بە نوێژکردن. [٣٦] شیمۆن و ئەوانەی لەگەڵی بوون بە شوێنی‌دا گەڕان [٣٧] کە دۆزییانەوە پێیان وت: (هەموو بە دوات‌دا
دەگەڕێن.) [٣٨] پێی فەرموون: (وەرن با بڕۆینە دێیەکانی دەوروپشت، تاکو لەوێش جارێبدەم، چونکە بۆ ئەمە هاتووم.) [٣٩] جا چوو تاکو لە
هەموو جەلیل‌دا لە کەنیشتەکانیان جارێبدات و ڕۆحی‌پیس دەربکات. [٤٠] ئینجا پیاوێکی گول هاتە لای و لێی پاڕایەوە، چۆکی دادا و
پێی‌ووت: (ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت پاکم بکەیتەوە.) [٤١] عیسا دڵی پێی سووتا و دەستی درێژ کرد، دەستی لێ‌دا و پێی فەرموو:
(دەمەوێت. پاک‌ببەوە!) [٤٢] یەکسەر گولییەکەی لێبڕاوە و پاک‌بۆوە.

بەو شێوەیە عیسا خەڵکی لە هەموو نەخۆشییەك و دەردێك چارەسەر دەکرد، و بەزەیی بە نەوەکانی ئادەم نیشان دەدا، لەبەر ئەوەی
ماندوو و بێ چارە بوون وەك مەڕی بێ شوان. بەڵام هۆیەکی تر هەبوو بۆ ئەو هەموو موعجیزانەی عیسای ئەنجامی دان. عیسا هەموو
جۆرە نەخۆشییەکی چاك کردەوە و جنۆکەی لە خەڵکی دەردەکرد بۆ ئەوەی بۆ نەوەکانی ئادەم بیسەلمێنێ کە ئەو مەسیحەیە کە
خودا بەڵێنی هاتنی دابوو زۆر لەوە پێش لەسەر زاری پێغەمبەرەکانی. بۆ نموونە، خوێندمانەوە کە پێغەمبەر ئیشایا سەدان ساڵ پێش
لەدایك بوونی عیسا نووسی کە کاتێ مەسیح دێت، (چاوی نابیناکان دەکرێتەوە و گوێی کەڕەکان دەکرێتەوە. ئەوسا شەل وەک ئاسک
باز دەدات و زمانی لاڵ هاواری خۆشی دەکات!) (ئیشایا ٣٥: ٥، ٦) بەم ووشانە، پێغەمبەر ئیشایا ڕایگەیاند کە مەسیح
موعجیزەی وا دەکات کە کەس هەرگیز نەیکردبێ. پێشتر بینیمان چۆن خودا توانای ئەنجامدانی موعجیزەی مەزنی دا بە موسا و ئیلیا.
بەڵام ئەو موعجیزانەی ئەوان ئەنجامیان دا زۆر کەم بوون بەرامبەر ئەوانەی مەسیح ئەنجامی دان. هەروەها، موسا و ئیلیا هیچ هێزێکی
خۆیان نەبوو بۆ ئەوەی ئەو موعجیزانە ئەنجام بدەن. بەڵام عیسای مەسیح پڕ بوو لە هێزی خودا، لەبەر ئەوەی خۆی خودی هێزی
خودایە!

بەردەوام دەبین لە ئینجیلی مەرقۆس، بەشی دوو، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مارقوس ٢) [١] پاش چەند ڕۆژێک عیسا هاتەوە ناو
کەفەرناحوم، جا بیسترا کە لە ماڵەوەیە. [٢] خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە، بە شێوەیەک لەبەردەرگاش شوێن نەما. ئەویش بە وشەکە بۆیان
دەدووا. [٣] ئیفلیجێکیان هێنایە لای، بە چوار کەس هەڵیانگرتبوو. [٤] بەڵام لەبەر خەڵکەکە نەیانتوانی بیبەنە لای عیسا. جا سەربانی ئەو
شوێنەیان هەڵگرت کە ئەوی لێبوو، کونێکیان کردەوە و نوێنەکەیان شۆڕکردەوە کە ئیفلیجەکەی لەسەر بوو. [٥] کاتێ عیسا باوەڕی
ئەوانی بینی، بە ئیفلیجەکەی فەرموو: (کوڕم، گوناهەکانت بەخشران.)

[٦] هەندێک مالمیش لەوێ دانیشتبوون، لە دڵی خۆیان‌دا بیریان دەکردەوە: [٧] (بۆچی ئەمە ئاوا دەدوێت؟ کفر دەکات! بێجگە لە خودا کێ
دەتوانێت گوناە ببەخشێت؟) [٨] یەکسەر عیسا بە ڕۆحی خۆی زانی لە دڵی خۆیان‌دا ئاوا بیر دەکەنەوە، پێی فەرموون: (بۆچی لە دڵتان‌دا
بیر لەم شتانە دەکەنەوە؟ [٩] کامیان ئاسانترە، بە ئیفلیجەکە بڵێی: (گوناهەکانت بەخشران،) یان بڵێی: (هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و
بڕۆ)؟ [١٠] بەڵام تاکو بزانن، کوڕی مرۆڤ لەسەر زەوی دەسەلاتی گوناە بەخشینی هەیە،...) بە ئیفلیجەکەی فەرموو: [١١] (پێت دەڵێم:
هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ ماڵەوە.) [١٢] ئەویش یەکسەر هەڵستا و نوێنەکەی هەڵگرت و لەبەرچاوی هەموویان چووە دەرەوە. بە
شێوەیەک هەموو سەرسام بوون و ستایشی خودایان کرد، وتیان: (هەرگیز شتی وامان نەبینیوە!)


لەم گێڕانەوەیە، دەبینین کە هێزی عیسا تەنها بەوە سنووردار نەبوو جەستەی یەکێکی نەخۆش چاك بکاتەوە، بەڵکو هێزی چاککردنەوەی دڵی گوناهباری کەسەکە چاك بکاتەوە! عیسا، کەوا پزیشکی مەزن بوو، زانی کەوا کێشەی سەرەکی ئەو پیاوە ئیفلیجە پێیە ئیفلیجەکەی نەبوو، بەڵکو ئەو گوناهەی لە دڵی دابوو. لەبەر ئەوە عیسا یەکەم جار پێی فەرموو، (کوڕم، گوناهەکانت بەخشران.)

مالمەکان بیریان لە چی دەکردەوە کاتێ عیسا وای فەرموو؟ لەگەڵ خۆیاندا دەیان ووت، (عیسا کفر دەکات! کەس ناتوانێ لە گوناە خۆش بێت تەنها خودا نەبێت!). بیرەکانیان بەشێکی ڕاست بوو و بەشێکی ساختە بوو. ئەوە ڕاستە کە کەس ناتوانێ لە گوناە خۆش بێت تەنها خودا نەبێت. بەڵام، کاتێ مالمەکان پێیان وابوو عیسا کفر دەکات هەڵەیان کرد چونکە ئەوەی ئەوان لێی تێ نەگەیشتن ئەوە بوو کە عیسا ئەوە شەفیعە بوو کە خودا ناردیە خوارەوە بۆ جیهان بۆ ئەوەی گوناهباران پاك بکاتەوە لەگەڵ خودا. عیسا ووشەی خودا بوو، بۆیە کاتێ عیسا فەرمووی، (گوناهەکانت بەخشران.) ئەوا خودا خۆی فەرمووی (گوناهەکانت بەخشران!) پەروەردگار عیسا دەنگی خودا بوو لەسەر زەوی! نەك تەنها ئەوە، عیسا ئەو کەسە بوو کە دەبوایە لەدایك بێت و ژیانی خۆی ببەخشێ وەك قوربانییەکی تەواو کە سزای گوناە لادەبات تاهەتا. وەك چۆن باوکێك دەسەڵات دەدات بە کوڕی ئیشی بۆ بکات و لەشوێنی ئەو قسە بکات، بۆیە خودا دەسەڵاتی لێ خۆش بوونی گوناهی بەخشی بە عیسا. لێ خۆش بوونی گوناە تەنها لە پەروەردگار عیسادا دۆزراوەتەوە. بەڵام مالمەکان باوەڕیان بەوە نەبوو. بۆیە، با بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئایەتەکانی پاشتر: که عیسا لهوێ تێدەپەڕی، پیاوێکی بینی له شوێنی باجگری دانیشتبوو، ناوی مەتا بوو. پێی فەرموو: (دوام بکەوە.) ئەویش هەڵستا و دوای کەوت.) (مەتا ٩: ٩) کاتێ لە ماڵی ئەو دانیشتبوو زۆر لە باجگران و گوناهباران لەگەڵ عیسا و قوتابییەکانی لەسەر خوان بوون، چونکە زۆر بوون و دوای کەوتبوون. کاتێ مالمە فەریسییەکان بینییان وا لەگەڵ گوناهبار و باجگران نان دەخوات، بە قوتابییەکانیان وت: (بۆچی لەگەڵ باجگر و گوناهباران نان دەخوات؟) کە عیسا گوێی لێبوو، پێی فەرموون: (لەشساغ پێویستی بە پزیشک نییە، بەڵکو نەخۆش. نەهاتووم ڕاستودروستان بانگ بکەم، بەڵکو گوناهباران.) (مەرقۆس ٢: ١٥–١٧)

بەو ووشانە، عیسا، پزیشکی مەزن، ویستی بە مالمەکان نیشان بدات کە ئەوان نەخۆشن بەرامبەر خودا لەبەر گوناهەکانیان. بەڵام ئەم مامۆستا ئایینیانە گوناهی خۆیان نەدەزانی. لە ڕاستیدا، ڕەخنەیان لە عیسا گرت لەبەر ئەوەی نانی لەگەڵ باجگران و ئەوانەی بە (گوناهبار) ناسرابوون دەخوارد. بەڵام، بوون لەگەڵ گوناهباران و چاککردنەوەیان لە گوناهەکانیان ئەو هۆیەیە کەوا عیسا بۆی لەدایك بوو!

ئەی دەربارەی تۆ، دەزانی کە ئێمە لەدایك بووینە بە نەخۆشێکی سامناك بەناوی گوناە؟ ئەو گوناهەی ناو ئێوە هۆی ئەوەیە کە دەبێت بمری و ڕوو بە ڕووی دادوەری خودای پیرۆز. بەڵام ستایش بۆ خودا، یەکێك هەیە کە دەتوانێ چاکت بکاتەوە لە گوناهەکانی ناو دڵت! دەزانی ئەو کەسە کێیە؟ بەڵێ، عیسای مەسیحە – ئەوەی بێ گوناە بوو و هاتە جیهانەوە لە پێناو ڕزگار کردنی نەوەکانی ئادەم لە گوناهەکانیان. بەڵام، پێش ئەوەی پەروەردگار عیسا بتوانێ دڵتان چاك بکاتەوە لە گوناهەکان، دەبێت لەپێشان بزانن کە نەخۆشن بە گوناە. تەنها ئەوانەی دەزانن کە نەخۆشن دەچنە لای پزیشك. بە هەمان شێوە، تەنها ئەوانەی دەزانن گوناهبارن ڕوو لە عیسا دەکەن، ڕزگار دەر لە گوناە. عیسا بۆ ئەو کەسانە نەهات کەوا پێیان وایە ڕاستودروستن، بەڵکو بۆ ئەو کەسانەی دەزانن کە گوناهبارن.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بە ووردی سەرنجی ووشەکانی پەروەردگار دەدەیت کە بە مالمەکانی فەرموو:
لەشساغ پێویستی بە پزیشک نییە، بەڵکو نەخۆش. نەهاتووم ڕاستودروستان بانگ بکەم، بەڵکو گوناهباران! (مارقوس ٢: ١٧)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. گوێت لێ بوو جنۆکەکەی ناو پیاوەکە چی بە عیسا ووت؟

٢. مالمەکان بیریان لە چی دەکردەوە کاتێ عیسا وای فەرموو؟

٣. ئەی دەربارەی تۆ، دەزانی کە ئێمە لەدایك بووینە بە نەخۆشییێکی سامناك بەناوی گوناە؟

٤. دەزانی ئەو کەسە کێیە کە دەتوانێ چاکت بکاتەوە لە گوتاهەکانی ناو دڵت؟

وانەی ٦٦ : مامۆستای مەزن

مەتا ٥ – ٧

لە وانەی ڕابردوو بینیمان کە عیسای مەسیح سەردانی شارۆچکەکانی فەلەستینی دەکرد، خەڵکانی فێردەکرد و نەخۆشی چاك دەکردەوە و ڕۆحی پیسی لە خەڵکی دەردەکرد. خەڵك سەریان سوڕمابوو و دەیان پرسی، ئەمە چییە؟ فێرکردنێکی نوێیە بە دەسەڵاتەوە! فەرمان بە ڕۆحی‌پیسیش دەکات و گوێڕایەڵی دەبن. (مەرقۆس ١: ٢٧)

ئێستاش پلانمان وایە بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیل و گوێ لەو ووشە جوانانەی لە دەمی پەروەردگار عیسا هاتە دەرەوە بگرین کە ڕۆژێك لە قەراخ چیایەك بوو لەگەڵ قوتابییەکانی و خەڵکانێکی زۆر و هەرکەسێك دەیەوێ، دەتوانێ هەموو پەیامەکە لە ئینجیلی مەتا بەشی پێنج تا بەشی حەفت بخوێننەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(مەتا ٥) [١] کاتێ عیسا خەڵکەکەی بینی، چووە سەر چیا، ئینجا دانیشت و قوتابییەکانی هاتنە لای، [٢] زاری کردەوە، فێری کردن:

[٣] (خۆزگە دەخوازرێ بە ڕۆح هەژاران، چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە.

[٤] خۆزگە دەخوازرێ بە ماتەمداران، چونکە دڵنەوایی دەکرێن.

[٥] خۆزگە دەخوازرێ بە دڵنەرمەکان، چونکە دەبن بە میراتگری زەوی.

[٦] خۆزگە دەخوازرێ بە برسی و تینووەکان بۆ ڕاستودروستی، چونکە تێر دەکرێن.

[٧] خۆزگە دەخوازرێ بە بەزەییداران، چونکە بەر بەزەیی دەکەون.

[٨] خۆزگە دەخوازرێ بە دڵپاکەکان، چونکە خودا دەبینن.

[٩] خۆزگە دەخوازرێ بە ئاشتیسازان، چونکە بە ڕۆڵەی خودا ناودەبرێن.

[١٠] خۆزگە دەخوازرێ بە چەوسێنراوان لە پێناوی ڕاستودروستی، چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە.

[١١] خۆزگە دەخوازرێ بە ئێوە کاتێ خەڵکی ئابڕووتان دەبەن و دەتانچەوسێننەوە، لەبەر من هەموو بوختانێکتان پێ دەکەن. [١٢] دڵخۆش و دڵشاد بن، چونکە پاداشتتان گەورەیە لە ئاسمان. لەبەر ئەوەی پێش ئێوە ئاواش پێغەمبەرانیان چەوساندۆتەوە.

[١٧] وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان پێغەمبەران پووچەڵ بکەمەوە، نەهاتووم بۆ پووچەڵکردنەوە، بەڵکو بۆ تەواوکردن.

[١٨] ڕاستیتان پێ دەڵێم: تا زەوی و ئاسمان لەئارادا بێت، پیتێک یان خاڵێک لە تەورات لەناو ناچێت، تاکو هەمووی دێتە دی. [١٩] بۆیە ئە وەی بچووکترینی ئەم ڕاسپاردانە بشکێنێت و خەڵکیش ئاوا فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە بچووکترین ناودەبردرێت. بەڵام ئەوەی پەیڕەوی بکات و خەڵکی فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە پایە بەرز ناودەبردرێت. [٢٠] ئێتر پێتان دەڵێم: ئەگەر ڕاستودروستیتان لە مالم و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمان.

[٢١] بیستووتانە بە پێشینان وتراوە: {مەکوژە} ، (ئەوەی بکوژێت شایانی حوکم بەسەردان دەبێت.) [٢٢] بەڵام من پێتان دەڵێم ئەوەی لە خوشکی یان براکەی تووڕە بێ، دەبێ حوکم بدرێت. ئەوەی بە براکەی دەڵێ (هیچوپووچ"، دەبێ بدرێتە سەنهەدرین، ئەوەش دەڵێت (گێلە"، دەبێت بخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە. [٢٧] بیستووتانە وتراوە: {داوێنپیسی مەکە}. [٢٨] بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بە هەوە سبازییەوە سەیری ئافرەتێک بکات، ئەوا لە دڵی خۆیدا داوێنپیسی لەگەڵ کردووە. [٣٣] دیسان بیستووتانە کە بە پێشینان وتراوە: {سوێندەکانت مەشکێنە، بەڵکو سوێندەکانت بۆ خوداوەند بەرەسەر}، [٣٤] بەڵام من پێتان دەڵێم: هەرگیز سوێند مەخۆن، نە بە ئاسمان، چونکە تەختی خودایە، [٣٥] نە بە زەوی، چونکە تەختەپێیەتی... [٣٧] با قسەتان: (بەڵێ" بۆ (بەڵێ) و (نەخێر) بۆ (نەخێر) بێت، لەمە بترازێت لە خراپەکارەکەوەیە.

[٣٨] بیستووتانە وتراوە: {چاو بە چاو، دان بە دان}. [٣٩] بەڵام من پێتان دەڵێم: بەربەرەکانێی خراپەکار مەکەن، بەڵکو ئەوەی لە ڕوومە تی ڕاستی دایت، لایەکەی دیکەشی بۆ شل بکە، [٤٠] ئەوەی ویستی بتداتە دادگا و کراسەکەت لێ بستێنێت، چاکەتەکەشتی بدەرێ. [٤١] ئەوەی یەک میل بێگاری پێ کردیت، دووانی لەگەڵ بڕۆ. [٤٣] بیستووتانە وتراوە: {نزیکەکەت خۆش‌بووێ،} (ڕقت لە دوژمنت بێتەوە

.) ٤٤ بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوون، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، ٤٥ تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاک و خراپدا هەڵدێنێ و باران بەسەر پیاوچاک و زۆرداریشدا دەبارێنێت. ٤٦ چونکە ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆشبوون کە ئێوەیان خۆش‌دەوێت، چ پاداشتێکتان هەیە؟ ئایا باجگرانیش ئەمە ناکەن؟ ٤٧ ئەگەر سڵاوتان تەنها لە خوشک و برایانتان کرد، چی زیاترتان کردووە؟ ئایا بتپەرستانیش ئەمە ناکەن؟ ٤٨ بۆیە ئێوە تەواو بن، وەک باوکی ئاسمانیتان تەواوە.

(مەتا ٦) ١ هۆشیار بن لەوەی لەبەرچاوی خەڵک کاری ڕاستودروستیتان بکەن، تاکو بتانبینن. ئەگینا پاداشتتان نییە لەلای باوکتان لە ئاسمان.

٢ بۆیە کاتێ خێرێک دەکەیت، لەپێش خۆت زورنا لێمەدە وەک دووڕووان کە لە کەنیشت و سەر شەقامەکان دەیکەن، تاکو لەلایەن خەڵک ستایش بکرێن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. ٣ بەڵام تۆ کە خێرێک دەکەیت، مەهێڵە دەستی چەپت بزانێت دەستی ڕاستت چی دەکات، ٤ تاکو خێرەکەت بە نهێنی بێت. باوکیشت کە لە نهێنی‌دا دەبینێت، پاداشت دەداتەوە.

٥ کاتێ نوێژ دەکەن وەک دووڕووان مەبن، ئەوان حەزدەکەن بە پێوە لە کەنیشت و سووچی شەقامەکان نوێژ بکەن، تاکو بۆ خەڵک دیار بن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. ٦ بەڵام تۆ کاتێ نوێژ دەکەیت، بڕۆ ژوورەکەت و دەرگا لەسەر خۆت دابخە، نوێژ بکە بۆ باوکت کە لە نهێنی دایە. باوکیشت کە لە نهێنی‌دا دەبینێت، پاداشت دەداتەوە. ٧ کاتێ نوێژ دەکەن، وەک بتپەرستان چەنەبازی مەکەن، چونکە وادەزانن بە زۆر وتنیان گوێیان لێ دەگیرێت. ٨ بۆیە وەک ئەوان مەبن، چونکە باوکتان دەزانێت پێویستیتان بە چییە، پێش ئەوەی داوای لێ بکەن.

٩ بەڵام ئێوە ئاوا نوێژ بکەن:

(ئەی باوکمان لە ئاسمان، با ناوت پیرۆز بێت، ١٠ با پاشایەتییەکەت بێ، با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەک لە ئاسمان. ١١ نانی ڕۆژانەمان ئەمڕۆش بدەرێ. ١٢ لە گوناهەکانمان خۆش بە، وەک ئێمەش لە قەرزارەکانمان خۆش دەبین. ١٣ مەمانخەرە تاقیکردنەوە، بەڵکو ڕزگارمان بکە لە شەیتان.)

١٤ کاتێ بەڕۆژوو دەبن، ڕووگرژ مەبن وەک دووڕووان، چونکە ڕوویان دەگۆڕن تاکو بۆ خەڵکی دەربخەن کە بەڕۆژوون. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. ١٧ بەڵام تۆ کە بەڕۆژوو دەبیت، سەرت چەور بکە و دەموچاوت بشۆ، ١٨ تاکو بۆ خەڵک دەرنەکەوێت کە بەڕۆژوویت، بەڵکو بۆ باوکی نهێنیت، باوکیشت کە بە نهێنی دەبینێت، پاداشت دەداتەوە.

١٩ لەسەر زەوی گەنجینە بۆ خۆتان کۆمەکەنەوە، لەوێ مۆرانە و ژەنگ تێکی دەدەن، دز دەیبڕێت و دەیدزێت. ٢٠ بەڵکو گەنجینە بۆ خۆتان لە ئاسمان کۆبکەنەوە، لەوێ مۆرانە و ژەنگ تێکی نادەن، دزیش نایبڕێت و نایدزێت. ٢١ چونکە گەنجینەت لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت.

٢٢ چاو چرای لەشە، ئەگەر چاوت ساغ بێت، ئەوا لەشت هەمووی ڕووناکییە، ٢٣ بەڵام ئەگەر چاوت خراپ بێت، ئەوا هەموو لەشت تاریک دەبێت، بۆیە ئەگەر ئەو ڕووناکییەی لە تۆ دایە تاریکی بێت، ئاخۆ دەبێ تاریکی چۆن بێت! ٢٤ کەس ناتوانێت کۆیلایەتی دوو گەورە بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆش‌دەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن.

٢٥ بۆیە پێتان دەڵێم: بۆ ژیانی خۆتان نیگەران مەبن کە چی دەخۆن و چی دەخۆنەوە، یان بۆ لەشتان چی دەپۆشن. ئایا ژیان لە خواردن گرنگتر نییە؟ یان لەش لە پۆشاک؟ ٢٦ سەیری باڵندەی ئاسمان بکەن، نە تۆو دەکەن و نە دروێنە و نە لە ئەمبار کۆدەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەش‌دا باوکی ئاسمانیتان بەخێوی دەکات. ئایا ئێوە لەوان بەنرختر نین؟ ٢٧ کێ لە ئێوە ئەگەر نیگەران بوو، دەتوانێت یەک کاتژمێر لە تەمەنی خۆی زیاد بکات؟

٢٨ هەروەها بۆچی خەمی پۆشاکتانە؟ سەیری گوڵاڵەی کێڵگە بکەن چۆن گەشە دەکات، نە خۆی ماندوو دەکات و نە دەڕیسێت، ٢٩ بە

لاَم پێتان دەڵێم: تەنانەت سلێمانیش لەوپەڕی شکۆمەندیدا وەک یەکێک لەوانەی نەپۆشیوە. [٣٠] ئەگەر خودا گیای کێڵگە ئاوا بپۆشێت کە ئەمڕۆ هەیە و بەیانی فڕێدەدرێتە تەنوورەوە، ئایا ئێوە زیاتر نین تا پۆشتەتان بکات، ئەی کەمباوەڕینە؟ [٣١] جا خەم مەخۆن بڵێن (چی بخۆین؟) یان (چی بخۆینەوە؟) یان (چی بپۆشین؟) [٣٢] چونکە هەموو ئەمانە نەتەوەکان هەوڵی بۆ دەدەن، باوکی ئاسمانیشتان دەزانێت پێویستیتان بە هەموو ئەوانە هەیە. [٣٣] بەڵکو یەکەم جار داوای پاشایەتییەکەی خودا و ڕاستودروستییەکەی بکەن، هەموو ئەمانەتان بۆ زیاد دەبێت.

(مەتا ٧) [١] حوکم مەدەن تاکو حوکم نەدرێن. [٢] چونکە بەو حوکمەی دەیدەن حوکم دەدرێنەوە، بەو پێوانەیەی دەیپێون، بۆتان دە پێورێتەوە. [٣] بۆچی پووشی ناو چاوی براکەت دەبینیت، بەڵام تێبینی کاریتەکەی ناو چاوی خۆت ناکەیت؟ [٤] یان، چۆن بە براکەت دە ڵێی: (ڕێم بدە با پووشەکەی ناو چاوت دەربهێنم،) کەچی کاریتە لەناو چاوی خۆت دایە؟ [٥] ئەی دووڕوو، یەکەم جار کاریتەکەی ناو چاوی خۆت دەربهێنە، ئینجا باش دەبینیت بۆ دەرهێنانی پووشی ناو چاوی براکەت. [١٢] کەواتە لە هەر شتێکدا ئاوا بۆ خەڵک بکەن کە دەتانەوێ بۆتان بکرێت، چونکە ئەمەیە پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەران.

[٧] داوا بکەن، پێتان دەدرێت. بگەڕێن، دەدۆزنەوە. لە دەرگا بدەن، لێتان دەکرێتەوە. [٨] چونکە هەر کەسێک داوا بکات، وەردەگرێت. ئەوەی بگەڕێت، دەدۆزێتەوە. ئەوەش لە دەرگا دەدات، لێی دەکرێتەوە.

[١٣] لە دەرگای تەسک بڕۆنە ژوورەوە، چونکە دەرگایەکی بەرین و ڕێگایەکی پانە ئەوەی بەرەو لەناوچوون دەڕوات، زۆرن ئەوانەی پێی دا دەچنە ژوورەوە. [١٤] بەڵام تەسکە دەرگا و تەنگە ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیان دەچێت، کەم کەسیش دەیدۆزێتەوە.

[١٥] ئاگاداری پێغەمبەرانی درۆزن بن کە لە پێستی مەڕدا بۆ لاتان دێن، بەڵام لەناوەوە گورگی درندەن. [١٦] بە بەرهەمیان دەیانناسن. ئایا تری لە دڕک دەڕنن یان هەنجیر لە چقڵ؟ [١٧] بەم شێوەیە هەر دارێکی باش بەرهەمی باش دەدات، داری خراپیش بەرهەمی خراپ. [١٨] داری چاک ناتوانێت بەرهەمی خراپ بدات و داری خراپیش ناتوانێت بەرهەمی باش بدات. [١٩] هەر دارێک بەرهەمی باش نەدات دە بڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو ئاگر. [٢٠] کەواتە بە بەرهەمیان دەیانناسن.

[٢١] نەک هەر کەسێک پێم بڵێت: (خوداوەند، خوداوەند!) دەچێتە ناو شانشینی ئاسمان، بەڵکو ئەوەی بە خواستی باوکم دەکات کە لە ئاسمانە. [٢٢] لەو ڕۆژەدا، زۆر کەس پێم دەڵێن: (خوداوەند، خوداوەند، ئایا بە ناوی تۆوە پێشبینیمان نەکرد، بە ناوی تۆوە ڕۆحی‌پیسمان دەرنەکرد، بە ناوی تۆوە پەرجوی زۆرمان نەکرد؟) [٢٣] ئینجا منیش پێیان ڕادەگەیەنم: (قەت ئێوەم نەناسیوە. لێم دوور بکەونەوە، ئەی سەرپێچیکاران!)

[٢٤] بۆیە هەر کەسێک گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی بکات، وەک پیاوێکی دانا وایە کە خانووەکەی لەسەر بەرد بنیادنابێت. [٢٥] باران باری و لافاو هەڵستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا، بەڵام نەڕووخا، چونکە لەسەر بەرد بنیاد نرابوو. [٢٦] هەر کەسێکیش گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی نەکات، وەک پیاوێکی گێل وایە خانووەکەی لەسەر لم بنیادنابێت. [٢٧] باران باری و لافاو هەڵستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا و ڕووخا، ڕووخانەکەشی گەورە بوو.)

[٢٨] کاتێ عیسا ئەم وتانەی تەواو کرد، خەڵکەکە لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون، [٢٩] چونکە وەک دەسەڵاتدارێک فێری دەکردن، نەک وەکو مالمەکانیان.

با خوداش توانای تێگەیشتن بداتێ لەوەی کە ئەمڕۆ خوێندمانەوە. لەگەڵ ئەم ووشە جوانە بەجێت دێڵین کە پەروەردگار عیسا فەرمووی لەسەر چیاکە: (یەکەم جار داوای پاشایەتییەکەی خودا و ڕاستودروستییەکەی بکەن، هەموو ئەمانەتان بۆ زیاد دەبێت.) (مەتا ٦: ٣٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. لە وانەی ڕابردوو بینیمان کە عیسای مەسیح سەردانی شارۆچکەکانی فەلەستینی دەکرد، خەڵکانی فێردەکرد و نەخۆشی چاك دەکردەوە و ڕۆحی پیسی لە خەڵکی دەردەکرد. خەڵك سەریان سوڕمابوو و دەیان پرسی، ئەمە چییە؟ ئەی تۆ ڕات چییە؟ عیسا مسیح کێیە؟

٢. ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆشبووێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، چ پاداشتێکتان هەیە؟

٣. ئایا ژیان لە خواردن گرنگتر نییە؟ یان لەش لە پۆشاک؟

٤. کێ لە ئێوە ئەگەر نیگەران بوو، دەتوانێت یەک کاتژمێر لە تەمەنی خۆی زیاد بکات؟

٥. بۆچی پووشی ناو چاوی براکەت دەبینیت، بەڵام تێبینی کاریتەکەی ناو چاوی خۆت ناکەیت؟

وانەی ٦٧ : دەبێ لەدایك ببنەوە!

یۆحەنا ٣

لە دیراسەتمان لە ئینجیلی پیرۆز، بینیمان کە عیسای مەسیح تاك بوو لە لەدایك بوونی و خەسلەتی و ئیشەکانی. ولە وانەی رابردوومانداو، زانیمان کە عیسا لە فێرکردنەکانیشی تاك بوو. هەرگیز کەس وەك ئەو ووشەی ڕوو و بنچینەیی نەفەرمووە. ئەوانی گوێیان لێی دەگرد سەریان سوڕمابوو، لەبەر ئەوەی بە دەسەلاتەوە فێری دەکردن کەوا پیاوە ئایینیەکانیان و مالمەکانیان نەیانبوو. چەن ووشەیەکی زاری عیسا زۆر بە هایەکی مەزنتری هەبوو لە سەدەها ووشەی پیاوە ئایینیەکانیان. و لەبەر ئەمە، زۆربەی مالمەکان خۆش حالّ نەبوون بە عیسا. فێرکارییەکانی ئەو نەك تەنها دژ بە داپ و نەریتیان بوو بەڵکو دووڕوویی ئەوانیشی بەدەر خست لە پێش هەموان!

لە وانەی ڕابردوو ووتارەکەی عیسا خوێندمان لەسەر چیایەك فێرکاری دەکرد لەگەڵ قوتابییەکانی. ووتارەکەی دەکرێ بەسێ ووشە کورت بکرێتەوە. ئەو سێ ووشەیەش ئەمانەن: (وەك دووڕووان مەبن!) دووڕوویی دژ بە خودایە و مایەی وێرانییە بۆ مرۆڤ. لەبەر ئەوە عیسا بە خەڵکانی فەرموو، (وەك دووڕووان مەبن!) . خۆتان دەزانن دووڕوویی مانای چیە. ئەگەر یەکێك وا پشان بدات خەسلەتێکی هەیە و ئەو خەسلەتە لەگەڵ دڵی نەگونجێ، ئەوا ئەو کەسە دووڕووە. عیسا فەرمووی کە دووڕوو وەك گۆڕێگی سپی شۆراو وایە، لە دەرەوە جوانە بەڵام پڕە لە پیسی لە ناوەوە (مەتا ٢٣: ٢٧)

کەس ناتوانێ خودا هەڵخەڵەتێنێ. ووشەی خودا دەفەرموێ: هەموو شتێك ڕووت و ئاشکرایە بۆ چاوی ئەوەی هەژماردی دەدەینێ. (عیبرانیەکان ٤: ١٣) عیسا، کەوا شارەزای دڵی مرۆڤ بوو، ئەو دوو ڕوویەی بینی کە لە پیاوە ئایینیەکان و فەریسیەکان و مالمەکاندا بوو. ئەوان بە ڕووخسار بە پەرۆشی سەرقاڵی نوێژ و ڕۆژوگرتن و زەکات دان بوون، بەڵام لە دڵیاندا خودا و ووشەی خودایان بە دڵ خۆش نەیانویست. لە دەرئەنجامدا، هەموو کردەوە ڕاستودروستەکانیان و ڕێوڕەسمەکانیان بێ بەها بوون. بۆیە عیسا قوتابییەکانی فێرکرد و فەرمووی: (کاتێ نوێژ دەکەن وەک دووڕووان مەبن، ئەوان حەزدەکەن بە پێوە لە کەنیشت و سووچی شەقامەکان نوێژ بکەن، تاکو بۆ خەڵک دیار بن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە.) (مەتا ٦: ٥) (بۆیە کاتێ خێرێک دەکەیت، لە پێش خۆت زورنا لێمەدە وەک دووڕووان کە لە کەنیشت و سەر شەقامەکان دەیکەن، تاکو لەلایەن خەڵک ستایش بکرێن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە.) (مەتا ٦: ٢) (کاتێ بەڕۆژوو دەبن، ڕووگرژ مەبن وەک دووڕووان، چونکە ڕوویان دە گۆڕن تاکو بۆ خەڵکی دەربخەن کە بەڕۆژوون. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە.) (مەتا ٦: ١٦)

(وەک دووڕووان مەبن، ئیتر پێتان دەڵێم: ئەگەر ڕاستودروستیتان لە مالم و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمان.) (مەتا ٦: ٥ و ٥: ٢٠) (خۆزگە دەخوازرێ بە ڕۆح هەژاران، چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە. خۆزگە دەخوازرێ بە برسی و تینووەکان بۆ ڕاستودروستی، چونکە تێر دەکرێن. خۆزگە دەخوازرێ بە دڵپاکەکان، چونکە خودا دەبینن. بۆیە ئێوە تەواو بن، وەک باوکی ئاسمانیتان تەواوە.) مەتا ٥: ٣، ٦، ٨، ٤٨)

(لە دەرگای تەسک بڕۆنە ژوورەوە، چونکە دەرگایەکی بەرین و ڕێگایەکی پانە ئەوەی بەرەو لەناوچوون دەڕوات، زۆرن ئەوانەی پێی‌دا دەچنە ژوورەوە. بەڵام تەسکە دەرگا و تەنگە ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیان دەچێت، کەم کەسیش دەیدۆزێتەوە.) (مەتا ٧: ١٣، ١٤)

بۆیە پەروەردگار عیسا خەڵکی هان دا کە دەرگای تەسك هەڵبژێرن کەوا بەرەو ژیانی تاهەتایی دەڕوات. تێگەیشتی لەوی عیسا فەرمووی سەبارەت بە ڕێگای ڕزگاربوون؟ زۆر زۆر گرنگە ! ئەو کەسە دەبێ چۆن بێت ئەگەر خودا ببینێ و لە حزووری خودا بژێ تاهەتا؟ عیسا چی فەرموو دەربارەی ئەمە؟ بە کورتی، فەرمووی: (دەبێت دڵێکی پاك و تەواوت هەبێت!)

بەڵام چۆن نەوەیەکی ئادەم کەوا بە گوناە لەدایك بووە دڵێکی پاك و تەواوی هەبێ؟ هیچ شتێك هەیە کە بتوانێ بیکات دڵە خراپەکەی بگۆڕی بۆ ئەو دڵە پاکەی خودا داوای دەکات؟ نەخێر! مرۆڤ خۆی هیچ توانایەکی پاککردنەوەی دڵی خۆی نیە. ئێمەی گوناهبار ناتوانین هیچ شتێك بکەین خۆمان پاك بکەینەوە بەرامبەر خودا. بەڵام دەبینین کە ئەو شتەی مەحاڵە بۆ مرۆڤ مەحاڵ نیە بۆ خودا!

ئێستاش بابەردەوام بین لە خوێندنەوە لە ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چۆن فەرمانڕەوایەکی ئاینی لە قودسەوە هات بەناوی نیقۆدیمۆس تاکو لەگەڵ عیسا قسەبکات بە شەو. عیسا پێی نیشان دا چۆن گوناهباران دەتوانن دڵێکی پاك و دیاری خودا لە ژیانی تاهەتایی وەربگرن. لە بەشی سێیەمی ئینجیلی یۆحەنا دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یۆحەنا ٣) [١] پیاوێک لە فەریسییەکان هەبوو بە ناوی نیقۆدیمۆس، یەکێک بوو لە ڕابەرانی جولەکە. [٢] بە شەو هاتە لای عیسا و پێیووت: (ڕابی، دەزانین تۆ مامۆستایەکی لەلای خوداوە هاتوویت، چونکە کەس ناتوانێت ئەو نیشانانە بکات کە تۆ دەیکەیت، ئەگەر خودای لەگەڵ نەبێت.) [٣] عیساش وەڵامی دایەوە: (ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم، ئەگەر یەکێک دووبارە لەدایک نەبێتەوە، ناتوانێت شانشینی خودا ببینێت.)

[٤] نیقۆدیمۆس پێیووت: (مرۆڤ کە پیر بێت چۆن دەتوانێت لەدایک بێت؟ خۆ دیسان ناتوانێت بچێتەوە سکی دایکی و لەدایک بێتەوە؟) [٥] عیسا وەڵامی دایەوە: (ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم، ئەگەر یەکێک لە ئاو و لە ڕۆحی پیرۆز لەدایک نەبێت، ناتوانێت بچێتە ناو شانشینی خودا. [٦] ئەوەی لە جەستە لەدایک بووە جەستەیە، ئەوەش لە ڕۆحەکە لەدایک بووە ڕۆحە. [٧] سەرسام مەبە کە پێم وتی: (دەبێ دووبارە لەدایک ببنەوە.) [٨] با بۆ کوێی بوویێت هەڵدەکات و گوێت لە دەنگەکەی دەبێت، بەڵام نازانیت لەکوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێت. هەر کەسێکیش لە ڕۆحەکە لەدایک بووە ئاوایە.)

[٩] نیقۆدیمۆس وتی: (چۆن دەکرێ ئەمانە ڕووبدەن؟) [١٠] عیسا وەڵامی دایەوە: (تۆ مامۆستایەکی ئیسرائیلی و ئەمانەش نازانیت؟ [١١] ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم: ئەوەی دەیزانین دەیڵێین و ئەوەی دەیبینین شایەتی بۆ دەدەین، ئێوەش شایەتیمان پەسەند ناکەن. [١٢] باسی شتە زەمینییەکانم بۆتان کرد و باوەڕ ناکەن، ئیتر چۆن باوەڕ دەکەن ئەگەر باسی شتە ئاسمانییەکانتان بۆ بکەم؟ [١٣] کەس سەرنەکەوتووە بۆ ئاسمان جگە لەوەی لە ئاسمان هاتۆتە خوارەوە، کوڕی مرۆڤ. [١٤] وەک موسا لە چۆڵەوانی مارەکەی بەرزکردەوە، ئاواش دەبێ کوڕی مرۆڤ بەرز بکرێتەوە، [١٥] تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی تاهەتایی هەبێت. [١٦] چونکە خودا بەم جۆرە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەخت‌کرد، تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت. ئامین.

با کەمێك بیر بکەینەوە لەوەی پەروەردگار عیسا بە نیقۆدیمۆسی ڕابەر فەرموو. عیسا چی بە نیقۆدیمۆس فەرموو دەبێت ڕوو بدات پێش ئەوەی بتوانێ ژیانی تاهەتایی هەبێت و مافی ژیان لەگەڵ خودا تاهەتا؟ فەرمووی، (ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم، ئەگەر یەکێک لەدایک نەبێتەوە، ناتوانێت شانشینی خودا ببینێت!) (یۆحەنا ٣: ٣) ئایا نیقۆدیمۆس زانی مانای دووبارە لەدایك بوون چیە؟ نەخێر! بۆیە عیسا پێی فەرموو، (تۆ مامۆستایەکی ئیسرائیلی و ئەمانەش نازانیت؟ ئەوەی لە جەستە لەدایک بووە جەستەیە، ئەوەش لە ڕۆحەکە لەدایک بووە ڕۆحە. [٧] سەرسام مەبە کە پێم وتی: (دەبێ لەدایک ببنەوە.) (یۆحەنا ٣: ١٠، ٦، ٧)

بەکورتی، عیسا بە نیقۆدیمۆسی دەفەرموو کە هەر کەسێك بیەوێ خودا ببینێ و لە حزووری پیرۆزی ئەودا بژی تاهەتا دەبێ دوو جار لەدایك بێت! ئەو مانای ئەوە نیە کە دەبێت دووبارە بچیەوە ناو سکی دایکت و دیسان لەدایك ببیەوە. دووبارە لەدایك بوونەوە مانای ئەوەیە کە ڕۆحی خودا دووبارە دروستت بکاتەوە، و دڵت بشوات و نوێت بکاتەوە بە هێزی خۆی. (تیتۆس ٣: ٥) دەبێت بەو هێزە لەدایك بیت کە لە ئاسمانەوە دێت، کەوا زۆر زۆر جیاوازە لەو شێوە دەرەکییەی ئایین. دەبێت لەناوەوە بگۆڕییت — لەناو دڵتەوە! هەر کەسێك نەوەی ئادەم بێت لەکەی گوناهی پێوەیە و ناتوانێ بەشێکی هەبێت لە شانشینی خودا. نەوەکانی ئادەم بێ توانان لەلابردنی ڕەگی گوناە کەوا لەناو دڵیان شین دەبێ. بۆیە کات بەسەر بردن لە کرداری ئاینی و کردەوەی چاك هەرگیز ناتوانێ دڵێکی خراپ پاك بکاتەوە. خودا خۆی مەگەر موعجیزەیەك بکات و دڵت نوێ بکاتەوە، لەبەر ئەوەی شتی فەوتاو ناتوانێ شتی نەفەوتاو بەجێ بێڵێ! (١ کۆرنسۆس ١٥: ٥٠ بکە) بە کورتی، (دەبێ لەدایک ببنەوە!)

ئەمە ئەو شتانە بوو کە عیسا فێری نیقۆدیمسی ڕابەری ئایینی کرد. بەڵام تێگەیشتنی ئەوە لای نیقۆدیمۆس زەحمەت بوو. بۆیە، پرسیاری لە عیسا کرد و ووتی: ئەمە چۆن دەبێت؟ چۆن دەتوانم دووبارە لەدایك ببمەوە و دڵێکی نوێ و پاك وەربگرم؟

عیساش وەڵامی دایەوە و فەرمووی، (وەک موسا لە چۆڵەوانی مارەکەی بەرزکردەوە، ئاواش دەبێ کوڕی مرۆڤ بەرز بکرێتەوە، تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی تاهەتایی هەبێت. چونکە خودا بەم جۆرە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەخت‌کرد، تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت.) (یۆحەنا ٣: ١٤–١٦)

بۆ ئەوەی نیشانی نیقۆدیمۆس بدات چۆن دەتوانێ ڕزگاری بێت لە دادوەری ئاگر و ژیانی تاهەتایی وەربگرێت، عیسا بە بیری هێناوە چی بەسەر باووباپیرانی هات لە دەشت و کێودا لە کاتی پێغەمبەر موسا. وەك بینیمان لە تەورات، کاتێ کە گەلی ئیسرائیل دەستیان بە بۆڵەبۆڵ کرد دژ بە خودا و موسا، خودا ماری ژەهراوی ناردە ناویان بۆ ئەوەی پێوەیان بدات و زۆریان بگوژێت. بەڵام لەپاش ئەوەی گەلی ئیسرائیل تۆبەیان کرد، خودا فەرمانی بە موسا دا مارێکی برۆنز دروست بکات و بەستونێکەوە هەڵواسێ، بۆ ئەوەی هەر کەسێك تەماشای بکات چاك ببێتەوە و نەمرێ.

بۆیە، عیسا بە نیقۆدیمۆسی دەووت کە وەك چۆن گەلی ئیسرائیل تەنها دەبوایە بە باوەڕەوە تەماشای مارە برۆنزەکە بکەن لەسەر ستونەکە و ڕزگاریان دەبێت لە مردن، بە هەمان شێوە نەوەکانی ئادەم تەنها دەبێت باوەڕ بێنن بەو چارەسەرییەی خودا بۆیانی دابین کردووە تاکو ڕزگاریان بکات لە سزای تاهەتایی. هەموومان وەك گەلی ئیسرائیلین کەوا مار پێوەیانی دابوو. شەیتان وەکو مارێکی ژەهراویە، گوناهیش وەکو ئەو ژەهەرەکە کە دەبێتە هۆی مەرگی مرۆڤ. شەیتان گازی گرت لە سەرجەم کۆرپەکانی ئادەم و ژەهری گوناە وا دەکات بفەوتێین لە ئاگر تاهەتا ئەگەر خودا چارەسەرییەکمان پێ نەبەخشێ! هیچ توانایەکی ڕزگارکردنی خۆمان نیە لە دادوەری خودا، لەبەر ئەوەی کرێی گوناە مردنە و دۆزەخە. بەڵام ستایش بۆ پەروەردگار خودا – وەك چۆن چارەسەری دابین کرد بۆ گەلی ئیسرائیل لە ژەهری مارەکان – هەروەها چارەسەرییەکی دابین کردووە بۆ ڕزگارکردنی نەوەکانی ئادەم لە ژەهری گوناە.

پلانی خودا دەزانی بۆ ئەوەی دڵەکانی نەوەی ئادەم، کە پڕە لە گوناە نوێ بکاتەوە؟ پەروەردگار عیسا چی فەرموو دەربارەی ئەمە؟ فەرمووی کەوا ڕزگاری دەری پیرۆز دەبێت هەڵبگیرێ لەسەر ستونێك (واتا خاچەکە) بۆ ئەوەی سزای گوناە بکێشێ لەباتی گوناهباران – (بۆ ئەوەی هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت.)

ئەی باشە، کێ دەکرێ ڕزگاری بێت؟ نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ؟ دەفەرموێ: (هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت...لەناو نەچێت!) باوەڕ بە کێ بێنین؟ دەبێت باوەڕ بە ڕزگاری دەری پیرۆز بێنین کەوا خودا ناردی. ئەی تۆ باوەڕت پێی هەیە؟ ئایا لەناو دڵی خۆت باوەڕت هەیە کە خودا، کەوا نایەوێ کەس لەناو بچێ، عیسای ڕزگاری دەری ناردۆتە زەوی لە پێناوی تۆ، تاکو لەجێکەی تۆ قەردی گوناە بداتەوە؟ چارەسەری ڕاستودروستی خودا بۆ کێشەی گوناهەکانمان مردنی عیسایە لەسەر خاچ. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (عیسای مەسیح) ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناە، تاکو لە ئەودا ببینە ڕاستودروستی خودا. (٢ کۆرنسۆس ٥: ٢١)

برادەران، خودا نەگۆڕاوە. ئەوەی پەروەردگار عیسا بە نیقۆدیمۆسی فەرموو نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش، هێشتا بەردەوامە و بە تۆ دەڵێت: (دەبێ لەدایک ببنەوە!) خودا دەیەوێ دڵت پاك بکاتەوە و نوێت بکاتەوە بە هێزی خۆی. بەڵام دەبێت باوەڕ بە مزگێنی خۆشی بێنی. دەبێت باوەڕ بە مەسیح بێنی کەوا ئەو ناردی. دەبێت باوەڕ بێنی کە عیسا، ئەوەی هەرگیز گوناهی ئەنجام نەداوە، قەردی گوناهی تۆی دایەوە، تاکو بتوانێ لە حزووری خودا بژی تاهەتا. (ئەگەر یەکێک لەدایک نەبێتەوە، ناتوانێت شانشینی خودا ببینێت...دەبێ لەدایک ببنەوە!

بۆ دیراسەتی داهاتوومان بەردەوام دەبین لە ئینجیل و بخوێنین لەوەی پەروەردگار عیسا فەرمووی کاتێ لەگەڵ ئافرەتێك قسەی کرد کەوا پێنج مێردی هەبوو.

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی ئەوەی عیسای مەسیح فەرمووی دەدەیت، کاتێ ڕایگەیاند،

سەرسام مەبە کە پێم وتی: (دەبێ لەدایک ببنەوە.) (یۆحەنا ٣: ٧) (خۆزگە دەخوازرێ بە دڵپاکەکان، چونکە خودا دەبینن.) (مەتا ٥: ٨)



©

گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. تێگەیشتی لەوی عیسا فەرمووی سەبارەت بە ڕێگای ڕزگاربوون؟

٢. ئەو کەسە دەبێ چۆن بێت ئەگەر خودا ببینێ و لە حزووری خودا بژێ تاهەتا؟ عیسا چی فەرموو دەربارەی ئەمە؟

٣. چۆن نەوەیەکی ئادەم کەوا بە گوناە لەدایك بووە دڵێکی پاك و تەواوی هەبێ؟

٤. هیچ شتێك هەیە کە بتوانێ بیکات دڵە خراپەکەی بگۆڕی بۆ ئەو دڵە پاکەی خودا داوای دەکات؟

٥. عیسا چی بە نیقۆدیمۆس فەرموو دەبێت ڕوو بدات پێش ئەوەی بتوانێ ژیانی تاهەتایی هەبێت و مافی ژیان لەگەڵ خودا تاهەتا؟

٦. ئایا نیقۆدیمۆس زانی مانای ***دووبارە لەدایك بوون چیە*** ؟ ئەمە چۆن دەبێت؟

٧. چۆن دەتوانیت دووبارە لەدایك ببتەوە و دڵێکی نوێ و پاك وەربگریت؟

٨. پلانی خودا دەزانی بۆ ئەوەی دڵەکانی نەوەی ئادەم، کەوا پڕە لە گوناە نوێ بکاتەوە؟

٩. کێ دەکرێ ڕزگاری بێت؟ پەروەردگار عیسا چی فەرموو دەربارەی ئەمە؟

١٠. ئایا لەناو دڵی خۆت باوەڕت هەیە کە خودا، کەوا نایەوێ کەس لەناو بچێ، عیسای ڕزگاری دەری ناردۆتە زەوی لە پێناوی تۆ، تاکو لەباتی تۆ قەردی گوناە بداتەوە؟

وانەی ٦٨ : ڕزگار دەری جیهان

یۆحەنا ٤ ، لۆقا ٤

تائێستا لە دیراسەتمان لە ئینجیلی پیرۆز بینیمان کە عیسای مەسیح تاك بوو لە لەدایك بوونی و خەسڵەتی و ئیشەکانی و فێرکردنەکانی. سەبارەت بە لەدایك بوونی بینیمان کە کەس هەرگیز وەك ئەو لەدایك نەبووە، لەبەر ئەوەی لە پاکیزەیەك لەدایك بوو، بە هێزی ڕۆحی پیرۆزی خودا. هەروەها بینیمان کە عیسا تاك بوو لە خەسڵەتی، لەبەر ئەوەی هەرگیز کەس لەدایك نەبووە بەو سروشت پیرۆزەی وەك هی ئەو. عیسا هەروەها بێ بەراورد بوو لە ئیشەکانی، لەبەر ئەوەی هەرگیز کەس موعجیزەی وەك ئەو نەکرد. تەنها ووشەیەکی دەفەرموو، و نەخۆش چاك دەبووەوە، شەیتان و جنۆکەکانی هەڵدەهاتن و گوناهەکان لادەبردران.

هەروەها بۆمان دەرکەوت کە فێرکردنەکانی عیسا تاك بوو. ئەم شتەمان تەماشا کرد لە وانەی ڕابردوو لەو گفتوگۆیەی ڕووی دا لەنێوان عیسا و ڕابەرێکی ئایینی بەناوی نیقۆدیمۆس. عیسا بە نیقۆدیمۆسی نیشان دا کە ئەگەر ڕۆحی خودا دڵی نوێ نەکاتەوە، ئەوا هەرگیز ناتوانێ بچێتە ناو حزووری خوداوە. لەبەر ئەوە پەروەردگار عیسا پێی فەرموو، (دەبێ دووبارە لەدایك ببیەوە !)

ئەمڕۆ دەخوێنینەوە چۆن عیسای مەسیح لەگەڵ کەسێك قسە دەکات کە زۆر لە نیقۆدیمۆس جیاواز بوو. نیقۆدیمۆس جولەکە بوو، بەڵام ئەم کەسەی لە وانەی ئەمڕۆ دەیبینین جولەکە نەبوو. نیقۆدیمۆس پیاو بوو، بەڵام ئەو کەسەی ئەمڕۆ دەیبینین ئافرەتە. نیقۆدیمۆس کەسێکی زۆر ئایینی بوو، بەڵام ئەم ئافرەتە گوناهبارێکی مەزن بوو کەوا پێنج مێردی هەبوو. لە ڕوانگەی مرۆڤەوە، ڕابەری ئایینی نیقۆدیمۆس باشترە لەو ئافرەتە بەدڕەوشتە. بەڵام خودا ئاوا تەماشای ئەو مەسەڵەیە ناکات، لەبەر ئەوەی هەموو نەوەی ئادەم و پیاوانی ئایینی و گوناهبارە گەورەکان وەك یەکن لای ئەو و لە ژێر دەسەڵاتی گوناهدان. لەبەر ئەوەیە هەموو نەوەکانی ئادەم دەبێت دووبارە لەدایك ببنەوە بەو هێزەی لەسەرەوە دێت.

ئێستاش با بگەڕێنەوە بۆ ئینجیل و بخوێنین لەو گفتگۆیەی عیسا لەگەڵ ئەو ئافرەتە بەدڕەوشتەی سامیرە. سامیرە ئەو هەرێمە بوو لەنێوان یەهودا و جەلیل، لە خاکی جولەکەکان بوو. زۆربەی خەڵکی سامیرە بیانی بوون و جولەکەکان بە بت پەرستیان دادەنان، و لەبەر ئەوەش بوو پێك ناهاتن لەگەڵ یەکتر. بەڵام عیسای مەسیح لایەنگری کەسی نەدەکرد چونکە خودا لایەنگری کەس ناکات. عیسا هاتە جیهانەوە بۆ ئەوەی بگەڕێ و هەموو گوناهبارێك ڕزگار بکات کەوا دەیەوێت دڵێکی نوێ و پاکی هەبێت. لەبەر ئەوە بوو عیسا پێی عەیب نەبوو لەگەڵ ئەو ئافرەتە سامرییە قسە بکات کەوا پێنج مێردی هەبوو.

ئێستاش با بخوێنین لەوەی نووسراوە لە بەشی چوارەمی ئینجیلی یۆحەنا. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(یۆحەنا ٤) ٤ جا (عیسا) دەبووایە بە سامیرەدا تێپەڕێت، ٥ گەیشتە شارێکی سامیرەیی پێی دەووترا سوخار، نزیک ئەو پارچە زەوییەی یاقوب دابوویە یوسفی کوڕی. ٦ بیری یاقوبیش لەوێ بوو. جا عیسا لە گەشتەکە ماندوو بوو، لەلای بیرەکە دانیشت، نزیکەی کاتژمێر دوازدە بوو. ٧ ژنێکی سامیرەیی هات ئاو ببات، عیسا پێی فەرموو: (هەندێک ئاوم بدەرێ.) ٨ چونکە قوتابییەکانی چووبوونە ناو شار تاکو خواردن بکڕن. ٩ جا ژنە سامیرەییەکە پێی‌ووت: (تۆ جولەکەیت و منیش ژنێکی سامیرەییم، چۆن داوای ئاوم لێ دەکەیت؟) چونکە جولەکە تێکەڵی سامیرەییەکان نابن. ١٠ عیساش وەڵامی دایەوە: (ئەگەر بەخشینی خودات دەزانی و دەتزانی کێیە ئەوەی پێت دەڵێت)ئاوم بدەرێ)، ئەوسا تۆ داوات لێ دەکرد و ئەویش ئاوی ژیانی پێ دەدایت.)

١١ ژنەکە پێی‌ووت: (بەڵام گەورەم، دۆلچەت پێ‌نییە و بیرەکەش قوواڵە. ئیتر ئاوی ژیانت لەکوێ بوو؟ ١٢ خۆ لە یاقوبی باوکمان گەورەتر نیت کە بیرەکەی پێ داوین، خۆی و کوڕەکانی و ماڵاتیشی لێیان خواردەوە؟) ١٣ عیسا وەڵامی دایەوە: (هەر کەسێک لەم ئاوە بخواتەوە تینووی دەبێتەوە. ١٤ بەڵام ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە کە من دەیدەمێ، هەرگیز تینووی نابێ، بەڵکو ئەو ئاوەی دەیدەمێ تیای‌دا دەبێتە کانیاوێک و هەڵدەقوڵێت ژیانی تاهەتایی دەبەخشێ.) ١٥ ژنەکەش پێی‌ووت: (گەورەم، ئەو ئاوەم بدەرێ تاکو تینوو نەبم و نەیەمەوە ئێرە بۆ ئاوکێشان.) ١٦ پێی فەرموو: (بڕۆ، مێردەکەت بانگ بکە و وەرەوە ئێرە.) ١٧ ژنەکە وەڵامی دایەوە: (مێردم نییە.) عیساش پێی فەرموو: (ڕاست دەکەیت کە دەڵێی مێردم نییە. ١٨ چونکە پێنج مێردت هەبوو، ئێستاش ئەوەی هەتە مێردت نییە. ڕاست

دەکەیت.) [١٩] ژنەکە پێی‌ووت: (گەورەم، دەبینم تۆ پێغەمبەریت. [٢٠] باوکانمان لەسەر ئەم شاخە پەرستنیان کردووە، بەڵام ئێوە دەڵێن
ئۆرشەلیم ئەو شوێنەیە کە پێویستە پەرستنی لێ بکرێت.) [٢١] عیسا پێی فەرموو: (خانم، باوەڕم پێ بکە، کاتێ دێت ئێوە نە لەسەر ئەم
شاخە و نە لە ئۆرشەلیم باوکەکە دەپەرستن. [٢٢] ئەوەی ئێوە دەیپەرستن نایناسن، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیپەرستین دەیناسین، چونکە
ڕزگاری لە جولەکەوەیە. [٢٣] بەڵام کاتێ دێت وا ئێستایە کە خواپەرستە ڕاستەکان بە ڕۆح و ڕاستی باوکەکە دەپەرستن، چونکە باوکەکە
داوای ئەم جۆرە خواپەرستانە دەکات. [٢٤] خودا ڕۆحە و پێویستە ئەوانەی دەیپەرستن بە ڕۆح و ڕاستی بیپەرستن.) [٢٥] ژنەکە پێی‌ووت:
(دەزانم مەسیا دێت، کە پێی دەووترێ مەسیح، کە ئەو هات هەموو شتێکمان پێ ڕادەگەیەنێت.) [٢٦] عیساش پێی فەرموو: (من ئەوم،
ئەوەی قسەت لەگەڵ دەکات.)

[٢٧] لێرەدا قوتابییەکانی گەیشتن، سەرسام بوون کە لەگەڵ ژنێک قسەدەکات. بەڵام کەس نەیووت: (چیت دەوێت؟) یان (بۆچی
قسەی لەگەڵ دەکەیت؟) [٢٨] ئینجا ژنەکە گۆزەکەی بەجێهێشت، چووە ناو شار و بە خەڵکی وت: [٢٩] (وەرن کەسێک ببینن
هەرچییەکم کردووە پێی‌ووتم! دەبێ مەسیح نەبێت؟) [٣٠] ئیتر لە شار هاتنە دەرەوە و چوونە لای.

[٣١] زۆر لە سامیرەییەکانی ئەو شارە باوەڕیان بە عیسا هێنا، لەبەر قسەی ئەو ژنەی کە شایەتی دەدا: (هەرچییەکم کردووە پێی
فەرمووم.) [٤٠] بۆیە کاتێ سامیرەییەکان هاتنە لای، تکایان لێکرد لەلایان بمێنێتەوە، ئەویش دوو ڕۆژ لەوێ مایەوە. [٤١] زۆر زیاتریش
بەهۆی قسەکانییەوە باوەڕیان‌هێنا و [٤٢] بە ژنەکەیان دەووت: (ئیتر بە قسەی تۆ نییە کە باوەڕ دەهێنین، چونکە خۆمان بیستمان و
دەزانین کە ئەمە بە ڕاستی ڕزگارکەری جیهانە!)

ئالێرە چیرۆکی ئافرەتە سامیرەییەکە تەواو دەبێت. بە ڕاستی چیرۆکێکی گرنگە، لەبەر ئەوەی پێمان نیشان دەدات چۆن ئافرەتێکی
بەدڕەوشت بۆی دەرکەوت کە عیسا ڕزگاری دەری جیهانە کەوا خودا ناردوویەتی بۆ زەوی. ئەو دۆزینەوەیە ژیانی گۆڕی. لە سەرەتای
گفتگۆیەکە ئافرەتەکە نەیدەزانی لەگەڵ کێ قسە دەکات. عیسای وەک جولەکەیەکی تر لەنێوان جولەکەکان تەماشا کرد. بەڵام
لەنێوان گفتوگۆیەکە عیسا هەندێک شتی پێی فەرموو کە پیاوێکی ئاسایی نایزانێ، بۆیە بۆی دەرکەوت کە عیسا دەبێت پێغەمبەرێک
بێت. بەڵام، لە کۆتاییدا بینی ئەو عیسایەی لەگەڵی قسە دەکات لە پێغەمبەرێک زیاتر بوو. مەسیح بوو — ئەو کەسەی هەموو
پێغەمبەران پێشبینیان کرد، ڕزگاری دەری جیهان!

کاتێ ژنەکە زانی کە ئەم پیاوەی لە قەراغ بیرەکە دانیشتووە و قسەی لەگەڵ دەکات مەسیح بوو، گۆزەی ئاوەکەی دانا و بۆناو شار
ڕایکرد و پێیانی ووت، (وەرن کەسێک ببینن هەرچییەکم کردووە پێی‌ووتم! دەبێ مەسیح نەبێت؟)

لەپاش ئەوە، خەڵکی شارەکە هاتنە دەرەوە بۆلای عیسا و داوایان لێ کرد بمێنێتەوە. عیساش دوو ڕۆژ مایەوە و فێریانی کرد چۆن
دەتوانن دڵێکی نوێ و پاکیان هەبێت و بین بە خودا پەرستی ڕاستەقینە. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: زۆر زیاتریش بەهۆی
قسەکانییەوە باوەڕیان‌هێنا و بە ژنەکەیان دەووت: (ئیتر بە قسەی تۆ نییە کە باوەڕ دەهێنین، چونکە خۆمان بیستمان و دەزانین کە
ئەمە بە ڕاستی ڕزگارکەری جیهانە!) (یۆحەنا ٤: ٤١، ٤٢)

ئێستاش با بەردەوام بین لە ئینجیل و ببینین چی ڕووی دا چەن ڕۆژێک لەپاش سەردانەکەی عیسا بۆ سامیرە. دەبینین کە هەموو کەس
عیسای وەک ڕزگاری دەری جیهان وەرنەگرت. لە بەشی چوارەمی ئینجیلی لۆقا، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لۆقا ٤) [١٤] عیسا بە
هێزی ڕۆحی پیرۆزەوە گەڕایەوە جەلیل، ناوبانگی لە هەموو دێیەکانی دەوروپشت بڵاو بۆوە. [١٥] لە کەنیشتەکانیان فێری دەکردن و
هەموو ستایشیان دەکرد. [١٦] هاتە ناسیرە کە لێی گەورە بووە، وەک نەریتی خۆی ڕۆژی شەممە چووە کەنیشت و بۆ خوێندنەوە
ڕاوەستا. [١٧] پێچراوی ئیشایا پێغەمبەریان دایێ و کردیەوە، ئەو شوێنەی دۆزییەوە کە تیای‌دا نووسراوە: [١٨] ({ڕۆحی خوداوەندم لەسەرە،
چونکە دەستنیشانی کردووم بۆ موژدەدان بە هەژاران، ناردوومی تاکو ئازادی بۆ دیلکراوان و بینین بۆ کوێران جارپدەم، تاکو
پێشێلکراوان بەرەو ئازادی بنێرم و [١٩] ساڵی ڕەزامەندی خوداوەند جارپدەم.}) [٢٠] ئینجا پێچراوەکەی پێچایەوە، دایەوە خزمەتکارەکە و
دانیشت. هەموو ئەوانەی لە کەنیشت بوون چاویان تێبڕی بوو. [٢١] دەستی پێکرد قسەیان بۆ بکات: (ئەمڕۆ ئەم نووسراوەی گوێتان

لێبوو هاتە دی.)

بەم ووشانە عیسا فەرمووی کە ئەو مەسیحە و ئەو ڕزگاری دەرەیە کە پێغەمبەر ئیشایا دەربارەی نووسی پێش حەفت سەد ساڵ. بەڵام، ئەو جولەکانەی لە ناسیرە بوون نەیاندەتوانی ئەوە قەبوڵ بکەن کە ئەم عیسایەی لەنێوانیان گەورە بووە ڕزگاری دەری جیهانە کە لە ئاسمانەوە نێردراوە! لەبەر ئەوە بە چاوی نزمیان کرد و ووتیان، (ئەمە کوڕی یوسف نیە؟)

نووسراوی پیرۆز بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەی چۆن عیسا خەڵکی ناسیرە ئاگادارکردەوە کە قێز لە مەسیح نەکەن کەوا خودا ناردوویەتی بۆیان. بەڵام ئەو شتە زیاتر توڕەیانی کرد. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (جا کە ئەمەیان بیست هەموو لە کەنیشتەکە لێی پڕبوون. دەریان‌کردە دەرەوەی شار، بردییانە سەر لێواری ئەو چیایەی شارەکەیانی لەسەر بنیاد نرابوو، تاکو فڕێی‌بدەنە خوارەوە. بەڵام ئەو بە ناویان‌دا تێپەڕی و ڕۆیشت.) (لۆقا ٤: ٢٨، ٢٩، ٣٠)

بەو شێوەیە خەڵکی ناسیرە هەوڵیان دا عیسا بکوژن! بۆچی هەوڵیان دا بیکوژن؟ لەبەر ئەوە هەوڵیان دا بیکوژن لەبەر ئەوەی دەیوت کە ئەو مەسیحەیە کەوا پێغەمبەرانی خودا دەربارەیان نووسیوە. (قسەی حەق ڕەقە) ووشەکانی ڕاستییەکانی عیسا وای لە خەڵکی ناسیرە کرد زۆر توڕە بن بە شێوەیەك هەوڵیان دا لە لێواری چیاکە فڕێی بدەنە خوارەوە. بەڵام نەیاندەتوانی شتی وابکەن، لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی خودا بۆ مردنی عیسای دانەوە هێشتا نەهاتووە. پەندی پێشینانی کوردی دەڵێت (بەرد فڕێ مەدە لەناو ئەو کانییەی ئاوی لێ دەخۆیەوە). عیساش کانی خودایە! مرۆڤ چەن دەبەنگ و خراپەکارە کە دەیانەوێ ئەو (کانییەی) خودا دەست نیشانی کردووە وەك ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان ووشك بکەن! پاشان ، مرۆڤ عیسا دەکوژن — بەڵام خودا هەڵدەستێنێتەوە لە مردن سێ ڕۆژ لەپاش ئەوە. دەربارەی ئەم شتە لە وانەکانی ئایندە زیاتر فێردەبین.

ئێستا، چۆن دەتوانین وانەی ئەمڕۆمان کورت بکەینەوە؟ خوێندمانەوە لە دوو گێڕانەوە لە دوو کۆمەڵی خەڵکی جیاواز. هەردوو کۆمەڵ گوێیان لە عیسا بوو کەفەمووی مەسیحە، بەڵام وەڵامەکانیان بۆ ئەوە زۆر جیاواز بوو. یەکەم، گوێمان لە ئافرەتە گوناهبارەکە بوو کەوا عیسا چاوی پێی کەوت لای بیرەکە و خەڵکی سامیرە ووشەکانی عیسایان بەخۆش حاڵییەکی مەزنەوە وەرگرت کەوا عیسا مەسیحە، ڕزگاری دەری جیهانە. بەڵام لە گێڕانەوەی دووەم، پیاوە ئایینیەکانی ناسیرە. قێزیان لە ووشەکانی عیسا بووەوە. باوەڕیان بەوە نەبوو کە عیسا، کەوا لە شارەکەیان گەورە بوو، مەسیح بوو.

بەکورتی، دەبینین کە گوناهبارەکانی وا لە شاری سامیرە دەژیان عیسایان قەبوڵ کرد وەك ڕزگاری دەرێك لە ئاسمانەوە نێردرابێ، بەڵام پیاوە ئایینەکانی وا لە ناسیرە دەژیان قەبوڵیان نەکرد.

ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا تۆ لەکام لەو دوو کۆمەڵییە نزیکی؟ ئایا تۆ وەك خەڵکی سامیرەی، کەوا عیسایان قەبوڵ کرد وەك خوداوەند و ڕزگاری دەریان؟ یاخود تۆش وەك خەڵکی ناسیرەی، کەوا ڕەتیان کردەوە باوەڕ بەوە بێنن کە عیسا ئەو مەسیحەیە کەوا لە ئاسمانەوە نێردراوە تاکو لە گوناهەکانیان ڕزگاریان بکات؟ ئایا ئەوە دەزانی کە عیسا ڕزگاری دەرەکەیە کەوا پێغەمبەران لەسەریان نووسیوە؟ ئایا وەك ڕزگاری دەرت قەبوڵت کردووە؟

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ سەبارەت بە عیسای مەسیح: ڕووناکیەکەش لە تاریکی‌دا دەدرەوشێتەوە و تاریکییەکە تێی‌نەگەیشت... ئەو لە جیهان‌دا بوو، جیهانیش بەو بەدیهات، کەچی جیهان نەیناسی. بۆ لای ئەوانەی خۆی هات، ئەوانەی خۆی پێشوازییان لێی نەکرد. بەڵام هەموو ئەوانەی پێشوازییان لێی کرد، ئەوانەی باوەڕیان بە ناوی هێنا، مافی پێ‌دان ببنە منداڵی خودا، ئەوانەی نە بە سروشت لەدایک بوون، نە بە ویستی جەستە، نە بە ویستی پیاویش، بەڵکو لە خوداوە لەدایک بوون. (یۆحەنا ١: ٥ و ١٠–١٣)

ئایا تۆ لە خودا لەدایك بووی؟ ئایا بە ڕاستی باوەڕت بە عیسا هەیە؟ ئایا ئەوت وەك خوداوەند و ڕزگاری کار قەبوڵت کردووە؟

داواتت دەکەی لەگەڵمان بن بۆ دیراسەتی داهاتوومان بۆ ئەوەی ئەو نیشانانە ببینین کە عیسا پشانی دان، تاکو هەموو کەس بزانێ کە ئەو تاقە ڕزگاری دەری جیهانە.

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ گەواهییەکەی خەڵکی سامیرەتان بەبیر دێتەوە سەبارەت بە عیسا، کە ووتیان، (ئەمە بەڕاستی ڕزگارکاری جیهانە!) (یۆحەنا ٤: ٤٢)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. وەرن کەسێک ببینن هەرچییەکم کردووە پێی‌ووتم! دەبێ مەسیح نەبێت؟ ئایا باوریات کرد؟

٢. لەبەر ئەوە بە چاوی نزمیان کرد و ووتیان، (ئەمە کوڕی یوسف نیە؟)

٣. بۆچی هەوڵیان دا بیکوژن؟

٤. چۆن دەتوانین وانەی ئەمڕۆمان کورت بکەینەوە؟

٥. ئایا تۆ لە کام لەو دوو کۆمەڵییە نزیکی؟ ئایا تۆ وەک خەڵکی سامیرەی، کەوا عیسایان قەبوڵ کرد وەک خوداوەند و ڕزگاری دەریان؟ یاخود تۆش وەک خەڵکی ناسیرەی، کەوا ڕەتیان کردەوە باوەڕ بەوە بێنن کە عیسا ئەو مەسیحەیە کەوا لە ئاسمانەوە نێردراوە تاکو لە گوناهەکانیان ڕزگاریان بکات؟

٦. ئایا ئەوە دەزانی کە عیسا ڕزگاری دەرەکەیە کەوا پێغەمبەران لەسەریان نووسیوە؟

٧. ئایا وەک ڕزگاری دەرت قەبوڵت کردووە؟

٨. ئایا تۆ لە خودا لەدایک بووی؟

٩. ئایا بە ڕاستی باوەڕت بە عیسا هەیە؟

وانەی ٦٩ : دەسەڵاتی عیسا

مەتا ١٢ و یۆحەنا ٥

وەك زۆربەتان دەزانن ئێستا لە گەشتەکەمان لەنێو نووسراوە پیرۆزەکاندا گەیشتینە پەرتوکی ئینجیل، کەوا باسی مزگێنی خۆش دەکات دەربارەی عیسای مەسیح. ئەو ڕزگاری دەرەی سەردانی زەوی کرد بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە دەسەڵاتی شەیتان و گوناە و دادوەری تاهەتایی.

لەچەن وانەی ڕابردوومانداە، بینیمان عیسا چۆن گەشتی دەکرد بەرەر خاکی جولەکەدا و خەڵکانی فێردەکرد و نەخۆشەکانیانی چاك دەکردەوە. بۆیە، خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتن. بەڵام، زۆربەی ڕابەرە ئایینیەکان حەسودیان پێی دەبرد لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی ئەو داناییەی ئەو قسەی پێ دەکرد بە درۆ دەربخەن، و نەشیاندەتوانێ ئینکاری موعجیزەکانی بکەنەوە.

ئەمڕۆ بەردەوام دەبین لە ئینجیل و دەبینین چۆن پەروەردگار عیسا ڕووبەڕووی ڕابەرە ئایینیەکان بووەوە سەبارەت بە ڕۆژی پشوودان، واتە ڕۆژی شەممە. شەممە ڕۆژی حەفتەمی هەفتە بوو، ئەو ڕۆژەی خودا بە جولەکەی دابوو بۆ پشوودان لەپاش شەش ڕۆژی کارکردن. بەڵام، ڕابەرە ئایینیەکانی فەریسی عیسایان تاوانبار کرد بە شکاندنی ڕۆژی شەممە لەبەر ئەوەی ئیشی چاکی دەکرد لە شەممە. ئەم شتەیان وەك لێبووردنی بەکار دەهێنا بۆ شکاندنەوەی، لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی هیچ شتێکی خراپ بدۆزنەوە تاوانباری بکەن.

با لە بەشی دوازدەی ئینجیلی مەتا بخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١٢) [١] لەو کاتەدا، لە شەممەدا عیسا بەناو دەغڵانداتێدەپەڕی، قوتابییەکانی برسییان بوو، دەستیانکرد بە گوڵەگەنم پڕواندن و خواردنی. [٢] کە فەریسییەکان بینییان، پێیان وت: (ئەوەتا، ئەوەی قوتابییەکانت دەیکەن دروست نییە لە شەممەدا بکرێت.) [٣] ئەویش پێی فەرموون: (ئەی نەتانخوێندۆتەوە داود چی کرد، کاتێ خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون برسییان بوو؟ [٤] چۆن چووە ناو ماڵی خودا و نانی قوربانی خوارد، کە بۆ ئەو و ئەوانەی لەگەڵی بوون دروست نەبوو بیخۆن، تەنها بۆ کاهینان نەبێ؟ [٥] یان لە تەورات نەتانخوێندۆتەوە کە کاهینان شەممەوان لە پەرستگا شەممە گاڵاو دەکەن و بێتاوانیشن؟ [٦] پێتان دەڵێم، گرنگتر لە پەرستگا لێرەیە. [٧] بەڵام ئەگەر واتای ئەوەتان بزانیبووایە: {من میهرەبانیم دەوێ نەک قوربانی}، ئەوا بێتاوانتان تاوانبار نەدەکرد. [٨] چونکە کوڕی مرۆڤ گەورەی ڕۆژی شەممەیە.)

عیسا سەدان ناو و ناونیشانی لە نووسراوە پیرۆزەکان هەبوو. یەك لەو ناوانەی کە زۆر بە خۆی دەوت (کوڕی مرۆڤ) بوو. ئەم ناونیشانە، کوڕی مرۆڤ، بە بیرمان دێنێتەوە کە عیسای مەسیح خۆی بە بەرز دانەدەنا و خۆی بە شێوەی نەوەی ئادەم دادەنا. هەروەها شکۆمەندی بەکەی دەردەخات لەبەر ئەوەی ئەمەیان، کەوا خۆی بە بەرز دانەدەنا بە بوونی بە مرۆڤ، هەمان ئەو کەسەیە کە هەموو دەسەڵات و دادوەری لابوو بەسەر نەوەکانی ئادەم. بیری لێ بکەوە ! ووشە و ڕۆح و هێز و شکۆمەندی خودا — هاتە سەر زەوی و لەشی مرۆڤی وەرگرت ! بەڵێ، عیسای مەسیح کوڕی مرۆڤە و پەروەردگاری شەممە و پەروەردگارە بەسەر هەموو شتێك. بەڵام فەریسیەکان عیسایان قەبوڵ نەکرد بە حەقیقەتی خۆی.

با بخوێنینەوە چی ڕووی دا پاش ئەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١٢) [٩] لەوێ ڕۆیشت و هاتە کەنیشتەکەیان، [١٠] ئەوەبوو پیاوێک دەستێکی وشکبوو، لێیان پرسی: (ئایا لە شەممەدا چاککردنەوە دروستە؟) تاکو سکاڵای لێ بکەن. [١١] پێی فەرموون: (کێ لە ئێوە ئەگەر مەڕێکی هەبێت و لە شەممەدا بکەوێتە چاڵێک، ئایا نایگرێت و دەریناهێنێت؟ [١٢] مرۆڤ چەند لە مەڕ نرخدارترە! کەواتە لە شەممەدا چاکەکردن دروستە.) [١٣] ئینجا بە پیاوەکەی فەرموو: (دەستت درێژ بکە.) ئەویش درێژی کرد و چاکبۆوە، وەکو ئەوەی دیکە. [١٤] فەریسییەکانیش کە دەرچوون، تەگبیریان کرد چۆن لەناوی ببەن.[١٥]عیساش بەمەی زانی، لەوێ ڕۆیشت و خەڵکێکی زۆر دوای کەوتن، ئەویش هەموویانی چاککردەوە...

دەبینین چۆن فەریسیەکان عیسایان تاوانبار کرد بە کردنی خراپە لەبەر ئەوەی ڕێزی لە داب و نەریتیانی نەگرت. چ دووڕوویەکە! ئەم ڕابەرە ئایینیانە هیچ بەزەییان نەبوو بۆ برسی و نەخۆشان، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانویست وا لە خەڵکی بکەن باوەڕ بەوە بێنن کە داب و نەریتیان کەوا ئیشی چاکەی قەدەغە دەکرد لە شەممەدا لە خوداوە هاتووە! بەڵام، عیسا کە دڵە خراپەکانیانی دەناسی، ڕاگەیاندنی خودای بەبیریان هێنایەوە لە نووسراوە پێرۆزەکان کە دەفەرموی، (ئەگەر واتای ئەوەتان بزانیبووایە: {من میهرەبانیم دەوێ نەک قوربانی}، ئەوا بێتاوانتان تاوانبار نەدەکرد. چونکە کوڕی مرۆڤ گەورەی ڕۆژی شەممەیە.)

بەردەوام دەبین لە خوێندنەوە، نووسراوی پێرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١٢) ٢٢ ئینجا پیاوێکیان بۆ هێنا ڕۆحیپیسی تێدابوو، ئەویش نابینا و لاڵ بوو، چاکیکردەوە تا ئەوەی لاڵەکە قسەی کرد و بینی. ٢٣ خەڵکەکە هەموو سەرسام بوون و وتیان: (ئەمە کوڕی داود نییە؟) ٢٤ بەڵام فەریسییەکان کە ئەمەیان بیست، وتیان: (ئەمە ڕۆحیپیس دەرناکات، مەگەر بە بەعلەزبولی (ئەوەتا شەیتان) شای ڕۆحەپیسەکان نەبێت.) ٢٥ بەڵام عیسا بە بیرکردنەوەی ئەوانی زانی، پێی فەرموون: (هەر شانشینێک دووبەرەکی تێدابێت، وێران دەبێت، هەر شارێک یان ماڵێک دووبەرەکی تێدابێت، خۆی ڕاناگرێت. ٢٦ ئەگەر شەیتان، شەیتان دەربکات، ئەوا دووبەرەکییان تێدایە، کەواتە چۆن شانشینییەکەی خۆی ڕادەگرێت؟ ٢٧ ئەگەر من بە بەعلەزبول ڕۆحیپیس دەربکەم، ئەی کوڕەکانتان بە کێ دەریان دەکەن؟ بۆیە ئەوان دەبنە دادوەرتان. ٢٨ بەڵام ئەگەر من بە ڕۆحی خودا ڕۆحیپیس دەربکەم، ئەوا پاشایەتی خودا هاتۆتە سەرتان.

(یۆحەنا ٥) ١ دوای ئەمانە جەژنێکی جولەکەکان هەبوو و عیسا سەرکەوتە ئۆرشەلیم. ٢ لە ئۆرشەلیم لەلای دەروازەی مەڕ حەوزێک هەبوو بە عیبری پێیان دەووت بێتحەسدا، پێنج هەیوانی هەبوو. ٣ لەوێ خەڵکێکی زۆر ڕاکشابوون، نەخۆش و کوێر و شەل و گۆج، [چاوەڕێی جوڵانی ئاوەکە بوون، ٤ چونکە هەندێک جار فریشتەی خوداوەند بۆ حەوزەکە دەهاتە خوارەوە و ئاوەکەی دەجوڵاند، جا ئەوەی یەکەم کەس بچووبووایە ناو حەوزەکە، لە هەر نەخۆشییەک هەیبووایە چاک دەبۆوە.]

٥ کابرایەک لەوێ بوو سی و هەشت ساڵ نەخۆش بوو. ٦ عیسا ئەم کابرایەی بینی پاڵکەوتووە و زانی ماوەیەکی درێژە وایە، پێی فەرموو: (دەتەوێ چاکبیتەوە؟) ٧ نەخۆشەکە وەڵامی دایەوە: (گەورەم، کاتێ ئاوەکە دەجوڵێت کەسم نییە بمخاتە ناو حەوزەکە. کاتێکیش دێم، یەکێکی دیکە پێش من دەچێتە ناوی.) ٨ عیساش پێی فەرموو: (هەستە! نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ!) ٩ یەکسەر کابرا چاکبۆوە، نوێنەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت. ئەو ڕۆژەش شەممە بوو، ١٠ بۆیە جولەکە بە کابرای چاکبۆوەیان وت: (شەممەیە و دروست نییە نوێنەکەت هەڵگریت.) ١١ کابرا وەڵامی دانەوە: (ئەوەی چاکیکردمەوە پێی فەرموم: (نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ.)) ١٢ لێیان پرسی: (ئەو پیاوە کێیە کە پێیووتی: (هەڵیگرە و بڕۆ)؟) ١٣ بەڵام کابرای چاکبۆوە نەیدەزانی کێیە، چونکە عیسا لەناو ئەو خەڵکەی لەوێ بوون خۆی کێشایەوە.

١٤ دوای ئەوە عیسا ئەوی لە پەرستگا بینییەوە و پێی فەرموو: (ئەوەتا چاکبوویتەوە. ئیتر گوناە مەکە، نەوەک خراپترت بەسەر بێت.) ١٥ کابراش چوو و بە جولەکەکانی وت کە عیسا بووە چاکیکردۆتەوە. ١٦ لەبەر ئەمە جولەکەکان عیسایان چەوساندەوە، چونکە ئەم شتانەی لە شەممەدا دەکرد. ١٧ بەڵام عیسا وەڵامی دانەوە: (تا ئێستا باوکم کاردەکات، منیش کار دەکەم.) ١٨ لەبەر ئەم هۆیە جولەکەکان زیاتر هەوڵیان دەدا بیکوژن، چونکە تەنها شەممەی نەدەشکاند، بەڵکو دەیووت کە خودا باوکییەتی، خۆی لەگەڵ خودا یەکسان دەکرد.

با کەمێك لێرە ڕاوەستین. بۆچی ڕابەرە ئایینیەکان شەڕیان بە عیسا دەفرۆشت و دەیانویست بیکوژن؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە عیسا پیاوە ئیفلیجەکەی چاککردەوە لە شەممە؟ لەبەر ئەوە نەبوو. دەیانویست عیسا بکوژن لەبەر ئەوەی عیسا ووتی کە خودا باوکیەتی. ئەوان پێیان قەبوڵ نەکرا کە عیسا ئەو مەسیحەیە کە لە حزووری خوداوە هاتووە. بۆیە عیسایان تۆمەتبار کرد بە کفر و هەوڵیان دەدا بیکوژن.

بەڵام نووسراوی پێرۆز دەفەموێ: (یۆحەنا ٥) ١٩ بۆیە عیسا وەڵامی دانەوە: (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: کوڕەکە ناتوانێت لە خۆیەوە شتێک بکات تەنها ئەوەی کە دەبینێت باوکی دەیکات، چونکە هەرچی ئەو دەیکات، کوڕەکەش ئەم شتانە وەک ئەو دەکات.

[٢٠] چونکە باوکەکە کوڕەکەی خۆش‌دەوێت و هەموو ئەوەی پیشان دەدات کە دەیکات، کاری لەمانەش مەزنتری پیشان دەدات، تاکو سەرسام بن. [٢١] چونکە وەک باوکەکە مردووان هەڵدەستێنێتەوە و زیندوو دەکاتەوە، کوڕەکەش ئەوەی بیەوێت زیندووی دەکاتەوە. [٢٢] چونکە باوکەکە کەس حوکم نادات، بەڵکو هەموو حوکمدانی داوەتە کوڕەکە، [٢٣] تاکو هەموو ڕێزی کوڕەکە بگرن هەروەک ڕێزی باوک دەگرن. ئەوەی ڕێزی کوڕەکە نەگرێ، ڕێزی باوکیش ناگرێ کە ناردوویەتی.

[٢٤] ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی تاهەتایی دەبێت و نایەتە حوکمدان، بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە.

[٣١] ئەگەر شایەتی بۆ خۆم بدەم شایەتییەکەم ڕاست نییە. [٣٢] یەکێکی دیکە شایەتیم بۆ دەدات، منیش دەزانم ئەو شایەتییەی بۆ منی دەدات ڕاستە. [٣٣] لەدوای یەحیاتان نارد، ئەویش شایەتی بۆ ڕاستی دا. [٣٤] من شایەتی مرۆڤ وەرناگرم، ئەمانەش دەڵێم تاکو ئێوە ڕزگاربن. [٣٥] ئەو چرایەکی هەڵگیرساو و بریسکەدار بوو، دەتانویست ماوەیەک بە ڕووناکییەکەی دڵخۆش بن. [٣٦] بەڵام من شایەتییەکم هەیە لەوەی یەحیا گرنگترە، چونکە ئەو کارانەی باوکم پێی داوم تەواوی بکەم، ئەم کارانە خۆیان شایەتیم بۆ دەدەن کە باوکم ناردوومی. [٣٧] باوکیشم کە ناردوومی، خۆی شایەتیم بۆ دەدات. ئێوە هەرگیز دەنگیتان نەبیستووە و ڕووڵەتیتان نەبینیوە، [٣٨] وشەکەشی لە ئێوەدا چەسپاو نییە، چونکە ئەوەی ئەو ناردوویەتی ئێوە باوەڕی پێ ناکەن. [٣٩] نووسراوەکان دەپشکنن، چونکە وادەزانن ژیانی تاهەتایی بۆ ئێوە تێدایە. ئەوانەش شایەتیم بۆ دەدەن، [٤٠] بەڵام ناتانەوێ بێنە لام تاکو ژیانتان هەبێت. [٤١] من شکۆ لە خەڵک وەرناگرم. [٤٢] بەڵام ئێوەم ناسی کە خۆشەویستی خوداتان لە دڵدا نییە. [٤٣] بە ناوی باوکمەوە هاتووم، پێشوازیم لێ ناکەن، بەڵام ئەگەر یەکێکی دیکە بە ناوی خۆیەوە بێت، پێشوازی لێدەکەن. [٤٤] ئەگەر شکۆ لە یەکتری وەردەگرن، بەڵام ئەو شکۆیەی لە تاکە خوداوەیە داوا نەکەن، چۆن دەتوانن باوەڕ بهێنن؟

[٤٥] وا مەزانن من لەلای باوکەکە سکاڵاتان لێ دەکەم. یەکێک هەیە سکاڵاتان لێ بکات، کە موسایە، ئەوەی هیواتان پێیەتی. [٤٦] ئەگەر باوەڕتان بە موسا بکردبووایە، باوەڕتان بە منیش دەکرد، چونکە لە بارەی منەوە نووسیویەتی. [٤٧] ئەگەر باوەڕیش بە نووسراوی ئەو نەکەن، چۆن باوەڕ بە وتەکانی من دەکەن؟)

خوێندن پەروەردگار عیسا چۆن فەریسیەکانی سەرزەنشت کرد ئەوانەی دەیانویست بیکوژن؟ پێیانی فەرموو هەرکەسێك مەسیح ڕەت بکاتەوە کەوا خودا ناردی لە ئاسمانەوە ئەوا گەواهییەکەی ووشە و ئیشەکانی مەسیح ڕەت دەکاتەوە کەوا بەراورد ناکرێن بە هیچ شتێك، هەروەها گەواهی پێغەمبەر یەحیا ڕەت دەکاتەوە و گەواهی پێغەمبەر موسا و گەواهی نووسراوە پیرۆزەکان. بە کورتی، هەر کەسی مەسیح ڕەت بکاتەوە ئەوا خودی خودا ڕەت دەکاتەوە. ئەو کەسەی ڕێز لە کوڕ نەگرێ ئەوا ڕێز لە باوك ناگرێ کە ناردوویەتی. ڕەت کردنەوەی ووشە و دەسەڵاتی عیسا ڕەت کردنەوەی ووشە و دەسەڵاتی خودایە — لەبەر ئەوەی عیسا ووشەی خودایە و ئەو کەسەیە کە خودا هەموو دادوەری و دەسەڵاتی پێ بەخشیوە.

هەر کەسێك بە ڕاستی باوەڕ بە خودا و پێغەمبەرەکانی خودا بێنێت باوەڕ بە عیسا دێنێت کە ئەو مەسیحەیە لە ئاسمانەوە هاتووە، لەبەر ئەوەی هەموو پێغەمبەرەکانی خودا گەواهییان بۆ داوە. ئەوانەی نووسراوەکانی پێغەمبەران دەناسن و باوەڕی پێ دەکەن هەروەها دەزانن و باوەڕییان بەوەیە کە عیسا، کوڕی مەریەم، ئەو کەسەیە کە خودا هەڵیبژارد بۆ ئەوەی ببێتە ڕزگاری دەری جیهان. ئەمە ئەویە کە عیسا بە ڕابەرە ئایینیەکانی ووت کاتێ فەرمووی، (یۆحەنا ٥) [٣٩] (نووسراوەکان دەپشکنن، چونکە وادەزانن ژیانی تاهەتایی بۆ ئێوە تێدایە. ئەوانەش شایەتیم بۆ دەدەن، [٤٠] بەڵام ناتانەوێ بێنە لام تاکو ژیانتان هەبێت. [٤٥] وا مەزانن من لەلای باوکەکە سکاڵاتان لێ دەکەم. یەکێک هەیە سکاڵاتان لێ بکات، کە موسایە، ئەوەی هیواتان پێیەتی. [٤٦] ئەگەر باوەڕتان بە موسا بکردبووایە، باوەڕتان بە منیش دەکرد، چونکە لە بارەی منەوە نووسیویەتی. [٤٧] ئەگەر باوەڕیش بە نووسراوی ئەو نەکەن، چۆن باوەڕ بە وتەکانی من دەکەن؟)

با هەریەك لە ئێمە بەوریاییەوە سەرنجی ئەم ووشانە بدەین، لەبەر ئەوەی خودا دەیەوێ توانای بینینی ناوەڕۆکی مانای تەواویانمان

بداتێ. خودا دەیەوێ ڕاستییەکە لەناو دڵمان بێت. ئەگەر بڵێین باوەڕمان بە پێغەمبەران هەیە، ئەو کات دەبێ باوەڕمان بەو کەسە بێت کەوا گەواهییان بۆ داوە، ئەویش عیسای مەسیحە! لەگەڵ ئەم پرسیارە بەجێیت دێڵێن: ئایا بەڕاستی باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟ زۆر خەڵک هەن کە بەخێرایی باوەڕ بەگەواهی یەک پیاو دێنن، بەڵام سەیرە کە کەم کەس باوەڕ بەو گەواهیە بێ گومانەی پێغەمبەرانی خودا دێنن کەوا نووسراوە پیرۆزەکانیان نووسیوە. ئەی تۆ؟ (باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟) (کرداری نێردراوان ٢٦: ٢٧)

با خوداش بەرەکەتدارت بکات و قسە لەگەڵ تۆ بکات کاتێ سەرنجی ئەوەی پەروەردگار عیسا بە فریسیەکانی فەرموو دەدەن: (ئەگەر باوەڕیش بە نووسراوی (پێغەمبەر موسا) ئەو نەکەن، چۆن باوەڕ بە وتەکانی من دەکەن؟) (یۆحەنا ٥: ٤٧)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی ڕابەرە ئایینیەکان شەڕیان بە عیسا دەفرۆشت و دەیانویست بیکوژن؟

٢. ئایا لەبەر ئەوە بوو کە عیسا پیاوە ئیفلیجەکەی چاککردەوە لە شەممە؟

٣. پەروەردگار عیسا چۆن فەریسیەکانی سەرزەنشت کرد ئەوانەی دەیان ویست بیکوژن؟

٤. ئایا بەڕاستی باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟

٥. زۆر خەڵک هەن کە بەخێرایی باوەڕ بەگەواهی یەک پیاو دێنن، بەڵام سەیرە کە کەم کەس باوەڕ بەو گەواهیە بێ گومانەی پێغەمبەرانی خودا دێنن کەوا نووسراوە پیرۆزەکانیان نووسیوە. ئەی تۆ، باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟

٦. ئەگەر باوەڕیش بە نووسراوی (پێغەمبەر موسا) ئەو نەکەن، چۆن باوەڕ بە وتەکانی من (عیسا) دەکەن؟

وانەی ٧٠: هێزی عیسا

مارقۆس ٤–٦ و مەتا ٩–١٠

لە وانەی ڕابردوومانداو، بینیمان کە ڕابەرە ئایینیەکانی جولەکە هەوڵیان دەدا عیسا لەناوبەرن لەبەر ئەوەی دەیفەرموو کە خودا باوکیەتی، وا بەو شێوەیە دەڵێت کە هاوتایە لەگەڵ خودا. بۆ هەرشوێنێك بڕۆیشتایە خەڵکێکی زۆر شوێنی پەروەردگار عیسا کەوتن. لەنێوان ئەو خەڵکەی شوێنی دەکەوتن هەندێك هەبوون باوەڕییان بە ووشەکانی عیسا هەبوو و هەندێکی تریش باوەڕییان پێ نەبوو. عیسا دوازدە پەیامبەر (قوتابی) هەڵبژارد لەنێوان ئەوانەی باوەڕییان پێی کرد، تاکو لەگەڵیان بێت، فێریان دەکرد و ڕەوانیان بکات مزگێنی خۆشی ڕزگار بوون ڕابگەێنن.

ئەو دوازدە قوتابییەی عیسا هەڵیبژاردن ناویان شیمۆن بوو، هەروەها ناسراو بوو بە پەترۆس، و ئەندراسی برای و یاقوبی کوڕی زەبدی بوو، و برا بچووکەکەی بە ناوی یۆحەنا – ئەم چوار برایە ماسی گر بوون. قوتابییەکانی تر ناویان فیلیپۆس و **بەرتۆلماوس** و تۆماس و مەتای باجگر و یاقوبی کوڕی حەلفا، **تەداوس**، شیمۆنی کانەوی و **یەهوزای ئەسخەریوتی**، کەوا خیانەتی لێ دەکات. (تەماشای مەتا ١٠: ٢–٤ بکە) ئەوانە ئەو دوازدە قوتابییە بوون کە لەگەڵ بوون. چەن ئافرەتێکیش شوێنی عیسا دەکەوتن لە هەموو جێگایەك کە دەچوو: **مریەم کە بە مەجدەلی**، ئەوەی کەوا عیسا حەفت **ڕۆحیپیسی** لێ دەرکرد، **یۆوەنای ژنی خوزای** و بەڕێوەبەری ماڵی هیرۆدیس، **سوزانە** و چەن ئافرەتێکی تریش. ئەم ئافرەتانە یارمەتی پاڵپشتی عیسایان دەدا بە شێوازی **خۆیان**. (تەماشای لۆقا ٨: ٢، ٣ بکە)

وەك تائێستا بینیمان، خەڵکی سەریان سوڕمابوو لە فێرکردنەکانی پەروەردگار عیسا، لەبەر ئەوەی بە دەسەڵاتەوە فێری دەکردن کەوا مامۆستا ئایینیەکانی خۆیان ئەو شتەیان نەبوو. دەسەڵاتی عیسا تەنها ووشە نەبوو، بەڵکو بە ئیشە باڵادەستەکانی دەیسەلماند. لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (پاشایەتی خودا بە قسە نییە، بەڵکو بە هێزە.) (١ کۆرنسۆس ٤: ٢٠) لە وانەی ئەمڕۆ دەبینین چۆن پەروەردگار عیسا خاوەنی هێز و دەسەڵات بوو بەسەر هەموو بەدی هێنراوێك و هێزێکی سەر زەوی.

دەست دەکەین بە خوێندنەوەی بەشی چوارەمی ئینجیلی مارقۆس. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مارقۆس ٤) ٣٥ لەو ڕۆژەدا، کاتێ ئێوارە داهات، پێی فەرموون: (با بپەڕینەوە ئەوبەر.) ٣٦ ئەوانیش خەڵکەکەیان بەجێهێشت و وەکو خۆی بە بەلەمەکە بردییان، بەلەمی دیکەشی لەگەڵبوو. ٣٧ ئینجا ڕەشەبایەکی توند هەڵیکرد، شەپۆلەکان بە تووندی لە بەلەمەکەیان دەدا، تاکو خەریک بوو پڕبێت. ٣٨ عیسا لە دواوە لەسەر سەرینێک خەوتبوو. هەڵیانساند و پێیان وت: (مامۆستا، گوێی نادەیتێ ئەگەر لەناو بچین؟) ٣٩ ئەویش هەڵستا و لە بایەکەی ڕاخوڕی و بە دەریاچەکەی فەرموو: (بێدەنگ بە! هێمن بە!) بایەکە وەستاو و بووە هێمنییەکی تەواو. ٤٠ ئینجا پێی فەرموون: (بۆچی ئاوا ترسنۆکن؟ هێشتا باوەڕتان نییە؟) ٤١ ئەوانیش تۆقین و بە یەکتریان دەووت: (ئەمە کێیە؟ تەنانەت با و دەریاش بە قسەی دەکەن!)

(مارقۆس ٥) ١ ئینجا گەیشتنە ئەوبەری دەریاچەکە، بۆ هەرێمی گەراسین. ٢ کاتێ عیسا لە بەلەمەکە دابەزی، یەکسەر لەناو گۆڕستان پیاوێکی تووشبوو ڕۆحیپیسی تێدابوو، ٣ لەناو گۆڕەکان دەژیا، تەنانەت بە زنجیریش کەس نەیدەتوانی ببەستێتەوە. ٤ چونکە زۆر جار بە کۆت و زنجیر بەسترابۆوە، بەڵام زنجیرەکانی پچڕاند و کۆتەکانیشی شکاند، کەسیش نەیتوانی ملکەچی بکات. ٥ شەو و ڕۆژ بەردەوام لەناو گۆڕستان و لە چیاکاندا بوو، هاواری دەکرد و بە بەرد لەشی خۆی بریندار دەکرد. ٦ کاتێ لە دوورەوە عیسای بینی، ڕایکرد و کڕنۆشی بۆ برد. ٧ بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: (چیت لە من دەوێت، ئەی عیسای کوڕی خودای هەرەبەرز؟ سوێندت دەدەم بە خودا، ئەشکەنجەم مەدە!) ٨ چونکە عیسا پێی فەرموبوو: (ئەی ڕۆحیپیس، لە پیاوەکە وەرە دەرەوە!) ٩ ئینجا لێی پرسی: (ناوت چییە؟) پێیووت: (ناوم لێگیۆنە، چونکە ئێمە زۆرین.) ١٠ زۆریش لە عیسا پاڕایەوە نەیانێرێتە دەرەوەی ناوچەکە. ١١ لەوێ ڕانە بەرازێکی گەورە لە قەد شاخەکە دەلەوەڕان، ١٢ لێی پاڕانەوە: (بمانێرە ناو بەرازەکان، با بچینە ناویان.) ١٣ ئەویش ڕێی پێدان. ڕۆحەپیسەکان هاتنە دەرەوە و چوونە ناو بەرازەکان، ئینجا ڕانەکە لە قەدپاڵەکەوە بەرەو دەریاچەکە تەووژمیان برد، نزیکەی دوو

هەزار دەبوون، لەناو دەریاچەکە خنکان. ١٤ بەرازەوانەکان ڕایانکرد، هەواڵیان دایە شار و کێڵگەکان. خەڵکەکەش هاتن تاکو ببینن چی ڕووی‌داوە. ١٥ هاتنە لای عیسا، بینیان ئەوەی لەشکرێک ڕۆحی‌پیسی تێدابوو، دانیشتووە و پۆشتەیە و ئاقڵە، جا ترسان. ١٦ ئەوانەش کە بینیبوویان چی بەسەر بەرازەکان و کەسەکە هات کە ڕۆحی‌پیسی تێدابوو، بۆیان گێڕانەوە. ١٧ ئیتر دەستیان‌کرد بە پاڕانەوە لە عیسا تاکو لە ناوچەکەیان بڕوات. ١٨ کاتێ عیسا سواری بەلەمەکە دەبوو، ئەوەی ڕۆحی‌پیسی تێدابوو، لێی پاڕایەوە کە لەگەڵی بێت. ١٩ ڕێگای نەدا، بەڵکو پێی فەرموو: (بڕۆ ناو ماڵ و کەسوکارت، بۆیان بگێڕەوە خوداوەند چی بۆت کردووە و چۆن بەزەیی پێت هاتەوە.) ٢٠ جا ڕۆیشت و لە دە شارەکەدا دەستی‌کرد بە جاڕدانی هەموو ئەوەی عیسا بۆی کردبوو. هەموو سەرسام بوون.

٢١ دیسان عیسا بە بەلەمەکە پەڕییەوە ئەوبەر، هەر لەدەم ئاوەکە بوو خەڵکێکی زۆر لێی کۆبوونەوە. ٢٢ یەکێک لە پێشەوایانی کەنیشت هات، ناوی یایرۆس بوو، کاتێ عیسای بینی، لەبەرپێی کەوت و ٢٣ زۆر لێی پاڕایەوە: (کچە بچووکەکەم لە سەرەمەرگ دایە، وەرە دەستی لەسەر دابنێ تاکو چاکبێتەوە و بژیێت.) ٢٤ عیسا لەگەڵی چوو، حەشاماتێکیش دوای کەوت و پاڵەپەستۆی لێ دەکرد. ٢٥ ژنێک دوازدە ساڵبوو خوێن‌بەربوونی هەبوو. ٢٦ بە دەستی زۆر پزیشک ئازاری زۆری چێژتبوو، ئەوەی هەیبوو خەرجی کردبوو، هیچ سوودیشی نەبوو، بەڵکو خراپتر ببوو. ٢٧ باسی عیسای بیستبوو، بۆیە هاتە ناو خەڵکەکە و لە دواوە دەستی لە کراسەکەی دا، ٢٨ چونکە وتی: (ئەگەر تەنها دەست لە کراسەکەی بدەم، چاک دەبمەوە.) ٢٩ یەکسەر خوێن لێچوونەکەی ڕاوەستا و لە لەشی‌دا هەستی بە چاکبوونەوە کرد لە نەخۆشییەکەی.

٣٠ یەکسەر عیساش زانی هێزێک لێی دەرچوو، ئاوڕی لە خەڵکەکە دایەوە و فەرمووی: (کێ دەستی لە کراسەکەم دا؟) ٣١ قوتابییەکانی پێیان وت: (دەبینیت خەڵکەکە پاڵەپەستۆت لێ‌دەکەن، کەچی دەفەرمووی کێ دەستی لێ‌دام؟) ٣٢ چاوی دەگێڕا، تاکو بزانێت کێ بوو وای‌کرد. ٣٣ ژنەکەش بە ڕووداوەکەی خۆی دەزانی، بە ترس و لەرزەوە هات، لەبەردەمی کەوت و هەمووی بە ڕاستی پێ وت. ٣٤ ئەویش پێی فەرموو: (کچم، باوەڕت چاکی‌کردیتەوە، بە دڵنیایی بڕۆ و لە نەخۆشییەکەت چاکببەوە.)

٣٥ کاتێ عیسا قسەی دەکرد، کەسانێک لە ماڵی پێشەوای کەنیشتەوە هاتن، وتیان: (کچەکەت مرد، ئیتر ئەزیەت مەخەرە بەر ماموستا.) ٣٦ بەڵام عیسا گوێی بە قسەکەیان نەدا، بە پێشەواکەی کەنیشتی فەرموو: (مەترسە، تەنها باوەڕت هەبێت.) ٣٧ نەیهێشت کەس لەگەڵی بچێت، پەترۆس و یاقوب و یۆحەنای برای یاقوب نەبێت. ٣٨ هاتنە ماڵی پێشەواکەی کەنیشت، بینی هەرایە، گریان و شیوەنێکی زۆر. ٣٩ چووە ژوورەوە، پێی فەرموون: (بۆچی هەراتانە و دەگرێن؟ کچەکە نەمردووە، نووستووە.) ٤٠ پێی پێکەنین. بەڵام ئەو هەموویانی دەرکردە دەرەوە، دایک و باوکی منداڵەکەی برد لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵی بوون و چووە ژوورەوە بۆ ئەو شوێنەی منداڵەکەی لێ‌بوو. ٤١ دەستی منداڵەکەی گرت و پێی فەرموو: (کیژۆڵە، پێت دەڵێم هەستە!) ٤٢ کچەکە یەکسەر هەڵستا و دەستی بە ڕۆیشتن کرد، تەمەنی دوازدە ساڵبوو، جا زۆر سەرسام بوون. ٤٣ بە تووندیش ڕایسپاردن کەس بەمە نەزانێت و فەرمووی شتێکی بدەنێ با بیخوات.

(مەتا ٩) ٢٧ عیسا بەوێدا دەڕۆیشت، دوو کەسی نابینا دوای کەوتن، هاواریان دەکرد و دەیان‌ووت: (کوڕی داود، بەزەییت پێمان‌دا بێتەوە.) ٢٨ کاتێ هاتە ماڵەوە، کەسە نابیناکان هاتنە لای. عیساش پێی فەرموون: (لەو باوەڕەدان من بتوانم ئەمە بکەم؟) پێیان وت: (بەڵێ گەورەم.) ٢٩ ئینجا ئەویش دەستی لە چاویان دا و فەرمووی: (با بەگوێرەی باوەڕتان بۆتان ببێت.) ٣٠ ئیتر چاویان کرایەوە، عیساش بە تووندی ئاگاداری کردنەوە: (ئاگاداربن با کەس نەزانێت.) ٣١ بەڵام ئەوان ڕۆیشتن و هەموو ناوچەکەیان لێی تێگەیاند.

٣٢ کاتێ دەردەچوون، لاڵێکیان هێنایە لای، ڕۆحی‌پیسی تێدابوو. ٣٣ کاتێ ڕۆحە پیسەکە دەرکرا، لاڵەکە قسەی کرد. خەڵکەکەش سەرسام بوون، وتیان: (قەت لە ئیسرائیل‌دا شتی وا ڕووی نەداوە.) ٣٤ بەڵام فەریسییەکان وتیان: (بە شای ڕۆحەپیسەکان ڕۆحی‌پیس دەردەکات.)

(مارقۆس ٦) ١ ئەوێی بەجێهێشت و گەڕایەوە شارەکەی خۆی، قوتابییەکانیشی دوای کەوتن. ٢ کە بووە شەممە، لە کەنیشت‌دا دەستی‌کرد بە فێرکردن، زۆر لەوانەی گوێیان لێی گرتبوو سەرسام بوون. وتیان: (ئەمە ئەمانەی لەکوێ بوو؟ ئەی ئەم دانایەی پێی

دراوە و ئەم پەرجوانەی لەسەر دەستی دەکرێن! [٣] ئەرێ ئەمە دارتاشەکەی کوڕی مریەم و براکەی یاقوب و یوسی و یەهوزا و شیمۆن نییە؟ خوشکەکانی لێرە لەلامان نین؟) بەم شێوەیە ساتمەیان لێی کرد. [٤] بەڵام عیسا پێی فەرموون: (پێغەمبەر بێ ڕێز نییە، تەنها لە شار و لەنێوان خزم و لەماڵی خۆی نەبێت.) [٥] ئیتر لەوێدا نەیتوانی هیچ پەرجوێک بکات، تەنها چەند نەخۆشێک نەبێت کە دەستی لەسەر دانان و چاکی‌کردنەوە. [٦] لە بێباوەڕی ئەوان سەری سوڕما. ئینجا بە گوندەکانی دەوروبەردا گەڕا و خەڵکی فێر دەکرد.

[٧] ئینجا دوازدەکەی بانگ‌کرد، دوو دوو دەستی‌کرد بە ناردنیان و دەسەڵاتی پێدان بەسەر ڕۆحەپیسەکان.

[٨] ڕایسپاردن: (مەتا ١٠) [١٦] ئەوەتا من وەک مەڕ بە ناو گورگان‌دا دەتانێرم. جا وریابن وەک مار و بێبەری بن وەک کۆتر. [١٧] لە خەڵکی بەئاگابن، چونکە دەتاندەنە ئەنجومەن و لە کەنیشتەکانیان بە قامچی لێتان دەدەن [٢٨] لەوانە مەترسن کە لەش دەکوژن، بەڵام ناتوانن گیان بکوژن، بەڵکو لەوە بترسن کە دەتوانێ هەردووکیان لە دۆزەخدا لەناوبەرێت. [٣٤] وا مەزانن کە هاتووم تاکو ئاشتی بهێنمە سەر زەوی. نەهاتووم بۆ هێنانی ئاشتی، بەڵکو شمشێر! [٣٥] چونکە من هاتووم بۆ هەڵگەڕاندنەوەی {کوڕ لە باوکی و کچ لە دایکی و بووک لە خەسووی. [٣٦] دوژمنی مرۆڤیش لە خانەوادەکەی خۆی دەبێت.} [٣٧] ئەوەی باوک یان دایکی لە من خۆشتربوێت، شایانی من نییە. ئەوەی کوڕ یان کچی لە من خۆشتربوێت، شایانی من نییە... [٣٩] ئەوەی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی ژیانی خۆی لەبەر من بدۆڕێنێت دەیدۆزێتەوە. ئامین.

بۆیە بینیمان کە پەروەردگار عیسا پر بوو لە هێزی خودا لە هەردوو ووشەکانی و ئیشیەکانی خۆی. جەماوەرەکان کە شوێنی عیسا کەوتن، سەرسام بوون، وتیان: (ئەمە ئەمانەی لەکوێ بوو؟ ئەی ئەم داناییەی پێی دراوە و ئەم پەرجوانەی لەسەر دەستی دەکرێن! (مەرقۆس ٦: ٢)

ئایا عیسا ئەو هێز و داناییەی لە کوێوە بە دەستی هێنابوو؟ لە هیچ جێگایەك (بەدەستی) نەهێنا بوو، لەبەر ئەوەی خۆی هێزی و دانای خودایە. پەروەردگار عیسا ئەو هەموو ئیشە بالادەستانەی خودای ئەنجام دا لەسەر زەوی بۆ ئەوەی بە خەڵکی نیشان بدات لە کوێوە هاتووە و کێیە. ئەو دەسەڵاتی بەسەر هەموو بەدی هێنراوێك و هەموو جۆرە هێزێك هەبوو لەبەر ئەوەی ئەو (روحی خودا) بوو. لەبەر ئەوە بوو عیسا توانای زریانەکە هێور بکاتەوە و هاروهاج و ئەو مرۆڤانەی ڕۆحی خراپیان تێدا بوو چاك بکاتەوە تەنها بە ووتنی یەك ووشە. هەموو هێزە بێ سنوورەکەی خودا لەناو پەروەردگار عیسادا هەبوو. لەبەر ئەوە بوو توانی ئەو ئافرەتە چاك بکاتەوە کە خوێنی لەبەر ئەڕوێی بۆ دوازدە ساڵ. ئەم ئافرەتە هەموو ماڵ و مووڵکی لە پزیشك و دەرمان سەرف کردبوو بەڵام لەو ساتەی دەستی لە کراسی عیسا دا چاك بووەوە. بە هەمان شێوە، کاتێ عیسا دەستی لە چاوی دوو پیاوە کوێرەکە دا یەکسەر چاك بوونەوە. دەسەڵاتی عیسا سنووردار نەبوو بەوانەی لە ژیاندان. دەسەڵاتی بەسەر مردووانیشادا هەبوو! لەبەر ئەوە بوو توانی ئەو منداڵەی مردبوو بگەڕێنێتەوە ژیان. هێزی عیسا زۆر بەسەر هێزی پێغەمبەرێکی ئاسایی بەسەر دەکەوت، لەبەر ئەوەی خۆی ووشەی خودابوو لە جەستەی مرۆڤێکدا.

بەڵێ، ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە هەموو هێز و هەموو دەسەڵات دراوە بە عیسای مەسیح. بۆیە، ئەگەر متمانە بە عیسا بکەی وەك ڕزگاری دەرت و پەروەردگارت، ئەو کاتەی چی دی پێویستت بەوە نابێ لە هیچ بترسی: نە لە مردن، نە لە ژیان، نە لە ڕۆحی خراپ، نە لە جادووگەران، نە لە ئێستا و نە لە ئایندە! چی دی پێویستت بەوە نابێ نوشتە لە مل بکەی یاخود قوربانیەك بە کەسێك بدەی تاکو بتپارێزێ لەبەر ئەوەی پەروەردگار عیسا دەتپارێزێ. نووسراوی پیرۆز ئاوا دەفەرموێ: چونکە تەواوی خودایەتی لە مەسیحدا نیشتەجێیە، بە لەشی خۆی، ئێوەش لەودا گەیشتوونەتە تەواوەتی، ئەوەی سەری هەموو سەرۆکایەتی و دەسەڵاتێکە! (کۆلۆسی ٢: ٩، ١٠)

ئایا متمانەت بەو کەسە هەیە کە (سەری هەموو سەرۆکایەتی و دەسەڵاتێکە)؟ یاخود هێشتا هەوڵ دەدەی هێز و دەسەڵاتە کەمەکەی ئەم جیهانە رازی بکەی؟

دیراسەتی داهاتوو بەردەوام دەبین لە ئینجیل و دەبینین چۆن عیسا خەڵکانی فێرکرد بە نموونە.


دەبا خوداش بەرەکەتدارت بکات و فێری مانای قوڵت بکات لەوەی ڕایگەیاند سەبارەت بە مەسیح: چونکە تەواوی خودایەتی لە مەسیحدا نیشتەجێیە، بە لەشی خۆی، ئێوەش لەودا گەیشتوونەتە تەواوەتی، ئەوەی سەری هەموو سەرۆکایەتی و دەسەڵاتێکە! (کۆلۆسی ٢: ٩، ١٠)

گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. جەماوەرەکان کە شوێنی عیسا کەوتن، سەرسام بوون، وتیان: (ئەمە ئەمانەی لەکوێ بوو؟ ئەی ئەم داناییەی پێی دراوە و ئەم پەرجوانەی لەسەر دەستی دەکرێن! ئەی سەبارەتە تۆش؟

٢. ئایا عیسا ئەو هێز و داناییەی لە کوێوە بە دەستی هێنابوو؟

٣. ئایا متمانەت بەو کەسە هەیە کە (سەری هەموو سەرۆکایەتی و دەسەڵاتێکە)؟ یاخود هێشتا هەوڵ دەدەی هێز و دەسەڵاتە کەمەکەی ئەم جیهانە رازی بکەی؟



وانەی ٧١: دوو نموونەی گرنگ

لۆقا ٨ ، مەتا ١٣

لە وانەی ڕابردوومانداء، بۆمان دەرکەوت کە عیسای مەسیح خاوەن دەسەلاّت بوو کەوا بەسەر دەسەلاّتی پێغەمبەرێکی ئاسایی دەکەوت. عیسا پڕ بوو لە هێزی خودا. ئەو خودی هێزی خودا بوو لە جەستەی مرۆڤێکدا! لەبەر ئەوە بوو دەیتوانیّ زریان هێور بکاتەوە و ڕۆحی خراپ دەربکات و نەخۆش و کوێر چاك بکاتەوە، و تەنانەت مردوو زیندوو بکاتەوە!

ئەمڕۆ بەردەوام دەبین لە پەرتوکی ئینجیل و دەخوێنین چۆن پەروەردگار عیسا خەلّکانی فێر دەکرد بە بەکارهێنانی نموونەی چیرۆك. عیسا زۆر نموونەی بەکار دەهێنا بۆ نیشان دانی ڕاستی لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو خەلّکەی بەدوای دەڕۆیشتن نەیاندەویست ووشەی خودا بزانن. ئەوەی ئەوان دەیانویست چاککردنەوەی جەستە نەخۆشەکانیان بوو، بەلاّم نەیاندەویست گیانیان لە گوناە چاك بکاتەوە. هەروەها دوا بەدوای عیسا وەك کۆمەلّە کەمتیارێك، ڕابەرە ئایینیەکان بوون کەوا گوێیان لیّ ڕادەگرت تەنها بۆ دۆزینەوەی هەلّێك تاکو تۆمەتباری بکەن. کاتیّ ئەوان لە دەوراو پشت بوونایە، عیسا بە نموونە قسەی دەکرد. چاوەڕێی دەکرد تاکو بەتەنیا دەمایەوە لەگەلّ شوێن کەوتووە ڕاستەقینەکانی بۆ ئەوەی مانای نموونەکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە.

خودا دەیەوێ هەموو کەس ڕاستی بزانێت و ڕزگاری بێت، بەلاّم ئەگەر دلّەکانمان ڕەق بن، ئەوا خودا ڕاستی خۆیمان بۆ ئاشکرا ناکات. خودا دەیەوێ ئێمە بەدوای ڕاستیدا بگەڕێین، وەك چۆن زۆربەی خەلّك بەدوای مالّی دونیا دەکەون! ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا دلّ خۆشی بە ڕاستی خودا زیاتر لە پارە یاخود هەر جۆرە سامانێك؟ ئایا ووشەی ڕاستی خودا گرنگترین جێگای لە بیر و دلّتا گرتۆتەوە؟ ڕەنگە باری ڕاستەقینەی دلّی خۆت نەزانی بەرامبەر خودا. باش سەرنج بدە لە نموونەی پەروەردگار عیسا دەربارەی تۆودەرەکە.

لە بەشی هەشتەمی ئینجیلی لۆقا دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆزە دەفەرموێ: (لۆقا ٨) [٤] کاتیّ حەشاماتێک لە هەموو شارێکەوە بۆ لای عیسا هاتن و کۆبوونەوە، بە نموونە قسەی بۆ کردن: [٥] (تۆودەر چوو تۆو بکات، کە تۆوی دەکرد، هەندێکی کەوتە سەر ڕێگا و پێشێل بوون، باڵندەی ئاسمان هەڵیانلووشی. [٦] هەندێکیش کەوتە سەر بەرد، سەریان دەرکرد و وشک بوون، چونکە شێی نەبوو. [٧] هەندێکیش کەوتنە ناو دڕکەوە، دڕک لەگەڵیان گەشەیان کرد و خنکاندیانن. [٨] هەندێکیش کەوتنە زەوییەکی باش، ڕوا و سەد ئەوەندە بەرهەمی دا.) ئەمانەی فەرموو و هاواری کرد: (ئەوەی گوێی بیستنی هەیە، با ببیستێت!)

[٩] قوتابییەکانی بۆ مەبەستی ئەم نموونەیە لێیان پرسی، [١٠] ئەویش فەرمووی... [١١] ئەمە نموونەکەیە: تۆوەکە وشەی خودایە. [١٢] ئەوانەی سەر ڕێگاکە ئەوانەن کە گوێیان لێبوو، ئینجا ئیبلیس دێت و وشەکە لە دڵیان دەبات، نەوەک باوەڕ بهێنن و ڕزگاریان بێت. [١٣] ئەوانەش کە کەوتنە سەر بەردەکە، ئەوانەن کە وشەکە بە خۆشییەوە وەردەگرن کاتیّ دەیبیستن، بەلاّم ڕەگیان نییە و تاکو ماوەیەک باوەڕ دەهێنن، بەلاّم لە کاتی تاقیکردنەوە دەکەون. [١٤] ئەوانەی کەوتنە ناو دڕکان، ئەوانەن کە دەیبیستن، بە خەفەتی سەردەم و سامان و خۆشییەکانی ژیان دەخنکێن، بەرهەمی پێگەیشتوو نادەن. [١٥] بەلاّم ئەوەی لە زەوییە چاکەکەیە، ئەوانەن کە بە دڵێکی چاک و باشەوە دەبیستن، وشەکە ڕادەگرن و بە خۆڕاگرییەوە بەرهەم دەدەن.

لەمانای نموونەی تۆودەرەکە تێگەیشتی؟ لەم نموونەیەدا، تۆو و خاك دەبینین. تۆوێکە نیشان دەری چییە؟ پەروەردگار عیسا چی فەرموو؟ فەرمووی: تۆوەکە نیشاندەری ووشەی ڕاستەقینەی خودایە. ئەی خاکەکە؟ ئەویان نیشاندەری چییە؟ خاکەکە نیشاندەری دلّی مرۆڤە.

بەلێ، ووشەی خودا وەك تۆوەکی چاکە، لەبەر ئەوەی زیندووە و هێزی هەیە ژیانی تاهەتایی و بەرەکەت بێنێتە ناو دلّت لە ژیانت. بەلاّم دلّی مرۆڤ وەك خاکەکەیە کە دەکرێ زۆر ڕەق و ووشك بێت. با کەمێك بیربکەینەوە لەم شتە. چەن جۆرە خاك دەبینین لەم نموونەیە؟ بینیمان چۆن تۆوەکە کەوتە سەر چوار جۆر خاك.

تۆو هەبوو کە کەوتە سەر ڕێگایەکی ڕەق.

هەندێکی تر هەبوو کە کەوتە جێگایەك بەردی زۆر بوو.

هەندێکی تر هەبوو کە کەوتە نێو دڕکێکی زۆرەوە.

هەندێکی تریش کەوتە خاکێکی باشەوە.

یەکەم، عیسا فێریانی کرد زۆر کەس هەن لە جیهان کە دڵیان وەك ڕێگایەکی ڕەقە خەڵك بەسەریا دەڕوات. دڵی هەندێك کەس وەك کۆنکریت ڕەقە. ئەگەر تۆویەك بکەوێتە سەر ڕێگایەکی ڕەق چی ڕوو دەدات؟ ئایا گەشە دەکات و مێوە دەگرێت؟ هەرگیز! تەنانەت ناتوانێ ڕەگ بگرێ. خەڵکی بەسەریدا دەڕۆن و بااڵندە دەیخوات. دڵی زۆر کەس ئاوایە. ئەو خەڵکەی دڵیان وەك خاکێکی ڕەقە ئەوانەن هیچ گرنگی نادەن بە نووسینەکانی پێغەمبەران و لە دەرئەنجامدا، باوەڕ ناهێنن کە عیسا ڕزگاری دەری جیهانە. تەنها گرنگی دەدەن بە بیرۆکەکانی خۆیان و داب و نەریتی باووباپیرانی خۆیان. ووشەی ڕاستەقینەی خودا ناتوانێ ژیان بەرهەم بێنێ لە دڵیان، وەك چۆن تۆویەك بکەوێتە سەر ڕێگایەکی ڕەق ناتوانێ ژیان بەرهەم بێنی.

جۆری دووەمی خاك کە عیسا باسی لێوە کرد زۆری بەرد بوو و خۆڵی کەمتر بوو. ئەو خاکەی کە زۆر بەردی تێدایە نیشاندەری دڵی ئەو کەسانەن کە گوێ لە ووشەی خودا ڕادەگرن و یەکسەر وەری دەگرن بە خۆشییەوە، بەاڵم زۆر نامێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ووشەی خودا ڕەگی دانەناوە لە دڵی ئەو کەسانە. ئەم جۆرە کەسانە دەڵێن کە باوەڕیان هەیە، بەاڵم کاتی تەنگانە یاخود کە دەچەوسێنەوە لەبەر ووشەی ڕاستی، ئەو کاتە پشتی لە ڕاستی دەکەن. زۆر کەس وان. ووشەی خودا ڕەگی قوواڵ نیە لەناو دڵیان، لەبەر ئەوەی پێیان باشترە ستایشی مرۆڤ بکەن نەك خودا. لە دەرئەنجامدا، ووشەی خودا بێ بەهایە لای ئەوان، هەر وەك چۆن تۆوەکەی کەوتە شوێنی بەردینەکە بێ بەهایە.

سێیەم جۆری خاك پڕ بوو لە دڕك. چی ڕوو دەدات کاتێ تۆو دەکەوێتە نێو درکەوە؟ ئایا شین دەبێ؟ نەخێر، شین نابێ! دڕکەکان دەیخنکێنن پێش ئەوەی سەوز بێت. ئەم خاکە دڕکاوییە نیشاندەری دڵی ئەو کەسانە کە گوێ لە ووشەی خودا ڕادەگرن بەاڵم ماڵی دونیا و سەروەت و سامان و تەماح بەسەریان زاڵ دەبێت، و ووشکەش دەخنکێنن تا بەرهەمدار نابێت. زۆر نەوەی ئادەم دڵیان وەك خاکی دڕکاوییە. پێیان وایە کە: (بەڵێ، ڕۆژێك دەست دەکەم بەسەرنجدانی نووسینەکانی پێغەمبەران. کە کاتم هەبێ گوێ لە ووشەی خودا دەگرم إنشاءالله.) بەاڵم شەیتان باش دەزانێ کە ئەم جۆرە کەسانە هەرگیز کات تەرخان ناکەن بۆ ئەوەی لە ووشەی خودا تێبگەن. کێشە و پێداویستییەکانی ڕۆژانە دڵ و بیریان داگیر دەکات. دەبێت کار بکەن، پارە پەیدا بکەن، بچنە بازار، بکڕن، بفرۆشن، بخوێنن، بخەون و تا دوایی. ئەمە ژیانتە؟ ئایا ژیانت ئاوا پڕە لە پێویستی و ئیش کە هێشتا کاتت وەرنەگرتووە بۆ ئەوەی بەدوای ڕاستی خودا بگەڕێی پڕ بە دڵت؟ ئەوەت لە بیر بێت کە ڕۆژێك مردن لە ناکاوە دێت و دەتبات تاهەتا. لەو ڕۆژە دەزانی ڕاستی چی بوو و درۆ چی بوو، بەاڵم ئەو کاتە ڕاستی زانین کە تۆ نەلێی گەڕای و نە بە گوێت کرد لە کاتی ژیانت بەهای دەبێت بۆت، لەبەر ئەوەی کاتی تۆبە کردن بەسەر دەچێ و تاهەتا بزر دەبی!

چوارەم جۆر خاکێکی باش بوو. ئەو تۆویەی جوتیارەکە تۆوی کرد لە خاکێکی باش و بە بەرهەم ڕەگی دەرکرد و گەورە بوو و بەرهەمێکی چاکی بەرهەم هێنا و جوتیارەکە سەد قاتی دووریەوە لەوەی تۆوی کرد. ئەو خاکە باشە نیشاندەری ئەو کەسانەن کە گوێ لە ووشەی خودا ڕادەگرن و لە دڵێکی پاك دەپارێزن و بەو شێوەیە ڕاستودروستی و ژیانی تاهەتایی بەرهەم دێنن. ووشەی خودا زیندو و بە هێزە و ژیانی تاهەتایی و ڕاستودروست بەرهەم دێنێ لە هەموو ئەو کەسانەی وەری دەگرن بە دڵێکی پاك و دڵنەرمییەوە.

ئەمە بە کورتی ئەوەی عیسا لە نموونەی تۆوەدەرەکە فێری کرد. ووشەی خودا وەك تۆوێکی باشە، و دڵەکانمان وەك خاکێکی ڕەقە. پێش ئەوەی تۆو بکرێ لە خاکێکی ڕەق دەبێت چی بکرێ؟ دەبێت گاسنی لێ دەن، وەك زۆربەی جوتیاران دەزانن. بە هەمان شێوە، ئەو دڵەی خودا ڕازی دەکات دڵێکی شکاو و پەشیمان لە گوناە و ئامادەیە تۆوی چاکی ووشەی خودا وەربگرێ. ئەو دڵەی خودا ڕازی دەکات دڵێکی ووشەی خودا وەردەگرێ بە دڵنەرمییەوە و بە باوەڕەوە. نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: با هەر

مرۆڤێک لە گوێگرتن خێرا بێت، لە قسەکردن لەسەرەخۆ بێت... هەموو گلاوی و گەشەکردنێکی بەدکاری دابکەنن، ئەو وشەیەی کە لە ئێوەدا چاندراوە بە دڵنەرمییەوە وەری بگرن، ئەوەی دەتوانێت گیانتان ڕزگار بکات. (یاقوب ١: ١٩، ٢١)

باری دڵی تۆ چۆنە؟ ئایا دڵێکی دڵنەرمییەوەت هەیە و ئامادەیە ئەوەی خودا دەیفەرموێ لە نووسراوە پیرۆزەکان لە ڕێگای پێغەمبەرانیەوە وەری بگرێ؟ ئایا ووشەی خودا لە ناو دڵتا گەشە دەکات؟ یاخود تۆش دڵێکی وەک خاکێکی ڕەق و بەرداوی و دڕکاویت هەیە؟ ووشەی خودا تۆوی چاکە، بەڵام تەنها ژیان و بەرەکەت لە دڵی ئەوانەی بە ڕاستی باوەڕی پێ دەکەن و بە گوێی دەکەن بەرهەم دێنێ.

ئێستاش با بخوێنینەوە لە (نموونەی جوتیارێکی) کەوا عیسا باسی لێوە کرد بۆ خەڵکی. ئەویش نموونەی زیوانە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١٣) [٢٤] نموونەیەکی دیکەی بۆ هێنانەوە: (شانشینی ئاسمان لە مرۆڤێک دەچێت، تۆوی چاک لە کێڵگەکەی بچێنێت. [٢٥] بەڵام کاتێ خەڵک نووستبوون، دوژمنەکەی هات و لەناو گەنمەکەدا زیوانی چاند و ڕۆیشت. [٢٦] کاتێ گەنمەکە ڕوا و گوڵی دەرکرد، زیوانەکەش دەرکەوت. [٢٧] کۆیلەی خاوەن ماڵ هاتن و پێیان وت: (گەورەم، ئایا لە کێڵگەکەتدا تۆوی چاکت تۆو نەکرد؟ ئیتر ئەم زیوانە لەکوێوە هات؟)

[٢٨] ئەویش پێی‌ووتن: (دوژمن ئەمەی کردووە.) کۆیلەکانیش پێیان وت: (دەتەوێ بچین بژاری بکەین؟)

[٢٩] وتی: (نەخێر، نەوەک لەگەڵ بژارکردنی زیوان، گەنمیش هەڵبکێشن. [٣٠] تاکو کاتی دروێنە لێگەڕێن با بەیەکەوە پێبگەن، جا لە کاتی دروێنەدا بە سەپانەکان دەڵێم، یەکەم جار زیوانەکە بژار بکەن و بیانکەنە مەلو تاکو بسووتێندرێن، بەڵام گەنمەکە لە ئەمبارەکەم کۆبکەنەوە.)

[٣٦] ئینجا خەڵکەکەی بەڕێ‌کرد و گەڕایەوە بۆ ماڵ. قوتابییەکانی هاتنە لای و وتیان: (نموونەی زیوانی ناو کێڵگەکەمان بۆ لێکبدەوە.) [٣٧] وەڵامی دایەوە: (تۆودەری تۆوە چاکەکە، کوڕی مرۆڤە (ئەوەتا مەسیح خۆی). [٣٨] کێڵگەکەش جیهانە، تۆوە چاکەکەش ڕۆڵەکانی شانشینن، زیوانەکەش ڕۆڵەکانی خراپەکارەکەن، [٣٩] دوژمنەکەش کە تۆوی کردن ئیبلیسە، دروێنەکەش کۆتایی ڕۆژگار، سەپانەکانیش فریشتەکانن. [٤٠] وەک زیوانەکە بژارکرا و بە ئاگر دەسووتێندرێ، لە کۆتایی ڕۆژگاریشدا وا دەبێت. [٤١] کوڕی مرۆڤ فریشتەکانی دەنێرێت، هەموو کۆسپ و سەرپێچیکاران لە شانشینییەکەی کۆدەکەنەوە و [٤٢] فڕێیان‌دەدەنە ناو کوورەی ئاگرەوە، جا لەوێ دەبێتە گریان و جیرەی ددان. [٤٣] ئەوسا ڕاستودروستان لە شانشینی باوکیان‌دا وەک ڕۆژ دەدرەوشێنەوە. ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت!) ئامین

لە نموونەی زیوانەکە، پەروەردگار عیسا جیهانی بەراورد کرد بە کێڵگەیەک گەنم. تۆوەدەرەکە نیشاندەری عیسای مەسیحە. گەنمەکەش کە ڕوا لە کێڵگەکە نیشاندەری ئەوانەن کە کوڕی خودان لەبەر باوەڕیان بە مزگێنی خۆشی مەسیح. دوژمنەکەش کە زیوانی چاند لەنێوان گەنمەکە شەیتانە. زیوانەکەش ئەوانەن کە سەر بە خودا نین لەبەر ئەوەی مزگێنی خۆشی مەسیحیان قەبوڵ نەکرد. دروێنەش ڕۆژی قیامەتە. ئەم گەنمەی عەمبار کرا نیشاندەری ئەوانەیە کە مافیان هەیە لە حزووری خودا بژین تاهەتا. بەڵام، زیوانەکەی وا خڕ دەکرێتەوە و دەسوتێنرێ نیشاندەری ئەوانەن کە فڕێ دەدرێنە ئاگری تاهەتایی.

ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا تۆ وەک گەنمەکەی؟ یاخود وەک زیوانەکەی؟ لە دڵی خۆت بگەڕێ! ڕۆژی دوای وا دێ و دادوەر وا لای دەرگایە! ئایا متمانەت بە خۆتە بەرامبەر دادوەر لە ڕۆژی دوای ڕاوەستی؟ پێویستت بە ترس نابێ لەو ڕۆژە ئەگەر لە دڵتەوە باوەڕ بێنی بە مزگێنی خۆشی ئەو کەسەی هاتووە بۆ ڕزگار کردنت لە ئاگری تاهەتایی. بزانە عیسای مەسیح چی ڕاگەیاندووە سەبارەت بە ڕۆژی دوای. فەرموی، (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی تاهەتایی دەبێت و نایەتە حوکمدان، بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە.) (یۆحەنا ٥: ٢٤) ئامین!

بۆ وانەی داهاتوو بەردەوام دەبین لە ئینجیل و دەبینین چۆن عیسا بە شێوەیەکی ئیعجازی زیاتر لە پێنج هەزار کەسی نان دا بە تەنها پێنج نان و دوو ماسی!

دەبا خوداش توانای بینینی ناوەڕۆکی ئەوەی بخوێنیت بتداتێ کاتێ ووشەکانی پەروەردگار عیسات دێتەوە یاد: (ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت!) (مەتا ١٣: ٤٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا دڵ خۆشی بە ڕاستی خودا زیاتر لە پارە یاخود هەر جۆرە سامانێك؟
٢. ئایا ووشەی ڕاستی خودا گرنگترین جێگای لە بیر و دڵتا گرتۆتەوە؟
٣. لەمانای نموونەی تۆودەرەکە تێگەیشتی؟
٤. تۆویەکە نیشان دەری چییە؟ پەروەردگار عیسا چی فەرموو؟
٥. ئەی خاکەکە؟ ئەویان نیشاندەری چییە؟
٦. چەن جۆرە خاك دەبینین لەم نموونەیە؟
٧. ئەگەر تۆویەك بکەوێتە سەر ڕێگایەکی ڕەق چی ڕوو دەدات؟ ئایا گەشە دەکات و مێوە دەگرێت؟
٨. چی ڕوو دەدات کاتێ تۆو دەکەوێتە نێو درکەوە؟ ئایا شین دەبێ؟
٩. ئەمە ژیانتە؟ ئایا ژیانت ئاوا پڕە لە پێویستی و ئیش کە هێشتا کاتت وەرنەگرتووە بۆ ئەوەی بەدوای ڕاستی خودا بگەڕێی پڕ بە دڵت؟
١٠. پێش ئەوەی تۆو بکرێ لە خاکێکی ڕەق دەبێت چی بکرێ؟
١١. باری دڵی تۆ چۆنە؟ ئایا دڵێکی دڵنەرمییەوەت هەیە و ئامادەیە ئەوەی خودا دەیفەرموێ لە نووسراوە پیرۆزەکان لە ڕێگای پێغەمبەرانیەوە وەری بگرێ؟
١٢. ئایا ووشەی خودا لە ناو دڵتا گەشە دەکات؟ یاخود تۆش دڵێکی وەك خاکێکی ڕەق و بەرداوی و دڕکاویت هەیە؟
١٣. ئایا تۆ وەك گەنمەکەی؟ یاخود وەك زیوانەکەی؟ لە دڵی خۆت بگەڕێ!
١٤. ئایا متمانەت بە خۆتە بەرامبەر دادوەر لە ڕۆژی دوای ڕاوەستی؟

وانەی٧٢: نانی ژیان

مارقۆس ٦ و یۆحەنا ٦

لە وانەی ڕابردوومانداو بینیمان پەروەردگار عیسا لەگەڵ خەڵکان قسەی دەکرد. فێرکردنەکانی بە شێوەی نموونە دەخستە ڕوو کەوا پڕ بوو لە ڕاستی تاهەتایی. بەڵام زۆربەی خەڵکەکە تێنەگەیشتن لە مانای نموونەکان لەبەر ئەوەی دڵیان ڕەق بوو بوو. تەقدیری شتی ئاسمانیان نەکرد، بەڵکو شتی زەمینی. زۆربەی خەڵکەکە شوێنی عیسا نەدەکەوتن لەبەر ئەوەی ڕزگاری دەری گوناهباران بوو، بەڵکو لەبەر ئەو قازانجە جەستەییانە بوو کە لێیان وەردەگرت.

ئێستا دەخوێنینەوە لە ووشەی زیاتر کە پەروەردگار عیسا فەرموویەتی. هەروەها دەبینین چۆن ووتەکانی جێگیر کرد بە ئەنجام دانی نیشانەیەکی ئیعجازی. ناوی وانەی ئەمڕۆمان (نانی ژیان)ـە.

ئێستاش با بەردەوام بین لە پەرتوکی پیرۆز، لە بەشی شەشەمی ئینجیلی مارقۆس دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:
(مارقۆس ٦) ٣٠ نێردراوان لە عیسا کۆبوونەوە... ٣١ ئەویش پێی فەرموون: (هەر خۆتان وەرنە شوێنێکی چۆڵ کەمێک پشوو بدەن.) چونکە ئەوانەی دەهاتن و دەچوون زۆر بوون، دەرفەتی نان خواردنیان نەبوو. ٣٢ ئیتر هەر خۆیان بە بەلەم چوونە شوێنێکی چۆڵ. ٣٣ بەڵام زۆر خەڵک ئەوانیان بینی و ناسی، لە هەموو شارەکانەوە پێکەوە بە پێیان بەرەو ئەوێ ڕایان دەکرد و پێشیان کەوتن. ٣٤ کاتێ عیسا دابەزی، حەشاماتێکی بینی و دڵی پێیان سووتا، چونکە وەک مەڕی بێ شوان وابوون. دەستی پێکرد زۆر شتی فێرکردن.

٣٥ کاتێ درەنگ داهات، قوتابییەکانی هاتنە لای، وتیان: (ئەم شوێنە چۆڵە و ئێستا کاتیش درەنگە. ٣٦ بەڕێیان بکە، تاکو بچنە ئەم کێڵگە و گوندانەی دەوروبەر خواردن بۆ خۆیان بکڕن.)

٣٧ بەڵام وەڵامی دایەوە: (شتێکیان بدەنێ با بیخۆن.) پێیان وت: (ئایا بچین بایی دوو سەد دینار نانیان بۆ بکڕین و بیاندەینێ، تاکو بیخۆن؟) ٣٨ ئەویش پێی فەرموون: (چەند نانتان هەیە؟ بڕۆن ببینن.) کە زانییان وتیان: (پێنج لەگەڵ دوو ماسی.) ٣٩ ئینجا فەرمانی پێدان خەڵکەکە کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر سەوزە گیا دابنیشێنن. ٤٠ بە کۆمەڵ دانیشتن، سەد سەد و پەنجا پەنجا.

٤١ ئینجا پێنج نانەکە و دوو ماسییەکەی هەڵگرت و تەماشای ئاسمانی کرد، سوپاسی کرد و نانەکانی لەتکرد و دایە قوتابییەکانی تاکو لەبەردەمیان دایبنێن، دوو ماسیەکەشی بەسەر هەموویان دابەش کرد. ٤٢ جا هەموو خواردیان و تێربوون. ٤٣ پاشان دوازدە سەبەتەی پڕ لە پەلکەنان و ماسییان هەڵگرتەوە. ٤٤ ئەوانەی لە نانەکەیان خوارد پێنج هەزار پیاو بوون . ٤٥ یەکسەر عیسا قوتابییەکانی ناچار کرد سواری بەلەمەکە بن و پێشی بکەون بۆ ئەوبەر، بۆ بێتسەیدا، تاکو خۆی خەڵکەکە بەڕێ دەکات. ٤٦ کە خواحافیزی لێکردن، بۆ نوێژکردن چووە سەر شاخ. ٤٧ کە ئێوارە داهات، بەلەمەکە لەناوەڕاستی دەریاچەکە بوو، عیساش بە تەنها لەسەر وشکایی بوو. ٤٨ کە بینی بەهۆی سەوڵێدان ماندوون، چونکە بایەک پێچەوانەیان بوو، لە چوارەم بەتڵی شەودا هاتە لایان، بەسەر دەریاچەکەدا دەڕۆیشت و ویستی لێیان تێپەڕێت. ٤٩ بەڵام کاتێ بینییان بەسەر دەریاچەکەدا دەڕوات، وایانزانی دێوەزمەیە، جا هاواریان کرد. ٥٠ چونکە هەموو بینییان و پەشۆکان، ئەو یەکسەر قسەی لەگەڵ کردن: (وەرتان بەرز بێ! ئەوە منم. مەترسن.) ٥١ ئینجا بۆ لایان سەرکەوتە ناو بەلەمەکە و بایەکە وەستا. جا بە تەواوی سەرسام بوون، ٥٢ چونکە دەربارەی نانەکان تێنەگەیشتن، دڵیان هەر ڕەق بوو. ٥٣ کاتێ پەرینەوە، هاتنە خاکی جەنیسارەت و لەنگەریان گرت.

(یۆحەنا ٦) ٢٢ بۆ بەیانی، ئەو خەڵکەی لەوبەری دەریاچەکە ڕاوەستابوون بینییان لە بەلەمێک زیاتر لەوێ نەبوو، عیساش لەگەڵ قوتابییەکانی سواری بەلەم نەبوو، بەڵکو قوتابییەکانی بە تەنها بەڕێکەوتن... ٢٤ کاتێ خەڵکەکە بینییان نە عیسا لەوێیە و نە قوتابییەکانی، سواری بەلەمەکان بوون و چوونە کەفەرناحوم، لە عیسا دەگەڕان. ٢٥ کە لەوبەری دەریاچەکە دۆزییانەوە، پێیان وت: (ڕابی، کەی گەیشتییە ئێرە؟) ٢٦ عیسا وەڵامی دانەوە: (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئێوە داوام دەکەن نەک لەبەر ئەوەی نیشانەتان

بینی، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە نانەکەتان خوارد و تێر بوون. [٢٧] بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێک کە بۆ ژیانی تاهەتایی دەمێنێتەوە، ئەوەی کوڕی مرۆڤ دەتانداتێ، چونکە ئەمە خودای باوک مۆری لێداوە.)

با کەمێك ڕاوەستین لێرە. بۆچی عیسا بە خەڵکەکەی فەرموو، (بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت)؟ ئایا ئەوە مانای ئەوەیە نابێ ئیش بکەین بۆ ئەوەی نانی ڕۆژانەمان پەیدا بکەین؟ نەخێر، مانای ئەوە نیە، لەبەر ئەوەی ووشەی خودا هەروەها دەفەرموێ: (ئەوەی حەز نەکات کار بکات، ناخوات.) (٢ سالۆنیکی ٣: ١٠) ئەی باشە عیسا بۆچی فەرموی، (بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت)؟ ئەوەی عیسا مەبەستی بوو ئەمەیە: ئەگەر تەنها بۆ سك ئیش بکەی و تەنها بە دوای شتی دونیایی بگەڕێی، ئەوا هەموو شتێك لە دەست دەدەی لەبەر ئەوەی جەستەت دەمرێ و دەگەڕێتەوە بۆ خولْ. بەڵام شتێك هەیە لە جەستەت کە هەرگیز لەناوناچێ. ئەویش گیانتە. گیانی مرۆڤ تاهەتایە دەمینێ – چ لەو شوێنە خۆشە بێت کە پێی دەڵێن ئاسمان (بەهەشت) یاخود لە شوێنە ناخۆشەکە کە پێی دەڵێن دۆزەخ. لەبەر ئەوە عیسا فەرمووی، (بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێک کە بۆ ژیانی تاهەتایی دەمێنێتەوە!) عیسا ئاوها خەڵکی ئاگادار کردەوە تاکو لە خواردنی لەناوچوو نەگەڕێن، بەڵکو لە ووشەی خودا کە هەرگیز لەناوناچێ. لەبەر ئەوەی، (مرۆڤ تەنها بە نان ناژیێت، بەڵکو بە هەر وشەیەک کە لە دەمی خوداوە دەردەچێت.) (مەتا ٤: ٤ و وتەکان ٨: ٣)

بەداخەوە، زۆربەی ئەو کەسانەی لە دەوری عیسا بوون نە گرنگییان دەدا بە ووشەی خودا و نەباوەڕیان بەو کەسە هەبوو کە خودا ناردویەتی! پڕ کردنی سکیان بە خواردن زۆر گرنگتر بوو لایان لە پڕ کردنی دڵەکانیان بەو ڕاستییەی کە دەتوانێ ڕزگاریان بکات لە دادوەری خودا. لەبەر ئەوە عیسا پێیانی فەرمو، (یۆحەنا ٦) [٢٧] بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێک کە بۆ ژیانی تاهەتایی دەمێنێتەوە،... [٢٨] بۆیە پێیان وت: (چی بکەین تاکو کارەکانی خودا بکەین؟) [٢٩] عیسا وەڵامی دانەوە: (کاری خودا ئەمەیە: باوەڕ بهێنن بەوەی ناردوویەتی.)

گوێت لە وەڵامی عیسا بوو؟ نەوەیەکی ئادەم، کە بە گوناه لەدایك بووە، چۆن دەتوانێ دڵی خودا خۆش بکات؟ ئایا دەتوانین ئیش و کردەوەی وا بکەین کە دڵی خودا خۆش دەکات؟ ئایا دەتوانین بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆمان ڕزگار بکەین لە هێزی شەیتان و گوناه و ئاگر؟ ئایا دەتوانین ئەو دڵە تەواو و پاکە بەرهەم بێنین کە خودا داوای دەکات؟ هەرگیز! ئەی باشە نەوەیەکی ئادەم چۆن دەتوانێ دڵی خودا خۆش بکات؟ پەروەردگار عیسا چی دەفەرموێ دەربارەی ئەم شتە؟ فەرمووی، (کاری خودا ئەمەیە: باوەڕ بهێنن بەوەی ناردوویەتی.) هەرگیز هیچ کەسێك ناتوانێ دڵی خودا خۆش بکات تاکو باوەڕ نەهێنێ بە ڕزگاری دەری پیرۆز کەوا خودا ناردی.

بەداخەوە، زۆربەی خەڵکەکە باوەڕیان نەبوو کە عیسا ئەو ڕزگاری دەرەیە کە خودا ناردی. لەبەر ئەوەی پێیان ووت، (یۆحەنا ٦) [٣٠] ئەوانیش پێیان وت: (چ نیشانەیەک دەکەیت تاکو ببینین و باوەڕت پێ بکەین؟ چی دەکەیت؟ [٣١] باوباپیرانمان لە چۆڵەوانی مەنیان خوارد، وەک نووسراوە: {لە ئاسمانەوە نانی دانێ تاکو بیخۆن}.) [٣٢] عیساش پێی فەرموون: (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: موسا نەبوو نانەکەی لە ئاسمانەوە دانێ، بەڵکو باوکمە لە ئاسمانەوە نانی ڕاستیتان دەداتێ. [٣٣] چونکە نانی خودا ئەوەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە و ژیان دەبەخشێتە جیهان.) [٣٤] بۆیە پێیان وت: (گەورەم، هەموو کاتێ ئەو نانەمان بدەرێ.) [٣٥] عیساش پێی فەرموون: (منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت!)

عیسا بەم ووشانە دەفەرموو: وەك چۆن خودا خواردنی لە ئاسمانەوە نارد خوارەوە بۆ ماوەی چل سالْ بۆ گەلی ئیسرائیل تاکو لە دەست و کێودا لە برسا نەمرن، بە هەمان شێوە بۆ (خواردنی) بۆ هەموو نەوەکانی ئادەم نارد کەوا ژیانی تاهەتایی دەبەخشێ تاکو لەناو گوناهماندا لەناو نەچین!

ئەم (خواردنە) لە کوێیە؟ ئایا هیچ خواردنێك هەیە لەسەر زەوی کەوا ئەگەر بیخۆی ئەوا تاهەتا لە حزووری خودا دەژێی؟ نەخێر! خواردنی وا نیە! ئەی ئەم (خواردنە) چییە کە ژیانی تاهەتایی دەبەخشێ؟ پەروەردگار عیسا چی فەرموو؟ فەرمووی، (یۆحەنا ٦) [٣٥] عیساش پێی فەرموون: (منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت.

[٣٦] بەڵام پێم وتن، منتان بینیوە و باوەڕیش ناهێنن. [٣٧] هەر کەسێک باوکم دەیداتە من دێتە لام، ئەوەش بێتە لام، هەرگیز دەری ناکەم... [٤٠] چونکە خواستی باوکم ئەمەیە: هەر کەسێک کوڕەکە ببینێت و باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی تاهەتایی دەبێت، منیش لە ڕۆژی دوایی هەڵیدەستێنمەوە.) [٤١] جولەکەش بۆڵەبۆڵیان لەسەر دەکرد، چونکە فەرمووی: (منم ئەو نانەی لە ئاسمانەوە دابەزیوە.) [٤٢] وتیان: (ئەمە عیسای کوڕی یوسف نییە، کە دایک و باوکی دەناسین؟ ئێستا چۆن دەڵێت (لە ئاسمانەوە دابەزیوم)؟)

[٤٣] عیساش وەڵامی دانەوە و پێی وتن: (لە ناوەخۆتان بۆڵەبۆڵ مەکەن)... [٤٥] لە سپیارەی پێغەمبەرانداا نووسراوە: {هەموو لە خوداوە فێر دەبن}. جا ئەوەی لە باوکەوە بیستبێتی و فێربووبێت دێتە لام. [٤٦] کەس باوکەکەی نەبینیوە جگە لەوەی لە خوداوەیە، ئەوە باوکەکەی بینیوە. [٤٧] ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕ بهێنێت ژیانی تاهەتایی هەیە. [٤٨] منم نانی ژیان. [٤٩] باوباپیرانتان لە چۆڵەوانیدا مەنیان خوارد و مردن. [٥٠] ئەمە ئەو نانەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، تاکو ئەوەی لێی بخوات نەمرێت. [٥١] منم ئەو نانە زیندووەی کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە. ئەگەر یەکێک لەم نانە بخوات بۆ تاهەتایە دەژیێت...

[٦٠] بۆیە زۆر لە قوتابییەکانی کە گوێیان لێبوو، وتیان: (ئەم قسەیە گرانە! کێ دەتوانێت وەری بگرێت؟)

[٦١] عیسا لە دڵی خۆیدا زانی قوتابییەکانی بەهۆی ئەمەوە بۆڵەبۆڵ دەکەن، پێی فەرموون: (ئەمە ساتمەتان پێ دەکات؟ [٦٢] ئەی ئەگەر ببینن کوڕی مرۆڤ بەرزبێتەوە بۆ ئەو شوێنەی یەکەم جار لێی‌بوو؟ [٦٣] ڕۆحی پیرۆز ژیان دەدات، بەڵام جەستە بە کەڵک نایەت. ئەو قسانەی پێم وتن ڕۆح و ژیانن. [٦٤] بەڵام هەندێکتان باوەڕ ناکەن.) چونکە عیسا لە سەرەتاوە ئەوانەی دەناسی کە باوەڕ ناهێنن، هەروەها کێیە ئەوەی بە گرتنی دەدات...

[٦٦] لەو کاتەوە زۆر لە قوتابییەکانی گەڕانەوە و ئیتر لەگەڵی نەدەگەڕان. [٦٧] بۆیە عیسا بە دوازدەکەی فەرموو: (ئەی ئێوە ناتانەوێ بڕۆن؟) [٦٨] شیمۆن پەترۆس وەڵامی دایەوە: (گەورەم، بچینە لای کێ؟ وشەکانی ژیانی تاهەتایی لەلای تۆیە. [٦٩] ئێمەش باوەڕمان هێنا و زانیمان کە تۆ پیرۆزەکەی خودایت.)

بەو شێوەیە، زۆربەی قوتابییەکان وازیان هێنا و چی دی لەگەڵ عیسا نەدەڕۆیشتن لەبەر فێرکردنە زەحمەتەکانی. بەڵام، لەنێوان ئەوانەی شوێنی عیسا دەکەوتن هەندێك هەبوون کە بەجێی ناهێڵن، لەبەر ئەوەی قەناعەتیان هەبوو کە عیسا مەسیحە و ئەو کەسە پیرۆزەیە لەلای خوداوە – نانی ژیان – (خۆراکی ڕاستەقینە) کەوا ژیانی تاهەتایی دەبەخشێ!

بەڵێ، بەو شێوەیەیە. هەر کاتێك کە زانیت عیسا بە ڕاستی کێیە و چۆنە و چی بۆت کردووە، ئەو کاتە هەرگیز ڕازی نابیت بە گەورەیەکی تر! تەنها عیسا سەرچاوەی ژیانی تاهەتاییە. تەنها ئەو ئەو دڵانە ڕازی دەکات کەوا برسین بۆ بێ گومانی لە ڕزگاربوون و پەیوەندییێکی نزیك لەگەڵ خودا.

ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا تۆش برسی و تینوویەتی بۆ ژیانی تاهەتایی؟ ئایا پەرۆشی بۆ ئەوەی متمانەت هەبێ بەرامبەر خودا لێرە لەسەر زەوی و لە ژیانی داهاتوو؟ مادام وایە بیر لەم داواتە مەزنە بکەوە لەلایەن پەروەردگار عیسای مەسیح کە دەفەرموێ، (وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە...منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت!) ئامین! (مەتا ١١: ٢٨ ، یۆحەنا ٦: ٣٥)

بۆ جاری داهاتوو بەردەوام دەبین لە ئینجیل و دەخێنین چۆن خەڵکان دابەش بوون لەبەر عیسا.

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ تۆ ئەم ووشانەی پەروەردگار عیسا دێتەوە یاد:
(منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت!) (یۆحەنا ٦: ٣٥)



©

گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە؟

١. بۆچی عیسا بە خەڵکەکەی فەرموو، (بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت)؟ ئایا ئەوە مانای ئەوەیە نابێ ئیش بکەین بۆ ئەوەی نانی ڕۆژانەمان پەیدا بکەین؟

٢. ئایا دەتوانین بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆمان ڕزگار بکەین لە هێزی شەیتان و گوناە و ئاگر؟

٣. ئایا دەتوانین ئەو دڵە تەواو و پاکە بەرهەم بێنین کە خودا داوای دەکات؟

٤. نەوەیەکی ئادەم چۆن دەتوانێ دڵی خودا خۆش بکات؟ پەروەردگار عیسا چی دەفەرموێ دەربارەی ئەم شتە؟

٥. ئەی ئەم (خواردنە) چییە کە ژیانی تاهەتایی دەبەخشێ؟ پەروەردگار عیسا چی فەرموو؟

٦. ئایا تۆش برسی و تووێنی بۆ ژیانی تاهەتایی؟

٧. ئایا پەرۆشی بۆ ئەوەی متمانەت هەبێ بەرامبەر خودا لێرە لەسەر زەوی و لە ژیانی داهاتوو؟

وانەی ٧٣: عیسا دەبێتە هۆی دووبەرەکی

مەتا ١٥، ١٦ و یۆحەنا ٧

لە وانەی ڕابردوومانداا بینیمان پەروەردگار عیسا وای کرد پێنج نان و دوو ماسی زیاد بکات و خەڵکانێك کە زیاتر لە پێنج هەزار کەس دەبون نان بدات. لە ڕۆژی پاشتریش کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانی عیسایان گرت، بەڵام عیسا کە دڵەکانیانی دەناسی پێیانی فەرموو، (ئێوە داوام دەکەن نەک لەبەر ئەوەی نیشانەتان بینی، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە نانەکەتان خوارد و تێر بوون. بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێک کە بۆ ژیانی تاهەتایی دەمێنێتەوە! منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت.) (یۆحەنا ٦: ٢٦، ٢٧، ٣٥)

بەداخەوە، زۆربەی خەڵکەکە پشتیان لە عیسا کرد و چی دی شوێنی نەکەوتن لەبەر ئەوەی بەهایان بە خواردنی جەستە دا نەك خواردنی گیان. بەڵام هەندێك بەردەوام بوون لە شوێن کەوتنی عیسا لەبەر ئەوەی لەناخی دڵیانەوە باوەڕیان بەوە بوو کە عیسا ئەو کەسە پیرۆزەیە لەلایەن خوداوەیە و سەرچاوەی ژیانی تاهەتاییە.

ئێستا پلانمان وایە بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیلیی پیرۆز و ببینین چۆن ڕابەرە ئایینیەکانی جولەکە ڕوو بە ڕووی عیسا بوونەوە، و چۆن جولەکە بوون بە دوو بەش لەبەر عیسا. پێش ئەوەی دەست پێ بکەین، باشترە بزانین کە شارەزا ئایینیەکان کە ناسرابوون بە فەریسیەکان، و زۆربەی جولەکەکان شوێنی ئەو داب و نەریتە دەکەوتن کە خۆیان و باووباپیریان دایانمەزراندبوو. بۆ نموونە، کاتێ لە شوێنێکی گشتی دەگەڕانەوە، هیچیان ناخوارد تاکو بە شێوەیەك خۆیان نەشوشتبایە. وا زۆر داب و نەریتی تریان هەبوو وەك چۆنیەتی شوشتنی بەرداغ و قۆری و کتریيەکانیان تاکو (خاوێن) بین.

بخوێنەوە چی نووسراوە لە بەشی پازدەی ئینجیلی مەتا. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١٥) [١] ئینجا فەریسی و مالمەکان لە ئۆرشەلیمەوە هاتنە لای عیسا و وتیان: [٢] (بۆچی قوتابییەکانت نەریتی پیران دەشکێنن؟ پێش نانخواردن دەستیان ناشۆن!) [٣] ئەویش وەڵامی دانەوە: (ئەی بۆچی ئێوە لەبەر نەریتی خۆتان ڕاسپاردەی خودا دەشکێنن؟ [٤] چونکە خودا فەرموویەتی: {ڕێزی دایک و باوکت بگرە} ، {ئەوەی نەفرەت لە باوکی یان دایکی بکات، دەبێ بکوژرێت.} [٥] بەڵام ئێوە دەڵێن: (ئەوەی بە دایکی یان باوکی بڵێت، ئەوەی لە منی وەردەگرن، قوربانییە، [٦] ئیتر ڕێز لە باوکی ناگرێت.) جا لەبەر نەریتی خۆتان وشەی خودا لەکاردەخەن. [٧] ئەی دووڕووان! سەبارەت بە ئێوە ئیشایا پێشبینی باشی کردووە و دەڵێت: [٨] {ئەم گەلە بەسەر لێوان ڕێزم لێ دەگرێت، بەڵام دڵی لێم دوورە. [٩] ئەوان بەخۆڕایی دەمپەرستن، فێرکردنێک فێردەکەن کە ڕاسپاردەی خەڵکە.})

سەرنجی ئەوەت دا چۆن عیسا دوو ڕوویی فەریسیەکان و مالمەکان دەرکرد لە پێش هەموان؟ ڕابەرە ئایینیەکان هەوڵیان دەدا بەرامبەر خەڵك ڕاستودروست بن، بەڵام پەروەردگار عیسا دەیزانی چی هەیە لەناو دڵیان. ڕەنگە دەستەکانیان و پێیەکانیان و دەموچاویان پاك بێت، بەڵام دڵەکانیان بەدەردی گوناهەوە چۆن بوو! دڵێکی خاوێن زۆر گرنگترە لە دەستێکی خاوێن. شووشتنی بەردەوام دڵت پاك ناکاتەوە. ئەگەر مەنجەڵێکت هەبێت کەوا لە ڕووی ناوەوەی پیس بێت، ئایا تەنها شوشتنی ڕووی دەرەوەی مەنجەڵەکە پاك دەکاتەوە؟ نەخێر، پاکی ناکاتەوە! بە هەمان شێوە ئەو کرداڕە ئایینیانەی جولەکە شوێنی دەکەوتن نەیدەتوانی ئەو گوناهەی ناو دڵەکانیان لاببات. لەبەر ئەوە عیسا پێیانی فەرموو: (مەتا ١٥) [٧] ئەی دووڕووان! سەبارەت بە ئێوە پێغەمبەر ئیشایا پێشبینی باشی کردووە و دەڵێت: [٨] (ئەم گەلە بەسەر لێوان ڕێزم لێ دەگرێت، بەڵام دڵی لێم دوورە. [٩] ئەوان بەخۆڕایی دەمپەرستن، فێرکردنێک فێردەکەن کە ڕاسپاردەی خەڵکە.)

[١٠] عیسا خەڵکەکەی بانگ‌کرد و پێی فەرموون: (گوێبگرن و تێبگەن. [١١] ئەوەی دەچێتە ناو دەم مرۆڤ گلاو ناکات، بەڵکو ئەوەی لە دەم دێتە دەرەوە، ئەمە مرۆڤ گلاو دەکات.) [١٢] ئینجا قوتابییەکان هاتنە پێش و پێیان وت: (دەزانی کاتێ فەریسییەکان گوێیان لە قسەکە بوو بێزار بوون.) [١٣] وەڵامی دایەوە: (هەر ڕووەکێک باوکی ئاسمانیم نەیچاندبێت، هەڵدەکەندرێت. [١٤] وازیان لێ بهێنن، ئەوانە

کوێرن ڕابەرایەتی کوێرەکان دەکەن. ئەگەر کوێر ڕابەرایەتی کوێر بکات، هەردووکیان دەکەونە چاڵەوە.)

[١٥] پەترۆس پێی‌ووت: (ئەم نموونەیەمان بۆ ڕوون بکەوە.) [١٦] عیسا فەرمووی: (ئێوەش هێشتا تێ‌ناگەن؟ [١٧] نازانن هەرچی دەچێتە ناو دەم دەڕواتە ناو سک، دوایی فڕێدەدرێتە دەرەوە؟ [١٨] بەڵام ئەوەی لە دەم دێتە دەرەوە، لە دڵەوە دەردەچێت و ئەمە مرۆڤ گڵاو دەکات. [١٩] چونکە بیری خراپ لە دڵەوە دەردەچێت، کوشتن، داوێنپیسی، بەدڕەوشتی، دزی، شایەتی درۆ، کفرکردن. [٢٠] ئەمانە مرۆڤ گڵاو دەکەن. بەڵام خواردن بەبێ دەست شوشتن مرۆڤ گڵاو ناکات.)

[٢٩] ئینجا عیسا لەوێ ڕۆیشت و هاتە لای دەریای جەلیل، چووە سەر شاخێک و لەوێ دانیشت. [٣٠] ئەوەبوو حەشاماتێک هاتنە لای، شەل و کوێر و گۆچ و لاڵ و زۆری دیکەشیان لەگەڵ‌بوو، لەبەرپێی دایانناون، ئەویش چاکی‌کردنەوە. [٣١] تەنانەت خەڵکەکە سەرسام بوون کە بینییان لاڵ قسەدەکات و گۆچ چاکدەبێتەوە و شەل دەڕوات و کوێر دەبینێت، جا ستایشی خودای ئیسرائیلیان کرد.

(مەتا ١٦) [١] فەریسی و سەدوقییەکان هاتنە لای عیسا بۆ ئەوەی تاقی بکەنەوە، داوایان لێ‌کرد لە ئاسمانەوە نیشانەیەکیان پیشان بدات. [٢] وەڵامی دایەوە: (کە ئێوارە داهات، دەڵێن (ساماڵە، چونکە ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە.) [٣] لە بەیانیش، (ئەمڕۆ هەورە، ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە و گرژە.) ئێوە دەزانن ڕووی ئاسمان بخوێنەوە، بەڵام ناتوانن نیشانەکانی زەمانە لێک‌بدەنەوە! [٤] نەوەیەکی بەدکار و داوێنپیس داوای نیشانە دەکات، نیشانەی نادرێتێ، جگە لە نیشانەی یونس.) ئینجا بەجێی‌هێشتن و ڕۆیشت.

(مەتا ١٢) [٤٠] جا چۆن یونس سێ ڕۆژ و سێ شەو لەناو سکی ماسییەکی زەبەلاحدا بوو، ئاواش کوڕی مرۆڤ سێ ڕۆژ و سێ شەو لە ناخی زەوی‌دا دەمێنێتەوە. [٤١] لە لێپرسینەوەدا خەڵکی نەینەوا، لەگەڵ ئەم نەوەیە ڕادەوەستن و تاوانباری دەکەن، چونکە بە جارێدانەکەی یونس تۆبەیان کرد. ئەوەتا لە یونس گرنگتر لێرەیە.

بەو شێوەیە عیسا پێشبینی کرد کە وەک چۆن پێغەمبەر یونس لەناو سکی حوتەکە بوو بۆ سێ ڕۆژ، بە هەمان شێوە سێ ڕۆژ بەسەر دەبا لەناو گۆڕ. وەک چۆن یونس لە سێیەم ڕۆژ هاتە دەرەوەی **ماسییەکی زەبەلاحدا**، عیساش لە سێیەم ڕۆژ لە مردن هەڵدەستێتەوە و بەو شێوەیە بەڵگەیەک پێشکەش دەکات کە ئینکاری لێ نەکرێت کەوا ئەو عیسای مەسیحە لە ئاسمانەوە، ئەو کەسەی هات بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکات لە هێزی گوناە و مردن و دۆزەخ!

با بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیل و ببینین چۆن ڕابەرە ئایینیەکان سوور بوون لە سەر بێ باوەڕییان. لە بەشی حەفتەمی ئینجیلی یۆحەنا، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یۆحەنا ٧) [١] دوای ئەمانە عیسا بە جەلیل‌دا دەگەڕا و نەیدەویست لە یەهودیا بگەڕێ، چونکە جولەکەی ئەوێ هەوڵیان دەدا بیکوژن. [٢] جەژنی کەپرەشینەی جولەکەش نزیک بوو، [٣] براکانی پێیان وت: (ئێرە بەجێبهێڵە و بڕۆ یەهودیا، تاکو قوتابییەکانی خۆشت کارەکانت ببینن کە تۆ دەیکەیت. [٤] چونکە کەس بە نهێنی شتێک ناکات ئەگەر بیەوێ ئاشکرا بێت. ئەگەر ئەم شتانە دەکەیت، خۆت پیشانی جیهان بدە.) [٥] چونکە براکانیشی باوەڕیان پێی نەدەکرد.

[٦] عیساش پێی فەرموون: (جارێ کاتم نەهاتووە، بەڵام هەردەم کاتی ئێوە گونجاوە. [٧] جیهان ناتوانێت ڕقی لێتان بێتەوە، بەڵام ڕقی لە من دەبێتەوە، چونکە شایەتی لەسەر دەدەم کە کردەوەی خراپە. [٨] ئێوە بڕۆنە جەژنەکە، من نایەمە ئەم جەژنە. چونکە هێشتا کاتم تەواو نەبووە.) [٩] ئەمانەی فەرموو و لە جەلیل مایەوە.

[١٠] بەڵام کە براکانی بۆ جەژنەکە چوون، ئەویش ڕۆیشت، بەڵام بە ئاشکرا نا، بەڵکو وەک بە نهێنی. [١١] جولەکە لە جەژنەکەدا بە دوای‌دا دەگەڕان و دەیان‌ووت: (ئەو لەکوێیە؟) [١٢] لەنێو خەڵکەکەدا چرپەچرپێکی زۆری لەسەر بوو، هەندێکیان دەیان‌ووت: (چاکە.) خەڵکی دیکەش دەیان‌ووت: (نەخێر، بەڵکو خەڵک گومڕا دەکات.) [١٣] بەڵام کەس لە ترسی جولەکەکان بە ئاشکرا باسی نەدەکرد.

[١٤] کاتێ نیوەی جەژن بوو، عیسا چووە پەرستگا و خەڵکی فێردەکرد. [١٥] جولەکەکان سەرسام بوون و پرسییان: (ئەمە کە فێرنەکراوە چۆن ئەم هەموو زانیارییەی هەیە؟) [١٦] بۆیە عیسا وەڵامی دانەوە: (فێرکردنم هی خۆم نییە، بەڵکو هی ئەوەیە کە ناردوومی. [١٧] ئەگەر کەسێک بیەوێت بە خواستی ئەو بکات، لە فێرکردن دەزانێت ئاخۆ هی خودایە یان لە خۆمەوە دەدوێم. [١٨] ئەوەی لە خۆیەوە بدوێت،

داوای شکۆی خۆی دەکات، بەڵام ئەوەی داوای شکۆی ئەوە بکات کە ناردوویەتی، ئەمە ڕاستگۆیە و فڕوفێڵی تێدا نییە. [١٩] ئایا موسا تەوراتی نەداونەتێ؟ بەڵام کەس لە ئێوە بە تەورات ناکات. بۆچی هەوڵی کوشتنم دەدەن؟)

[٢٠] خەڵکەکە وەڵامیان دایەوە: (ڕۆحی پیست هەیە! کێ هەوڵی کوشتنت دەدات؟)

[٢١] عیسا پێی فەرموون: (کارێکم کرد و هەموو سەرسام بوون. [٢٢] بۆیە موسا خەتەنەکردنی دایە ئێوە - ئەمە لە موساوە نەبوو بەڵکو لە باوکانەوە بوو - لە شەممەش مرۆڤ خەتەنە دەکەن. [٢٣] ئەگەر مرۆڤ لە شەممە خەتەنە بکرێت تاکو تەوراتی موسا نەشکێت، باشە لە من تووڕە دەبن کە لە شەممە سەراپای مرۆڤێکم چاککردەوە؟ [٢٤] بە ڕواڵەت حوکم مەدەن، بەڵکو حوکمێکی دادپەروەرانە بدەن.)

[٣٠] بۆیە هەوڵیان دەدا بیگرن، بەڵام کەس دەستی بۆ درێژ نەکرد، چونکە هێشتا کاتی نەهاتبوو. [٣١] زۆر لە خەڵکەکەش باوەڕیان پێی هێنا و وتیان: (ئایا کاتێ مەسیح دێت، نیشانەی زیاتر دەکات لەوەی ئەمە کردوویەتی؟) [٣٢] فەریسییەکان گوێیان لێبوو کە خەڵکەکە لەسەر ئەو چرپەچرپی ئەمانەیانە، جا کاهینانی باڵا و فەریسییەکان خزمەتکاریان نارد تاکو بیگرن.

[٣٧] لەدواییین ڕۆژی گەورەی جەژن، عیسا ڕاوەستا و هاواری کرد: (ئەگەر یەکێک تینووی بوو با بێتە لام و بخواتەوە. [٣٨] ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، وەک نووسراوەکە فەرموویەتی، لە ناخییەوە ڕووبارەکانی ئاوی زیندوو دەڕوات.) [٣٩] لێرەدا مەبەستی لە ڕۆحی پیرۆز بوو، کە خەریکە باوەڕداران بەو وەری دەگرن، بەڵام هێشتا ڕۆحەکە نەدرابوو، چونکە عیسا شکۆدار نەببوو. [٤٠] هەندێک لە خەڵکەکە کە گوێیان لەم قسانە بوو، وتیان: (ئەمە بە ڕاستی پێغەمبەرەکەیە.) [٤١] هەندێکی دیکە، وتیان: (ئەمە مەسیحەکەیە.) بەڵام هەندێک وتیان: (باشە مەسیح لە جەلیلەوە دێت؟ [٤٢] ئایا نووسراوەکە نافەرموێت، مەسیح لە ڕەچەڵەکی داود و لە بێتڵەحمەوە دێت، گوندەکەی داودی لێبوو؟) [٤٣] بۆیە بەهۆی ئەو دووبەرەکی کەوتە نێوان خەڵکەکە. [٤٤] هەندێک لەوان ویستیان بیگرن، بەڵام کەس دەستگیری نەکرد.

[٤٥] ئەوسا خزمەتکارەکان گەڕانەوە لای کاهینانی باڵا و فەریسییەکان، ئەوانیش پێیان وتن: (بۆچی نەتانهێنا؟) [٤٦] خزمەتکارەکان وەڵامیان دایەوە: (هەرگیز کەس وەک ئەمە قسەی نەکردووە!)

[٤٧] فەریسییەکان وتیان: (ئایا ئێوەش گومڕا بوون؟ [٤٨] باشە کەس لە سەرۆکەکان یان فەریسییەکان باوەڕی پێ هێناوە؟ [٤٩] بێجگە لەم خەڵکە نەفرەت لێکراوە کە لە تەورات نازانێت.) [٥٠] نیقۆدیمۆس کە پێشتر هاتبووە لای عیسا و یەکێک بوو لەوان، پێیووتن: [٥١] (ئایا تەوراتمان یەکێک حوکم دەدات ئەگەر یەکەم جار گوێی لێ نەگیردرێ و بزانرێت چی کردووە؟) [٥٢] وەڵامیان دایەوە: (تۆش جەلیلیت؟ بگەڕێ و ببینە، لە جەلیلدا پێغەمبەر هەڵناکەوێت.) [٥٣] ئیتر هەریەکە چووە ماڵی خۆی.

بینیمان چۆن کاهینەکان و مامەکان و فەریسیەکان عیسایان هەراسان دەکرد. دەیانویست بیگرن و بیکوژن، بەڵام نەیاندەتوانی هیچی لێ بکەن لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی خودا بۆ عیسای دانا بمرێ وەک قوربانی بۆ گوناە هێشتا نەهاتبوو.

بەداخەوە، زۆربەی پیاوە ئایینە جولەکەکان دڵیان ڕەق بوو. قێزیان لە عیسا بووەوە و هەڕەشەی دەرکردنیان لە کەنیشتەکە دەکرد لەهەر کەسێک کە بیوتایە عیسا مەسیحە. بۆیە دووبەرەکی کەوتە ناو خەڵکەکە لەبەر عیسا. کەس نەیدەتوانی بە ئاشکرا هیچ شتێک بڵێت دەربارەی عیسا لەبەر ئەوەی لە پیاوە ئایینی و کاهینەکان دەترسان. بەدزیەوە و لەنێوان خۆیاندا، هەندێک دەیان ووت: (چاکە.) خەڵکی دیکەش دەیانووت: (نەخێر، بەڵکو خەڵک گومڕا دەکات!) و هەندێکی تریش دەیان پرسی: (ئایا کاتێ مەسیح دێت، نیشانەی زیاتر دەکات لەوەی ئەمە کردوویەتی؟)

تۆ چی دەڵێیت دەربارەی عیسا؟ ڕات چیە دەربارەی ئەو؟ ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا ئەو مەسیحەیە کە پێغەمبەران هەموویان دەربارەیان نووسیوە؟ یاخود تۆش پێت وایە عیسا تەنها پێغەمبەرێک بوو؟ با کەس گومڕات نەکات لەم مەسەلەیە. مەسیرت لە دوا ڕۆژدا پشت بەوەڵامت بۆ ئەم پرسیارە دەبەستێ! ئایا دەزانی عیسا بەڕاستی کێیە؟ دەزانی بۆچی هاتە جیهانەوە؟ عیسا فەرموە دەربارەی خۆی: (منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوکەکە بەهۆی منەوە نەبێت... بۆ ئەمە لەدایک بووم و بۆ ئەمەش هاتوومەتە جیهان، تاکو شایەتی بۆ ڕاستی بدەم. هەر کەسێک لە ڕاستییەوە بێت گوێ لە دەنگم دەگرێت.)

(یۆحەنا ١٤: ٦ و ١٨: ٣٧)

تۆ لە کام لای؟ ئایا حەز دەکەی لایەنگری ڕاستی بیت – تەنانەت ئەگەر ئەوە مانای ئەوە بێت ڕەت بکرێتەوە لەلایەن خێزانەکەتەوە؟ پەروەردگار عیسا دەربارەی خۆی فەرمووە: (وا مەزانن کە هاتووم تاکو ئاشتی بهێنمە سەر زەوی... من هاتووم بۆ هەڵگەڕاندنەوەی {کوڕ لە باوکی و کچ لە دایکی و بووک لە خەسووی. دوژمنی مرۆڤیش لە خانەوادەکەی خۆی دەبێت.} ئەوەی باوک یان دایکی لە من خۆشتربوویێت، شایانی من نییە. ئەوەی کوڕ یان کچی لە من خۆشتربوویێت، شایانی من نییە.) (مەتا ١٠: ٣٤–٣٧)

لەگەڵمان بن بۆ وانەی داهاتوو کاتێ بەردەوام دەبین لە خوێندنەوەی ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چۆن عیسا پیاوێکی چاککردەوە لە کوێری زگماکەوە.

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی ئەم ووشانەی عیسای مەسیح دەدەیت: (هەر کەسێک لە ڕاستییەوە بێت گوێ لە دەنگم دەگرێت!) (یۆحەنا ١٨: ٣٧)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. سەرنجی ئەوەت دا چۆن عیسا دوو ڕوویی فەریسیەکان و مامۆستایانی دەرکرد لە پێش هەموان؟
٢. ئەگەر مەنجەڵێکت هەبێت کەوا لە ڕووی ناوەوەی پیس بێت، ئایا تەنها شوشتنی ڕووی دەرەوەی مەنجەڵەکە پاک دەکاتەوە؟
٣. تۆ چی دەڵێیت دەربارەی عیسا؟ ڕات چیە دەربارەی ئەو؟
٤. ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا ئەو مەسیحەیە کە پێغەمبەران هەموویان دەربارەیان نووسیوە؟ یاخود تۆش پێت وایە عیسا تەنها پێغەمبەرێک بوو؟
٥. ئایا دەزانی عیسا بەڕاستی کێیە؟ دەزانی بۆچی هاتە جیهانەوە؟ تۆ لەکام لای؟
٦. ئایا حەز دەکەی لایەنگری ڕاستی بیت – تەنانەت ئەگەر ئەوە مانای ئەوە بێت ڕەت بکرێتەوە لەلایەن

خێزانەکەتەوە؟

وانەی ٧٤: ڕووناکی جیهان

یۆحەنا ٨ و ٩

لە وانەی ڕابردوومانداء بینیمان چۆن کاهینەکان و مامۆستایانی یاسا و فەریسیەکان هەوڵیان دا عیسا دەستگیری بکەن تاکو بیکوژن. بەڵام کەس نەیتوانی عیسا بگرێت چونکە کاتی دیاری کراوی خودا بۆ مردنی ئەو وەک قوربانی بۆ گوناه هێشتا نەهاتبوو. ئەمڕۆ بەردەوام دەبین لە خوێندنەوەی ئینجیل و فێردەبین چۆن عیسا سەرزەنیشتی ئەوانەی دژی بوون کرد و چۆن پیاوێکی چاککردەوە کەوا لە کاتی لەدایک بوونیەوە کوێر بوو. وانەی ئەمڕۆمان بە ناوی (ڕووناکی جیهان)ـە.

لە بەشی هەشتەمی ئینجیلی یۆحەنا دەخوێنینەوە: (یۆحەنا ٨) [٢]لە بەرەبەیانداء عیسا گەڕایەوە پەرستگاء هەموو خەڵک هاتنە لای و ئەویش دانیشت و فێری دەکردن ... [١٢] دیسان عیسا قسەی بۆ کردن و فەرمووی: (منم ڕووناکی جیهان. ئەوەی دوام بکە وێت هەرگیز بە تاریکیدا ناڕوات، بەڵکو ڕووناکی ژیانی دەبێت.) [١٣] جا فەریسییەکان پێیان وت: (تۆ شایەتی بۆ خۆت دەدەیت. شایەتییەکەت ڕاست نییە.) [١٤] عیساش پێی فەرموون: (تەنانەت ئەگەر من شایەتی بۆ خۆم بدەمء شایەتییەکەم ڕاستە، چونکە دەزانم لە کوێوە هاتووم و بۆ کوێ دەڕۆم... [٣٣] ... (ئێوە هی خوارەوەن، من هی سەرەوەم. ئێوە هی ئەم جیهانەن، من هی ئەم جیهانە نیم. [٢٤] بۆیە پێم وتن: لەناو گوناهەکانتان دەمرن، چونکە ئەگەر باوەڕ نەهێنن من ئەوم، لەناو گوناهەکانتان دەمرن.) [٢٥] پێیان وت: (تۆ کێیت؟) عیسا پێی فەرموون: (ئەوەیە کە لە سەرەتاوە پێم وتوون... [٢٨] بۆیە عیسا پێی فەرموون: (کاتێ کوڕی مرۆڤتان بەرزکردەوەء ئەوسا دەزانن من ئەوم و لە خۆمەوە هیچ ناکەمء بەڵکو وەک باوکەکە فێری کردووم قسە دەکەم... [٣٢] ڕاستی دەناسن، ڕاستیش ئازادتان دەکات.)

[٣٣] وەڵامیان دایەوە: (ئێمە نەوەی ئیبراهیمین، هەرگیز کۆیلەی کەس نەبووینە. ئیتر چۆن دەڤەرمووی: (ئازاد دەبن؟) [٣٤] عیسا وەڵامی دانەوە: (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، هەر کەسێک گوناه بکات کۆیلەی گوناهە. [٣٥] کۆیلە تاهەتایە لە ماڵ نامێنێتەوەء بەڵام کوڕ تاهەتایە دەمێنێتەوە. [٣٦] ئەگەر کوڕەکە ئازادی کردنء ئەوا بە ڕاستی ئازاد دەبن. [٣٧] دەزانم لە نەوەی ئیبراهیمن. بەڵام هەوڵی کوشتنم دە دەن، چونکە وشەکەم لە ئێوەدا جێگەی نییە. [٣٨] چیم لەلای باوکم بینیوە دەیڵێمء ئێوەش چیتان لە باوکتانەوە بیستووە دەیکەن.)

[٣٩] وەڵامیان دایەوە: (باوکمان ئیبراهیمە.) عیساش پێی فەرموون: (ئەگەر کوڕی ئیبراهیم بوونایەء کردارەکانی ئیبراهیمتان دەکرد. [٤٠] بەڵام ئێستا هەوڵی کوشتنم دەدەن، چونکە من ئەو کەسەم ئەو ڕاستییەی لە خوداوە بیستم پێم وتن. ئەمەش ئیبراهیم نەیکردووە. [٤١] ئێوە کردارەکانی باوکتان دەکەن.)

جا پێیان وت: (بە زۆڵی نەبووین. یەک باوکمان هەیە کە خودایە.) [٤٢] عیسا پێی فەرموون: (ئەگەر خودا باوکتان بووایەء منتان خۆش دەویستء چونکە لە خوداوە دەرچووم و هاتووم. لە خۆمەوە نەهاتووم، بەڵکو ئەو ناردوومی. [٤٣] بۆچی لە قسەکانم تێناگەن؟ چونکە ناتوانن گوێ لە وشەکەم بگرن. [٤٤] ئێوە لە ئیبلیسی باوکتانن، دەتانەوێت بە ئارەزووەکانی باوکتان بکەن. ئەو لە سەرەتاوە بکوژ بووەء لە ڕاستیدا نەچەسپاء چونکە ڕاستی لەودا نییە. کاتێکیش درۆ دەکات، باسی شتی خۆی دەکات، چونکە درۆزنە و باوکی درۆیە. [٤٥] بەڵام چونکە ڕاستی دەڵێم باوەڕم پێ ناکەن! [٤٦] کامەتان دەتوانێت گوناهێکم لەسەر بسەلمێنێ؟ جا ئەگەر ڕاستی دەڵێمء بۆچی باوەڕم پێ ناکەن؟ [٤٧] ئەوەی لە خوداوەیەء گوێ لە وتەی خودا دەگرێت. بۆیە ئێوە گوێ ناگرنء چونکە لە خوداوە نین.)

[٤٨] جولەکەکان پێیان وت: (ئایا ئێمە ڕاست نالێین کە تۆ سامیرەیی و ڕۆحیپیست هەیە؟) [٤٩] عیسا وەڵامی دایەوە: (من ڕۆحی پیسم تێدا نییەء بەڵام ڕێزی باوکم دەگرم و ئێوەش سووکایەتیم پێ دەکەن. [٥٠] داوای شکۆ بۆ خۆم ناکەمء بەڵام هەیە بۆم داوا دەکات و حوکم دەدات. [٥١] ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر یەکێک وشەکانم بپارێزێت هەرگیز مردن نابینێت.) [٥٢] جولەکەکان پێیان وت: (ئێستا زانیمان ڕۆحیپیست هەیە. ئیبراهیم و پێغەمبەران مردنء کەچی تۆ دەڵێی: (ئەگەر یەکێک وشەکانم بپارێزێت هەرگیز تامی مردن ناکات.) [٥٣] ئایا تۆ لە ئیبراهیمی باوکمان گەورەتری کە مرد؟ پێغەمبەرانیش مردن. خۆت بە چی دادەنێیت؟) [٥٤] عیسا وەڵامی دایەوە: (ئەگەر خۆم شکۆدار بکەمء ئەوا شکۆیەکەم هیچ نییە. باوکمە کەوا شکۆدارم دەکاتء ئەوەی ئێوە دەڵێن خودامانە، [٥٥] کە

ناناسن. بەڵام من دەیناسم. ئەگەر بڵێم ناناسم، وەک ئێوە دەبمە درۆزن. بەڵام دەیناسم و وشەکەی دەپارێزم. [٥٦] ئیبراهیمی باوکتان دڵشاد بوو کە ڕۆژی من ببینێت، جا بینی و دڵخۆش بوو.) [٥٧] جولەکەش پێیان وت: (تۆ جارێ پەنجا ساڵ نیت و ئیبراهیمت بینیوە؟) [٥٨] عیسا پێی فەرموون: (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، پێش ئەوەی ئیبراهیم لەدایک ببێت، من هەم.) [٥٩] ئەوسا بەردیان هەڵگرت تاکو بەردبارانی بکەن، بەڵام عیسا خۆی شاردەوە و لە پەرستگاکە دەرچوو.

(یۆحەنا ٩) [١] کاتێ تێدەپەڕی، پیاوێکی بینی کە بە زگماک نابینا بوو، [٢] قوتابییەکانی لێیان پرسی، وتیان: (ڕابی، کێ گوناهی کردووە، ئەم پیاوە یان دایک و باوکی، وا بە زگماک نابینایە؟) [٣] عیسا وەڵامی دایەوە: (نە ئەمە گوناهی کردووە نە دایک و باوکیشی، بەڵکو تاکو کارەکانی خودای تێدا دەربکەوێت. [٤] تاکو ڕۆژە لەسەرمانە کاری ئەوە بکەین کە ناردوومی. ئەگینا شەو دادێت و کەس ناتوانێت کاری تێدا بکات. [٥] ئەوەندەی لە جیهان‌دام، منم ڕووناکی جیهان.)

[٦] ئەمەی فەرموو و تفی لەسەر زەوی کرد، بە تفەکە قوڕی گرتەوە، بە قوڕەکەش چاوی سواخ دا. [٧] پێی فەرموو: (بڕۆ لە گۆمی سیلوام (واتا: نێردراو) خۆت بشۆ.) جا ڕۆیشت، شۆردی و بە چاوکراوەیی هاتەوە. [٨] ئینجا دراوسێ و ئەوانەی پێشتر بینیبوویان سواڵ دەکات وتیان: (ئەمە ئەوە نییە دادەنیشت و سواڵی دەکرد؟) [٩] هەندێک وتیان: (خۆیەتی.) هەندێکی دیکە وتیان: (نەخێر، بەڵام لەو دەکات.) ئەویش دەیووت: (من ئەوم.) [١٠] ئینجا پێیان وت: (ئەی چۆن چاوت کرایەوە؟) [١١] وەڵامی دایەوە: (پیاوێک پێی دەووترێ عیسا، قوڕی گرتەوە و چاومی سواخ دا، پێی فەرمووم: (بڕۆ لە گۆمی سیلوام خۆت بشۆ.) منیش ڕۆیشتم، شۆردم و بینیم.) [١٢] پێیان وت: (ئەو لەکوێیە؟) وتی: (نازانم.)

[١٣] جا ئەوەی پێشتر نابینا بوو بردییانە لای فەریسییەکان. [١٤] ئەو ڕۆژەی عیسا قوڕەکەی گرتەوە و چاوی کردەوە شەممە بوو. [١٥] فە ریسییەکانیش لێیان پرسی چۆن بینیت. پێیووتن: (قوڕی خستە سەر چاوم، منیش شوشتم و دەبینم.) [١٦] هەندێک لە فەریسییەکان وتیان: (ئەم پیاوە لە خوداوە نییە، چونکە شەممە ناپارێزێت.) بەڵام هەندێکی دیکە وتیان: (چۆن پیاوێکی گوناهبار دەتوانێت نیشانەی ئاوا بکات؟) ئیتر دووبەرەکییان تێدابوو. [١٧] دیسان بە نابیناکەیان وت: (تۆ دەربارەی ئەو چی دەڵێی، چونکە چاوی تۆی کردەوە؟) وتی: (پێغەمبەرە.)

[١٨] جولەکە باوەڕیان نەکرد کە ئەمە نابینا بووە و وا دەبینێت، تاکو دایک و باوکی ئەوەیان بانگ‌کرد کە دەبینێت. [١٩] لێیان پرسین: (ئایا ئەمە کوڕتانە کە دەڵێن بە زگماک نابینا بووە؟ ئەی ئێستا چۆن دەبینێت؟) [٢٠] دایک و باوکی وەڵامیان دایەوە: (دەزانین ئەمە کوڕمانە و بە زگماک نابینا بوو. [٢١] بەڵام نازانین ئێستا چۆن دەبینێت، یان نازانین کێ چاوی کردۆتەوە. لە خۆی بپرسن، بەتەمەنە، باسی خۆی دەکات.) [٢٢] دایک و باوکی لە ترسی جولەکە ئەمەیان وت، چونکە جولەکە تەگبیریان کردبوو هەر کەسێک دانبنێت کە عیسا مەسیحەکەیە، لە کەنیشت دەریدەکەن. [٢٣] بۆیە دایک و باوکی وتیان: (بەتەمەنە، لە خۆی بپرسن.)

[٢٤] دیسان فەریسییەکان ئەو پیاوەی پێشتر نابینا بوو بانگیان کرد و پێیان وت: (خودا شکۆدار بکە ! دەزانین ئەم پیاوە گوناهبارە.) [٢٥] کابرا وەڵامی دایەوە: (ئەگەر گوناهبارە، نازانم، یەک شت دەزانم، نابینا بووم و ئێستا دەبینم.) [٢٦] بۆیە پێیان وت: (چی لێ‌کردیت؟ چۆن چاوی تۆی کردەوە؟) [٢٧] وەڵامی دانەوە: (پێم وتن گوێتان لێ نەگرتم. بۆچی دیسان دەتانەوێ ببیستن؟ ئێوەش دەتانەوێ ببنە قوتابی ئەو؟) [٢٨] جنێویان پێی‌دا و وتیان: (تۆ قوتابی ئەویت! بەڵام ئێمە قوتابی موساین. [٢٩] دەزانین خودا قسەی لەگەڵ موسا کرد، بە ڵام نازانین ئەمە لەکوێوە هاتووە.)

[٣٠] کابرا وەڵامی دانەوە: (ئەمە شتێکی سەیرە! ئەو چاوی کردوومەتەوە، ئێوەش نازانن لەکوێوە هاتووە. [٣١] دەزانین خودا گوێ لە گوناهباران ناگرێت، بەڵام ئەگەر یەکێک لەخواترس بێت و بە خواستی بکات، ئەوا گوێی لێ دەگرێت. [٣٢] هەرگیز نەبیستراوە یەکێک چاوی مرۆڤێکی بە زگماک نابینای کردبێتەوە. [٣٣] ئەگەر ئەم کەسە لە خوداوە نەبێت، نەیدەتوانی هیچ بکات.) [٣٤] پێیان وت: (تۆ بە تە واوی لە گوناە لەدایک بوویت. تۆ فێرمان دەکەیت؟) جا دەریان‌کرد.

[٣٥]عیسا بیستی دەریان‌کردووە، دۆزییەوە و پێی فەرموو: (باوەڕ بە کوڕی مرۆڤ دەکەیت؟) [٣٦]کابرا وەڵامی دایەوە: (گەورەم، ئەو کێیە تاکو باوەڕی پێ بکەم؟) [٣٧]عیسا پێی فەرموو: (ئەوەی بینیت و ئەوەی لەگەڵت دەدوێت، ئەوە خۆیەتی.) [٣٨]ئەویش وتی: (گەورەم باوەڕ دەکەم.) ئینجا کڕنۆشی بۆ برد. [٣٩]عیسا فەرمووی: (بۆ حوکمدان هاتوومەتە ئەم جیهانە، تاکو ئەوانەی نابینن ببینن و ئەوانەی دەبینن کوێر بن.)

[٤٠]ئەوانەی لە فەریسییەکان بوون و لەگەڵی بوون کە گوێیان لەمە بوو، پێیان وت: (ئایا ئێمەش کوێرین؟) [٤١]عیسا پێی فەرموون: (ئە گەر کوێر بوونایە گوناهتان نەدەبوو. بەڵام ئێستا دەڵێن: (دەبینین،) بۆیە گوناهەکەتان دەمێنێتەوە.)

بەم شێوەیە پەروەردگار عیسا پیاوە کوێرەکەی بەزگماکی لەدایك بووبوو چاککردەوە و سەرزەنشتی فەریسیەکانی کرد لەبەر بیرە کوێرەکەیان. ئەم شارەزا ئایینیانە کوێریەکی وایان هەبوو کە خراپتر بوو لە کوێری ئاسایی. ئەوان دەیانتوانی ببینن، بەڵام نەیاندەویست ببینن و لەبەر ئەوەش بوو بەردەیان لە عیسا دەگرت. ئەم پیاوە ئایینیانە بیری خۆیان داخستبوو بەرامبەر ڕاستی دەربارەی عیسا. نەیاندەویست باوەڕ بێنن کە ئەو مەسیحە و ڕووناکی جیهانە. نەیاندەویست باوەڕ بێنن کە عیسا پێش ئیبراهیم بوونی هەبوو، کەوا ئەو ئەو ووشەیە بوو کە لەلای خودا بوو لە سەرەتادا. نەیادەویست ڕاستی ببینن.


لە چیرۆکی ئەمەدا دوو جۆر خەڵکی کوێرمان بینی: ئەوانەی کوێرن لە چاوەکانیاندا و ئەوانەی کوێرن لە بیریاندا. تاریکی کوێری بیر خراپترە لە تاریکی کوێری چاو. ئەگەر چاوەکانت کوێر بن ناتوانی شتەکانی جیهان ببینی، بەڵام ئەگەر دڵ و بیرت کوێر بوون، ئەو کاتە ناتوانی لە شتی تاهەتایی تێبگەی!

ووشەی خودا فێرمان دەکات کە هەموو نەوەکانی ئادەم کوێری زگماکن– لەبیر و دڵەکانیان. لەبەر گوناهەکەی ئادەم هەمووان لە تاریکی گوناە و نەزانی لەدایك بووین. هیچ زانیاریمان نیە دەربارەی خودا و هیچ ئارەزوویەکی سرووشتیمان نیە بۆ ڕاستییەکەی. خۆمان لە ڕووناکی ووشەی خودا لادەبەین، وەك سیسرکە پەرت و بڵاودەبێتەوە کە گڵۆپ پێ دەکرێ و ڕازین ژیانمان بژین لە تاریکیدا. بەداخەوە، زۆربەی نەوەکانی ئادەم لە تاریکی گوناە و نەزانی دەمرن. پێغەمبەر هۆشەع نووسیویەتی: (گوێ لە وشەی پەروەردگار بگرن...گەلەکەم لە نەزانین لەناوچوون. لەبەر ئەوەی تۆ زانینت ڕەتکردەوە، ڕەتتدەکەمەوە...!) (هۆشەع ٤: ١، ٦)

مزگێنیە خۆشەکە ئەوەیە کە خودا نایەوێ کەسمان لەناوبچین لە تاریکی گوناە و نەزانی. لەبەر ئەوە سەردانی جیهانمانی کرد بە ناردنی پەروەردگار عیسای مەسیح. پێغەمبەر زەکەریا دەربارەی پەروەردگار عیسا دووا وەك (خۆری هەڵاتوو) کەوا خودا دەینێرێ (تاکو بەسەر ئەوانەی لە تاریکی و لە سێبەری مەرگدا دانیشتوون بدرەوشێتەوە، بۆ ئەوەی پێیەکانمان بە ڕێگای ئاشتیدا ببات.) (لۆقا ١: ٧٩) پێغەمبەرانیش وەك ئەستێرە بوون کەوا شەو ڕۆشن دەکەنەوە، بەڵام عیسای مەسیح وەك خۆری هەڵاتووە، ژیان و ڕووناکی دێنێ بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دێنن. خودا چەن ڕۆژی دروست کردووە بۆ ئەوەی جیهانمان ڕووناك بکاتەوە؟ تەنها یەك. خودا چەن ڕزگاری دەری نارد لە ئاسمانەوە تاکو گوناهباران ڕزگار بکات لە تاریکی گوناە و ئاگری تاهەتایی؟ تەنها یەك. بەڵام زۆربەی نەوەکانی ئادەم لەم شتە تێ ناگەن و لەبەر ئەوەشە تائێستا لەناو تاریکی گوناهدا دێن و دەچن. نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ سەبارەت بە پەروەردگار عیسای مەسیح، کاتێ دەفەرموێ: (ڕووناکیەکەش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە و تاریکییەکە تێی نەگەیشت... ئەو لە جیهاندا بوو، جیهانیش بەو بەدیهات، کەچی جیهان نەیناسی.) (یۆحەنا ١: ٥، ١٠)

ئایا پەروەردگار عیسا چاو و بیر و دڵتی کردۆتەوە؟ یاخود هێشتا لەناو تاریکی گوناە و نەزانی دێی و دەچی؟ لە دیراسەتی داهاتوو بەردەوام دەبین لە خوێندنەوەی ئینجیل و دەبینین چۆن شکۆمەندی خودا لە عیسادا درەوشایەوە وەك خۆر.

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی ئەم ڕاگەیاندنەی پەروەردگار عیسا دەدەن: (منم ڕووناکی جیهان. ئەوەی دوام بکەوێت هەرگیز بە تاریکیدا ناڕوات، بەڵکو ڕووناکی ژیانی دەبێت.) (یۆحەنا ٨: ١٢)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. خودا چەن ڕۆژی دروست کردووە بۆ ئەوەی جیهانمان ڕووناك بکاتەوە؟

٢. خودا چەن ڕزگاری دەری نارد لە ئاسمانەوە تاکو گوناهباران ڕزگار بکات لە تاریکی گوناە و ئاگری تاهەتایی؟

٣. ئایا پەروەردگار عیسا چاوی بیر و دڵتی کردۆتەوە؟ یاخود هێشتا لەناو تاریکی گوناە و نەزانی دێی و دەچی؟

وانەی ٧٥ : پەروەردگاری شکۆمەندی

مەتا ١٦ و ١٧

لە وانەی ڕابردوو و لە دیراسەتمان لە پەرتوکی ئینجیلی پیرۆز، خوێندمان چۆن عیسای مەسیح چاوی پیاوێکی کردەوە کەوا بە زگماکی کوێر بوو. هیچ شتێك مەحاڵ نیە بۆ عیسا لەبەر ئەوەی خودی ووشەی خودایە کەوا وەك پیاوێك لەسەر زەوی بەدەر کەوت. لەبەر ئەوە عیسا توانی هەموو هێزێکی سەر زەوی کۆنترۆڵ بکات – با و دەریا و ڕۆحی پیس و نەخۆشی و مردن. بۆ هەر شوێنێك بڕۆیشتایە خەڵکی دەوریان لێ دەدا، بەڵام کەم بوون ئەوانەی زانیان کێیە بەڕاستی. ئەویان بە پێغەمبەر دادەنا، نەیاندەزانی هەموو پڕی خودا لەناو ئەو نیشتەجێ بووە. تێنەدەگەیشتن کە عیسا پەروەردگاری شکۆمەندییە، کەوا لە ئاسمانەوە هات. لە وانەماندا پشت بە خودا، دەبینین چۆن پەروەردگار عیسا پڕ بوو لە ڕووناکی و شکۆمەندی خودا، و چۆن ئەو شتەی پشان دا بۆ ماوەیەکی کورت ڕۆژێك کە لەسەر چیایەك بوو لەگەڵ سێ لە قوتابییەکانی.

ئێستاش با بگەڕێینەوە ئینجیلی پیرۆز. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لۆقا ٩) [١٨] کاتێ عیسا بە تەنیا نوێژی دەکرد، قوتابییەکان لەگەڵی بوون، لێی پرسین: (خەڵکەکە دەڵێن من کێم؟) [١٩] وەڵامیان دایەوە: (یەحیای لەئاوهەڵکێش، هەندێکیش ئەلیاس، خەڵکی دیکەش پێغەمبەرێکی کۆنەکانە هەڵستاوەتەوە.) (مەتا ١٦) [١٥] پێی فەرموون: (ئەی ئێوە دەڵێن من کێم؟) [١٦] شیمۆن پەترۆس وەڵامی دایەوە: (تۆ مەسیحیت، کوڕی خودای زیندووی.) [١٧] عیساش وەڵامی دایەوە: (خۆزگە دەخوازرێ بە تۆ، شیمۆنی کوڕی یۆنا، چونکە گۆشت و خوێن ئەمەیان بۆت ئاشکرا نەکرد، بەڵکو ئەو باوکەم کە لە ئاسمانە.

با لێرە ڕاوەستین و سەرنجی ئەو پرسیارە بدەین کە عیسا لە قوتابییەکانی پرسی ڕۆژێك کە بەتەنیا لەگەڵیان بوو. عیسا لێیانی پرسی، (خەڵکەکە دەڵێن من کێم؟) قوتابییەکان وەڵامی عیسایان دایەوە کە زۆربەی خەڵکەکە دەڵێن یەکێکە لە پێغەمبەران. پاشان عیسا دووبارە پرسیاری لێیان کردەوە و فەرمووی، (ئەی ئێوە دەڵێن من کێم؟) یەکێك لە قوتابییەکان بەناوی شیمۆن پەترۆس وەڵامی عیسای دایەوە، (تۆ مەسیحیت، کوڕی خودای زیندووی.)

بەڕاستی، ئەو پرسیارەی عیسا لە قوتابییەکانی کرد پرسیارێکی گرنگە کەوا دەبێت هەر یەك لە ئێمە وەڵامی بداتەوە! تۆ دەڵێی عیسا کێیە؟ ڕات چییە دەربارەی ئەو؟ ئایا تۆ تەنها بە پێغەمبەرێکی دادەنەی؟ یاخود تۆش هاوڕای لەگەڵ شیمۆن پەترۆس کەوا ڕایگەیاند عیسا، (مەسیحیت، کوڕی خودای زیندووی)؟ بەڕای تۆ عیسا کێیە؟ ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا مەسیحە – ئەو ڕزگاری دەرەی خودا بەڵێنی پێ دا زۆر لەوە پێش کاتێ باپیرە گەورەمان ئادەم و حەوا گوناهیان کرد؟ ئایا تۆ باوەڕت هەیە کە عیسا(کوڕی خودای زیندووە.) – ووشەی خودا کەوا لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە؟

وەك دەزانی، زۆربەی خەڵك ئینکاری دەکەن کە عیسا کوڕی خودایە، لەبەر ئەوەی بیر دەکەنەوە ئەو ناوە مانای ئەوەیە کە خودا ژنێکی هێنا و منداڵی پێی بوو! بەڵام ئاوا نیە ماناکەی. شکۆمەندی خودا مەزنترە لەوە! خودا ڕۆحە و ژن ناهێنی و منداڵێکی نابێت وەك مرۆڤ و ئەوەش ڕێ لە خودا ناگرێ ناو لە عیسا بنا کوڕی خۆی. پێشتر ڕوونمان کردەوە بەم شێوەیە: ئەگەر من بچمە دەرەوەی وڵات و خەڵکی پێم بڵێن (کوڕی کوردستان)، ئەوە مانای ئەوە نیە کە کوردستان ژنی هێنا و کوڕی بوو! نەخێر، پێم دەوترێ (کوڕی کوردستان) لەبەر ئەوەی کوردستان ئەو شوێنەیە کە لێی هاتووم.

بەو شێوەیە بوو لەگەڵ عیسای مەسیح کەوا لە پاکیزەیەك لەدایك بوو. ئەو لە ئاسمان بوو تەنانەت پێش ئەوەی لەدایك بێت. ئەو ووشەی خودایە و ڕۆحی خودایە. تەنها عیسا شایەنی ئەوەیە ناوی لێ بنرێ کوڕی باڵادەسترین، لەبەر ئەوەی ئەو بە تەنها ئەو ووشەیە کە لەگەڵ خودا بوو لەسەرەتادا. ئەمە نادیاری مەزنە، بەڵام لەوە زیاتر ئەوەیە کە ڕاستییەکی مەزنیشە! خودا کوڕی خۆی ناردە جیهان نەك تەنها بۆ ڕزگارکردنمان لە گوناهەکانمان، بەڵکو هەروەها بۆ ئەوەی نیشانمان بدات خودا چۆنە. عیسا خەسڵەتی خودای لەسەر زەوی نیشان دا. هەرکەسێك کوڕ ببینی دەزانێ باوك چۆنە. هەرکەسێك عیسا ببینی دەزانێ خودا چۆنە. بە عیسا دەوترێ

کوڕی خودا لەبەر ئەوەی لەلای خوداوە هات و لەبەر ئەوەی وەک خودایە و لەبەر ئەوەی خودی ووشەی خودایەی و ڕۆحی خودایە. برادەرانی ئازیز، ئەگەر باوەڕی پێ بکەین یان باوەڕهێنان پێی ڕەت بکەینەوە، ئەم ڕاستییە هەر دەمینێ: عیسا کوڕی خودای زیندووە!

ئێستاش با بەردەوام بین لە ئینجیلی مەتا و بخوێنین چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی پەترۆس ڕایگەیاند کە عیسا مەسیحە و کوڕی خودای زیندووە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١٦) [٢١] لەو کاتەوە عیسا دەستیکرد بە ڕوونکردنەوە بۆ قوتابییەکانی کە دەبێت بۆ ئۆرشەلیم بچێت، لەوێ بە دەستی پیران و کاهینانی باڵا و مامۆستایانی یاسا زۆر ئازار بچێژێت و بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەم هەڵستێندرێتەوە. [٢٢] پەترۆس هێنایە ئەم لاوە و لێی ڕاخوڕی: (خودا نەکات گەورەم! هەرگیز ئەمەت بەسەر نەیەت!) [٢٣] عیسا ئاوڕی دایەوە و بە پەترۆسی فەرموو: (لەبەرچاوم لاچۆ، ئەی شەیتان! کۆسپی لەبەردەمم، چونکە بیر لە شتە خواییەکان ناکەیتەوە، بەڵکو شتی مرۆڤانە.)

تێ گەیشتی عیسا چی بە قوتابییەکانی فەرموو؟ پێیانی فەرموو کە دەبێت بڕواتە ئۆرشەلیم و زۆر ئازار بچێژێت بە دەستی پیران و کاهینای باڵا و مامۆستایان، و کە دەبێت بکوژرێ و پاشان دووبارە هەستێندرێتەوە بۆ ژیان لە ڕۆژی سێیەمدا. بەو شێوەیە عیسا ڕایگەیاند کەوا خوێنی خۆی دەڕێژی بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانمان بداتەوە.

بەڵام پەترۆس پێی قەبوڵ نەدەکرا کەوا پەروەردگار عیسا، ئەوەی خاوەن هەموو هێز و هەموو دەسەڵاتێکە، ڕێگا دەدات بەو ڕابرە خراپەکارانەی جولەکە بیگرن و ئازاری بدەن و بیکوژن. لەبەر ئەوە پەترۆس بە عیسای ووت، (خودا نەکات گەورەم! هەرگیز ئەمەت بەسەر نەیەت!) بەڵام عیسا دەیزانی کەوا هاتۆتە جیهانەوە تاکو خوێنی خۆی وەک قوربانی بڕێژی کەوا گوناە لادەبات. لەبەر ئەو هۆیە بە پەترۆسی فەرموو، (لەبەرچاوم لاچۆ، ئەی شەیتان! کۆسپی لەبەردەمم، چونکە بیر لە شتە خواییەکان ناکەیتەوە، بەڵکو شتی مرۆڤانە.)

عیسا دەیزانی بۆچی هاتە جیهان. ئەو هاتە جیهان بۆ ئەوە ژیانی خۆی ببەخشێ بەڕشتنی خوێنی پیرۆزی خۆی لەشوێنی گوناهباران، هەروەک چۆن پێغەمبەرانی خودا پێشبینیان کرد زۆر لەوە پێش. عیسا هات تاکو هێمای قوربانی بەرخ لەودا جێ بە جێ بکرێت. ئەگەر یەک شت هەبێ کە لە یادمان بمێنێتەوە لە وانەی ئەمڕۆ، دەبا ئەمە بێت: عیسای مەسیح هاتە جیهانەوە تاکو وەک قوربانی بمرێت بۆ ئەوەی سزای گوناە بداتەوە — گوناهی من و تۆ! لە چەن وانەیەکی تر، دەبینین چۆن پێشبینی عیسا دەربارەی مردنی خۆی بە ووردی هاتە دی لە ئۆرشەلیم. تەنانەت ئەگەر هەندێک بانگەواز بۆ پەیامێکی تر بکەن کەوا ناگونجێ لەگەڵ ئەوەی پەیغەمبەران و عیسا پەروەردگار پەشبینیان کرد زۆر لەوە پێش، ڕاستی دەربارەی مردنی عیسا و هەستاندنەوەی ناگۆڕێ. خودا خۆی بڕیاری مردنی مەسیحی دا لەسەر خاچ. کەس ناتوانێ بڕیاری خودا بگۆڕێ! عیسا هەڵیبژارد بمرێ وەک قوربانی هەرەبەرز. ئەو شتەی ئەنجام دا لەبەر ئەوەی تۆ خۆش دەوێ و نایەوێ لەناو بچیت.

ئێستاش با تەماشا بکەین چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی عیسا بە قوتابییەکانی ڕاگەیاند کە ئازار دەکێشی لە ژیانی لە ئۆرشەلیم. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١٧) [١] دوای شەش ڕۆژ عیسا پەترۆس و یاقوب و یۆحەنای برای برد و بە تەنها بۆ سەر چیایە کی بەرز ڕابەرایەتی کردن. [٢] لەپێشیان شێوەی گۆڕا، ڕووی وەک ڕۆژ دەدرەوشایەوە و جلەکانی وەک ڕووناکی سپی هەڵگەڕان.

(لۆقا ٩) [٣٠] دوو پیاویش لەگەڵی دەدووان، موسا و ئەلیاس بوون. [٣١] بە شکۆوە دەرکەوتن و لەبارەی دەرچوونەکەی کە خەریکبوو لە ئۆرشەلیم تەواوی بکات قسەیان کرد. (مەتا ١٧) [٤] ئینجا پەترۆس بە عیسای وت: (گەورەم، پێمان باشە لێرە بین. ئەگەر حەز بکە یت لێرە سێ کەپرتان بۆ هەڵدەدەم، یەکێک بۆ تۆ و یەکێک بۆ موسا و یەکێکیش بۆ ئەلیاس.) [٥] کاتێ قسەی دەکرد، هەورێکی ڕۆشن باڵی بەسەریاندا کێشا و دەنگێک لە هەورەکەوە فەرمووی: (ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم. گوێی لێ بگرن!)

[٦] کاتێ قوتابییەکان گوێیان لێبوو، بەدەمدا کەوتن، زۆر ترسان. [٧] عیساش هات، دەستی لێدان و فەرمووی: (هەستن، مەترسن!) [٨] ئینجا چاویان هەڵبڕی و لە عیسا زیاتر کەسیان نەبینی. [٩] کە لە چیاکە دەهاتنە خوارەوە، عیسا فەرمانی پێدان: (ئەمەی بینیتان بە کەسی مەڵێن، تاکو کوڕی مرۆڤ لەناو مردووان هەڵدەستێندرێتەوە.)

تێ گەیشتی لەوەی ڕووی دا لەسەر ئەو چیا بڵندە؟ ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر و دڵڕفێن بوو! دەخوێنینەوە کە ڕووخسارەی دەرەوەی عیسا گۆڕا — دەم و چاوی وەک خۆر درەوشایەوە و جلەکانی تیشکێکی سپی لێ هەڵسا. هەمان تیشکی مەزن سافی ڕووناک کە لە خوداوە دەدرەوشێتەوە و چواردەورەی تەختی خودا لە ئاسمان دەگرێتەوە ئێستا لە عیسا دەدرەوشێتەوە! ئەو ڕووناکیە شکۆدارەی کەوا پیرۆزترین شوێنی لە چادری چاوپێکەوتنی پڕ کردەوە لە ڕۆژانەی کە موسا و گەلی ئیسرائیل لە چۆلەوان بوون — هەمان شکۆمەندی لە عیسادا بوو، هەرچەندە مرۆڤ نەیاندەتوانی ببینن. بەڵام بۆ ساتێکی کەم و لە ئامادەیی سێ لە قوتابییەکانی عیسا، خودا شکۆمەندی جوانی خۆی بەدەر خست کەوا لە جەستەی عیسادا شاردبوویەوە! لە هەمان کاتدا، خودا دوو پێغەمبەری ناردە خوارەوە لە ئاسمان، موسا و ئیلیا، بۆ ئەوەی لەگەڵ عیسا بدوێن سەبارەت بە مردنی لە ئۆرشەلیم. هەروەها خوێندمانەوە کە هەورێکی ڕووناک چیاکەی داپۆشت و دەنگی خودای بااڵدەست دەنگی دایەوە لەناو هەورەکە و فەرمووی، (ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم. گوێی لێ بگرن!)

هۆی ئەم هەموو شتە چی بوو؟ بۆچی خودا ئەم هەموو شتە شکۆدارەی ئەنجام دا لە ئامادەیی پەترۆس و یۆحەنا و یاقوب؟ لەبەر ئەم شتە. خودا ویستی بەڵگەیەکی بێ گومان بداتە ئەم سێ شایەتە کە بەڕاستی عیسا کوڕی تاهەتایی خودایە لە ئاسمانەوە و هەموو کەس دەبێت گوێی لێ بگرن! نووسراوی پیرۆز ئاوا بانگەواز دەکات کاتێ دەفەرموێ: ئەوەی ڕێزی کوڕەکە نەگرێ، ڕێزی باوکیش ناگرێ کە ناردوویەتی. (یۆحەنا ٥: ٢٣) لەمێژە خودا زۆر جار و بە ڕێگای جۆراوجۆر بەهۆی پێغەمبەران لەگەڵ باوباپیراندا دووابوو، بەاڵم لەم ڕۆژانەی کۆتاییدا بەهۆی کوڕەکەی لەگەڵمان دووا، ئەوەی دەستنیشانی کردووە وەک میراتگری هەموو شتێک و بە ئەویش گەردوونی دروستکردووە. ئەو تیشکی شکۆی خودایە و بە تەواوی وێنەی کڕۆکیەتی، هەڵگری هەموو شتێکە بە وشەی هێزی خۆی، دوای ئەوەی پاکسازی بۆ گوناە کرد لە دەستەڕاستی گەورەیی دانیشت لە بەرزاییدا. (عیبرانیەکان ١: ١–٣)

تۆ ڕات چیە بەرامبەر عیسا؟ چی دەڵێی دەربارەی ئەو؟ ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا پەروەردگاری شکۆیە کەوا لە ئاسمانەوە هات؟ یاخود تەنها وەک پێغەمبەرێک لە پێغەمبەران پلەی بۆ دادەنەی وەک زۆربەی خەڵکی جیهان وادەکەن؟ با بخوێنین لە هۆندێک ووشەکانی قوتابییەکانی عیسا پەترۆس و یۆحەنا، کەوا لە نووسراوە پیرۆزەکان نووسییان چەن ساڵێک لەپاش بینینی شکۆمەندی خودا دەرەوشایەوە لە عیسا لەسەر چیاکە.

پەترۆس، نێردراوی عیسا نووسیویەتی: ئێمە دوای ئەفسانەیەک نەکەوتووینە کە زیرەکانە دروستکراوە، هاتنی خوداوەندمان عیسای مەسیح و هێزەکەیمان پێ ناساندن، بەڵکو شایەتحاڵی پایە بەرزییەتی ئەوین. چونکە کاتێ ڕێز و شکۆی لە خودای باوک وەرگرت، دەنگێکی ئاوا لە شکۆداری پایە بەرزەوە بۆی هات: (ئەمەیە کوڕی خۆشەویستم، ئەوەی زۆر پێی دڵشادم.)، [١٨] ئێمەش گوێمان لەم دەنگە بوو کە لە ئاسمانەوە هات، کاتێ لە شاخی پیرۆز لەگەڵی بووین. (٢ پەترۆس ١: ١٦–١٨)

یۆحەنا، نێردراوشی عیسا نووسیویەتی: ئەوەی لە سەرەتاوە بوو، ئەوەی گوێمان لێبوو، ئەوەی بە چاوی خۆمان بینیمان، ئەوەی تەماشامان کرد و دەستمان پێی کەوت، سەبارەت بە وشەی ژیان -ژیانەکە دەرکەوت، ژیانی تاهەتاییمان بینی و شایەتی دەدەین و بۆتانی ڕادەگەیێنین، ئەوەی لەلای باوکەکە بوو و بۆمان دەرکەوت... شکۆی ئەومان بینی، وەک شکۆی تاقانەیەک لە باوکەکەوە، پڕ لە نیعمەت و ڕاستی. (١ یۆحەنا ١: ١، ٢ و یۆحەنا ١: ١٤)

لە کۆتایی ئینجیلی یۆحەنا، نووسیویەتی، عیسا لەبەردەم قوتابییەکانی زۆر نیشانەی دیکەی کرد کە لەم پەڕتووکەدا نەنووسراوە. [٣١] بەاڵم ئەمانەی نووسراون تاکو باوەڕ بهێنن کە عیسا مەسیحە، کوڕی خودایە، تاکو بە باوەڕهێنان بە ناوی ئەو ژیانتان هەبێت. (یۆحەنا ٢٠: ٣٠، ٣١)

ئایا تێ گەیشتی لەم شتانە گرانە؟ خودا دەیەوێ توانای بینینت بداتێ لەم ڕاستییە جوانانە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: بەاڵم سوپاس بۆ خودا، ئەوەی هەموو کاتێ لە کەژاوەی سەرکەوتن لە مەسیحدا ڕابەرایەتیمان دەکات، لە هەموو شوێنێک بەهۆی ئێمە

بۆنی خۆشی ناسینەکەی بڵاو دەکاتەوە... ئیتر بەسە ئەو سزایەی کەوا لەلایەن زۆرینەیە، بە پێچەوانەوە، باشترە گەردەنی ئازاد بکەن و دڵنەوایی بکەن، نەوەک لە خەفەتی زۆرەوە هەڵبلووشرێت. ٨لەبەر ئەوە تکاتان لێ دەکەم خۆشەویستی خۆتانی بۆ دووپات بکەنەوە.

(٢ کۆرنسۆس ٢: ١٤، ٦–٨)

تا جاری داهاتوو، بەردەوام بە لەبیرکردنەوە دەربارەی ئەوەی خودای بااڵدەست ڕایگەیاند لەسەر چیاکە سەبارەت بە پەروەردگار عیسا کاتێ فەرمووی، (ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم. گوێی لێ بگرن!) (مەتا ١٧: ٥)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. عیسا لێیانی پرسی، (خەڵکەکە دەڵێن من کێم؟) عیسا دووبارە پرسیاری لێیان کردەوە و فەرمووی، (ئەی ئێوە دەڵێن من کێم؟) تۆ دەڵێی عیسا کێیە؟ ڕات چییە دەربارەی ئەو؟

٢. ئایا تۆ تەنها بە پێغەمبەرێکی دادەنەی؟ یاخود تۆش هاوڕای لەگەڵ شیمۆن پەترۆس کەوا ڕایگەیاند عیسا (مەسیحیت، کوڕی خودای زیندووی)؟

٣. ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا مەسیحە – ئەو ڕزگاری دەرەی خودا بەڵێنی پێ دا زۆر لەوە پێش کاتێ باپیرە گەورەمان ئادەم و حەوا گوناهیان کرد؟

٤. ئایا تۆ باوەڕت هەیە کە عیسا (کوڕی خودای زیندووە.) – ووشەی خودا کەوا لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە؟

٥. تێ گەیشتی لەوەی ڕووی دا لەسەر ئەو چیا بڵندە؟

٦. هۆی ئەم هەموو شتە چی بوو؟ بۆچی خودا ئەم هەموو شتە شکۆدارەی ئەنجام دا لە ئامادەیی پەترۆس و یۆحەنا و یاقوب؟

٧. تۆ ڕات چییە بەرامبەر عیسا؟ چی دەڵێی دەربارەی ئەو؟

٨. ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا پەروەردگاری شکۆیە کەوا لە ئاسمانەوە هات؟ یاخود تەنها وەک پێغەمبەرێک لە پێغەمبەران پلەی بۆ دادەنەی وەک زۆربەی خەڵکی جیهان وادەکەن؟

وانەی ٧٦: شوانە دڵسۆزەکە

یۆحەنا ١٠

لە وانەی ڕابردوومانداو گوێمان لە پەروەردگار عیسا بوو بە قوتابییەکانی فەرموو کە دەبێت بمرێت لە ئۆرشەلیم و لە مردن هەڵسێتەوە لە ڕۆژی سێیەم. عیسا دەیزانی لەبەر ئەوە لەدایك بووە و هاتۆتە جیهان تاکو خوێنی خۆیی بڕێژی وەك قوربانی کە گوناە لادەبات. هەروەها جاری ڕابردوو بینیمان پەروەردگار عیسا شکۆمەندی مەزنی خۆی بە دەرخست کاتێ لەسەر چیاکە بوو لەگەڵ سێ لە قوتابییەکانی. دەم و چاوی عیسا وەك خۆر درەوشایەوە و جلەکانی ڕووناکییەکی سپی سافی لێ هەستایەوە. بەو شێوەیە شکۆی خودا کە لە عیسادا درەوشایەوە خۆی ئاشکرا کرد.

بۆ ئێستا حەز دەکەین بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیلی پیرۆز و بزانین چۆن پەروەردگار عیسا بەراوردی ئەوانەی شوێنی دەکەوتن وەك بەرخی تێر کرد. پێشتر لە نووسینەکانی پێغەمبەران بینیمان کە خودا بە بەردەوامی بەراوردی نەوەکانی ئادەم وەك بەرخی بزربووی بێ شوان دەکات. بەڵام خودا نایەوێ نەوەکانی ئادەم لەناو بچن وەك بەرخی بێ شوان. لەبەر ئەوە شوانێکی بااڵدەستی نارد خوارەوە لە ئاسمان تاکو ڕێنمایمان بکات لە ڕێگای ئاشتی و ڕزگارمان بکات لە سامناکترین دوژمنەکانمان: شەیتان و گوناە و مردن و دۆزەخ. ئەو شوانە باشە دەناسی کەوا خودا ناردی بۆ نەوەکانی ئادەم؟

لە بەشی دەیەمی ئینجیلی یۆحەنا دەخوێنینەوە. ڕۆژێك عیسا بەو خەڵکەی کۆببوەوە لە دەوری فەرموو:

(یۆحونا ١٠) [١] (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەوەی لە دەرگاوە ناچێتە ناو پشتیری مەڕەکان، بەڵکو بە یەگایەکی دیکەدا بۆی سەردەکە وێت، ئەوە دز و جەردەیە. [٢] بەڵام ئەوەی لە دەرگاوە بچێتە ژوورەوە، ئەوە شوانی مەڕانە.... [٦] عیسا ئەم نموونەیەی بۆ گێڕانەوە، بە ڵام ئەوان تێنەگەیشتن باسی چیبان بۆ دەکات.

[٧] بۆیە دیسان عیسا فەرمووی: (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، منم دەرگای مەڕەکان... [٩] منم دەرگاکە. ئەوەی لە منەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت، دێتە ژوورەوە و دەچێتە دەرەوە و لەوەڕگا دەدۆزێتەوە. [١٠] دز نایەت بۆ دزین و کوشتن و لەناوبردن نەبێت. بەڵام من هاتووم تاکو ئەوان ژیانیان هەبێت، ژیانێکی پڕ. [١١] منم شوانە دڵسۆزەکە. شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی بۆ مەڕەکانی دادەنێت. [١٢] بە کرێگیراویش شوان نییە و مەڕەکان هی ئەو نین. دەبینێت گورگ دێت، مەڕەکان بەجێدەهێڵێت و ڕادەکات، گورگیش مەڕەکان دە بات و پەرتەوازەیان دەکات. [١٣] چونکە بە کرێ گیراوە و خەمی مەڕەکانی نییە. [١٤] منم شوانە دڵسۆزەکە. هی خۆم دەناسم و هی خۆشم دەمناسن، [١٥] وەک باوک دەمناسێت، منیش باوک دەناسم. ژیانم بۆ مەڕەکان دادەنێم... [١٧] بۆیە باوک منی خۆشدەوێت، چونکە ژیانی خۆم دادەنێم تاکو وەری بگرمەوە. [١٨] کەس لە منی ناستێنێت، بەڵکو خۆم دایدەنێم. دەسەڵاتم هەیە دایبنێم و دەسەڵاتم هەیە بیبەمەوە. ئەم ڕاسپاردەیەم لە باوکمەوە وەرگرتووە.)

[١٩] بەهۆی ئەم قسانە دیسان دووبەرەکی لەنێو جولەکە پەیدابوو. [٢٠] زۆربەیان وتیان: (ڕۆحی پیسی هەیە و وڕێنە دەکات. بۆچی گوێی لێ دەگرن؟) [٢١] هەندێکی دیکەیان وتیان: (ئەمە قسەی یەکێک نییە ڕۆحیپیسی تێدابێت. ئایا ڕۆحیپیس دەتوانێت چاوی نابینا بکاتەوە؟)

[٢٤] جولەکە لێی کۆبوونەوە و پێیان وت: (تا کەی بە هەڵواسراوی دەمانهێڵیتەوە؟ ئەگەر تۆ مەسیحەکەیت، بە ئاشکرا پێمان بڵێ.) [٢٥] عیسا وەڵامی دانەوە: (پێم وتن بەڵام باوەڕ ناکەن. ئەو کارانەی بە ناوی باوکمەوە دەیکەم، شایەتیم بۆ دەدەن. [٢٦] بەڵام باوەڕ ناکەن، چونکە لە مەڕەکانم نین. [٢٧] مەڕەکانم گوێ لە دەنگم دەگرن، منیش دەیانناسم و دوامدەکەون، [٢٨] ژیانی تاهەتاییان دەدەمێ و هەرگیز لەناو ناچن، کەسیش لە دەستم نایانڕفێنێت. [٢٩] باوکم کە بە منی داون لە هەمووان گەورەترە، کەسیش ناتوانێت لە دەستی باوک بیانڕفێنێت. [٣٠] من و باوک یەکین.) [٣١] دیسان جولەکە بەردیان هەڵگرت تاکو بەردبارانی بکەن. [٣٢] عیسا وەڵامی دانەوە: (زۆر کاری چاکم لەلایەن باوکەکەوە پیشاندان، بەهۆی کامیانەوە بەردبارانم دەکەن؟)

[٣٣] جولەکە وەڵامیان دایەوە: (لەبەر کردارێکی چاک بەردبارانت ناکەین، بەڵکو بەهۆی کفرەوە، چونکە تۆ مرۆڤێکی و خۆت دەکەیت بە خودا.) [٣٤] عیساش وەڵامی دانەوە: (ئایا لە تەوراتەکەتان نەنووسراوە: {من وتم ئێوە خودایەکانن}؟ [٣٥] ئەگەر ئەوانە بە (خودایەکان) بانگ بکات کە وشەی خودا بۆ ئەوان هاتووە - و ناتوانرێت نووسراوەکە بشکێندرێت - [٣٦] چۆن ئەوەی کە باوکەکە پیرۆزی کردووە و بۆ جیهانی ناردووە دەڵێن، (کفر دەکات،) چونکە وتم: (کوڕی خودام)؟ [٣٧] ئەگەر کارەکانی باوکم ناکەم، باوەڕم پێ مەکەن. [٣٨] بەڵام ئەگەر دەیکەم، هەرچەندە باوەڕیشم پێ ناکەن، باوەڕ بەو کارانە بکەن، تاکو بزانن و تێبگەن کە باوک لە من دایە و منیش لە باوک دام.) [٣٩] دیسان ویستیان بیگرن، بەڵام لە دەستیان دەرچوو.

بیرمان دەخەینە سەر دوو لەو ناوانەی عیسا ئاماژەی بۆ خۆی کرد. لەو دوو ناوە دەناسی؟ ناوەکان ئەمانەن: **دەرگای مەڕەکان** و **شوانە دڵسۆزەکە.**

یەکەم جار خوێندمان کە لەپاش ئەوەی عیسا نەوەکانی ئادەمی وەک مەڕ بەراورد کرد، بە خەڵکەکەی فەرموو، (منم دەرگای مەڕەکان... ئەوەی لەمنەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت.) بۆچی عیسا ناوی لە خۆی نا (دەرگای مەڕەکان)؟ لەو ڕۆژگارانەدا، شوانەکان شوێنێکی داخراویان دروست دەکرد کە بە دڕک و بەرد شورەیان بۆ دەکرد و یەک دەرگای چوونە ژوورەوەی هەبوو کەوا مێگەلەکە لێی دەچووە ژوورەوە. کاتێ شەو دادەهات و مەڕەکان دەچوونە ژوورەوە، شوانەکەش لەناو دەرگاکە دەنووست بۆ ئەوەی پاسەوانی لە مەڕەکانی بکات. بۆیە، پێش ئەوەی هەر دڕندەیەک بچوبوایە ژوورەوە و مەڕێک بخوات، دەبوایە بەو دەرگایە بڕۆیشتایە کە شوانەکە لێی پاڵی داوەتەوە. ئەو کاتیش شوانەکە ڕاوی دڕندەکەی دەنا پێش ئەوەی مەڕەکانی بخوات. بەم شێوەیە شوانەکە خۆی (دەرگای مەڕەکان) بوو

پەروەردگار عیسا بە خۆی دەڵێ (دەرگای مەڕەکان). ئەمە مانای ئەوەیە کە عیسا ئاگاداری ئەوانەیە کە سەر بەون. هەروەها مانای ئەوەیە کە پێش ئەوەی ببی بە بەشێک لە (مێگەڵی) خودا، دەبێت لە ڕێگای عیساوە بێیت. هەر کەسێک بیەوێ ڕزگاری بێت لە داوی شەیتان و لە سزای گوناە و لە هێزی مردن و سزای تاهەتایی ئاگر دەبێت لە ڕێگای عیساوە بپەڕێتە. تەنها ئەو دەرگایە کە دەتوانێ گوناهباران بباتە ناو ژیانی تاهەتایی. لەبەر ئەوە ووشەی خودا دەفەرموێ: بێجگە لەو ڕزگاربوون نییە، چونکە ناوێکی دیکە لە ژێر ئاسمانەدا نییە لەناو خەڵکدا درابێت، بەوەوە پێویست بکات ڕزگار بین. (کردارى نێردراوان ٤: ١٢) عیسا تاکە دەرگای ڕزگار بوونە.

لە بیرتانە پێش ماوەیەک چیمان خوێندەوە سەبارەت بە پێغەمبەر نوح و لافاوەکە؟ خودا فەرمانی بە نوح دا چەن دەرگا دروست بکات لە کەشتییەکەی کەوا دەبووە پەناگە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانویست لە دادوەری لافاوەکە ڕزگاریان بێت؟ تەنها یەک دەرگا بوو. هەر کەسێکی بیویستبوایە لە لافاوەکە ڕزگاری بێت دەبوایە لەو تاقە دەرگایەی کەشتییەکە بچێتە ژوورەوە. هەر کەسێک لەو دەرگایە بچووبوایە ژوورەوە ڕزگاری بوو. هەر کەسێک لەو دەرگایە نەچووبوایە ژوورەوە لەناوچوو! بە هەمان شێوە و سەبارەت بە ڕۆژی دادوەری، نووسراوە پیرۆزەکان جێگیری دەکات بۆمان کە خودا تەنها یەک دەرگای ڕزگاربوونی کردۆتەوە بۆ نەوەکانی ئادەم. مەسیح خۆی ئەو دەرگایەیە کە دەتوانێ خەڵک بباتە ناو ژیانی تاهەتایی. لەبەر ئەوە عیسا فەرمووی، (منم دەرگایەکە. ئەوەی لە منەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت!) (یۆحونا ١٠: ٩)

دووەم ناو کە عیسا ئاماژەی بۆ خۆی پێ کرد زۆر بە ناوی یەکەم دەچێ. عیسا نەک تەنها (دەرگای مەڕەکانە) بەڵکو (شوانە دڵسۆزەکە) شە. عیسا شوانە دڵسۆزەکەیە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەیە کە خۆشمانی ویست و ژیانی خۆی بەخت کرد بۆمان. ئای چەن شوانێکی دڵ ڕفێنە! سەبارەت بەو، پێغەمبەر داود لە بەشی بیست و سێیەمین زەبوور نووسیویەتی و دەفەرموێ: [١] پەروەردگار شوانی منە، پێویستم بە هیچ نابێت. [٢] لە لەوەڕگای سەوزدا دەملەوەڕێنێت و دەمباتە سەر ئاوی هێمن و سازگار، گیانم دەبووژێنێتەوە. [٣] ڕێنمای ڕێگای ڕاستودروستیم دەکات لە پێناوی ناوی خۆی. [٤] ئەگەر تەنانەت بەناو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆم، لە هیچ خراپەیەک ناترسم، لەبەر ئەوەی تۆ لەگەڵمدای، گۆچان و دارەدستەکەت دڵنەوایم دەکەن. [٥] سفرەم بۆ ئامادە دەکەیت لە پێش دوژمنانم، سەرم بە ڕۆن چەور دەکەیت، جامەکەم تا لێو پڕ دەکەیت. [٦] بێگومان چاکە و خۆشەویستی نەگۆڕ لەگەڵمدا دەبێت بە

دریژایی ژیانم، لە ماڵی پەروەردگار دەژیم تاهەتایە. !) (زەبوورەکان ٢٣)

ئەوەی پێویستە بیزانین ئەوەیە کە مەسیح خۆی ئەو شوانە چاکەیە کە داود دەربارەی نووسی. لەبەر ئەوە عیسا دەتوانێ بفەرموێ (منم شوانە دڵسۆزەکە!) وە هەروەها (من و باوک یەکین!) (یۆحونا ١٠: ١١ و ٣٠) بەڵام کاتێ عیسا ڕایگەیاند کە ئەو یەکە لەگەڵ خودا، جولەکەکان بە کفر تۆمەتباریان کرد و دەستیان دایە بەرد بۆ ئەوەی بۆی تێبگرن. نەیاندەتوانی ئەو بیرۆکەیە قەبوڵ بکەن کە عیسا خودایە لە جەستەی مرۆڤێکدا. تا ئەمڕۆمان، زۆربەی نەوەکانی ئادەم لەسەر ئەم ووشانەی عیسا ساتمە دەکەن. هەندێ کەس بەهەڵەوە بیر دەکەنەوە کە گوایە ئەگەر بڵێی عیسا یەکە لەگەڵ خودا مانای ئەوەیە دوو خودا هەیە. بەڵام بەو شێوەیە نیە، لەبەر ئەوەی نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران بەڕوونی یەکتایی خودا ڕادەگەێنن کاتێ دەفەرموێ: (پەروەردگار خودامان یەک پەروەردگارە!) (وتەکان ٦: ٤) بەڵام ئەو ڕاستییەی کە (خودا یەکە) ڕێگا لە خودا ناگرێت خۆی وەک مرۆڤێک لەسەر زەوی بەدەر بخات.

ڕەنگە نموونەیەک بێنینەوە یارمەتی دەرە. بیر بکەوە لە خۆر کەوا بەسەر زەوی دا هەڵدیت و ڕووناکی و گەرمیمان پێ دەبەخشێ. چەن خۆری وامان هەیە؟ تەنها یەک. ئەو خۆرە لە کوێیە؟ لە بۆشایی دووری ئاسمانە، لەگەڵ ئەوەشدا لێرەیە لەسەر زەوی و ژیانمان دەبڕێت بە تیشکی ژیان بەخشی. ئەو خۆرە ئاگرگرتووە و خۆرهەڵاتنە گەرمەکەی یەکن. بە هەمان شێوە، خودا و عیسا یەکن. عیسا فەرمووی، (من و باوک یەکین!) پەروەردگار عیسا هاتە ناو جیهانمان بۆ ئەوەی لەگەڵ تیشکی ڕووناکی خۆشەویستی خودا و ڕزگاربوونمان ببەسێتیەوە. با لێرە بخوێنەوە نووسراوە پیرۆزەکان چی ڕادەگەێنێ دەربارەی خودا و عیسا: خودامان ئاگرێکی سووتێنەرە... هەرگیز کەس خودای نەبینیوە، بەڵام تاقانەی خودا (عیسای مەسیح)، ئەوەی لە باوەشی باوکەکە دایە، ئەو دەریخست. ... ئەو تیشکی شکۆی خودایە و بە تەواوی وێنەی کرۆکیەتی، هەڵگری هەموو شتێکە بە وشەی هێزی خۆی، دوای ئەوەی پاکسازی بۆ گوناە کرد لە دەستەڕاستی گەورەیی دانیشت لە بەرزاییدا!...(لە عیسای مەسیح) خودا خۆشحاڵ بوو بە هەموو پڕی خۆی لەودا نیشتەجێ بێت... چونکە تەواوی خودایەتی لە مەسیحدا نیشتەجێیە، بە لەشی خۆی!

(عیبرانیەکان ١٢: ٢٩، یۆحونا ١: ١٨، عیبرانیەکان ١: ٣، کۆلۆسی ١: ١٩ و ٢: ٩)

بەڵێ، ئەمە ئەوەیە کە ووشەی خودا ڕایدەگەێنێ: (تەواوی خودایەتی لە مەسیحدا نیشتەجێیە، بە لەشی خۆی!) (کۆلۆسی ٢: ٩) بۆیە، پەروەردگار عیسا دەتوانێ بفەرموێ، (من و باوک یەکین!) عیسای مەسیح شوانە دڵسۆزەکەیە کەوا لە ئاسمانەوە هات و بوو بە پیاوێک و لەسەر زەوی ژیا و ژیانی پیرۆزی خۆی دانا تاکو ڕزگارمان بکات لەو لەعنەتەی گوناهەکانمان هێنای. هەروەها ئەو کەسەیە کە لە مردنەوە هەستایەوە و ژیانی تاهەتایی دەبەخشێ بە هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دێنن. لەبەر ئەوە عیسا دەتوانێ بفەرموێ: (منم شوانە دڵسۆزەکە... ژیانم بۆ مەڕەکان دادەنێم... تاکو وەری بگرمەوە. کەس لە منی ناستێنێت، بەڵکو خۆم دایدەنێم. دەسەڵاتم هەیە دایبنێم و دەسەڵاتم هەیە بیبەمەوە. ئەم ڕاسپاردەیەم لە باوکمەوە وەرگرتووە.) (یۆحونا ١٠: ١٤–١٨)


بێ گومان، عیسا (شوانە دڵسۆزەکە) یە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەیە کە ئەوەندە خۆشمانی ویست تاکو ژیانی خۆی ببەخشێ لە پێناومان!

پێش ئەوەی مانۆ ئاواییتان لێ بکەین ئەمڕۆ، با دووبارە بخوێنین لە ووشە دڵ ڕفێنەکانی پەروەردگار عیسا کە فەرمووی: (یۆحونا ١٠) [٩] منم دەرگاکە. ئەوەی لە منەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت... [١٠] دز نایەت بۆ دزین و کوشتن و لەناوبردن نەبێت. بەڵام من هاتووم تاکو ئەوان ژیانیان هەبێت، ژیانێکی پڕ. [١١] منم شوانە دڵسۆزەکە. شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی بۆ مەڕەکانی دادەنێت. [١٢] بە کرێگیراویش شوان نییە و مەڕەکان هی ئەو نین. دەبینێت گورگ دێت، مەڕەکان بەجێدەهێڵێت و ڕادەکات... [١٤] منم شوانە دڵسۆزە کە... [٢٧] مەڕەکانم گوێ لە دەنگم دەگرن، منیش دەیانناسم و دوامدەکەون، [٢٨] ژیانی تاهەتاییان دەدەمێ و هەرگیز لەناو ناچن، کە سیش لە دەستم نایانڕفێنێت.!

تۆ شوێنی کێ کەوتویت؟ ئایا تۆ شوێنی شوانە دڵسۆزەکە کەوتووی؟ یاخود شوێنی یەکێکی تر کەوتووی؟

خودا بەرەکەتدارت بکات کە ئەوەتان بە بیر دێتەوە کە عیسای مەسیح فەرمووی دەربارەی خۆی:

(منم دەرگاکە. ئەوەی لە منەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت... منم شوانە دڵسۆزەکە. شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی بۆ مەڕەکانی دادەنێت.) (یۆحونا ١٠: ٩ و ١١)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە؟

١. ئەو شوانە باشە دەناسی کەوا خودا ناردی بۆ نەوەکانی ئادەم؟

٢. لەو دوو ناوە دەناسی کە عیسا ئاماژەی بۆ خۆی کرد؟

٣. بۆچی عیسا ناوی لە خۆی نا (دەرگای مەڕەکان)؟

٤. لە بیرتانە پێغەمبەر نوح و لافاوەکە؟ خودا فەرمانی بە نوح دا چەن دەرگا دروست بکات لە کەشتییەکەی کەوا دەبووە پەناگە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانویست لە دادوەری لافاوەکە ڕزگاریان بێت؟

٥. چەن خۆری وامان هەیە؟ ئەو خۆرە لە کوێیە؟

٦. تۆ شوێنی کێ کەوتویت؟ ئایا تۆ شوێنی شوانە دڵسۆزەکە کەوتووی؟ یاخود شوێنی یەکێکی تر کەوتووی؟

وانەی ٧٧: دڵی خودا

لۆقا ١٨ و ١٥

لەنێو دیراسەتمان لە نووسینەکانی پێغەمبەراندا، بینیمان کە خودا پیرۆز و ڕاستودروستە و ناتوانێ لە گوناە ببورێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەروەها بینیمان کە ئەو بەبەزەیی و میهرەبانە. ئەوە مزگێنیەکی زۆر خۆشە بۆمان، لەبەر ئەوەی بەناچاری پێویستمان بە بەزەیی ئەوە و لەبەر ئەوەی هەموومان خودامان ئیهانە کردووە. لە سنوور دەرچوونمان و گوناهەکانمان دژوەستن بۆ خودا و ئیدانەمان دەکات تاهەتا مەگەر ئەو بەزەیی پێمان بێتەوە! ئەمڕۆ پلانمان وایە دوو نموونە بخوێنینەوە کەوا خوداوەند عیسا بۆ خەڵکەکەی باس کرد. لە ڕێگای ئەم دوو چیرۆکە سەرنج ڕاکێشە دەربارەی ئەو بەزەییە مەزنە فێر دەبین کە دڵی خودا پڕ دەکات و چۆن گوناهباران دەتوانن ئەو بەزەییە وەربگرن.

لە یەکەم نموونە، دوو پیاو دەبینین: یەکێك کەوا بەزەیی خودای وەرنەگرت و یەکێکی تر وەریگرت. یەکێکیان سەر بە تایفەی فەریسیەکان بوو و زۆر خوێن گەرم بوو لە نوێژکردن و بە ڕۆژووگرتن و بە خشینی لە زەکات. لە چاوی مرۆڤەوە زۆر لە ڕادەبەدەر ئایینی بوو. پیاوەکەی تر باجگر بوو و گوناهباریکی مەزن بوو لە چاوی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی زۆربەی باجگران ڕاستگۆ نەبوون.

بخوێنەوە لە چیرۆکی فەریسیەکە و باجگرەکە. لە بەشی هەژدەهەمی ئینجیلی لوقا دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:
(لۆقا ١٨) [٩] بۆ ئەوانەی دڵنیا بوون کە بەخۆیان بێ‌تاوانن و خەڵکی سووک دەکەن، ئەم نموونەیەی هێنایەوە: [١٠] (دوو کەس بۆ نوێژکردن چوونە پەرستگا، یەکێکیان فەریسی و ئەوەی دیکە باجگر. [١١] فەریسییەکە وەستا، لە دڵی خۆیدا ئەم نوێژەی دەکرد: (خودایە سوپاست دەکەم وەک خەڵکی دیکە نیم - قۆڵبڕ و خراپەکار و داوێنپیسن - وەک ئەم باجگرەش نیم. [١٢] هەفتەی دوو جار بەڕۆژوو دەبم، ئەوەی دەستم دەکەوێت دەیەکی دەبەخشم.) [١٣] بەڵام باجگرەکە لە دوورەوە ڕاوەستا، نەیدەویست چاوی بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە، سنگی خۆی دەکوتا و دەیووت: (ئەی خودایە بەزەییت بە منی گوناهباردا بێتەوە.) [١٤] پێتان دەڵێم، ئەمە گەڕایەوە ماڵی خۆی بێ‌تاوان کرابوو، پێچەوانەی ئەوی دیکە. چونکە ئەوەی خۆی بەرز بکاتەوە نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بکاتەوە بەرز دەکرێتەوە.)

عیسا دەیویست چی فێر بکات لە ڕێگای ئەم نموونە کورتە؟ بە کورتی، عیسا ئەوەی فێر کرد کە خودا بەزەیی بەرامبەر ئەو کەسانە نیشان دەدات کە دان بە ناڕاستودروستی خۆیان دادەنەن بەرامبەری و ئیدانەی ئەو کەسانە دەکات کە پێیان وایە ڕاستودروستن بەرامبەری. نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: خودا بەرهەڵستی لووتبەرزەکان دەکات، بەڵام نیعمەت دەداتە ڕۆحسووکەکان. (١ پەترۆس ٥:٥) ئەوەی مرۆڤ ڕێزی لێ دەگرێ خودا ڕقی لێی دەبێتەوە. ئایا خودا ئەو کەسانە قەبوڵ دەکات کە ستایشی خۆیان دەکەن و دەڵێن، (من کەسێکی ڕاستودروستم! نوێژ دەکەم! بەڕۆژی دەبم! دەیەك دەدەم! دەچمە مزگەوت! دەچمە کلیسا! ئەمە دەکەم و ئەو دەکەم!)؟ ئایا ئەم هەموو (منە) دڵی خودا خۆش دەکات؟ نەخێر! دڵی خودا ناتوانێ خۆشی بێ کارەکان کەڕەگی لووت بەرزی تێدابێت.

خودا قێزی لە دڵی ئاوا دەبێتەوە. قابیلی لە بیرە، نۆبەرەی ئادەم، ئەوەی ویستی بە هەوڵی خۆی لە خودا نزیك بێتەوە؟ ئایا خودا قوربانییەکەی قەبوڵ کرد؟ نەخێر، قەبوڵی نەکرد. خودا نەگۆڕاوە. تا ئەمڕۆ، دڵی خودا ناتوانێ بە کردەوەکانی مرۆڤ خۆش بێت، لەبەر ئەوەی هەوڵەکانمان تەواو نیە بەرامبەر ئەو. ئەوەی خودا دەیەوێ بۆمان ئەوەیە کە دان بە باری گوناهباری خۆمان دابنەین، وەك ئەو باجگرەی لە سینگی خۆی دەدا و دەیوت، (ئەی خودایە بەزەییت بە منی گوناهباردا بێتەوە.) دڵێکی ئاوا شکاو دڵی خودا خۆش دەکات. بەڵام بەتوندی قێزی لەو کەسانە دەبێتەوە کە خۆیان بە کەسی تر بەراورد دەکەن، وەك فەریسییەکە کە بە خۆی دەوت، (خودایە سوپاست دەکەم وەک خەڵکی دیکە نیم - قۆڵبڕ و خراپەکار و داوێنپیسن - وەک ئەم باجگرەش نیم.)

ئەوەی فەریسییەکە نەیزانی ئەوەیە کە لە ڕۆژی دوایی، خودا بەراوردمان ناکات لەگەڵ خەڵکی گوناهباری تردا. لەشوێنی ئەوە، خودا

لەگەڵ یاسای پیرۆز و تەواوی خۆی بەراوردمان دەکات کە دەفەرموێ: (چونکە ئەوەی هەموو شەریعەت بپارێزێت و ساتمە لە یەکێکیان بکات، ئەوا لە هەمووی تاوانبارە!) (یاقوب ٢: ١٠) ئەو خودایەی فەرمووی، (داوێن پیسی مەکە) هەروەها فەرموویەتی، (درۆ مەکە). ئەگەر داوێن پیسیت نەکردبێ بەڵام تاقە درۆیەکت کردبێ، ئەو کاتە تۆ یاسای خودات شکاندووە. ناتوانی بچیتە بەهەشت، شوێنی ئامادەیی خودا، لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (هیچ شتێکی گلاو ناچێتە ناوی، نەک ئەوانەی قێزەوەنن و درۆزنن) (بینین ٢١: ٢٧) لەبەر ئەوە نەوەکانی ئادەم پێویستییان بە بەزەیی خودایە. ئایا تۆش وەک باجگرەکەی نموونەکە بەزەیی خودات وەرگرتووە؟ یاخود تۆش وەک فەریسییەکە هێشتا هەوڵ دەدەی بە هەوڵدانی خۆت ببی بە ڕاستودروست؟

ئێستاش با نموونەی دووەم بخوێنینەوە کەوا پشانمان دەدات دڵی خودا پڕە لە خۆشەویستی و بەزەیی، وەک باوکێک منداڵەکانی چەن خۆش دەوێ. لە بەشی پازدەی ئینجیلی لۆقا دەخوێنینەوە: (لۆقا ١٥) [1] هەموو باجگر و گوناهباران لێی نزیک دەبوونەوە تاکو گوێی لێ بگرن. [2] جا فەریسی و مامۆستایان بۆڵەبۆڵیان دەکرد: (ئەمە پێشوازی لە گوناهباران دەکات و نانیان لەگەڵ دەخوات.) [3] عیساش ئەم نموونەیەی بۆ هێنانەوە...

[11] کابرایەک دوو کوڕی هەبوو. [12] بچووکەکەیان بە باوکی وت: (باوکە، بەشی خۆمم لە میراتەکە بدەرێ.) ئەویش ماڵەکەی بۆ دابەشکردن. [13] دوای چەند ڕۆژێک، کوڕە بچووکەکە هەموو شتەکانی کۆکردەوە و بەرەو وڵاتێکی دوور ڕۆیشت، لەوێ ماڵەکەی لەسەر ڕابواردن دانا. [14] لەدوای ئەوەی هەمووی خەرج کرد، گرانییەکی گەورە کەوتە ناوچەکە، جا دەستی بە نەبوونی کرد. [15] ئیتر چووە پاڵ هاوڵاتییەکی ناوچەکە، ئەویش ناردییە کێڵگەکانی بۆ لەوەڕاندنی بەراز. [16] حەزی دەکرد بەو خڕنووکە برسێتی بشکێنێت کە بەرازەکان دەیانخوارد و کەسیش نەیدەدایێ.

[17] ئینجا بە هۆش خۆی هاتەوە و وتی: (ئاخۆ چەند کرێکاری باوکم نانیان لەبەر دەمێنێتەوە، منیش لێرە وا لە برسان دەمرم. [18] هەڵدەستم دەچمەوە لای باوکم، پێی دەڵێم: باوکە، دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد. [19] ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم، بمکە کرێکارێکی خۆت.) [20] جا هەڵستا و گەڕایەوە لای باوکی، هێشتا دوور بوو باوکی ئەوی بینی و دڵی بۆی سووتا، ڕایکرد و لە باوەشی کرد و ماچی‌کرد. [21] کوڕەش پێی‌ووت: (باوکە، دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد، ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم.) [22] بەڵام باوکەکە بە خزمەتکارانی خۆی وت: (خێرا باشترین بەرگ بهێنن و لەبەری بکەن، ئەنگوستیلەیەک بکەنە پەنجەی و پێڵاوێش بۆ پێی. [23] گوێرەکە دابەستییەکەش بهێنن و سەری ببڕن، با بخۆین و دڵخۆش بین. [24] چونکە ئەم کوڕەم مردوو بوو و زیندووبۆتەوە، ونبوو و دۆزراوەتەوە.) جا دەستیان پێ‌کرد دڵخۆش دەبوون.

[25] کوڕە گەورەکە لە کێڵگە بوو، کە دەهاتەوە و لە ماڵ نزیک‌بۆوە، گوێی لە مۆسیقا و هەڵپەڕکێ بوو. [26] یەکێک لە خزمەتکارانی بانگ‌کرد و پرسیاری کرد، (ئەمە چییە؟) [27] پێی‌ووت: (براکەت گەڕاوەتەوە، باوکیشت گوێرەکە دابەستییەکەی سەربڕی، چونکە بە ساغی وەریگرتەوە.) [28] تووڕە بوو و نەیویست بچێتە ژوورەوە. ئیتر باوکی هاتە دەرەوە و تکای لێ‌کرد. [29] ئەویش وەڵامی باوکی دایەوە: (ئەوەتا ئەو هەموو ساڵە کۆیلایەتیت بۆ دەکەم و هەرگیز لە فەرمانت دەرنەچووم، تەنانەت کاریلەیەکت نەدامێ تاکو لەگەڵ هاوڕێیەکانم پێی دڵخۆش بم. [30] بەڵام کاتێ ئەم کوڕەت هاتەوە، ئەوەی ماڵەکەتی لەگەڵ داوێنپیسان لووش‌کرد، گوێرەکە دابەستییەکەت بۆی سەربڕی.) [31] ئەویش پێی‌ووت: (کوڕم، تۆ هەمیشە لەگەڵ منی، هەرچیم هەیە هی تۆیە. [32] بەڵام پێویستە دڵخۆش و شاد بین، چونکە ئەم برایەت مردوو بوو و زیندووبۆتەوە، ونبوو و دۆزراوەتەوە.)

خودا دەیەوێ چیمان فێر بکات لە ڕێگای ئەم نموونە سەرنج ڕاکێشەوە؟ لەم نموونەیە، سێ پیاومان بینی: باوکەکە، کوڕە بچووکەکە و کوڕە گەورەکە.

باوکەکە لە چیرۆکەکە نیشاندەری خودایە.

کوڕە بچووکەکە نیشاندەری گوناهبارانە کەوا لە گوناهەکانیان تۆبە دەکەن و داوای بەزەیی لە خودا دەکەن.

کوڕە گەورەکەش نیشاندەری خەڵکە ئایینیەکەن کەوا خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن بە خۆ بە ڕاستودروست دانان بەرامبەر خودا.

یەکەم، با کەمێك بیر بکەینەوە لە کوڕە بچووکەکە کەوا بە دوای سرووشتە گوناهبارەکەی کەوت لە ژیانێکی بەرەڵایی لە خاکێکی دوور. ئەو کوڕە چی لێ دەرچوو؟ بینیمان لە کۆتاییدا زانی کە خودا و مرۆڤی بریندار کردووە. لەبەر گوناهەکانی غەمبار بوو و تۆبەی کرد و ووتی، (هەڵدەستم دەچمەوە لای باوکم، پێی دەڵێم: باوکە، دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد. ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم، بمکە کرێکارێکی خۆت.) بۆیە، بینیمان چۆن کوڕە بچووکەکە پشتی لە ئاخوڕی بەرازەکە کرد و بەرەو ماڵی باوکی ڕۆیشت.

ئەی باوکەکە چی کرد؟ ئایا لە کوڕەکەی تۆڕەبوو کەوا سەروەت و سامانی لەناودا؟ ئایا وەك تەنها کۆیلەیەك وەری گرتەوە؟ نەخێر! عیسا فەرمووی، (هێشتا دوور بوو باوکی ئەوی بینی و دڵی بۆی سووتا، ڕایکرد و لە باوەشی کرد و ماچی‌کرد. کوڕەش پێی‌ووت: باوکە، دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد، ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم.) بەڵام باوکەکە بە خزمەتکارانی خۆی وت: (خێرا باشترین بەرگ بهێنن و لەبەری بکەن، ئەنگوستیلەیەک بکەنە پەنجەی و پێڵاوێش بۆ پێی. گوێرەکە دابەستییەکەش بهێنن و سەری ببڕن، با بخۆین و دڵخۆش بین. چونکە ئەم کوڕەم مردوو بوو و زیندووبۆتەوە، ونببوو و دۆزراوەتەوە.!)

چی لەم شتە فێر دەبین؟ دەتوانین ئەوە فێربین کە خودا وەك ئەو باوکەیە کەوا پڕ بوو لە بەزەیی! خودا گوناهبارانی خۆش دەوێ و دەیەوێ بەزەییان پێ نیشان بدات، بەڵام چاوەڕوانی هەر گوناهبارێك دەکات تۆبە بکات لە گوناهەکەی و شوێنی ڕێگای ڕاستودروستی بکەوێت کە دایمەزراندووە.

سەبارەت بە کوڕە گەورەکە، شتێکی سەرنج ڕاکێشمان بینی. کوڕە گەورەکە دڵی میهرەبانی نەبوو وەك باوکی. لەباتی ئەوە، تووڕە بوو و نەیویست بچێتە ژوورەوە و بە باوکی دەوت، (ئەوەتا ئەو هەموو ساڵە کۆیلایەتیت بۆ دەکەم و هەرگیز لە فەرمانت دەرنەچووم، تەنانەت کاریلەیەکت نەدامێ تاکو لەگەڵ هاوڕێیەکانم پێی دڵخۆش بم.!) کوڕە گەورەکە چی ووت؟ ووتی، (ئەوەتا ئەو هەموو ساڵە کۆیلەییت بۆ دەکەم) بەڵام، ئەوەی کوڕە گەورەکە لێی تێنەگەیشت ئەوە بوو کە باوکەکە کوڕێکی نەدەویست وەك کۆیلە کاری بۆ بکات. ئەوەی دەیویست کوڕێك بوو کەوا خۆشی بوێت لە دڵەوە و خۆش حاڵ بێت بە ئەنجام دانی خواستەکانی ئەو.

تا ئەمڕۆ، زۆربەی نەوەکانی ئادەم وەك کوڕە گەورەکەن. خۆیان بەوە دادەنەن کە (کۆیلەی خودان). بەڵام خودا نایەوێ ئێمە تەنها کۆیلە بین. دەیەوێ ئێمە وەك کوڕ و کچ بین بۆ ئەو. ئەوە ئەوەیە نووسراوی پیرۆز ڕایدەگەیەنێ سەبارەت بە وانەی عیسا وەك پەروەردگار و ڕزگاری دەر وەردەگرن کە دەفەرموێ: چونکە ڕۆحی کۆیلەییتان وەرنەگرتووە بۆ ترس بتانگەڕێنێتەوە، بەڵکو ڕۆحی لەخۆگرتنەوەتان وەرگرتووە، بەهۆیەوە هاوار دەکەین: (بابە! باوکە!) (ڕۆما ٨: ١٥)

ئایا خۆت وەك کۆیلەی خودا دەبینی یاخود وەك کوڕی خودا؟ خۆت لەکێی ئەم نموونەیەی ئێستا خوێندمانەوە دەبینی؟ ئایا تۆ وەك کوڕە بچووکەکەی کەوا گوناهی خۆی ناسی و بەزەیی باوکی وەرگرت؟ یاخود وەك کوڕە گەورەکەی کەوا ئیشی بۆ باوکی کرد وەك کۆیلەیەك؟ خودا نایەوێ وەك کۆیلەیەك بیت کەوا لە گەورەکەی دەترسێ. ئەوەی خودا بۆ تۆی دەوێ ئەوەیە کەوەك کوڕ بیت کەوا باوکی خۆش دەوێ و دڵ خۆش بێت بە جێبەجێ کردنی خواستی ئەو. خودا تۆی خۆش دەوێ و پەرۆشی نیشاندانی بەزەیی بە تۆ، بەڵام چاوەڕوانتە تۆبە بکەی و ڕوو لەو بکەی. ئەمە ئەوەیە کە پێغەمبەر ئیشایا نووسی کە دەفەرموێ: بۆیە پەروەردگار چاوەڕێ دەکات، تا میهرەبان بێت لەگەڵتان بۆیە هەڵدەستێت، تا بەزەیی پێتاندا بێتەوە. چونکە خودای دادپەروەرییە پەروەردگار خۆزگە بەوانەی چاوەڕێی دەکەن. (ئیشایا ٣٠: ١٨)

خودای میهرەبان و بەبەزەیی چاوەڕێی تۆ دەکات بچیتە لای، وەك چۆن باوکەکەی نموونەکە چاوەڕێی کوڕە بچووکەکەی کرد بێتەوە ماڵەوە. خودا دەیەوێ تۆبە بکەی بە دڵێکی شکاو و بێ دەعیەوە . ئەگەر بەو باوەڕە بێیتە لای خودا و پڕ بە دڵ لێی بگەڕێی، ئەو کاتە بێ گومان بە لەوەی کە بەو خودایە شاد دەبیەوە کە دڵێکی باوکانەی هەیە پڕە لە میهرەبانی و بەزەیی. بەڵام ئەو کەسەی لووت بەرزە و قێزی لە بەزەیی مەزنی خودا دەبێتەوە هیچی دەست ناکەوێ تەنها دادوەری خودا کەوا بێ بەزەیی دەبێت!

لە وانەی داهاتوو، بەردەوام دەبین لە ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چۆن عیسا پیاوێکی مردووی هەستاندەوە بۆ ژیان کەوا لە گۆڕ بوو بۆ چوار ڕۆژ!

با خودا توانای بینینی ئەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە بداتێ. لە بیرتان بێت: خودا بەرهەڵستی لووتبەرزەکان دەکات، بەڵام نیعمەت دەداتە ڕۆحسووکەکان. (١ پەترۆس ٥:٥)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. عیسا دەیویست چی فێر بکات لە ڕێگای ئەم نموونە کورتە؟
٢. ئایا خودا ئەو کەسانە قەبوڵ دەکات کە ستایشی خۆیان دەکەن و دەڵێن، (من کەسێکی ڕاستودروستم! دوعا دەکەم! بەڕۆژی دەبم! دەیەک دەدەم! دەچمە مزگەوت! دەچمە کایسا! ئەمە دەکەم و ئەو دەکەم!)؟ ئایا ئەم هەموو (منە) دڵی خودا خۆش دەکات؟
٣. قابیلی لە بیرە، نۆبەرەی ئادەم، ئەوەی ویستی بە هەوڵی خۆی لە خودا نزیک بێتەوە؟ ئایا خودا قوربانییەکەی قەبوڵ کرد؟
٤. ئایا تۆش وەک باجگرەکەی نموونەکە بەزەیی خودات وەرگرتووە؟ یاخود تۆش وەک فەریسییەکە هێشتا هەوڵ دەدەی بە هەوڵدانی خۆت ببی بە ڕاستودروست؟
٥. خودا دەیەوێ چیمان فێر بکات لە ڕێگای ئەم نموونە سەرنج ڕاکێشەوە؟
٦. ئەی باوکەکە چی کرد؟ ئایا لە کوڕەکەی تۆڕەبوو کەوا سەروەت و سامانی لەناودا؟
٧. ئایا وەک تەنها کۆیلەیەک وەری گرتەوە؟
٨. چی لەم شتە فێر دەبین؟
٩. کوڕە گەورەکە چی ووت؟
١٠. ئایا خۆت وەک کوێلەی خودا دەبینی یاخود وەک کوڕی خودا؟
١١. ئایا تۆ وەک کوڕە بچووکەکەی کەوا گوناهی خۆی ناسی و بەزەیی باوکی وەرگرت؟ یاخود وەک کوڕە گەورەکەی کەوا ئیشی بۆ باوکی کرد وەک کوێلەیەک؟

وانەی ٧٨: هەڵسانەوە و ژیان

یۆحەنا ١١ و ١٢

لەم خاڵەی دیراسەتەکەمان لە ئینجیلی پیرۆز، بینیمان کە عیسای مەسیح زۆر ناوی هەیە. ئەم ناوانە یارمەتیمان دەدات بزانین ئەو کێیە. تا ئێستا ئەمان لێ بوو کە بە عیسا دەوترا: ئەو ووشەیەی لەگەڵ خودا بوو لە سەرەتا، کوڕی باڵادەست ترین، کوڕی مرۆڤ، بەرخی خودا، ڕزگاری دەر، ئەو نانەی ژیان دەبەخشێ، ڕووناکی جیهان، پەروەردگاری شکۆ، دەرگای مەڕەکان و شوانە دڵسۆزەکە. ئەمڕۆ دوو ناوی تری عیسا دەبینین، ئەو ناوانەش (هەڵسانەوە) و (ژیان).

بینیمان چۆن عیسا گەشتی دەکرد بەناو خاکی جولەکەدا و فێرکاری و چاکەکاری ئەنجام دەدا و نەخۆش و شەل و کوێر و ئەوانەی ڕۆحی پیسیان تێدا بوو چاک دەکردەوە. خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتن. بەڵام شارەزا ئایینیەکان ناسرابوون بە فەریسیەکان زۆر حەسودییان بە عیسا دەهات. نە دەیاندەتوانێ ئەو داناییەی عیسا پێی دەدوا ئینکار بکەن و نە دەیاندەتوانی ئینکاری ئەو موعجیزانە بکەن کە ئەنجامی دەدا.

بۆ ئێستا پلانمان وایە بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیل. دەبینین چۆن عیسا شتێکی زۆر سەیری ئەنجام دا کەوا شکۆمەندی خودای ناو ئەودا ئاشکرا کرد، تاکو خەڵکی باوەڕی پێ بێنن. لە بەشی یازدەهەمی ئینجیلی یۆحەنا دەخوێنینەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یۆحەنا ١١) [١] پیاوێک بە ناوی لەعازری بێتعەنیا نەخۆش بوو، خەڵکی گوندەکەی مریەم و مەرسای خوشکی بوو. [٢] مریەم ئەوەبوو کە خوداوەندی بە بۆن چەورکرد و بە پرچی پێیەکانی سڕییەوە، لەعازری براشی نەخۆش بوو. [٣] خوشکەکان هەواڵیان بۆ نارد و وتیان: (گەورەم، ئەوەتا ئەوەی خۆشتدەوێت نەخۆشە.)
[٤] کاتێ عیسا ئەمەی بیست فەرمووی: (ئەم نەخۆشییە بۆ مردن نییە، بەڵکو بۆ شکۆداری خودایە، تاکو بەهۆیەوە کوڕی خودا شکۆدار بێت.) [٥] عیساش مەرسا و خوشکەکەی و لەعازری خۆشدەویست، [٦] بۆیە کاتێ بیستی نەخۆشە، لەو شوێنەی لێی بوو دوو ڕۆژ مایەوە. (عیسا دەیزانی کە لەعازر دەمرێ. بەڵام عیسا پلانی دانا مردنی لەعازر بەکار بێنێت تاکو ئەو هێزەی خودا کە لەناو ئەودایە پشان بدات، بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن ئەو لە ئاسمانەوە هاتووە.) [٧] دوای ئەمە بە قوتابییەکانی فەرموو: (با بچینەوە یەهودیا.) [٨] قوتابییەکان پێیان وت: (ڕابی، ئێستا جولەکە بەتەمابوون بەردبارانت بکەن، دیسان دەچیتەوە ئەوێ؟) [٩] عیساش وەڵامی دایەوە: (ئایا ڕۆژ دوازدە کاتژمێر نییە؟... [١١] ...(لەعازری دۆستمان نووستووە، بەڵام دەچم تاکو بەخەبەری بهێنمەوە.) [١٢] ئینجا قوتابییەکان پێیان وت: (گەورەم، ئەگەر نووستووە، چاکدەبێتەوە.) [١٣] عیسا باسی مردنی ئەوی کرد، بەڵام ئەوان وایانزانی باسی نووستنی پشوودان دەکات. [١٤] عیساش بە ئاشکرا پێی فەرموون: (لەعازر مرد. [١٥] لەبەر ئێوە دڵشادم کە لەوێ نەبووم، تاکو باوەڕ بهێنن. بەڵام با بڕۆینە لای.)
[١٧] کاتێ عیسا گەیشت، زانی وا چوار ڕۆژە لە گۆڕ دایە. [١٨] بێتعەنیاش نزیکەی پازدە تیرهاوێژ لە ئۆرشەلیمەوە دوور بوو. [١٩] زۆر جولەکە هاتنە لای مەرسا و مریەم تاکو سەرەخۆشی براکەیان لێ بکەن. [٢٠] کاتێ مەرسا بیستی عیسا هاتووە، بەرەوپیری چوو، بەڵام مریەم لەماڵ مایەوە. [٢١] ئینجا مەرسا بە عیسای وت: (گەورەم، ئەگەر لێرە بووای، براکەم نەدەمرد. [٢٢] ئێستاش دەزانم هەرچی لە خودا داوا بکەیت، خودا دەتداتێ.) [٢٣] عیسا پێی فەرموو: (براکەت هەڵدەستێتەوە.) [٢٤] مەرساش پێیووت: (دەزانم لە هەڵستانەوەی ڕۆژی دوایی هەڵدەستێتەوە.)
[٢٥] عیسا پێی فەرموو: (منم هەڵستانەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت دەژیێتەوە.
[٢٦] هەروەها هەر کەسێک کە زیندووە و باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز نامرێت. باوەڕ بەمە دەکەیت؟)
[٢٧] پێیووت: (بەڵێ گەورەم. باوەڕم هێناوە کە تۆ مەسیحەکەیت، کوڕی خودای، ئەوەی بۆ جیهان دێت.)
[٢٨] کە ئەمەی وت، چوو مریەمی خوشکی بانگکرد و بە نهێنی وتی: (ماموستا لێرەیە، بانگت دەکات.) [٢٩] ئەویش کە ئەمەی بیست خێرا هەڵستا و هاتە لای... [٣٢] کاتێ مریەم گەیشتە ئەو شوێنەی عیسای لێبوو و ئەوی بینی، بەسەر پێیدا کەوت و پێیووت: (گەورەم، ئەگەر لێرە بووای، براکەم نەدەمرد.)

[٣٣]عیساش کە بینی دەگرییێت و ئەو جولەکانەش کە لەگەڵی هاتبوون دەگرییێن، کاری لە ڕۆحی کرد و پەشۆکا، [٣٤]فەرمووی: (لەکوێتان داناوە؟) پێیان وت: (گەورەم، وەرە و ببینە.) [٣٥]جا عیسا گریا. [٣٦]بۆیە جولەکەکان وتیان: (سەیر بکەن چەند خۆشی‌دەویست!) [٣٧]بەڵام هەندێکیان وتیان: (ئەمە کە چاوی نابیناکەی کردەوە، ئایا نەیدەتوانی وای بکردبووایە ئەمیش نەمردبووایە؟) [٣٨]دیسان عیسا لە ناخەوە کاری تێکرد و هاتە لای گۆڕەکە کە ئەشکەوتێک بوو بەردێکی پێوەنرابوو. [٣٩]عیسا فەرمووی: (بەردەکە لادەن.) مەرسای خوشکی مردووەکە پێی‌ووت: (گەورەم، بۆنی کردووە، چونکە چوار ڕۆژە.) [٤٠]عیساش پێی فەرموو: (ئەی پێم نەووتی ئەگەر باوەڕ بکەیت شکۆی خودا دەبینیت؟) [٤١]ئەوسا بەردەکەیان لابرد، عیساش چاوی هەڵبڕی و فەرمووی: (باوکە، سوپاست دەکەم کە گوێت لێ گرتم. [٤٢]زانیم کە تۆ هەمیشە گوێم لێ دەگریت. بەڵام لەبەر ئەو خەڵکەی لەم ناوە ڕاوەستاون ئەمەم وت، تاکو باوەڕ بکەن کە تۆ منت ناردووە.) [٤٣]کە ئەمەی وت بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: (لەعازر وەرە دەرەوە!) [٤٤]ئەوسا مردووەکە هاتە دەرەوە، دەست و قاچی بە کفن بەسترابوو، ڕووشی بە دەسماڵێک پێچرابوو. عیساش پێی فەرموون: (بیکەنەوە، بهێڵن با بڕوا.)

پێش ئەوەی ئەم چیرۆکە سەرنج ڕاکێشە تەواو بکەین، با کەمێك بیر بکەینەوە دەربارەی ئەم موعجیزە مەزنەی عیسا ئەنجامی دا. لە ڕۆژی بەدی هێنانی جیهانەوە تا ئەمڕۆ، هەرگیز کەس گوێی لێ نەبووە کەسێك بتوانێ ژیان ببەخشێ بە لاشەیەك کەوا چوار ڕۆژ لە گۆڕا بێت، لاشەیەك کەوا دەستی کردبێ بە بۆگەن بوون و کرم لێ دان. بەڵام عیسا ئەمەی کرد کاتێ لەعازری هەستاندەوە لە مردن.

هێزی مردن کێشەیەك نەبوو بۆ پەروەردگار عیسا، لەبەر ئەوەی ئەو ووشەی خودایە، خودی ژیانی خودایە کەوا لە ئاسمانەوە هات. وەك چۆن خودا ژیانی تێدایە، عیسای مەسیحیش ژیانی تێدایە. وەك چۆن خودا دەتوانێ جەستەی مردوو هەڵسێنێتەوە و ژیانی پێ ببەخشێ، هەروەها مەسیح دەتوانێ ژیان ببەخشێ بە هەر کەسێك بیەوێ، لەبەر ئەوەی خۆی سەرچاوەی ژیانە. لەبەر ئەوە کاتێ عیسا بانگی لەعازری کرد بێت، لاشەکە هاتەوە ژیان و هەستایەوە لە گۆڕەکە دەرچوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو عیسا توانی بە خوشکی لەعازر بڵێت، (منم هەڵستانەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت دەژیێتەوە!)

ئێستاش با چیرۆکە تەواو بکەین و بزانین جولەکەکان چییان کرد لەپاش ئەوەی بینیان عیسا لەعازری هەستاندەوە لە گۆڕ. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یۆحەنا ١١) [٤٥]بۆیە زۆر لە جولەکەکان، کە بۆ لای مریەم هاتبوون، کاتێ ئەمەیان بینی کە عیسا کردی، باوەڕیان پێی هێنا. [٤٦]بەڵام هەندێکیان چوونە لای فەریسییەکان و ئەوەی عیسا کردبووی پێیان وتن. [٤٧]بۆیە کاهینانی باڵا و فەریسییەکان سەنهەدرینیان کۆکردەوە. وتیان: (چی بکەین؟ چونکە ئەم پیاوە نیشانەی زۆر دەکات. [٤٨]ئەگەر ئاوا لێی گەڕێین هەموو خەڵکەکە باوەڕی پێ دەهێنن، ڕۆمانییەکانیش دێن، شوێن و گەلمان دەبەن.)

[٤٩]یەکێک لەوان، قەیافا، ئەو ساڵە سەرۆک کاهین بوو، پێی‌ووتن: (ئێوە هیچ نازانن، [٥٠]تێناگەن، باشتر وایە بۆتان پیاوێک لە جیاتی گەل بمرێت، لەوەی گەلەکە هەمووی لەناوبچێت.) [٥١]ئەو لە خۆیەوە ئەمەی نەووت، بەڵکو لەو ساڵەدا سەرۆک کاهین بوو، پێشبینی کرد کە عیسا خەریکە لە جیاتی گەل دەمرێت، [٥٢]نەک تەنها لە جیاتی ئەو گەلە، بەڵکو تاکو منداڵانی خوداش کە پەرتەوازە بوونە بۆ یەک کۆبکاتەوە. [٥٣]ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕاوێژیان کرد بیکوژن. [٥٤]بۆیە چیتر عیسا بە ئاشکرا بە ناو جولەکان‌دا نەدەگەڕا، بەڵکو لەوێوە چووە ناوچەکانی نزیک چۆڵەوانی، بۆ شارێک ناوی ئەفرایم بوو، لەگەڵ قوتابییەکانی لەوێ مایەوە.

[٥٥]لەو کاتەدا جەژنی پەسخەی جولەکە نزیک بوو، زۆر کەس لە گوندەکانەوە پێش پەسخە بۆ ئۆرشەلیم چوون تاکو خۆیان پاک‌بکەنەوە. [٥٦]جا داوای عیسایان دەکرد، لە پەرستگا ڕاوەستابوون بە یەکتریان دەووت: (ڕاتان چییە؟ نایەتە جەژن؟) [٥٧]کاهینانی باڵا و فەریسییەکانیش فەرمانیان دەرکردبوو ئەگەر یەکێک بزانێت ئەو لەکوێیە، دەبێت ئاشکرای بکات، تاکو بیگرن.

(یۆحەنا ١٢) [١]شەش ڕۆژ پێش جەژنی پەسخە عیسا هاتە بێتعەنیا کە لەعازری لێبوو، ئەوەی عیسا لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە. [٢]لەوێ شێوێکیان بۆی کرد، مەرسا خزمەتی دەکرد، لەعازریش یەکێک بوو لەوانەی لەگەڵی پاڵی‌دابۆوە. [٣]مریەمیش نیو لیترێک بۆنی ناردینی سادەی گرانبەهای هێنا و پێی عیسای چەورکرد، ئینجا بە قژی پێی سڕییەوە، ماڵەکەش پڕبوو لە بۆنە خۆشەکە. [٤]یەهوزای ئەسخەریوتی کە یەکێک بوو لە قوتابییەکانی و بەتەمابوو بە گرتنی بدات، وتی: [٥](بۆچی ئەم بۆنە بە سێ سەد دینار نەفرۆشرا و نەدرا

هەژاران؟) [٦] ئەمەی وت نەک لەبەر ئەوەی خەمی هەژاران دەخوات، بەڵکو لەبەر ئەوەی دز بوو و سندوقی پارەشی لەلا بوو، هەرچی تێدا دابنرابووایە دەیبرد. [٧] عیساش فەرمووی: (وازی لێ بهێنن، بۆ ڕۆژی ناشتنم هەڵیگرتبوو، [٨] چونکە هەژاران هەمیشە لەگەڵتانن، بەڵام من هەمیشە لەلاتان نیم.)
[٩] کاتێ حەشاماتێک جولەکە زانیبیان ئەو لەوێیە، هاتن، نەک تەنها لەبەر عیسا، بەڵکو بۆ بینینی لەعازریش کە لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە. [١٠] ئەوسا کاهینانی باڵا تەگبیریان کرد لەعازریش بکوژن، [١١] چونکە زۆر جولەکە لەبەر ئەو دەڕۆیشتن و باوەڕیان بە عیسا دەهێنا.


شتێك هەیە دەبێت بیری لێ بکەینەوە. بینیت ڕابەرە ئایینیەکان چۆن کرداریان کرد بەرامبەر ئەو موعجیزەیە عیسا پێیانی نیشان دا؟ هیچ کەسیان نەیوێرا ئینکاری ئەو موعجیزەیە بکات کە عیسا ئەنجامی دا، لەبەر ئەوەی هەمووان بۆ خۆیان ئەو پیاوەیان بینی کەوا لە مردن هەستێندرابوو! ئەی کاهینانی باڵا و کاهینەکانی تر چییان کرد؟ ئایا تۆبەیان کرد لە گوناهەکانیان و باوەڕیان هێنا کە عیسا مەسیح بوو کەوا لە ئاسمانەوە هات؟ نەخێر، تۆبەیان نەکرد! ئەو هەموو موعجیزانەی عیسا ئەنجامی دان وای نەکرد کاهینەکان و قوتابییەکانیان تۆبە بکەن و عیسا وەك پەروەردگار و ڕزگاری دەریان قەبوڵ بکەن.

ئەی باشە، کاهینانی باڵا چییان کرد؟ تەنانەت زیاتر ڕقیان لە عیسا بووەوە و کلکیان کردە یەك بۆ ئەوەی پلانێك دانەن بیکوژن! هەروەها پلانیان دانا لەعازریش بکوژن کەوا عیسا لە مردن هەڵیساندەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بۆە هۆی ئەوەی زۆربەی جولەکەکان پشت لە کاهینان بکەن و شوێنی عیسا بکەون. ئای کە دڵی ئەو ڕابەرە ئایینیانە ناڕاست و دوور بوو لە خودا! خودا و ڕاستییان خۆش نەدەویست. ئەو نیشانە ڕوونانەیان پشت گوێ خست و ئەو موعجیزە زۆرانەی کەوا عیسا بەرامبەریان ئەنجامی دا. تەنها بیریان لە خۆشی خۆیان و پلەوپایەی و قازانج و پارە پەیداکردن دەکردەوە. بۆیە، پلانتان دانا یەك بۆ کوشتنی عیسا، لەبەر ئەوەی دەترسان ئەگەر لێی بگەڕێن بەردەوام بێت، ئەوا هەموو جولەکە پشتیان لێ دەکەن و شوێنی عیسا دەکەون.

ڕای تۆ چیە بەرامبەر ئەو ڕابەرە ئایینیانە؟ کێ بیرۆکەی کوشتنی عیسای خستە ناو بیریان؟ شەیتان ڕێنماییانی دەکرد، لەبەر ئەوەی ڕقی لە خودا و مەسیحەکەی بوو. شەیتان پێی وابوو ئەگەر سەرکردەکانی جولەکە عیسا بکوژن، ئەو کاتە پلانی خودا بۆ ڕزگارکردنی نەوەکانی ئادەم هەرەس دێنێ. ئەوەی شەیتان نەیزانی ئەوەبوو کە خودا پلانی دانابوو مردنی مەسیح بەکار بێنێت بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە هێزی شەیتان! هەروەها، شەیتان و ئەوانەی لەگەڵ ئەو دەڕۆن نەیانزانی هێزی مردن نەیدەتوانی پەروەردگار عیسا ڕابگرێ. زەوی ناتوانێ عیسا شی دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی عیسا هەڵستانەوە و ژیانە.

بۆ دیراسەتی داهاتوو بەردەوام دەبین لە خوێندنەوەی ئینجیل و دەبینین چۆن عیسا بەسواری گوێ درێژێك چووە ناو ئۆرشەلیمەوە، و بەو شێوەیە نووسینەکانی پێغەمبەرانی هێنایە دی کە زۆر لەوە پێش نووسیبویان سەبارەت بە مەسیح.

خودا خۆی بەرەکتدارت بکات کاتێ سەرنجی مانای ئەم ووشانەی عیسای مەسیح دەدەن:
(منم هەڵستانەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت دەژیێتەوە...باوەڕ بەمە دەکەیت؟) (یۆحەنا ١١: ٢٥، ٢٦)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بینیت ڕابەرە ئایینیەکان چۆن کرداریان کرد بەرامبەر ئەو موعجیزەیەی عیسا پێیانی نیشان دا؟

٢. ئەی کاهینانی باڵا و کاهینەکانی تر چییان کرد؟

٣. ئایا تۆبەیان کرد لە گوناهەکانیان و باوەڕیان هێنا کە عیسا مەسیح بوو کەوا لە ئاسمانەوە هات؟

٤. کاهینانی باڵا چییان کرد؟

٥. ڕای تۆ چیە بەرامبەر ئەو ڕابەرە ئایینیانە؟

٦. کێ بیرۆکەی کوشتنی عیسای خستە ناو بیریان؟

وانەی ٧٩: عیسا دەچێتە ناو ئۆرشەلیم

لۆقا ١٨–٢٠

لە وانەی ڕابردوومانداا، بینیمان چۆن پەروەردگار عیسا لاشەیەکی مردووی هەڵساندەوە ژیان کەوا لە گۆڕ بوو بۆ ماوەی چوار ڕۆژ. هێزی مردن کێشەیەك نەبوو بۆ عیسا، لەبەر ئەوەی خۆی هەڵساندنەوە و ژیان بوو و هەڵسانەوە و ژیانە. ئەمڕۆ پلانمان وایە بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چۆن عیسا چووە ناو ئۆرشەلیمەوە بۆ ئەو شارەی لێی دەکوژرێ. عیسا هەموو شتێکی دەزانی کەوا بەسەری دێت. دەیزانی سەرکردە ئایینیەکانی جولەکە دەیدەنە دەستی ڕۆمانیەکان کەوا ئازاری دەدەن و لە خاچی دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو زانیاریە ڕێگای لێ نەگرت بچێتە ئۆرشەلیم. سەبارەت بەم شتە، ئینجیل دەفەرموێ: که ڕۆژانی بەرزکردنەوەی نزیکبۆوە، ڕووی خۆی چەسپاند تا بەرەو ئۆرشەلیم بڕوات. (لۆقا ٩: ٥١) کاتێ ڕێی دەکرد بەرەو ئۆرشەلیم، عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو، (باپتیزەری ئازارم هەیە دەبێ پێی‌دا ڕەت بم، چەند ناڕەحەتم تاکو تەواو دەبێت.) (لۆقا ١٢: ٥٠)

بۆچی عیسا ڕووی خۆی چەسپاند تا بەرەو ئۆرشەلیم بڕوات؟ ئەو وای کرد تاکو خۆی بداتە دەستی ئەوانەی ویستیان بیکوژن! ئەم سەرنج ڕاکێشە! ئەگەر تۆ بزانی لە شارێکدا خەڵکەکە دەیانەوێ ئازارت بدەن و بتکوژن، ئایا ڕووی خۆت دەچەسپێنێ و بچیتە ئەو شارە؟ ئەمە ئەوەیە کە عیسای مەسیح ئەنجامی دا. عیسا دەیزانی کە هۆی لەدایك بوونی ئەو بۆ ئەوەیە بمرێ وەك قوربانی لەباتی گوناهی جیهان. عیسا نەهاتە جیهانەوە بۆ ئەوەی بەدوای خۆشی خۆی بکەوێ، بەڵکو بۆ ئەوەی نووسینەکانی پێغەمبەران جێ بەجێ بکات کە زۆر لەوە پێش دەربارەیان نووسی بوو: کەوا مەسیح ئازار دەکێشێ و خوێنی خۆی دەڕێژێ لە دەرەوەی ئۆرشەلیم لەسەر ئەو چیایەی ئیبراهیم بەرانەکەی کردە قوربانی لەشوێنی کوڕەکەی. دەبوایە هێمای نیشاندەری قوربانی بەران لە عیسادا جێ بە جێ بکرێ. لەبەر ئەوە بوو عیسا بەرەو ئۆرشەلیم ڕۆیشت، ئەو شارەی کە بۆ ئەو وەك چاڵێکی پڕ لە شێری برسی و چاوەڕوانی نیچیرێك بکەن بوو.

ئێستاش با بەردەوام بین لە دیراسەتی پەرتوکی ئینجیل. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: به ڕێگاوە بۆ ئۆرشەلیم سەردەکەوتن، عیسا پێشیان کەوتبوو، قوتابییەکانیش سەرسام ببوون، ئەوانەی دوای دەکەوتن دەترسان. دیسان دوازدەکەی دابڕی و دەستی پێ‌کرد پێیان بفەرموو‌ێ کەوا چی بەسەردێت. (مارقۆس ١٠: ٣٢) ئەوا سەردەکەوینە ئۆرشەلیم، هەرچی پێغەمبەران لەبارەی کوڕی مرۆڤەوە نووسیویانە دێتە دی. (لۆقا ١٨: ٣١) کوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەست کاهینانی باڵا و مامەکان، بڕیاری مردنی دەدەن، دەیدەنە دەست نەتەوەکان، [٣٤] گاڵتەی پێ دەکەن و تفی لێ‌دەکەن و بە قامچی لێی دەدەن و دەیکوژن. لە ڕۆژی سێیەمیش هەڵدەستێتەوە. (مارقۆس ١٠: ٣٣، ٣٤)

(لۆقا ١٨) [٣٤] بەڵام (قوتابییەکان) هیچ لەمە تێ‌نەگەیشتن و ئەم باسە لێیان شاراوە بوو، ئەوەی وترا درکیان پێی نەکرد. [٣٥] کاتێ عیسا لە ئەریحا نزیکبۆوە، کەسێکی نابینا لەسەر ڕێگا دانیشتبوو سواڵی دەکرد. [٣٦] کە گوێی لە خەڵکەکە بوو دەڕۆیشتن، پرسیاری دەکرد ئەمە چییە. [٣٧] پێیان وت: (عیسای ناسیرەیی لێرەوە تێدەپەڕێت.) [٣٨] جا هاواری کرد: (عیسای کوڕی داود، بەزەییت پێمدا بێتەوە!) [٣٩] پێشڕەوان لێیان ڕاخوڕی تاکو بێ‌دەنگ بێت، ئەویش زۆر زیاتر هاواری کرد: (کوڕی داود، بەزەییت پێمدا بێتەوە!) [٤٠] عیسا ڕاوەستا و فەرمانی دا بیهێنن لای. کاتێ نزیکبۆوە ، لێی پرسی: [٤١] (چیت دەوێ بۆت بکەم؟) وتی: (گەورەم، ببینم.) [٤٢] عیساش پێی فەرموو: (ببینە، باوەڕت چاکی‌کردیتەوە.) [٤٣] یەکسەر بینییەوە، دوای کەوت و خودای شکۆدار دەکرد. هەموو خەڵکەکەش کە بینییان ستایشی خودایان کرد.

(مەتا ٢١) [١] کاتێ لە ئۆرشەلیم نزیک بوونەوە، گەیشتنە بێت‌فاجی لای کێوی زەیتوون، عیسا دووان لە قوتابییەکانی نارد و [٢] پێی فەرموون: (بڕۆنە ئەو گوندەی بەرامبەرتان، یەکسەر ماکەڕێک دەبینن بەستراوەتەوە، جاشکەکەی لەگەڵە. بیکەنەوە و بۆ منیان بهێنن. [٣] ئەگەر یەکێک شتێکی پێ وتن، دەڵێن: خوداوەند پێویستی پێیانە، ئەویش یەکسەر دەیانێرێت.) [٤] ئەمەش ڕووی‌دا تاکو ئەوەی

بەهۆی پێغەمبەرەکە وتراوە بێتە دی کە دەفەرموێ: ٥ {بە کچەکەی سییۆن بڵێن، ئەوەتا پاشاکەت دێتە لات، دڵنەرمە و سواری ماکەرێک و جاشی ماکەرێک بووە.}

٦ قوتابییەکان ڕۆیشتن و وەک عیسا فەرمانی پێدابوون، کردیان. ٧ ماکەر و جاشکەکەیان هێنا، بە کەوایەکانیان کورتانیان کردن و عیسا سواربوو. ٨ حەشاماتێک کەوایەکانیان لەسەر ڕێگاکە ڕاخست. خەڵکی دیکە لقیان لە دار دەبڕییەوە و لەسەر ڕێگاکە ڕایان دەخست. ٩ ئەو خەڵکەی لەپێشی دەڕۆیشتن و ئەوانەش کە دوای کەوتبوون، هاواریان دەکرد: (هۆسانا بۆ کوڕی داود!) {ستایشکراوە ئەوەی بە ناوی خوداوەندەوە دێت!} (هۆسانا لە بەرزایی!)

(لۆقا ١٩) ٣٩ هەندێک فەریسی نێو خەڵکەکە، بە عیسایان وت: (مامۆستا، لە قوتابییەکانت ڕاخوڕە.) ٤٠ وەڵامی دایەوە: (پێتان دەڵێم: ئەگەر ئەوانە بێدەنگ بن، بەرد هاوار دەکەن.) ٤١ کاتێ نزیکبۆوە و شارەکەی بینی، بۆی گریا، ٤٢ فەرمووی: (خۆزگە بتزانیبووایە، تەنانەت تۆش، لەم ڕۆژەشتدا چ شتێک بۆ ئاشتییە! بەڵام ئێستا لەبەرچاوت شاراوە بووە... چونکە کاتی بەسەرکردنەوەت نەزانی.)

(مەتا ٢١) ١٠ کاتێ عیسا چووە ناو ئۆرشەلیم، هەموو شارەکە خرۆشا و وتیان: (ئەمە کێیە؟) ١١ خەڵکەکەش دەیانووت: (ئەمە پێغەمبەر عیسایە، خەڵکی ناسیرەی جەلیلە.) ١٢ عیسا چووە ناو پەرستگا، هەموو ئەوانەی دەرکرد کە کڕین و فرۆشتنیان لە پەرستگادا دەکرد، مێزی پارەگۆڕەوان و کورسی کۆترفرۆشانی وەرگێڕا. ١٣ پێی فەرموون: (نووسراوە، {ماڵەکەم بە ماڵی نوێژ ناودەبردرێت}، بەڵام ئێوە دەیکەنە {ئەشکەوتی دزان!})

١٤ نابینا و شەلەکان لە پەرستگا هاتنە لای و ئەویش چاکیکردنەوە. ١٥ بەڵام کاتێ کاهینانی باڵا و مامۆستایانی ئەم کارە سەرسوڕهێنەرانەیان بینی کە ئەو کردی و هەروەها منداڵانیش لە پەرستگا هاواریان دەکرد: (هۆسانا بۆ کوڕی داود)، ڕقیان هەڵستا (لە مانای هۆسانایە، خودا ڕزگارمان بکە) و ١٦ پێیان وت: (گوێت لێیە ئەوانە چی دەڵێن؟) عیساش پێی فەرموون: (بەڵێ، ئەی قەت نەتانخوێندۆتەوە: {لە زاری منداڵان و شیرەخۆرانەوە ستایشت بۆ خۆت دارشتووە}؟

١٨ کاهینانی باڵا و مامۆستایان گوێیان لێبوو، بیریان دەکردەوە چۆن لەناوی ببەن، چونکە لێی دەترسان لەبەر ئەوەی هەموو خەڵکەکە لە فێرکردنەکانی سەرسام ببوون. (مارقۆس ١١: ١٨)

(یۆحەنا ١٢) ٢٣ عیساش وەڵامی دانەوە و فەرمووی: (کاتی شکۆدارکردنی کوڕی مرۆڤ هاتووە. ٢٤ ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، دەنکە گەنم ئەگەر نەکەوێتە ناو زەوی و نەمرێت، بە تەنها دەمێنێتەوە. بەڵام کە مرد، ئەوسا بەرهەمی زۆر دەدات...

٢٧ (ئێستا دڵم پەشۆکاوە، چی بڵێم؟ (باوکە لەم کاتە ڕزگارم بکە)؟ نەخێر بەڵام من بۆ ئەم کاتە هاتووم. ٢٨ باوکە، ناوت شکۆدار بکە!) جا دەنگێک لە ئاسمانەوە هات: (شکۆدارم کردووە و شکۆداریشی دەکەمەوە.) ٢٩ بۆیە خەڵکەکەی ڕاوەستابوون و گوێیان لێبوو، وتیان: (هەورەتریشقە بوو!) هەندێکی دیکە وتیان: (فریشتەیەک قسەی لەگەڵ کرد.) ٣٠ عیسا وەڵامی دایەوە و فەرمووی: (ئەم دەنگەی هات بۆ من نەبوو، بەڵکو بۆ ئێوە بوو. ٣١ ئێستا حوکمدانی ئەم جیهانەیە. ئێستا سەرۆکی ئەم جیهانە دەردەکرێت. ٣٢ کاتێ منیش لە زەوییەوە بەرز کرامەوە، ئەوا هەمووان بۆ لای خۆم ڕادەکێشم.) ٣٣ ئەمەی وت ئاماژەی دەکرد بەو مردنەی کە خەریکە دەمرێت.

با بۆ ساتێك لێره ڕاوەستین. بینیمان عیسا چۆن چووە ناو ئۆرشەلیم، بەسواری گوێ درێژێك و چۆن كۆمەڵە جولەكەكان ستایش و چەپڵەیان بۆی لێدا، و ویستیان بیكەنە پاشایان. بەڵام خەڵكەكە تێ نەگەیشت بۆچی عیسا هاتە ناو ئۆرشەلیمەوە. تەنانەت قوتابییەكانی عیسا نەیاندەزانی چی بەرەو ڕوودانە. هیوادار بوون عیسا خەڵكە جولەكەكە ڕزگار بكات لە دەسەڵاتی ڕۆمانییەكانی دوژمنیان. بەڵام لەبەر ئەوە نەهاتبووە جیهانەوە. عیسا نەهاتبوو تاكو شانشینی ڕۆمانی لەناوببەرێ، بەڵكو شانشینی شەیتان لەناو بەرێ. ئەو نەهاتبووە خوارەوە تاكو ئەم جیهانە گەندەڵە بگۆڕێ، بەڵكو بۆ ئەوەی دڵی خەڵكی بگۆڕێ. بێ گومان، ڕۆژێك لە ڕۆژان عیسای مەسیح دێتەوە تاكو دادوەری خەڵكی جیهان بكات و جیهان بەدەست بێنێتەوە. بەڵام، كاتێ یەكەم جار هاتە جیهانەوە، هات تاكو وەك قوربانییەك بمرێ. ئەو هات تاكو نەوەكانی ئادەم ڕزگار بكات لە سزای گوناهەكانیان، وەك چۆن خودا بەڵێنی دا زۆر لەوە

پێش لە ڕێگای پێغەمبەرەکانیەوە.

بەردەوام دەبین لە چیرۆکەکە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لۆقا ١٩) [٤٧] ڕۆژانە (عیسا) لە پەرستگا خەڵکی فێردەکرد، کاهینانی باڵا و مامۆستایانی گەل هەوڵیان دەدا بیکوژن. [٤٨] بەڵام هیچیان بۆ ئەنجامدانی نەدەدۆزییەوە، چونکە هەموو گەل پەیوەستی گوێ لێ گرتنی بوون.

(لۆقا ٢٠) [١] ڕۆژێکیان (عیسا) لە پەرستگا خەڵکی فێردەکرد و مۆژدەی دەدا، کاهینانی باڵا و مامۆستایانی لەوێدا وەستان، [٢] پێیان وت: (پێمان بڵێ بە چ دەسەڵاتێک ئەمانە دەکەیت؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی بە تۆ داوە؟) [٣] وەڵامی دایەوە: (منیش پرسیارێکتان لێ دەکەم. پێم بڵێن: [٤] لەئاوەهەڵکێشانی یەحیا، لە ئاسمانەوە بوو یان لە مرۆڤەوە؟) [٥] لەناو خۆیاندا ڕاوێژیان کرد و وتیان: (ئەگەر بڵێین (لە ئاسمانەوە)، دەڵێت (بۆ باوەڕتان پێی نەکرد؟) [٦] بەڵام ئەگەر بڵێین (لە مرۆڤەوە)، هەموو خەڵکەکە بەردبارانمان دەکەن، چونکە دڵنیان کە یەحیا پێغەمبەرە.) [٧] وەڵامیان دایەوە کە نازانن لەکوێوەیە. [٨] عیساش پێی فەرموون: (منیش پێتان ناڵێم بە چ دەسەڵاتێک ئەمانە دەکەم.)


[٩] دەستی پێکرد ئەم نموونەیە بۆ خەڵکەکە بفەرموێ: (کابرایەک ڕەزێکی چاند و بە ڕەزەوانانی سپارد، ماوەیەکی زۆر گەشتی کرد. [١٠] لە وەرزی خۆی کۆیلەیەکی بۆ ڕەزەوانەکان نارد، تاکو لە بەرهەمی ڕەزەکەی بدەنێ، بەڵام ڕەزەوانەکان لێیان دا و بە دەستی بەتاڵ ناردییانەوە. [١١] کۆیلەیەکی دیکەشی نارد، بەڵام لەمەشیان دا و سووکایەتیان پێکرد و بە دەستبەتاڵی ناردییانەوە. [١٢] سێیەمیشی نارد، ئەمەیان بریندار کرد و دەریانکرد. [١٣] خاوەن ڕەزەکە وتی: (چی بکەم؟ کوڕە خۆشەویستەکەم دەنێرم، لەوانەیە ڕێزی بگرن.) [١٤] بەڵام کە ڕەزەوانەکان بینییان، تەگبیریان لەگەڵ یەکتری کرد و وتیان: (ئەوەتا میراتگر، با بیکوژین، تاکو ببینە میراتگر.) [١٥] جا بردییانە دەرەوەی ڕەزەکە و کوشتیان. ئیتر دەبێت خاوەن ڕەزەکە چییان لێ بکات؟ [١٦] دێت و ئەم ڕەزەوانانە دەکوژێت و ڕەزەکە دەداتە خەڵکی دیکە.) کاتێ گوێیان لێبوو وتیان: (خودا نەکات!) [١٧] ئەویش سەیری کردن و فەرمووی: (کەواتە ئەمەی نووسراوە چییە: {ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیان کردەوە، بووە بەردی قولینچک.}؟ [١٨] ئەوەی بەسەر بەردەکەدا بکەوێت تێکدەشکێت، ئەوەش کە بەسەری‌دا بکەوێت وردوخاشی دەکات.) [١٩] مامۆستایان و کاهینانی باڵا هەوڵیان دا لەو کاتە بیگرن، بەڵام لە خەڵکەکە ترسان، چونکە زانییان لەو نموونەیە مەبەستی ئەوان بوو.

لە ڕێگای نموونەی ڕەزەوانە خراپەکانەوە، عیسا ئاگاداری ئەوانەی کردەوە کە دەیانەوێ بیکوژن. لە مانای ئەم نموونەیە تێدەگەی؟ وەرگێڕانی زۆر زەحمەت نیە. لەم نموونەیەدا، پەروەردگار عیسا خودا بە خاوەن ڕەزەکە تەشبیە دەکات. ڕەزی مێوەکەش بە نەوەی ئیسرائیل تەشبیە دەکات. ڕەزەوانە خراپەکانیش بە نیشاندەری سەرکردە ئایینیەکانی جولەکە دادەنێت. خزمەتکارەکانیش کەوا خاوەن ڕەزەکە دینارەن بۆ بەروبوومی ترێ، کەوا ڕەزەوانەکان بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن، پێغەمبەرانن. کوڕی خاوەن ڕەزەکەش، کەوا ڕەزەوانەکان کوشتیان، عیسای مەسیحە.

دەکرێ لەوە تێبگەین بۆچی کاهینەکان و مامۆستایان زۆر توڕە بوون. باش دەیانزانی عیسا دەربارەی ئەوان قسە دەکات! تێگەیشتن کە عیسا ئەوان لەگەڵ ڕەزەوانە خراپەکارەکان بەراورد دەکات کەوا خزمەتکارەکانی خاوەن ڕەزەکەیان هەراسان کرد و لە کۆتاییشدا کوڕەکەیان کوشت. بەو شێوەیە عیسا ئەوانی تاوانبار کرد وەک ئەوانەی ووشەی پێغەمبەرانیان پشت گوێ خست و ئەوانەی مەسیح، کوڕی بااڵدەستترین، دەکوژن. عیسا نەک تەنها نموونەکەی پێیان فەرموو، بەڵکو پارچەیەکی لەوەی نووسراوە لە زەبوورەکان دەربارەی ئەو هێناوە و فەرمووی: (ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیان کردەوە، بووە بەردی قولینچک. ئەوەی بەسەر بەردەکەدا بکەوێت تێکدەشکێت، ئەوەش کە بەسەری‌دا بکەوێت وردوخاشی دەکات.) (لۆقا ٢٠: ١٧، ١٨ و زەبوورەکان ١١٨: ٢٢) بەو شێوەیە عیسا سەرکردە ئایینیەکانی ئاگادار کردەوە کە ئەو ڕزگاری دەری ئەوان ڕەتیان کردەوە و پلانی کوشتنیان دانا، لە کۆتاییدا دەبێتە دادوەریان!

لە وانەی داهاتوودا بەردەوام دەبین لەم چیرۆکە سەرنج ڕاکێشەی عیسا و ڕابەرە ئایینیەکان.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر لەوەی نووسراوی پیرۆز ڕایدەگەێنێ سەبارەت بە مەسیح: (ئەو لە جیهان‌دا بوو، جیهانیش بەو بەدیهات، کەچی جیهان نەیناسی.) (یۆحەنا ١: ١٠)



©

گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی عیسا ڕووی خۆی چەسپاند تا بەرەو ئۆرشەلیم بڕوات؟

٢. ئەگەر تۆ بزانی لە شارێکدا خەڵکەکە دەیانەوێ ئازارت بدەن و بتکوژن، ئایا ڕووی خۆت دەچەسپێنێ و بچیتە ئەو شارە؟

٣. لە مانای ئەم نموونەیە تێدەگەی؟

٤. کاتی یەکەم جار عیسا هاتە جیسانەوە، هات تاکو وەک قوربانییەک بمرێ، ئەو هات تاکو نەوەکانی ئادەم رزگار بکات لە سزای کوناهەکانیان، چۆن خودا بەڵێنی زۆر لەمەوپیش لە ڕێگای پێغەمبەرەکانیەوە کەواتە زانیت پەیامی عیسا چی بوو؟

وانەی ٨٠: ووشەی ناخۆش و ڕاستەقینە

مەتا ٢٢–٢٥

لە دیراسەتی ڕابردوومانداا، بینیمان چۆن عیسای مەسیح چووە ناو ئۆرشەلیم، باشیش دەیزانی کە ئۆرشەلیم شاری ئەو کاهینی و مالمانەی کەوا کلکیان کردبووە یەك بۆ ئەوەی بیکوژن! عیسا هەموو ئەو شتانەی دەزانی کە بەسەری دێت، بەڵام ئەوە وای نەکرد نەچێتە ئۆرشەلیم. ئەو دەیزانی بۆ ئەوە لەدایك بووە تاکو بمرێ وەك قوربانی لەباتی گوناهەکانی جیهان. چەن ڕۆژێکی ماوە پێش ئەوەی کاهینەکان بە گرتنی بدەن و لە خاچی بەدن.

ئەمرۆ دەبینین چۆن پەروەردگار عیسا ئاگاداری ڕابەرە ئایینیەکانی جولەکە دەکاتەوە، وە ووریاکردنە دەکاتەوە بۆ دووڕوویان و خراپەکاریان. ئەو ووشانەی گوێی لێ ڕادەگرین ووشەی ناخۆشن – بەڵام ڕاستن. هەندێ جار گوێ گرتن لەڕاستی ناخۆشە. وانەی ئەمڕۆمان پڕە لە ووشەی ناخۆشی ئاوا. پەندی پێشینان دەڵێت (قسەی حەق ڕەقە!)

وەك بینیمان لە وانەی ڕابردوومانداا، لەپاش ئەوەی عیسا چووە ناو ئۆرشەلیم هەموو ڕۆژ دەچووە ناو پەرستگاکە و خەڵکی فێر دەکرد. هەموو ڕۆژ ڕابەرە ئایینیەکان و مالمەکان چاوەڕێی دەرفەتێك بوون عیسا لە شتێك بگرن کە دیفەرموێ و بیکەن بە بیانوو و بیکوژن. بەڵام، لە خەڵکەکە دەترسان کەوا بە گرنگیێدەر گوێیان لە عیسا دەگرت و یەك ووشەیان لەدەست نادا.

لە بەشی بیستی ئینجیلی لۆقا، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لۆقا ٢٠) [٢٠] ئینجا چاودێرییان کرد و سیخوڕیان نارد کە خۆیان بە ڕاستودروست دەردەخست، تاکو بە قسەی خۆی تووشی بکەن و بیدەنە دەست حوکم و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا. [٢١] پرسیاریان لێ کرد: (مامۆستا، دەزانین لە قسەکردن و فێرکرنتدا ڕاستی، لایەنگری کەسیش ناکەیت، بەڵکو ڕێگای خودا بە ڕاستی فێر دەکەیت. [٢٢] بۆ ئێمە دروستە سەرانە بدەینە قەیسەر یان نا؟) [٢٣] بە فێڵەکەیانی زانی و پێی فەرموون: [٢٤] (دینارێکم پیشان بدەن. ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟) وتیان: (هی قەیسەرە.) [٢٥] ئەویش پێی فەرموون: (هی قەیسەر بدەنە قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا.) [٢٦] نەیانتوانی لە بەردەم گەل بە قسەکەی تووشی بکەن، سەرسامیش بوون لە وەڵامەکەی و بێدەنگ بوون.

(مەتا ٢٢) [٢٣] لە هەمان ڕۆژدا سەدوقییەکان هاتنە لای - کە دەڵێن هەڵستانەوە نییە - پرسیاریان لێ کرد: [٢٤] (مامۆستا، موسا فە ڕمووی، ئەگەر پیاوێکی وجاخکوێر مرد، ئەوا براکەی براژنەکەی دەخوازێتەوە و وەچە بۆ براکەی دەخاتەوە. [٢٥] جا لەلای ئێمە حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی هێنا و بە وجاخکوێری مرد و ژنەکەی بۆ براکەی بەجێهێشت، [٢٦] بە هەمان شێوە دووەم و سێیەم تاکو حەوتەم. [٢٧] لەدوای هەموویان ژنەکەش مرد. [٢٨] ئایا لە هەڵستانەوەدا دەبێتە ژنی کام لە حەوتەکە؟ چونکە هی هەموویان بووە.) [٢٩] عیسا لە وەڵامدا پێی فەرموون: (ئێوە بە هەڵەدا چوونە، نە لە نووسراوەکان دەزانن و نە هێزی خودا. (لۆقا ٢٠) (خەڵکی ئەم ڕۆژگارە ژن دەهێنن و شوو دەکەن، [٣٥] بەڵام ئەوانەی دادەنرێن شایانی گەیشتنن بەو ڕۆژگار و بە هەڵستانەوەی نێو مردووان، ژن ناهێنن و شوو ناکەن. [٣٦] ئیتر ناتوانن بمرن، چونکە وەک فریشتەن و کوڕی خودان کە کوڕی هەڵستانەوەن. [٣٧] بەڵام مردووان هەڵدە ستنەوە، موساش لە دەوەنەکەدا ڕایگەیاند، هەروەک خوداوەندی ناوبرد بە {خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوب.} [٣٨] ئە ویش خودای مردووان نییە، بەڵکو هی زیندووانە، چونکە لای ئەو هەموو زیندوون.)

(مەتا ٢٢) [٣٣] خەڵکەکە کە گوێیان لێبوو، لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون. [٣٤] بەڵام فەریسییەکان بیستیان کە عیسا سەدوقییەکانی بێدەنگ کردووە، پێکەوە کۆبوونەوە. [٣٥] یەکێکیان تەوراتناس بوو، پرسیاری لێ کرد تاکو تاقی بکاتەوە: [٣٦] (مامۆستا، چ ڕاسپاردەیەک گرنگترینی تەوراتە؟) [٣٧] عیسا پێی فەرموو: {خودای پەروەردگاری خۆت بە هەموو دڵ و هەموو گیان و هەموو بیرتەوە خۆشبووێ.} [٣٨] ئەمە گرنگترین و یەکەم ڕاسپاردەیە. [٣٩] دووەمیشیان وەک ئەو وایە: {نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبووێ.} [٤٠] جا هەموو تەورات و پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن.)

[٤١] کاتێ فەریسییەکان کۆبوونەوە، عیسا لێی پرسین: [٤٢] (دەربارەی مەسیح چی دەڵێن، کوڕی کێیە؟) پێیان وت: (کوڕی داودە.) [٤٣] ئە

ویش پێی فەرموون: (کەواتە، چۆن داود لە ڕۆحدا پێی دەڵێ خوداوەند؟ چونکە دەڵێ: [٤٤]{خوداوەند بە خوداوەندمی فەرموو: لە دەستە ڕاستم دانیشە تاکو دوژمنانت بخەمە ژێر پێت.} [٤٥]بۆیە ئەگەر داود پێی بڵێ خوداوەند، ئیتر چۆن کوڕی ئەوە؟) [٤٦]جا کەسیان نە یانتوانی بە وشەیەکیش وەڵامی بدەنەوە، لەو ڕۆژەشەوە ئیتر نەیانوێرا هیچی دیکەی لێ بپرسن.

(مەتا ٢٣) [١]ئینجا عیسا بە خەڵکەکە و قوتابییەکانی خۆی [٢]فەرموو: (مالم و فەریسییەکان لەسەر کورسی موسا دانیشتن. [٣]بۆیە هەر ڕچییەکتان پێ دەڵێن بیکەن و ڕایبگرن، بەڵام بە کرداری ئەوان مەکەن، چونکە ئەوان دەڵێن و نایکەن. [٤]باری قورس کە هەڵناگیرێت، دەپێچنەوە و دەیخەنە سەر شانی خەڵکی، بەڵام بە خۆیان نایانەوێت بە پەنجەش بیجووڵێنن. [٥]هەموو کردارەکانیان بۆ ئەوەیە خەڵکی بیانبینن، بە پانکردنی نوشتەکانیان و گەورەکردنی گوڵینگی ڕیشاڵەکانیان. [٦]حەزدەکەن لە میواندارى لەلای سەرەوە و لە کەنیشتەکانیش ڕیزی پێشەوە، [٧]لە بازاڕیشدا سڵاویان لێ بکرێت و خەڵک بە (ڕابی) بانگیان بکەن. [٨]بەڵام با ئێوە بە (ڕابی) بانگ نەکرێن، چونکە تەنها یەک ماموستاتان هەیە و ئێوەش هەموو برانن. [٩]کەسیش لەسەر زەوی بە (باوک) بانگ مەکەن، چونکە یەک باوکتان هەیە، ئەوەی لە ئاسمانە. [١٠]بە (ماموستا) بانگ نەکرێن، چونکە یەک ماموستاتان هەیە، ئەویش مەسیحە. [١١]ئەوەی لەنێوتان پایە بەرزترە، دەبێتە خزمەتکارتان. [١٢]ئەوەی خۆی بەرز بکات نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بکات بەرز دەکرێتەوە.

[١٣](بەڵام قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە شانشینی ئاسمان لەڕووی خەڵک دادەخەن، نە خۆتان دەچنە ژوورەوە و نە دەهێڵن ئەوانەی دەچنە ژوورەوە بچنە ژوورەوە. [[١٤]قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! مااڵی بێوەژن هەڵدەلووشن، بۆ دەرخستنیش نوێژ درێژ دەکەنەوە، بۆیە سزاتان گەورەترە.]

[١٥]قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! دەریا و وشکایی دەگەڕێن تاکو یەکێک بکەنە جولەکە، کە بوو، ئەوسا دوو ئەوەندەی خۆتان دەیکەنە کوڕی دۆزەخ.

[١٣]قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە دەیەکی پونگ و شبیت و ڕازیانە دەدەن و گرنگترینی تەوراتتان پشتگوێ خستووە - دادپەروەری و بەزەیی و دڵسۆزی - پێویست بوو ئەمانە بکەن و ئەوانەش پشتگوێ نەخەن. [٢٤]ئەی ڕابەرە کوێرەکان! ئێوە مێشوولە دەپاڵێون، بەڵام وشتر قووتدەدەن!

[٢٥]قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە دەرەوەی جام و قاپ پاکدەکەنەوە، بەڵام ناوەکەی پڕە لە چڵێسی و بەڕەڵایی. [٢٦]ئەی فەریسی کوێر، یەکەم جار ناو جام پاکبکەوە، تاکو دەرەوەشی پاکبێتەوە.

[٢٧]قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە ئێوە لە گۆڕی سپیکراو دەچن، کە بە ڕووالەت جوان دیارە، بەڵام ناوەوەی پڕە لە ئێسقانی مردووان و هەموو پیسییەک. [٢٨]ئێوەش ئاوان، بە ڕووالەت لەلای خەڵک ڕاستودروستن، بەڵام ناوەوەتان پڕە لە دووڕوویی و سەرپێچی.

[٢٩]قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! ئێوە گۆڕی پێغەمبەران هەڵدەبەستن و ئارامگای پیاوچاکان دەڕازێننەوە و [٣٠]دە ڵێن: (ئەگەر لە سەردەمی باوباپیراندا ببووینبووایە، لە خوێنی پێغەمبەران بەشداریان نەدەبووین.) [٣١]کەواتە شایەتی لەسەر خۆتان دە دەن کە کوڕی پێغەمبەرکوژانن. [٣٢]جا ئێوە پێوانەی باوباپیرانتان پڕ بکەن! [٣٣]ئەی مارینە! ئەی بیچوی کۆرەماران! چۆن لە حوکمی دۆزەخ ڕادەکەن؟ ... [٣٧](ئەی ئۆرشەلیم، ئەی ئۆرشەلیم، بکوژی پێغەمبەران و بەردبارانکاری ئەوانەی بۆت نێردران، چەند جار ویستم منداڵەکانت کۆبکەمەوە، وەک مریشک جوجەڵەکانی لە ژێر باڵی‌دا کۆدەکاتەوە، بەڵام نەتانویست.

(مەتا ٢٤) [١]عیسا لە پەرستگا هاتە دەرەوە و ڕۆیشت، قوتابییەکانی لێی هاتنە پێش تاکو سەرنجی بۆ تەلارەکانی پەرستگا ڕابکێشن. [٢]وەڵامی دایەوە: (هەموو ئەمانە دەبینن؟ ڕاستیتان پێ دەڵێم: لێرە بەردی بەسەر بەردیەوە نامێنێت کە نەڕوخێت.) [٣]کاتێ لەسەر کێوی زەیتوون دانیشتبوو، قوتابییەکان بە تەنها هاتنە لای و وتیان: (پێمان بفەرموو کەی ئەمانە دەبێت؟ نیشانەی هاتنەوەت و کۆتایی ڕۆژگار چییە؟)

[٤]عیسا وەڵامی دایەوە: (ئاگاداربن، کەس چەواشەتان نەکات. [٥]چونکە زۆر کەس بە ناوی منەوە دێن و دەڵێن (من مەسیحم)،

زۆر کەس چەواشە دەکەن. [٦] جەنگ و هەواڵی جەنگیش دەبیستن، وریابن مەتۆقن، چونکە دەبێت ئەمە ڕووبدات، بەڵام هێشتا کۆتایی نییە. [٧] چونکە نەتەوە لە نەتەوە ڕاست دەبێتەوە و شانشین لە شانشین، برسێتی و بوومەلەرزەش لە شوێنی جیاجیا دەبێت. [٨] بەڵام ئە مانە هەمووی سەرەتای ژانەکانە. [٩] ئینجا بۆ چەوسانەوە بە گرتنتان دەدەن و دەتانکوژن، هەموو نەتەوەکان لەبەر ناوی من ڕقیان لێتان دەبێتەوە. [١٠] ئەو کاتە زۆران لە ڕێ لادەدەن و یەکتری بە گرتن دەدەن و ڕقیان لە یەکتری دەبێتەوە. [١١] زۆر پێغەمبەری درۆزن قیتدەبنەوە، زۆران چەواشە دەکەن... [٣٣] ئەوسا ئەگەر یەکێک پێی‌ووتن: (ئەوەتا مەسیح لێرەیە!) یان: (ئەوەتا لەوێیە!) باوەڕ مەکەن. [٢٤] چونکە مەسیحانی درۆزن و پێغەمبەرانی درۆزن دەردەکەون، نیشانەی گەورە و پەرجو دەکەن، بە شێوەیەک ئەگەر بکرێ تەنانەت بژاردەکانیش چەواشە دەکەن. [٢٥] ئەوەتا پێش وەخت پێم وتن. [٢٦] بۆیە ئەگەر پێیان وتن: (ئەوەتا لە چۆڵەوانییە!) دەرنەچن، (ئەوەتا لە ژوورەکانی ناوەوەیە!) باوەڕ مەکەن. [٢٧] چونکە چۆن بروسکە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەردەچێت و تاکو ڕۆژئاوا دەدرەوشێتەوە، هاتنەوەی کوڕی مرۆڤیش ئاوا دەبێت.

[٢٩] یەکسەر دوای تەنگانەی ئەو ڕۆژانە، {خۆر تاریک دەبێت، مانگ ڕووناکییەکەی نادات، ئەستێرەکان لە ئاسمان دەکەون، هێزەکانی ئاسمان دەهەژێن.} [٣٠] لەو کاتە نیشانەی کوڕی مرۆڤ لە ئاسمان‌دا دەردەکەوێت، ئەوسا هەموو هۆزەکانی زەوی شیوەن دەگێڕن، {کوڕی مرۆڤ دەبینن بەسەر هەوری ئاسمان‌دا بە هێز و شکۆیەکی گەورەوە دێت.} [٣١] فریشتەکانی بە کەڕەنایەکی دەنگ گەورەوە دە نێرێ، بژاردەکانی لە چوار بایەکە کۆدەکەنەوە، لەم سەری ئاسمانەوە تاکو ئەوسەری.


(مەتا ٢٥) [٣١] کاتێ کوڕی مرۆڤ بە شکۆی خۆی دێتەوە و هەموو فریشتەکانیش لەگەڵی‌دان، ئەوسا لەسەر تەختی شکۆی خۆی دادە نیشێت. [٣٢] هەموو نەتەوەکان لەبەردەمی کۆدەبنەوە و ئەویش لە یەکتریان جیا دەکاتەوە، وەک شوان مەڕ لە بزن جیا دەکاتەوە. [٣٣] جا مەڕەکان لەلای ڕاستی خۆی ڕادەگرێت، بەڵام بزنەکان لەلای چەپ. [٣٤] ئینجا پاشا بەوانەی لای ڕاستیەوەن دەفەرموێ: (وەرن ئە ی ئەوانەی باوکم بەرەکەتی پێ‌دان، ببنە میراتگری ئەو شانشینە کە لە دامەزراندنی جیهانەوە بۆتان ئامادە کراوە... [٤١] دواتر بەوانەی لەلای چەپیەوەن دەفەرموێ: (لێم دوور بکەونەوە! ئەی نەفرەتلێ‌کراوان بەرەو ئاگری تاهەتایی، ئەوەی بۆ ئیبلیس و فریشتەکانی ئامادە کراوە. [٤٦] ئەوانە بۆ سزای تاهەتایی دەچن، بەڵام ڕاستودروستان بۆ ژیانی تاهەتایی.)

بینیمان پەروەردگار عیسا ووریاکردنەی ڕابەرە ئایینیەکان کرد لەبەر دوو ڕووییان و دڵ ڕەقییان. هەروەها گوێمان لێبوو قوتابییەکانی ئاگادار کردەوە سەبارەت بە ئەوانەی لەپاش ئەو دێن و واپشان دەدەن کە پێغەمبەرن، بەڵام زۆر کەس هەڵدەخەلەتێنن. لە کۆتاییدا، گوێمان لە پەروەردگار عیسا بوو ئەوەی ڕاگەیاند کە ڕۆژێك دەگەڕێتەوە زەوی، لە ئاسمانەوە دێتە دەرەوە لەگەڵ فریشتە بالادەستەکانی بۆ ئەوەی دادوەری ئەو کەسانە بکات کە ڕەتی دەکەنەوە باوەڕ بە مزگێنی خۆشی خودا بێنن دەربارەی مەسیح، ڕزگاری دەری گوناهباران.

خوێندمانەوە لە چەن ووشەیەکی ناخۆشی، بەڵام هەروەها ووشەی باشن لەبەر ئەوەی ووشەی ڕاستن. ووشەی جوانن بۆ ئەو هەموو ئەو کەسانەی باوەڕی پێ دێنن، لەبەر ئەوەی پەروەردگار عیسا فەرمووی، (ڕاستی دەناسن، ڕاستیش ئازادتان دەکات!) (یۆحەنا ٨: ٣٢)

بۆ وانەی داهاتوو دەربارەی یەکێك لە قوتابییەکانی عیسا فێربین کەوا چووە لای کاهینی باڵا بۆ ئەوەی خیانەت لە عیسا بکات و بیداتە دەستی ئەوانەی دەیانویست بیکوژن.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی ئەوەی پەروەردگار عیسا ڕایگەیاند دەدەن، کە فەرمووی: (ئێوە بە هەڵەدا چوونە، نە لە نووسراوەکان دەزانن و نە هێزی خودا!) بەڵام، (ڕاستی ئازادتان دەکات!)
(مەتا ٢٢: ٢٩ و یۆحەنا ٨: ٣٢)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. مامۆستا، چ ڕاسپاردەیەک گرنگترینی تەوراتە؟

٢. دەربارەی مەسیح چی دەڵێن، کوڕی کێیە؟

٣. کەواتە، چۆن داود لە ڕۆحدا پێی دەڵێ خوداوەند؟

٤. چۆن کوڕی مرۆڤ دێتە جیهان؟

وانەی ٨١ : شێوی تایبەتی خوداوەند

مەتا ٢٦

وەك تۆ دەزانی، لە گەشتەكەمان لە نێو نووسراوە پیرۆزەكان، ئێستا لە دیراسەتی ئینجیلین، ئەو پەرتوكە پیرۆزەی باس لە مزگێنی خۆش دەربارەی عیسای مەسیح دەكات. عیسا ڕزگاری دەرە پیرۆزەكەیە كەوا هاتە جیهانەوە تاكو نەوەكانی ئادەم ڕزگار بكات لە دەسەڵاتی شەیتان. ڕزگاری دەرەكە زۆر جیاواز بوو لە هەموو مرۆڤێكی تر، ئەو ئەو ووشەیە بوو كە لای خودا بوو لە سەرەتا كەوا وەك پیاوێك بەدەركەوت لەسەر ڕووی زەوی. عیسای مرۆڤ تاك بوو لە لەدایك بوونی، لەبەر ئەوەی لە پاكیزەیەك لەدایك بوو بەهێزی ڕۆحی خودا. عیسا هەروەها تاك بوو لە خەسلەتی، لەبەر ئەوەی بە سرووشتێكی پیرۆزەوە لەدایك بوو، هەرگیز گوناهی ئەنجام نەدا بوو. ئیشەكانی هەروەها تاك بوو، هەرگیز كەس موعجیزەی وەك ئەو نەكردبوو. پەروەردگار عیسا دەسەڵاتی هەبوو بەسەر شەیتان و جنۆكەكانی و بەسەر با و دەریا و نەخۆشی و مردندا. فێركردنەكانیشی بێ هاوتابوون، تەنانەت دوژمنەكانی ووتیان، (هەرگیز كەس وەك ئەمە قسەی نەكردووە!) (یۆحەنا ٧: ٤٦)

بەڵێ، عیسای مەسیح تاك بوو لە لەدایك بوونی و خەسلەتی و ئیشەكانی و ووشەكانی. بەڵام ئەوە وای نەكرد هەموو كەس بزانن ئەو ڕزگاری دەرەیە كە لە ئاسمانەوە هات. زۆربەی نەوەكانی ئادەم تێنە دەگەیشتن عیسا بەڕاستی كێیە. عیسایان وەك پێغەمبەرێك دادەنا، بەڵام نەیاندەزانی خودا خۆی هات و سەردانیانی كرد! سەبارەت بە ڕابەرە ئایینیەكانی جولەكەش، ئەوان نەك تەنها نەیانتوانی تێبگەن عیسا كێیە، بەڵكو كلكیان كردە یەك و ویستیان بیكوژن! لە وانەی ڕابردوومانداو، گوێمان لێ بوو چۆن عیسا سەرزەنشتی ڕابەرە ئایینەكان و مالمەكانی كرد لەبەر دووڕوویی و خراپەكاریان. بەڵام ووشەكانی عیسا وای نەكرد تۆبە بكەن. لەڕاستیدا، ڕابەرە ئایینیەكان سووربوون لەسەر یەك بیرۆكە: دەبێت عیسا بكوژرێ!

پەروەردگار عیسا دەیزانی بەرەو ئەوەیە لە شاری قودس بمرێ و ئەو ڕابەرە ئایینیانە ئەو كەسانەن دەبنە هۆی مردنی. بۆیە، بینیمان عیسا بە قوتابییەكانی ڕاگەیاند كەوا كاهینەكان و مالمەكان حوكمی مردنی دەدن. دەیدەنە دەستی ڕۆمانەكان تاكو گاڵتەی پێ بكەن و تفی لێ بكەن و لێی بدەن و لە خاچی بدەن. بەڵام لەپاش سێ ڕۆژ لە مردن هەڵدەستێتەوە! بەم شێوەیە عیسا پێش بینی مردنی خۆی كرد لەسەر خاچێك و هەڵسانەوەی لە گۆڕ. عیسا نەك تەنها شێوەی مردنی خۆی ڕاگەیاند و لە كوێ دەمرێ، بەڵام لەو بەشەی لەپێشمانە ئەمرۆ، دەبینین كە عیسا تەنانەت كاتی مردنی خۆی ڕاگەیاند!

ئێستاش با بەردەوام بین لە بەشی بیست و شەشی ئینجیلی مەتا و بزانێن چۆن عیسا خۆی ئامادە كرد بۆ لە خاچ دانەكەی خۆی. ووشەی خودا دەفەرموێ: (مەتا ٢٦) [١] كاتێ عیسا ئەم وتانەی هەموو تەواو كرد، بە قوتابییەكانی خۆی فەرموو: [٢] (دەزانن پەسخە دوو ڕۆژی ماوە. كوڕی مرۆڤیش بە گرتن دەدرێت تاكو لە خاچ بدرێت.)

بینیت عیسا چی فەرموو بە قوتابییەكانی؟ پێیانی ڕاگەیاند كەوا نەوەكانی ئادەم لە خاچی دەدەن لە ڕۆژی جەژنی پەسخە. ئەمە زۆر گرنگە. لە دیراسەتمان لە تەورات فێربووین دەربارەی ڕۆژی پەسخە. جەژنی پەسخە لە یەكەم مانگی ڕۆژ ژمێری جولەكەیە، كەوا لە مانگی سێ و چوارە. هەموو سااڵێك و لەو فیستیقاڵەدا، جولەكەكان یادەوەری ئەوە دەكەن كە ڕووی دا لە كاتی موسا، كاتێ كە گەلی ئیسرائیل كۆیلەی پاشای خراپەكار فیرعەون بوون. لەو كاتە، خودا بە دادوەری خۆی و پلانە مەزنەكەی، حوكمی مردنی بۆ هەموو نۆبەرەیەكی نێری میسری دەركرد. بەڵام خودا هەروەها ڕێگایەكی ڕزگاركردنی دابین كرد بۆ ئەوانەی باوەڕیان پێی هێنا و بە قسەیان كرد. خودا فەرمانی بەهەر خێزانێكی ئیسرائیلی دا كە بەرخێك بێ كەم و كوڕی بكەنە قوربانی و خوێنەكەی بساونە چوارچێوەی دەرگاكانی خانووەكانیان. خودا بەڵێنی دا و فەرمووی، (كاتێك خوێنەكە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم! (دەرچوون ١٢: ١٣)

خەڵكی ئیسرائیل خودا فەرمانی چی پێیان دابوو كردیان و لە دەرئەنجامدا، خودا نۆبەرە كوڕەكانیانی ڕزگار كرد لە مردن. خودا ڕزگاریانی كرد بە خوێنی بەرخێك.

بۆ ماوەی هەزار و پێنج سەد ساڵ، جولەکە بەرخیان دەکردە قوربانی هەموو ساڵێك لە فیستیڤاڵی پەسخە، بۆ ئەوەی یادەوەری ئەوە بکەن چۆن خودا ڕزگاریانی کرد لە پەتای مردن کەوا بەسەر خاکی میسردا هات. بەڵام خودا نەیویست ئەوان تەنها یادەوەری ئەوەی ڕووی دا بکەن. لە ڕێگای قوربانی بەرخانەوە، خودا ویستی ئەوان بەپەرۆش بن و چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بن کاتێ مەسیح خۆینی خۆی دەڕێژێ لەسەر خاچەکە. ئەو خوێنەی کە مەسیح دەیڕێژێ گوناهباران ڕزگار دەکات لەو پەتایەی کە لە هەموو پەتایەك خراپترە: ئاگری تاهەتایی دۆزەخ! مردنی ڕزگاری دەرەکە لەسەر خاچەکە دەبێتە دوایەمین و تەواوترین قوربانی کەوا دادوەری ڕاستودروستی خودا داوای دەکرد. خودا بە دانایی خۆی، پلانی دانا کەوا ڕزگاری دەرەکە خوێنی خۆی دەڕێژێ لە ڕۆژی جەژنی پەسخە و بەو شێوەیە هێمای قوربانی بەرخەکە دێنێتە دی. بۆیە، عیسای ڕزگاری دەر پلانەکە تەواو دەکات کەوا خودا دایڕێتووە بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بکات لە دادوەری ڕاستودروستی خۆی.

با ئێستاش بگەڕێینەوە ئەنجیل، لەو ئایەتە دەست پێدەکەینەوە کە تازە خوێندمانەوە.

(مەتا ٢٦) [١] کاتێ عیسا ئەم وتانەی هەموو تەواو کرد، بە قوتابییەکانی خۆی فەرموو: [٢] (دەزانن پەسخە دوو ڕۆژی ماوە. کوڕی مرۆڤیش بە گرتن دەدرێت تاکو لە خاچ بدرێت.) [٣] ئینجا کاهینانی باڵا و پیرانی گەل لە کۆشکی سەرۆکی کاهینان کە ناوی قەیافا بوو کۆببوونەوە، [٤] پێکەوە تەگبیریان دەکرد، بە فێڵێک عیسا بگرن و بیکوژن. [٥] بەڵام وتیان: (بەڵام نەک لە جەژندا، نەوەک ئاژاوە بکەوێتە ناو خەڵک.)... [١٤] ئینجا یەکێک لە دوازدەکە کە ناوی یەهوزای ئەسخەریوتی بوو، بۆ لای کاهینانی باڵا ڕۆیشت، [١٥] وتی: (چیم دەدەنێ تاکو بیدەمە دەستتان؟) ئەوانیش سی دراوی زیویان بۆ کێشا. [١٦] ئیتر بۆ هەلێک دەگەڕا تاکو بە گرتنی بدات.

(مارقۆس ١٤) [١٢] لە یەکەمی جەژنی فەتیرەدا، کە قوربانی پەسخەیان دەکرد، قوتابییەکانی پێیان وت: (دەتەوێ بچینە کوێ ئامادە کاری بکەین، تاکو پەسخە بخۆیت؟) [١٣] ئەویش دووان لە قوتابییەکانی نارد، پێی فەرموون: (بڕۆنە ناو شار، پیاوێک تووشتان دەبێت گۆزەیەک ئاوی هەڵگرتووە، دوای بکەون. [١٤] لەکوێ چووە ژوورەوە، بە خاوەن ماڵەکە بڵێن: (مامۆستا دەفەرموێ: کوا دیوەخانەکەم تاکو لەگەڵ قوتابییەکانم پەسخەی تێدا بخۆم؟) [١٥] ئەویش لە نهۆمی سەرەوە ژوورێکی گەورەتان پیشان دەدات، ڕاخراوە و ئامادە کراوە، لەوێ بۆمانی ئامادە بکەن.) [١٦] قوتابییەکان ڕۆیشتن و هاتنە شار، وەک پێی فەرموبوون بینییان و پەسخەیان ئامادە کرد.

(لۆقا ٢٢) [١٤] کە کاتەکە هات عیسا پاڵی دایەوە، نێردراوانیش لەگەڵی بوون. [١٥] پێی فەرموون: (زۆر ئارەزووم کرد پێش ئازار چێژتنم ئەم پەسخەتان لەگەڵ بخۆم. [١٦] چونکە پێتان دەڵێم: ئیتر لێی ناخۆم تاکو لە شانشینی خودا دێتە دی.) (مارقۆس ١٤) [١٨] پاڵیان دابۆوە نانیان دەخوارد، عیسا فەرموی: (ڕاستیتان پێ دەڵێم، یەکێکتان وا لەگەڵم دەخوات، بە گرتنم دەدات.) [١٩] خەم دایگرتن و لەدوای یە کتری وتیان: (خۆ من نیم؟) [٢٠] پێی فەرموون: (یەکێکە لە دوازدەکە، ئەوەی لەگەڵم دەستی لەناو قاپەکەیە. [٢١] چونکە کوڕی مرۆڤ دەبێت وەکو لەسەری نووسراوە بڕوات، بەڵام قوڕ بەسەر ئەوەی کوڕی مرۆڤ بە گرتن دەدات! باشتر بوو بۆ ئەو کەسە هەر لەدایک نەبووایە.) (مەتا ٢٦) [٢٥] ئینجا یەهوزا، ئەوەی بە گرتنی دەدات، وەڵامی دایەوە: (ڕابی، ئەو کەسە منم؟) پێی فەرموو: (خۆت وتت.) (یۆحەنا ١٣) [٣٠] ئەویش کە پارووەکەی وەرگرت یەکسەر دەرچوو. شەویش بوو. (مارقۆس ١٤) [٢٢] کاتێ نانیان دەخوارد، عیسا نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، پێی دان و فەرموی: (وەرگرن، ئەمە لەشی منە.) [٢٣] جامێکی هەڵگرت، سوپاسی کرد و پێی دان، هەموو لێیان خواردەوە. [٢٤] پێی فەرموون: (ئەمە خوێنی منە و بۆ پەیمانە، بۆ زۆران دەڕژێت...)

ئەوە ئەوەیە کە ئینجیل نووسراوە سەبارەت بە دوایەمین نانی ئێوارە کە عیسا خواردی لەگەڵ قوتابییەکانی، پێش ئەوەی خوێنی خۆی برێژێ وەك قوربانی کەوا گوناە دەسڕێتەوە. عیسا بەدوازدە قوتابییەکەی ڕاگەیاند کە یەکێك لەوان خیانەتی لێ دەکات. یەهوزای ئەسخەریوتی بوو. لە ڕوانگەی مرۆڤەوە، یەهوزا قوتابییەکی دڵسۆز بوو، بەڵام لە دڵیدا، یەهوزا تەنها گرنگی دەدا بە پارە و ماڵی دونیا. لەبەر ئەوە بوو چووە لای کاهینانی باڵا و پێیانی ووت، (چیم دەدەنێ تاکو بیدەمە دەستتان؟) بۆیە کاهینەکان سی پارچە زیویان بۆی ژمارد. ئەم شتە ڕووی دا بۆ ئەوەی ئەوە جێ بەجێ بکات کە پێغەمبەر زەکەریا پێش بینی کرد سەدان ساڵ لەوە پێش، کاتێ نووسی کە مەسیح بۆ سی پارچە زیو خیانەتی لێ دەکرێ. (تەماشای زەکەریا ١١: ١٢، ١٣)

بەهەرحاڵ، گرنگترین شت لەوەی ئێستا خوێندمانەوە ئەوەیە کە عیسا فەرمووی کاتێ نانەکە و جامەکەی بەش کرد لەگەڵ قوتابییەکانی. با دووبارە بیخوێنینەوە: (مارقۆس ١٤) [٢٢] کاتێ نانیان دەخوارد، عیسا نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، پێی‌دان و فەرمووی: (وەرگرن، ئەمە لەشی منە.) [٢٣] جامێکی هەڵگرت، سوپاسی کرد و پێی‌دان، هەموو لێیان خواردەوە. [٢٤] پێی فەرموون: (ئەمە خوێنی منە و بۆ پەیمانە، بۆ زۆران دەڕژێت...)

بۆیە دەبینین چۆن عیسا دوو هێمای خستە بەردەم قوتابییەکانی: هێمای نانەکە و هێمای جامەکە. ئەو نانەی کە عیسا کەرتی کرد و دایە قوتابییەکانی، نیشاندەری جەستەی بوون، کەوا بەرەو ئەوەبوو بیکات بەقوربانی. جامی ئاوی تریێکەش نیشاندەری ئەو خوێنە بوو کە عیسای ڕزگاری دەر دەیڕژێ بۆ ئەوەی قەردی گوناە بداتەوە بۆ نەوەکانی ئادەم تاکو بتوانن لە حزووری خودا بژین تاهەتا.


بەو شێوەیە، لە ڕێگای هێمای نانەکە و هێمای جامەکەوە، عیسا قوتابییەکانی فێر کرد کەوا هۆی هاتنی بۆ جیهان ئەوە بوو ژیانی خۆی ببەخشێ – جەستە و خوێنی خۆی – وەک قوربانی بۆ گوناهباران. وەک چۆن هەموو کەس لەسەر زەوی دەبێت خواردن و ئاو بخوات تاکو لە ژیاندا بمێنێتەوە، بە هەمان شێوە هەرکەسێک بیەوێ لە بەهەشت لەگەڵ خودا بژیت تاهەتا دەبێت باوەڕ بێنێت کە عیسای مەسیح جەستە و خوێنی خۆی بەخشی بۆ ئەوەی ژیانی تاهەتاییمان پێ ببەخشێ. پەروەردگار عیسای مەسیح تاکە کەسیە کە بتوانێ ژیانی تاهەتایی ببەخشێ و ئەو خوێنەی ئەو ڕشتی تاکە چارەسەری خودایە بۆ ئەوەی تۆ و من ڕزگار بکات لەو لە عنەتەی گوناە هێنای.

ئەگەر تەنها یەک شت لە بیرت بپارێزی لە دیراسەتی ئەمڕۆمان، دەبا ئەم شتە بێت: عیسای مەسیح هاتە جیهانەوە بۆ ئەوەی باری گوناهی تۆ هەڵبگرێ. ئەوە پەیامی پێغەمبەرانی خودایە. ئەوە مانای ئەو بەرانەیە کە ئیبراهیم کردیە قوربانی لەشوێنی کوڕەکەی. ڕێگای لێ خۆش بوون ڕێگای قوربانی تەواوە. خودا دەتوانێ لە گوناهەکانت خۆش بێت لە ڕێگای قوربانی ڕزگاری دەرەکە، کەوا خوێنی خۆی بۆ تۆ ڕشت. بۆ هەزاران ساڵ خودا داوای قوربانی ئاژەڵی کرد تاکو گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم داپۆشێ. ئەوە پەیمانی کۆنە، کەوا خودا بەخشی بە پێغەمبەرەکانی. بەڵام عیسای مەسیح ئەو کەسە بوو کە پەیمانی نوێی هێنا. ئەو ئەو کەسەیە کە هێمای قوربانی ئاژەڵی جێ بەجێ کرد. عیسای مەسیح خۆی دوایەمین بەرخی پەسخەیە کە سەربڕا، بۆ ئەوەی هەرکەسێک باوەڕی پێ بێنێ ڕزگاری بێت لە دادوەری ڕاستودروستی خودا. لەبەر ئەوە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (عیسا مەسیحی قوربانی پەسخەمان سەربڕا.) (١ کۆرنسۆس ٥: ٧) (ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناە، تاکو لە ئەودا ببینە ڕاستودروستی خودا.) (٢ کۆرنسۆس ٥: ٢١)

خوێنی عیسا بەهای تاهەتاییە. بخێنەوە ووشەی خودا چی ڕادەگەێنێ سەبارەت بەتوانای پاککردنەوەی خوێنی عیسا. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (خوێنی عیسای...لە هەموو گوناهێک پاکمان دەکاتەوە!) (١ یۆحەنا ١: ٧) (دەزانن بە شتی لەناوچووی وەک زێڕ و زیو نەکڕاونەتەوە، لەو ژیانە پووچەی لە باوباپیرانەوە بۆتان مابۆوە، [١٩] بەڵکو بە خوێنێکی گرانبەها، خوێنی مەسیح، وەک لە بەرخێکی بێ لەکە و کەموکوڕی. [٢٠] لەپێش دامەزراندنی جیهان هەڵبژێردرابوو، لە پێناوی ئێوەدا لەم ڕۆژگارانەی دوایی دەرکەوت. [٢١] بەهۆیەوە باوەڕتان بە خودا هەیە، ئەوەی لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە و شکۆی دایێ، کەوا هیوا و باوەڕتان بە خودا بێت.) (١ پەترۆس ١: ١٨–٢١)

با ئێوەش بەوردی بیر بکەنەوە لەوەی خوێندمانەوە، لەبەر ئەوەی خودا دەیەوێ توانای بینینی ناوەڕۆکی ئەم ڕاستییە گرنگانەتان بداتێ. لە دیراسەتی داهاتوودا پلانمان وایە چیرۆکی دوایەمی نانی ئێوارە تەواو بکەن و ببینین چۆن ڕابەرە ئایینیەکان چۆن عیسا دەستگیر دەکەن بۆ ئەوەی بیکوژن.

خودا بەرەکەتدارت بکات وەک بیر دەکەیتەوە لەو مانا قولڵ و بەرەکەتە مەزنەی لەناو ئەم ئایەتە هەیە لە ووشەی خودا، (خوێنی عیسای...لە هەموو گوناهێک پاکمان دەکاتەوە!) (١ یۆحەنا ١: ٧)



©

گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. عیسا چی فەرموو بە قوتابییەکانی؟

٢. لەبەر ئەوە بوو چووە لای کاهینانی باڵا و پێیانی ووت، (چیم دەدەنێ تاکو بیدەمە دەستتان؟) کێیە ئەمە ووتی؟ بۆچی؟

٣. لە ڕێگای هێمای نانەکە و هێمای جامەکەوە، عیسا قوتابییەکانی چی فێر کرد؟

وانەی ٨٢: عیسا دەستگیر کرا

یۆحەنا ١٤ و مەتا ٢٦

لە وانەی ڕابردوو، دەربارەی دوایەمین نانی ئێوارە فێربووین کە عیسا خواردی لەگەڵ قوتابییەکانی پێش ئەوەی بمرێ. گوێمان لە پەروەردگار عیسا بوو بە دوازدە قوتابییەکانی ڕاگەیاند کەوا یەکێك لەوان خیانەتی لەگەڵ دەکا و دەیداتە دەستی دوژمنەکانی. هەروەها بینیمان عیسا نان و جامەکەی دابەشی قوتابییەکانی کرد و پێیانی فەرموو کە ئەو نانەی دابەشی سەریانی کرد نیشاندەری جەستەیەتی کەوا خەریکە بیبەخشێ وەك قوربانی، و ئەو جامەی ئاوی تریێی لەناو بوو نیشاندەری ئەو خوێنەیە کەوا خەریکە بیڕێژێ. بۆیە، عیسا دووبارە بە قوتابییەکانی نیشان دا کەوا هۆی هاتنی ئەو بۆ جیهان ڕشتنی خوێنی خۆی وەك قوربانی گوناە لادەبات و ژیانی تاهەتایی دەبەخشێ.

ئێستا پلانمان وایە بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیل لە ووشەی بنچینەیی و جوانی زیاتر بێت کە پەروەردگار عیسا فەرمووی لەو شەوەی پاسەوانانی پەرستگا هاتن بۆ دەستگیرکردنی. لە بەشی چواردەهەمی ئینجیلی یۆحەنا دەخوێنینەوە. عیسا، ئەوەی زانی کاتی ئەوە هاتووە ژیانی خۆی ببەخشێ، لەگەڵ قوتابییەکانی دوا و فەرمووی، (یۆحەنا ١٤) [١] دڵتەنگ مەبن. پشت بە خودا ببەستن، پشت بە منیش ببەستن. [٢] ماڵی باوکم ژووری زۆری لێیە، ئەگینا پێم دەووتن. من دەڕۆم تاکو شوێنتان بۆ ئامادە بکەم. [٣] جا کە ڕۆیشتم و شوێنم بۆ ئامادەکردن، دێمەوە و دەتانبەمە لای خۆم، تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە من لێی دەبم. [٤] ئێوەش ڕێگای ئەو شوێنە دەزانن کە بۆی دەچم.)

[٥] تۆماس پێیووت: (گەورەم، نازانین بۆ کوێ دەڕۆیت، چۆن ڕێگاکە بزانین؟) [٦] عیساش پێی فەرموو: (منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوکەکە بەهۆی منەوە نەبێت. [٧] ئەگەر منتان بناسیبووایە، باوکیشمتان دەناسی. لە ئێستاوە دەیناسن و بینیووتانە.) [٨] فیلیپۆس پێیووت: (گەورەم، باوکەکەمان پیشان بدە و بەسمانە.) [٩] عیساش پێی فەرموو: (فیلیپۆس، ئایا ماوەیەکی درێژە لەگەڵتانم و نەتناسیوم؟ ئەوەی منی بینیوە باوکەکەی بینیوە. ئیتر چۆن دەڵێی: (باوکەکەمان پیشان بدە)؟ [١٠] ئایا باوەڕ ناکەی من لە باوکەکەدام و باوکەکەش لە من دایە؟ ئەو قسانەی پێتانی دەڵێم لە خۆمەوە نایڵێم، بەڵکو باوک کە لە منـدا نیشتەجێیە، ئەو کارەکانی خۆی دە کات. [١١] باوەڕم پێ بکەن کە لە باوکەکەدام و باوکەکەش لە من دایە، ئەگەر نا بەهۆی کارەکان خۆیانەوە باوەڕ بکەن.

[١٥] ئەگەر منتان خۆشبوویێ ڕاسپاردەکانم دەپارێزن. [١٦] منیش داوا لە باوک دەکەم یارمەتیدەرێکی دیکەتان بداتێ کە تاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە، [١٧] ڕۆحی ڕاستی، کەوا جیهان ناتوانێت وەری بگرێت، چونکە نایبینێت و نایناسێت. بەڵام ئێوە دەیناسن، چونکە لەگەڵتان دە مێنێتەوە و لە ئێوەدا دەبێت. [١٨] بە هەتیوی بەجێتان ناهێڵێم، دێمەوە لاتان. [١٩] پاش کەمێک ئیتر جیهان نامبینێت، بەڵام ئێوە دە مبینن. چونکە زیندووم و ئێوەش دەژین. [٢٠] لەو ڕۆژەدا دەزانن من لە باوکمدام، ئێوەش لە منـدان، منیش لە ئێوەدام. [٢١] ئەوەی ڕاسپاردەکانی منی لەلایە و دەیپارێزێت، ئەوا منی خۆشدەوێت. ئەوەی منی خۆشبوویێ، باوکم خۆشیدەوێت، منیش خۆشمدەوێت و خۆمی بۆ دەردەخەم.)... [٣٣] عیسا وەڵامی دایەوە: (ئەوەی منی خۆشبوویێ وشەکەم دەپارێزێت، باوکیشم خۆشیدەوێت و دێینە لای، لەلای ئەویش ماڵێک سازدەکەین. [٢٤] ئەوەی منیشی خۆشناوێت وشەکانم ناپارێزێت. ئەم وشەی گوێتان لێی دەبێت هی من نییە، بە ڵکو هی ئەو باوکەیە کە ناردوومی. [٢٥] ئەمانەم پێ وتن کە هێشتا لەلاتانم. [٣٦] بەڵام یارمەتیدەرەکە، ڕۆحی پیرۆز، ئەوەی باوک بە ناوی من دەینێرێت، ئەو هەموو شتێکتان فێردەکات و هەموو ئەو شتانەی پێم وتوون بیرتان دەخاتەوە. [٣٧] ئاشتیتان بۆ بەجێ دەهێڵم، ئاشتی خۆمتان دەدەمێ. ئەوەی من دەتاندەمێ وەک ئەوە نییە کە جیهان دەیدات. دڵتەنگ مەبن و مەترسن.

بەو شێوەیە پەروەردگار عیسا دڵی قوتابییەکانی دایەوە و ئامادەیانی کرد بۆ ئەوەی بەرەو ڕووداندە. تێ گەیشتی عیسا چی پێیان ڕاگەیاند سەبارەت بە یارمەتیدەرەکە؟ زۆر گرنگە لەمە تێ بگەی، لەبەر ئەوەی هەندێ خەڵك ووشەکانی عیسا خوار دەکەنەوە و هەوڵدەدەن باوەڕ بە مرۆڤ بێنن کە عیسا هاتنی پێغەمبەرێکی تری ڕادەگەیاند. بەڵام ئەوەی عیسا فەرمووی دەربارەی یارمەتیدەرەکە ناکرێ ئاماژە بکات نە بۆ پێغەمبەرێك و نە بۆ هیچ پیاوێك، لەبەر ئەوەی عیسا فەرمووی ئەم یارمەتیدەرە ڕۆحێکی

نادیار بوو کەوا دێت و لەناو قوتابییە ڕاستەقینەکانی عیسادا دەژی.

یارمەتیدەرەکە کێیە؟ پەروەردگار عیسا بە ڕوونی پێمان دەڵێت یارمەتیدەرەکە کێیە. دووبارە بخوێنەوە عیسا چی فەرموو، (منیش داوا لە باوک دەکەم یارمەتیدەرێکی دیکەتان بداتێ کە تاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە، ڕۆحی ڕاستی...لەگەڵتان دەمێنێتەوە و لە ئێوەدا دەبێت. بە هەتیوی بەجێتان ناهێڵم، دێمەوە لاتان... یارمەتیدەرەکە، ڕۆحی پیرۆز، ئەوەی باوک بە ناوی من دەینێرێت، ئەو هەموو شتێکتان فێردەکات و هەموو ئەو شتانەی پێم وتوون بیرتان دەخاتەوە.) (یۆحەنا ١٤: ١٦-١٧، ٢٦)

دووبارە پرسیارەکە دەکەینەوە: ئەو یارمەتیدەرە کێیە کە عیسا بەڵێنی پێ دا بە قوتابییەکانی؟ ڕۆحی پیرۆزە، کەوا لە خوداوە هات و لەناو عیسا بوو. ڕۆحی خودا و عیسایە . ئەو ڕۆحی پیرۆزە، ئەوەی خودا جێگیری دەکات لەناو دڵەکانی ئەوانەی باوەڕ بە عیسا وەک ڕزگاری دەر و پەروەردگاریان دێنن. عیسا بەڵێنی بە قوتابییەکانی دا کە پاش مردنی و هەڵسانەوەی و گەڕانەوەی بۆ ئاسمان، ئەوا ڕۆحی پیرۆزی خۆی بنێرێتە ناو دڵەکانیان بۆ ئەوەی دووبارەی دروستیان بکاتەوە و پاکیان بکاتەوە و بە هێزیان بکات و (بۆ هەموو ڕاستییەک ڕێنماییان بکات) (یۆحەنا ١٦: ١٣، و تیتۆس ٣: ٤-٧) لە چەن وانەی داهاتوو، دەبینین کە ئەم شتانە وەک خۆیان ڕوویاندا لە ئۆرشەلیم، کاتێ دە ڕۆژ لەپاش ئەوەی عیسا چووە ئاسمان، ڕۆحی پیرۆز هاتە خوارەوە و دەستی کرد بە ژیان لەناو دڵی هەموو قوتابییەکانی عیسا، هەروەک بەڵێنی پێ دا.

لە وانەی پاشتر زیاتر فێر دەبین دەربارەی ئەم یارمەتیدەرە، ڕۆحی پیرۆز، کەوا دەتوانێ کەسێکی خۆپەرستی گوناهبار بگۆڕێ بۆ کەسێک خودای خۆش بوێت و حەز بکات دڵی خۆش بکات. بەڵام ئێستا با بگەڕێنەوە بۆ لای ئینجیل بۆ ئەوەی بزانین چی ڕوویدا لەو شەوە نائاساییە لەپاش ئەوەی عیسا دوایەمین نانی ئێوارەی خوارد لەگەڵ قوتابییەکانی.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ٢٦) [30] ئینجا گۆرانی ڕۆحییان وت و بۆ کێوی زەیتوون دەرچوون. [31] ئینجا عیسا پێی فەرموون: (ئەم شەو هەمووتان ساتمەم لێدەکەن، چونکە نووسراوە: {لە شوانەکە دەدەم، مەڕی مێگەلەکە پەرت دەبن.} [32] بەڵام دوای هەڵستانەوەم، پێشتان دەکەوم بۆ جەلیل.) [33] پەترۆس وەڵامی دایەوە: (ئەگەر هەموو پشتت لێ بکەن، من قەت پشتت لێ ناکەم.) [34] عیسا پێی فەرموو: (ڕاستیت پێ دەڵێم: پێش ئەوەی کەڵەشێر بانگ بدات، سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت.) [35] پەترۆسیش پێیووت: (تەنانەت ئەگەر پێویست بکات لەگەڵیشت بمرم، هەرگیز نکۆڵیت لێ ناکەم.) قوتابییەکانیش هەموو وایان وت.

[36] دوای ئەوە عیسا لەگەڵیان بۆ شوێنێک چوو پێی دەووترا، گەتسیمانی، بە قوتابییەکانی فەرموو: (لێرە دانیشن، تاکو دەچمە ئەوێ نوێژ دەکەم.) [37] پەترۆس و دوو کوڕەکەی زەبدی برد و پەژارە و دڵتەنگی دایدەگرت. [38] پێی فەرموون: (زۆر دڵتەنگم خەریکە بمرم، لێرە بمێننەوە و شەوارەم لەگەڵ بگرن.)

[39] کەمێک چووە پێش و بە ڕوودا چووە سەر زەوی، نوێژی دەکرد و دەی فەرموو: (باوکە، ئەگەر دەکرێت ئەم جامەم لەسەر تێپەڕێت. بەڵام نەک وەک من دەمەوێت، بەڵکو تۆ.)

با بۆ ساتێک لێرە ڕاوەستین. جامی ئازارکێشان چییە کە عیسا بۆ خواردنەوەی ڕاگەیاند؟ بۆچی عیسا پەژارە و دڵ تەنگی دایگرتبوو تا مردن؟ عیسا لە پەژارەیەکی بێ وێنە بوو لەبەر ئەوی دەیزانی کاتی ئەوە هاتووە سزای گوناهی نەوەکانی ئادەم بکێژێ! ئەو کاتژمێرەی هەموو پێغەمبەرانی خودا پێشبینییان کردبوو هات! مرۆڤ ڕزگاری دەرەکە ئازار دەدەن و لە خاچی دەدەن، بەڵام سامناکترین شت بۆ عیسا زانینی ئەوە بوو کە خودای باوکی لە ئاسمان، ئەوەی خۆشی دەویست، و ئەوەی خۆشی دەوێ، بەرەو ئەوە بوو سزای گوناهی هەموو جیهان بخاتە سەر ئەو! لەبەر ئەو هۆیە بوو عیسا نوێژی کرد و فەرمووی: (باوکە، ئەگەر دەکرێت ئەم جامەم لەسەر تێپەڕێت. بەڵام نەک وەک من دەمەوێت، بەڵکو تۆ)

پاشان، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ٢٦) [40] هاتەوە لای قوتابییەکان، بینی نووستوون، بە پەترۆسی فەرموو: (ئەرێ نەتانتوانی کاتژمێرێک شەوارەم لەگەڵ بگرن؟ [41] شەوارە بگرن و نوێژ بکەن، نەوەک تاقی بکرێنەوە. چونکە ڕۆح چالاکە، بەڵام جەستە لاوازە.)

٤٢ دیسان ڕۆیشتەوە نوێژی کرد: (باوکە! ئەگەر ناکرێت ئەمە لەسەرم تێپەڕێت و هەر دەبێت بیخۆمەوە، با خواستی تۆ بێت.) ٤٣ دیسان هاتەوە و بینی نووستوون، چونکە چاویان قورس ببوو. ٤٤ ئیتر وازی لێ هێنان و چوو بۆ جاری سێیەم نوێژی دەکرد و هەمان شتی دە ووتەوە. ٤٥ دوایی هاتە لای قوتابییەکان و پێی فەرموون: (هێشتا نووستوون و پشوو دەدەن؟ ئەوەتا کات نزیکبۆتەوە و کوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەستی گوناهباران. ٤٦ هەستن با بڕۆین! ئەوەتا ئەوەی بە گرتنم دەدات نزیکبۆوە.)

٤٧ هێشتا ئەو قسەی دەکرد، ئەوەبوو یەهوزا هات کە یەکێک بوو لە دوازدەکە، کۆمەڵێکی زۆری لەگەڵبوو بە شمشێر و دارەوە لەلایەن کاهینانی باڵا و پیرانی گەلەوە نێردرابوون. ٤٨ ئەوەی بە گرتنی دا نیشانەیەکی پێدان و وتبووی: (ئەوەی ماچی دەکەم ئەوە خۆیەتی، بیگرن.) ٤٩ یەکسەر هاتە لای عیسا و وتی: (سڵاو ڕابی.) ئینجا ماچی کرد. ٥٠ عیساش پێی فەرموو: (هاوڕێ، ئەوەی بۆی هاتووی بیکە.) ئینجا هاتنە پێشەوە و عیسایان دەستبەسەر کرد و گرتیان.


٥١ لەناکاو یەکێک لەوانەی لەگەڵ عیسادان، دەستی درێژکرد و شمشێرەکەی هەڵکێشا، لە خزمەتکاری سەرۆکی کاهینانی دا و گوێی بڕی. (بەڵام عیسا...ئینجا دەستی لە گوێی دا و چاکی‌کردەوە. لوقا ٢٢: ٥٠) ٥٢ عیسا پێی فەرموو: (شمشێرەکەت بگەڕێنەوە شوێنی خۆی، چونکە هەموو ئەوانەی شمشێر هەڵدەگرن، بە شمشێر دەمرن. ٥٣ ئایا وا دەزانیت ناتوانم بانگی باوکم بکەم و زیاتر لە دوازدە لە شکر فریشتەم بۆ بنێرێت؟ ٥٤ بەڵام ئیتر چۆن نووسراوەکان دێنە دی، کە دەڵێن بەو شێوەیە پێویستە ڕووبدات؟) ٥٥ لەو کاتەدا عیسا بە خەڵکەکەی فەرموو: (وەک بۆ گرتنی ڕابەرێکی شۆڕشگێڕ بە کوتەک و شمشێرەوە هاتوون بمگرن؟ ڕۆژانە لە پەرستگا دانیشتبووم خە ریکی فێرکردن بووم، نەتانگرتم. ٥٦ بەڵام ئەمانە هەمووی ڕووی‌دا بۆ هاتنەدی نووسراوەکانی پێغەمبەران.) ئینجا هەموو قوتابییەکان بەجێیان هێشت و ڕایانکرد. ٥٧ ئەوانەی عیسایان گرت، بردییانە لای قەیافای سەرۆک کاهین، لەوێ مامۆستایان و پیران کۆببوونەوە.

بەو شێوەیە ئەمڕۆ بینیمان چۆن عیسا خۆی دایە دەستی ئەوانەی دەیانویست بیکوژن. ڕەنگە کەسانێك بپرسن: (بۆچی عیسا وای کرد بکەوێتە دەستی دوژمنانیەوە؟ ئەو کەسەی زیرەکانی هێور دەکرد و ڕۆحی پیسی دەردەکرد و کوێری چاك دەکردەوە و مردوو هەڵدەستاندەوە – بۆچی خۆی ڕزگار نەکرد لە دوژمنەکانی؟) عیسا خۆی فەرمووی بۆچی. کاتێ یەکێك لە قوتابییەکانی هەوڵی دا بیپارێزێ، عیسا پێی فەرمود، (شمشێرەکەت بگەڕێنەوە شوێنی خۆی... ئایا وا دەزانیت ناتوانم بانگی باوکم بکەم و زیاتر لە دوازدە لەشکر فریشتەم بۆ بنێرێت؟ بەڵام ئیتر چۆن نووسراوەکان دێنە دی، کە دەڵێن بەو شێوەیە پێویستە ڕووبدات؟) (مەتا ٢٦: ٥٢–٥٤)

بۆچی عیسا ڕێگای دا بەو شێوەیە دەستگیر بکرێت لەلایەن دوژمنەکانیەوە؟ ئەو وای کرد تاکو نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران بێنێتە دی، ئەوانەی بە بەردەوامی پێش بینیان کرد کە مەسیح دەبێت ئازار بکێژێ و خوێنی خۆی بڕێژێ وەك قوربانی کەوا گوناە لادەبات. ڕزگاری دەری ڕاستوردووست دەبوایە بمرێت بۆ ناڕاستودروستان بۆ ئەوەی بمانباتە لای خودا. عیسای مەسیح هاتە جیهانەوە تاکو ووشەکانی پێغەمبەران بێنێتە دی. ئەو هات تاکو مانای قوربانی بەرخ بێنێتە دی. ئەو هات تاکو من و تۆ ڕزگار بکات لە گوناهەکانمان. لەبەر ئەوە بوو ڕێگای دا دوژمنەکانی دەستگیری بکەن. عیسا ژیانی خۆی بۆ تۆ و بۆ من بەخشی. ستایش بۆ خودا لەبەر ناردنی ڕزگاری دەری ئاوا!

هیوادراین لە دیراسەتی داهاتووش لەگەڵمان بن بۆ ئەوەی ببینین چۆن کاهینانی باڵا و خەڵکی ئۆرشەلیم و سەرکردەکانیان هاوپەیمان بوون لە حوکم دانی عیسا و بەو شێوەیە ووشەکانی پێغەمبەرانیان هێنایە دی.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ ئەوە تۆش بەبیر دێتەوە کە عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو، (ژیانی خۆم دادەنێم تاکو وەری بگرمەوە. کەس لە منی ناستێنێت، بەڵکو خۆم دایدەنێم!) (یۆحەنا ١٠: ١٧,١٨)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. تێ گەیشتی عیسا چی پێیان ڕاگەیاند سەبارەت بە یارمەتیدەرەکە؟

٢. یارمەتیدەرەکە کێیە؟ ئەو یارمەتیدەرە کێیە کە عیسا بەڵێنی پێ دا بە قوتابییەکانی؟

٣. جامی ئازارکێشان چییە کە عیسا بۆ خواردنەوەی ڕاگەیاند؟ بۆچی عیسا پەژارە و دڵ تەنگی دایگرتبوو تا مردن؟

٤. بۆچی عیسا وای کرد بکەوێتە دەستی دوژمنانیەوە؟

٥. ئەو کەسەی زریانەکانی هێور دەکرد و ڕۆحی پیسی دەردەکرد و کوێری چاك دەکردوە و مردوو هەڵدەستاندەوە — بۆچی خۆی ڕزگار نەکرد لە دوژمنەکانی؟

٦. بۆچی عیسا ڕێگای دا بەو شێوەیە دەستگیر بکرێت لەلایەن دوژمنەکانیەوە؟

وانەی ٨٣ : عیسا حوکم دەدرێ

مەتا ٢٦، ٢٧ و یۆحەنا ١٨، ١٩

لە گەشتەکەمان بەناو نووسراوە پیرۆزەکان، بینیمان چۆن پێغەمبەرانی خودا پلانی ڕزگار بوونیان ڕاگەیاند کەوا خودا دایڕشت بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بکات لە سزای تاهەتایی. ئەو پلانەی ڕزگاربوون چیە؟ مردنی مەسیحە لەسەر خاچەکە. پێغەمبەرانی خودا گەواهیان دا کەوا مەسیحی ڕاستودروست دەبێت بمرێت، خوێنی خۆی بڕێژێ بۆ ناڕاستودروستان و سزای گوناهەکانمان بکێژێ وەک بەرخێکی بێ تاوانی قوربانی. ئەمە تاکە ڕێگا بوو کە خودا بتوانێ لە گوناهەکانمان خۆش بێت و بە ڕاستودروست دادوەرییمان بکات بەبێ ئەوەی لە ڕاستودروستی خۆی دەرچێ. لە دیراسەتەکەمان لە نووسراوە پیرۆزەکان کە بەپێی کاتی ڕوودانە ئێستا لە نزیک گرنگترین چیرۆکین لە هەموو چیرۆکەکان، ئەویش چیرۆکی مێژوویی مردن و هەلسانەوەی مەسیحە. بە پشتیوانی خودا، لە وانەی ئەمڕۆ و لە وانەکانی داهاتوودا دەبینین چۆن عیسای مەسیح ژیانی خۆی بەخشی تاکو گوناهی هەموو جیهان بکێژێ.

لە وانەی ڕابردوومانداء، بینیمان چۆن کاهینانی باڵا خیانەتکارێکایان کڕی گرت کەوا ڕێنماییانی کرد بۆ ئەو شوێنەی عیسا و قوتابییەکانی لێبوو. بینیمان چۆن عیسایان دەستگیر کرد و ڕاپێچیان کرد. سەرسوڕهێنەرە! بۆچی عیسا، پڕە لە هێزی خودا، ڕێگای بە دوژمنەکانی دا بیگرن؟ ئەو ڕێگای پێیان دا بیگرن تاکو بتوانی نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران بێنێتە دی کەوا پێشبینی کرد و فەرمووی کە مەسیح دەبێ ئازار بکێژێت و بمرێت و لە مردن هەڵسێتەوە لە سێیەم ڕۆژ، بۆ ئەوەی هەر کەسێ باوەڕی پێ بێنێ لێ خۆش بوون وەربگرێ لە گوناە، هەروەک پێغەمبەران پێش بینیان کردبوو مەسیح دەبێت (وەک بەرخ بۆ سەربڕین ببردرێت.) (ئیشایا ٥٣: ٧)

ئێستاش با بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چی ڕووی دا لەو شەوە تاریکەدا، لەپاش ئەوەی ڕابەرە ئایینیەکان عیسایان دەستگیر کرد. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مارقۆس ١٤) [٥٣] عیسایان بردە لای سەرۆک کاهین، هەموو کاهینانی باڵا و پیران و مامۆستایانی یاسا لەوێ کۆبوونەوە. [٥٤] پەترۆسیش دووربەدوور تاکو ناو حەوشەی سەرۆکی کاهینان دوای کەوت، لەگەڵ خزمەتکاران لەبەردەم ئاگر دانیشتبوو خۆی گەرم دەکردەوە.

[٥٥] کاهینانی باڵا و هەموو سەنهەدرین بەدوای شایەتییەک دەگەڕان لەسەر عیسا تاکو بیکوژن، بەڵام دەستیان نەکەوت. [٥٦] چونکە کەسانێکی زۆر بە درۆ شایەتییان لەسەری دا و شایەتییەکانیان کۆک نەبوو. [٥٧] هەندێک هەڵستان و بە درۆ شایەتییان لەسەری دا و وتیان: [٥٨] (گوێمان لێبوو دەیووت: (ئەم پەرستگایەی دەستکردە دەیڕوخێنم، بە سێ ڕۆژ یەکێکی دیکە بنیاد دەنێم کە دەستکرد نەبێت.)) [٥٩] لەمەشدا شایەتییەکەیان کۆک نەبوو. [٦٠] سەرۆک کاهینیش لەناوەڕاست ڕاوەستا و لە عیسای پرسی: (هیچ وەڵام نادەیتەوە؟ ئەوانە شایەتی چی لە دژت دەدەن؟) [٦١] بەڵام عیسا بێدەنگ مایەوە و هیچ وەڵامی نەدایەوە. دیسان سەرۆک کاهین لێی پرسی و پێیووت: (ئایا تۆ مەسیحەکەی، کوڕی ستایشکراوەکەی؟) [٦٢] عیسا فەرمووی: (من ئەوم. {کوڕی مرۆڤ دەبینن لە دەستەڕاستی توانادار دادەنیشێت و لەگەڵ هەوری ئاسمانەوە دێتەوە.}) [٦٣] سەرۆک کاهین جلەکانی خۆی دادڕی و وتی: (ئیتر چ پێویستیمان بە شایەت هەیە؟ [٦٤] خۆ گوێتان لە کفرەکە بوو، ڕاتان چییە؟) هەموو بڕیاریان دا کە شایانی مردنە. [٦٥] هەندێک دەستیان پێ کرد تفی لێ بکەن، ڕووی داپۆشن و لێی بدەن، پێیان دەووت: (پێشبینی بکە!) خزمەتکارانیش گرتییان و دایانە بەر شەق.

[٦٦] پەترۆس لە خوارەوە لە حەوشە بوو، یەکێک لە کارەکەرانی سەرۆک کاهین هات. [٦٧] پەترۆسی بینی خۆی گەرم دەکاتەوە، تێی ڕووانی و وتی: (تۆش لەگەڵ عیسای ناسیرەیی بوویت.) [٦٨] نکۆڵی کرد و وتی: (نازانم، تێناگەم چی دەڵێی.) دەرچووە دالانەکە. [ئینجا کەڵەشێر بانگی دا.] [٦٩] کارەکەرەکە بینییەوە، بەوانەی وتەوە کە لەوێدا ڕاوەستابوون: (ئەمەش لەوانە.) [٧٠] دیسان نکۆڵی کرد. پاش کەمێک ئەوانەی لەوێدا ڕاوەستابوون، بە پەترۆسیان دەووت: (بە ڕاستی تۆ لەوانیت، چونکە تۆش جەلیلیت.) [٧١] دەستی‌کرد بە نەفرەت کردن و سوێندخواردن: (ئەم کابرایەی باسی دەکەن نایناسم.) [٧٢] یەکسەر کەڵەشێر بۆ دووەم جار بانگی دا، پەترۆسیش قسەی عیسای بیرکەوتەوە کە پێی فەرموبوو: (پێش ئەوەی دوو جار کەڵەشێر بانگ بدات، سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت.) خۆی

پێ نەگیرا و گریا.

(مەتا ٢٧) [١]کاتێ ڕۆژبۆوە، هەموو کاهینانی باڵا و پیرانی گەل تەگبیریان لە عیسا کرد تاکو بیکوژن. [٢]جا بەستیانەوە و بردییان و دایانە دەست پیلاتۆسی فەرمانڕەوا. [٣]ئینجا یەهوزا، ئەوەی بە گرتنی دا کە بینی عیسا بڕیاری بەسەردا درا، پەشیمانبۆوە، سی دراوە زیوەکەی بۆ کاهینانی باڵا و پیران گەڕاندەوە و [٤]وتی: (گوناهم کرد کە خوێنێکی بێتاوانم بە گرتن دا.) وتیان: (بە ئێمە چی؟ خۆت دەزانیت.) [٥]ئەویش زیوەکانی لە پەرستگادا فڕێدا و ڕۆیی، چوو خۆی هەڵواسی.

(یۆحەنا ١٨) [٢٨]بەیانییەکەی جولەکەکان عیسایان لەلای قەیافاوە بۆ کۆشکی فەرمانڕەوایی برد. ئەوان نەچوونە ژوورەوەی کۆشک، نەوەک گاڵاو ببن، بەڵکو بتوانن پەسخە بخۆن. [٢٩]پیلاتۆسیش هاتە دەرەوە و وتی: (چ سکاڵایەکتان لەسەر ئەم پیاوە هەیە؟) [٣٠]وەڵامیان دایەوە: (ئەگەر خراپەکار نەبووایە، نەماندەدایە دەستتەوە.) [٣١]پیلاتۆسیش پێیووتن: (ببیەن، بەگوێرەی شەریعەتی خۆتان حوکمی بدەن.) جولەکەکان پێیان وت: (دروست نییە ئێمە کەس بکوژین.) [٣٢]ئەمەش ڕووی‌دا تاکو قسەی عیسا بێتە دی کە ئاماژەیە بۆ ئەو مردنەی کە دەمرێت.

[٣٣]بۆیە پیلاتۆس چووە ناو کۆشکەکە، بانگی عیسای کرد و پێیووت: (تۆ پاشای جولەکەی؟) [٣٤]عیسا وەڵامی دایەوە: (تۆ لە خۆتەوە ئەمە دەڵێی، یاخود خەڵکی دیکە باسی منیان بۆ کردووی؟) [٣٥]پیلاتۆس وەڵامی دایەوە: (ئایا من جولەکەم؟ گەلەکەت و کاهینانی باڵا تۆیان داوەتە دەستی من. چیت کردووە؟) [٣٦]عیسا وەڵامی دایەوە: (پاشایەتی من لەم جیهانە نییە. ئەگەر پاشایەتی من لەم جیهانە بووایە، زمەتکارانم دەجەنگان تاکو نەدرێمە دەست جولەکە. بەڵام پاشایەتی من لێرە نییە.) [٣٧]ئینجا پیلاتۆس پێیووت: (کەواتە تۆ پاشای؟) عیسا وەڵامی دایەوە: (تۆ دەڵێی کە من پاشام. بۆ ئەمە لەدایک بووم و بۆ ئەمەش هاتوومەتە جیهان، تاکو شایەتی بۆ ڕاستی بدەم. هەر کەسێک لە ڕاستییەوە بێت گوێ لە دەنگم دەگرێت.) [٣٨]پیلاتۆس پێیووت: (ڕاستی چییە؟) کە ئەمەی وت دیسان بۆ لای جولەکەکان چووە دەرەوە و پێیووتن: (هیچ خراپەیەکی تێدا نابینم. (لۆقا ٢٣) [٥]بەڵام مکوڕ بوون و وتیان: (گەل دەوروژێنێت، لە هەموو یەهودیا خەڵک فێردەکات، دەستپێک لە جەلیلەوە تاکو ئێرە.) [٦]کاتێ پیلاتۆس ئەمەی بیست، پرسیاری کرد ئاخۆ پیاوەکە جەلیلییە. [٧]کە زانی عیسا سەر بە دەسەڵاتی هێرۆدسە، بۆ هێرۆدسی نارد، کە لەو ڕۆژانەدا ئەویش لە ئۆرشەلیم بوو.

[٨]کاتێ هێرۆدس عیسای بینی، زۆر دڵخۆش بوو، چونکە دەمێک بوو چاوەڕوانی بینینی بوو، چونکە لەمەڕ ئەوی بیستبوو و بە ئومێد بوو ببینێت نیشانەیەک بەهۆی ئەو ببێت. [٩]جۆرەها پرسیاری لێکرد، بەڵام هیچ وەڵامی نەدایەوە. [١٠]کاهینانی باڵا و مامەکانیش ڕاوەستان و بە تووندی سکاڵایان لێی دەکرد. [١١]هێرۆدس و سەربازانی سووکایەتی و گاڵتەیان پێی دەکرد. جلێکی بریسکەداریان لەبەری کرد و ناردیانەوە بۆ پیلاتۆس. [١٢]پیلاتۆس و هێرۆدس لەو ڕۆژەدا لەگەڵ یەکتری بوونە دۆست، چونکە پێشتر دوژمنی یەکتری بوون.

[١٣]پیلاتۆس کاهینانی باڵا و پێشەوایان و گەلی بانگکرد و [١٤]پێیووتن: (ئەم پیاوەتان هێنایە لام وەک یەکێک خەڵک تێکبدات، ئەوەتا منیش لەبەردەمتان لێم کۆڵییەوە و هیچ تاوانێکم لەم پیاوەدا نەبینی لەوەی سکاڵای لێدەکەن. [١٥]نە هێرۆدسیش، چونکە بۆ لای ئێمەی ناردۆتەوە. ئەوەتا هیچ شتێکی نەکردووە شایانی مردن بێت!) [٣٩](یۆحەنا ١٨) بەڵام نەریتێکتان هەیە کە لە پەسخەدا یەکێکتان بۆ ئازاد بکەم. بۆیە دەتانەوێت پاشای جولەکەتان بۆ ئازاد بکەم؟) [٤٠]هاواریان کرد: (ئەمە نا! بەڵکو باراباس!). (لۆقا ٢٣) [١٩]ئەوەی لەبەر ڕاپەڕینێک کە لە شاردا ڕووی‌دا بوو و لەبەر کوشتن فڕێدرابووە بەندیخانەوە. [٢٠]پیلاتۆس دیسان بانگی کردن، دەیویست عیسا بەڕەڵا بکات. [٢١]بەڵام هاواریان دەکرد: (لە خاچی بدە! لە خاچی بدە!) [٢٢]بۆ جاری سێیەم پێیووتن: (بۆ؟ ئەمە چ خراپەیەکی کردووە؟ تاوانێکی تێدا نابینم کە سزایەکەی مردن بێت. بۆیە تەمبێی دەکەم و بەڕەڵای دەکەم.)

(یۆحەنا ١٩) [١]ئیتر پیلاتۆس عیسای برد و دایە بەر قامچی. [٢]سەربازەکان تاجێکیان لە دڕک چنی و خستیانە سەر سەری و جلێکی ئەرخەوانییان لەبەر کرد. [٣]لێی دەچوونە پێشەوە، دەیان‌ووت: (سڵاو، ئەی پاشای جولەکە!) و زللەیان لێی دەدا. (مەتا ٢٧:٣٠) تفیان لێکرد، قامیشەکەیان برد و بە سەریان‌دا کێشا (یۆحەنا ١٩) [٤]دیسان پیلاتۆس هاتە دەرەوە و پێیووتن: (بۆتانی دەهێنمە دەرەوە تاکو

بزانن هیچ خراپەیەکی تێدا نابینم!) ٥عیسا بە تاجی درکاوی و جلی ئەرخەوانییەوە هاتە دەرەوە، پیلاتۆس پێیووتن: (ئەوە پیاوەکەیە!) ٦کاتێ کاهینانی باڵا و پاسەوانان بینییان، هاواریان کرد: (لە خاچی بدە! لە خاچی بدە!) پیلاتۆس پێیووتن: (ئێوە ببەن و لە خاچی بدەن، چونکە خراپەی تێدا نابینم.) ٧جولەکە وەڵامیان دایەوە: (تەوراتمان هەیە. بەگوێرەی تەورات دەبێت بمرێت، چونکە خۆی کردۆتە کوڕی خودا.)

٨کاتێ پیلاتۆس گوێی لەم قسەیە بوو زیاتر ترسا. ٩گەڕایەوە ناو کۆشکەکە و بە عیسای وت: (خەڵکی کوێی؟) بەڵام عیسا هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. ١٠پیلاتۆس پێیووت: (قسەم بۆ ناکەیت؟ ئایا نازانیت دەسەڵاتم هەیە ئازادت بکەم یان لە خاچت بدەم؟) ١١عیسا وەڵامی دایەوە: (هیچ دەسەڵاتێکت بەسەر منەوە نییە، مەگەر لە سەرەوە پێت نەدرابێت. بۆیە ئەوەی منی داوەتە دەستت گوناهەکەی گەورەترە.)

١٢ئیتر پیلاتۆس هەوڵی دەدا ئازادی بکات، بەڵام جولەکە هاواریان دەکرد: (ئەگەر ئەمە ئازاد بکەیت، دۆستی قەیسەر نیت. هەر کەسێک خۆی بکاتە پاشا، دژی قەیسەر دەدوێت.)


(مەتا ٢٧) ٢٤پیلاتۆس بینی سوودی نییە و خەریکە ئاژاوە ڕوودەدات، ئاوی هێنا و لەبەردەم خەڵکەکە دەستی شوشت و وتی: (لە خوێنی ئەمە بێتاوانم! لە ئەستۆی ئێوەیە!) ٢٥گەل هەموو وەڵامیان دایەوە: (با خوێنی لە ئەستۆی ئێمە و منداڵمان بێت!) (مارقۆس ١٥) ١٥پیلاتۆسیش دەیویست خەڵکەکە ڕازی بکات، بارابای بۆ ئازاد کردن...و عیسای بۆ لەخاچدان بەدەستەوە دا.


بەو شێوەیە، هەموو شتێك وەك ئەوەی پێغەمبەر ئیشایا پێشبینی کرد نزیکەی حەفت سەد ساڵ لەوە پێش ڕووی دا، کاتێ سەبارەت بە مەسیح نووسی: (زوڵمی لێکرا، کەچی خۆی زەلیل کرد و دەمی نەکردەوە وەک بەرخ بۆ سەربڕین ببردرێت وەک مەڕ لەبەردەم ئەوانەی دەیبڕنەوە بێ دەنگ وو دەمی نەکردەوە.) (ئیشایا٥٣: ٧) ئیشایا هەروەها ئەم ووشانەی نووسی دەربارەی مەسیح، (پشتم دا بە لێدەران و ڕوومەتیشم بە موو ڕنان ڕووی خۆم نەپۆشی لە گاڵتەپێکردن و تف لێ کردن.) (ئیشایا ٥٠: ٦)

بینیمان چۆن ڕابەرە ئایینیەکانی جولەکە نووسینەکانی پێغەمبەرانیان هێنایە دی کاتێ مەسیحی ڕزگاری دەری پیرۆز و ڕاستودروستیان چەوساندەوە و ئازاریان دا و حوکمی مردنیان بۆ دەرکرد. باشە بۆچی ڕابەرە ئایینیەکان حوکمی مەسیحیان بە مردن دا؟ حوکمیان دا بە مردن لەبەر ئەوەی ئەوان نەیاندەتوانی بەرگەی ڕووناکی ڕاستی بگرن. عیسا ڕاستی پێیان فەرموو و ڕاستییەکە دوو ڕوویی و خراپەکاری ئەوانی دەرخست. عیسا خۆی ڕاستی بوو! ڕووناکییەکە هاتە جیهان بەڵام خەڵکی تاریکیان پێ باشتر بوو لەبەر کردەوە خراپەکانیان. لەبەر ئەوەی نەوەکانی ئادەم بەرگەی ڕووناکی ناگرن، تاکە چارەسەریان هەوڵدان بوو بیکوژێننەوە. نووسراوە پیرۆزەکان ئەوە ڕادەگەێنێ، کە دەفەرموێ: ڕووناکییەکەش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە و تاریکییەکە تێی نەگەیشت... هیچ سەرۆکێکی ئەم ڕۆژگارە تێنەگەیشتن، چونکە ئەگەر تێگەیشتبوونایە، خوداوەندی شکۆمەندیان لە خاچ نەدەدا...ئەو **(پەروەردگار عیسای مەسیح)** لە جیهاندا بوو، جیهانیش بەو بەدیهات، کەچی جیهان نەیناسی. ١١بۆ لای ئەوانەی خۆی هات، ئەوانەی خۆی پێشوازییان لێی نەکرد. ١٢بەڵام هەموو ئەوانەی پێشوازییان لێی کرد، ئەوانەی باوەڕیان بە ناوی هێنا، مافی پێدان ببنە منداڵی خودا.) (یۆحەنا ١: ٥ و ١ کۆرنسۆس ٢: ٧ و یۆحەنا ١: ١٠–١٢)

دڵنیا بە وانەی داهاتوو لەگەڵمان بیت کاتێ دەبینین چۆن نەوەکانی ئادەم ئەو ووشانەی هێنایە دی کە پێغەمبەر داود نووسیبوی لە زەبوورەکان سەبارەت بە مەسیح، کە دەفەرموێ: (دەست و پێیان کوونکردووم.) (زەبوورەکان ٢٢: ١٦)

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی ئەوە دەدەیت کە پێغەمبەر ئیشایا پێشبینی کرد زۆر لەوە پێش سەبارەت بەئازارەکانی مەسیح: (زوڵمی لێکرا، کەچی خۆی زەلیل کرد و دەمی نەکردەوە وەک بەرخ بۆ سەربڕین ببردرێت وەک مەڕ لەبەردەم ئەوانەی دەیبڕنەوە بێ دەنگ وو دەمی نەکردەوە.) (ئیشایا ٥٣: ٧)





گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئەو پلانەی ڕێگاربوون چیە؟

٢. بۆچی عیسا، پڕە لە هێزی خودا، ڕێگای بە دوژمنەکانی دا بیگرن؟

٣. بۆچی ڕابەرە ئایینیەکان حوکمی مەسیحیان بە مردن دا؟

وانەی ٨٤: عیسا لە خاچ دەدرێ

مەتا ٢٧، مارقۆس ١٥، لۆقا ٢٣، یۆحەنا ١٩

لە وانەی ڕابردوومانداا، بینیمان چۆن ڕابەرە ئایینیەکانی جولەکە عیسایان دەستگیر کرد و ڕاپێچیان کرد بەرەو ماڵی کاهینی باڵا لەو شەوەدا و بە شایەتی درۆ حوکمیان دا و بردیان بۆ لای پیلاتۆس، دەسەڵاتداری خاکەکە، تاکو بتوانن لە خاچی بدەن. سەربازەکان زۆر بە خراپی بە قامچی لە عیسایان دا، وا پاشان بەسیم تاجێکیان دروست کرد و خستیانە سەری، گاڵتەیان پێ دەکرد و پەلاماریان دەدا و تفیان لێ دەکرد و بەدار لەسەریان دەدا. بەو شێوەیە، نەوەکانی ئادەم حاشایان لە ڕاستودروستەکە کرد، پەروەردگار شکۆداری، کەوا لە ئاسمانەوە هاتبوو. ئەو خەڵکەی عیسایان ئازار دا ووشەکانی پێغەمبەرانیان ناناسی، لەگەڵ ئەوەشدا ووشەکانی پێغەمبەرانیان جێ بە جێ دەکرد کەوا ڕایگەیاندبوو مەسیح دەبێت ئازار بچێژێ بەم شێوەیە بەدەستی گوناهباران.

ئێستا بەردەوام دەبین لە ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چۆن عیسای مەسیح ئازاری چێژت و مرد لەسەر خاچەکە و بەو شێوەیە پلانی مەزنی خودا بۆ ڕزگار بوون جێ بە جێ کرد کەوا پێغەمبەرەکانی زۆر لەوە پێش ڕایانگەیاندبوو. پێش ئەوەی دەست بە وانەی ئەمڕۆ بکەین، پێویستە بزانیت کە کاتی عیسا لەسەر زەوی ژیا، حکومەتی ڕۆمانی جۆرە خەلکێکی تاوانباری لە سێدارە دەدا بە هەڵواسینیان بە بزمار لەسەر ستوونن یاخود دار یاخود خاچێکی دروستکراوی تایبەت. ئەم مردنە پێی دەوترێ لە خاچ دان. ئەم مردنە زۆر بە ئازار و شەرمەزاریە بۆ خراپترین تاوانباران هەڵگیرابوو.

ڕەنگە تۆ بپرسیت بۆچی خودا بڕیاری دەرکرد کە مەسیحی ڕاستودروست مردنێکی ئاوا بە ئازار و شەرمەزاری بمرێت. هۆی ئەوەی عیسا دەبوایە مردنێکی ئاوا سامناك بمرێت چونکە گوناە تاوانێکی سامناکە. گوناە کێشەی جیهانە. ئێمە هەموومان گوناهبارین و گوناهەکانمان ئیهانەیە بۆ خودای پیرۆز و ڕاستودروست! ئەگەر خودا لە گوناهەکانی من و تۆ خۆش بێت بێ ئەوەی لە ڕاستودروستی خۆی دەرچێ، ئەو کاتە خودا دەبێ دادوەری گوناهەکانمان بکات بە دادوەریەکی تەواو و دادپەروەرە. خودا ناتوانێ لە گوناهەکانمان خۆش بێت بە هەر شێوەیەك بێت. خودا دادوەرێکی ڕاستودروستە و دەبێت هەموو گوناهێك بە باشی سزا بدات. سزای گوناە مردنە و ئاگری تاهەتایی دۆزەخ. وا ئەو سزایەش دەبێت بە تەواوی بدرێت. مزگێنیە خۆشەکە ئەوەیە خودا ڕزگاری دەرێکی ڕاستودروستی بۆمان ناردووە بۆ ئەوەی سزای تەواوی گوناهەکانمان بداتەوە. عیسا ئەو ڕزگاری دەرە ڕاستودروست و بااڵدەستەیە. ئەو هات تاکو ڕزگارمان بکات لە تورەیی خودا کەوا دەبێت بەسەرماندا بێت لەبەر گوناهەکانمان.

ئێستاش بە دڵ و بە گیان، بخوێنەوە کاتێ لە ئینجیل چیرۆکی پیرۆزی عیسا و مردنی لەسەر خاچ دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یۆحەنا ١٩) [١٦] ئیتر (پیلاتۆس) دایە دەستیان تاکو لە خاچ بدرێت. ئەوانیش عیسایان برد. [١٧] بە خۆی خاچەکەی هەڵگرتبوو، دەرچوو بۆ ئەو شوێنەی پێی دەووترێ شوێنی کاسەسەر، بە عیبریش پێی دەووترێ گولگۆسا.

(لۆقا ٢٣) [٣٣] کاتێ بردییان، شیمۆنی کورێنییان گرت کە لە کێڵگە دەهاتەوە، خاچەکەیان خستە سەری تاکو بەدوای عیساوە هەڵیگرێت. [٢٧] حەشاماتێکی زۆری خەڵک و لەو ژنانەی شینیان دەکرد و بۆی دەگریان دوای کەوتن... [٣٢] دوو تاوانباری دیکەشیان هێنا تاکو لەگەڵ ئەودا بکوژرێن. [٣٣] کاتێ گەیشتنە ئەو شوێنەی بە کاسەسەر ناودەبرا، لەوێ لەگەڵ تاوانبارەکان لە خاچیان دا، یەکێک لەلای ڕاستی و ئەوی دیکە لەلای چەپ. [٣٤] عیساش وتی: (باوکە، لێیان خۆش بە، چونکە نازانن چی دەکەن.)... [٣٥] خەڵکەکە ڕاوەستابوون سەیریان دەکرد، سەرۆکەکان گاڵتەیان پێ دەکرد و دەیانووت: (خەڵکی دیکەی ڕزگار کرد، ئەگەر ئەمە مەسیحی خودایە، بژاردەکەیە، با خۆی ڕزگار بکات!) [٣٦] سەربازانیش دەهاتنە لای گاڵتەیان پێ دەکرد، سرکەیان بۆی ڕادەگرت، [٣٧] دەیانووت: (ئەگەر تۆ پاشای جولەکەیت، خۆت ڕزگار بکە!)

(یۆحەنا ١٩) [١٩] پیلاتۆسیش ناونیشانێکی نووسی و لەسەر خاچەکەی دانا، نووسرابوو: (عیسای ناسیرەیی، پاشای جولەکە.) [٢٠] جولەکەیەکی زۆر ناونیشانەکەیان خوێندەوە، چونکە ئەو شوێنەی عیسای تێدا لە خاچ درابوو لە شار نزیک بوو. بە عیبری و بە

لاتینی و بە یۆنانی نووسرابوو. [٢١] کاهینانی باڵای جولەکە بە پیلاتۆسیان وت: (مەنووسە: پاشای جولەکە، بەخۆی وتی: من پاشای جولەکەم.) [٢٢] پیلاتۆس وەڵامی دایەوە: (ئەوەی نووسیومە، نووسیومە.) [٢٣] کاتێک سەربازەکان عیسایان لە خاچ دا، جلەکانیان برد و کردیانە چوار پارچە، بۆ هەر سەربازێک پارچەیەک. کراسەکەشیان برد، کراسەکە بێ دروان بوو، لەسەرەوا یەک پارچە چنرابوو.

[٢٤] بۆیە بە یەکتریان وت: (با نەیدڕێنین، تیروپشکی لەسەر دەکەین بۆ کێ دەبێت.) تاکو نووسراوەکە بێتە دی کە فەرموویەتی: {جلوبەرگەکەی منیان لەنێو خۆیان بەشکرد و تیروپشکیان لەسەر بەرگەکەم هاوێشت.} جا سەربازەکان ئەمەیان کرد.

(لۆقا ٢٣) [٣٩] یەکێک لە تاوانبارە هەڵواسراوەکان، کفری دژی دەکرد و دەیووت: (ئایا تۆ مەسیح نیت؟ دەی خۆت و ئێمەش ڕزگار بکە.) [٤٠] ئەوی دیکە وەڵامی دایەوە و سەرزەنشتی کرد: (لە خودا ناترسی، کە تۆش هەمان سزات بەسەر دراوە؟ [٤١] سزای ئێمە دادپەروەرانەیە، لە جیاتی کردارمانە وەری دەگرین، بەڵام ئەمە هیچ هەڵەی نەکردووە.) [٤٢] ئینجا وتی: (عیسا منت لەیاد بێت کاتێ لە شانشینەکەی خۆت دێی.) [٤٣] پێی فەرموو: (ڕاستیت پێ دەڵێم: ئەمڕۆ لەگەڵ من لە بەهەشتدا دەبیت.)

(مارقۆس ١٥) [٣٣] بووە کاتژمێر دوازدە، تاکو کاتژمێر سێ تاریکایی بەسەر هەموو زەوییەوە بوو. [٣٤] لە کاتژمێر سێ، عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: ({ئێلی، ئێلی، لەما شەبەقتانی؟}) واتا، {خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام؟} [٣٥] هەندێک لە ئامادەبووان گوێیان لێبوو، وتیان: (ئەوە بانگی ئەلیاس دەکات.)

[٣٦] یەکێک ڕایکرد و ئەسفەنجێکی لە سرکە هەڵکێشا و بەسەر قامیشێکەوە دایێ، وتی: (لێگەڕێن با ببینین ئەلیاس دێت دایبگرێت!)

(خەڵکەکە وایان ووت چونکە نەتێگەیشتن عیسا چی فەرموو و نەتێگەیشتن چی ڕووی دەدا. هەموو خاکەکە بەتەواوی تاریك بوو — لە نیوەڕۆوە تاکو پاش نیوەڕۆ. لەنێو ئەو کاتژمێرە تاریکانەدا خودا سزای گوناهەکانی هەموو نەوەکانی ئادەم خستە ئەستۆی ڕزگاری دەری پیرۆز، بۆ ئەوەی هەرکەسێك باوەڕی پێ بکات هەرگیز لەناو نەچێ! تەنانەت ناتوانین سەختی ئازارەکانی عیسا بێنینە پێش چاومان کە لەباتی ئێمە چێژتی.)

(یۆحەنا ١٩) [٢٨] دوای ئەمە، عیسا زانی ئەوا هەموو شتێک تەواو بوو و تاکو نووسراوەکە بێتە دی، فەرمووی: (تینوومە.) [٢٩] گۆزەیەکی پڕ لە سرکە دانرابوو، ئیسفەنجێکی پڕ لە سرکەیان خستە سەر لقە زوفایەک و بەرزیان کردەوە بۆ دەمی. [٣٠] کاتێ عیسا تامی سرکەکەی کرد، فەرمووی: (تەواو بوو.) (لۆقا ٢٣) [٤٦] عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: (باوکە، ڕۆحی خۆم بە دەستی تۆ دەسپێرم.) ئەمەی فەرموو و ڕۆحی سپارد.

(مارقۆس ١٥) [٣٨] پەردەی پەرستگاش لە سەرەوە تاکو خوارەوە شەقبوو و بووە دوو. [٣٩] ئەو سەرپەلەی بەرامبەر عیسا ڕاوەستابوو، گوێی لە هاواری بوو و بینی چۆن ڕۆحی سپارد، وتی: (بە ڕاستی ئەم مرۆڤە کوڕی خودا بوو!) [٤٠] چەند ژنێک لە دوورەوە تەماشایان دەکرد، لەنێوانیاندا مریەمی مەجدەلی و مریەمی دایکی یاقوبی بچووک و یوسی و سالومەیان لەگەڵبوو، [٤١] ئەمانە لە جەلیلەوە دوای عیسا کەوتبوون و خزمەتیان دەکرد، زۆری دیکەش لەگەڵی هاتبوونە ئۆرشەلیم.

(یۆحەنا ١٩) [٣١] ئینجا جولەکە داوایان لە پیلاتۆس کرد قاچی لەخاچدراوان بشکێندرێت و هەڵبگیردرێن، چونکە ڕۆژی ئامادەکاری بوو، ئەو شەممەیە ڕۆژێکی گەورە بوو، تاکو تەرمەکان لە شەممەدا لەسەر خاچ نەمێنن. [٣٢] ئینجا سەربازەکان هاتن و هەردوو قاچی ئەوەی یەکەم و ئەوی دیکەیان شکاند کە لەگەڵ عیسادا لە خاچ درابوون. [٣٣] بەڵام کاتێ هاتنە لای عیسا بینیان وا مردووە، قاچیان نەشکاند. [٣٤] بەڵام یەکێک لە سەربازەکان ڕمێکی لە کەلەکەی دا، یەکسەر خوێن و ئاو دەرچوو. [٣٥] ئەوەی بینی شایەتی دا، شایەتییەکەشی ڕاستە، خۆشی دەزانێت کە ڕاست دەڵێت، تاکو ئێوە باوەڕ بهێنن. [٣٦] ئەمە ڕووی‌دا تاکو نووسراوەکە بێتە دی: {هیچ ئێسقانێکی ئەو ناشکێندرێت!} [٣٧] نووسراوێکی دیکەش دەفەرموێ: {تەماشای ئەوە دەکەن کە ڕمیان لێداوە.}

[٣٨] پاش ئەوە یوسفی خەڵکی ڕامە کە لە ترسی جولەکە بە نهێنی قوتابی عیسا بوو، داوای لە پیلاتۆس کرد تاکو تەرمی عیسا ببات، پیلاتۆسیش ڕێی دا. ئەویش هات و تەرمەکەی برد. [٣٩] نیقۆدیمۆسیش هات، ئەوەی یەکەم جار بە شەو هاتە لای عیسا. لەگەڵ خۆی نزیکەی سی لیتر موڕی تێکەڵاو بە عودی هێنا. [٤٠] جا تەرمەکەی عیسایان برد و بە کەتان لەگەڵ بۆن پێچایانەوە، وەک

نەریتی جولەکەیە لە کفن کردن. [٤١] لەو شوێنەی عیسای تێدا لە خاچ درا باخچەیەکی لێبوو، لە باخچەکەشدا گۆڕێکی نوێی لێبوو کەسی تێدا نەنێژرابوو. [٤٢] لەبەر ڕۆژی ئامادەکاری جولەکە عیسایان لەوێ دانا، چونکە گۆڕەکە نزیک بوو.

بەڕاستی ئەوەی ئێستا خوێندمانەوە سەرسوڕهێنەرە! بینیمان چۆن نەوەکانی ئادەم قێزیان لە مەسیح بووەوە، کە پەروەردگاری ژیانە و کوشتیان بە لە خاچ دانی. بەڵام ئەوەی دەبێت لە یادمان بێت ئەوەیە مردنی مەسیح جێ بە جێ کردنی پلانی ڕزگاربوون بوو کەوا خودا دایڕشت پێش ئەوەی جیهان بوونی هەبێ.

بینیمان پەروەردگار عیسا چی ڕاگەیاند لەسەر خاچەکە پێش ئەوەی بمرێت؟ فەرمووی، (تەواو بوو.) بۆچی عیسا فەرمووی، (تەواو بوو.)؟ فەرمووی (تەواو بوو.) لەبەر ئەوەی کاری ڕزگاربوونی تەواو کرد. بەڕاستی، ئایینەکانی جیهان نالێن، (تەواو بوو!) ئەوەی ئەوان دەیلێن (هیچ شتێك تەواو نەبووە! دەبێت خۆت ڕزگار بکەیت بە کردەوەی چاکی خۆت! دەبێت کار بکەی بۆ سڕینەوەی گوناهەکانت! دەی بەردەوام بە! ئیش بکە! هیچ تەواو نەبووە! ئەگەر بتەوێ بچیتە بەهەشت دەبێت ئیش بکەی، قوربانی بکەی، ئەرکەکانی ئایینی خۆت جێ بە جێ بکەی، نوێژ بکەی، بە ڕۆژوو بیت، جەستەی خۆت ئەزێت بدەی، هتد هتد!) ئەمە پەیامی ئایینە!


بەڵام مزگێنی خۆشی خودا بۆ مرۆڤ ئەمەیە: (تەواو بوو.) باوەڕ بێنە و ڕزگار بە! مەسیح قەردی گوناهەکانمانی داوە بە خوێنی خۆی! خوێنی عیسا دەتوانێ خراپترین گوناهباران پاك بکاتەوە و بگۆڕێ! ئەوە هۆی ئەوە بوو کە عیسا توانی بە تاوانبارەکە تۆبەکارەکەی دەمرد، (ڕاستیت پێ دەڵێم: ئەمڕۆ لەگەڵ من لە بەهەشتدا دەبیت.) (لۆقا ٢٣: ٤٣)

ئەو ئیشەی دەتوانێ ڕزگارت بکات لە سزای گوناە بە تەواوی جێ بە جێ کرا. چی دی پێویستمان بە قوربانی کردنی بەرخ نیە وەك باووباپیرانمان کەوا لە پێش کاتی مەسیح ژیان دەیان کرد. عیسای مەسیح دوایەمین و تەواوترین قوربانی خودایە! هیچ شتێك بۆمان نامێنێتەوە تەنها باوەڕ هێنان بەوەی خودا گەواهی داوە سەبارەت بە مەسیح و قوربانییەکەی. (تەواو بوو.) عیسا پێشبینیەکانی پێغەمبەرانی جێ بە جێ کرد دەربارەی ئازار و مردنی ڕزگاری دەری ڕاستودروست! حەفت سەد ساڵ پێش ئەوەی عیسا بێتە جیهانەوە، پێغەمبەر ئیشایا نووسی: ((مەسیح) گۆڕی لەگەڵ بەدکاران دانرا لەگەڵ دەوڵەمەند کاتی مردنی هەرچەندە ستەمکاری نەکرد و ساختەی لەسەر زاری نەبوو... [٥] بەڵام ئەو لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا بوو تەمبێکردنی ئاشتیمان لەسەر ئەو بوو بە برینەکانی ئەو چاک بووینەوە. هەموو وەک مەڕ وێل بووین هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرت پەروەردگاریش هەموو تاوانەکانی ئێمەی خستە سەر ئەو.) (ئیشایا ٥٣: ٩، ٥، ٦)

ئایا بەڕاستی باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟ ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا کاری ڕزگارکردنی تەواو کرد کەو پێغەمبەرانی خودا دەربارەیان نووسی بوو؟ ئایا ئێستا تێدەگەی هۆی مردنی ڕزگاری دەری ڕاستودروست لەسەر خاچ چی بوو؟ من و تۆ هۆیەکەین! ئەو مرد لەبەر گوناهەکانمان، وەك بەرخێکی بێ عەیبی قوربانی. ئێمە شایەنی سزای تاهەتایین لە دۆزەخ، بەڵام خودا و بەبۆنەی خۆشەویستی مەزنی خۆی بۆ ئێمە عیسا نارد (کەوا بە ناوی کوڕی خۆشەویستی بانگی دەکات) تاکو ئازاری سزاکەمان بچێژێ و سزای گوناهەکانما بداتەوە. نووسراوە پیرۆزەکان ئەمە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: (بە دەگمەن کەسێک لە پێناوی مرۆڤێکی ڕاستودروست دەمرێت، لەوانەیە لە پێناوی مرۆڤێکی باش کەسێک بوێرێت بمرێت. [٨] بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ سەلماندین: هێشتا گوناهبار بووین مەسیح لە پێناوماندا مرد!) (ڕۆما ٥: ٧، ٨) (ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناە، تاکو لە ئەودا ببینە ڕاستودروستی خودا.) (٢ کۆرنسۆس ٥: ٢١)

شکۆ بۆ خودای بە بەزەیی و میهرەبان... (تەواو بوو!) خودا هێمای قوربانی ئیبراهیمی هێنایە دی! لەبەر ئەوەی لە هەمان ئەو جێگایەی ئیبراهیم بەرخە بێ تاوانەکەی کردە قوربانی لەباتی کوڕەکەی، عیسا کوڕی خودا و ڕزگاری دەری بێ گوناە ڕێگای دا بکرێ بە قوربانی لە شوێنی ئێمە – (تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت!) (یۆحەنا ٣: ١٦)

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر دەکەیتەوە لەو ووشە قوڵ و بە هێزانەی عیسا ڕایگەیاند لەسەر خاچەکەوە پێش ئەوەی بمرێت، فەرمووی، (تەواو بوو.) (یۆحەنا ١٩: ٣٠)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. پەروەردگار عیسا چی ڕاگەیاند لەسەر خاچەکە پێش ئەوەی بمرێت؟

٢. بۆچی عیسا فەرمووی، (تەواو بوو.)؟

٣. ئایا بەڕاستی باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟

٤. ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا کاری ڕزگارکردنی تەواو کرد کە پێغەمبەرانی خودا دەربارەیان نووسی بوو؟

٥. ئایا ئێستا تێدەگەی هۆی مردنی ڕزگاری دەری ڕاستودروست لەسەر خاچ چی بوو؟

وانەی ٨٥: عیسا هەستایەوە!

مەتا ٢٨ ، لۆقا ٢٤ ، یۆحەنا ٢٠

لە وانەی ڕابردوومانداو، بینیمان عیسای مەسیح چۆن خۆیٖنی خۆی ڕشت لەسەر خاچەکەی لێی هەڵواسرا بۆ ئەوەی سزای گوناهی جیهان بداتەوە و دەرگایەکی تاهەتایی ئاشتی بکاتەوە بۆ گوناهباران. هەموو شتێك وەك ئەوەی پێغەمبەرانی خودا پێشبینییان کردبوو ڕووی دا: مەسیح گاڵتەی پێ کرا و بە قامچی لێدرا و لە خاچ درا. هەروەك بەرخە بێ تاوانەکەی لە شوێنی کوڕەکەی ئیبراهیم مرد، عیساش (ڕزگاری دەری بێ گوناە) لە شوێنی ئێمە مرد. پێش ئەوەی عیسا بمرێت هاواری کرد و فەرمووی (تەواو بوو!) ستایش بۆ خودا، پەروەردگار عیسا پلانی خودای بۆ ڕزگار کردن تەواو کرد.

مردنی مەسیح لەسەر خاچەکە گرنگترین هەواڵە لەناو نووسراوە پیرۆزەکان، لەبەر ئەوەی ئەو مردنە هۆی ئەوەیە خودا بتوانێ لە گوناهەکانمان خۆش بێت بێ ئەوەی دژی ڕاستودروستی خۆی بێتەوە. بەڵام، کاتێ کە مردنی مەسیح گرنگترین هەواڵە، ئەوەی خەریکین دیراسەتی بکەین ئەمڕۆ جوانترین هەواڵە، لەبەر ئەوەی خریکین بخوێنینەوە چۆن خودا عیسای لە مردن هەڵساندەوە.

وەك پێشتر خوێندمانەوە لەپاش ئەوەی عیسا مرد لەسەر خاچەکە، سەربازێك دەستی دایە ڕمێك و کردی بەلایەکی عیساوە، لێشاوێکی خوێن و ئاوی لێ هات و سەلماندی کە مردووە. هەروەها بینیمان پیاوێکی دەوڵەمەند لاشەی عیسا برد و لە گۆڕێکی نوێی دانا کەوا نەحتی کردبوو لە بەرد بۆ خۆی. بەردێکی گەورەی خڕ بەسەر دەرگای گۆڕەکەدا نرابوو. هەموو شتێك وەك ئەوە ڕووی دا کە پێغەمبەرانی خودا پێشبینییان کرد.

بۆیە، لە ئینجیل نووسراوە: (مەتا ٢٧) [٦٢] بۆ بەیانی کە دوای ئامادەکردنە، کاهینانی باڵا و فەریسییەکان لەلای پیلاتۆس کۆبوونەوە، [٦٣] وتیان: (گەورەم، بیرمان‌کەوتەوە ئەو چەواشەکارە کاتێ زیندوو بوو وتی: (دوای سێ ڕۆژ هەڵدەستمەوە.) [٦٤] جا فەرمان بدە تاکو ڕۆژی سێیەم گۆڕەکەی پاس بکرێت، نەوەک قوتابییەکانی بێن و بیدزن، ئەوسا بە گەل بڵێن لەنێوان مردووان هەڵستاوەتەوە. جا چەواشەی دوایی لەوەی یەکەم خراپتر دەبێت.) [٦٥] پیلاتۆسیش وتی: (پاسەوانتان هەیە، بڕۆن چۆنتان پێ باشە وا پاسی بکەن.) [٦٦] ئەوانیش چوون گۆڕەکەیان پاس کرد، مۆریان لە بەردەکە دا و پاسەوانیان دانا.

(مەتا ٢٨) [١] دوای شەممە لە بەرەبەیانی یەکەمی هەفتەدا، مریەمی مەجدەلی و مریەمەکەی دیکە هاتن تەماشای گۆڕەکە بکەن. [٢] لەناکاو بوومەلەرزەیەکی بەهێز ڕووی‌دا، چونکە فریشتەیەکی خوداوەند لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە، چوو بەردەکەی گلۆر کردەوە و لەسەری دانیشت. [٣] ڕوخساری وەک بروسکە وابوو، جلەکانی وەک بەفر سپی بوو. [٤] پاسەوانەکان لە ترسی ئەو لەرزین و وەک مردوویان لێ هات.

بۆیە کاتێ ئافرەتەکە گەیشتە گۆڕستانەکە، (لۆقا ٢٤) [٢] بینییان بەردەکە لەسەر گۆڕەکە گلۆر کراوەتەوە. [٣] چوونە ژوورەوە، بەڵام تەرمەکەی عیسای خوداوەندیان نەدۆزییەوە. [٤] کاتێ لەمە سەرسام بوون، ئەوەبوو دوو پیاو بە جلی بریسکەدارەوە لە تەنیشتیان ڕاوەستاون. [٥] ترسان و سەریان داگرتە سەر زەوی، پیاوەکان پێیان وتن: (بۆچی لەنێو مردووان بەدوای زیندووەکەدا دەگەڕێن!؟ [٦] لێرە نییە، بەڵکو هەڵستایەوە! بە بیرتان بێتەوە کە هێشتا لە جەلیل بوو چۆن قسەی بۆ کردن، [٧] فەرمووی: (کوڕی مرۆڤ دەبێت بدرێتە دەست خەڵکی گوناهبار، لە خاچ بدرێت و لە ڕۆژی سێیەم هەڵستێتەوە.)) [٨] ئینجا قسەکانیان هاتەوە یاد. [٩] لە گۆڕەکە هاتنەوە و هەواڵی هەموو ئەم شتانەیان بە یازدەکە و هەموو ئەوانی دیکە دا. [١٠] مریەمی مەجدەلی و یۆوەنا و مریەمی دایکی یاقوب و ئەوانی دیکەی لەگەڵیان بوون، ئەم شتانەیان بە نێردراوان وت. [١١] قسەکەیان لەلای ئەوان وەک وڕێنە بوو، باوەڕیان پێ نەکردن. (چونکە قوتابییەکان هێشتا لە نووسراوەکان تێنەگەیشتبوون کە دەبێ لەنێوان مردووان‌دا هەڵستێتەوە. یۆحەنا ٢٠: ٩) [١٢] بەڵام پەترۆس هەڵستا و بەرەو گۆڕەکە ڕایکرد، دانەویەوە بینی کفنەکە بە تەنها دانراوە، ڕۆیشت و سەرسام بوو لەوەی ڕووی‌دابوو.

[١٣] هەر لەو ڕۆژەدا دووان لەوان دەچوونە گوندێک شەست تیرهاوێژ لە ئۆرشەلیم دوور بوو، ناوی ئەمواس بوو. [١٤] لەگەڵ یەکتری باسی هەموو ئەو شتانەیان دەکرد کە ڕووی‌دابوو. [١٥] کاتێ قسە و گفتوگۆیان دەکرد، عیسا خۆی لێیان نزیکبۆوە و لەگەڵیان دەڕۆیشت،

[١٦] بەڵام چاویان لە ناسینی بەسترا.
[١٧] پێی فەرموون: (ئەوە بەڕێوە باسی چی دەکەن؟)
بە ڕوویەکی خەمناکەوە ڕاوەستان. [١٨] یەکێکیان ناوی کلیۆپاس بوو وەڵامی دایەوە: (ئایا تەنیا تۆ لە ئۆرشەلیم بیانی و ئاگات لەو شتانە نییە کە لەم ڕۆژانەدا تیایدا ڕووی‌داوە؟) [١٩] پێی فەرموون: (چییە؟) پێیان وت: (باسی عیسای ناسیرەیی، کە پێغەمبەرێکی توانادار بوو لە قسە و کردارد، لەبەردەم خودا و هەموو گەل، [٢٠] چۆن کاهینانی باڵا و فەرمانڕەواکانمان دایانە دەست سزای مردن و لە خاچیان دا.
[٢١] بەڵام ئێمە هیوادار بووین کە ئەو خەریکە ئیسرائیل بکرێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەمڕۆ سێیەم ڕۆژە ئەمە ڕووی‌داوە.
[٢٢] کەچی هەندێک لە ژنانمان سەرسامیان کردین، بەیانی زوو لەسەر گۆڕەکە بوونە و [٢٣] تەرمەکەیان نەبینی‌بوو، هاتنەوە وتیان، فریشتەمان بینیوە دەڵێن ئەو زیندووە. [٢٤] هەندێکی ئێمەش چوونە سەر گۆڕەکە و بینییان وایە، وەک ژنەکان وتیان، بەڵام ئەویان نەبینی‌بوو.) [٢٥] ئەویش پێی فەرموون: (ئەی گێل و دڵخاوەکان لە باوەڕکردن بە هەموو ئەوەی پێغەمبەران باسیان کردووە!
[٢٦] نەدەبووایە مەسیح ئەم شتانە بچێژێت و بچێتە ناو شکۆمەندییەکەی خۆی؟) [٢٧] ئەوسا دەستی پێکرد لە موسا و لە هەموو پێغەمبەرانەوە ئەو شتانەی دەربارەی خۆی بوو لە هەموو نووسراوەکان‌دا بۆیان ڕوون بکاتەوە.
[٢٨] کاتێ نزیکی ئەو گوندە بوون کە بۆی دەچوون، عیسا وای پیشان دا کە بۆ شوێنێکی دوورتر دەچێت. [٢٩] ئەوانیش زۆر لێی پاڕانەوە، وتیان: (لەلامان بمێنەوە، چونکە وا ئێوارەیە و ڕۆژیش لە ئاوابوونە.) جا چووە ژوورەوە تاکو لەگەڵیان بمێنێتەوە. [٣٠] کاتێ لەگەڵیان دانیشتبوو، نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی‌کرد، پێی‌دان. [٣١] ئینجا چاویان کرایەوە و ناسیانەوە، ئیتر لەبەرچاویان نەما.
[٣٢] بە یەکتریان وت: (ئەرێ کاتێ لە ڕێگا قسەی بۆ دەکردین و نووسراوەکانی بۆمان ڕوون دەکردەوە، دڵمان لە ناومان‌دا گڕی نەگرتبوو؟) [٣٣] ئینجا یەکسەر هەڵستان و هاتنەوە ئۆرشەلیم، قوتابییەکان بینییان یازدەکە و ئەوانەی لەگەڵیان‌دان کۆبوونەتەوە و
[٣٤] دەڵێن: (بە ڕاستی خوداوەند هەڵستاوەتەوە و بۆ شیمۆن دەرکەوتووە.) [٣٥] ئەمانیش باسی ئەو شتانەی ڕێگایان کرد، چۆن لە نان‌لەتکردنەکەدا خۆی پێیان ناساندبوو.
[٣٦] کە باسی ئەمەیان دەکرد، خۆی لەناوەڕاستیان ڕاوەستا و پێی فەرموون: (سڵاوتان لێ بێت.)
[٣٧] سام دایگرتن و ترسان، وایان دەزانی ڕۆحێک دەبینن. [٣٨] پێی فەرموون: (بۆچی شێواون؟ بۆچی گومان دەکەوێتە دڵتان؟ [٣٩] سەیری دەست و پێم بکەن، ئەوە خۆمم. دەستم لێ بدەن و ببینن، چونکە ڕۆح گۆشت و ئێسقانی نییە وەک دەبینن کە هەمە.) [٤٠] کە ئەمەی فەرموو، دەست و پێی پیشاندان. [٤١] لە خۆشی و سەرسوڕمان‌دا هێشتا باوەڕیان نەدەکرد، پێی فەرموون: (لێرە خواردنتان هەیە؟) [٤٢] ئەوانیش پارچەیەک ماسی برژاویان دایێ. [٤٣] وەریگرت و لەبەرچاویان خواردی.
[٤٤] ئینجا پێی فەرموون: (ئەم قسانەم بۆ کردن کاتێ لەگەڵتان بووم: پێویستە هەموو ئەوانەی لە تەوراتی موسا و پێغەمبەران و زەبوور‌دا دەربارەی من نووسراون بێتە دی.) [٤٥] ئینجا مێشکی کردنەوە، تاکو نووسراوەکان تێبگەن. [٤٦] پێی فەرموون: (ئاوا نووسراوە، کە مەسیح ئازار دەچێژێت و لە ڕۆژی سێیەم لەنێو مردووان هەڵدەستێتەوە، [٤٧] بە ناوی ئەویش تۆبەکردن بۆ لێخۆشبوونی گوناە بۆ هەموو گەلان جاڕبدرێت، دەستپێک لە ئۆرشەلیمەوە. [٤٨] ئێوە شایەتی ئەم شتانەن.
(یۆحەنا ٢٠) [٢٤] بەڵام تۆماس کە یەکێکە لە دوازدەکە بە دیدمۆس ناسراوبوو، کاتێ عیسا هات لەگەڵیان نەبوو. [٢٥] قوتابییەکانی دیکە پێیان وت: (گەورەمان بینی!) ئەویش پێی‌ووتن: (ئەگەر نیشانەی بزمارەکان بە دەستیەوە نەبینم، پەنجە نەخەمە شوێنی بزمارەکانەوە، دەست لە کەلەکەی نەدەم هەرگیز باوەڕ ناکەم.)
[٢٦] دوای هەشت ڕۆژ، قوتابییەکانی دیسان لە ژوورەوە بوون و تۆماسیش لەگەڵیان بوو، دەرگاکانیش داخرابوون، عیسا هات و لەناوەڕاست ڕاوەستا، فەرمووی: (سڵاوتان لێ بێت!) [٢٧] ئینجا بە تۆماسی وت: (پەنجەت بێنە ئێرە و دەستم ببینە، دەستت بێنە و لە کەلەکەمی بدە. بێباوەڕ مەبە بەڵکو باوەڕ بهێنە.)
[٢٨] تۆماس وەڵامی دایەوە: (ئەی خوداوەند و خودام!) [٢٩] عیسا پێی فەرموو: (چونکە منت بینی باوەڕت کرد؟ خۆزگە دەخوازرێ بەوانەی نەیانبینی و باوەڕیان‌هێنا.) [٣٠] عیسا لەبەردەم قوتابییەکانی زۆر نیشانەی دیکەی کرد کە لەم پەڕتووکەدا نەنووسراوە. [٣١] بەڵام ئەمانەی نووسراون تاکو باوەڕ بهێنن کە عیسا مەسیحە، کوڕی خودایە، تاکو بە باوەڕهێنان بە ناوی ئەو ژیانتان هەبێت.

چ چیرۆکێکی هەست بزوێنە ئەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە! عیسا لە مردن هەڵسایەوە! یەك لە هەرە دوژمنە گەورەکانی مرۆڤی بەزاند: مردن. گۆڕ نەیتوانی ڕایگری. لە سێیەم ڕۆژدا عیسا هاتە دەرەوە لە گۆڕەکەی. تەنها کفنەکە مابووەوە لەو جێگایەی لاشەی عیسا لێی بوو. پەروەردگار عیسا بە جەستەیەکی شکۆدارەوە هەڵسایەوە وەك ئەو جەستەیەی هەموو کەس ڕۆژێك لەڕۆژان بەدەستی دێنێ ئەگەر باوەڕی پێ بێنن! لەبەر ئەوە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لە ڕاستیدا مەسیح لەنێو مردووان هەڵستایەوە و بووە نۆبەرەی نووستووان. [٢١] جا چۆن مردن بەهۆی مرۆڤێک بوو، هەڵستانەوەی مردووانیش بەهۆی مرۆڤێکە. [٢٢] هەروەها چۆن هەموو لە ئادەمدا دەمرن، بە هەمان شێوە هەموو لە مەسیحدا زیندوو دەکرێنەوە.!) (١ کۆرنسۆس ١٥: ٢٠-٢٢)

هەڵسانەوەی عیسا سەلماندی کە ئەو ئەو کەسەیە کە دەیفەرموو. لەبیرتە عیسا فەرمووی، (منم هەڵستانەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت دەژیێتەوە!)؟ (یۆحەنا ١١: ٢٥) عیسا بەڵێنی دا ژیانی تاهەتایی ببەخشی بە هەموو ئەو کەسانەی باوەڕی پێ دێنن، بەڵام ئەگەر خۆی مردنی نەبەزاندایە، چۆن دەیتوانی کەسانی تر ڕزگار بکات لە هێزی مردن و گوناە و دۆزەخ؟

ڕەنگە نیشانەیەك یارمەتیدەر بێت. منداڵێك لە کەنار دەریا یاری دەکات. لەناکاو شەپۆلێك لەگەڵ خۆی دەباتە ناوەراست دەریا. منداڵەکە زۆر هەوڵ دەدات بگەڕێتەوە کەنارەکە بەڵام ناتوانێ. ئەو منداڵە دەمرێت ئەگەر یەکێك ڕزگاری نەکات. پیاوێك لە کەنار دەریاکەیە کەوا منداڵەکە دەبینێت و هاواری بۆ دەکات، (مەترسێ، ڕزگارت دەکەم!) پیاوەکە مەلەوانی دەکات بۆ لای منداڵەکە، بەڵام بەداخەوە، شەپۆلەکە زۆر بە هێزترە. هەردووکیان دەخنکێن. پیاوەکە نیازی وابوو منداڵەکە ڕزگار بکات، بەڵام ئەو هێزەی نەبوو نیازەکەی جێ بە جێ بکات. شەپۆلی دەریاکە زۆر بەهێز بوو بۆی. بە هەمان شێوە، گوێمان لێیە کەسانێك دەڵێن ڕزگاری دەرین و بە خەڵکی دەڵێن، (شوێنم کەون، متمانەم پێ بکەن و دەچنە بەهەشت.) ڕەنگە ئەو کەسانەی بەڵێنی وا دەدەن نیازی پاکیان هەبێت، بەڵام ناتوانن بەڵێنەکانیان بەجێ بگەێنن. تەنانەت ناتوانن خۆیان ڕزگار بکەن، لەبەر ئەوەی بێ توانان و ناتوانن زاڵ بن بەسەر هێزی گوناە و مردن. هێزی مردن زۆر بەهێزە بۆ ئەوان و کاتێ دەمرن، دەنێژرێن و جەستەیان لەناو گۆڕدا تێکدەچێ و گیانیان چاوەڕوانی ڕۆژی دوایی دەبێ.


بەڵام ئاوا نیە لەگەڵ پەروەردگار عیسا. ئەو ئەو کەسەیە کە بانگی بۆ دەکات! هەموو شتێك وەك ئەوەی پێشبینی کرد ڕووی دا. عیسا وەك قوربانی مرد بۆ ئەوەی گوناە لاببات و نیڕزا و لە سێیەم ڕۆژ لە گۆڕ هاتە دەرەوە! هەرگیز کەس لەنێوان پێغەمبەران نەبووە کە بمرێت و بنێژرێ و پاشان بێتە دەرەوە لە گۆڕ هەرگیز دووبارە بمرێتەوە! بەڵام عیسای مەسیح ئاوای کرد! مردن و گۆڕی بەزاند! ئەو زاڵ بوو بەسەر گوناە و شەیتان و مردن و دۆزەخ! جوانترین شت لە هەموو ئەمانە ئەوەیە کە هەرکەسێك باوەڕ بەم مزگێنییە بکات دەربارەی مردن و هەڵسانەوەی عیسای مەسیح، ئەوا بەشی دەبێ لە شکۆمەندی ئەو تاهەتا! ئەمە ئەوەیە کە پەروەردگار عیسا بانگەوازی بۆ کرد لەپاش ئەوەی لە مردن هەڵسایەوە و فەرمووی، (مەترسە، من یەکەمین و کۆتاییم، زیندووەکەم، مردوو بووم، بەڵام ئەوەتا تاهەتایە زیندووم و کلیلەکانی مردن و جیهانی مردووانم پێیە!) (ئاشکراکردن ١: ١٧، ١٨)

خودا عیسای هەڵساندەوە بۆ ژیان، بۆ ئەوەی بێ گومان بزانی کە ئەو ڕزگاری دەر و دادوەری جیهانە کەوا خودا دەست نیشانی کرد. نووسراوە پیرۆزەکان ئەوە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ:

([١٢] بێجگە لەو ڕزگاربوون نییە، چونکە ناوێکی دیکە لە ژێر ئاسماندا نییە لەناو خەڵکدا درابێت، بەوەوە پێویست بکات ڕزگار بین... چونکە ڕۆژێکی داناوە تیایدا بەتەمایە بە دادپەروەری جیهان حوکم بدات، بە پیاوێک کە دیاری کردووە، بەڵگەشی بە هەمووان داوە کە لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە... ئەگەر بە دەمت دانت پیانا عیسا خوداوەندە و بە دڵ باوەڕت کرد کە خودا لەناو مردووان هەڵیستاندەوە، ڕزگار دەبیت... هەر کەسێک بە ناوی خوداوەندەوە بپارێتەوە ڕزگاری دەبێت!) (کردارەکانی نێردراوان ٤: ١٢، ١٧: ٣١ و ڕۆما ١٠: ٩، ١٣)

لە وانەی داهاتوودا بەردەوام دەبین لە ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چۆن پەروەردگار عیسا سەرکەوتە ئاسمان لەپاش ئەوەی بۆ ماوەی چل ڕۆژ بۆ قوتابییەکانی بەدەر کەوت و زۆر بەڵگەی پێیانی نیشان دا کەوا لە ژیاندایە.

با خوداش توانای بینینی ناوەڕۆکی ئەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە بیتداتێ و ئێوەش بەووردی سەرنجی ئەم ئایەتە بدەن لە ووشەی پیرۆزی: (خودا عیسا دای ئاواتا) (ئەوەی لە پێناوی گوناهەکانمان بە گرتن درا و لە پێناوی بێتاوانکردنمان هەڵستێندرایەوە.) (ڕۆما ٤: ٢٥)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی لەنێو مردووان بەدوای زیندووەکەدا دەگەڕێن!؟
٢. بۆچی نەدەبووایە مەسیح ئەم شتانە بچێژێت و بچێتە ناو شکۆمەندییەکەی خۆی؟ بەڵام ئەمە ڕاستە؟
٣. بۆچی شێواون؟ بۆچی گومان دەکەوێتە دڵتان؟ بۆچی عیسا بانی خوارد لەگەڵ پوتابییەکانی؟
٤. لەبیرتە عیسا فەرمووی، (منم هەڵستانەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت دەژیێتەوە!)؟ تێکەیشیت؟
٥. عیسا بەڵێنی دا ژیانی تاهەتایی ببەخشی بە هەموو ئەو کەسانەی باوەڕی پێ دێنن، بەڵام ئەگەر خۆی مردنی نەبەزاندایە، چۆن دەیتوانی کەسانی تر ڕزگار بکات لە هێزی مردن و گوناە و دۆزەخ؟

وانەی ٨٦: عیسا سەردەکەوێتە ئاسمان

مەتا ٢٨، لوقا ٢٤، کردارى نێردراوان ١

ماوەیەکی درێژە سەرنجی ئینجیلی پیرۆز دەدەین، ئەو پەرتوکەی چیرۆکی ڕزگاری دەری بالادەست عیسای مەسیح لەخۆ دەگرێ. وەک تائێستا بینیمان، عیسا بە مانای (*خودا ڕزگار دەکات*) دێت. مەسیح ووشەیەکە بە مانای (*ئەوەی خودا دەست نیشانی کرد*) دێت. عیسای مەسیح ئەو کەسەیە کە خودا دەست نیشانی کرد بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە دەسەلاتی گوناە.

بەڵام، بینیمان زۆربەی خەڵکی نەیانزانی عیسا کێیە لە ڕاستیدا. هەندێک بە پێغەمبەر دایان نا، بەڵام تێ نەگەیشتن لەوەی ئەو خودی ووشەی خودایە کەوا لە ئاسمانەوە هات و لە زەویدا وەک پیاو بەدەرکەوت. هەندێکی تر، وەک کاهینانی باڵا و ڕابەرەکانی جولەکە، زۆر حەسودیان پێ دەبرد و لە کۆتاییدا کوشتیان بە لە خاچ دانی. بەڵام خودا پلانی دانا و پێش وەخت دەیزانی ئەم ڕووداوانەی ڕوو دەدەن. مردنی مەسیح لەسەر خاچەکە زۆر گونجاو بوو لەگەڵ ئەو پلانەی خودا ڕایەگەیاند زۆر لەوەپێش لە ڕێگای پێغەمبەرەکانیەوە. لە وانەی ڕابردووماندا، بینیمان کە خودا عیسای هەڵساندەوە بۆ ژیان لە ڕۆژی سێیەم. هەڵسانەوەی عیسا سەلماندی کە خودا ئەو خوێنەی قەبوڵ کرد کە عیسا ڕشتی وەک سزایەکی تەواو بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە هێزی گوناە و ترسی مردن و سزای دۆزەخ.

لەپاش ئەوەی عیسا هاتەوە ژیان، بینیمان کە بەدەرکەوت بۆ قوتابییەکانی و بریندەکانی پێ نیشان دان کەوا سەربازەکان بزماریان لە دەست و پێی چەقاندبوو. هەروەها خوێندمانەوە کە عیسا نانی خوارد لەگەڵ قوتابییەکانی بۆ ئەوەی بۆیان بسەلمێنی کەوا بە ڕاستی زیندووە. پەرتوکی ئینجیل بۆمان دەگێڕێتەوە چۆن عیسا بۆ ماوەی چل ڕۆژ بەدەرکەوت بۆ قوتابییەکانی و قسەی لەگەڵیان کرد سەبارەت بە شانشینی خودا. لە بۆنەیەکدا، عیسا بۆ زیاتر لە پێنج سەد لە دواکەوتەکانی لە هەمان کات بەدەر کەوت.

(١ کۆرنسۆس ١٥: ٦) بەڵام ئێستا مەزنترین بەڵگە کە عیسا لە ژیاندایە ئەوەیە کە ئەو (بە ڕۆحی پیرۆزی) لە دڵی ئەو کەسانە دەژی کە باوەڕیان پێی هەیە و مل کەچی دەسەلاتی ئەون.

بەیارمەتی خودا لە وانەی ئەمڕۆ ئەو دەسەلاتە مەزنە دەبین کە خودا دای بە پەروەردگار عیسا و دەبینین چۆن عیسا جیابووەوە لە قوتابییەکانی و سەرکەوتە سەرەوە بۆ ئاسمان. ئەمڕۆ دیراسەتمان لە دوایەمین بەشی ئینجیلی مەتا دەست پێ دەکەین. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ٢٨) [١٦] ئیتر یازدە قوتابییەکە چوونە جەلیل، بۆ ئەو کێوەی عیسا فەرمانی پێدابوون. [١٧] کاتێ بینییان کڕنۆشیان بۆ برد، بەڵام هەندێکیان گومانیان کرد. [١٨] عیسا لێیان نزیکبۆوە و قسەی بۆ کردن: (هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. [١٩] کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لەئاویانهەڵبکێشن، [٢٠] فێریان بکەن هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردوون بیپارێزن. ئەوەتا من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، تاکو کۆتایی ڕۆژگار.)

خوێندت عیسا چی بە قوتابییەکانی فەرموو؟ پێی فەرموون، (هەموو دەسەڵاتێکم لەئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی.) بۆچی عیسا فەرمووی هەموو دەسەڵاتێکی هەیە لە ئاسمان و لەسەر زەوی؟

لە دیراسەتمان لە تەوراتی موسا بینیمان چۆن خودا یەکەم مرۆڤ ئادەمی بەدی هێنا و زانیمان کە خودا دەسەلاتی دا بە ئادەم فەرمانڕەوایی بکات بەسەر هەموو شتێک کە خودا دروستی کردووە. خودا ویستی ئادەم لەگەڵی بژێت و فەرمانڕەوایی بکات لەگەڵی تاهەتا. بەڵام ئادەم ساختەی کرد لەو دەسەلاتە لەو ڕۆژەی فەرمانی خودای شکاند و لە داری زانینی چاکە و خراپەی خوارد. لەبەر ئەوەی ئادەم باپیرە گەورەمانە، (دەرد و بەڵا هەموو کەس دەگرێتەوە!) ئێمەش ئەو ئیمتیازەمان (دەسەلاتەمان) لەدەست دا لە ژیان و فەرمانڕەوایی کردن لەگەڵ خودا. وەک ئادەم، هەموومان گوناهبارین و بۆ ناو شانشینی گوناە لەدایک بووین دوور لە خودا و شکۆمەندی پایەبەرزی.

بەڵام ستایشی خودا دەکەین، لەبەر ئەوەی نووسراوەکانی پێغەمبەران پێمان نیشان دەدەن کە خودا پلانێکی داڕشت بۆ ئەوەی دەرگایەك بکاتەوە بۆ نەوەکانی ئادەم کە بتوانن لەو دەرگایەوە بگەڕێنەوە لای خودا و بەشێکیان هەبێت لە شکۆمەندی و شانشینی. ئەو (دەرگایە) مەسیحی پیرۆزە کەوا لە ئاسمانەوە هات بۆ ئەوەی خوێنی خۆی بڕێژێ وەك قوربانی کە خەڵك لە گوناە پاك بکاتەوە و بۆ لای خودا بیانهێنێ. عیسای مەسیح وەك ئادەم تاقی کرایەوە، بەڵام عیسا گوناهی ئەنجام نەدا چونکە تەواو و پیرۆز بوو، وەك چۆن خودا تەواو پیرۆزە. ئەوە هۆی ئەوە بوو کە خودا پێی شەرم نەبوو بە عیسا بڵێ کوڕی خۆی. بۆیە لەپاش ئەوەی عیسا ژیانی خۆی بەخشی وەك قوربانی کەوا گوناە لادەبات، خودا لە مردن هەڵیساندەوە و کردی بە پەروەردگاری هەمووان و هەموو دەسەڵاتێک لە ئاسمان و لەسەر زەوی پێ سپارد.

ڕەنگە تۆ بپرسی: (ئەگەر عیسا پەروەردگاری هەموو شتێکە، بۆچی هێشتا جیهانمان پڕە لە کێشە و گوناە؟) نووسراوی پیرۆز وەڵاممان دەداتەوە کاتێ دەفەرموێ: هەروەها چۆن هەموو لە ئادەمدا دەمرن، بە هەمان شێوە هەموو لە مەسیحدا زیندوو دەکرێنەوە. بەڵام هەر یەکە بە نۆرەی خۆی: یەکەم جار مەسیح وەک نۆبەرە، ئینجا لە کاتی هاتنی، ئەوانەی سەر بە مەسیحن، دوای ئەمە کۆتایی دێت، کاتێ پاشایەتییەکە دەداتە خودای باوک، پاش ئەوەی هەموو سەرکردایەتی و دەسەڵات و هێزێکی لەناوبرد. (١ کۆرنسۆس ١٥: ٢٢–٢٤) ئەویش هەموو فرمێسکێکی چاویان دەسڕێتەوە، ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون. (ئاشکراکردن ٢١: ٤)

لەو ئایەتانە و لە زۆرێکی تری ئایەتەکانی ووشەی خودا، فێردەبین کە خودا هەموو دەسەڵاتێکی بە عیسا سپاردووە تاکو ببێتە بەرپرسی هەموو شتێك و دادوەری هەمووان بکات. بەڵام، هێشتا نەبۆتە بەرپرسی هەموو شتێك و دادوەری خەڵکی جیهانیشی نەکردووە. ڕۆژێك عیسا دەگەڕێتەوە سەر زەوی. کاتێ دەگەڕێتەوە دەبێتە بەرپرسی ئەم جیهانە و هەموو شتێك دووبارە نوێ دەکاتەوە.

بۆیە، هەر کێی ولە هەر جێگایەکی خودا فەرمانت پێ دەدات تۆبە بکەیت لە گوناهەکانت و ڕوو لەو بکەی و باوەڕ بە مزگێنی خۆشی ڕزگار بوون بێنیت لەسەر بنەمای مردن و هەڵسانەوەی پەروەردگار عیسای مەسیح. ئەگەر بەڕاستی باوەڕ بێنی، خودا لە هەموو گوناهەکانت خۆش دەبێت بە ناوی عیسا و دڵت نوێ دەکاتەوە بە هێزی ڕۆحی پیرۆز و ئاشتیت لەگەڵ خودا دەداتێ تاهەتا. ئەگەر باوەڕ بە مەسیح بێنیت، ئەوا دێتە لات بە ڕۆحی پیرۆزی و شانشینی خۆی لەناو دڵت دادەمەزرێنێ. عیسای مەسیح جیهان ناگۆڕی هەتا خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دادوەری بکات. بەڵام دەتوانێ تۆ بگۆڕێ ئەمڕۆ! ئایا ڕێگای پێ دەدەی شانشینی خۆی دابمەزرێنێ لەناو دڵت؟

خودا ڕزگاری دەرێکی ناردووە کە دەتوانێ گوناهەکانت لاببات و دڵێکت بداتێ کە نوێ و پاك بێت. دەکرێ دڵنیا بی لەوەی تاهەتا لەگەڵ خودا دەبی لە شکۆی بەهەشت ئەگەر باوەڕ بەڕاستی بێنی دەربارەی عیسای مەسیح، ڕزگاری دەری جیهان! بەڵام، ئەگەر ئەو ڕزگاری دەرەی خودا ناردوویەتی پشت گوێ بخەی، ئەوا لە کۆتاییدا دەبێت بە دادوەرت! ئەمە ئەوەیە کە نووسراوی پیرۆز باسی لێ دەکات کاتێ دەفەرموێ: لە کاتی ئاشکراکردنی عیسای خوداوەند لە ئاسمان لەگەڵ فریشتەکانی تواناکەی لە ئاگرێکی گڕدار. سزای ئەوانە دەدات کە خودا ناناسن و گوێڕایەڵی ئینجیلی عیسای خوداوەندمان نابن، ئەوانە بە لەناوچوونی تاهەتایی سزا دەدرێن، دوور لە ئامادەگی خوداوەند و شکۆی تواناکەی، کاتێ لەو ڕۆژەدا دێتەوە، تاکو لە پیرۆزکراوانی شکۆدار بێت و ببێتە سەرسامی لەنێو هەموو ئەوانەی باوەڕیان هێناوە! (٢ سالۆنیکی ١: ٧–١٠)

ووشەی خودا ڕوونە. پێمان دەڵێت هەر کەسێك بەڕاستی باوەڕ بێنێت بە مزگێنی خۆش دەربارەی مردنی عیسای مەسیح لەسەر خاچەکە و هەڵسانەوەی لە مردن ڕزگاری دەبێت! بەڵام، ئەوەی باوەڕ نەهێنێ پێی حوکم دەدرێ! عیسا خوێنی خۆی وەك قوربانی ڕشت کەوا دەتوانێ قەردی گوناهت بسڕێتەوە تاهەتا. بەڵام ئەو خوێنەی عیسا ڕشتی بۆ تۆ هیچ بەهای نابێ بۆ تۆ ئەگەر باوەڕی پێ نەکەی لە دڵتەوە. لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: چونکە خودا بەم جۆرە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە

تاقانەکەی بەخت‌کرد، تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت... ئەوەی باوەڕ ناهێنێ ئەوا حوکم دراوە، چونکە باوەڕی بە ناوی کوڕە تاقانەکەی خودا نەهێناوە. (یۆحەنا ٣: ١٦، ١٨)

بەڵێ، ئەگەر باوەڕ بێنی بە مزگێنی خۆشی عیسای مەسیح ڕزگارت دەبێت، بەڵام ئەگەر باوەڕی پێ نەهێنیت ئەوا لەناودەچی لە گوناهەکانت. ئەوە ووشەی ڕزگار بوونە کەوا خودا ناردییە خوارەوە بۆ نەوەکانی ئادەم. لەبەر ئەوە عیسا فەرمانی بە قوتابییەکانی دا و فەرمووی: (هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی!) (مەتا ٢٨: ١٨، ١٩)

ئێستاش با بەردەوام بین لە چیرۆکەکە. عیسا بۆ ماوەی چل ڕۆژ بە دەرکەوت بۆ قوتابییەکانی لەپاش ئەوەی لە مردن هەڵسایەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (کردارى نێردراوان ١) [٤] کاتێ (قوتابیەکان لەگەل عیسا) پێکەوە نانیان دەخوارد، ڕایسپاردن: (ئۆرشەلیم بەجێ مەهێڵن، بەڵکو چاوەڕێی بەڵێنەکەی باوک بکەن کە لە منەوە بیستتان. [٥] چونکە یەحیا خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا، بەڵام ئێوە پاش چەند ڕۆژێکی کەم بە ڕۆحی پیرۆز باپتیز دەکرێن.)

[٦] ئەوانەی (قوتابیەکانی عیسا) پێکەوە کۆببوونەوە لێیان پرسی: (ئەی خوداوەند، لەم کاتەدا پاشایەتی بۆ ئیسرائیل دەگەڕێنیتەوە؟) [٧] وەڵامی دانەوە: (بۆتان نییە ئەو کات و سەردەمانە بزانن کە باوک بە دەسەڵاتی خۆی دایناون. [٨] بەڵام کاتێ ڕۆحی پیرۆزتان دێتە سەر هێز وەردەگرن، بۆ من دەبنە شایەت، لە ئۆرشەلیم و هەموو یەهودیا و سامیرە، تاکو ئەوپەڕی زەوی.)

[٩] ئەمەی فەرموو و ئەوانیش تەماشایان دەکرد، بەرزکرایەوە، هەورێک لەبەرچاویان شارد‌ییەوە. [١٠] کاتێ ئەو دەڕۆیی، ئەوان سەرنجیان لە ئاسمان‌دا بوو، ئەوەبوو دوو پیاو بە جلی سپییەوە لەلایانەوە ڕاوەستاون. [١١] پێیان وتن: (جەلیلییەکان، بۆچی ڕاوەستاون سەیری ئاسمان دەکەن؟ ئەم عیسایە، کە لەنێوانتان‌دا بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە، چۆن بینیتان دەچووە ئاسمان، ئاواش دێتەوە.)

بەو شێوەیە عیسا سەرکەوتە ئاسمان و گەڕایەوە مالّی باوکی ئەوەی لێی هاتبوو نزیکەی سی و سێ سالّ لەوە پێش. ئای چەن پایەبەرزانە بوو کاتێ سەرکەوتە ئاسمان لە پێش چاوی کۆمەڵە قوتابییە بچووکەکەی! هیچ گومانێك نەبوو کە ئەم عیسایەی شوێنی کەوتن لەو سێ سالّەی ڕابردوو بەڕاستی ئەو مەسیحەیە کە پێغەمبەران باسیان لێ کردبوو! لە لەدایك بوونی و ژیانی و مردنی و ناشتنی و هەڵسانەوەی و سەرکەوتنی، عیسای ناسیرە هەموو شتێکی جێ بە جێ کرد کەوا پێغەمبەران پێشبینیان کردبوو سەبارەت بەو، تەنانەت سەرکەوتنی بۆ ئاسمان وەك ئەوەی پێغەمبەر داود پێشبینی کرد لە زەبوورەکان بوو.

دەزانی ئەمڕۆ پەروەردگار عیسا لە کوێیە؟ نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت کە: بە هەڵستانەوەی عیسای مەسیح، ئەوەی بەرەو ئاسمان ڕۆیشت و لە دەستەڕاستی خودا دانیشت، فریشتە و دەسەڵاتدار و هێزەکان ملکەچن بۆی. (١ پەترۆس ٣: ٢١، ٢٢) بەڵێ، عیسا لە ئاسمانە، لە دەسە ڕاستی خودا. هەموو بەندە ڕاستەقینەکانی خودا مل کەچی پەروەردگار عیسای مەسیحن. ئەی تۆ؟ ئایا تۆش ملکەچی عیسای مەسیح بووی، ئەوەی لەلایەن خودا هەڵبژێردرا وەك ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان؟

وەك ئەوە خوێندماوە، لەپاش ئەوەی پەروەردگار عیسا سەرکەوتەوە سەرەوە بۆ ئاسمان، دوو فریشتە بە دەرکەوتن بۆ قوتابییەکانی و پێیان فەرموون، (بۆچی ڕاوەستاون سەیری ئاسمان دەکەن؟ ئەم عیسایە، کە لەنێوانتان‌دا بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە، چۆن بینیتان دەچووە ئاسمان، ئاواش دێتەوە.) بەڵێ، ڕۆژێك لە ڕۆژان عیسای مەسیح دێتەوە. ئایا ئامادەیی بۆ کاتی گەڕانەوەی؟ لەو ڕۆژەدا هەموو کەس چاوەڕوانی دەبن و هەموو کەس دەزانن کە ئەو ئەو کەسەیە خودا دەست نیشانی کرد وەك ڕزگاری دەر و دادوەری هەموو جیهان! نووسراوە پیرۆزەکان ئەوە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: (فیلیپی ٢) [٥] عیسای مەسیح... [٦] ئەوەی لە شێوەی خودایە، نەیویست یەکسانییەکەی لەگەڵ خودا بۆ خۆی بقۆزێتەوە، [٧] بەڵکو خۆی کردە هیچ، شێوەی بەندەی وەرگرت، وەك مرۆڤی لێهات، [٨] کە بە ڕوخساری مرۆڤ بینرا، خۆی نزم کردەوە و تاکو مردن ملکەچ بوو، تەنانەت مردنی سەر خاچ. [٩] بۆیە خودا زۆر بەرزی کردەوە و ناوێکی دایێ لە سەرووی هەموو ناوێک، [١٠] تاکو هەموو ئەژنۆیەک بۆ ئوی عیسا چۆک دابدەن، لە ئاسمان و سەر زەوی و ژێر

زەویش، [11] هەروەها هەموو زمانێک دان بنێت کە عیسای مەسیح خوداوەندە، بۆ شکۆی خودای باوک!

لە وانەی داهاتوو بزانین چۆن خودا ڕۆحی پیرۆزی نارد بۆ ئەوەی لەناو دڵی هەموو کەسێك بژێت کە عیسای مەسیح وەك پەروەردگار و ڕزگاری دەری وەربگرێ.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ ئەوەت بەبیر دێتەوە کە دوو فریشتەکان بە قوتابییەکانی فەرموو، (ئەم عیسایە، کە لەنێوانتان‌دا بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە، چۆن بینیتان دەچووە ئاسمان، ئاواش دێتەوە.) (کرداری نێردراوان ١: ١١)





گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. عیسا چی بە قوتابییەکانی فەرموو؟

٢. بۆچی عیسا فەرمووی هەموو دەسەلاتێکی هەیە لە ئاسمان و لەسەر زەوی؟

٣. ئەگەر عیسا پەروەردگاری هەموو شتێکە، بۆچی هێشتا جیهانمان پڕە لە کێشە و گوناه؟

٤. ئایا ڕێگای پێ دەدەی شانشینی خۆی دابمەزرێنێ لەناو دڵت؟

٥. دەزانی ئەمرۆ پەروەردگار عیسا لە کوێیە؟

٦. هەموو بەندە ڕاستەقینەکانی خودا مل کەچی پەروەردگار عیسای مەسیحن. ئەی تۆ؟ ئایا تۆش ملکەچی عیسای مەسیح بووی، ئەوەی لەلایەن خودا هەڵبژێردرا وەك ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان؟

٧. ئایا ئامادەیی بۆ کاتی گەڕانەوەی؟

وانەی ٨٧ : ڕۆحی پیرۆز هاتە خوارەوە!

کرداری نێردراوان ١ و ٢

لە چەن دیراسەتی ڕابردوومانداا لە ئینجیل، خوێندمانەوە چۆن پەروەردگار عیسا هەموو ئەوەی پێغەمبەرانی خودا نووسیبویان زۆر لەوە پێش جێ بە جێی کرد سەبارەت بە مردنی مەسیح و هەڵسانەوەی. خوێندمانەوە کە عیسا خوێنی پیرۆزی خۆی ڕشت لەسەر خاچەکەی پێوەی بە بزمار هەڵواسرابوو، بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم بداتەوە. هەروەها بینیمان لە خاچەکە لێکرایەوە و خرایە گۆڕەوە. بەڵام، لە ڕۆژی سێیەم خودا لە مردن هەڵیساندەوە ! لەپاش ئەوەی عیسا هەڵسایەوە، بەدەرکەوت بۆ قوتابییەکانی بۆ ماوەی چل ڕۆژ و بۆیانی سەلماند کەوا بە ڕاستی لە ژیاندایە. پاشان لە وانەی پێشوومانداا، بینیمان عیسا سەرکەوتە ئاسمان کاتێ قوتابییەکانی تەماشای سەرەوەیان دەکرد.

لەبیرتە دوایەمین شت چی بوو کە عیسا فەرمانی بە قوتابییەکانی کرد پێش ئەوەی سەرکەوێتە ئاسمان؟ با دووبارە بخوێنینەوە چی فەرموو: (کرداری نێردراوان ١) [٤] کاتێ پێکەوە نانیان دەخوارد، ڕایسپاردن: (ئۆرشەلیم بەجێ مەهێڵن، بەڵکو چاوەڕێی بەڵێنەکەی باوک بکەن کە لە منەوە بیستتان. [٥] چونکە یەحیا خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا، بەڵام ئێوە پاش چەند ڕۆژێکی کەم بە ڕۆحی پیرۆز باپتیز دەکرێن... [٨] بەڵام کاتێ ڕۆحی پیرۆزتان دێتە سەر هێز وەردەگرن، بۆ من دەبنە شایەت، لە ئۆرشەلیم و هەموو یەهودیا و سامیرە، تاکو ئەوپەڕی زەوی.) [٩] ئەمەی فەرموو و ئەوانیش تەماشایان دەکرد، بەرزکرایەوە، هەورێک لەبەرچاویان شاردییەوە. [١٠] کاتێ ئەو دەڕۆیی، ئەوان سەرنجیان لە ئاسمان‌دا بوو، ئەوەبوو دوو پیاو بە جلی سپییەوە لەلایانەوە ڕاوەستاون. [١١] پێیان وتن: (جەلیلییەکان، بۆچی ڕاوەستاون سەیری ئاسمان دەکەن؟ ئەم عیسایە، کە لەنێوانتان‌دا بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە، چۆن بینیتان دەچووە ئاسمان، ئاواش دێتەوە.)

بەو شێوەیە عیسا جیابووەوە لە قوتابییەکانی و گەڕایەوە بەهەشت بۆ ئەو شوینەی لێی هاتبوو و لە دەستە ڕاستی پایەبەرز دانیشت لە بڵندی. ئەمڕۆ ئەو لەوێیە و چاوەڕوانی ئەو ساتەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دادوەری جیهان بکات لە ڕاستودروستی.

سەرنجت دا عیسا فەرمانی چی دا بە قوتابییەکانی پێش ئەوەی بچێتە ئاسمان؟ فەرمانی پێیان دا لە ئۆرشەلیم بمینێنەوە تا ئەو ڕۆژەی ڕۆحی پیرۆز دێتە سەریان، کەوا دەبوایە لە ئاسمانەوە بێت. ڕەنگە هەندێکتان هێشتا بپرسن: ئەم ڕۆحە پیرۆزە کێیە؟ ڕۆحی پیرۆز ڕۆحی خودایە و ڕۆحی عیسایە. یەك لەلای خودای باوکە و لای عیسای کوڕ، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازە لەوان. ئەو بوونی هەبوو لەگەڵ خودا لە سەرەتا کاتێ خودا جیهانی بەدی هێنا. ئەو ڕۆحەیە کەوا هانی پێغەمبەرانی دا ئەو ووشەیەی خودا بنوسن و ڕایگەێنن لە کاتی خۆی. ڕۆحی پیرۆز ڕۆحی بالادەسترین کەسە کەوا دابەزیە سەر پاکیزەیەك بەناوی مەریەم و وای کرد سکی پڕ بێت و عیسای مەسیحی پیرۆزی ببێت. ئەو ئەو ڕۆحەیە کە لە عیسای مەسیحدایە. هەروەها، ڕۆحی پیرۆز یارمەتیدەرەکەیە، ئەوەی عیسا بەڵێنی پێ دا بە قوتابییەکانی کاتێ فەرمووی، (منیش داوا لە باوک دەکەم یارمەتیدەرێکی دیکەتان بداتێ کە تاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە، ڕۆحی ڕاستی، کەوا جیهان ناتوانێت وەری بگرێت، چونکە نایبینێت و ناینا‌سێت. بەڵام ئێوە دەیناسن، چونکە لەگەڵتان دەمێنێتەوە و لە ئێوەدا دەبێت.) (یۆحەنا ١٤: ١٦، ١٧)

ئەوەی عیسا بەڵێنی بە قوتابییەکانی دا سەبارەت بەم (یارمەتیدەری) وا دەهات گرنگە بۆمان لێی تێبگەین، لەبەر ئەوەی هەندێ کەس دەیانەوێ باوەڕ بە خەڵکی بێنن کە عیسا هاتنی پێغەمبەرێکی تری ڕادەگەیاند. بەڵام ئەو یارمەتیدەری پەروەردگار عیسا بەڵێنی هاتنی دا ناکرێ مرۆڤ بێت، لەبەر ئەوەی عیسا بەڕوونی فەرمووی کە ئەو یارمەتیدەرە ڕۆحێکی پاك بوو و کەس ناتوانێ ببینێ و تاهەتا لەناو قوتابییەکانی مەسیح دەژێ. باشە ئەم ڕۆحی پیرۆزە کێیە؟ ئەو ڕۆحەیە کە خودا جێگیری دەکات لەناو دڵی هەموو ئەوانەی باوەڕ بە مەسیح دێنن. ئەو دووبارە دەیانهێنێتە کایەوە، پاکیان دەکاتەوە، بە هێزیان دەکاتەوە، نیشانەیان لێ دەدات وەك هی خۆی و بەشێکیان دەداتێ لە حزووری خۆی تاهەتا.

ئێستاش دەبینین چۆن خودا ڕۆحی پیرۆزی خۆی بەسەر قوتابییەکانی عیسادا هێنا لە ڕۆژی پەنجایەمین فیستقاڵێك بوو خودا دایمەزراندبوو بۆ گەلی ئیسرائیل لە کاتی پێغەمبەر موسا. دەتوانن دەربارەی ئەوە لە تەورات بخوێننەوە. لەم ڕۆژەدا گەلی ئیسرائیل سوپاس گوزاری خودا دەکەن بۆ ئەو خێروخۆشییەی پێیانی بەخشیوە لە کاتی دروێنەی گەنم و جۆ. بەڵام، مانایەکی گرنگتر هەبوو لە فیستقاڵی پەنجایەمیندا. پەنجایەمین ئەو ڕۆژە بوو کە خودا زۆر لەوە پێش هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی ڕۆحی پیرۆز بنێرێتە خوارەوە و لەناو هەموو ئەوانەی باوەڕ بە مەسیح دێنن بژێت. وەك چۆن فیسقاڵی پەنجایەمین پەنجا ڕۆژ لەپاش جەژنی پەسخە بوو، بۆیە خودا پلانی دانا ڕۆحی پیرۆز بنێرێتە خوارەوە لەپاش پەنجا ڕۆژ لە مردنی مەسیح و دووبارە هەڵسانەوەی.

ئێستاش با بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ووشەی خودا بۆ ئەوەی بزانین چی ڕووبدا لەپاش ئەوەی عیسا قوتابییەکانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە ئاسمان. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(کرداری نێردراوان ١) [١٢] ئینجا لەو کێوەی پێی دەووترا زەیتوون گەڕانەوە ئۆرشەلیم کە بەقەد ڕۆیشتنێکی شەممە لە ئۆرشەلیم نزیک بوو . [١٣] کاتێ چوونە ژوورەوە، چوونە ژوورەکەی سەرەوە کە تیایدا دەمانەوە، پەترۆس و یۆحەنا و یاقوب، ئەندراوس و فیلیپۆس و تۆماس، بەرتۆلماوس و مەتا و یاقوبی کوڕی حەلفا، شیمۆنی دڵگەرم و یەهوزای برای یاقوب. [١٤] هەموو بە یەک دڵ بەردەوام بوون لەسەر نوێژکردن، لەگەڵ ژنەکان و مریەمی دایکی عیسا و برایانی.

(کرداری نێردراوان ٢) [١] کە ڕۆژی پەنجایەمین داهات، هەموو پێکەوە لە یەک شوێندا بوون، [٢] لەناکاو دەنگێک لە ئاسمانەوە وەک ڕەشەبا هات، ئەو ماڵەی پڕکرد کە تیایدا دانیشتبوون. [٣] ئینجا چەند زمانێکی دابەشبوو وەک ئاگر بۆیان دەرکەوت و لەسەر هەریەکەیان نیشتەوە. [٤] جا هەموویان پڕبوون لە ڕۆحی پیرۆز و دەستیان پێکرد بە زمانەکانی دیکە بدوێن، وەک ڕۆح پێی بەخشین. [٥] لەو کاتەدا جولەکەی لەخواترسی هەموو نەتەوەکانی ژێر ئاسمان لە ئۆرشەلیم مابوونەوە. [٦] کاتێ دەنگەکە هات، خەڵک کۆبوونەوە و بووە پەشێوی، چونکە هەریەکەیان گوێی لە زمانی خۆی دەبوو پێی دەدووان. [٧] حەپەسابوون و بە سەرسامییەوە وتیان: (باشە هەموو ئەوانەی قسە دەکەن جەلیلی نین؟ [٨] ئەی چۆن هەریەکەمان گوێی لە زمانی خۆی دەبێت کە لێی لەدایک بووە؟ [٩] ئێمەی خەڵکی پەرتیا و میدیا و ئیلامی، دانیشتووانی میسۆپۆتامیا، یەهودیا و کەپەدۆکیا، پۆنتۆس و ئاسیا، [١٠] فریجیا و پەمفیلیا، میسر و ناوچەکانی لیبیای ڕووەو کورێن، هەروەها لایەکانی ڕۆما - [١١] جولەکە و بەجولەکەبوو - کریتی و عەرەب، ئەوەتا گوێمان لێیانە بە زمانی خۆمان باسی کردارە مەزنەکانی خودا دەکەن.) [١٢] هەموو سەرسام و حەپەسا بوون، بە یەکتریان دەووت: (دەبێ ئەمە مانای چی بێت؟) [١٣] هەندێکی دیکە بە گاڵتە پێکردنەوە دەیانووت: (شەرابی نوێیان زۆر خواردۆتەوە.)

[١٤] پەترۆس لەگەڵ یازدەکە ڕاوەستا، دەنگی بەرزکردەوە و پێی ڕاگەیاندن: (ئەی پیاوانی جولەکە و هەموو ئەوانەی لە ئۆرشەلیم دانیشتوون، با ئەمە لەلاتان زانراو بێت و گوێ لە قسەکانم بگرن، [١٥] چونکە وەک بیردەکەنەوە ئەمانە سەرخۆش نین، لەبەر ئەوەی کاتژمێر نۆی بەیانییە! [١٦] بەڵکو بەهۆی یۆئێل پێغەمبەر وتراوە: [١٧] {خودا دەفەرموێ، لە ڕۆژانی کۆتاییدا ڕۆحم بەسەر هەموو مرۆڤدا دەڕێژم. کوڕان و کچانتان پێشبینی دەکەن... [٢١] جا هەر کەسێک بە ناوی خوداوەندەوە بپارێتەوە، ڕزگاری دەبێت.} [٢٢] پیاوانی ئیسرائیل، گوێ لەم قسانە بگرن: عیسای ناسیرەیی پیاوێکە بۆتان سەلمێندرا، بە پەرجو و کاری سەیر و نیشانە لەلایەن خوداوە لایەنگری کراوە، کە خودا بەهۆی ئەو لەنێوانتان ئەنجامی دا، وەک خۆتان دەزانن. [٢٣] ئەم بەگوێرەی خواستی بڕیارلەسەردراو و زانینی پێشووی خودا داتانە دەست، بە دەستی گوناهباران لە خاچتان دا و کوشتتان. [٢٤] ئەوەی خودا هەڵیستاندەوە و لە ژانی مردن ئازادی کرد، لەبەر ئەوەی نەدەکرا لە چنگیدا بمێنێتەوە. [٢٥] چونکە داود باسی دەکات: {هەمیشە خوداوەندم لەبەردەمم دەبینی، ئەو لەلای دەستەڕاستمەوەیە، ناهەژێم. [٢٦] بۆیە دڵشادم و زارم لە هەلهەلە دایە، تەنانەت جەستەم لە هیوادا نیشتەجێیە، [٢٧] چونکە تۆ گیانم لە جیهانی مردووان‌دا بەجێ ناهێڵیت، هەروەها ناهێڵیت تاقانەی پیرۆزی خۆت بۆگەنی ببینێت. [٢٨] ڕێگاکانی ژیانت پێ ناساندم، لە ئامادەگیت دڵم پڕی شادی دەکەیت.}

[٢٩] برایان، ڕێگا دراوە بە ئاشکرا پێتان بڵێم کە داودی باوکمان مرد و نێژرا، گۆڕەکەشی تاکو ئەمڕۆ لەلامانە. [٣٠] ئەویش کە پێغەمبەر بوو، دەیزانی خودا بە سوێند سوێندی بۆ خواردووە کە لە بەری پشتی ئەو لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت. [٣١] پێشبینی کرد و باسی هەڵستانەوەی مەسیحەکەی کرد، نە لە جیهانی مردووان‌دا بەجێ هێڵدرا و نە جەستەشی بۆگەنی ببینی. [٣٢] ئەم عیسایە خودا

هەڵیستاندەوە، ئێمەش هەموومان شایەتین بۆی. [٣٣] ئینجا بۆ لای دەستەڕاستی خودا بەرزکرایەوە کە بەڵێنی ڕۆحی پیرۆزی لە باوکەکەوە وەرگرت، ئەمەی ڕژاند کەوا ئێوە دەیبینن و دەیبیستن. [٣٤] داود بۆ ئاسمان بەرز نەکرایەوە، بەڵکو خۆی دەڵێت: {خوداوەند بە خوداوەندمی فەرموو: لە دەستەڕاستم دانیشە [٣٥] تاکو دوژمنانت بخەمە تەختەپێ بۆ پێیەکانت.}
[٣٦] بۆیە با هەموو ماڵی ئیسرائیل بە دڵنیایی بزانن، ئەو عیسایەی ئێوە لە خاچتان دا، خودا کردییە مەسیح و خوداوەند.) [٣٧] کاتێ گوێیان لێبوو، کاری کردە سەر دڵیان، بە پەترۆس و نێردراوانی دیکەیان وت: (برایان، چی بکەین؟) [٣٨] پەترۆس وەڵامی دانەوە: (تۆبە بکەن، با هەریەکەتان بە ناوی عیسای مەسیحەوە لە ئاو هەڵبکێشرێت بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانتان و دیاری ڕۆحی پیرۆز وەردەگرن. [٣٩] چونکە بەڵێنەکە بۆ خۆتان و منداڵەکانتان و بۆ هەموو ئەوانەی دوورن - بۆ هەموو ئەوانەی کە خوداوەندی خودامان بانگییان دەکات.) [٤٠] بە زۆر قسەی دیکەش ئاگاداری کردنەوە و لێیان پاڕایەوە: (خۆتان لەم نەوە لار و چەوتە ڕزگار بکەن.) ئامین.

بە کورتی، نێردراو پەترۆس بانگەوازی بۆ خەڵکەکە کرد لە ئۆرشەلیم کەوا خودا عیسای مەسیحی نارد، هەروەک زۆر لەوە پێش بەڵێنی دابوو لە زاری پێغەمبەرانیەوە. پەترۆس پێیانی ووت: ئێوە قێزتان لە مەسیح بووەوە کەوا خودا ناردی لە ئاسمان! کوشتان بە لە خاچ دانی، بەڵام خودا لە مردن هەڵیساندەوە! هەموومان شایەتی ئەوەین! خودا عیسای بەرز کردەوە دەستە ڕاستی و ڕۆحی پیرۆزی نارد کە بەڵێنی پێ دابوو! تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە لای خودا! باوەڕ بە پەیامی پێغەمبەرانی خودا بێنن! باوەڕ بە عیسا بێنن کەوا خودا دەست نیشانی کرد بۆ ئەوەی ببێ بە ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان! (هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ دەدەن کە هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، بەخشینی گوناهەکانی بە ناوی ئەو دەست دەکەوێت!) (کردارى نێردراوان ١٠: ٤٣)

بەو شێوەیە پەترۆس نێردراوی مزگێنی خۆشی ڕزگاربوون ڕاگەیاند لە ڕێگای باوەڕ هێنان بە عیسای مەسیح. کاتێ خەڵکەکە گوێیان لە ووشەکانی پەترۆس بوو، هەستیان بە ئازارێکی زۆر کرد لە دڵیان لەبەر ئەوەی ئێستا زانیان کە عیسای ناسیرە، ئەوەی لە خاچیان دا، پەروەردگاری شکۆیە لە ئاسمانەوە! ئەم عیسایەی وا سووکایەتیان پێ دەکرد و ڕقیان لێ بووەوە مەسیح بوو کەوا خودا بەڵێنی هاتنی دابوو زۆر لەوە پێش لەسەر زاری پێغەمبەرەکانی! بۆیە لەو ڕۆژەدا زۆریان تۆبەیان کرد لە گوناهەکانیان و ڕوویان لە خودا کرد و باوەڕیان هێنا بەناوی پەروەردگار عیسای مەسیح. ئەم قوتابییە نوێیانە لە ئاو هەڵکێشران بۆ ئەوەی گەواهی لەپێش خەڵک بدەن کەوا لە گوناهەکانیان پاک کرانەوە لە گوناهەکانیان بە باوەڕ هێنان بە مردن و ناشتن و هەڵسانەوەی عیسای مەسیح. لە ئاو هەڵکێشان گوناهەکانیانی نەسڕیەوە، ئەوە تەنها هێمای پاککردنەوەی ڕووی دەرەوە بوو کەوا ڕووی دا لەناو دڵی ئەوان.

بەو شێوەیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئەوانەی کە قسەکەیان وەرگرت لەئاوهەڵکێشران، لەو ڕۆژەدا نزیکەی سێ هەزار کەس هاتنە پاڵ. ئیتر ئەوان پەیوەستبوون لەسەر فێرکردنی نێردراوان و هاوبەشییەتی، لەتکردنی نان و نوێژکردن... قوتابییەکانیش پڕدەبوون لە خۆشی و لە ڕۆحی پیرۆز. (کردارى نێردراوان ٢: ٤١، ٤٢ و ١٣: ٥٢)


بەو شێوەیە، لەو ڕۆژی پەنجایەمین، کلێسە {کۆمەڵەی ئەوانەی باوەڕیان بە عیسای هەیە} لەدایک بوو. کلێسای عیسا بینایە نیە یاخود ئایین نیە. ووشەی کلێسا بە یۆنانی (ئیککلیسیا)یە و بە مانای (ئەوانەی بانگ هێشت کراون) دێت. وەک چۆن ئەمڕۆ باوەڕداری ڕاستەقینە و باوەڕداری ساختە هەیە لە جیهان، کلێسای ڕاستەقینە و کلێسای ساختە هەیە. کلێسای ڕاستەقینەی عیسای مەسیح پێکهاتووە لە هەموو ئەوانەی لە ڕۆژی پەنجایەمینەوە گوازرانەوە لە خێزانی ئادەمەوە بۆ خێزانی عیسای مەسیح بە باوەڕی ڕاستەقینە بە قوربانی ئەنجام دراوی تەواوی مەسیح.

ڕووداوەکانی پەنجایەمین ئەمڕۆ جوێندومان نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەو پێش ڕووی دا. ڕەنگە ئەمە وا لە هەندێ کەس بکات بڵێن، (ئەمە هیچ پەیوەندی بە منەوە نیە! من یەکێک نەبووم لەوانەی عیسایان لە خاچ دا! جولەکە و ڕۆمانییەکان ئەوەیان کرد! من هیچ پەیوەندیم بەو شتەوە نیە!) بەڵام ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە مەسیح، لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا بوو! (ئیشایا ٥٣: ٥) گوناهەکانمان بووە هۆی مردنی ئەو. لە سنوور دەرچوونمان هۆی ئەوە بوو خودا ڕێگای دا مرۆڤ خۆشەویستەکەی خۆی لە خاچ بدەن! مرۆڤ عیسایان لە خاچ دا، بەڵام خودا هەڵیساندەوە لە مردن بۆ ئەوەی ببێتە ڕزگاری دەری

هەموو ئەوانەی باوەڕ دێنن و دادوەری هەموو ئەوانەی باوەڕ ناهێنن. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان ڕایدەگەیەنێ: هەموو کەسێک و لە هەموو شوێنێک کە تۆبە بکەن. [٣١] چونکە ڕۆژێکی داناوە تیایدا بەتەمایە بە دادپەروەری جیهان حوکم بدات، بە پیاوێک کە دیاری کردووە، بەڵگەشی بە هەمووان داوە کە لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە! (کرداری نێردراوان ١٧: ٣٠، ٣١)

بە وریاییەوە بیر بکەوە لەم ووشەیە، لەبەر ئەوەی دواڕۆژی تاهەتاییت پەیوەستە بە شێوازی وەڵامدانەوەت بەرامبەری. خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر دەکەیتەوە لەوەی نێردراو پەترۆس بانگەوازی بۆ کرد و فەرمووی،

(هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ دەدەن کە هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، بەخشینی گوناهەکانی بە ناوی ئەو دەست دەکەوێت... و ... دیاری ڕۆحی پیرۆز وەردەگرن!) (کرداری نێردراوان ١٠: ٤٣ و ٢: ٣٨)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. لەبیرتە دوایەمین شت چی بوو کە عیسا فەرمانی بە قوتابییەکانی کرد پێش ئەوەی سەرکەوێتە ئاسمان؟

٢. عیسا فەرمانی چی دا بە قوتابییەکانی پێش ئەوەی بچێتە ئاسمان؟

٣. ئەم ڕۆحە پیرۆزە کێیە؟

وانەی ٨٨: عیسا دێتەوە!

ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ١٩–٢٢

ئەمڕۆ گەیشتینە وانەی هەشتاوهەشتەمین لە دیراسەتی بەپێی کاتی ڕوودانمان بۆ ووشەی خودا. وەك بینیمان، بۆ زیاتر لە چەن سەد ساڵێك، ڕۆحی خودا هانی زیاتر لە سی پێغەمبەر دا بەشی یەکەمی نووسراوە پیرۆزەکان بنووسن، ئەویش تەورات و زەبوورەکان و پەرتوکەکانی پێغەمبەرانە. بەشی یەکەمی پەرتوکی خودا پێی دەوترێ پەیمانی یەکەم. لەو بەشە هەموو پێغەمبەران هاوبەش بوون لە یەك پەیام، پەیمانیان ڕاگەیاند کە خودا پیرۆز و ڕاستودروستە و بۆیە دادوەری هەموو گوناهێك بکات. بەڵام، خودا هەروەها پڕە لە بەزەیی و نایەوێ نەوەکانی ئادەم لەناوبچن لە گوناهەکانیاندا. بۆیە بینیمان چۆن خودا و لەسەر زاری پێغەمبەرانی، بەڵێنی دا ڕزگاری دەرێك بنێرێ، مەسیح پیرۆز، ئەوەی وا لە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت و ژیانێکی پیرۆز دەژی و پاشان خوێنی خۆی دەڕێژێ لەسەر خاچێك بۆ ئەوەی سزای گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم بداتەوە. هەموو پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن دەربارەی ئەم مەسیحەیان نووسی ئەوەی دەبوایە بهاتایە.

لە بەشی دووەمی نووسراوە پیرۆزەکان، پەیمانی نوێ، پەرتوکی ئینجیل، بینیمان کە ئەو کاتەی خودا پلانی بۆی دانا بوو هات، مەسیحی نارد، ڕزگاری دەری جیهان، هەروەك چۆن بەڵێنی دابوو لەسەر زاری پێغەمبەرانی. مەسیح عیسای ناسیرە بوو – تاکە کەسی تەواو کەوا لەسەر ژیاندا بێت. عیسا پڕ بوو لە هێزی خودا، لەبەر ئەوەی خۆی خودی ووشەی خودا بوو لە جەستەی مرۆڤێکدا. خودا دەربارەی ئەو ڕایگەیاند، (ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم!) (مەتا ٣: ١٨) بەڵام، مرۆڤەکان ئەو کەسە پیرۆزەیان کوشت بە لە خاچ دانی. بەڵام خودا هەڵیساندەوە بۆ ژیان لە ڕۆژی سێیەمدا. لەپاش ئەوەی عیسا بینرا لەلایەن کەسانێکی زۆرەوە، خودا بەرزی کردەوە بۆ بەرزترین شوێن لە ئاسمان. بەڵام چیرۆکەکە لەوێ کۆتایی نایات.

چیرۆکی سەرنج ڕاکێشی خودا بۆ ڕزگارکردن دەست پێك و کۆتای هەیە، ئەم جیهانە خراپەکارە هێشتا بۆ جاری کۆتایی عیسا نەبینیوە! ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە پەروەردگار عیسا جارێکی تر دێتەوە بۆ ئەوەی شەیتان و فریشتە خراپەکانی فڕێ بداتە ناو ئاگر و نەوەکانی ئادەم دادوەری بکات لە ڕۆژی دوای و ئەم جیهانە کۆنە دووبارە دروست بکاتەوە. وانەی ئەمڕۆمان بەناوی (عیسا دێتەوە) یە.

لە دوایەمین پارچەی پەیمانی نوێ دەخوێنیەوە، لەو پەرتوکەی پێی دەوترێ ئاشکراکردنی عیسای مەسیح. ئاشکراکردنی عیسای مەسیح پەرتوکێکی بنچینەیی و بەهێزە، لەبەر ئەوەی ڕایدەگەیەنێ چی ڕوو دەدات لە کۆتایی ڕۆژگاردا کاتێ ئەم جیهانەی ئێستامان کۆتایی پێ دێت. پەرتوکی ئاشکراکردنی عیسای مەسیح بیست و دوو بەشی هەیە، چەن بەشێك بانگەواز دەکات کەوا باوەڕداران سەرکەوتنێکی شکۆدارانە بەدەست دێنن. بەڵام بۆ ئەوانەی باوەڕ ناهێنن، ئەم بەشانەی تۆقاندنی مەزنی تێدایە، لەبەر ئەوەی پەرتوکی ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ئاشکرای دەکات ئەگەر تۆ عیسای مەسیح ڕەت بکەیتەوە وەك ڕزگاری دەرت، ئەوا لە کۆتاییدا دەبێتە دادوەرت! ئەگەر بەرخی خودا قەبوڵ نەکەی، ئەوا ڕوو بە ڕووی شێرێکی بالآدەست بۆ ئەوەی دادوەری بکات! نووسراوە پیرۆزەکان باس لەوە دەکات کاتێ دەفەرموێ: لە کاتی ئاشکراکردنی عیسای خوداوەند لە ئاسمان لەگەڵ فریشتەکانی تواناکەی لە ئاگرێکی گڕدار. [٨] سزای ئەوانە دەدات کە خودا ناناسن و گوێڕایەڵی ئینجیلی عیسای خوداوەندمان نابن! (٢ تەسالۆنیکی ١: ٧، ٨)

ئێستاش با بەوریاییەوە بخوێنین لەو پارچە وەرگیراوانە لە پەرتوکی ئاشکراکردنی عیسای مەسیح. لەپاش ئەوەی پەروەردگار عیسا گەڕایەوە ئاسمان، فریشتەکەی نارد بۆ یۆحەنای نێردراو، بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانەی لە کۆتایی ڕۆژگاردا ڕوو دەدەن بۆ ئاشکرا بکات. لە بەشی یەکەم، یۆحەنا نووسی: (ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ١) [١] ئاشکراکردنی عیسای مەسیح کە خودا پێیداوە، تاکو ئەو شتانەی دەبێت زوو ڕووبدەن بە بەندەکانی پیشان بدات و دەریخست کە بە فریشتەکەی خۆی بۆ یۆحەنای بەندەی خۆی نارد،

[٢] ئەوەی شایەتی دا بۆ وشەی خودا و بۆ شایەتی عیسای مەسیح - هەرچییەکی بینی. [٣] خۆزگە دەخوازرێ بەوەی وتەکانی ئەم پێشبینییە دەخوێنێتەوە و ئەوانەی دەیبیستن، ئەوەی تیایدا نووسراوە دەیپارێزن، چونکە کاتەکە نزیکە. [٤] یۆحەنا، بۆ حەوت کڵێساکەی ئاسیا: نیعمەت و ئاشتی بۆ ئێوە، لەوەی هەیە و هەبووە و دێت و لەو حەوت ڕۆحەی لەبەردەم تەختەکەی دانە... بۆ ئەوەی ئێمەی خۆش دەوێ و بە خوێنی خۆی ئازادی کردین لە گوناهەکانمان و [٦] ئێمەی کردە شانشین و کاهین بۆ خودای باوکی - - شکۆ و توانای تاهەتایی بۆ ئەوە! ئامین. [٧] ئەوەتا لەگەڵ هەوردا دێت و هەموو چاوێک دەیبینێت، ئەوانەش کە ڕمیان لێیداوە، هەموو خێڵەکانی زەویش شیوەنی بۆ دەگێڕن. بەڵێ، ئامین. [٨] خوداوەند، خودا دەفەرموێ: (من ئەلف و یێم، ئەوەی هەیە و هەبووە و دێت، هەرە بە توانایە.)

لە بەشی نۆزدەهەم، یۆحەنا نووسیویەتی: (ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ١٩) [١] پاش ئەمە گوێم لە دەنگێک بوو وەک حەشاماتێکی گەورە لە ئاسمان دەیووت: (هەلیلویا! ڕزگاری و شکۆ و هێز بۆ خودامانە، [٢] چونکە حوکمەکانی ڕاست و دادپەروەرن... پاشان گوێم لە دەنگێک بوو وەک دەنگی حەشاماتێک و وەک خوڕەی ئاوێکی زۆر و وەک دەنگی هەورەتریشقەی بەهێز بوو، دەیووت: (هەلیلویا! خودای پەروەردگارمان هەرە بە توانایە، حوکمڕانی کرد. (شانشینی جیهان بووە شانشینی خوداوەندمان و مەسیحەکەی، ئەویش تاهە تایە فەرمانڕەوایی دەکات! (ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ١١: ١٥))

[١١] پاشان ئاسمانم بە کراوەیی بینی، ئەسپێکی سپیم بینی و سوارەکەی بە (دڵسۆز) و (ڕاستگۆ) ناودەبرا. بە دادپەروەری حوکم دەدات و دەجەنگێت. [١٢] چاوەکانی وەک گڕی ئاگر وابوون و ژمارەیەکی زۆر تاجی بە سەرەوەبوو، ناوێکی نووسراوی هەیە، خۆی نەبێت کەس نایزانێت. [١٣] کەوایەکی لە خوێن هەڵکێشراوی لەبەربوو، ئەو ناوەی پێی بانگ دەکرێ (وشەی خودا)یە. [١٤] سەربازیش لە ئاسمان‌دا بە سواری ئەسپی سپی شوێنی دەکەوتن و کەتانی سپی پاکیان لەبەردا بوو. [١٥] لە دەمیەوە شمشێرێکی تیژ دەردەچوو، تاکو پێی لە نەتەوەکان بدات. {بە گۆپاڵێکی ئاسنین شوانەتییان دەکات.} گوشەری شەرابی تووڕەیی هەڵچووی خودای هەرە بە توانا دەگوشێت. [١٦] ناوێکی هەیە لەسەر کەوا و ڕانی نووسراوە: (پاشای پاشایان و گەورەی گەورەیان.)

(ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ٢٠) [١] فریشتەیەکم بینی لە ئاسمانەوە دادەبەزی و کلیلی بیری بێبنی پێبوو، زنجیرێکی گەورەشی بەدەستەوە بوو. [٢] ئەژدیهاکەی دەستگیر کرد، مارە دێرینەکە کە ئیبلیس و شەیتانە، هەزار ساڵ بەستییەوە. [٣] فڕێی‌دایە بیری بێبن و دەرگای لەسەر داخست و مۆرێکی لێدا، تاکو ئیتر نەتەوەکان چەواشە نەکات، تاکو هەزار ساڵەکە تەواو دەبێت. پاش ئەمە دەبێت بۆ ماوەیەکی کەم ئازاد بکرێت. [٤] چەند تەختێکم بینی و ئەوانەی لەسەری دانیشتن دەسەڵاتی حوکمدانیان درایێ. هەروەها گیانی ئەوانەم بینی کە لەبەر شایەتی عیسا و لەبەر وشەی خودا سەربڕابوون... جا زیندووبوونەوە و هەزار ساڵ لەگەڵ مەسیحدا حوکمڕانییان کرد.

[٧] کاتێ هەزار ساڵەکە تەواو دەبێت شەیتان لە بەندیخانە ئازاد دەکرێت. [٨] دەردەچێت تاکو نەتەوەکانی چوارگۆشەی زەوی چەواشە بکات...تاکو بۆ جەنگ کۆیان بکاتەوە، ئەوانەی ژمارەیان وەک لمی دەریایە. [٩] سەرکەوتنە سەر پانتایی زەوی، ئۆردوگای پیرۆزکراوان، شارە خۆشەویستەکەیان گەمارۆ دا، جا ئاگرێک لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و خواردیانی. [١٠] ئەو ئیبلیسەی چەواشەی دەکردن فڕێدرایە دەریاچەی ئاگر و گۆگرد، کە دڕندەکە و پێغەمبەرە درۆزنەکەی لێیە. شەو و ڕۆژ تاهەتایە ئازار دەدرێن.

[١١] پاشان تەختێکی گەورەی سپیم بینی و ئەوەی لەسەری دانیشتبوو. ئاسمان و زەوی لەبەر ڕووی هەڵاتبوون، هیچ شوێنیان نەدۆزرایەوە. [١٢] مردووەکانم بینی بە گەورە و بچووکەوە لەبەردەم تەختەکە ڕاوەستابوون و پەڕتووکەکان کرانەوە. پەڕتووکێکی دیکەش کە پەڕتووکی ژیانە کرابۆوە. مردووەکان بەگوێرەی کردەوەکانیان بەوەی لە پەڕتووکەکان نووسراوە حوکم دران. [١٣] دەریاش مردووەکانی ناوخۆی ڕادەستکرد، هەروەها مردن و جیهانی مردووان مردووەکانی خۆیان دایەدەست و هەریەکە و بەگوێرەی کردەوەکانی حوکم درا. [١٤] مردن و جیهانی مردووان فڕێدرانە دەریاچەی ئاگرەکەوە. ئەم دەریاچەی ئاگرە مردنی دووەمە. [١٥] هەر کەسێک ناوی لە پەڕتووکی ژیان‌دا نەدۆزرایەوە نووسرابێت، فڕێدرایە دەریاچەی ئاگرەکە.

(ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ٢١) [١] پاشان ئاسمانێکی نوێ و زەوییەکی نوێم بینی، چونکە ئاسمانی یەکەم و زەوی یەکەم بەسەرچوون، ئیتر دەریاش نەما... [٣] گوێم لە دەنگێکی گەورە بوو لە تەختەکەوە فەرمووی: (ئەوەتا نشینگەی خودا لەگەڵ خەڵک،

ئەویش لەگەڵیان نیشتەجێ دەبێت. ئەوانیش دەبنە گەلی ئەو، خودا خۆی لەگەڵیان دایە و دەبێتە خودایان. [٤] ئەویش هەموو فرمێسکێکی چاویان دەسڕێتەوە، ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون.) [٥] دانیشتووی سەر تەختەکە فەرمووی: (ئەوەتا هەموو شتێک نوێ دەکەمەوە.) هەروەها دەفەرموێ: (بنووسە، چونکە ئەم وتانە متمانەدار و ڕاستن.) [٦] پاشان پێی فەرموم: (ئەوا هاتە دی. من ئەلف و یێم، سەرەتا و کۆتاییم. لە کانی ئاوی ژیان بەخۆڕایی دەدەمە تینوو. [٧] ئەوەی سەربکەوێت ئەوانەی بە میرات بۆ دەمێنێتەوە، دەبمە خودای و ئەویش دەبێتە کوڕم. [٨] بەڵام ترسنۆکەکان و بێباوەڕان و قێزەوەنان، بکوژان و داوێنپیسان و جادووگەران، بتپەرستان و هەموو درۆزنان، بەشیان لە دەریاچەی بە ئاگر و گۆگرد داگیرساوە کە مردنی دووەمە.)

(ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ٢٢) [١] پاشان فریشتەکە ڕووباری ئاوی ژیانی پیشاندام، پرشنگدار وەک کریستاڵ، لە تەختی خودا و بەرخەکە و [٢] بە ناوەڕاستی شەقامی شارەکەدا دەڕوات. لە هەردوو ڕۆخی ڕووبارەکەدا درەختی ژیان ڕوابوو کە دوازدە جۆر بەرهەم دەدات، هەر مانگێک بەرهەمی خۆی دەدات...[٣] ئیتر هیچ نەفرەتێک نامێنێت. تەختی خودا و بەرخەکەش لەناو شارەکەدا دەبن، بەندەکانی خزمەتی دەکەن و [٤] ڕووی دەبینن و ناوی لەسەر نێوچەوانیانە. [٥] لەوێ شەو دانایەت و پێویستییان بە چرا و ڕووناکی خۆر نابێت، چونکە خوداوەند، خودا بەسەریاندا دەدرەوشێتەوە و تاهەتایە حوکمڕانی دەکەن. [٦] پاشان فریشتەکە پێیووتم: (ئەم وتانە متمانەدار و ڕاستن. خوداوەند، خودای ڕۆحی پێغەمبەران، فریشتەکەی خۆی نارد تاکو ئەو شتانە پیشانی بەندەکانی خۆی بدات کە دەبێت زوو ڕووبدەن.


مەنم (عیسای مەسیح) پێتان دەڵێم: [١٢] ئەوەتا بە پەلە دێم! پاداشتی خۆم پێیە، تاکو پاداشتی هەر کەسێک بەگوێرەی کارەکەی بدەمەوە. [١٣] من ئەلف و یێم، یەکەمین و دواهەمینم، سەرەتا و کۆتاییم. [١٤] خۆزگە دەخوازرێ بەوانەی جلەکانیان دەشۆن، تاکو مافیان لە درەختی ژیان هەبێت و لە دەرگاکانەوە بچنە ناو شارەکە. [١٥]...هەموو درۆزن و ئەوانەی حەز لە درۆ دەکەن لە دەرەوە دەبن. [١٦] من عیسام، فریشتەکەی خۆم نارد تاکو بەم شتانە شایەتی بۆ کڵێساکان بدەم. من لە ڕەگ و نەوەی داودم، ئەستێرەی بەیانی پرشنگدار.) [١٧] ڕۆح و بووک دەفەرموون: (وەرە!) ئەوەی گوێی لێیە با بڵێت: (وەرە!) ئەوەی تینوویەتی با بێت، ئەوەی دەیەوێت با بەخۆڕایی ئاوی ژیان ببات.

[١٨] شایەتی دەدەم بۆ هەموو ئەوانەی وشەکانی پێشبینی ئەم سیپارەیە دەبیستن: ئەگەر کەسێک بۆ ئەمانە زیاد بکات، خودا ئەو دەردانەی لەسەر زیاد دەکات کە لەم سیپارەیەدا نووسراوە. [١٩] ئەگەر کەسێکیش لە وشەکانی پێشبینی ئەم سیپارەیە بسڕێتەوە، خودا لە درەختی ژیان و لە شارە پیرۆزەکە بێبەشی دەکات، ئەوەی لەم سیپارەیەدا نووسراوە. [٢٠] شایەتی ئەمانە دەفەرموێ: (بەڵێ، بە پەلە دێم.) ئامین! وەرە، عیسای خوداوەند. [٢١] نیعمەتی عیسای خوداوەند لەگەڵ هەمووتان بێت. ئامین.

بەو شێوەیە، خودا کۆتایی بە پەرتوکە دڵ ڕفێنەکەی هێنا و بەڵێنی دەدا کەوا پەروەردگار عیسا، ئەوەی کە نەوکانی ئادەم لە خاچیان دا، ڕۆژێك لە ڕۆژان دەگەڕێتەوە سەر زەوی. دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە لەگەڵ خۆی ببات کە باوەڕیان پێی هەیە، و دادوەری ئەو کەسانە بکات کە باوەڕیان پێی نیە! ئایا متمانەت هەیە کاتێ پەروەردگار عیسا دەگەڕێتەوە لە ئاسمان؟ ئایا لەنێو ئەو کەسانەی کەوا عیسایان وەك ڕزگاری دەر و پەروەردگار وەرگرت؟ لە دڵت باوەڕت هەیە کە خودا گوناهەکانتی خستە سەر پەروەردگار عیسای مەسیح، ئەوەی کەوا هیچ گوناهی ئەنجام نەداوە، تاکو لە ڕێگای ئەوەوە خودا بتوانێ بە ڕاستودروستت بژمێرێ؟ ئایا ناوت نووسراوە لە پەرتوکی ژیان؟ پەیوەندیت چیە لەگەڵ عیسای مەسیح؟ ئایا ئەو ڕزگاری دەرتە؟ یاخود دەبێت بە دادوەرت؟

ئایا ئامادەی گەڕانەوەی مەسیحی؟ ئەگەر ئەمڕۆ گوێت لە دەنگی خودا بوو، ئەوا دڵت ڕەق مەکە، لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (ڕۆژێک لەلای خوداوەند وەک هەزار ساڵە و هەزار ساڵیش وەک ڕۆژێکە. خوداوەند سەبارەت بە بەڵێنەکەی خاو نییە، وەک هەندێک بە خاوی دەزانن، بەڵام لەگەڵمان پشوو درێژە، نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبەکردن بێن. بەڵام ڕۆژی خوداوەند وەک دز دێت، تیایدا بە دەنگێکی بەرز ئاسمان نامێنێت، بە سووتان توخمەکان لەناودەچن، زەوی و ئەو کارانەی تیای دایە نامێنێت!) (٢ پەترۆس ٣: ٨، ٩، ١٠) (ئێستایە کاتی پەسەندی خودا و ئێستایە ڕۆژی ڕزگاری!) (٢ کۆرنسۆس ٦: ٢) (جا ئێمە چۆن هەڵبێین ئەگەر ڕزگارییەکی گەورەی وەک ئەمە پشتگوێ بخەین؟) (عیبرانیەکان ٢: ٣)

تا جاری داهاتوو، خودا بەرەکەتدارت بکات وەک چۆن دوایەمین ووشەکانی عیسات دێتەوە یاد لە نووسراوە پیرۆزەکان. پەروەردگار عیسای مەسیح فەرمووی: (بەڵێ، بە پەلە دێم!) (ئاشکراکردن ٢٢: ٢٠)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا متمانەت هەیە کاتێ پەروەردگار عیسا دەگەڕێتەوە لە ئاسمان؟

٢. ئایا لەنێو ئەو کەسانەی کەوا عیسایان وەک ڕزگاری دەر و پەروەردگار وەرگرت؟

٣. لە دڵت باوەڕت هەیە کە خودا گوناهەکانتی خستە سەر پەروەردگار عیسای مەسیح، ئەوەی کەوا هیچ گوناهی ئەنجام نەداوە، تاکو لە ڕێگای ئەوەوە خودا بتوانێ بە ڕاستودروستت بژمێرێ؟

٤. ئایا ناوت نووسراوە لە پەرتوکی ژیان؟

٥. پەیوەندیت چیە لەگەڵ عیسای مەسیح؟ ئایا ئەو ڕزگاری دەرتە؟ یاخود دەبێت بە دادوەرت؟

٦. ئایا ئامادەی گەڕانەوەی مەسیحی؟

وانەی ٨٩: مزگێنی خۆش!

لە دیراسەتمان لە پەرتوکی ئینجیل، پەروەردگار عیسای مەسیح لەپاش ئەوەی هەڵسێندرایەوە، فەرمانی بە قوتابییەکانی دا و فەرمووی: (بڕۆنە هەموو جیهان و ئینجیل بۆ هەموو بەدیهێنراوان جارپدەن.) (مارقۆس ١٦: ١٥) هەروەها لەپاش ئەوەی عیسا سەرخرایە ئاسمان، پیاوێك بەناوی پۆڵۆس کەوا لە پیاوێکی ئایینی خوێن گەرم گۆڕا بۆ شوێن کەوتووەکی بەوەفای عیسای مەسیح، نووسی: پۆڵۆس، بەندەی عیسای مەسیح، نێردراوی بانگکراو و تەرخانکراو بۆ ئینجیلی خودا، کەپێشتر لەنووسراوە پیرۆزەکاندا بەهۆی پێغەمبەرەکان بەڵێنی دابوو شەرمم بەئینجیل نییە، لەبەر ئەوەی هێزی خودایە بۆ ڕزگاربوونی هەموو ئەوانەی باوەڕ دەهێنن. ...چونکە لەئینجیلدا بێتاوان کردن لە خوداوە ئاشکرا دەکرێت، ئەم بێتاوان کردنەش لەدەستپێکردنەوە تا کۆتایی بەباوەڕە! (ڕۆما ١: ١، ٢، ١٦، ١٧)

مزگێنی خۆش، مزگێنی خۆش، مزگێنی خۆش! ئەم مزگێنییە خۆش چیە کە ووشەی خودا دووبارە و دووبارە باسمان بۆ دەکات؟ ئەمڕۆ، بە یارمەتی خودا حەز دەکەین باسی ئەم مزگێنییە خۆشە بکەین کەوا بانگەوازی بۆ کراوە لە نووسراوە پیرۆزەکان. بەڵام پێش ئەوەی باسی مزگێنییە خۆشە بکەین، پێویستە هەواڵە ناخۆشەکەش بزانین.

هەواڵە ناخۆشەکە چیە؟ ڕەنگە لەبیریت بێت لە سەرەتادا، لەپاش ئەوەی خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا، خودا ئادەم و حەوای دروست کرد و لە باخچەکانی بەهشت دایانی نا لەسەر زەوی. خودا ئەوانی دروست کرد تاکو بیناسن و خۆشیان بوێ و گوێڕایەڵی بن و شکۆمەندی بکەن تاهەتا. بەڵام، بۆ ئەوەی تاقییان بکاتەوە، خودا بە ئادەمی فەرموو: (دەتوانی لە بەروبوومی هەموو دارەکانی باخچەکە بخۆی، تەنها لەو دارەی ناوەڕاستی باخچەکە نەبێت. نابێ لێی بخۆی، لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژەی لێی بخۆی دەمری!) هەواڵە خراپەکە ئەوەیە ئادەم و حەوا گوێیان لە مارەکە گرت، شەیتان، کەوا فریویانی دا لە میوەی دارە قەدەغەکراوەکە بخۆن. گوناهەکەی ئادەم و حەوا کێشە و مردنی هێنایە جیهانەوە، خۆیان و نەوەکانیانی تووش کرد. ووشەی خودا هەواڵی ناخۆشمان پێ ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: وەک بۆ مرۆڤ دانراوە جارێک بمرێت، دواتر لێپرسینەوەیە! ... ئەوەتا خوداوەند لەنێو هەزارانی پیرۆزکراودا دێت، تاکو هەمووان حوکم بکات و هەموو خوانەناسان سەرزەنشت بکات، لەبەر هەموو کردارە خوانەناسییەکانیان کەوا لە ڕێبازی خوانەناسی کردوویانە و ئەو قسە ڕەقانەی ئەو گوناهبارە خوانەناسانە لە دژی وتوویانە! (عیبرانیەکان ٩: ٢٧ و یەهوزا ١٥، ١٦)

بۆیە، هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە هەموان گوناهبارین و دەبێت ڕوو بە ڕووی دادوەری ڕاستودروستی خودا ببینەوە! بەڵام مزگێنیە خۆشەکە ئەوەیە هەر لەوێ لە باخچەی بەهشت، ئەو خودایەی کە پڕە لە بەزەیی، ڕایگەیاند کەوا ڕۆژێك کەسێك دەنێرێتە جیهانەوە کەوا لەکەی گوناهی پێوە نەبێ و لە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت. ئەم کەسە پیرۆزە، ئەم ڕزگاری دەرە ڕاستودروستە خۆی دەبەخشێ بۆ ئەوەی وەك قوربانی بیکوژن تاکو سزای گوناهەکانی ئادەم و هەموو نەوەکانی بداتەوە. سزای گوناە کەوا ئێمە شایەنین دەکەوێتە سەری ئەم ڕزگاری دەرە بێ گوناهە. ئەم ئەو مزگێنیە خۆشەیە کەوا خودا ڕایگەیاند لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد.

خودا زۆر پیاوی بەکار هێنا بۆ ئەوەی هاتنی ئەم ڕزگاری دەرە، هەروەها ناسراوە بە مەسیح ڕابگەێنن. هەریەك لە پێغەمبەرانی خودا شتێکیان دەربارەی مەسیح ڕاگەیاند، تاکو کە کاتی هات، ئەو کاتە هەموو کەس بیناسی و بزانێ کەوا ئەو کەسەیە خودا دەست نیشانی کردوە. بۆ نموونە، پێغەمبەر ئیشایا کە لەپێش مەسیح هات بە نزیکە حەفت سەد ساڵ، پێشبینی کرد چۆن مەسیح لەدایك دەبێت، فەرمووی: پاکیزەیەک سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی دەنێن ئیمانوێل. واتا: خودا لەگەڵمانە. (مەتا ١: ٢٣ و ئیشایا ٧: ١٤) پێغەمبەرێکی تریش بەناوی میخا پێشبینی کرد کەوا مەسیح لە ئاسمانەوە دێت و لە زەوی لەدایك دەبێت لە گوندی ***بێت لەحم***. ئەوەش ئەو شوێنە بوو کە مەسیح لێی لەدایك بوو. لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینییەکەی میخا سەدان ساڵ لەپێش لەدایك بوونی مەسیح بوو.

پێغەمبەران تەنها پێش بینی لەدایك بوونی مەسیحیان نەکرد. هەروەها پێشبینییان کرد کەوا مەسیح ئازار دەچێژی و دەمرێ لەباتی

گوناهباران. بۆ نموونە، پێغەمبەر داود نووسی کەوا خەڵکی قێز لە مەسیح دەکەن و ئازاری دەدەن و دەست و پێی کون دەکەن و دەیکوژن. داود نەك تەنها مردنی مەسیحی ڕاگەیاند، بەڵکو پێش بینی کرد کەوا خودا مەسیح هەڵدەستێنێتەوە لە مردن و بەو شێوەیە دەیسەلمێنێ کەوا ئەو تاقە ڕزگاری دەرە کە خودا ناردی بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە سزای گوناە.

کەم دەمەقاڵی هەیە دەربارەی لەدایك بوونی مەسیح، بەاڵم زۆر خەڵك گومانیان هەیە لەسەر مردنی و هەڵسانەوەی. ناتوانن لەوە تێبگەن چۆن خودا تەنها ڕاوەستێ و تەماشا بکات کاتێ پیاوان ئەو مەسیحەیان ئازار دەدا کەوا ناردی. ئەوەی زۆربەی خەڵك ناتوانن لێی تێبگەن ئەوەیە کە خودا، ئەوەی خۆشمانی دەوێ، خۆی نیازی وابوو کە مەسیح ئازار بچێژی وەك ئەوەی بۆ گوناهەکانمان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوەیە کە پێغەمبەران بانگەوازیان بۆ کرد و فەرموویان: پەروەردگار مەبەستی بوو بە خەم (غەم) وردوخاشی بکات و ئازار بکێشێت لەگەڵ ئەوەش‌دا پەروەردگار ژیانی کرد بە قربانی‌تاوان! (ئیشایا ٥٣: ١٠)

باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟ ئێمە دەڵێین باوەڕمان پێیان هەیە. ئەگەر بەڕاستی باوەڕمان هەیە بە پێغەمبەران، ئەوا دەبێت باوەڕمان بەوەی نووسیویانە هەبێت. دەبێت لەبیرمان بێت کە پێغەمبەران ئەو قسانەیان لە خۆیانەوە نەیانکرد. خودا لەناو گیانیانی دانا چی بڵێن. بۆیە، ئەگەر ڕەتی بکەینەوە باوەڕ بەو پێغەمبەرانە بێنین، ئەو کاتە کێ ڕەت دەکەینەوە؟ خودا ڕەت دەکەینەوە — لەبەر ئەوەی ئەو هانی پێغەمبەرانی دا پێشبینی بکەن کە مەسیح وەك قوربانی دەمرێ بۆ ئەوەی گوناە لاببات.

لەبەر ئەوەی خودا جیهانی خۆش دەوێ و نایەوێ کەس لەناوبچێ لەناو گوناە پلانی مردنی مەسیحی دانا. پێویست بوو کەسێکی ڕاستودروست بمرێ لەپێناو خەڵکانێکی ناڕاستودروست بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات لە دادوەری خودا. ئەوە ماناکانی پێشکەش کردنی مەڕ و بزن بوو وەك قوربانی لە کاتی خۆی. عیسای مەسیح، ئەوەی لە پاکیزەیەك لەدایك بوو بە هێزی خودا، تەواوترین و دوایەمین قوربانییە کەوا خودا بەخشی. لەبەر ئەوەی ئێستا قوربانییەکی تەواو دایمیمان هەیە بۆ گوناە، پێویست ناکات خۆمان ماندوو بکەین بەردەوام بین لە پێشکەش کردنی قوربانی هێمایی ناتەواو. لەبیرتە پەروەردگار عیسا چی ڕاگەیاند لەسەر خاچەکە پێش ئەوەی بمرێ؟ فەرموی، (تەواو بوو!) (یۆحەنا ١٩: ٣٠) قەردی گوناهەکانمانی دایەوە بە یەکجاری. تاقە شتە کە ئێمە بیکەین باوەڕ هێنانە پێی! وەك پێشتر خوێندمانەوە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: مزگێنی خۆشی مردنی عیسای مەسیح و هەڵسانەوەی: هێزی خودایە بۆ ڕزگاربوونی هەموو ئەوانەی باوەڕ دەهێنن! (ڕۆما ١: ١٦)

بەداخەوە، زۆر کەس ڕەتی دەکەنەوە باوەڕی پێ بێنن و دەڵێن هەموو ئەم مەسەلەیەی مردن و هەڵسانەوەی عیسا چیرۆکێکی هەڵبەستراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ دیراسەتی ئینجیل دەکەین دەبینین هەموو ئەوەی پێغەمبەران پێشبینیان کرد سەبارەت بە مەسیح لەلایەن عیسای مەسیحەوە جێ بە جێ کرا. هەموو شتێك... سەبارەت بە لەدایك بوونی و ژیانی و مردنی و هەڵسانەوەی و سەرکەوتنی. بۆیە، ئینجیل ڕایدەگەیێنێ کە: مەسیح لە پێناوی گوناهەکانمان مرد بەگوێرەی نووسراوەکانی(پێغەمبەران)، ئەو نێژرا و لە ڕۆژی سێیەم هەڵستایەوە بەگوێرەی نووسراوەکان. (١ کۆرنسۆس ١٥: ٣، ٤) هەموو شتێك وەك ئەوەی پێغەمبەران پێشبینیان کرد، ڕووی دا. ئەوانەی ڕقیان لە عیسا دەبووەوە گاڵتەیان پێ کرد و ئازاریان دا و کوشتیان و ئەوانەی خۆشیان دەویست ناشتیان. بەاڵم مردن ناتوانێ لە گۆڕ بیهێڵێتەوە. بینیمان کە لە ڕۆژی سێیەم لەپاش لە خاچ دانی هەندێ ئافرەت بەیانی زوو چوونە لای ئەو گۆڕەی عیسای لێی نیژرابوو، و بینیان کەوا کراوەتەوە و بەتاڵە! لەپاش ئەوەی عیسا مرد و دووبارە هەڵسایەوە، خۆی بە قوتابییەکانی نیشان دایەوە بۆ ماوەی زیاتر لە چل ڕۆژ. زیاتر لە پێنج سەد کەس بینیان لەپاش هەڵسانەوەی. ئەو شتە ڕاست بوو! مەسیح مردنی بەزاند، کەوا یەکێکە لە دوژمنە هەرە گەورەکانی مرۆڤ! هەڵسانەوەی عیسا سەلماندی کە خودا قوربانییەکەی قەبوڵ کرد وەك سزا دانەوەیەکی تەواو بۆ گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم، بۆ ئەوەی هەر کەسێك باوەڕی پێ بێنێ بتوانێ ژیانی تاهەتایی هەبێ لەگەڵ ئەو.

ئەوە مزگێنیە خۆشەکەیە. پەروەردگار عیسای مەسیح مرد تاکو گوناهی تۆ لاببات و لە ڕۆژی سێیەم لە گۆڕەکە هەڵسایەوە تاکو ژیانی تاهەتایی پێ ببەخشێ. مەبەست لەم مزگێنیە ڕزگار کردنی هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دێنن. بۆیە، ئەو پرسیارەی پێویستە

وەڵامی بدەیتەوە ئەمەیە: (باوەڕت پێی هەیە؟) ووشەی خودا دەفەرموێ: **ئەمڕۆ ڕۆژی ڕزگاربوونە! ئەگەر گوێت لە مزگێنیەکە بوو دڵت ڕەق مەکە! باوەڕ بێنە!** ڕزگار بوونی ئەنجامی ئەو ئیشە چاکانە نیە کە دەیکەین، لەبەر ئەوەی کەس ناتوانێ بای ئەوەندە ئیشی چاك بکات بۆ ئەوەی بەهەشت بباتەوە. خودا هەرگیز ڕزگاربوونە مەزنەکەی خۆی پێت نافرۆشێ، خودا دەیەوێ پێت ببەخشێ! ڕەنگە ئیشی چاکە و نوێژ و ڕۆژوگرتن هەستێکی باشت پێ بدات، بەڵام ناتوانێ ڕاستودروستی خودا ڕازی بکات! تەنها یەك ڕێگا هەیە بتوانێ بچیە بەهەشتی خودا.

١.) یەکەم شت دەبێت بزانی کەوا گوناهباری و هیچ هێزێکت نییە دڵی خودا خۆش بکەی.

٢.) پاشان دەبێت باوەڕ بێنی کە عیسای مەسیح ئەو ڕزگاری دەرەیە کە خودا ناردی لەسەر خاچەکە بمرێ بۆ ئەوەی گوناهەکانت لاببات و کە خودا هەڵیساندەوە لە مردن بۆ ئەوەی ژیانی تاهەتاییت پێ ببەخشێ.

ئەگەر باوەڕ بەم مزگێنیە بێنی، دڵنیا بە لەوەی دەتبەنە بەهەشت لەپاش مردنت، لەبەر ئەوەی خودا خۆی بەڵێنی پێمان داوە لە ووشەی کەوا دەتوانین بزانین کە ژیانی تاهەتاییمان هەیە ئەگەر باوەڕ بەناوی پەروەردگار عیسای مەسیح بێنین. (١ یۆحەنا ٥: ٩–١٣)

ئایا تۆش ماندوو و بارت قورسە لەبەر گوناهەکانت؟ دەتەوێ ئارامی بۆ گیانت بدۆزیەوە؟ ئەگەر باوەڕ بەو مزگێنیە خۆشە بێنێ کەوا مەسیح مرد بۆ تۆ و بۆ تۆ هەڵسایەوە، ئەوا خودا لە گوناهەکانت خۆش دەبێت و وەك ڕاستودروست دادوەریت دەکات و ناوت لە پەرتوکی ژیان دەنوسێ. ئەگەر باوەڕ بەم مزگێنیە خۆشە بێنێ، خودا نیشانەی خۆیت لێ دەدات و ڕۆحی عیسا دەنێرێتە ناو دڵت. ڕۆحی پیرۆز، کەوا لەناو تۆدا دەژی دڵت و ژیانت و شێوازی ژیانت دەگۆڕێ لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: **ئەگەر یەکێک لە مەسیحدا بێت، بەدیهێنراوێکی نوێیە، شتە کۆنەکان بەسەرچوون، ئەوەتا بوونە نوێ!** (٢ کۆرنسۆس ٥: ١٧)

لە هەر جێگایەکی و هەر چ بارودۆخێکت هەیە، چ پیاو بی چ ئافرەت، پیر و گەنج، پەروەردگار عیسا دەتوانێ ژیانێکی نوێت بداتێ – ئەگەر باوەڕی پێ بێنی. ئەو لەبەر تۆ مرد تاکو تۆ لەگەڵ خودا بژی تاهەتا. باوەڕت بەم مزگێنیە خۆشە هەیە؟

خودا بەرەکەتدارت بکات. لەگەڵ ئایەتێکی نووسراوی پیرۆز بە جێتان دێڵین کەوا باس لەو دەستەبەری سەرسوڕهێنەرەی خودا دەکات کە دەیدا بە هەموو ئەو کەسانەی هیوایان دەخەنە پاڵ مزگێنی خۆشی خودا بۆ ڕزگاربوون. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: **ئەوەی ڕزگاری کردین و بە بانگەوازێکی پیرۆز بانگی کردین، نەک بەگوێرەی کردارمان، بەڵکو بەگوێرەی خواست و نیعمەتی خۆی کە پێش دەستپێکی زەمانە بە عیسای مەسیح پێمان دراوە، ئێستاش ئاشکرا بوو بە دەرکەوتنی عیسای مەسیحی ڕزگارکەرمان، ئەوەی مردنی پووچەڵ کردەوە، ژیان و نەمری بەهۆی ئینجیل ڕووناک کردەوە!** (٢ تیمۆساوس ١: ٩، ١٠)

گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. مزگێنی خۆش، مزگێنی خۆش، مزگێنی خۆش! ئەم مزگێنییە خۆش چیە کە ووشەی خودا دووبارە و دووبارە باسمان بۆ دەکات؟
٢. هەواڵە ناخۆشەکە چیە؟
٣. باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟
٤. ئەگەر ڕەتی بکەینەوە باوەڕ بەو پێغەمبەرانە بێنین، ئەو کاتە کێ ڕەت دەکەینەوە؟
٥. لەبیرتە پەروەردگار عیسا چی ڕاگەیاند لەسەر خاچەکە پێش ئەوەی بمرێ؟ باوەڕت پێی هەیە؟
٦. ئایا تۆش ماندوو و بارت قورسە لەبەر گوناهەکانت؟
٧. دەتەوێ ئارامی بۆ گیانت بدۆزیەوە؟
٨. باوەڕت بەم مزگێنیە خۆشە هەیە؟

وانەی ٩٠: پرسیار لە مرۆڤــەوە، وەڵام لە خوداوە

بەشی یەکەم

لە وانەی ئەمڕۆ و داهاتوومانداو، پلانمان وایە شتێکی جیاواز بکەین. حەز دەکەین پێکەوە هەندێك پرسیار بخوێنینەوە. بۆ وەڵام دانەوەی هەر پرسیارێك، نووسراوە پیرۆزەکان بەکار دێنین، لەبەر ئەوەی ووشەی خودا تاکە ڕووناکی بێ گومانە کە دەتوانێ ڕێنماییمان بکات لە تاریکی، وشەکانت چرایە بۆ پێیەکانم، ڕووناکییە بۆ ڕێگام. (زەبوورەکان ١١٩: ١٠٥)

یەکەم پرسیار: ئایینی ئەو کەسانە چیە کە خێندنەوەی *ڕێگای ڕاستودروستی* بەرهەم دێنن؟

زۆر لەمەو پێش، خودا لە دڵمانی داناوە کە لە ڕاستی بگەڕێین – ڕاستی ئەو. ویستمان بۆ خۆمان ووشەی تاقە خودا ڕاستەقینە بزانین. بە ووردی کتێبی پیرۆزمان بخوێنین کەوا تەورات و زەبوورەکان و پەرتوکی پێغەمبەران و پەرتوکی ئینجیلی پیرۆز لەخۆ دەگرێ. بۆمان دەردەکەوت کەوا عیسای مەسیح ئەو ڕزگاری دەرەیە کەوا هەموو پێغەمبەران دەربارەیان نووسی. عیسا ئەو قوربانییە تەواو کۆتاییەیە کە خودا بەخشی بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم بسڕێتەوە تاکو هەر کەسێك باوەڕی پێ بێنێ بتوانێ لە ئامادەیی خودا بژی تاهەتا. عیسای مەسیح، ئەوەی لە خوداوە هات، تاکە کەسە کە دەتوانێ بمانباتە لای خودا. هەموو هیوامان خستۆتە لای ئەو.

باشە ئێمە کێین؟ ئێمە قوتابی عیسای مەسیحین. قورئان پێمان دەڵێت (أهل الكتٰب) کە بەمانای خەڵکی کتێب. هەندێ کەسی تر پێمان دەڵێن مەسیحی، بەمانای خەڵکیکە بەدوای عیسای مەسیح دەکەوێت. کاتێ دەڵێین ئێمە مەسیحین، پێشتان دەڵێن کە زۆر کەس بە خۆیان دەڵێن مەسیحی بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە بەڕاستی خەڵکی مەسیحن. خەڵك نابن بە مەسیحی تەنها بە کردنی ئەو شتانەی مەسیحی دەیکەن. شوێنی کەوتنی ئایینێك ناتوانێ پەیوەندیت بۆ دروست بکات لەگەڵ خودا. تەنها عیسای مەسیح دەتوانێ کەسێك بباتە لای خودا. چەن بەرکەت کراوین چونکە مەسیح ڕزگاری دەر و پەروەردگار و برادەرمانە! پەیوەندیەکی سەرسوڕهێنەری پێمان بەخشیوە لەگەڵ خودا و متمانە بەرامبەر مردن. هەموو ڕۆژێك دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆیمان پێ نیشان دەدات. لە پەروەردگار عیسای مەسیحدا، خودا هەموو شتێکی پێمان داوە کەوا پەیوەندی لەگەڵ ژیانی تاهەتایی هەیە! هەموو شتێك دڵمان پێویستی پێی هەیە لەودا هەمانە!

پرسیاری دووەمان گرنگە و شایەنی وەڵامێکی ڕوونە. ئەم بەشداربووە دەنووسێ: شتێك زۆر ماندووم دەکات. لە قورئان خوێندوومە کەوا پێغەمبەرمان محمد فەرمان بە موسڵمانان دەدات باوەڕ بە هەندێك پەرتوك بێنین کە لە کتێبی پیرۆزدا هەیە وەك تەورات و ئینجیل. من ڕێزم بۆ کتێبی پیرۆز هەیە و دەستم کردووە بە خوێندنەوەی. بەڵام، برادەرەکانم پێم دەڵێن کە ناتوانین متمانە بە کتێبی پیرۆز بکەین، لەبەر ئەوەی تێك دراوە و گۆڕاوە. ئەوان دەڵێن ئەم کتێبی پیرۆزەی من دەیخوێنمەوە جیاوازە لە کتێبی پیرۆزی ئەسلی. وەلامتان چیە بۆ ئەمە؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، هەندێ پرسیارمان هەیە بۆ ئەو کەسانەی دەڵێن گوایە پەرتوکە کۆنەکانی پێغەمبەران تێك دراوە و گۆڕاوە. باشە سەرچاوەی ئەو بیرۆکەیە چیە کە دەڵێ کتێبی پیرۆز گۆڕاوە؟ بنەمای گومان لێ کردنی وا چیە؟ پێمان بڵێن، کەی کتێبی پیرۆز گۆڕا؟ کێ گۆڕی؟ لە کوێ گۆڕا؟ گۆڕانکارییەکان چین؟ ئایا کەس دەتوانێ تاقە بەڵگەیەك بدات کە نووسراوە پیرۆزەکان گۆڕابێت؟

ئەگەر بەڕاستی بە دوای ڕاستی کتێبی پیرۆز بگەڕێیت، ئەوا بۆت دەردەکەوێ کە خودا ووشەی پیرۆزی خۆی پاراستووە کەوا هانی پێغەمبەرانی خۆی داوە بینوسن. ئەو کەسانەی دەڵێن کتێبی پیرۆز گۆڕاوە باوەڕ بە پڕوپاگەندە دەکەن. هیچ بەڵگەیەکیان نیە پاڵپشتی ئەو تۆمەتبارکردنە بکات کە نووسراوە پیرۆزەکان گۆڕابێ؟ بەڵام بەڵگەی زۆر هەیە کە کتێبی پیرۆز نەگۆڕاوە.

ئەمڕۆ لە مۆزەخانە گەورەکان و زانکۆکانی جیهان، تۆێژەران هەزاران پەرتوکی (لفافە)ی دێرینی نووسراوەی پیرۆزەکان و هەموو پەیمانی نوێ (ئینجیل) پاراستووە. زۆربەی ئەم لەفافانەی سەدان ساڵ لەپێش محمد هەبوون وەک لەفافەکانی پەیمانی کۆن. ئەگەر بەراوردی ئەو پەرتوکە کۆنانە لەگەڵ ئەوانەی ئەمڕۆ هەمانە بکەن، بۆتان دەردەکەوێ خودا چەن بەووردی ووشەی خۆی بۆمان پاراستووە. ئەو کتێبی پیرۆزەی ئەمڕۆ دەیخوێنینەوە هەمان کتێبی پیرۆزە کەوا لە کاتێ محمد هەبوو.

پێغەمبەران ووشەی خودایان نووسیەوە لەسەر لەفافەی دروست کراو لە پێستی ئاژەڵیان یان گەڵا دار. نامەنووسی جولەکە ووشەی خودایان لەسەر لەفافەی نوێ نووسیەوە. ئەم نامەنووسانە زۆر زۆر ئاگادار بوون لەوەی کۆپی دەکەن هەمان نووسینەکانی تیکستە ڕەسەنەکەیە. ژمارەی پیتەکان دەژمێردرا لە پەرتوکێکدا و پیتی ناوەڕاستی دەدرا بۆ ئەوەی بێ گومان بن لەوەی ئەو کۆپیە هەمان شتە لەگەڵ ڕەسەنەکەیە. ئەگەر هەڵەیەک هەبوایە، هەموو لەفافەکە دەبوایە لەناوبدرێ! ئەم نامەنووسە جولەکانە باوەڕیان وابوو ئەگەر یاری لەگەڵ ووشەی خودا بکەی ئەوا تۆ لەگەڵ خودا یاری دەکەی! ڕەنگە گوێتان لە لەفافەی دەریای مردوو بووبێ کەوا لە ساڵی ١٩٤٧ دۆزرایەوە. دەزانی کەوا ئەو لەفافەی پەیمانی کۆنانە سەد ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح نووسرابوو؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لەفافە دێرینانە هەمان شتە لەگەڵ ئەم لەفافانەی پاش هەزار ساڵ لە بە ردەستمانە! کتێبی پیرۆز دەستکاری نەکراوە!

بەڕاستی کەس ناتوانێ کتێبی پیرۆز دەستکاری بکات. ئەگەر کەسێک بیویستایە کتێبی پیرۆز بگۆڕێ، دەبوایە هەموو کۆپیەکانی کتێبی پیرۆز بگۆڕێ. ئەمە مەحاڵە! لەو ماوەیەی پاش مەسیح، تۆێژەران دەستیان کرد بەوەرگێڕانی کتێبی پیرۆز لە زمانی ڕەسەنی عیبری و ئارامیک و یۆنانی بۆ زۆر زمانی جیاوازی تر. کەس ناتوانێ هەموو کتێبی پیرۆزەکان جیهان بگۆڕێ! ئەمڕۆ، کتێبی پیرۆز بۆ زیاتر لە دوو هەزار زمان نووسراوە. خودا ووشەی پیرۆزی خۆی پاراستووە و خزمەتکارەکانی وەریدەگێڕنە زمانەکانی خەڵکی جیهان، لەبەر ئەوەی خودا دەیەوێ هەموو کەس بە گوێی خۆی، گوێی لێ بگرێ و لێی تێبگات بە بیری خۆی و بە دڵی خۆی وەربگرێ و ڕزگاری بێت.

ئایا پەروەردگار خودای بالادەست دەتوانێ ووشەی خۆی بپارێزێ لە شەیتان و ئەوانەی دەیانەوێ بیگۆڕن و تێکی بدەن؟ بەڵێ دەتوانێ بیپارێزی و پاراستویەتی! بێ گومان ئێمە دەزانین کەوا لە سەرەتای جیهانەوە تا ئەمڕۆ شەیتان هەوڵی داوە ووشەی خودا بگۆڕێ – لە بیری خەڵک. بۆ نموونە، لە یەکەم پەرتوکی کتێبی پیرۆز گوێمان لێ بوو خودا بە ئادەمی فەرموو، (ئەو ڕۆژەی لەم دارە بخۆی، دەمری). بەڵام شەیتان ئینکاری لە قسەی خودا کرد و بە ئادەم و حەوای ووت، (نامری!) بۆیە، شەیتان هەوڵی دا ووشەی خودا بگۆڕێ. وەک دەزانن، ئادەم و حەوا هەڵیان بژارد باوەڕ بە شەیتان بێنن و مێوە قەدەغەکراوەکەیان خوارد. لەدەرئەنجامی ئەوەش، گیانیان مرد و جەستەیان دەستی کرد بەسیس بوونی و مردن، هەروەک خودا پێشتر فەرمووی. برادەرانی ئازیز، ووشەی خودا بێ گومانە. شەیتان درۆزنە و فریودەرە. شەیتان دەیەوێ خەڵک هەڵخەڵەتێنێ و وایان لێ بکات باوەڕ بکەن کە کتێبی پیرۆز گۆڕاوە. بەڵام پەروەردگار عیسای مەسیح دەفەرموێ، (ناتواندرێت نووسراوەکە بشکێندرێت) (یۆحەنا ١٠: ٣٥) (ئاسمان و زەوی بەسەر دە چن، بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەر ناچن!) (مەتا ٢٤: ٣٥)

ئێستاش پرسیاری سێیەم. بۆچی بە عیسا دەڵێن کوڕی خودا؟ خودا نەوەی نابێ و خودا نەوەی کەس نیە، ئەی چۆن عیسا دەتوانێ ببێت بە کوڕی؟

زۆر جار وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگەمان داوەتەوە، بەڵام بە خۆشحاڵیەوە دووبارە وەڵامتان دەدەینەوە. نەزانی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و دەکرێ کوشندە بێت! وەک پەندی پێشینان دەڵێت (نەزانی بەڵای سەرە). ئەو کەسە دەپرسێ، (بۆچی بە عیسا دەڵێن کوڕی خودا؟) یەکەم شت، ناوی (کوڕی خودا) مانای ئەوە نیە خودا ژنێکی هێنا و کوڕی بوو! وەک بینیمان، عیسا سەدان ناو و نازناوی هەبوو لە کتێبی پیرۆزەکە. ئەم ناوانە یارمەتیمان دەدات باشتر تێبگەین لێی. بۆ نموونە، پێی دەڵێن (دەرگاکە) بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە عیسای مەسیح دەرگایەک لە دار و ئاسن. هەروەها پێی دەڵێن، (ئەو خواردنەی ژیان دەبەخشێ) (نانی ژیان) بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە عیسا خۆراکە، وەک برنج و شلە کە دەیخوێن. پێغەمبەرانی خودا ناویان لە عیسا نا (بەرخی خودا) بەڵام ئەوە

مانای ئەوە نیە ئەو بەرخە. بە هەمان شێوە، کاتێ خودا بە عیسا دەڵێ کوڕی خۆی، پێویستە بزانی کە ئەمە مانای ئەوە نادات خودا ژنێکی هێنا و منداڵی لێی بوو! ئەمە کفرە! ئەگەر وڵات بەجێ بێڵم، لە دەرەوە پێم دەڵێن (کوڕی کوردستان) لەبەر ئەوەی من خەڵکی کوردستانم. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە کوردستان ژنی هێنا و کوڕی بوو! بە هەمان شێوە، خودا و فریشتەکان و پێغەمبەران بە عیسایان دەوت (کوڕی خودا) لەبەر ئەوەی لە خوداوە هات. عیسا لە پاکیزەیەك لە دایك بوو. باوکی زەمینی نەبوو. ئەو لە ئاسمان دەژیا تەنانەت پێش ئەوەی لە دایك بێت لەبەر ئەوەی ئەو (ووشەی خودایە)، کەوا لەلای خودا بوو لە سەرەتا. نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەیێنێ: (لە سەرەتادا، وشەکە بوو، وشەکە لەلای خودا بوو، وشەکەش خودا بوو. وشەکەش بووە جەستە و لە ناومانداا نیشتەجێ بوو، شکۆی ئەومان بینی، وەک شکۆی تاقانەیەک لە باوکەوە، پڕ لە نیعمەت و ڕاستی... هەرگیز کەس خودای نەبینیوە، بەڵام تاقانەی خودا، ئەوەی لە باوەیش باوکەکە دایە، ئەو دەریخست.) (یۆحەنا ١: ١، ١٤، ١٨) عیسا کوڕی تاهەتایی خودایە، ووشەی خودایە کە لەسەر زەوی و بە جەستەی مرۆڤ بەدەرکەوت.

ووشەی خودا چیە؟ ڕەنگە وەڵام بدەیتەوە کەوا ووشەی خودا نووسراوی پیرۆزە کەوا خودا وەحی بۆ پێغەمبەران نارد بینووسن. ڕاستە نووسینەکانی پێغەمبەرانی خودا ووشەی خودان بۆ ئێمە — وەك نامەن لە خوداوە بۆمان ناردرا بێت، بەڵام ڕێگامان بدە دەربارەی ئەو برادەرەت پرسیار بکەین کەوا لە شارێکی تر دەژی. ئایا تۆ کامت پێ باشە: کە برادەرەکەت تەنها ئەو نامەکانت بۆ بنووسێ یاخود خۆی بێت و سەردانت بکات؟ بێ گومان پێت باشترە خۆی بێ سەردانت بکات، تاکو بتوانێ ڕوو بە ڕوو قسەی لەگەڵ بکەی. بە هەمان شێوە و لەبەر ئەوەی خودا مەزنە و هیچ شتێك مەحاڵ نیە بەرامبەری و چونکە دەیەوێ خۆی و ئیرادەی خۆی بناسێنێ پێمان، ئایا پێت وایە چەن نامەیەك دەنێرێ یاخود خۆی دێت و سەردانمان دەکات؟ برادەران، مزگێنی خۆش کەوا پێغەمبەران ڕایانگەیاند ئەوەیە کە خودا خۆی دێت و سەردانی مرۆڤایەتی گوناهبارمان دەکات!

لە ئینجیل بۆمان دەرکەوت کە خودا ووشەی خۆی وەك مرۆڤێك نارد خوارەوە بۆ ئەوەی لەناو خەڵکدا بژێت تاکو ڕزگاریان بکات لە گوناهەکانیان. ئەم پیاوەی لە ئاسمانەوە هات عیسای مەسیح بوو. عیسا شایەنی ئەوەیە پێی بوترێ کوڕی خودا، لەبەر ئەوەی ئەو ووشیەیە کە لای خودا بوو لە سەرەتادا. عیسا کوڕی تاهەتایی خودایە، نوێنەری تەواوی خودا — ئەوەی خەسڵەتی خودای ئاشکرا کرد بۆ مرۆڤ. زۆر جار بە گەنج دەڵێن، (هەر بە باوکی دەچێ!) بە هەمان شێوە لەگەڵ عیسا. عیسا وێنەی خودا لەخۆ دەگرێ. ناسینی عیسا وەك ئەوەیە خودا بناسی و بزانی چۆنە. بۆیە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (خودا زۆر جار و بە ڕێگای جۆراوجۆر بەهۆی پێغەمبەران لەگەڵ باوباپیراندا دووابوو، [٢] بەڵام لەم ڕۆژانەی کۆتاییدا بەهۆی کوڕەکەی لەگەڵمان دووا، ئەوەی دەستنیشانی کردووە وەک میراتگری هەموو شتێک و بە ئەویش گەردوونی دروستکردووە. [٣] ئەو تیشکی شکۆی خودایە و بە تەواوی وێنەی کرۆکیەتی، هەڵگری هەموو شتێکە بە وشەی هێزی خۆی، دوای ئەوەی پاکسازی بۆ گوناە کرد لە دەستەڕاستی گەورەیی دانیشت لە بەرزاییدا) (عیبرانیەکان ١: ١–٣)

دوایەمین ووشە. خودا نافەرموێ دەبێت بەتەواوی تێ بگەی بۆچی بە عیسا دەفەرموێ (کوڕی خۆی) — تەنها دەبێ باوەڕی پێ بێنی. ئەوەت لەبیر بێت کە خودا ئەو کەسەیە کەوا هانی پێغەمبەر داودی دا لە زەبوورەکان بنووسێ: (کوڕەکە ماچ بکەن، نەوەک تووڕە ببێت و لە ڕێگای خۆتان بفەوتێن، چونکە تووڕەیی ئەو زوو دێتە جۆش. خۆزگە دەخوازرێ بە هەموو ئەوانەی پەنا دەبەنە بەر ئەو.) (زەبوورەکان ٢: ١١، ١٢) خودا هەروەها هانی یۆحەنای قوتابی دا لە ئینجیل بنوسێ: (عیسا لەبەردەم قوتابییەکانی زۆر نیشانەی دیکە ی کرد کە لەم پەڕتووکەدا نەنووسراوە. بەڵام ئەمانەی نووسراون تاکو باوەڕ بهێنن کە عیسا مەسیحە، کوڕی خودایە، تاکو بە باوە ڕهێنان بە ناوی ئەو ژیانتان هەبێت.) (یۆحەنا ٢٠: ٣٠، ٣١) (ئەوەی باوەڕ بە کوڕەکە بهێنێت ژیانی تاهەتایی هەیە. بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی کوڕەکە نییە ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت.) (یۆحەنا ٣: ٣٦)

لە وانەی داهاتوو بەردەوام دەبین لەگەڵ پرسیار و وەڵامی تر.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر لەم بانگەوازە دەکەن لە کتێبی پیرۆزەوە: (هەموو مرۆڤێک وەک گژوگیا وایە و هەموو

شکۆیەکەی وەک گوڵی دەشت وایە. گژوگیا وشک دەبێت و گوڵ هەڵدەوەرێ، بەڵام وشەی خوداوەند تاهەتایە دەمێنێت!)
(١ پەترۆس ١: ٢٤، ٢٥)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایینی ئەو کەسانە چیە کە خوێندنەوەی *ڕێگای ڕاستودروستی* بەرهەم دێنن؟

٢. برادەرەکانم پێم دەڵێن کە ناتوانین متمانە بە کتێبی پیرۆز بکەین، لەبەر ئەوەی تێك دراوە و گۆڕاوە. ئەوان دەڵێن ئەم کتێبی پیرۆزەی من دەیخوێنمەوە جیاوازە لە کتێبی پیرۆزی ئەسلی. وەلامتان چیە بۆ ئەمە؟

٣. سەرچاوەی ئەو بیرۆکەیە چیە کە دەڵێ کتێبی پیرۆز گۆڕاوە؟

٤. کێ گۆڕی؟ لە کوێ گۆڕا؟ گۆڕانکارییەکان چین؟

٥. ئایا کەس دەتوانێ تاقە بەڵگەیەك بدات کە نووسراوە پیرۆزەکان گۆڕابێت؟

٦. هیچ بەڵگەیەکیان نیە پاڵپشتی ئەو تۆمەتبارکردنە بکات کەوا نووسراوە پیرۆزەکان گۆڕابێ؟

٧. دەزانی کەوا ئەو لەفافەی پەیمانی کۆنانە سەد ساڵ پێش لەدایك بوونی مەسیح نووسرابوو؟

٨. ئایا پەروەردگار خودای بالاّدەست دەتوانێ ووشەی خۆی بپارێزێ لە شەیتان و ئەوانەی دەیانەوێ بیگۆڕن و تێکی بدەن؟

٩. بۆچی بە عیسا دەڵێن کوڕی خودا؟ خودا نەوەی نابێ و خودا نەوەی کەس نیە، ئەی چۆن عیسا دەتوانێ ببێت بە کوڕی؟

١٠. ووشەی خودا چیە؟

وانەی ٩١: پرسیار لە مرۆڤــەوە، وەڵام لە خوداوە ٢

بەشی دووەم

با بەردەوام دەبین لەوەی وانەی ڕابردوو دەستمان پێ کرد کە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە. پێش ئەوەی دەست پێ بکەین، شتێك هەیە دەبێت ڕوونی بکەینەوە. کاتێ وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەینەوە، جورئەت ناکەین پشت بە زانیاری خۆمان یاخود زانیاری کەسی تر ببەسین. تەنها پشت بە ووشەی خودا دەبەستین. ئێمە وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەمان لای نیە، بەڵکو خودا وەڵامەکانی لایە و لە نووسراوە پیرۆزەکان پێمانی بەخشیەوە. ئینجیل دەفەرموێ: (چونکە وشەی خودا زیندووە، کاریگەرە، لە هەموو شمشێرێکی دووەم تیژترە، نێوانی دەروون و ڕۆح و جومگە و مۆخی ئێسک دەبڕێت، نیاز و بیری دڵ جیا دەکاتەوە.) (عیبرانیەکان ٤: ١٢) ئێستاش با بگەڕێنەوە لای پرسیارەکان.

پرسیاری یەکەم دەڵێ: (ئەوەی خراپ بێت لەلای خوداوە نایات.) زۆر کەس دەڵێن وا نییە، لەبەر ئەوەی باوەڕیان وایە کە خودا یەکەم جار شتی خراپی دروست کرد پێش ئەوەی شتی باش دروست بکات.

ڕێگامان بدەن وەڵامی ئەم پرسیارە بەپرسیارێك لەناو ئینجیل بدەینەوە. (ئایا لە یەک کانیدا سازگار و سوێر هەڵدەقوڵێت؟) (یاقوب ٣: ١١) وەك چۆن کانی یاخود بیر ئاوی شیرین و سوێری لێ هەڵناقوڵێ، خوداش سەرچاوەی هەردوو چاکە و خراپە نیە.

نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خودا ڕووناکییە، هیچ تاریکی تێدا نییە. (١ یۆحەنا ١: ٥) با کەس کاتێ تاقی دەکرێتەوە نەڵێت: (لەلایەن خوداوە تاقی دەکرێمەوە.) چونکە خودا بەخراپە تاقی ناکرێتەوە، ئەویش کەس تاقی ناکاتەوە. بەڵکو هەر کەسێک بەو هەوە سەی هەیەتی تاقی دەکرێتەوە، ئەگەر پێی ڕاکێشرا و هەڵخەڵەتا. برایانی خۆشەویستم، هەڵمەخەڵەتێن. هەموو بەخشینێکی چاک و بە هرەیەکی تەواو لەلایەن سەرەوەیە، لەلای باوکی ڕووناکییەکانەوە دێتە خوارەوە، ئەوەی ناگۆڕێت و سێبەری خولانەوەی نییە. خواستی لەسەر بوو کەوا بە وشەی ڕاستی لەدایک ببین، تاکو ببینە نۆبەرەی بەدیهێنراوانی. (یاقوب ١: ١٣، ١٤، ١٦–١٨)

پێغەمبەری خودا حەبەقوق نووسیویەتی: ئەی تۆ لە سەرەتاوە نیت ئەی خوداوەند، جا نامرین. چاوەکانت لەوە پاکترن تەماشای خراپە بکەن و ناتوانیت ڕوو لە زوڵموزۆر کەیت. کەسێک لە خۆی ڕاستودروستر قووتدەدات؟ (حەبەقوق ١: ١٢، ١٣) بۆیە ئەگەر خودا نەتوانێت ڕوو لە خراپە بکات، پێویستە باوەڕ نەکەین کەوا خراپە دروست بکات. خودا فریشتەیەکی دروست کرد بە ناوی لوسیفیر، بەڵام لوسیفیر بوو بە شەیتان بە هەڵبژاردنی خۆی یاخی بوون دژ بە خودا. خودا ئادەمی دروست کرد، بەڵام ئادەم بوو بەگوناهبار بە هەڵبژاردنی خۆی گوێڕایەڵ نەبوونی خودا. ووشەی خودا فێرمان دەکات کە شەیتان و دڵە خراپەکارەکانی مرۆڤ سەرچاوەی خراپەن و خودا و ووشەی خودا سەرچاوەی چاکەن.

پرسیاری دووەم دەڵێ: ئەگەر خودای پیرۆز پڕە لە بەزەیی، باشە بۆچی ڕادەوەستێ و تەماشای دەمەقاڵێ و جەنگ و کوشتن و خراپەکاری جیهان دەکات؟ ناتوانێ شتێك بکات یارمەتی ئەو خەڵکە بدات؟

بەدڵنیایەوە، خودا پەروەردگاری بەزەییە و ئەوەی دەبێت بکات بۆ یارمەتی دانی خەڵکی جێ بە جێی کردووە! خودا ڕزگاری دەری ڕاستودروستی ناردووە، عیسای مەسیح، بۆ ئەوەی ئاشتەوایی لەنێوان خۆی و خەڵك و پاشان خەڵك لەنێوان یەکتری دروست بکات بە مردن لەبەر گوناهەکانی جیهان. بەڵام، پێش ئەوەی خەڵك بەڕاستی ئاشتەواییان هەبێ لەنێوان یەکتر، دەبێت یەکەم جار باوەڕ بێنن بە عیسا وەك ڕزگاری دەریان کەوا خودا ناردی و مل کەچی بین. کاتێ پەیوەندیمان لەگەڵ خودا باشە، ئەو کاتە پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵکیش باش دەبێت. تەنها لەو حاڵەتە ئاشتی ڕاستەقینە هەیە. هەموو شتێك پشت دەبەستی بە وەڵامدانەوەمان بەرامبەر خودا. دەبێت ئەو چارەسەر وەربگرین کە خودا دابین کرد. هەروەها، لەبیرت بێت کە خودا دادوەری ئەم جیهانە دەکات لەبەر خراپەکارییەکەی. ووشەی خودا دەفەرموێ کە پەروەردگار عیسای مەسیح دەگەڕێتەوە لە کۆتایی ڕۆژگاردا و دادوەری هەموو کەس دەکات کە ڕەتیان کردەوە ڕاستی قەبوڵ بکەن و گوێڕایەڵی بن. لەپاش ئەوەی پەروەردگار عیسا هەموو دوژمنەکانی خودا دێنێتە خوارەوە، هەموو بەدی هێنراوەکان نوێ دەکاتەوە. ئەو کاتە ئەوەی لە نووسراوە پیرۆزەکان نووسراوە دێتە دی، کەوا دەفەرموێ: ئیتر هیچ نەفرەتێک نامێنێت... ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون. (ئاشکراکردن ٢٢: ٣، ٢١: ٤)

پرسیاری سێیەم دەڵێ: هێندەك كەس هەمیشە باوەڕیان وابوو ئەگەر گوناهێك ئەنجام بدەن، ئەو گوناهە كار لە ئەوان دەكات، بەڵام كار لە منداڵەكانیان ناكات چونكە ئەوان ئەنجامیان نەداوە. بەڵام مەسیحەكانی دەڵێن ئەو گوناهەی باپیرەگەورەمان ئادەم ئەنجامی دا لە باخچەی بەهەشت بۆ هەموو نەوەكانی بڵاوبووەوە و خودا دەبێت سزایان بدات. ئەم شتە چۆن دەبێت؟

پەندی پێشینان دەڵێت: (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێت.) ئەمە ڕاستە وا نیە؟ هەموومان هاوڕاین ئەگەر منداڵێكت هەبێت و لە مااڵی خۆت بەخێوی بكەی ئەوا خەسڵەتی تۆ وەردەگرێ، چاك و خراپ، لە تۆ باوك و دایكی وەردەگرێ. دەبێتە ڕەنگدانەوەی شێوازی قسەكردنت، شێوازی ژیانت، شێوازی بیركردنەوەت و شێوازی ئەنجام دانی شت. هەمووان سەر بە خێزانی ئادەم و حەواین. ئێمە نەوەی ئەوانەین كە گوێڕایەڵی فەرمانی خودا نەبوون. ئایا بە باووباپیرانمان ناچین؟ كێ لە ئێمە دەتوانێ بڵێ هەرگیز تەنانەت یەك جاریش بێت لە فەرمانەكانی خودا دەرنەچووینە؟ هەمووان تاوانبارین! ئێمە بە خەسڵەتێك لەدایك بووین كەوا گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خودا نابێت. لەكێوە خەسڵەتی گوێڕایەڵی نەبوونەمان بۆ ماوەتەوە؟ لە ئادەمەوە. وەك نەخۆشیەكی پیس، گوناهی ئادەم بۆ هەموومان بڵاوبووە. ئایا بەدڵمان بێت یان نا، ئەوا بەو شێوەیەیە. ئەمە ئەوەیە كە ووشەی خودا ڕایدەگەیەنێ كاتێ دەفەرموێ: بەهۆی مرۆڤێك گوناە هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵكی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان كرد! (ڕۆما ٥: ١٢) بەڵام هەموو هیوامان لەدەست نەداوە، لەبەر ئەوەی ووشەی خودا هەروەها دەفەرموێ: كەواتە وەك چۆن بە یەك گوناە تاوانباركردن بۆ هەموو مرۆڤ هاتە كایەوە، بە هەمان شێوە بە كارێكی ڕاستودروست بێتاوانكردن هاتە كایەوە كە ژیان بۆ هەموو مرۆڤ دەهێنێت. (ڕۆما ٥: ١٨)

پرسیارێكی تر هەیە دەڵێ: بۆچی كتابی پیرۆز دابەشی دوو بەش كراوە بۆ پەیمانی كۆن و پەیمانی نوێ؟

بەكورتی، هەموو ئەوەی پێغەمبەران نووسیان لە پەیمانی كۆن، پێش لەدایك بوونی مەسیح نووسیان. هەموو ئەوەی لە پەیمانی نوێ هەیە لەپاش لەدایك بوونی مەسیح نووسراوە. بۆیە، پەیامی پێغەمبەرانی خودا كەوا یەكەم پەیمانیان نووسی ئەمە بوو: (خودا مەسیح دەنێرێ!) بەڵام پەیامی پەیمانی نوێ ئەمەیە: (خودا مەسیحی نارد، هەروەك بەڵێنی دابوو لەسەر زاری پێغەمبەرانی!) سوپاسی خودا دەكەین كەوا كتابی پیرۆز دوو بەشەكە – پەیمانی یەكەم و پەیمانی نوێ، لەبەر ئەوەی لەو دوو بەشە دەتوانین ببینین ئەوەی خودا بەڵێنی پێ دابوو زۆر لەوە پێش هاتە دی! خودا عیسای مەسیحی ڕزگاری دەری نارد، هەروەك بەڵێنی بە باووباپیرانمانی دا لە تەورات و زەبوورەكان و نووسراوەكانی تری پێغەمبەران.

پرسیارێكی تر: زۆر كەس دەڵێن مرۆڤ نازانی ئایا دەچێتە بەهەشتەوە یان دۆزەخ. تەنها خودا دەزانێ. بەڵام مەسیحەكان دەڵێن ئەگەر ئەمڕۆ بمرێ دەچیە بەهەشتەوە. لەسەر چ بنەمایەك وا دەڵێن؟

با وەڵامی ئەم پرسیارە بە پرسیارێك بدەینەوە. ئایا خودا دەتوانێ لە ووشەی خۆی پەشیمان بێتەوە؟ ئایا خودا دڵسۆزە بەرامبەر بەڵێنەكانی؟ ووشەی خودا دەفەرموێ: هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ دەدەن كە هەر كەسێك باوەڕی پێ بهێنێت، بەخشینی گوناهەكانی بە ناوی ئەو دەست دەكەوێت. (كردارى نێردراوان ١٠: ٤٣) ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی كە باوەڕتان بە ناوی كوڕی خودا هەیە، تاكو بزانن ژیانی تاهەتاییتان هەیە. (١ یۆحەنا ٥: ١٣)

لەبەر ئەوەی خودا خۆی لەووشەی فەرموویەتی كە دەتوانین بزانین ژیانی تاهەتاییمان هەیە، ئێمە كێین تا بڵێین كەس ناتوانی بزانێ لەكوێ ژیانی تاهەتایی بەسەر دەبەین؟ بەڵێ، دەتوانی بزانی بۆ كوێ دەڕۆیت لەپاش مردن! پرسیارەكە ئەمەیە: ئایا بەڕاستی باوەڕت بە عیسای مەسیح و قوربانییە تەواوەكەی هەیە؟ یاخود متمانەت بە (كردەوە چاكەكانتە)؟ تەنها ئەوانەی متمانەیان بە مەسیحە دەتوانن بەڕاستی بڵێن، (دەزانم كە ژیانی تاهەتاییم هەیە!).

پرسیاری شەشەم دەڵێ: عیسا ڕایگەیاند كەوا یارمەتیدەرەكە، (پاراكلیتۆس) لەپاش ئەو دێت. عیسا باسی كێی دەكرد؟

(پاراكلیتۆس) ووشەیەكی یۆنانیە بە مانای ڕاوێژگار یان یارمەتیدەر یان پارێزەر دێت. لە ئینجیل ناوی پاراكلیتۆس بەكار هاتووە بۆ عیسا (تەماشای ١ یۆحەنا ٢: ١ بكە) و بۆ ڕۆحی پیرۆزیش بەكار هاتووە. وەك لە ئینجیل خوێندمانەوە، پێش ئەوەی پەروەردگار عیسا بگەڕێتەوە ئاسمان بەڵێنی بە قوتابییەكانی دا و فەرمووی: (منیش داوا لە باوك دەكەم یارمەتیدەرێكی دیكەتان بداتێ كە تاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە، ڕۆحی ڕاستی، كەوا جیهان ناتوانێت وە ڕیبگرێت، چونكە نایبینێت و ناینا‌سێت. بەڵام ئێوە دەینا‌سن،

چونکە لەگەڵتان دەمێنێتەوە و لەئێوەدا دەبێت... یارمەتیدەرەکە، ڕۆحی پیرۆز، ئەوەی باوک بەناوی من دەینێرێت، ئەو هەموو شتێکتان فێر دەکات و هەموو ئەو شتانەی پێم وتوون بیرتان دەخاتەوە... جیهان سەرزەنشت دەکات لەسەر گوناه... چونکە باوەڕم پێ ناهێنن... ئۆرشەلیم بەجێ مەهێڵن، بەڵکو چاوەڕێی بەڵێنەکەی باوک بکەن کە لە منەوە بیستتان. چونکە یەحیا خەڵکی لە ئاو هەڵدە کێشا، بەڵام ئێوە پاش چەند ڕۆژێکی کەم بە ڕۆحی پیرۆز باپتیز دەکرێن.)

(یۆحەنا ١٤: ١٦، ١٧، ٢٦ و ١٦: ٨، ٩ و کرداری نێردراوان ١: ٤، ٥)

پەروەردگار عیسا فەرمووی کەوا یارمەتیدەرەکە مرۆڤ نەبوو، بەڵکو ڕۆح بوو – ڕۆحی پیرۆزی خودا کەوا کەس ناتوانێ ببینێ. عیسا بەقوتابییەکانی فەرموو کە لەپاش گەڕانەوەی بۆ ئاسمان خودا ڕۆحی پیرۆز دەنێرێ بۆ ئەوەی لەناو دڵیان بژێ. چەن بەرنامەیەک لەمەو پێش، خوێندمانەوە چۆن ئەوە وەک خۆی ڕوویدا لە ڕۆژی فیستیڤاڵی پەنجایەمین، دە ڕۆژ لەپاش ئەوەی عیسا سەرکەوتە ئاسمان.

بەکورتی، یارمەتیدەرەکە ڕۆحی مەسیحە کەوا دێت و لەناو دڵی هەموو ئەو کەسانە دەژی کە ئینجیل قەبوڵ دەکەن. ئەگەر بەڕاستی باوەڕ بێنی، ڕۆحی پیرۆز دڵت پاک دەکاتەوە و نوێی دەکات، و هێمای خودات لێ دەدات وەک منداڵی خۆی و بەشێکت دەداتێ لە حزووری پیرۆزی خودا تاهەتا. نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: ئێوەش کە تیای‌دان، کاتێ وشەی ڕاستیتان بیست، ئینجیلی ڕزگاریتان، لە ئەویش‌دا مۆرکران کاتێ باوەڕتان هێنا بە ڕۆحی پیرۆزی بەڵێنپێدراو، ئەوەی پێشەکی دەستەبەری میراتەکەمانە، بۆ کڕینەوەی گەلی تایبەتی خودا، بۆ ستایشکردنی شکۆیەکەی. (ئەفەسۆس ١: ١٣، ١٤)

بۆ ئێمەی باوەڕدار، ڕۆحی پیرۆز یارمەتیدەر و ڕێنمای و هێز و مامۆستا و زۆر شتی ترمانە. زۆر شتەمان بۆ دەکات کەوا ناتوانین هەمووی باس بکەین. لەلایەک یارمەتیمان دەدات لە نوێژ. جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان تەنها نوێژ کردن و بەڕاستی نوێژ کردن بۆ خودا! ڕۆحی پیرۆز یارمەتیمان دەدات نوێژی ڕاستەقینە بۆ خودا بکەین. وەک نووسراوە: ڕۆحەکە لە لاوازییەکانمان‌دا یارمەتیمان دەدات. چونکە نازانین پێویستە بۆچی نوێژ بکەین، بەڵام ڕۆحەکە خۆی بە نادەوە داکۆکیمان لێ‌دەکات بە شێوەیەک کە باس ناکرێت. (ڕۆما ٨: ٢٦) هەموو ئەوانەی بەڕاستی باوەڕیان بە ئینجیلی عیسای مەسیحە، ڕۆحی پیرۆز لەناویاندا دەژی. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئەگەر یەکێکیش ڕۆحی مەسیحی نەبێت، ئەوا هی مەسیح نییە. (ڕۆما ٨: ٩)

پرسیاری دوایەمین دەپرسێ: تێگەیشتین لە فێرکارییەکەمان کە دەچمە بەهەشت ئەگەر عیسای مەسیح وەک ڕزگاری دەرم قەبوڵ بکەم. ئایا ئەوە مانای ئەوەیە بەکەیف خۆم بژێم و شتی خراپە بکەم و لەگەڵ ئەوەشدا بچمە بەهەشت لەپاش مردن؟ کتابی پیرۆز چیمان فێردەکات لەو مەسەلەیە؟

نووسراوی پیرۆز وەڵامی ئەم پرسیارە بە ڕوونی دەداتەوە لە پەرتوکی ڕۆما، بەشی شەش کاتێ دەفەرموێ، ئایا لە گوناه بەردەوام بین تاکو نیعمەت زیاد بێت؟ نەخێر! ئێمە کە سەبارەت بە گوناه مردین، ئیتر چۆن تیای‌دا بژین؟ (ڕۆما ٦: ١، ٢) پەیامی مردنی عیسای مەسیح لەسەر خاچەکە و هەڵسانەوەی لەگۆڕ پلانی ڕاستودروستی خودایە بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بکات نەک تەنها لەسزای گوناه بەڵکو لە هێزی گوناه! ئەگەر ئەو موژدەیە بە دڵتەوە وەربگری و بە باوەڕێکی ڕاستگۆیانە، ووشەی خودا فێرمان دەکات کەوا لەو ساتەی باوەڕ دێنی، خودا دوو ئێش دەکات لەناو تۆ:

یەکەم، خودا لە هەموو گوناهەکانت خۆش دەبێت بە ناوی مەسیح، وەک بەڵێنی دا.

دووەم، خودا دڵت نوێ دەکاتەوە بە هێزی ڕۆحی پیرۆز. پاشان دەست دەکەی بە خۆشەویستی ڕاستودروستی و ڕق لێ بوونی خراپە، لەبەر ئەوەی خودا خەسڵەتی پیرۆزی خۆی لە ناوتدا جێگیر دەکات. بۆیە، نووسراوی پیرۆز بەڵێن دەدا: ئەگەر یەکێک لە مەسیح‌دا بێت، بەدیهێنراوێکی نوێیە، شتە کۆنەکان بەسەرچوون، ئەوەتا بوونە نوێ! (٢ کۆرنسۆس ٥: ١٧) ئەوەی بۆ ئێمە خۆی بەختکرد، تاکو لەهەموو سەرپێچییەک بمانکڕێتەوە و گەلێکی تایبەت بۆ خۆی پاک بکاتەوە، دڵگەرم بۆ چاکەکاری! (تیتۆس ٢: ١٤)

کاتێ کەسێک بەڕاستی باوەڕ دێنێ بە پەروەردگار عیسای مەسیح، چی دی بەردەوام نابێت لە کردنی خراپە، لەبەر ئەوەی خودا ڕۆحی پیرۆزی خۆی جێگیر کرد لەناو ئەو کەسە و بەروبوومی ڕۆحەکە ئەمەیە: خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی و خۆڕاگرتن. (گەلاتیە ٥: ٢٢، ٢٣)

لە وانەی داهاتوو تەماشای زیاتر دەکەین لەم پرسیارە چۆن شوێن کەوتووی مەسیح دەبێت بژێت. خودا بەرەکەتدارت بکات. لەگەڵ ئەم ئایەتەی زەبوورەکانی پێغەمبەر داود بەجێتان دێڵین: ڕێگای خودا تەواوە، وتەی خوداوەند بێگەردە. ئەو قەڵغانە بۆ هەموو ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن! (زەبوورەکان ١٨: ٣٠)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا لە یەک کانیدا سازگار و سوێر هەڵدەقوڵێت؟

٢. ئەگەر خودا پیرۆز و پڕە لە بەزەیی، باشە بۆچی ڕادەوەستێ و تەماشای دەمەقاڵێ و جەنگ و کوشتن و خراپەکاری جیهان دەکات؟

٣. خودا ناتوانێ شتێك بکات یارمەتی ئەو خەڵکە بدات؟

٤. مەسیحەکانی دەڵێن ئەو گوناهەی باپیرەگەورەمان ئادەم ئەنجامی دا لە باخچەی بەهەشت بۆ هەموو نەوەکانی بڵاوبووەوە، و خودا دەبێت سزایان بدات. ئەم شتە چۆن دەبێت؟

٥. کێ لە ئێمە دەتوانێ بڵێ هەرگیز تەنانەت یەك جاریش بێت لە فەرمانەکانی خودا دەرنەچووینە؟

٦. لەکێوە خەسلەتی گوێڕایەڵی نەبوونەمان بۆ ماوەتەوە؟

٧. بۆچی کتابی پیرۆز دابەشی دوو بەش کراوە بۆ پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ؟

٨. ئایا خودا دەتوانێ لە ووشەی خۆی پەشیمان بێتەوە؟ ئایا خودا دڵسۆزە بەرامبەر بەڵێنەکانی؟

٩. لەبەر ئەوەی خودا خۆی لەووشەی فەرموویەتی کە دەتوانین بزانین ژیانی تاهەتاییمان هەیە، ئێمە کێین بڵێین کەس ناتوانی تا بزانێ لەکوێ ژیانی تاهەتایی بەسەر دەبەین؟

١٠. ئایا بەڕاستی باوەڕت بە عیسای مەسیح و قوربانییە تەواوەکەی هەیە؟ یاخود متمانەت بە (کردەوە چاکەکانتە)؟

١١. عیسا ڕایگەیاند کەوا یارمەتیدەرەکە، (پاراکلیتۆس) لەپاش ئەو دێت. عیسا باسی کێی دەکرد؟

١٢. ئایا ئەوە مانای ئەوەیە بەکەیف خۆم بژێم و شتی خراپە بکەم و لەگەڵ ئەوەشدا بچمە بەهەشت لەپاش مردن؟ کتابی پیرۆز چیمان فێردەکات لەو مەسەلەیە؟

وانەی ٩٢: قوتابییانی مەسیح دەبێت چۆن بژین؟

ئێستا پلانمان وایە سەرنجی ئەوە بدەین چۆن دەبێت ئەوانەی شوێنی عیسای مەسیح دەکەون بژین بۆ ئەوەی دڵی خودا خۆش بکەن. ئەو باوەڕەی قوتابی مەسیح هەیەتی لە دڵیدا دەبێت پیشان بدرێت لەبیر و شێوازی قسەکردنی و شێوازی ڕەفتاری و لە هەموو شێوازەکانی ژیانی.

پێش ئەوەی سەرنجی شێوازی ژیانی قوتابییەکانی مەسیح بدەین، با چاوێك بخشێنینەوە بزانین چی وادەکات کەسێك ببێتە قوتابییەکی ڕاستەقینەی مەسیح. وەك بینیمان، قوتابی مەسیح ئەو کەسەیە کە یەکەم شت دان بەوە دەنا کە گوناهبارە بەرامبەر خودا و هیچ هیوایەکی نیە بچێتە بەهەشت بە کردەوەی خۆی. دووەم، باوەڕی بەو پلانە هەیە کە هەموو پێغەمبەرانی خودا ڕایانگەیاندووە — ئەو پلانەی کە خودا دەتوانێ لە هەموو گوناهەکانی نەوەی ئادەم خۆش بێت. ئەو پلانی مردنی عیسای مەسیح بوو لەسەر خاچەکە. خودا ڕزگاری دەری بێ گوناهی دایە دەست مردنەوە لەپێناو گوناهەکانمان و هەڵیساندەوە بۆ ژیان تاکو وەك ڕاستودروست دادوەریمان بکات.

بەکورتی، قوتابی عیسای مەسیح ئەو کەسەیە کە باوەڕی بە مزگێنی خۆشی عیسای مەسیح هەیە پڕ بەدڵی و بەدڵنیایەوە دەزانێ کە لە هەموو گوناهەکانی بوراوە، وەك ئەوەی خودا لە ووشەی خۆی بەڵێنی داوە. خودا باوەڕداری وا بە کوڕی خۆی دادەنا. بۆیە لە ئینجیل نووسراوە: بۆ هەموو ئەوانەی عیسای مەسیح قەبوڵ دەکەن و باوەڕ بەناوی دێنن بەخشراوە، مافی پێدان ببنە منداڵی خودا، ئەوانەی نە بە سروشت لەدایک بوون... بەڵکو لە خوداوە لەدایک بوون. (یۆحەنا ١: ١٢، ١٣) ئازیزان، خودا دەیەوێ بزانی کە ئەگەر ببی بە منداڵی خودا لە ڕێگای باوەڕ بە مەسیح و قوربانییەکەی، ئەوا هەرگیز لەناوناچی و مافی ئەوەت دەداتێ لە حزووری ئەو تاهەتا بژی لە بەهەشت!

ڕەنگە هەندێ کەس هاوڕا نەبن لەگەڵ ئەمە و بڵێن: ئەگەر چوونە ناو بەهەشت ئاوا ئاسان بێت بۆ قوتابی مەسیح، ئەو کاتە بەکەیف خۆی دەژی و بەکەیف خۆی گوناە ئەنجام دەدات، بەبێ هیچ ترسی دادگاکردن، لەبەر ئەوەی خودا لە گوناهەکانی خۆش بووە! ئازیزان، ئەم بیرۆکەیە بێ مانایە. ئەوانەی بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە هێشتا نازانن گوناە مانای چیە و ناشزانن کە خودا پیرۆزترین خودایە. گوناە شتێکی خراپە. عیسای مەسیح هات تاکو لە دەسەڵاتی گوناە ڕزگارمان بکات، ئەو نەهات تاکو هانمان بدات بەردەوام بین لە گوناە! هەر کەسێك باوەڕ بە مەسیح بێنێت چی دی بەندەی گوناە نیە. بەڕاستی، تەنها ئەو کەسانەی سەر بە شەیتانن خۆشی لە گوناە دەبینن. ئەو کەسەی خودا ڕزگای دەکات و لێی خۆش دەبێت دڵێکی گۆڕاوی هەیە. خودا دڵی دەشوات و پاکی دەکاتەوە. ئەو کەسەی خودا وای لەگەڵی کردبێت خۆی لە هەموو پیسیەك دەپارێزێ. نووسراوە پیرۆزەکان ئەمە ڕادەگەیێنێ کە دەفەرموێ: کەواتە ئەگەر یەکێک لە مەسیحدا بێت، بەدیهێنراوێکی نوێیە، شتە کۆنەکان بەسەرچوون، ئەوەتا بوونە نوێ. (٢ کۆرنسۆس ٥: ١٧)

ئەگەر جلێکی سپی و خاوێنت لەبەر بێت، ئایا بە شوێنێکی پیس دەڕۆی یاخود دادەنیشی؟ نەخێر، خۆت لە هەموو شتێك لادەدەی کەوا جلەکانت پیس دەکات. بەو شێوەیەیە لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی خودا پاکیانی کردۆتەوە لە گوناهەکانیان. چی دی ناتەوێ لەگەڵ شتێك بیت کە دڵی خودا خۆش ناکات. ئەو کاتە دەتەوێ دڵی پەروەردگار خۆش بکەی. ئەگەر یەکێك لە قەردێکی گەورە لێت خۆش بێت، ئایا بەقەستی ئازاری دەدەی؟ نەخێر، هەرچیت لە دەست بێت دەیکەی بۆ ئەوەی دڵی خۆش بکەی. بە هەمان شێوە، ئەگەر پەروەردگار خودا لە قەردێکی گەورەی گوناهت خۆش بووبێت و ڕزگاری کردبێتی لە سزای تاهەتایی، ئایا سوپاسی ناکەی و ناوی بەرز ڕاناگری بە بیر و ووشە و کردەوەت بە درێژایی ژیانت؟

با بزانین ئینجیل چی ڕادەگەیێنێ سەبارەت بەو کەسانەی سەر بە پەروەردگار عیسان. دەفەرموێ: پێشتر ئێمەش گێل و یاخی و گومڕا بووین، بەندەی هەوەس و لەزەتی جۆراوجۆر بووین، لە کینە و چاوپیسیدا دەژیاین، ئێسکگران، ڕقمان لە یەکتری بوو.

٤بەڵام، کاتێ نیانی خودای ڕزگارکەرمان و خۆشەویستییەکەی دەرکەوت، ٥نەک بەهۆی کاری ڕاستودروست کە ئێمە کردوومانە، بەڵکو بەگوێرەی بەزەیی خۆی ڕزگاری کردین، بە شوشتنی لەدایک بوونەوە و نوێکردنەوەی ڕۆحی پیرۆز، ٦ئەوەی بەهۆی عیسای مەسیحی ڕزگارکەرمان بە دەستفراوانی بەسەرمانیدا ڕشت، ٧تاکو، پاش ئەوەی بە نیعمەتی ئەو بێتاوان کراین، بەگوێرەی هیوای ژیانی تاهەتایی دەبینە میراتگر. (١ پەترۆس ١) ١٤وەک منداڵی گوێڕایەڵ، وەک کاتی نەزانی خۆتان لەگەڵ هەوەسە کۆنەکانتان مەگونجێنن، ١٥بەڵکو وەک ئەوەی بانگی کردوون پیرۆزە، ئێوەش لە هەموو هەڵسوکەوتێک پیرۆز بن، ١٦چونکە نووسراوە: {پیرۆز بن، چونکە من پیرۆزم.}

چۆن دەتوانین شێوازی ژیانی قوتابییەکی مەسیح کورت بکەینەوە؟ ڕەنگە بەم شێوەیە: خودا دەیەوێ منداڵەکانی خەسڵەتی ئەو نیشان بدەن لە هەموو کردەوەیەکیان لەسەر زەوی. زۆر بەئاسانی، خودا دەیەوێ منداڵەکانی وەک ئەو بن. باشە، خودا چۆنە؟ لە دیراسەتمان لە نووسراوە پیرۆزەکان بینیمان کە دوو خەسڵەتی کاریگەر خودا پیرۆزی و خۆشەویستییە. خودا پیرۆزترین کەسە. هەروەها خودا خۆشەویستییە. باشە ئیرادەی ئەو بۆ ئەو کەسانە سەر بە ئەو چیە؟ دەیەوێ پیرۆز بین وەک ئەو پیرۆزە، و یەکترمان خۆش بوێ وەک ئەوەی ئەو خۆشمانی دەوێ.

ژیانێکی پیرۆز و دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی ئەو کەسانە جیا دەکاتەوە کە سەر بە خودان لە وانەی تر. سەبارەت بەم شتە، ووشەی خودا دەفەرموێ: (١ یۆحەنا ٣) ١٠منداڵی خودا و منداڵی ئیبلیس بەمە دەردەکەون: هەر کەسێک ڕاستودروستی نەکات لە خودا نییە، هەروەک ئەوەی خوشکی یان برای خۆی خۆش نەوێت. (تیتۆس ٢) ١١چونکە نیعمەتی خودا دەرکەوت کە ڕزگاری پێشکەشی هەموو خەڵک دەکات. ١٢ئەوەی فێرمان دەکات نکۆڵی لە خوانەناسی و هەوەسەکانی جیهان بکەین، بە ژیری و ڕاستودروستی و خواترسی بژین لەم ڕۆژگارەی ئێستا، ١٣لە چاوەڕوانی هیوای بەرەکەتدار - - دەرکەوتنی شکۆی خودای گەورە و ڕزگارکەرمان، عیسای مەسیح، ١٤ئەوەی بۆ ئێمە خۆی بەختکرد، تاکو لە هەموو سەرپێچییەک بمانکڕێتەوە و گەلێکی تایبەت بۆ خۆی پاک بکاتەوە، دڵگەرم بۆ چاکەکاری.

(ئەفەسۆس ٤) ٢٥بۆیە واز لە درۆ بهێنن، با هەریەکە ڕاستگۆ بێ لەگەڵ نزیکەکەی، چونکە ئەندامی یەکترین. ٢٦{کاتێ تووڕە دەبن، گوناە مەکەن.} مەهێڵە ڕۆژئاوا بێت بەسەر تووڕەییتان، ٢٧دەرفەت بۆ شەیتان مەڕەخسێنن. ٢٨دز ئیتر با دزی نەکات، بەڵکو با ڕەنج بدات و بە دەستی خۆی ئیشێکی پاک بکات، تاکو هەیبێت بداتە ئەوەی پێویستی پێیەتی. ٢٩وشەی خراپ لە دەمتان دەرنەچێت، بەڵکو هەرچییەکی باشە بۆ بنیادنان، بەگوێرەی پێویستی، تاکو نیعمەت بداتە گوێگران. ٣٠ڕۆحی پیرۆزی خودا خەمبار مەکەن، ئەوەی بۆ ڕۆژی ڕزگاری پێی مۆرکران. ٣١هەموو تاڵی و تووڕەیی و توندی و هاوارکردن و بوختان و هەموو دڕەشییەک فڕێبدەن. ٣٢لەگەڵ یەکتری نیان بن، بە بەزەیی بن، گەردەنی یەکتری ئازاد بکەن، وەک خوداش لە مەسیحدا لێتان خۆشبوو. (ئەفەسۆس ٥) ١کەواتە لاسایی خودا بکەنەوە، وەک ڕۆڵەی خۆشەویست، ٢لە خۆشەویستیدا بژین، وەک مەسیح خۆشیویستین و لە پێناوی ئێمەدا خۆی بەختکرد، قوربانییەک و سەربڕاوێک، بۆنخۆش بۆ خودا. ٣بەڵام داوێنپیسی و هەموو گلاوییەک یان چڵێسییەک یا لەنێوتاندا ناوی نەبێت، وەک لە پیرۆزکراوان دەوەشێتەوە، ٤نەک بێ شەرمی و قسەی ناشیرین و سووک کەوا ناشێت، بەڵکو لە جیاتی ئەمە سوپاسکردن. ٥چونکە ئەمە دەزانن کە هەموو داوێنپیسێک یان گلاو یان چڵێس - ئەوەی بتپەرستە - لە شانشینی مەسیح و خودا میراتی نییە. ٦کەس بە قسەی پووچ هەڵتان نەخەڵەتێنێ، چونکە بەهۆی ئەمانە تووڕەیی خودا دێتە سەر کوڕەکانی یاخیبوون. ٧بۆیە هاوبەشییان مەکەن. ٨چونکە پێشتر ئێوە تاریکی بوون، بەڵام ئێستا ڕووناکین لە خوداوەند. وەک منداڵی ڕووناکی بژین (١ یۆحەنا ٤) ٧خۆشەویستان، با یەکتریمان خۆشبووێ، چونکە خۆشەویستی لە خوداوەیە و هەر کەسێک خۆشەویستی هەبێت لە خوداوە لەدایک بووە و خودا دەناسێت. ٨ئەگەر یەکێک وتی: (خودام خۆشدەوێت) و ڕقی لە خوشکی یان براکەی بێتەوە، ئەوە درۆزنە. چونکە ئەوەی خوشک و برای خۆی خۆش نەوێت کە بینیوویەتی، ناتوانێت خودای خۆشبووێ کە نەیبینیوە. ٢١لە ئەوەوە ئەم ڕاسپاردەیەمان دراوەتێ: ئەوەی خودای خۆشبووێ، با خوشکەکە و براکەشی خۆشبووێ.

نووسراوە پیرۆزەکان ئاوا دەفەرموێ سەبارەت بە ڕێگای ژیان بۆ ئەو کەسانەی شوێنی عیسای مەسیح دەکەون. ئایا ئەم هەموو شتە

مانای ئەوەیە کە قوتابییانی عیسا چی دی گوناە ئەنجام نادەن، یاخود هەمیشە دراوسێی خۆی وەک خۆی خۆش دەوێ؟ نەخێر! هێشتان گوناە ئەنجام دەدات، کاتێ گوناە ئەنجام دەدات، دەتوانێ ئەو بەڵێنەی لە ووشەی خودا هەیە بەکار بێنێ کە دەفەرموێ: (١ یۆحەنا ١) (٧ خوێنی عیسا... لە هەموو گوناهێک پاکمان دەکاتەوە. ٨ ئەگەر بڵێین گوناهمان نییە، ئەوا خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین و ڕاستی لە ئێمەدا نییە. ٩ ئەگەر دانمان بە گوناهەکانمان نا، ئەوا دڵسۆز و دادپەروەرە، تەنانەت لە گوناهەکانمان خۆش دەبێت و لە هەموو ناڕەواییەک پاکمان دەکاتەوە.) ئامین.

بوون بە شوێنکەوتووی عیسای مەسیح تەنها ئایینێک نیە – پەیوەندییە. کاتێ کەسێک شوێن کەوتووی مەسیح دەبێت، دەهێنرێتە ناو برادەرایەتیەک لەگەڵ خودای پیرۆزی خۆشەویستی. ئەم پەیوەندییە نزیکە لەگەڵ خودا، کەوا ئادەم و حەوا لەدەستیان دا لەبەر گوناهەکەیان بۆمان دەگەڕێتەوە لەڕێگای ئەو خوێنەی عیسا لەسەر خاچەکە ڕشتی. خودا چی دی لە سنوور دەرچوونەکەمانی لەیاد نامینێتەوە لەبەر ئەوەی عیسا قەردی گوناهمانی دایەوە. لە ڕێگای پەیوەندیمان لەگەڵ مەسیح، خودا باوکی ئاسمانیمانە و ئێمەش منداڵی ئەوین. نووسراوە پیرۆزەکان باس لەوە دەکات کاتێ دەفەرموێ: چونکە بەهۆی ئەو... ڕێێدراوییێتیمان هەیە بۆ چوونە لای باوکەکە. بۆیە ئیتر نامۆ و بێگانە نین، بەڵکو هاوڵاتین لەگەڵ پیرۆزکراوان و بنەماڵەی خودا. (ئەفەسۆس ٢: ١٨، ١٩)

ئەوانەی سەر بە مەسیحن دەتوانن پەیوەندییەکەی نزیکیان لەگەڵ خودا هەبێت لەسەر زەوی و بە پەرۆش بن بۆ بەدەست هێنانی میراتێکی تاهەتایی لە ئاسمان. بەڵام ڕەنگە کەسێک بپرسێ، چۆن قوتابییەکی مەسیح دەتوانێ ئەم پەیوەندییە هەبێ لەگەڵ خودا لەسەر زەوی؟ چۆن دەتوانین پەیوەندیمان لەگەڵ خودا گەشە پێ بکەین؟ سەبارەت بەمە، ووشەی خودا چوار ئەرک باس دەکات کەوا یارمەتیمان دەدات ئیرادەی خودا بناسین و ژیانێک بژین کەوا لەگەڵ جێگامان بگونجێ وەک منداڵی خودا تاکو بتوانین دڵی خۆش بکەین لە هەموو شتێک و زانیاریمان گەشە پێ بکەین سەبارەت بە خودا.

یەکەم، بەڕپرسی قوتابی مەسیح ئەوەیە کە خۆراک لە ووشەی خودا وەربگرێ – سەرنجی بدات ڕۆژانە و بەدڵی وەربیگرێ بە ئارەزووی گوێڕایەڵی بوونی. نووسراوە پیرۆزەکان ئیرادەی خودا ئاشکرا دەکەن. خودا لە ڕێگای ووشەیەوە قسەمان لەگەڵ دەکات. ووشەی خودا ئەو خواردنەیە کەوا گیانمان خۆراک دەدات و بە هێزی دەکات. خۆاردنێکی سەرسوڕهێنەرە. ئەوەی بەڕاستی خودای خۆش بوێت نابێ پێویستی بەوە بێت تکای لێ بکرێت ووشەی خودا بخوێنێتەوە یان گوێی لێ بگرێت، لەبەر ئەوەی برسی دەبێت بۆی وەک ئەوی برسی خواردن بێت. پێغەمبەر ئەیوب نووسیویەتی: لە فەرمانی لێوەکانی دەرنەچووم لەفەرزی خۆم زیاتر قسەکانی دەمی ئەوم عەمبارکرد. (ئەیوب ٢٣: ١٢)

دووەم، بەڕپرسی ئەوەیە نوێژ بۆ خودای باوکمان بکەین کە لە ئاسمانە. هەرکەسێک بیەوێ گەشە بە پەیوەندییەکەی بدات لەگەڵ خودا دەبەوێ زوو زوو قسەی لەگەڵ بکات. بۆ قوتابی مەسیح، نوێژ کردن قسەکردنە لەگەڵ خودا، وەک چۆن لەگەڵ برادەرێکی باشت قسە دەکەیت. هیچ کاتێکی دیاریکراو نیە کە دەبێت لێی نوێژ بکەین. دەتوانین لەگەڵ باوکی ئاسمانیمان قسە بکەین هەرکاتێک بێت لە ڕۆژ و لە شەو! نابێ تەنانەت یەک چرکە بیرمان ئاگای لە خودا نەبێت. خودا دەبەوێ بە بەردەوامی ستایش و سوپاسی بکەین بۆ خۆیەتی و بۆ هەموو ئەو شتانەی بۆ ئێمەی کردووە. هەروەها بانگمان دەکات بۆ ئەوەی باسی هەموو نیگەرانیەکانمانی بۆ بکەین. قوتابی مەسیح دەزانن نوێژ بەهێزە. پەروەردگار عیسا خۆی بەڵێنی بەقوتابییەکانی دا: (ئەگەر شتێکتان بەناوی من داواکرد، دەیکەم.) (یۆحەنا ١٤: ١٤) نیگەران مەبن، بەڵکو با لە هەموو شتێکدا داواکاریتان بە نوێژ و پاڕانەوە لەگەڵ سوپاسدا لای خودا زانراو بێت. (فیلیپی ٤: ٦)


سێیەم، بەڕپرسی هاوڕێ بوونە لەگەڵ خەڵکی تر کەوا باوەڕ بە پەروەردگار عیسای مەسیحە و خۆشیان دەوێ. وەک چۆن خەلۆز زۆر تر بەگەرمی دەمێنێتەوە کاتێ لەناو ئاگر لەگەل خەلۆزی تر بەجێی دێڵی، بەهەمان شێوەیە هاوڕێیەتی لەگەڵ باوەڕداری تر یارمەتیمان دەدات بۆ مەسیح بژین و هانی خەڵکی تر بدەین هەمان شت بکەن. ووشەی خودا دەفەرموێ: هەروەها با ئاگاداری یەکتری بین بۆ هاندان لەسەر خۆشەویستی و کاری چاک. با واز لە کۆبوونەوەکانمان ناهێنین، وەک هەندێک لەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو یەکتری

هاندەدەین، زیاتریش کە دەبینن ڕۆژەکە نزیک دەبێتەوە. (عیبرانیەکان ١٠: ٢٤، ٢٥)

چوارەم بەرپرسی قوتابی مەسیح ئەوەیە ببین بەشایەت بۆی. بخوێنەوە عیسا چی بە قوتابییەکانی فەرموو پێش ئەوەی سەرکەوێتە ئاسمان: ئاوا نووسراوە، کە مەسیح ئازار دەچێژێت و لە ڕۆژی سێیەم لەنێو مردووان هەڵدەستێتەوە، [٤٧] بە ناوی ئەویش تۆبەکردن بۆ لێخۆشبوونی گوناە بۆ هەموو گەلان جارپدرێت...ئێوە شایەتی ئەم شتانەن. (لۆقا ٢٤: ٤٦–٤٨) بەڵێ، قوتابییانی مەسیح دەبێت باسی ڕزگاری دەریان بۆ خەڵکی تر بکەن و مزگێنی خۆشیان بۆ ڕوون بکەنەوە سەبارەت بە عیسای مەسیح کەوا مرد بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی سەرسوڕهێنەر ببەخشێ بە هەموو ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە لەگەڵ خودا تاهەتا. بێ گومان، شایەتیمان نابێت تەنها بە ووشە بێت، بەڵکو بە ژیانێکی پیرۆزی و خۆشەویستی. ئەوە ئەو گۆڕانکارییە کە مەسیح کردی لە ژیانمان دا کەوا پەیامەکە بەهێز دەکات و جێگیری دەکات. لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: چونکە پاشایەتی خودا بە قسە نییە، بەڵکو بە هێزە!
(١ کۆرنسۆس ٤: ٢٠)

ئایا ڕۆژێك لە ژیانتان هەبووە کەوا چاوت بە عیسای مەسیحی ڕزگاری دەر کەوتبێ، ڕۆژێك کەوا لە گوناهەکانت خۆش بووبێت و دڵتی نوێ کردبێتەوە؟ ئایا ژیانت پڕە لە پیرۆزی و خۆشەویستی خودا؟ ئایا تۆ قوتابییەکی ڕاستەقینەی پەروەردگار عیسای؟

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی ئەوەی نووسراوی پیرۆز ڕایدەگەێنێ دەدەن، کە دەفەرموێ:
خودا ڕووناکییە، هیچ تاریکی تێدا نییە. ئەگەر بڵێین هاوبەشیمان لەگەڵیدا هەیە و بە تاریکیدا بڕۆین، ئەوا درۆ دەکەین و ڕاست ناکەین. (١ یۆحەنا ١: ٥، ٦)





گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئەگەر یەکێك لە قەردێکی گەورە لێت خۆش بێت، ئایا بەقەستی ئازاری دەدەی؟
٢. بە هەمان شێوە، ئەگەر پەروەردگار خودا لە قەردێکی گەورەی گوناهت خۆش بووبێت و ڕزگاری کردبێتی لە سزای تاهەتایی، ئایا سوپاسی ناکەی و ناوی بەرز ڕاناگری بەبیر و ووشە و کردەوەت بە درێژایی ژیانت؟
٣. چۆن دەتوانین شێوازی ژیانی قوتابییەکی مەسیح کورت بکەینەوە؟
٤. خودا چۆنە؟
٥. ئایا ئەم هەموو شتە مانای ئەوەیە کە قوتابییانی عیسا چی دی گوناە ئەنجام نادەن، یاخود هەمیشە دراوسێی خۆی وەك خۆی خۆش دەوێ؟
٦. چۆن قوتابییەکی مەسیح دەتوانێ ئەم پەیوەندییە هەبێ لەگەڵ خودا لەسەر زەوی؟
٧. چۆن دەتوانین پەیوەندیمان لەگەڵ خودا گەشە پێ بکەین؟
٨. ئایا ژیانت پڕە لە پیرۆزی و خۆشەویستی خودا؟

٩. ئایا تۆ قوتابییەکی ڕاستەقینەی پەروەردگار عیسای؟

وانەی ٩٣: چاوپێداخشانەوە ١ ئادەم: کێشەی گوناە

پەیدابوون ١–٤

ماوەیەکی زۆرە دیراسەتی نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران دەکەین. بینیمان خودا وەحی بۆ زیاتر لە چل پیاو نارد لە ماوەی هەزار و پێنج سەد ساڵ بۆ ئەوەی ووشەی بنوسن – ئەو پەرتوکەی ڕێگای ڕاستودروستی ئاشکرا دەکات کەوا گوناهباران دەتوانن بەو ڕێیە ببن بەڕاستودروست بەرامبەر خودا. بۆمان دەرکەوت کەوا هەموو پێغەمبەرە ڕاستەقینەکان هەمان بیرۆکە و پەیامیان هەبوو سەبارەت بەو ڕێگای ڕزگاربوون. ئەو شتانەی نووسیان لەبیری خۆیانەوە هەڵناقوڵاً، بەڵکو لە ڕۆحی خوداوە. بە یارمەتی خودا، لە سێ وانەی داهاتوودا، پلانمان وایە چاوپێداخشانەوە بکەین لە هەموو ئەوەی دیراسەتمان کرد لە نووسراوە پیرۆزەکان. وانەی ئەمڕۆمان بەناوی (کێشەی گوناە.)

ئێستاش با بگەڕێنەوە ئەو بنەمایەی خودا خۆی داینا، کتابی تەورات، یەکەم بەشی ووشەی خودا کەوا لە بیری موسای پێغەمبەری چەسپاند. لەبیرتە یەکەم ئایەت چی بوو؟ فەرمووی: (لەسەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدی هێنا.) لەم ئایەتە بینیمان کە لەسەرەتا و پێش ئەوەی گەردوون و فریشتە و مرۆڤ دروست بێت، تەنها خودا بوونی هەبوو. خودا پەروەردگاری تاهەتاییە، ڕۆحی تاهەتاییە. نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی. ئەو بەهێزترین کەسە کەوا هەموو شتێك دەبینێ و هەموو شتێك دەزانێ.

لە یەکەم بەش خویندمانەوە چۆن خودا لەشەش ڕۆژدا ئاسمان و زەوی و زەریاکان و هەموو ئەوەی لەناویەتی بەدی هێنا. خودا زەوی بۆ مرۆڤ ئامادە کرد، ئەوەی کە پلانی وابی دروستی بکات. بۆیە لە شەشەم ڕۆژدا خودا فەرمووی: (با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروست بکەین، لە شێوەی خۆمان. با دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵی ماڵی و بەسەر هەموو زەوی‌دا، هەروەها بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی بەسەر زەوی‌دا دەخشێن.) خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا. (پەیادبوون ١: ٢٦، ٢٧)

مرۆڤ گرنگترین بوونەوەرە کە خودا بەدی هێناوە. خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدی هێنا! خودا پلانی دانا برادەرایەتیەکی قوڵ و سەرسوڕهێنەری لەگەڵ مرۆڤ هەبێ. لەبەر ئەوە ڕۆحێکی لە گیانی پیاو و ژن چەسپاند تاکو بتوانن خودا بناسن. هەروەها خودا دڵێکی پێ دان تاکو بتوانن ئەویان خۆش بوێت. سێیەم خودا ئیرادەیەکی ئازادی پێ بەخشین تاکو بتوانن بۆ خۆیان هەڵبژێرن لەنێوان گوێڕایەڵی خودا و گوێڕایەڵ نەبوونی.

لە بەشی دووەم، خوێندمانەوە کە خودا یەکەم مرۆڤ، ئادەم، لە باخچەیەکی جوان دانا، کەوا پڕ بوو لەدار میوەی جوان و بەتام. هەروەها بینیمان خودا ئافرەتێکی دروست کرد لە پەڕاسوویەك کەوا لە ئادەمی لێکردەوە و پاشان پێی بەخشی. ئادەم ناوی لێ نا حەوا. خودا ئادەم و حەوای بەرەکەتدار کرد و هەموو شتێك کە پێویستیان پێی بوو دای پێیان. لەگەڵ ئەوەشدا شتێك هەبوو کە خودا لەوانی ویست. خودا چی لەم دوو کەسە ویست کەوا لەسەر وێنەی خۆی بەدی هێنابوون؟ ویستی خۆشیان بوێ پڕ بە بڕ و دڵ و ئیرادەیان و بەو شێوەیە پەیوەندیکی قوڵ و سەرسوڕهێنەریان لەگەڵی هەبێ تاهەتا. لە دەرئەنجامدا، بینیمان چۆن خودا تاقیکردنەوەیەکی لە بەردەمیان دانا بۆ ئەوەی ناو دڵیان ئاشکرا بکات. خودا ئەم فەرمانەی بە ئادەم دا: (تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێگومان دەمریت) (پەیدابوون ٢: ١٦، ١٧) بۆیە خودا ئادەمی تاقیکردەوە و ئاگاداری کردەوە کە لە ڕێی یاسای خودا لادان مردنە کەواتە جیابوونەوە لە خودا تاهەتا.

لە بەشی سێیەمدا نووسراوە پیرۆزەکان بۆمان دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێك شەیتان، ئەو فریشتەیەی یاخی بوو بەرامبەر خودا، هاتە لای ئادەم و حەوا وەك ماریکی فێڵباز. بە حەوای ووت، (ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: (بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟) ئافرەتەکەش بە مارەکەی وت: (بۆمان هەیە لە بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین، بەڵام خودا فەرمووی، (پێویستە لە بەری ئەو دارە نەخۆن، کەوا لەناوەڕاستی باخچەکەیە، هەروەها بۆتان نییە دەستی لێ بدەن، ئەگینا دەمرن.) مارەکە بە ئافرەتەکەی وت: (نا بە

ڕاستی نامرن، چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئێتر وەک خوداتان لێ دێت، ئەو کاتە چاکە و خراپەش دەزانن.) (پەیدابوون ٣: ١–٥)

خودا چی بە ئادەم و حەوا فەرموو ڕوو دەدات گەر بێت و لەبەری ئەو دارە بخۆن کە قەدەغەی کردبوو؟ فەرمووی، (دەمرن!). ئەی شەیتان چی ووت؟ ووتی (نامرن!). ئادەم و حەوا ووشەی کامیان هەڵبژارد باوەڕی پێ بکەن و شوێنی کەون؟ ئایا ووشەی خودایان هەڵبژارد یاخود ووشەی شەیتان؟ ووشەی شەیتانیان هەڵبژارد، دوژمنی خودا!

خودا چی کرد لەپاش ئەوە؟ ئایا تەنها دانیشت و تەماشای ئادەم و حەوای کرد؟ نەخێر. خودا هەر ئەوەی کرد کەوا ئاگاداریانی کردەوە. بانگیانی کرد و دادوەرییان کرد و نەفرەتی کرد لەوان و لە زەوی، پاشان خستیانیەی دەرەوەی باخچە خۆشەکە کەوا بۆیانی دروست کردبوو. لەو ڕۆژە خەمناکە، ئادەم و حەوا لە گیانیاندا مردن! لە خودا جیابوونەوە، کەوا سەرچاوەی ژیانە. تاکە شت کە چاوەڕوانی بکەن ئێستا مردنی جەستەیان و سزای تاهەتایی، لەبەر ئەوەی سزای گوناە مردن تاهەتاییە، هەروەک خودا فەرمووی.

بەڕاستی گوناە کارەساتی سامناکە. ئادەم و هەموو نەوەکانی لە خودا جیاکرانەوە بە یەک گوناە! گوناە وەک نەخۆشی ئایدز وایە. وەک دەزانن ئایدز نەخۆشییەکە کە خەڵک بلاوی دەکەنەوە لەنێوان خۆیاندا. کارەساتەکە کەوا بە هەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە. هەر کاتێ ڤایرۆسی ئایدز بچێتە ناو لەشە کەسێکەوە، هەرگیز بەجێی ناهێڵێ. ئەو کەسانەی ئایدزیان هەیە دەیگوازنەوە بۆ منداڵەکانیان. ئایدز بکوژە و هەموو ئەوانەی تووشی بوونە لەناو دەبات. گوناهیش ئاوایە. گوناە لە هەموو شوێنێکە و لە هەموو کەسێکە و وادەکات خەڵک بۆ تاهەتا لەناو بچن. بەڵام سوپاس بۆ خودا، جیاوازی هەیە لەنێوان نەخۆشی ئایدز و نەخۆشی گوناە. مەسەلەی ئایدز ئەوەیە هێشتا دەرمانیان بۆ چارەسەرکردنی نەدۆزیوەتەوە، بەڵام چارەسەر هەیە بۆ ئەو کەسانەی تووشی گوناە بوونە! خودا خۆی چارەسەرێکی دابین کردووە، کەوا ئەگەر بەکاری بێنین، پاکمان دەکاتەوە لەگوناە تاهەتا.

ئەو بەڵێنە جوانەی خودات لەبیرە کە دای لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد؟ بەڵێ، لە هەمان ڕۆژ کەوا گوناە هاتە ناو جیهان، خودا بەڵێنی دا کەوا ڕزگاری دەرێك پیرۆز بنێرێتە سەر زەوی کەوا نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە هێزی وێرانکەری شەیتان و گوناە. هەروەها خوێندمانەوە کە ئەم ڕزگاری دەرە بە تاقە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت، لەبەر ئەوەی ڕزگاری دەری گوناهباران ناکرێ لە نەوەی ئادەم بێت کەوا ئێستا تووشی گوناە بووە. دەبێت لە ڕۆحی پاك و پیرۆزی خوداوە بێت.

بەو شێوەیە بینیمان لە ئینجیل کە هەزاران ساڵ لەپاش ئەوەی خودا بەڵێنی دا ڕزگاری دەرەکە بنێرێ، کە کاتی دەست نیشان کراوی خودا هات، پیاوێکی ڕاستودروستی تەواو لەدایك بوو و هاتە جیهان، باوکی زەمینی نەبوو، لە پاکیزەیەك لەدایك بوو. ناوی عیسا بوو، کە بەمانای (خودا ڕزگار دەکات). بەڵێ، عیسای مەسیح ڕزگاری دەرە پیرۆزەکەیە کە خودا بەڵێنی ناردنی دا لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد. ئەو تاقە ڕزگاری دەرە.

لەبیرتە ئادەم و حەوا چییان کرد لەپاش ئەوەی لە داری زانینی چاکە و خراپەیان خوارد؟ گەلا هەنجیریان هۆنیەوە و بە ناوقەدی خۆیان پێچایەوە لە هەوڵێکدا بۆ داپۆشینی شەرمەزاری خۆیان، لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی گوناە ئەنجام بدەن ڕووت بوون بەڵام پێیان شەرم نەبوو. ئایا خودا ئەو جلەی قەبوڵ کرد کەوا بۆ خۆیان دروستیان کردبوو؟ نەخێر! باشە بۆچی خودا ئەو جلانەی قەبوڵ نەکرد؟ خودا ویستی فێریان بکات کە هیچ شتێك نیە مرۆڤ بتوانی بیکات بۆ ئەوەی ئەو شەرمەزاریەیەی گوناهەکەی داپۆشێ بەرامبەر خودا! بەڵام خودا شتێکی بۆ ئادەم و حەوا کرد. بینیمان چۆن خودا چەن ئاژەڵێکی بێ تاوانی هەڵبژارد و سەریانی بڕی و کەوڵیانی کرد و جل و بەرگی بۆ ئادەم و حەوا دروست کرد و لەبەریانی کرد. بەم شێوەیە خودا ئادەم و حەوای فێر کرد کە سزای گوناە مردنە! خودا نەك تەنها ئاژەڵی کردە قوربانی، بەڵکو فەرمانی بە ئادەم و نەوەکانی دا کە ئاژەڵی بێ عەیب بکەن بە قوربانی بۆ داپۆشینی گوناە، تا ئەو کاتەی خودا ڕزگاری دەرەکە دەنێرێ.

بەو شێوەیە خودا بەڕوونی پێیانی نیشان دا کەوا یەك تەنها ڕێگا هەیە بۆ ڕزگار بوون: ڕێگای قوربانی بێ عەیب. ڕێگای ڕاستودروستی کە خودا ڕایگەیاند فەرمانی دا کەوا دەبێت ئاژەڵی بێ عەیب هەڵبژێرن و سەری ببڕن وەك قوربانی کە گوناە دادەپۆشێ. ئەم

قوربانییانە نیشاندەر بوون بۆ ڕزگاری دەرە پیرۆزەکە، ئەوەی دێت و خوێنی خۆی دەڕێژێ لەسەر خاچێك بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانی نەوەی ئادەم بداتەوە. بۆیە، بەو قوربانی ئاژەڵانە، خودا لە پێش گوناهباراندا سیبەری عیسای مەسیحی دانا، ئەوەی کە دەمرێ وەك تەواوترین قوربانی بۆ ئەوەی گوناە لادات. بەم شێوەیە، خودا نیشانی دا کەوا ڕاستودروستە، تاکو دادپەروەر بێت و ئەوانە بێتاوان بکات کە باوەڕیان بە عیسایە. (ڕۆما ٣: ٢٦)

لەو بەشەی پاش چیرۆکی گوناهەکەی ئادەم و بەڵێنە جوانەکەی خودا بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە، دەربارەی یەکەم دوو کوڕی ئادەممان خوێندەوە. قابیل و هابیل. بینیمان کە هابیل بەرخێکی بێ عەیبی پێشکەش کرد و سەری بڕی وەك قوربانی کەوا گوناە دادەپۆشێ، هەروەك خودا فەرمانی پێ دابوو. قابیل هەوڵی دا لە خودا نزیك ببێتەوە بە کردەوەی خۆی، بەهێنانی بۆ خودا بەروبوومی ئەو خاکەی بەنەفرەت کرابوو. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: جا هابیل و قوربانییەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند بوو. بەڵام قابیل و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خوداوەند نەبوو. (پەیدابوون ٤: ٤، ٥) بۆچی قوربانییەکەی قابیل جێی ڕەزامەندی خودا نەبوو؟ وەك بینیمان، ڕێگای ڕاستودروستی وا خودا بانگەوازی دەکات ڕایگەیاند کە: لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت. (عیبرانیەکان ٩: ٢٢) بەڵام، قابیل بەهای بۆ ڕێگای قوربانی دانەنا کەوا خودا دەست نیشانی کردبوو. قابیل وای نیشان دا کە باوەڕی بە خودایە، بەڵام کردەوەکانی ئینگاریان لێ دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەو قوربانی خوێنەی پێشکەش نەکرد کەوا خودا داوای دەکرد. بۆیە، خودا قابیل و قوربانییەکەی ڕەت کردەوە. بەڵام قوربانییەکەی هابیل جێی ڕەزامەندی خودا بوو و لەهەموو گوناهەکانی خۆش بوو، لەبەر ئەوەی هابیل باوەڕی بە ووشەی خودا هێنا و خوێنی بەرخێکی بۆی هێنا.


هابیل نیشاندەری ئەو کەسانە بوو کە خودا وەك ڕاستودروست دادەرییان دەکات لەبەر باوەڕیان بە عیسای مەسیح، ئەوەی خوێنی خۆی ڕشت بۆ سزا دانەوەی گوناە. قابیلیش نیشاندەری ئەو کەسانەیە کەوا هەوڵ دەدەن ڕاستودروست بن بەرامبەر خودا بە کردەوەی خۆیان و ڕەتی دەکەنەوە باوەڕ بێنن بە قوربانی ڕزگاری دەرکە، ئەوەی خودا لە ئاسمانەوە ناردی. تا ئەمڕۆ، تەنها ئەو دوو ڕێگایە هەیە: ڕێگای هابیل و ڕێگای قابیل. تۆ بەدوای کام ڕێگا کەوتووی؟ ئایا ڕێگای هابیلت قەبوڵ کردووە، کەوا ڕێگای ڕاستودروستییە، کەوا لەسەر بنەمای قوربانی مەسیحی پیرۆزە کەوا خودا ناردیە خوارەوە؟ یاخود هێشتا بە ڕێگای قابیل دەڕۆی، ڕێگا ناڕاستودروستی، کەوا لەسەر بنەمای کردەوەی مرۆڤ و پێداویستییەکانی ئایینە؟

خودا ڕاستودروستە و ناتوانێ لەگوناە ببورێ! خودا نەیدەتوانی بە ئادەم و حەوا، هابیل و قابیل و هەموو نەوەکانی بفەرموێ: (دەزانم گوناهتان ئەنجام داوە، بەڵام قەینا! شتێکی وا نیە، هەر وابزانە گوناهتان نەکردووە!) ئایا خودا بەو شێوەیە لە گوناە خۆش دەبێت؟ هەرگیز! ئەگەر خودا وای بکردایە چۆن گوناهباران پیرۆزی ئەویان دەزانی؟ خودا دادوەرێکی ڕاستودروستە و دەبێت سزای گوناە بدات. سزای گوناە مردنە! بۆیە ڕزگاری دەرە پیرۆزەکە دەبوایە بمرێ لەشوێنی گوناهەکانمان. کاتێ لەسەر خاچە مرد، سزای گوناهەکانی من و تۆی دایەوە.

لە ئینجیل نووسراوە سەبارەت بە ڕێگای ڕاستودروستی کەوا خودا فەرمانی پێ داوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناە هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد (ڕۆما ٥: ١٢) بۆ هەموو ئەوانەیە کە باوەڕ دەهێنن، بۆ هەمووان بەبێ جیاوازییە. لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن، بەخۆڕایی بە نیعمەتی خودا بێتاوان کراون، بەو کڕینەوەیەی لە عیسای مەسیح دایە، ئەوەی خودا وەک کەفارەت پێشکەشی کرد، ئەگەر باوەڕ بە خوێنی عیسا بهێنین. ئەمەی بۆ دەرخستنی دادپەروەرییەکەی خۆی کرد، لەبەر چاوپۆشی لە گوناهەکانی ڕابوردوو، بە پشوودرێژیی خودا - بۆ دەرخستنی دادپەروەرییەکەی لە کاتی ئێستا، تاکو دادپەروەر بێت و ئەوانە بێتاوان بکات کە باوەڕیان بە عیسایە. (ڕۆما ٣: ٢٢–٢٦) چونکە کرێی گوناە مردنە، بەڵام دیاری خودا ژیانی تاهەتاییە لە عیسای مەسیحی خوداوەندمان. (ڕۆما ٦: ٢٣)

لە وانەی داهاتوومانداا بەردەوام دەبین لە چاوپێداخشانەوەی پەیامی پێغەمبەران و ئەوە دێنینەوە یادمان چۆن خودا بانگی ئیبراهیمی کرد بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لە پلانە سەرسوڕهێنەرەکەی بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە بۆ جیهان.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی ئەم ووتانەی ووشەی خودا دەکەی کەوا دەتوانێ ژیانت بگۆڕێ: کرێی گوناە مردنە، بەڵام دیاری خودا ژیانی تاهەتاییە لە عیسای مەسیحی خوداوەندمان. (ڕۆما ٦: ٢٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. لەبیرتە یەکەم ئایەت چی بوو؟

٢. خودا چی لەم دوو کەسە ویست کەوا لەسەر وێنەی خۆی بەدی هێنابوونی؟

٣. خودا چی بە ئادەم و حەوا فەرموو پوو دەدات گەر بێت و لەبەری ئەو دارە بخۆن کە قەدەغەی کردبوو؟

٤. ئەی شەیتان چی ووت؟

٥. ئادەم و حەوا ووشەی کامیان هەڵبژارد باوەڕی پێ بکەن و شوێنی کەون؟

٦. ئایا ووشەی خودایان هەڵبژارد یاخود ووشەی شەیتان؟

٧. خودا چی کرد لەپاش ئەوە؟

٨. ئایا تەنها دانیشت و تەماشای ئادەم و حەوای کرد؟

٩. ئەو بەڵێنە جوانەی خودات لەبیرە کە دای لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد؟

١٠. لەبیرتە ئادەم و حەوا چییان کرد لەپاش ئەوەی لە داری زانینی چاکە و خراپەیان خوارد؟

١١. ئایا خودا ئەو جلەی قەبوڵ کرد کەوا بۆ خۆیان دروستیان کردبوو؟

١٢. بۆچی قوربانییەکەی قابیل جێی ڕەزامەندی خودا نەبوو؟

١٣. تۆ بەدوای کام ڕێگا کەوتووی؟

١٤. ئایا ڕێگای هابیلت قەبوڵ کردووە، کەوا ڕێگای ڕاستودروستییە، کەوا لەسەر بنەمای قوربانی مەسیحی پیرۆزە کەوا خودا ناردیە خوارەوە؟ یاخود هێشتا بە ڕێگای قابیل دەڕۆی، ڕێگا ناڕاستودروستی، کەوا لەسەر بنەمای کردەوەی مرۆڤ و پێداویستییەکانی ئایینە؟

١٥. ئایا خودا بەو شێوەیە لە گوناە خۆش دەبێت؟

وانەی ٩٤: چاوپێداخشانەوە ٢: ئیبراهیم، ڕاستودروست بە باوەڕ

پەیدابوون ٦–٢٢

با بەردەوام دەبین لە چاوپێداخشانەوەمان لە پەیامی پێغەمبەرانی خودا. پەیامی پێغەمبەران چیرۆکێکە... چیرۆکی خودایە... چیرۆکی دڵڕفێنی خودا دەربارەی ئەوەی چی کردووە بۆ گەڕان و ڕزگارکردنی نەوەکانی ئادەم کەوا لەناو گوناە بزر بوونە. بەکورتی، پەیامی پێغەمبەرانی خودا ئەو مزگێنیە خۆشەیە دەربارەی چۆن خەڵکی ناڕاستودروست دەتوانن ببن بەڕاستودروست بەرامبەر خودا. چاوپێداخشانەوەی ئەمڕۆمان بەناوی: ڕاستودروست بە باوەڕە.

وەک هەموو چیرۆکێك، ئەو چیرۆکەی لە پەرتوکی خودا هەیە سەرەتا و کۆتایی هەیە. لە دیراسەتی ڕابردوومانداا، چاومان خشاندە بەسەرەتای چیرۆکەکە و بینیمان چۆن یەکەم کەس، ئادەم، هەڵیبژارد شوێنی شەیتان بکەوێ، دوژمنی خودا. تاقە گوناهەکەی ئادەم وای کرد هەموو نەوەکانی لەناو گوناهدا لەدایك بن، لەسەر ڕێگای دۆزەخ. هەندێ کەس هەوڵ دەدەن نکۆڵی لەم شتە بکەن و دەڵێن: (گوناهەکەی ئادەم کێشەی خۆی بوو! کار لە ئێمە ناکات!) بەڵام ئەو کەسانەی وا دەڵێن نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران پشت گوێ دەخەن کە ڕایدەگەیەنێ: لەبەر ئەمە، چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناە هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد! (ڕۆما ٥: ١٢)

پەندی پێشینان دەڵێ: (دەرد و بەڵا بۆ هەموو لایەك بڵاو دەبێتەوە!) بە هەمان شێوە، ئەو نەفرەتەی گوناهی ئادەم لای ئەو بەتەنها ڕانەوەستا، بەڵکو بۆ هەموومان بڵاو بووەوە، وەک نەخۆشییەکی دڕم. گوناهەکەی یەکەمی ئادەم هۆی ئەوەیە کە هەموو مرۆڤ بە سرووشتێکی گوناهبارەوە لە دایك دەبن. (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێ) بە هەمان شێوە، ئێمە هەموومان ئەو خەسلەتەی باپیرەگەورەمان ئادەم بۆماوەتەوە. ئەوەی بەتەواوی بێ گومانە کە ئەو سرووشتە گوناهبارەی لە ئێمەدایە تاهەتا مەحکومەمان دەکات – مەگەر خودا خۆی چارەسەرێکمان بۆ دابین بکات. موژدەکە ئەوەیە پەروەردگار خودا چارەسەرێکی بۆمان دابین کرد. وەك لە تەورات خوێندمانەوە، لە هەمان ڕۆژی وا ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، خودا بە بەزەیی خۆی بەڵێنێکی دا. بەڵێنی دا ڕزگاری دەرێکی ڕاستودروست بنێرێتە سەر زەوی کەوا لە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت. ئەم ڕزگاری دەرە خوێنی خۆی دەڕێژێ وەك قوربانی کەوا قەردی گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم دەداتەوە.

لە دیراسەتمان لە پەرتوکی ئینجیل، بینیمان کە کاتی دیاری کراوی خودا هات، خودا ئەو کەسەی ناردە خوارەوە کە بەڵێنی دابوو. ئەم ڕزگاری دەرە کێیە کە خودا بەڵێنی دا؟ ئەو ئەو پیاوە ڕاستودروستە تەواوەیە، عیسای مەسیح. با بزانین چۆن ووشەی خودا جیاوازییەکانی نێوان ئادەمی وا گوناهی کرد و نێوان مەسیحی وا بێ گوناە بوو پشان دەدات. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: چونکە ئەگەر بە گوناهی کەسێک مردن بەهۆی ئەو کەسە حوکمڕانی کرد، ئیتر چەند زیاتر ئەوانەی پڕی نیعمەت و دیاری ڕاستودروستی وەردەگرن، لە ژیاندا حوکمڕانی دەکەن بە کەسێک کە عیسای مەسیحە. کەواتە وەک چۆن بە یەک گوناە تاوانبارکردن بۆ هەموو مرۆڤ هاتە کایەوە، بە هەمان شێوە بە کارێکی ڕاستودروست بێتاوانکردن هاتە کایەوە کە ژیان بۆ هەموو مرۆڤ دەهێنێت. چونکە چۆن بە یاخیبوونی کەسێک زۆر کەس گوناهبار کران، بە هەمان شێوە بە گوێڕایەڵی کەسێک زۆر کەس بێتاوان دەکرێن.
(ڕۆما ٥: ١٧–١٩) نووسراوی پیرۆز ئاوا دەفەرموێ سەبارەت بەو کەسانەی لە ئادەمدان و ئەو کەسانەی لە عیسای مەسیحدان.

هەموومان وەك ئادەم لە دایك بووین. بەڵام خودا بانگی نەوەکانی ئادەم دەکات بۆ ئەوەی دووبارە لە دڵیانەوە لە دایك ببنەوە، بۆ ئەوەی لێکچوونمان لەگەڵ ئادەم فڕێ بدەین و لێکچوونی مەسیح لەبەر بکەین! ئەم شتە چۆن دەبێ؟ تەنها بە باوەڕ دەبێت! نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ ئەگەر بە دڵتەوە باوەڕ بێنی کە پەروەردگار عیسای مەسیح سزای گوناهتی داوە، خودا وادەکات دووبارە لەدایك ببی بە پاککردنەوەی دڵت و نوێت دەکاتەوە بە هێزی ڕۆحی پیرۆزی خۆی. دەبیت بە بوونەوەرێکی نوێ لە عیسادا، چی دی بۆ خۆت ناژی بەڵکو بۆ ئەو کەوا مرد و هەڵسایەوە بۆ تۆ.

ئێستاش با بگەڕێینەوە تەورات و بەردەوام بین لە چاوپێداخشانەوەکەمان بە بیرهاتنەوەی چۆن خودا بەردەوام بوو لە پلانەکەی بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە بۆناو جیهان. لە وانەکانمان کە بە پێی کاتی ڕوودانە هابیل و قابیلمان بینی کە یەکەم دوو کوڕی ئادەمن. هابیل باوەڕی بە بەڵێنی خودا هێنا سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە، ئەوەی کە دێت و خوێنی خۆی دەڕێژێ وەک قوربانی، بەڵام قابیل باوەڕی پێ نەهێنا. خودا بانگی قابیلی کرد تاکو تۆبە بکات و دان بنا، بەڵام قابیل تورە بوو و هابیلی برای بچووکی کوشت.

لەپاش ئەوە بینیمان کە زۆربەی نەوەکانی ئادەم بە دوای شوێن پێی قابیل کەوتن، بە خۆشییان دەدیت لە ئەنجامدانی گوناە، لەبەر ئەوە کاتێ گەیشتینە زەمانی نوح، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: پەروەردگار بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیر و بۆچوونەکانی دڵیشی بە دریژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە. (پەیدابوون ٦: ٥) بینیمان چۆن خودا نیازی وێران کردنی نەوەکانی ئادەم دانا بە لافاوێك. لەو چەرخە گەندەڵ و خراپەدا، نوح تاکە کەس بوو کە باوەڕی بە بەڵێنی خودا هەبوو سەبارەت بە ڕزگاری دەری هاتوو. لەدەرئەنجامدا، خودا فەرمانی بە نوح دا کەشتییەکی گەورە دروست بکات کەوا دەبێت پەناگەیەك بۆ خێزانەکەی و زۆر لە ئاژەڵان. بۆ سەد ساڵ خودا ئارامی گرت لەسەر گوناهباران کاتێ نوح کەشتییەکەی دروست دەکرد. بەڵام، کەس تۆبەی نەکرد و باوەڕی بەووشەی خودا نەهێنا جگە لە نوح و خێزانەکەی. بۆیە لە کۆتاییدا، خودا کە دڵسۆزە بەرامبەر بەڵێنەکەی، هەموو ئەوەی بەڵێنی دا جێ بە جێی کرد، و هەموو ئەو کەسانەی ڕەتیان کردەوە بچنە ناو کەشتی پەناگە کەوا بۆیان دابین کردبوو سڕییەوە لەسەر زەوی.

لەپاش ئەوە بینیمان نەوەکانی نوح لە کۆتاییدا ووشەی خودایان لەبیر کرد، لەبەر ئەوەی ئەوانیش نەوەی ئادەمن و بە سرووشت گوناهبارن. پاشان دەربارەی تاوەری بابلمان خوێندەوە و چۆن خەڵکی هەولێان دا خەڵك جیهان خڕ بکەنەوە لە یەك شوێن و شارێکی مەزن و تاوەرێکی بڵند لە یاخی بوونداً بنیات بنەن. بەڵام خودا دادوەریانی کرد بە شێواندنی زمانیان و پەرت و بڵاوکردنیان لەسەر ڕووی زەوی.

پاشان، هاتینە لای چیرۆکی سەرسوڕهێنەری پێغەمبەر ئیبراهیم. بەڕاستی ئیبراهیم شوێنێکی زۆر گرنگی هەبوو لە پلانی خودا بۆ ڕزگار کردنی نەوەکانی ئادەم لە دەسەڵاتی گوناە. باوکی ئیبراهیم بت پەرست بوو، و ئیبراهیم خۆشی گوناهبار بوو، وەك هەموو نەوەکانی ئادەم. بەڵام بینیمان کە خودا، بە دارشتنە دڵڕفێنەکەی خۆی، بۆ ئیبراهیم بە دەرکەوت و فەرمانی پێ دا لە ماڵی باوکی دەر بچێت و وڵاتی خۆی بەجێ بێڵێ. خودا پلانی دانا نەتەوەیەکی نوێ لە ئیبراهیم دروست بکات، کەوا ڕزگاری دەرەکەی لێوە بێتە جیهانەوە. ئەمە ئەوە بوو کە لە تەورات خوێندمانەوە، لە بەشی دوازدەی سیپارەی پەیدابوون، کاتێ خودا بانگی ئیبراهیمی کرد و پێی فەرموو، (خاک و کەسوکار و ماڵی باوکت بەجێبهێڵە و بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت دەدەم. (جا دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن و بەرەکەتدارت دەکەم و ناوت مەزن دەکەم و دەبێتە بەرەکەت. ئەوانەی داوای بەرەکەتت بۆ دەکەن بەرەکەتداریان دەکەم و نەفرەتیش لە نەفرەتکارانت دەکەم. هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بەهۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.) (پەیدابوون ١٢: ١–٣)

بۆچی خودا فەرمانی بە ئیبراهیم دا برواتە خاکێکی تر؟ خودا ویستی نەتەوەیەکی نوێی لێ دروست بکات. ئەی بۆچی خودا ویستی نەتەوەیەکی نوێ لە ئیبراهیم دروست بکات؟ خودا پلانی دانا لەڕێگای ئەو نەتەوەیە پێغەمبەران هەڵسێنێتەوە کەوا نووسراوە پیرۆزەکان دەنووسنەوە و لە هەمان ئەو نەتەوەیە خودا پلانی دانا ڕزگاری دەرەکە بنێرێتە جیهانەوە. بۆیە خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دا و فەرمووی، (بەرەکەتدارت دەکەم... هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بەهۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.)

ئایا خودا بەڵێنەکەی جێ بە جێ کرد بۆ ئیبراهیم؟ بەڵێ جێ بە جێی کرد! کە ئیبراهیم تەمەنی سەد ساڵ بوو و سارای خێزانی تەمەنی نەوەت ساڵ بوو، خودا کوڕێکی پێیان دا بە ناوی ئیسحاق، هەر وەك بەڵێنی دا. ئیسحاقیش کوڕێکی هەبوو بە ناوی یاقوب، ئەوەی دوازدە کوڕەکەی هەبوو و گەلی ئیسرائیلیان پێك هێنا. ئەوانەی نووسراوە پیرۆزەکان دەناسن دەزانن کە لە ڕێگای نەتەوەی ئیسرائیل بوو ڕزگاری دەرەکە هات چونکە مەریەم (دایکی عیسا) و یوسف (باوکی بەتەبەنای عیسا) هەردوکیان نەوەی ئیبراهیم بوون. بۆیە، یەکەم ئایەت لە ئینجیل دەفەرموێ: ڕەچەڵەکی عیسای مە سیح، کوڕی داود کوڕی ئیبراهیم. (مەتا ١:١) سەبارەت بە

نەسەبی زەمینی – عیسای مەسیح لە نەوەی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوبە. بەڵام سەبارەت بە ڕۆحی پیرۆزی – کوڕی بااڵدەستترینە، خودی ووشەی خودایە کەوا لە ئاسمانەوە هات تاکو لەسەر زەوی لەدایك ببێت.

بەڵام با بگەڕێنەوە چیرۆکی ئیبراهیم، لەبەر ئەوەی شتێکی تر گرنگ هەیە لەبیرمان بێت دەربارەی ئەو. بینیمان کە ئیبراهیم لەناو گوناهدا لەدایك بوو، وەك هەموو نەوەی ئادەم. بەڵام نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە ئەمڕۆ ئیبراهیم لە بەهەشتە، لە حزووری خودای پیرۆزە کە لەوێ دەمێنێتەوە تاهەتا! ئێستا دەپرسین: ئیبراهیم چی کرد بۆ خودا وا لە هەموو گوناهەکانی خۆش بوو و بە ڕاستودروستی دانا و بەخێرهاتنی کرد بۆ ناو بەهەشت؟ نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ دەربارەی ئەمە؟ دەفەرموێ: جا ئەبرام باوەڕی بە پەروەردگار هێنا، ئەویش ئەمەی بە ڕاستودروستی بۆ دانا. (پەیدابوون ١٥: ٦)

ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا – خودی خودا. ئیبراهیم باوەڕی بەوە هێنا کە خودا پێی فەرموو. بۆیە خودا بە ڕاستودروستی بۆی دانا و بە ڕاستودروست ژماردی. ئایا باوەڕت بە ووشەی خودا هەیە وەك ئەوەی ئیبراهیم باوەڕی هێنا؟ ئێمە ناپرسین ئایا باوەڕت هەیە خودا بوونی هەیە یاخود خودا تاکە. شەیتانیش دەزانێ خودا بوونی هەیە! ئەوەی خودا لێتی دەوێ باوەڕ بە ووشەی بێنێ سەبارەت بە ڕێگای ڕزگاربوون کەوا ڕایگەیاندووە، وەك چۆن ئیبراهیم باوەڕی پێی کرد! ئیبراهیم پێمان فەرموو دەبێت باوەڕ بەچی بێنین. لەبیرتە ئیبراهیم چی ڕاگەیاند لەسەر چیا کە لەو ڕۆژەی بەرخەکەی کردە قوربانی لە شوێنی کوڕەکەی؟ ووتی کە (خودا بۆ خۆی بەرخێک بۆ قوربانیسووتاندنەکە دابین دەکات.) (پەیدابوون ٢٢: ٨) لەپاش ئەوەی بەرخەکەی سەربڕی، ناوی لەو چیایە نا (پەروەردگار دابینی دەکات) (پەیدابوون ٢٢: ١٤) بۆچی ئیبراهیم ناوی لەو چیایە نا (پەروەردگار دابینی دەکات) کە خودا بەرخی قوربانی دابین کردبوو؟ ئیبراهیم، وەك پێغەمبەرێك، ئەوەی ڕادەگەیاند کە بەرو ڕوودان بوو. کاتێ ئیبراهیم فەرمووی، (خوداوەند دابینی دەکات.) پێشبینی ئەوەی دەکرد کە لەسەر ئەو چیایە ڕوودەدات لەو شوێنەی بەرخەکە شوێنی کوڕەکەی گرتەوە لەسەر قوربانگاکە. تەماشای ئەو ڕۆژەی دەکرد کەوا ڕزگاری دەرەکە خوێنی خۆی دەڕێژێ لەسەر هەمان چیا بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانە ڕزگار بکات کە باوەڕی پێ دەکەن لە دادوەری ڕاستودروستی خودا.

لە دیراسەتمان لە ئینجیل، بینیمان کە عیسای مەسیحی هاتە جیهانەوە لەپاش نزیکەی دوو هەزار ساڵ لە کاتی ئیبراهیمەوە تاکو پێشبینیەکەی ئیبراهیم جێ بە جێ بکات. بەڵێ، لە دەرەوەی ئۆرشەلیم لەسەر ئەو چیایەی ئیبراهیم بەرخەکەی کردە قوربانی لە شوێنی کوڕەکەی خۆی، لەوێ عیسا ڕزگاری دەر خوێنی خۆی ڕشت بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات. لەبەر ئەوە، لەپاش ئەوەی عیسایان لە خاچ دا و پێش ئەوەی بمرێ، گوێمان لێ بوو بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و فەرمووی، (تەواو بوو!) ووشەی تەواو بوو بەمانای تەواو کرا دێت. بۆچی عیسا دەفەرموێ (تەواو کرا!)؟ وای فەرموو لەبەر ئەوەی مردنی ئەو لەسەر خاچەکە پلانی ڕزگارکردنی تەواو کرد، کەوا خودا ڕایگەیاند زۆر لەوە پێش لەسەر زاری پێغەمبەرانی. مردنی عیسا هێمای قوربانی ئیبراهیم و هەموو قوربانی ئاژەڵی تەواو کرد و جێ بە جێی کرد!

باوەڕت بەوە هەیە کە عیسای مەسیح خۆی بەرخی تەواوترین و دوایەمین قوربانییە کەوا خودا لە ئاسمانەوە ناردی؟ ئایا باوەڕی وەك باوەڕی ئیبراهیمت هەیە؟ بخوێنەوە ئینجیل چی دەفەرموێ سەبارەت بە باوەڕی ئیبراهیم:

(ڕۆما ٤) [١] ئیتر چی بڵێین، ئیبراهیمی باوکمان بەگوێرەی جەستە چی پەیداکرد؟ [٢] چونکە ئەگەر ئیبراهیم بە کردار بێتاوان بووایە شانازی دەکرد، بەڵام نەک لەلای خودا. [٣] چونکە نووسراوەکە چی دەفەرموێ؟ {ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا.}... [٢٢] لەبەر ئەمە {بە ڕاستودروستی بۆی دانرا.} [٢٣] ئەوەی نووسراوە: {بۆی دانرا} تەنها لە پێناوی ئەو نەبوو، [٢٤] بەڵکو لە پێناوی ئێمەشە، جا بۆمان بە ڕاستودروستی دادەنرێت، کە باوەڕمان هەیە بەوەی عیسای خوداوەندمانی لەنێو مردووان هەڵستاندەوە. [٢٥] ئەوەی لە پێناوی گوناهەکانمان بە گرتن درا و لە پێناوی بێتاوانکردنمان هەڵستێندرایەوە. ئامین!

با خوداش بەرەکەتدارت بکات و تێگەیشتنێکی ڕوونت بداتێ لەوەی نووسراوی پیرۆز ڕایدەگەیێنێ کە دەفەرموێ: ئیبراهیم باوەڕی بە

خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا. (ڕۆما ٤: ٣)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئەم ڕزگاری دەرە کێیە کە خودا بەڵێنی دا؟

٢. بۆچی خودا فەرمانی بە ئیبراهیم دا برواتە خاکێکی تر؟

٣. بۆچی خودا ویستی نەتەوەیەکی نوێ لە ئیبراهیم دروست بکات؟

٤. ئایا خودا بەڵێنەکەی جێ بە جێ کرد بۆ ئیبراهیم؟

٥. ئیبراهیم چی کرد بۆ خودا وا لە هەموو گوناهەکانی خۆش بوو و بە ڕاستودروستی دانا و بەخێرهاتنی کرد بۆ ناو بەهەشت؟ نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ دەربارەی ئەمە؟

٦. ئایا باوەڕت بە ووشەی خودا هەیە وەك ئەوەی ئیبراهیم باوەڕی هێنا؟

٧. لەبیرتە ئیبراهیم چی ڕاگەیاند لەسەر چیا کە لەو ڕۆژەی بەرخەکەی کردە قوربانی لەباتی کوڕەکەی؟

٨. بۆچی ئیبراهیم ناوی لەو چیایە نا (پەروەردگار دابینی دەکات) کە خودا بەرخی قوربانی دابین کردبوو؟

٩. بۆچی عیسا دەفەرموێ (تەواو کرا!)؟

١٠. باوەڕت بەوە هەیە کە عیسای مەسیح خۆی بەرخی تەواوترین و دوایەمین قوربانییە کەوا خودا لە ئاسمانەوە ناردی؟

وانەی ٩٥: چاوپێداخشانەوە ٣ موسا: یاسای پارسای خودا

دەرچوون ١–٢٠

ئێستا پلانمان وایە بەردەوام بین لە چاوپێداخشانەوەمان لە پەیامی پێغەمبەران، موژدەی خۆش کەوا پێمان نیشان دەدات چۆن گوناهباران دەتوانن ببن بە ڕاستودروست بەرامبەر خودا. هێشتا چاو بە تەورات دەخشێنین، ئەو پەرتوکەی خودا لە بیری پێغەمبەر موسای چەسپاند. وەك بینیمان، تەوراتی موسا زۆر بە بەهایە بۆ هەموو ئەو کەسانەی حەز دەکەن ڕاستی بزانن، چونکە ئەو بنەمایەیە کە خودا دایمەزراند تاکو بتوانین لە هەموو شتێك پاڵپشتی بکەینەوە کە گوێمان لێ دەبێ ئایا لە خوداوەیە یان نا.

لەسەرەتای تەورات، بینیمان چۆن باپیرەگەورەمان ئادەم گوناهی ئەنجام دا. گوناهەکەی بۆ هەموو نەوەکانی بلاّوبووەوە وەك نەخۆشییەکی درم، بووە مایەی مەینەتی و مردن و سزای تاهەتایی، هەر وەك پەروەردگار خودا پێشتر ئاگادرای کردبووەوە. بەلاّم سوپاسی خودا دەکەین چونکە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: لەکوێ گوناە زۆر بوو، نیعمەت زۆر زیاتر بوو. (ڕۆما ٥: ٢٠) بەڵێ، لە هەمان ڕۆژی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، خودا نیعمەتی خۆی ڕایگەیاند کەوا ڕۆژێك ڕزگاری دەرێك دەنێرێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لەو نەفرەتی گوناە هێنای.

لە وانەی چاوپێداخشانەوەمان، بینیمان خودا بانگی ئیبراهیمی کرد و بەڵێنی پێ دا بیکات بە نەتەوەیەکی نوێ کەوا پێغەمبەران و ڕزگاری دەرەکەی لێوە هەڵسێ. بۆیە ئیبراهیم کوڕێکی بوو، ئیسحاق، ئەویش کوڕێکی بوو بە ناوی یاقوب، ئەویش دوازدە کوڕی بوو کەوا دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیلیان پێك هێنا.

ئێستاش با بەردەوام بین لە چاو خشانەوەکەمان بۆ ئەوەی ببینین چۆن خودا نەوەکانی ئیبراهیم، گەلی ئیسرائیلی بەکار هێنا بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی فێر بکەن پەروەردگار خودا چۆنە و گوناهباران چ ڕێگایەك بگرنە بەر بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لە دادوەری ڕاستودروستی خودا. وانەی ئەمڕۆمان بەناوی (یاسای پارسای خودا)یە.

لە دیراسەتمان لە تەورات، بینیمان خودا وای کرد گەلی ئیسرائیل ببن بە بەندە لەخاکی میسر بۆ ماوەی چوار سەد ساڵ، وەك ئەوەی بە ئیبراهیمی ڕاگەیاندبوو زۆر لەوە پێش. کاتێ کە کاتی دیاری کراوی خودا هات، موسای بۆ گەلی ئیسرائیل نارد. موسا پیاوێکی ئیسرائیلی بوو کەوا لەناو ماڵی فیرعەون گەورە بووبوو، پاشای خراپەکاری میسر.

خودا موسای بۆلای فیرعەون نارد بۆ ئەوەی پێی بڵێ، (پەروەردگار خودا دەفەرموێ: (واز لە گەلەکەم بێنە با بڕۆن بۆ ئەوەی بمپەرستن!)) بەلاّم فیرعەون گاڵتەی پێ کرد و ووتی، (پەروەردگار کێیە؟ هەرگیز نایەڵم گەلی ئیسرائیل بڕوات!) بۆیە، خودا هێز و شکۆمەندی خۆی ناساند بە فیرعەون و میسرییەکان بە نۆ پەتای ترسناك کەوا بەسەر خەڵکی ئەو خاکە هات جگە لەگەلی ئیسرائیل. بەلاّم، ئەو نیشانە و موعجیزانەی خودا ئەنجامی دا لەپێش فیرعەون وای نەکرد تۆبە بکات و گوێڕایەڵی ووشەی موسا بێت. خودا بە موسای فەرموو، (پەتایەکی تر بەسەر فیرعەون و میسر دێنم. لەپاش ئەوە، ڕێگاتان پێ دەدات!) لە بیرتانە ئەو پەتایە چی بوو؟ بەڵێ، مردنی نۆبەرە کوڕەکانی هەموو ماڵێك بوو.

بەو شێوەیە بینیمان خودا هەموو نۆبەرەیەکی ماڵی فیرعەون و هەموو ماڵەکانی میسریەکانی کوشت. بەلاّم نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد، لەبەر خوێنی بەرخەکە کەوا ئەوان لە گوێڕایەڵی فەرمانەکەی خودا بوون و چوارچێوەی دەرگای ماڵەکانیان پێ ساوی. خودا خۆی بەڵێنی دا: (خوێنەکەش بۆتان دەبێت بە نیشانە لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوە تێیدان، کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم، ئیتر لێدانی لەناوچوون ئێوە ناگرێتەوە.) (دەرچوون ١٢: ١٣) بۆیە، لەبەر خوێنی بەرخەکە خودا بەسەر ئەو خانووەکانی ئیسرائیل تێپەڕی و نۆبەرەکانیانی نەکوشت. خودا بەم شێوەیە گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد لە دەستی فیرعەون.

وەك بینیمان، چیرۆکی ڕۆژی پەسخە مانایەکی قوڵتری هەیە لە ڕزگارکردنی گەلی ئیسرائیل لە دەسەڵاتی فیرعەون. لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: جا ئەم شتانەیان وەک پەند بەسەرهات، بۆ ئاگاداری ئێمەش نووسراوە، کە کۆتایی ڕۆژگار بۆمان هاتووە

(١ کۆرنسۆس ١٠: ١١) چیرۆکی خوێنی بەرخەکە کەوا گەلی ئیسرائیل بە چوارچێوەی دەرگای خانووەکانیان ساوی تاکو خودا نۆبەرەکانیان بهێڵێتەوە و نەمرن و ڕزگاریان بکات لە فیرعەون نیشاندەرە. نیشاندەری ڕێگای ڕزگاربوونە لەلایەن خوداوە دامەزراوە تاکو گوناهباران ڕزگار بکات لە شەیتان، ئەو نەخشەکێشەی کە زۆر خراپترە لە فیرعەون.

ووشەی خودا پێمان نیشان دەدات کە هەموو نەوەکانی ئادەم وەک کۆیلە وان. ڕەنگە هەندێکتان بیر بکەنەوە، (بەڵێ، دەزانین کە کۆیلەی خوداین!) بەڵام ئەو بیرە ناگونجێ لەگەڵ ئەوەی پەروەردگار عیسا ڕایگەیاند لە ئینجیل و فەرمووی، (ڕاستی ڕاستیتان پێ دە ڵێم، هەر کەسێک گوناە بکات کۆیلەی گوناهە.) (یۆحەنا ٨: ٣٤) لەبەر ئەوەی هەموو نەوەکانی ئادەم کۆیلەی گوناهن، هەروەها کۆیلەی شەیتانن لەبەر ئەوەی شەیتان گەورەی گوناهە. ئەوەی بێ گومانە ئەوەیە هەر کەسێك کۆیلەی شەیتان بێت هیچ

ڕێگایەکی نییە خۆی ڕزگار بکات! ئایا کۆیلەیەك دەتوانێ خۆی ڕزگار بکات؟ ئایا دەتوانێ شتێك بداتە گەورەکەی تاکو ئازادی بکات؟ ڕەنگە ئەوە لەگەڵ گەورەیەکی باش کار بکات، بەڵام لەگەڵ گەورەیەکی وەك شەیتان کار ناکات. وەك فیرعەون، شەیتان هەرگیز ڕێگا نادات کۆیلەکانی ئازاد بن! هەرگیز! ئای چۆن ئێمەی نەوەکانی ئادەم نەفرەت لێ کراوین! کەس هەیە ڕزگارمان بکات لە دەسەڵاتی شەیتان کە کردوومانی بە کۆیلەی خۆی؟ بەڵێ، ستایش بۆ خودا، ڕزگاری دەرێك هەیە! خودا یەکێکی بۆمان ناردووە کە دەتوانێ ڕزگارمان بکات! ئەو کەسە ڕزگاری دەری بەهێز و ڕاستودروستە، عیسای مەسیح، کەوا لە ئاسمانەوە هات، ئەوەی کە هەموو پێغەمبەرانی خودا گەواهی بۆ دەدەن.

لە تەورات، خوێندمانەوە چۆن خودا بەڵێنی دا سەری شەیتان پان بکاتەوە لە ڕێگای ڕزگاری دەرە پیرۆزەکەوە کەوا لە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت. لە زەبوورەکان، خوێندمانەوە پێغەمبەر داود چۆن نووسی کە ئەم ڕزگاری دەرە، ئەوەی خودا پێی دەڵێ کوڕی خۆی، دەخرێتە بەر مردنەوە بە شێوەیەکی سامناك — کەوا ئەشکەنجە دەدرێت و دەست و پێی کون دەکرێت! لە ئینجیل زۆرمان خوێندەوە دەربارەی ئەم ڕزگاری دەرە سەرسوڕهێنەرە. ئەو عیسای کوڕی مەریەمە، ئەوەی ژیانێکی تەواو ژیا و پاشان مرد لەسەر خاچەکە لەپێناو گوناهەکانمان و دووبارە لە گۆڕەوە هەڵسایەوە. بەڵێ، عیسا ئەو کەسەیە کە نووسینەکانی پێغەمبەرانی خودای هێنایە دی کەوا زۆر لەوە پێش دەربارەی ڕزگاری دەری گوناهباران نووسیبویان.

ووشەی خودا بە عیسای مەسیح دەڵێت (بەرخی خودا). وەك ئەو بەرخانەی لە ڕۆژی پەسخە سەردەبڕدرێن — عیسا خوێنی خۆی ڕشت تاکو ڕزگارمان بکات لە دادوەری. نزیکە هەزار و پێنج سەد ساڵ لەپاش ئەوەی خودا گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد بە خوێنی بەرخێك لە یەکەم پەسخەدا، خودا ڕێگای دا نەوەکانی ئادەم عیسا لە خاچ بدەن، مەسیحی ڕاستودروست. لە ڕۆژی جەژنی پەسخە بوو کە لە خاچ درا. بۆیە، وەك چۆن عیسا هێمایەکەی قوربانیەکی ئیبراهیمی هێنایە دی، بە هەمان شێوە، عیسا هێمای بەرخی پەسخەی هێنایە دی. ئەو خەڵکەی لە خاچیان دا لەو ڕۆژە لە نەزانیدا بوون، بەڵام خودا پلانی بۆ قوربانی مەسیح دانابوو پێش ئەوەی جیهان دروست بکات. (تەماشای ئاشکراکردنی عیسای مەسیح ١٣: ٨ و کرداری نێردراوان ٣: ١٧ بکە)

عیسا تەواوترین و دوایەمین قوربانییە بۆ گوناە. خوێنی عیسای مەسیح ئەو سزایە شەرعییەیە کە خودا داوای دەکرد بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە دەسەڵاتی گوناە. بە هەمان شێوە نووسراوە پیرۆزەکان ڕادەگەێنێ: مەسیحی قوربانی پەسخەمان سەربڕدرا. (١ کۆرنسۆس ٥: ٧) واتا، بۆ ئێمە سەربڕدرا. چونکە کاتێ هێشتا لاواز بووین، مەسیح لە کاتی دیاریکراودا لە پێناو خوانەناسان مرد. لەبەر ئەوەی بە دەگمەن کەسێک لە پێناوی مرۆڤێکی ڕاستودروست دەمرێت، لەوانەیە لە پێناوی مرۆڤێکی باش کەسێک بوێرێت بمرێت. بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ سەلماندین: هێشتا گوناهبار بووین مەسیح لە پێناومانداا مرد! (ڕۆما ٥: ٦–٨)

با چیرۆکی پەسخە بەجێ بێڵین و با لە بیرمان بێت چی فێربووین سەبارەت بە یاسای پارسا کەوا خودا بەخشی بە گەلی ئیسرائیل. لە توێژینەوەکەمان لە تەورات بینیمان کە خودا پیرۆزی و شکۆمەندی خۆی بۆ موسا و گەلی ئیسرائیل ئاشکرا کرد لە دەشت و کێودا، دابەزیە سەر چیای سینا لەناو ئاگر و هەورە تریشقە و بروسك. بەو شێوەیە خودا دە ڕاسپاردەکەی خۆی و چەن ڕاسپاردەی تریشی

بەخشی بە گەلی ئیسرائیل کەوا پێی دەوترێ (یاسای موسا). خودا فەرمانی پێیان دا و فەرمووی: (دەبێت پەروەردگار خوداتان پڕ بە دڵتان و گیانتان و بیرتان خۆشتان بوی. نابێت هیچ خودایەکی ترتان هەبێت بەرامبەرم! نابێت بت بۆخۆتان دروست بکەن! نابێت ناوی پەروەردگار خوداتان بۆ کاری خراپە بەکار بێنن! یادی ڕۆژی شەممە بکەن و پیرۆزی بکەن! دەبێت دراوسێیەکەت وەک خۆتان خۆش بوێت: ڕێزی دایک و باوکتان بگرن! نەکوژن! داوێن پیسی مەکەن! مەدزن! بەدرۆ شایەتی مەدەن لە دژی دراوسێیەکەت! چاومەبڕە مالّی دراوسێیەکەت!) خودا ئەم ووشانەی خستە سەر ئەو ڕاسپاردە پیرۆزانە: (ئەوەی هەموو شەریعەت بپارێزێت و ساتمە لەیەکێکیان بکات، ئەوا لە هەموویدا تاوانبارە!) (یاقوب ٢: ١٠) (هەر کەسێک لە هەموو نووسراوی سیپارەکانی تەورات نەچەسپێت بۆ پەیڕەوکردن، نەفرەت لێکراوە!) (گەلاتیا ٣: ١٠) ئەمە ئەوەیە کە ئەو یاسا پارسایەی خودا بە موسای بەخشی ڕایدەگەیەنێ!

ئایا ئەم یاسا پارسایەی خودات پاراستووە کەوا داوای ئەوە دەکات کە بەتەواوی کامڵ بێت لە بیر و ووشە و کردەوە — لە ڕۆژی لەدایک بوونتەوە تا ڕۆژی مردنت؟ هەموو ڕۆژێک و هەموو کاتژمێرێک، شەو و ڕۆژ، دەبێت پەروەردگار خودات پڕ بەدڵ خۆش بوێت، پڕ بە گیانت و پڕ بە بیرت. هەروەها دەبێت دراوسێکەت وەک خۆت خۆش بوێت! ئایا ئەم یاسا پیرۆزەت جێ بە جێ کردووە؟ من و تۆ دەزانین کە جێ بە جێمان نەکردووە! نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: کەس بێتاوان نییە، تەنانەت یەکێکیش! (ڕۆما ٣: ١٠) ئەگەر بڵێین گوناهمان نییە، ئەوا خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین و ڕاستی لە ئێمەدا نییە. (١ یۆحەنا ١: ٨) کەسمان هەرگیز هەموو شتێکمان جێ بە جێ نەکردووە کە خودا داوای دەکات، لەبەر ئەوەی هەموومان لە سرووشتێکی گوناهبارەوە لەدایک بووین.

ڕەنگە هەندێ کەس بپرسن: ئەگەر کەسمان نەتوانین یاسای موسا جێ بە جێ بکەین، ئەی بۆچی خودا پێمانی بەخشی؟ ئایا خودا دەیەوێ هەموومان لەناوبچین؟ نەخێر. خودا خۆشەویستیە، نایەوێ کەس لەناو بچێ! ئەی باشە، بۆچی خودا ڕاسپاردە پیرۆزەکانی بەخشی بە گوناهباران، لەکاتێکدا بەتەواوی دەیزانی کەس ناتوانێ بیانپارێزێ؟ مەبەست لەو ڕاسپاردانە چیە؟ خودا وەڵامی ئەو پرسیارە داوەتەوە کاتێ دەفەرموێ: بە کرداری شەریعەت کەس لەلای بێتاوان نابێت، بەڵکو گوناە بەهۆی شەریعەت دەناسرێت. (ڕۆما ٣: ٢٠) بەڵام نووسراوەکە هەمووی کردۆتە بەندی گوناە، تاکو ئەو بەڵێنەی بە هۆی باوەڕ دراوە لە عیسای مەسیح، بدرێتە ئە وانەی باوەڕ دەهێنن. (گەلاتیا ٣: ٢٢)

بۆیە بۆمان بە دەردەکەوێ کە خودا ڕاسپاردە پیرۆزەکانی بەخشی بە گوناهباران، بۆ ئەوەی ناتەواویمان بەرامبەری پشان بدات و پێویستیمان بۆ عیسای مەسیح نیشان بدات ئەوی لەباتی ئێمە ئەو نەفرەتیەی گوناە هێنای کێشای. لەنێوان مرۆڤدا، پەروەردگار عیسای مەسیح تاکە کەسە کەوا یاسای پیرۆزی پاراست کەوا خودا بە موسای بەخشی. وەک بینیمان، عیسا زۆر جیاواز بوو لە نەوەکانی ئادەم، لەبەر ئەوەی سرووشتی گوناهباری نەبوو. عیسا ووشەی تاهەتایی خودایە کەوا لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە بۆ ئەوەی لە پاکیزەیەک لەدایک بێت. عیسا جەستەیەکی وەک ئێمەی لە خۆگرت، بەڵام سرووشتی خراپەکاری ئێمەی لە خۆنەگرت. لەبەر ئەوە کاتێ لەسەر زەوی بوو، دەیتوانێ بفەرموێ: (وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان پێغەمبەران پووچەڵ بکەمەوە، نەهاتووم بۆ پووچەڵ کردنەوە، بەڵکو بۆ تەواو کردن.) (مەتا ٥: ١٧) زانیت عیسا چی فەرموو؟ ئەوە ڕاستییەکی قوڵ و سەرسوڕهێنەرە. عیسا فەرمووی کە هاتۆتە جیهانەوە بۆ تەواو کردنی یاسای پارسا کەوا خودا بە موسای بەخشی! دەزانی ئەوە مانای چیە؟ عیسا شتێکی بۆمان کرد کەوا ئێمەی نەوەکانی ئادەم هەرگیز نەماندەتوانێ بۆ خۆمانی بکەین! یاسای پارسای خودای جێ بە جێ کرد و لەپاش ئەوە، خوێنی خۆی ڕشت لەسەر خاچەکە بۆ ئەوەی ئەو نەفرەتەی یاساکە لە شوێنی ئێمە بچێژێ و ڕزگارمان بکات لە دادوەری ڕاستودروستی خودا!

عیسا شایەنی ئەوە نەبوو بمرێ لەبەر ئەوەی هەرگیز گوناهی ئەنجام نەدابوو. بەڵام، بۆ ئەوەی پلانی ڕزگاربوونی تەواو بکات کەوا خودا بەڵێنی دابوو لەسەر زاری پێغەمبەرانیەوە، پەروەردگار عیسا و بە ئیرادەی خۆی ژیانی خۆی بەخشی لەپێناوی ئێمە. لەپاش ئەوەی خوێنی خۆی ڕشت بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانمان بداتەوە، خودا هەڵیسانەوە لە مردن لە ڕۆژی سێیەم دا! بخوێنەوە نووسراوی پیرۆز چی ڕادەگەیەنێ سەبارەت بەمە. دەفەرموێ: تاوانبارکردن بۆ ئەوانە نییە کە لە عیسای مەسیحدان!... چونکە ئەوە ی لە توانای تەورات نەبوو، لەوەی بە جەستە لاواز بوو، خودا ئەنجامی دا کاتێ سەبارەت بەگوناە کوڕەکەی خۆی لە شێوەی جەستە

ی گوناهبار نارد، لە جەستەدا گوناهی تاوانبار کرد. (ڕۆما ٨: ١ و ٣)

هیوای خۆت بەچی هەڵواسیوە؟ ئایا پشت بە موژدەی خۆشی خودا دەبەستی دەربارەی ڕزگاری دەری ڕاستودروست کەوا سزای گوناهەکانی تۆی چێژت؟ یاخود هێشتا پشت بە کردەوە (چاکەکانی) خۆت دەبەستی؟ لەبیرت نەچی ووشەی خودا چی ڕادەگەیەنێ کاتێ دەفەرموێ: هەر کەسێک لە هەموو نووسراوی سیپارەکانی تەورات نەچەسپێت بۆ پەیڕەوکردن، نەفرەت لێکراوە!) مەسیح ئێمە ی لە نەفرەتی شەریعەت کڕییەوە، بەوەی لە پێناوماندا بووە نەفرەت... تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت!) (گەڵاتیا ٣: ١٠، ١٣ و یۆحەنا ٣: ١٦)

لە دیراسەتی داهاتوو چاوخشانەوەکەمان تەواو دەکەین لە نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران و دەبینین چۆن عیسای مەسیح هەموو ئەو شتانەی جێ بە جێ کرد کەوا پێغەمبەران پێشبینیان کرد سەبارەت بەو و بەو شێوەیە دەرگایەکی ڕزگاربوون و ئاشتی کردەوە بۆ نەوەکانی ئادەم! با خودا توانای بینینی ناوەڕۆکی ئەوەی ئەم دیراسەتمان کرد بداتێ و یارمەتیت بدات ئەم بەڵێنەی ووشەیتان بەبیر بێتەوە: تاوانبارکردن بۆ ئەوانە نییە کە لە عیسای مەسیحدان! (ڕۆما ٨: ١)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. خودا بە موسای فەرموو، (پەتایەکی تر بەسەر فیرعەون و میسر دێنم. لەپاش ئەوە، ڕێگاتان پێ دەدات!) لە بیرتانە ئەو پەتایە چی بوو؟

٢. ئایا کۆیلەیەك دەتوانێ خۆی ڕزگار بکات؟

٣. کەس هەیە ڕزگارمان بکات لە دەسەڵاتی شەیتان کەوا کردوومانی بە کۆیلەی خۆی؟

٤. ئایا ئەم یاسا پارسایەی خودات پاراستووە کەوا داوای ئەوە دەکات کە بەتەواوی کامڵ بێت لە بیر و ووشە و کردەوە — لە ڕۆژی لەدایك بوونتەوە تا ڕۆژی مردنت؟

٥. هەروەها دەبێت دراوسێکەت وەك خۆت خۆش بوێت! ئایا ئەم یاسا پیرۆزەت جێ بە جێ کردووە؟

٦. ئایا خودا دەیەوێ هەموومان لەناو بچین؟

٧. بۆچی خودا ڕاسپاردە پیرۆزەکانی بەخشی بەگوناهباران، لەکاتێکدا بەتەواوی دەیزانی کەس ناتوانێ بیانپارێزێ؟ مەبەست لەو ڕاسپاردانە چیە؟

٨. عیسا چی فەرموو؟ دەزانی ئەوە مانای چیە؟

٩. ئایا پشت بە موژدەی خۆشی خودا دەبەستی دەربارەی ڕزگاری دەری ڕاستودروست کەوا سزای گوناهەکانی تۆی چێژت؟ یاخود هێشتا پشت بە کردەوە (چاکەکانی) خۆت دەبەستی؟

وانەی ٩٦: چاوپێداخشانەوە ٤ عیسای مەسیح (تەواو بوو!)

یۆحەنا ١٩ و عیبرانیەکان ١٠

سێ وانەی لەمەو پێش دەستمان کرد بە چاوپێداخشانەوەی پەیامی پێغەمبەرانی خودا. وەك بینیمان، خودا پەرتوکی خۆی دابەشی دوو بەشی گرنگ کردووە، پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ. پەیمانی کۆن یەکەم بەشی پەرتوکی سەرسوڕهێنەری خودایە. پێك هاتووە لە تەورات و زەبوورەکان و نووسینەکانی تری پێغەمبەران. لەم یەکەم بەشەی پەرتوکی خودا بینیمان چۆن ئادەمی باپیرەگەورەمان گوێڕایەڵی خودا نەبوو و بەو شێوەیە هەموو نەوەکانی خۆی بردە ناو شانشینەی شەیتانەوە. بەڵام هەروەها فێربووین کە خودا بەڵێنی دا ڕزگاری دەرێکی بەهێز بنێرێتە خوارەوە بۆ نەوەکانی ئادەم بۆ ئەوەی ئەو کەسانە ڕزگار بکات کە باوەڕ دێنن و بیانگەڕێنێتەوە ناو شانشینی خودا. ئەم بەڵێنە سەرسوڕهێنەرە بەشێکی گرنگ بوو لە پەیمانی کۆن.

بۆ ئەوەی پلانەکەی دەست بەکار بکات و ڕزگاری دەرەکە بنێرێت، خودا بانگی ئیبراهیمی کرد لە تەمەنی پیریدا و پێی فەرموو، (جا دە تکەم بە نەتەوەیەکی مەزن... و هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بەهۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.) (پەیدابوون ١٢: ٢، ٣) بۆیە بینیمان چۆن خودا ئیبراهیمی کرد بە باوکی نەتەوەی ئیسرائیل. بەو نەتەوەیە بوو خودا نووسینەکانی پێغەمبەرانی بەخشی. بۆ ماوەی هەزار و پێنج سەد ساڵ، خودا ووشەی خۆی بۆ گەلی ئیسرائیل نارد، کەوا لە بیری زۆر پیاوانی چەسپاند — لە پێغەمبەر موساوە تا پێغەمبەر یەحیا. لە ڕێگای ئەم پێغەمبەرانەوە خودا دووبارە ناڕاستودروستی نەوەکانی ئادەمی سەلماند و هاتنی ڕزگاری دەری ڕاستودروستی بۆیان ئاشکرا کرد، ئەوەی خۆینی خۆی دەڕێژێ بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانی ئەوان بداتەوە.

وەك بینیمان پەیمانی کۆن کەوا خودا لەگەڵ گوناهباران دایمەزراند، داوای قوربانی ئاژەڵی دەکرد. ڕایدەگەیاند کە، لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت— چونکە کرێی گوناە مردنە! بەڵام قوربانی ئاژەڵ، کەوا خەڵکی دەیانکرد لە یەکەم نەتەوەوە، ناتوانی بەڕاستی سزای گوناە بداتەوە، لەبەر ئەوەی بەهای ئاژەڵ و بەهای مرۆڤ هاوتا نیە. بۆ نموونە، ئەگەر سەیارەیەکی یاریم هەبێ، ئایا دەتوانم بچمە مەعرەز و بە سەیارەیەکی ڕاستی بیگۆڕمەوە، با بڵێن لەگەڵ مارسدیس؟ بێ گومان نەخێر! بۆ نا؟ لەبەر ئەوەی بەهای سەیارە یارییەکەی من هاوتای بەهای سەیارەیەکی ڕاستی نیە! بە هەمان شێوە، قوربانی ئاژەڵ، کەوا خودا داوای دەکرد لە نەتەوەکانی پێشتر، نەیدەتوانی گوناە لابدات، لەبەر ئەوەی بەهای ئاژەڵ و بەهای مرۆڤ یەك نیە. وەك بینیمان، قوربانی ئاژەڵ تەنها هێما بوون — چاوەڕوانی ئەو کاتە بوون کە خودا قوربانی ڕاستەقینە بنێرێتە خوارەوە: ڕزگاری دەری پیرۆز، ئەوەی پەیمانی نوێی هێنا. قوربانی ئاژەڵ تەنها بۆ ماوەیەك گوناە دادەپۆشن، ناتوانن گوناە بەیەکجاری لابەبەن.

بەشی دووەمی پەرتوکی خودا بە ناوی پەیمانی نوێیە یاخود ئینجیل. باسی پەیمان (یاخود ڕێککەوتنمان) بۆ دەکات کەوا خودا لەگەڵ مرۆڤ دایمەزراند لە ڕێگای خوێنی ئەو ڕزگاری دەرەی لە ئاسمانەوە هات. پەرتوکی ئینجیل چیرۆکی عیسای ڕزگاری دەرە، ئەوەی هێمای و نیشانەی قوربانی ئاژەڵی هێنایە دی کاتێ خوێنی خۆی ڕشت لەسەر خاچەکە، تاکو بتوانین لێ خۆش بوونی گوناهەکانمان وەربگرین. بۆچی ڕزگاری دەرەکە دەبوایە لە ئاسمانەوە بێت؟ لەبەر ئەوەی هەموو نەوەکانی ئادەم باری گوناهیان لەخۆ گرتووە. گوناهبارێك ناتوانێ گوناهبارێکی تر ڕزگار بکات. بۆ ڕوونکردنەوە، ئەگەر ئافرەتێك تەشتێك ئاوی لەسەر سەری خۆی دانا بێت، ئایا دەتوانێ تەشتێکی تر بۆ کەسێکی تر هەڵگرێ؟ نەخێر. بە هەمان شێوە، گوناهبار ناتوانی سزای گوناهی کەسێکی تر هەڵگرێ. بەڵام، عیسای مەسیحی ڕزگاری دەر، کەوا خودا ناردیە خوارەوە هیچ باری گوناهی هەڵنەگرتبوو، لەبەر ئەوەی ڕۆحی پاکی کوڕی خودا بوو، ئەو ووشەیەی لەگەڵ خودا بوو لە سەرەتاوە. لە پاکیزەیەك لەدایك بوو. بۆیە، جەستەی وەك ئێمە هەبوو، بەڵام خەسڵەتی خراپەکاری ئێمەی نەبوو. باری گوناهی لەسەر شان نەبوو. لەبەر ئەوە بوو خودا توانی باری گوناهی هەموومان بکاتە سەر شانی. عیسای پیرۆز لەبەر لە سنوور دەرچوونی ئێمە مرد. پاشان سێ ڕۆژ لە دوای ئەوە، لە مردن هەڵسایەوە تاکو ژیانمان نوێ پێ ببەخشێ. مردن و گۆڕ و شەیتان و گوناهی بەزاند!

هەموومان لەناو قوڵایی گوناە لەدایك بووین. هیچ کەس نیە بێتە ڕزگارکردنمان، جگە لە مەسیح کەوا لە سەرەوە هات. ئەگەر متمانەی

خۆتی پێ بکەی، ئەوا لەناو چاڵی گوناه دەتهێنێتە دەرەوە. ئەو لە ئاسمانەوە هات تاکو نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە گوناهەکانیان. ئێستاش گەڕاوەتەوە ئاسمان، بۆ ئەوە شەفاعەت بکات بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان پێی هەیە. نووسراوی پیرۆز ئاوا دەفەرموێ: چونکە خودا یەکە و یەک نێوانگر لەنێوان خودا و مرۆڤ دایە، عیسای مەسیحی مرۆڤ،[٦] ئەوەی وەک قوربانی خۆی بۆ هەمووان بەختکرد! (١ تیمۆساوس ٢: ٥، ٦) چونکە سەرۆک کاهینێکی ئاوا لە ئێمە دەوەشێتەوە، پیرۆز و بێ گلەیی و بێ گلاوی، لە گوناهباران جیاکرایەوە...دوای ئەوەی پاکسازی بۆ گوناه کرد لە دەستەڕاستی گەورەیی دانیشت لە بەرزاییدا! (عیبرانیەکان ٧: ٢٦ ، ١: ٣)

وەک بینیمان لە ئینجیل، کاتێ کە عیسای مەسیح لەسەر زەوی بوو، هەندێ کەس باوەڕیان پێی هێنا. ئەوانەی زانیان عیسا کێیە خۆش حاڵ بوون زۆر. زانیان کە بۆ هەزاران ساڵ پێغەمبەرانی خودا خەریکی ڕاگەیاندنی هاتنی مەسیح بوون، ئێستاش دەبینن بە چاوی خۆیان! لەنێوان قوتابییەکانی عیسا، خوێندین ئەوانەی بە دوای خزم و برادەرەکانیان دەگەڕان و پێیان دەوتن، مەسیامان دۆزییەوە!...ئەوەی کە موسا لە تەورات و پێغەمبەرانیش لە سیپارەکانیان لەسەریان نووسیوە! (یۆحەنا ١: ٤١، ٤٥)

بەداخەوە، زۆربەی ئەو کەسانەی لەکاتی عیسا دەژیان نەیانزانی بەراستی کێیە. بەو شێوەیە، نووسراوی پیرۆز ڕایدەگەێنێ: ئەو لە سەرەتاوە لەلای خودا بوو... وشەکەش بووە جەستە و لە ناومانْدا نیشتەجێ بوو... ڕووناکییەکەش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە و تاریکییەکە تێی‌نەگەیشت...ئەو لە جیهان‌دا بوو، جیهانیش بەو بەدی هات، کەچی جیهان نەیناسی.[١١] بۆ لای ئەوانەی خۆی هات، ئەوانەی خۆی پێشوازییان لێی نەکرد! (یۆحەنا ١: ٢، ١٤، ٥، ١٠، ١١)

وەک بینیمان زۆر کەس ئەو نیشانە و موعجیزانەیان بینی کەوا مەسیح کردی. عیسا بەسەر نەخۆشی و زیان و ڕۆحی پیس و گوناه و مردندا زاڵ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی خەڵک نەیانزانی عیسا کێیە لەبەر ئەوەی شەیتان بیریانی کوێر کرد. خەڵکەکە دەستیان لێ دەدا بەڵام بەڕاستی ئەویان نەدەناسی! وەک پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرەکان دایاندەنا، بەڵام باوەڕیان بەوە نەبوو کەوا پڕی خودا لەناو ئەودا نیشتەجێ بوو.

سەبارەت بەڕابەرە ئایینیەکانی جولەکە، بینیمان کە عیسایان ڕەت کردەوە. زۆر زۆر حەسودیان پێ دەهات و لە کۆتاییشدا کوشتیان بە کونکردنی دست و پێی و لە خاچ دانی! بەڵام خودا ئاوا پلانی دانا بوو لەسەرەتاوە، مردنی مەسیح لەسەر خاچەکە بەگوێرەی پلانە پیرۆزەکەی بوو کەوا ڕایگەیاندبوو زۆر لەوە پێش لەسەر زاری پێغەمبەرانیەوە. لەبەر ئەوە، لەو شەوەی کاهینەکانی عیسایان دەستگیر کرد بۆ ئەوەی بیکوژن، عیسا بە پەترۆسی فەرموو ئەوەی ویستی بیپارێزی، (ئایا وا دەزانیت ناتوانم بانگی باوکم بکەم و زیاتر لە دوازدە لەشکر فریشتەم بۆ بنێرێت؟ بەڵام ئیتر چۆن نووسراوەکان دێنە دی، کە دەڵێن بەو شێوەیە پێویستە ڕووبدات؟) (مەتا ٢٦: ٥٣، ٥٤)

عیسا دەیزانی بۆچی هاتۆتە سەر زەوی. ئەو هاتبوو بۆ ئەوەی ژیانی بەخت بکات، بۆ ئەوەی خوێنی خۆی بڕێژێ بۆ گوناهباران، هەروەك ئەوەی پێغەمبەران ڕایانگەیاند زۆر لەمەو پێش. عیسا هات تاکو بەرخی قوربانییەکەی ئیبراهیم و هەموو قوربانی ئاژەڵەکان نیشانیان دەدا لەودا جێ بە جێ ببێت. لەبیرتە دوایەمین شت چی بوو کەوا عیسا فەرمووی لەسەر خاچەکە پێش ئەوەی ڕۆحی تەسلیم بکات بە خودا؟ بەڵێ، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ کە عیسا بە دەنگێکی بەرزەوە هاواری کرد و فەرمووی، (تەواو بوو!) و مرد. کە مرد، پەردەی شوێنە پیرۆزەکەی پەرستگاکە درا و بوو بەدوو پارچە لە سەرەوە تا خوارەوە. (یۆحەنا ١٩: ٣٠ و مارقۆس ١٥: ٣٧، ٣٨) بۆچی عیسا هاواری کرد و فەرمووی، (تەواو بوو!)؟ بۆچی پەردەی پەرستگاکە درا بۆ دوو پارچە، کەوا پەردە پیرۆزترین شوێن بوو، لەو شوێنەی خوێنی قوربانی ئاژەڵیان دەپرژاند بۆ ئەوەی گوناه داپۆشێ؟ خودا ئەو پەردەیەی کردە دوو پارچە و عیساش ڕایگەیاند، (تەواو بوو!) بۆ ئەوەی هەموو کەس بزانێ کە بە خوێنی عیسایە خودا لە گوناهی نەوەکانی ئادەم خۆش دەبێ و مافیان دەداتێ لە حزووری پیرۆزی خودا نیشتەجێ بن تاهەتا!

بەمردنی، پەروەردگار عیسای مەسیح ووشەکانی پێغەمبەران و هێمای نیشاندەری قوربانی ئاژەڵی هێنایە دی. وەک بینیمان،

هەڵسانەوەی لە ڕۆژی سێیەمدا بەڵگەیەکی ڕوون بوو کە خودا قوربانییەکەی قەبوڵ کرد وەک سزای تەواوی گوناه تاهەتا! عیسای مەسیح تەواوترین قوربانییە کەوا خودا بە خەڵکی جیهانی بەخشی، بۆ ئەوەی هەر کەسێك باوەڕی پێ بکات لەناونەچێ، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت!

ئێستاش بۆ ئەوەی چاوپێداخشانەوەکەمان تەواو بکەین لە پەیامی پێغەمبەران، داواتتان دەکەین بۆ خوێندنەوەی چەن ئایەتێکی بنچینەیی و سەرسوڕهێنەری کتێبی پیرۆزی خودا سەبارەت بە قوربانی تەواو و کۆتایی، کەوا عیسای مەسیح دای کاتێ خوێنی خۆی ڕشت لەسەر خاچەکە بۆ سزا دانەوەی گوناه. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (عیبرانیەکان ١٠) [١] تەورات تەنها سێبەری شتە باشەکانی داهاتووە، نەک وێنەی تەواوی ڕاستییەکان. لەبەر ئەوەی بەردەوام بە هەمان قوربانییەکانی ساڵانە پێشکەش دەکرێتەوە، هەرگیز ناتوانێ ئەوانە تەواو بکات کە بۆ پەرستن نزیک دەبنەوە. [٢] ئەگینا، ئایا لە پێشکەشکردن نەدەوەستان؟ چونکە ئەگەر خواپەرستان تەنها جارێک پاکبوونەوە، ئیتر ویژدانی گوناهیان نامێنێتەوە. [٣] بەڵام لەو قوربانییانەدا ساڵانە یادەوەری گوناه دەکرێتەوە. [٤] چونکە مەحاڵە خوێنی گا و بزن گوناه لابەرێت.

[٥] لەبەر ئەوە کاتێ مەسیح هاتە ناو جیهان فەرمووی: {قوربانی و پێشکەشکراوت نەویست، بەڵکو لەشێکت بۆ ئامادە کردم. [٦] بە قوربانی سووتاندن و قوربانی گوناه دڵخۆش نەبووی. [٧] ئینجا وتم: (ئەوەتا هاتم - وەک لە سیپارەی پێچراو لەسەرم نووسراوە - تاکو بەخواستی تۆ کار بکەم، ئەی خودا.)}... [٩] ئینجا فەرمووی: {ئەوەتا هاتم تاکو بە خواستی تۆ کار بکەم.} یەکەم لادەبات، تاکو دووەم دابنێ. [١٠] بەم خواستە بە جارێک بەهۆی پێشکەشکردنی لەشی عیسای مەسیح پیرۆز بووین. [١١] هەر کاهینێک هەموو ڕۆژێک ڕادەوەستێت و خزمەت دەکات چەندین جار هەمان قوربانی دەکاتەوە، کە هەرگیز ناتوانێت گوناه لابەرێت. [١٢] بەڵام ئەم کاهینە کاتێ قوربانییەکی کرد لە جیاتی گوناه بۆ هەموو کاتێک، ئینجا لە دەستەڕاستی خوداش دانیشت، [١٣] لەو کاتەوە چاوەڕوانە، تاکو دوژمنانی بخرێنە تەختەپێی. [١٤] چونکە بە یەک قوربانی، پیرۆزکراوانی بۆ هەردەم تەواو کرد. [١٥] ڕۆحی پیرۆزیش شایەتیمان بۆ دەدات، چونکە دوای ئەوەی فەرمووی: [١٦] {ئەمە ئەو پەیمانەیە کە لەگەڵیان دەیبەستم، دوای ئەو ڕۆژانە خوداوەند دەفەرموێ: (فێرکردنەکانم دەخەمە ناو دڵیان، [١٧] دوایی دەفەرموێ: {هەرگیز یادی گوناهەکان و سەرپێچیەکەیان ناکەمەوە.} [١٨] لەکوێ لێخۆشبوونی ئەمانە هەبێت، ئیتر قوربانی بۆ گوناه نابێت.

[١٩] بۆیە برایان، لەبەر ئەوەی متمانەمان هەیە بۆ چوونە ناو شوێنی هەرەپیرۆز بە خوێنی عیسا، [٢٠] بە ڕێگایەکی نوێ و زیندوو لە ناو پەردەدا بۆمانی کردەوە، واتا جەستەی خۆی، [٢١] هەروەها لەبەر ئەوەی کاهینێکی بەرزمان هەیە بەسەر ماڵی خوداوە، [٢٢] با بە دڵێکی ڕاست بە متمانەی تەواوی باوەڕ بچینە پێش خودا کە دڵمان پرژێندراو بێت تاکو لە ویژدانی خراپ پاک بێتەوە و لەشمان بە ئاوێکی پاک شۆردرا بێت. [٢٣] با بێ ڕاڕایی دەست بگرین بە دانپیانانی هیوامان، چونکە ئەوەی بەڵێنی داوە جێی متمانەیە. [٢٤] هەروەها با ئاگاداری یەکتری بین بۆ هاندان لەسەر خۆشەویستی و کاری چاک... [٢٦] چونکە دوای ئەوەی ڕاستیمان ناسی، ئەگەر بەردەوام بووین لەوەی بە ئەنقەست گوناه بکەین، ئەوا قوربانی بۆ گوناه نامێنێت، [٢٧] بەڵکو چاوەڕێکردنی حوکمدانی ترسناک و ئاگری بڵێسەدار کە خەریکە دژەکانی خودا دەخوات. [٢٨] ئەوەی سەرپێچی تەوراتی موسای کردووە، بێبەزەییانە بە شایەتی دوو یان سێیان دەمرێت. [٢٩] بە ڕای ئێوە شایانی سزای چەند خراپترە ئەوەی پێشێلی کوڕی خودای کردووە و خوێنی پەیمان بە پیس دادەنێت کە پیرۆزی کردووە، سووکایەتیش بە ڕۆحی نیعمەت دەکات؟ [٣٠] چونکە ئەمە دەناسین کە ئەمەی فەرمووە: {تۆڵەسەندن هی منە، منم سزا دەدەم.} هەروەها: {خوداوەند حوکم بەسەر گەلی خۆی دەدات.} [٣١] کەوتنە ناو دەستی خودای زیندوو ترسناکە.

(جا ئێمە چۆن هەڵبێین ئەگەر ڕزگارییەکی گەورەی وەک ئەمە پشتگوێ بخەین؟) (عیبرانیەکان ٢: ٣)

بەم ووشانە خودا ئاگاداری هەر یەك لە ئێوە دەکاتەوە ئەمڕۆ نەکەن تاکە ڕێگای ڕزگاربوون پشت گوێ بخەن، کە لە خوێنی عیسای مەسیح دایە. هەر کەسێك دژایەتی بەرامبەر قوربانییەکەی بکات کە خودا خۆی داویەتی، پێویستە بزانێت کە قوربانی تر نیە بۆ گوناه، هیچ شتێکی تر نەماوە جگە لە دادوەری خودا، کەوا بێ بەزەیی دەبێت! عیسای مەسیح قوربانییەکی تەواوە کە خودا خۆی بەخشی تاکو هەر کەسێك باوەڕی پێ بێنێت لەناونەچێ بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت. لەسەر خاچەکە عیسا فەرمووی، (تەواو بوو!) و لەبەر ئەوەی عیسا ووشەی خودایە — کاتێ عیسا فەرمووی، (تەواو بوو!) ئەوا خودا خۆی بوو دەیفەرموو (تەواو بوو!) و پاش سێ ڕۆژ

خودا عیسای هەڵسانەوە بۆ ژیان و بۆ جیهانی سەلماند کەوا بەتەواوی ڕازی بوو بە قوربانی عیسا لەپێناو گوناه.

ئایا دەزانن عیسا سزای گوناهەکانی داوە؟ ئایا باوەڕت وایە کە عیسای مەسیح کاری ڕزگارکردنت بۆ تەواو کرد؟ یاخود هێشتا هەوڵ دەدەی بە کردەوەی خۆت، خۆت ڕزگار بکەی؟

تا جاری داهاتوو، خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر دەکەیتەوە لە مانای قوڵی مەسیح لەسەر خاچەکە، کاتێ فەرمووی، (تەواو بوو!) (یۆحەنا ١٩: ٣٠)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی ڕزگاری دەرەکە دەبوایە لە ئاسمانەوە بێت؟

٢. پەندێکی ئافریك دەڵێ: ئەگەر ئافرەتێك تەشتێك ئاوی لەسەر سەری خۆی دانا بێت، ئایا دەتوانێ تەشتێکی تر بۆ کەسێکی تر هەڵگرێ؟

٣. لەبیرتە دوایەمین شت چی بوو کەوا عیسا فەرمووی لەسەر خاچەکە پێش ئەوەی ڕۆحی تەسلیم بکات بە خودا؟

٤. بۆچی عیسا هاواری کرد و فەرمووی، (تەواو بوو!)؟

٥. بۆچی پەردەی پەرستگاکە درا بۆ دوو پارچە، کەوا پەردە پیرۆزترین شوێن بوو، لەو شوێنەی خوێنی قوربانی ئاژەڵیان دەپرژاند بۆ ئەوەی گوناه داپۆشێ؟

٦. ئایا باوەڕت وایە کە عیسای مەسیح کاری ڕزگارکردنت بۆ تەواو کرد؟ یاخود هێشتا هەوڵ دەدەی بە کردەوەی خۆت، خۆت ڕزگار بکەی؟

وانەی ٩٧: دۆزەخ!

لۆقا ١٦

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ترسنۆکان و بێباوەڕان و قێزەوەنا...و هەموو درۆزنان، بەشیان لە دەریاچەی بە ئاگر و گۆگرد داگیرساوە. (ئاشکراکردن ٢١: ٨) (فرێدەدرێنە تاریکی دەرەوە...بەرەو ئاگری تاهەتایی، ئەوەی بۆ ئیبلیس و فریشتەکانی ئامادە کراوە.) (مەتا ٨: ١٢، ٢٥: ٤١) (ئەوانە بۆ سزای تاهەتایی دەچن، بەڵام ڕاستودروستان بۆ ژیانی تاهەتایی!) (مەتا ٢٥: ٤٦)

دۆزەخ! کەس حەز ناکات باسی بکات! تەنانەت نامانەوێ بیری لێ بکەینەوە! لەگەڵ ئەوەش دا، باسی دۆزەخ ئەو باسەیە کە پلانمان وایە دیراسەتی بکەین ئەمڕۆ، لەبەر ئەوەی خودا زۆری هەیە دەربارەی ئەو باسە بیڵێ. لە نووسراوە پیرۆزەکان، خودا سەدان ئاگاداری داوە تاکو خەڵکی نەچنە ئەوێ. لە وانەی ئەمڕۆ و سبەی پلانمان وایە فێربین نووسراوە پیرۆزەکان چیمان فێردەکات سەبارەت بە دۆزەخ و ئاسمان (بەهەشت) و چۆن دڵنیا بین لەوەی دەچینە بەهەشت و نانێردرێنە دۆزەخ. زۆر کەس پێیان وایە کەس ناتوانێ بزانێ چی ڕوو دەدات لە ڕۆژی دواییە، یاخود لە کوێ تاهەتایی بەسەر دەبەن. بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە چونکە دەربارەی ڕێگای ڕزگاربوون نازانن کەوا خودا دایمەزراندووە و دەربارەی ئەو بەڵێنە سەرسوڕهێنەرانەی خودا داویەتی نازانن کەوا دڵنیاییەکی بی گومان دەبەخشێ. ئایا ووشەی خودا پێمان دەڵێت چۆن دەتوانین بزانین بەدڵنیاییەوە کە دەچینە بەهەشت؟ بێ گومان! ووشەی خودا دەفەرموێ: ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کە باوەڕتان بە ناوی کوڕی خودا هەیە، تاکو بزانن ژیانی تاهەتاییتان هەیە! (١ یۆحەنا ٥: ١٣)

ئایا دەزانی کە ژیانی تاهەتاییت دەبێت کە ووشەی خودا بانگەوازی بۆ دەکات؟ لەو ڕۆژەی کە دەمری، ئایا دەزانی گیانت بۆ کوێ دەڕوات؟ ئایا دڵنیای لەوەی کە دەچیە بەهەشت و ناتبەن بۆ دۆزەخ؟ ئەگەر ئەو دڵنیاییەت نیە، وانەی ئەمڕۆمان دەبێت زۆر سەرنجت ڕابکێشێ.

وەک ئەوەی لە ئینجیل بینیمان، کاتێ عیسای ڕزگاری دەر لەسەر دونیا بوو، زۆر خەڵکی فێر دەکرد دەربارەی ئەو شوێنەی پێی دەوترێ ئاسمان و ئەو شوێنەی پێی دەوترێ دۆزەخ. هەرچەندە، عیسا زیاتر فێرکاری دەربارەی دۆزەخ کرد لەوەی لە ئاسمان، لەبەر ئەوەی دەزانی دەربارەی سزای سامناکی دۆزەخ و نایەوێ کەس بڕواتە ئەوێ. باشە، با بگەڕێنەوە ئینجیل و بزانیت عیسا چۆن خەڵکانی فێر کرد دەربارەی دۆزەخ. کەواتە ئەم چیڕۆکە ڕاستە بخوێنە دەربارەی دوو کەس کە مردن. لە بەشی شازدەی ئینجیلی لۆقا، عیسا بۆ خەڵکی دوا و فەرمووی: (لۆقا ١٦) [١٩] پیاوێک دەوڵەمەند بوو، جلی ئەرخەوانی و کەتانی لەبەر دەکرد و هەموو ڕۆژێکی بە خۆشی ڕادەبوارد. [٢٠] هەژارێکیش ناوی لەعازر بوو، لەبەردەرگاکەی کەوتبوو، برین لێی دابوو، [٢١] پەرۆش بوو لەو بەرماوەیە تێربێت کە لە خوانی دەوڵەمەندەکە دەکەوتە خوارەوە. تەنانەت سەگیش دەهاتن برینەکانیان دەلێستەوە. [٢٢] ئیتر هەژارەکە مرد و فریشتە بۆ باوەشی ئیبراهیم هەڵیانگرت. دەوڵەمەندەکەش مرد و نێژرا. [٢٣] لە جیهانی مردووان سەری هەڵبڕی و ئازاری دەچێژێت، لەدوورەوە ئیبراهیمی بینی و لەعازری لە باوەش بوو.

با کەمێک ڕاوەستین لێرە. تێگەیشتی چی ڕووی دا بەسەر پیاوە دەوڵەمەندەکە و لەعازری سوالکەر؟ سوالکەرەکە بۆ کوێ چوو کاتی مرد؟ یەکسەر، گیانی لە بەهەشت بوو، لە حزووری خودا لەو شوێنەی پێغەمبەری خودا ئیبراهیم لێیەتی ماوەیەکی زۆرە. پیاوە دەوڵەمەندەکە، ئەو بۆ کوێ چوو؟ یەکسەر گیانی چوو بۆ دۆزەخ، کە لە ئازاردا بوو لەوێ.

بۆچی لەعازری سوالکەر چووە بەهەشت و پیاوە دەوڵەمەندەکە چووە دۆزەخ؟ یەکەم شت، هەژاری مانای ئەوە نیە کە تۆ ڕزگارت بووە و دەوڵەمەندیش مانای ئەوە نیە کە لەناوچووی! لەعازری هەژار، چووە بەهەشت لەبەر ئەوەی گرنگی دەدا بە ڕێگای ڕزگاربوون کەوا خودا لە نووسینەکانی پێغەمبەران ڕایگەیاندبوو. سەبارەت بە پیاوە دەوڵەمەندەکەش، ووشەی خودای پشت گوێ خستبوو. ئەو پیاوە دەوڵەمەندە وەک زۆربەی خەڵکی ئەمڕۆمانە کەوا ڕووخساری ئایینی لەخۆ دەگرن. دەزانن کە یەک خودا هەیە و نووسینەکانی

پێغەمبەران بوونی هەیە، بەڵام لەسەر ڕێگای دۆزەخن، لەبەر ئەوەی هەرگیز باوەڕیان بەڕێگای ڕزگاربوون نەبووە کەوا هەموو پێغەمبەرانی خودا گەواهییان لەسەر داوە لە نووسراوە پیرۆزەکان. وەك پیاوە دەوڵەمەندەکەی چیرۆکەکەمان، کاتی خۆش بەسەر بردن و بەدەست هێنانی سامان زۆر گرنگترە ملایان لەوەی گوێ لە ووشەی ڕاستی بگرن کەوا دەتوانێ گیانیان ڕزگار بکات.

با بەردەوام بین لە چیرۆکەکە و سەرنجبدە چۆن خودا ڕێگای بەپیاوە دەوڵەمەندەکە دا بەکورتی لەگەڵ پێغەمبەر ئیبراهیم گفتوگۆ بکات، کەوا لە بەهەشت بوو. خودا دەیەوێ ناوەڕۆکی ئەو ووشانە ببینین کە لەلایەن ئەم پیاوە ووتراوە لە دۆزەخ. پەروەردگار عیسا بەردەوام بوو لە چیرۆکەکە و فەرمووی، (لۆقا ١٦) [٢٣] لە جیهانی مردووان سەری هەڵبڕی و ئازاری دەچێژێت، لە دوورەوە ئیبراهیمی بینی و لەعازری لە باوەش بوو. [٢٤] هاواری کرد: (باوکە ئیبراهیم، بەزەییت پێمدا بێتەوە، لەعازر بنێرە تاکو سەری پەنجەی بە ئاو تەڕ بکات و زمانم فێنک بکاتەوە، وا لەناو ئەم گڕەدا ئازار دەچێژم.)
[٢٥] ئیبراهیم وتی: (کوڕم، لەبیرت بێت لە ژیانتدا شتە باشەکانی خۆت وەرگرت و لەعازریش شتە خراپەکان. ئێستا وا لێرە دڵنەوایی دە کرێت و تۆش ئازار دەچێژیت. [٢٦] سەرەڕای هەموو ئەمانەش، بۆشاییەکی گەورە لەنێوان ئێمە و ئێوەدا قایم کراوە، تاکو ئەوانەی بیانە وێ لێرەوە بۆ لاتان بێن نەتوانن و کەسیش لەوێوە بۆ لای ئێمە نەپەڕێتەوە.)
[٢٧] ئەویش وتی: (کەواتە باوکە، لێت دەپاڕێمەوە بینێرە ماڵی باوکم، [٢٨] چونکە پێنج برام هەیە، تاکو ئاگاداریان بکاتەوە، نەوەک ئەوانیش بۆ ئەم شوێنی ئازاردانە بێن.)
[٢٩] بەڵام ئیبراهیم پێی ووت: (موسا و پێغەمبەرانیان هەیە، با گوێ لەوان بگرن.)
[٣٠] ئەویش وتی: (نەخێر باوکە ئیبراهیم، بەڵام ئەگەر یەکێک لەناو مردووانەوە بچێتە لایان، ئەوا تۆبە دەکەن.)
[٣١] پێی ووت: (ئەگەر گوێ لە موسا و پێغەمبەران نەگرن، تەنانەت یەکێک لەناو مردووانیش هەڵستێتەوە، قەناعەتیان پێ نایێت.)
چیرۆکی پیاوە دەوڵەمەندەکە و لەعازر کۆتایی پێ دێت. بەڕاستی ئەو شوێنەی پێی دەوترێ دۆزەخ شوێنێکی سامناکە کە بەزەیی لەوێ نیە. پیاوە دەوڵەمەندەکەی ناو دۆزەخ لەئازاردا بوو و کەس نەیدەتوانی لە ئازارەکەی کەم بکاتەوە تەنانەت بە دڵۆپە ئاوێکیش! لەوەش خراپتر، ئەو پیاوە دەوڵەمەند هێشتا لەوێیە ئەمڕۆ! لە دۆزەخە و چاوەڕوانی ڕۆژی دادوەری دەکات کاتێ گیان و جەستە فڕێ دەدرێتە ئەو شوێنەی پێی دەوترێ دەریاچەی ئاگر. ئا لەوێ لەگەڵ ئەو کەسانە دەبێت کە پەیامی پێغەمبەران ڕەت دەکەنەوە — موژدەی خۆشی عیسای مەسیح. نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: (هەر کەسێک ناوی لە پەرتووکی ژیاندا نەدۆزرایەوە نووسرابێت، فڕێدرایە دەریاچەی ئاگرەکە... بە ئاگر و گۆگرد... دووکەڵی ئازاریان بۆ تاهەتایە بەرز دەبێتەوە. شەو و ڕۆژ پشوویان نابێت!) (ئاشکراکردن ٢٠: ١٥، ١٤: ١٠، ١١) بیری لێ بکەوە! هەر کەسێك ڕێگای ڕاستودروستی ڕزگاربوون پشت گوێ بخات کەوا خودا دایمەزراندووە و بچێتە دۆزەخەوە هەرگیز ناتوانێ دەرچێ، هەرگیز دەرناچێ، و ئاگرەکەش هەرگیز هێور نابێتەوە! هەرگیز! هەرگیز! تاهەتا!

هەندێ کەس پێیان وایە کە لەپاش ئەوەی گوناهباران ئازاریان چێژا بۆ ماوەیەك لە دۆزەخ دەردەچن و دەچنە بەهەشت. بەڵام ئەو بیرۆکەیە هاوتای ووشەی خودا نیە، کەوا وەسفی دۆزەخ دەکات وەك (سزای تاهەتایی.) (مەتا ٢٥: ٤٦) لە دەرئەنجامدا، هیچ نوێژێك نیە بۆ مردووان لە نووسینەکانی پێغەمبەران. دوعا کردن بۆ مردوو لە داب و نەریتی مرۆڤەوەیە بەتەواوی، بەڵام لە ووشەی خوداوە نیە کە دەفەرموێ، وەک بۆ (مرۆڤ دانراوە جارێک بمرێت، دواتر لێپرسینەوەیە!) (عیبرانیەکان ٩: ٢٧) دوعا کردن بۆ مردووان ناتوانێ لە ئازاری ئەوانەی لە دۆزەخن کەم بکاتەوە و ناشتوانێ ڕزگاریان بکات لە ڕۆژی دادوەری. سەبارەت بەوانەی لە بەهەشتن، پێویستیان بە دوعای ئێمە نیە لەبەر ئەوەی لە حزووری خودان و لە بەرەکەتێکی تەواون!

مەیەڵە کەس بە قسەی بەتاڵ فریوت بدات. هەندێ کەس دەڵێن، (خودا باشە! بەندە دروست ناکات بۆ ئەوەی پاشان بیانسوتێنێ! بەزەیی پێمان دێتەوە و دەمانباتە بەهەشت!) ئەوانەی بەم شێوەیە قسە دەکەن بیرەکانیان پشت بە ووشەی خودا نابەستێ. وا دەڵێن تەنها بۆ ئەوەی زەمیری خۆیان هێور بکەنەوە لەبەر ئەوەی بەئیرادەی خۆیان ڕێگای ڕزگار بوون پشت گوێ دەخەن کەوا خودا دایمەزراندووە. ئەگەر پەشیمان نەبنەوە لە بیر هەڵەکانیان و ڕوو لە خودا نەکەن و باوەڕ بە ڕێگای ڕاستودروستی نەکەن لە ڕێگای

عیسای مەسیح، ڕۆژێك دەزانن كە بەڕاستی دۆزەخ بوونی هەیە! بەڵام ئەو كاتە زۆر درەنگە بۆ تۆبە كردن!

باشە، پیاوە دەوڵەمەندەكە داوای چی كرد لە ئیبراهیم؟ داوای لێ كرد لەعازر بنێرێ بۆ ماڵی باوكی و پێنج براكەی ئاگادار بكاتەوە كەوا هێشتا نە مردوونە، نەوەك ئەوانیش بۆ ئەم شوێنی ئازاردانە بێن. ئەی ئیبراهیم چۆن وەڵامی دایەوە؟ پێی ووت، (موسا و پێغەمبەرانیان هەیە، با گوێ لەوان بگرن.) بەڵام پیاوە دەوڵەمەندەكە ووتی، (نەخێر باوكە ئیبراهیم، بەڵام ئەگەر یەكێك لەناو مردووانەوە بچێتە لایان، ئەوا تۆبە دەكەن.) ئیبراهیم پێی ووت، (پێی وت: ئەگەر گوێ لەموسا و پێغەمبەران نەگرن، تەنانەت یەكێك لەناو مردووانیش هەستێتەوە، قەناعەتی پێ ناكەن.)

موژدەی خۆشی پێغەمبەرانی خودا دەزانی كەوا دەتوانێ لە دۆزەخ ڕزگارت بكات؟ ئەو موژدە خۆشە ئەو پەیامە بەكورتی، بینیمان كە موژدەی خۆشی پێغەمبەران موژدەی خۆشی ڕزگاری دەرە پیرۆزەكەیە، ئەوەی خودا ناردیە خوارەوە تاكو لەسەر خاچەكە بمرێ بۆ ئەوەی سزای گوناهەكانت بداتەوە و پاشان لە ڕۆژی سێیەم لە مردن هەڵسێتەوە. ئەگەر بە دڵت باوەڕ بێنێ كەوا لەپێناو گوناهەكانت مرد، ئەو كاتە ناچیتە دۆزەخ! ئەو موژدە خۆشە كەوا دەتوانێ ڕزگارت بكات لە دادوەری ڕاستودروستی خودا.

وەك بۆمان دەركەوت لە وانەی یەكەمدا، خودا دۆزەخی بۆ مرۆڤ دروست نەكرد بەڵكو بۆ شەیتان و فریشتە خراپەكارەكانی. بەڵام گوناهی باپیرە گەورەمان ئادەم هۆیە ئەوەیە كە هەموومان دوور لە خودا لەدایك دەبین، لەشانشینەی شەیتان لەسەر ئەو ڕێگا بەرەو دۆزەخ دەڕوات. بێ گومان ئەو سروشتە گوناهبارەی لەناوماندایە وامان لێ دەكات بۆ تاهەتا لەناو بچین ئەگەر خودا چارەسەرێكی بۆمان دابین نەكردایە، و لەبەر ئەوەی سزای گوناه مردن و ئاگری تاهەتاییە. بە هێزی خۆمان هیچ دەسەڵاتێكی ڕزگاربوون لە دۆزەخمان نیە! بەڵام، سوپاسی خودا دەكەین كە پلانێكی داڕشت كەوا پێی بتوانێ لە گوناهەكانمان خۆش بێت! ئەو پلانە چیە؟ مردنی مەسیحی پیرۆزە. خودا سزای گوناهەكانمانی خستە سەر عیسا كاتی لەسەر خاچەكە مرد. وەك نووسراوە: ئەوەی گوناهی نە دەناسی خودا لە پێناوی ئێمە كردییە گوناە، تاكو لە ئەودا ببینە ڕاستودروستی خودا! (٢ كۆرنسۆس ٥: ٢١)


بینیمان چۆن خەڵك عیسایان ئازار و ئەشكەنجە دا، بە قامچییان كرد و تانجێكی درکاوییان لە سەری كرد، سوكایەتییان پێ كرد و پەلاماری دەم و چاویان دا، تفیان لێ كرد، و بزمارڕێژیان كرد لەسەر خاچێك! خودا ڕێگای دا خەڵك بەخراپی مامەڵە لەگەڵ مەسیحی بێ گوناە بكەن بۆ ئەوی پێمان نیشان بدات گوناهەكانمان شایەنی چ سزایەكە. هەموو ئەو شتانەی خەڵكی بە عیسایان كرد – شایەنی ئێمەیە لەبەر گوناهەكانمان. بەڵام خودا، لەبەر خۆشەویستییە مەزنەكەی بۆمان، سزای گوناهەكانمانی خستە سەر مەسیحی پیرۆز، كوڕە خۆشەویستە تاهەتاییەكەی. لەبیرت بێت، ئازارەكانی عیسا لەسەر خاچەكە سنووردار نەبوو بەوەی مرۆڤ پێیان كرد. نووسراوە پیرۆزەكانی پێغەمبەران پێمان نیشان دەدات كە كاتێ عیسا ئازاری دەچێژا لەسەر خاچەكە، خودا خۆی ئازارێكی خستە سەری كەوا مێشكی مرۆڤ لێی تێناگات. خودا سزای گوناهەكانی ئێمەی خستە سەری، ئەویش دۆزەخەی ئێمە! پێغەمبەر ئەیوب پێش بینی سەختی ئازارەكانی كرد كەوا مەسیح دەیچێژێ لەخوداوە كاتێ نووسی، خودا منی دا بەدەست زۆردارەوە و بۆ بەردەستی خراپەكار فڕێیدام...تووڕەییەكەی پەلاماریدام و چەوساندمیەوە، ددانەكانی لێم جیركردەوە، دوژمنەكەم چاوی تێبڕیووم! (ئەیوب ١٦: ١١، ٩)

سزای گوناە مردن و ڕوو بە ڕوو بوونەوەی تووڕەیی خودایە و چوونە ناو تاریكی دۆزەخ، لەو شوێنەی خودا دەنێری هەموو ئەوانەی ڕەتیان كردەوە باوەڕ بەئینجیل بێنن! بەڵام عیسا تووڕەیی خودای لە شوێنی ئێمە كێشا، تاكو بتوانین نیعمەتی خودا وەربگرین. وەك خوێندمانەوە، كاتێ عیسا دەمرد لەسەر خاچەكە هەموو خاكەكە تاریك بوو وەك دۆزەخ – لە نێوەڕۆە تاكو كاتژمێر سێ. لەو كاتژمێرانەدا، عیسا بە دەنگێكی بەرز هاواری كرد، (خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام) بۆچی خودا وازی لە مەسیحی، خۆشەویستی لەسەر خاچەكە كرد؟ گوناهەكانمان هۆیەكەیە! كاتێ عیسا لەسەر خاچەكە بوو، خودا سزای گوناهەكانی ئێمەی خستە سەر ئەو، دۆزەخی ئێمە! ئەمە ئەو ڕاستییە بنچینەییەیە كەوا ئەقڵمان ناتوانێ بەتەواوی لێی تێ بگات. بەڵام، ئەوەی كە بەتەواوی بێ گومانە ئەوەیە ئەگەر بەڕاستی باوەڕ بە پەروەردگار عیسا بێنی، ئەوا ڕزگارت دەبێت و هەرگیز ناچیتە دۆزەخ لەبەر ئەوەی خودا

بەڕاستودروست داتدەنا لەسەر بنەمای قوربانی جێگری ڕزگاری دەرەکە. وەك بەرخی قوربانیەکە، کەوا کوڕەکەی ئیبراهیمی ڕزگار کرد، عیسای مەسیح مرد تاکو ڕزگارت بکات لە مردن کەوا هەرگیز کۆتایی نایات لەو شوێنەی پێی دەوترێ دۆزەخ!

خودا دۆزەخی تۆی خستە سەر عیسای مەسیح. باوەڕت بەمە هەیە؟ باوەڕت هەیە کە عیسای مەسیح، ڕاستودروستەکە، قەردی گوناهەکانتی دایەوە؟ یاخود دەچیە دۆزەخ تاکو خۆت قەردی گوناهەکانی خۆت بدەیتەوە تاهەتا؟ خۆت بڕیار بدە. چی هەڵدەبژێرێ؟ بەهەشت؟ یاخود دۆزەخ؟

خوداش بەرەکەتدارت بکات. بەم ووشە سامناکانەی پەروەردگار عیسا مالّ ئاوایيت لێ دەکەین: (لە دەرگای تەسک بڕۆنە ژوورەوە، چونکە دەرگایەکی بەرین و ڕێگایەکی پانە ئەوەی بەرەو لەناوچوون دەڕوات، زۆرن ئەوانەی پێیدا دەچنە ژوورەوە. بەڵام تەسکە دە رگا و تەنگە ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیان دەچێت، کەم کەسیش دەیدۆزێتەوە.) (مەتا ٧: ١٣، ١٤)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا ووشەی خودا پێمان دەڵێت چۆن دەتوانین بزانین بەدڵنیاییەوە کە دەچینە بەهەشت؟
٢. ئایا دەزانی کە ژیانی تاهەتایيت دەبێت کە ووشەی خودا بانگەوازی بۆ دەکات؟
٣. لەو ڕۆژەی کە دەمری، ئایا دەزانی گیانت بۆ کوێ دەڕوات؟
٤. ئایا دڵنیای لەوەی کە دەچیە بەهەشت و ناتبەن بۆ دۆزەخ؟
٥. تێگەیشتی چی ڕووی دا بەسەر پیاوە دەوڵەمەندەکە و لەعازری سوالّکەر؟
٦. سوالّکەرەکە بۆ کوێ چوو کاتی مرد؟ پیاوە دەوڵەمەندەکە، ئەو بۆ کوێ چوو؟
٧. پیاوە دەوڵەمەندەکە داوای چی کرد لە ئیبراهیم؟ ئەی ئیبراهیم چۆن وەڵامی دایەوە؟
٨. موژدەی خۆشی پێغەمبەرانی خودا دەزانی کەوا دەتوانێ لە دۆزەخ ڕزگارت بکات؟
٩. سوپاسی خودا دەکەین کە پلانێکی داڕشت کەوا پێی بتوانێ لە گوناهەکانمان خۆش بێت! ئەو پلانە چیە؟
١٠. بۆچی خودا وازی لە مەسیحی، خۆشەویستی لەسەر خاچەکە کرد؟
١١. باوەڕت هەیە کە عیسای مەسیح، ڕاستودروستەکە، قەردی گوناهەکانتی دایەوە؟
١٢. خۆت بڕیار بدە. چی هەڵدەبژێرێ؟ بەهەشت؟ یاخود دۆزەخ؟

وانەی ٩٨: بەهەشت

ئاشکراکردن ٢١، ٢٢

لە وانەی ڕابردوومانداو دیراسەتی دۆزەخمان تەواو کرد، ئەو شوێنەی سزادان هەرگیز ڕاناوەستێ. دۆزەخ شوێنێکی سامناکە، بۆ شەیتان و فریشتەکانی دروست کراوە. ئەو شوێنەیە کە دەبێت هەموو ئەوانەی ڕێگای ڕزگار بوون پشت گوێ دەخەن بچنە ناوی و جیابوونەوە لەگەڵ خودا تاهەتا! نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: هەر کەسێک ناوی لە پەرتووکی ژیاندا نە دۆزرێتەوە نووسراوە، فڕێدرایە دەریاچەی ئاگرەکە! (ئاشکراکردن ٢٠: ١٥)

بێ گومان دۆزەخ ئەو باسە سامناکەیە کەوا مرۆڤ دەتوانێ بەوردی بیری لێ بکاتەوە. بەڵام ئەمڕۆ پلانمان وایە تەماشای یەکێک لە هەرە باسە سەرسوڕهێنەرەکان بکەین کەوا گیانی مرۆڤ بتوانێ بیری لێ بکاتەوە، ئەو باسەش باسی ئاسمانە یاخود بەهەشت.

خەڵک جۆرەها بیرۆکەیان هەیە سەبارەت بە بەهەشت و پیاو چی بکات بۆ ئەوەی بچێتە بەهەشت. بۆ نموونە، ئەوانەی سەر بە ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتن باوەڕیان وایە کە چەن بە هەشتێك هەیە و پلەی خۆشییان جیاوازە و ئەو شوێنەی هەر کەسێك بۆی دەڕوا پشت بە کردەوەی دەبەستێ. هەندێکی تر پێیان وایە خەڵک دەبێت یەکەم جار بە دۆزەخ بڕوات و لەپاش ئەوەی قەردی گوناهەکانی دایەوە دەگوازرێتەوە بەهەشت. هەندێکی تر هەیە پێیان وایە بەهەشت شوێنێکە خودا بۆ ئەو کەسانەی گرتووە کەوا دڵسۆزن لە ئەرکە ئایینیەکانیان و بەهەشت شوێنێکە کە خەڵک دەتوانن بخۆن و بخۆنەوە و خۆشی تام بکەن. مرۆڤ بێ گومان بیرۆکەی زۆری هەیە دەربارەی بەهەشت و چۆنیەتی گەیشتن بۆ ئەوێ. بەڵام، ئەوەی گرنگە لامان ئەمڕۆ ئەوە نیە خەڵکی چ بیرۆکەیەکیان هەیە دەربارەی بەهەشت، بەڵکو ئەوەی خودا دەیفەرموێ دەربارەی لە ووشەی پیرۆزی خۆی!

بەهەشت زۆر ناوی هەیە لە نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران. پێی دەوترێ: ئاسمان، تەختی خودا، حزووری خودا، ماڵی خودا، شوێنی نیشتەجێی خودا پیرۆز، شاری پیرۆز، شاری خودای زیندوو، ئۆرشەلیمی ئاسمان، ماڵی فریشتە پیرۆزەکان و بەرخەکە، حزووری پەروەردگار عیسا و شکۆمەندە مەزنەکەی، و ماڵی خەڵکی خودا، ئەوەی ناویانی لە بەهەشت نووسیوە. پەروەردگار عیسا بە بەهەشتی دەوت، (ماڵی باوکم) لەبەر ئەوەی ئەو لەوێ بوو پێش ئەوەی لە دایك بێت لەسەر زەوی.

بە کورتی، بەهەشت شوێنی نیشتەجێی خودایە. وەك بینیمان خودا لە هەموو شوێنێکە لەگەڵ ئەوەشدا شوێنێکی دیاریکراو هەیە کە پیرۆز و بە تیشك و جوانە، زۆر لە ئەستێرەکان دوورتر کە خودا لێی نیشتەجێە لە شکۆمەندی خۆی. ئەو شوێنەیە کە عیسای کوڕی بالادەسترین لەسەر تەختەکەی دانیشتووە، لە دەستە ڕاستی بالادەسترین، چاوەڕوانە تاکو دەگەڕێتەوە جیهان بۆ ئەوەی دادوەری بکات و نوێی بکاتەوە. هەروەها، بەهەشت ئەو شوێنەیە کە هەزاران و هەزاران فریشتە چوار دەوری تەختەکەیان گرتووە، پێکەوە لەگەڵ ئەو خەلکانەی خودا ڕزگاریانی کرد بۆ خۆی لە ڕێگای خوێنی بەرخەکە، پەروەردگار عیسای مەسیح.

لە کۆتایی پەرتوکی ئینجیل، لە دوو بەشی کۆتایی پەرتوکی بینین، خودا بینینێکی بەخشی بە قوتابی خۆی یۆحەنا، بینینێك کەوا شاری پیرۆزی بەهەشتی پێ نیشان دا، کەوا پەروەردگار دروستی کردووە بۆ ئەوانەی ناویان نووسراوە لە پەرتوکی ژیانی تاهەتا. با بخوێنین نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ دەربارەی شاری بەهەشت.

(ئاشکراکردن ٢١) [١٠] بە ڕۆح بردمی بۆ چیایەکی گەورە و بەرز، شارە پیرۆزەکەی پیشاندام... [١١] شکۆی خودای هەبوو، درەوشانەوەی وەک گرانبەهاترین بەرد، وەک یەشب، ڕوون وەک کریستاڵ. [١٢] شوورەیەکی گەورە و بەرز و دوازدە دەرگای هەبوو، لەسەر دەرگایەکان دوازدە فریشتە هەبوو...

[١٦] شارەکە بەچوار گۆشەیی داندرابوو، درێژییەکەی هێندەی پانییەکەی بوو... [١٩] بناغەکانی شوورەی شارەکە بە هەموو بەردێکی گرانبەها ڕازاندرابۆوە... [٢١] دوازدە دەرگایەکەش دوازدە مروارین، هەر دەرگایەک لە یەک دەنکە مرواری بوو. شەقامی شارەکە لەزێڕی ساف بوو وەک شووشەی ڕۆشن. [٢٢] پەرستگام تێیدا نەبینی، چونکە خوداوەند خودای هەرە بەتوانا لەگەڵ بەرخەکە پەرستگای ئەون.

[٢٣] شارەکەش پێویستی بەخۆر و مانگ نییە بەسەریدا بدرەوشێنەوە، چونکە شکۆی خودا ڕووناکی کردۆتەوە و بەرخەکە چرایەتی. [٢٤] نە تەوەکان بە ڕووناکییەکەی دەڕۆن... [٢٥] دەرگایەکانی بەڕۆژ هەرگیز داناخرێن، چونکە شەو لەوێدا دانایەت... [٢٧] هیچ شتی گلاو ناچێتە ناوی، نەک ئەوانەی قێزەوەنن و درۆزنن، بەڵکو تەنها ئەوانەی کەناویان لە پەرتووکی ژیانی بەرخەکەدا نووسراوە.

(ئاشکراکردن ٢٢) [١] پاشان فریشتەکە ڕووباری ئاوی ژیانی پیشاندام، پرشنگدار وەک کریستاڵ، لە تەختی خودا و بەرخەکە و [٢] بە ناوە ڕاستی شەقامی شارەکەدا دەڕوات. لە هەردوو ڕۆخی ڕووبارەکەدا درەختی ژیان ڕووابوو کە دوازدە جۆر بەرهەم دەدات، هەر مانگێک بەرهەمی خۆی دەدات...[٣] ئیتر هیچ نەفرەت نامێنێت (ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن.) (ئاشکراکردن ٤: ٢١) تەختی خودا و بەرخەکەش لەناو شارەکەدا دەبن، بەندەکانی خزمەتی دەکەن و [٤] ڕووی دەبینن و ناوی لەسەر نێوچەوانیانە. [٥] لە وێ شەو دانایەت و پێویستییان بەچرا و ڕووناکی خۆر نابێت، چونکە خوداوەند، خودا بەسەریاندا دەدرەوشێتەوە و تاهەتایە حوکمڕانی دە کەن.

بەو شێوەیە خودا شاری پیرۆزی بە یۆحەنا نیشان دا، کەوا ئامادەی دەکات بۆ ئەو کەسانەی ڕێگای ڕزگاربوونیان هەڵبژارد. لەو کاتەی ئەمڕۆ ماومانە، با بیربکەینەوە لەوەی خودا دەیفەرموێ لە ووشەی سەبارەت بەو ڕێگایەی بەرەو بەهەشت دەمانبات. چۆن دەتوانین دڵنیا بین کە دەچینە بەهەشت و ناچینە دۆزەخ؟

لە بیرتە عیسای مەسیح چی بە قوتابییەکانی فەرموو سەبارەت بە مااڵ خودا و ئەو ڕێگایەی بەرەو ئەوێ دەڕوات؟ پێیانی فەرموو: (یۆحەنا ١٤) [١] دڵتەنگ مەبن. پشت بە خودا ببەستن، پشت بە منیش ببەستن. [٢] ماڵی باوکم ژووری زۆری لێیە، ئەگینا پێم دەووتن. من دەڕۆم تاکو شوێنتان بۆ ئامادەبکەم. [٣] جا کەڕۆیشتم و شوێنم بۆ ئامادەکردن، دێمەوە و دەتانبەمە لای خۆم، تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە من لێی دەبم. [٤] ئێوەش ڕێگای ئەو شوێنەدەزانن کە بۆی دەچم... [٦] منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوک بە هۆی منەوە نەبێت.

ئەوە ئەوەیە کە عیسای مەسیح فەرمووی. ئەو خۆی ڕێگاکەیە. هەرکەسێک لە ڕێگای کۆڕی باڵادەسترین نەیات، کەوا ڕزگاری دەری پیرۆزە، هەرگیز ناچێتە ناو حزووری پیرۆزی خودا! هەرگیز! نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ کاتێ دەفەرموێ: بێجگە لەو ڕزگاربوون نییە، چونکە ناوێکی دیکە لەژێر ئاسماندا نییە لەناو خەڵکدا درابێت، بەوەوە پێویست بکات ڕزگار بین. (کرداری نێردراوان ٤: ١٢) چونکە خودا یەکە و یەک نێوانگر لەنێوان خودا و مرۆڤدایە، عیسای مەسیحی مرۆڤ، ئەوەی وەک قوربانی خۆی بۆ هەمووان بەختکرد. (١ تیمۆساوس ٢: ٥، ٦)

عیسای مەسیحی نێوانگر، ئەوەی کەوا لە خوداوە هات، **ڕێگای ڕزگاربوونە** کەوا بەرەو بەهەشت دەمانبات. لە پێناوی هێنانی گوناهباران بۆ لای خودا، مەسیح بۆناو جیهان لە دایک بوو و ژیانێکی پیرۆز ژیا لەسەر زەوی، خوێنی خۆی ڕشت وەک تەواوترین قوربانی بۆ گوناە و پاشان لە ڕۆژی سێیەم دا هەڵسایەوە لە مردن. کەس ناتوانێ بێتە لای خودا جگە بەڕێی ئەوە نەبێت. باوەڕت بەوە هەیە؟ ئایا دەبینی کە عیسای مەسیح تاکە ڕێگایە کەوا گوناهباران دەباتە حزووری خودا؟ ڕەنگە بتوانین بە چیرۆکێکی کورت بۆتان ڕوون بکەینەوە.

پیاوێک لە گوندێکی بچووک دەژیا دوور لەناو دارستان. ئەم پیاوە سەر بە هۆزێک بوو کەوا جلیان لەبەر نەدەکرد. تەنها شتێکیان وەک پشدێن لەناوقەدیان دەبەستا. ئەم پیاوە پارچە زەوییەکی هەبوو کەوا زەرعاتی لێ دەکرد، بەاڵم کەسێکی بەهێزتر لەو هات و زەوییەکەی لێ داگیر کرد و هیچی شوێنێکی نەما زەرعاتی لێ بکات. کەس یارمەتی نەدا زەوییەکەی وەربگرێت لەبەر ئەوەی هیچی نەبوو بیانداتێ.

ڕۆژێک ئەو بیرەی بۆ هات بچێتە پایتەخت بۆ بینینی سەرۆک، ڕابەرە ئەو خاکە و داوای لێ بکات یارمەتی بدات، لەبەر ئەوەی گوێی لێ بوو فەرمانڕەوایە کە کەسێکی دادپەروەر و بەبەزەیی بوو. بۆیە هەڵسا و ڕۆیشت و ڕۆیشت تاکو گەیشتە شارێکی گەورە و کۆشکی سەرۆکایەتی. چ خانووەکی گەورە و جوانە! کاتێ گەیشتە دەروازەی کۆشکەکە، هەوڵی دا بڕواتە ژوورەوە بەو پیسی و

ڕووتییەی، پاسەوانێك پێی دەڵێ، (تۆ کاکە! ئەوە بە تەمای چی بکەی؟!) ئەویش دەڵێ، (دەمەوێ سەرۆك ببینم.) پاسەوانەکەش پێی دەڵێ، (وەی گیان، پێت وایە هەرکەسێك بیەوێ دەتوانێ بچێتە ژوورەوە؟ تەماشای خۆت بکە! نازانی تۆ ناتوانی بە ڕووتی و پیسی بێیتە ئێرە؟ برۆ لێر ئەگەر نا دەکەمە زیندان!)

بۆیە پیاوە هەژارەکە ڕووی خۆی وەرگێڕا و ڕۆیشت، بەڵام بێ ئومێد نەبوو. ڕۆیشت و لە بەیانیەوە تا نیوەڕۆ پاڕایەوە. پاشان هەندێ جل و بەرگی هەرزان بەهای کڕی و خۆی شوشت و دووبارە چووە کۆشکی فەرمانڕەوا. کاتێ گەیشتە دەروازەکە، پاسەوانەکە پێی ووت، (جلت لەبەرە، بەڵام جلەکانت بەکەڵك ئەوە نایەن بیەڵم بچیتە پێش فەرمانڕەوای خاکەکە. تەنانەت ئەگەر جلەکانت باشیش بن، ناتوانی بچیتە ژوورەوە چونکە دەبێت ئیزنی تایبەتیت هەبێت بۆ ئەوەی بچیتە ناو ماڵی فەرمانڕەوا. هیچ مافت نیە بچیتە ژوورەوە، برۆ!)

لەو کاتە پیاوەکە بێ ئومێد بوو و وتی، (سوودیکە بوو؟ لەپاش ئەو هەموو کێشانەی بەسەرم هات، هێشتا ناتوانم نزیکی فەرمانڕەوای خاك ببمەوە!) هیوای نەما، لە قەراغی ڕێگاکە دانیشت بە پەژارەیەکی زۆرەوە. بەڵام کاتێ ئەم هەموو شتە ڕوویدەدا، فەرمانڕەوای خاکەکە بینی. کوڕە گەورەکەی فەرمانڕەواکەش لەوێ بوو. فەرمانڕەواکە بە کوڕەکەی ووت، (برۆ بزانە ئەو پیاوە چی دەوێ.) کاتێ کوڕی فەرمانڕەواکە چووە لای پیاوەکە، لە تەنیشتی دانیشت و پێی ووت، (گەورەم، دەتوانم یارمەتیت بدەم؟ چی تۆی هێناوەتە ئێرە و بۆ ئەوەندە تورەی؟) پیاوەکەش پێی ووت، (دەمەوێ فەرمانڕەای خاك ببینم، بەڵام مەحاڵە. هەموو هەوڵەکانم بێ سوود بوون!)

کوڕە گەنجەکەش پێی ووت، (من کوڕی فەرمانڕەوای خاکم و باوکم منی ناردە ئێرە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەم. دوام کەو.) ئیتر لەگەڵ ڕۆیشتە لای دەروازی کۆشکەکە. کاتێ گەیشتنە لای پاسەوانەکەی وا پێشتر ڕێگای لەپیاوە هەژارەکە گرت و نەیهێشت بچێتە ژوورەوە، پاسەوانەکە تەحییەی بۆیان وەرگرت بە ڕێزێکی زۆرەوە کاتێ بەناو دەروازەکە ڕۆیشتن بەرەو گۆڕەپانی کۆشکەکە. کوڕەکە جلێکی جوانی دا بە پیاوە هەژارەکە بیکاتە بەری و پێکەوە چوونە ناو کۆشکی سەرۆکایەتی. بۆیە پیاوەکە توانی بچێتە ناو کۆشکی سەرۆکایەتی و فەرمانڕەوای خاك ببینێ، لەبەر یارمەتی و دەسەلاتی کوڕی فەرمانڕەوا.

بەو شێوەیەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی دەیانەوێ بچنە بەهەشتەوە، کۆشکی پاشای پاشایان. خودا فەرمانڕەوای گەردوون بالادەست و پیرۆزە. ناتوانین بچینە ناو حزووری شکۆداری ئەوە بە هەر چ شێوەیەك بێت! کردەوەکانی خۆمان هەرگیز ناتوانن بمانبەنە ژوورەوە بۆ لای حزووری ئەو. هەموومان وەك پیاوە هەژارەکەین کەوا هەوڵی دەدا بچێتە حزووری سەرۆك بەکردەوە لاوازەکانی خۆی. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: هەموو وەک شتی گلاّومان لێ هات هەموو ڕاستودروستیمان وەک بەرگی پیسی ئافرەت بوو. (ئیشایا ٦٤: ٦) هیچ شتی گلاّو ناچێتە ناوی، نەک ئەوانەی قێزەوەنن و درۆزنن! (ئاشکراکردن ٢١: ٢٧) کەس ناتوانێ بمانباتە ئەو شوێنە پیرۆزە جگە لەو کەسە پیرۆزەی لەوێوە هات! ئەو کەس پیرۆزە عیسای مەسیحە، کوڕی تاهەتای بالادەسترین، بەرخی خودا کەوا لە بەهەشتەوە هات و مرد وەك قوربانی بۆ ئەوەی گوناە لابدات، لە مردن هەڵسایەوە و گەڕایەوە بەهەشت!

باشە، کێ دەتوانێ بچێتە بەهەشتەوە؟ تەنها ئەو کەسانەی لە ڕێگای باوەڕ بە عیسای ڕزگاری دەرەوە پاککرانەوە و ئەو خوێنەی ڕشتی. تەنها ئەو کەسانە دەچنە بەهەشت! نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەیەنێ کاتێ دەفەرموێ: بۆ هەمووان بەبێ جیاوازییە. لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لەشکۆی خودا کەوتن، بەخۆڕایی بەنیعمەتی ئەو بێتاوان کراون، بەو کڕینەوەیەی لەعیسای مەسیحدایە، ئەوەی خودا وەک کەفارەت پێشکەشی کرد، بەباوەڕهێنان بەخوێنی ئەو. (ڕۆما ٣: ٢٢–٢٥) ئەگەر شایەتی خەڵک وەردە گرین، ئەوا شایەتی خودا گەورەترە، چونکە ئەمەیە شایەتی خودایە سەبارەت بەکوڕەکەی داویەتی. ئەوەی باوەڕ بەکوڕی خودا بهێنێت ئەم شایەتییە لەخۆیدا هەیە. ئەوەی باوەڕ بەخودا نەکات خودا بەدرۆزن دادەنێت، چونکە باوەڕ بەو شایەتییەناکات کەخودا سەبارەت بە کوڕەکەی داویەتی. ئەمەش شایەتییەکەیە: خودا ژیانی تاهەتایی پێ داوین و ئەو ژیانەش لەکوڕەکەی دایە. ئەوەی کوڕەکەی هەبێت ژیانی هەیە، ئەوەی کوڕی خودای نەبێت، ژیانی نابێت. ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کەباوەڕتان بەناوی کوڕی خودا هەیە، تاکو بزانن

ژیانی تاهەتاییتان هەیە. (١ یۆحەنا ٥: ٩–١٣)

دەزانی ژیانی تاهەتاییت هەیە؟ ئایا دڵنیای کە دەچیتە بەهەشت و دڵ خۆش دەبیت لە حزووری خودا تاهەتا؟ ئایا باوەڕت بەناوی کوڕی خودا هێناوە؟ ئایا ناوت نووسراوە لە پەرتوکی ژیانی بەرخەکە؟

زۆر بەوردی بیر بکەوە لەوەی خوێندمانەوە، لەبەر ئەوەی خودا دەیەوێ ناوەڕۆکی ئەمانەت بداتێ.

خودا بەرەکەدارت بکات وەک بیر دەکەیتەوە لەم ئایەتە سەرنج ڕاکێشەی ووشەی پیرۆزی: **ئەوەی هیچ چاوێک نەیبینیوە، گوێ نە یبیستووە و بەبیری مرۆڤدا نەهاتووە، ئەوەی خودا ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێت!** (١ کۆرنسۆس ٢: ٩)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. چۆن دەتوانین دڵنیا بین کە دەچینە بەهەشت و ناچینە دۆزەخ؟

٢. لە بیرتە عیسای مەسیح چی بە قوتابییەکانی فەرموو سەبارەت بە مانّی خودا و ئەو ڕێگایەی بەرەو ئەوێ دەڕوات؟

٣. ئایا دەبینی کە عیسای مەسیح تاکە ڕێگایە کە گوناهباران دەباتە حزووری خودا؟ باوەڕت بەوە هەیە؟

٤. کێ دەتوانێ بچێتە بەهەشتەوە؟

٥. دەزانی کە ژیانی تاهەتاییت هەیە؟

٦. ئایا دڵنیای کە دەچیتە بەهەشت و دڵ خۆش دەبیت لە حزووری خودا تاهەتا؟

وانەی ٩٩: ڕات چیە بەرامبەر عیسا؟

بەشی ١

ماوەیەکی زۆرە سەرنجی نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران دەدەین بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاستودروستی ببینین کە لەلایەن خودا دامەزراوە، کەوا لە ڕێگایەوە گوناهباران دەتوانن ببن بە ڕاستودروست لای ئەو. بینیمان چۆن عیسای مەسیح قسەکانی پێغەمبەرانی خودای هێنایە دی. لەوانەی ئەمڕۆ و وانەی داهاتوومان، نیازمان وایە چاو بخشێنین لەگەڵ ئێوە بە شکۆمەندی ئەو کەسەی هەموو پێغەمبەران باسیان لێ کردووە. بۆیە، ئەم دوو وانەیەی کۆتاییمان لە دیراسەتی بەپێی کاتی ڕوودان لە نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران بەناوی (ڕات چیە بەرامبەر عیسا؟)

لە دیراسەتمان لە ئینجیل بینیمان لە عیسا لە خەڵکی دەپرسی، (دەربارەی مەسیح چی دەڵێن، کوڕی کێیە؟) (مەتا ٢٢: ٤٢) ئەمە گرنگترین پرسیارە کە زۆربەمان دەبێت وەڵامی بدەینەوە لە ژیان. قەدەرمان لە دواڕۆژ پشت بەوەڵاممان بۆ ئەم پرسیارە دەبەستێ! عیسای مەسیح بەم زووانە دەگەڕێتەوە و کە گەڕایەوە، ئەو کاتە پرسیارت لێ دەکات وەک ئەوەی پرسیاری لە خەڵکی کاتی خۆی کرد و فەرمووی، (ئێوە چی دەڵێن، ڕاتان چیە بە من؟)

ئامانجمان ئەوەیە بۆتان ڕوون بکەینەوە بەڕاستی عیسا کێیە. مەزنترین گرنگی لای ئێمە ئەوەیە کەس گومڕاتان نەکات لەم بابەتە. عیسای مەسیح وەک پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران نەژمێرن، یاخود پیاوێکی چاکی ناو پیاوان. نەخێر، ئەو تاکە! هاوتای نیە لەم جیهانە یاخود لە جیهانی داهاتوو. ڕات چیە بەرامبەری؟ پێت وایە عیسا کێیە؟ دە پرسیار هەیە حەز دەکەین لێتانی بپرسین دەربارەی عیسای مەسیح، پێنجی لەم وانەیە و پێنجی تریش لە وانەی داهاتوو.

یەکەم، ڕات چیە بەرامبەر لەدایك بوونە سەرسوڕهێنەرەکەی؟

کەس هەرگیز وەک ئەو لە دایك نەبووە. ئەو عیسای کوڕی مەریەمە. دەزانن کە یۆحەنا بەناوی کوڕی زەکەریا ناودەبرا، سلێمان کوڕی داود، ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم. هەموو کەسێك نازناوی باوکی وەردەگرێ یاخود ناوی باوکی دەخەنە سەر ناوی خۆی. بەڵام لە مەسەلەی عیسا، بۆچی ناوی دایکی خرایە سەر ناوی خۆی؟ لەبەر ئەوە باوکی نەبوو لەسەر زەوی. لە ئافرەتێکی گەنجی پاکیزە لەدایك بوو. بە هێزی خودا لەدایك بوو. نزیکە حەفت سەد ساڵ پێش لەدایك بوونی مەسیح، پێغەمبەر ئیشایا پێشبینی کرد چۆن لەدایك دەبێت، کاتێ فەرمووی، پاکیزەیەک سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی دەنێت ئیمانوێل! (ئیشایا ٧: ١٤ ، مەتا ١: ٢٣)

خودا باپیرە گەورەمانی ئادەم لە خۆڵی زەوی دروست کرد. هەموومان نەوەی ئادەمین و هەموو پێغەمبەرانیش. ئێمە لە زەوین. بەڵام پەروەردگار عیسا لە ئاسمانەوە هات. ئێمە هەموومان وەک خۆڵی پیسن لەبەر گوناهەکانمان بەڵام عیسا وەک باران بوو کەوا لە ئاسمانەوە دێت. ئەو بێ گەرد و پیرۆز بوو وەک چۆن خودا بێ گەرد و پیرۆزە. تۆماری ئینجیل ڕایدەگەێنێ: عیسای مەسیح بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران هاتەجیهان. (١ تیمۆساوس ١: ١٥) پێش ئەوەی عیسا بێتە جیهانەوە لە حزووری خودا بوو لەبەر ئەوەی ووشەی خودایە و گیانی خودایە. خۆی هەڵیبژارد بێت و جەستەی مرۆڤ لەبەر بکات بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکات لە گوناهەکانمان. لە ئاسمانەوە هات.

چیرۆکێك هەیە باسی دوو پیاو دەکات کەوا هەردوکیان کەوتونەتە ناو بیرێکی قوڵەوە. یەکێکیان بەوەی تر دەڵێ، (کاکە، لەم شوێنە ناخۆش ڕزگارم بکە! لەم قوڕ و چلکاوە دەرم بکە!) بەڵام ئەوەی تر وەڵامی دەداتەوە، (هەی دەبەنگ، چۆن دەتوانم درەت بکەم کە هەردووکمان لەناو ئەم چاڵەین پێکەوە؟!) هەردووکیان لەناوی بوون و کەسیان نەیدەتوانی ئەوی تر دەربکات. پاشان گوێیان لە دەنگێك بوو لەسەرەوە پێیان دەڵێت خۆتان بەو گوریسە بگرن کەوا بۆناو بیرکە شوڕ دەکرێتەوە. تەنها یەکێك کە نەکەوتبێتە ناو بیرەکەوە دەتوانێ یارمەتییان بدات.

چاکترین پێغەمبەران ناتوانن ڕزگارمان بکەن لە چاڵی زۆر قوڵی گوناە، لەبەر ئەوەی خۆشیان گوناهبارن. بەڵام عیسا سرووشتی گوناهباری وا لەناو مرۆڤدایە بۆ نەماوەتەوە. لە ئاسمانەوە هات. لە پاکیزەیەك لەدایك بوو. هەروەها بینیمان خودا فریشتەکانی نارد و ئەستێرەیەکی گەورەی جێگیر کرد لە ئاسمان بۆ ئەوەی لەدایك بوونی مەسیحی پیرۆز ڕابگەێنێ، ڕزگاری دەری جیهان! چەن سەرسوڕهێنەر بوو! هیچ پیاوێك هەرگیز وەك ئەم پیاوە لەدایك نەبووە. تاك بوو لە لەدایك بوونی. بەراورد ناکرێ لەگەڵی! بەڵام مەزنی عیسا تەنها لەدایك بوونی نەبوو. عیسا هەروەها تاك بوو لە سرووشتی.

بۆیە، پرسیاری دووەممان ئەمەیە: ڕات چیە بەرامبەر سرووشتی پیرۆزی؟

عیسا تەواو بوو. هەرگیز تاکە گوناهێکی ئەنجام نەدا. هەرگیز داوای لێ خۆش بوونی نەکرد، لەبەر ئەوەی هەرگیز هەڵەی بەرامبەر کەس نەکرد. هەموو کەسێك کە لە خودا بترسێ پێویستە تۆبە بکات لە گوناهەکانی و داوای لێ خۆش بوون بکات. هەموو پێغەمبەران ئەم شتەیان کرد. بەڵام دەتوانن لە ووشەی خودا بگەڕێن لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بەڵام تاکە ئایەتێك نابینننەوە کە بڵێت پەروەردگار عیسا داوای لێ خۆش بوونی کردبێ. پێویستی بە لێ خۆش بوون نەبوو چونکە هەرگیز گوناهی نەکردبوو. برادەرانی و دوژمنانی گەواهیان دا کەوا تاکە هەڵەیەك لەودا نەبوو. برادەران، کەسی تر نیە بێ گوناە بێت. پەروەردگار عیسا زۆر لە پێغەمبەر زیاترە. ئەو خودی ووشەی خودایە کەوا لەسەر زەوی بەدەرکەوت وەك مرۆڤ. بەڵێ، عیسا تاکە لە خەسلەتی. بەراورد ناکرێ! بەڵام شتێکی تر هەیە گرنگە لێی تێ بگەین. عیسا هەروەها لە ووشەکانی دا تاك بوو.

سێیەم، ڕات چیە بەرامبەر ووشەکانی؟

ڕۆژێك لە ڕۆژان، دوژمنەکانی سەربازیان نارد بۆ گرتنی. کە گەیشتن و گوێیان گرت لە فێرکارییەکانی، گەڕانەوە بێ ئەوەی بیگرن. سەریان سوڕمابوو و ووتیان، (هەرگیز کەس وەک ئەمە قسەی نەکردووە!) (یۆحەنا ٧: ٤٦)
سەرنج بدە چی فەرمووە دەربارەی خۆی. (منم ڕووناکی جیهان. ئەوەی دوام بکەوێت هەرگیز بەتاریکیدا ناڕوات، بەڵکو ڕووناکی ژیانی دەبێت.) (یۆحەنا ٨: ١٢) پێغەمبەران وەك مانگ و ئەستێرەکان وان کەوا تیشکێکی کزن لە تاریکیدا. بەڵام عیسا وەك خۆر وایە. کێ پێویستی بە ڕووناکی مانگ و ئەستێرە هەیە کاتی ڕۆژ هەڵدێ؟ پێغەمبەران ناویان لە مەسیح نا (خۆری ڕاستودروستی). (مەلاخی ٤: ٢) مانگی نوێی تیش لاوازیش وەك پێغەمبەرانە. بەڵام عیسای مەسیح خۆرە. ئایا هەرگیز بینیوتە خۆر تیشکی لاواز بێت؟ نەخێر، هەرگیز ناکوژێتەوە. هەموو کیشوەرەکان ڕووناك دەکاتەوە. عیسای مەسیح وەك خۆر وایە. هەرگیز نامرێت. بۆ هەموو نەتەوەیەکی جیهانە.

عیسا هەروەها فەرمووی، (منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان.) (یۆحەنا ١٤: ٦) عیسا زۆر جیاوازە لەو ڕابەرە ئایینیانەی فەرمان دەردەکەن و دەڵێن، (ئەمە بکە، شوێنی ئەم فێرکاریە بکەوە. بەو شێوەیەیە. ئەم ڕاسپاردانە بپارێزە...) پەروەردگار عیسا فەرمووی، (من ڕێگا. باوەڕ بە من بکەن، وەرن بۆ لای من و مافی ئەوەتان دەبێت لە حزووری خودا بژین تاهەتا.) عیسا خۆی ڕێگاکەیە. با مانای ئەمەتان بۆ ڕوون بکەینەوە.

کوڕێکی بچووك لە شارێکی گەورە وون بوو. منداڵەکە داوای لە پۆلیسێك کرد ڕێگای گەڕانەوەی بۆ گەڕەکەکەی خۆیانی بۆ وەسف بکات. ئەفسەرەکەش پێی ووت، (ڕاست بڕۆ، لە دووەم سوچ بەلای چەپ بسوڕێوە و پاشان دەستە ڕاست لە سێیەم سوچ، پردەکە بپەڕێوە، ترافیك لایتەکە ببڕە و بەلای فلکەکە بڕۆ و پاشان ڕێگا سەرەکیەکە بگرە...) منداڵەکە دەستی کرد بەگریان. ئەفسەرەکە ڕێگاکەی بۆی ڕوون کردەوە، بەڵام منداڵەکە زۆر لێی تێکچوو بوو و دەترسا بەو ڕێگایەی بۆ ڕوون کرایەوە بڕوات. ئا لەو کاتەدا، پیاوێکی هەمان گەڕەك لەوێوە تێپەڕی. دەستی منداڵەکەی گرت و بردی. کاتێ منداڵەکە ماندوو بوو لە ڕۆیشتن، پیاوەکە هەڵیگرت تاکو گەیشتنە ماڵەکە. ئەفسەرەکە ڕێگاکەی ڕوون کردەوە. بەڵام پیاوەکە ڕێگاکە بوو. عیسا فەرمووی: من ڕێگاکە. منم ئەو ڕێگایەی بەرەو بەهەشت دەڕوات، ماڵی خودا. (منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوک بەهۆی منەوە نەبێت.) (یۆحەنا ١٤: ٧) هەرگیز کەس وەك پەروەردگار عیسای مەسیح قسەی کردبوو! ئەو تاکە. بەراورد ناکرێ! بەڵام، شکۆمەندی

عیسا تەنها لە لەدایك بوون و خەسڵەت و ووشەی نەبوو. دەتوانین لە کردەوەکانیشی ببینین.

چوارەم، ڕات چیە بەرامبەر ئیشە مەزنەکانی عیسا؟

دەتوانێ هەموو شتێك بکات. هەموو هێز و هەموو دەسەڵاتێکی پێ دراوە. هەر چ ئیشێك خودا کردبێتی، پەروەردگار عیسا لەسەر زەوی کردی، بۆ ئەوەی بە خەڵکی نیشان بدات لە کوێوە هاتووە و کێیە. کێ دەتوانێ با ڕابگری جگە لە خودا؟ عیسا بای ڕاگرت. کێ دەتوانێ مردوو هەڵسێنێتەوە ژیان جگە لە خودا؟ عیسا مردووی هەڵسانەوە ژیان. کێ دەتوانێ چاوی کوێران چاك بکاتەوە جگە لە خودا؟ عیسا ئەوەشی کرد. هەموو جۆرە نەخۆشییەکی چاك کردەوە. یەك ووشەی دەفەرموو و جنۆکەکان (ڕۆحی پیسەکان) هەڵدەهاتن. ژیانی زۆر خەڵکی گۆڕی و ڕزگاریانی کرد لە گوناە. خودا هێزی دا بە هەندێ پێغەمبەران موعجیزە بکەن. بەڵام پەروەردگار عیسا بە دەسەڵات و هێزی خۆی موعجیزەی ئەنجام دەدا. ئەو کەسە بوو کە دەیتوانی لەسەر پیاوێکی ئیفلیج ڕاوەستێ و تەماشای ناو چاوی بکات و بفەرموێ، (پێت دەڵێم: هەستە، جێگەکەت هەڵبگرە و بڕۆ ماڵەوە!) (لۆقا ٥: ٢٤) پیاوەکە هەڵسا و ڕۆیشتە ماڵەوە و ستایشی خودای کرد! عیسا بە دەرمان و بەسیحر خەڵکی چاك ناکردەوە. بە هێز و دەسەڵاتی ووشەی بەتەنها نەخۆشی چاك دەکردەوە.

پیاوێك بەناوی لەعازر مرد و ناشتیان. کاتێ عیسا گەیشت لەعازر چوار ڕۆژ بوو نێژرابوو. عیسا چووە لای گۆڕەکە و فەرمووی، (لە عازر وەرە دەرەوە!) (یۆحەنا ١١: ٤٣) لاشەکە هاتە دەرەوەی گۆڕەکە. عیسا دەسەڵاتی هەبوو مردوو هەڵسێنێتەوە و لەبەر ئەوە دەیتوانی بفەرموێ، (منم هەستانەوە و ژیان) (یۆحەنا ١١: ٢٥) ئەو ڕۆژە بەرو هاتنە کاتێ هەموو ئەوانەی لەناو گۆڕن گوێیان لە دەنگی دەبێت و هەڵدەستنەوە بۆ ئەوەی لە پێشی ڕاوەستن. خوێنەری خۆشەویست، تۆش لە گۆڕ هەڵدەستیەوە ئەگەر بمری. تەنانەت ئێستاش، پەروەردگار عیسا دەتوانێ ژیانێکی نوێت پێ ببەخشێ و دەسەڵاتت بداتێ لە بەهەشت بۆ تاهەتایە بژیت، ئەگەر باوەڕ بێنی بەو وەك ڕزگاری دەرت و پەروەردگارت. عیسا تا ئێستا بەردەوامە لە گۆڕینی ژیانی زۆر خەڵکی لە جیهان. دەتوانێ ژیانی تۆش بگۆڕێ. ڕات چیە بەرامبەر عیسا؟ ڕات چیە بەرامبەر ئیشەکانی؟ ئەو تاکە. بااڵدەستە. بەراورد ناکرێ! پێش ئەوەی بەجێتان بێڵێن ئەمڕۆ، با پرسیارێکی ترتان لێ بکەین دەربارەی عیسا.

پێنجەم، ڕات چیە بەرامبەر ناو و ناونیشانەکانی؟

وەك بینیمان لە نووسینەکانی پێغەمبەران، عیسا سەدان ناو و ناونیشانی هەیە. ئەم ناوانە یارمەتیمان دەدەن باشتر تێبگەین عیسا کێیە. بۆ نموونە، ناوی لێنرا: عەمانوئیل... ووشەکە... کوڕی مرۆڤ... بەرخی خودا... ڕزگاری دەرەکە... ڕزگارکارەکە... نانی ژیان... مێوی ڕاستەقینە... شوانە چاکەکە... ڕووناکی جیهان... پەروەردگار شکۆ... هەڵسانەوە... ئەلفا و ئۆمێگا، یەکەم و دوایەم، سەرەتا و کۆتایی... دەرگاکە... ڕێگاکە، ڕاستی و ژیان... و کوڕی خودا!

بینیمان کە پێغەمبەری خودا موسا ناوی لێنرا پیاوی خودا. پێغەمبەر ئیبراهیم ناوی لێنرا دۆستی خودا. بەڵام تەنها یەك کەس ناوی لێنرا کوڕی خودا. پێمان بڵێن، کێ نزیکترن پەیوەندی هەیە لەگەڵ مرۆڤ، دۆستەکەی یان کوڕەکەی؟ قسەی ڕاستی بڵێ کە لەناو دڵتە. بەڵێ، عیسا پێی ووترا کوڕی خودا. خودا ناوی لە عیسا نا کوڕی خۆی بۆ ئەوەی جیای بکاتەوە لە هەموان. لە ئینجیل خوێندمانەوە کە خودا دەربارەی عیسا ڕایگەیاند و فەرمووی: (ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم. گوێی لێ بگرن!) (مەتا ١٧: ٥) خودا مەبەستی چی بوو؟ ئێمە دەڵێن کە کوڕ سێبەری باوکە. کوڕ وێنەی باوکی دەداتەوە. عیسا پێمان نیشان دەدات خودا چۆنە. نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەیێنێ کاتێ دەفەرموێ: (هەرگیز کەس خودای نەبینیوە، بەڵام تاقانەی خودا، ئەوەی لەباوە شی باوکدایە، ئەو دەریخست.) (یۆحەنا ١: ١٨) دەتەوێ خودا بناسێ و پەیوەندیەکی سەرسوڕهێنەرت لەگەڵی هەبێت تاهەتا؟ مادام وەرە لای پەروەردگار عیسا، ئەوەی خودا پێی دەڵێ کوڕی خۆی. کوڕ دەتوانێ بە ناوی باوکی قسە بکات. عیسا ئاوای دەکرد کاتێ لەنێوان خەڵك دا بوو. لەبەر ئەوە بوو پێی دەوترا ئیمانوێل، واتا خودا لە گەڵمانە.

هەندێ کەس پێیان وایە خودا ناتوانێ لەسەر زەوی وەک پیاوێك بەدەر بکەوێ. بەڵام، هەرکەسێك بەو شێوەیە بیر بکاتەوە هێشتا لەو پلانە تێ ناگات کە خودا دایڕشتووە بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بکات. پلانەکەی پێویستی بەوە بوو کە کوڕی تاهەتایی لەسەر ڕووی زەوی بەدەر بکەوێ لە جەستەی مرۆڤ و خۆی بناسێنێ بە نەوەکانی ئادەم و ڕزگاریان بکات لە دەستی شەیتان. ئازیزان، خودا مەزنە و دەتوانێ هەموو شتێك بکات. خودا دەیەوێ هەموو کەس بیناسێ. بۆیە بووە پیاوێك و لەسەر زەوی ژیا.

ڕات چیە بەرامبەر ناو و ناونیشانەکانی عیسای مەسیح؟ بەراورد ناکرێ. ڕات چیە بە لەدایك بوونی، بە خەسلەتی، بە ووشە و کردارەکانی؟ بە کێی دادەنەی؟ (دەربارەی مەسیح چی دەڵێن، کوڕی کێیە؟) (مەتا ٢٢: ٤٢)

خودا بەرەکەتدارت بکات وەك سەرنجی ئەم ئایەتە دەدەیت لە نووسراوی پیرۆز:

(هەموو پڕی خودایی لە مەسیحدا نیشتەجێ بووە، بەلەشی خۆی، ئێوەش لەودا پڕکراون.) (کۆلۆسی ٢: ٩، ١٠)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. (دەربارەی مەسیح چی دەڵێن، کوڕی کێیە؟) ئەمە گرنگترین پرسیارە کە زۆربەمان دەبێت وەڵامی بدەینەوە لە ژیان.
٢. عیسای مەسیح بەم زووانە دەگەڕێتەوە و کە گەڕایەوە، ئەو کاتە پرسیارت لێ دەکات وەك ئەوەی پرسیاری لە خەڵکی کاتی خۆی کرد و فەرمووی، (ئێوە چی دەڵێن، ڕاتان چیە بە من؟)
٣. ڕات چیە بەرامبەر لەدایك بوونە سەرسوڕهێنەرەکەی؟
٤. لە مەسەلەی عیسا، بۆچی ناوی دایکی خرایە سەر ناوی خۆی؟
٥. ڕات چیە بەرامبەر ووشەکانی؟
٦. ئایا هەرگیز بینیوتە خۆر تیشکی لاواز بێت؟
٧. ڕات چیە بەرامبەر ئیشە مەزنەکانی عیسا؟
٨. کێ دەتوانێ با ڕابگری جگە لە خودا؟
٩. کێ دەتوانێ مردوو هەڵسێنێتەوە ژیان جگە لە خودا؟
١٠. کێ دەتوانێ چاوی کوێران چاك بکاتەوە جگە لە خودا؟
١١. ڕات چیە بەرامبەر عیسا؟ ڕات چیە بەرامبەر ئیشەکانی؟
١٢. کێ نزیکترن پەیوەندی هەیە لەگەڵ مرۆڤ، دۆستەکەی یان کوڕەکەی؟
١٣. ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم. گوێی لێ بگرن! (مەتا ١٧: ٥) خودا مەبەستی چی بوو؟
١٤. دەتەوێ خودا بناسێ و پەیوەندیەکی سەرسوڕهێنەرت لەگەڵی هەبێت تاهەتا؟
١٥. ڕات چیە بەرامبەر ناو و ناونیشانەکانی عیسای مەسیح؟
١٦. ڕات چیە بە لەدایك بوونی، بە خەسلەتی، بە ووشە و کردارەکانی؟ بە کێی دادەنەی؟

وانەی ١٠٠: ڕات چیە بەرامبەر عیسا؟

بەشی ٢

ئێستا بەردەوام دەبین لەو باسەی وانەی ڕابردوو بەناوی (ڕات چیە بەرامبەر عیسا؟) ئەم پرسیارە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی تاهەتا لێی دەبین پشت بە ڕامان دەبەستێ دەربارەی عیسای مەسیح. لە وانەی ڕابردوومان، ترسیمان ڕاتان چیە دەربارەی لەدایك بوونە موعجیزەییەکەی و خەسلەتی پیرۆزی و ووشە سەرسوڕهێنەرەکانی و هێزە بالادەستەکەی و ناونیشانە پایەبەرزەکانی. ئەمڕۆ پێنج پرسیاری ترمان هەیە دەمانەوێ لێتان بپرسین دەربارەی عیسا.

یەکەم پرسیار ئەمەیە: ڕات چیە بەرامبەر مردنی؟

دەزانی لەکوێ دەمری؟ یاخود چۆن دەمری؟ دەزانی کەی دەمری؟ من و تۆ دەبێت دان بنەین کەوا هیچ نازانین دەربارەی ئەم شتانە. بەڵام عیسا وەك ئێمە نەبوو. ئەو دەیزانی لەکوێ دەمرێت و ڕایگەیاند. لە ئۆرشەلیم دەمرێ. هەروەها باسی شێوەی مردنی کرد پێش وەخت. بە قوتابییەکانی فەرموو، (ئەوا سەردەکەوینە ئۆرشەلیم، هەرچی پێغەمبەران لەبارەی کوڕی مرۆڤەوە نووسیویانە دێتە دی. دەدرێتە دەستی نەتەوەکان، گاڵتەی پێ دەکرێت و جوێنی پێ دەدرێت و تفی لێ دەکرێت، بەقامچی لێی دەدەن و دە یکوژن. لەڕۆژی سێیەمیشدا هەڵدەستێتەوە.) (لۆقا ١٨: ٣١–٣٣)

هەروەها بە قوتابییەکانی فەرموو کەی دەمرێ، کەوا لە هەمان ئەو ڕۆژە دەبێ کە جولەکە بەرخ سەردەبڕن بۆ ئاهەنگ گێڕانی جەژنی پەسخە. دەبوایە لەو ڕۆژەدا بمرێت وەك بەرخی خودا، وەك قوربانی بۆ لابردنی گوناهی جیهان.

مردنی عیسا جیاواز بوو لە هەموو مردنەکان، لەبەر ئەوەی خۆی هەڵیبژارد بمرێ. خوێندمان کە عیسا فەرمووی، (کەس لەمنی ناستێنێت، بەڵکو خۆم دایدەنێم. دەسەڵاتی دانان و دەسەڵاتی بردنەوەیم هەیە.) (یۆحەنا ١٠: ١٨) عیسا هەرگیز گوناهی ئەنجام نەدابوو، لەبەر ئەوە بوو دەیتوانی بەسەر مردن زاڵ بێت. دەیتوانی بەئاسانی سەرکەوێتەوە ئاسمان بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتبوو بێ ئەوەی مردن ببینێ. بەڵام هەڵبژارد بمرێ لەبەر گوێڕایەڵی بۆ ئیرادەی باوکی و خوشەویستی بۆ گوناهباران. ژیانی خۆی بەخت کرد بۆ ئێمە بە ڕێگا دانی بە خەڵکی لە خاچی بدەن. مرد لەپێناو ئەوەی لێ خۆش بوونمان بۆ دابین بکات شوێنێکمان بۆ مسۆگەر بکات لە بەهەشت. نزیکەی حەفت سەد ساڵ پێش هاتنی مەسیح بۆ جیهان، پێغەمبەری خودا ئیشایا ڕایگەیاند ڕزگاری دەرەکە بۆچی دەبێ بمرێت کاتێ فەرمووی: بەڵام ئەو لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا بوو تەمێکردنی ئاشتیمان لەسەر ئە و بوو بە برینەکانی ئەو چاک بووینەوە. هەموو وەک مەڕ وێڵ بووین هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرت خوداوەندیش هەموو تاوانە کانی ئێمەی خستە سەر ئەو. (ئیشایا ٥٣: ٥، ٦)

من و تۆ هۆی ئەوەین کە عیسای مەسیح مرد. ئەو شوانە چاکەیە کەوا بە ئیرادەی خۆی ژیانی بەخت کرد بۆ مەڕەکانی. هەرگیز هیچ پیاوێك وەك ئەو نەمردووە. بەراورد ناکرێ. تاکە لەنێو مرۆڤدا.

پرسیارێکی گرنگی تر کەوا هەموو کەسێك دەبێت وەڵامی بداتەوە: ڕات چیە بەرامبەر سەرکەوتنەکەی بەسەر مرداندا، کەوا هەڵسانەوەیەتی؟

عیسا مرد و نێژرا. دوژمنەکانی هەموو شتێك کە تواناییان کردیان بۆ پاسەوانی کردنی گۆڕەکەی. بەردێکی گەورەیان دانا بۆ ئەوەی گۆڕەکەی دابەخەن، پاشان بە تونەی قفلیان دا. سەربازیان دانا لەوێ بۆ پاسەوانی کۆڕەکە. بەڵام، هەموو هەوڵەکانیان عیسای ڕانەگرت لە هەڵسانەوە لە مردن. بێ گومان، پەروەردگار عیسای مەسیح لە مردن هەڵسایەوە لە ڕۆژی سێیەم و بۆ قوتابییەکانی بەدەرکەوت. لەپاش ئەوە، بەدەرکەوت بۆ زیاتر لە پێنج سەد شایەت بە یەکجار. ئەو کەسانە بینیان و دەستیان لێ دا و لەگەڵی نانیان خوارد لەپاش هەڵسانەوەی. برینەکانی دەستی و پێی و لاتەنیشتی پێ نیشان دان. بەڵێ، لە مردن هەڵسایەوە وەك ئەوەی پێشبینی کرد! خودا عیسای لە مردن هەڵسانەوە بۆ ئەوەی بۆ هەموو جیهان بسەلمێنێ کەوا لە ئیشی عیسا ڕازی بوو لەسەر خاچەکە وەك

تەواوترین و دوایەمین قوربانی کەوا سزای گوناە دەداتەوە.

مردن دوژمنێکی مەزنە. باووباپیرانمان مردن. پێغەمبەران هەروەها مردن، و لاشەکانیان لەناو گۆڕدا مایەوە. ئێمەش ڕۆژێك دەمرین. بەڵام ستایش بۆ خودا، عیسای مەسیح مردنی بەزاند! ئەو ڕزگاری دەڕێکی زیندووە و دەتوانێ هەموو ئەو کەسانە ڕزگار بکات کە لە ڕێگای ئەوەوە دێن بۆ لای خودا، لەبەر ئەوەی لە ژیاندایە و شەفاعەت دەکات بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە. ئایا هیچ پێغەمبەرێك هەیە لە ژیاندا ئەمڕۆ لەپاش ئەوەی مردن؟ نەخێر، کەس نیە. عیسای مەسیح تاکە کەسە کەوا بەسەر گۆڕدا زاڵ بوو. ئەو لە ژیاندایە ئەمڕۆ، لەبەر ئەوەشە کەوا ئێمەی باوەڕدار ترسی مردنمان نیە. مردن تەنها چوونە بۆ ئەوەی بچینە لای پەروەردگارمان. بەڵێ، عیسا تاکە و بەراورد ناکرێ. هیچ تاکی لەسەر زەوی و لە ئاسمان نیە. ڕات چیە بەرامبەر سەرکەوتنی بەسەر مردن دا؟

پرسیارێکی تر ئەمەیە: ڕات چیە بەسەرکەتنی بۆ ئاسمان؟

لەپاش ئەوەی پەروەردگار عیسا لە مردن هەڵسایەوە، بۆ ماوەی چل ڕۆژ بەدەرکەوت بۆ قوتابییەکانی. پاشان بینیمان ماڵ ئاوایی لێیان کرد و سەرکەوت بۆ ئاسمان و لە دەستە ڕاستی خودا دانیشت، لە شوێنی ناو بەرزی هەرە بڵند و بەو شێوەیە نیشانی دا کەوا لە هەموو فریشتەکان و پێغەمبەران و هەموو مرۆڤایەتی گەورەترە! نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ و دەفەرموێ: خودا بەرزی کردەوە و ناوێکی دایێ لەسەرووی هەموو ناوێک، تاکو هەموو بۆ ناوی عیسا چۆک دابدەن، لەئاسمان و سەر زەوی و ژێر زەویش، هەروەها هەموو زمانێک دان بنێت کەعیسای مەسیح خوداوەندە، بۆ شکۆی خودای باوک. (فیلیپی ٢: ٩–١١) بەڵێ، عیسا تاکە. بەراورد ناکرێ!

هەر سەبارەت بەمە، پرسیارێکی تر هەیە: ڕات چیە بەرامبەر گەڕانەوەی بۆ سەر زەوی؟

عیسای مەسیح دەگەڕێتەوە. ئەو شتەی ڕاگەیاند. پێغەمبەرانیش ڕایانگەیاند. فریشتەکان هەروەها ڕایانگەیاند. هەموو قوتابییە ڕاستەقینەکانی مەسیح چاوەڕوانی گەڕانەوەین. دەگەڕێتەوە و خەڵکی خۆی دەبەتە ئاسمان. دادوەری جیهان دەکات لە ڕاستودروستی و فەرمانڕەوایی دەکات بەسەر هەموو زەوی. دەبێتە پاشای جیهان. دەبێت بۆ هەزار ساڵ فەرمانڕەوایی بکات تاکو هەموو دوژمنەکانی چۆك دادەن لە بەرامبەری. بەڵێ، بەم زووانە دەگەڕێتەوە. هەموو کەس دان دادەنەن کەوا پاشای پاشایانە و پەروەردگاری پەروەردگارانە. دەگەڕێتەوە و لە بەرامبەری ڕادەوستی، دادوەری مەزن. لەو ڕۆژەی ڕوو بە ڕوو ڕادەوستی لەگەڵی، پرسیارت لێ دەکات، (ڕات چیە بەرامبەر من؟) وەڵامت چی دەبێت؟ ئەگەر وەلام بدەیەوە و بڵێی (وام دەزانی کە یەکێکی لە پێغەمبەران) پاشان پرسیارت لێ دەکات بۆچی بەڕاستی باوەڕت پێی نەهێنا —مەحکوم دەکرێی، لەبەر ئەوەی باوەڕت نەهێنا بەوەی فەرمووی دەربارەی خۆی، باوەڕت بەوە نەهێنا کە پێغەمبەران نووسییان دەربارەی. کەوا کوڕی خودایە لە ئاسمانەوە، ڕزگاری دەری تاك و پیرۆز. کێ دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانڕەوایی؟ ئایا ئیبراهیم، موسا، داود یان پێغەمبەری تر دەگەڕێنەوە بۆ فەرمانڕەوایی؟ نەخێر. پەروەردگار عیسای مەسیح ئەو کەسەیە کە دەگەڕێتەوە. دەبێتە دادوەر. خودا ئەم ڕاستییەی سەلماند بە هەڵسانەوەی لە مردن. دەگەڕێتەوە. هەموو چاوێك دەیبینێ. هەموو چۆکێك بۆ دادەنرێ. هەموو زمانێك ڕایدەگەێنێ کە (عیسای مەسیح پەروەردگار!)

ئێستاش دێنە لای پرسیاری کۆتایی: ڕات چیە بەرامبەر داواکارییەکانی لە تۆ؟

پەروەردگار عیسا دەفەرموێ، (وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە. نیری من بخەنە سەر خۆتان و لەمنەوە فێربن، چونکە دڵنەرم و ڕۆحسووکم، حەسانەوەش بۆ دەروونتان دەدۆزنەوە. (مەتا ١١: ٢٨، ٢٩) تا ئەمڕۆش، بانگت دەکات. کاتێ بانگی یەکەم قوتابیەکانی کرد و بە دوای بکەون، هەموو شتێکیان بەجێ هێشت: مالّی خۆیان و خێزانەکانیان و ئیشەکانیان. دەیەوێ تۆش وا بکەی. ئەمە مانای ئەوە نیە کە مالّ و ئیشی خۆت بەجێ بێڵی بۆ ئەوەی شوێنی عیسا بکەوێ، بەڵکو دەبێت هەموو ژیانی خۆت تەسلیمی ئەو بکەی و پلەی یەکەم بەو بدەی لەناو دڵت. دەیەوێ متمانەی پێ بکەی، باوەڕی پێ بێنی و وەك ڕزگاری دەرت و گەورەت قەبوڵی بکەی. هەمووتی دەوێ: بیرت و دڵت و جەستەت و گیانت.

وەك بینیمان، عیسای مەسیح تاكە و ناكرێ بەراوردی بكەین لەگەڵ كەسی تر. تاكە لە لەدایك بوونی، لە خەسلەتی، لە فێركارییەكانی، لە ئیشەكانی، لە ناو و ناونیشانەكانی، لە ئازار كێشان و مردنی، لە هەڵسانەوەی، لە سەركەوتنی، لە گەڕانەوەی و لە هێزی بۆ گۆڕینی دڵی نەوەكانی ئادەم. ئەو لە ژیاندایە ئەمڕۆ. لەگەڵ ئەو كەسانەیە كە باوەڕیان پێی هەیە. بەم زووانە دەگەڕێتەوە. كەس وەك ئەو نیە لە ئاسمان و لە زەوی. بۆیە دەسەڵاتی هەیە ببێت بە پاشا و پەروەردگاری ژیانت! پەروەردگار عیسای مەسیح دەیەوێ ببێت بە ڕزگاری دەرت و پەروەردگارت. لەبەر ئەوە مرد لەسەر خاچەكە و گەڕایەوە بۆ ژیان! هێزی ئەوەی هەیە گوناهەكانت لاببات و پەیوەندیەكی قوواڵ و سەرسوڕهێنەرت هەبێت لەگەڵ خودا تاهەتا. دەتوانێ ژیانێكی نوێت پێ ببەخشێ، دڵت پاك بشوات و نوێت بكاتەوە بە هێزی ڕۆحی پیرۆز، بەڵام دەبێت متمانەی بەخۆی و قوربانیەكەی بكەی.

بەداخەوە، زۆر كەس عیسا وەك پێغەمبەرێكی مەزن دادەنەن، بەڵام هەرگیز وەك پەروەردگار و ڕزگاری دەریان قەبوڵیان نەكردووە. باوەڕ هێنان بەوەی عیسا پێغەمبەرێكی مەزن بوو بەس نیە! دەبێت هاوڕا بیت لەگەڵ خودا كەوا عیسا پەروەردگار هەمووانە و كە كاتی لەسەر خاچەكە مرد، لە شوێنی تۆ مرد. هەموو ئێمەی نەوەی ئادەم كێشەیەكی جددیمان هەیە: ئەویش گوناهە. خودا بە بەزەیی مەزنی خۆی، چارەسەرێكی دابین كردووە بۆ كێشەكەمان، بەڵام دەبێت وەربگرین. ئەگەر نەخۆش بم و بچمە لای پزیشك، دەرمانم بۆ دەنوسێ. منیش دەرمانەكە دەكڕم و دەگەڕێمەوە ماڵ و لەسەر مێزەكە دایدەنەم، تەماشای دەرمانەكە دەكەم و دەرمانەكەش تەماشای من دەكات. ئایا ئەوە وا دەكات چاك ببمەوە؟ نەخێر! بۆ ئەوەی چاك ببمەوە دەبێت دەرمانەكان وەبگرم و قوتی بدەم وەك بۆم نووسراوە. دەرمانی خودا پەروەردگار عیسای مەسیح و ئەو خوێنەی ڕشتی لەسەر خاچەكە.

ڕەنگە كەسانێك بپرسن، (چۆن دەتوانم چارەسەری خودا بۆ گوناهم وەربگرم؟) زۆر بەئاسانی، دەبێت دان بنەی بۆ خودا كەوا گوناهباری، كەوا (كردەوە باشەكانت) وەك بەرگی پیسن بەرامبەر و هیچ توانایەكت نیە خۆت لە دادوەری ڕاستوردووستی ئەو ڕزگار بكەیت. پاشان دەبێت لەناو دڵت باوەڕ بێنی كەوا پەروەردگار عیسای مەسیح سزای گوناهەكانی تۆ چێژا. عیسای مەسیح هەموو داواكارییەكانی دادوەری خودای ڕازی كرد بەتەواوی. ئەگەر باوەڕ بێنی كەوا مەسیح مرد و هەڵسایەوە دووبارە بۆ ڕزگاركردنی تۆ، ئەو كاتە خودا لە گوناهەكانت خۆش دەبێ و جلی ڕاستودروستی مەسیحت لەبەر دەكات، ڕۆحی پیرۆزی خۆی دەنێرێتە ناو دڵت و مافی ئەوەت دەداتێ لە حزووری ئەو بژی تاهەتا! شكۆمەندی بۆ خودا، دەتوانی ئەمڕۆ ببی بە ڕاستودروست — ئەگەر باوەڕ بێنی!

ئایا (دەرمانی خودات) وەرگرتووە كەوا دەتوانێ لە نەخۆشی گوناە چارەسەرت بكات و ڕزگارت بكات لە ئاگری تاهەتایی دۆزەخ؟ هەر كەسێك ڕقی لە چارەسەری خودا ببێتەوە، ئەویش كە ئەو خوێنەیە وا عیسا ڕشتی، دەبێت بزانێت كەوا هیچ چارەسەرێكی تر نیە بۆ چاككردنەوەتان لە گوناە. بەهەر شێوەیەك لە شێوەكان! خودا هیچ ڕێگایەكی تری دانەناوە بۆ پاككردنەوە گوناهباران و كردنیان بە ڕاستودروست لە بەرامبەری. هیچ ڕێگایەكی تر نیە بۆ بەهەشت.

بەوریایی بخوێنەوە نووسراوی پیرۆز چی ڕادەگەێنێ سەبارەت بە تاكە ڕێگای ڕاستودروستی كەوا خودا دابینی كردووە بۆ گوناهباران تاكو بكرێن بە ڕاستودروست بەرامبەری. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(ڕۆما ٣) [٢٠] چونكە بەكرداری شەریعەت كەس لەلای بێتاوان نابێت... [٢١] بەڵام ئێستا بێتاوان كردن لەخوداوە ئاشكرا كرا بەبێ شە ریعەت، شەریعەت و پێغەمبەرانیش شایەتی بۆ دەدەن. [٢٢] ئەم بێتاوان كردنەی لەخوداوە بەهۆی باوەڕ بەعیسای مەسیح بۆ هەموو ئە وانەیە كەباوەڕ دەهێنن، بۆ هەمووان بەبێ جیاوازییە. [٢٣] لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان كرد و لەشكۆی خودا كەوتن، [٢٤] بەخۆڕایی بە نیعمەتی ئەو بێتاوان كراون، بەو كڕینەوەیەی لەعیسای مەسیحدایە... [٢٧] بۆیە كوانێ لەخۆباییبوون؟ شوێنی نەماوە. بەچ یاسایەك؟ هی كردار؟ نەخێر، بەڵكو بەیاسای باوەڕ.

(چونكە بەنیعمەت ڕزگارتان بوو بەهۆی باوەڕ، ئەمەش لەخۆتانەوە نییە، بەڵكو دیاری خودایە، لەكردار نییە، تاكو كەس شانازی نە كات.) (ئەفەسۆس ٢: ٨، ٩) (ئەگەر بەدەمت دانت پێدانا عیسا خوداوەندە و بەدڵ باوەڕت كرد كەخودا لەناو مردووان هەڵیستاندەوە، ڕزگار دەبیت... چونكە{هەر كەسێك بەناوی خوداوەندەوە بپارێتە وە ڕزگاری دەبێت.} (ڕۆما ١٠: ٩، ١٣)

ئایا بە ناوی پەروەردگارەوە پاڕایتەوە؟ ئایا دیاری خودات وەرگرتووە بۆ ڕزگاربوون؟ یاخود هێشتا هەوڵ دەدەی بەکردەوەی خۆت، خۆت ڕزگار بکەی؟ تکاتان لێ دەکەین ڕێگای ڕاستودروستی خودا بۆ ڕزگاربوونی ڕەت مەکەنەوە. خودا دڵت دەناسێ. دان بنە بۆی کەوا گوناهباری، کەوا تۆ یاسا پیرۆزەکانی ئەوت شکاند. پێی بڵێ تۆ شایەنی دادوەری سامناکی ئەوی. پاشان سوپاسی بکەی بۆ ناردنی ڕزگاری دەرێکی بێ گوناە کەوا بەئیرادەی خۆی لە جێگەی تۆ ئازاری کێشا، سزای تاهەتایی تۆی لابرد و پاشان بەسەرکەوتوو لە گۆڕ هەڵسایەوە!

دەبێت بۆ لای خودا بێیت بە ڕێگای ڕاستودروستی کەوا خۆی دایمەزراندووە، یاخود ناتوانی بە هیچ شێوەیەک بێیت. خودای بەبەزەیی و میهرەبان، داواتت دەکات بێی. ئەمڕۆ بڕۆ لای و ڕزگارت دەبێت. (باوەڕ بە عیسای خوداوەند بهێنە، خۆت و ماڵەکەت ڕزگارتان دە بێت.) (کردارى نێردراوان ١٦: ٣١)

ئەم وانەی سەدەمین و کۆتایی بوو لە گەشتەکەمان بە نێو نووسراوە پیرۆزەکان. سوپاست دەکەین. لەگەڵ ئەم دوعایە سەرنج ڕاکێشەی ووشەی خودا مانڵ ئاواییت لێ دەکەین:

(بۆ ئەوەی تواناداره بێ ساتمەکردن بتانپارێزێت، بەشادییەوەش بێ گلەیی لەبەردەم شکۆیەکەی ڕاتانبگرێت، بۆ تاکە خودای ڕزگارکارمان بەعیسای مەسیحی خوداوەندمان، شکۆ و مەزنی و هێز و دەسەڵات بۆ ئەوە، پێش هەموو ڕۆژگار و ئێستا و تاهەتایە! ئامین.) (یەهوزا ٢٤، ٢٥)



گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. دەربارەی عیسا، ڕات چیە بەرامبەر مردنی؟ دەزانی لەکوێ دەمرێ؟ یاخود چۆن دەمری؟ دەزانی کەی دەمری؟
٢. ڕات چیە بەسەرکەتنی بۆ ئاسمان؟
٣. ڕات چیە بەرامبەر گەڕانەوەی بۆ سەر زەوی؟
٤. لەو ڕۆژەی ڕوو بە ڕوو ڕادەوستی لەگەڵی، پرسیارت لێ دەکات، (ڕات چیە بەرامبەر من؟) وەڵامت چی دەبێت؟
٥. کێ دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانڕەوایی؟
٦. ئایا ئیبراهیم، موسا، داود یان پێغەمبەری تر دەگەڕێنەوە بۆ فەرمانڕەوایی؟
٧. ڕات چیە بەرامبەر داواکارییەکانی لە تۆ؟
٨. چۆن دەتوانم چارەسەری خودا بۆ گوناهم وەربگرم؟
٩. ئایا (دەرمانی خودات) وەرگرتووە کەوا دەتوانێ لە نەخۆشی گوناە چارەسەرت بکات و ڕزگارت بکات لە ئاگری تاهەتایی دۆزەخ؟
١٠. ئایا دیاری خودات وەرگرتووە بۆ ڕزگاربوون؟ یاخود هێشتا هەوڵ دەدەی بەکردەوەی خۆت، خۆت ڕزگار بکەی؟